**هاوڕێ باخەوان**

# هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد

هاوڕێنامە مێژووی کوردستان و کوردە هەر لە سەرەتای مێژووەوە تاوەکو ئێستا.

**هاوڕێنامە بەهیچ جۆرێك سەربە هیچ لایەن و پارتێکی نە کوردستان نەدەرەوە نییە, تەواوی ئەو ڕووداوانەی کەلە هاوڕێنامەدا تۆمارکراون بەشێوەیەکی بێلایەنانە نووسراون بێ ئەوەی بەلای هیچ لایەن و دەستەیەکدا دابشکێنرێت..**

مافی چاپ و پەخشی هاوڕێنامە پارێزراوە

نێوی پەڕتووک: هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد
دانەر: هاوڕێ باخەوان
چاپی یەکەم: زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم (16) – سلێمانی – 1999
چاپخانە: ڕوون
چاپی دووەم: بە PDF بۆ ئێنتەرنێت (پاکژ و زێدە)
ڕێکەوت: 2005-06-21

# هاوڕێنامە پێشکەشە

زیاتر لە چوار سەد ساڵ پێش ئێستا, شەرەفخان مێژووی نەتەوەکەیی بە زمانی فارسی نووسی. پەڕتووکی پیرۆزی شەرەفنامە بووە سەرەتایەکی گەش بۆ ئەوەی کورد خۆی مێژووی خۆی بنووسێتەوە. هەرچەندە ئێستا گەلێك نووسین و لێکۆڵینەوە لەسەر مێژووی نەتەوەکەمان هەیە, کە هەندێکیان بەشێوەیەکی زۆر بەرز و زانستییانە نووسراون, بەڵام نرخی شەرەفنامە هەر لە زۆربووندایە. بەڕادەیەك هیچ مێژوونووسێك نییە کە لە کوردی کۆڵیبێتەوە و هانای بۆ شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی نەهێنابێت.

هەر بۆیە منیش بەو پەڕی خۆشی و شانازییمەوە هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد پێشکەش دەکەم بە گیان و کردەوەی مێژوونووسی بەرزی کورد میر (شەرەفخانی بەدلیسی).

لەگەڵ ڕێزی هاوبیرتان

(هاوڕێ باخەوان).

# ئاماری هاوڕێنامە

ژمارەی ڕووداوەکانی هاوڕێنامە گەیشتە: 9281

ژمارەی سەرچاوەکانی هاوڕێنامە گەیشتە: 526

ژمارەی ئەو کەسانەی کە یارمەتیی هاوڕێنامەیانداوە گەیشتە: 43

ژمارەی ئەو ڕووداوانەی کە خوێنەرانی هاوڕێنامە ناردوویانە گەیشتە: 71

# پێشەکی

هاوزمانانم:

تۆمارێکی لەم بابەتە, بۆشاییەکی گەورە بوو لە کتێبخانەی کوردیدا.. ئەم بەرهەمەی بەردەستتان کە زادەی ماندووبوون و خەریکبوونی چەند ساڵێکمە, بەهیوایە تاڕادەیەك ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە.

هەرچەندە هیچ نووسینێك و بەرهەمێکی بیری مرۆڤ نموونەیی نییە و بێکەم و کوڕی نابێت, بەڵام هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد, هی هەموومانە و پێویستە زۆرتر و زۆرتر بە زانیاری و ڕووداوی ڕاستینەی مێژوو و کلتووری نەتەوەییمان دەوڵەمەندتری بکەین.. هەربۆیە من ڕووی هاوکاری و دەستی یارمەتی لەهەموو کوردێك و دۆستانی دەنێم, تاوەکو لە داهاتوودا ببینە خاوەنی تۆمارێکی لەمە مەزنتر بۆ کوردستان و کورد..

بەداخەوە ئەم تۆمارە لەبەرئەوەی بەپیتی عارەبی و شێوە زمانی کرمانجیی خواروو (سۆرانی) نووسراوە, تەنێ ئەوانە کەڵکی لێوەردەگرن کە بەو ڕێنووس و دیالێکتە دەخوێننەوە, کە ئەویش سەرەنجامێکی ناخۆشە و هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ کەرتبوونی شێوەزمان و ڕێنووسی کوردی بۆ چەند شێوەیەك. بەڵام بەهیوای ئەوەی لە داهاتوودا وەربگێڕدرێتە سەر شێوەزمانی کرمانجیی سەروو و تیپی لاتینی, تاوەکو هاوزمانانی باکووریش بێبەش نەبن لەم تۆمارەی مێژووی وڵات و نەتەوەکەیان.

نێونانی ئەم تۆمارە, بە (هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد) لەوەوە هاتووە, کە ئەم بەرهەمە کۆمەڵێك ڕووداوی گرنگی زۆر کۆنی کوردستانی گرتۆتە خۆی, کە مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ پێش دروستبوونی کورد, وەکو نەتەوەیەك. بەڵام لەبەرئەوەی ئێستێ کورد لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدا دەژیت, بەو پێیە ئەو ڕووداوانەش دەبنە مێژووی وڵاتەکەی و خۆی. هەربۆیە نێوی کوردستان خراوەتە پێش نێوی کوردەوە.

ئەم هاوڕێنامەیە بریتییە لە خشتەیەکی مەزنی زۆربەی ڕێکەوت و ڕووداوە مێژوویی و ئەدەبی و هونەری و دیاردە کلتوورییەکانی تری کوردستان و کورد, هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە تاوەکو ئێستێ و بە شێوازێکی زۆر تایبەتی و هاسان نووسراوە.

شێوازە تایبەتی و هاسانەکەی ئەوەیە, ئەم هاوڕێنامەیە وەکو ئەو شێوازە کلاسیکییانەی تر نییە, کە هەر تۆمارێك یان ئەنسیکلۆپیدیایەکی پێ نووسراوەتەوە و بەپێی لیستەی ئەلف و بێی نێوەکان باسی لێوەکرابێت, بەڵکو بەپێی زنجیرەی ڕێکەوت و مێژووی ڕووداوەکان ڕێکخراوە. بەڕادەیەك خوێنەر دەتوانێت زۆر بەئاسانی شارەزایی لە هەنگامێکی مێژوویی نەتەوەکەیدا هەر بەو ڕێکەوتە مێژووییانە پەیدا بکات.

ئەو شێوازە تایبەتییە بووەتە هۆی ئەوەی ئەو کەس و ڕووداوانەی کە زۆر بەرچاو نین, تێیدا بنووسرێن و مافی خۆیانی پێبدرێت. چونکە بۆ ئێمە گەلێك گرنگە کە بەشە هووردەکانی مێژووەکەشمان تۆمار بکەین, و ئەوانە پێکهێنەری هەموو مێژووی نەتەوەییمانن. دیارە ئەگەر ئەو بەشە هووردانە نەبن یان نەبوونایە, ئەوا ڕووداوە مەزنەکان و کەسە مێژووییە مەزنەکانی نێو مێژووش نەدەبوون و نەدەناسران. چونکە با تاکی کورد یان سەرۆکێکی کورد تاوەکو ئەم سەردەمەی ئێستێش کاریگەرییەکی گرنگی هەبێت, بەلام هەر گەل سەرچاوەی هەموو هێزێك و کاریگەرییەکی ئەو تاکەیە. هەربۆیە بۆمن گەلێك گرنگ بوو, ئەم بەرهەمە هوورد و درشتی مێژووی نەتەوەکەمان بگرێتەوە, تاوەکو هەموو کەسێك زۆربەی ڕووداوە مێژووییەکانی لێوە هەڵبهێنجێت و سوودیان لێوەربگرێت. بەڕاستیش ئێمە نەتەوەیەکین, کە خاوەنی گەلێك سەربازی ونین و کەم کەس دەیان ناسێت و نێویان دەبات. هەربۆیە وەکو ئەمەکێك و دڵسۆزییەك بۆ ئەو سەرباز و ڕووداوە ونانە, جێگای خۆیان بەشانازییەوە لە هاوڕێنامەدا ون ناکەن و دەڵێن ئێمەش هەبووین و بە کردەوە و خەبات و گیان فیدایی ئێمە, گەورە پیاوانی وەکو بەدرخان و شێخ سەعیدی پیران و شێخ مەحموودی بەرزنجی و پێشەوا و بارزانی و گەلێکی ترمان لە مێژووی نەتەوەکەماندا مەزن کرد... هەربۆیە زۆرجار لەم بەرهەمەدا نێوی کەسانی وا بەرچاو دەکەون کە زۆر کەم بیستراون یان هەر نەبیستراون و لەوانەیە بگووترێت ئەمە چ کەڵکێك دەگەیەنێت؟! . بەلام گەر بێتو لەم بەرهەمەدا بەدووی کار و کردەوەکانی ئەو کەسەدا بگەڕێیت, دەزانیت کە ئەویش خاوەن پاشەڕۆکی خۆیەتی لە مێژوو و ژیاری کوردستاندا. کاری ئەو سەربازە ونانەیە کە پێکەوە بەردێك و پەڕەیەکیان لە مێژووی کوردەواری زێدە کردووە.. هەربۆیە تۆمارکردنیان لەڕووی ئەمەکیشەوە بێت, پێم وایە کارێکی گەلێك باشە...

ئەم بەرهەمە جگە لەوەی کرۆنۆلۆژیایەکی خشتەیی زنجیرە ئامێزە و هێندەی ئەنسیکلۆپیدیایەك زانیاریی گرتووەتە خۆی, لەهەمان کاتیشدا بیبلۆگرافیاشە, چونکە زانیاریی گرنگی دەربارەی زۆرینەی کەسایەتییە کوردی و کوردستانییەکان لەخۆ گرتووە و خوێنەر دەتوانێت گەشتی ژیانی ئەو کەسە لە هاوڕێنامەدا بخوێنێتەوە.

بەپێی توانا هەوڵدراوە ئەو ڕووداوانەی تۆمار دەکرێن, لە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە وەرگیرابێت. واتە هەر ڕووداوێك سەرچاوەیەك یان دووان تا پێنج سەرچاوەی هەیە. سەرچاوەکانیش هەمە چەشنەن و بەو زمانانەن کە من شارەزاییم تێیاندا هەیە.

زۆرینەی ڕووداوەکان لە سەرچاوە کوردی و عارەبییەکانەوە وەرگیراون, دیارە ئەو سەرچاوانەش هەڵە و کەموکورتییان تێدایە و دەشێت منیش هەمان هەڵە و کەموکورتیم لەوانەوە وەرگرتبێت و پەیم پێیان نەبردبێت, بەلام بەهیوای ئەوەی هەر کەسێك ئەو هەڵە و کەموکورتییانەی بەرچاو کەوت ئاگادارم بکاتەوە... هەروەها هەندێك بەروار و ساڵی چەند ڕووداوێك هەیە دوودڵ بووم لێیان و بەڕاستم نەزانیون, بەلام هەر تۆمارم کردوون, تاوەکو لە داهاتوودا ڕووداوە ڕاستەکەم دەست دەکەوێت, ئەو ڕووداوانە نیشانەیەکی پرسیار (؟), لە تەنیشتیانەوەیە.

شێوازی نووسینی ڕووداوەکان, وەکو ئەو سەرچاوانە نین کە من لێیانم وەرگرتووە, بەڵکو بە پێی شێوازی نووسینی خۆم دامڕشتووەتەوە و کورت و چڕ و پڕم کردووەتەوە. تاوەکو زۆر جێ نەگرن و هاوڕێنامە لەوە گەورەتر نەکەم.

لە پاش هەر ڕووداوێکەوە نێوی سەرچاوە و ژمارەی لاپەڕەکەی بە ڕەنگی شین و بەبچووکی دراوە. بەهۆی ئەمەوە خوێنەر یان نووسەر زۆر بەهاسانی دەتوانێت بچێتەوە سەر سەرچاوەکە و زانیاریی زۆرتر وەدەست بهێنێت. تەواوی لیستەی سەرچاوەکان بەزمانەکانی کوردی, عارەبی, فارسی, هۆڵندی و ئینگلیزی لە کۆتایی هاوڕێنامەدا هەیە.

سەرچاوەکانیش بۆ هەر زمانێك چەند جۆرێکن, لەوانە: پەڕتووك, گۆڤار, ڕۆژنامە, ڕادیۆ, تەلەڤزیۆن, بەیان و بڵاوکراوە, نامە, ڕووبەڕوو, ئنتەرنێت و هتد..

لەناو هاوڕێنامەدا بۆ ئاسانکردن و کورتکردنەوەی تۆمارکردنی ڕووداوەکان چەند هێما و کورتکراوە بەکارهێنراوە. ئەو کورتکراوانە هەندێکیان خۆیان هەن, بۆ نموونە ژ.ك واتە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد. بەڵام هەندێکیان خۆم دروستم کردوون تاوەکو زۆر جێ نەگرن. بۆ نموونە د.ق واتە داگیرکەی ئێراق. بۆ زانینی ئەم کورتکراوانە سەیری خشتەی هێماکانی هاوڕێنامە بکە.

هەندێك ڕووداو لە ڕۆژێك, مانگێك یان ساڵێك زۆرتری پێچووە. بۆ جیاکردنەوەی ئەمە لە خانەی ڕێکەوتدا لە پێشدا ڕێکەوتی دەستپێکردنی ڕووداوەکە نووسراوە, پاشان لەلای ڕووداوەکەوە وشەی (تا) نووسراوە و پاشان ڕێکەوتی کۆتایی ڕووداوەکەی بەدوادا دێت.

لەپاش هەر ڕووداوێکەوە بەڕەنگی سوور ژمارەیەك دێت, ئەو ژمارەیە پێناسی ئەو ڕووداوەیە لە هاوڕێنامەدا. هەر کەسێك ویستی دەربارەی ئەو ڕووداوە پێشنیازێك بۆ دانەر بنێرێت, پێویستە ئەو ژمارەیە بنێرێت. چونکە لەناو داتابەیسی هاوڕێنامەدا هەر ڕووداوێك بە پێناسەکەیدا دەدۆزرێتەوە..

لە کاتی تۆمارکردنی ڕووداوەکاندا, ساڵە کۆچی و هەتاوییەکان کێشەیەکی زۆریان بۆ دروستکردووم. بەڵام هەرچۆنێك بێت تێپەڕیووم بەسەریاندا و ئەگەر هەڵەیەکتان دەربارەی ئەو ساڵانە بەرچاو کەوت, هیوادارم لێتانی ببیستم. ساڵی کۆچی ئەگەر بکرێتە ساڵی زایینی ئەوا دوو ساڵی یەك بەدوای یەکمان دەست دەکەوێت, من زۆرجار هەردووکیانم نووسیوە و هەندێك جاریش بۆ دڵنیایی ساڵە کۆچییەکەشم نووسیوە.

مێژووی کۆچی لە 15ی ژوونی 622ی زایینیدا دەستپێدەکات. ساڵی زایینی بریتییە لە 365 ڕۆژ و شەش کاژێر و یازدە خولەك. بەڵام ساڵی کۆچی بریتییە لە 354 ڕۆژ و هەشت کاژێر و هەشت خولەك. بەهۆی ئەوەوە هیچ ساڵێکی کۆچی لەگەڵ هیچ ساڵێکی زایینیدا بەرامبەر نابێت, بەڵکو ساڵی کۆچی بەرامبەر دوو ساڵی زایینییە و بەپێچەوانەشەوە.

خۆزگە نووسەران چیدی ساڵی کۆچی و هەتاوییان بۆ تۆمارکردنی ڕۆژ و مانگ و ساڵ بەکارنەدەهێنا. چونکە بەڕاستی تێگەیشتنی ئاسان نییە و کەلێندەرێکی نامۆیە بە نووسینی کوردی..

بەداخەوە لە نووسینە کوردییەکاندا زۆر گوێ نادرێتە نووسینی ڕێکەوتی ڕووداوەکان, یان هەندێکیان بەهەڵە دەنووسرێت. بۆنموونە من لەو نووسراوە کوردییانەدا ڕۆژی 31-02-1922م بینیوە!, دیارە مانگی فێبریوەری نەك 31 ڕۆژ نییە بەڵکو 30 ڕۆژیش نییە و 28 ڕۆژە و 4 ساڵ جارێك دەبێتە 29 ڕۆژ..

تەواوی ئەو ڕووداوانەی لەم هاوڕێنامەیەدا هاتوون هیچیان لەخۆوە نەهاتوون و هەموویان مێژوو و کلتووری نەتەوەییانەی ئێمەیە, هەندێك جار کارێکی ناڕەوا یان ڕووداوێکی ناخۆشت دێتە بەرچاو, کە بەداخەوە لە مێژووی نەتەوەکەماندا ڕوویانداوە, بەڵام دەبێت خۆمان بدەینە دەست ئەو ڕاستینەیەی کە مێژووی تەواوی نەتەوەکانی سەرزەمین کاری خراپ و ناجۆریان تێدایە. هەروەکو چۆن پڕیشن لە کاری جوان و پڕ شانازی. مێژووی ئێمەش هەربەو شێوەیەیە و کردەوەی گەلێك جوان و پڕ شانازیی تێدایە و بەڵام هەڵبەت کردەوەی نابەجێش دەبینین. ئەو کردەوانە لە مێژووی زۆر نەتەوەدا ڕوویانداوە و ڕوودەدەن.

لێرەدا بەهەلی دەزانم ئەوە بڵێم, (ڕووداوەکان بەشێوەیەکی بێلایەنانە تۆمارکراون, بێ ئەوەی دابشکێنرێتەوە بەلای لایەنێك یان ناوچەیەکدا). تکا دەکەم ئەگەر شتێکی لەو جۆرەتان بەرچاو کەوت, ئاگادارم بکەنەوە. هەروەها هیچ ڕایەکی خودیی خۆم یان کۆمێنتارێکیش لەسەر ڕووداوەکان نەدراون. هەوڵیشم داوە بەپێی توانا و دەستکەوتنی سەرچاوە, ڕووداوەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان و پارتە کوردستانییەکان تۆمار بکەم. بەڵام دیارە ڕووداوەکانی باشووری کوردستان زۆرینەن لەم بەرهەمەدا, ئەویش بەهۆی ئەوەی کە سەرچاوە لەسەریان زێتر دەستدەکەوێت, یاخود "دەست من دەکەوێت". خۆزگە سەرچاوەی پێویستم بۆ زانیاری وەرگرتن لەسەر بەشەکانی تری وڵاتەکەم بەشێوەی باشوور دەبوو یان دەستدەکەوت...

خوێنەری بەڕێز, پاش چاوپێداخشانی ئەم تۆمارە, سەرنجی ئەوە دەدات, کە ڕووداوەکانی سەدەی بیستەم و بەرەودوا نەبێت, دیارە ئەویش هەموویان نین, ئەوانی پێشوومان زۆر ناتەواو و ناجێگیرن. بەتایبەتی لە سەدە کۆنەکاندا. زۆر ڕووداو و مێژوو هەن, تاوەکو ئێستا نەزانراون. هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نەزانیی خۆمان. تەنانەت ڕووداوەکانی ئەم سەردەمانەی دواییشمان, کە دوێنی و سبەینێ و پار و پێرارن لەلای ئێمە, کەچی هەر نرخی خۆیانمان پێ نەداون و بەتەواوەتی تۆمارمان نەکردوون. لەوە دەچێت بچنە بازنەی نهێنییەکانی مێژووەکەمانەوە...

پێم وابێت کاتی ئەوە هاتووە, هەر کەسێك لەلای خۆیەوە کەشکۆڵێکی بچووکی ببێت و ڕووداوەکانی ڕۆژانەی خۆیی و نەتەوەکەیی تێدا تۆمار بکات, کێ دەڵێت گەشتی ژیانی ئەو کەسە نابێتە مادەیەکی مێژوویی زۆر بەکەڵك بۆ پاشەڕۆژمان؟. دیارە پێویستە زێتر ڕووی هانام لەو ڕابەرە کوردانە بنێم, کە گەلێك زانیاریی بەکەڵکیان لایە, چ هی باش و چ هی کاری خراپ و شۆڤارانەیان, "هەڵبەت هەموویان نا". بەڵام ئایا دەتوانن لە ڕاستی نەترسن و بۆ من و تۆ و نەوەکانمانی تۆمار بکەن؟!... لێرەدا یەکەمین گلەیی دەبێت لە سمکۆ و شێخ مەحموودی بەرزنجی و شێخ سەعیدی پیران و پێشەوای شەهید قازی محەمەد و مەلا مستەفا بارزانی بکرێت, کە بەدەگمەن نەبێت خامەیان بە پەڕەدا نەهێناوە, زۆر بەداخەوە...

هەندێك ڕووداو هەن لە کوردستاندا ڕوویان نەداوە, بەڵکو جیهانین و یاخود پەیوەندیی بە داگیرکارانی کوردستانەوە هەیە, بەڵام لەبەرئەوەی ئەو ڕووداوانە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و کاریگەریان لەسەر مێژووی کوردستان و کورد هەیە تۆمارکراون.

دەشێت هەندێك جار ڕووداوێکی ئاسایی خرابێتە پێش ڕووداوێکی گرنگەوە، یاخود ڕووداوێکی هونەری یان ئەدەبی لەگەڵ ڕووداوێکی ڕامیاریدا تێکەڵ کرابێت، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە هاوڕێنامە ڕاستەوخۆ بەهۆی کۆمپیوتەرەوە دەخرێتە داتابەیسەوە و پەڕتووکی هاوڕێنامەش هەر بەشێوەیەکی خۆبزوێن (ئۆتۆمات) لە داتابەیسەوە دروستدەکرێت و داتابەیسەکە خۆی بەپێی خانەی ڕێکەوتە مێژووییەکان ڕیزیان دەکات. بەڵام ئەوە لە بایەخی هیچ لەو ڕووداوە گرنگانە کەم ناکاتەوە.

پێدەچێت هەندێك ڕووداوم دووبارە کردبێتەوە، بەتایبەتی لەوانەدا کە یەکەمجار تەنێ ساڵەکانیم دەستکەوتووە و پاشان لەسەرچاوەیەکی تردا ڕۆژ و مانگەکەییم دەستکەوتووە و جارێکی تر تۆمارکراوەتەوە. بەڵام لە پەڕتووکێکی وا گەورەدا ئەوە جێی ڕەخنە نییە، هیوادارم لە چاپەکانی داهاتوودا ئەو کەم و کورتییەش نەمێنێت. هەرچەندە هەوڵی لابردنی ڕووداوە دووبارەبووەوەکانم بەپێی توانا داوە و دەتوانم بڵێم کە ئەم چاپە زۆر لەوەی چاپی (سەردەم)ی ساڵی 1999 باشتر و پووختەترە لە ڕووی چۆنایەتی و چەندایەتییەوە..

خوێنەری بەڕێز: لەوانەیە نێوی (تۆ) و کار و کردەوەکانت، زۆر شایانی ئەوە بن بێنە نێو ئەم بەرهەمەوە، هەربۆیە بەهیوای ئەوەم کە بەزووترین کات پێم ڕابگەیەنیت، تاوەکو بەکردەوە ڕووتمەندەکانت، ئەم بەرهەمەی پێ دەوڵەمەندتر بێت و هاوزمانانی تریش بێبەش نەبن لە زانین و ناسینی تۆ و کار و کردەوەکانت...

لە دانانی ئەم تۆمارەدا زۆر کەس لە هاوبیرانم و هەڤاڵانم یارمەتییان داوم. بەجۆرێك گەلێك بەرهەمەکەمی بەپێز کرد. زۆر سوپاسیان دەکەم و لەم چاپەشدا ناوی ئەو بەڕێزانەم بردووە و دووبارە سوپاس.. هەرچەندە بەو ناوهێنانە ناتوانم چاکەیان بدەمەوە..

لێرەدا دەمەوێت باسی شتێکی تریش بکەم، ئەویش لە سەرەتای دەستپێکردنی دانانی ئەم تۆمارەدا لە 22-12-1995دا، ویستم ناوی بنێم (ئەنسیکلۆپیدیای مێژووی کوردستان و کورد). لەژێر ئەم نێوەشدا بانگەوازێك بڵاوکردەوە و هەروەها وتارێکیشم لەسەر نووسی. بەڵام پاش ئەوەی وتووێژێکی زۆرم لەگەڵ چەند مامۆستایەك و هەندێك لە هەڤاڵانمدا کرد، ئەوەیان پێ باش بوو کە نێوی ئەنسیکلۆپیدیا نەبێت و نێوێکی تری لێ بنێم. چونکە هەندێکیان دەیانگووت ئەمە تۆماری ڕێکەوتە مێژووییەکانە و هەندێکی تریش دەیگووت ئەوە کرۆنۆلۆژییە و بەو شێوەیە... منیش نێوی (هاوڕێنامە)م بۆی هەڵبژارد، لەسەر کێشی ناوی پەڕتووکی شەرەفنامەی شەرەفخانی مامۆستام، تاوەکو ببێتە هاوڕێی گشت لایەك...

هاوزمانانم:
پێکهێنانی تۆمارێکی لەم بابەتە بەتەنها کاری هاوڕێ باخەوان نییە، بەڵکو ئەم تۆمارە دەبووایە ساڵانێکی زۆر لەمەوبەر لەلایەن دەزگایەکی کوردییەوە بکرایە و ببوایەتە کارێکی نێوکۆیی. بەڵام بەهۆی نەبوونی ئەو دەزگایەوە، ئەم کارەی من کەمێك ئەو بۆشاییەی پڕکردووەتەوە و دەشبێتە سەرچاوە و هەنگاوێك بۆ ئەوەی لە پاشەڕۆژدا دەزگایەکی کوردی بەکارێکی واهیی لەمە باشتر هەڵبستێت...

بەهیوای ئەوەی هاوڕێنامە لە تێبینی و سەرنجە بەنرخەکانتان بێبەش نەبێت و ئەو سەرچاوانەی من نەمدیوون بەهۆی بەڕێزتانەوە بیدینم و سوودیان لێوەربگرم...

ئیتر هەربژین..

هاوڕێ باخەوان

لاهای – هۆڵندا

2005 - 1995

# هێماکانی هاوڕێنامە

لەناو داتابەیسی هاوڕێنامەدا کۆمەڵێك هێمای زۆر بۆ هەندێك ناو و دەستەواژە بەکارهاتووە, چونکە ئەم ناو و دەستەواژانە زۆر دووبارە بوونەتەوە و بۆئەوەی زۆر جێ نەگرن, وا لە خوارەوە تەواوی ئەو هێمایانە و بەرامبەرەکانیان دەخەینە ڕوو:

| | |
|---|---|
| ﴿د.ا﴾: | ڕادیۆی دەنگی ئامریکا |
| ژ: | ژمارە |
| ن.ی: | ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان |
| هەدەپ: | پارتی دیموکراسی گەل |
| هەپ: | پارتی ڕەنجدەرانی گەل |
| ژێ–کاف: | کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد. (ژك) |
| هپك: | هێزی پێشمەرگەی کوردستان |
| هك–حشع: | هەرێمی کوردستانی پارتی کۆمۆنیستی ئێڕاق |
| ادا: | ئاژانسی دەنگ و باسی ئێران |
| ادت: | ئاژانسی دەنگ و باسی تورکیا |
| ادس: | ئاژانسی دەنگ و باسی سووریا |
| ادق: | ئاژانسی دەنگ و باسی ئێڕاق |
| ڕك: | ڕەوتی کۆمۆنیست |
| ب.ئیسلامی: | بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان |
| ئاش: | ئاڵای شۆڕش |
| باشوور: | باشووری کوردستان (کوردستانی بندەستی ئێڕاق) |
| باکوور: | باکووری کوردستان (کوردستانی بندەستی تورکیا) |
| بسك: | بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان |
| بك: | بەرەی کوردستانی |
| HDP: | پارتی دیموکراسی گەل |
| د.ا: | داگیرکەری ئێران |
| د.ت : | داگیرکەری تورك |
| د.س: | داگیرکەری سووریا |
| د.ق: | داگیرکەری ئێراق |
| جود: | بەرەی نیشتمانی دیموکراتی |
| جوقد: | بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی دیموکراتی |

خۆرهەلات: خۆرهەلاتی کوردستان (کوردستانی بندەستی ئێران)

خۆرئاوا: خۆرئاوای کوردستان (کوردستانی بندەستی سووریا)

ینك: یەکێتی نیشتمانی کوردستان. (یەکێتی)

یەکێتی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان

حدکا: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

حسیك: حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان

حسك: حیزبی سۆسیالیستی کوردستان – ئێڕاق

حزك: حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

یشك: یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

حشع: پارتی کۆمۆنیستی ئێڕاق

KDP: پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێڕاق

رت: ڕێکخستنی تایبەتی, دەزگای هەواڵدەریی پدك

پم: پێشمەرگە

زانیاری: دەزگای هەواڵدەریی ینك

پاراستن: دەزگای هەواڵدەریی پدك

پارتی: پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێڕاق

پارتی گەل: پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان

پاسۆك: پارتی سۆسیالیستی کورد

پدك: پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێڕاق

سك: سەرکردایەتیی کاتی – قیادە موەقەتەی پارتی

پکك: پارتی کرێکارانی کوردستان

PKK: پارتی کرێکارانی کوردستان

PUK: یەکێتی نیشتمانی کوردستان

ك.س: کوردستانی سوور (بندەستی سۆڤیەت یان ئازربایجان)

کۆمەڵە.ب: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان. (باشوور)

کۆمەڵە.خ: کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان. (خۆرهەلات)

کنك: کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لە ئامریکا

کنك: کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

کنع: کۆنگرەی نیشتمانی ئێڕاق

کاژیك: کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتی کورد

UN: ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

YNDK: یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان

# سوپاسێکی زۆر بۆ

لە دانانی ئەم هاوڕێنامەیەدا ئەم بەڕێزانە بە سەرچاوە و زانیاری و دەنگوباسی جۆراوجۆر و ئامۆژگاری, یان بەهەر شێوەیەکی تر, گەلێك یارمەتییان دام, بەجۆرێك کە هێزکارێکی زۆر باشی هەبوو بۆ بەپێزبوونی ئەم هاوڕێنامەیە, زۆر سوپاسیان دەکەم و هیوادارم هەر وێنەیان زۆر بێت. ئەو بەڕێزانەش ئەمانەن:

1: ماڵپەڕی چراکان
2: ماڵپەڕی دەنگەکان
3: ماڵپەڕی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان
4: ماڵپەڕی پانکورد
5: ماڵپەڕی پاسۆك
6: چاخانەی شەعب لە سلێمانی
7: چاپ و پەخشی سەردەم لە سلێمانی
8: چاپخانەی ڕوون لە سلێمانی
9: ڕۆژنامەی میدیا لە هەولێر
10: ڕادیۆی MOR بەشی کوردی لە هۆڵندا – ڕۆتەردام
11: ڕەوانشاد کاك ڕەهبەر جەلال مامەش
12: بەناز سابیر ڕەشیدی خێزانم
13: تەلەڤزیۆنی میزۆپۆتامیا لە بەلژیك
14: خاتوو نەسرین محەمەد فەرەج لە هۆڵندا
15: nternationalI Magnashop
16: کاك ناسر سینا – ڕادیۆی زایەڵە لە سوید
17: کاك هەژار کامەلا لە هەولێر
18: کاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا
19: کاك نەریمان تالیب
20: کاك محەمەد ڕەسوڵ مەنمی
21: کاك ئاکۆ گەردی لە دیانا
22: کاك بەختیاری شەمەیی لە هۆڵندا
23: کاك بەرهەم بەرزنجی (مانو) لە هۆڵندا
24: کاك دلێر محەمەد تاهیر لە سوید
25: کاك حەمە سەروەری مستەفافەنی لە هۆڵندا
26: کاك دیاری سابیر ڕەشید لە هۆڵندا

27: کاک حسێن قەراخی لە هۆڵندا

28: کاک شوان ئەحمەد ساڵح لە هۆڵندا

29: کاک زانا هەورامی لە بەلژیك

30: کاک سامانی کەریمی لە هۆڵندا

31: کاک سەبری سلێڤانی لە هۆڵندا

32: کاک سەرکان کوردی لە ئامریکا

33: کاک شێخ محەمەدی باڵەك لە وەڵزێ – هەولێر

34: کاک کارزان قادر قەراخی لە هۆڵندا

35: کاک کەمال کۆیی لە سوید

36: کاک گۆران قەراخی لە هۆڵندا

37: کاک عومەر فارس عەزیز – ماڵپەڕی کوردستان نێت

38: کاک عوسمانی مەلا خالید لە هۆڵندا

39: کاک فوئاد عەبدولڕەحمان عومەر لە بەلژیك

40: کاک فەرەیدوون عەبدوڵلا لە هۆڵندا

41: گۆڤاری هەڤوت لە سویسرا

42: گۆڤاری ڕامان لە هەولێر

43: گۆڤاری دڵانپار لە فینلاند

# ڕووداوەکانی پێش زایین

## چاخە کۆنەکان تا ساڵی 1ی زایینی

**600000–** تا –100000 دۆزینەوەی چەندین پارچە بەردی ڕاو و ئێسکی بەبەردبووی ئاژەڵی ئەو سەردەمەی وەك فیل و گا و مەڕ و بزن لە نێوچەی بەردە بەڵەکی باکووری خۆرهەڵاتی چەم چەماڵ بە دوو کیلۆمەتر, ئەو ئامرازانە لەلایەن نێرژەیەکی ئامریکایی زانکۆی شیکاگۆوە دۆزراوەتەوە. 1

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: هاوڕێ باخەوان – کوردستان ... نیشتمانی یەکەمینی سۆمەرییەکانە – چاپی یەکەم – هۆڵندا – 1996. لاپەڕە : 15.

**120000–** سەردەمی چاخی بەردینی کۆن, کە لە باشووری کوردستاندا مرۆڤی تێدا ژیاوە و زانایان پاشەرۆکی ئارکیۆلۆژییان تێدا دۆزیوەتەوە. 2

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: هاوڕێ باخەوان – کوردستان ... نیشتمانی یەکەمینی سۆمەرییەکانە – چاپی یەکەم – هۆڵندا – 1996. لاپەڕە : 14.

**60000–** دۆزینەوەی شوێنەواری مرۆڤی چاخی بەردینی کۆن لە هەردوو ئەشکەوتی زەرزی و هەزارمێردی نزیك ناوچەی سلێمانی, هەروەها ئەشکەوتەکانی تەنگی پاپدای ناوچەی بەختیاری و ئەشکەوتی گڵی سوور لە ناوچەی کرماشانیش, بۆ هەمان مێژوو دەگەڕێنەوە. هەروەها چینەکانی خوارەوەی ئەشکەوتی شانەدەریش هەمان مێژووی هەیە. 3

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: هاوڕێ باخەوان – کوردستان ... نیشتمانی یەکەمینی سۆمەرییەکانە – چاپی یەکەم – هۆڵندا – 1996. لاپەڕە : 15.

**60000–** مێژووی پەیکەرێکی مرۆڤی نیاندەرتاڵ. 34

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: نخبە من الباحپین العراقیین – حچارە العراق – الجزو الٲول – بغداد – 1985. لاپەڕە : 89.

**34000–** مێژووی پەیکەرێکی ئێسکی مرۆڤی شانەدەر لە چینی دیی ئەشکەوتی شانەدەر. 35

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: نخبە من الباحپین العراقیین – حچارە العراق – الجزو الٲول – بغداد – 1985. لاپەڕە : 88.

**14000–** تا هەزارەی هەفتەم, مرۆڤی چاخی بەردینی کۆنی نێوەڕاست لە ئەشکەوتەکانی هەزارمێرد و شانەدەردا دەژیا. 64

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: جورج رو – العراق القدیم – ترجمە و تعلیق: حسین علوان حسین – منشورات وزارە الپقافە و الٲعلام – دار الحریە للگباعە – بغداد – 1984. لاپەڕە : 664.

**12800–** دۆزینەوەی چەندین کەرەستەی کۆن لە ئەشکەوتەکانی زەرزی و شانەدەر, کە وای دەردەخەن مرۆڤی ئەو کاتە نیمچە نیشتەجێیەك بووبن. 66

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: نخبە من الباحپین العراقیین – حچارە العراق – الجزو الٲول – بغداد – 1985. لاپەڕە : 112.

**10000–** مرۆڤی چاخی بەردینی نێوەڕاست لە ناوچەکانی شانەدەر و زەرزی و پاڵە گەورەدا دەژیان. 68

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: جورج رو – العراق القدیم – ترجمە و تعلیق: حسین علوان حسین – منشورات وزارە الپقافە و الٲعلام – دار الحریە للگباعە – بغداد – 1984. لاپەڕە : 664.

**-10000** دۆزینەوەی ئێسکی مرۆڤی نیاندەرتاڵ مرۆڤی شانەدەر لە ئەشکەوتی شانەدەری نێوچەی هەولێردا, کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی دەیەمی پ.ز. **70**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: هاوڕێ باخەوان – کوردستان ... نیشتمانی یەکەمینی سۆمەرییەکانە – چاپی یەکەم – هۆڵندا – 1996. لاپەڕە : 18.

**-10000** کۆتایی چاخی بلایستۆسین, کە ئاووهەوای کوردستان لە ساردەوە بەرەو فێنك چوو. **67**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: جورج رو – العراق القدیم – ترجمە و تعلیق: حسین علوان حسین – منشورات وزارە الپقافە و الاعلام – دار الحریە للگباعە – بغداد – 1984. لاپەڕە : 664.

**-10000** دۆزینەوەی یەکەمین هەنگامی نیشتەجێبوونی مرۆڤی شانەدەر لە نێوچەکانی کەریم شار و زاوی چەمی. **71**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: هاوڕێ باخەوان – کوردستان ... نیشتمانی یەکەمینی سۆمەرییەکانە – چاپی یەکەم – هۆڵندا – 1996. لاپەڕە : 22.

**-9000** شوێنەوارناسانی ئامریکی و ئاڵمانی و تورك, لە نێوچەی ئەرخەنی لە دیاربەکر–ئامەد, ماڵێکیان لە بن زەویدا دۆزییەوە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم ساڵە. **72**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ئاسۆ گەرمیانی – ئامەد تیگریس – کورتە مێژووی کورد و کوردستان – پەڕتووکی خویندنگەیە بۆ خوێندکارانی سەرەتایی و نێوەندی لە دەرەوەی کوردستان – چاپی یەکەم – سوید – زستانی 1992. لاپەڕە : 8.

**-9000** دروستکردنی ئامرازەکانی دروستکردنی خواردەمەنی لە بەرد, لەلایەن کوردستانییە کۆنەکانەوە. **73**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: نخبە من الباحپین العراقیین – حچارە العراق – الجزو الاول – بغداد – 1985. لاپەڕە : 93.

**-7000** زۆربوونی ژمارەی گوندە هەمیشەییەکان لە کوردستاندا. **77**

**-6700** سەردەمی چاخی بەردینی نوێ لە کوردستاندا, کە لە نێوچەکانی چەرمو و حەسسونەدا مرۆڤ ژیاون. **74**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: جورج رو – العراق القدیم – ترجمە و تعلیق: حسین علوان حسین – منشورات وزارە الپقافە و الاعلام – دار الحریە للگباعە – بغداد – 1984. لاپەڕە : 664.

**-6700** دامەزراندنی یەکەمین گوندی هەمیشەیی, کە بۆ یەکەمجار کشتوکاڵی تێدا کرابێت لە مێژووی مرۆڤایەتی و کوردستاندا, لە گوندیچەرموی نزیك چەم چەماڵی باشوور. **75**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: هاوڕێ باخەوان – کوردستان ... نیشتمانی یەکەمینی سۆمەرییەکانە – چاپی یەکەم – هۆڵندا – 1996. لاپەڕە : 22.

**-6700** دۆزینەوەی ئێسکی ئاژەڵی وەك مەڕ, بزن, بەراز و مانگا لە گوندی چەرمودا, کە هەندێکیان ماڵی و هەندێکیان کێوین. **76**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: نخبە من الباحپین العراقیین – حچارە العراق – الجزو الاول – بغداد – 1985. لاپەڕە : 119.

**-6000** دروستبوونی چەندین گوندی پێشکەوتوو لە کوردستاندا, لەوانە گوندی شمشارە. **78**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: نخبە من الباحپین العراقیین – حچارە العراق – الجزو الاول – بغداد – 1985. لاپەڕە : 131.

**6000-** ئەو کەرەستانەی کە لە گوندی بانە هەڵەکی نێوچەی ڕەواندزدا دۆزرانەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەم سەردەمە. **79**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: نخبە من الباحپين العراقيين – حچارە العراق – الجزو الاول – بغداد – 1985. لاپەڕە : 135.

**3100-** دەستەلاتی پادشای گۆتییەکان ئەنناتوم لە نێوچەی جودیدا لە کوردستان. **80**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: د. حوسەینی خەلیقی – کۆمەڵناسی کوردەواری – بەرگی یەکەم – چاپخانەی ئەلحەوادیس – بەغداد – 1992. لاپەڕە : 51.

**3100-** پادشای گۆتییەکان ئەنناتوم لەگەڵ ئیلامییەکاندا جەنگا. **81**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی فارسی: احسان نوری – تاریخ ریشە نژادی کرد – کتاب فروشی بزرگ سیدیان – 1361. لاپەڕە : 5.

**2900-** لوگال زاکیس پاشای گۆتی بوو، کە لە وڵاتی سۆمەردا فەرمانڕەوایی دەکرد. **82**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی فارسی: احسان نوری – تاریخ ریشە نژادی کرد – کتاب فروشی بزرگ سیدیان – 1361. لاپەڕە : 5.

سەرچاوەی 2: پەڕتوکی کوردی: د. حوسەینی خەلیقی – کۆمەڵناسی کوردەواری – بەرگی یەکەم – چاپخانەی ئەلحەوادیس – بەغداد – 1992. لاپەڕە : 51.

**2800-** لەم ساڵەدا ئانۆ بانینی پادشای لۆللۆکان بووە لە کوردستاندا. **83**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: م. گۆران – هێزە بزوێنەرەکانی پرۆسە شۆڕشگێڕییەکەی ئێستای جیهان و مەسەلەی گەلی کوردستان – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆلم – 1990. لاپەڕە : 23.

**2711-** دەستپێکردنی فەرمانڕەوای پادشای ئاشووری شار کالی شاری، کە لە سەردەمیدا پادشای گۆتی شرلك دیل کراوە. **84**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی فارسی: احسان نوری – تاریخ ریشە نژادی کرد – کتاب فروشی بزرگ سیدیان – 1361. لاپەڕە : 37.

**2700-** مێژووی نووسراوێکی ئاشووری کە نێوی لۆللۆی ی تێدا هاتووە، ئەمانە ڕەگەزێکی کۆنی کوردستانن. **85**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: د. حوسەینی خەلیقی – کۆمەڵناسی کوردەواری – بەرگی یەکەم – چاپخانەی ئەلحەوادیس – بەغداد – 1992. لاپەڕە : 51.

سەرچاوەی 2: پەڕتوکی فارسی: احسان نوری – تاریخ ریشە نژادی کرد – کتاب فروشی بزرگ سیدیان – 1361. لاپەڕە : 6.

**2649-** گۆتییەکان دەستیان بەسەر وڵاتی سۆمەر و ئاکاددا گرت. **86**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: موحەمەد ئەمین زەکی – کورد و کوردستان – جلد 1–2–3 – چاپخانەی دار السلامی بەغداد – 1931 – ئینتیشارات سەیدیان مەهاباد، لە چاپی داوەتەوە – (جلدی دووەم). لاپەڕە : 3.

سەرچاوەی 2: گۆڤاری کوردی: دلانیار – ژ – 3 – خولی چوارەم – 25–09–1994 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 20.

**2600-** سنووری فەرمانڕەوایی گۆتییەکان گەیشتە ئەدەنە لە باکوور و ئیلام لە باشوور. **87**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی فارسی: احسان نوری – تاریخ ریشە نژادی کرد – کتاب فروشی بزرگ سیدیان – 1361. لاپەڕە : 105.

**2524-** پاشەکشەی گۆتییەکان لە باشووری میزۆپۆتامیاوە بۆ کوردستان لە سەردەمی پادشا تیریگانی گۆتیدا. 88

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: میر شەرەفخانی بەدلیسی – شەرەفنامە – هەژار کردوویە بە کوردی – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی نوعمان – نەجەف, ئێراق – 1972. لاپەڕە : 4.

**2500-** مێژووی نووسینێکی نرام سین, کە بۆ یەکەمجار نێوی لۆللۆبییەکانی تێدا هاتووە. 89

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: عەبدوللا قەراخی ( مەلا عەلی)– زەرتەشت (زەردەشت) – لە بلاوکراوەکانی ئاپێك – سوید – 1997. لاپەڕە : 32.

**2450-** پادشای سۆمەر دونگی هێرشی کردە سەر ئیلام و هەروەها لۆللۆکانیشی خستە ژێر فەرمانرەوایی خۆیەوە. 96

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: موحەمەد مەردۆخی کوردستانی – مێژووی کورد و کوردستان – وەرگێرانی: عەبدولکەریم موحەمەد سەعید – چاپخانەی ئەسعەد – بەغداد – 1991. لاپەڕە : 61.

**2400-** لاگاش ئادادناری کە پاشایەکی سۆمەری بوو, لەسەر تەختە گلێك باسی کاردای کردووە, کە یەکەمین نێو هێنانی کوردە لە مێژوودا. 97

سەرچاوەی 1: پەرتوکی فارسی: احسان نوری – تاریخ ریشە نژادی کرد – کتاب فروشی بزرگ سیدیان – 1361. لاپەڕە : 4.

سەرچاوەی 2: پەرتوکی کوردی: د. حوسەینی خەلیقی – کۆمەڵناسی کوردەواری – بەرگی یەکەم – چاپخانەی ئەلحەوادیس – بەغداد – 1992. لاپەڕە : 40.

**2300-** لەم ساڵەوە ئاشوورییەکان چەندین هێرشیان کردە سەر کوردستان. 98

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: جمال نبز – الٱمیر الکردی میر محمد الراوندزی, الملقب ب(میری کورە) – مساهمە عملیە فی دراسە التأریخ الکردی علی صفحە مراە الشواهد و الٱدلە الشرقیە و الغربیە – اگروحە دکتوراە – ترجمها من الٱلمانیە الی العربیە: فخری سلاحشور – من منشورات الٱکادمیە الکردیە للعلم لاپەڕە : 206.

**2252-** لە دەوروبەری ئەم ساڵەدا, کوردستان بەشێك بوو لە وڵاتی ئەکەدییەکان, بە سەرۆکایەتیی سارگۆن. 99

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: عەلادین سوجادی – مێژووی ئەدەبی کوردی – مێژوو, ئەدەب, زانیاری – ئێراق – 1952. لاپەڕە : 13.

**2200-** هێرشی گۆتییەکان بۆسەر ئەکەدییەکانی باشووری وڵاتی میزۆپۆتامیا و گرتنی ئەو نێوچانە, کە بۆ ماوەی یەك سەدە ژێتر فەرمانرەوای نێوچەکە بوون. 100

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: د. حوسەینی خەلیقی – کۆمەڵناسی کوردەواری – بەرگی یەکەم – چاپخانەی ئەلحەوادیس – بەغداد – 1992. لاپەڕە : 49.

سەرچاوەی 2: پەرتوکی کوردی: هاوڕێ باخەوان – کوردستان ... نیشتمانی یەکەمینی سۆمەرییەکانە – چاپی یەکەم – هۆڵندا – 1996. لاپەڕە : 71.

**2116-** کۆتاییهاتنی دەستەڵاتی گۆتییەکان لە باشووری میزۆپۆتامیادا, لە سەر دەستی سۆمەرییەکان. 101

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: هاوڕێ باخەوان – کوردستان ... نیشتمانی یەکەمینی سۆمەرییەکانە – چاپی یەکەم – هۆڵندا – 1996. لاپەڕە : 71.

**2109-** ئۆتۆ هیگال, هێرشی کردە سەر تیریگانی پادشای گۆتییەکان و لە گوندی دوبرومدا کوشتی. 102

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ئی. م. دیاکۆنۆڤ – میدیا – بورهان قانع، لە فارسییەوە کردوویەتی بە کوردی – کۆماری ئێراق، وەزارەتی ڕۆشنبیری و هونەر، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی – چاپی یەکەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1978. لاپەڕە : 176.

–2100 بۆ یەکەمجار نێوی ماد لەم سەدەیەدا پەیدا بووە. 103

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: موحەمەد مەردۆخی کوردستانی – مێژووی کورد و کوردستان – وەرگێرانی: عەبدولکەریم موحەمەد سەعید – چاپخانەی ئەسعەد – بەغداد – 1991. لاپەڕە : 239.

–2018 هێرشی ئاشوورییەکان بۆسەر مادەکان و داگیرکردنی نێوچەکانیان تاوەکو دەوروبەری شاری بەڵخ. 104

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: موحەمەد مەردۆخی کوردستانی – مێژووی کورد و کوردستان – وەرگێرانی: عەبدولکەریم موحەمەد سەعید – چاپخانەی ئەسعەد – بەغداد – 1991. لاپەڕە : 61.

–2000 لە چارەکی یەکەمی ئەم هەزارەیەدا، هۆرییەکان کە ڕەگەزێکی کۆنی کوردستانی بوون لە نێوچەکانی کەوانەی بەپیتدا نیشتەجێ بوون. 105

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: جورج رو – العراق القدیم – ترجمە و تعلیق: حسین علوان حسین – منشورات وزارە الپقافە و الاعلام – دار الحریە للگباعە – بغداد – 1984. لاپەڕە : 317.

–2000 سەدەکانی نۆزدە، هەژدە و هەڤدەی پ.ز: کۆچکردنی هۆزە هیندو–ئەورووپاییەکان بۆ کوردستان. 106

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: عەلادین سوجادی – مێژووی ئەدەبی کوردی – مێژوو، ئەدەب، زانیاری – ئێراق – 1952. لاپەڕە : 14.

–2000 لەم هەزارەیەدا، مادەکان هەفت هۆز بوون و دانیشتووی کوردستان بوون، کە بریتین لە: پارتاسنی، بوزیابوس، ئاسترۆشات، ئاریزانت، بودی، ماژ – ماگ – ماخ – ماگوش و دیلام. دەربارەی ئەمەی هەفتەمیان هیچ زانیارییەکی ئەوتۆ لەبەر دەستدا نییە. 107

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: موحەمەد مەردۆخی کوردستانی – مێژووی کورد و کوردستان – وەرگێرانی: عەبدولکەریم موحەمەد سەعید – چاپخانەی ئەسعەد – بەغداد – 1991. لاپەڕە : 120.

–2000 سۆمەرییەکان لە تەختە گلینەکانی خۆیاندا نێوی گەلێکیان بردووە بە نێوی کارداکاوە کە باپیرەی کوردن. 108

سەرچاوەی 1: پەرتوکی فارسی: حسن ارفع – کردها و یك بررسی تاریخی و سیاسی – ترجمە از متن انکلیسی – لندن، اکسفورد – 1966. لاپەڕە : 8.

–2000 کۆچی مادەکان بۆ کوردستان. 109

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: عەبدوڵڵا قەراخی ( مەلا عەلی)– زەرتەشت (زەردەشت) – لە بڵاوکراوەکانی ئاپێك – سوید – 1997. لاپەڕە : 14.

–1978 دۆزینەوەی گلێنەیەك، کە مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم ساڵە و سەردەمی پاشایەتی شو–سینی سۆمەریی شاری ئور، کە زاراوەی کارداکای لەسەر دەخوێندرێتەوە. 110

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: تۆفیق وەهبی – بنەچەکەی کوردان و بنچینەی زمانی کوردی – وەرگێر: تەها فەیزی زادە. لاپەڕە : 22.

**1977-** تا ساڵی پەنجاوشەش سەردەمی فەرمانرەوایی ئامی-زادوشای پادشای بابلییەکان، کە ڕێکەوتننامەیەکی لەگەڵ ئیلامییەکاندا بەست، تاوەکو بەربەستی هێرشەکانی کاشییەکان بکەن. **111**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: موحەمەد ئەمین زەکی - کورد و کوردستان - جلد 1-2-3 - چاپخانەی دار السلامی بەغداد - 1931 - ئینتیشارات سەیدیان مەهاباد، لە چاپی داوەتەوە - (جلدی یەکەم). لاپەڕە : 98.

**1760-** کاشییەکان دەستیان گرت بەسەر وڵاتی بابلییەکاندا و پادشانشینی کاردۆنیاشیان دامەزراند کە بۆ ماوەی چوار سەدە بەردەوام بوو. **112**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: موحەمەد ئەمین زەکی - کورد و کوردستان - جلد 1-2-3 - چاپخانەی دار السلامی بەغداد - 1931 - ئینتیشارات سەیدیان مەهاباد، لە چاپی داوەتەوە - (جلدی دووەم). لاپەڕە : 5.

سەرچاوەی 2: پەرتوکی کوردی: ئاسۆ گەرمیانی - ئامەد تیگریس - کورتە مێژووی کورد و کوردستان - پەرتووکی خوێندنگەیە بۆ خوێندکارانی سەرەتایی و نێوەندی لە دەرەوەی کوردستان - چاپی یەکەم - سوید - زستانی 1992. لاپەڕە : 13.

سەرچاوەی 3: پەرتووکی عەرەبی: جمال نبز - الأمیر الکردی میر محمد الراوندزی، الملقب ب(میری کوره) - مساهمه عملیه فی دراسه التأریخ الکردی علی صفحه مراه الشواهد و الأدله الشرقیه و الغربیه - اگروحه دکتوراه - ترجمها من الألمانیه الی العربیه: فخری سلاحشور - من منشورات الأکادمیه الکردیه للعلمجمال نبز - الأمیر الکردی میر محمد الراوندزی، الملقب ب(میری کوره) - مساهمه عملیه فی دراسه التأریخ الکردی علی صفحه مراه الشواهد و الأدله الشرقیه و الغربیه - اگروحه دکتوراه - ترجمها من الألمانیه الی العربیه: فخری سلاحشور - من منشورات الأکادمیه الکردیه للعلم لاپەڕە : 246.

**1741-** سامسو ئیلۆنی، لەگەڵ کاشییەکان کەوتە جەنگەوە. **113**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ئی. م. دیاکۆنۆڤ - میدیا - بورهان قانع، لە فارسییەوە کردوویەتی بە کوردی - کۆماری ئێراق، وەزارەتی ڕۆشنبیری و هونەر، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی - چاپی یەکەم - چاپخانەی دار الحریە - بەغداد - 1978. لاپەڕە : 191.

**1741-** تا ساڵی بیستوشەش ماوەی فەرمانرەوایی پادشای کاشییەکان، گانداش. **114**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی فارسی: ج. مفرد - نیاکان باستانی کرد در تاریخ و استورها - ناشر: کتاب ارزان - سوید - 1994. لاپەڕە : 32.

**1725-** تا ساڵی 1704 ماوەی فەرمانڕەوایی پادشای کاشی، ئاگومی گەورە. **115**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی فارسی: ج. مفرد - نیاکان باستانی کرد در تاریخ و استورها - ناشر: کتاب ارزان - سوید - 1994. لاپەڕە : 32.

**1710-** ئی-گامیل هێرشێکی کردە سەر ئیلامییەکان، پاشان تێکشکا و گەڕایەوە. **116**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: موحەمەد ئەمین زەکی - کورد و کوردستان - جلد 1-2-3 - چاپخانەی دار السلامی بەغداد - 1931 - ئینتیشارات سەیدیان مەهاباد، لە چاپی داوەتەوە - (جلدی دووەم). لاپەڕە : 5.

سەرچاوەی 2: پەرتوکی کوردی: موحەمەد ئەمین زەکی - کورد و کوردستان - جلد 1-2-3 - چاپخانەی دار السلامی بەغداد - 1931 - ئینتیشارات سەیدیان مەهاباد، لە چاپی داوەتەوە - (جلدی یەکەم). لاپەڕە : 99.

**1704-** تا 683 پ.ز، ماوەی فەرمانڕەوایی پادشای کاشییەکان، کاشتیلیاشی یەکەم. **117**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی فارسی: ج. مفرد - نیاکان باستانی کرد در تاریخ و استورها - ناشر: کتاب ارزان - سوید - 1994. لاپەڕە : 32.

**1700-** پادشای کاشییەکان ئاگوم کاك ڕیم، بووە فەرمانرەوا. **118**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی فارسی: احسان نوری - تاریخ ریشه نژادی کرد - کتاب فروشی بزرگ سیدیان - 1361. لاپەڕە : 23.

**1682-** تا ساڵی 1674 پ.ز، ماوەی فەرمانڕەوایی پادشای کاشییەکان، ئوشی. **120**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی فارسی: ج. مفرد - نیاکان باستانی کرد در تاریخ و استورها - ناشر: کتاب ارزان - سوید - 1994. لاپەڕە : 32.

1600– لەم سەدەیەدا: میتانییەکان لە نێوچەکانی خاپوور و فوراتدا دەستەڵاتیان پەیدا کرد. **119**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: سالح قەفتان – مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ – چاپخانەی (سەلمان ئەلئەعزەمی) – بەغداد – 1969. لاپەڕە : 76.

1600– هۆرییەکان لە پیشەسازیی فەخفوریدا پێشکەوتن. **121**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: جورج رو – العراق القدیم – ترجمە و تعلیق: حسین علوان حسین – منشورات وزارە الپقافە و الاعلام – دار الحریە للگباعە – بغداد – 1984. لاپەڕە : 318.

1595– هێرشی کاشییەکان بۆسەر باشووری وڵاتی میزوپۆتامیا و گرتنی ئەو نێوچانە, کە بۆ ماوەی چوار سەدە فەرمانڕەوای بوون. **125**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: هاوڕێ باخەوان – کوردستان ... نیشتمانی یەکەمینی سۆمەرییەکانە – چاپی یەکەم – هۆڵندا – 1996. لاپەڕە : 133.

سەرچاوەی 2: پەرتوکی کوردی: موحەمەد ئەمین زەکی – کورد و کوردستان – جلد 1–2–3 – چاپخانەی دار السلامی بەغداد – 1931 – ئینتیشارات سەیدیان مەهاباد, لە چاپی داوەتەوە – (جلدی یەکەم). لاپەڕە : 98.

سەرچاوەی 3: پەرتووکی عەرەبی: جورج رو – العراق القدیم – ترجمە و تعلیق: حسین علوان حسین – منشورات وزارە الپقافە و الاعلام – دار الحریە للگباعە – بغداد – 1984.جورج رو – العراق القدیم – ترجمە و تعلیق: حسین علوان حسین – منشورات وزارە الپقافە و الاعلام – دار الحریە للگباعە – بغداد – 1984. لاپەڕە : 332.

1580– فیرعەونی میسر تحوتمسی یەکەم, لە گەشتی ئاسیایدا, ڕێکەوتی میتانییەکانی کوردستانی کردووە و لە شەڕێکدا شکاندوونی. **126**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: موحەمەد ئەمین زەکی – کورد و کوردستان – جلد 1–2–3 – چاپخانەی دار السلامی بەغداد – 1931 – ئینتیشارات سەیدیان مەهاباد, لە چاپی داوەتەوە – (جلدی دووەم). لاپەڕە : 12.

1522– میتانییەکان, بوونە دواکەوتەی میسر. **127**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: موحەمەد ئەمین زەکی – کورد و کوردستان – جلد 1–2–3 – چاپخانەی دار السلامی بەغداد – 1931 – ئینتیشارات سەیدیان مەهاباد, لە چاپی داوەتەوە – (جلدی دووەم). لاپەڕە : 12.

1500– تا ساڵی 1360 پ.ز: بەڵگەکان وای ڕادەگەیەنن, کە هەرچی پادشای ئاشوور لە نێوان ئەم دوو ساڵەدا فەرمانڕەوایی کردووە, لە ژێر دەستەڵاتی میتانەکاندا بوون. **129**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: د. جەمال ڕەشید ئەحمەد – لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری – دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی – دار الحریە للتباعە – بەغداد – 1988. لاپەڕە : 202.

سەرچاوەی 2: پەرتووکی عەرەبی: جورج رو – العراق القدیم – ترجمە و تعلیق: حسین علوان حسین – منشورات وزارە الپقافە و الاعلام – دار الحریە للگباعە – بغداد – 1984. لاپەڕە : 344.

1500– لەم سەدەیەدا: کۆچی ڕەگەزە ئارییەکان بۆ کوردستان و نێوچەکانی دەوروبەری. **130**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: عەبدوڵلا قەراخی ( مەلا عەلی)– زەرتەشت (زەردەشت) – لە بلاوکراوەکانی ئاپێک – سوید – 1997. لاپەڕە : 15.

1500– دامەزراندنی دەوڵەتی میتانی لەلایەن هۆری یان خورییەکانەوە. **128**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ئاسۆ گەرمیانی – ئامەد تیگریس – کورتە مێژووی کورد و کوردستان – پەرتووکی خویندنگەیە بۆ خوێندکارانی سەرەتایی و نێوەندی لە دەرەوەی کوردستان – چاپی یەکەم – سوید – زستانی 1992. لاپەڕە : 11.

**1500-** **کۆتایی ئەم سەدەیە: شوتارنای یەکەم پادشای میتانییەکان بووە. 124**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: د. جەمال ڕەشید ئەحمەد – لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری – دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی – دار الحریە للتباعە – بەغداد – 1988. لاپەڕە : 200.

**1500-** **لەم سەدەیەدا: دامەزراندنی فەرمانڕەوایی بەهێزی میتانییەکان. لەم سەدەیەدا میتانییەکان فەرمانڕەوایی زۆربەی کوردستانیان کردووە. 122**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: موحەمەد مەردۆخی کوردستانی – مێژووی کورد و کوردستان – وەرگێرانی: عەبدولکەریم موحەمەد سەعید – چاپخانەی ئەسعەد – بەغداد – 1991. لاپەڕە : 62.

سەرچاوەی 2: پەرتوکی کوردی: سالح قەفتان – مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمرۆ – چاپخانەی (سەلمان ئەلئەعزەمی) – بەغداد – 1969. لاپەڕە : 76.

**1500-** **نێوەراستی ئەم سەدەیە: دەستەلاتی میتانییەکان تا نێوچەکانی کەرکوك ڕۆیشت. 123**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: سالح قەفتان – مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمرۆ – چاپخانەی (سەلمان ئەلئەعزەمی) – بەغداد – 1969. لاپەڕە : 77.

**1480-** **پاراتانا, بووە پادشای میتانەکان, ئەمە یەکەمین پادشای میتانە کە تاوەکو ئێستێ ناسرابێت. 133**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: جورج رو – العراق القدیم – ترجمە و تعلیق: حسین علوان حسین – منشورات وزارە الپقافە و الاعلام – دار الحریە للگباعە – بغداد – 1984. لاپەڕە : 344.

**1480-** **هێرشی تحوتمسی سێیەمی پادشای میسر, بۆسەر سنووری میتانییەکان. 134**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: د. جەمال ڕەشید ئەحمەد – لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری – دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی – دار الحریە للتباعە – بەغداد – 1988. لاپەڕە : 240.

**1479-** **پێکدادانی هەردوو لەشکری میتانی و میسری, لە ئەنجامدا میتانییەکان شکان. 135**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: د. جەمال ڕەشید ئەحمەد – لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری – دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی – دار الحریە للتباعە – بەغداد – 1988. لاپەڕە : 241.

**1450-** **سەردەمی فەرمانڕەوایی کارا ئینداشی کاشی, لە بابل. 136**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: موحەمەد ئەمین زەکی – کورد و کوردستان – جلد 1–2–3 – چاپخانەی دار السلامی بەغداد – 1931 – ئینتیشارات سەیدیان مەهاباد, لە چاپی داوەتەوە – (جلدی دووەم). لاپەڕە : 8.

**1430-** **سەردەمی فەرمانڕەوایی کاداشمەن بەلی کاشی, لە بابل. 137**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: موحەمەد ئەمین زەکی – کورد و کوردستان – جلد 1–2–3 – چاپخانەی دار السلامی بەغداد – 1931 – ئینتیشارات سەیدیان مەهاباد, لە چاپی داوەتەوە – (جلدی دووەم). لاپەڕە : 8.

**1420-** **سەردەمی فەرمانرەوایی بونابوریاشی کاشی, کە لەگەڵ ئاشوورییەکاندا ناتەبا بووە و لە شاری لارسا پەرستراوێکی بۆ خوداوەندی خۆر دروستکرد. 138**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: موحەمەد ئەمین زەکی – کورد و کوردستان – جلد 1–2–3 – چاپخانەی دار السلامی بەغداد – 1931 – ئینتیشارات سەیدیان مەهاباد، لە چاپی داوەتەوە – (جلدی دووەم). لاپەڕە : 8.

**1420–** **میتانییەکان ئەو زەوییانەیان بۆ خۆیان گەڕاندەوە، کە میسرییەکان داگیریان کردبوو. 139**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: د. جەمال ڕەشید ئەحمەد – لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی ولاتی کوردەواری – دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی – دار الحریە للتباعە – بەغداد – 1988. لاپەڕە : 242.

**1410–** **سەردەمی فەرمانڕەوایی کوڕی گالزۆی یەکەمی کاشی، لە دەشتی لیتەیی، هەر ئەمیش بوو کە زەکوڕەی بە نێوبانگی شاری عەقەرقوفی دروستکرد. 140**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: موحەمەد ئەمین زەکی – کورد و کوردستان – جلد 1–2–3 – چاپخانەی دار السلامی بەغداد – 1931 – ئینتیشارات سەیدیان مەهاباد، لە چاپی داوەتەوە – (جلدی دووەم). لاپەڕە : 8.

**1400–** **سەردەمی فەرمانڕەوایی بورنابوریاشی دووەمی کاشی، لە دەشتی لیتەیی ئێراقی ئێستادا. 142**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: موحەمەد ئەمین زەکی – کورد و کوردستان – جلد 1–2–3 – چاپخانەی دار السلامی بەغداد – 1931 – ئینتیشارات سەیدیان مەهاباد، لە چاپی داوەتەوە – (جلدی دووەم). لاپەڕە : 9.

**1400–** **دروستکردنی شوورەی دیاربەکر، لەلایەن خورییەکانەوە؟. 141**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ئاسۆ گەرمیانی – ئامەد تیگریس – کورتە مێژووی کورد و کوردستان – پەڕتووکی خوێندنگەیە بۆ خوێندکارانی سەرەتایی و نێوەندی لە دەرەوەی کوردستان – چاپی یەکەم – سوید – زستانی 1992. لاپەڕە : 28.

**1400–** **نێوەڕاستی ئەم سەدەیە: ساوساداتتار پادشای میتانییەکان بووە. 131**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: د. جەمال ڕەشید ئەحمەد – لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی ولاتی کوردەواری – دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی – دار الحریە للتباعە – بەغداد – 1988. لاپەڕە : 200.

**1400–** **کۆتایی ئەم سەدەیە: ئارتادامای یەکەم پادشای میتانییەکان بووە. 132**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: د. جەمال ڕەشید ئەحمەد – لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی ولاتی کوردەواری – دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی – دار الحریە للتباعە – بەغداد – 1988. لاپەڕە : 200.

**1385–** **تشراتا، بووە پادشای میتانەکان، ئەمە باوکی تادو هیبا – نێڤەرتیتییە کە شوویکرد بە ئەخناتونی فیرعەونی میسر. 145**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: جورج رو – العراق القدیم – ترجمە و تعلیق: حسین علوان حسین – منشورات وزارە الپقافە و الاعلام – دار الحریە للگباعە – بغداد – 1984. لاپەڕە : 346.

**1381–** **لەدایکبوونی شازادەی میتانی تادوهیبا – نێڤەرتیتی، کە لە تەمەنی پازدە سالێدا شوو بە فیرعەونی میسر ئامون حوتبی چوارەم – ئەخناتوون دەکات. 146**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: د. جەمال ڕەشید ئەحمەد – لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی ولاتی کوردەواری – دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی – دار الحریە للتباعە – بەغداد – 1988. لاپەڕە : 256.

**1375–** **تا 1347 پ.ز، ماوەی فەرمانڕەوایی پادشای کاشی بورنا بوریاش. 150**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: جورج رو – العراق القدیم – ترجمە و تعلیق: حسین علوان حسین – منشورات وزارە الپقافە و الاعلام – دار الحریە للگباعە – بغداد – 1984. لاپەڕە : 348.

**1370-** یوبی لوکمەی پاشای هەتیت، گەلێکی بەنێوی کوردە - جوردە نێو بردووە، کە پێدەچێت باپیری کوردان بن. **151**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی فارسی: احسان نوری - تاریخ ریشه نژادی کرد - کتاب فروشی بزرگ سیدیان - 1361. لاپەڕە : 4.

سەرچاوەی 2: پەرتوکی کوردی: د. حوسەینی خەلیقی - کۆمەڵناسی کوردەواری - بەرگی یەکەم - چاپخانەی ئەلحەوادیس - بەغداد - 1992. لاپەڕە : 40.

**1370-** سەردەمی فەرمانڕەوایی خاراخارداشی کاشی، کە کچی پادشای ئاشووری ئاشوور ئوبالیتی مارە کرد. **152**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: موحەمەد ئەمین زەکی - کورد و کوردستان - جلد 1-2-3 - چاپخانەی دار السلامی بەغداد - 1931 - ئینتیشارات سەیدیان مەهاباد، لە چاپی داوەتەوە - (جلدی دووەم). لاپەڕە : 9.

**1370-** تا 1349 پ.ز، سەردەمی فەرمانڕەوایی پادشای میسر ئامون حوتبی چوارەم - ئەخناتون، کە شازادەی میتانی تادوهیبا - نێڤەرتیتیی هێنا و بەهۆیەوە میسرییەکان و میتانییەکان گەلێك لە یەکتری نزیك بوونەوە. **153**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: د. جەمال ڕەشید ئەحمەد - لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری - دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی - دار الحریه للتباعه - بەغداد - 1988. لاپەڕە : 254.

**1365-** تا 1330 پ.ز، ماوەی فەرمانڕەوایی ئاشوور ئوبلەتی یەکەمی پادشای ئاشوورییەکان، کە لە سەردەمیدا پادشانشینی میتانییەکانی ڕووخان. **154**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: جورج رو - العراق القدیم - ترجمه و تعلیق: حسین علوان حسین - منشورات وزاره الپقافه و الاعلام - دار الحریه للگباعه - بغداد - 1984. لاپەڕە : 349.

**1360-** کۆچی دوایی ئامون حوتبی چوارەم - ئەخناتۆنی فیرعەونی میسر کە مێردی شازادەی میتانی تادوهیبا - نێڤەرتیتیبوو. **157**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: د. جەمال ڕەشید ئەحمەد - لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری - دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی - دار الحریه للتباعه - بەغداد - 1988. لاپەڕە : 256.

**1360-** بەهۆی زۆربوونی دەستەڵاتی ئاشوورییەکانەوە، کاشییەکان پادشاکەی خۆیان کوشت و نازی بوگاشیان لە شوێنی دانا، بەڵام ئەمیش لەلایەن ئاشوور ئۆبالیتەوە کوژرا. **155**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: موحەمەد ئەمین زەکی - کورد و کوردستان - جلد 1-2-3 - چاپخانەی دار السلامی بەغداد - 1931 - ئینتیشارات سەیدیان مەهاباد، لە چاپی داوەتەوە - (جلدی دووەم). لاپەڕە : 9.

**1360-** کوژرانی تشراتای پادشای میتانییەکان، لەلایەن کوڕەکەیەوە. **156**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی عەرەبی: جورج رو - العراق القدیم - ترجمه و تعلیق: حسین علوان حسین - منشورات وزاره الپقافه و الاعلام - دار الحریه للگباعه - بغداد - 1984. لاپەڕە : 349.

**1350-** بەهۆی یارمەتیی ئاشوورییەکان، کوری گالزۆی سێیەم، بووە فەرمانڕەوای کاشی و باشووری ئێراقی کۆن، کە وڵاتی ئیلامیشی گرت و پاشان لەگەڵ بەل نیراریی پادشای ئاشووردا چووە جەنگەوە. **158**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: موحەمەد ئەمین زەکی – کورد و کوردستان – جلد 1–2–3 – چاپخانەی دار السلامی بەغداد – 1931 – ئینتیشارات سەیدیان مەهاباد, لە چاپی داوەتەوە – (جلدی دووەم). لاپەڕە : 9.

**1350–** بەستنی پەیمانێك لە نێوان پادشای میتانی ماتی وارزای کوری تورشی ڕاتا و پادشای هیتی یوپی لولی ئوما. **159**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: عەبدوڵڵا قەراخی ( مەلا عەلی)– زەرتەشت (زەردەشت) – لە بڵاوکراوەکانی ئاپێك – سوید – 1997. لاپەڕە : 15.

**1345–** تا 1324 پ.ز, سەردەمی فەرمانرەوایی کوری کالزۆی دووەمی کاشی, کە شاری عەقەرقوف و زەکورە بەنێوبانگەکەیی تێدا دروستکرد. **160**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: جورج رو – العراق القديم – ترجمە و تعليق: حسين علوان حسين – منشورات وزارە الپقافە و الآعلام – دار الحريە للگباعە – بغداد – 1984. لاپەڕە : 335.

**1340–** لەم ساڵەدا: یوتارننای سێیەم پادشای میتانییەکان بووە. **162**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: د. جەمال ڕەشید ئەحمەد – لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری – دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی – دار الحريە للتباعە – بەغداد – 1988. لاپەڕە : 200.

**1340–** سەردەمی فەرمانڕەوایی نازی ماروتاشی کاشی, لە باشووری میزوپۆتامیادا. **6792**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: موحەمەد ئەمین زەکی – کورد و کوردستان – جلد 1–2–3 – چاپخانەی دار السلامی بەغداد – 1931 – ئینتیشارات سەیدیان مەهاباد, لە چاپی داوەتەوە – (جلدی دووەم). لاپەڕە : 10.

**1330–** سەردەمی فەرمانرەوایی کاداشمەن تورگوی کاشی, لە باشووری میزوپۆتامیادا. **163**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: موحەمەد ئەمین زەکی – کورد و کوردستان – جلد 1–2–3 – چاپخانەی دار السلامی بەغداد – 1931 – ئینتیشارات سەیدیان مەهاباد, لە چاپی داوەتەوە – (جلدی دووەم). لاپەڕە : 10.

**1310–** تا 1281 پ.ز, سەردەمی پادشایەتی ئەداد–نیراری, کە لە سەردەمیدا تەختە گلێك نووسراوە و تێیدا هاتووە, کە هەموو سووپاکانی کاسای, گۆتی, لۆللۆ و سوباری یان شکاندووە. **164**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ساڵح قەفتان – مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمرۆ – چاپخانەی (سەلمان ئەلئەعزەمی) – بەغداد – 1969. لاپەڕە : 60.

سەرچاوەی 2: پەرتوکی کوردی: موحەمەد ئەمین زەکی – کورد و کوردستان – جلد 1–2–3 – چاپخانەی دار السلامی بەغداد – 1931 – ئینتیشارات سەیدیان مەهاباد, لە چاپی داوەتەوە – (جلدی یەکەم). لاپەڕە : 96.

**1307–** تا 1275 پ.ز, سەردەمی فەرمانرەوایی پادشای ئاشووری ئەدەد نیراریی یەکەم, کە بەشێکی خاکی میتانییەکانی داگیرکرد. **165**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: د. جەمال ڕەشید ئەحمەد – لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری – دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی – دار الحريە للتباعە – بەغداد – 1988. لاپەڕە : 201.

**1304–** سەردەمی فەرمانرەوایی کودور بالی کاشی, لە باشووری میزوپۆتامیادا. **166**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: موحەمەد ئەمین زەکی – کورد و کوردستان – جلد 1–2–3 – چاپخانەی دار السلامی بەغداد – 1931 – ئینتیشارات سەیدیان مەهاباد, لە چاپی داوەتەوە – (جلدی دووەم). لاپەڕە : 10.

**-1300 کۆتایی ئەم سەدەیە: ڤاساشاتتا پادشای میتانییەکان بووە و تا سەرەتای سەدەی داهاتوو فەرمانڕەوایی کردووە. 144**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: د. جەمال ڕەشید ئەحمەد – لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری – دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی – دار الحريه للتباعه – بەغداد – 1988. لاپەڕە : 200.

**-1300 سەرەتای ئەم سەدەیە: یوتارننای دووەم پادشای میتانییەکان بووە. 143**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: د. جەمال ڕەشید ئەحمەد – لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری – دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی – دار الحريه للتباعه – بەغداد – 1988. لاپەڕە : 200.

**-1300 لە دەوروبەری ئەم ساڵەدا: لە شاری بەلخ، دەوڵەتێکی بچووکی ماد پەیدابووە و باجی نەداوەتە ئاشوورییەکان. 168**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: موحەمەد مەردۆخی کوردستانی – مێژووی کورد و کوردستان – وەرگێرانی: عەبدولکەریم موحەمەد سەعید – چاپخانەی ئەسعەد – بەغداد – 1991. لاپەڕە : 239.

**-1298 سەردەمی فەرمانرەوایی یاگاراکتی بوریاشی کاشی، لە باشووری میزوپۆتامیادا. 169**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: موحەمەد ئەمین زەکی – کورد و کوردستان – جلد 1–2–3 – چاپخانەی دار السلامی بەغداد – 1931 – ئینتیشارات سەیدیان مەهاباد، لە چاپی داوەتەوە – (جلدی دووەم). لاپەڕە : 10.

**-1280 هێرشی ئاشوورییەکان بۆسەر گۆتییەکان، بە سەرۆکایەتیی سەلمانساری یەکەم. 170**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: موحەمەد مەردۆخی کوردستانی – مێژووی کورد و کوردستان – وەرگێرانی: عەبدولکەریم موحەمەد سەعید – چاپخانەی ئەسعەد – بەغداد – 1991. لاپەڕە : 62.

**-1275 تا 1245 پ.ز، سەردەمی فەرمانرەوایی پادشای ئاشوورییەکان سەلمانساری یەکەم، کە ئەو زەویانەی دەکەوێتە خۆرهەڵاتی ڕووباری فورات و سەربە خاکی میتانییەکان بوو، داگیری کرد. هەر ئەم پادشایە لەسەر یەکێك لە تەختە گلەکانی نووسیوویەتی کە گۆتییەکان نەتەوەیەکی گەلێك دڕن و لە هەموو ئەوانی تر ئازاترن. لە نووسینەکانی سەردەمی ئەم پادشایەدا نێوی ڕەگەزە کۆنەکانی کوردستانی وەکو، خالدی، سوباری، نایری، میتانی و موشکی و زۆری تر هاتووە. 171**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: عەبدوڵڵا قەراخی ( مەلا عەلی)– زەرتەشت (زەردەشت) – لە بڵاوکراوەکانی ئاپێك – سوید – 1997. لاپەڕە : 45.

سەرچاوەی 2: پەڕتوکی کوردی: ساڵح قەفتان – مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ – چاپخانەی (سەلمان ئەلئەعزەمی) – بەغداد – 1969. لاپەڕە : 60.

سەرچاوەی 3: پەڕتوکی کوردی: د. جەمال ڕەشید ئەحمەد – لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری – دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی – دار الحريه للتباعه – بەغداد – 1988.د. جەمال ژەشید پەحمەد – لیکولینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی میۆووی وڵاتی کوردەواری – دەزگّای ژوشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی – دار الحريه للتباعه – بەغداد – 1988. لاپەڕە : 202.

**-1270 شاتوارای دووەم پادشای میتانییەکان بووە. 172**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: د. جەمال ڕەشید ئەحمەد – لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری – دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی – دار الحريه للتباعه – بەغداد – 1988. لاپەڕە : 200.

**-1250 لەدوای ئەم مێژووەوە، نێوی هاڵدی یان خالدی، لە کوردستاندا پەیدا بوو. 173**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ساڵح قەفتان – مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ – چاپخانەی (سەلمان ئەلئەعزەمی) – بەغداد – 1969. لاپەڕە : 82.

**1200–** سەرکەوتنی ئیلامییەکان بەسەر لۆللۆبییەکاندا. **175**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: عەلادین سوجادی – مێژووی ئەدەبی کوردی – مێژوو، ئەدەب، زانیاری – ئێراق – 1952. لاپەڕە : 29.

**1200–** تا 1100 پ.ز، هێرشی ئاشوورییەکان بۆسەر سۆبارییەکان. **176**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: م. گۆران – هێزە بزوێنەرەکانی پرۆسە شۆڕشگێڕییەکەی ئێستای جیهان و مەسەلەی گەلی کوردستان – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆڵم – 1990. لاپەڕە : 75.

**1200–** دروستکردنی بەردی سنوور لە بابل، لەلایەن کاشییەکانەوە. **174**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی یەکەم – چاپی یەکەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1987. لاپەڕە : 425.

**1941-06-11** ناردنی نامەیەك لە ئەدمۆنسەوە بۆ شێخ مەحموودی بەرزنجی, کە تێیدا دەڵێت: هیوادارم یاسا و ئاساییش لە سلێمانی تێك نەدەن. 3378

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: یەکگرتن – گۆڤارێکی ڕۆشنبیری تیۆرییە – بنکەی ڕۆشنبیریی یەکگرتن بلاویدەکاتەوە – ژ12 – هاوینی 1990. لاپەڕە : 130.

**1941-06-18** تا 23-02-945, تورکیا پشتگیریی ئەڵمانیای کرد لە جەنگی جیهانیی دووەمدا. 3379

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: جمال نبز – حول المشکلە الکردیە – من منشورات الاتحاد القومی للگلبە الاکراد فی اوروبا – (NUKSE) – 1969.) لاپەڕە : 39.

**1941-06-28** تا 23-01-349, مستەفا قەراخی بووە پارێزگاری سلێمانی. 3380

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی یەکەم – چاپی یەکەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1987. لاپەڕە : 426.

**1941-08-25** داگیرکردنی بەشێکی خۆرهەڵاتی کوردستان لەلایەن سوپای سووری شۆڕەوییەوە. 3381

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیە فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعە الاولی – شرکە المعرفە للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 215.

سەرچاوەی 2: پەرتووکی عەرەبی: جمال نبز – حول المشکلە الکردیە – من منشورات الاتحاد القومی للگلبە الاکراد فی اوروبا – (NUKSE) – 1969.) لاپەڕە : 36.

**1941-09-25** دوو کاربەدەستی ئامریکایی و ئینگلیز بەهۆی ژنێکی نەرویجییەوە, لە شاری مەهاباد چاویان بە پێشەوا قازی محەمەد کەوت و پێشەوا باسی نەخشەی یەکێتی کوردستانی بۆ کردن. 3382

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: جەلیل گادانی – 50 ساڵ خەبات – کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – بەرگی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی باشووری کوردستان – بێ بەروار. لاپەڕە : 24.

سەرچاوەی 2: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 251.

سەرچاوەی 3: گۆڤاری کوردی: مامۆستای کورد – ژمارە 24 و 25 – سوید – زستان و بەهاری 1995. لاپەڕە : 29.

**1941-10-00** **دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری ڕووناهی لەلایەن جەلادەت عالی بەدرخانەوە، ئەم گۆڤارە هەفتانەیەکی ئەدەبی بوو، بە ڕێنووسی لاتینی. 3383**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیە فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعە الاولی – شرکە المعرفە للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 288.

**1941-11-25** **گەیشتنی وەفدێکی کوردی خۆرهەڵات، بۆ شاری باکۆی یەکێتی سۆڤیەت، کە بریتی بوون لەمانە: پێشەوا قازی محەمەد لە مەهاباد، ئەمیر ئەسعەد و حاجی بابە شێخ لە بۆکان، ڕەشید بەگ و زێرۆ بەگ لە هۆزی هەرکی، موحەمەدی قاسملۆ لە ورمێ و موحەمەد سەدیقی کوڕی تەهای شەمزینی، ئەم وەفدە بۆ ماوەی 10 ڕۆژ لە باکۆ مانەوە و لەگەڵ کاربەدەستانی شۆڕەویدا دانوستاندنیان کردبوو. 3384**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 252.

**1941-12-05** **گەڕانەوەی وەفدە کوردییەکە لە باکۆوە بۆ خۆرهەڵاتی.ک. 3385**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 252.

**1941-12-29** **یەکێتی سۆڤیەت ئێرانی ناچار کرد کە ڕێکەوتننامەیەك ببەستێت و ئێران لە بەرژەوەندیی هاوپەیمانەکاندا بچێتە جەنگەوە. 3386**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیە فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعە الاولی – شرکە المعرفە للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 215.

**1942** **ئیبراهیم ئەحمەد بووە حاکم. 2475**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: بەیانی ینك بەبۆنەی کۆچی دوایی (ئیبراهیم ئەحمەد)ەوە لە قەڵاچوالان لە 08-04-2000دا.

**1942** **دامەزراندنی سازمانی جەوانانی کورد لە مەهاباد، لەلایەن چەند لاوێکەوە، کە یەکێکیان غەنی بلوریان بوو. 3388**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: غەنی بلوریان – ئاڵەکۆك، بەسەرهاتی سیاسی ژیانم – ستۆکهۆڵم – 1997. لاپەڕە : 22.

**1942** **هاوینی ئەم ساڵ، داگیرکردنەوەی شاری بانە لەلایەن د.ا. 3389**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی فارسی: حسن ارفع – کردها و یك بررسی تاریخی و سیاسی – ترجمە از متن انکلیسی – لندن، اکسفورد – 1966. لاپەڕە : 71.

1942 بڵاوکردنەوەی وتاری دەنگی قارەمانێتی و ئازایەتی کوردی ئەرمەنستانی سۆڤیەت لە فۆلکلۆردا, لە گۆڤاری دەنگوباسی ئەکادیمیای زانستی ئەرمەنستان لە یەریڤان, لەلایەن حاجی جوندییەوە. **3390**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 100.

1942 چوونی دوو ڕێبەری پارتی هیوا بۆ خۆرهەڵاتی کوردستان, کە بریتی بوون لە میر حاجی ئەحمەد و شەهید مستەفا خۆشناو, تاوەکو پەیوەندی بە خەباتکارانی ئەوێوە بکەن. **3391**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیە فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعە الاولی – شرکە المعرفە للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 100.

1942 چوونی ڕەمزی نافیع بۆ ئەڵمانیا. **3392**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ13 و 14 – بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی, لەندەن – ژونی 1997. لاپەڕە : 14.

1942 بەستنی کۆنگرەی کۆمەڵەی ژ.ك, لەسەر گردی خواپەرستی نزیك شاری مەهابادی خۆرهەڵات, کە نزیکەی 100 کەس بەشدارییان تێیدا کرد و دەستەی کۆمیتەی نێوەندییان هەڵبژارد. **3393**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیە فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعە الاولی – شرکە المعرفە للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 217.

1942 هێرشی د.ا بە 2 هەزار سەرباز و 14 تانکەوە بە سەرۆکایەتیی حەسەنی ئەرفەع بۆسەر هۆزەکانی نێوچەی تیلکۆ. **3387**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی فارسی: حسن ارفع – کردها و یك بررسی تاریخی و سیاسی – ترجمە از متن انکلیسی – لندن, اکسفورد – 1966. لاپەڕە : 71.

1942 دەرچوونی گۆڤاری گەلاوێژ و ڕۆژنامەی ژین لەلایەن پارتی هیواوە. **3395**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: د. حوسەینی خەلیقی – کۆمەڵناسی کوردەواری – بەرگی دووەم – چاپخانەی (ئەلحەوادیس) – بەغداد – 1992. لاپەڕە : 311.

1942 بۆ یەکەمجار سینەمایەك لە سلێمانیدا دانرا, بە نێوی سینەمای سەلاحەدینەوە. **3396**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی یەکەم – چاپی یەکەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1987. لاپەڕە : 202.

1942 لەدایکبوونی نووسەر ڕەئوف بێگەرد لە کەرکوك. **3397**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی یەکەم – چاپی یەکەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1987. لاپەڕە : 417.

1942 تا 1943, دامەزرانی پەڕتووکخانەی گشتی لە سلێمانی, بە 500 پەڕتووك. **3398**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی دووەم – چاپی دووەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1989. لاپەڕە : 83.

**1942** **کۆچی دوایی چاکساز خواجە ئەفەندیی باوکی مێژوونووس ئەحمەد خواجە, نێوبراو خاوەنی قوتابخانەیەکی خۆماڵی بوو لە سلێمانیدا و گەلێك کەسی پێگەیاند. 3399**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی رەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا رەسوڵ – بەرگی دووەم – چاپی دووەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1989. لاپەرە : 84.

سەرچاوەی 2: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی رۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەرە : 29.

**1942** **کۆچی دوایی سەعید بەگی رابەری یەزیدییەکان. 3400**

سەرچاوەی 1: رۆژنامەی عەرەبی: صوت الاکراد – لسان حال الحزب الديمقراگی الکردی فی لبنان "البارتی" – نصف شهریه – العدد 26 – لندن – 10-2-1997. لاپەرە : 7.

**1942** **لە بیستەکانەوە تاوەکو ئەمساڵ, ئەمین زەکی بەگ, 11 جار بووەتە وەزیر لە حوکومەتی ئێراقیدا. 3401**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی رەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا رەسوڵ – بەرگی دووەم – چاپی دووەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1989. لاپەرە : 484.

**1942** **ئەحمەد موختار بابان, بووە وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی لە ئێراقدا. 3394**

سەرچاوەی 1: رۆژنامەی عەرەبی: صوت الاکراد – لسان حال الحزب الديمقراگی الکردی فی لبنان "البارتی" – نصف شهریه – العدد 30 – لندن – 7-4-1997. لاپەرە : 7.

**1942** **لەدایکبوونی هونەرمەندی شێوەکار عوسمان قادر لە شاری سلێمانی. 8977**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەری پەیامنێر http://www.peyamner.com

**1942-01-01** **نوێنەری 26 دەوڵەت, لە جاری گەردوونی نەتەوە یەکگرتووەکاندا, ئیمزایان لەسەر کۆمەڵێك رێکەوتننامە کرد, کە تیایدا دان بەوەدا نرا, خەڵك تاك, گەل, نەتەوە مافی چارەی خۆنووسینی هەیە. 3402**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: یەکگرتن – گۆڤارێکی رۆشنبیری تیۆرییە – بنکەی رۆشنبیریی یەکگرتن بڵاویدەکاتەوە – ژ16 – دانیمارک – 1993. لاپەرە : 82.

**1942-02-00** **ئەمیر ئەسعەد کرایە فەرمانداری شاری مەهاباد. 3403**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێرانی محەمەدی رەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەرە : 255.

**1942-04-28** **کوردەکانی شاری ورمێ خۆپیشاندانێك لە شارەکەدا سازدەکەن و هێڵی تەلەفون دەبڕن و گەمارۆی شارەکە دەدەن, ناچار بەرێوەبەری شارەکە هەڵدێت بۆ شاری تەورێز و هێزەکانی د.ا. دەکەنە دەرەوە. 3404**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێرانی محەمەدی رەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەرە : 257.

**1942-04-30** کونسوڵی سۆڤیەت لە تەورێز، بە فڕۆکەیەك دێتە ورمێ بۆ چاوپێکەوتنی سەرۆکە کوردەکان، ئەمان هەندێك داواکاریی خۆیان پێشکەشی ڕووسەکان دەکەن، لەوانە ئازادیی چەك هەڵگرتن و خوێندنی زمانی کوردی لە فێرگەکاندا و چوونە دەرەوەی ژاندارمەکانی نێوان شاری خوی و مەهاباد... **3405**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 257.

**1942-05-07** گفتوگۆی سەرۆکە کوردەکانی ورمێ لەگەڵ فەرماندەی هێزی شۆڕەوی و وەزیری بەرگریی د.ا و فەرمانداری نوێی ئازربایجانی خۆرئاوا، لە شاری ورمێ، کە لەسەر ئەوە ڕێکدەکەون کە هێزی ئێرانی بێتەوە نێو شاری ورمێ. **3406**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 258.

**1942-06-07** گەڕانەوەی هێزەکانی د.ا بۆ شاری ورمێ. **3407**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 258.

**1942-08-00** وازهێنانی ئەمیر ئەسعەد لە فەرمانداریی شاری مەهاباد. **3408**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 256.

**1942-09-04** ژنهێنانی کوڕێکی قەرەنی ئاغا، کە یەکێك بوو لە سەرۆك هۆزێکی خۆرهەڵات، بەو هۆیەوە زۆربەی سەرۆك هۆزەکانی خۆرهەڵات بەشداریی تێدا کرد و وەك ئینگلیزەکان ڕایانگەیاند کە ئەو کۆبوونەوەیە بە فیتی شۆڕەوی بووە و بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی کوردی بووە. **3409**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 258.

**1942-09-16** دامەزراندنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد ژ.ك، لە شاری مەهابادی خۆرهەڵاتی کوردستان، دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە لە ئەنجامی کۆبوونەوەیەکدا هاتە دی کە لە باخی حاجی داود نزیك چەمی سابڵاخدا بەسترا و دەستەی دامەزرێنەر ئەمانە بوون: حەسەنی زەرکری، عەبدولڕەحمانی زەبیحی، عەبدولڕەحمانی ئیمامی، عەبدولقادری مودەریسی، نەجمەدینی تەوحیدی، محەمەدی نانەوازادە، عەلی مەحموودی، محەمەدی ئەسحابی، عەبدولڕەحمانی کەیانی، سدیقی حەیدەری، قاسم قادری و هەروەها میر حاجی ئەحمەدی خەڵکی باشووریشیان لەگەڵدا بوو. **3410**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 262.

سەرچاوەی 2: پەرتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیە فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعە الاولی – شرکە المعرفە للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 101.

سەرچاوەی 3: پەرتووکی عەرەبی: جمال نبز – حول المشکلە الکردیە – من منشورات الاتحاد القومی للگلبە الاکراد فی اوروبا – (NUKSE) – 1969.) لاپەڕە : 36.

1943 بۆ دووەم جار مەم و زین بە کوردی لە سووریا چاپکرا. **3417**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: باسیل نیکیتین – الاکراد, اصلهم, تأریخهم, مواگنهم, عقائدهم, عاداتهم, ئدابهم, لهجاتهم, قبائلهم, قچایاهم, گرائف عنهم – قدم له المستشرق الشهیر لویس. لاپەڕە : 236.

1943 کۆمەڵەی برایەتی و پارتی هیوا, یارمەتیی مەلا مستەفا بارزانییاندا تاوەکو بگەڕێتەوە بۆ نێوچەی بارزان. **3412**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: فرەنسۆ هەریری – بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی نەنووسرێ – پرسیار و وەڵام – لە بڵاوکراوەکانی پدك – هاوینەهەواری پیرمام – هەولێر – 1995. لاپەڕە : 143.

1943 لە لایەن ئۆتۆڤێرنەر و فۆن هێنتێگەوە, نامیلکەیەك بە نێوی لە کوردستانەوە بەرە وماڵەوە بە زمانی ئەڵمانی لە شاری پۆستدام بڵاوکرایەوە. **3414**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: بەرکوریتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 40.

1943 پایزی ئەم ساڵ: یانەی سەرکەوتنی کوردی لە بەغداد بە بۆنەی کۆچی دوایی مەلای گەورەوە, ئاهەنگێکی ماتەمینیی سازکرد. **3416**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: مەسعود موحەمەد – گەشتی ژیانم – چاپی یەکەم – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 11.

1943 ڕاپەرینی بارزان لە نێوچەی بادینانی باشووری کوردستان. **3411**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: باسیل نیکیتین – الاکراد, اصلهم, تأریخهم, مواگنهم, عقائدهم, عاداتهم, ئدابهم, لهجاتهم, قبائلهم, قچایاهم, گرائف عنهم – قدم له المستشرق الشهیر لویس. لاپەڕە : 190.

سەرچاوەی 2: پەڕتووکی عەرەبی: جمال نبز – حول المشکله الکردیه – من منشورات الاتحاد القومی للگلبه الاکراد فی اوروبا – (NUKSE) – 1969.) لاپەڕە : 37.

1943 بڵاوبوونەوەی برسێتی لە شاری کرماشاندا, کە ڕۆژانە چەند کەسێك لە برسان دەمردن و کونسوڵی ئینگلیز ڕۆژانە نانی 200 کەسی دەدا. **3418**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 261.

1943 بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی کوردی – عارەبی لەلایەن تۆفیق وەهبییەوە. **3419**

1943 کۆچی دوایی هۆزانەوان شێخ بابا ڕەسوڵی عەبابەیلێ. **3420**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: عەلادین سوجادی – مێژووی ئەدەبی کوردی – مێژوو, ئەدەب, زانیاری – ئێراق – 1952. لاپەڕە : 550.

1943 کۆچی دوایی هۆزانەوان شێخ عەبدولئەحەد ناکام. **3421**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: عەلادین سوجادی – مێژووی ئەدەبی کوردی – مێژوو, ئەدەب, زانیاری – ئێراق – 1952. لاپەڕە : 550.

1943 لەدایکبوونی ساڵح محەمەد ئەمین, لە شاری سلێمانی, نێوبراو چیرۆك نووس و وەرگێڕە. **3422**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: خەرمانە – گۆڤارێکی وەرزیی ئەدەبیی ڕۆشنبیرییە – ژ8 – سوید – 1993. لاپەڕە : 30.

**1943** لەدایکبوونی نەجۆ لە شاری ئورفە. **3423**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ, دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەڕە : 90.

**1943** مەلا ئەفەندی لە هەولێر, گوندێکی خۆیی فرۆشت بۆ یارمەتیی بارزانییەکان. **3424**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ13 و 14 – بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی, لەندەن – ژونی 1997. لاپەڕە : 14.

**1943** مستەفا بارزانی, لەگەڵ 200 پێشمەرگەدا, لە دژی د.ق, یاخی بوون. **3425**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی هۆڵندی: juli – druk Tweede– Koerdistan Dossier – Brussel van Instituut Koerdisch Brussel – 1991. لاپەڕە : 76.

**1943** مێژوونووس داماو حوزنی موکریانی بۆ شاری بەغداد دوورخرایەوە. **3426**

**1943** پارتی هیوا, تووشی لەیەکدابڕانی نێوخۆیی بوو و بووە هۆی بەرەبەرە لە نێوچوونی. **3415**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیه فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعه الاولی – شرکه المعرفه للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 100.

**1943** لەدایکبوونی نووسەر ئەمیری حەسەن پوور لە شاری مەهاباد. **92**

**1943** د.ا هێزێکی نوێی بۆ شاری مەهاباد ڕەوانەکرد. **3413**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی فارسی: حسن ارفع – کردها و یك بررسی تاریخی و سیاسی – ترجمه از متن انکلیسی – لندن, اکسفورد – 1966. لاپەڕە : 73.

**1943** یاریکردنی شانۆیی مەم و زین لەلایەن تیپێکی شانۆی کوردییەوە لە ئەرمەنستان. **8454**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی نووسەری کورد – com.nuserikurd.www//:http

**1943** لەدایکبوونی سیاسەتمەدار کەمال شاکر لە خانەقین. **7919**

**1943-01-01** نیوەشەو, مەلا ئەفەندی لە هەولێر کۆچی دوایی کرد, نێوبراو پیاوێکی ئایینیی زۆر بەنێوبانگ بوو. **3427**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: مەسعود موحەمەد – گەشتی ژیانم – چاپی یەکەم – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 267.

**1943-02-27** بە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی تایفۆیدەوە لە شاری کرماشان, نەخۆشخانەکان داخران, تاوەکو پزیشك و کارمەندانی نەخۆشخانە تووشی ئەو نەخۆشییە نەبن. **3428**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 261.

**1943-03-18** ڕۆژنامەی میهری ئێران نووسی، کە شاری ورمێ لە مەترسیدایە، بەهۆی کورد و ئاسوورییەکانەوە. **3429**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ1 – خولی هەفتەم – سالّی یازدەیەم – 25-08-1997 – فینلاند. لاپەڕە : 27.

**1943-04-00** ئازادکردنی شاری مەهاباد لە د.ا. **3431**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی فارسی: حسن ارفع – کردها و یك بررسی تاریخی و سیاسی – ترجمه از متن انکلیسی – لندن، اکسفورد – 1966. لاپەڕە : 74.

**1943-04-00** عەزیز خانی کرمانج، لە مەیدانی چوارچرای مەهابادا، وتارێکی بۆ خەڵکیدا، کە لە ئەنجامدا هێرشیان کردە سەر شارەوانیی شارەکە و عەولّای مینە خالّندی شەهید بوو. **3430**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: غەنی بلوریان – ئاڵەکۆك، بەسەرهاتی سیاسی ژیانم – ستۆکهۆلم – 1997. لاپەڕە : 24.

سەرچاوەی 2: ڕۆژنامەی کوردی: هەنگاو – ژ14 – لەندەن – مایی 1994. لاپەڕە : 5.

**1943-05-00** جەماوەری شاری مەهاباد هێرشیان کردە سەر شارەوانیی شارەکە و 7 کەسیان لە پۆلیس کوشت و هەندێکیشیان وەدەرنا. ؟ **3432**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 264.

**1943-05-03** دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری ڕۆژا نوێ بە تیپی لاتینی لە بەیروت، لەلایەن کامەران بەدرخانەوە، ئەم گۆڤارە هەفتانە دەردەچوو. **3433**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: عەلادین سوجادی – مێژووی ئەدەبی کوردی – مێژوو، ئەدەب، زانیاری – ئێراق – 1952. لاپەڕە : 557.

**1943-05-17** ڕۆژنامەی پەرچەمی ئێرانی گەورەترین تاوانی دایە پالّ کورد و ئاسوورییەکان، بەوەی کە منداڵی بەرمەمکانیان کوشتووە. **3434**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ1 – خولی هەفتەم – سالّی یازدەیەم – 25-08-1997 – فینلاند. لاپەڕە : 27.

**1943-06-00** دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری نیشتمان لە مەهاباد، کە ئۆرگانی کۆمەڵەی ژ.ك بوو. **3435**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: عەلادین سوجادی – مێژووی ئەدەبی کوردی – مێژوو، ئەدەب، زانیاری – ئێراق – 1952. لاپەڕە : 556.

**1943-07-05** دەرچوونی دوا ژمارەی گۆڤاری هاوار. **3436**

**1943-07-13** ڕاکردنی مەلا مستەفا بارزانی لە شاری سلێمانییەوە بۆ نێوچەی بارزان، نێوبراو لە شاری سلێمانیدا دەست بەسەر بوو. **3437**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی هۆلّندی: juli – druk Tweede– Koerdistan Dossier – Brussel van Instituut Koerdisch – 1991 Brussel. لاپەڕە : 76.

سەرچاوەی 2: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 222.

**1943-09-03** سەعید بیڕۆخی یارمەتیی پێشمەرگە بارزانییەکانیدا. **3438**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 223.

**1943-09-11** زۆربەی سەرکردە کوردەکانی خۆرهەڵات, جگە لە عومەرخان, سەرتیپ ئاغا و تاهیر ئاغا, لە باخی ئوستانداریی ورمێ کۆبوونەوە و ئوستاندار پێی ڕاگەیاندن کە لەمەودوا نوێنەرانیان لە گوندەکان لاببەن و داوای موڵکانەی زەوی لە جوتیاران نەکەن و ناشبێت بە چەکەوە بێنە نێو شارەوە و مەڕوماڵاتیش بە قاچاخ بە تورکیا و ئێڕاق نەفرۆشن. **3439**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ1 – خولی هەفتەم – ساڵی یازدەیەم – 25-08-1997 – فینلاند. لاپەڕە : 25.

**1943-10-00** د.ق, هێزێکی گەورەی ناردە نێوچەی بارزان بۆ هێرش کردنە سەر 200 پێشمەرگەی بارزانی, کە مستەفا بارزانی ڕابەرایەتیی دەکردن. **3441**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 223.

**1943-10-00** شەهید کردنی سەعید بیرۆخی لەلایەن د.ت, بەتاوانی ئەوەی کە یارمەتیی مستەفا بارزانیی داوە. **3442**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 224.

**1943-10-00** دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری دەنگی گێتی تازە لە بەغداد لەلایەن باڵوێزخانەی بەریتانیاوە, تۆفیق وەهبی و داماو حوسەین حوزنی موکریانی سەرنووسەری بوون. **3443**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: عەلادین سوجادی – مێژووی ئەدەبی کوردی – مێژوو, ئەدەب, زانیاری – ئێڕاق – 1952. لاپەڕە : 556.

**1943-10-00** دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری ڕێیا تازە بە تیپی لاتینی لە ڕەوانی ڕووسیا. **3444**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: عەلادین سوجادی – مێژووی ئەدەبی کوردی – مێژوو, ئەدەب, زانیاری – ئێڕاق – 1952. لاپەڕە : 556.

**1943-10-00** شێخ عەبدولوەهاب تاڵەبانی جارێکی تر بووەوە نوێنەری کەرکوک لە ئەنجوومەنی ئێڕاقیدا. **3445**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: صوت الأكراد – لسان حال الحزب الديمقراگی الكردی ڤی لبنان "البارتی" – نصف شهريە – العدد 27 – لندن – 24-2-1997. لاپەڕە : 7.

**1943-10-00** خدر ئەحمەد دزەیی جارێکی تر بووەوە نوێنەری هەولێر لە ئەنجوومەنی ئێڕاقیدا. **3446**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: صوت الأكراد – لسان حال الحزب الديمقراگی الكردی ڤی لبنان "البارتی" – نصف شهريە – العدد 28 – لندن – 10-3-1997. لاپەڕە : 7.

**1943-10-00** محەمەد سدیق تەهای نەهری بووە نوێنەری هەولێر لە ئەنجوومەنی ئێڕاقیدا. **3447**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: صوت الأكراد – لسان حال الحزب الديمقراگی الكردی ڤی لبنان "البارتی" – نصف شهريە – العدد 30 – لندن – 7-4-1997. لاپەڕە : 7.

**1943-10-00** چەککردنی 150 پۆلیسی د.ق, لە نزیك مێرگەسوور لەلایەن پێشمەرگە بارزانییەکانەوە. **3440**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 223.

**1943-10-12** کۆچی دوایی مەلای گەورە – مەلا محەمەدی کۆیی لە شاری کۆیە, نێو براو هۆزانەوانێکی نەتەوەیی و پیاوێکی ئایینیی بەنێوبانگ بوو. **3448**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: مەسعود موحەمەد – گەشتی ژیانم – چاپی یەکەم – ستۆکهۆلم – 1992. لاپەڕە : 256.

**1943-11-00** چوونی شێخ لەتیفی بەرزنجی بۆ سەردەشت, کە هەفت مانگ لەوێ مایەوە. **3449**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: میر شەرەفخانی بەدلیسی – شەرەفنامە – هەژار کردوویە بە کوردی – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی نوعمان – نەجەف, ئێراق – 1972. لاپەڕە : 154.

**1943-11-09** هێرشی د.ق, بۆسەر پێشمەرگە بارزانییەکان لە نێوچەی مێرگەسوور, کە چەند ڕۆژێکی خایاند و هێزی د.ق شکا و 60 کەسیان لێ کوژران و بریندار بوون. **3450**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 224.

**1943-12-00** کاربەدەستێکی ئینگلیز بەنێوی کۆڕن والیس, چاوی بە سەرۆك وەزیرانی ئێراق نوری سەعید کەوت, دەربارەی سەرهەڵدانی بارزان دان و ستاندنیان کرد. **3452**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 225.

**1943-12-00** بەهۆی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە بارزانییەکانەوە, داگیرکەری ئینگلیز ترسی لێ نیشت و دەستی کرد بە ناردنی چەند هێزێك بۆ نێوچەی دیانای نزیك ڕەواندز. **3451**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 225.

**1943-12-06** دەرچوونی یەکەمین گۆڤاری ستێر لەلایەن دوکتۆر کامەران بەدرخانەوە بە تیپی لاتینی, ئەم گۆڤارە هەفتەنامەیەکی ئەدەبی بوو و تا ساڵی 945 بەردەوام بوو. **3453**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیە فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعە الاولی – شرکە المعرفە للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 288.

**1943-12-23** مستەفا بارزانی نامەیەکی بۆ باڵوێزی بەریتانی نارد, ئەوەی تێدا ڕوون کردبووەوە کە ئەو لێبووردنە گشتییەی کە بۆ بارزانییەکان دەرکراوە هەمووی فرووفێڵی داگیرکەری ئێراقییە. **3454**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 226.

**1943-12-25** گۆڕینی کابینەی وەزیرانی ئێراق لەلایەن نوری سەعیدەوە, لەم کابینەیەدا وەزیرێکی کوردیش هەبوو کە نێوی ماجید موستەفا بوو, نێوبراو خەڵکی شاری سلێمانی بوو. **3455**
سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 227.

**1944** کۆچی دوایی هۆزانەوان ناری لە گوندی بێڵوی نێوچەی مەریوان. **3469**
سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: عەلادین سوجادی – مێژووی ئەدەبی کوردی – مێژوو, ئەدەب, زانیاری – ئێراق – 1952. لاپەڕە : 456.

**1944** کۆچی دوایی شەریف پاشای خەندان. **3467**
سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مامۆستای کورد – ژمارە 27 – سوید – پاییزی 1995. لاپەڕە : 8.

**1944** کۆچی دوایی سەیفولقوزاتی مامی پێشەوا قازی محەمەد. **3466**
سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 247.

**1944** لەدایکبوونی ئیدریس بارزانی. **3465**
سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 192.

**1944** لەدایکبوونی وێنەکێش ئیسماعیل خەیات لە شاری خانەقین. **3464**
سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – ژ45 – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – مارتی 1994. لاپەڕە : 11.

**1944** گیرانی مامە ڕەزای کلکە سماقی لەلایەن د.ق, نێوبراو پەیڕەوکاری هەقە و دەروێشێکی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە بووە. **3463**
سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: دوکتۆر مارف خەزنەدار – لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە, بریتییە لە چواردە لێکۆڵینەوە – بەغداد – چاپخانەی الموسسە العراقیە للدعایە و التباعە – 1984. لاپەڕە : 126.

**1944** بڵاوکردنەوەی پەڕتووکێك لەسەر کوردی باکووری ڕۆژاوای ئێران لە تەفلیس لەلایەن ڤیلچێڤسکییەوە. **3462**
سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 1 – خولی پێنجەم – 25-03-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 31.

**1944** فراوانبوونی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ژ.ك لە خۆرهەڵاتی کوردستان کە نێوچەکانی میاندوواو و بۆکان و نەغەدە و شنۆ, شی گرتەوە, جگە لە پەیوەندیکردنی هەندێك لە کەسایەتیی نێودار لە نێوچەکەدا لەوانە: ئاغاکانی ئیلخانی لە بۆکان, حاجی قادری حەریری لە نەغەدە, موسا خانی هۆزی زەرزە لە شنۆ, شێخەکانی هەرکی, عەبدوڵلا قادری مامەشی و عومەرخانی شەریفی لە هۆزی شکاك. **3461**
سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیە فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعە الاولی – شرکە المعرفە للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 219.

1944 دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامەی پارتی کۆمۆنیستی کوردستانی ئێراق بە نێوی یەکێتی تێکۆشینەوە. **3460**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیه فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعه الاولی – شرکه المعرفه للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 105.

1944 دامەزراندنی پارتی کۆمۆنیستی کوردستانی ئێراق بە سەرۆکایەتیی ساڵح حەیدەری و ئەمانەش ئەندامانی بیرۆی رامیاری بوون نافع یونس, عەلی عەبدوڵڵا, عەبدولکەریم تۆفیق, ڕەشید عەبدولقادر, عەبدولسەمەد محەمەد و نوری محەمەد ئەمین, ئەم پارتە بە پارتی شۆڕش ناسرابوو. **3459**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیه فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعه الاولی – شرکه المعرفه للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 110.

1944 هێزەکانی مەحموودخانی دزڵی و مەحموودخانی کانی سانان هێرشیان کردە سەر هێزەکانی د.ا لە گوندی بوریدەر. **3458**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی فارسی: حسن ارفع – کردها و یك بررسی تاریخی و سیاسی – ترجمه از متن انکلیسی – لندن, اکسفورد – 1966. لاپەڕە : 77.

1944 نێوی سازمانی جەوانانی کورد کرابە ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵەی ژ.ك, چونکە سازمانەکە بووە بەشێك لە ژ.ك. **3457**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: غەنی بلوریان – ئاڵەکۆك, بەسەرهاتی سیاسی ژیانم – ستۆکهۆڵم – 1997. لاپەڕە : 33.

1944 کۆچی دوایی هۆزانەوان عەونی حاجی گورون. **3468**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی یەکەم – چاپی یەکەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1987. لاپەڕە : 412.

1944 چوونی ئیسماعیل شاوەیس و عوسمان دانش کە نوێنەری پارتی هیوا بوون بۆ مەهاباد. تاوەکو لەگەڵ کۆمەڵەی ژ.کدا, دانوستاندن لەسەر کێشەی کورد بکەن. **3456**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیه فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعه الاولی – شرکه المعرفه للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 101.

1944 کۆچی دوایی هۆزانەوان میرزا حەسەنی سەیفولقوزاتی میرزا قاسمی سابڵاخی. **3470**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: عەلادین سوجادی – مێژووی ئەدەبی کوردی – مێژوو, ئەدەب, زانیاری – ئێراق – 1952. لاپەڕە : 550.

1944 دامەزرانی پەرتووکخانەی بیری نوێ لە سلێمانی لەلایەن ئەحمەد غەفوورەوە. **3471**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی دووەم – چاپی دووەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1989. لاپەڕە : 80.

1944 تەحسین بەگ سەید بەگ, بووە ڕابەری یەزیدییەکان. **3472**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی فارسی: پروفسور توفیق وهبی – بررسی مختسری از تاریخ ادیان کردان – مترجم: سید جمال الدین حسینی – مهاباد – 30-8-1361. لاپەڕە : 11.

**1944** نووسینی هەڵبەستی خەندەکەی بایی لەلایەن هۆزانەوان دلّدارەوە. **3473**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: دوکتۆر مارف خەزنەدار – لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، بریتییە لە چواردە لێکۆڵینەوە – بەغداد – چاپخانەی الموسسە العراقیە للدعایە و التباعە – 1984. لاپەڕە : 85.

**1944-01-10** گفتوگۆی د.ق، لەگەڵ مستەفا بارزانی لە مێرگەسوور، نوێنەری د.ق، وەزیرێکی کورد بوو کە نێوی ماجید موستەفا بوو. **3474**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 228.

**1944-02-00** بەستنی کۆنفرانسی پارتی هیوا لە شاری کەرکوك، کە بەتەواوی هەردوو باڵی چەپ و ڕاستی نێو پارتەکە لەیەکتری دابڕان. **3475**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیە فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعە الاولی – شرکە المعرفە للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 105.

**1944-02-05** ڕەفیق حەبیب بووە پارێزگاری سلێمانی. **3476**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی یەکەم – چاپی یەکەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1987. لاپەڕە : 426.

**1944-02-22** د.ق میوانداریی مستەفا بارزانی و 12 کەسی تری کرد، کە یەکێکیان فەتاح ئاغای سەرۆکی هۆزی هەرکی بوو، بارزانی چاویشی بە باڵوێزی بەریتانیا کەوت، ئەم چوونەی سەرانی کورد بۆ بەغداد، بووە هۆی ناڕەزایی عارەبە ناسیۆنالەکان. **3477**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 228.

**1944-03-00** نوێنەرێکی کۆمەڵەی ژ.ك بە نێوی محەمەد ئەمین شەرەفی، لە خۆرهەڵاتی کوردستانەوە هاتە شاری کەرکوکی باشوور بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ پارتی هیوا، کە ڕەفیق حیلمی و ئەمین ڕەواندزی و عیزەت عەبدولعەزیز و موستەفا خۆشناو و شێخ قادری بەرزنجی و سەی عەزیز شەمزینی لە گەڵیدا دووان. **3478**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 263.

سەرچاوەی 2: پەرتوکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیە فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعە الاولی – شرکە المعرفە للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 101.

**1944-04-00** کۆبوونەوەی کوردەکانی باشوور و باکوور و خۆرهەڵات، لە چیای دلانپاری نێوان هەرسێ سنوور، کە قاسمی قادری – نوێنەری ژ.ك بوو و شێخ عوبەیدوڵڵای زینوێ – نوێنەری باشوور و قازی سەید عەبدولوەهاب – باکوور. لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاری شێوەی ئاڵای کوردستانیان تێدادا. **3479**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەنگاو – ژ14 – لەندەن – مایی 1994. لاپەڕە : 5.

**1944-04-14** مستەفا بارزانی نامەیەکی بۆ باڵوێزخانەی بەریتانیا لە بەغداد نارد, کە تێیدا گلەیی لە د.ق کردبوو, کە تاوەکو ئێستا بەڵێنەکانی خۆیی نەهێناوەتەدی و هێزی تری بۆ سەربازگەکانی کوردستان ناردووە. **3480**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی هۆڵندی: juli – druk Tweede– Koerdistan Dossier – Brussel van Instituut Koerdisch Brussel – 1991. لاپەڕە : 77.

سەرچاوەی 2: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 229.

**1944-05-00** نێوەڕاستی ئەم مانگە: چوونی نوری سەعید و ماجید مستەفا بۆ شارەکانی باشووری کوردستان و نوری سەعید لە هەندێك وتاریدا کە بۆ خەڵکی کوردی خوێندەوە, وای نیشاندا کە بەرگری لە مافی نەتەوەییانەی کورد دەکات. **3481**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 230.

**1944-05-00** نێوەڕاستی ئەم مانگە: ماجید مستەفا چووە لای مستەفا بارزانی بۆ گفتوگۆ, لەو گفتوگۆیەدا پارێزەری شاری موسڵ و کاربەدەستێکی ئینگلیز بەنێوی کینچەوە بەشدار بوون, پارێزەری موسڵ بە بارزانیی گووت: کە دەبێت 11 مەترەلۆز و 72 تفەنگ و ئەو 250 سەربازەی کە بۆ لای ئێوە ڕایانکردووە, پێویستە بیانگەڕێنێتەوە. **3482**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 232.

**1944-06-00** تا مانگی 06ی 945: ئاگر بەستی نێوان پێشمەرگەکانی باشووری.ك و د.ق. **3483**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 232.

**1944-06-03** لێکەوتنی نوری سەعید لە سەرۆك وەزیرانی ئێراق. **3484**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی هۆڵندی: juli – druk Tweede– Koerdistan Dossier – Brussel van Instituut Koerdisch Brussel – 1991. لاپەڕە : 77.

سەرچاوەی 2: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 232.

**1944-07-00** کۆتایی ئەم مانگە: ماژۆر کینچ, جارێکی تر گفتوگۆی لەگەڵ بارزانیدا کرد. **3485**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 233.

**1944-07-05** کۆچی دوایی هۆزانەوان عەبدولواحید نوری. **3486**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی یەکەم – چاپی یەکەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1987. لاپەڕە : 415.

**1944-08-05** بەهادین نووری بووە پارێزگاری سلێمانی. **3487**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی سالّحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسولّ – بەرگی یەکەم – چاپی یەکەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1987. لاپەڕە : 426.

**1944-08-07** مەعروف جیاوك بووە پارێزگاری سلێمانی. **3488**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی سالّحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسولّ – بەرگی یەکەم – چاپی یەکەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1987. لاپەڕە : 426.

**1944-10-00** سەرەتای ئەم مانگە: چوونی پێشەوا قازی محەمەد و چەند سەرۆکێکی کورد بۆ تاران, لەوێ چاویان بە حەسەن ئەرفەع کەوت و گفتوگۆی بارودۆخی نێوچەکانی کوردستانیان کرد. **3490**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 265.

**1944-10-00** پەیوەندیکردنی پێشەوا قازی محەمەد کە پیاوێکی ئایینیی بە نێوبانگی شاری مەهاباد بوو بە کۆمەڵەی ژ.کەوە, لە ماڵی ئەحمەد ئیلاهی لە مەهاباد, بە ئامادەبوونی 24 ئەندامی کۆمەڵە. **3489**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 264.

سەرچاوەی 2: پەڕتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنغمات و الّحزاب الکردیە ڤ نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعە الّولی – شرکە المعرفە للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 223.

**1944-12-03** یان 31-12: کۆچی دوایی هۆزانەوان سالّح زەکیی ساحێبقڕان لە بەغداد. **3491**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: صوت الّکراد – لسان حال الحزب الدیمقراگی الکردی ڤ لبنان "البارتی" – نصف شهریە – العدد 32 – لندن – 16-6-1997. لاپەڕە : 6.

سەرچاوەی 2: پەڕتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی سالّحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسولّ – بەرگی یەکەم – چاپی یەکەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1987. لاپەڕە : 414.

**1945** دەرچوونی دوا ژمارەی گۆڤاری ستێر بە تیپی لاتینی لە بەیروت, ئەم گۆڤارە پڕوپاگەندەی جەنگی بۆ هاوپەیمانەکان بڵاودەکردەوە و بە زمانی فەڕەنسیش شتی بڵاودەکردەوە. **3501**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: عەلادین سوجادی – مێژووی ئەدەبی کوردی – مێژوو, ئەدەب, زانیاری – ئێراق – 1952. لاپەڕە : 557.

**1945** پەیوەندیکردنی خەڵکێکی زۆر و زۆربەی سەرۆك هۆزە کوردەکانی خۆرهەڵاتی وڵات بە کۆمەڵەی ژ.کەوە. **3502**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنغمات و الّحزاب الکردیە ڤ نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعە الّولی – شرکە المعرفە للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 129.

**1945** دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری ئاوات لە شاری مەهاباد, کە تەنها 3 ژمارەی لێ دەرچوو. **3503**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنغمات و الّحزاب الکردیە ڤ نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعە الّولی – شرکە المعرفە للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 260.

**1945** بەهاری ئەم ساڵ: دەستێوەردانی پارتی هیوا لە کاروباری نێوخۆی یانەی سەرکەوتنی کوردەکانی بەغداددا, کە ئەندامانی پارتی هیوا لە هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەرایەتیی یانەکەدا لیستەیەکی

خۆیان بڵاوکردەوە و بەو شێوەیە دەیانویست دەست بگرن بەسەر یانەکەدا و تووشی کێشە بوون لەگەڵ مەعروف جیاوکی سەرۆکی یانەکەدا, چونکە نێوبراو دەیویست چەند کەسێکی جیاواز لە پارتی هیوا هەڵببژێردرێن, بۆیە مەعروف جیاوك بەیاننامەیەکی دژی هەندێك لە ئەندامانی هیوا بڵاوکردەوە و چەند کەسێکیشیان لەلایەن ڕژێمەوە لێ گیران, کە ئەمانە نێوەکانیانە: عەلادین سوجادی, عەبدولقادر قەزاز, حەمەی خانەقا, جەوهەر عەزیز دزەیی, کانەبی عەزیز دزەیی و هەندێکی تر. 3504

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: مەسعود موحەمەد – گەشتی ژیانم – چاپی یەکەم – ستۆکهۆلم – 1992. لاپەڕە : 280.

1945 ڕاگواستنی کوردەکانی سۆڤیەت بۆ 8 کۆماری جیاجیای سۆڤیەتی لەلایەن ڕژێمی ستالینەوە. 3505

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانیار – ژ – 3 – خولی چوارەم – 25-09-1994 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 13.

1945 بڵاوکردنەوەی پەرتووکی کورد و کوردستانی ئەمین زەکی بەگ بە زمانی عارەبی لەلایەن محەمەد عەلی عەونییەوە. 3506

1945 لە کاتی کۆبوونەوەی کۆمیتەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سانفرانسیسکۆدا, لیژنەیەکی کوردی بیرخەرەوەیەك و نەخشەیەکی کوردستانیان دایە دەست کۆمیتەکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد. 3507

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: باسیل نیکیتین – الأکراد, اصلهم, تأریخهم, مواگنهم, عقائدهم, عاداتهم, ئدابهم, لهجاتهم, قبائلهم, قچایاهم, گرائف عنهم – قدم له المستشرق الشهیر لویس. لاپەڕە : 190.

1945 ژمارەی دانیشتوانی شاری مەهاباد لەم ساڵەدا, 15 هەزار کەس بوو. 3508

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 245.

1945 شێخ ئەحمەد بارزانی و مستەفا بارزانی و 33 کەسی تر, لە دادگایەکی د.ق دا, فەرمانی لە سێدارەدانیان دەرچوو. 3509

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 300.

1945 د. ئەوڕەحمانی قاسملۆ بۆ خوێندن چووە پاریس. 3522

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: غەنی بلوریان – ئاڵەکۆك, بەسەرهاتی سیاسی ژیانم – ستۆکهۆلم – 1997. لاپەڕە : 58.

1945 لەدایکبوونی هۆزانەوان لەتیف قەراخی لە گەڕەکی مەڵکەندی لە سلێمانی. 3521

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: لەتیف قەراخی – مام ئیبراهیمی نەتەوەیی و داستانە خوێناوییەکەی ئەزمەر و کۆمەڵە داستانێکی تر – ڕۆمانە شیعر – چاپی یەکەم – چاپخانەی سلێمانی – 1993. لاپەڕە : 135.

1945 دەرچوونی گۆڤاری نیشتمان لەلایەن کۆمەڵەی ژ.کەوە, کە تەنها 9 ژمارەی لێ دەرچوو, کە دواهەمینیان لە سێپتێمبەری 1945دا بوو. 3498

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیه فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعه الاولی – شرکه المعرفه للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 261.

**1945** **بەستنی یەکەمین کۆنگرەی حدکا لە شاری مەهاباد. 3510**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مامۆستای کورد – ژمارە 24 و 25 – سوید – زستان و بەهاری 1995. لاپەڕە : 26.

**1945** **بەهۆی بەشداریکردنی مامۆستا سەعید ناکام لە بزووتنەوەکانی بارزاندا, لەلایەن دادگای عورفییەوە ڕاونرا. 3511**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 3 و 4 – خولی پێنجەم – 25-12-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 5.

**1945** **بلاوکردنەوەی دیوانی ئالە کۆك, لەلایەن هەژار موکریانییەوە. 3512**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: زمان و ئەدەبی کوردی, بۆ پۆلی سێیەمی ناوەندی – هەرێمی کوردستانی ئێراق, وەزارەتی پەروەردە, چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە – 1993 – 1994. لاپەڕە : 5.

**1945** **هونەرکاری وێنەکێشی کورد عەزیز سەلیم ئەحمەد, بۆ یارمەتیی کۆماری مەهاباد, چوو بۆ خۆرهەلاتی.ك. 3513**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی وەرزییە – ژ3 و 4 – خولی شەشەم – سالی دەیەم – 20-12-1996 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 110.

**1945** **نێرژەیەکی ئارکیۆلۆژیی ئامریکی سەربە زانکۆی شیکاگۆ لە گوندی بانە هەلەکی نێوچەی ڕەواندزدا چەندین کەرەستەی کۆنیان دۆزییەوە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ 6904 سال پێش ئێستێ. 3514**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: نخبه من الباحپین العراقیین – حچاره العراق – الجزو الاول – بغداد – 1985. لاپەڕە : 135.

**1945** **دامەزرانی پەڕتووکخانەی ڕوناکی لە سلێمانی لەلایەن جەمال عەبدوللاوە. 3515**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی سالحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسول – بەرگی دووەم – چاپی دووەم – چاپخانەی دار الحریه – بەغداد – 1989. لاپەڕە : 80.

**1945** **زستانی ئەم سال لە کوردستان گەلێك سەخت بوو, بەفرێکی زۆر نێوچەکانی سەقز و سەردەشت و بانە و نێوچەکانی تری گرتبووەوە. 3516**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی فارسی: حسن ارفع – کردها و یك بررسی تاریخی و سیاسی – ترجمه از متن انکلیسی – لندن, اکسفورد – 1966. لاپەڕە : 88.

**1945** **کۆچی دوایی هۆزانەوان شێخ نەجمەدینی شێخ عەبدولڕەحمانی قەرە حەسەنی. 3517**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: عەلادین سوجادی – مێژووی ئەدەبی کوردی – مێژوو, ئەدەب, زانیاری – ئێراق – 1952. لاپەڕە : 550.

**1945** **کۆچی دوایی مستەفا مەزهەر. 3518**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: دوکتۆر مارف خەزنەدار – لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە, بریتییە لە چواردە لێکۆلینەوە – بەغداد – چاپخانەی الموسسه العراقیه للدعایه و التباعه – 1984. لاپەڕە : 319.

1945 کۆچی دوایی هۆزانەوان مەلا ئەحمەدی قسرت. **3519**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: عەلادین سوجادی – مێژووی ئەدەبی کوردی – مێژوو، ئەدەب، زانیاری – ئێراق – 1952. لاپەرە : 550.

1945 لەدایکبوونی هونەرکاری شانۆ عوسمان چێوار. **3520**

سەرچاوەی 1: رۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەریدەکات – ژ8 و 9 – ژونی 1996 – بەریتانیا. لاپەرە : 21.

1945 نووسینی هەڵبەستی لالەباس لەلایەن هۆزانەوان دڵدارەوە. **3523**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: دوکتۆر مارف خەزنەدار – لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، بریتییە لە چواردە لێکۆڵینەوە – بەغداد – چاپخانەی الموسسه العراقیه للدعایه و التباعه – 1984. لاپەرە : 85.

1945 پەیوەندی کردنی ئەفسەری تێکۆشەری کورد میر حاجی ئەحمەد بە بزووتنەوەکانی بارزانەوە. **3497**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیه فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعه الاولی – شرکه المعرفه للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەرە : 100.

1945 بڵاوکردنەوەی وتارێك بە نێوی کەرەستەی زمانەوانی دەربارەی مێژووی شێوەی کۆمەڵایەتیی کوردستان لەلایەن و.ل. ڤیلچێڤسکییەوە، بە زمانی ڕووسی لە پەرتووکی زمانە ئێرانییەکان، بەرگی 1 دا. **3496**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەرە : 116.

1945 سەرەتای هاوینی ئەمساڵ: یاریکردنی شانۆیی دایکی نیشتمان لەلایەن ڕێکخراوی لاوانی کورد لە مەهاباد. **3495**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: غەنی بلوریان – ئاڵەکۆك، بەسەرهاتی سیاسی ژیانم – ستۆکهۆلم – 1997. لاپەرە : 38.

1945 دامەزرانی بەرەی ڕزگاریی کورد بەسەرۆکایەتیی هەمزە عەبدوڵڵا لە باشووری کوردستاندا. **3494**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: جمال نبز – حول المشکله الکردیه – من منشورات الاتحاد القومی للگلبه الاکراد فی اوروبا – (NUKSE) – 1969.) لاپەرە : 40.

1945 کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانیی دووەم. **3493**

1945 ڕاپەرینی بارزان لە نێوچەی بادینانی باشووری کوردستان. **3492**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: جمال نبز – حول المشکله الکردیه – من منشورات الاتحاد القومی للگلبه الاکراد فی اوروبا – (NUKSE) – 1969.) لاپەرە : 37.

1945 پاییزی ئەم ساڵ، دەرچوونی گۆڤاری کوردستان لە مەهاباد، لەلایەن کۆمەڵەی دێموکراتی کوردستانەوە. **3500**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: عەلادین سوجادی – مێژووی ئەدەبی کوردی – مێژوو، ئەدەب، زانیاری – ئێراق – 1952. لاپەرە : 557.

1945 تا 946، دەرچوونی گۆڤار یان ڕۆژنامەی هاواری نیشتمان لە مەهاباد. **3499**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: عەلادین سوجادی – مێژووی ئەدەبی کوردی – مێژوو، ئەدەب، زانیاری – ئێراق – 1952. لاپەڕە : 557.

**1945** لەدایکبوونی هونەرمەندی موزیکژەن موجتەبا میرزادە لە شاری کرماشان. **8297**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی موجتەبا میرزادە http://www.mojteba-mirzade.tk

**1945** دوورخستنەوەی نووسەر محەمەد تۆفیق وەردی بۆ قەڵادزێ لەلایەن د.ق. **7431**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدك TV Kurdistan

**1945-01-00** مەلا مستەفا بارزانی و چەند ئەفسەرێك لیژنەی ئازادییان پێکهێنا، تاوەکو سەرکردایەتیی بزووتنەوەی بارزان بکات. **3524**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: فرەنسۆ هەریری – بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی نەنووسرێ – پرسیار و وەڵام – لە بڵاوکراوەکانی پدك – هاوینەهەواری پیرمام – هەولێر – 1995. لاپەڕە : 143.

**1945-02-00** دامەزراندنی پارتی ڕزگاری کورد لە باشووری کوردستان، کە ئەمانە سەرکردەکانی بوون: ساڵح حەیدەری، نافیع یونس، دوکتۆر جەعفەر محەمەد کەریم، نوری شاوەیس، نوری محەمەد ئەمین، ڕەشید باجەلان و تەها محێدین مەعروف. **3525**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنقمات و الآحزاب الکردیە فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعە الآولی – شرکە المعرفە للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 111.

**1945-02-00** بەستنی کۆنگرەی یەکەمی پارتی ڕزگارگاری کورد لە بەغداد، لە ماڵی شەهید عەلی حەمدی. **3526**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنقمات و الآحزاب الکردیە فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعە الآولی – شرکە المعرفە للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 174.

**1945-04-10** دەرکردنی یاسای لێبووردنی گشتی لەلایەن داگیرکەری ئێراقەوە، بەپێی ئەو یاسایە ئەو سەرباز و پۆلیسانەی کە بۆ نێو شۆڕشی کوردستان هەڵهاتبوون بەر لێبووردن نەدەکەوتن. **3527**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی هۆڵندی: Koerdisch Instituut van Brussel – Dossier Koerdistan –Tweede druk – juli 1991 – Brussel. لاپەڕە : 77.

سەرچاوەی 2: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 233.

**1945-05-00** پارتی هیوا، لە ڕێی باڵوێزی ئامریکی لوی هەندرسنەوە، یاداشتێکی نارد بۆ ئامریکا، تاوەکو ئاوڕێك لە کێشەی کورد بدەنەوە. **3528**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی فارسی: حسن ارفع – کردها و یك بررسی تاریخی و سیاسی – ترجمە از متن انکلیسی – لندن، اکسفورد – 1966. لاپەڕە : 120.

**1945-07-01** هونەرمەند کەریم کابان لە ئیزگەی بەغدا گۆرانیی ئەوبەرەوبەرەی تۆمارکرد. **8386**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ – 06-10-2004. لاپەڕە : 12.

**1945-08-06** و 07-08, پێکدادانێك لە نێوان پێشمەرگە بارزانییەکان و د.ق دا ڕوویدا, لەسەر ئەوەی کە د.ق دەیویست قوتابخانە و بنکەیەکی پۆلیس لە نێوچەی بارزاندا بکاتەوە. **3529**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 234.

**1945-08-07** بەهۆی هێرشەکانی د.ق, مستەفا بارزانی و ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی هۆزی بارزان چوونە نێو خاکی خۆرهەڵاتەوە. **3530**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: میر شەرەفخانی بەدلیسی – شەرەفنامە – هەژار کردوویە بە کوردی – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی نوعمان – نەجەف, ئێڕاق – 1972. لاپەڕە : 155.

**1945-08-08** وەزارەتی پاچەچیی سەربە د.ق, بڕیاری داگیرکردنی نێوچەی بارزانیدا. **3532**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی هۆڵندی: juli – druk Tweede– Koerdistan Dossier – Brussel van Instituut Koerdisch Brussel – 1991. لاپەڕە : 77.

سەرچاوەی 2: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – ژ73 – ئۆگەستی 1996. لاپەڕە : 3.

**1945-08-08** ئەسعەد خۆشەوی تەواوی بنکەکانی د.ق لە نێوچەی بارزاندا کردە دەرەوە. **3531**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 234.

**1945-08-13** تا 15-08: هێرشی د.ق بۆسەر پێشمەرگەکانی بارزان, بەڵام تێکشکان. **3533**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 235.

**1945-08-16** لەسەر خواستی پێشەوای شەهید قازی موحەممەد کۆمەڵەی ژ.ك, کرایە حیزبی دێموکراتی کوردستان – حدکا. **3534**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 265.

سەرچاوەی 2: پەڕتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیە فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعە الاولی – شرکە المعرفە للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 222.

**1945-08-19** ڕاگەیاندنی فەرمانی عورفی, لەلایەن د.ق و بەسەرۆکایەتیی ژێنەڕاڵ ڕانتۆن, هێرشی بەرفراوانی بۆسەر نێوچەی بارزان کرد. **3535**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – ژ73 – ئۆگەستی 1996. لاپەڕە : 3.

**1945-08-20** هاتنی 200 تا 400 پێشمەرگەی کوردستانی خۆرهەڵات بۆ یارمەتیی پێشمەرگەکانی باشووری.ك. **3536**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 238.

**1945-09-00** دەرچوونی دوا ژمارەی گۆڤاری نیشتمان لە مەهاباد, کە ژمارە 9ی بوو. **3539**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: عەلادین سوجادی – مێژووی ئەدەبی کوردی – مێژوو, ئەدەب, زانیاری – ئێراق – 1952. لاپەڕە : 556.

**1945-09-00** بۆ دووەمین جار وەفدێکی خۆرهەڵاتی.ك, لە نوێنەرانی حدکا چوون بۆ باکۆ لە شۆڕەوی.
**3538**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 266.

**1945-09-00** سەرەتای ئەم مانگە: ناردنی 14 هەزار سەربازی ئێراقی بۆ نێوچەی بارزان, بۆ هێرش کردنە سەر پێشمەرگەکان. **3537**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 236.

**1945-09-14** مەحموود ئاغای زێباری کە خەزووری مستەفا بارزانی بوو, پشتی شۆڕشی بەردا و پاڵی دابە د.ق یەوە. **3540**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 237.

**1945-09-25** تیپی پێنجەمی سووپای ئێراقی بە یارمەتیی فڕۆکە و تۆپخانە و هەروەها هاریکاریی 300 جاشی هۆزی سورچی و 500ی بەرواری, هێرشیان بۆسەر شۆڕشگێرەکانی بارزان کرد, ناچار مەلا مستەفا و شۆڕشگێڕان بۆ چیای شیرین پەنایانبرد و لەوێ کەوتنە بەرگری لەخۆیان. **3541**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی فارسی: حسن ارفع – کردها و یك بررسی تاریخی و سیاسی – ترجمە از متن انکلیسی – لندن, اکسفورد – 1966. لاپەڕە : 122.

**1945-10-06** دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری هاواری کورد لە مەهاباد لەلایەن کۆمارەوە. **3542**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – ژ52 – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – ئۆکتۆبەری 1994. لاپەڕە : 5.

سەرچاوەی 2: پەڕتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الأحزاب الکردیە فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعە الأولی – شرکە المعرفە للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 260.

**1945-10-07** گەمارۆدانی نێوچەی بارزان لەلایەن د.ق. **3543**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 237.

**1945-10-25** تا 28-10 بەستنی کۆنگرەی یەکەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان – حدکا لە شاری مەهاباد, کە پێشەوا قازی محەمەد بووە سەرۆکی حیزب و ئەمانەش بوونە ئەندامانی کۆمیتەی نێوەندی: حاجی بابا شێخ, مەناف کەریمی, سەید محەمەدی ئەیوبیان, عەبدولڕەحمانی ئیلخانی زادە, ئەحمەدی ئیلاهی, خەلیلی خەسرەوی, کەریمی ئەحمەدیان, حاجی موستەفای داری, حەمەد ئەمینی موعینی, محەمەدی وەلی زادە, محەمەد ڕەسوڵی دلشاد – سکرتێری کۆمیتەی نێوەند, موحەمەد ئەمینی شەرەفی و عەبدولڕەحمانی زەبیحی. هەروەها لە کۆنگرەکەدا چەندین بڕیاریاندا, کە گرنگترینیان مافی چارەی خۆنووسین بوو بۆ گەلی کورد لە خۆرهەڵاتدا. **3544**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیه فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعه الاولی – شرکه المعرفه للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 234.

**1945-11-20** ڕاگەیاندنی کۆماری ئازەربایجان لە باکووری ئێراندا لەلایەن جەعفەر پیشەوەرییەوە. **3545**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 269.

**1945-12-00** کۆتایی ئەم مانگە: وتووێژی پێشەوا قازی محەمەد لەگەڵ کونسوڵی بەریتانیادا, بەهۆی ئەوڕەحمانی زەبیحییەوە, تاوەکو بزانن ئایا ڕای بەریتانیا چی دەبێت بەرامبەر بە دەوڵەتی کوردی. **3546**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 270.

**1945-12-06** دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری کوردستان, دەنگی کۆماری دیموکراتیکی کوردستان, مەهاباد. **3547**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیه فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعه الاولی – شرکه المعرفه للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 260.

**1945-12-15** جەعفەر پیشەوەری ئەنجوومەنی نەتەوایەتیی کردەوە و داوای لە پێشەوا کرد کە پێنج نوێنەری حدکا بنێرێتە ئەو ئەنجوومەنە. **3548**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 269.

**1945-12-17** گێڕانی ئاهەنگێك لە شاری مەهابادا, و ئاڵای کوردستان هەڵکرا, بەڵام هێشتا پەیوەندی لەگەڵ تاراندا هەر مابوو. **3549**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 269.

**1946** لەدایکبوونی هونەرکاری وێنەکێش قازی زادە, لە شاری سەردەشت. **3565**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: یەکگرتن – گۆڤارێکی ڕۆشنبیری تیۆرییە – بنکەی ڕۆشنبیریی یەکگرتن بڵاویدەکاتەوە – ژ12 – هاوینی 1990. لاپەڕە : 240.

**1946** داهاتی توتن لە باشووردا هاتە کزی و ئەم قات و قرییە تا سەرەتای پەنجاکان بەردەوام بوو. **3557**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: مەسعود موحەمەد – گەشتی ژیانم – چاپی یەکەم – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 277.

**1946** لەدایکبوونی کوردناسی ڕووسی ئۆڵگا ئیڤانۆڤنا ژیگالینا, لە کۆماری تورکمەنستان. **3558**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 1 – خولی پێنجەم – 25-03-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 30.

1946 ڕوودانی شۆڕشی هۆزە ئێرانییەکان دژی د.ا, کە عەباس خانی سەرۆکی هۆزی کەلهوڕ ڕۆڵێکی گرنگی تێدا بینی. 3559

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: باسیل نیکیتین – الأکراد, اصلهم, تأریخهم, مواگنهم, عقائدهم, عاداتهم, ئدابهم, لهجاتهم, قبائلهم, قچاياهم, گرائف عنهم – قدم له المستشرق الشهير لويس. لاپەڕە : 159.

1946 لەدایکبوونی مەسعود بارزانی لە شاری مەهاباد. 3560

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 192.

1946 ئیبراهیم ئەحمەد, بووە سەرۆکی ڕێکخراوێکی نێوخۆیی شاری سلێمانی کە سەربە حدکا بوو. 3561

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 341.

1946 ڕۆژنامەی سون پۆست نووسیی: کە هیچ کاتێك کەمایەتیی کورد, لە تورکیا نەبووە. 3562

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: د. حوسەینی خەلیقی – کۆمەڵناسی کوردەواری – بەرگی یەکەم – چاپخانەی ئەلحەوادیس – بەغداد – 1992. لاپەڕە : 155.

1946 پایزی ئەم ساڵ, لە دوای کشانەوەی سوپای سۆڤیەتی لە کوردستان و ئازەربایجاندا, قەوام ئەلسەڵتەنە, وەزیرە کۆمۆنیستەکانی نێو وەزارەتی ئێرانی دوورخستەوە. 3556

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الأحزاب الکردیە فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعە الأولی – شرکە المعرفە للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 253.

1946 تۆفیق وەهبی بووە وەزیری ئابووری لە حوکومەتی ئێراقیدا. 3564

1946 دامەزرانی پەڕتووکخانەی کوردستان لە سلێمانی, لەلایەن کەمالی میرزا کەریمەوە. 3569

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی دووەم – چاپی دووەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1989. لاپەڕە : 80.

1946 ڕوودانی بوومەلەرزەیەك لە شاری پێنجوێن. 3566

1946 هۆزەکانی نێوچەی هەڵەبجە, نوێنەرێکی خۆیانیان نارده لای پێشەوا, تاوەکو پیرۆزبایی کۆمارەکەیی لێ بکەن. 3567

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: خەرمانە – گۆڤارێکی وەرزیی ئەدەبیی ڕۆشنبیرییە – ژ8 – سوید – 1993. لاپەڕە : 5.

1946 لەدایکبوونی هونەرکاری وێنەکێش دارا حەمە سەعید, لە شاری سلێمانی. 3568

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: خەرمانە – گۆڤارێکی وەرزیی ئەدەبیی ڕۆشنبیرییە – ژ9 و 10 – سوید – 1993. لاپەڕە : 115.

1946 لەم ساڵەدا 43.263 کارگە لە تورکیادا هەبووە, کە تەنێ 2.427یان لە باکووری وڵاتدا بووە. 3570

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی فارسی: کندال, عسمت شریف وانلی و مستفی نازدار – کردها – ترجمە: ابراهیم یونسی – انتشارای روزبهان – تهران – 1372. لاپەڕە : 95.

**1946** بەهاری ئەم ساڵ, پچڕاندنی تێلی تەلەفونی نێوان سەردەشت و بانە لەلایەن پێشمەرگەوە. **3572**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی فارسی: حسن ارفع – کردها و یك بررسی تاریخی و سیاسی – ترجمه از متن انکلیسی – لندن, اکسفورد – 1966. لاپەڕە : 88.

**1946** کۆچی دوایی هۆزانەوان مەلا مارف کۆکی. **3573**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: عەلادین سوجادی – مێژووی ئەدەبی کوردی – مێژوو, ئەدەب, زانیاری – ئێراق – 1952. لاپەڕە : 550.

**1946** کۆچی دوایی نووسەر وەزیری نادری. **3574**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: دوکتۆر مارف خەزنەدار – لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە, بریتییە لە چوارده لێکۆڵینەوە – بەغداد – چاپخانەی الموسسە العراقیە للدعایە و التباعە – 1984. لاپەڕە : 61.

**1946** لەدایکبوونی کوردناسی هۆڵندی مارتین فان براونسن, لە شاری ئوتریختی هۆڵندا. **3575**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: مارتین فان برونەسن – ئاغا و شێخ و دەوڵەت – کوردۆ, لە ئاڵمانییەوە کردوویە بە کوردی – بەرگی یەکەم – چاپخانەی ڕۆژ – سوید – 1996. لاپەڕە : 5.

**1946** نووسینی هەڵبەستی گوڵی سوور لەلایەن هۆزانەوان دڵدارەوە. **3576**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: دوکتۆر مارف خەزنەدار – لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە, بریتییە لە چوارده لێکۆڵینەوە – بەغداد – چاپخانەی الموسسە العراقیە للدعایە و التباعە – 1984. لاپەڕە : 85.

**1946** پەیوەندیکردنی مامۆستا سەعید ناکام بە کۆماری مەهابادەوە, کە کرایە سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستان. **3563**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 3 و 4 – خولی پێنجەم – 25-12-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 6.

**1946** دەرچوونی دوا ژمارەی گۆڤاری ڕۆژا نوێ لە بەیروت. **3554**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: عەلادین سوجادی – مێژووی ئەدەبی کوردی – مێژوو, ئەدەب, زانیاری – ئێراق – 1952. لاپەڕە : 557.

**1946** داخرانی گۆڤاری ڕووناهی. **3553**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: عەلادین سوجادی – مێژووی ئەدەبی کوردی – مێژوو, ئەدەب, زانیاری – ئێراق – 1952. لاپەڕە : 556.

**1946** هێزەکانی کۆماری مەهاباد لەم ساڵەدا بریتی بوون لە بارزانی بە سەرۆکایەتیی مەلا مستەفا – 1200 پیادە, بارزانی بە سەرۆکایەتیی شێخ ئەحمەد – 900 پیادە, جەلالی و میلانی 400 سوارە, شکاك بە سەرۆکایەتیی عومەر خان 800 سوارە, شکاك بە سەرۆکایەتیی تایەر خانی سمکۆ 500 سوارە, هەرکی بە سەرۆکایەتیی ڕەشید بەگ و بەگزادە بە سەرکردایەتیی نوری بەگ 1000 سوارە, هەرکی بە سەرۆکایەتیی زیرۆ بەگ 700 پیادە, دەستەی بنەماڵەی سەید عەبدوڵڵا گەیلانی زادە بە سەرۆکایەتیی سەعید فەهیم 200 سوارە, زەرزا بە سەرۆکایەتیی موسا خان 300 سوارە, قەرەپاپاخ کە تورك بوون بە سەرۆکایەتیی پاشاخان و خەسرەوخان 500 سوارە, مامەش بە سەرۆکایەتیی هەمزە نەلۆسی ئەمیر عەشایری 500 سوارە, مامەش بە سەرۆکایەتیی عەبدوڵڵا قادری

400 سوارە, پیران بە سەرۆکایەتیی محەمەد ئەمین ئاغا و قەرەنی ئاغا 300 سوارە, مەنگوڕ بە سەرۆکایەتیی عەبدوڵڵا بایەزیدی 300 سوارە, مەنگوڕ بە سەرۆکایەتیی عەلی خان و ئیبراهیم سالاری 400 سوارە, گەورکیی سەردەشت بە سەرۆکایەتیی کاکەڵڵائاغا محەمەدی 200 سوارە, گەورکیی مەهاباد بە سەرۆکایەتیی بایزی عەزیز ئاغا 300 سوارە, گەورکیی سەقز بە سەرۆکایەتیی عەلی جوانمەردی و محەمەد ئاغا و حاجی ئیبراهیم ئاغا 400 سوارە, تێکەلاوی خێڵەکانی سەردەشت 500 سوارە, تیرەی سویسنی 100 سوارە, دیبۆکریی مەهاباد بە سەرۆکایەتیی جەعفەر کەریمی 400 سوارە, دیبۆکریی بۆکان بە سەرۆکایەتیی ئاغاکانی ئیلخانی زادە 500 سوارە, فەیزوڵڵا بەگی بۆکان و سەقز 800 سوارە, بنەماڵەی بداشی سەقز 200 سوارە, تێکەڵاوی تیرەکانی مەهاباد و شاهیندژ 300 سوارە, دەستەی حەمە ڕەشید خانی بانە 300 سوارە و پێشمەرگەی جوانڕۆ و هەورامان 150. کۆی هەموویان دەکاتە 12.750 کەس. **3552**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: جەلیل گادانی – 50 ساڵ خەبات – کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – بەرگی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی باشووری کوردستان – بێ بەروار. لاپەڕە : 48.

**1946** ناردنی نێرژەیەکی ڕۆشنبیری بۆ یەکێتی سۆڤیەت لەلایەن کۆماری مەهابادەوە. **3551**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیه فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعه الاولی – شرکه المعرفه للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 245.

**1946** دەرچوونی یەکەمین ژمارەی یەکەمین گۆڤاری مندالان لە چاپخانەی کوردستانی مەهاباد, بەنێوی گڕوگاڵی مندالانی کوردەوە. **3550**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: د. کەمال مەزهەر – چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد – بەشی یەکەم – چاپی یەکەم – چاپخانەی (ئەلئەدیب ئەلبەغدادییە) – بەغداد – 1985. لاپەڕە : 150.

**1946** یاریکردنی شانۆنامەی لە ڕێی نیشتمانا لە قوتابخانەی گۆیژەی سەرەتایی لە سلێمانی, کە لە ئامادەکردنی مامۆستا ڕەفیق چالاك بوو و سوودەکەی بۆ باربۆکردنی بوومەلەرزەکەی پێنجوێن بوو. **3571**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی دووەم – چاپی دووەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1989. لاپەڕە : 425.

**1946** هاوینی ئەم ساڵ, عەبدولئیلاهی سەرپەرشتکاری پادشای ئێراق, هاتە هەولێر و ئاهەنگێکی شاهانەی بۆ گێڕدرا, لەو ئاهەنگەدا هەلپەرستان و خۆپەرستان گەلێك گووتار و هەڵبەستیان خوێندەوە. **3555**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: مەسعود موحەمەد – گەشتی ژیانم – چاپی یەکەم – ستۆکهۆلم – 1992. لاپەڕە : 28.

**1946** دەستپێکردنی ژیانی هونەریی موزیکوان و گۆرانیبێژ قادر دیلان. **432**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پکك TV Medya

**1946-01-00** دەرچوونی دوا ژمارەی گۆڤاری کوردستان لە مەهاباد, کە ژمارە 18ی بوو. **3579**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: عەلادین سوجادی – مێژووی ئەدەبی کوردی – مێژوو, ئەدەب, زانیاری – ئێراق – 1952. لاپەڕە : 557.

**1946-01-00** دەرچوونی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان لە مەهاباد، کە ئۆرگانی کۆماری دیموکراتیکی کوردستان بوو و بە دوو ڕۆژ جارێك دەردەچوو. **3578**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: عەلادین سوجادی – مێژووی ئەدەبی کوردی – مێژوو، ئەدەب، زانیاری – ئێراق – 1952. لاپەرە : 556.

**1946-01-00** چەند گفتوگۆیەکی زۆر تیژ لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێراقیدا لە بەغداد، لەسەر دۆزی کورد ڕوویدا، کە زۆربەی نوێنەرە کۆنەپەرستەکان دژی چارەسەرکردنی بارودۆخی کوردستان بوون. **3577**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیە فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعە الاولی – شرکە المعرفە للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەرە : 136.

**1946-01-22** دامەزراندنی کۆماری دیموکراتیکی کوردستان، لە خۆرهەلاتی کوردستان کە پێتەختەکەی مەهاباد بوو و ڕێبەرەکەشی پێشەوا قازی موحەمەدی شەهید بوو، کۆمارەکە لە مەیدانی چوارچرادا ڕاگەیەندرا و ئالای کوردستانی تێدا هەلکرا. پێشەوا و چەند کەسێکی ناسراوی تر وتار و هۆنراوەیان خوێندەوە، لەوانە مەلا حوسەینی مەجدی، حاجی بابە شێخ، موحەمەد حوسەین خانی سەیفی قازی، مامۆستا هەژار، مامۆستا هێمن، سەید محەمەد تەها زادە، شێخ حەسەن شەمسەدینی، عومەر خان، زیرۆ بەگ، محەمەد ئەمین موعینی، سەعید عەبدولعەزیز، ئیبراهیم ئەدهەم، محەمەد فەیزوللا بەگی، محەمەد نانەوا زادە، سروودی قوتابخانەی کوردستان، سروودی قوتابخانەی پەروانەی کچان، خاتوو ویلمە سیادیان، خاتوو خەدیجە حەیدەری، سروودی قوتابخانەی گەلاوێژ، سروودی قوتابخانەی سەعادەت، ئەحمەد ئیلخانی زادە و محەمەدی قادری. **3580**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: جەلیل گادانی – 50 سال خەبات – کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – بەرگی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی باشووری کوردستان – بێ بەروار. لاپەرە : 35.

سەرچاوەی 2: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێرانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەرە : 269.

سەرچاوەی 3: پەرتووکی عەرەبی: باسیل نیکیتین – الاکراد، اصلهم، تأریخهم، مواگنهم، عقائدهم، عاداتهم، ادابهم، لهجاتهم، قبائلهم، قچایاهم، گرائف عنهم – قدم له المستشرق الشهیر لویس. لاپەرە : 190.

سەرچاوەی 4: پەرتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیە فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعە الاولی – شرکە المعرفە للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەرە : 243.

سەرچاوەی 5: پەرتووکی عەرەبی: جمال نبز – حول المشکلە الکردیە – من منشورات الاتحاد القومی للگلبە الاکراد فی اوروبا – (NUKSE) – 1969.) لاپەرە : 37.

**1946-02-11** ڕۆژنامەی کوردستانی ئۆرگانی حدکا، نێوی وەزیرەکانی کۆماری کوردستانی بەم شێوەیە بلاوکردەوە: حاجی بابا شێخ – سەرۆك وەزیر، سەیفی قازی – وەزیری جەنگ، مەنافی کەریمی – وەزیری زانیاری و پەروەردە، محەمەد ئەمینی موعینی – وەزیری نێوخۆ، محەمەدی ئەیوبیان – وەزیری تەندروستی، ئیسمایلی ئیلخانی زادە – وەزیری ڕێگاوبان، ئەحمەدی ئیلاهی – وەزیری ئابووری، کەریمی ئەحمەدێن – وەزیری پۆست، مستەفا داودی – وەزیری بازرگانی، مەلا حوسەین مەجدی – وەزیری دادپەروەری، مەحموود وەلی زادە – وەزیری کشتوکال و سەدیق حەیدەری – وەزیری تەبلیغات. **3581**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی فارسی: حسن ارفع – کردها و یك بررسی تاریخی و سیاسی – ترجمه از متن انکلیسی – لندن, اکسفورد – 1966. لاپەرە : 84.

سەرچاوەی 2: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێرانی محەمەدی رەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەرە : 270.

**1946-03-00** مەلا مستەفا بارزانی, لە کۆماری کوردستاندا بووە ژێنەڕاڵ و نزیکەی 2000 پێشمەرگەی باشووری خستە ژێر فەرماندەی کۆمارەوە. **3582**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێرانی محەمەدی رەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەرە : 271.

**1946-03-00** ناردنی سەلاحەدین کازمۆڤ بۆ مەهاباد لەلایەن شۆڕەوییەکانەوە, کە ئەفسەرێك بوو بۆ ڕاهێنانی هێزی سووپایی کورد. **3583**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێرانی محەمەدی رەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەرە : 272.

**1946-03-21** دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری هەڵاڵە لە شاری بۆکانی خۆرهەڵات, کە ئۆرگانی یەکێتی لاوانی دێموکراتی کوردستان بوو, تەنێ 3 ژمارەی لێ دەرچوو. **3585**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: عەلادین سوجادی – مێژووی ئەدەبی کوردی – مێژوو, ئەدەب, زانیاری – ئێراق – 1952. لاپەرە : 557.

سەرچاوەی 2: پەرتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیە فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعە الاولی – شرکە المعرفە للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەرە : 260.

**1946-03-21** کوردەکانی باشوور, بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە ئاهەنگێکی مەزنیان لە شاری بەغدادا سازکرد لە باخچەکانی هۆڵی مەلیك فەیسەڵ هۆڵی گەل, کە تێیدا گەلێك وتار خوێندرایەوە. **3584**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیە فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعە الاولی – شرکە المعرفە للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەرە : 137.

**1946-03-25** سەرۆك وەزیرانی ئێراق تۆفیق ئەلسوێدی, لە وتارەکەیدا لە قاهیرە بۆ کردنەوەی خولی جامیعەی عارەبی, ئەوەی ڕاگەیاند کە لە ئێراقدا کێشەی نەتەوایەتی نییە. **3586**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیە فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعە الاولی – شرکە المعرفە للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەرە : 136.

**1946-04-00** بانگهێشتنی ڕووس بۆ پێشەوا قازی محەمەد, تاوەکو بچێتە تەورێز و کێشەی نێوان کورد و ئازەری چارەسەر بکەن. **3587**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیە فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعە الاولی – شرکە المعرفە للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەرە : 152.

**1946-04-00** بەهۆی ڕێکەوتننامەیەکی نێوان ڕژێمی ئێران و یەکێتی سۆڤیەتەوە, ئیمتیازی دەرهێنانی نەوتی باکووری ئێران درایە یەکێتیی سۆڤیەت. **3588**

سەرچاوەی 1: پەڕتووكی عەرەبی: الدكتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الكردیه فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعه الاولی – شركه المعرفه للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 272.

**1946-04-00** چوونی 60 لاوی كورد بۆ شاری باكۆی شۆڕەوی، بۆ خوێندن لە فێرگەیەكی سووپاییدا، ئەوانە بەشی زۆریان گەڕانەوە و هەندێكیشیان مانەوە. **3589**

سەرچاوەی 1: پەڕتوكی كوردی: كریس كۆچێرا – مێژووی كورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەكەم – چاپخانەی كارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 282.

**1946-04-04** پارتی ڕزگاری كورد بەیانێكی دژی وتارەكەی تۆفیق ئەلسوێدی لە قاهیرە لە ڕۆژی 25-03-1946دا دەركرد. **3590**

سەرچاوەی 1: پەڕتووكی عەرەبی: الدكتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الكردیه فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعه الاولی – شركه المعرفه للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 136.

**1946-04-11** ڕۆژنامەی سون پۆستا لە توركیا بە ئاشكرا ئەوی ڕاگەیاند كە هیچ كاتێك كورد لە توركیا نەبووە، نە نیشتەجێ و نە كۆچەری، نە خاوەن هەستی نەتەوایەتی و نە بێهەستی نەتەوایەتی. **3591**

سەرچاوەی 1: پەڕتوكی كوردی: دوكتۆر ئەوڕەحمان قاسملۆ – كوردستان و كورد – لێكۆڵینەوەیەكی سیاسی و ئابووری – بەغداد – 1973 . لاپەڕە : 73.

**1946-04-21** ناردنی هێزێك بۆ شاری بانە لەلایەن د.ا. **3592**

سەرچاوەی 1: پەڕتوكی فارسی: حسن ارفع – كردها و یك بررسی تاریخی و سیاسی – ترجمه از متن انكلیسی – لندن، اكسفورد – 1966. لاپەڕە : 89.

**1946-04-23** بەستنی ڕێكەوتننامەی هاوڕێیەتی لە نێوان كۆماری مەهاباد و كۆماری ئازەربایجاندا، لە ژێر چاودێریی ڕووسەكاندا، بۆ ماوەی 20 ساڵ، كە لەسەر ئەم خاڵانە ڕێك كەوتن: ئاڵوگۆڕی نوێنەری ڕامیاری لە نێوان هەردوولادا، دانانی خاوەن كاری كورد لەو شوێنانەی كە كوردی تێدا زێترە و ئازەری لەو شوێنانەی كە ئازەریی تێدا زێترە، بەستنی پەیمانێكی بازرگانی، یارمەتیدانی سووپایی لە نێوان هەردوولادا و هەر جۆرە وتووێژێك لەگەڵ دەوڵەتی نێوەندیی ئێراندا بكرێت پێویستە هەردوولا ئاگاردار بێت. **3593**

سەرچاوەی 1: پەڕتوكی هۆڵندی: liju – druk Tweede– Koerdistan Dossier – Brussel van Instituut Koerdisch Brussel – 1991. لاپەڕە : 57.

سەرچاوەی 2: پەڕتوكی كوردی: كریس كۆچێرا – مێژووی كورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەكەم – چاپخانەی كارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 274.

سەرچاوەی 3: پەڕتووكی عەرەبی: الدكتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الكردیه فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعه الاولی – شركه المعرفه للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 252.

**1946-04-24** بارزانییەكانی نێو كۆماری كوردستان لە نزیك شاری سەقز، هێزێكی ئێرانییان لە گوندی قاراوا كە 800 سەرباز دەبوون گەمارۆدا، و زیانێكی زۆریان لێدان، كە 12 سەرباز كوژرا و 174 بریندار بوون 200یشیان بەدیل گرت. **3594**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 276.

**1946-04-29** هێرشی 600 سەربازی د.ا بۆسەر نێوچەی قاراوا، بەڵام بەهۆی بەرگریی پێشمەرگەکانەوە کشانەوە. **3595**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی فارسی: حسن ارفع – کردها و یك بررسی تاریخی و سیاسی – ترجمە از متن انکلیسی – لندن، اکسفورد – 1966. لاپەڕە : 89.

**1946-05-03** سەرلەشکر ڕەزم ئارا لەگەڵ کورد و ئازەرییەکاندا تەقەی وەستاند، بەپێی ئەو ڕێکەوتنە هێزی کوردستان دەبوایە چەند کیلۆمەترێك لە نێوچەی سەقز و سەردەشت بۆ دواوە بگەڕێنەوە. **3596**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 276.

**1946-05-10** کشانەوەی سوپای سۆڤیەتی لە نێوچەکانی باکووری ئێران. **3598**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 276.

سەرچاوەی 2: پەڕتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیە فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعە الاولی – شرکە المعرفە للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 264.

**1946-05-10** کردنەوەی ڕادیۆی دەنگی کۆماری مەهاباد لە شاری مەهاباد. **3597**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 281.

سەرچاوەی 2: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – ژمارە 70 – مایی 1996. لاپەڕە : 5.

**1946-05-18** موسا شاکیر بووە پارێزگاری سلێمانی. **3599**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی یەکەم – چاپی یەکەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1987. لاپەڕە : 426.

**1946-06-00** گەڕانەوەی هەمزە عەبدوڵڵا بۆ ئێراق، بە هەندێك ڕاسپاردەی مستەفا بارزانییەوە بۆ دامەزراندنی پارتێکی نوێ. **3600**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیە فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعە الاولی – شرکە المعرفە للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 150.

**1946-06-01** بابا عەلی شێخ مەحموود کرایە وەزیری ئابووریی دەوڵەتی ئێراق. **3601**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیە فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعە الاولی – شرکە المعرفە للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 149.

**1946-06-15** د.ا لە نێوچەی سەقز توانی پێشەنگی بکات و چەند گردۆڵکەیەك بگرێت. **3602**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی فارسی: حسن ارفع – کردها و یك بررسی تاریخی و سیاسی – ترجمە از متن انکلیسی – لندن، اکسفورد – 1966. لاپەڕە : 92.

**1946-07-13** کارەساتی شەڕی گاورباخی ڕوویدا و دەستەیەك لە کرێکارانی کۆمپانیای C.P.I ی مانگرتوو شەهیدکران. **7020**

**1946-08-00** لە هەفتەی دووەمی ئەم مانگەدا, پارتی ڕزگاری کورد کۆنگرەیەکی لە شاری بەغداد بەست, کە تێیدا بڕیاری ئەوەیاندا کە خۆیان هەڵبوەشێننەوە و بچنە نێو پارتی دیموکراتی کوردەوە. **3604**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیه فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعه الاولی – شرکه المعرفه للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 142.

**1946-08-00** سەرەتای ئەم مانگە, بەستنی کۆنگرەی پارتی کۆمۆنیستی کوردستانی ئێراق – شۆڕش, کە تێیدا بڕیاری ئەوەیاندا کە پارتەکە هەڵوەشێننەوە و هەندێکیان بچنە نێو پارتی دیموکراتی کوردەوە و ئەوانی تریش پەیوەندی بکەن بە پارتی کۆمۆنیستی ئێراقەوە. **3603**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیه فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعه الاولی – شرکه المعرفه للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 141.

**1946-08-11** حەسەن تاڵەبانی بووە پارێزگاری سلێمانی. **3605**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی یەکەم – چاپی یەکەم – چاپخانەی دار الحریه – بەغداد – 1987. لاپەڕە : 426.

**1946-08-16** دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد لە باشووری کوردستاندا, کە مستەفا بارزانی, کرایە سەرۆکی بەبێ ئەوەی لە کۆنگرەی دامەزراندندا ئامادەبێت. لە کۆنگرەکەدا 23 ئەندامی نوێنەرانی پارتی ڕزگاری کورد و پارتی شۆڕشی هەڵوەشاوە ئامادەبوون و هەروەها ئیبراهیم ئەحمەدیش وەك چاودێرێك و نوێنەری پارتی دێموکراتی کوردستانی ئێران حدکا لە سلێمانی ئامادەبوو, ئەمە جگە لە ئامادەبوونی سدیق ئەتروشی و نوری شاوەیس و شەهید عەلی حەمدی, کۆنگرەکە لە ماڵی سەعید فەهیم سازدرا. ئەمانە بوونە ئەندامانی کۆمیتەی نێوەندی شێخ لەتیف شێخ مەحموود – یاریدەدەری یەکەمی سەرۆك بارزانی, کاکە زیاد – یاریدەدەری دووەم, هەمزە عەبدوڵلا, میر حاجی ئەحمەد, دوکتۆر جەعفەر محەمەد کەریم, ئەندازیار عەلی عەبدوڵلا, ساڵح یوسفی, عەبدولکەریم تۆفیق, ڕەشید عەبدول قادر, ڕەشید باجەلان, مەلا حەکیم خانەقینی, عەونی یوسف, تەها محێدین مەعروف, مستەفا خۆشناو, عەبدولسەمەد محەمەد – جێگری ئەندام. **3606**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 302.

سەرچاوەی 2: پەڕتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیه فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعه الاولی – شرکه المعرفه للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 153.

**1946-09-00** دەرچوونی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی ڕزگاریی ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کورد, کە تاوەکو ساڵی 956 بەردەوام بوو. **3607**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیه فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعه الاولی – شرکه المعرفه للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەرە : 155.

**1946-11-00** محەمەد سدیق تەهای نەهری بووەوە نوێنەری هەولێر لە ئەنجوومەنی ئێراقیدا. **3608**

سەرچاوەی 1: رۆژنامەی عەرەبی: صوت الاکراد – لسان حال الحزب الدیمقراگی الکردی فی لبنان "البارتی" – نصف شهریه – العدد 30 – لندن – 7-4-1997. لاپەرە : 7.

**1946-11-22** د.ا لە نێوچەی زەنجاندا توانی پێشڕەوی بکات. **3609**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی فارسی: حسن ارفع – کردها و یك بررسی تاریخی و سیاسی – ترجمه از متن انکلیسی – لندن، اکسفورد – 1966. لاپەرە : 94.

**1946-11-27** جۆرج ئالێنی باڵوێزی نوێی ئامریکا، لە تاران ڕایگەیاند، کە ئامریکا بەتەواوی زەویی ئێران دەپارێزێت و دەیەوێت حوکومەتی نێوەندیی ئێران بەهێز بێت. **3610**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەرە : 287.

**1946-12-00** دەرچوونی دوا ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان لە مەهاباد، کە ژمارە 113ی بوو. **3612**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: عەلادین سوجادی – مێژووی ئەدەبی کوردی – مێژوو، ئەدەب، زانیاری – ئێراق – 1952. لاپەرە : 556.

**1946-12-00** هێرشی ڕژێمی ئێران بۆسەر نێوچە ئازاد کراوەکانی کۆماری دیموکراتیکی کوردستان لە خۆرهەڵاتی وڵات. **3611**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: جمال نبز – حول المشکله الکردیه – من منشورات الاتحاد القومی للگلبه الاکراد فی اوروبا (NUKSE) – 1969.) لاپەرە : 38.

**1946-12-07** هێرشی هێزەکانی ئێران بۆسەر کۆماری ئازربایجان، هێرشەکە 4 ڕۆژی خایاند و کۆمارەکە ڕووخا. **3613**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەرە : 285.

**1946-12-10** کۆچی دوایی ئەحمەد عوسمان لە بەغداد، نێوبراو نوێنەری شاری هەولێر بوو لە پەرلەمانی ئێراقیدا. **3614**

سەرچاوەی 1: رۆژنامەی عەرەبی: صوت الاکراد – لسان حال الحزب الدیمقراگی الکردی فی لبنان "البارتی" – نصف شهریه – العدد 27 – لندن – 24-2-1997. لاپەرە : 7.

**1946-12-12** ڕووخانی کۆماری ئازەربایجان لە باکووری ئێراندا کە هێزکارێکی زۆر نێگەتیڤانەی هەبوو بۆ ڕووخانی کۆماری مەهاباد. **3615**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیه فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعه الاولی – شرکه المعرفه للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەرە : 254.

**1946-12-13** بەدەستەوەدانی شاری میاندواو، کە لەلایەن د.ا، داگیرکرایەوە. **3616**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 285.

**1946-12-15** نوێنەری بارزگانیی شۆڕەوی لە مەهاباد ئەسەدۆف, بنکەکەی خۆی لە مەهاباد دەپێچێتەوە و دەیگوێزێتەوە بۆ بنکەی کونسولّی ورمێ. **3617**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 285.

**1946-12-16** ڕووخانی کۆماری مەهاباد بە دەستی ڕژێمی داگیرکەری ئێران. **3618**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: الدكتور عبدالستار گاهر شريف – الجمعيات و المنظمات و الاحزاب الكرديه فى نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعه الاولى – شركه المعرفه للنشر و التوزيع – بغداد 1989. لاپەڕە : 254.

**1946-12-16** پێشەوا قازی محەمەد, سەیفی قازی, حاجی بابا شێخ و سەرۆکەکانی تری کۆمار, بەرەو میاندواو دەچن و خۆیان دەدەن بە دەست هێزەکانی ئێرانەوە. **3619**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 285.

**1946-12-17** پێشەوا قازی محەمەد بە ڕەسمی شاری مەهابادی دایە دەست کاربەدەستەکانی د.ا. **3621**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 286.

**1946-12-17** داگیرانی ئاڵای کوردستان لەسەر شاری مەهاباد و ئاڵای د.ا لە جیاتی دانرا. **3622**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی فارسی: حسن ارفع – کردها و یك بررسی تاریخی و سیاسی – ترجمه از متن انكليسی – لندن, اكسفورد – 1966. لاپەڕە : 84.

**1946-12-17** پێشوازیکردنی لەشکری ئێران لە کۆکتەپە لەلایەن پێشەوا و دەستەیەك لە بەرپرسیارانی کۆمارەوە. **3620**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مامۆستای کورد – ژمارە 24 و 25 – سوید – زستان و بەهاری 1995. لاپەڕە : 36.

**1946-12-20** مستەفا بارزانی لە مەهاباد چاوی بە سەرلەشکر هەمایۆنی کەوت و پێی ڕاگەیاند کە ئەگەر باڵوێزی بەریتانیا دەتوانێت کە لە ئێڕاقدا مافی ژیانێکی بێ وەییم بۆ دابین بکات, ئەوا خۆم دەدەم بەدەست ئێڕاقەوە. **3623**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 288.

**1947** لەم ساڵەدا لە شاری سلێمانی, 760 خوێندکاری کچ لە 5 قوتابخانەی سەرەتایی بوون و 1610 خوێندکاری کوڕ لە 8 قوتابخانەی سەرەتایی و 100 خوێندکاری کچ لە 1 قوتابخانەی نێوەندی و 320 خوێندکاری کور لە دوانێوەندی بوون. **3636**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی یەکەم – چاپی یەکەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1987. لاپەڕە : 458.

**1947** به پێی ئاماری ئەم ساڵ, ژمارەی دانیشتوانی نێو شاری سلێمانی 33.475 کەسە. **3639**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی دووەم – چاپی دووەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1989. لاپەڕە : 461.

**1947** مەحموود خانی پیرۆز خان – خولە پیزە و دەستەکەی, محەمەد ئەمین بانیشاریی سەرۆکی پۆلیسی ولیاوایان کوشت. **3637**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی دووەم – چاپی دووەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1989. لاپەڕە : 220.

**1947** کۆچی دوایی موفتیی سلێمانی عەبدولعەزیز. **3635**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: د. حوسەینی خەلیقی – کۆمەڵناسی کوردەواری – بەرگی یەکەم – چاپخانەی ئەلحەوادیس – بەغداد – 1992. لاپەڕە : 811.

**1947** کاکە زیاد, بە نوێنەری کۆیە, لە پەڕلەمانی ئێراقدا هەڵبژێردرا. **3634**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: خەرمانە – گۆڤارێکی وەرزی ئەدەبی ڕۆشنبیرییە ژ4 – سوید – ژەنیوەریی 1992. لاپەڕە : 14.

**1947** تۆفیق وەهبی, بووە وەزیری مەعاریف لە حکوومەتی ئێراقیدا. **3633**

**1947** پەیوەندیکردنی جەرجیس فەتحوڵڵا بە پدك, لە ڕێی ساڵح یوسفییەوە. **3632**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: خەرمانە – گۆڤارێکی وەرزی ئەدەبی ڕۆشنبیرییە ژ4 – سوید – ژەنیوەریی 1992. لاپەڕە : 2.

**1947** لەدایکبوونی محەمەد ڕەحیم عەبدوڵڵا – خاڵە حاجی, لە شاری سلێمانی. **3631**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 109.

**1947** کۆچی دوایی مێژوونووسی مەزنی کورد داماو حوسەین حوزنی موکریانی. **3630**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: جمال نبز – الامیر الکردی میر محمد الراوندزی, الملقب ب(میری کورە) – مساهمە عملیە فی دراسە التأریخ الکردی علی صفحە مراە الشواهد و الادلە الشرقیە و الغربیە – اگروحە دکتوراە – ترجمها من الالمانیە الی العربیە: فخری سلاحشور – من منشورات الاکادمیە الکردیە للعلم لاپەڕە : 10.

**1947** هاوینی ئەم ساڵ: لە وەزارەتی ساڵح جەبر کۆنگرەیەکی عەشایەر لە شاری حللەی ئێراقدا بەسترا, کە چەند سەرۆك هۆزێکی کوردی باشووریش بەشدار بوون تێیدا. **3629**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: مەسعود موحەمەد – گەشتی ژیانم – چاپی یەکەم – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 270.

**1947** بەهاری ئەم ساڵ: لە نێوچەی بیتوێنی باشوور, هەرایەك لە نێوان ئاغا و سەرۆك هۆزەکاندا لەسەر زەوی و ئاو ڕوویدا و شەڕ لە نێوان بنەماڵەی غەفووری و بڵباسدا هەڵگیرسا. **3628**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: مەسعود موحەمەد – گەشتی ژیانم – چاپی یەکەم – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 271.

**1947** زستانی ئەم ساڵ: مەسعود محەمەد بووە ئەندامی پدك. **3627**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: مەسعود موحەمەد – گەشتی ژیانم – چاپی یەکەم – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەرە : 269.

**1947** وەزارەتی نوری سەعید هەڵبژاردنێکی لە ئێڕاقدا سازدا، کە پارتی دیموکراتی کورد، دژی وەستایەوە و هەڵبژاردنەکەی بە ساختە دانا، چونکە گەل نوێنەرەکانی خۆیانیان هەڵنەبژارد و لە ڕۆژنامەی ڕزگاری ژ.13ی مانگی سێپتەمبەردا، وتارێکی لەو بارەیەوە بڵاوکردەوە. **3626**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیه فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعه الاولی – شرکه المعرفه للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەرە : 162.

**1947** کردنەوەی خولی موزیك بۆ یەکەمجار لە سلێمانیدا، ئەمانە نێوی ئەو قوتابییانەن کە بەشدار بوون تێیدا، بەهجەت ڕەشید، قادر دیلان، ڕوبێن ئۆفیك، شەماڵ سایب، شێخ ڕەزا شێخ محەمەدی گوڵانی، سەرکیس کیشام، عەبدوڵڵا جاف، عەبدوڵڵا میدیا، ئەحمەدی حەمەی لەیلێ، ئەحمەد زرنگ، غەریب میرزا کەریم، جەمال فەتاح، مەحموود حەمەی لەیلێ، نووری عەنبەر، عەلی ئیحسان، حەمە ساڵح، جەمال ئەحمەد، کەمال ئەحمەد، جەمال عەبدوڵڵا و تۆفیق حەسەن دەوڵەت. **3638**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی دووەم – چاپی دووەم – چاپخانەی دار الحریه – بەغداد – 1989. لاپەرە : 437.

**1947** لەدایکبوونی نووسەر گۆران قەراخی. **8787**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ – 31-12-2004. لاپەرە : 3.

**1947-01-00** نوری سەعید، بووەوە سەرۆك وەزیرانی ئێڕاق. **3641**

**1947-01-00** داوەریکردنی پێشەوا قازی محەمەد و هاوڕێیانی لە 8 دانیشتنی داخراودا، لەلایەن دادگایەکی سەربازیی تایبەتەوە بە سەرۆکایەتیی بارسی تەیر، لە ئەنجامدا فەرمانی سێدارەیان بەسەردادان. **3640**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەرە : 286.

سەرچاوەی 2: پەرتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیه فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعه الاولی – شرکه المعرفه للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەرە : 265.

**1947-01-19** لە سێدارەدانی چوار ئەفسەرەکە، لە شاری بەغداد. مستەفا خۆشناو، محەمەد قودسی، عیزەت عەبدولعەزیز و خەیروڵڵا عەبدولکەریم. **3642**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی هۆڵندی: Koerdisch Instituut van Brussel – Koerdistan Dossier –Tweede druk – juli 1991 – Brussel. لاپەرە : 79.

**1947-01-23** پاش ساڵێك و یەك ڕۆژ لە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، فەرمانی لە سێدارەدانی پێشەوا قازی موحەمەد و هاوڕێیانی، لەلایەن ڕژێمی ئێرانییەوە دەرکرا. **3643**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 286.
سەرچاوەی 2: پەرتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیه فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعه الاولی – شرکه المعرفه للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 265.

**1947-01-29** مستەفا بارزانی لە تاران چاوی بە شای ئێران و کاربەدەستانی بەریتانیا و ئامریکا کەوت.
**3645**
سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 289.

**1947-02-27** گیرانی خاتوو ڕەحمەی خێزانی خولە پیزە لەلایەن پۆلیس و جاشەوە، هەرلەم ڕۆژەدا خولە پیزە پێی دەزانێت و بەتەنیا دەکەوێتە شەڕەوە لەگەڵ پۆلیس و جاشەکان، لە ئەنجامدا پۆلیسێك دەکوژرێت و چەند کەسێکیش بریندار دەکات و خاتوو ڕەحمەی خێزانیشی ئازاد دەکات.
**3644**
سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی دووەم – چاپی دووەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1989. لاپەڕە : 228.

**1947-03-00** عەبدولحەمید بەگی جاف بووەوە نوێنەری سلێمانی لە ئەنجوومەنی ئێراقیدا. **3648**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: صوت الاکراد – لسان حال الحزب الدیمقراگی الکردی فی لبنان "البارتی" – نصف شهریە – العدد 28 – لندن – 10-3-1997. لاپەڕە : 7.

**1947-03-00** لە پاش ڕووخانی کۆماری مەهاباد، ئیبراهیم ئەحمەد پەیوەندیی کرد بە پارتی دیموکراتی کوردەوە لە باشووری کوردستان. **3646**
سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیه فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعه الاولی – شرکه المعرفه للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 154.

**1947-03-00** خدر ئەحمەد دزەیی جارێکی تر بووە نوێنەری هەولێر لە ئەنجوومەنی ئێراقیدا. **3647**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: صوت الاکراد – لسان حال الحزب الدیمقراگی الکردی فی لبنان "البارتی" – نصف شهریە – العدد 28 – لندن – 10-3-1997. لاپەڕە : 7.

**1947-03-11** هێزەکانی ئێران دوای پێشمەرگە بارزانییەکان کەوتن لە نێوچەکانی شنۆدا. **3649**
سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 289.

**1947-03-21** پیرەمێرد بەبۆنەی لەسێدارەدانی چوار ئەفسەرەکەوە نەورۆزی نەکرد و وتی من ئەمساڵ لەدڵی خۆمدا ئاگر دەکەمەوە. **4442**
سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی ینك Sat Kurd

**1947-03-30** شای ئێران, فەرمانی ئەوەیدا کە بە فڕۆکە بنکەکان و ڕێبازی کۆچ و کۆچباری ماڵە بارزانییەکان بە ژن و منداڵەوە و هەروەها تۆپخانەکەیان بۆمباران بکەن. دەبێت شەڕ کۆتایی بێت و کارێکی وا بکەن کە بارزانییەکان نەتوانن دەربازبن و لەوە زێتر ئابڕووی لەشکر نەچێت. **3650**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: دوکتۆر ئەوڕەحمان قاسملۆ – کوردستان و کورد – لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و ئابووری – بەغداد – 1973 . لاپەڕە : 93.

**1947-03-31** لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهابادی خۆرهەڵاتی کوردستاندا پێشەوا قازی محەمەد و هاوبیرانی لە کاتژمێری 3.10ی سەرلەبەیانی لە سێدارەدران. **3651**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مامۆستای کورد – ژمارە 24 و 25 – سوید – زستان و بەهاری 1995. لاپەڕە : 41.

سەرچاوەی 2: پەڕتوکی کوردی: د. حوسەینی خەلیقی – کۆمەڵناسی کوردەواری – بەرگی یەکەم – چاپخانەی ئەلحەوادیس – بەغداد – 1992. لاپەڕە : 181.

سەرچاوەی 3: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 286.

سەرچاوەی 4: پەڕتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیه فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعه الاولی – شرکه المعرفه للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 265.

سەرچاوەی 5: پەڕتووکی عەرەبی: جمال نبز – حول المشکله الکردیه – من منشورات الاتحاد القومی للگلبه الاکراد فی اوروبا – (NUKSE) – 1969.) لاپەڕە : 38.

**1947-04-00** ڕەوە مێژووییەکەی بارزانییەکان بەسەرکردایەتیی مستەفا بارزانی بۆ یەکێتیی شۆڕەوی و دابڕانی دەنگوباسیان تا ساڵی 955. **3652**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 303.

سەرچاوەی 2: پەڕتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیه فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعه الاولی – شرکه المعرفه للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 164.

**1947-04-00** تۆفیق سوێدی وەزارەتێکی نوێی لە ئێراقدا دامەزراند, کە حوکمە عورفییەکانی لابرد و چاودێریی لەسەر ڕۆژنامەکانیش نەهێشت. **3653**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیه فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعه الاولی – شرکه المعرفه للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 165.

**1947-04-07** لە سێدارەدانی چوار تێکۆشەری تری کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان لەلایەن ڕژێمی ئێرانەوە لە شاری مەهاباد, بە تاوانی بەشداریکردن لە دامەزراندنی کۆمارەکەدا. **3654**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیه فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعه الاولی – شرکه المعرفه للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 265.

**1947-04-28** مەلا مستەفا بارزانی و پێشمەرگەکانی, هاتنە نێو سنووری باشوورەوە و چەند شەڕێکیان لەگەڵ د.ق کرد. **3655**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: میر شەرەفخانی بەدلیسی – شەرەفنامە – هەژار کردوویە بە کوردی – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی نوعمان – نەجەف, ئێراق – 1972. لاپەڕە : 157.

**1947-05-18** مەلا مستەفا بارزانی و پێشمەرگەکانی, چوونە نێو سنووری باکوورەوە و لەگەڵ تورکدا بەشەڕ هاتن, بەڵام خۆیان ڕزگارکرد و چوونە نێو سنووری خۆرهەڵاتی.ک. **3656**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: میر شەرەفخانی بەدلیسی – شەرەفنامە – هەژار کردوویە بە کوردی – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی نوعمان – نەجەف, ئێراق – 1972. لاپەڕە : 157.

**1947-06-19** لە نێوچەکانی باشووری کوردستاندا چەند خۆپیشاندانێکی مەزن لە دژی ڕژێمی پادشایەتیی داگیرکەری ئێراق ڕوویدا, بە بۆنەی لەسێدارەدانی هەر چوار ئەفسەرە کوردەکەوە. **3658**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیە ڤی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعە الاولی – شرکە المعرفە للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 162.

**1947-06-19** لە سێدارەدانی هەر چوار ئەفسەرەکەی باشووری کوردستان عیزەت عەزیز, مستەفا خۆشناو, خەیروڵلا عەبدولکەریم و محەمەد مەحموود قودسی, لەلایەن ڕژێمی داگیرکەری ئێراقییەوە, بە تاوانی ئەوەی کە بەشداریی ڕاپەرینەکانی بارزان و پشتیوانیی کۆماری مەهابادیان لە خۆرهەڵاتی وڵاتدا کرد بوو. **3657**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 290.

سەرچاوەی 2: پەڕتووکی عەرەبی: جمال نبز – حول المشکلە الکردیە – من منشورات الاتحاد القومی للگلبە الاکراد ڤی اوروبا – (NUKSE) – 1969.) لاپەڕە : 38.

**1947-07-20** مستەفا بارزانی ڕایگەیاند, کە دروشمی وڵاتێکی سەربەخۆ و گەلێکی بێوەیە. **3659**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الاستقلال – الحزب الاسلامی الکردستانی – العدد 13 – ئێب 1996. لاپەڕە : 8.

**1947-09-00** دەرچوونی دوا ژمارەی گۆڤاری دەنگی گێتی تازە لە بەغداد. **3660**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: عەلادین سوجادی – مێژووی ئەدەبی کوردی – مێژوو, ئەدەب, زانیاری – ئێراق – 1952. لاپەڕە : 556.

**1947-09-20** کۆچی دوایی مێژوونووسی کورد داماو حوسەین حوزنی موکریانی, لە شاری بەغداد و پاشان تەرمەکەی برایەوە شاری هەولێر. **3661**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: میر شەرەفخانی بەدلیسی – شەرەفنامە – هەژار کردوویە بە کوردی – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی نوعمان – نەجەف, ئێراق – 1972. لاپەڕە : 49.

سەرچاوەی 2: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – ژمارە 70 – مایی 1996. لاپەڕە : 13.

**1947-11-00** بە پێی بڕیارێکی پەرلەمانی ئێرانی ئیمتیازی نەوتی باکووری ئێران لە یەکێتی سۆڤیەت سەندرایەوە. **3662**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیە ڤی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعە الاولی – شرکە المعرفە للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 272.

**1948** عوسمان مەتە, نووسەری ڕۆژنامەی سۆن پۆستا, لە پاش 10 ساڵ سەرکوتکردنی ڕاپەرینی دەرسیم ئەمەی بڵاوکردەوە: .... چەند کەسێك لە خەڵکی ئەو مەڵبەندە باسیان بۆ کردم, کە بێجگە لە ژاندارم و فەرمانبەری باجوەرگرتن, هیچ مووچەخۆرێکی حوکومەتیان نەدیوە.... زۆرم هەوڵدا لە نزیکەوە

بارودۆخی خەڵکەکە بناسم, و لە نیازی دڵیان تێبگەم, هیچم دەست نەکەوت ببێتە بەڵگەی ئەمە کە ئێمە کارێکمان بۆ کردوون. لەوێ نە پیشەسازی هەیە و نە کشتووکاڵ و نە بازرگان... پزیشك دەست ناکەوێت و خەڵك هەر نازانن دەرمان چییە, و لە نێوان گوندەکانیشدا ڕێگا خۆش نەکراون..... **3667**
سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: دوکتۆر ئەورەحمان قاسملۆ – کوردستان و کورد – لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و ئابووری – بەغداد – 1973 . لاپەڕە : 71.

**1948** بڵاوکردنەوەی پەڕتووکێك لەسەر ئافرەتی کورد لەلایەن ئەمینی ئەڤدالّەوە لە یەریڤان. **3666**
سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 97.

**1948** لەدایکبوونی عەبدوڵلا ئوجەلان, سکرتێری پکك لە شانلی ئورفەی باکووری کوردستان. **3668**

**1948** کاکە زیاد وازی لە ئەندامی پەڕلەمانێتیی ئێراقی هێنا. **3678**
سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: خەرمانە – گۆڤارێکی وەرزی ئەدەبی ڕۆشنبیرییە ژ4 – سوید – ژەنیوەریی 1992. لاپەڕە : 14.

**1948** تا 951, پشکنینەکانی گوندی چەرموی نزیك چەمچەماڵ لەلایەن ر. ج. بریدوودی زانکۆی مەشیگانی ئامریکییەوە, کە یەکەمین و کۆنترین گوند لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دۆزرایەوە, کە ئەویش دەکەوێتە کوردستانەوە و مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی هەفتەمی پ.ز. **3679**
سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: جورج رو – العراق القدیم – ترجمە و تعلیق: حسین علوان حسین – منشورات وزارە الپقافە و الاعلام – دار الحریە للگباعە – بغداد – 1984. لاپەڕە : 78.

**1948** نرخی تەنێك بەردی مەڵکەندی بە 100 فلس و بەردی سپی 750 فلس بووە لە سلێمانی. **3680**
سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی یەکەم – چاپی یەکەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1987. لاپەڕە : 290.

**1948** گفتوگۆی خولە پیزە و هاوڕێیانی لەگەڵ پارتی هیوادا لە چیای سورکێو, تاوەکو لە نێو ئەو پارتەدا ڕێك بخرێن, بەڵام هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبوو. **3681**
سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی دووەم – چاپی دووەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1989. لاپەڕە : 228.

**1948** دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری ڕێگا لەلایەن حدکاوە. **3665**
سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: غەنی بلوریان – ئاڵەکۆك, بەسەرهاتی سیاسی ژیانم – ستۆکهۆڵم – 1997. لاپەڕە : 85.

**1948** بەندکردنی غەنی بلوریان, ئەندامی باڵای حدکا لەلایەن د.ا. **3674**
سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: غەنی بلوریان – ئاڵەکۆك, بەسەرهاتی سیاسی ژیانم – ستۆکهۆڵم – 1997. لاپەڕە : 96.

**1948** دەرچوونی ڕۆژنامەی ڕێگا لە شاری مەهاباد, کە تەنێ یەك ژمارەی لێ دەرچوو. **3672**
سەرچاوەی 1: پەڕتوکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنگمات و الاحزاب الکردیە فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعە الاولی – شرکە المعرفە للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 260.

1948 کۆچی دوایی هۆزنەوان فایەق بێکەس. **3675**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیە فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعە الاولی – شرکە المعرفە للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 66.

1948 زەید ئەحمەد ئەفەندی لە قاهیرە نامەیەکی بە نێوی خەباتی کوردەوە بەزمانی عارەبی تۆمار کرد و بەنهێنی گەیاندییەوە کوردستان. **3671**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ13 و 14 – بلاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی، لەندەن – ژونی 1997. لاپەڕە : 14.

1948 لەدایکبوونی ئازاد مستەفا، سکرتێری پاسۆک لە گوندی بارزان. **3669**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ11 و 12 – بلاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی، لەندەن – مارتی 1997. لاپەڕە : 9.

1948 نیشتمانپەروەرانی کورد، نەخشەیەکی کوردستانیان پێشکەشی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد. **3670**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: مارتین فان برونەسن – ئاغا و شێخ و دەوڵەت – کوردۆ، لە ئالمانییەوە کردوویە بە کوردی – بەرگی یەکەم – چاپخانەی ڕۆژ – سوید – 1996. لاپەڕە : 29.

1948 بەندکردنی عەزیزی یوسفی ئەندامی بالای حدکا لەلایەن ڕژێمی ئێرانەوە. **3673**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیە فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعە الاولی – شرکە المعرفە للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 272.

1948 کۆچی دوایی خواجە کەریمی ئەلەکە لە بەغداد، نێوبراو فەلەیەکی کلدانی و لە سەردەمی حکوومەتی پادشانشینی کوردستاندا وەزیری دارایی بوو. **3676**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی سالحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی دووەم – چاپی دووەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1989. لاپەڕە : 147.

1948 کۆچی دوایی هۆزانەوان مەلا عەبدوڵلای زێوەر. **3677**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی سالحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی یەکەم – چاپی یەکەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1987. لاپەڕە : 412.

1948 یاریکردنی شانۆنامەی تێکۆشانی ڕەنجدەران لە قوتابخانەی غازی لە سلێمانی، پاشان د.ق زۆربەی ئەکتەرەکانی زیندانی کرد. **3682**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی سالحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی دووەم – چاپی دووەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1989. لاپەڕە : 425.

1948 زیندووکردنەوەی ڕێکخستنەکانی حدکا لەلایەن غەنی بلوریان، محەمەدی شاپەسەند – سەعید ناکام، قادری مەحموود زادە و عەزیزی فەرهادییەوە. **3663**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: غەنی بلوریان – ئالەکۆک، بەسەرهاتی سیاسی ژیانم – ستۆکهۆڵم – 1997. لاپەڕە : 78.

**1948** پەنابەرانی کورد لە پاریس بنکەی لێکۆڵینەوەی کوردیان دامەزراند، کە بڵاوکراوەیەکی تایبەتی خۆیی هەبوو. **3664**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: م. س. لازاریف – کێشەی کورد، 1896 – 1917 – د. کاوس قەفتان، لە ڕووسییەوە کردوویە بە کوردی و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە – بەشی یەکەم – چاپخانەی ئەلجاحیز – بەغداد – 1989. لاپەڕە : 21.

**1948** دانانی سروودی نەورۆز لەلایەن پیرەمێرد و محەمەد ساڵح دیلان ئاوازی بۆ دانا. **4443**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی ینك Sat Kurd

**1948-01-15** بەستنی پەیمانی پۆرتسمۆس لە نێوان ئێراق و ئینگلستاندا، کە بەهۆیەوە کاروباری ئێڕاق بە بەشە کوردستانەکەی بندەستیشییەوە، بەتەواوەتی درایە دەست ئینگلیز. **3683**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: د. کەمال مەزهەر – چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد – بەشی یەکەم – چاپی یەکەم – چاپخانەی (ئەلئەدیب ئەلبەغدادییە) – بەغداد – 1985. لاپەڕە : 208.

**1948-01-16** لەدایکبوونی هونەرمەند حەمە ڕەشید هەرەس لە شاری هەڵەبجە. **8194**

سەرچاوەی 1: ڕووبەڕووی کوردی: ڕووبەڕوویەك لەگەڵ هونەرمەند حەمە ڕەشید هەرەس لە 14-08-2004 لە ئەمستەردام.

**1948-01-19** سەعید عەلی حیجازی بووە پارێزگاری سلێمانی. **3684**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی یەکەم – چاپی یەکەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1987. لاپەڕە : 426.

**1948-02-13** گەیشتنی دەستەیەك کوردی نێوچەکانی هەولێر و کۆیە بۆ بەغداد، بۆ بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکانی دژی پەیمانی پۆرتسمۆس. **3685**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: د. کەمال مەزهەر – چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد – بەشی یەکەم – چاپی یەکەم – چاپخانەی (ئەلئەدیب ئەلبەغدادییە) – بەغداد – 1985. لاپەڕە : 216.

**1948-02-26** گەیشتنی دەستەیەك کوردی نێوچەی سلێمانی کە 300 کەسێك دەبوون بۆ بەغداد، بۆ بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکانی دژی پەیمانی پۆرتسمۆس. **3686**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: د. کەمال مەزهەر – چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد – بەشی یەکەم – چاپی یەکەم – چاپخانەی (ئەلئەدیب ئەلبەغدادییە) – بەغداد – 1985. لاپەڕە : 216.

**1948-03-21** بۆ یەکەمجار کوردەکانی باشوور بەشێوەیەکی فراون و ئاشکرا یادی جەژنی نەورۆزیان لە بەغداد و شارەکانی باشووری کوردستاندا کردەوە. **3687**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: د. کەمال مەزهەر – چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد – بەشی یەکەم – چاپی یەکەم – چاپخانەی (ئەلئەدیب ئەلبەغدادییە) – بەغداد – 1985. لاپەڕە : 218.

**1948-03-30** دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری نزار لە بەغداد، بە زمانی کوردی و عارەبی، کە دوو هەفتە جارێك دەردەچوو، لەلایەن عەلادین سوجادییەوە. **3688**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: عەلادین سوجادی – مێژووی ئەدەبی کوردی – مێژوو، ئەدەب، زانیاری – ئێڕاق – 1952. لاپەڕە : 557.

**1948-05-11** جەمیل ڕەشید بووە جێگری سلێمانی. **3689**

1964 تا 968: عوسمان سەبری – ئاپۆ ئۆسمان سەرۆکی پارتی دیموکراتی کورد بوو لە سووریا. **4187**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی عەرەبی: جمال نبز – تصریحات هامه للمفکر الکردی جمال نبز – المقدمه بقلم جواد ملا – من منشورات کوردنامه – لندن – 1996. لاپەڕە : 2.

1964 ئازادکرانی شێخ حوسەین بابە شێخ لە زیندان لەلایەن د.ق، پاشان چووە ڕیزی پێشمەرگەوە. **4203**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەڕە : 319.

1964 بەهۆی دروستکردنی بەستی کابانەوە, د.ت و د.س, کەوتنە جەنگێکی دیپلۆماسییەوە. **4199**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: هه فوت – مجله کردیه مستقله تصدر دوریا – العدد 11 – سویسرا – سبتمبر 1996. لاپەڕە : 6.

1964 هاتنە کایەی دوو تێرمی جەلالی و مەلایی لە نێو بزووتنەوەی باشووردا. **4200**

1964 لەدایکبوونی نەزیر عومەر عەلی, ناسراو بە ئارام, لە شارۆچکەی سمێل, لە نێوچەی دهۆك. **4198**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمه العفو الدولیه – نقج العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعه الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 108.

1964 شەهیدبوونی عومەر شەریف, کە فەرماندەی لکی 3ی کەرکوك بوو. **4201**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: لەتیف قەراخی – مام ئیبراهیمی نەتەوەیی و داستانە خوێناوییەکەی ئەزمەر و کۆمەڵە داستانێکی تر – ڕۆمانە شیعر – چاپی یەکەم – چاپخانەی سلێمانی – 1993. لاپەڕە : 132.

1964 نەوشیروان مستەفا لەبەرئەوەی لە پارتی قاچاخ بوو, لە ماڵی جەلالی حاجی حوسەین خۆیی حەشاردا. **4202**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ, دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەڕە : 221.

1964 چوونی شەهید سدقی ئەنجیری بۆ باشووری کوردستان, تاوەکو پەیوەندی بکات بە هاوڕێیانی حدکاوە. **4197**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1970 – 1975 – بەرگی چوارەم – ستۆکهۆڵم – 1990. لاپەڕە : 6.

1964 ڕووخانی گومەزی گەرماوی ماڵی پاشای بابانییەکان لە قەڵاچوالان, کە شوێنەوارێکی کۆن بوو. **4204**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: ڕووناکبیری – ژ2 – گۆڤارێکی کولتووریی گشتییە – لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵی هونەری کوردی لە سوید – ستۆکهۆڵم – دیسەمبەری 1992. لاپەڕە : 6.

1964 بەهۆی ناکۆکییەکانی نێو پارتییەوە, بارزانی پێشنیازی ئەوەی کرد کە کۆنگرەی شەشەم ببەسترێت. **4188**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: فرەنسۆ هەریری – بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی نەنووسرێ – پرسیار و وەڵام – لە بڵاوکراوەکانی پدك – هاوینەهەواری پیرمام – هەولێر – 1995. لاپەڕە : 12.

1964 لەدایکبوونی گۆرانیبێژ کامەران عەبدولڕەحمان عوسمان لە کەرکوك. **7368**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدك TV Kurdistan

1964-01-00 دەستپێکردنی گفتوگۆی پدك لەگەڵ د.ق دا. **4205**

1964-02-00 لێکدابڕانی دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی لە سەرکردایەتیی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراق, کە بووە هۆی دەستپێکردنی شەڕە کورد بۆ دەیان ساڵی دواتر. **4206**

**1964-02-10** ئاگر بەستی شۆڕشی ئەیلوول و ڕژێمی ئێراق. **4207**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 379.

سەرچاوەی 2: پەڕتووکی عەرەبی: جمال نبز – حول المشكله الكرديه – من منشورات الاتحاد القومى للگلبه الاكراد فى اوروبا – (NUKSE) – 1969.) لاپەڕە : 56.

**1964-03-00** چوونی جەلال تاڵەبانی بۆ میسر و لەوێ چاوی بە جەمال عەبدولناسر کەوت. **4208**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی فارسی: حسن ارفع – كردها و يك بررسى تاريخى و سياسى – ترجمه از متن انكليسى – لندن, اكسفورد – 1966. لاپەڕە : 140.

**1964-03-27** یەکگرتنی پارتی گەلی کورد و کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتیی کورد کاژیك, لە باشووری کوردستاندا و نێوی پارتەکەش هەر بە کاژیك مایەوە. **4209**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: جمال نبز – حول المشكله الكرديه – من منشورات الاتحاد القومى للگلبه الاكراد فى اوروبا – (NUKSE) – 1969.) لاپەڕە : 56.

**1964-04-04** تا 09-04, بەستنی کۆنفرانسی باڵە جیابووەوەکەی پارتی بەسەرکردایەتیی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی لە شارۆچکەی ماوەتی باشووری کوردستان. **4210**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 384.

سەرچاوەی 2: پەڕتووکی عەرەبی: جمال نبز – حول المشكله الكرديه – من منشورات الاتحاد القومى للگلبه الاكراد فى اوروبا – (NUKSE) – 1969.) لاپەڕە : 56.

**1964-04-19** باڵە جیابووەوەکەی پدك, بەیاننامەیەکی دەرکرد و تێیدا بارزانیی بەوە تاوانبار کرد کە ئەو تەقە وەستانەی نێوان شۆڕش و د.ق لە سوودی کوردا نییە. **4211**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 384.

**1964-05-04** بڵاوکردنەوەی دەستووری کاتیی ئێراقی, کە هیچ مافێکی بۆ کورد پیادە نەکرد. **4212**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانیار – ژ – 3 و 4 – خولی پێنجەم – 25-12-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 23.

**1964-06-00** سەرەتای ئەم مانگە: چوونی تاهیر یەحیای سەرۆك وەزیرانی ئێراق, بۆ کوردستان, تاوەکو لەگەڵ بارزانیدا گفتوگۆ بکات. **4213**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 385.

**1964-07-00** هونەرمەند حەمە ڕەشید هەرەس, پەیوەندیی کرد بە یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانەوە. **8198**

سەرچاوەی 1: ڕووبەڕووی کوردی: ڕووبەڕوویەك لەگەڵ هونەرمەند حەمە ڕەشید هەرەس لە 14-08-2004 لە ئەمستەردام.

**1964-07-01** بەستنی شەشەمین کۆنگرەی پدك بە سەرکردایەتیی بارزانی لە شاری ڕانیە, کە 900 ئەندام بەشداریی تێدا کرد, لەو کۆنگرەیەدا بارزانی کرایەوە سەرۆکی پارت و حەبیب کەریمیش کرایە سکرتێر. **4214**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: فرەنسۆ هەریری – بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی نەنووسرێ – پرسیار و وەڵام – لە بڵاوکراوەکانی پدك – هاوینەهەواری پیرمام – هەولێر – 1995. لاپەرە : 13.

سەرچاوەی 2: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەرە : 387.

**1964-07-17** یان 31-07؟: ڕوودانی شەڕی براکوژی لە نێوان دەستەی ئیبراهیم – جەلال و دەستەی سەرکردایەتیی بارزانیدا, لە شارۆچکەی ماوەتی نزیك سلێمانی, کە پێشمەرگەیەك کوژرا و چەند کەسێکیش بریندار بوون>. **4215**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: ڕووناکبیری – ژ2 – گۆڤارێکی کولتووریی گشتییە – لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵی هونەری کوردی لە سوید – ستۆکهۆڵم – دیسەمبەری 1992. لاپەرە : 147.

سەرچاوەی 2: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەرە : 388.

**1964-10-09** سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول, بۆ یەکەم جار یاسای بەڕێوەبردنی نێوچە ئازادکراوەکانی بڵاوکردەوە. **4216**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – ژ52 – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – ئۆکتۆبەری 1994. لاپەرە : 5.

**1964-10-11** بارزانی بیرخەرەوەیەکی دایە د.ق بۆ جێبەجێ کردنی بەڵێنەکانی, بەڵام ڕژێم هیچ کارێکی بە سوودی کوردان نەکرد. **4217**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەرە : 393.

**1964-12-00** ڕوودانی شەڕێك لە نێوان پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوول و د.ق لە نێوچەی چەمچەماڵ, هەرچەندە گفتوگۆش لە نێواندا هەبوو. **4218**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەرە : 393.

**1964-12-22** بەستنی کۆڕی پسپۆڕانی کوردناس, کە تۆفیق وەهبی وتاری بنچەی کوردان و زمانەکەیانی تێدا خوێندەوە. **4219**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: تۆفیق وەهبی – بنەچەکەی کوردان و بنچینەی زمانی کوردی – وەرگێر: تەها فەیزی زادە. لاپەرە : 7.

**1965** دامەزراندنی حیزبی چەپڕەوی کوردی خۆرئاوای کوردستان. **9339**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

1965 م. ب. ڕودێنکۆ داستانی شێخی سەنعانی فەقێ تەیران و داستانی لەیل و مەجنونی حارسی بەدلیسیی لە مۆسکۆ بڵاوکردەوە. **4225**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 87.

1965 لەدایکبوونی موزیکژەن بەهرامی ساعید لە سنە. **4236**

سەرچاوەی 1: بەیان و بلاوکراوەی کوردی: بروشووری تیپی موزیکی ئاوات.

1965 پەیوەندیکردنی مامۆستا سەعید ناکام بە شۆڕشی ئەیلوولەوە, کە چاپخانەی خەباتی پێ سپێردرا و گۆڤاری دەنگی پێشمەرگەی دەرهێنا. **4235**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 3 و 4 – خولی پێنجەم – 25-12-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 6.

1965 تا ساڵی 966: بەکارهێنانی گازی ژەهراوی لە دژی کورد لەلایەن د.ق. **4221**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بلاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 13.

1965 بڵاوکردنەوەی پەڕتووکێك لەسەر پەیوەندی خێزانی لە نێو کورددا لە یەریڤان, لەلایەن ئەمینی ئەڤداڵەوە. **4226**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 99.

1965 بڵاوکردنەوەی پەڕتووکی کوردی ئەرمەنستانی سۆڤێتی لە یەریڤان, لەلایەن خالیدی چەتۆوە. **4227**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 105.

1965 بڵاوکردنەوەی نامەی دوکتۆراکەی مەکسیمی خامۆش لە یەریڤان, دەربارەی مەرفۆلۆژیای شێوەی بادینان. **4228**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 106.

1965 بڵاوکردنەوەی پەڕتووکێك بە نێوی زمانی کوردەکانی ئازربایجان لە مۆسکۆ, لەلایەن چ.خ. باکاییڤەوە. **4229**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 124.

1965 بەدەستهێنانی نامەی دوکتۆری لەلایەن نەسرین فەخری لە باکۆ, بە نێوی کردار لە زمانی کوردیدا. **4230**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 129.

1965 لەدایکبوونی هونەرکاری وێنەکاری شۆڕش ئەمین لە شاری سلێمانی. 4231

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – ژمارە 70 – مایی 1996. لاپەڕە : 5.

1965 یارمەتیی د.ا, بۆ شۆڕشی ئەیلوولی باشووری.ك. 4232

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 397.

1965 ژمارەی کوردە ئێزیدییەکان بەپێی ئاماری ئەم ساڵە, 55.885 کەسە. 4233

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: د. عزیز الحاج – القچیە الکردیە – بغداد – 1985. لاپەڕە : 84.

1965 مامۆستا عەلی مەردان لە ڕادیۆی تاران و کرماشان چەند گۆرانییەکی تۆمار کرد. 4234

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مامۆستای کورد – ژمارە 22 – سوید – هاوینی 1994. لاپەڕە : 78.

1965 بڵاوکردنەوەی پەڕتووکی گەشتێك لە دەربەندی بازیانەوە بۆ ملەی تاسڵۆجە بە زمانی عارەبی لەلایەن تۆفیق وەهبییەوە. 4224

1965 دامەزرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا بە نهێنی و بە هاندانی مەلا مستەفا بارزانی. 4220

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: مارتین فان برونەسن – ئاغا و شێخ و دەوڵەت – کوردۆ, لە ئاڵمانییەوە کردوویە بە کوردی – بەرگی یەکەم – چاپخانەی ڕۆژ – سوید – 1996. لاپەڕە : 85.

1965 بڵاوکردنەوەی وتاری جێ نێوی لکاو لە زمانی کوردیدا لە پەڕتووکی نووسراوە دێرینەکان و دۆزی مێژووی کلتووری گەلانی ڕۆژهەڵاتدا, بە زمانی ڕووسی لە لێنینگراد, لەلایەن قەناتی کوردۆوە. 4222

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەورووپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 111.

1965 دوکتۆر کەمال فواد وتارێکی لەسەر ئەدەبی فۆلکلۆری کورد لە گۆڤاری زانکۆی هومبولتدا بە ئەڵمانی بڵاوکردەوە. 4223

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەورووپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 65.

1965-01-00 وەزیری نێوخۆی ئێراق عەبدولحەمید سوبحی ڕایگەیاند, کە ئێراق دان بە ماڤ کوردا نانێت و بەڵکو دەیەوێت چەکەکانیان دابنێن و چیدی وتوویژیش لەگەڵ کوردا ناکاتەوە. 4237

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 394.

1965-02-10 مانگرتنی گشتی لە باشووری.ك سازدرا لە دژی شەڕ و د.ق. 4238

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: ڕووناکبیری – ژ2 – گۆڤارێکی کولتووریی گشتییە – لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵی هونەری کوردی لە سوید – ستۆکهۆڵم – دیسەمبەری 1992. لاپەڕە : 148.

**1965-03-00** گیرانی دەیان ئەندامی حدکا لەلایەن داگیرکەری ئێرانییەوە, ئەوانە زۆربەیان تاوەکو دوو ساڵ لە زینداندا مانەوە. **4239**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: عەبدوڵلا حەسەن زادە – نیو سەدە تێکۆشان, ئاوڕێك لە ڕابردووی خەبات و تیکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – لە بلاوکراوەکانی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – ئۆگەستی 1995. لاپەڕە : 34.

**1965-03-21** دامەزراندنی یەکێتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا, نۆکسە, لەلایەن مامۆستا جەمال نەبەز و شەهید لەتیف عەلی و بروسك ئیبراهیمەوە لە شاری میونیخ. **4240**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 66.

سەرچاوەی 2: پەرتووکی عەرەبی: جمال نبز – حول المشكله الكرديه – من منشورات الأتحاد القومي للگلبه الأكراد في اوروبا – (NUKSE) – 1969.) لاپەڕە : 27.

**1965-04-00** هێرشی د.ق بۆسەر شاری سلێمانی, کە بووە هۆی شەهیدکردنی 60 کەس و بریندارکردنی سەدانی تر. **4241**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێرانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 394.

**1965-04-04** هێرشی د.ق, بۆسەر کوردستان. **4242**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 3 و 4 – خولی پێنجەم – 25-12-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 23.

**1965-05-07** کۆچی دوایی هۆزانەوانی چەوساوەکان قانع. **4243**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – ژمارە 70 – مایی 1996. لاپەڕە : 5.

**1965-06-00** گەڕانەوەی جەلال تاڵەبانی لە ئێرانەوە بۆ حاجی هۆمەران بۆ نێو پارتی, کە ماوەیەك لە گوندی خۆشکان مایەوە. **4244**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: فرەنسۆ هەریری – بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی نەنووسرێ – پرسیار و وەڵام – لە بلاوکراوەکانی پدك – هاوینەهەواری پیرمام – هەولێر – 1995. لاپەڕە : 15.

**1965-09-11** دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان, لە باکووری وڵات. **4245**

**1965-09-25** سەردانی شا حوسەین پاشای ئوردون بۆ ئێران, تاوەکو وا لە ئێران بکات چیدی یارمەتیی شۆڕشی کورد لە باشووردا نەدات. **4246**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێرانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 397.

**1965-11-00** نێوەڕاستی ئەم مانگە: ڕوودانی پێکدادانێکی بچووك لە نێوان هێزەکانی د.ا و د.ق. **4247**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێرانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 397.

1966 گیرانی عەبدوڵڵای ئیسحاقی لەلایەن بەعسییەکانەوە و پاشان هەر زوو بەرەڵڵا دەکرێت, ئنجا لەلایەن بارزانییەوە دەنێردرێتە نێوچەی بادینان. **4260**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێرانی محەمەدی رەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەرە : 529.

1966 دەرچوونی پەرتووکی شۆرشەکەمان لە باکووری ئێراقدا لە بەغداد, لەلایەن عبدالمنعم الغلامییەوە. **4262**

1966 لەدایکبوونی هونەرکاری وێنەکێش مەریوان جەلال لە شاری سلێمانی. **4261**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مامۆستای کورد – ژمارە 23 – سوید – پاییزی 1994. لاپەرە : 24.

1966 مەهمەت عەلی ئەرسەلان کە کوردێکی باکوور بوو, بووە سەرۆکی پارتی کرێکارانی تورکیا. **4259**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێرانی محەمەدی رەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەرە : 518.

1966 ژێنەراڵ سونای دەستەلاتی تورکیای گرتە دەست. **4258**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی هۆلەندی: Dr. Ploetz Karl. Prisma Kalendarium, Wereldgeschiedenis in jaartallen, Het Spectum BV – Zevende druk – 1988. لاپەرە : 180.

1966 بەدەستهێنانی نامەی دوکتۆری لەسەر هۆنراوەی هۆزانەوانی ئەو دەمەی کورد – عەبدوڵڵا گۆران, لەلایەن کورد ئۆگلییەوە لە باکۆ. **4255**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەورووپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆری زانیاری کورد – چاپخانەی کۆری زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەرە : 129.

1966 کوژرانی عەلی حەمدی لەلایەن پدك وە, کە ئەندامی کۆمیتەی نێوەندیی پارتی بوو لە 951دا و بەرپرسی چاپکردنی رۆژنامەی رزگاری بوو لە نێوان 51 و 52 دا و لە ساڵی 961ەوە پەیوەندیی کردووە بە شۆرشی ئەیلولەوە. **4257**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیه فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعه الاولی – شرکه المعرفه للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەرە : 175.

1966 بڵاوکردنەوەی پەرتووکێك بە نێوی ریالیزم لە ئەدەبی کوردیدا لەلایەن عیزەدین مستەفا رەسوڵەوە, بە زمانی عارەبی لە بەیروت. **4256**

1966 بڵاوکردنەوەی پەرتووکی شۆرشی ساڵی 1882ی کورد لە مۆسکۆ, لەلایەن جەلیلی جەلیلەوە. **4253**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەورووپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆری زانیاری کورد – چاپخانەی کۆری زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەرە : 104.

1966 پرۆفیسۆری ئەڵمانی فۆخلەر هاوکە نەخشەیەکی کوردستانی لە یەکێك لە باشترین چاپخانەکانی ئەڵمانیادا کە نێوی ئۆرژیە, بە نێوی کوردەکان – گەلێکی بێ دەوڵەتەوە لە چاپدا. نەخشەکە کورتە مێژوویەکی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاری خوازانەی کوردستانی لەگەڵە. **4252**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 48.

1966 هاوینی ئەمساڵ: چوونی وەفدێکی حدکا بۆ گوندی لێوژە, بۆ سەردانی بیرۆی ڕامیاریی پارتی. **4250**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1970 – 1975 – بەرگی چوارەم – ستۆکهۆڵم – 1990. لاپەڕە : 9.

1966 دانانی فەرهەنگی کوردی – ئینگلیزی لەلایەن ئەدمۆندز و تۆفیق وەهبییەوە. **4254**

1966 بڵاوکردنەوەی پەڕتووکی کوردستان ... وڵاتێك لە شۆڕشدا بە زمانی ئەڵمانی کە لەلایەن ڕۆژنامەنووسی ئایسلەندی ئەرلەندەر هەرادلسنەوە نووسراوە. **4249**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 45.

1966 ڕۆژنامەنووسێکی ئەڵمانی بە نێوی کارستەن دێتمان, پەڕتووکێکی بەنێوی شێر بە لەپی خۆت بگرە شێخ تودەی نایەتە هاواری تۆوە بڵاوکردەوە, کە پڕە لە وێنەی جوانی کوردستان و پێشمەرگە دلێرەکانی. **4251**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 48.

1966 کۆبوونەوەی خوێندکارانی کورد لە براگ. **4248**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: جمال نبز – حول المشكله الكرديه – من منشورات الاتحاد القومي للگلبه الاكراد ف اوروبا – (NUKSE) – 1969.) لاپەڕە : 58.

1966-01-00 ڕوودانی شەڕێکی قورس لە نێوچەی پێنجوێن لە نێوان د.ق و پێشمەرگەکاندا, بە فەرماندەی عەزیز ئاکرێیی, کە بووە هۆی ڕزگارکردنی شاری پێنجوێن و کوشتنی 3 ئەفسەر و 41 سەربازی ئێراقی. **4263**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 398.

1966-01-00 گرتنی چەکێکی زۆر و 4 کەسی ئەڵمانی لە ئەڵمانیای خۆرئاوا, کە دەیانویست ئەو چەکانە لە چیکۆسلۆڤاکیاوە بگەیەننە باشووری کوردستان بۆ شۆڕشی ئەیلوول, بەڵام پۆلیسی ئەڵمانی هەر زوو ئەو باسەی داخست و خۆیی لێ بێدەنگ کرد. **4264**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 399.

**1966-03-25** کۆچی دوایی کوردناسی بەنێوبانگی ڕووس مینۆرسکی لە شاری لەندەن. **4265**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: مینۆرسکی – کورد – د. مارف خەزنەدار, کردوویەتی بە عارەبی – حەمە سەعید حەمە کەریم, کردوویەتی بە کوردی – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر – 1984. لاپەڕە : 15.

**1966-04-10** بزرکردنی نێوی 10 هەزار هاوولاتیی خۆرئاوای.ک, لە نێو تۆمارەکانی د.س, کە لە ئەنجامدا ئەوانە بەبێ ناسنامە مانەوە. **4266**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 3 و 4 – خولی پێنجەم – 25-12-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 21.

**1966-05-12** هێرشی پێشمەرگەکانی ئەیلوول بۆسەر کێوی هەندرێن کە نێوچە بەرزەکانی کێوەکەیان گرت و ژمارەیەکی زۆر سەربازی ئێراقییان کوشت و بریندار و بەدیل گرت, بەلام 60 پێشمەرگەش شەهید بوون و شۆڕش لەو هێرشەدا گەلێك چەکی قورس و سووکی دەستکەوت, شایانی باسە هێرش و دژە هێرش لە هەردوولاوە بۆسەر ئەو کێوە تامانگی 7 بەردەوام بوو, لەو بەرەیەدا ژمارەی پێشمەرگە 3500 و ژمارەی سەرباز و جاشی دوژمن 35 هەزار بوون. **4267**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 3 و 4 – خولی پێنجەم – 25-12-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 25.

سەرچاوەی 2: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێرانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 401.

**1966-05-17** پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوولی باشوور لە بەرەی زۆزکدا گەورە ترین سەرکەوتنیان بەدەست هێنا لە دژی د.ق. **4268**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەلبەند – مەلبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – ژمارە 70 – مایی 1996. لاپەڕە : 5.

**1966-06-13** چوونی وەفدێکی پدك بۆ بەغداد بۆ گتوگۆ, وەفدەکە بریتی بوون لەمانە: حەبیب کەریم, سالح یوسفی و موحسین دزەیی, گفتوگۆکە لە چاو ئەوانەی پێشتردا سەرکەوتوو بوو. **4269**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێرانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 401.

**1966-06-29** سەرۆك وەزیرانی ئێراق, لەسەر تەلەفزیۆنی ئێراق مافی ئۆتۆنۆمیی بۆ کورد لە باشووردا ڕاگەیاند و لە ئەنجامدا گیراوە ڕامیارییەکانیش بەردران. **4270**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەلبەند – مەلبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – ژمارە 70 – مایی 1996. لاپەڕە : 23.

سەرچاوەی 2: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێرانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 402.

**1966-07-04** ئێراق بە ڕەسمی ناڕەزایی بەرامبەر ئێران دەربڕی, چونکە ئەمەی دواییان یارمەتیی شۆڕشی کورد لە باشووردا دەدات. **4271**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێرانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 398.

**1966-09-00** کۆچی دوایی ئەمین ڕەشید ئاغا، نێوبراو بۆ ماوەیەکی درێژ نوێنەری کەرکوک بوو لە ئەنجوومەنی ئێراقیدا. **4272**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: صوت الاکراد – لسان حال الحزب الديمقراگى الكردى فى لبنان "البارتى" – نصف شهريه – العدد 29 – لندن – 24-3-1997. لاپەڕە : 7.

**1966-10-28** عەبدولڕەحمان عارف لە سەربازگەی مەفرەقی نزیك ڕەواندز چاوی بە بارزانی کەوت، کە هەردوولا یەکتریيان خەلات کرد. **4273**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 405.

**1966-11-13** خالید بەکتاشی بە ڕەگەز کوردی سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی سووریا ڕایگەیاند، کە یەکێتیی عارەبی، بڕبڕەی پشتی ڕامیاریی کۆمۆنیستە. **4274**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: جمال نبز – حول المشكله الكرديه – من منشورات الاتحاد القومى للگلبه الاكراد فى اوروبا – (NUKSE) – 1969.) لاپەڕە : 47.

**1966-11-15** تا 12-11، بەستنی هەفتەمین کۆنگرەی پدك لە گەلاڵە، کە تێیدا بارزانی کرایەوە سەرۆك و حەبیب کەریمیش کرایە سکرتێر، لەو کۆنگرەیەدا بەیانێکیان دەرکرد کە تێیدا نووسرابوو ئەگەر د.ق داواکارییەکانی شۆڕش جێبەجێ نەکات، ئەوا شەڕ دەست پێدەکاتەوە. **4275**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 406.

**1967** بڵاوکردنەوەی پەڕتووکی داستانی قارەمانێتیی کورد – خانی لەپ زێرین و قەڵای دمدم لە مۆسکۆ لەلایەن ئۆردوخانی جەلیلەوە. **4281**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 103.

**1967** بڵاوکردنەوەی شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی لە مۆسکۆ، لەلایەن ئی.ئی. ڤاسیلیڤاوە. **4282**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 89.

**1967** بڵاوکردنەوەی نامەی دوکتۆراکەی د. مارف خەزنەدار بە زمانی ڕووسی لە مۆسکۆ، دەربارەی لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە. **4283**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 120.

**1967** بەستنی کۆنگرەی جیهانی تیۆری بۆ ئەدەبی نەتەوەکانی خۆرهەلات لە مۆسکۆ، کە د. مارف خەزنەدار وتارێکی دەربارەی ئەدەبی ڕۆمانتیکی کوردی تێدا خوێندەوە. **4280**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: دوکتۆر مارف خەزنەدار – لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، بریتییە لە چواردە لێکۆڵینەوە – بەغداد – چاپخانەی الموسسه العراقيه للدعايه و التباعه – 1984. لاپەڕە : 145.

1967 دۆزینەوەی کەرەستەی مرۆڤی کۆن لە نێوچەی جۆگە مامی لەلایەن زانکۆی شیکاگۆ و دەستەیەکی بەریتانییەوە, کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ 6.896 ساڵ پێش ئێستێ. **4292**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: نخبە من الباحپین العراقیین – حچارە العراق – الجزو الاول – بغداد – 1985. لاپەڕە : 136.

1967 پیلانی ساواکی د.ا, لە دژی تێکۆشەر فایەق ئەمین و هاوڕێیانی. **4291**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 3 و 4 – خولی پێنجەم – 25-12-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 24.

1967 لەدایکبوونی دەفژەنی بە نێوبانگ سادقی تەعریف لە سنە. **4294**

سەرچاوەی 1: بەیان و بلاوکراوەی کوردی: بروشووری تیپی موزیکی ئاوات.

1967 بڵاوکردنەوەی دیوانە هەڵبەستی فرمێسك و زام لەلایەن هۆزانەوان عەبدوڵڵا پەشێو لە شاری کەرکوك. **755**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: کۆڕێکی هەڵبەست خوێندنەوە لەلایەن هۆزانەوان (عەبدوڵڵا پەشێو)ەوە, کە لەلایەن مەڵبەندی کلتووریی کورد لە لاهای – هۆڵندا ڕێکخرابوو.

1967 تا 968, گەڕانەوەی هەندێك کادر و پێشمەرگەی حدکا لە باشوورەوە بۆ خۆرهەڵات, بۆ دەستپێکردنی شەڕی پارتیزانی دژی د.ا, ئەو جووڵانەوەیە نزیکەی 11 مانگی خایاند و بە کوژرانی ڕابەرانی کۆتایی پێهات, لەوانە سولەیمانی موعینی, مەلا ئاوارە, خەلیل شەوباش و..., کە پارتی دەستی لە شەهیدکردنی هەندێکیاندا هەبوو. **4276**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ, دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەڕە : 299.

سەرچاوەی 2: پەرتوکی کوردی: مارتین فان برونەسن – ئاغا و شێخ و دەوڵەت – کوردۆ, لە ئاڵمانییەوە کردوویە بە کوردی – بەرگی یەکەم – چاپخانەی ڕۆژ – سوید – 1996. لاپەڕە : 90.

1967 بەدەستهێنانی نامەی دوکتۆری لەسەر شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی, وەك سەرچاوە لە بارەی مێژووی گەلی کوردەوە, لەلایەن م. ی. شەمسی لە باکۆ. **4284**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 129.

1967 بڵاوکردنەوەی وتارێك بە نێوی چاپەمەنییە کوردییە پێشکەوتووەکان سەبارەت بە شۆڕشی ئۆکتۆبەری سۆسیالیستی مەزن لە پەرتووکی ئۆکتۆبەری مەزن و خەباتی ئازادی گەلانی ڕۆژهەڵاتی نزیك و نێوین لە باکۆ, لەلایەن د. کەمال مەزهەرەوە. **4285**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 131.

1967 دروستكردنی پشتێنەی ئاسایش لەلایەن ڕژێمی سووریاوە لە نێوچەكانی باكووری خۆرئاوای كوردستان, كە بە هۆیەوە ژمارەیەكی زۆری كورد لە شوێنی خۆیان هەڵكەندران و عارەبیان لە شوێندا نیشتەجێ كران. **4286**

سەرچاوەی 1: پەڕتووكی عەرەبی: الدكتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الكردیە فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعە الاولی – شركە المعرفە للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 290.

1967 سكرتێری پارتی كرێكارانی توركیا مەهمەت عەلی ئەیبەر كە تورك بوو, لە كۆنفرانسی نتەرناسیۆنالی ستۆكهۆڵمدا ڕایگەیاند كە مەسەلەی كورد لە توركیادا بوونی نییە. **4287**

سەرچاوەی 1: پەڕتوكی كوردی: كریس كۆچیرا – مێژووی كورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەكەم – چاپخانەی كارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 519.

1967 د.س, بە زەبری چەك هێرشی كردە سەر گوندەكانی كوردستان, تاوەكو ڕایان بگوێزێت و عارەبیان تێدا نیشتەجێ بكات, یەكێك لەو گوندانەی كە هێرشی كرایە سەر, گوندی عەلی فەرو بوو, كە خەڵكەكەی خۆیاندا بە زەویدا و ڕێیان بە زرێپۆشەكانی داگیركەر گرت, لە ئەنجامدا زێتر لە 100 كەسی گوندەكەیان ڕاپێچی زیندانی حەسەكە كرد, كە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون. ناچار داگیركەر لە بەردەم جەماوەری كوردا پاشەكشەی كرد. **4288**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری كوردی: دلانپار – ژ – 3 و 4 – خولی پێنجەم – 25-12-1995 – دەنگی كۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی كوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 21.

1967 د.ت, لەم ساڵەدا ملیۆن و نیوێك ئاسنی لە نێوچەی سیواسدا دەرهێناوە. **4289**

سەرچاوەی 1: پەڕتوكی فارسی: كندال, عسمت شریف وانلی و مستفی نازدار – كردها – ترجمە: ابراهیم یونسی – انتشارای روزبهان – تهران – 1372. لاپەڕە : 96.

1967 گیرانی ئاپۆ ئۆسمان و جەواد مەلا لەلایەن د.س. **4290**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری كوردی: دلانپار – ژ – 3 و 4 – خولی پێنجەم – 25-12-1995 – دەنگی كۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی كوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 21.

1967 كۆچی دوایی هۆزانەوان مەلا كەریمی ناتیق لە هەڵەبجە. **4293**

سەرچاوەی 1: پەڕتوكی كوردی: ئەكرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەكیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی یەكەم – چاپی یەكەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1987. لاپەڕە : 413.

1967 پرۆفیسۆری ئەڵمانی ڤۆلڤگانك ڕۆدۆلف دوو وتاری لەسەر ڕێكخستنی كۆمەڵایەتی لە خۆرهەڵاتی كوردستان و هۆزی فەیزوڵڵا بەگی بۆكان بە هاوكاری كوردێك كە نێوی حەسەن فەلاحە, بڵاوكردەوە. هەروەها هەمان زانا هەر لەم ساڵەدا وتاری سێیەمی لەسەر كوردەكانی خۆرهەڵات لە نەمسا لە گۆڤاری بوستاندا بڵاوكردەوە. **4277**

سەرچاوەی 1: پەڕتوكی كوردی: بەركورتیكی خەرمانی كوردناسی لە ئەوروپا – نووسینی چەند مامۆستایەكی كورد – لە چاپكراوەكانی كۆڕی زانیاری كورد – چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 47.

**1967** دامەزرانی تیپی کامکاران لە شاری سنە, بەسەرۆکایەتیی حەسەنی کامکار و بەشداریی هۆشەنگ, بیژەن, ئەرژەنگ, قەشەنگ و ئەرسەلانی کامکار. **148**

**1967** ئیسرایل یارمەتیی مادی و سەربازیی دایە شۆڕشی ئەیلوول لە باشوور. **4279**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: مارتین فان برونەسن – ئاغا و شێخ و دەوڵەت – کوردۆ, لە ئاڵمانییەوە کردوویە بە کوردی – بەرگی یەکەم – چاپخانەی ڕۆژ – سوید – 1996. لاپەڕە : 34.

**1967** کوردێکی باکوور کە نێوی حەمە ڕەش ڕەشۆیە – حەمدی تورانلی, چەند پارچە هۆنراوەیەکی خۆیی بە ئەڵمانی و کوردیی لاتینی لە هۆڵەندا بڵاوکردەوە. **4278**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەورووپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 65.

**1967-01-00** دەرچوونی یاسای چاپەمەنیی نوێ لەلایەن حوکومەتی تورکیاوە, کە بەپێی ئەو یاسایە دەبوایە هەر گۆڤار و ڕۆژنامەیەك لەلایەن دەوڵەتی تورکەوە ئاڕاستە بکرایە. **4295**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 518.

**1967-07-06** کوژرانی ڕەئوف حاجی قادری جاسوس لە بەردەرکی سەرای شاری سلێمانی لەلایەن دەستەی کانی ساردییەکانەوە, نێوبراو ئەندامێکی بەرزی حشع و لێپرسراوی لکی سلێمانی بوو. **4296**

**1967-08-00** د.س, ماوەی مانگێکی بۆ گوندەکانی خۆرئاوای.ك دانا, تاوەکو چۆڵی بکەن. **4297**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 3 و 4 – خولی پێنجەم – 25-12-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 21.

**1967-08-03** ڕوودانی دوو خۆپیشاندانی گەورە لە هەردوو شاری سیواس و دیاربەکر, کە هەزاران کەس بەشداریی تێدا کرد, خۆپیشاندانەکە پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا ئامادەی کرد. **4298**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – ژ73 – ئۆگەستی 1996. لاپەڕە : 3.

سەرچاوەی 2: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 520.

**1967-12-14** کوژرانی ئەحمەد عەبدوڵڵای دامەزرێنەری یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەلایەن پدك ەوە, نێو براو خەڵکی شاری ئامێدی بوو و لەساڵی 1948ەوە ئەندامی پدك بووە, لە کۆنگرەی چواری پدك دا, لە 06-01؟-1959 دا بووەتە ئەندامی کۆمیتەی نێوەندی پارت و لێپرسراوی نێوچەی بادینان و کاتی خۆشی بەڕێوەبەری ئامادەیی دهۆك بوو. **4299**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیە فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعە الاولی – شرکە المعرفە للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 178.

1967-12-15 هەوڵی کوشتنی شەفیق ئاغا درا, بەڵام سەرنەکەوت و لە ئەنجامدا خەلیل شاوەیسی برای تەحسین شاوەیس کوژرا. پارتی دەڵێت ئەمە کاری دەستەی جەلال تاڵەبانی بووە. **4300**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: فرەنسۆ هەریری – بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی نەنووسرێ – پرسیار و وەڵام – لە بڵاوکراوەکانی پدک – هاوینەهەواری پیرمام – هەولێر – 1995. لاپەڕە : 60.

1968 پدک, مەلا ئاوارەی دایە دەست د.ا و لە سێدارەیاندا, نێوبراو ئەندامێکی بەرزی حدکا و هۆزانەوانیش بوو. **4311**

1968 کۆتایی ئەمساڵ یان سەرەتای ساڵی داهاتوو: هۆزانەوان عەبدوڵڵا پەشێو وازی لە کاری حیزبایەتی هێنا. **754**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: کۆڕێکی هەڵبەست خوێندنەوە لەلایەن هۆزانەوان (عەبدوڵڵا پەشێو)ەوە, کە لەلایەن مەڵبەندی کلتووریی کورد لە لاهای – هۆڵندا ڕێکخرابوو.

1968 بڵاوکردنەوەی چیرۆکی لالۆ کەریم بە زمانی ئەڵمانی لەلایەن جەمال نەبەزەوە. **4301**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەورووپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 69.

1968 بڵاوکردنەوەی پەرتووکی دیالێکتی کوردی موکری لە لێنیگراد, لەلایەن کەریمی ئەیوبی و ی.ا. سمیرنۆڤاوە. **4302**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەورووپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 119.

1968 بڵاوکردنەوەی وتارێك بە نێوی مانگرتنی کرێکارانی نەوتی کەرکوك لە ساڵی 1946 دا لە گۆڤاری میللەتانی ئاسیا و ئەفەریقا, ژ 6 لە مۆسکۆ, لەلایەن د. کەمال مەزهەر ئەحمەدەوە. **4303**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەورووپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 130.

1968 کۆچی دوایی ساڵح قەفتان. **4312**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی یەکەم – چاپی یەکەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1987. لاپەڕە : 415.

1968 دامەزراندنی دەزگای پاراستنی سەربە پدک, کە مەسعود بارزانی سەرۆکی بوو. **4310**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 79.

1968 دەرچوونی ڕۆمانی گوندی مێرخاسا, لەلایەن عەلی عەبدولڕەحمانەوە. **4309**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: هە فوت – مجلە الحرکە الثقافیە الکردیە – العدد 3 – سویسرا – نیسان 1994. لاپەڕە : 6.

1968 کۆچی دوایی هونەرکاری گۆرانی بێژ و تەمبووڕژەن مام عەبی لە گوندی تۆبزاوا. **4308**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 2 – خولی شەشەم – ساڵی دەیەم – 25-06-1996 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 91.

**1968** جیابوونەوەی سەرۆکایەتیی نێوەندی لە حشع، کە زۆربەی سەرکردە و کادرەکانیان ڕوویانکردە چیاکانی باشووری.ك. **4307**

**1968** لەدایکبوونی مۆزیکوان و گۆرانیبێژ نیلۆڤەر ئیقباڵ لە شاری موش. **4306**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ11 و 12 – بلاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی، لەندەن – مارتی 1997. لاپەڕە : 14.

**1968** لەدایکبوونی هونەرکاری وێنەکێش هەڤاڵ ئەحمەد لە شاری سلێمانی. **4305**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مامۆستای کورد – ژمارە 22 – سوید – هاوینی 1994. لاپەڕە : 40.

**1968** ئیدریس و مەسعود هەردوو کوڕەکەی بارزانی، بوونە ئەندامی بیرۆی ڕامیاریی پدك. **4304**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 419.

**1968** کۆچی دوایی گۆرانیبێژ غەفوور فەتاح – گەرگەڕ. **4313**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی دووەم – چاپی دووەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1989. لاپەڕە : 55.

**1968** کوژرانی ئەحمەد ڕەشوانی لەلایەن پارتییەوە، بەتاوانی ئەوەی سەربە دەستەی جەلال تاڵەبانی بوو. **8227**

**1968-01-00** یاریکردنی شانۆیی بڕیار و ئەنجام لەلایەن پەیمانگای مامۆستایانی سلێمانی. دەرهێنانی عەبدولقادر نوری و ئەم ئەکتەرانەش بەشدارییان تێداکرد: حەمە ڕەشید هەرەس، عوسمان چێوار، ڕەوف حاجی سەعید، عەبدولی حەمە جوان، کەمال دڵشاد، سەلاح یونس و جەمیل ئەحمەد شازەمان... **8195**

سەرچاوەی 1: ڕووبەڕووی کوردی: ڕووبەڕوویەك لەگەڵ هونەرمەند حەمە ڕەشید هەرەس لە 14-08-2004 لە ئەمستەردام.

**1968-05-05** سلێمانی موعینی و خەلیل شەوباش کە دوو تێکۆشەری خۆرهەڵاتی.ك بوون، شەهید کران. ئەمانە لەلایەن پدك درانە دەست د.ا. **4314**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 408.

سەرچاوەی 2: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – ژمارە 70 – مایی 1996. لاپەڕە : 5.

**1968-07-17** بەعسییەکان کودەتایەکیان لە ئێراقدا کرد و ڕژێمی عەبدولڕەحمان عارف یان لە نێوبرد، ئەحمەد حەسەن بەکریش بووە سەرۆك کۆماری ئێراق. **4315**

**1968-08-30** کۆچی دوایی نووسەر و مێژوونووس ساڵح قەفتان لە سلێمانی. **4316**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ساڵح قەفتان – مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ – چاپخانەی (سەلمان ئەلئەعزەمی) – بەغداد – 1969.

**1968-09-24** ڕژێمی بەعس بەڕەسمی دانی نا بە جەژنی نەورۆزی کوردا لە باشووری کوردستان. **4317**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: جمال نبز – حول المشكله الكرديه – من منشورات الاتحاد القومي للگلبه الاكراد فى اوروبا – (NUKSE) – 1969.) لاپەڕە : 11.

**1968-10-23** دامەزراندنی زانکۆی سلێمانی. **4318**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – ژ52 – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – ئۆکتۆبەری 1994. لاپەڕە : 5.

**1968-11-03** کۆچی دوایی هۆزانەوان نەجمەدینی حاجی مەلا ڕەسوڵی دێلێژە, ناسراو بە ئاری. **4319**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی یەکەم – چاپی یەکەم – چاپخانەی دار الحريه – بەغداد – 1987. لاپەڕە : 414.

**1968-11-16** ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەڕەنسی باسێکی لەسەر دژایەتیی د.ا بۆسەر کوردی خۆرهەڵات بڵاوکردەوە. **4320**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: جەلیل گادانی – 50 ساڵ خەبات – کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – بەرگی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی باشووری کوردستان – بێ بەروار. لاپەڕە : 145.

**1969** بڵاوکردنەوەی نامەی دوکتۆرای ناوکی د. کەمال مەزهەر ئەحمەد لە باکۆ, بە نێوی بزووتنەوەی ئازادی نەتەوایەتی لە کوردستانی ئێراق 918 – 1958. **4332**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەورووپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 129.

**1969** بڵاوکردنەوەی چیرۆکی مەم و زینی خانی بە ئەڵمانی لەلایەن یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپاوە, کە مامۆستا جەمال نەبەز وەریگێڕا بوو. **4321**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەورووپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 68.

**1969** لیڤاین, نامەی دوکتۆرای لەسەر مێژووی نێوچەکانی زاگرۆس لە ئەڵمانیا وەرگرت. **4322**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: د. جەمال ڕەشید ئەحمەد – لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری – دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی – دار الحريه للتباعه – بەغداد – 1988. لاپەڕە : 96.

**1969** بڵاوکردنەوەی پەڕتووکی کریستۆماتی کوردی کە بەرهەمی 5 نووسەری کوردە بە زمانی ئەڵمانی لەلایەن جەمال نەبەزەوە. **4323**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەورووپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 68.

1969 بڵاوکردنەوەی پەڕتووکی دەربارەی کێشەی کورد بە زمانی عارەبی لەلایەن مامۆستا جەمال نەبەزەوە. **4324**

1969 لە ژێر چاودێریی حاجی جوندیدا پەڕتووکی گۆرانی و حیکایەتی کوردی لە مۆسکۆ بڵاوکرایەوە. **4325**
سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 101.

1969 بڵاوکردنەوەی دوو نامیلکە لەسەر پەندی پێشینان و قسەی نەستەق لە یەریڤان, لەلایەن ئۆردوخانی جەلیلەوە, کە نامیلکەی دووەمیان ساڵی 970 دەرچوو. **4326**
سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 103.

1969 بڵاوکردنەوەی پەڕتووکی کورد لە شەڕی دووەمی جیهاندا لە یەریڤان, لەلایەن خالیدی چەتۆوە. **4327**
سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 105.

1969 بڵاوکردنەوەی نامەی دوکتۆراکەی گ.ب. ئاکۆپۆڤ لە یەریڤان, لەسەر ڕەخنەی مێژوویی لە دۆزی نەژادی کورددا. **4328**
سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 107.

1969 بڵاوکردنەوەی وتارێك بە نێوی شیکردنەوەی بەڵگەکانی گەزنەفۆن دەربارەی کاردۆخەکان لەلایەن قەناتی کوردۆوە, لە پەڕتووکی کورتەی وتارەکانی کۆنفرانسی زانستی ئێراناسی – بۆ یادی شەست ساڵەی پرۆفیسۆر ن.ا. بۆلدرێڤدا, بە زمانی ڕووسی لە مۆسکۆ. **4329**
سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 112.

1969 بڵاوکردنەوەی چەند چیرۆکێکی کوردی بە نێوی دوازدە سوارەی مەریوان بە زمانی ڕووسی لە مۆسکۆ, لەلایەن د. مارف خەزنەدار و یانینا خەزنەدارەوە. **4331**
سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 120.

1969 بەدەستهێنانی نامەی دوکتۆری لەسەر بەرهەمی جگەر خوێنی هۆزانەوانی ئەم دەمەی کورد, لەلایەن عەسکەر شامیلەوە لە باکۆ. **4333**
سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 129.

1969 بڵاوکردنەوەی پەڕتووکێك بە نێوی هۆنراوەی هۆزانەوانی ئەم دەمەی کورد – عەبدوڵڵا گۆران لەلایەن د. کورد ئۆگلییەوە لە باکۆ. **4334**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 131.

1969 پێشمەرگەی لێهاتوو شەهید سلێمان سادق فڕۆکەیەکی داگیرکەری ئێراقی بە چەکی دژی ئاسمانی خستە خوارەوە و لەلایەن بارەگای بارزانییەوە خەلات کرا. **4335**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976–1980 – بەشی یەکەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەڕە : 55.

1969 دەرچوونی گۆڤارێك لە ئانکەرە, لەلایەن پارتی کرێکارانی تورکیاوە, بە دوو زمانی کوردی و تورکی بە نێوی هەوای تازە, بەلام ئەو گۆڤارە پاش چوار ژمارە داخرا. **4336**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێرانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 518.

1969 بەشبوونی پارتی دیموکراتی کورد لە تورکیا بۆ دوو شاخە, یەکێکیان کە ڕەچاوی شێوازی پارتی دیموکراتی کورد لە سووریای دەکرد و بە سەرۆکایەتیی سەعید ئالچی بوو, ئەوی تریان بە سەرۆکایەتیی دوکتۆر شڤان بوو, کە بووە پارتی ئازادی کورد لە تورکیا. **4337**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێرانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 521.

1969 نووسینی یەکەم وانە بۆ مندالان لەلایەن هۆزانەوان عەبدوللا پەشێو. ئەم وانانە لە ئەنجامدا گەیشتنە دوازدە وانە کە یەکێکن لە شاکارە هۆنراوەییەکانی پەشێو. **756**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: کۆڕێکی هەلبەست خوێندنەوە لەلایەن هۆزانەوان (عەبدوللا پەشێو)ەوە, کە لەلایەن مەلبەندی کلتووریی کورد لە لاهای – هۆلندا ڕێکخرابوو.

1969 بەستنی کۆنفرانسی دووەمینی حدکا لە باشووری.ك, لە کۆنفرانسەکەدا 3 کەسی دیکە بۆ کۆمیتەی نێوەندی هەلبژێردران, کە ئەمانە بوون: حەسەن ڕستگار, هێمن و عەبدوللا حەسەن زادە. **4338**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: عەبدوللا حەسەن زادە – نیو سەدە تێکۆشان, ئاوڕێك لە ڕابردووی خەبات و تیکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – لە بلاوکراوەکانی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – ئۆگەستی 1995. لاپەڕە : 53.

سەرچاوەی 2: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێرانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 531.

1969 شەهیدکردنی قادر شەریف, لە شاری سلێمانی بە دەستی یوسفە لچە و پێشمەرگەیەکی تری پارتی, نێوبراو ئەندامی حدکا بوو. **4339**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: جەلیل گادانی – 50 سال خەبات – کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – بەرگی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی باشووری کوردستان – بێ بەروار. لاپەڕە : 141.

1969 داوەری کردنی ئاپۆ ئۆسمان لەلایەن د.س. **4340**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 3 و 4 – خولی پێنجەم – 25–12–1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 22.

**1969** بڵاوکردنەوەی وتارێك بە نێوی نیشانەی کۆ لە دیالێکتی کرمانجی ژووروودا, لەلایەن ئی.ئی. تسوکەرمانەوە لە پەڕتووکی فیلۆلۆژیای ئێرانیدا. **4330**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 113.

**1969** دەرچوونی یەکەم ڕۆژژمێری هاوسەر لەلایەن هوشیار قەفتانەوە. **7342**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هوشیار قەفتان – ڕۆژژمێری هاوسەر 2001 – لەبڵاوکراوەکانی پرۆژەی هاوسەر 127 – بەغداد – 2001.

**1969** دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری هونەر لە شاری سلێمانی. ئەم گۆڤارە تەنها ئەم ژمارەیەی لێدەرچوو. **7940**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952–2002 – نوسینی ڕێناس نەورۆزی – برۆکسل.

**1969** لەدایکبوونی گۆرانیبێژ سەباح کۆڤانی لە شارۆچکەی کۆڤان. **7394**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدك TV Kurdistan

**1969-03-00** هێرشی 200 پێشمەرگەی باشوور بە سەرۆکایەتیی د. سامی عەبدولڕەحمان بۆسەر کۆمپانیای نەوتی کەرکوك لە باباگوڕگوڕ, کە لەو هێرشەدا نزیکەی 200 نارنجۆك نرا بە کارگەی ئای. پی. سییەوە و نزیکەی 2 ملیۆن دۆلار زیانی لێکەوت. **4341**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 414.

**1969-03-00** بەدەستپێشکەریی حەمە ڕەشید هەرەس, عوسمان چێوار, جەمیل ئەحمەد شازەمان و عەبدولقادر نوری, کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی لە سلێمانی دامەزرا. **8196**

سەرچاوەی 1: ڕووبەڕووی کوردی: ڕووبەڕوویەك لەگەڵ هونەرمەند حەمە ڕەشید هەرەس لە 14–08–2004 لە ئەمستەردام.

**1969-03-00** بۆ یەکەمجار لە مێژوودا شانۆیی نەورۆز بە کوردی لەسەر شانۆی بەهوی شارەوانیی کەرکوك نمایش کرا. ئەم شانۆییە لە دەرهێنانی سەلمان فایەق بوو و ئەم ئەکتەرانەش بەشدارییان تێداکرد: حەمە ڕەشید هەرەس, مستەفا ئەحمەد, عەبدولی حەمە جوان و ... **8200**

سەرچاوەی 1: ڕووبەڕووی کوردی: ڕووبەڕوویەك لەگەڵ هونەرمەند حەمە ڕەشید هەرەس لە 14–08–2004 لە ئەمستەردام.

**1969-04-20** دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری ڕزگاری. **4342**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: د. کوردستان موکریانی – ڕەنگدانەوەی دۆزی ژن بە نێوی ژنەوە لە نێو ڕۆژنامەگەری کوردیدا – هیرەن فەین – هۆڵندا – 1995. لاپەڕە : 73.

**1969-05-08** لەدایکبوونی هونەرمەندی موزیکژەن کارزان قادر قەراخی لە سلێمانی. **7451**

سەرچاوەی 1: ڕووبەڕووی کوردی: ڕووبەڕوویەك لەگەڵ هونەرمەند مامۆستا سالار عومەر قەراخی لە ئەمستەردام – 28–12–2002.

**1969-07-00** هەندێك لە لێپرسراوانی بەعس لە بەغداد, چاویان بە چەند لێپرسراوێکی خوێندکارانی پدك کەوت. **4343**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 421.

**1969-08-00** هێرشی د.ق بۆسەر شۆڕشی باشووری.ك, کە هەر لەم مانگەدا 67 کەسی کورد لە ژن و منداڵیان لە نێو ئەشکەوتێکدا بەند کرد و بە گاز لە نێویان بردن, ئەوانە خەڵکی گوندەکانی دەکا و خورت بوون, کە گوندەکانیشیان سووتێنران. **4344**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 13.

سەرچاوەی 2: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 420.

**1969-08-29** مامۆستا هەژار لە گوندی حاجی هۆمەران, لە وەرگێڕانی پەڕتووکی شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی بووەوە. **4345**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: میر شەرەفخانی بەدلیسی – شەرەفنامە – هەژار کردوویە بە کوردی – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی نوعمان – نەجەف, ئێراق – 1972. لاپەڕە : 792.

**1969-09-03** لەدایکبوونی هونەرکاری گۆرانیبێژ, محەمەد تەها ئاکرێیی لە شارۆچکەی ئاکرێ. **4346**

**1969-09-16** هێرشی د.ق بۆسەر گوندی سوریای لە سێگۆشەی سنووری ئێران, تورکیا و ئێراقدا و نزیکەی 60 کەسیان گوللەبارانکرد. **4347**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 13.

**1969-09-19** یان 18-12: چوونی وەفدێکی ئێراقی بۆ ناوپردان بۆ لای بارزانی بۆ گفتوگۆ, وەفدەکە بریتی بوون لە عامر عزیز نجم و فوئاد عارف؟. **4348**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 422.

**1969-10-00** هونەرمەند حەمە ڕەشید هەرەس, پەیوەندیی کرد بە تیپی نواندنی سلێمانییەوە. **8199**

سەرچاوەی 1: ڕووبەڕووی کوردی: ڕووبەڕوویەك لەگەڵ هونەرمەند حەمە ڕەشید هەرەس لە 14-08-2004 لە ئەمستەردام.

**1969-11-00** یاریکردنی شانۆیی بلیمەت لە سلێمانی, دەرهێنانی ئەحمەد دەنگ گەورە و ئەنوەر تۆڤی. ئەم ئەکتەرانەش بەشدارییان تێداکرد: حەمە ڕەشید هەرەس, سمکۆ عەزیز و عومەر عەلی ئەمین و ... **8202**

سەرچاوەی 1: ڕووبەڕووی کوردی: ڕووبەڕوویەك لەگەڵ هونەرمەند حەمە ڕەشید هەرەس لە 14-08-2004 لە ئەمستەردام.

**1969-12-31** چوونی وەفدێکی ئێراقی بۆ ناوپردان بۆ لای بارزانی بۆ گفتوگۆ, وەفدەکە بریتی بوون لە حەردان تکریتی, عەبدولخالق سامەڕائی و تارق عەزیز. **4349**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 424.

**1970** تاوەکو ئەمسال: ژمارەی شوێنەوارە کۆنەکانی باشووری کوردستان کە تاوەکو 1970 دەستنیشان کرابێت گەیشتە 3364 شوێنەوار. **4354**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: هاوڕێ باخەوان – کوردستان ... نیشتمانی یەکەمینی سۆمەرییەکانە – چاپی یەکەم – هۆڵندا – 1996. لاپەڕە : 29.

**1970** دوکتۆر کەمال فواد پەرتووکێکی بە ئەڵمانی لەسەر دەستنووسی کوردی بڵاوکردەوە. **4351**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 26.

**1970** بڵاوکردنەوەی پەرتووکی کوردستان و کوردی د. عەبدولڕەحمان قاسملۆ بە زمانی عارەبی لە لوبنان. **4362**

**1970** د.ق, 60 ملیۆن دۆلاری بۆ ئاوەدانکردنەوەی باشووری.ک, تەرخان کرد. **4361**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 428.

**1970** بڵاوکردنەوەی پەرتووکی پەندی پێشینان و قسەی نەستەق لە کوردستانەوە بە زمانی ئەڵمانی لەلایەن جەمال نەبەزەوە. **4359**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 68.

**1970** د.ت, لەم ساڵەدا یەك ملیۆن تۆن مسی لە نێوچەی دیاربەکردا دەرهێناوە. **4357**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی فارسی: کندال, عسمت شریف وانلی و مستفی نازدار – کردها – ترجمە: ابراهیم یونسی – انتشارای روزبهان – تهران – 1372. لاپەڕە : 96.

**1970** لەدایکبوونی هونەرکاری وێنەکێش تریفە ئەنوەر لە شاری سلێمانی. **4364**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مامۆستای کورد – ژمارە 27 – سوید – پاییزی 1995. لاپەڕە : 82.

**1970** بەڕای د. کەندال نەزان, ئاماری کوردەکانی باکوور لەم ساڵەدا 8 ملیۆن و نیوە. **4355**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی فارسی: کندال, عسمت شریف وانلی و مستفی نازدار – کردها – ترجمە: ابراهیم یونسی – انتشارای روزبهان – تهران – 1372. لاپەڕە : 89.

**1970** دەرچوونی گۆڤاری برایەتی لەلایەن مامۆستا سەعید ناکامەوە. **4365**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 3 و 4 – خولی پێنجەم – 25-12-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 6.

1970 ئەڵمانییەك بەنێوی هانس تێما, وتارێکی بڵاوکردەوە و نووسیوویەتی چوومە نێو کوردەکانەوە, کوردەکان جەردە و ڕێگرن و هەرچی کڵێسەی ئەو ناوە هەیە ڕووخاندوویانە و ماڵی گاورەکانیان کاولکردووە. **4353**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 56.

1970 هاوینی ئەم ساڵ: چوونی جەلال تاڵەبانی بۆ حاجی هۆمەران و سەردانی بارزانیی کرد, بەو شێوەیە ململانێی 4 ساڵەی نێوانیان بە شێوەیەکی کاتی کۆتایی هات. **4352**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: فرەنسۆ هەریری – بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی نەنووسرێ – پرسیار و وەڵام – لە بڵاوکراوەکانی پدك – هاوینەهەواری پیرمام – هەولێر – 1995. لاپەڕە : 17.

1970 بەپێی ئاماری ئەمساڵ, ژمارەی کورد لە باکووردا خۆی لە 6 ملیۆنێك دەدات. **4356**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: مارتین فان برونەسن – ئاغا و شێخ و دەوڵەت – کوردۆ, لە ئاڵمانییەوە کردوویە بە کوردی – بەرگی یەکەم – چاپخانەی ڕۆژ – سوید – 1996. لاپەڕە : 36.

1970 هونەرکاری وێنەکێشی کورد دارا حەمە سەعید, بە پلەی یەکەم بەکالۆریۆسی لە ئاکادیمیای هونەرەجوانەکانی بەغداد وەرگرت. **4372**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: خەرمانە – گۆڤارێکی وەرزیی ئەدەبیی ڕۆشنبیرییە – ژ9 و 10 – سوید – 1993. لاپەڕە : 115.

1970 پێشکەشکردنی شانۆیی جەنگاوەری شێت لەلایەن تیپی لاوانی دیموکراتی کوردستانەوە, ئەم شانۆییە لە نووسین و دەرهێنانی تەلعەت سامان بوو. **4380**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: وان – ژ7 – لە بڵاوکراوەکانی یەکیتیی نووسەرانی کورد لە سوید – 1994. لاپەڕە : 17.

1970 بەپێی ئاماری ئەم ساڵ, ژمارەی کورد لە خۆرئاوا بەم شێوەیەیە: حەسەکە 280.731, لە حەلەب 196.240 و لە ڕەقە 15.825 کەسە. واتە تێکرای دانیشتوان 492.796 کەسە. ژمارەی کوردەکانی شام لەم ئامارەدا نییە. **4379**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: ڕووناکبیری – ژ2 – گۆڤارێکی کولتووریی گشتییە – لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵی هونەری کوردی لە سوید – ستۆکهۆڵم – دیسەمبەری 1992. لاپەڕە : 21.

1970 ڕەشاد ئەفەندی بۆ یەکەمجار لە مەککە مەراسیمی حەجی لەگەڵ چەند حاجییەکی هەولێریدا بە کوردی کردووە و حەجاجەکانی دەوروبەریان سەرسام کردووە. **4378**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ13 و 14 – بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی, لەندەن – ژونی 1997. لاپەڕە : 14.

1970 کۆچی دوایی محەمەد سدیق تەهای نەهری, نێوبراو ساڵانێك نوێنەری هەولێر بوو لە ئەنجوومەنی ئێراقیدا. **4377**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: صوت الاكراد – لسان حال الحزب الديمقراگى الكردى فى لبنان "البارتى" – نصف شهريه – العدد 30 – لندن – 7-4-1997. لاپەڕە : 7.

**1970** کۆچی دوایی ڕەشەی موختار. **4376**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی سالحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی دووەم – چاپی دووەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1989. لاپەڕە : 175.

**1970** کۆچی دوایی گۆرانیبێژی مەزن دەروێش عەبدوڵلا – کەشکۆڵ. **4375**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی سالحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی دووەم – چاپی دووەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1989. لاپەڕە : 53.

**1970** دامەزراندنی کۆمەڵەی کوردە جوولەکان لە ئیسرائیل. **4363**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مامۆستای کورد – ژمارە 22 – سوید – هاوینی 1994. لاپەڕە : 66.

**1970** لەدایکبوونی هۆزانەوان کاوە خوسرەوی, لە داڵەهۆی نێوچەی گۆران. **4373**

سەرچاوەی 1: ڕووبەڕووی کوردی: ئاخاوتنێك لەگەڵ هۆزانەوان کاوە خوسرەوی لە هۆڵندا لە گرۆنینگن, لە 15-11-1996.

**1970** جەواد مەلا لە ڕێی جەمال نەبەزەوە, پەیوەندیی کرد بە کاژیکەوە. **4358**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: جمال نبز – تصریحات هامە للمفکر الکردی جمال نبز – المقدمە بقلم جواد ملا – من منشورات کوردنامە – لندن – 1996. لاپەڕە : 2.

**1970** تا ساڵی 72, نافیز جەلال حەوێزی کرایە وەزیری کشتوکاڵ لە ئێراقدا. **4371**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: خەرمانە – گۆڤارێکی وەرزی ئەدەبی ڕۆشنبیرییە ژ4 – سوید – ژەنیوەریی 1992. لاپەڕە : 12.

**1970** دەرچوونی ڕۆمانی ئاشتی کوردستان, لەلایەن محەمەد ساڵح سەعیدەوە. **4370**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: هە فوت – مجلە الحرکە الپقافیە الکردیە – العدد 3 – سویسرا – نیسان 1994. لاپەڕە : 7.

**1970** بەپێی ئاماری ئەم ساڵ, ژمارەی کوردەکانی ئەرمینیا 37.486 کەسە. **4369**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: هە فوت – مجلە الحرکە الپقافیە الکردیە – العدد 3 – سویسرا – نیسان 1994. لاپەڕە : 6.

**1970** میر کامەران بەدرخان چاوی بە شای ئێران کەوت, کە بەشای گووت, خوێندنگا و ڕۆژنامەی کوردی دابنێت و لە زانکۆی تاران زمانی کوردی بخوێندرێت. هەروەها پێشنیازی کرد کە نورەدین زازا و جەمال نەبەز بە مامۆستای زمانی کوردی لە تاران دابنرێن. **4368**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 2 – خولی شەشەم – ساڵی دەیەم – 25-06-1996 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 54.

**1970** گیرانی تێکۆشەری کورد میرۆ دەهام و دەیان کەسی تر لەلایەن د.س. **4367**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 3 و 4 – خولی پێنجەم – 25-12-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 22.

**1970** دامەزرانی یەکێتی نووسەرانی کورد لە بەغداد, کە مامۆستا سەعید ناکام یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی. **4366**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 3 و 4 – خولی پێنجەم – 25-12-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 6.

**1970** **کۆچی دوایی هۆزانەوان مەلا ئەحمەدی حاجی مەلا ڕەسوڵی دیلێژە, ناسراو بە فایز. 4374**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی یەکەم – چاپی یەکەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1987. لاپەڕە : 414.

**1970** **گیرانی عەبدوڵلا ئوجەلان و بەسەر بردنی 7 مانگ لە زینداندا بەهۆی چالاکیی خوێندکارییانەوە لەلایەن تورکەوە. 4350**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: صوت کردستان – ناگقە بأسم جبهە التحریر الوگنی الکردستانی – العدد – 20. لاپەڕە : 59.

**1970** **بڵاوکردنەوەی نامەی دوکتۆراکەی مامۆستا جەمال نەبەز لەسەر میر پاشا کۆرە بە زمانی ئەڵمانی. 4360**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەورووپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 69.

**1970** **تۆمارکردنی شانۆگەریی جەنابی موفەتیش بۆ تەلەڤزیۆن. 7453**

سەرچاوەی 1: ڕووبەڕووی کوردی: ڕووبەڕوویەك لەگەڵ هونەرمەند مامۆستا سالار عومەر قەراخی لە ئەمستەردام – 28-12-2002.

**1970-01-00** **یاریکردنی شانۆیی گۆڕ هەڵکەند لە سلێمانی, لە نووسین و دەرهێنانی ئەحمەد دەنگ گەورە. ئەم ئەکتەرانەش بەشدارییان تێداکرد: حەمە ڕەشید هەرەس, و عومەر عەلی ئەمین عومەر چاوشین... شایانی باسە بۆیەکەمجار عومەر چاوشین ڕۆڵی ئافرەتی بینی. 8203**

سەرچاوەی 1: ڕووبەڕووی کوردی: ڕووبەڕوویەك لەگەڵ هونەرمەند حەمە ڕەشید هەرەس لە 14-08-2004 لە ئەمستەردام.

**1970-01-01** **چوونی سەددام حوسەین بۆ ناوپردان بۆ لای بارزانی بۆ گفتوگۆ. 4381**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 424.

**1970-02-09** **گفتوگۆکردنی نامەی دوکتۆراکەی مامۆستا جەمال نەبەز دەربارەی پاشا کۆرە لە زانکۆی هامبورگی ئەڵمانیا. 4382**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: جمال نبز – الأمیر الکردی میر محمد الراوندزی, الملقب ب(میری کورە) – مساهمە عملیە فی دراسە التأریخ الکردی علی صفحە مراە الشواهد و الأدلە الشرقیە و الغربیە – اگروحە دکتوراە – ترجمها من الألمانیە الی العربیە: فخری سلاحشور – من منشورات الأکادمیە الکردیە للعلم لاپەڕە : 2.

**1970-03-00** **بارزانی لە جەلال تاڵەبانی خۆشبوو و لەگەڵ دەستەکەیدا, گەڕانەوە نێو پدك. 4383**

**1970-03-00** **شەهیدکردنی مەلا حوسەین مارەشانی ناسراو بە کاوە, لە شاری قەڵادزێ بە دەستی حەمەدەمین جەوانمەردی, نێوبراو ئەندامی حدکا بوو. 4384**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: جەلیل گادانی – 50 ساڵ خەبات – کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – بەرگی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی باشووری کوردستان – بێ بەروار. لاپەڕە : 141.

**1970-03-10** لە قوتابخانەیەکی بچووکی گوندی ناوپرداندا، بارزانی و سەددام حوسێن ڕێکەوتننامەی ئۆتۆنۆمیی کوردستانیان مۆرکرد. **4385**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 425.

**1970-03-11** مۆرکردنی بەیانی 11ی ئازار لە نێوان ڕژێمی ئێراق و پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراقدا، کە بەهۆیەوە کورد لە باشووری.ک، چەند مافێکی کەمی وەرگرت. **4386**

**1970-03-11** یاریکردنی شانۆگەریی کێچ لە سلێمانی. **7455**

سەرچاوەی 1: ڕووبەڕووی کوردی: ڕووبەڕوویەك لەگەڵ هونەرمەند مامۆستا سالار عومەر قەراخی لە ئەمستەردام – 28-12-2002.

**1970-03-20** ڕۆژنامەنووسی ئەڵمانی ڕۆلف شلۆز ڕایگەیاند، کە کوردەکان کۆمۆنیستن و بزووتنەوەکەیان بە پەنجەی سۆڤێت دەچێت بەڕێوە و بارزانیش نۆکەرێکی سۆڤیەتە. **4387**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 60.

**1970-03-21** ڕوودانی خۆپیشاندانێکی گەورە لە شاری بەغداد کە هەموو لکەکانی پدك لەگەڵ کوردەکانی بەغداد بەشدارییان تێدا کرد، ڕێکخراوەکانی بەعسییەکانیش بەشداریی گەرمیان تێدا کرد. لەو خۆپیشاندانەدا لە گۆڕەپانی التحریر سەرۆك ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر و سەددام حوسەین و ئیدریس و مەسعود بارزانی و هەندێ لە سەرکردەکانی پارتی پێشوازیی خوپیشاندەرەکانیان دەکرد. **4388**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976-1980 – بەشی یەکەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەڕە : 17.

**1970-03-21** پێشکەشکردنی شانۆیی نەفرەتلێکراو لە یەکێك لە سینەماکانی بەغدادا، کە لە نووسینی تەڵعەت سامان بوو. **4389**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: وان – ژ7 – لە بڵاوکراوەکانی یەکیتیی نووسەرانی کورد لە سوید – 1994. لاپەڕە : 17.

**1970-04-06** کۆچی دوایی هۆزانەوان مەلا ئەحمەد حاجی مەلا ڕەسوڵی دێلێژە لە خانەقین، پاشان تەرمەکەی دەبەنە سلێمانی و لە گردی سەیوان دەنێژرێت. **4390**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: عەلادین سوجادی – مێژووی ئەدەبی کوردی – مێژوو، ئەدەب، زانیاری – ئێراق – 1952. لاپەڕە : 46.

**1970-04-08** د.ت، لە شاری سلیڤاندا پشکنینێکی گشتیی پیادەکرد، کە بووە هۆی گیرانی چەندین کەس و بریندارکردنی هەستی نەتەوایەتیی نێوچەکە. **4391**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 522.

**1970-05-04** جەماوەری سلێمانی تەرمی نووسەری چاکساز مەلا نەجمەدینیان گواستەوە بۆ چیای ئەزمەڕ, نێوبراو کاتی خۆی وەسیەتی کردبوو کە لەوێ بینێژن, خەڵکەکە لە ڕێگا پێکەوە دەیانگووت بژی مەلا نەجمەدین, ئەم سەیرانەی بۆ کردین, نێوبراو لە ژیانیدا 90 چیرۆکی بۆ منداڵان نووسیوە و 6500 کەسی فێری خوێندەواری کردووە و 2000 هەڵبەستی هۆزانەوانانی کۆکردووەتەوە. **4392**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی دووەم – چاپی دووەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1989. لاپەڕە : 86.

**1970-06-00** سەردانی میر کامەران بەدرخان بۆ باشووری کوردستان, لە ڕێی بەغدادەوە. **4393**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 2 – خولی شەشەم – ساڵی دەیەم – 25-06-1996 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 49.

**1970-06-00** حدکا, بنکەکانی خۆیی لە بەکرەجۆ و قەڵادزێوە بۆ هیران و نازەنین گواستەوە. **4394**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: جەلیل گادانی – 50 ساڵ خەبات – کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – بەرگی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی باشووری کوردستان – بێ بەروار. لاپەڕە : 156.

**1970-06-10** دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کۆمەڵە لە باشووری کوردستان, کە دامەزرێنەرەکانی ئەمانە بوون: جەلال تاڵەبانی, نەوشیروان مستەفا, شەهید ئارام, شێخ شەهاب و.... **4395**

**1970-07-00** یاریکردنی شانۆیی بوکی پەردە لە هەولێرلە هۆڵی گەل, نووسینی عەبدولڕەزاق بیمار و دەرهێنانی تەلعەت سامان. ئەکتەرانەش بەشدارییان تێداکرد: حەمە ڕەشید هەرەس, سەمیر عەبدولستار, شێرزاد پۆلیس و ... **8201**

سەرچاوەی 1: ڕووبەڕووی کوردی: ڕووبەڕوویەك لەگەڵ هونەرمەند حەمە ڕەشید هەرەس لە 14-08-2004 لە ئەمستەردام.

**1970-07-01** تا 10-07, بەستنی کۆنگرەی 8ی پدك لە گوندی ناوپردانی باشوور, کە 500 کەس لە ئەندامان و میوانانی دەرەوە ئامادەبوون, مستەفا بارزانی کرایەوە سەرۆکی پارتی و ئەمانەش بوونە ئەندامانی سەرکردایەتی: حەبیب موحەمەد کەریم – سکرتێری پارتی, دوکتۆر مەحموود عوسمان, نوری شاوەیس, عەلی عەبدوڵڵا, شەهید ساڵح یوسفی, سامی عەبدولڕەحمان, عەزیز ئەقراوی, ئیدریس بارزانی, مەسعود بارزانی, فاخر حەمەد ئاغا مێرگەسووری, فارس حەمەد باوە, دارا تۆفیق, سدیق ئەفەندی, عەبدولی سوران, عەلی سنجاری, شەکیب ئەقراوی, مەلا ئیسمایل مەلا عەزیز و زەکێ ئیسمایل حەقی. ئەمانەش کرانە وەزیر: نوری شاوەیس – وەزیری ئیشغال و نیشتەنی, نافع جەلال – کشتوکاڵ, ئیحسان شێرزاد – شارەوانی, شەهید ساڵح یوسفی – وەزیری دەوڵەت و ئەندامی لیژنەی ئاشتی ئێراقیش بوو, سامی عەبدولڕەحمان – ئاوەدانکردنەوەی باشوور, هەروەها عەلی عەبدوڵڵا – پارێزگاری سلێمانی و عەبدولوەهاب ئەتروشی – پارێزگاری هەولێر و هاشم ئەقراوی – پارێزگاری دهۆك بوو. ئەم کۆنگرەیە میر کامەران بەدرخانیش بەشداریی تێدا کرد. **4396**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 2 – خولی شەشەم – ساڵی دەیەم – 25-06-1996 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 49.

سەرچاوەی 2: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 429.
سەرچاوەی 3: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976–1980 – بەشی یەکەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەڕە : 20.

**1970-08-29** **دەرچوونی یاسای کۆڕی زانیاری کورد لە بەغداد. 4397**
سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: مەسعود موحەمەد – گەشتی ژیانم – چاپی یەکەم – ستۆکهۆلم – 1992. لاپەڕە : 521.

**1970-09-21** **بەستنی کۆنگرەی زانایانی ئایینیی کوردستان لە گەلاڵە. 7373**
سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدک TV Kurdistan

**1970-09-24** **حوکومەتی لوبنانی مۆڵەتی کارکردنی ڕەسمیی دایە پارتی دیموکراتی کورد لە لوبنان, کە بە پارتی ناسراوە. 4398**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: صوت الاکراد – لسان حال الحزب الديمقراگي الکردی فی لبنان "البارتی" – نصف شهريه – العدد 29 – لندن – 24–3–1997. لاپەڕە : 2.

**1970-10-00** **کۆچی دوایی پارێزەر و نووسەر قاسم حەسەن لە بەغداد, نێوبراو چەند پەڕتووکێکی بە زمانی عارەبی و لەسەر عارەب و ئیسرائیل نووسیوە. 4400**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: صوت الاکراد – لسان حال الحزب الديمقراگي الکردی فی لبنان "البارتی" – نصف شهريه – العدد 30 – لندن – 7–4–1997. لاپەڕە : 7.

**1970-10-00** **گیرانی چەند تێکۆشەرێکی کورد لە باکوور لەلایەن د.ت, کە ئەمانە نێوی هەندێکیانە: دوکتۆر تارق ئیکینجی, جانب ولدورم, موسا عەنتەر, محەمەد بۆز ئەرسەلان,..., ئەمانە هەندێکیان ئازاد کران و هەندێکیان لە بەندیخانەدا مانەوە. 4399**
سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 522.

**1970-10-29** **تا 13–10, بەستنی کۆنگرەی چوارەمی پارتی کرێکارانی تورکیا, کە لەو کۆنگرەیەدا بەتەواوەتی ڕای خۆی بەرامبەر بە نەتەوەی کورد گۆڕی و مافە نەتەوایەتییەکانی سەلماندن. 4401**
سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 523.

**1971** **کۆچی دوایی نووسەر کەریم ئەفەندی غەفوور ئەفەندی ئەحمەد بەگزادە.؟ 4420**
سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی سالحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی دووەم – چاپی دووەم – چاپخانەی دار الحريه – بەغداد – 1989. لاپەڕە : 340.

**1971** **لەدایکبوونی بێستون عەبدولڕەحمان عەبدوڵلا, لە شاری کۆیە. 4417**
سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدوليە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ايلول 1995. لاپەڕە : 126.

**1971** دامەزرانی یەکێتی پیاوانی ئایینیی کوردستان. **4418**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمه العفو الدولیه – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعه الآولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 165.

**1971** قەدەغەکردنی پارتی کرێکارانی تورکیا, چونکە باوەڕی بە هەبوونی نەتەوەی کورد هێنا. **4403**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – ژ52 – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – ئۆکتۆبەری 1994. لاپەڕە : 3.

**1971** دەرچوونی پەرتووکی شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی بە زمانی کوردیی سۆرانی لە بەغداد, کە لەلایەن مامۆستا هەژارەوە وەرگێردرابوو. **4411**

**1971** هەڵهاتنی تێکۆشەر نەجۆ کە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە باکوور بۆ باشووری.ك بۆلای د. شڤان. **4409**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ, دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەڕە : 90.

**1971** سەردانی جەمیل محۆی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کورد لە لوبنان بۆ باشوور, پاشان لەلایەن بارزانییەوە گیرا و ماوەی 4 ساڵ لە زینداندا مایەوە. **4410**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشیوعیه العمالیه – الجریده المرکزیه للحزب الشیوعی العمالی العراقی – العدد 7 – کانون الاول 1995. لاپەڕە : 2.

**1971** گیرانی نووسەری تورك ئیسمایل بێشکچی لەلایەن تورکەوە, نێوبراو 22 پەرتووکی لەسەر کورد نووسیوە. **4408**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مامۆستای کورد – ژمارە 22 – سوید – هاوینی 1994. لاپەڕە : 6.

**1971** تاوەکو ئەم ساڵ: لە باکووری وڵاتدا تەنها یەك دەزگای خواردەمەنی و 4 دەزگای دروستکردنی جلوبەرگ و یەك دەزگای کیمیاوی و یەك پاڵێوگەی نەوت و یەك دەزگای خەڵووزی بەردین و 3 دەزگای دروستکردنی ئامرازی کشتوکاڵ و کارگەیەکی مس و 3 دەزگای کەرەستەی دووبارە دروستکردنەوەی ئامرازی ڕێگای ئاسن دروستکراوە. **4407**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: د. حوسەینی خەلیقی – کۆمەڵناسی کوردەواری – بەرگی یەکەم – چاپخانەی ئەلحەوادیس – بەغداد – 1992. لاپەڕە : 344.

**1971** ڕێژەی نەوتی وەبەرهێنراوی نێوچەی دیاربەکر گەیشتە چوار ملیۆن تۆن کە لەلایەن د.ت دەرهێنراوە. **4406**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی فارسی: کندال, عسمت شریف وانلی و مستفی نازدار – کردها – ترجمه: ابراهیم یونسی – انتشارای روزبهان – تهران – 1372. لاپەڕە : 96.

**1971** سوپای تورك دێمریلی ناچارکرد کە واز لە فەرمانڕەوایی بهێنێت. **4405**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی هۆڵندی: Dr. Karl Ploetz. Prisma Kalendarium, Wereldgeschiedenis in jaartallen, Uitgeverij Het Spectum BV – Zevende druk – 1988. لاپەڕە : 180.

**1971** د. مارف خەزنەدار پەرتووکی دەستووری زمانی عارەبی بە کوردیی عەلی تەرەماخی لە بەغدا بڵاوکردەوە. **4404**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەرە : 87.

**1971** کۆتایی ئەمساڵ: حدکا, خولێکی کادریی بۆ ئەندامانی کردەوە. **4413**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1970 – 1975 – بەرگی چوارەم – ستۆکهۆڵم – 1990. لاپەرە : 91.

**1971** لەدایکبوونی فەرهاد لەتیف – ناسراو بە کاوە, لە شاری کەرکوک. **4419**

سەرچاوەی 1: رۆژنامەی کوردی: رێگای کوردستان – ئۆرگانی حیزبی کۆمۆنستی کوردستان – ژ – 123 – ساڵی 50, 06-09-1994. لاپەرە : 8.

**1971** رووداني کودەتایەکی سەربازی لە تورکیادا, کە بەهۆیەوە ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا گیران. **4402**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: مارتین فان برونەسن – ئاغا و شێخ و دەوڵەت – کوردۆ, لە ئاڵمانییەوە کردوویە بە کوردی – بەرگی یەکەم – چاپخانەی رۆژ – سوید – 1996. لاپەرە : 85.

**1971** تا 982: مامۆستا جەمال نەبەز وانەی زمانی کوردی و مێژووی کوردی لە زانکۆی ئازاد لە بەرلین دەگووتەوە. **4414**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: جمال نبز – تصریحات هامه للمفکر الکردی جمال نبز – المقدمه بقلم جواد ملا – من منشورات کوردنامه – لندن – 1996. لاپەرە : 52.

**1971** پیلانی میتی تورکی بۆ شەهیدکردنی تێکۆشەران سەعید ئاڵچی و دوکتۆر شڤان. **4415**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 3 و 4 – خولی پێنجەم – 25-12-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەرە : 24.

**1971** لەدایکبوونی هونەرکاری وێنەکێش هۆشیار سەعید لە شاری سلێمانی. **4416**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 2 – خولی شەشەم – ساڵی دەیەم – 25-06-1996 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەرە : 86.

**1971** دەرچوونی گۆڤاری رۆژی کوردستان لە بەغداد, لەلایەن مامۆستا سەعید ناکامەوە. **4412**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 3 و 4 – خولی پێنجەم – 25-12-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەرە : 6.

**1971-03-00** تا مانگی 11, هاتووچۆ لە نێوان د.ق و شۆرشی باشووردا دژوار بوو. **4421**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێرانی محەمەدی رەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەرە : 430.

**1971-03-17** هەڵبژاردنی ئەندامانی دیوانی سەرۆکایەتی کۆڕی زانیاری کورد لە بەغداد، لەلایەن ئەندامانی کۆڕی زانیاری ئێراق و کۆڕی زانیاری کوردەوە. 4422

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: مەسعود موحەمەد – گەشتی ژیانم – چاپی یەکەم – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 521.

**1971-04-22** ڕوودانی بومەلەرزەیەك لە شاری بەنگۆل و بووە هۆی کوژرانی 878 کەس. 7633

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی کەرکوك کوردستانە

**1971-04-29** کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتیی حدکا، کە تێیدا کەریمی حیسامی کرایە بەرپرسی ڕێکخستنی حدکا. 4423

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1970 – 1975 – بەرگی چوارەم – ستۆکهۆڵم – 1990. لاپەڕە : 20.

**1971-05-01** کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتیی حدکا، کە بڕیاری چاپی پەیڕەو و پرۆگرامی نوێیاندا. 4424

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1970 – 1975 – بەرگی چوارەم – ستۆکهۆڵم – 1990. لاپەڕە : 20.

**1971-05-13** کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی حدکا، کە تێیدا بڕیاری شۆڕشی چەکدارییان لە دژی د.ا دا. 4425

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: جەلیل گادانی – 50 ساڵ خەبات – کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – بەرگی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی باشووری کوردستان – بێ بەروار. لاپەڕە : 157.

**1971-06-21** بەستنی کۆنفرانسی سێیەمی حدکا، لە شاری کۆیە، بە بەشداریی 32 ئەندامی حدکا. لەم کۆنفرانسەدا ڕێبازی ڕامیاریی حدکا داڕێژرا و بەرنامەی نوێی پەسەند کرد و کۆمیتەی نێوەندیی نوێش هەڵبژێردرا کە لە 11 کەس پێك هاتبوون، بەم نێوانە: د. قاسملو، کەریمی حیسامی، محەمەد ئەمین سیراجی، هێمن، حەسەن ڕستگار، ڕەسوڵ پێشنماز، سەید ڕەسوڵی دەهقان، قادری وردی، کەریم حەداد، ئەمیری قازی و عەبدوڵڵا حەسەن زادە. ئەمانەش بوونە ئەندامانی بیرۆی ڕامیاری: د. قاسملو، کەریمی حیسامی، محەمەد ئەمین سیراجی، هێمن و عەبدوڵڵا حەسەن زادە. 4426

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: جەلیل گادانی – 50 ساڵ خەبات – کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – بەرگی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی باشووری کوردستان – بێ بەروار. لاپەڕە : 161.

سەرچاوەی 2: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1970 – 1975 – بەرگی چوارەم – ستۆکهۆڵم – 1990. لاپەڕە : 27.

سەرچاوەی 3: پەرتوکی کوردی: عەبدوڵڵا حەسەن زادە – نیو سەدە تێکۆشان، ئاوڕێك لە ڕابردووی خەبات و تیکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – لە بڵاوکراوەکانی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – ئۆگەستی 1995. لاپەڕە : 67.

سەرچاوەی 4: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 531.

**1971-06-23** کۆچی دوایی هۆزانەوانی کورد شاهۆ لە هەڵەبجە. 4427

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: میدیا – یانەی کوردی لە ئەمستەردام (میدیا) – ژ7 – زستانی 1992 – هۆڵندا. لاپەڕە : 14.

**1971-06-24** سەرکردایەتیی حدکا، بیرۆی ڕامیاریی خۆیی بەم شێوەیە هەڵبژارد: د. ئەوڕەحمانی قاسملۆ – سکرتێر، کەریمی حیسامی، حەمەدەمینی سیراجی، مامۆستا هێمن و مەلا ئەولای حەیاکی. **4428**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1970 – 1975 – بەرگی چوارەم – ستۆکهۆڵم – 1990. لاپەڕە : 28.

**1971-06-25** بیرۆی ڕامیاریی حدکا، بڕیاریدا کە پەیوەندیی خۆی بە دەستەی ئەحمەد تۆفیق – عەبدوڵڵای ئیسحاقیەوە بپچڕێت. **4429**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: جەلیل گادانی – 50 ساڵ خەبات – کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – بەرگی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی باشووری کوردستان – بێ بەروار. لاپەڕە : 162.

سەرچاوەی 2: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1970 – 1975 – بەرگی چوارەم – ستۆکهۆڵم – 1990. لاپەڕە : 28.

**1971-06-25** کۆچی دوایی ئەحمەد ئاغای کەرکوکی زادە لە بەغداد. **4430**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: صوت الکراد – لسان حال الحزب الدیمقراگی الکردی فی لبنان "البارتی" – نصف شهریە – العدد 27 – لندن – 24-2-1997. لاپەڕە : 7.

**1971-07-00** زیندانی کردنی ئیسمایل بێشکچی لە زیندانی دیاربەکردا. **4431**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی هۆڵندی: juli – druk Tweede– Koerdistan Dossier – Brussel van Instituut Koerdisch Brussel – 1991. لاپەڕە : 45.

**1971-07-00** یاریکردنی شانۆیی بازرگانی ڤینیسیا لە سلێمانی، لە دەرهێنانی ئەحمەد دەنگ گەورە لەلایەن تیپی پەروەردەی سلێمانی. ئەم ئەکتەرانەش بەشدارییان تێداکرد: حەمە ڕەشید هەرەس، و عوسمان چێوار و بەدیعە دارتاش... **8204**

سەرچاوەی 1: ڕووبەڕووی کوردی: ڕووبەڕوویەك لەگەڵ هونەرمەند حەمە ڕەشید هەرەس لە 14-08-2004 لە ئەمستەردام.

**1971-07-05** دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕزگاریی کوردستان. **4432**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1970 – 1975 – بەرگی چوارەم – ستۆکهۆڵم – 1990. لاپەڕە : 59.

**1971-07-15** حدکا بڕیاریدا، کە لە ڕادیۆی شۆڕشگێرانی ئێراندا بە کوردی بەرنامە بڵاوبکاتەوە. **4433**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1970 – 1975 – بەرگی چوارەم – ستۆکهۆڵم – 1990. لاپەڕە : 53.

**1971-08-05** بیرۆی ڕامیاریی حدکا، بڕڕاریدا کە مەلا ئەولای حەیاکی بنێرێتە لای ئەحمەد تۆفیق، تاوەکو بگەڕێتەوە نێو حدکا. **4434**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1970 – 1975 – بەرگی چوارەم – ستۆکهۆڵم – 1990. لاپەڕە : 29.

**1971-08-06** کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی حدکا, کە تێیدا بڕیاریاندا کە نامەیەك ئاڕاستەی پارتی بکەن, بۆ دیاریکردنی چۆنێتیی نێوانیان. **4435**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1970 – 1975 – بەرگی چوارەم – ستۆکهۆلم – 1990. لاپەڕە : 43.

**1971-09-00** دەرکردنی 20 هەزار کوردی فەیلی لەلایەن د.ق –ەوە, لە ئێراقەوە بۆ ئێران. **4436**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 431.

**1971-09-29** کاتژمێر 4.55ی پاشنیوەڕۆ: پیلانی کوشتنی بارزانی لە گەڵاڵە لەلایەن د.ق. کە 9 مەلای ئایینیی ناردە لای بارزانی و بۆمبێکیان لە ژوورەکەیدا تەقاندەوە, بەڵام چایچییەکەی بارزانی بە ڕێکەوت لە بەردەم بارزانیدا دەبێت و بارزانی لەو پیلانە بە سەلامەتی دەردەچێت, پاشان ئەو مەلایانە هەموویان لەلایەن شۆڕشەوە دەکوژرێن. لەم پیلانەدا 2 پم کوژرا و 14ش بریندار بوون. **4437**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 432.

سەرچاوەی 2: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدك TV Kurdistan

**1971-10-00** گیرانی سدیقی عەلایی لەلایەن پارتییەوە, لە کاتێکدا کە دەیویست بێتە باشووری کوردستانەوە, نێوبراو ئەندامی حدکا بوو و پێشتر 3 ساڵ زیندانی بووە. **4438**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1970 – 1975 – بەرگی چوارەم – ستۆکهۆلم – 1990. لاپەڕە : 73.

**1971-10-01** حدکا, نامەیەکی ناڕەزایی بۆ پارتی نارد, سەبارەت بە هەوڵی تیرۆرکردنی سەرۆك بارزانی. **4439**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1970 – 1975 – بەرگی چوارەم – ستۆکهۆلم – 1990. لاپەڕە : 70.

**1971-10-14** بیرۆی ڕامیاریی حدکا, بۆ دواجار بڕیاریدا کە پەیوەندی بکات بە ئەحمەد تۆفیقەوە, تاوەکو بگەڕێتەوە نێو حدکا, بەڵام نێوبراو هەر ڕازی نەبوو. **4440**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1970 – 1975 – بەرگی چوارەم – ستۆکهۆلم – 1990. لاپەڕە : 29.

**1971-11-10** بۆیەکەمجار لە مێژووی هونەریی کوردا تیپی موزیکی منداڵان بەسەرپەرشتیی هونەرمەند ولیەم یوحەننا لە شاری سلێمانی دروستبوو. ئەم تیپە هاوبەشیی لە ڤیستیڤاڵی هونەریی چالاکیی قوتابخانەکاندا کرد کە لە شاری موسڵدا ئەنجامدرا. **7206**

سەرچاوەی 1: تۆماری جەماوەر: کاك جەمال سابیر لە هۆڵەندا

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵەندا

**1971-12-00** کردنەوەی خولێك بۆ کادرانی حدکا, کە 21 کەس بەشدارییان تێدا کرد. **4441**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: جەلیل گادانی – 50 ساڵ خەبات – کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – بەرگی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی باشووری کوردستان – بێ بەروار. لاپەڕە : 168.

**1972** بڵاوکردنەوەی وتارێك بە نێوی کورد و کوردستان لە ئەنسکلۆپیدیای مێژووی سۆڤێتیدا لەلایەن د. کەمال مەزهەرەوە, لە گۆڤاری بەیان .ژ.1دا. **4452**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 118.

**1972** هانس هێنلە پەرتووکێکی بە نێوی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی نوێ دەرکرد, کە تێیدا باسی دۆزی کوردی کردووە. **4444**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 46.

**1972** تا 975, ئامریکا نزیکەی 16 ملیۆن دۆلاری دایە شۆڕشی کورد لە باشوور. **4445**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی فارسی: کندال, عسمت شریف وانلی و مستفی نازدار – کردها – ترجمە: ابراهیم یونسی – انتشارای روزبهان – تهران – 1372. لاپەڕە : 41.

**1972** کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا لکی نەمسا, بە هاوکاریی دوکتۆر ئێریش کۆرنەری سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی مافی مرۆڤ لە نەمسا, نامیلکەیەکی چەند لاپەڕەیی بە نێوی کورد – گەلێکی بێ دەوڵەتەوە بڵاوکردەوە. **4446**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 63.

**1972** بڵاوکردنەوەی پەرتووکی ئەفسانە و چیرۆکی کوردی بە زمانی ئەڵمانی لەلایەن مامۆستا جەمال نەبەزەوە. **4447**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 70.

**1972** بڵاوکردنەوەی پەرتووکی کوردستان و شۆڕشەکەی بە زمانی ئەڵمانی لەلایەن مامۆستا جەمال نەبەزەوە. **4448**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 70.

**1972** هاوینی ئەمساڵ: سەرەونگوونکردنی ئەحمەد تۆفیق – عەبدوڵڵای ئیسحاقی لەلایەن بەعسییەکانەوە و پاشان شەهیدکرا, تاوەکو ئێستێ کەس نازانێت کە تەرمی لە کوێیە, نێوبراو بۆ ماوەی ساڵانێك سکرتێری حدکا بوو و کەسێکی گەلێك نزیکی مەلا مستەفا بارزانی بوو. **4449**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1970 – 1975 – بەرگی چوارەم – ستۆکهۆلم – 1990. لاپەڕە : 30.

1972 بڵاوکردنەوەی پەڕتووکی پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی لە مۆسکۆ, لەلایەن ئۆردوخانی جەلیل و جەلیلی جەلیلەوە. **4451**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 103.

1972 کوردناسی بەنێوبانگی تورک ئیسمایل بێشکچی, بەهۆی نووسینەکانییەوە دەربارەی کورد, لەلایەن د.ت بۆ ماوەی 13 ساڵ زیندانی کرا. **4453**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: مارتین فان برونەسن – ئاغا و شێخ و دەوڵەت – کوردۆ, لە ئاڵمانییەوە کردوویە بە کوردی – بەرگی یەکەم – چاپخانەی ڕۆژ – سوید – 1996. لاپەڕە : 7.

1972 حوسەینی خەلیقی بڕوانامەی دوکتۆرای لە فەلسەفەدا وەرگرت. **4454**

1972 تیپی باواجی کۆیە, یەکەمین گۆرانیی بۆ تەلەفزیۆنی بەغداد تۆمار کرد. **4455**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 4 – خولی چوارەم – 25–12–1994 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 37.

1972 پاییزی ئەمساڵ: نارنجۆکێك گیرایە ماڵی کەریم حەداد لە قەڵادزێ, ئەم ماڵە شوێنی حەوانەوەی کادرەکانی حدکا بوو. حدکا پێی وایە کە ئەمە کاری پارتییە, نارنجۆکەکە نەتەقییەوە. **4456**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1970 – 1975 – بەرگی چوارەم – ستۆکهۆڵم – 1990. لاپەڕە : 107.

1972 ژمارەی کوردە جوولەکان لە تەلئەبیبدا گەییشتە 30 هەزار کەس. **4457**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مامۆستای کورد – ژمارە 22 – سوید – هاوینی 1994. لاپەڕە : 63.

1972 دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری بەیان لە بەغداد. **4458**

1972 لەدایکبوونی ئەحمەد ئەسعەد ئیسمایل لە شاری هەولێر. **4459**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمه العفو الدولیه – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعه الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 126.

1972 د.ق, ئاژاوەیەکی لە شاری شەنگاردا نایەوە. **4450**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: لەتیف قەراخی – مام ئیبراهیمی نەتەوەیی و داستانە خوێناوییەکەی ئەزمەر و کۆمەڵە داستانێکی تر – ڕۆمانە شیعر – چاپی یەکەم – چاپخانەی سلێمانی – 1993. لاپەڕە : 124.

1972 کۆتایی ئەمساڵ: دامەزراندنی تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی لەلایەن دڵشاد مەریوانی, ئەحمەد سالار و حەمە ڕەشید هەرەس لە شاری سلێمانی. ئەم تیپە ساڵی 1973 مۆڵەتی کارکردنی پێدرا. **8206**

سەرچاوەی 1: ڕووبەڕووی کوردی: ڕووبەڕوویەك لەگەڵ هونەرمەند حەمە ڕەشید هەرەس لە 14–08–2004 لە ئەمستەردام.

1972 دامەزراندنی تیپی هاوڕێیانی گەزیزە لە شاری سلێمانی. **8205**

سەرچاوەی 1: ڕووبەڕووی کوردی: ڕووبەڕوویەك لەگەڵ هونەرمەند حەمە ڕەشید هەرەس لە 14-08-2004 لە ئەمستەردام.

**1972** پەیوەندیکردنی شەهید غەریب هەڵەدنی بە شۆڕشی ئەیلوولەوە. **8140**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی ینك Sat Kurd

**1972** یاریکردنی شانۆگەریی ساراخان لە سلێمانی. **7454**

سەرچاوەی 1: ڕووبەڕووی کوردی: ڕووبەڕوویەك لەگەڵ هونەرمەند مامۆستا سالار عومەر قەراخی لە ئەمستەردام – 28-12-2002.

**1972** پێشکەشکردنی شانۆیی چاوی ڤێتنام لە کەرکوك. **7464**

سەرچاوەی 1: ڕووبەڕووی کوردی: ڕووبەڕوویەك لەگەڵ هونەرمەند مامۆستا سالار عومەر قەراخی لە ئەمستەردام – 28-12-2002.

**1972** کوژرانی قایمقامی شەنگاڵ و بەهۆیەوە بارودۆخی شەنگاڵ و ناوچەکانی دەوروبەری تێکچوو. **8228**

**1972-01-00** سەرکردایەتیی حدکا، بڕیاری دەرکردنی ئەحمەد تۆفیقی لە حدکا دا. **4460**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1970 – 1975 – بەرگی چوارەم – ستۆکهۆڵم – 1990. لاپەڕە : 30.

**1972-02-21** سەددام حوسەین چەند ئەفسەرێکی سووپای ئێراقی بە تاوانی پیلانگێران لە نێوبرد، کە لەنێویاندا عەبدولغەنی ئەلراویی تێدا بوو. **4461**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: الوفاق – مجلە فصلیە پقافیە سیاسیە – العدد الپانی – السنە الاولی – اوائل اژار 1996 – مگبعە التعلیم العالی – اربیل. لاپەڕە : 21.

**1972-03-00** کۆبوونەوەی فراوانی سەرکردایەتیی حدکا، کە تێیدا بڕیاری ئەوەیاندا کە دەست بە خەباتی چەکداری لە دژی داگیرکەری ئێران بکەن. **4462**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1970 – 1975 – بەرگی چوارەم – ستۆکهۆڵم – 1990. لاپەڕە : 92.

**1972-03-08** د.س، 5 خوێندکاری کوردی بۆ ماوەی 2 ساڵ زیندانی کرد، بەتاوانی ئەوەی لە ئاهەنگی دامەزراندنی پارتی بەعسدا، هوتافی بژی برایەتی کورد و عارەب یان کێشابوو. **4463**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 3 و 4 – خولی پێنجەم – 25-12-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 22.

**1972-03-20** هۆزانەوان عەبدوڵڵا پەشێو لە میهرەجانی هەڵبەستی کوردیدا هەڵبەستی دوازدە وانە بۆ منداڵانی خوێندەوە. **757**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: کۆڕێکی هەڵبەست خوێندنەوە لەلایەن هۆزانەوان (عەبدوڵڵا پەشێو)ەوە، کە لەلایەن مەڵبەندی کلتووریی کورد لە لاهای – هۆڵندا ڕێکخرابوو.

**1972-04-00** ئەریم وازی لە سەرۆکایەتیی تورکیا هێنا. **4464**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی هۆڵندی: Dr. Karl Ploetz. Prisma Kalendarium, Wereldgeschiedenis in jaartallen, Uitgeverij Het Spectum BV – Zevende druk – 1988. لاپەڕە : 180.

**1972-04-00** د.ق و یەکێتی شۆرەوی، ڕێکەوتننامەی هاوڕێیەتییان مۆرکرد. **4465**
سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: یەکگرتن – گۆڤارێکی ڕۆشنبیری تیۆرییە – بنکەی ڕۆشنبیریی یەکگرتن بلاویدەکاتەوە – ژ16 – دانیمارک – 1993. لاپەڕە : 93.

**1972-04-08** شۆرەوی و ئێراق، ڕێکەوتننامەیەك مۆر دەکەن، تاوەکو شۆرەوی لەو نێوچانەدا جێ پێی خۆی پتەو بکات و ئێراقیش چەك لە دژی کورد بەدەست بهێنێت. **4466**
سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێرانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 434.

**1972-05-12** کۆچی دوایی شێخ لەتیفی بەرزنجی. **4467**
سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحمودی سالحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی دووەم – چاپی دووەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1989. لاپەڕە : 173.

**1972-06-00** د.س، کەوتە دابەشکردنی بڕێونامە – کۆبۆن، بەسەر ئەو 10 هەزار کوردەی کە لە سووریادا بەبێ ناسنامە مانەوە، تاوەکو باری ئابووریيان ناهەموار بێت و نێوچەکە چۆڵ بکەن. **4468**
سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 3 و 4 – خولی پێنجەم – 25-12-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 21.

**1972-06-02** بەعسییەکان، نەوتی ئێراق و باشووری کوردستانیان خۆماڵی کرد. **4469**

**1972-07-00** گیرانی کادرێکی حدکا، لەلایەن عەبدوڵڵا ئاغای پارتییەوە، نێوبراو دەیویست بگەڕێتەوە بۆ خۆرهەڵاتی وڵات، بۆ کاری ڕامیاری. پاش ماوەیەك پارتی ئازادی کرد. **4471**
سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1970 – 1975 – بەرگی چوارەم – ستۆکهۆڵم – 1990. لاپەڕە : 96.

**1972-07-00** بەعسییەکان لە ڕۆژنامەی ئەلسەورەدا، بارزانییان بەوە تاوانبار کرد کە چەکی قورس لە ئامریکا وەردەگرێت و ئیزگەی نوێ و بنکەی ڕاهێنانی بۆ پێشمەرگە کوردەکان کرووەتەوە. **4470**
سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کریس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێرانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 438.

**1972-07-01** لەدایکبوونی نووسەر سەبری سلێڤانی لە گوندی چیڤتکێ لە ناوچەی زاخۆ. **7203**
سەرچاوەی 1: تۆماری جەماوەر: کاك سەبری سلێڤانی لە هۆڵندا

**1972-07-30** گیرانی لێپرسراوی پدك. لە سەربازگەی هەولێردا لەلایەن بەعسییەکانەوە. **4472**
سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976-1980 – بەشی یەکەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەڕە : 22.

**1972-07-31** پدك، بیرخەرەوەیەکی 11 مادەیی دایە بەعسییەکان، کە تاوانباری کردن بەوەی پیلانی کوشتنی بارزانییان داناوە و بەڵێنەکانی خۆیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد جێبەجێ ناکەن.
**4473**
سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێرانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 438.

**1972-08-00** ئامریکا تا مانگی 3ی ساڵی 975، 61 ملیۆن دۆلاری دابە شۆڕشی کورد لە باشووردا.
**4474**
سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێرانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 436.

**1972-08-05** گیرانی مەلا قادری ئەندامی سەرکردایەتیی حدکا و کادرێکی تر لەلایەن عەبدوڵڵا محەمەد ئەمینی فەرماندەی بەتالیۆنی شارباژێری پارتییەوە، نێوبراوان دەیانەویست ئاودیوی خۆرهەڵاتی وڵات بن و نامەی ڕەزامەندیی سەرۆکی لکی 4ی پارتیشیان پێبوو، تاوەکو کەس دەست نەهێنێتە ڕێیان.
**4475**
سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1970 – 1975 – بەرگی چوارەم – ستۆکهۆلم – 1990. لاپەڕە : 96.

**1972-08-08** حدکا، نامەیەکی ناڕەزایی بۆ پارتی نارد، بەبۆنەی گیرانی مەلا قادر و کادرێکی تری حدکاوە. **4476**
سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1970 – 1975 – بەرگی چوارەم – ستۆکهۆلم – 1990. لاپەڕە : 97.

**1972-08-09** کۆچی دوایی هۆزانەوانی کورد، قەدری جان. **4477**
سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – ژ73 – ئۆگەستی 1996. لاپەڕە : 3.

**1972-09-15** کۆچی دوایی هۆزانەوان حاجی باقی، ناسراو بە بەنگینە. **4478**
سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی یەکەم – چاپی یەکەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1987. لاپەڕە : 415.

**1972-10-00** شای ئێران ڕایگەیاند، کە دەوڵەتێکی سێیەم ببێتە نێوبژیکاری کێشەکانی نێوان ئێران و ئێراق. **4479**
سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێرانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 489.

**1972-11-00** شەهیدکردنی قادر وردی لە نێوان جادەی سەقز و بانەدا و هەروەها بەدیلگیرانی محەمەد سدیق بە برینداری و لە ئەنجامدا لە سنە لە پەت دەدرێت، نێوبراوان ئەندامانی حدکا بوون و بۆ کاروبار لە باشوورەوە چووبوونە خۆرهەڵات. **4480**
سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: جەلیل گادانی – 50 ساڵ خەبات – کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – بەرگی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی باشووری کوردستان – بێ بەروار. لاپەڕە : 168.

1973 **حدکا، ڕایگەیاند کە خەباتی چەکدارانە لە دژی د.ا بکات. 4488**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 298.

1973 **هاوینی ئەم ساڵ: بەستنی کۆڕێك لە شەقلاوا لەلایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی باکووری ئێراقەوە، بۆ مەبەستی وتووێژ و بیروڕا دەربڕین لە بارەی ئەلف و بێی کوردی و ڕێنووسی قوتابخانە کوردییەکانەوە. 4487**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: مەسعود موحەمەد – گەشتی ژیانم – چاپی یەکەم – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 537.

1973 **تا 975، دۆزینەوەی چەند تەختە گڵێکی خالدییەکان لە خۆرهەلات. 4486**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: د. جەمال ڕەشید ئەحمەد – لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری – دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی – دار الحریە للتباعە – بەغداد – 1988. لاپەڕە : 191.

1973 **بلاوکردنەوەی پەرتووکێك بە نێوی زمانی کوردەکانی سۆڤێت لە مۆسکۆ، لەلایەن چ.خ. باکایێڤەوە. 4485**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 125.

1973 **بلاوکردنەوەی وتارێك بەنێوی لە بابەت نڤیسکار زمان و ئەلفبایی پەرتوکێت دینی ئێزیدیان لەلایەن قەناتی کوردۆوە لە گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد، بەرگی 1دا. 4484**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 111.

1973 **بلاوکردنەوەی پەرتووکی کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا لە مۆسکۆ، لەلایەن جەلیلی جەلیلەوە. 4483**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: بەرکورتیکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا – نووسینی چەند مامۆستایەکی کورد – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1974. لاپەڕە : 104.

1973 **لەم ساڵەدا تورکەکان 2 ملیۆن تۆن کرۆمیان لە نێوچەی مادندا دەرهێناوە و بە ئامریکایان فرۆشتووە. 4493**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی فارسی: کندال، عسمت شریف وانلی و مستفی نازدار – کردها – ترجمە: ابراهیم یونسی – انتشارای روزبهان – تهران – 1372. لاپەڕە : 96.

1973 **لەدایکبوونی ئادەم زرار عوسمان، لە گوندێکی نێوچەی هەولێر. 4494**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منڤمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الآنسان ڤ کردستان العراق منڒ 1991 – الگبعە الأولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 108.

1973 **کۆچی دوایی هونەرکاری مەزن ڕەفیق چالاك. 4495**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی سالّحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی دووەم – چاپی دووەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1989. لاپەڕە : 449.

**1973** پەیوەندیکردنی زێتر لە هەزار ئەفسەر و سەربازی کورد لە سەربازگەکانی ئێراقەوە بە شۆڕش. **4489**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێرانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 445.

**1973** تیپی باواجی کۆیە, کۆمەڵێك گۆرانیی کوردیی بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوك تۆمار کرد. **4491**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 4 – خولی چوارەم – 25-12-1994 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 37.

**1973** یارمەتیی د.ق, بۆ حدکا, بە چەك و پارە. **4490**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێرانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 532.

**1973** دەرچوونی بڵاوکراوەی دەنگ و باسی شۆڕش لە ناوپردان, لەلایەن مامۆستا سەعید ناکامەوە. **4492**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 3 و 4 – خولی پێنجەم – 25-12-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 6.

**1973** تا ساڵی 975: دس, بە درێژایی 375 کم, لە سەری کەهنییەوە تا دێرك, ڕامیاریی بەعارەبکردنی دەستپێکرد و نزیکەی 150 هەزار کورد ئاوارە و بێ شوێنکران. **4481**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 18.

**1973** سەرەتای ئەم ساڵ: چوونی جەلال تاڵەبانی بۆ بەیروت, لەوێ بووە یاریدەدەری عەزیز شێخ ڕەزا کە نوێنەری پارتی بوو لە لوبنان. **4482**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: فرەنسۆ هەریری – بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی نەنووسرێ – پرسیار و وەڵام – لە بڵاوکراوەکانی پدك – هاوینەهەواری پیرمام – هەولێر – 1995. لاپەڕە : 18.

**1973** تۆمارکردنی چیرۆکی تەمسیلیی پاڵتۆ لەلایەن تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردییەوە بۆ تەلەڤزیۆنی بەغداد کە هونەرمەند ئەحمەد سالار ڕۆڵی پاڵەوانێتیی تێدا بینی. **7042**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی ینك Sat Kurd

**1973-02-00** بۆ دووەم جار نارنجۆکێکی تر فرێدرایە نێو ماڵی کەریم حەدادەوە لە قەڵادزێ, ئەم ماڵە شوێنی حەوانەوەی ئەندامانی حدکا بوو. **4496**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1970 – 1975 – بەرگی چوارەم – ستۆکهۆلم – 1990. لاپەڕە : 108.

**1973-03-00** شەهیدکرانی مەلا قادری وردی – ئەندامی سەرکردایەتیی حدکا و کادرێکی تر, لە شاری بانە لەلایەن فارسەکانەوە, نێوبراوان بۆ کاری ڕامیاری چووبوونەوە بۆ خۆرهەڵاتی کوردستان. **4497**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1970 – 1975 – بەرگی چوارەم – ستۆکهۆڵم – 1990. لاپەرە : 115.

**1973-04-01** حدکا, نامەیەکی نارەزایی بۆ پارتی نارد, چونکە پارتی مامەڵەی خراپی دەگەڵ ئەندامانی حدکا دەکرد. **4498**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1970 – 1975 – بەرگی چوارەم – ستۆکهۆڵم – 1990. لاپەرە : 108.

**1973-04-06** فەخری کۆروتورك بووە سەرۆك کۆماری تورکیا. **4499**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی هۆڵندی: Dr. Ploetz Karl. Prisma Kalendarium, Wereldgeschiedenis in jaartallen, Uitgeverij Het Spectum BV – Zevende druk – 1988. لاپەرە : 180.

**1973-05-08** گیرانی 3 ئەندامی حدکا بە نێوی مەلا رەحمانی فاتیحی, سەید حەمەد و هۆمەرە سووتاو لەلایەن حەسۆی میرخانەوە, لە نێوچەی پشدەر. **4500**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1970 – 1975 – بەرگی چوارەم – ستۆکهۆڵم – 1990. لاپەرە : 129.

**1973-05-20** حدکا نامەیەکی نارەزایی بۆ پارتی نارد, چونکە 3 ئەندامی حدکا, لەلایەن حەسۆی میرخانەوە لە پشدەر گیرابوون. **4501**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1970 – 1975 – بەرگی چوارەم – ستۆکهۆڵم – 1990. لاپەرە : 128.

**1973-06-18** کۆچی دوایی حەسەن فەهمی جاف لە شاری بەغداد, نێوبراو نووسەر و ساڵانێك نوێنەری شاری هەڵەبجە بوو لە ئەنجوومەنی ئێراقیدا. **4502**

سەرچاوەی 1: رۆژنامەی عەرەبی: صوت الأكراد – لسان حال الحزب الديمقراگی الكردی فی لبنان "البارتی" – نصف شهريه – العدد 31 – لندن – 2-6-1997. لاپەرە : 7.

**1973-07-00** نازم گزاری سەرۆکی دەزگای هەواڵدەریی ئێراق رایگەیاند, کە پیلانی کوشتنی بارزانی لە مانگی 9ی 971 دا لەلایەن منەوە دانراوە. **4503**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێرانی محەمەدی رەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەرە : 432.

**1973-07-17** پێکهاتنی بەرەی نیشتمانی و نەتەوایەتی لە نێوان بەعسییان و حشع دا, بەڵام پدك بەشداریی ئەو بەرەیەی نەکرد, ئەو بەرەیە بووە هۆی ئەوەی کە حشع بۆ ماوەی چەند ساڵێك دژایەتیی شۆرشی کورد و پدك بکات. **4504**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچیرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێرانی محەمەدی رەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەرە : 442.

**1973-07-18** کۆچی دوایی موزیکژەن حەسەنی نەی. **4505**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحمودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی دووەم – چاپی دووەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1989. لاپەڕە : 56.

**1973-08-00** تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی شانۆیی لانەوازانی بۆ تەلەڤزیۆن ئامادەکرد. **8207**

سەرچاوەی 1: ڕووبەڕووی کوردی: ڕووبەڕوویەك لەگەڵ هونەرمەند حەمە ڕەشید هەرەس لە 14-08-2004 لە ئەمستەردام.

**1973-08-16** کۆچی دوایی ئەحمەد محەمەد ساڵح جاف لە بەغداد، نێوبراو ساڵانێك نوێنەری هەڵبجە بوو لە ئەنجوومەنی ئێراقیدا. **4506**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: صوت الاكراد – لسان حال الحزب الديمقراگی الكردی ق لبنان "البارتی" – نصف شهريه – العدد 31 – لندن – 2-6-1997. لاپەڕە : 7.

**1973-09-00** هێرشی 2 فەجی د.ق، بۆسەر نێوچەکانی دڵخۆش و شێخان، بەڵام هەرزوو کشانەوە و پێشمەرگە جێیانی گرتەوە. **4507**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 442.

**1973-09-01** حدکا، نامەیەکی بۆ پارتی نارد، تاوەکو هەندێك ئەندامیان لە لای ئێران گیرابوون، پارتی بۆیان تێکەوێت و لەسێدارەیان نەدەن، بەڵام پارتی هیچی بۆ نەکردن. **4508**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1970 – 1975 – بەرگی چوارەم – ستۆکهۆڵم – 1990. لاپەڕە : 135.

**1973-09-22** تا 26-09، بەستنی سێیەمین کۆنگرەی حدکا لە شاری بەغداد، کە تێیدا بڕیاری خەباتی چەکدارانەیان لە دژی د.ا، دا، 49 کەس بەشداریی کۆنگرەکەیانکرد. 15 کەس بۆ کۆمیتەی نێوەندی هەڵبژێردران، کە ئەمانەن: د. قاسملو، کەریمی حیسامی، محەمەد ئەمین سیراجی، ئەمیری قازی، هێمن، کەریم حەداد، ڕەسوڵ پێشنماز، د. سوڵتان ئەتمیشی، محەمەدی موهتەدی، د. حەسەن شەتوی، هاشمی کەریمی، محەمەد ڕەسوڵ حەسەن پوور، سەلامی شەفیی، ئیسمایل حاجی و عەبدوڵڵا حەسەن زادە. ئەمانەش بوونە ئەندامانی بیرۆی ڕامیاری: د. قاسملو، کەریمی حیسامی، محەمەد ئەمین سیراجی، د. سوڵتان ئەتمیشی و عەبدوڵڵا حەسەن زادە. کۆنگرەکە پەیامی بۆ ئەم کەس و لایەنانە نارد، ئەندامانی حدکا، گەلی کورد لە خۆرهەڵات، گەلانی ئێران، ڕێکخراوە دژی ئیمپریالیستی و دیموکراتییەکانی ئێران، زیندانییە ڕامیارییەکان، کورد لە باشوور، لە باکوور، لە خۆرئاوا، گەلی فەلەستین، خەباتکەرانی زەففار، گەلی کامبوج، شیللی، یرلاند و گەلانی ئاسیا و ئافریکا و ئامریکای لاتین. **4509**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: جەلیل گادانی – 50 ساڵ خەبات – کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – بەرگی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی باشووری کوردستان – بێ بەروار. لاپەڕە : 170.

سەرچاوەی 2: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1970 – 1975 – بەرگی چوارەم – ستۆکهۆڵم – 1990. لاپەڕە : 138.

سەرچاوەی 3: پەرتوکی کوردی: عەبدوڵڵا حەسەن زادە – نیو سەدە تێکۆشان، ئاوڕێك لە ڕابردووی خەبات و تیکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – لە بڵاوکراوەکانی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – ئۆگەستی 1995. لاپەڕە : 14.

سەرچاوەی 4: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 531.
سەرچاوەی 5: پەرتووکی عەرەبی: الدكتور عبدالستار گاهر شريف – الجمعيات و المنظمات و الاحزاب الكرديه فى نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعه الاولى – شركه المعرفه للنشر و التوزيع – بغداد 1989. لاپەڕە : 257.

**1973-10-00** چاوپێکەوتنی هەردوو نوێنەری ئێراق و ئێران لە شاری ئەستەمبوڵ, بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان و لێکۆڵینەوە لە شۆڕشی باشووری کوردستان. **4511**
سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 490.

**1973-10-00** نێوانی د.ق و پدك, بە تەواوەتی ناخۆش بوو. **4510**
1976 بڵاوبوونەوەی نامیلکەی لاپەڕەیەکی مێژوویی دەربارەی شانۆی ئازەری و کوردی لە یەریڤان بەزمانی ئەرمەنی. **8452**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی نووسەری کورد – com.nuserikurd.www//:http

1976 بەپێی ئامارێك کە کۆمەڵەی زیندانییە ئازادەکان ئامادیکردووە لەم ساڵەوە تا ساڵی 1986 د.ق نزیکەی 5 ملیۆن و 100 هەزار کەسی زیندانیکردووە و لەمانە 1 ملیۆن و 60 هەزاریان لەسێدارەدراون. **7660**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1976 بەستنی میهرەجانی پەروەردەی سلێمانی, لەم میهرەجانەدا شانۆیی تروسکەی هیوا لە نووسینی سالار عومەر قەراخی یەکەمی بەدەستهێنا. **7457**

سەرچاوەی 1: ڕووبەڕووی کوردی: ڕووبەڕوویەك لەگەڵ هونەرمەند مامۆستا سالار عومەر قەراخی لە ئەمستەردام – 28–12–2002.

**1976-01-00** دەرچوونی 2ەمین ژمارەی الشرارەی یەکێتی لە شام. **4654**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ, دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەڕە : 72.

**1976-01-00** دەرچوونی یەکەمین ژمارەی ڕێبازی نوێ لە بەیروت بە زمانی کوردی, کە ئۆرگانی یەکێتی بوو. **4653**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ, دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەڕە : 73.

**1976-01-01** د.ا لە مەخفەری بناوەسوتەی پێنجوێنەوە هەندێك لە ئەندامانی کۆمەڵەی تەسلیمی د.ق کردەوە و، لەنێە ئەوانەدا شەهاب و ئەنوەر و جەعفەری تێدابوو کە پاش ماوەیەك لەسێدارە دران. **6901**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1976-01-03** کۆچی دوایی هۆزانەوان مەلا حامیدی مەلا حەمدون. **7344**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هوشیار قەفتان – ڕۆژژمێری هاوسەر 2001 – لەبڵاوکراوەکانی پرۆژەی هاوسەر 127 – بەغداد – 2001.

**1976-01-19** لیژنەی پایك, ڕاپۆرتێکیان لەسەر شۆڕشی ئەیلوول پێشکەشی کۆنگرێسی ئەمریکی کرد, کە تێیدا چەند نهێنییەکی شۆڕش و ئێران و ئامریکایان درکاندبوو. **4655**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ, دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەڕە : 67.

**1976-02-00** ڕوودانی پێکدادانێك لە گوندی کانیکێی نێوچەی باتمان, لە ئەنجامی فرۆشتنی زەوی و زارەوە لە نێوان هەردوو هۆزی بەکران و ڕەشکۆتان, کە سەرەنجام ژەندرمە کەوتە نێوانەوە و شەڕەکەیان ڕاگرت. **4656**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: مارتین فان برونەسن – ئاغا و شێخ و دەوڵەت – کوردۆ, لە ئاڵمانییەوە کردوویە بە کوردی – بەرگی یەکەم – چاپخانەی ڕۆژ – سوید – 1996. لاپەڕە : 108.

**1976-02-23** گۆڤاری دەنگی لادێ – ڤیلیچ ڤۆیس, ڕاپۆرتی ئۆتیس پایکی بڵاوکردەوە, کە هەندێك نهێنیی شۆڕشی ئەیلوولی درکاندبوو. **4657**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ, دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەڕە : 67.

**1976-03-00** دەرچوونی 3هەمین ژمارەی گۆڤاری الشرارە. **4658**

**1976-03-18** مۆتۆڕێك تامپۆنێکی لەگەڵ تێکۆشەری کورد ئیحسان نوری پاشادا, کرد لە شاری تاران و کە بەهۆیەوە پاش هەفتەیەك کۆچی دوایی کرد. **4659**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیە فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعە الاولی – شرکە المعرفە للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 66.

**1976-03-25** پاش 64 ساڵ دەربەدەری تێکۆشەری کورد, ئیحسان نوری پاشا لە تاران کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی ئەلزەهرادا بە خاکیان سپارد. **4660**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیە فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعە الاولی – شرکە المعرفە للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 66.

سەرچاوەی 2: پەرتوکی کوردی: د. بلەچ شێرکۆ – کێشەی کورد, مێژینە و ئێستای کورد – موحەمەد حەمە باقی لە عارەبییەوە کردوویەتی بە کوردی – چاپی دووەم – چاپخانەی ڕەزائی, تەورێز – 1990. لاپەڕە : 91.

**1976-03-26** د.ت, ڕێکەوتننامەیەکی نوێی سەربازیی لەگەڵ ئامریکادا بەست, کە بەو پێیە خاکی تورک و باکووری کوردستان زێتر ببنە بنکەی سەربازیی ئامریکا بەرامبەر چەند یارمەتییەکی مادی. **4661**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی هۆڵندی: Dr. Karl Ploetz. Prisma Kalendarium, Wereldgeschiedenis in jaartallen, Het Spectum BV – Zevende druk – 1988. لاپەڕە : 181.

**1976-04-00** داگیرکەری ئێراقی بڕیارێکی دەرکرد, کە بەهۆیەوە سەدان پیاوی نێودار و خانەدانی کوردی لە باشووری کوردستانەوە بۆ نێوچە بیابانەکانی ئێراق دوور خستەوە. **4662**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976–1980 – بەشی یەکەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەڕە : 41.

**1976-04-00** کۆبوونەوەی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی لە ڤیەننا, کە ئەمانە بەشدارییان تێداکرد: جەلال تاڵەبانی, کەمال فوئاد, عومەر شێخ موس, عادل موراد, فواد مەعسوم و نەوشیروان مستەفا. **4663**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ, دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەڕە : 57.

**1976-04-25** کۆچی دوایی هۆزانەوان مەلا ئەسعەدی مەحوی لە سلێمانی. **4664**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی سالّحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی دووەم – چاپی دووەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1989. لاپەڕە : 643.

**1976-05-13** کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی حدکا لە شاری ڤارنا لە بولگاریا, لەم کۆبوونەوەیەدا گەڵاڵەی سیا–مییان دەرکرد, کە بە پێی ئەوە دەبوو ئەندامان بەرە بەرە لە ئێراقەوە بەرە و کوردستان بچن بۆ کاروباری چالاکیی ڕامیاری و سەربازی. **4665**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: عەبدوڵلا حەسەن زادە – نیو سەدە تێکۆشان, ئاوڕێك لە ڕابردووی خەبات و تیکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – لە بڵاوکراوەکانی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – ئۆگەستی 1995. لاپەڕە : 104.

سەرچاوەی 2: پەرتوکی کوردی: کریس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 و 20 دا – وەرگێڕانی محەمەدی ڕەیانی – چاپی یەکەم – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی. لاپەڕە : 534.

سەرچاوەی 3: پەرتوکی کوردی: جەلیل گادانی – 50 ساڵ خەبات – کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – بەرگی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی باشووری کوردستان – بێ بەروار. لاپەڕە : 180.

**1976-05-23** تا 24-05: كۆبوونەوەكانی دەستەی دامەزراندنی ینك لە شام, كە تێیدا بڕیاری ناردنەوەی یەكەمین دەستەی پێشمەرگەیان لە سووریاوە بۆ كوردستاندا. **4666**

سەرچاوەی 1: پەڕتوكی كوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە كەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ, دیوی ناوەوەی ڕووداوەكانی كوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەڕە : 87.

**1976-05-26** یەكەمین چالاكیی پارتی لە دژی د.ق, لە دوای هەرەسەوە. لەم ڕۆژەوە پارتی شۆڕی دوای هەرەسی بە شۆڕشی گوڵان ناساند. **4667**

**1976-06-01** گەڕاندنەوەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ لەگەڵ 36 پێشمەرگەی تردا, لە سووریاوە بۆ كوردستان, هەربۆیە ینك ئەم ڕۆژە بە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ دادەنێت, ئەمانە پاش ماوەیەك شەهید كران. **4668**

سەرچاوەی 1: پەڕتوكی كوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە كەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ, دیوی ناوەوەی ڕووداوەكانی كوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەڕە : 121.

سەرچاوەی 2: پەڕتوكی كوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976–1980 – بەشی یەكەم – چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەڕە : 47.

**1976-06-27** پەیوەندیكردنی محەمەدی حاجی مەحموود بە بزووتنەوەی نوێوە لە باشوور. **4675**

سەرچاوەی 1: پەڕتوكی كوردی: موحەمەدی حاجی مەحموود – شۆڕش و پێشمەرگایەتی, تاقیكردنەوەی حەوت ساڵی شۆڕش (1976 – 1983) – چاپی دووەم – بێ بەروار – لە بڵاوكراوەكانی ڕاگەیاندنی حزبی سۆسیالیستی كوردستان – ئێراق لكی سلێمانی.

**1976-07-00** مەفرەزە سەرەتاییەكانی ینك و كۆمەڵە لە باشووری كوردستاندا دەستیان كردەوە بەشەڕی پارتیزانی لە نێوچەكانی جافەتی و شارباژێردا, هەروەها لە پایزیشدا گەیشتنە نێوچەكانی خۆشناوەتی و دەوروبەری كۆیە و زرارەتی و دۆڵی سماقوڵی و زۆر شوێنی تر. **4669**

سەرچاوەی 1: پەڕتوكی كوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976–1980 – بەشی یەكەم – چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەڕە : 67.

**1976-07-15** ئیبراهیم عەزۆ و مەفرەزەكەی لە گوندی نیروەی باكووری.ك لەلایەن خەڵكی گوندەوە بەفێڵ چەك دەكرێن دەیاندەنە دەست سك – پارتی. **4670**

سەرچاوەی 1: پەڕتوكی كوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە كەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ, دیوی ناوەوەی ڕووداوەكانی كوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەڕە : 121.

**1976-07-16** گیرانی 8 پێشمەرگەی یەكێتی لەلایەن پارتییەوە و چەككردن و ئەشكەنجەدانیان. **4671**

سەرچاوەی 1: پەڕتوكی كوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە كەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ, دیوی ناوەوەی ڕووداوەكانی كوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەڕە : 100.

**1976-07-18** كۆچی دوایی هۆزانەوان ڕەمزیی مەلا مارف لە سلێمانی. **4672**

سەرچاوەی 1: پەڕتوكی كوردی: ئەكرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەكیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی یەكەم – چاپی یەكەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1987. لاپەڕە : 413.

**1976-07-23** پەیوەندیکردنی نەجمەدین عەزیز شانشکاو – سالار، شێخ عەلی، حامیدی حاجی غالی، شەوکەتی حاجی موشیر و چەند کەسێکی تر بە بزووتنەوەی نوێی باشووری کوردستانەوە لەنێو ڕیزەکانی ینك دا. **4673**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976–1980 – بەشی یەکەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەرە : 48.

**1976-07-26** بەیەکدادانی هێزی پێشمەرگە و د.ق، لە نێوچەی هەڵەبجە. **4674**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: خەرمانە – گۆڤارێکی وەرزیی ئەدەبیی ڕۆشنبیرییە – ژ8 – سوید – 1993. لاپەرە : 6.

**1976-08-01** گیرانی مەفرەزەکانی عیزەت ئیسماعیل و عومەر ئیبراهیم کە سەربە دەستەکەی ئیبراهیم عەزۆ بوون لەلایەن پارتییەوە و پاشان گوللە بارانیان کردن. **4676**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەرە : 122.

**1976-08-08** پەیوەندیکردنی عومەر دەبابە، شەهید عەلی عەسکەری، شەهید دوکتۆر خالید، شەهید سەعدی گچکە، شەهید مەلای حاجی ڕەسوڵ، یەهید تایەر عەلی والی، شەهید قادر مستەفا، سەید کاکە، قادر عەزیز بە بزووتنەوەی نوێی باشوورەوە، ئەمانە بۆ نێوچە دوورەکانی ئێراق دوورخرابوونەوە، بەڵام هەرچی چۆنێك بێت خۆیان گەیاندەوە کوردستان. **4677**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976–1980 – بەشی یەکەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەرە : 48.

**1976-08-14** جەلال تاڵەبانی نامەیەکی بۆ عەلی عەبدوڵڵا نارد، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان یەکێتی و سك – پارتی، هەروەها هەر لەم ڕووەشەوە نامەیەکی بۆ مەسعود و ئیدریس بارزانی نارد. **4678**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەرە : 97.

**1976-08-15** شەهیدکردنی 18 پێشمەرگەی دەستەکەی ئیبراهیم عەزۆ، لەلایەن پارتییەوە. ئەوانەی سەرکردایەتیی ئەم براکوژییەیان کرد بریتی بوون لە عەبدوڵڵا ڕەمەزان، محەمەد گۆیی و یوسف گۆیی و ... **4679**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەرە : 122.

**1976-08-21** سەددام حوسەین، لە ئەنجوومەنی نیشتمانیدا، بڕیاری ڕاگواستنی گوندەکانی سەرسنووری بە قوڵایی 20 کم دا. **4680**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەرە : 79.

**1976-08-30** هێرشی پارتی بەسەرۆکایەتیی محەمەد خالید، بۆسەر مەفرەزەیەکی یەکێتی لەسەر کانییەکی دەشتی سندیی نزیك زاخۆ کە خەریکی چاخواردنەوە بوون، لە ئەنجامدا جەباری مەلا غەنی کە فەرماندەی مەفرەزەکەی یەکێتی بوو لەگەڵ 3 پێشمەرگەی تردا شەهید بوون، 4 پێشمەرگەی تر لە هێرشەکە ڕزگاریان بوو کە یەکێکیان نێوی ئەوڕەحمان حەسەن شنگاری بوو، بەڵام کەوتنە داوی جاشێکی ئێراقەوە بەنێوی جەعفەر بێسفکی و هەر 4یانی دایەوە دەست ئێراق و پاش ماوەیەك لە موسڵ لە سێدارە دران، ئەو مەفرەزەیەکی یەکێتی دوا پێشمەرگەی دەستەکەی ئیبراهیم عەزۆ بوون. **4681**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەڕە : 123.

**1976-09-00** بڵاوکردنەوەی پەیڕەو و پرۆگرامی ینك. کە لەلایەن جەلال تاڵەبانی، کەمال فوئاد، فوئاد مەعسوم و نەوشیروان مستەفاوە دانرابوو. **4689**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەڕە : 87.

**1976-10-00** گەڕانەوەی د. خالید و دەستەیەك لە پێشمەرگەی نێوچەی باڵەکایەتی لە سووریاوە بۆ کوردستان. **4690**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەڕە : 123.

**1976-10-24** کۆچی دوایی ئەحمەد موختار بابان لە شاری بۆنی ئەڵمانیا. **4691**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: صوت الأكراد – لسان حال الحزب الديمقراگی الكردی فی لبنان "البارتی" – نصف شهريه – العدد 30 – لندن – 7–4–1997. لاپەڕە : 7.

**1976-11-00** گەڕانەوەی 3 دەستەی لە پێشمەرگەکانی یەکێتی لە سووریاوە بۆ کوردستان، بەڵام هاتنەکەیان سەرنەکەوتوو بوو لە ترسی پارتی و خەڵکی نێوچەکە گەڕانەوە، ئەوانەی سەرۆکایەتیی ئەو دەستانەیان دەکرد ئەمانە بوون: نەوشیروان مستەفا، حەسەن خۆشناو، فوئاد عومەر، سەید کەریم، سەردار دەلۆیی و فەرهاد شاکەلی. **4692**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەڕە : 125.

**1976-11-00** ڕوودانی بوومەلەرزەیەك لە نێوچەی موڕادیەی باکووری ڤان، کە بووە هۆی زیانێکی گیانی و ماڵیی زۆر. **4693**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: مارتین فان برونەسن – ئاغا و شێخ و دەوڵەت – کوردۆ، لە ئاڵمانییەوە کردوویە بە کوردی – بەرگی یەکەم – چاپخانەی ڕۆژ – سوید – 1996. لاپەڕە : 32.

**1976-11-21** د.ق هەندێك لە ڕابەرانی کۆمەڵە1 و یەکێتیی لە سێدارەدا، کە بریتی بوون لە شێخ شەهاب، جەعفەر و ئەنوەر، ئەمانە یەکەمین دەستە بوون کە لە بزووتنەوەی نوێدا لە سێدارە بدرێن. **4694**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ, دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەڕە : 127.

**1976-11-23** هێرشی د.ق بۆسەر نێوچەی دۆڵی باڵەییان, کە لە ئەنجامدا زیانێکی زۆر بە داگیرکەر کەوت. **4695**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ, دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەڕە : 302.

**1976-11-27** گەڕانەوەی د. قاسملۆ بۆ ئەوروپا, شایانی باسە کە زۆربەی ئەندامانی حدکا لەسەر ئەم گەڕانەوەیە ناڕازی بوون. **4696**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: جەلیل گادانی – 50 ساڵ خەبات – کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – بەرگی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی باشووری کوردستان – بێ بەروار. لاپەڕە : 181.

**1976-12-02** کۆچی دوایی نووسەر غەفوور ڕەشید داراغا. **4697**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی یەکەم – چاپی یەکەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1987. لاپەڕە : 416.

**1976-12-15** د.ق بڕیاری لەسێدارەدانی ئەندامانی ڕێکخراوی هەڵۆی سووری دەرکرد, ئەو تێکۆشەرانە پاشتر لەلایەن ڕژێمەوە لەسێدارەدران. **7441**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی ینك Sat Kurd

**1976-12-17** هێرشی د.ق بۆسەر نێوچەی دۆڵی باڵەییان, کە لە ئەنجامدا زیانێکی زۆر بە داگیرکەر کەوت. **4698**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ, دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەڕە : 302.

**1977** سەرژمێریی دانیشتوانی ئێراق, بە باشووری کوردستانیشەوە, ڕژێم بەزۆر خێزانە کوردەکانی شاری کەرکوک و نێوچەکانی دەوروبەریی بە عارەب دەنووسی. **4699**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 14.

**1977** لە بەهاری ئەم ساڵدا دوژمنی ئێراقی هێرشێکی بەرفراوانی کردە سەر باشووری کوردستان بۆ لێدانی هێزی پێشمەرگە, کە نزیکەی 45 هەزار سەرباز و فڕۆکە و کۆپتەر و تانك و چەکی قورس بەشداریی تێدا کرد. **4700**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976–1980 – بەشی یەکەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەڕە : 72.

سەرچاوەی 2: پەرتوکی کوردی: موحەمەدی حاجی مەحموود – شۆڕش و پێشمەرگایەتی, تاقیکردنەوەی حەوت ساڵی شۆڕش (1976 – 1983) – چاپی دووەم – بێ بەروار – لە بڵاوکراوەکانی ڕاگەیاندنی حزبی سۆسیالیستی کوردستان – ئێراق لکی سلێمانی. لاپەڕە : 25.

1977 بۆ یەکەمجار لە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلوولەوە، بزووتنەوەی نوێ لە نێوچەی قەندیل بۆ چەندین ڕۆژ شەڕی بەرەیی لەگەڵ داگیرکەری ئێراقیدا کرد. **4701**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976–1980 – بەشی یەکەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەرە : 67.

1977 هەڵوەشاندنەوەی تیپی نواندنی لاوان لە سلێمانی لەلایەن د.ق بەهۆی شانۆیی داماوەکانەوە. **7460**

سەرچاوەی 1: ڕووبەڕووی کوردی: ڕووبەڕوویەک لەگەڵ هونەرمەند مامۆستا سالار عومەر قەراخی لە ئەمستەردام – 28-12-2002.

1977 کۆچی دوایی خۆشنووس سەید موحسین. **4713**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی دووەم – چاپی دووەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1989. لاپەرە : 448.

1977 ئێراق بە هۆی حاجی محەمەدی شێخ ڕەشیدی لەولانەوە گفتوگۆی لەگەڵ بزووتنەوەی باشووردا کردەوە، بۆ ئەو مەبەستە شەهید عەلی عەسکەری چووە بەغداد، بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبوو. **4703**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەرە : 90.

1977 سەرەتای ئەم ساڵ: چوونی وەفدێکی حدکا بۆ کۆماری یەمەنی دیموکراتی، ئەم چوونە لەسەر داواکاریی یەمەن بوو و وەفدەکەش بریتی بوون لە د. قاسملۆ و کەریمی حیسامی. لە ئەنجامدا یەمەن بەڵێنی یارمەتیدانی حدکا دەدات. **4702**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: جەلیل گادانی – 50 ساڵ خەبات – کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – بەرگی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی باشووری کوردستان – بێ بەروار. لاپەرە : 181.

1977 تیپی هونەری هەولێر، 7 گۆرانیی نوێی بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوک تۆمار کرد. **4705**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 1 – خولی پێنجەم – 25-03-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەرە : 41.

1977 توانەوەی یەکێتی خوێندکارانی نەتەوەیی کورد لە ئەوروپا – نۆکسە. **4706**

1977 هەڵبژاردنی مامۆستا سەعید ناکام بە سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد، بەڵام د.ق بەمە نەسازا و پەرپیان کرد. **4707**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 3 و 4 – خولی پێنجەم – 25-12-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەرە : 6.

1977 مەهدی زانا، بووە سەرۆکی شارەوانیی دیاربەکر. **4708**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: هه فوت – مجله کردیه مستقله – العدد 7 – سویسرا – اواخر نیسان 1995. لاپەرە : 6.

1977 د. عێزەدین موستەفا ڕەسوڵ، لە سۆڤیەت، بڕوانامەی ناوکی لە مەم و زینی ئەحمەدی خانیدا وەرگرت. **4709**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ – ینك – ساڵی چوارەم – ژ1023 – 30-06-1995. لاپەڕە : 6.

**1977** دامەزراندنی کۆمەڵەی خۆراك لە شاری سلێمانی, کە یەکێك لە دامەزرێنەرانی فەرەیدوون قازی بوو. **4704**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مامۆستای کورد – ژمارە 26 – سوید – هاوینی 1995. لاپەڕە : 30.

**1977** کۆچی دوایی وێنەکێش حەسەن فەلاح لە بەغداد. **4712**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی دووەم – چاپی دووەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1989. لاپەڕە : 158.

**1977** پەیوەندیکردنی د. خالید سەعید بە هێزی پێشمەرگەوە. **4714**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ, دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەڕە : 318.

**1977** یاریکردنی شانۆیی پیلان لەلایەن تیپی هونەر و وێژەی کوردی هەولێرەوە. **4715**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: وان – ژ7 – لە بڵاوکراوەکانی یەکیتیی نووسەرانی کورد لە سوید – 1994. لاپەڕە : 22.

**1977** کۆچی دوایی مەجیدی قالەی حەمامچی لە سلێمانی, نێوبراو پێشمەرگەیەکی زۆر ئازای سووپاکەی شێخ مەحموود بوو. **4711**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی دووەم – چاپی دووەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1989. لاپەڕە : 116.

**1977-02-09** مەلا مستەفا بارزانی, نامەیەکی بۆ سەرۆکی ئەمریکی جیمی کارتەر نووسی, سەبارەت بە بارودۆخی کوردستان, بەڵام ئەو نامەکەی پشتگوێ خست و وەڵامی نەدایەوە. **4716**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ, دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەڕە : 130.

**1977-02-14** مەلا مستەفا بارزانی, نامەی بۆ سیناتۆر و نوێنەرەکانی ئامریکا نووسی, سەبارەت بە بارودۆخی کوردستان, هەروەها گلەیی لە کارتەر دەکات کە وەڵامی نامەکەیی نەداوەتەوە. **4717**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ, دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەڕە : 130.

**1977-02-27** ئەحمەد حەسەن بەکری سەرۆکی ئێراق, محەمەد تایە ئەلنعێمیی بانگ کرد و کردییە سەرۆکی فەیلەقی 1 و سەرکوتکردنی بزووتنەوەی نوێی کوردی خستە ئەستۆ. **4718**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ, دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەڕە : 130.

**1977-03-00** کۆتایی ئەم مانگە: هێرشی د.ق بۆسەر دۆڵی باڵەییان. **4719**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ, دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەڕە : 302.

**1977-03-01** ڕێکەوتنی پارتی و یەکێتی لە شام, لەسەر داوای د.س, ئەو ڕێکەوتنە لەلایەن جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانییەوە ئیمزا کرا و حیزبی بەعسی ئێراقیش بەشداریی ڕێکەوتنەکەیی کرد و لەلایەن باقر یاسینەوە ئیمزا کرا. **4720**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ, دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەڕە : 131.

**1977-03-03** مەلا مستەفا بارزانی, نامەیەکی تری بۆ کارتەر نارد و تێیدا داوای بینینی دەکات, بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخی کوردستان. **4721**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ, دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەڕە : 132.

**1977-04-00** د.ق, فشاری زێتری خستە سەر حدکا و تەنانەت چەند کەسێکیشی لێگرتن. **4723**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: جەلیل گادانی – 50 ساڵ خەبات – کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – بەرگی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی باشووری کوردستان – بێ بەروار. لاپەڕە : 182.

**1977-04-00** هێرشی د.ق بۆسەر گوندی کانی شیلان, کە بووە هۆی کوژرانی چەند سەربازێك, داگیرکەر لە تۆڵەی سەربازە کوژراوەکانیدا نزیکەی 20 کەسی گوندەکەیان بە 5 تا 20 ساڵ زیندانی کرد. **4722**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ, دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەڕە : 202.

**1977-05-00** تا نێوەڕاستی 978: نزیکەی 3000 پێشمەرگەی باشووری کوردستان خۆیاندا بە دەست ڕژێمی ئێراقەوە و نزیکەی 600 پێشمەرگە لە سەر گۆڕەپانی خەبات مانەوە. **4724**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: موحەمەدی حاجی مەحموود – شۆڕش و پێشمەرگایەتی, تاقیکردنەوەی حەوت ساڵی شۆڕش (1976 – 1983) – چاپی دووەم – بێ بەروار – لە بلاوکراوەکانی ڕاگەیاندنی حزبی سۆسیالیستی کوردستان – ئێراق لکی سلێمانی. لاپەڕە : 18.

**1977-05-11** بەندکردنی شەهید فەقێ عوسمان گۆمەشینی لەلایەن داگیرکەری ئێراقەوە و 5 ساڵ لە زیندانی ئەبوغرێبدا جوکم درا. **4725**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976–1980 – بەشی یەکەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەڕە : 50.

**1977-05-11** گیرانی شەهید مەولود هەمزە لێپرسراوی دووەمی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵە1 لە شاری هەولێردا, شەهید پاش گیرانی بەماوەیەك لەلایەن داگیرکەری ئێراقییەوە لە سێدارەدرا. **4728**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976–1980 – بەشی یەکەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەڕە : 77.

**1977-05-11** گیرانی شەهید محەمەد زەنگەنە لە شاری هەولێر و پاش ماوەیەك لە سێدارەدرا، شەهید ئەندامی کۆمەڵەی کوردستان و لێپرسراوی شارۆچکەکانی دەوروبەری هەولێر بوو، پێش گیرانی بەماوەی چەند ڕۆژێك ژنی هێنابوو. **4726**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976–1980 – بەشی یەکەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەڕە : 54.

**1977-05-11** گیرانی شەهید وسمان گچکە قوت لەلایەن ئاسایشی ئێراقییەوە، شەهید ئەندامی کۆمەڵە1 بوو. **4727**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976–1980 – بەشی یەکەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەڕە : 57.

**1977-05-13** پاش گیرانی شەهید عوسمان گچکە قوت، لەم ڕۆژەدا لە ژێر ئەشکەنجەدا لەلایەن ئاسایشی ئێڕاقییەوە شەهید کرا، شەهید ئەندامی کۆمەڵە1 بوو و لێپرسراوی چەند شانەیەك بوو لە شاری هەولێردا. **4729**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976–1980 – بەشی یەکەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەڕە : 57.

**1977-05-18** دەرچوونی بڕیاری 580 لەلایەن د.س، کە بەهۆیەوە نێوی شار و گوند و جادە کوردییەکان دەکرێنە عارەبی. **4730**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 20.

**1977-07-00** یاریکردنی شانۆیی مۆڵەت لە سلێمانی لە هۆڵی چالاکیی قوتابخانەکان، دەرهێنانی ئەحمەد سالار و ئەم ئەکتەرانەش بەشداربوون: هونەرمەند حەمە ڕەشید هەرەس، ئازاد جەلال، یاسین قادر بەرزنجی، حیکمەت هیندی و عەتیٚ... **8213**

سەرچاوەی 1: ڕووبەڕووی کوردی: ڕووبەڕوویەك لەگەڵ هونەرمەند حەمە ڕەشید هەرەس لە 14-08-2004 لە ئەمستەردام.

**1977-07-00** گەڕانەوەی جەلال تاڵەبانی لە تورکیاوە بۆ کوردستان، نێوبراو بە پاسپۆرتێکی ساختەی ئێرانییەوە بە نێوی فازیڵ تاڵەبانییەوە گەڕایەوە. **4731**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976–1980 – بەشی یەکەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەڕە : 106.

سەرچاوەی 2: پەڕتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەڕە : 165.

**1977-07-23** شەهیدبوونی حەمە غەفور و 8 پێشمەرگەی تری ینك لە گوندی کانی بیی دەشتی کۆیە لەلایەن قالە فەرەج و تەحسین شاوەیس و جاشەکانییەوە. نێوی هەندێك لەو پێشمەرگانە ئەمانەن، ئەنوەر کەریم، ئەحمەد محەمەد، عەبدوڵڵا تۆفیق، حەمید عەزیز، ڕەمەزان سەعید و ڕەزا عومەر و .... **4732**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەلمانیا – 1997. لاپەڕە : 178.

سەرچاوەی 2: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976–1980 – بەشی یەکەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەڕە : 101.

**1977-07-24** کۆچی دوایی مامۆستا گیوی موکریانی لە شاری هەولێر. **4733**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: جمال نبز – الأمير الكردي مير محمد الراوندزي، الملقب ب(ميرى كوره) – مساهمه عمليه في دراسه التأريخ الكردي على صفحه مراه الشواهد و الأدله الشرقيه و الغربيه – اگروحه دكتوراه – ترجمها من الألمانيه الى العربيه: فخرى سلاحشور – من منشورات الأكادميه الكرديه للعلم لاپەڕە : 155.

**1977-07-27** کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی حدکا لە شاری یانیو مۆن لیڤۆی فەڕەنسا لە ماڵی کرێس کۆچێرا. **4734**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: جەلیل گادانی – 50 ساڵ خەبات – کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – بەرگی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی باشووری کوردستان – بێ بەروار. لاپەڕە : 183.

**1977-07-28** لە سێدارەدانی شەهید ستار سادق ئەندامی کۆمەڵە1، لەلایەن داگیرکەری ئێراقییەوە. **4735**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976–1980 – بەشی یەکەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەڕە : 55.

**1977-08-00** ڕاگوێزانی نێوچەکانی دۆڵی باڵەییان بۆ ئۆردوگای زۆرەملێیی قەسرێ، لەلایەن د.ق. **4736**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەلمانیا – 1997. لاپەڕە : 302.

**1977-08-07** جەمشید ئاموزگار بووە سەرۆک وەزیرانی د.ا. **4737**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی هۆڵەندی: Dr. Karl Ploetz. Prisma Kalendarium, Wereldgeschiedenis in jaartallen, Het Spectum BV – Zevende druk – 1988. لاپەڕە : 182.

**1977-08-31** تا 21-09: کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی و کادرەکانی ینک، بەبۆنەی گەڕانەوەی جەلال تاڵەبانییەوە بۆ کوردستان، لە نێوچەی برادۆست، لەو کۆبوونەوانەدا بەرپرسیاری لکەکانی شارەکان دانران و بەیانی کۆتاییەکەشی لەلایەن جەلال تاڵەبانییەوە نووسرا و لە سووریا چاپکرا. **4738**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەلمانیا – 1997. لاپەڕە : 175.

**1977-09-21** دوو ئەندامی حدکا، لە کاتێکدا کە دەیانەویست لە باشوورەوە بۆ خۆرهەڵات ئاودیوبێن، لەلایەن هێزێکی باشووری کوردستانەوە دەگیرێن و دەدرێنەوە دەست د.ا. ئەو دوو ئەندامە نێویان کەریم نستانی و ئەحمەد نستانی بوون، ئەوانەشی کە ئەم خیانەتەیان کرد، ساڵح دەروێش قادر و فەقێ قادری کوڕی بوون. **4739**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: جەلیل گادانی – 50 ساڵ خەبات – کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – بەرگی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی باشووری کوردستان – بێ بەروار. لاپەڕە : 183.

**1977-10-00** تا مانگی 04-978, داگیرکەری ئێراقی چەندین هێرشی یەك لە دوای یەکی کردە سەر هێزی پێشمەرگەی باشووری کوردستان, بەڵام لەزۆرینەی هێرشەکاندا هێزی پێشمەرگە سەرکەوتوو بوو. **4740**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976-1980 – بەشی یەکەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەڕە : 110.

**1977-10-13** خەڵکی گوندی باویان لە باکووری کوردستان, هێرشیانکردە سەر مەفرەزەیەکی یەکێتی, کە لە ئەنجامدا هەموویان کوژران, کە ئەمە نێوەکانیانە: حەسەن خۆشناو – سەرۆکی مەفرەزە, باهیر ئەحمەد, کەمال محەمەد حوسەین, نەجات نورەدین, عەلی کوێخا هۆمەر, خدر ئەحمەد, عەبدولمەلیك بەرزنجی – سەرهەنگ, عەزیز چەرکەس, خالید و حوسەین, ئەم سیانەی دوایی کوردی خۆرئاوا بوون. ئەم مەفرەزەیە بۆیە چووبوونە باکووری.ك, تاوەکو هەندێك چەك بۆ یەکێتی لە سووریاوە هاتبوو بیهێنن, بەڵام سەرنەکەوتن و ئەوەی کوژرا کوژرا و ئەوەشی بریندار بوو, بەرەڵڵایانکردن. **4741**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ, دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەڕە : 179.

**1977-10-25** چوونی ڕەسوڵ پێشنماز و چەند هاوڕێیەکی تری حدکا لە باشوورەوە بۆ نێوچەی سەردەشت, بۆ کاروباری حدکا و بە سلامەتیش گەڕانەوە. **4742**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: جەلیل گادانی – 50 ساڵ خەبات – کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – بەرگی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی باشووری کوردستان – بێ بەروار. لاپەڕە : 185.

**1977-11-00** چوونی عەلی عەسکەری بە کۆپتەری د.ق, لە لەولانەوە بۆ کەرکوك و لەوێوە بۆ بەغداد بۆ گفتووگۆ لەگەڵ د.ق. لەوێ چاوی بە سەددام حوسەین و سەعدون شاکیر و عەدنان خەیروڵڵا تلفاح کەوت, بەڵام بێسوود بوو. عەلی عەسکەری دواکارییەکانی بیرۆی ڕامیاریی یەکێتی لە نامەیەکدا پێشکەشی د.ق کرد. **4743**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ, دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەڕە : 182.

**1978** زستانی ئەم ساڵ: گواستنەوەی سەرکردایەتیی ینك بۆ نۆکان. **4756**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980-1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 218.

**1978** لە نێوچەکانی دۆلی بالیسان و دەشتی هەولێردا ژمارەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان گەیشتە 90 پێشمەرگە. **4748**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976-1980 – بەشی یەکەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەڕە : 110.

**1978** دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان پکك. **4744**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1978** **کۆچی دوایی گۆرانیبێژ تالیب مەجید – تەلی. 4761**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی سالحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی یەکەم – چاپی یەکەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1987. لاپەڕە : 51.

**1978** **هەر کوردێکی ئێزیدی، گەر بە عارەب خۆیی نێو نووس نەکردایە، ئەوا لەلایەن د.ق، دەردەکرا. 4745**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: لەتیف قەراخی – مام ئیبراهیمی نەتەوەیی و داستانە خوێناوییەکەی ئەزمەر و کۆمەڵە داستانێکی تر – ڕۆمانە شیعر – چاپی یەکەم – چاپخانەی سلێمانی – 1993. لاپەڕە : 124.

**1978** **ئازادکردنی ئیسماعیل بێشکچی لەلایەن د.ت، پاشان هەر لەم ساڵەدا لەسەر هەڵوێستی دۆستانەی بۆ کورد زیندانی کرایەوە. 4760**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی هۆڵندی: Koerdisch Instituut van Brussel – Koerdistan Dossier – Tweede druk – juli 1991 – Brussel. لاپەڕە : 45.

**1978** **دامەزراندنی یەکێتی دیموکراتی کوردستان، کە ئامانجی ئۆتۆنۆمییە بۆ کوردەکانی باشوور. 4759**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 10.

**1978** **تۆمارکردنی گۆرانیی خەنەبەندان لەلایەن هونەرمەند کەریم کابان و تیپی موزیکی سلێمانییەوە. 8388**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ – 06-10-2004. لاپەڕە : 12.

**1978** **گەڕانەوەی مامۆستا هێمن لە باشووری کوردستانەوە بۆ خۆرهەڵات. 4757**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مامۆستای کورد – ژمارە 22 – سوید – هاوینی 1994. لاپەڕە : 76.

**1978** **یاریکردنی شانۆیی قەل و ڕووتە لەلایەن کۆمەڵی هونەری هەولێرەوە. 4762**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: وان – ژ7 – لە بڵاوکراوەکانی یەکیتیی نووسەرانی کورد لە سوید – 1994. لاپەڕە : 22.

**1978** **داگیرکەری ئێراقی، نزیکەی 1452 گوندی باشووری کوردستانی تەخت کرد بۆ دروستکردنی پشتێنەی ئاسایش بە دووریی 20 – 30 کم لە نێوان هەردوو سنووری دەستکردی ئێراق و ئێراندا. 4746**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: موحەمەدی حاجی مەحموود – شۆڕش و پێشمەرگایەتی، تاقیکردنەوەی حەوت ساڵی شۆڕش (1976 – 1983) – چاپی دووەم – بێ بەروار – لە بڵاوکراوەکانی ڕاگەیاندنی حزبی سۆسیالیستی کوردستان – ئێراق لکی سلێمانی. لاپەڕە : 26.

**1978** **پایزی ئەم ساڵ: گواستنەوەی سەرکردایەتیی ینك بۆ دەراوی گورگان. 4755**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980-1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 218.

**1978** **ئەم ساڵ تا 982، ڕژێمی ئێراق گوندەکانی نێوچەی قەراج و کەندیناوە و شەمامك و مرکیەی بە نێوی سوپای میللی – الجیش الشعبییەوە چەکدار کرد، پاشان لە ترسی ئەوەی ئەو چەکانە نەکەونە دەست هێك چەکەکانی لێسەندنەوە. 4754**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 143.

**1978** بەهاری ئەم ساڵ: کۆمەڵە 1 کۆبوونەوەیەکی فراوانی بۆ کادرە پێشکەوتووەکانی بەست, بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخ و باری پێشمەرگە و پەیوەندی لەگەڵ هێزەکانی تری کوردستان و دەرەوە, ئەمانە بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیەیان کرد: نەوشیروان مستەفا, مەلا بەختیار, مولازم عومەر, ئیبراهیم جەلال, مامۆستا جەعفەر, شەهید سەید کەریم, ئەبو شەهاب, دلێری سەی مەجید, زیرۆ ئەحمەد, خەلیل جەلال, هاوار جەلال, نەریمان, مامۆستا ڕەشاد, ڕێباز, سەرکەوت, سەلام, حەمە سەعید, شەهید عەلی ئامەخان, سەیفەدین هاواری, سالار عەزیز و.... لە کاتی کۆبوونەوەکەدا دوژمن هێرشی بۆسەر نێوچەکە کرد و بەهۆیەوە چەند ڕۆژێك کۆبوونەوەکە دواخرا. لە نێو کۆبوونەوەکەدا سەرکردایەتیی نوێ بۆ کۆمەڵە 1 هەڵبژێردرا, کە بریتی بوون لەمانە: نەوشیروان مستەفا – سکرتێر, مەلا بەختیار, سالار عەزیز, مولازم عومەر, شەهید سەید کەریم, ئیبراهیم جەلال, ئەبو شەهاب, مامۆستا جەعفەر, بەکری حاجی سەفەر, زیرۆ ئەحمەد, دلێر سەی مەجید. **4753**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976–1980 – بەشی یەکەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەڕە : 127.

**1978** زستانی ئەم ساڵ: گواستنەوەی بارەگای سەرکردایەتیی ینك لە نێوچەی خواکورکەوە بۆ نێوچەی قەلادزێی باشووری کوردستان. **4752**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976–1980 – بەشی یەکەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەڕە : 115.

**1978** گەڕانەوەی سەرکردایەتیی پدك لە هەندەرانەوە بۆ ئێران. **4751**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: مارتین فان برونەسن – ئاغا و شێخ و دەوڵەت – کوردۆ, لە ئاڵمانییەوە کردوویە بە کوردی – بەرگی یەکەم – چاپخانەی ڕۆژ – سوید – 1996. لاپەڕە : 91.

**1978** دامەزراندنی کۆمەڵەیەك بە نێوی هیواوە لە سلێمانی, لەلایەن چەند لاوێکەوە, کە پاشان لەلایەن د.ق پێیان زانرا و زۆربەیان گیران و شەهید بوون. **4747**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: لەتیف قەراخی – مام ئیبراهیمی نەتەوەیی و داستانە خوێناوییەکەی ئەزمەر و کۆمەڵە داستانێکی تر – ڕۆمانە شیعر – چاپی یەکەم – چاپخانەی سلێمانی – 1993. لاپەڕە : 124.

**1978** سەرەتای ئەم ساڵ: دەسپێکردنی خۆپیشاندان لە دژی ئێران لە شاری قومدا, کە پاشان تەواوی خاکی ئێران و خۆرهەڵاتی کوردستانیشی گرتەوە. **4750**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1978** سەرۆکی ستادی ئەرتەشی د.ا, سەردانی ئێراقی کرد و چوو بۆ بارەگای فەیلەقی 1 لە کوردستاندا, تاوەکو هەردوو سوپا لەسەر سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کورد ڕێك بکەون. **4749**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ, دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەڕە : 189.

**1978** دەرچوونی ڕۆمانی بەهار هات, لەلایەن حاجی جوندییەوە. **4758**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: هه فوت – مجله الحركه الپقافيه الكرديه – العدد 3 – سويسرا – نيسان 1994. لاپەڕە : 6.

**1978-01-31** شەهید بوونی ئارام لە گوندی تەنگیسەری نێوچەی قەراخی سلێمانی, شەهید یەکێك بوو لە دامەزرێنەری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و ماوەیەکیش سکرتێری بوو. **4763**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ, دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەڕە : 228.

سەرچاوەی 2: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976–1980 – بەشی یەکەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەڕە : 100.

**1978-02-12** کوژرانی بەختیاری مەجیدخان لەلایەن یەکێتییەوە. **4764**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ, دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەڕە : 232.

**1978-02-25** هێرشی کۆمەڵە جاشێك بۆ گوندی چنگیانی نێوچەی سلێمانی, بۆسەر دەستەیەك لە پێشمەرگەکانی یەکێتی, کە لە نێویاندا نەوشیروان مستەفای تێدا بوو, پێشمەرگەکان بە ئاستەم لە هێرشەکە ڕزگاریان بوو. **4765**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ, دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەڕە : 237.

**1978-03-08** شەهیدبوونی سەعدی گچکە و 20 پێشمەرگەی تر لە نێوچەی دەشتیو. نێوبراو لە شۆڕشی ئەیلوولدا فەرماندەی بەتالیۆنی قەندیل بوو, لە بزووتنەوەی نوێشدا ئەندامی سەرکردایەتیی حسیك بوو. هەندێك سەرچاوەی تر دەڵێن 12 پێشمەرگە شەهید بووە لەوانە سەعدی گچکە, فاروق سدیق, فەرخ قادر, فەریق هەمزە, شاهین عیزەدین, تاهیر حەمەد, جەبار ئیسماعیل, عوسمان باوە, عەزیز باپیر, سامی عوبێد, سەباح جەمیل, ئەحمەد محەمەد ئەمین و ئەحمەد محەمەد کە هەموویان خەڵکی هەولێر بوون, 4یش بەدیل گیراون و پاشان لە سێدارە دراون کە ئەمانەن جەعفەر ئەسوەد, حوسەین عەبدولڕەحمان, جەواد کەریم و کەمال واحید, ئەمانەش هەموویان خەڵکی کۆیە بوون, زیانی دوژمن کوژرانی زێتر لە 160 سەرباز و ئەفسەر, بریندارکردنی زێتر لە 250, تێشکانی 3 کۆپتەر و چەندین ئوتومبیلی سەربازی, لەو شەڕەدا تەنێ چەند پێشمەرگەی کەم ڕزگاریان بوو, کە ئەوانیش سەید کاکە, جەوهەر کاکە, خالید و زرار وەرتێی و هەندێکی تر بوون. **4766**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976–1980 – بەشی یەکەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەڕە : 113.

سەرچاوەی 2: پەڕتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ, دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەڕە : 247.

**1978-04-00** کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی ینك, کە ئەمانە بە ئەندامانی سەرکردایەتی هەڵبژێردران: جەلال تاڵەبانی – سکرتێری گشتی, نەوشیروان مستەفا, سالار عەزیز, عەلی عەسکەری, شەهید

تایەری عەلی والی, شەهید دوکتۆر خالید سەعید, ڕەسوڵ مامەند, عومەر مستەفا, سەید کاکە, مەلا ناسیح, مەلا بەختیار, مولازم عومەر عەبدوڵڵا, تالب ڕۆستەم, دوکتۆر فوئاد مەعسوم, دوکتۆر کەمال فواد, دوکتۆر کەمال خۆشناو, عادل موراد, عەبدولڕەزاق فەیلی, شێخ حوسەین بابە شێخ یەزیدی و دوکتۆر خدر مەعسوم. **4767**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976–1980 – بەشی یەکەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەڕە : 116.

**1978-04-09** ئەمشەو بە پیلانێکی ناڕەوا دوو پێشمەرگە لە دەستە سەرەتاییەکان, بە نێوی محەمەد عەجەم و هاوڕێ خالید سابیر لە نزیك گۆڕستانی سەید مەعروف لە شاری هەولێر شەهید کران, هەردووکیان ئەندامی کۆمەڵە1 بوون. **4768**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976–1980 – بەشی یەکەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەڕە : 75.

**1978-04-19** بەڕێکەوتنی نزیکەی 1000 پێشمەرگەی یەکێتی بە سەرکردەکانیانەوە لە نێوچەکانی سلێمانی و قەڵادزێوە بۆ نێوچەی بادینان و لەوێوە هەندێکیان بۆ هەکاری, کە لە ئەنجامدا شەڕی هەکاری یان کارەساتی هەکاری پاش دوو مانگ ڕوویدا و سەدان پێشمەرگەی تێداچوو و ژمارەیەکی زۆریش یان دیلکران یان خۆیاندایە دەست د.ق. **4769**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ, دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەڕە : 269.

**1978-06-01** تا 19-06: ڕوودانی کارەساتی هەکاری لە باکووری.ك, لە نێوان پێشمەرگەکانی یەکێتی و پارتیدا, کە خەڵکی هۆزەکانی باکوور یارمەتیی پارتییاندەدا, لەو شەڕانەدا سەدان پێشمەرگە شەهیدبوون و زۆریشیان لێ بەدیلگیرا, ئەمانە نێوی هەندێك لەو شەهیدانەن عەلی عەسکەری, د. خالید,.... نزیکەی 8 پێشمەرگە بەسەلامەتی گەیشتنەوە ناوچەکانی سلێمانی لەوانە (حەمەی حاجی مەحمود, جەمالی عەلی باپیر و ڕەفیق پارەزانی). **4770**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ, دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەڕە : 286.

سەرچاوەی 2: ڕۆژنامەی کوردی: ڕێبازی ئازادی 10-09-2001

**1978-06-01** دەستپێکردنی ڕاگوێزانی گوندەکانی پێشتێنەی سنووریی نێوان ئێران و ئێراق و تورکیا لەلایەن د.ق بە درێژایی 20 کم. **4771**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1978-06-01** لە سێدارەدانی جەعفەر ئەسوەد, حوسەین عەبدولڕەحمان, جەواد کەریم و کەمال واحید لە شاری موسڵ, ئەمانە ئەو 4 پێشمەرگەیە بوون کە لە شەڕی ڕۆژی 08-03دا بەدیل گیران. **4772**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ, دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەڕە : 248.

**1978-06-02** کارەساتی هەکاری بەردەوامە و لە نیوەشەودا هێزەکانی یەکێتی لە نێوچەی هەکاریدا لێکدابڕان و هەندێکیان کەوتنە بۆسەی پارتی و هۆزەکانی نێوچەکەوە. **4773**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ, دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەڕە : 288.

**1978-06-05** کۆچی دوایی عەزیزی یوسفی. **4774**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: ئاوارە – گۆڤارێکی فەرهەنگیی کۆمەڵایەتییە – ئەنجوومەنی فەرهەنگیی کورد لە ئەڵمیرە – ژ8 – ئاپریلی 1993 – هۆڵندا. لاپەڕە : 38.

**1978-06-09** د. کەمال خۆشناو و سالار نەجمەدین, گەیشتنە شاری وان لە باکوور, تاوەکو لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی دەدەکا – پارتێکی باکووری ئەو کاتە بووە کۆببنەوە و هێزەکانی یەکێتی لە هەکاری ڕزگار بکەن و پاشەکشەیان پێ بکەن. بەڵام ئەوان هیچ یارمەتییەك بە یەکێتی ناکەن. **4775**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ, دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەڕە : 291.

**1978-06-21** هێرشی د.ق بۆسەر گوندی کانی بیشۆی نێوچەی ماوەت, کە لە ئەنجامدا 6 پێشمەرگە شەهید بوون, کە دوانیان ئەندامی کۆمەڵە2 بوون بە نێوی خانەی موعینی و ئەحمەد فەتحوڵڵا. **4776**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ, دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەڕە : 335.

**1978-07-00** دامەزراندنی ڕێکخراوی خەباتی کارگەرانی کوردستان – تێکۆشین. **4777**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الأنسان ڤ کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الأولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 11.

**1978-08-00** یاریکردنی شانۆیی ئۆتێللۆ لە سلێمانی, دەرهێنانی ئەحمەد سالار و ئەم ئەکتەرانەش بەشداربوون: هونەرمەند حەمە ڕەشید هەرەس, پەخشان کەریم و ئەحمەد سالار... **8214**

سەرچاوەی 1: ڕووبەڕووی کوردی: ڕووبەڕوویەك لەگەڵ هونەرمەند حەمە ڕەشید هەرەس لە 14–08–2004 لە ئەمستەردام.

**1978-09-00** بڵاوکردنەوەی نامیلکەی تاقیکردنەوەی ڕابوردوو و خەباتی ئەمڕۆی گەلەکەمان لەلایەن د. مەحموود عوسمان, کە یەکێتی بۆی چاپکردبوو لە شاخ. **4778**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ, دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەڕە : 339.

**1978-09-07** بە هۆی تێکچوونی باری نێوخۆیی ئێران و زۆربوونی مانگرتن و خۆپیشاندانەکانەوە, سوپای ئێرانی لە کاروباری نێوخۆییدا دەستی وەردا. **4779**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی هۆڵندی: Dr. Karl Ploetz. Prisma Kalendarium, Wereldgeschiedenis in jaartallen, Uitgeverij Het Spectum BV – Zevende druk – 1988. لاپەڕە : 182.

**1978-09-13** مەفرەزەیەکی هەرێمی 3ی ینك پەلاماری سەنگەرەکانی دوژمنیاندا لە بەردەسپیانی ماوەت. **6775**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1978-09-17** د.ق, گەمارۆی گوندی کاموسەکیدا و پاش شەڕێکی دەستەویەخە لەگەڵ پم ینك پێشمەرگەیەك بەناوی حەوێز هیرانییەوە شەهیدبوو. **6757**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1978-09-18** مەفرەزەیەکی هەرێمی پارێزگاریی ینك پەلاماری فەوجی کۆمتانی داو چەند زیانێکیان پێگەیاندن. **6787**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1978-10-04** کۆچی دوایی پرۆفیسۆر کامەران عالی بەدرخان لە شاری پاریس. **4780**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: عەلادین سوجادی – مێژووی ئەدەبی کوردی – مێژوو, ئەدەب, زانیاری – ئێراق – 1952. لاپەرە : 56.

سەرچاوەی 2: پەرتووکی عەرەبی: جمال نبز – الأمیر الکردی میر محمد الراوندزی, الملقب ب(میری کورە) – مساهمە عملیە فی دراسە التأریخ الکردی علی صفحە مراە الشواهد و الأدلە الشرقیە و الغربیە – اگروحە دکتوراە – ترجمها من الألمانیە الی العربیە: فخری سلاحشور – من منشورات الأکادمیە الکردیە للعلم لاپەرە : 55.

**1978-10-07** گواستنەوەی بارەگای سەرکردایەتیی ینك بۆ دەراوی گوێزێ. **4781**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەرە : 218.

**1978-10-20** گواستنەوەی بارەگای سەرکردایەتیی ینك بۆ توژەڵە, خڕی ناوزەنگ و زەڵێ. **4782**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ, دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەرە : 356.

سەرچاوەی 2: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەرە : 218.

**1978-10-27** دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان پکك لە باکووری.ك. **4783**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1978-11-09** هێرشی داگیرکەری ئێراقی بۆ نێوچەی شێنێی نزیك قەڵادزێ کە بنکەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی لێبوو, لەو هێرشەدا دوژمن هەزاران سەرباز و جاش و سەدان تانك و تۆپ و فڕۆکەی بەکارهێنا, بەرامبەر 600 – 700 پێشمەرگە. ئێرانیش هاوکارییەکی باشی سوپای ئێراقی کرد لەو هێرشەدا بەڵام لە ئەنجامدا دوژمن شکێنرا و گەلێك دەستکەوتیش هەبوو, زیانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان تەنها دوو بریندار بوو. **4784**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976–1980 – بەشی یەکەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەڕە : 136.

**1978-11-22** یۆنسکۆ, داوای لە وڵاتانی ئەورووپی کرد کە ڕێگە خۆش بکەن بۆ پاراستن و دانپیادانانی کلتووری نەتەوەیی ئەو ئاوارە کوردانەی کە لە وڵاتانی خۆرئاوای ئەورووپادان. **4785**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 14.

**1978-12-22** کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد – لکی بەرلینی خۆرئاوا, کۆڕێکیان لەسەر کۆمەڵە و بارودۆخی کوردستان ڕێکخست. **4786**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1979 – بەرگی شەشەم – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 8.

**1978-12-25** سەرهەڵدانی خۆپیشاندانێکی جەماوەری لە شارۆچکەکانی هەریر و شەقڵاوا, داگیرکەری ئێراقی بە ئاگر و ئاسن وەڵامی خۆپیشاندەرانی دایەوە و چەند کەسێك کوژران کە زۆربەیان ئافرەت بوون. **8754**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی ینك Sat Kurd

**1979** گفتوگۆی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان – حسك, لەگەڵ ڕژێمی داگیرکەری ئێراقیدا بەهۆی دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆوە, بۆ ئەو مەبەستە دوکتۆر مەحموود عوسمان چووە بەغداد, بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبوو, ڕژێم لە گەرمەی گفتوگۆکەدا دوو سەرکردەی نێوداری حسکی لە دۆڵی سماقوڵی شەهید کرد, کە نێویان ئەمانەیە: شەهید سەلیم و شەهید شینە بۆڵێ. **4795**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 90.

**1979** کۆچی دوایی گۆرانیبێژ خاتوو دایکی جەمال. **4800**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی دووەم – چاپی دووەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1989. لاپەڕە : 49.

**1979** گۆرانیبێژ تایەری خەلیلی دەستی کرد بە گۆرانی وتن. **6742**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پکك TV Medya

**1979** هێرشی مەلاکانی ئێران بۆسەر خۆرهەڵاتی.ك, شایانی باسە کە ڕژێمی نوێ ئەو هێرشەی بە سەرۆکە سەربازییەکانی سەردەمی شا کرد. **4798**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی هۆڵندی: Irak Iran, de oorloog voorbij؟ Iraniers, Irakezen en Koerden over de achtergronden en gevolgen van de oorlog. Projektgroep Irak – Iran, Rotterdam, Holland – 1988. لاپەڕە : 25.

**1979** پەیوەندیکردنی شەهید مام ئیبراهیم بە ڕێکخستنی پاسۆکەوە. **4801**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: لەتیف قەراخی – مام ئیبراهیمی نەتەوەیی و داستانە خوێناوییەکەی ئەزمەر و کۆمەڵە داستانێکی تر – ڕۆمانە شیعر – چاپی یەکەم – چاپخانەی سلێمانی – 1993. لاپەڕە : 5.

**1979** حدکا, لە شاری نەغەدەی خۆرهەڵاتی.ك, کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی گەورەی ساز کرد, لەو کۆبوونەوەیەدا کورد و ئازەری بوو بە شەڕیان. **4797**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ساڵح موحەمەد ئەمین – کورد و عەجەم: مێژووی سیاسیی کوردەکانی ئێران – چاپی یەکەم – 1992 – (ئەم پەڕتووکە نێوی شوێنی چاپی لەسەر نییە و وەك دەڵێن هی نەوشیروان موستەفایە). پێدەچێت لە هەولێر چاپکرابێت. لاپەڕە : 11.

**1979** سەرەتای ئەم ساڵ: گیرانی ئەدیبی کورد, محەمەدی حەمە باقی لەلایەن د.ق. **4796**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کلۆدیۆس جیمس ڕیچ – گەشتی ڕیچ بۆ کوردستان 1820 – وەرگێرانی لە عارەبییەوە: موحەمەد حەمە باقی – چاپی یەکەم – تەورێز – 1992. لاپەڕە : 449.

**1979** پەك هەوڵیدا, محەمەد جەلال بوچاك بکوژێت, بەڵام سەرکەوتوو نەبوون, نێوبراو ئاغایەکی دەستەڵاتداری نێوچەی سیڤەرك و ئەندامی پەڕلەمانی تورکیا بوو. **4791**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: مارتین فان برونەسن – ئاغا و شێخ و دەوڵەت – کوردۆ, لە ئاڵمانییەوە کردوویە بە کوردی – بەرگی یەکەم – چاپخانەی ڕۆژ – سوید – 1996. لاپەڕە : 440.

**1979** تێکچوونی پەیوەندیی نێوان داگیرکەرانی سووری و ئێڕاقی. **4794**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1979** دامەزراندنی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی لە تورکیا, لەلایەن ئەم ڕێکخراوانەوە, پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا, کۆمەڵەی ڕۆشنبیری شۆڕشگێڕی لە ڕۆژهەڵاتی تورکیا و بزووتنەوەی کوك. **4793**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: عەبدوڵڵا ئوجەلان – پرسی کەسایەتی لە کوردستاندا, تایبەتمەندییەکانی خەباتگێری شۆڕشگێڕ و ژیانی پارتی – وەرگێران و پێشەکی, مەهاباد کوردی – چاپی کوردی – وەشانێن سەرخوابوون – سوید – فێبریوەری 1992. لاپەڕە : 10.

**1979** بەستنی کۆنگرەی پارتی لە خۆرهەڵاتی.ك. **4792**

**1979** دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری دەنگی ژنانی کوردستان لە شاری مەهاباد. **7941**

سەرچاوەی 1: بەیان و بلاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952–2002 – نوسینی ڕێناس نەوڕۆزی – برۆکسل.

**1979** بریندارکردنی هونەرکاری وێنەکێش عەزیز سەلیم ئەحمەد و شەهیدبوونی هاوسەرەکەی ئایشێ ڕەسوڵ, لەلایەن د.ق. **4799**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی وەرزییە – ژ3 و 4 – خولی شەشەم – ساڵی دەیەم – 20-12-1996 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 109.

**1979** تا سەرەتای ئەم ساڵ: ژمارەی ئەو کوردانەی کە بۆ باشووری ئێڕاق ڕاگوێزرابوون, ژمارەیان گەیشتە 700 هەزار کەس. **4787**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بلاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 14.

**1979** کۆتایی ئەمساڵ: د.ا. عەزیزی یوسفیی بە هۆی نەخۆشیی دڵەوە لە زیندان ئازادکرد, بەڵام زۆری پێنەچوو کۆچی دوایی کرد, نێوبراو ئەندامی باڵای حدکا بوو و کاتی خۆی بڕیاری خنکاندنی درابوو و بەڵام پاشان بە زیندانی هەتاهەتایی حوکم درا. **4788**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: غەنی بلوریان – ئاڵەکۆک, بەسەرهاتی سیاسی ژیانم – ستۆکهۆلم – 1997. لاپەڕە : 257.

**1979** ئاوارەبوونی عەبدوڵڵا ئوجەلان بەهۆی کاروباری ڕامیارییەوە. **4790**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: صوت کردستان – ناگقه بأسم جبهه التحریر الوگنی الکردستانی – العدد – 20. لاپەڕە : 59.

**1979** ئازادبوونی غەنی بلوریان لە زیندان, بەهۆی شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە. نێوبراو 20 زێتر لە زینداندا بوو. لە کاتی گەڕانەوەیدا بۆ مەهاباد, هەزاران کەسی خەڵکی مەهاباد بە پیرییەوە چوون. **4789**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: غەنی بلوریان – ئاڵەکۆک, بەسەرهاتی سیاسی ژیانم – ستۆکهۆلم – 1997. لاپەڕە : 258.

**1979-01-04** شاپوور بەختیار بووە سەرۆکی ئێران و شای ئێران هیچ دەستەڵاتێکی لە وڵاتەکەدا نەما. **4802**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی هۆڵندی: Dr. Ploetz Karl. Prisma Kalendarium, Wereldgeschiedenis in llenjaarta, Uitgeverij Het Spectum BV – Zevende druk – 1988. لاپەڕە : 182.

**1979-01-16** محەمەد ڕەزاشای پەهلەویی شای ئێران, ئێرانی بەجێ هێشت. **4803**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی هۆڵندی: Dr. Ploetz Karl. Prisma Kalendarium, Wereldgeschiedenis in jaartallen, Uitgev erij Het Spectum BV – Zevende druk – 1988. لاپەڕە : 182.

**1979-02-01** گەڕانەوەی ئایەتوڵڵا خومەینی لە پاریسەوە بۆ تاران, کە یەك ملیۆن خەڵك لە فڕۆکەخانەی تاران پێشوازییان لێی کرد. **4804**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی هۆڵندی: Dr. Ploetz Karl. Prisma Kalendari um, Wereldgeschiedenis in jaartallen, Uitgeverij Het Spectum BV – Zevende druk – 1988. لاپەڕە : 182.

**1979-02-11** ڕووخانی ڕژێمی شاهەنشاهیی ئێران. کە بەهۆیەوە زۆربەی نێوچەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان کەوتە دەست خودی کورد و هێزەکانی حدکا. **4805**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1979-02-12** دامەزراندنی حوکومەتی مەهدی بازرگان لە ئێراندا. **4806**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی هۆڵندی: Dr. Ploetz Karl. Prisma Kalendarium, Wereldgeschiedenis in jaartallen, Uitgeverij Het Spectum BV – Zevende druk – 1988. لاپەڕە : 182.

**1979-02-24** کۆبوونەوەی مەسعود بارزانی و کەریمی حیسامی لە قوبروس, بۆ نزیکبوونەوەی پارتی و حدکا. **4808**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1979 – بەرگی شەشەم – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆلم – 1992. لاپەڕە : 13.

**1979-02-25** ڕۆژنامەی السفیری لوبنانی باسێکی لەسەر بارودۆخی خۆرهەڵاتی.ك بڵاوکردەوە, کە لەلایەن کەریمی حیسامییەوە نووسرابوو. **4809**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1979 – بەرگی شەشەم – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 13.

**1979-03-00** پیادەکردنی ڕیفراندۆم – گشتپرسێك لە ئێراندا بۆ دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی, لە شارەکانی کوردستاندا ژمارەی دەنگی ڕاکان بۆ کۆماری ئیسلامی بەم جۆرە بوو: مەهاباد – 23.569, سەردەشت – 12.367, بانە – 11.393, سنە – 101.618, سەقز – 34.826, قەسری شیرین – 6.695, سنقر – 40.652. **4810**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: غەنی بلوریان – ئاڵەکۆك, بەسەرهاتی سیاسی ژیانم – ستۆکهۆڵم – 1997. لاپەڕە : 303.

**1979-03-01** کۆچی دوایی مستەفا بارزانیی سەرۆکی پدك لە ئامریکا. **4811**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1979-03-01** کۆچی دوایی یونس عەبدولقادر سەعید, نێوبراو ئەفسەرێك بوو لە سووپاکەی شێخ مەحموودا. **4812**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی دووەم – چاپی دووەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1989. لاپەڕە : 115.

**1979-03-12** ڕۆژنامەی ئیتلاعاتی ئێرانی, چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ جەلال تاڵەبانیدا کرد, کە وتی یارمەتیمان بۆ ڕژێمی بەعس لە 1966 تا 970, هەڵە بوو. **4813**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: کوردنامە – عدد 23 – لندن – مایس 1993. لاپەڕە : 3.

**1979-03-13** کۆبوونەوەی کەریمی حیسامی, لەگەڵ یاسر عەرەفاتی سەرۆکی ڕێکخراوی ڕزگاری خوازی فەلەستین لە شاری بەیروت, بۆ پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان حدکا و فەلەستینییەکان. **4814**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1979 – بەرگی شەشەم – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 20.

**1979-03-18** هێرشی فڕۆکەکانی د.ا, بۆسەر نێوچەکانی شاری سنە, کە لە ئەنجامدا 400 هاووڵاتی شەهید بوون. **4815**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: غەنی بلوریان – ئاڵەکۆك, بەسەرهاتی سیاسی ژیانم – ستۆکهۆڵم – 1997. لاپەڕە : 296.

سەرچاوەی 2: پەڕتوکی هۆڵندی: juli – druk Tweede– Koerdistan Dossier – Brussel van Instituut Koerdisch Brussel – 1991. لاپەڕە : 65.

**1979-03-21** جیابوونەوەی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان. **4817**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976–1980 – بەشی یەکەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەڕە : 145.

**1979-03-21** نەورۆزی خوێناوی، ئەم نێوە بەوەوە دابڕا، چونکە د.ا سەدان کەسی لە شاری سنەدا شەهید کرد. **4816**

**1979-03-28** چوونی وەفدێکی حدکا بە سەرۆکایەتیی د. قاسملۆ بۆ قوم و چاویان بە خومەینی کەوت، بەڵام ئەو هیچی وای بۆ کورد نەسەلماند. ئەوانەی لەو وەفدەدا بوون ئەمانە بوون: غەنی بلوریان، حەمەدەمینی سیراجی، .... **4818**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – بەرگی شەشەم – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 30.

سەرچاوەی 2: پەرتوکی هۆڵندی: Koerdisch Instituut van Brussel – Koerdistan Dossier –Tweede druk – juli 1991 – Brussel. لاپەڕە : 65.

**1979-04-00** سەرەونگوونکردنی شێخ محەمەدی هەرسین لەلایەن پدك ەوە، نێوبراو ئەندامێکی بەرزی پدك و لە هەمان کاتیشدا ئەندامێکی بەرزی کاژیك بوو. **4819**

**1979-04-00** هەفتەی دووەمی ئەم مانگە:دوو وەفدی پارتی و حدکا لە شاری نەغەدە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان دانیشتن، لە ئەنجامدا کۆبوونەوەکە بووە هۆی گۆڕینەوەی تانەوتەشەر لە یەکدی و هیچ ئەنجامێکی نەدا بە دەستەوە. **4820**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: صوت الاكراد – لسان حال الحزب الديمقراگی الكردی ڤ لبنان "البارتی" – نصف شهريه – العدد 30 – لندن – 7-4-1997. لاپەڕە : 6.

**1979-04-01** دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران. **4821**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی هۆڵندی: Dr. Karl Ploetz. Prisma Kalendarium, Wereldgeschiedenis in jaartallen, Uitgeverij Het Spectum BV – Zevende druk – 1988. لاپەڕە : 182.

**1979-04-08** کۆچی دوایی هۆزانەوان ئەبوبەکر هەوری. **4822**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی یەکەم – چاپی یەکەم – چاپخانەی دار الحريه – بەغداد – 1987. لاپەڕە : 416.

**1979-04-09** گیرنی پارێزەر کاردۆ گەلاڵی و پارێزەر عەلی هەژار لە ژووری پارێزەرانی هەولێر لەلایەن د.ق. هەردوو پارێزەر لەلایەن د.ق سەرنگوون کران. **7915**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ – 12-04-2004. لاپەڕە : 4.

**1979-04-11** دەرکردنی بەیانێك لەلایەن حدکاوە، بۆ پشتگیریکردنی لێقەوماوانی ناوچەی ورمێ کە لە شوێنی خۆیاندا دەرکرابوون. **4823**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – بەرگی شەشەم – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 53.

**1979-04-19** هاتنی سەرهەنگ زوهەیر نژادی فەرماندەی لەشکری 64ی ورمێ و چەند ئەفسەرێکی دیکە بۆ بەستی مەهاباد، تاوەکو چاویان بە قاسملۆ بکەوێت و سەرلەنوێ پادگانی مەهاباد بکەنەوە. **4824**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – بەرگی شەشەم – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 59.

**1979-04-22** داگیرکردنی شارۆچکەی نەغەدە، لەلایەن د.ا. کە یارمەتیی تورکەکانی شاری نەغەدەیدا لە دژی کورد و ژمارەیەکی زۆر کورد کوژران وماڵەکانیان تاڵانکران. **4825**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – بەرگی شەشەم – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 69.

سەرچاوەی 2: پەرتوکی هۆڵندی: Koerdisch Instituut van Brussel – Koerdistan Dossier –Tweede druk – juli 1991 – Brussel. لاپەڕە : 65.

**1979-05-00** یاریکردنی شانۆیی پەروانە لە سلێمانی، نووسینی دڵشاد مەریوانی و دەرهێنانی جەلیل زەنگەنە و ئەم ئەکتەرانەش بەشداربوون: هونەرمەند حەمە ڕەشید هەرەس، شەماڵی عەبە ڕەش... **8215**

سەرچاوەی 1: ڕووبەڕووی کوردی: ڕووبەڕوویەك لەگەڵ هونەرمەند حەمە ڕەشید هەرەس لە 14-08-2004 لە ئەمستەردام.

**1979-05-13** خەڵکی مەهاباد، مامۆستا شێخ عێزەدین حوسەینییان زۆر بەڕێزەوە بەرەو تاران ڕەوانە کرد تاوەکو لەگەڵ خومەینیدا دەربارەی بارودۆخی کوردستان وتووێژ بکات. **4826**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – بەرگی شەشەم – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 110.

**1979-05-20** ڕۆژنامەی ئیتلاعاتی ئێرانی وتوێژی شێخ عێزەدین حوسەینیی نوێنەری کوردی بڵاوکردەوە. **4827**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – بەرگی شەشەم – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 110.

**1979-05-31** چوونی ئایەتوڵڵا ڕەببانی شیرازی بۆ خۆرهەڵات و چاوی بە شێخ عێزەدین حوسەینی کەوت. **4828**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – بەرگی شەشەم – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 112.

**1979-06-00** هەفتەی دووەمی ئەم مانگە: نزیکەی 84 نوێنەر و کادری پارتی و حدکا لە گوندی لکینی خۆرهەڵاتی.ك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان کۆبوونەوە. **4829**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: صوت الاكراد – لسان حال الحزب الديمقراگی الكردی فی لبنان "البارتی" – نصف شهريه – العدد 30 – لندن – 7-4-1997. لاپەڕە : 6.

**1979-06-14** کۆمیتەی سەرکردایەتیی حدکا، لەسەر کێشەی پادگانی مەهاباد لە شاری مەهابادا کۆبووەوە. **4830**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – بەرگی شەشەم – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 116.

**1979-06-18** سەرکردایەتیی حدکا لە بەیاننامەیەکدا لە دژی وتەکانی ئایەتوڵڵا ڕەببانی شیرازی وەستا کە چەند ڕۆژێك لەوەوبەر لە کوردستاندا کردبووی. **4831**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – بەرگی شەشەم – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 114.

**1979-06-25** هێزێکی حدکا لەگەڵ چەند چەکدارێکی مەنگوڕان لێکدەدەن، لەسەر ئەوەی کە هۆزی مەنگور چەکی لە د.ا وەرگرتبوو. **4832**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – بەرگی شەشەم – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 128.

**1979-06-27** کۆبوونەوەی حدکا و پارتی، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان حدکا و ئاغاکانی مەنگور، لە کۆبوونەوەکەدا مەسعود بارزانی و غەنی بلوریان و کەریمی حیسامی بەشداربوون. **4833**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – بەرگی شەشەم – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 129.

**1979-06-30** بەهۆی چەکدارکردنی هۆزی زەرزاوە، لەلایەن د.ا، پشێوی کەوتە نێوان ئەم هۆزە و حدکاوە و شاری شنۆش گەلێك ئاڵۆز بوو، چونکە حدکا دەیویست چەکیان بکات. **4834**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – بەرگی شەشەم – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 134.

**1979-07-12** هێرشی د.ا بۆسەر پاوە و مەریوان. **4835**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – بەرگی شەشەم – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 146.

**1979-07-13** حدکا، نزیکەی 63 کەسی لە نێوچەکانی شنۆ، لاجان، پیرانشار، سندوس و شاروێران کۆکردەوە و ناردنی بۆ تاران تاوەکو چاویان بە خومەینی بکەوێت، بۆ هێدیکردنەوەی بارودۆخی کوردستان. **4836**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – بەرگی شەشەم – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 146.

**1979-07-17** لێخستنی ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر لە سەرۆك کۆماری ئێراق و بوونی سەددام حوسەین بە سەرۆك کۆماری ڕژێمی ئێراقی. **4837**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1979-07-18** ڕوودانی شەڕێك لە نێوان ژاندارمەری ورمێ و چەکدارەکانی تاهیرخان و جانگیر ئاغای دەری لە نێوچەی برادۆست، لە ئەنجامدا پاسدار و ژاندارمێکی زۆر دەکوژرێن. **4838**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – بەرگی شەشەم – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 149.

**1979-07-19** سەرهەنگ زەهیر نیژاد فەرماندەی لەشکری 64ی ورمێ لە تەلەفزیۆنی ئێراندا وتارێکی پڕ لە درۆ و دەلەسەی لە دژی کورد و حدکا بڵاوکردەوە. **4839**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – بەرگی شەشەم – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 150.

**1979-07-22** زۆربەی خەڵکی خۆرهەڵاتی کوردستان لە دژی وتەکانی زەهیر نیژاد خۆپیشاندانیان سازدا. **4840**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – بەرگی شەشەم – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 150.

**1979-07-23** شورای مەهاباد بە سەرۆکایەتیی مەلا ڕەحیمی عەباسی چوون بۆ تاران تاوەکو چاویان بە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بکەوێت و چارەیەك بۆ بارودۆخی کوردستان بدۆزنەوە. بەڵام بێچارە بوو. **4841**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – بەرگی شەشەم – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 150.

**1979-07-24** ئەرتەشی داگیرکەری ئێرانی بەیانێکی بۆ خەڵکی کوردستان بڵاوکردەوە کە بە تەواوی بۆنی شەڕی لێدەهات. **4842**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – بەرگی شەشەم – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 151.

**1979-08-00** ڕوودانی داستانی قوڕە بەرازە. د.ق بە 11 کۆپتەر و سەرباز و جاشێکی زۆرەوە هێرشیکردەسەر پۆلێك پێشمەرگەی حسك و 18یان لێ شەهیدکردن. لەنێو شەهیدەکاندا شەفیق زاهیر کەریمی تێدابوو کە پێشمەرگەیەکی ئازادی حسك بوو، نێوبراو ناسراوە بە شەفیق زاهیر کەریم گۆدە. **7265**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ڕێبازی ئازادی 10-09-2001

**1979-08-01** دوژمن هێرشی کردە سەر نێوچەی دەشتی هەولێر و پاش شەڕێکی سەخت 14 پێشمەرگەی حسك شەهید بوون و چواریشیان لە نێوچەی دیدەوان لە گوندی شیوە پیران لێ بەدیل گیرا، بەڵام ئەم چوارەیان پاش لێبووردنەکەی هاوینی 1979 ئازاد کران. **4843**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976-1980 – بەشی یەکەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەڕە : 148.

**1979-08-04** ئاشکراکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی خیبرەگان، کە د. قاسملۆ لە ئازربایجانی خۆرئاوادا 11.530 دەنگی هێنا و بە ئەندامی ئەنجوومەن هەڵبژێردرا. **4844**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1979 – بەرگی شەشەم – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 151.

**1979-08-06** سەرکردایەتیی حدکا, نامەیەکی درێژی بۆ داروەستەی خومەینی سەربارەت بە پیلانگێڕانی لەشکر بۆ نانەوەی جەنگ لە کوردستاندا نووسی, بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو. **4845**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1979 – بەرگی شەشەم – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 151.

**1979-08-08** ڕاپەڕینی شاری پاوە, لە دژی د.ا. **4846**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – ژ73 – ئۆگەستی 1996. لاپەڕە : 3.

**1979-08-17** هێرشی د.ا, بۆسەر شاری پاوە. **4847**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – ژ73 – ئۆگەستی 1996. لاپەڕە : 3.

**1979-08-19** دەستپێکردنی جەنگی سێ مانگە, لە نێوان پێشمەرگەکانی خۆرهەڵات و د.ا. **4849**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: الاستقلال, ملحق – لسان حال الحزب الاسلامی الکردستانی – العدد 22 – ایار 1997. لاپەڕە : 3.

**1979-08-19** خومەینی لە دژی گەلی کورد لە خۆرهەڵاتدا فەتوایەکی ئایینیی دەرکرد. **4848**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1979 – بەرگی شەشەم – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 152.

**1979-08-23** کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی حدکا, بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخی نوێ و لێکۆڵینەوە لە هێرشەکانی ڕژێم. **4851**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1979 – بەرگی شەشەم – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 153.

**1979-08-23** هێرشی لەشکری ئێرانی بۆسەر شاری سەقز. **4850**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1979 – بەرگی شەشەم – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 152.

**1979-08-27** کۆمیتەی سەرکردایەتیی حدکا شاری مەهابادی جێهێشت, کە د. قاسملۆش لە نێویاندا بوو و چوونە نێوچە قایمەکانی سەرسنوور. **4852**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1979 – بەرگی شەشەم – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 155.

**1979-08-29** سوپای ئێران, لە نێوەشەودا لە محەمەد یارەوە, گوندەکانی کۆنە دێ و گردی یاقوبیان لە شاروێران تۆپباران دەکات و زۆربەی خەڵکەکەی ئاوارەی مەهاباد و نێوچەکانی دەوروبەری بوون و هەندێکیش کوژراو و بریندار لە خەڵکەکە هەبوون. **4853**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1979 – بەرگی شەشەم – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 158.

**1979-09-00** لەم مانگەدا: نزیکەی نیو ملیۆن تمەن یارمەتی بۆ حدکا لەلایەن خەڵکەوە کۆکرایەوە و لە زۆربەی گوندەکاندا شورای گوند دامەزرێنرا. **4854**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1979 – بەرگی شەشەم – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 205.

**1979-09-02** حدکا, کۆبوونەوەیەکی گەورەی لە خەڵکی مەهاباد ڕێکخست, بۆ لێکدانەوەی بارودۆخی کوردستان و هێرشەکانی دوژمن. **4855**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1979 – بەرگی شەشەم – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 164.

**1979-09-03** هێرشی د.ا بۆسەر مەهاباد و داگیرکردنەوەی, زۆربەی خەڵکی شار چۆڵیانکرد و چوونە گوند و نێوچەکانی دەوروبەری مەهابادێ. **4856**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1979 – بەرگی شەشەم – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 168.

**1979-09-05** یان 20-09: هێرشی د.ا, بۆسەر گوندی قەرنە, کە لە ئەنجامدا 67 هاووڵاتیی شەهید کرد. **4857**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1979 – بەرگی شەشەم – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 162.

سەرچاوەی 2: پەرتوکی هۆڵندی: juli – druk Tweede– Koerdistan Dossier – Brussel van Instituut Koerdisch Brussel – 1991. لاپەڕە : 68.

**1979-09-06** گیرانی ئاسۆ عومەر سابیر ناسراو بە (ئاسۆی دەلاك) لە ناخافڵ لە شاری سلێمانی. نێوبراو یەکێك بوو لە هەرە پێشمەرگە ئازاکانی ینك, کە ترسێکی زۆری خستبووە دڵی داگیرکەرانەوە. شەهید پاش گیرانی هیچ هەواڵێکی نەبیسترایەوە و وەك دەڵێن بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە شەهیدیانکردووە و هەردوو چاویان کوێرکردووە. شایانی باسە تەرمی شەهید تاوەکو ئێستا نەدۆزراوەتەوە. **7236**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی ینك Sat Kurd

**1979-09-10** سەرکردایەتیی حدکا, بەیانێکی لە دژی هێرشی سوپا بۆ کوردستان بڵاوکردەوە. **4858**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1979 – بەرگی شەشەم – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 186.

**1979-10-01** تا 30-10: بەستنی کۆنگرەی بەنغازی لە لیبیا, کە تێیدا سەرۆك موعەممەر قەزافی پشتگیریی خۆیی بۆ شۆڕشی کورد و مافی چارەی خۆنووسینیان دەربڕی. **4859**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1979-10-06** خاڵخاڵی لە شاری سەقزدا 4 ڕۆڵەی کوردی گوللە بارانکرد کە یەکێکیان تەمەنی 12 ساڵ بوو. **4860**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1979 – بەرگی شەشەم – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 221.

**1979-10-09** چوونی خاڵخاڵی بۆ مەهاباد و بۆ چاوترساندنی خەڵکی و چەند کەسێکی کوشت. **4861**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1979 – بەرگی شەشەم – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 221.

**1979-10-16** هێرشی د.ا, بۆسەر گوندی نەفسان, کە لە ئەنجامدا 47 هاووڵاتیی شەهید کرد. **4862**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی هۆڵندی: juli – druk Tweede– Koerdistan Dossier – Brussel van Instituut Koerdisch Brussel – 1991. لاپەڕە : 68.

**1979-11-02** هاتنی کاروانێکی سەربازی بە 3 تانکەوە لە میاندواوەوە بۆ مەهاباد, پێشمەرگەکانی حدکا لە دەروازەی شاردا لە کاروانەکەیاندا و شەڕێکی گەورە بەرپابوو و لە ئەنجامدا 2 تانك سووتان و یەکێکیشیان کەوتە دەست پێشمەرگە. **4865**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1979 – بەرگی شەشەم – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 224.

**1979-11-03** وەفدێکی نوێنەرایەتیی دەوڵەتی ئێران کە پێکهاتبوو لە سەباغیان و سەحابی و داریوشی فروهەر داوایان لە حدکا کرد کە پێکەوە لە بەستی مەهاباد کۆببنەوە, لەلایەن حدکاوە غەنی بلوریان و کەریمی حیسامی بەشداربوون. **4866**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1979 – بەرگی شەشەم – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 232.

**1979-11-04** بەستنی نۆیەمین کۆنگرەی پدك لە تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕی خۆرهەڵاتی.ك. **4868**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: فرەنسۆ هەریری – بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی نەنووسرێ – پرسیار و وەڵام – لە بڵاوکراوەکانی پدك – هاوینەهەواری پیرمام – هەولێر – 1995. لاپەڕە : 147.

**1979-11-04** گرتنی باڵوێزخانەی ئامریکایی لە تاران لەلایەن خوێندکارە توندڕەوە شیعەکانی سەربە ڕژێمی نوێی ئێران, کە بووە هۆی بارمتەکردنی هەموو ئەندامانی باڵوێزخانەکە و هاتنە کایەی جەنگی دیپلۆماسی لە نێوان ئێران و ئامریکادا. شایانی باسە کە خانووی باڵوێزخانەکە دواتر درایە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی فەلەستین لە تاران. **4867**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی هۆڵندی: Dr. Ploetz Karl. Prisma Kalendarium, Wereldgeschiedenis in jaartallen, Uitgeverij Het Spectum BV – Zevende druk – 1988. لاپەڕە : 182.

**1979-11-06** بۆ یەکەمجار ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێرانی سەربە حدکا، بەرنامەی تاقیکاریی خۆیی بڵاوکردەوە، کە سەرەتا بریتی بوو لە چەند سروودێك و وتارێکی د. قاسملۆ بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. **4869**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – بەرگی شەشەم – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 230.

**1979-11-11** بەستنی کۆنگرەی سەرکردایەتیی کاتی – قیادە موقتە، لە خۆرهەڵاتی کوردستان.؟ **4870**

**1979-11-13** حدکا کۆبوونەوەیەکی گەورەی لە فەرمانداریی مەهاباد بۆ خەڵکی ڕێکخست، بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر بارودۆخی کوردستان. **4871**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – بەرگی شەشەم – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 234.

**1979-11-15** بڵاوکردنەوەی یەکەمین بەرنامەی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران. **4872**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – بەرگی شەشەم – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 231.

**1979-11-17** خومەینی، لە بانگەوازێکیدا ئەوەی ڕاگەیاند کە پێویستە نوێنەرانی گەلی کورد و حوکومەتی ئیسلامی بە شێوەیەکی ئاشتییانە دەست بە گفتوگۆ بکەن. **4873**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: الإستقلال، ملحق – لسان حال الحزب الاسلامی الکردستانی – العدد 22 – ایار 1997. لاپەڕە : 3.

**1979-11-17** کۆتایی هاتنی جەنگی سێ مانگە لە نێوان پێشمەرگەکانی خۆرهەڵاتی.ك و د.ا. **4874**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: الإستقلال، ملحق – لسان حال الحزب الاسلامی الکردستانی – العدد 22 – ایار 1997. لاپەڕە : 3.

**1979-11-17** خومەینی، فەتوایەکی لە دژی کوردەکانی خۆرهەڵات دەرکرد، تاوەکو لە دژی کۆماری ئیسلامی نەوەستنەوە.؟ **4875**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی هۆڵندی: juli – druk Tweede– Koerdistan Dossier – Brussel van Instituut ischKoerd Brussel – 1991. لاپەڕە : 68.

**1979-11-20** بەبۆنەی بانگەوازەکەی خومەینی و هاتنەوەی کۆمیتەی نێوەندیی حدکا لە شاخەوە بۆ نێوشار، کۆبوونەوەیەکی گەورە لە گۆڕەپانی چوارچرادا سازکرا، لە کۆبوونەوەکەدا د. قاسملۆ و چەند کەسێکی تر وتاریاندا. **4876**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – بەرگی شەشەم – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 238.

**1979-12-10** کۆبوونەوەی دەستەی نوێنەرایەتیی خەڵکی کورد لە ماڵی شێخ عێزەدین حوسەینی لە مەهاباد، لە بارەی چۆنێتیی وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا دانوستاندن کرا. **4877**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – بەرگی شەشەم – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆڵم – 1992. لاپەڕە : 247.

**1979-12-12** یان 11-12: لە هۆڵی فەرماندارییی مەهاباد, کۆبوونەوەی دەستەی نوێنەرایەتیی خەڵکی کورد لەگەڵ دەستەی نوێنەرایەتیی حوکومەتی کۆماری ئیسلامی دەست پێکرا, نوێنەرایەتیی دەوڵەت بریتی بوون لە سەباغیان, سەحابی, داریوش فروهەر و نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردیش بریتی بوون لە شێخ عێزەدین حوسەینی – سەرۆکی دەستە, د. قاسملۆ, غەنی بلوریان, کەریمی حیسامی, هەروەها لە کۆمەڵە2 و چریکی فیدایش یەکی دوو کەس بەشداریی کۆبوونەوەکە بوون. کۆبوونەوەکە بە سەرنەکەوتوویی کۆتایی هات, چونکە دەوڵەتی ئێران ئامادە نەبوو لەگەڵ نوێنەری پارتی ڕامیاریدا دانیشتن بکات. **4878**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: غەنی بلوریان – ئاڵەکۆك, بەسەرهاتی سیاسی ژیانم – ستۆکهۆلم – 1997. لاپەڕە : 326.

سەرچاوەی 2: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆلم – 1993. لاپەڕە : 2.

**1979-12-14** حدکا لە کامیاراندا 11 سەربازی کرماشانیان بەدیل گرت و هێنانیانن بۆ مەهاباد. **4879**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1979 – بەرگی شەشەم – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆلم – 1992. لاپەڕە : 249.

**1979-12-20** ڕۆژنامەی ئیتلاعاتی ئێران, گەلاڵەی خودگەردانیی لە چەند مادەیەکدا بلاوکردەوە, کە هیچ مافێکی ئەوتۆی بۆ کورد دابین نەکردبوو. **4880**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆلم – 1993. لاپەڕە : 4.

**1979-12-24** ڕووداوی شەڕی سماقوڵی, دوژمن بە هێزێکی گەورەوە هێرشی کردە سەر گوندەکانی سماقوڵی و سەرچاوە, لە ئەنجامدا بەرەنگاری هێزەکانی حسك بوونەوە و 80 سەربازیان لە دوژمن کوشت و دەستکەوتێکی زۆریشیان بوو. زیانی هێزی پێشمەرگە, چەند شەهیدێك بوو کە ئەمانە نێوی هەندێکیانە: شەهید سەید سەلیم, شەهید شینە بۆڵێ, .... **4807**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976–1980 – بەشی یەکەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەڕە : 151.

**1980** ڕەوکردنی شەماڵ عەزیز عەبدولڕەحمان بۆ دەرەوەی وڵات. **4687**

**1980** بلاوکردنەوەی دیوانە هەڵبەستی شەو نییە خەوتان پێوە نەبینم لەلایەن هۆزانەوان عەبدوڵلا پەشێوەوە. **758**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: کۆڕێکی هەڵبەست خوێندنەوە لەلایەن هۆزانەوان (عەبدوڵلا پەشێو)ەوە, کە لەلایەن مەڵبەندی کلتووریی کورد لە لاهای – هۆڵندا ڕێکخرابوو.

**1980** نەخۆشکەوتنی مامۆستا تاهیر تۆفیق. **2377**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدك TV Kurdistan

**1980** شەهیدکردنی مەلا عوسمانی میراوەیی – جەلال لە شاری سەردەشت لەلایەن پاسدارانەوە، نێوبراو ساڵانێکی دوورودرێژ ئەندامی حدکا بوو. **4890**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1970 – 1975 – بەرگی چوارەم – ستۆکهۆڵم – 1990. لاپەڕە : 118.

**1980** یاریکردنی شانۆیی گێچەڵەکانی حەمە وەی وەی لەلایەن تیپی هونەری هەولێرەوە، کە لە نووسین و دەرهێنانی هونەرکار تەڵعەت سامان بوو. **4895**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: وان – ژ7 – لە بلاوکراوەکانی یەکیتیی نووسەرانی کورد لە سوید – 1994. لاپەڕە : 23.

**1980** دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری جودی لەلایەن پارتی ئیسلامیی کوردستانەوە، بە زمانانی کوردی و تورکی. **4893**

**1980** هاوین: یاریکردنی شانۆیی گوڵە مێخەك لە سلێمانی لەسەر شانۆی سەلاحەدین، نووسینی سمکۆ ناکام و دەرهێنانی عوسمان چێوار و ئەم ئەکتەرانەش بەشداربوون: هونەرمەند حەمە ڕەشید هەرەس، مستەفا ئەحمەد، ئازاد جەلال و ئازاد حەمە بچکۆل... **8216**

سەرچاوەی 1: ڕووبەڕووی کوردی: ڕووبەڕوویەك لەگەڵ هونەرمەند حەمە ڕەشید هەرەس لە 14–08–2004 لە ئەمستەردام.

**1980** پەیوەندیکردنی هۆزانەوان عەلی حەسەنیانی – هاوار بە پێشمەرگەکانی حدکاوە. **4892**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بلاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ79 – لەندەن – مارتی 1997. لاپەڕە : 15.

**1980** جیابوونەوەی دەستەی 7 کەسە لە حدکا، کە نێوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – پەیڕەوکەرانی کۆنگرەی 4یان لە خۆیاننا. ئەم جووداوونەوەیە دەستی پارتی توودەی تێدا بوو. **4881**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: غەنی بلوریان – ئاڵەکۆك، بەسەرهاتی سیاسی ژیانم – ستۆکهۆڵم – 1997. لاپەڕە : 344.

**1980** پەیوەندیکردنی شەهید مام ئیبراهیم بە هێزی پێشمەرگەی پاسۆکەوە. **4891**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: لەتیف قەراخی – مام ئیبراهیمی نەتەوەیی و داستانە خوێناوییەکەی ئەزمەر و کۆمەڵە داستانێکی تر – ڕۆمانە شیعر – چاپی یەکەم – چاپخانەی سلێمانی – 1993. لاپەڕە : 5.

**1980** هاوینی ئەمساڵ: ناسری ڕەزازی کاسێتی سروودەکانی لە سلێمانی دەرکرد. ئەم کاسێتە بەیارمەتیی تیپی منداڵانی بێخودی سلێمانی و تیپی مەولەوی و هەروەها بەیارمەتیی نامدار قەراخی و سالار قەراخی و حەمەی ئاسنگەر هاتەدی. کاسێتەکە بەدزییەوە لە قوتابخانەی بێخود و ماڵی عومەرئاغا قەراخی بە ڕیکۆردەرێکی گرۆندیك تۆمارکرا. **7465**

سەرچاوەی 1: ڕووبەڕووی کوردی: ڕووبەڕوویەك لەگەڵ هونەرمەند مامۆستا سالار عومەر قەراخی لە ئەمستەردام – 28–12–2002.

**1980** گیرانی نووسەری کورد فەهمی قەراخی، لەلایەن د.ق، کە سەرەنجامی هەر بە بێ سەروشوێنی ماوەتەوە. **4889**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: خەرمانە – گۆڤارێکی وەرزی ئەدەبی ڕۆشنبیرییە ژ4 – سوید – ژەنیوەریی 1992. لاپەڕە : 44.

1980 گیرانی مەهدی زانا، لەلایەن تورکەکانەوە. **4888**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: هە فوت – مجلە کردیە مستقلە – العدد 7 – سویسرا – اواخر نیسان 1995. لاپەڕە : 6.

1980 هونەرکار ناسری ڕەزازی، کۆمەڵێك سروودی نیشتمانیی لە شاری سلێمانی بە نهێنی تۆمار کرد. **4887**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: میدیا – یانەی کوردی لە ئەمستەردام (میدیا) – ژ8 – بەهاری 1993 – هۆڵندا. لاپەڕە : 8.

1980 بەپێی ئاماری تورك بۆ دانیشتوانی باکووری.ك، دانیشتوانی 9.076.644 کەسە. **4886**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: د. حوسەینی خەلیقی – کۆمەڵناسی کوردەواری – بەرگی یەکەم – چاپخانەی ئەلحەوادیس – بەغداد – 1992. لاپەڕە : 345.

1980 هاوینی ئەمساڵ: ینك و حسك بەیانێکی هاوبەشیان دەرکرد، تاوەکو شەڕی براکوژی نەمێنێت. **4885**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976–1980 – بەشی یەکەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەڕە : 150.

1980 پکك توانی 50 کەس چەکدار بکات بۆ شەڕی پێشمەرگەیی دژی تورکیا. **4884**

1980 هاوینی ئەمساڵ تا هاوینی 87، واتە لە ماوەی 7 ساڵدا: حدکا، 20.200 کەسی لە دوژمنی ئێرانی کوشتووە، 2.089 کەسی دیل کردووە، 2.355 ماشێنی تێکشکاندووە، 166 چەکی قورسی تێکشکاندووە، 25 هەلی کۆپتەری پێکاوە، 731 جاش هاتوونەتە ڕیزی حدکاوە، 1.145 دیل لەلایەن حدکاوە ئازاد کراوە، زیانەکانی حدکاش بەم شێوەیەن: 1.932 شەهیدی داوە، 1.405 خەڵکی مەدەنی شەهیدکراوە، 264 کەسیش لە زیندانەکانی ئێراندا خنکێنراون. بێجگە لەو چالاکییانە نزیکەی 1.451 چالاکیش زیانی دوژمن نەزانراوە. دەستکەوتی هێزەکانی حدکاش لە ماوەی ئەم 7 ساڵەدا بەم شێوەیە بووە: 58 خومپارە هاوێژ و چەکی نیوە قوورس، 172 ئاڕ.بی.جی، 27 نارنجۆك ئەنداز، 206 بێسیم و هۆکی تۆکی، 47 دووربین، 149 تیربار، 71 مسلسلی قورس، 4.597 تفەنگی جۆراوجۆر، 11 دۆشکای 57 ملم، 8 دۆشکای 106 ملم، 71 دەمانچەی جۆراوجۆر، 1 پەدافەندی هەوایی، 3 مووشەکی دژی ئاسمانی، 1.109.514 فیشەکی جۆراوجۆر، 1.072 مووشەکی ئاڕ.بی.جی، 3.656 نارنجۆکی دەستی، 5 مووشەکی تاو، 5 مووشەکی سام–3. **4883**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: جەلیل گادانی – 50 ساڵ خەبات – کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – بەرگی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی باشووری کوردستان – بێ بەروار. لاپەڕە : 360.

1980 تا کۆتایی ئەم ساڵ: ژمارەی ئەو کوردە فەیلییانەی کە د.ق، بۆ ئێران ڕایگواستن، گەیشتە 215 هەزار کەس. **4882**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بلاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 13.

**1980** بەپێی ئاماری ئەم ساڵ, دانیشتوانی شارەکانی باکووری کوردستان بەم شێوەیە بووە: سامسۆر 367.595, ئاگریێ 368.009, بینگۆل 328.702, بەدلیس 257.908, دیاربەکر 778.150, ئەلازغ 440.808, ئەرزنجان 282.022, ئەرزەرۆم 577.325, ئەنتاب 808.697, هەکاری 155.463, مەلاتیێ 606.996, مارش 556.520, ماردین 564.967, موش 302.406, سێرت 445.483, دەرسیم 157.974, ئورفە 602.736, وان 468.646, ئەدەنە 154.134, هەتیە 122.024, قارس 240.558 و سیواس 41.420 کەسە. واتە تێکرای دانیشتوان 8.528.817 کەسە. **4894**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: ڕووناکبیری – ژ2 – گۆڤارێکی کولتووریی گشتییە – لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵی هونەری کوردی لە سوید – ستۆکهۆڵم – دیسەمبەری 1992. لاپەڕە : 20.

**1980-01-00** ئەبو حەسەن بەنی سەدر بووە سەرۆك کۆماری ئێران. **4896**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی هۆڵندی: Dr. Karl Ploetz. Prisma Kalendarium, Wereldgeschiedenis in jaartallen, Uitgeverij Het Spectum BV – Zevende druk – 1988. لاپەڕە : 182.

**1980-02-10** بەستنی کۆنفرانسی ڕێکخراوی مەهابادی حدکا, تاوەکو نوێنەرانی مەهاباد لە کۆنگرەی 4 ی حدکادا دیاری بکرێن, لەو کۆنفرانسەدا, بۆ یەکەمین جار مامۆستا هێمن هۆزانی ڕنوی کوێستانی خوێندەوە. **4897**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆڵم – 1993. لاپەڕە : 15.

**1980-02-19** تا 24-02, کاتژمێر 3ی پاشنیوەڕۆ, بەستنی کۆنگرەی چوارەمی حدکا لە هۆڵی سینەمای ئومێدی شاری مەهاباد, کە 310 نوێنەر بەشدار بوون. پاش 34 ساڵ خەباتی سەخت و دژوار, ئەمە یەکەم کۆنگرەی حیزب بوو, کە بە سەربەستی لە نێوەوەی وڵاتدا ببەسترێت, کە لە ڕاستیدا ئەوە کۆنگرەی هەموو کورد بوو لە خۆرهەڵاتی.ك. نزیکەی 310 کەس لە کۆنگرەدا بەشداربوون, کە هەر ئەندامە نوێنەرایەتیی 100 ئەندامی دەکرد, بەو پێیە حدکا لەم ماوەیەدا نزیکەی 30 هەزار ئەندامی هەبووە. لە ئەنجامدا 26 ئەندامی کۆمیتەی نێوەندی هەڵبژێردران, کە ئەمانەن: د. قاسملو, غەنی بلوریان, جەلیلی گادانی, د. سادقی شەرەفکەندی, مستەفای شڵماشی, نوئید موعینی, ئەحمەد عەزیزی, فاروق کەیخوسرەوی, د. ڕەحیمی سەیفی قازی, سەنار مامەدی, جهانگیر ئیسماعیل زادە, ڕەحمانی کەریمی, سەرگەرد عەباسی, ئەبوبەکر هیدایەتی, قادر عەبدی, سەید ڕەسوڵی دەهقان, مستەفا هیجری, حەسەن شیوەسەلی, حەسەن ڕستگار, حوسەین مەدەنی, ئەمیری قازی, کەمال دەبباغی, هاشمی کەریمی, عەبدوڵڵا حەسەن زادە, فەوزیە قازی و مامۆستا هێمن وەکو ئەندامی شانازی. د. قاسملو, بووە سکرتێری حدکا و ئەمانەش بوونە ئەندامانی بیرۆی ڕامیاری: غەنی بلوریان, جەلیلی گادانی, د. شەرەفکەندی, ئەمیری قازی, موستەفا شڵماشی و عەبدوڵڵا حەسەن زادە. ئەمانەش بوونە ئەندامانی کۆمیسیۆنی بازرەسی: فەتاحی کاویان, دکتۆر خەسرەوی, مەندس ئارییایی, سەروان ئەفشین, سدیق قەوی پەنجە, مەحموود پوورئازەر, قادری

شەهابی, سەرهەنگ ڕەبیعی, سەرهەنگ قادری, عەلی حەسەنیانی و سەیدی سوڵتانیان. هەروەها ئەمانەش بوونە ڕاوێژکارانی کۆمیتەی نێوەندی: سەید حەسەنی هاشمی, تەها عەتیقی, حوسەینی ئیبراهیمی, ڕەحمان حاجی ئەحمەدی, مەلا ڕەحمان کاژەیی, عوسمان ئەسراری, حەکیم ڕەزایی, فەرەیدوون میتران, یەها حەق تەڵەب, شاپوور فەیروزی, ڕەسوڵ پێشنماز, حەسەنی شەڕەفی, سەید عەلی ڕەحمانی, عەزیز ماملێ و زوبێدە تالب پوور. کۆنگرە نامەیەکی ئاراستەی د.ا کرد, تاوەکو مافەکانی کورد بسەلمێنێت. **4898**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆڵم – 1993. لاپەڕە : 16.

سەرچاوەی 2: پەرتوکی کوردی: عەبدوڵڵا حەسەن زادە – نیو سەدە تێکۆشان, ئاوڕێك لە ڕابردووی خەبات و تیکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – لە بڵاوکراوەکانی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – ئۆگەستی 1995. لاپەڕە : 206.

**1980-03-00** تا ئاپریلی 1980 ینك کۆبوونەوەیەکی فراوانی بەست, کە تێیدا ئەندامانی سەرکردایەتیی بەم شێوەیە هەڵبژێردران: جەلال تاڵەبانی – سکرتێر, نەوشیروان مستەفا, سالار عەزیز, مامۆستا جەعفەر, مەلا بەختیار, مولازم عومەر عەبدوڵڵا, بەکری حاجی سەفەر, مامۆستا عەلی حەوێز, جەمال ئاغا, مامۆستا نازم, حاکم عومەر عەزیز, عەزیز بەگ, عومەر مستەفا, دوکتۆر فوئاد مەعسوم, کەمال فوئاد, کەمال خۆشناو, عادل موراد و عەبدولڕەزاق فەیلی. **4899**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976–1980 – بەشی یەکەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەڕە : 149.

**1980-03-00** حدکا, لەم مانگەدا چەندین ئەندامی خۆیی بۆ نوێنەرایەتیی ئەنجوومەن لە ئێراندا کاندیدات کرد, لەوانە غەنی بلوریان, کەریمی حیسامی, حەمەدەمینی سیراجی, .... **4900**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆڵم – 1993. لاپەڕە : 9.

**1980-03-03** شەهیدبوونی پێشمەرگەی پاسۆك فەرهاد خەفاف لە گوندی شێنێ, نێوبراو ئەندامێکی بەرزی پاسۆك بوو و پێشتریش کاژێك بووە. **7056**

سەرچاوەی 1: تۆماری جەماوەر: کاك سەرکان کوردی لە ئامریکا

**1980-03-07** کۆچی دوایی عەلی خان لە شاری کاشان, نێوبراو پێشمەرگەیەکی کۆن و یەکێك بوو لە یاوەرانی بارزانی لە ڕەوەکەی مەهابادەوە بۆ یەکێتیی سۆڤیەت. **7523**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدك TV Kurdistan

**1980-03-14** هەڵبژاردنی نوێنەرانی ئەنجوومەن لە ئێران و خۆرهەڵاتی.ك, کە خەڵکی کورد بە گشتی بەشدار بوون تێیدا و کاندیداتەکانی حدکا لەسەدا 57 تا لەسەدا 97ی دەنگەکانیان بەدەست هێنا. **4901**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: عەبدوڵڵا حەسەن زادە – نیو سەدە تێکۆشان, ئاوڕێك لە ڕابردووی خەبات و تیکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – لە بڵاوکراوەکانی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – ئۆگەستی 1995. لاپەڕە : 226.

**1980-03-19** ڕێکخراوی مەهابادی حدکا، بڕیاریدا کە ئەم هەفت کەسە بۆ شورای شاری مەهاباد کاندیدات بکات، مەلا ڕەحیمی عەباسی، کەریمی حیسامی، عومەری قازی، محەمەدی عەتاری، مەلا ڕەسولی پێشنماز، عەبدوڵڵای شەرەفکەندی و حوسەینی بەخشی. **4902**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆڵم – 1993. لاپەڕە : 31.

**1980-03-26** هێرشی د.ا بۆسەر گوندی قەڵاتان لە نێوچەی نەغەدە، کە بووە هۆی شەهیدکردنی 50 کەسی ئەو گوندە کە ئەمە نێوی 12 کەسیانە: عەبدوڵڵا چووکەل، مەحموود کوردە، ئەبوبەکر کاروز، حاجی ڕەسوڵ، حاجی محەمەد، حەسەن کوردە، مەلا سەعید حەسەن، حەلیمە، عوسمان ئازەری، حاجی حەسەن، ڕەحمان مەولودی، مام ڕەمەزان مەناوی، .... **4903**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: جەلیل گادانی – 50 ساڵ خەبات – کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – بەرگی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی باشووری کوردستان – بێ بەروار. لاپەڕە : 352.

**1980-04-00** جەلال تاڵەبانی، نامەیەکی بۆ خومەینی نارد، کە تێیدا نووسیویەتی، کە خومەینی هەڵگری مەشخەڵی مرۆڤایەتییە. **4904**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: کوردنامە – عدد 23 – لندن – مایس 1993. لاپەڕە : 3.

**1980-04-00** کۆتایی ئەم مانگە، یان مانگی داهاتوو: گیرانی د. سامی سنجاری لەلایەن ئیتلاعاتی ئێرانەوە. **4905**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: فرەنسۆ هەریری – بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی نەنووسرێ – پرسیار و وەڵام – لە بڵاوکراوەکانی پدک – هاوینەهەواری پیرمام – هەولێر – 1995. لاپەڕە : 126.

**1980-04-08** بەستنی کۆنفرانسی شارستانیی مەهاباد پاش کۆنگرەی 4. **4906**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆڵم – 1993. لاپەڕە : 20.

**1980-04-17** سەرکردایەتیی حدکا، نامەیەکی کراوەی بۆ خومەینی نووسی، کە تێیدا هاتبوو، کە ئەگەر کردەوە خراپەکانی پاسداران لە کوردستاندا بەری پێنەگیرێت، ئەوا جارێکی تریش کوردستان تووشی کوشتار و ماڵوێرانی دەبێتەوە، بەڵام خومەینی هیچ وەڵامێکی حدکای نەدایەوە. **4907**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆڵم – 1993. لاپەڕە : 36.

**1980-04-18** کەریمی حیسامی بووە بەرپرسی ڕێکخستنی ڕێکخراوی مەهابادی سەربە حدکا. **4908**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆڵم – 1993. لاپەڕە : 21.

**1980-04-21** دامەزراندنی کۆمیتەی ئیمداد بە سەرۆکایەتیی سەید هاشمی سەیدی لە شاری مەهاباد، ئەم کۆمیتەیە بۆ یارمەتیدانی لێقەوماوانی کورد بە هۆی هێرشی د.ا هاتە کایەوە. **4909**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆلم – 1993. لاپەرە : 44.

**1980-04-25** بەهۆی هێرشی د.ا بۆسەر خۆرهەڵاتی.ک، د. قاسملو نامەیەکی ئاڕاستەی جیهان و ئازادیخوازان کرد، تاوەکو لە دژی وێرانکردنی کوردستان بەدەنگ کوردەوە بێن. **4910**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: عەبدوڵلا حەسەن زادە – نیو سەدە تێکۆشان، ئاوڕێك لە ڕابردووی خەبات و تیکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – لە بلاوکراوەکانی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – ئۆگەستی 1995. لاپەرە : 246.

**1980-04-27** بۆردومانکردنی شاری سەقز لەلایەن ئێرانەوە، کە بووە هۆی شەهیدبوونی 50 کەسێك و چۆڵکردنی شارەکە. **4911**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆلم – 1993. لاپەرە : 38.

**1980-05-00** د.ا، بە فڕۆکە بۆمبارانی شاری سنەی کرد. **4912**

**1980-05-01** ئەندامانی شورای مەهاباد لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی ئێران، بۆ گێڕانەوەی ئاسایش بۆ نێو نێوچەکە دانیشتنیان کرد، بەڵام بێسوود بوو. **4913**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆلم – 1993. لاپەرە : 40.

**1980-05-01** سووتاندنی مەڵبەندی ڕۆژنامەفرۆشیی حیزبی تودە لە مەهاباد لەلایەن چەند کەسانێکەوە. **4914**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆلم – 1993. لاپەرە : 48.

**1980-05-05** خەڵکی ئاوارە و بێشوێنی سەقز لە مزگەوتی بۆکاندا، شانبەشانی خەڵکی بۆکان، بروسکەیەکیان بۆ خومەینی لێدا، تاوەکو چارەسەرێکیان بۆ بدۆزێتەوە، بەڵام بێسوود بوو. **4915**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆلم – 1993. لاپەرە : 41.

**1980-05-09** ڕێکخراوی لاوانی حدکا، بەیانێکی ناڕەزایی لە دژی سووتاندنی مەڵبەندی ڕۆژنامەفرۆشیی پارتی تودە لە مەهاباد بلاوکردەوە. **4916**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆلم – 1993. لاپەرە : 48.

**1980-06-06** حدکا و چریکی فیدائی لە شاری مەهاباد میتینگێکی هاوبەشیان دەربارەی بارودۆخی ئێران و کوردستان ڕێکخست. **4917**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆلم – 1993. لاپەرە : 55.

**1980-06-11** فەرماندارییی مەهاباد بۆ چارەسەرکردنی ئاوارەکان، کۆبوونەوەیەکی فراوانی بە یارمەتیی حدکا ڕێکخست. **4918**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆڵم – 1993. لاپەڕە : 60.

**1980-06-12** جیابوونەوەی دەستەی هەفت کەسە لە حدکا، بەهۆی نەگونجانیان لەگەڵ ڕامیاریی حدکادا و بەیاننامەیەکیان دەرکرد، ئەو هەفت کەسە ئەمانە بوون: غەنی بلوریان، مامۆستا هێمن، خاتوو فەوزیە قازی، د. ڕەحیمی قازی، فاروقی کەیخوسرەوی، نەویدی موعینی و ئەحمەدی عەزیزی بوون. ئەم جیابوونەوەیە هێزکارێکی گەلێك خراپی بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد هەبوو لە خۆرهەڵاتدا و تا ڕادەیەکیش حدکای بێهێز کرد. **4919**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆڵم – 1993. لاپەڕە : 67.

**1980-06-18** بیرۆی ڕامیاریی حدکا، بەیاننامەیەکی توند و تیژی لە دژی دەستەی 7 کەسی بڵاوکردەوە و هەموویانی بە خائین و خۆفرۆش دانا. **4920**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆڵم – 1993. لاپەڕە : 71.

**1980-07-23** کۆچی دوایی نووسەر موحەڕەم محەمەد ئەمین. **4921**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی یەکەم – چاپی یەکەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1987. لاپەڕە : 416.

**1980-07-27** مردنی شای ئێران لە وڵاتی میسر. **4922**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی هۆڵەندی: Dr. Karl Ploetz. Prisma Kalendarium, Wereldgeschiedenis in jaartallen, Uitgeverij Het Spectum BV – Zevende druk – 1988. لاپەڕە : 182.

**1980-08-10** پادگانی مەهاباد، بەیانێکی بەنێو خەڵکی شاردا بڵاوکردەوە کە سەربازانی پادگان بۆ کاروباری تایبەتی بە چەکەوە بەنێو شاردا دەگەڕێن. ئەم بەیانە ئاڵۆزییەکی گەورەی خستە شاری مەهابادەوە، لە لایەکی تریشەوە سەرکردایەتیی حدکا، نامەیەکی بۆ ڕێکخراوی مەهاباد نووسی کە بەهیچ جۆرێك لە نێو شاردا شەڕ نەکەن تاوەکو خەڵکی زیانی پێ نەگات. **4923**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆڵم – 1993. لاپەڕە : 80.

**1980-08-15** دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری کاروانی ئافرەت لە شاری سلێمانی. **7942**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952–2002 – نوسینی ڕێناس نەورۆزی – برۆکسل.

**1980-08-16** حدکا لە شاری مەهاباد یادی 35ەمین ساڵرۆژی دامەزراندنی کردەوە، کە نزیکەی 5 هەزار کەس لە گۆڕەپانی ئامادەیی کچان ئامادە بوون لەو بارودۆخە ئاڵۆزەی کوردستاندا کە ڕژێم لە هەموو

لایەکەوە گەمارۆی کوردستانی دابوو. لەم یادەدا ژمارەیەك پێشمەرگەی باشوور و هەندێك نوێنەری پارتە کوردستانییەکانی باشووریش بەشدارییانکردبوو. **4924**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆلم – 1993. لاپەرە : 86.

**1980-08-17** د.ا, هێرشی بەربڵاوی بۆسەر شار و شارۆچکەکانی خۆرهەڵاتی.ك کرد. **4925**

سەرچاوەی 1: رۆژنامەی عەرەبی: صوت الکراد – لسان حال الحزب الدیمقراگی الکردی ف لبنان "البارتی" – نصف شهریە – العدد 25 – لندن – 11-1-1997. لاپەرە : 6.

**1980-08-18** حوسەین تاهیریی ئوستانداری ئازربایجانی خۆرئاوا ڕایگەیاند, کە مانگانەی کارمەندانی دەوڵەتی لە بۆکان و مەهاباد نادرێت. **4926**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆلم – 1993. لاپەرە : 86.

**1980-08-19** لەشکری 64ی ورمێ لە ئاگادارییەکدا ڕایگەیاند کە ڕۆژی 25-08 لەشکر بە چەك و بێ چەك بە نێو شاری مەهابادا هاتووچۆ دەکات. **4927**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆلم – 1993. لاپەرە : 95.

**1980-08-21** دەستەیەکی پیاوماقوڵ و ڕیشسپیی شاری مەهاباد چوونە ورمێ, تاوەکو دەربارەی هێمنیی شار و مانگانەی کارمەندانی مەهاباد دانوستاندن بکەن, ئەمانە پاش گەڕانەوەیان بەیاننامەیەکیشیان دەرکرد. **4928**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆلم – 1993. لاپەرە : 95.

**1980-08-23** شەهیدکردنی سەرگورد عەباسیی ئەندامی بەرزی حدکا لەلایەن دوو پاسداری ورمێوە, لە شاری مەهاباد, شەهیدکردنی نێوبراو بەجارێك بارودۆخی مەهابادی لەرزاند و هێزکارێکی زۆر خراپی بۆسەر بزووتنەوەی کوردایەتی هەبوو لەو کاتەدا. **4929**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆلم – 1993. لاپەرە : 97.

**1980-08-24** ناشتنی تەرمی سەرگورد عەباسی و پێشمەرگەکانی تر لە مەهاباد, لەگەڵ تەرمەکەدا ژمارەیەکی زۆری خەڵکی مەهاباد ئامادەبوون و هەندێك لە ئەندامانی حدکا لە گۆڕستان بەو بۆنەیەوە وتاریاندا. **4930**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆلم – 1993. لاپەرە : 102.

**1980-09-02** قەسابخانەی گوندی قارنەی نێوچەی نەغەدە، لەلایەن پاسدارانی ئیسلامییەوە. کە بووە هۆی شەهیدکردنی 68 کەسی ئەو گوندە، کە ئەمە نێوی 49 کەسیانە: ڕەحمان ئابزن، حاجی شەریف ئەبروشی، محێدین ئەبروشی، محەمەد عەزیزی، مستەفا عەزیزی، عوسمان شەریفی ئازەر، ئامینە شەریفی ئازەر، حاجی ڕەحمان شەریفی ئازەر، حاجی سەعید عەلی تاهیری، سەید قادر تاهیری، سەید فەتاح تاهیری، سەید ئیسماعیل تاهیری، سەید ڕەحمان تاهیری، سەید محەمەد تاهیری، سەید کەریم ئەروەندی، مەلا مەحموود بیهتزادە – مەلای گوندەکە، قادر سلێمانی، کەریم سلێمانی، ڕەحمان سلێمانی، ڕەحیم سلێمانی، عەبدوڵلا ئەحمەد پوور، ئەبوبەکر ئەحمەد پوور، عوسمان ئەحمەد پوور، جەعفەر بواسی، عومەر بواسی، مستەفا بواسی، ئیبراهیم پویا، مەحموود شێرۆ، سلێمان هەمزەپوور، ئیبراهیم ڕەسوڵی، عەلی، خەسرەو ئەفشین، حەسەن – منداڵێکی 13 ساڵە، کەریم ڕامینی، ئەحمەد ڕامینی، زەینەب ڕامینی، خاتووزین ڕامینی، ڕەحمان ڕامینی، ڕەحیم خەسرەوی، موراد خەسرەوی، ڕەسوڵ خەسرەوی، سەید خەسرەوی، عەبدوڵلا خەسرەوی، مستەفا خەسرەوی، ئەبوبەکر شیشمان، جەفەر شیشمان، عەلی شیشمان، عەزیز مەرزەنگ، ئەحمەد سعادەت پوور، .... **4931**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – ژ51 – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – سێپتیمبەری 1994. لاپەڕە : 7.

سەرچاوەی 2: پەڕتوکی کوردی: جەلیل گادانی – 50 ساڵ خەبات – کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – بەرگی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی باشووری کوردستان – بێ بەروار. لاپەڕە : 351.

**1980-09-04** بەپێی د.ق، ئەمرۆژە یەکەمین ڕۆژی دەستپێکردنی شەڕی ئێران – ئێراقە، چونکە ئێران هێرشی کردووەتە سەر ئێراق. **4932**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی هۆڵندی: Iran Irak, de oorloog voorbij? Iraniers, Irakezen en Koerden over de achtergronden en gevolgen van de oorlog. Projektgroep Iran – Irak, Rotterdam, Holland – 1988. لاپەڕە : 6.

**1980-09-05** د.ا، تەواوی شار و شارۆچکەکانی خۆرهەڵاتی داگیرکردەوە. **4933**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: صوت الأكراد – لسان حال الحزب الديمقراگی الكردی فی لبنان "البارتی" – نصف شهريه – العدد 25 – لندن – 11-1-1997. لاپەڕە : 6.

**1980-09-09** هێرشی ئێراق بۆسەر نێوچەی زین القوس و داگیرکردنی. **4934**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی هۆڵندی: Iran Irak, de oorloog voorbij? Iraniers, Irakezen en Koerden over de achtergronden en gevolgen van de oorlog. Projektgroep Iran – Irak, Rotterdam, Holland – 1988. لاپەڕە : 6.

**1980-09-10** هێرشی ئێراق بۆسەر نێوچەی سیف سعد و داگیرکردنی. **4935**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی هۆڵندی: Iran kIra, de oorloog voorbij? Iraniers, Irakezen en Koerden over de achtergronden en gevolgen van de oorlog. Projektgroep Iran – Irak, Rotterdam, Holland – 1988. لاپەڕە : 6.

**1980-09-12** ڕووداني کودەتايەکی سەربازی لە تورکيا، کە کەنعان ئەفرێن بووە سەرۆك کۆمار، بەهۆی ئەم کودەتايەوە تەواوی نيشتمانپەروەرە کوردەکان بەر شاڵاوی گرتن و خۆشێردنەوە کەوتن. **4936**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی هۆڵندی: juli – druk Tweede– Koerdistan Dossier – Brussel van Instituut Koerdisch Brussel – 1991. لاپەڕە : 40.

سەرچاوەی 2: پەڕتوکی هۆڵندی: Dr. Ploetz Karl. Kalendarium Prisma, Wereldgeschiedenis in jaartallen, Uitgeverij Het Spectum BV – Zevende druk – 1988. لاپەڕە : 181.

**1980-09-17** سەددام حوسەين، لە قسەکردنێکیدا بۆ ئەنجوومەنی نيشتمانی ئێراقی، ڕێکەوتننامەی ئەلجەزائيری هەڵوەشاندەوە. هەروەها ئەوەشی ڕاگەياند کە لە ماوەی 12 مانگی شەڕی شۆڕشی ئەيلوولدا لە ساڵی 974دا، سوپای ئێراق زێتر لە 16 هەزار کوژراو و بريندارى هەبووە و ژمارەی کوژراوانی سوپا و خەڵکی گەيشتۆتە 60 هەزار کەس. **4937**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەنديل بەغدای هەژاند – ياداشتی پێشمەرگايەتی 1976–1980 – بەشی يەکەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدين – 1993. لاپەڕە : 150.

سەرچاوەی 2: پەڕتوکی کوردی: نەوشيروان موستەفا ئەمين – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، ديوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانيا – 1997. لاپەڕە : 21.

**1980-09-19** هێرشی پاسداران بۆسەر خۆرهەڵاتی کوردستان و دەستپێکردنی جەنگی سێ مانگە.؟ **4938**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – ژ51 – مەڵبەندی ڕۆشنبيريی کورد لە لەندەن – سێپتيمبەری 1994. لاپەڕە : 7.

**1980-09-22** ڕژێمی ئێراقی لە چەندين قۆڵەوە هێرشی کردە سەر سنووری ئێران و بەو شێوەيە جەنگی 8 ساڵەی ئێراق – ئێران هەڵگيرسا و بووە هۆی کاولکردنی دەيان شارۆچکە و سەدان گوندی هەردوو ديوی کوردستان، چونکە هەردوولا دەيانويست جەنگەکە بهێننە کوردستانەوە. **4939**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی هۆڵندی: Iran Irak, de oorloog voorbij؟ Iraniers, Irakezen en Koerden over de achtergronden en gevolgen van de oorlog. Projektgroep Iran – Irak, Rotterdam, Holland – 1988.
لاپەڕە : 6.

**1980-09-22** ڕووداني گەورەترين خۆپيشاندانی کوردەکانی دياربەکر لە دژی کودەتای جۆنتا. **4940**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – ژ51 – مەڵبەندی ڕۆشنبيريی کورد لە لەندەن – سێپتيمبەری 1994. لاپەڕە : 7.

**1980-10-00** کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا، بەيانێکی لەسەر پەلاماری ئێراق بۆ ئێران بڵاوکردەوە. **4941**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەريمی حيسامی – لە بيرەوەرييەکانم، 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆڵم – 1993. لاپەڕە : 132.

**1980-11-00** هێرشی د.ا بۆسەر گوندی ئيندرقاش لە نێوچەی مەهاباد، کە بووە هۆی شەهيدکردنی چەندين کەسی ئەو گوندە، ئەمە نێوی هەندێکيانە: حاجی مستەفا، سەيد عەلی، ڕەحيم ئەندرز، ساڵح ئەندرز، ڕەحمان شۆخی، مەحموود – محەمەد ئاغا، سلێمان مەحموود، محەمەد قەنبەری، خدر قەنبەری، عەلی قەنبەری، سەيد ڕەحمان، ئيرەج حەمەدۆکی، زوبێدە حەمەدۆکی، مەحموود شێخە،

کەریم سەیدە، سلێمان کەریم سەیدە، ڕەسوڵ سەیدە، حوسەین خدر حاجی، عوسمان سەید لولو، خەسرەو حاجی وەیسی، خالید حاجی وەیسی، پەریزاد، عەبدوڵڵا مەحموود ڕەحیمی، دەروێش محەمەد، عەلی ئەحمەد شێخە، بیلال عەجەم، حوسەین خویی، سلێمان گاقولە، ئەحمەد حەسەن، .... 4942

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: جەلیل گادانی – 50 ساڵ خەبات – کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – بەرگی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی باشووری کوردستان – بێ بەروار. لاپەڕە : 352.

**1980-11-00** هێرشی د.ا بۆسەر گوندی وسووکەند لە نێوچەی مەهاباد، کە بووە هۆی شەهیدکردنی چەندین کەسی ئەو گوندە، ئەمە نێوی هەندێکیانە: عەبدوڵڵا پاسبانی، عەزیز ئیسماعیل، مستەفا، ئەبوبەکر خاوشی، هەمزە کەشوانی، ....، شایانی باسە کە ژمارەی شەهیدەکانی هەردوو گوندی ئیندرقاش و وسووکەند گەیشتە 53 کەس. 4943

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: جەلیل گادانی – 50 ساڵ خەبات – کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – بەرگی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی باشووری کوردستان – بێ بەروار. لاپەڕە : 353.

**1980-11-18** شەهیدبوونی فەتاح محەمەد ئەمین (فەتاح ئاغا) لە حاجی هۆمەران. نێوبراو پێشمەرگەیەکی ئازای شۆڕشی ئەیلوول و فەرماندەی هێزی خەبات و هەروەها کادرێکی پێشکەوتووی کاژیکیش بوو. 7448

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدك TV Kurdistan

**1980-12-00** دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری ئافرەتی کورد لە شاری بەغدا بەزمانی عەرەبی. 7943

سەرچاوەی 1: بەیان و بلاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952-2002 – نوسینی ڕێناس نەورۆزی – بڕۆکسل.

**1980-12-00** هێرشی د.ا بۆسەر گوندی سۆفیانی نێوچەی پیرانشار، کە بووە هۆی شەهیدکردنی ژمارەیەك لە خەڵکی گوند کە ئەمە نێوی هەندێکیانە: حاجی حوسەین پوور خر، شێخ موحەمەد پوور خدر، سەید تەها تەوحیدی، زولێخا تەوحیدی، مەلا سەعید حەسەن هاشمی، ئەبوبەکر قازی زادە، تاهیر قەیتەران، سەید حەسەن شێخ حەمە ئەمین، عەبدولڕەحمان خۆشرەو، محەمەد ئەمین – شوان، ڕەحیم – شوان. لە نێو شەهیدەکاندا مامۆستای قوتابخانە و مەلای گوندەکەی تێدا بوو. 4944

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: جەلیل گادانی – 50 ساڵ خەبات – کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – بەرگی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی باشووری کوردستان – بێ بەروار. لاپەڕە : 353.

**1980-12-04** ئەمشەو شەڕێکی سەخت لە نێوان دوژمن و پێشمەرگەکانی ینك دا لە گوندی قەڵاسنجی چیای سەفیندا ڕوویدا. 4945

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976-1980 – بەشی یەکەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەڕە : 154.

**1981** هێرشی فڕۆکەکانی ئیسرائیل بۆسەر دەزگای تەمموزی ئێراقی بۆ ئەتۆم، کە لە ئەنجامدا دەزگاکەیی تێکشکاند. 4951

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1981 **تا ساڵی ئاییندە: یاریکردنی شانۆییەکانی خانزادێکی تر و فایلی 67 و شاری ئەوین لەلایەن تیپی هەولێرەوە. 4955**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: وان – ژ7 – لە بڵاوکراوەکانی یەکیتیی نووسەرانی کورد لە سوید – 1994. لاپەڕە : 25.

1981 **کۆچی دوایی نووسەر شێخ جەعفەر بەرزنجەیی. 4954**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی یەکەم – چاپی یەکەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1987. لاپەڕە : 418.

1981 **گیرانی تێکۆشەر نەجۆ لەلایەن د.ت. 4952**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ, دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەڕە : 91.

1981 **هێرشی پدك بۆسەر بنکەکانی حدکا لە خۆرهەڵاتی.ك. 4949**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: مارتین فان برونەسن – ئاغا و شێخ و دەوڵەت – کوردۆ, لە ئاڵمانییەوە کردوویە بە کوردی – بەرگی یەکەم – چاپخانەی ڕۆژ – سوید – 1996. لاپەڕە : 95.

1981 **گیرانی نەوشیروان مستەفای سکرتێری کۆمەڵە1, لەلایەن هێزەکانی حسکەوە, کە ماوەی مانگێك لە ئەشکەوتی هەزار ئەستووندا دەست بەسەر بوو و پاشان بەهۆی کاوەی شێخ لەتیفەوە ڕزگارکرا. 4948**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: فرەنسۆ هەریری – بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی نەنووسرێ – پرسیار و وەڵام – لە بڵاوکراوەکانی پدك – هاوینەهەواری پیرمام – هەولێر – 1995. لاپەڕە : 59.

1981 **دامەزرانی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان, بە سەرکردایەتیی سامی عەبدولڕەحمان, کە لە پارتی جوودابووەوە. 4947**

1981 **پێکهاتنی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید. 4950**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەنگاو – ژ14 – لەندەن – مایی 1994. لاپەڕە : 8.

1981 **هاوین و پایزی ئەم ساڵ: شەڕی براکوژی سەرانسەری کوردستانی گرتەوە و چەندین پێشمەرگە و کادری لێوەشاوە و دڵسۆز بوونە سووتەمەنیی ئەو شەڕە. 4946**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 49.

1981 **کۆچی دوایی نووسەر ئەحمەد غەفوور. 4953**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی یەکەم – چاپی یەکەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1987. لاپەڕە : 416.

**1981-01-05** ئێران هێرشێکی گەورەی کردە سەر هێزەکانی ئێراقی لە نێوچەی خەفاجیە – سونگەرد، لەو شەڕەدا زێتر لە هەزار سەربازی ئێراقی بە دیل گیران. **4956**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 27.

**1981-01-21** د.ا تەواوی بارمتەکانی باڵوێزخانەی ئامریکای ئازاد کرد. **4957**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی هۆلەندی: Dr. Ploetz Karl. Prisma Kalendarium, Wereldgeschiedenis in jaartallen, Uitgeverij Het Spectum BV – Zevende druk – 1988. لاپەڕە : 182.

**1981-01-22** خوێندکارانی کورد لە سۆفیا، ویستیان بەبۆنەی یادی ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستانەوە ئاهەنگێك لە سۆفیادا بگێڕن، بەڵام پۆلیسی بولگاری ڕێگای نەدان. **4958**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆلم – 1993. لاپەڕە : 131.

**1981-01-24** کۆچی دوایی مامۆستا عەلی مەردان، کە لە شاری کەرکوك لە گۆڕستانی شێخ محێدین لە بەرتەکێ بە خاك سپێردرا. **4959**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مامۆستای کورد – ژمارە 22 – سوید – هاوینی 1994. لاپەڕە : 78.

**1981-02-00** یاریکردنی شانۆیی سەلەی نانکەر لە سلێمانی، دەرهێنانی ئەحمەد سالار و ئەم ئەکتەرانەش بەشداربوون: هونەرمەند حەمە ڕەشید هەرەس، ئاشتی عەلی محەمەد، شادان فوئاد و شەماڵی عەبە ڕەش... **8217**

سەرچاوەی 1: ڕووبەڕووی کوردی: ڕووبەڕوویەك لەگەڵ هونەرمەند حەمە ڕەشید هەرەس لە 14-08-2004 لە ئەمستەردام.

**1981-03-20** خوێندکارە کوردەکانی بولگاریا، ویستیان لە سۆفیا ئاهەنگی جەژنی نەورۆز بگێڕن، بەڵام پۆلیستی بولگاری نەیهێشت و ناچار چوونە نێوچەی بۆرۆڤیچ نەورۆزیانکرد کە ژمارەیان 60 کەسێك دەبوو. **4960**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆلم – 1993. لاپەڕە : 142.

**1981-04-00** پەرلەمانی ئەورووپا ڕەخنەیەکی توندو تیژی لە د.ت گرت بەوەی کە مافی مرۆڤ ناپارێزێت. **4962**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی هۆلەندی: Dr. Ploetz Karl. Prisma Kalendarium, Wereldgeschiedenis in jaartallen, Uitgeverij Het Spectum BV – Zevende druk – 1988. لاپەڕە : 181.

**1981-04-00** پەیوەندیکردنی شەهید مولازم خولە بە هێزەکانی ینك وە و پاشان بووە فەرماندەی تیپی 83ی هەوری خۆشناوەتی. **4961**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976–1980 – بەشی یەکەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەڕە : 156.

**1981-05-00** زێتر لە 38 هەزار کوردی فەیلی لەلایەن ڕژێمی ئێراقەوە ئاوارەی ئێران کرا، بەتاوانی ئەوەی کە گوایا ئەمانە ئێرانین. **4963**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1981-05-00** بەستنی کۆنگرەی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان – حسیك، لە گوندی دۆڵەتووی خۆرهەڵات، لە کاتی کۆنگرەکەدا چەند فڕۆکەیەکی ئێراقی هێرشی کردە سەر نێوچەکە، بەڵام بە هەڵە زیندانی حدکای بۆردمانکرد و بووە هۆی کوشتنی دەیان کەس لە زیندانییەکانی حدکا. لە کۆنگرەکەدا ڕەسوڵ مامەند بووە سکرتێری حسیك و ئەمانەش بوونە ئەندامانی سەرکردایەتی: قادر عەزیز، مامۆستا سەعد، سەید کاکە، حەمەی حاجی مەحموود، ئەحمەد خۆرەش، خالە حاجی – هەڤاڵ جووجەڵە، عادل موراد، شێروان شێروەندی، عەبدولخالق زەنگەنە، قادر شۆڕش، شەهید شێرکۆ شێخ عەلی. **4964**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 109.

سەرچاوەی 2: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 37.

**1981-05-00** بەستنی کۆنفرانسی یەکەمی کۆمەڵە1 لە دۆڵی مالیمۆسی گوندی کانی زەردی نزیك چیای بلفەتی خۆرهەڵات، کە 182 پێشمەرگە و ئەندامانی کۆمەڵە1 بەشداربوون تێیدا، لە کۆنفرانسەکەدا نەوشیروان مستەفا کرایە سکرتێری کۆمەڵە1 و ئەمانە4 کرانە ئەندامانی سەرکردایەتی: فەرەیدوون عەبدولقادر، دوکتۆر کەمال خۆشناو، مەلا بەختیار، عومەری سەی عەلی. هەروەها هەرێمەکانی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە1 هەڵوەشێنرانەوە و چەند هێزێك بۆ نێوچەکان دروست کران، کە ئەمانە نێوی ئەو هێزانەیە: هێزی دەشتی هەولێر – شاخەوان، خۆشناوەتی – مولازم خولە، کۆیە – مامۆستا عەزیز، کۆسرەت – مەلا حەسەن، قەراخ، گەرمیان، باڵەك، سۆران، مەرگە، هەورامان، شارباژێر، کەرکوك و جافەتی. **4965**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 37.

**1981-05-11** بەبۆنەی ئەوەی کە فڕانسوا میتیران بووە سەرۆك کۆماری فەڕەنسا، حدکا نامەیەکی پیرۆزبایی بە ئیمزای د. قاسملۆوە بۆ نارد. **4966**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: جەلیل گادانی – 50 ساڵ خەبات – کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – بەرگی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی باشووری کوردستان – بێ بەروار. لاپەڕە : 263.

**1981-05-13** پارتی د. محەمەد ساڵح جومعەی ناردە لای کەریمی حیسامیی ئەندامی حدکا، تاوەکو ئەمەی دوایییان واز لە حدکا بێنێت و پەیوەندی بکات بە دەستەی 7 کەسەوە. بەڵام کەریمی حیسامی ڕازی نەبوو. **4967**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆڵم – 1993. لاپەڕە : 143.

**1981-06-00** گەڕانەوەی جەلال تاڵەبانی لە ڕێگەی ئێرانەوە بۆ باشووری کوردستان, جەلال تاڵەبانی ساڵی 1980 چووە دەرەوەی کوردستان و ساڵێك و چەند مانگێکی پێ چوو, بەڵام لەبەرئەوەی ئێران ڕێگەی گەڕانەوەی لێگرتبوو نەیدەتوانی بگەڕێتەوە. **4968**
سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 42.

**1981-06-07** بۆردومانکردنی بنکەی تموز – تەمموز بۆ لێکۆڵینەوەی ئەتۆمی لە ئێراق, لەلایەن فڕۆکەکانی ئیسرائیلەوە. **4969**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1981-06-22** لێکەوتنی ئەبو حەسەن بەنی سەدر لە سەرۆك کۆمارێتیی ئێران و هاوکاری کردنی لەگەڵ داروەستەی موجاهیدینی خەلقدا. **4970**
سەرچاوەی 1: پەرتوکی هۆڵندی: Dr. lKar Ploetz. Prisma Kalendarium, Wereldgeschiedenis in jaartallen, Uitgeverij Het Spectum BV – Zevende druk – 1988. لاپەڕە : 182.

**1981-06-27** کۆبوونەوەی کەریمی حیسامی لەگەڵ یاسر عەرەفاتدا لە بەیروت. **4971**
سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆڵم – 1993. لاپەڕە : 148.

**1981-07-01** لەسێدارەدانی هونەرمەند قادر کابان لە بەغداد. **7752**
سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدك TV Kurdistan

**1981-07-13** ژمارە 123ی گۆڤاری الحریە‌ی لوبانی ڕووبەڕوویەکی لەگەڵ کەریمی حیسامی دەربارەی بارودۆخی خۆرهەڵاتی کوردستان کرد. **4972**
سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆڵم – 1993. لاپەڕە : 145.

**1981-08-00** ڕوودانی شەڕی براکوژی لە نێوان پێشمەرگەکانی ینك و حسكدا, کە بووە هۆی شەهیدبوونی دەیان پێشمەرگە لە هەردوولا, کە دووان لە وانە جەمالی عەلی باپیر و شێرکۆ بوو. **4973**
سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976–1980 – بەشی یەکەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەڕە : 82.

**1981-08-00** کوژرانی عەبدولی سوران لە شاری سلێمانی لەلایەن یەکێتییەوە, نێوبراو ئەندامی کۆمیتەی نێوەندیی پارتی بوو. **4974**
سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: فەرەنسۆ هەریری – بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی نەنووسرێ – پرسیار و وەڵام – لە بڵاوکراوەکانی پدك – هاوینەهەواری پیرمام – هەولێر – 1995. لاپەڕە : 60.

**1981-08-12** سەردانی کەمال بورقایی سکرتێری پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا، بۆ بیرۆی ڕامیاریی حدکا لە دۆڵی دێموکرات. **4975**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆلم – 1993. لاپەڕە : 169.

**1981-08-30** هێرشێکی پارتی بۆسەر بنکەیەکی حدکا لە نێوچەی مەرگەوەر، کە بووە هۆی شەهیدکردنی 8 پێشمەرگەی حدکا. **4976**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆلم – 1993. لاپەڕە : 177.

**1981-09-00** هێرشی د.ا بۆسەر کورەخانەی گوندی ساروقامیشی نێوان بۆکان و میاندواو، کە لە ئەنجامدا 18 کرێکاری کارگەکەیان شەهیدکرد و ئەمەش نێوی 13 کەسیانە: عوسمان سۆفی عەبدوڵڵا، محەمەد سۆفی عەبدوڵڵا، خالید جەعفەر ئاغا، سەید عەبدوڵڵا، عومەر حاجی مستەفا، ڕەسوڵ ئاغا پوور، کەریم مام ڕەسوڵی، جەعفەر حاجی مەحموود، قادر بەلەم، محەمەد ڕانشین، مەحموود پیرناك، فرامەرز، ڕەسوڵ شێخ تۆفیق، .... **4977**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: جەلیل گادانی – 50 ساڵ خەبات – کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – بەرگی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی باشووری کوردستان – بێ بەروار. لاپەڕە : 353.

**1981-09-05** چوونی وەفدێکی کۆمەڵە2، بۆ لای بیرۆی ڕامیاریی حدکا بۆ گفتوگۆی کێشەکانی نێوانیان، وەفدەکەی کۆمەڵە ئەمانە بوون، سەعدی موەتەدی، محەمەدی ئیلخانیزادە و سەید عومەری زەمبیلی. **4978**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆلم – 1993. لاپەڕە : 179.

**1981-09-14** بۆردوومانی مەرکەز ناحیەی هیران لەلایەن کەرتی 5ی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێری ینك. **6764**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1981-09-16** هێرشی د.ا و پارتی بۆسەر حدکا گەیشتە سۆفیان و جەلدیان، پێشمەرگەی حدکا لەو نێوچانەدا کشانەوە. **4979**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆلم – 1993. لاپەڕە : 192.

**1981-09-30** حدکا، نەخشەیەکیی سەربازیی لەشکری ئێرانی دەست کەوت، لەو نەخشەیەدا پیلانی داگیرکردنەوەی کوردستان کێشرابوو. **4980**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆلم – 1993. لاپەڕە : 192.

**1981-10-02** حدکا شاری بۆکانی لە ژێر تەوژمی هێرشی د.ا چۆلکرد. **4981**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆلم – 1993. لاپەرە : 194.

**1981-10-02** مەلا ئەبوبەکری شەفیعی بروسکەی پیرۆزبایی بۆ کۆماری ئیسلامی نارد, بەبۆنەی داگیرکردنەوەی شاری بۆکانەوە, ئەم بروسکەیە لە تەلەفزیۆنی مەهابادا خوێندرایەوە. **4982**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆلم – 1993. لاپەرە : 194.

**1981-10-12** سەرکردایەتی ینك بڕیاریدا کە هێزێك بنێرێتە نێوچەی دەشتی هەولێر بۆ لێدانی ئەو هێزە نەیارانەی کە سەر بە ینك نین. **4983**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەرە : 47.

**1981-11-00** پەرلەمانی ئەوروپا بەهۆی کارە نامرۆڤانەکانی د.ت وە, یارمەتییە ئابوورییەکانی بۆ تورکیا وەستاند. **4984**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی هۆلەندی: Dr. Karl Ploetz. Prisma Kalendarium, Wereldgeschiedenis in jaartallen, Uitgeverij Het Spectum BV – Zevende druk – 1988. لاپەرە : 181.

**1981-11-00** هێزەکانی پارتی, هێرشیانکردە سەر گوندی بایزاوێی نێوچەی نەغەدە, لە ئەنجامدا 9 کەسی خەڵکی ئەو گوندەیان شەهیدکرد کە ئەمە نێوەکانیانە: فەتاح خدر تاج, عەزیز, عەبدوڵڵا مەولودی, ئەحمەد مەناف, سادق زەندی, عوسمان ڕامین, مستەفا ڕەحمان مەولودی, ساڵح عەلی زناور, ئەبوبەکر سوجە. **4985**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: جەلیل گادانی – 50 ساڵ خەبات – کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – بەرگی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی باشووری کوردستان – بێ بەروار. لاپەرە : 354.

**1981-11-12** کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی حسك و حدکا لە دۆڵی دێموکرات. **4986**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆلم – 1993. لاپەرە : 196.

**1981-11-17** بە فەرمانی نەوشیروان مستەفا هێزەکانی ینك هێرشیان کردە سەر هێزەکانی بەرەی جود, لە نێوچەی زینوی ئەستێرۆکان و لووتکەکانی هەڵەموند و کاروخ, پاش دوو ڕۆژ شەڕ, هێزەکانی بەرەی جود بۆ نێوچەکانی پشت ئاشان و کریسکان و کونە کۆتر کشانەوە. **4987**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەرە : 48.

**1981-11-25** بەستنی کۆنفرانسی حدکا بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە, لە دۆڵی دێموکرات. **4988**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆلم – 1993. لاپەرە : 198.

**1981-12-03** بەستنی پلینۆمێکی حدکا کە پێکهاتبوو لە ئەندامانی سەرکردایەتی و ئەندامانی ڕاوێژکار, تاوەکو کاروباری کۆنگرە ڕێکبخەن. **4989**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆلم – 1993. لاپەرە : 200.

**1981-12-06** بەستنی پێنجەمین کۆنگرەی حدکا. لەم کۆنگرەیەدا بڕیار لەسەر ئەوە دەدرێت کە حدکا ببێتە ئەندامی شورای میللیی بەرگری – شورا مللی مقاومت, کە موجاهیدنی خەلقیش ئەندامن تێیدا. **4990**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆلم – 1993. لاپەرە : 201.

**1982** کۆچی دوایی جەمیل محۆ. **4055**

**1982** دامەزراندنی حیزبوڵلای کورد, بەسەرۆکایەتیی شێخ محەمەد خالید بارزانی. **4997**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەرە : 12.

**1982** فلیمی یۆڵی هونەرکاری کورد گۆنای, خەڵاتی کانی وەرگرت. **4999**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: خەرمانە – گۆڤارێکی وەرزیی ئەدەبیی ڕۆشنبیرییە – ژ9 و 10 – سوید – 1993. لاپەرە : 38.

**1982** دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری خانزاد لە شاری هەولێر. **7944**

سەرچاوەی 1: بەیان و بلاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952–2002 – نوسینی ڕێناس نەورۆزی – برۆکسل.

**1982** هاوینی ئەم ساڵ: لابردن و ڕاگوێزانی 33 مامۆستای کورد لە زانکۆی سەلاحەدین, بەهۆی ڕاپەرینی خوێندکارانەوە, کە نێوەکانیان ئەمانەن: د. نوری تاڵەبانی, .... **5000**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بلاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی – لەندەن – ژ75 و 76 – لەندەن – ئۆکتۆبەری 1996. لاپەرە : 8.

**1982** خۆپیشاندانی جەماوەری شاری هەڵەبجە, لە دژی د.ق. **4998**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: خەرمانە – گۆڤارێکی وەرزیی ئەدەبیی ڕۆشنبیرییە – ژ8 – سوید – 1993. لاپەرە : 6.

**1982** پەیوەندیکردنی جەواد مەلا بە هێزی پێشمەرگەی پاسۆکەوە و بووە ئەندامی بیرۆی ڕامیاری. **4995**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: جمال نبز – تصریحات هامە للمفکر الکردی جمال نبز – المقدمە بقلم جواد ملا – من منشورات کوردنامە – لندن – 1996. لاپەرە : 2.

**1982** شەهیدبوونی محەمەد غەفور مەنتك پێشمەرگەی ینك لە گوندی سابڵاغ. **4994**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەرە : 167.

**1982** بەرزبوونەوەی دووبەرەکییەکانی نێو ڕیزەکانی کۆمەڵە1, هەربۆیە کۆمەڵە1 کۆنفرانسی دووەمی لە خڕی ناوزەنگ بەست و بەهۆیەوە لە کێشە و گیروگرفت ڕزگاری بوو, لە کۆنفرانسەکەدا نەوشیروان مستەفا کرایەوە سکرتێر و ئەمانەش بوونە ئەندامانی سەرکردایەتیی: فەرەیدون عەبدولقادر, مولازم عومەر عەبدوڵڵا, مامۆستا جەمال تایەر, دوکتۆر کەمال خۆشناو, عەلی بچکۆل و مەلا بەختیار. **4993**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەرە : 57.

**1982** تا ساڵی 984: ڕوودانی زنجیرەیەك شەڕی براکوژی لە نێوان یەکێتی و ب.ئیسلامیدا, کە لە ئەنجامدا بووە هۆی کوژرانی 600 کەس لە هەردوولا کە بەشی زۆریان ئیسلامی بوون و تەواوی بنکەکانیان لەلایەن یەکێتییەوە گیرا. **4992**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: فرەنسۆ هەریری – بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی نەنووسرێ – پرسیار و وەڵام – لە بڵاوکراوەکانی پدك – هاوینەهەواری پیرمام – هەولێر – 1995. لاپەرە : 47.

**1982** زستانی ئەم ساڵ: لەبەر دووریی نێوچەی هەولێر لە سەرکردایەتیی ینك ەوە, بڕیاردرا کە کۆمیتەیەکی سەرکردایەتیی سەربە ینك لە نێوچەی هەولێردا دابمەزرێ کە بریتی بوون لەمانە: دوکتۆر کەمال خۆشناو, سەید مەجید و مامۆستا نازم. **4991**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەرە : 52.

**1982** هاوینی ئەمساڵ: دامەزراندنی تیپی موزیکی ئاوارە لە هۆڵندا, بۆ ناساندنی هونەری کوردی بە وڵاتانی دەرەوە. **4996**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: میدیا – یانەی کوردی لە ئەمستەردام (میدیا) – ژ6 – ژولایی 1992 – هۆڵندا. لاپەرە : 4.

**1982-01-27** ڕوودانی شەڕی سێ کانیان: دوژمن بە هۆی 7 کۆپتەر و ژمارەیەکی زۆر سەرباز و جاشەوە هێرشی کردە سەر پێشمەرگەکانی حسك و ینك و حشع, چونکە پێشمەرگەکانی حسك دوو پسپۆڕی فەرەنسییان فڕاندبوو, لەو شەڕەدا سێ لایەنی نەیار لە دژی دوژمن شەڕی کرد و لە ئەنجامدا 13 شەهید درا کە زۆربەیان لە پێشمەرگەکانی حشع بوون و دوژمنیش زیانی گیانی و ماڵیی زۆری لێکەوت, کە چەندین سەربازی لە لافاوی بەستی شەرغەدا لێخنکا. **5001**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەرە : 52.

**1982-03-08** بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی ئافرەتانەوە, حدکا لە بارەگای سەرکردایەتی لە دۆڵی دێموکراتدا, کۆڕێکی بۆ خاتوو پەروین هیدایەتی ڕێکخست. **5002**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆڵم – 1993. لاپەرە : 214.

**1982-03-08** سەرەتای ئەم مانگە: کوژرانی مەلا کەریمی شاریکەندی لە شاری مەهاباد لەلایەن کۆمەڵە 2ەوە. **5003**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: غەنی بلوریان – ئاڵەکۆک، بەسەرهاتی سیاسی ژیانم – ستۆکهۆڵم – 1997. لاپەڕە : 355.

**1982-03-18** ئەمرۆ و سبەینێ 19-03، هێزەکانی ئێران هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەر هێزەکانی ئێراقی لە نێوچەکانی شۆش و دیزەفول، بەماوەیەکی کەم سوپای ئێراقیان لەو نێوچانە دەرپەڕاند و هەزاران سەربازیان لێکوشتن و 19 هەزار کەسیشیان لێ بەدیل گرتن. **5006**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 53.

**1982-03-19** سەرکردایەتیی بەعس دەستەی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری باکووری هەڵوەشاندەوە. **5007**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆڵم – 1993. لاپەڕە : 218.

**1982-03-21** بەستنی کۆڕێك لەسەر هونەرکاری کورد کاوێس ئاغا، لەلایەن مام فەتحوڵڵاوە، لە شاری هەولێر. **5009**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ئاڵای ئازادی – حزك – ژ220 – هەولێر – 15-07-1996. لاپەڕە : 6.

**1982-03-21** بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە، پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا لە بارەگای سەرکردایەتیی حدکا، شانۆیی کاوەی ئاسنگەریان پێشکەشکرد. **5010**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆڵم – 1993. لاپەڕە : 218.

**1982-03-21** شەهید عەلی ساڵح کە خەڵکی گوندی کانی سلێمانی شارۆچکەی تەق تەق بوو، هەروەها کرێکاری کارگەی جگەرەی شاری هەولێر بوو، لەم ڕۆژی نەورۆزەدا لە نەبەردێکی قارەمانانەدا لە نێوچەی ساڵەیی بریندار کراو بۆ ئەوەی دوژمن بەبریندار دیلی نەکات، خۆیی شەهید کرد، شەهید پێشمەرگەی ینك بوو. **5008**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976–1980 – بەشی یەکەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەڕە : 46.

**1982-03-22** شەهیدکردنی مەلا کەریمی شاریکەندی لەلایەن ئاخوندەکانەوە. نێوبراو ئەندامی حدکا بوو. ؟ **5011**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆڵم – 1993. لاپەڕە : 218.

**1982-04-00** کۆتایی ئەم مانگە: هێزی پێشەوای حدکا هێرشێکی بۆسەر سەربازگەی بەردە کونتێی نزیك مەهاباد کرد و لە ئەنجامدا 30 سەربازیان کوشت و تانکێکیان بە ساغی چنگ کەوتبوو. لەو شەڕەدا 3 پێشمەرگە شەهید ببوون. **5012**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆڵم – 1993. لاپەڕە : 227.

**1982-04-24** بەبۆنەی یادی بۆردومانکردنی شاری قەڵادزێوە لەساڵی 1974 دا، خەڵکی شاری قەلادزێ خۆپیشاندانێکیان لە دژی ڕژێم سازکرد، ئەو خۆپیشاندانە دواتر لە نێوچەکانی ڕانیە و سلێمانی و کۆیە و چوارقوڕنە و هەولێریش سازدرا، کە زۆرترینی خوێندکارانی کورد پێی هەڵستان. **5013**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 53.

**1982-04-24** ڕادیۆی تاران هەواڵی ئەوەی بڵاوکردەوە کە سوپای د.ا گەیشتووەتە سەردەشت و ڕێگای بانە و سەردەشتیشیان گرتووەتەوە. **5014**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆڵم – 1993. لاپەڕە : 225.

**1982-05-00** هێرشی ئێران بۆسەر خورەمشار و عەبادان، کە لە ئەنجامدا ئەو نێوچانەی گرتەوە و سوپای ئێراقی تاسەر سنووری نێودەوڵەتی ڕاونا و هەزاران سەربازیشی لێ کوشتن، جگە لە بەدیل کردنی 18 هەزار سەربازی ئێراقی. **5015**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 55.

**1982-05-03** ڕوودانی گەورەترین خۆپیشاندانی خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین لە شاری هەولێر، کە بەهۆیەوە خوێندکار: سەفا سدیق شەهید بوو. ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکاران گیران لەوانە: هیوا قادر ڕەسوڵ، دڵخۆش محەمەد ڕەسوڵ، .... ئەم خوێندکارانە پاش ماوەیەك ئازاد کران و بۆ زانکۆکانی تری ئێراق گوێزرانەوە. **5016**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – ژمارە 70 – مایی 1996. لاپەڕە : 5.

**1982-05-20** د.ا و هێزەکانی پارتی هێرشیانکردە سەر گوندەکانی زێدان و جەران و کۆنە لاجان و قەڵاتی موتاوێ لە نێوچەی پیرانشار، لەو هێرشەدا چەندین پێشمەرگە شەهیدبوون و ژمارەیەکی زۆریش لە دوژمن و هێرشکەران کوژران. **5017**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1979 – 1983 – بەرگی هەفتەم – ستۆکهۆڵم – 1993. لاپەڕە : 230.

**1982-06-00** یاریکردنی شانۆیی تەنەکە لە سلێمانی، نووسنی یەشار کەمال و دەرهێنانی ئەحمەد سالار و ئەم ئەکتەرانەش بەشداربوون: هونەرمەند حەمە ڕەشید هەرەس، نەرمین قادر، ئەحمەد سالار، تەها خەلیل، عەبدول حەمە جوان و قادر مستەفا... **8218**

سەرچاوەی 1: ڕووبەڕووی کوردی: ڕووبەڕوویەك لەگەڵ هونەرمەند حەمە ڕەشید هەرەس لە 14-08-2004 لە ئەمستەردام.

**1982-06-01** کۆچی دوایی نووسەر و ڕامیار مامۆستا عەبدوڵڵا جەوهەر لە سلێمانی. **5018**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە - شاری سلێمانی - پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ - بەرگی یەکەم - چاپی یەکەم - چاپخانەی دار الحریە - بەغداد - 1987. لاپەڕە : 416.

**1982-06-18** چوونی عەزیز محەمەد، جەلال تاڵەبانی و ڕەسوڵ مامەند بۆ لای بیرۆی ڕامیاریی حدکا. **5019**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی - لە بیرەوەرییەکانم، 1979 - 1983 - بەرگی هەفتەم - ستۆکهۆڵم - 1993. لاپەڕە : 238.

**1982-07-10** ڕوودانی شەڕی سۆما، کە بووە هۆی شەهیدبوونی پێشمەرگەیەکی حدکا بە نێوی ڕەحیم غەنی. **5020**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی - لە بیرەوەرییەکانم، 1979 - 1983 - بەرگی هەفتەم - ستۆکهۆڵم - 1993. لاپەڕە : 247.

**1982-07-17** ڕژێمی ئێراقی لێبووردنی گشتیی بۆ سەربازە هەڵهاتووەکانی کورد دەرکرد، کە بەماوەیەکی کەم 45 هەزار سەربازی هەڵهاتوو خۆیان دایەوە دەست ڕژێم. **5021**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز - قەندیل بەغدای هەژاند - یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980-1988 - بەشی دووەم - چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان - 1993. لاپەڕە : 28.

**1982-07-31** هێرشی گەورەی ئێران بۆسەر ڕۆژهەڵاتی بەسرە، کە ئێران زۆر خراپ تێیدا شکاو هەزاران سەربازی خۆیی لە دەستدا، شایانی باسە کە ئێراق لەو شەڕەدا چەکی کیمیاویی بەکارهێنا. **5022**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز - قەندیل بەغدای هەژاند - یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980-1988 - بەشی دووەم - چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان - 1993. لاپەڕە : 56.

**1982-08-16** پدك بەبۆنەی یادی دامەزراندنییەوە، ئاهەنگێکی لە گوندی چێوەی سەرو سازدا، کە زۆربەی پارتە کوردستانییەکانی تر بەشداربوون تێیدا. **5023**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز - قەندیل بەغدای هەژاند - یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980-1988 - بەشی دووەم - چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان - 1993. لاپەڕە : 58.

**1982-09-02** مۆسکۆ بانگهێشتنی کەریمی حیسامیی ئەندامی حدکای کرد. **5024**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی - لە بیرەوەرییەکانم، 1979 - 1983 - بەرگی هەفتەم - ستۆکهۆڵم - 1993. لاپەڕە : 253.

**1982-09-04** بەڕێکردنی چەند هێزێکی ینك بۆ خۆرهەڵاتی کوردستان, تاوەکو لە دژی داگیرکەری ئێران یارمەتیی هێزەکانی حدکا بدەن. **5025**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 62.

**1982-09-21** و ڕۆژانی دوایی, تیپی نواندنی لاوانی سلێمانی, شانۆگەریی جەنابی جانەوەر, یان پێشکەش کرد, کە لە نووسینی حوسەین عارف و دەرهێنانی شەفیق محەمەد بوو. دانەر وەکو ئەکتەرێك بەشداریی تێدا کرد. **5026**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1982-11-07** بەهۆی ڕیفراندۆمێکەوە, دەستوورێکی نوێ بۆ ڕژێمی تورك دانرا. **5027**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی هۆڵەندی: Dr. Karl Ploetz. Prisma Kalendarium, Wereldgeschiedenis in jaartallen, Uitgeverij Het Spectum BV – Zevende druk – 1988. لاپەڕە : 181.

**1983** گفتوگۆی نهێنیی پارتی لەگەڵ د.ق. **5036**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: هه فوت – مجله كرديه مستقله تصدر دوريا – العدد 12 – سويسرا – ديسمبر 1996. لاپەڕە : 5.

**1983** د.ق, نزیکەی 8 هەزار بارزانیی نێری سەرەونگوون کرد و منداڵ و ژنەکانیشیانی لە ئۆردوگای قوشتەپەدا دیلکردن. **5028**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1983** د.ق, لە شاری سلێمانی بەڵگەنامەکانی سەردەمی عوسمانی و ئینگلیز و شێخ مەحموودیان کۆکردەوە و سووتاندیان. **5029**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 14.

**1983** هێرشی د.ا بۆ نێوچەکانی حاجی هۆمەران لە باشووری.ك, کە هێزەکانی پارتی یارمەتیی ئێرانیان دەدا. **5030**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: جمال نبز – تصريحات هامه للمفكر الكردي جمال نبز – المقدمه بقلم جواد ملا – من منشورات كردنامه – لندن – 1996. لاپەڕە : 9.

**1983** کوژرانی وریا کە ئەندامێکی کۆمەڵە1 بوو, لەلایەن جەبار فەرمانەوە, بە فەرمانی نەوشیروان مستەفا, نێوبراو سەرۆکی لیژنەی بکوژانی یەکێتی بوو لە سلێمانی و وەك دەڵێن بکوژی نوری حەمە عەلییە و هۆی کوشتنەکەشی ئەوەیە کە چەند بەڵگەنامەیەکی گرنگی ئەو کوشتنانەی لەلا بووە و ڕازی نەبووە بیانداتەوە دەست نەوشیروان. **5031**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ1 – خولی هەفتەم – ساڵی یازدەیەم – 25-08-1997 – فینلاند. لاپەڕە : 52.

1983 کۆچی دوایی عەبدوڵڵا عەبدولڕەحمان قادر, نێوبراو یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا. **5032**

سەرچاوەی 1: ڕووبەڕووی کوردی: ئاخاوتنێك لەگەڵ بەڕێز کاك عوسمانی حاجی مەلا خالید لە هۆڵندا لە گوندی تۆڵبەرت لە 06-04-1996 دا.

1983 هاوینی ئەم ساڵ: بۆمبارانکردنی شاری مەهاباد لەلایەن فڕۆکە ئێراقییەکانەوە, هەروەها فڕۆکە ئێرانییەکانیش شاری ئامێدییان بۆمباران کرد. **5033**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 4 – خولی چوارەم – 25-12-1994 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 16.

1983 کۆچی دوایی زەید ئەحمەد عوسمان. **5043**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: صوت الاكراد – لسان حال الحزب الديمقراگي الكردي في لبنان "البارتي" – نصف شهريه – العدد 27 – لندن – 24-2-1997. لاپەڕە : 7.

1983 ئەنیستیتوی کورد لە پاریس, پێشانگایەکی بۆ هونەرکارانی کورد کردەوە. **5034**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: یەکگرتن – گۆڤارێکی ڕۆشنبیری تیۆرییە – بنکەی ڕۆشنبیریی یەکگرتن بلاویدەکاتەوە – ژ12 – هاوینی 1990. لاپەڕە : 241.

1983 هۆزانەوان عەلی حەسەنیانی – هاوار, ڕیزەکانی حدکای جێهێشت و گەڕایەوە شار. **5044**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بلاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ79 – لەندەن – مارتی 1997. لاپەڕە : 15.

1983 کۆچی دوایی گۆرانیبێژ عەباسی محەی هەمزاغا. **5042**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی دووەم – چاپی دووەم – چاپخانەی دار الحريه – بەغداد – 1989. لاپەڕە : 51.

1983 کۆچی دوایی هۆزانەوان کاردۆخی. **5041**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی یەکەم – چاپی یەکەم – چاپخانەی دار الحريه – بەغداد – 1987. لاپەڕە : 415.

1983 دۆزینەوەی ڕوانگەیەکی ئەستێرەناسی لە نێوچەی گڕاو لەلایەن مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف. **5040**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: عەبدولڕەقیب یوسف – شوێنەوارەکانی نەوی لە شاخی سوورین – بە یارمەتی ڕێکخراوی میدیکۆی ئەڵمانی چاپکراوە – باشووری کوردستان – 1994. لاپەڕە : 59.

1983 هاوینی ئەم ساڵ: گواستنەوەی بارەگای سەرکردایەتیی ینك بۆ گوندی خەتێی دۆڵی بالیسان. **5039**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980-1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 218.

1983 بەهاری ئەم ساڵ: گواستنەوەی بارەگای سەرکردایەتیی ینك بە هۆی جەنگی ئێراق – ئێرانەوە بۆ گوندی باوزێی نێوچەی قەڵادزێ. **5038**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 218.

**1983** **کۆچی دوایی مەلا محەمەدی چروستانی. 5037**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی یەکەم – چاپی یەکەم – چاپخانەی دار الحریه – بەغداد – 1987. لاپەڕە : 132.

**1983** **دامەزرانی ئەنجوومەنی موزیکی شمشاڵ لە سنە، لەلایەن بەهرامی ساعید و چەند هونەرکارێکی ترەوە. 5035**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: بروشووری تیپی موزیکی ئاوات.

**1983-01-02** **دامەزراندنی یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان. 6913**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

سەرچاوەی 2: سەرچاوەی تری کوردی: هوشیار قەفتان – ڕۆژژمێری هاوسەر 2001 – لەبڵاوکراوەکانی پرۆژەی هاوسەر 127 – بەغداد – 2001.

**1983-01-17** **هێزێکی حسک لە گوندی ئاوماڵێ نێوچەی تەق تەق، چەند پێشمەرگەیەکی ینک چەک دەکەن و کادرێکیشیان لێ شەهید دەکەن. 5045**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 67.

**1983-01-26** **هێرشی د.ا بۆسەر گوندەکانی قەرەگۆل و سەوزی لە نێوچەی مەهاباد، کە لە ئەنجامدا 18 کەسیان لە گوندی قەرەگۆل شەهید کرد کە ئەمە نێوەکانیانە: مەلا عەلی بادینی، عومەر پیرۆتە سوور، عەلی ساڵك، ڕەحمان ساڵك، مەلا ئیسماعیل شازدە، کامیل شازدە، مەحموود پیرۆتە سوور، مستەفا شامە، مەحموود عەبدوڵڵا ئەسڵ، حاجی مەلا محەمەد، حاجی مەحموود مەرزنگە، مامەند قەرەنی، عوسمان مەرزەنگ، ئیبراهیم عەلیاسی، مەحموود چمنی، ئەبوبەکر پەیام و محەمەد ئەمین قوربانی ئەقدەم، هەروەها 9 کەسیشیان لە گوندی سەوزە شەهیدکرد کە ئەمە نێوەکانیانە: سۆفی محەمەد ئەمین ئەحمەدی، حاجی مستەفا جاوە، حەسەن دیوارە، ئەبوبەکر شەنایی، عوسمان خەتایی، کوبرا مەنگوری، بووکی سوڵتان مەعروف، زەینەب دلارام و محێدین ئامانی. 5046**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: جەلیل گادانی – 50 ساڵ خەبات – کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – بەرگی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی باشووری کوردستان – بێ بەروار. لاپەڕە : 354.

**1983-02-00** **سووتاندنی چەند تۆنێك دێکومێنتی شارەوانیی سلێمانی لەلایەن د.ق، کە هی سەردەمی عوسمانییەکان و شێخ مەحموود و ڕژێمی پادشایەتی بوون. 5047**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی دووەم – چاپی دووەم – چاپخانەی دار الحریه – بەغداد – 1989. لاپەڕە : 485.

**1983-02-06** ڕوودانی شەڕی براكوژی لە گوندی نێرەگێن, شەرەكە لە 2ی بەیانی زووەوە دەستی پێكرد تا 10ی سەرلە ئێوارەی ڕۆژی دوایی 07-02, لە نێوان پێشمەرگەكانی ینك و حسك و حشعدا, لەم شەرەدا 9 پێشمەرگەی حسك و 3ی حشع و 7ی ینك شەهید كران و زۆریش بریندار بوون. پاشان بەبێ ئەوەی هیچ لایەك بچێتە نێوانیانەوە كۆتایی بەشەڕەكە هات. شەڕی نێرەگێن سەلماندی كە پارتە كوردستانییەكان چەند ڕكیان لە یەكترە. **5048**

سەرچاوەی 1: پەڕتوكی كوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980-1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوكومەتی هەرێمی كوردستان – 1993. لاپەڕە : 67.

**1983-03-00** كۆتایی ئەم مانگە: هێرشی د.ا بۆسەر دیلان چەرخ, هەلبی, كویكان, كەریزەی شكاكان و یونسلێیان لە نێوچەی نەغەدە, كە بووە هۆی شەهیدكردنی 40 كەسی خەڵكی ئەم گوندانە, كە ئەمە نێوی هەندێكیانە: عەلی ئەحمەدی, محەمەد ئەحمەدی, محەمەد سوڵتانی, عەبدوڵڵا مەعروف, ڕەحیم خوسرەوی, كەریم خوسرەوی, نادر خوسرەوی, حەسەن دوكلاهـ, محەمەد دوكلاهـ, محەمەد ئیبراهیمی, كەریم تەپەڕەشی, عەباس تەپەڕەشی, عەبدوڵڵا عەباسی, محەمەد محەمەدی, جەعفەر شێخی, عەلی چادر ڕەش, ڕەحمان ناسری, مستەفا جەلالی, موسا سۆفی ڕەحمان, ڕەسوڵ بێ كڵاو, ئیسماعیل مەناف, یوسف قەرەنی و حاجی محەمەد عەلی و .... **5049**

سەرچاوەی 1: پەڕتوكی كوردی: جەلیل گادانی – 50 ساڵ خەبات – كورتە مێژوویەكی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران – بەرگی یەكەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی باشووری كوردستان – بێ بەروار. لاپەڕە : 355.

**1983-03-00** كۆتایی ئەم مانگە: هێرشی د.ا بۆسەر گوندی جەعفەر ئاوا لە نێوچەی مەهاباد, كە بووە هۆی شەهیدكردنی چەند كەسێك, كە ئەمە نێوی هەندێكیانە: ئەبوبەكری شەریف گوڵاوی, ئەبوبەكری محەمەد سوڵتان, ..... هەروەها هێرشیشی بۆسەر گوندی دێمە سوور كرد, كە بووە هۆی شەهیدكردنی چەند كەسێكی تر لەوانە: حاجی محەمەد سوڵتان, عومەر بەلەكی, محەمەد ئەمین محەمەد, خالید سۆفی عەبدوڵڵا, ..... هەروەها هێرشیش بۆ گوندی مەرجان ئاوای نێوچەی مەهاباد كرا, كە بووە هۆی شەهیدكردنی محەمەد ئەمین سۆفی سەلیم, ڕەحمان كوێخا محەمەد, حوسەین دەروێش محەمەد, ..... **5050**

سەرچاوەی 1: پەڕتوكی كوردی: جەلیل گادانی – 50 ساڵ خەبات – كورتە مێژوویەكی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران – بەرگی یەكەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی باشووری كوردستان – بێ بەروار. لاپەڕە : 355.

**1983-03-13** هێرشی د.ا, بۆسەر گوندەكانی دیلانچەرخ و كەرێزەی نێوچەی شكاك, كە بووە هۆی كوژرانی 40 كەسی خەڵكی ئەو گوندانە, لە نێو شەهیدەكاندا منداڵی 3 ساڵەش دەبینرا. **5051**

سەرچاوەی 1: پەڕتوكی كوردی: كەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەكانم, 1983 – 1985 – بەرگی هەشتەم – ستۆكهۆڵم – 1994. لاپەڕە : 22.

**1983-03-19** ئێران فشاری خستە سەر لاوانی نێوچەی شنۆ, تاوەكو لە دژی حدكا چەك هەڵگرن, لە ئەنجامدا 31 لاو پەیوەندییانكرد بە حدكاوە, بۆ ئەوەی فەرمانی داگیركەر بەجێنەهێنن. **5052**

سەرچاوەی 1: پەڕتوكی كوردی: كەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەكانم, 1983 – 1985 – بەرگی هەشتەم – ستۆكهۆڵم – 1994. لاپەڕە : 24.

**1983-03-22** نەوشیروان مستەفا، نامەیەکی بۆ سەید کەریم نارد، کە تێیدا باسی ئەوەی بۆ دەکات کە چۆن دەیانەوێت لە پارتە کوردستانییەکانی تری باشوور بدەن و دەست بگرن بەسەر تەواوی نێوچەکاندا. **5053**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: فرەنسۆ هەریری – بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی نەنووسرێ – پرسیار و وەڵام – لە بڵاوکراوەکانی پدک – هاوینەهەواری پیرمام – هەولێر – 1995. لاپەڕە : 62.

**1983-03-23** ناردنی نامەیەك لەلایەن نەوشیروان مستەفاوە، بۆ سەید کەریم، کە تێیدا داوای خۆئامادەکردن و دانانی بەرنامەی لە نێوبردنی لایەنە کوردستانییەکانی تر دەکات لە ماوەیەکی کورتدا. **5054**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 3 و 4 – خولی پێنجەم – 25-12-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 30.

**1983-03-25** هێرشی د.ا بۆسەر گوندەکانی چەقەڵ مستەفا، خەلیفەلیان و گۆڕخانەی نێوچەی نەغەدە، کە بووە هۆی شەهیدکردنی 21 کەسی خەڵکی ئەو گوندانە کە ئەمە نێوەکانیانە: گوندی چەقەڵ مستەفا – ئیبراهیم کەریم پوور، محەمەد کەریم پوور، مەحموود حاجی قادر پوور، عەبدوڵڵا وەستا ڕەحمان، خدر ڕەمەزانی، فەتاح، کەریم، مەناف ڕەمەزانی، جەعفەر کاڵەیی، سەید محەمەد کالە، محەمەد پوور و فەتاح ڕەحیمی. گوندی خەلیفەلیان – سەلاح ئیسماعیل پوور، عەباس ئیسمایل پوور، عومەر عەلیاسی، سۆفی عەلی، سۆفی محەمەد سوڵتان و یونس حوسەین سەلیم. گوندی گۆڕخانە – موسا مەهدی و هەمزەتوڵڵا خانی. **5055**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: جەلیل گادانی – 50 ساڵ خەبات – کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – بەرگی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی باشووری کوردستان – بێ بەروار. لاپەڕە : 356.

**1983-04-00** هێزەکانی ینك بە فەرماندەی مەلا بەختیار هێرشیان کردە سەر هێزەکانی حسك و پدك لە نێوچەی سلێمانی مەڵبەندی یەك، شەڕ چەند ڕۆژی خایاند و هێزەکانی بەرەی جود شکان و لە نێوچەکە کشانەوە، پاش ئەوەی چەندین شەهید و بریندار و دیل لە هەردوولا درا، ئەم شەڕە حشعی نەگرتەوە چونکە مەلا بەختیار ڕێکەوتننامەیەکی لەگەڵ بەهادین نوریدا مۆرکردبوو و هێزەکانی حشع خۆیان لە شەڕی نێوچەی سلێمانی دوورگرت. **5056**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980-1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 69.

**1983-04-00** ڕوودانی شەڕی بالیسان لە مەڵبەندی چواری یەکێتی، شەرەکە لە نێوان ینك و حسك و پدك و حشعدا بوو، لەو شەرەدا 7 پێشمەرگەی ینك و چەندین پێشمەرگەی بەرەی جود شەهید بوون، لەوانە: ئەحمەد قەمبەری – لە پم سەرەتاییەکانی کۆمەڵە1، پێشڕەو، عوسمان، بەکر توتمە و زۆری تر... **5057**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980-1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 72.

**1983-04-00** هێرشی د.ا بۆسەر گوندەکانی هەڵقووش و گیچە لە نێوچەی سۆما، کە بووە هۆی شەهیدکردنی 13 کەسی ئەو گوندانە کە ئەمە نێوەکانیانە: ئەحمەد، سیروان، ئیدریس ئەحمەد سیروان، جەجین ئەحمەد سیروان، مەحموود ڕەزا، ئیبراهیم جاسم، تەقی عەلی ڕەزا، جیهانگیر عەبدوڵڵا، عەبدولرەحیم ڕۆستەم، سوڵتان سەعیدی، محەمەد دێرینی، ئەسعەد عەلی، کەمال ئەسعەد و ڕەزا. **5058**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: جەلیل گادانی – 50 ساڵ خەبات – کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – بەرگی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی باشووری کوردستان – بێ بەروار. لاپەڕە : 355.

**1983-04-00** شەهید بوونی شەماڵ فەرماندەی تیپی 93ی کۆیە و ڕێباز لە گەڵ دوو پێشمەرگەی تردا لە گوندی باداوانی دۆڵی خەڵکان، هەردووکیان لە پێشمەرگە سەرەتاییەکان بوون و ئەندامی کۆمەڵە1 بوون. **5059**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976–1980 – بەشی یەکەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەڕە : 88.

**1983-04-27** شەهیدبوونی ئەحمەد قەمبەر کە یەکێك بوو لە پێشمەرگە سەرەتاییەکان و ئەندامی کۆمەڵە1 و فەرماندەی کەرتی دوو لە هێزی دەشتی هەولێر بوو. **5060**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976–1980 – بەشی یەکەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەڕە : 84.

**1983-05-00** یاریکردنی شانۆیی میراتی لە سلێمانی، ئامادەکردنی حەمە ڕەشید هەرەس و دەرهێنانی تەها خەلیل و ئەم ئەکتەرانەش بەشداربوون: هونەرمەند حەمە ڕەشید هەرەس، عەبدول حەمە جوان، ئاشتی عەلی محەمەد، شەماڵی عەبە ڕەش... **8219**

سەرچاوەی 1: ڕووبەڕووی کوردی: ڕووبەڕوویەك لەگەڵ هونەرمەند حەمە ڕەشید هەرەس لە 14-08-2004 لە ئەمستەردام.

**1983-05-00** دوای ئەوەی یەکێتی هێزەکانی بەرەی جودی تێکشکاند و بۆ ئێران دەری پەراندن، نەوشیروان مستەفا لەسەر ئێزگەی شۆڕشی ئێراق، وتارێکیدا و گووتی ڕۆژی یەکەم ئەلقەیەکی گەمارۆدانمان لە دەورەی ئەوان دروست کرد، کە لایەکی شاخی مەزنی قەندیل بوو، لە لایەکەی تریش هێزەکانی ئێمە بوون، .... ڕۆژی دوایی لە سەعات 10دا لە هەموو لایەکەوە پەلامارمان دان، ... ژمارەیەکیان ئاوارەی ئەودیو بوون باقیەکەی تریش ئەوەی کوژرا کوژرا، هەندێکیشمان لێ بە دیل گرتن، ..... **5061**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: فرەنسۆ هەریری – بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی نەنووسرێ – پرسیار و وەڵام – لە بڵاوکراوەکانی پدك – هاوینەهەواری پیرمام – هەولێر – 1995. لاپەڕە : 68.

**1983-05-00** ڕوودانی شەڕی هەوشار لە نێوان حدکا و د.ا، کە لە ئەنجامدا 10 پێشمەرگەی حدکا شەهیدبوون. **5062**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1983 – 1985 – بەرگی هەشتەم – ستۆکهۆلم – 1994. لاپەرە : 48.

**1983-05-01** هێرشی هێزەکانی ینك, بەسەرۆکایەتیی نەوشیروان مستەفا, بۆسەر لایەنەکانی بەرەی جود, لەو هێرشانەدا بیرۆی رامیاریی حشع و حسك و پاسۆکیان گرت, ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگە لەو شەڕانەدا کوژران, بەو شێوەیە نێوچەی سۆران بە تەواوی کەوتە ژێردەستی هێزەکانی یەکێتی, لەو شەڕانەدا چەند پێشمەرگەیەکی پککش کە میوانی حسك بوون شەهید بوون. **5063**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: فرەنسۆ هەریری – بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی نەنووسرێ – پرسیار و وەڵام – لە بلاوکراوەکانی پدك – هاوینەهەواری پیرمام – هەولێر – 1995. لاپەرە : 77.
سەرچاوەی 2: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 3 و 4 – خولی پێنجەم – 25-12-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەرە : 30.

**1983-05-01** د.ت, یاسای کۆچپێکردنی دانیشتوانی کوردی, بەبیانووی پاراستنی ئاسایشی نیشتمانییەوە, راگەیاند. **5064**

سەرچاوەی 1: رۆژنامەی کوردی: ئاڵای ئازادی – حزك – ژ183 – هەولێر – 20-08-1995. لاپەرە : 2.

**1983-05-01** تا 30-05: رووداني شەڕی براکوژی لە نێوان یەکێتی و پاسۆکدا لە چیای قەندیل. **5065**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: جمال نبز – تصريحات هامه للمفكر الكردي جمال نبز – المقدمه بقلم جواد ملا – من منشورات كوردنامه – لندن – 1996. لاپەرە : 2.

**1983-05-02** شەهیدکردنی دوو ئەندامی کۆمیتەی نێوەندیی پکك بە نێوی ئیبراهیم دیلگین و محەمەد قەرەسونگور لەلایەن ینك لە چیای قەندیل. **5066**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: عەبدوڵڵا ئوجەلان – پرسی کەسایەتی لە کوردستاندا, تایبەتمەندییەکانی خەباتگێری شۆڕشگێڕ و ژیانی پارتی – وەرگێران و پێشەکی, مەهاباد کوردی – چاپی کوردی – وەشانێن سەرخوابوون – سوید – فێبریوەری 1992. لاپەرە : 23.

**1983-05-08** بیرۆی رامیاریی حشع, بەیانێکی ناڕەزایی دەربارەی هێرشەکانی یەکێتی بۆسەر بەرەی جود لە قراناخە و پشت ئاشان دەرکرد. **5067**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: فرەنسۆ هەریری – بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی نەنووسرێ – پرسیار و وەڵام – لە بلاوکراوەکانی پدك – هاوینەهەواری پیرمام – هەولێر – 1995. لاپەرە : 69.

**1983-05-10** بیرۆی رامیاریی حسك, بەیانێکی ناڕەزایی دەربارەی هێرشەکانی یەکێتی بۆسەر بەرەی جود لە قراناخە و پشت ئاشان دەرکرد. **5068**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: فرەنسۆ هەریری – بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی نەنووسرێ – پرسیار و وەڵام – لە بلاوکراوەکانی پدك – هاوینەهەواری پیرمام – هەولێر – 1995. لاپەرە : 75.

**1983-05-15** بیرۆی رامیاریی پاسۆك, بەیانێکی ناڕەزایی دەربارەی هێرشەکانی یەکێتی بۆسەر بەرەی جود لە قراناخە و پشت ئاشان دەرکرد. **5069**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: فرەنسۆ هەریری – بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی نەنووسرێ – پرسیار و وەڵام – لە بلاوکراوەکانی پدك – هاوینەهەواری پیرمام – هەولێر – 1995. لاپەرە : 80.

**1983-05-24** تۆپبارانی گوندی دۆلکان لەلایەن د.ا. **5071**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1983 – 1985 – بەرگی هەشتەم – ستۆکهۆلم – 1994. لاپەڕە : 48.

**1983-05-24** نزیکەی 574 کوردی دیاربەکر لە دادگای عورفیدا, هەڕەشەی مەرگیان لێکرا. **5070**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – ژمارە 70 – مایی 1996. لاپەڕە : 5.

**1983-05-26** د.ت, بە قوڵایی 40 کم هاتە نێو خاکی باشووری.ک, تاوەکو بنکەکانی پکك لە نێوبەرێت, لە ئەنجامی ئەو پرۆسەیەدا هەزاران کەسی کورد, شەهید و پەراگەندە بوون, ئەمە بە یەکەمین هێرشی گەورەی تورك دادەنرێت, بۆسەر پێشمەرگەکان. **5072**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی هۆلندی: Koerdisch Instituut van Brussel – Koerdistan Dossier –Tweede druk – juli 1991 – Brussel. لاپەڕە : 42.

**1983-06-00** د.ا, 59 لاوی مەهابادی خنکان و 51 کەسیشی دوورخستەوە. **5073**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1983 – 1985 – بەرگی هەشتەم – ستۆکهۆلم – 1994. لاپەڕە : 58.

**1983-06-03** تەلەفزیۆنی ئێران, لەسێدارەدانی 59 لاوی نیشتمانپەروەری شاری مەهابادی پیشاندا. **5074**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1983 – 1985 – بەرگی هەشتەم – ستۆکهۆلم – 1994. لاپەڕە : 55.

**1983-06-13** هێرشی حدکا بۆسەر مۆڵگەی پاسداران لە گابازەڵەی شاروێران, کە لە ئەنجامدا 91 کەسیان لە دوژمن کوشت و 94یان بەدیل گرت. **5075**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1983 – 1985 – بەرگی هەشتەم – ستۆکهۆلم – 1994. لاپەڕە : 58.

**1983-06-21** سەردانی جەلال تاڵەبانی بۆ دۆڵی بالیسان. **5076**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 78.

**1983-06-23** د.ق دەستی کردە تۆپبارانکردنی نێوچەی گەناو. **5077**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1983 – 1985 – بەرگی هەشتەم – ستۆکهۆلم – 1994. لاپەڕە : 60.

**1983-07-22** هێرشی ئێران بۆسەر نێوچەی حاجی ئۆمەران و گرتنی هەردوو چیای کۆدۆ و گردەمەندیل, هەروەها نێوچەکانی شیوەڕەش, ماوەتان, حاجی ئۆمەران, خەلان, زینوێ, ئالانە, ئازادی, بابکراوە, ڕایات, ڕەشەمێ, گوندە ژێر و گەلە ژێری داگیرکرد, لەو شەڕەدا هەزاران سەرباز لە هەردوولا کوژران. **5078**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 79.

**1983-07-30** هێرشی د.ق, بۆسەر بارزانییەکان, کە لە ئەنجامدا 8 هەزار نێرینەی لێ سەرونگوم کردن و منداڵ و ژنەکانیشیانی لە ئۆردوگای قوشتەپەدا زیندانی کرد. **5079**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: هه فوت – مجله کردیه مستقله تصدر دوریا – العدد 12 – سویسرا – دیسمبر 1996. لاپەڕە : 5.

**1983-08-00** سەرەتای ئەم مانگە: تۆپبارانی د.ا بۆسەر گوندەکانی حاجیالی کەند و سونجاشی نێوچەی مەهاباد, کە بووە هۆی شەهیدکردنی 9 کەسی خەڵکی ئەو گوندانە کە ئەمە نێوەکانیانە: ڕەحیم جوانمێری, محەمەد جوانمێری, قادر شەهبازی, عەبدوڵڵا مام ساڵحی, ڕەحیم ڕەحمان مام ساڵحی, زارا مام ساڵحی, مەعسومە ئیسماعیل, ئەمیر مەعسومە و فەوزیە مەعسومە. **5080**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: جەلیل گادانی – 50 ساڵ خەبات – کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – بەرگی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی باشووری کوردستان – بێ بەروار. لاپەڕە : 356.

**1983-08-04** کۆمەڵە2, بڵاویکردەوە کە لە نێوچەی سەردەشت, حدکا چەند پێشمەرگەیەکی کۆمەڵە2 یان شەهیدکردووە. **5081**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1983 – 1985 – بەرگی هەشتەم – ستۆکهۆڵم – 1994. لاپەڕە : 64.

**1983-08-13** تا 01-09, ڕوودانی شەڕی قەندیلی دووەم لە نێوان هێزەکانی ینک و هێزەکانی بەرەی جوددا, شەڕەکە 20 ڕۆژی خایاند و نزیکەی 100 پێشمەرگە لە هەردوولا شەهید بوون, ناچار هێزەکانی جود لە نێوچەکە کشانەوە. ئەمانە نێوی هەندێك لەو شەهیدانەیە: شەهید ئەحمەد مەولود, شەهید نازم حەمە سلێمان, شەهید حەسۆ میرخان, شەهید عەبدولڕەحیم جەسیم, شەهید سەلاح, شەهید حاجی مام ئەحمەد و.... **5082**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 80.

**1983-08-16** حدکا لە گوندی بێتوش, یادی دامەزراندنی خۆیی کردەوە و چەندین چالاکیی هونەری و ڕۆشنبیری ئەنجامدرا و خەڵکێکی زۆر و نوێنەرانی پارتە کوردستانییەکان بەشدارییانکرد. لە یادەکەدا دوو شانۆگەری نیشاندرا, کە بریتی بوون لە سزای خیانەت و دادگای شۆڕش. **5083**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1983 – 1985 – بەرگی هەشتەم – ستۆکهۆڵم – 1994. لاپەڕە : 77.

**1983-08-20** ڕوودانی شەڕی دیگولان و سونقور, کە بووە هۆی شەهیدکردنی 17 پێشمەرگەی حدکا, لە نێو شەهیدەکاندا فەرماندەی هێز شەهید ئیقبالی کەریمیی تێدا بوو. **5084**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1983 – 1985 – بەرگی هەشتەم – ستۆکهۆڵم – 1994. لاپەڕە : 78.

**1983-08-24** د.ا, 48 ڕۆڵەی کوردی خەڵکی مەهابادی لەسێدارەدا. **5085**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1983 – 1985 – بەرگی هەشتەم – ستۆکهۆڵم – 1994. لاپەڕە : 78.

**1983-09-01** شەهیدبوونی ئەحمەد مەولود لە شەڕی قەندیلی دووەمدا لەسەر لووتکەی کونە کۆتر, شەهید بەشداریی شۆڕشی ئەیلوولیشی کردبوو, خەڵکی دۆڵی باڵەیانی نێوچەی قەسرێ و ماکۆسە. فەرماندەی تیپی 78ی کاروخی ینك بوو. **5086**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976-1980 – بەشی یەکەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەڕە : 139.

**1983-09-13** فڕۆکەکانی ئێراق, گوندەکانی بەردەقەل و بەردکەمران و کۆنە لاجانیان بۆمبارانکرد و بووە هۆی شەهیدکردنی 22 کەس لە خەڵکی خۆرهەڵاتی وڵات. لە ڕاستیدا ئەم گوندانە هێزەکانی ئێرانی لێ نەبوو. **5087**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1983 – 1985 – بەرگی هەشتەم – ستۆکهۆڵم – 1994. لاپەڕە : 93.

**1983-09-23** گرتنی سەمینارێك لەلایەن د. جەمال نەبەزەوە لە شاری میونیخ, دەربارەی دژایەتییەکانی نێو کۆمەڵگەی کورد و هۆیەکانی نەهێشتنی. **5088**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: جمال نبز – الأمیر الکردی میر محمد الراوندزی, الملقب ب(میری کورە) – مساهمە عملیە فی دراسە التأریخ الکردی علی صفحە مراە الشواهد و الأدلە الشرقیە و الغربیە – اگروحە دکتوراە – ترجمها من الألمانیە الی العربیە: فخری سلاحشور – من منشورات الأکادمیە الکردیە للعلم لاپەڕە : 190.

**1983-10-03** هێرشی د.ا و پارتی بۆسەر گوندەکانی جوبرائیل ئاوا, گوندەوێلە و دوواویانی نێوچەی شنۆ, کە بووە هۆی شەهیدکردنی 6 کەسی ئەو گوندانە کە ئەمە نێوەکانیانە: سەید ئیبراهیم سیادەتی, ئیسماعیل دیواری, حامید پورکابانی, سۆفی عەبدولئەحەد, سلێمان عەبدولئەحەد و مارفی مینە خاڵە. **5089**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: جەلیل گادانی – 50 ساڵ خەبات – کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – بەرگی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی باشووری کوردستان – بێ بەروار. لاپەڕە : 357.

**1983-10-12** تا 31-10, دوژمن بە پشتیوانیی جاش و تانك و زرێپۆش و فڕۆکە هێرشی کردە سەر هێزەکانی ینك لە نێوچەی دۆڵی بالیسان, دوژمن توانی پێشڕەوییەکی زۆر بکات و گوندی مێرگەسەر بگرێت و لەوێوە بارەگای مەڵبەند بە دۆشکا گوللە باران بکات, لەو شەڕانەدا کوژراو و شەهیدێکی زۆر لە هەردوولا درا. **5091**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980-1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 82.

**1983-10-16** ئەمشەو هێزێکی گەورەی جاش هێرشی کردە سەر لووتکەی نوسەکی نێوچەی بالیسان و داگیریان کرد، بە گرتنی ئەو لووتکەیە گوندەکانی سوێرە، چێوەی سەرو، چێوەی خوارو، سەردۆڵ و نێوە، کەوتە ژێر کۆنترۆڵی دوژمنەوە. **5092**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 82.

**1983-10-20** ڕوودانی شەڕی بێتواتە، هێزێکی گەورەی مەڵبەندی 3ی یەنک بە هاوکاریی کەرتی چواری جەباری بە فەرماندەی مامە ڕیشە و کەرتی سەگرمە بە فەرماندەی شەهید حەمە ڕەش و سەرپەرشتیی جەلال تاڵەبانی، هێرش کرایە سەر لووتکەی کڵاوەی دێوانە کە دەڕوانێتە سەر بێتواتە، و پاشان بۆ بەیانییەکەی هێرش بۆ نێو بێتواتە کراو گیرا، دوژمن لەوەوپێش بە ماوەی 10 ڕۆژ زۆر نێوچەی داگیر کردبوو، پێشمەرگەکان بە ماوەی یەك ڕۆژ هەموویان لێسەندنەوە، هێزی پێشمەرگە لە شەڕی بێتواتەدا گەلێك دەستکەوتی هەبوو کە ئەمانە هەندێکیانە: 1500 تفەنگی کلاشینکۆف، 2 هاوەنی 120 ملم، سەدان هەزار فیشەك و تەقەمەنی، دەیان ئاربیجی و گوللە ئاربیجی، لە شەڕەکەدا گەلێك کردەوەی ناشۆڕشگێرانە کرا و تالان و بڕۆیەکی زۆر و زۆر دەرگای مالان بۆ فەرهود شکێنران. **5093**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 83.

**1983-11-00** شەهیدبوونی هاوڕێ کاوە لە گوندی بالیسان کە یەکێك بوو لە پێشمەرگە سەرەتاییەکان و ئەندامی کۆمەڵە1 و فەرماندەی کەرتی 1ی دەشتی هەولێر بوو لە هەرێمی 8. **5094**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976–1980 – بەشی یەکەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەڕە : 86.

**1983-11-06** پارتی دایکی نیشتمانی تۆرگۆت ئۆزال لە تورکیا، لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەماندا زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست هێنا. **5095**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی هۆلەندی: Dr. Karl Ploetz. Prisma Kalendarium, Wereldgeschiedenis in jaartallen, Uitgeverij Het Spectum BV – Zevende druk – 1988. لاپەڕە : 181.

**1983-11-08** گەلاڵەی خودموختاریی کوردستان کە لەلایەن حدکاوە پێشکەشی شورای میللی بەرگری کرابوو، لەلایەن شوراوە بڕیاری لەسەر درا. **5096**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1983 – 1985 – بەرگی هەشتەم – ستۆکهۆڵم – 1994. لاپەڕە : 120.

**1983-11-10** تۆرگۆت ئۆزال بووە سەرۆك کۆماری د.ت. وەك دەڵێن بەڕەگەز کوردە، یان دایکی کوردە. **5097**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1983-11-15** لە گوندی بالیسان جەلال تاڵەبانی، نزیکەی 30 کادێری ڕامیاری و سەربازیی ینکی کۆکردەوە بۆ دوو مەسەلە : یەکەمیان، هەڵسەنگاندنی شەڕی بێتواتە. دووەمیان، مەسەلەی گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمدا، ئەمانە نێوی هەندێك لەو 30 کەسەیە کە لە کۆبوونەوەکەدا ئامادەبوون: کەمال خۆشناو، شەوکەت حاجی موشیر، فوئاد، حاکم پێشڕەو، عەلی نەبی، عەبدوڵڵا مام نەبی، مامۆستا سەیفەدین، ڕێکەوت، شەهید مەلا غەفور، شاخەوان، ڕێباز، تەحسین کاوانی، سەعدوڵڵا پەرۆش، جەوهەر کرمانج، مولازم سمکۆ، مامۆستا موحسین، پۆڵا، مامە ڕیشە، حەمە ڕەش،...، هەموو ئەوانە لەگەڵ گفتوگۆ کردن بوون لەگەڵ ڕژێم و ئیمزای کاغەزێکیان کرد، تەنها مامۆستا سەیفەدین و پۆڵا نەبێت. **5100**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 92.

**1983-11-16** کۆچی دوایی نوری شاوەیس لە لەندەن. **5098**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1983 – 1985 – بەرگی هەشتەم – ستۆکهۆلم – 1994. لاپەڕە : 107.

**1983-11-25** جەلال تاڵەبانی پاش شەڕی بێتواتە کۆبوونەوەیەکی فراوانی لە مەڵبەندی بالیسان کرد و دیاردەی تاڵان و بڕۆکەی نێو بێتواتەی ڕسوا کرد و دەستی کرد بە گریان بۆ ئەو کردەوانە. **5099**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 86.

**1983-12-03** کردنەوەی گفتوگۆی ینك لەگەڵ ڕژێمی ئێراق و شەڕیان لەگەڵدا ڕاگرتن. جەلال تاڵەبانی بە کۆپتەری ئێراقی لە گوندی زیخانی دۆڵی بالیسانەوە چووە بەغداد و ئەمانەش لەگەڵیدا ڕۆیشتن: مەلا بەختیار، فەرەیدوون عەبدول قادر، دوکتۆر خدر، مولازم سەید کەریم و شەوکەت حاجی موشیر، چەند ڕۆژێك لە بەغداد مانەوە و جەلال تاڵەبانی چاوی بە سەددام حوسەین کەوت، پاشان بە ئوتومبیل هاتنەوە دۆڵی بالیسان. ئەو گفتوگۆیە ساڵێك و چل و دوو ڕۆژی خایاند، چەند جار جەلال تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا چوونە بەغداد و نوێنەرانی ڕژێمیش هاتنە کوردستان، لەوانە عیزەت ئیبراهیم ئەلدوریی جێگری سەرۆك کۆمار و کەسانی تر، زۆر جار وا جاڕ دەدرا کە پاش چەند ڕۆژێك ڕێکەوتننامەی ینك و ڕژێم مۆر دەکرێت، بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبوو. تەواوی پارتە کوردستانییەکانی تر ئەو گفتوگۆیەی ینك یان بە جاشێتی تاوانبار کرد. سەرەتا ڕژێم گەلێك گفتی درۆینەی بە ینك دا، بەڵام وردە وردە لە هەموو بەڵێنەکانی پەشیمان بووەوە. **5101**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 92.

**1983-12-23** ینك لە شاری بەغداد چالاکییەکی ئەنجامدا و لە ئەنجامدا 2 ئوتومبیلی ڕژێمی سووتاند. **8741**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی ینك Sat Kurd

1984 بەستنی میهرەجانی تیپە بێگانەکان لە هۆڵندا, کورد بە شانۆیی بیرم کەوتەوە لە نووسین و دەرهێنانی سالار عومەر قەراخی بەشداریی کرد. **7458**

سەرچاوەی 1: ڕووبەڕووی کوردی: ڕووبەڕوویەك لەگەڵ هونەرمەند مامۆستا سالار عومەر قەراخی لە ئەمستەردام – 28-12-2002.

1984 کۆچی دوایی هۆزانەوانی کورد جگەرخوێن, لە وڵاتی سوید, پاشان لەسەر وەسیەتی خۆی تەرمەکەی برایەوە شاری قامیشلۆ و لە ماڵەکەی خۆیدا نێژرا, کە نیو ملیۆن کەس بەشداریی ڤیستیڤالی ناشتنەکەیی کرد. **5110**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: هه فوت – مجله كردیه مستقله – العدد 7 – سویسرا – اواخر نیسان 1995. لاپەڕە : 8.

1984 کوژرانی خولەی حەمە بۆر لە یانەی پارێزەران لە شاری سلێمانی, نێوبراو هەوادارێکی ینك بوو. **5121**

1984 کۆچی دوایی فارسی ڕەحیمە کوردە, نێوبراو پێشمەرگەیەکی سووپاکەی شێخ مەحموود بوو. **5120**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی دووەم – چاپی دووەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1989. لاپەڕە : 116.

1984 کۆچی دوایی موزیکژەن میرزا مەحموود. **5119**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی دووەم – چاپی دووەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1989. لاپەڕە : 56.

1984 کۆچی دوایی گۆرانیبێژ قادری حاجی حوسەین. **5118**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی دووەم – چاپی دووەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1989. لاپەڕە : 53.

1984 کۆچی دوایی نووسەر ئەمین میرزا کەریم. **5117**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی یەکەم – چاپی یەکەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1987. لاپەڕە : 417.

1984 کۆچی دوایی مێژوونووسی بەناوبانگ تۆفیق وەهبی لە شاری لەندەن, نێوبراو لەسەر وەسیەتی خۆی هێنرایەوە بۆ کوردستان و لەسەر چیای پیرەمەگروون بە خۆپیشاندانێکی جەماوەریی مەزنەوە نێژرا. **5116**

1984 کوژرانی ڕەسوە سوور لەلایەن ینك. **5115**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1970 – 1975 – بەرگی چوارەم – ستۆکهۆڵم – 1990. لاپەڕە : 24.

1984 شەهیدبوونی بەیان عومەر شەریف. **5114**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: لەتیف قەراخی – مام ئیبراهیمی نەتەوەیی و داستانە خوێناوییەکەی ئەزمەر و کۆمەڵە داستانێکی تر – ڕۆمانە شیعر – چاپی یەکەم – چاپخانەی سلێمانی – 1993. لاپەڕە : 132.

1984 شەهیدبوونی بارزان بە تۆپباران لە گوندی شیرەمەڕ, نێوبراو پێشمەرگەیەکی ئازای پاسۆك بوو. **5113**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: لەتیف قەراخی – مام ئیبراهیمی نەتەوەیی و داستانە خوێناوییەکەی ئەزمەر و کۆمەڵە داستانێکی تر – ڕۆمانە شیعر – چاپی یەکەم – چاپخانەی سلێمانی – 1993. لاپەڕە : 128.

1984 جیابوونەوەی دەستەیەك لە حشع، کە بەنێوی حشع – ڕێکخراوە بنچینەییەکانەوە کاریان دەکرد. **5111**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 11.

1984 لە یادی دووسەدهەمین ساڵڕۆژی دروستکردنی شاری سلێمانیدا، یەکێتی نووسەرانی کوردستان، بەرنامەیەکی فراوانی بەم بۆنەیەوە بۆ ئاهەنگ گێران سازکرد، و دەنگی گەلی کوردستانیش ڕۆژانە وەکو یادەوەریی شاری سلێمانی گەشتی ڕیچی بۆ سلێمانی بڵاوکردەوە. **5109**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کلۆدیۆس جیمس ڕیچ – گەشتی ڕیچ بۆ کوردستان 1820 – وەرگێرانی لە عارەبییەوە: موحەمەد حەمە باقی – چاپی یەکەم – تەورێز – 1992. لاپەڕە : 449.

1984 پاش کۆنفرانسەکانی کۆمەڵە1 و یشك، ئاڵوگۆڕێکی گەورە بەسەر مەڵبەندەکانی ینك دا هات، بەم شێوەیە: مەڵبەندی یەك – جەبار فەرمان، مەڵبەندی دوو – قادر حاجی عەلی، مەڵبەندی سێ – حەمەی فەرەج و مەڵبەندی چوار – کۆسرەت ڕەسوڵ. **5108**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 105.

1984 چەند ڕۆژێك دوای کۆنفرانسی سێیەمی کۆمەڵە1، یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان کە باڵێکی نێو ینك بوو، لە مێرگەپان کۆنفرانسیان بەست و ئەمانە بوونە ئەندامانی سەرکردایەتی: فوئاد مەعسوم، نازم عومەر، پێشەوا تاڵەبانی، شەوکەت حاجی موشیر، سەربەست بامەڕنی، حاکم عومەر، کەمال فوئاد، خدر مەعسوم، شێخ دارا، شێخ عەلی حەمە سالح، شێخ محەمەد و حەمەی فەرەج. **5107**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 105.

1984 بەستنی کۆنفرانسی سێیەمی کۆمەڵە1 لە نێوچەی مێرگەپانی نزیك سلێمانی، کۆنفرانسەکە جەلال تاڵەبانی و دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ بەشداریی کاریگەریان تێدا هەبوو، نەوشیروان مستەفا کرایەوە سکرتێر و ئەمانەش بوونە ئەندامانی سەرکردایەتی: مولازم عومەر عەبدوڵڵا، فەرەیدون عەبدولقادر، قادر حاجی عەلی، مەلا بەختیار، جەبار فەرمان، کۆسرەت ڕەسوڵ و ئازاد هەورامی، ئەمانەش بوونە جێگری سەرکردایەتی: حەسەن کوێستانی، عومەر فەتاح، حەمە تۆفیق ڕەحیم و دوکتۆر خەسرەو. ئەم کۆنفرانسە بووە هۆی دابرانێکی گەورە لە نێو ڕیزەکانی کۆمەڵە1 دا، کە هەندێکیان بە نهێنی بە نێوی ئاڵای شۆڕشەوە کاریان دەکرد و پاشان لە کۆمەڵە1 جوودا بوونەوە. **5106**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 105.

1984 بەپێی ئامارێکی سەربازیی خۆرئاوایی، خەرجیی ڕژێمی ئێران لە جەنگی ئێراق و خۆرهەڵاتی کوردستاندا 3 ملیار و 300 ملیۆن دۆلار بووە. **5105**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: جەلیل گادانی – 50 ساڵ خەبات – کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – بەرگی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی باشووری کوردستان – بێ بەروار. لاپەرە : 322.

1984 ڕووداني شەڕی براکوژی لە گوندی قەڵاسنجی سەرووی نێوچەی زرارەتی، لە نێوان هێزەکانی ینك و بەرەی جوددا، هێزەکانی جود لەبەر نەشارەزایی پەرتەوازە بوون و هەندێکیان لەبەر بێ ئاوی خۆیان دایە دەست هێزەکانی ینك و هەندێکیشیان چوونەوە پاڵ ڕژێم و هەندێکیشیان شەهید بوون، لە بناری سەفینیش 5 پم حشع یان بەدیل گرت و پاشان گوللە بارانیان کردن کە یەکێکیان نێوی ابو احرار بوو. بە هۆی ئەم دیل کوشتنەی هێزەکانی ینك وە منداڵێکی کورد لە گوندی حوجرانی نزیك شەقڵاوا لێیان تووڕە دەبێت و دەڵێت: جاش لە ئێوە باشترە. ئەم ڕووداوانە لە کاتی گەرمەی گفتوگۆی ینك دابوو لەگەڵ ڕژێم. **5104**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەرە : 99.

1984 تا ساڵی 986: حدکا 10.758 کەسی لە ئێران کوشتووە، 8.913ی لێ بریندار کردوون، 1.154ی لێ دیل کردوون، 1.421 ئۆتۆمبیلی دوژمنی تێکشکاندووە، 87 دەزگای چەکی قورسی تێکشکاندووە، 32 مۆڵگەی دوژمنی گرتووە، 3 جار مۆڵگەی دوژمنی وێرانکردووە، دەسکەوتی پێشمەرگەکانیش هەر لەم ماوەیەدا، 19 خومپارەهاوێژی جۆراوجۆر، 104 ئاڕ.بی.جی–7، 10 چەکی دوورهاوێژ، 2.738 تفەنگی جۆراوجۆر، 318 گوللەی چەکی قورس، 701 ڕاکێتی ئاڕ.بی.جی، 19 زنجیرە فیشەکی چەکی قورس، 1.690 نارنجۆکی دەستی، 56 دووربین، 96 مەترەلۆز، 166 دەزگای بێتەل، 396.821 فیشەك، 14 نارنجۆك ئەنداز، 8.612 یەدەك، 46 دەمانچە، 5 ئۆتۆمبیل، 106 تفەنگی میللی، 5 مووشەك ئەنداز لە جۆری سام–3. هەر لەم ماوەیەدا 1.008 پێشمەرگەی حدکا شەهیدبوون و 555 کەسیش لە خەڵکی مەدەنی شەهیدبوون و 1.044 کەسیش برینداربوون. **5103**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: جەلیل گادانی – 50 ساڵ خەبات – کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – بەرگی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی باشووری کوردستان – بێ بەروار. لاپەرە : 338.

1984 تا ساڵی 985: د.ق، نزیکەی 776 قوتابخانەی کوردیی لە گوندەکانی کوردستاندا داخست. **5102**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەرە : 15.

1984 لابردنی بڕیاری لەسێدارەدان لە نێو یاسای تورکیدا، بەڵام ئەم یاسایە هەروەکو مەرەکەبی سەر کاغەز مایەوە. **5112**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1984-01-00** کۆمیتەی نێوەندیی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت بڕیاریدا, کە 8 خوێندکاری حدکا بۆ خوێندن بچن بۆ مۆسکۆ, بەڵام حدکا هیچ کەسێکی نەنارد. **5122**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1983 – 1985 – بەرگی هەشتەم – ستۆکهۆلم – 1994. لاپەڕە : 115.

**1984-01-01** جەلال تاڵەبانی لە گوندی زیخان وتارێکی لەسەر گفتوگۆ لەگەڵ د.ق خوێندەوە. **6902**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1984-01-05** کۆچی دوایی مێژوونووس و ڕامیاری کورد پرۆفیسۆر تۆفیق وەهبی لە شاری لەندەن و پاشتر تەرمەکەی هێنرایەوە بۆ شاری سلێمانی و چیای پیرەمەگرون بە خاک سپێردرا. **5123**

**1984-02-05** دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆشیاکراتی کوردستان, لە شاری سلێمانی. **5124**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1984-03-21** ینك بە بۆنەی جەژنی نەورۆز و گفتوگۆوە ئاهەنگێکی مەزنیان لە نێوچەی قەشقۆڵیی نزیك سلێمانی سازکرد, کە سەدان هەزار خەڵك بەشداربوون تێیدا, جەلال تاڵەبانی لەم ڕۆژەدا وتارێکی داو هێرشێکی زۆری بۆسەر پارتە کوردستانییەکانی تر و بنەماڵەی بارزانی کرد, پاشان جاری ئاشتبوونەوەی گشتیی دا بۆ ئەو کەسانەی کە شەڕی ینك یان کردووە. **5125**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1984-03-22** حدکا, کەریمی حیسامیی لە ڕیزەکانی خۆیدا دەرکرد. نێوبراو لە ساڵی 45ەوە ئەندامی حدکا بوو. **5126**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1983 – 1985 – بەرگی هەشتەم – ستۆکهۆلم – 1994. لاپەڕە : 249.

**1984-04-00** یاریکردنی شانۆیی کابرا سەیرەکە لە سلێمانی, دەرهێنانی عەبدولی حەمە جوان و ئەم ئەکتەرانەش بەشداربوون: هونەرمەند حەمە ڕەشید هەرەس, شەماڵی عەبە ڕەش, شادان فوئاد, دلێر مستەفا... **8220**

سەرچاوەی 1: ڕووبەڕووی کوردی: ڕووبەڕوویەك لەگەڵ هونەرمەند حەمە ڕەشید هەرەس لە 14-08-2004 لە ئەمستەردام.

**1984-05-00** هێرشی د.ا بۆسەر گوندی بەسرێ لە نێوچەی سەردەشت, کە بووە هۆی شەهیدکردنی 6 کەسی خەڵکی ئەو گوندە کە ئەمە نێوەکانیانە: مەلا خدر بایەزیدی, گوڵچەرە جیهانگیری, ڕەحیم ڕەسوڵکە, خالید بانەیی, کچێکی مام ئەولا و فاتمە نێوێك. **5127**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: جەلیل گادانی – 50 ساڵ خەبات – کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – بەرگی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی باشووری کوردستان – بێ بەروار. لاپەڕە : 357.

**1984-06-00** بڵاوکردنەوەی پەڕتووکی کورتە باسێك لەسەر سۆسیالیزم لەلایەن د. قاسملۆوە, ئەم پەڕتووکە بووە هۆی ئەوەی پتەوی ڕیزەکانی حدکا تێك بدات. **5128**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1983 – 1985 – بەرگی هەشتەم – ستۆکهۆڵم – 1994. لاپەڕە : 141.

**1984-06-09** فڕۆکەکانی د.ق, ئۆردوگای پەنابەرانی زێوەی خۆرهەڵاتی.ك بە بۆمبای ناپاڵم بۆمبارانکرد و بووە هۆی شەهیدبوونی 42 کەس و 200 کەسیش برینداربوون. **5129**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 15.

**1984-06-29** ڕادیۆی بی. بی. سی, هەواڵی هێرشی ئێرانی بۆسەر نێوچەی شیمالی خۆرهەڵاتی وڵات بڵاوکردەوە و وتی کە 800 کەس لە خەڵکی ئەو نێوچانە ئاوارەی تورکیا بوون. **5130**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1983 – 1985 – بەرگی هەشتەم – ستۆکهۆڵم – 1994. لاپەڕە : 144.

**1984-07-00** هێزێکی حسك و حشع کە ژمارەیان 200 پم دەبوون, لە بادینانەوە بەڕێکەوتن بۆ نێوچەی شەقڵاوە, هێزێکی ینك لە تیپی 91ی سەفین پێشیان لێگرتن و لە دەوروبەری گوندی زێبارۆك شەڕ دەستی پێکرد, لە ئەنجامدا 3 پێشمەرگەی ینك و 2ی حشع شەهیدبوون. **5131**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 97.

**1984-07-01** فڕۆکەکانی د.ق, بۆ جاری دووەم ئۆردوگای پەنابەرانی زێوەی خۆرهەڵاتی.ك بۆمبارانکرد و بووە هۆی شەهیدبوونی 2 کەس و برینداربوونی 14ی تر. **5132**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 15.

**1984-07-14** شەهیدکردنی ئەنوەری عەلی نەجار. **8092**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی کوردستان نێت org.kurdistannet.www//:http

**1984-07-27** تا 29–07: بەستنی کۆنفرانسی جیهانیی کۆمەڵەی نێونەتەوەیی بەرگریکردن لە زمان و شارستانیی ئەو نەتەوانەی کە بەر هەڕەشەی فەوتان دەکەون لە ئیتالیا, لە کۆنفرانسەکەدا بڕیارێك بۆ داکۆکیردن لە گەلی کورد درا, کە ڕامیاریی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و فەوتاندنی کلتوور و داگیرکردنی ئابووریی کوردستان لەلایەن وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە بووە بە هۆی ئاوارە بوونی هەزاران کەس و بە وڵاتانی دنیادا بڵاوبوونەتەوە. **5133**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 14.

**1984-08-10** بەستنی کۆنگرەی یەکێتیی لاوان و خوێندکارانی کوردستان لە بەرلین. **5134**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1983 – 1985 – بەرگی هەشتەم – ستۆکهۆلم – 1994. لاپەڕە : 166.

**1984-08-15** یەکەمین چالاکیی پێشمەرگەیی پکک لە باکووری کوردستان. **5135**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1984-09-00** گولله بارانکردنی 5 هەزار کەس لە سەربازگەی بسمایای نزیك سەلمانپاك، لەلایەن د.ق، کە ژمارەیەکی زۆری کوردی تێدا بوو، ئەو 5 هەزار کەسە هەر شەوەی 500 کەسیان لێ گولله باران دەکردن، تا لە ماوەی 10 ڕۆژدا تەواوبوون. **5136**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بلاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 15.

**1984-09-09** کۆچی دوایی هونەرکار و دەرهێنەری سینەمایی مەزنی کورد یەڵماز بۆتون گۆنای لە فەڕەنسا. ؟ **5137**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی هۆڵندی: juli – druk Tweede– Koerdistan Dossier – Brussel van Instituut Koerdisch 1991 – Brussel. لاپەڕە : 111.

سەرچاوەی 2: پەڕتوکی کوردی: د. حوسەینی خەلیقی – کۆمەڵناسی کوردەواری – بەرگی یەکەم – چاپخانەی ئەلحەوادیس – بەغداد – 1992. لاپەڕە : 314.

سەرچاوەی 3: پەڕتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیە فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعە الاولی – شرکە المعرفە للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 75.

**1984-09-12** لە کاتژمێر 8.30 شەودا، سەددام حسەین پەیوەندیی کرد بە بەڕێوەبەری زیندانی زیندانییە تایبەتییەکان لە زیندانی ئەبو غرێبدا و بە وشەی نهێنیی دەست پێبکە، فەرمانی گولله بارانکردنی 5 هەزار کەسی پێدا، کە ژمارەیەکی زۆریان کوردن. **5138**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بلاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 15.

**1984-09-14** لە ئەنجامی بۆسەیەکی کەرتی 1ی ساڵەیی تیپی 21ی ینك پتر لە 20 جاش کوژران. **6765**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1984-09-15** بەهۆی شەهیدکردنی سەید کەریم لەلایەن جاشەکانی حەمەی حەسۆلییەوە، نەوشیروان مستەفا جاری شەڕکردنی لەگەڵ جاشەکاندادا، هەرچەندە گفتوگۆشیان هەبوو لەگەڵ ڕژێمدا، لەو شەڕانەدا هێزەکانی ینك هاتنە سەر شەقامە گشتییەکان و چەندین جاشیان کوشت. **5141**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 100.

**1984-09-15** شەهیدکردنی مولازم سەید کەریم لەسەر ڕێگای تاسلۆجە – سلێمانی لە کاتی گفتوگۆدا لەلایەن جاشەکانی ڕژێمەوە. **6781**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1984-09-15** شەهیدکردنی سەید کەریم لەگەڵ دوو پێشمەرگەدا, نێوبراو لە شۆڕشی ئەیلوولدا فەرماندەی بەتالیۆن بوو لە هێزی سەفین, لە بزووتنەوەی نوێدا بووە ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵە 1. **5140**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976–1980 – بەشی یەکەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەڕە : 158.

**1984-09-17** تیپی 55ی قەراخی ینك چوونە سەر جادەی عەربەت سلێمانی و پەلاماری گەلە جاشێکیاندا. **6758**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1984-10-00** د.ت, هێرشێکی گەورەی بۆسەر پێشمەرگەکانی باکووری.ك کرد. **5139**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی هۆلندی: Koerdisch Instituut van Brussel – Koerdistan Dossier – Tweede druk – juli 1991 – Brussel. لاپەڕە : 42.

**1984-10-22** کۆچی دوایی هۆزانەوانی کورد, جگەر خوێن, لە شاری ستۆکهۆڵم, پێتەختی سوید.؟ **5142**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ئاڵای ئازادی – ئۆرگانی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان – ژ94 – هەولێر – 24–10–1993. لاپەڕە : 4.

**1984-10-22** شەهیدکردنی تێکۆشەر نەجۆ لە زیندانی دیاربەکردا, نێوبراو پارێزەر و ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە باکوور. **5143**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ, دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەڵمانیا – 1997. لاپەڕە : 91.

**1985** نێرژەیەکی شوێنەوارزانیی ئامریکایی و ئەڵمانی و تورکی, لە نێوچەی هەکاریی باکووردا گوندێکی کۆنیان دۆزییەوە کە مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی هەفتەمی پێش زایین, خەڵکی ئەو گوندە بە کشتوکاڵ و مەڕدارییەوە خەرکیك بوون و هەروەها چەند ئامرازێکی لە مس دروستکراویشیان دۆزییەوە. **5150**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: جمال نبز – الأمیر الکردی میر محمد الراوندزی, الملقب ب(میری کوره) – مساهمه عملیه فی دراسه التأریخ الکردی علی صفحه مراه الشواهد و الادله الشرقیه و الغربیه – اگروحه دکتوراه – ترجمها من الالمانیه الی العربیه: فخری سلاحشور – من منشورات الاکادمیه الکردیه للعلم لاپەڕە : 205.

**1985** کۆچی دوایی زانای کورد, قەناتی کوردۆ. **5158**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی هۆلندی: Koerdisch Instituut van Brussel – Koerdistan Dossier – Tweede druk – juli 1991 – Brussel. لاپەڕە : 106.

1985 بەستنی کۆنگرەیەکی نائاسایی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید، کە لە ئەنجامدا هەندێك کۆمەڵە خۆیان تواندەوە و ڕێکخراوەکە فراوانتر کرا. **5157**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەنگاو – ژ14 – لەندەن – مایی 1994. لاپەڕە : 8.

1985 دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری مامۆستای کورد لە سوید. **5154**

1985 هاوینی ئەمساڵ: جیابوونەوەی دەستەی قادر عەزیز لە حسك و پاشان حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستانیان دروستکرد. **7208**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان http://www.zahmatkishan.dk

1985 دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری خوێندکارانی کوردستان. **5155**

1985 کردنەوەی پیشانگای پۆستەر و شیعر لە سلێمانی، کە تابلۆی چەندین هونەرکاری کوردی تێدا پیشاندرا. **5153**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – ژمارە 70 – مایی 1996. لاپەڕە : 5.

1985 لە ساڵی 965وە تاوەکو ئەم ساڵ: د.ت نزیکەی 208.000 ملیارد مارکی ئەڵمانیی وەکو یارمەتی لە ئەوروپا و بەتایبەتی ئەڵمانیا و ئامریکا وەرگرتووە بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشی کورد. **5152**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 1 – خولی پێنجەم – 25-03-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 2.

1985 دامەزراندنی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی لە لەندەن. **5151**

1985 خومەینی، ئایەتوڵڵا مونتەزیریی کردە جێنشینی خۆی. **5156**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: ئاوارە – گۆڤارێکی فەرهەنگیی کۆمەڵایەتییە – ئەنجوومەنی فەرهەنگیی کورد لە ئەڵمیرە – ژ8 – ئاپریلی 1993 – هۆڵندا. لاپەڕە : 3.

1985 گیرانی شەهید حەیدەر جوکل لەلایەن داگیرکەری ئێراقییەوە و پاشان لە سێدارەدرا، شەهید ئەندامی کۆمەڵە1 بوو. **5148**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976–1980 – بەشی یەکەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەڕە : 59.

1985 شەهیدکردنی نووسەر عەبدولخالق مەعروف لە شاری هەولێر، نێوبراو پەرتووکێکی بە نێوی ئادەمیزاد لە ژیانی کوردەواریدا دەرکرد، کە هەمووی ڕەخنە بوو بۆسەر ئایینی ئیسلامی بێگانە. **5147**

1985 ڕووخانی پەیکەری کاوەی ئاسنگەر لە فولکەی تووی مەلیك لە سلێمانی، لەلایەن د.ق. **5146**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بلاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 14.

1985 داگیرکەری ئێراقی کەوتە بەکارهێنانی ڕامیاریی کاردانەوە، هێك لە هەر شوێنێك چالاکی سازبدایە یەکسەر دەکەوتە سووتان و تەختکردنی ئەو نێوچەیە. 5145

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 126.

1985 دامەزراندنی ئەکادیمیای کوردی بۆ زانست و هونەر لە سوید. 5144

1985 نێوەراستی ئەم ساڵ: گواستنەوەی بارەگای سەرکردایەتیی ینك بۆ گوندەکانی یاخسەمەر و بەرگەڵۆ لە نێوچەی سلێمانی. 5149

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 218.

1985 پاییز: یاریکردنی شانۆیی گوڵاڵە لە سلێمانی، نووسینی حەمە ڕەشید هەرەس و دەرهێنانی شەماڵی عەبە ڕەش و حەمە ڕەشید هەرەس و ئەم ئەکتەرانەش بەشداربوون: هونەرمەند حەمە ڕەشید هەرەس، شەماڵی عەبە ڕەش، ژیان... 8221

سەرچاوەی 1: ڕووبەڕووی کوردی: ڕووبەڕوویەك لەگەڵ هونەرمەند حەمە ڕەشید هەرەس لە 14-08-2004 لە ئەمستەردام.

1985 دامەزراندنی تیپی وەرزشی کوردستان لە وڵاتی سوید. 7417

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدك TV Kurdistan

1985-01-15 پاش ساڵێك و چل و دوو ڕۆژ گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمدا، ینك بە بەیانێك گفتوگۆی لەگەڵ ڕژێمدا ڕاگرت، بەڵام جاری شەڕکردنەوەی نەدا و هەلێکی تریشی بۆ ڕژێم هێشتەوە تاوەکو بەڵێنەکانی بهێنێتە دی. 5159

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 95.

1985-01-25 یان 24-01: پێشمەرگەی ئازای ینك مامە ڕیشە، بە پیلانێکی دوژمن شەهیدکرا، بە شەهیدبوونی ئەو بە جارێك کوردستان شڵەژا. 5160

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 111.

1985-02-00 پاش شەڕی دابان – هەلاج – قەرەتیکە، ڕژێمی ئێراقی دیسانەوە ویستی گفتوگۆ لەگەڵ ینك دا دابمەزرێنێتەوە، بۆ ئەو مەبەستە سەعدی مەهدی ساڵحی ئەندامی سەرکردایەتی بەعسییان و لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی سەرووی ناردە سەرکردایەتیی ینك و گفتوگۆکە تا ڕۆژی 23-02ی خایاند، بەڵام ئەمیش بێ ئەنجام بوو. 5161

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 118.

**1985-02-01** دەسپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان ینك و ڕژێمی ئێراقیدا. **5162**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەرە : 96.

**1985-02-01** نیوەشەو, تیپەکانی 85ی بەڕانەتی, 86ی دەشتی هەولێر و 87ی قەرەچوخ هێرشیان کردە سەر چەند گوندێکی عارەبنشین لە نێوچەی هەولێر و شارۆچکەی ڕێدار, هێرشی پێشمەرگەکان گوندەکانی دەربەندی گۆم و گورزەیی گرتەوە, لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆر لە پیاو و ژن و منداڵی عارەبەکان کوژران و لە نێوچەکە دەریانپەڕاندن. **5164**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەرە : 115.

**1985-02-01** کۆمیتەی مەڵبەندی هەولێری سەر بە ینك, بڕیاریدا کە هێرش بکرێتە سەر گوندە بە عارەب کراوەکانی نێوچەی هەولێر. **5163**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەرە : 114.

**1985-02-07** لە تۆڵەی گوندە عارەبنشینەکانی نێوچەی هەولێردا, هێزێکی گەورەی دوژمنی ئێراقی هێرشی کردە سەر گوندی گۆپتەپە لە نێوچەی ئاغجەلەری باشوور, پاش شەڕێکی 14 کاژێری چەندین پێشمەرگە شەهید بوون و گوندەکەش کاولکرا و زیانێکی زۆر بە خەڵکی گوندی گۆپتەپە کەوت. **5165**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەرە : 115.

**1985-02-14** هێزێکی گەورەی ینك هێرشی کردە سەر نێوچەکانی دابان – هەلاج – قەرەتیکەی نزیك سلێمانی و نێوچەکەیان لە دوژمن پاك کردەوە, لەو شەڕەدا چەندین پێشمەرگە شەهیدبوون بەرامبەر پاکردنەوەی نێوچەکە و کوژرانی دەیان سەرباز و کۆماندۆی دوژمن و دیلکردنی زێتر لە 90 کەسی سوپای میللیی سەربە ڕژێم. **5166**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەرە : 118.

**1985-02-23** پاش سەرنەگرتنی گفتوگۆی نوێی ڕژێم لەگەڵ ینك دا, هێزەکانی ینك هێرشیان کردە سەر پایەگا و سەربازگەکانی نێوچەی هیرانی نزیك شەقڵاوا, بەڵام پێشمەرگەکان نەیانتوانی نەخشەکە جێبەجێ بکەن و کشانەوە دواوە. **5167**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەرە : 119.

**1985-03-03** نیوەشەو، هێزێکی ینك بەسەرکردایەتیی شەهید محەمەد شینە و بەکرە قیت هێرشیان کردە سەر دوو پایەگای سوپای میللیی ڕژێم لە گوندی بەرزەواری شارۆچکەی کەندیناوە، بە ماوەیەکی کورت هەردووکیان گیران و 11 کلاشینکۆفیان دەستکەوت بوو. **5168**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 120.

**1985-03-07** هێزێکی گەورەی داگیرکەری ئێراقی کە پێك هاتبوو لە هەزاران سەرباز و جاش و بە پشتیوانیی تانك و فڕۆکە، هێرشیان کردە سەر نێوچەکانی سنووری تیپی 86ی دەشتی هەولێری سەربە ینك، دوژمن لەو شەڕەدا زۆر دڕندانە کەوتنە گیانی دێهاتییەکان و زۆری لێ شەهیدکردن، جگە لە وێرانکردنی چەندین ماڵ و خانووبەرە، لە هەردوو گوندی ئازیانە و قەشقە پم ڕێ بە دوژمن دەگرن و هەرچەندە ژمارەیان 22 پم دەبێت و بەرامبەر 3000 سەرباز و جاش، ناهێڵن دوژمن بێتە پێشەوە و گوندەکان بڕوخێنێت، لە ئەنجامدا 2 پم شەهید دەبن کە یەکێکیان نێوی عەبدولباقی بارزانی بوو و 5 هاووڵاتیش لە پیاو و ژن و منداڵ شەهید دەبن. **5169**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 121.

**1985-03-08** ڕژێمی ئێراقی لە داخی شکستەکەی دوێنێیدا، هێرشێکی بەرفراوانی کردە سەر گوندەکانی ئازیانە و قەشقە و جل بەسەر و لە ئەنجامدا هەرسێ گوندەکەی سووتاند و 43 کەسیش شەهید بوون کە 7 یان پێشمەرگەی ینك بوون. **5170**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 123.

**1985-03-12** تا 18-03، هێرشی ئێران بۆسەر هۆڕی حوێزەی باشووری ئێراق، لە ئەنجامدا هێزەکانی ئێران شکان و ژمارەیەکی زۆر لە هەردوولا کوژران، ئێراق ئەو شەڕەی نێونا تاج المعارك. **5171**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 124.

**1985-03-13** کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا – لکی بریتانیا، هەفتەی کوردستانیان ڕێکخست، کە گەلێك چالاکیی هونەری و ڕۆشنبیری و ڕامیاریی تێدا پێشکەشکرا. **5172**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم، 1983 – 1985 – بەرگی هەشتەم – ستۆکهۆڵم – 1994. لاپەڕە : 204.

**1985-03-14** تا 16-03، لەبەر هێرشە دڕندانەکانی سوپای ئێراقی، نزیکەی 50 گوندی نێوچەی دەشتی هەولێر، چۆڵیان کرد و بەرەو شاری هەولێر کەوتنە ڕێ. **5173**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 123.

**1985-04-00** مەلا بەختیار لەگەڵ سەرکردایەتیی کۆمەڵە1 و ینک دا کۆبووەوە, لە ئەنجامدا بووە هۆی لێکدابرانی لە کۆمەڵە1 و بەنێوی ئاڵای شۆڕشەوە کاری دەکرد. **5176**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەرە : 130.

**1985-04-00** لە نێوەڕاستی ئەم مانگەدا, 7 کۆپتەری ئێراقی هێرشیان کردە سەر گوندی میرکە لە نێوچەی دیدەوانی هەولێر, کە توانیان هێز دابەزێنن و لە زیندانی ینک دا چەند دیلێکی خۆیان ڕزگاربکەن, بۆ ڕۆژی دواتر 23 کۆپتەر هێرشی کردە سەر نێوچەکە و بۆردومانی کرد, لە ئەنجامدا زیانێکی زۆری بە خەڵك و پەم گەیاند, هەندێك دێهاتی کە تازە گەڕابوونەوە سەر ماڵ و باخەکانیان دیسانەوە بارگەیان پێچایەوە و ڕەویانکردەوە. **5174**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەرە : 126.

**1985-04-00** لە نێوەڕاستی ئەم مانگەدا هێزێکی تیپی 87ی قەرەچوغی سەربە ینك هێرشیانکردە سەر کۆنترۆڵی هەولێر – کەرکوك, لە ئەنجامدا چەند پیاوێکی ئاسایشی دوژمنیان کوشت و چوار کڵاشینکۆفیان دەستکەوت بوو, لەو هێرشەدا تەنها مەلا عەزیز بەردەسپی بە سوکی بریندار بوو. **5175**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەرە : 127.

**1985-04-04** نیوەشەو, هێزەکانی مەڵبەندی 4ی سەربە ینك هێرشیان کردە سەر پایەگاکانی جادەی گشتی نێوان هەولێر و کۆیە, پاش شەڕێکی گەورە 4 پایەگایان گرت و 30 پارچە چەکی هەمە جۆریان دەستکەوت بوو, لەو شەڕەدا 3 شەهید دران, کە ئەمە نێوەکانیانە: شەهید سلێمان مەلا محەمەد نێرەگێن, شەهید سەباح و شەهید نەجات. **5177**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەرە : 120.

**1985-04-21** هێزێکی گەورەی دوژمن هێرشی کردە سەر گوندی کەپەنەك ڕەشی نێوچەی قەرەچوغی هەولێر, پێشمەرگەکانی تیپی 85ی بەرانەتیی ینك کەوتنە شەڕێکی نابەرامبەرەوە لەگەڵیاندا, لە ئەنجامدا 8 پەم شەهید بوون کە ئەمە نێوی هەندێکیانە: شەهید مەجیدە سوور, شەهید ئەحمەدە سوور و شەهید دوکتۆر هەمزە. **5178**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەرە : 127.

**1985-05-07** هێزێکی ینك هێرشی کردە سەر پایەگاکانی جادەی گوێر – هەولێر شەمامەر, لە ئەنجامدا دوژمن شکاو ژمارەیەك کوژراو و دیلیان هەبوو, دەستکەوت 32 پارچە چەك بوو. **5179**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەرە : 131.

**1985-05-08** هێزێکی ینك هێرشی کردە سەر پایەگاکانی جادەی هەولێر - کەرکوك, لە ئەنجامدا 2 پایەگایان گرت و چەند کەسێکی سوپای میللیی سەربە ڕژێمیان کوشت. **5180**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز - قەندیل بەغدای هەژاند - یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980-1988 - بەشی دووەم - چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان - 1993. لاپەڕە : 131.

**1985-05-13** دوژمن هێرشێکی گەورەی کردە سەر سنووری تیپی 86ی دەشتی هەولێری سەربە ینك, شەڕ لە کاتژمێر 15.00 دەستی پێکرد و بەرەنگاری هێزەکەی دوژمن بوونەوە, لە ئەنجامدا کادرێکی ینك بەنێوی قاسم مەلا محەمەد نێرەگینی شەهید بوو, کە پێنجەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی. **5181**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز - قەندیل بەغدای هەژاند - یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980-1988 - بەشی دووەم - چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان - 1993. لاپەڕە : 132.

**1985-06-00** ڕوودانی شەڕی براکوژی لە نزیك گوندی سیاو, کە چەند پێشمەرگەی ینك دەکەونە بۆسەی حشع و 3 پم - ینك شەهید دەبێت, کە ئەمە نێوەکانیانە: ئیبراهیم, لوقمان و ستار. **5183**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز - قەندیل بەغدای هەژاند - یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980-1988 - بەشی دووەم - چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان - 1993. لاپەڕە : 138.

**1985-06-00** ڕوودانی شەڕی براکوژی لەسەر چیای باواجیی نێوچەی کۆیە, لە نێوان حشع و ینك دا, لە ئەنجامدا 2 پم لە هەردوولا شەهید بوون, بە نێوی شەهید بەشدار و شەهید ئەبو دنیا. **5182**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز - قەندیل بەغدای هەژاند - یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980-1988 - بەشی دووەم - چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان - 1993. لاپەڕە : 138.

**1985-06-02** ڕوودانی شەڕی براکوژی لە گوندی ئیلنجاغی نێوچەی هەولێر, لە نێوان پێشمەرگەی حشع و ینك دا, کە چەند پم یان لەیەکتری شەهید کرد. **5184**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز - قەندیل بەغدای هەژاند - یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980-1988 - بەشی دووەم - چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان - 1993. لاپەڕە : 136.

**1985-06-03** ڕوودانی شەڕی براکوژی لە چیای باواجی لە نزیك گوندی کانی گوندی کۆیە, لە نێوان حشع و ینك دا, لە ئەنجامدا دوو پێشمەرگەی ینك بەدیل گیران و شەهیدیان کردن, و گاڵتەشیان بە تەرمەکانیان کردبوو. **5185**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز - قەندیل بەغدای هەژاند - یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980-1988 - بەشی دووەم - چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان - 1993. لاپەڕە : 137.

**1985-07-00** بەپێی ڕاپۆرتێکی ئەمینیستی ئنتەرناسیونال, لە تورکیا زیندانییە ڕامیارییەکان بەپێی نەخشەیەکی د.ت. شەهید دەکرێن. **5186**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی هۆڵەندی: Dr. Ploetz Karl. Prisma Kalendarium, Wereldgeschiedenis in jaartallen, Uitgeverij Het Spectum BV – Zevende druk – 1988. لاپەڕە : 181.

**1985-07-13** کۆچی دوایی نیشتمانپەروەری کورد، مستەفا عوێزی لە هەولێر. **7021**

**1985-09-00** گیرانی نزیکەی 900 منداڵی کورد لە شاری سلێمانی, لەلایەن د.ق, کە تەمەنیان لە نێوان 10 تا 14 ساڵاندا دەبوو. **5187**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی هۆڵندی: juli – druk Tweede– Koerdistan Dossier – Brussel van Instituut Koerdisch Brussel – 1991. لاپەڕە : 90.

**1985-09-01** بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی هەولێر, بڕیاری 2.279ی بۆ داخستنی 200 قوتابخانەی گوندەکانی هەولێر دەرکرد. **5188**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بلاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 15.

**1985-09-02** هێزێکی ینك هێرشی کردە سەر کۆنترۆلی هەولێر – مەخمور و کارگەی قیری هەولێر و جادەی هەولێر – مەخمور, لە ئەنجامدا دوژمنیان شکاند و بەگوێرەی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان 117 پیاوی ئاسایش و موخابەرات و سوپای میللی لەو شەڕەدا کوژران, ئەو چالاکییە دوژمنی هەژاند, هەر بۆیە 400 پیاوی ئاسایشی نوێیان لە بەغدادەوە هێنا بۆ نێوچەی هەولێر و بەڕێوەبەری ئاسایشی کوردستانیشیان گۆڕی بە عەبدولڕەحمان ئەلدوری. **5189**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 140.

**1985-09-13** پەلاماری جاشەکانی زەڕایەن بۆسەر کەرتی تیپی 55ی قەراخی ینك لە گوندی باریکە و لە ئەنجامدا جاشەکان تێکشکان. **6776**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1985-09-17** هێرشی د.ق بۆسەر گوندی کانی بەردینەی نزیك سلێمانی و گوندەکەی سووتاند. **6759**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1985-09-17** لە تۆڵەی سووتاندنی گوندی کانی بەردینەدا تیپی 47ی پیرەمەگروونی ینك چوونە ناو شاری سلێمانییەوە و 4 ئۆتومبیلی سەربازییان سووتاند و 24 کەسیشیان لە دوژمن کوشت. **6760**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1985-09-22** لیژنەی ڕێکخستنی ئاسایشی دهۆك, بڕیاری ژمارە 236ی بۆ داخستنی 208 قوتابخانەی گوندەکانی نێوچەکەی دەرکرد. **5190**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بلاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 15.

**1985-10-00** مەلا بەختیاری ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵە1, داوای لە ینك کرد جیاببێتەوە و بەنێوی ئاڵای شۆڕشەوە کاربکات. **5192**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 145.

**1985-10-00** تا مانگی داهاتوو: بەپێی ڕاپۆرتێکی ئەمنستی لە لەندەن, کە لە 14-03-989دا بڵاوکراوەتەوە, لەم دوو مانگەدا د.ق, لە شاری سلێمانی 300 گەنجی لە سێدارە داوە, کە تەمەنیان لە نێوان 17 تا 23 ساڵدایە. **5191**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 15.

**1985-10-02** بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی دهۆك, بە بڕیاری ژمارە 575, 208 قوتابخانەی گوندەکانی دەوروبەری دهۆکی داخست, ئەم بڕیارە پراکتیك کردنی بڕیارەکەی ڕۆژی 22-09 بوو. **5193**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 15.

**1985-10-27** هێزێکی ینك کاتژمێر 20.45 هێرشیان کردە سەر گوندەکانی زاگە, شەمشولە و مشار, کە جاشی ڕژێم بوون, لە ئەنجامدا 12 جاش کوژران و 15 پارچە چەکیش دەستکەوت بوو. **5194**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 143.

**1985-10-31** کۆچی دوایی زانای کوردناس, مامۆستا قەناتی کوردۆ لە شاری لینینگراد. **5195**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – ژ52 – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – ئۆکتۆبەری 1994. لاپەڕە : 5.

**1985-11-10** لە نێوچەی ئاکرێ, فرۆکەکانی د.ق, بووکەشووشەی میناوییان هەڵدا و بەدەستی منداڵادا تەقییەوە و بووە هۆی شەهیدکردنی 2 منداڵی کورد. **5196**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 15.

**1985-12-00** گیرانی مەلا بەختیار ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵە1, بە تاوانی دامەزراندنی ئاش و جیابوونەوە لە ینك, نێوبراو تا نێوەڕاستی 989 لە زیندانی ینك دا بوو. **5197**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 149.

**1985-12-10** بەستنی پلینۆمی کۆمەڵە1 لە گوندی بەرگەڵو, کە 60 ئەندامی سەرکردایەتی و کادری کۆمەڵە1 بەشداریی تێدا کرد, پلینۆمەکە بە هۆی جیابوونەوەی مەلا بەختیارەوە بەسترا, کە تێیدا بە زۆرینەی دەنگ جگە لە عەبدوڵڵا تۆفیق بڕیاری کۆشتنیاندا و حەمە تۆفیق لە جیاتیی ئەو کرایە ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵە1, ئەمانە بەشداریی ئەو پلینۆمەیان کرد: نەوشیروان مستەفا,

فەرەیدون عەبدولقادر, کۆسرەت ڕەسوڵ, قادر حاجی عەلی, جەبار فەرمان, حەسەن کوێستانی, عومەر فەتاح, حەمە تۆفیق, دوکتۆر خەسرەو, ئەرسەلان بایز, عەلی بچکۆل, پۆلا, ڕۆستەم کەرکوکی, شێخ جەعفەر, وەهاب, حامید حاجی غالی, شۆڕش حاجی, ڕێباز, شاخەوان, عەبدوڵلا تۆفیق, مەلا خدر, بەهرۆز – شوان, نەهرۆ سەعید سۆفی, عەبدولڕەحیم, سەرهەنگ, مامۆستا سەیفەدین, جوامێر, دانا, سەفین, شەهید عەبدولڕەزاق, غەریب سەعید, سامان, عادل, ئاوات قارەمان, دلێر سەید مەجید, شەهید مەلا ئاراس, سیروان کوێخا نەجم, ڕێکەوت,.... **5198**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 147.

**1985-12-12** لەکۆبوونەوەیەکی فراوانی کادیرانی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستاندا, قادر عەزیز بە سکرتێری حیزب هەڵبژێردرا. **7209**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان http://www.zahmatkishan.dk

**1985-12-13** گیرانی گوندی زیارەتی نێوچەی سماقوڵی لەلایەن ڕژێمی ئێراقەوە, کە زیانێکی زۆر بە جووتیارانی ئەو نێوچەیە گەیشت و چەند پێشمەرگەیەکی ینک یش شەهید بوون. **5199**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 151.

**1985-12-22** کۆچی دوایی نووسەر و ئەدیب عیزەدین فەیزی ئەفەندی لە هەولێر. **8786**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی ینك Sat Kurd

**1985-12-27** گرتنی سەمینارێك لەلایەن د. جەمال نەبەزەوە لە شاری کۆپنهاگن, دەربارەی پێوەندارێتی کوردی. **5200**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: جمال نبز – الأمیر الکردی میر محمد الراوندزی, الملقب ب(میری کوره) – مساهمه عملیه فی دراسه التأریخ الکردی علی صفحه مراه الشواهد و الأدله الشرقیه و الغربیه – اگروحه دکتوراه – ترجمها من الألمانیه الی العربیه: فخری سلاحشور – من منشورات الأکادمیه الکردیه للعلم لاپەڕە : 190.

**1986** گەڕانەوەی شەماڵ عەزیز عەبدولڕەحمان لە ئەڵمانیاوە بۆ ڕیزی پێشمەرگەکانی پاسۆك و پاش ساڵێك گەڕایەوە بۆ ئەڵمانیا. **4688**

**1986** لەم ساڵەوە هونەرمەند محەمەدی ماملێ بەهۆی نەخۆشیی فەرامۆشییەوە وازی لە گۆرانی وتن هێنا. **519**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پکك TV Medya

**1986** کۆچکردنی نووسەر ئەمیری حەسەن پوور بۆ کەنەدا. **93**

**1986** خراپبوونی پەیوەندیی نێوان پدك و پکك. **5202**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: فرەنسۆ هەریری – بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی نەنووسرێ – پرسیار و وەڵام – لە بڵاوکراوەکانی پدك – هاوینەهەواری پیرمام – هەولێر – 1995. لاپەڕە : 152.

1986 بەپێی ئاماری ئەم ساڵ, ژمارەی کورد لە خۆرهەڵاتدا بەم شێوەیەیە: ئازربایجانی غەربی 1.971.677, کرماشان 1.462.965, کوردستان – سنە 1.078.415, چەهار موحال و بەختیاری 631.179, لوڕستان 1.367.029, ئیلام 382.091, کوهگیلو و بویر ئەحمەد 411.828, لە خوزستان 1.413.298, لە فارس 392.633 و لە بوشەهر 89.171 کەسە. واتە تێکرای دانیشتوان 9.200.286 کەسە. **5213**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: ڕووناکبیری – ژ2 – گۆڤارێکی کولتووریی گشتییە – لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵی هونەری کوردی لە سوید – ستۆکهۆڵم – دیسەمبەری 1992. لاپەڕە : 21.

1986 شەهیدبوونی منداڵێکی شەش ساڵانەی هونەرکاری وێنەکێش عەزیز سەلیم ئەحمەد لەلایەن د.ق. **5212**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی وەرزییە – ژ3 و 4 – خولی شەشەم – ساڵی دەیەم – 20–12–1996 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 109.

1986 کردنەوەی ڕادیۆی کوردی لە کۆماری گورجستانی سۆڤیەت, کە هەفتەی جارێك بۆ ماوەی 20 خولەك بەرنامەی کوردیی بڵاودەکردەوە. **5210**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی مەد TV Med

1986 دامەزراندنی کۆمەڵەی مافی مرۆڤ لە کوردستان, لە کارەکانی ئەم کۆمەڵەیە کۆکردنەوەی ڕاپۆرت و بەڵگەنامە لەسەر ژیانی کولەمەرگیی خەڵکی کوردستان. **5208**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 1 – خولی پێنجەم – 25–03–1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 3.

1986 بەستنی کۆنفرانسی یەکێتی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەورووپا سۆکسە, لە بەرلین, لەو کۆبوونەوەیەدا ڕیزی خوێندکاران بوونە دوو بەشەوە, بەشێکیان کەنارگیر و ئەوی تریان سەربە پاسۆك, یان هێڵی ئازاد مستەفا بوون. **5207**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: هاوڕێ باخەوان – پرۆژەی پارتی نەتەوەیی کورد – چاپی دووەم – هۆڵندا – 1995. لاپەڕە : 49.

1986 بەستنی کۆنگرەی جیهانی بۆ هێزە شۆڕشگێرەکان لە شاری تەڕابلوسی لیبیا, کۆنگرەوانەکان هەموو لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە کورد مافی چارەی خۆنووسین و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەیە. **5206**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: جلال الگالبانی – اغد و دیمقراگی و حرمان شعب حتی من حق الحلم؟ – من منشورات الّتحاد الوگنی الکردستانی – مرکز ئە رکی نوی الپقاف – 1989. لاپەڕە : 71.

1986 د.ا, بڕیاری کوشتنی ڕێبەرانی کوردی دەرکرد. **5205**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 10.

1986 ڕوودانی شەڕی بەرەیی قەیوان – ماوەت لە نێوان ینك و سوپای ئێراقدا, ئەو شەڕە 3 مانگی خایاند و 800 سەرباز و جاشی تێدا کوژرا, دەیان پێشمەرگەشی تێدا شەهید بوو. ئەم شەڕە پێشمەرگەی

لایەنەکانی تریش بەشدارییان تێدا کرد, لەوانە پاسۆك, کە شەهیدێکیان بەنێوی شەهید بێستونەوە تێدادا. **5203**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 178.

**1986** لە سەردەمی فەرمانڕەوایی بەعسییەکانەوە تاوەکو ئەم ساڵ: زێتر لە 1.895 گوند و شارۆچکە بەر ڕاگواستن کەوتوون, کە ژمارەی خێزانە ڕاگوێزراوەکانی لە تەنێ 1.476 گوندا دەگاتە 84.877 خێزان. هەر ئەم ڕامیاریی ڕاگواستن و بەعارەبکردنە بووە هۆی ئەوەی زێتر لە 42.488 کم چوارگۆشە, واتە 4914ی خاکی کوردستانی ژێردەستی ئێڕاق بە عارەب بکرێت. **5201**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 15.

**1986** دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری دلانپار لە فینلاند لەلایەن ڕەوانشاد ڕەهبەر جەلالەوە. **5211**

**1986** بەهاری ئەم ساڵ: ڕێکەوتنی دوولایی لە نێوان ینك و حسك دا مۆرکرا, کە بەو پێیە کۆتاییيان بە ناکۆکییەکانیان هێنا و پاشان پاسۆك و پارتی گەلیش چوونە نێو ڕێکەوتننامەکەوە. **5204**

**1986** 7 پەرلەمانتاری کوردی باکوور بۆ کۆنفرانسی ماڤ مرۆڤ لە پاریس بانگهێشتن کران. **5209**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 1 – خولی پێنجەم – 25-03-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 3.

**1986-01-01** شەو: تیپی 19ی کۆڕەکی ینك پایگای بەنزینخانەی ڕەواندزی گرت. **6903**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1986-01-04** هێرشی تیپی 21 کەرکوکی ینك لە 3 لاوە بۆ ناو شاری کەرکوك و چەند چالاکییەکی سەرکەوتووانەیەن ئەنجامدا. **6921**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1986-01-06** هێرشی سوپای ئێڕاقی بە 7000 سەرباز و جاش و تانك و فرۆکەوە بۆسەر نێوچەکانی مەڵبەندی 4ی ینك, لەو هێرشەدا گوندەکانی سماقوڵی گرتگ, کرۆژ, سێ نان, سماقوڵی, جەلی, سەروچاوە, سوسێ, زیارەت, حاجی ئەحمەدە, عەلیاوە,... لەلایەن ڕژێمەوە سووتێنران و زیانێکی زۆریش بە جووتیارانی کورد کەوت, هەروەها 9 پێشمەرگەی ینك شەهید بوون و چەندیش بریندار بوون و یەکێکیش بە دیل گیرا. **5214**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 150.

**1986-02-00** دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری دەنگی ئافرەت. ئەم گۆڤارە ۆرگانی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستانە. **7945**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952–2002 – نوسینی ڕێناس نەورۆزی – برۆکسل.

**1986-02-00** کوژرانی دوو ئەفسەری پایەبەرزی ئێراقی لە بەر دەرگای بارەگای فەیلەقی 5ی ڕێگای هەولێر – موسڵدا, لەلایەن دوو پێشمەرگەی ینك ەوە بەنێوی سەردار سەعید سۆفی و شێرزاد جەلال کە ئوتومبیلەکەیان و جانتایەکی دیپلۆماسیی پڕ لە دراو و دێکومێنتیان دەستکەوت بوو. **5215**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 164.

**1986-02-28** کوژرانی ئۆلۆف پالمەی سەرۆك وەزیرانی سوید, دەنگوباسەکان وا ڕادەگەیەنن کە کورد کوشتبێتی, بەڵام پاشتر دەرکەوت کە وانییە. **5216**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1986-03-00** چوونی جەلال تاڵەبانی بۆ تاران, تاوەکو لەگەڵ پارتیدا دانوستاندن بکات. **5218**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: فرەنسۆ هەریری – بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی نەنووسرێ – پرسیار و وەڵام – لە بڵاوکراوەکانی پدك – هاوینەهەواری پیرمام – هەولێر – 1995. لاپەڕە : 23.

**1986-03-00** لە کۆتایی ئەم مانگەدا, هێزێکی ینك لە نێو شاری هەولێردا لە گەڕەکی ڕوناکی بۆسەیەکیان بۆ دوو ئوتومبیلی پڕ لە پیاوانی ئاسایش دانا, لە ئەنجامدا هەردووکیان سووتان و 14 پیاوی ئاسایشیش کوژران, دەستکەوتی پم 15 پارچە چەك بوو. هاوکات لەگەڵ ئەم چالاکییەدا هێزێکی تری ینك هێرشیان کردە سەر ماڵە جاشەکانی گەڕەکی باداوەی هەمان شار, کە زەبرێکی توند لە جاشەکان درا بە دیل و دەستکەوتی 16 پارچە چەکەوە, لەو هێرشەدا یەك پم شەهید بوو. **5217**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 168.

**1986-03-07** تا 08-03: جەلال تاڵەبانی و ئیدریس بارزانی لە ئێران کۆبوونەوە و ڕێکەوتنی ئاشتبوونەوەی گشتی و نەهێشتنی شەڕی براکوژییان مۆرکرد, بەیانێکی هاوبەشیشیان دەربارەی ئەو ڕێکەوتنە بە نێوی پارتی یەکێتییەوە دەرکرد. **5219**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: فرەنسۆ هەریری – بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی نەنووسرێ – پرسیار و وەڵام – لە بڵاوکراوەکانی پدك – هاوینەهەواری پیرمام – هەولێر – 1995. لاپەڕە : 23.

**1986-03-19** سەر لە بەیانی کاتژمێر 8.15 سێ پێشمەرگەی ینك بە نێوی شەهید سەردار سەعید سۆفی, ئەیوب و بەختیار, تەقەیان لە خۆفرۆش ئیبراهیم زەنگەنەی پارێزگاری هەولێر کرد, لە ئەنجامدا بریندار بوو و پم کان زیانیان نەبوو. **5220**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 159.

**1986-04-00** هێزێکی ینك هێرشیانکردە سەر هەردوو گەڕەکی ماجیداوا و لەتیفاوای شاری هەولێر بۆ لێدانی جاشەکان, لە ئەنجامدا 9 چەکیان دەستکەوت. **5221**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 170.

**1986-04-17** کۆچی دوایی ڕامیار و هۆزانەوانی نەتەوەیی, مامۆستا هێمن موکریانی. **5222**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1986-06-00** ڕوودانی شەڕی براکوژی لە نێوان پێشمەرگەکانی ینك و حشع و پدك لە نێوچەی کەندیناوە, لەو شەڕەدا 7 پێشمەرگەی حشع و پدك شەهید کران. **5223**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 171.

**1986-06-22** ڕەوکردنی هونەرمەند حەمە ڕەشید هەرەس بۆ دەرەوەی وڵات. **8222**

سەرچاوەی 1: ڕووبەڕووی کوردی: ڕووبەڕوویەك لەگەڵ هونەرمەند حەمە ڕەشید هەرەس لە 14-08-2004 لە ئەمستەردام.

**1986-07-04** لە کاتژمێر 6.40 ئێوارە, فەرماندەی تیپی 93ی کۆیەی ینك, فەقێ عوسمان گۆمەشینی شەهید کرا. **5224**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976–1980 – بەشی یەکەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەڕە : 50.

**1986-08-15** د.ت, بۆ لێدانی بنکەکانی پکك, بۆ جارێکی تر هاتە نێو باشووری.ك. کە لە ئەنجامدا خەڵکێکی زۆر زیانیان پێکەوت. **5225**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی هۆڵندی: Koerdisch Instituut van Brussel – Koerdistan Dossier – Tweede druk – juli 1991 – Brussel. لاپەڕە : 43.

**1986-09-11** هێرشی د.ق, بۆسەر نێوچەکانی سارتکە و کلکەسماق و قۆپی شەیتان, لە نێوچەی دۆڵی خەلەکان, شایانی باسە هپك, ڕێیان لێ گرتن و ئەو شەڕە 552 کاژێری خایاند و لە ئەنجامدا دوژمن شکا و ژمارەیەکی زۆریشی لێ کوژرا, لە پێشمەرگەش هەندێك شەهید هەبوون. **5226**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ڕێگای کوردستان – ئۆرگانی حیزبی کۆمۆنستی کوردستان – ژ – 123 – ساڵی 50, 06-09-1994. لاپەڕە : 6.

**1986-09-13** تیپی 51ی ینك و مەفرەزەیەکی حیزبی شیوعی بۆسەیەکیان لەسەر جادەی قادرکەرەم – دوز دانا. **6777**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1986-09-14** 7 فڕۆکەی سۆخۆی د.ق پەلاماری قەیوان – ماوەت و دوڵی جافەتیاندا، یەکێکیان پێکرا و لە ئاسمانی قەرەهەنجیر کەوتەخوارەوە. **6766**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1986-10-00** پاش هێرشی ینك و سوپای ئێرانی بۆسەر بیرە نەوتەکانی کەرکوك، داگیرکەری ئێراقی بڕیاری تەخت کردنی هەموو گوندەکانی کوردستانی دەرکرد، پاش ئەو ڕووداوە بەچەند ڕۆژێك گوندەکانی قەرەبەگ، سیخەیی، دەرماناوە، بیرە سپان، قەرە سالم، بیبانی، تورکی، کەلور و عەلی بەیانی نێوچەی کەرکوکی تەخت کرد. بەو جۆرە تا نێوەڕاستی 988، زۆربەی هەرە زۆری گوندەکانی باشوور لەسەر نەخشە لابران، لە نێوچەی سلێمانی هەموو گوندەکان تەخت کران و شارۆچکەکانی پێنجوێن، دوکان، چوارتا، هەڵەبجە، ماوەت، بنگرد، سورداش، ناڵپارێز، خورمال، سیروان، سەنگەسەر، چۆمان، مێرگەسوور، گەلالە، حاجی ئۆمەران، سیدەکان، هیران، دێگەلە، دیبەگە، ...یش تەخت کران و خەڵکەکەی ئاوارەی ئۆردوگا زۆرە ملێکان کران. **5227**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 184.

**1986-10-10** پاش نەخشەیەکی چەند مانگی لە نێوان ینك و ڕژێمی ئێراندا و گواستنەوەی چەندین تۆپی 120 ملم لە ئێرانەوە بۆ نێوچەی گەرمیان، هێزێکی گەورەی ینك کە پێك هاتبوو لە 2500 پم و بە هاوکاریی 100 پاسداری ئێرانی، کاتژمێر 1ی بەیانی هێرشیان کردە سەر بیرە نەوتەکانی کەرکوك، لە ئەنجامدا تۆپ بارانیان کرد و زیانێکی کەمیان لە بیرە نەوتەکاندا. ئێران بەهۆی دەزگا ڕاگەیاندنەکانییەوە باسی ئەو هێرشەی کرد و سەرەتا هیچ باسی ینکی نەکرد، پاش بێنە و بەرەیەکی زۆر ئنجا دانی پێدانا کە بە یارمەتیی هێزەکانی ینك ئەو کارە ئەنجام دراوە. **5228**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 181.

**1986-10-22** لە تۆڵەی هێرشەکەی ینك و ئێران بۆسەر بیرە نەوتەکانی کەرکوك، سوپای ئێراقی لە کاتژمێر 15.00 هێرشی کردە سەر گوندەکانی قەشقە، کانی سلێمانە، خوڕ خوڕ، سارتك، ئاوماڵ، شەیتان، سێ کانی، سێگردکان، ئۆمەر گومبەت، بەردە سپی و نێرەگێن، هێزێکی ینك و حشع بەرەنگاریان بوون و چەندین کەسیان لێ کوژرا. هاوکات لەگەڵ ئەم هێرشەدا، کاتژمێر 14.00 هێرشێکی تریش کرایە سەر گوندی ئیلینجاغی نزیك کۆیە و هێزەکانی ینك بەریان پێ گرتن و چەند زیانێکی تریشیان پێ گەیاندن، لەو شەڕەدا 6 پم شەهید بوون، لەوانە: شەهید یوسف جەمیل قەشقە و شەهید مەغدید. **5229**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 183.

**1986-10-23** به هۆی هێرشەکانی 22-10وه, داگیرکەری ئێراقی هەردوو گوندی نێرەگێن و ئیلینجاغی تەخت کرد و زیانێکی زۆری لە جووتیارانی کورددا, جاشەکان لە تەخت کردن و تالانی کردنی ئەو گوندانەدا دەستێکی زۆر نامەردانەیان هەبوو. **5230**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەرە : 184.

**1986-11-07** کۆچی دوایی هونەرکاری گۆرانی بێژ شەماڵ سائیب. **5231**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مامۆستای کورد – ژمارە 28 – سوید – زستانی 1995. لاپەرە : 45.

**1986-11-11** بەپێی بڕیاری پارێزگای حەسەکە, بە شێوەیەکی ڕەسمی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە شوێنی کارکردندا قەدەغەکرا. **5232**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەرە : 20.

**1986-12-00** کۆتایی ئەم مانگە: بەستنی کۆنگرەی سەرکەوتنی گەلی ئێراق لە تاران, کە هەموو پارتە کوردستانییەکانی باشوور بەشداربوون تێیدا. **5233**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: فرەنسۆ هەریری – بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی نەنووسرێ – پرسیار و وەڵام – لە بڵاوکراوەکانی پدک – هاوینەهەواری پیرمام – هەولێر – 1995. لاپەرە : 28.

**1986-12-07** کۆچی دوایی هۆزانەوان کامەران موکری. **5234**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی یەکەم – چاپی یەکەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1987. لاپەرە : 416.

**1986-12-13** دەرکردنی نزیکەی 1400 خوێندکاری کورد لە زانکۆ و پەیمانگاکانی موسڵ, لەلایەن د.ق, بە تاوانی ئەوەی کە بەشداریی ڕاهێنانی هاوینەیان نەکرد بوو. **5235**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1986-12-23** کۆچی دوایی نووسەر عومەر عارف. **5236**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە – شاری سلێمانی – پێداچوونەوە و پێشەکیی د. عیزەدین موستەفا ڕەسوڵ – بەرگی یەکەم – چاپی یەکەم – چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – 1987. لاپەرە : 418.

**1986-12-26** هێزەکانی ینك هێرشیانکردە سەر شارۆچکەی ئاغجەلەر, بەڵام نەیانتوانی بەتەواوەتی کۆنترۆڵی شارەکە بکەن و کشانەوە. **5237**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەرە : 186.

**1987** دەرچوونی نامیلکەی چیرۆکە شیعری داڵ لەلایەن شێرکۆ بێکەسەوە, ئەم نامیلکەیە بەناوی عاشوور حەمدانیشەوە ناسراوە. **4683**

1987 دامەزراندنی تیپی موزیکی ئەسیری لە شاری کەرکوك. **7369**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدك TV Kurdistan

1987 سەرەتای ئەم ساڵ: دت, 50 هەزار خەڵکی 234 گوندی نێوچەی دەرسیمی بۆ باشووری ئەنەدۆڵ ڕاگواست. **5246**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی هۆڵندی: juli – druk Tweede– Koerdistan Dossier – Brussel van Instituut Koerdisch Brussel – 1991. لاپەڕە : 43.

1987 بەپێی ئاماری ئەم ساڵ ژمارەی کورد لە باشووردا بەم شێوەیەیە: کەرکوك 601.219, دهۆك 293.304, هەولێر 770.439 و سلێمانی 951.723 کەسە. **5248**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: ڕووناکبیری – ژ2 – گۆڤارێکی کولتووریی گشتییە – لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵی هونەری کوردی لە سوید – ستۆکهۆڵم – دیسەمبەری 1992. لاپەڕە : 21.

1987 شەهیدکرانی جەلال محەمەد حوسەین ناسراو بە جەلال شارەزووری لەگەڵ هاوڕێیەکیدا بە بۆردوومانی فڕۆکەکانی د.ق لە گوندی شاناخسێی نێوچەی ماوەت, نێوبراو کادرێکی یەکێتی بوو. **5247**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

1987 کۆتایی ئەم ساڵ و سەرەتای ساڵی داهاتوو 988, چوونی ژمارەیەکی زۆری پەناهاندەی کورد لە ئێرانەوە بۆ پاکستان. **5244**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: میدیا – یانەی کوردی لە ئەمستەردام (میدیا) – ژ3 – ژولایی 1991 – هۆڵندا. لاپەڕە : 6.

1987 مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی لە لەندەن, لیژنەیەکی بۆ کۆکردنەوەی دێکۆمێنتەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی لەسەر کورد پێکهێنا, لیژنە بریتیبوون لە د. تالیب ئاکرێیی, د. موحەمەد هەمەوەندی, د. کەمال میراودەلی, د. پێشەوا تاڵەبانی و د. شێرکۆ فەتحوڵلا, ئەم لیژنەیە زۆربەی بەڵگەنامەکانی تا ساڵی 58ی ئەم سەدەیەی کۆکردەوە. **5243**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – ژ51 – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – سێپتیمبەری 1994. لاپەڕە : 8.

1987 دەستەیەکی ئارکیۆلۆژیی پۆڵەندی بە سەرۆکایەتیی ستیڤن کلاڤسکی, گوندێکیان لە نێوان دهۆك و موسڵدا دۆزییەوە, کە تەمەنی دەگەڕێتەوە بۆ نێوان هەزارەی هەفتەم و هەشتەمی پ.ز. **5242**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: م. گۆران – هێزە بزوێنەرەکانی پرۆسە شۆڕشگێڕییەکەی ئێستای جیهان و مەسەلەی گەلی کوردستان – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆڵم – 1990. لاپەڕە : 48.

1987 خۆپیشاندانی جەماوەری شاری هەڵەبجە, لە دژی د.ق. **5245**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: خەرمانە – گۆڤارێکی وەرزیی ئەدەبیی ڕۆشنبیرییە – ژ8 – سوید – 1993. لاپەڕە : 6.

1987 لە ساڵی 1976 تاوەکو ئەمساڵ واتە لە ماوەی 11 ساڵدا حیزبی سۆسیالیستی کوردستان – ئێڕاق حسك, نزیکەی 1720 شەهیدی داوە. **5238**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: موحەمەدی حاجی مەحموود – شۆڕش و پێشمەرگایەتی, تاقیکردنەوەی حەوت ساڵی شۆڕش (1976 – 1983) – چاپی دووەم – بێ بەروار – لە بڵاوکراوەکانی ڕاگەیاندنی حزبی سۆسیالیستی کوردستان – ئێراق لکی سلێمانی. لاپەڕە : 51.

**1987** د.ت, داوای مافی ئەندامییەتیی لە بازاڕی هاوبەشی ئەوروپادا کرد. **5241**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 1 – خولی پێنجەم – 25-03-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 5.

**1987** هاوینی ئەم ساڵ: سەردانی سامی عەبدولڕەحمانی سکرتێری پارتی گەل بۆ بارەگای سەرکردایەتیی ینک. **5240**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980-1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 205.

**1987** وەرگرتنەوەی مۆڵەتی کارکردنی پارتی کۆمۆنیستی تورکیا لە ڕژێمی تورک. **5239**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1987-01-02** تیپی 25ی خاڵخاڵانی ینک لەناو پشتێنەی شاری کەرکوکدا 4 ڕەبایە و بارەگای سریەیەکیان گرت. **6914**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1987-01-15** د.ق لاشەی 70 منداڵی کوردی دایەوە کەس و کاریان, کە هەموویان تەمەنیان لە نێوان 13 تا 16 ساڵدا بوو و تەمەنیان بۆ زۆر کردبوون تاوەکو فەرمانی کوشتن بیانگرێتەوە, شایانی باسە بۆ هەریەکەیان 30 دیناری ئێراقییان لە کەس و کاریان وەرگرت, کە ئەویش نرخی ئەو گوللانە بوون کە پێیان گوللەباران کردبوون. **5249**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی هۆڵندی: de over Koerden en Irakezen ,Iraniers ؟voorbij oorloog de ,Irak Iran .oorlog de van gevolgen en achtergronden Projektgroep Iran – Irak, Rotterdam, Holland – 1988. لاپەڕە : 80.

**1987-01-21** تا 22-01, هێزەکانی د.ق هێرشیان بۆ چیای کلکەسماق و پشتی کانی سوور و ئیللەڵڵای نێوچەی دوکان کرد و داگیریانکرد, هێزەکانی ینک یش دژە هێرشێکیان بۆ کردەوە و زنجیرە چیاکەیان گرتەوە و دەیان پارچە چەك و تانکێکیان دەستکەوت بوو و هەروەها دەیان سەربازی ڕژێمیشیان کوشت, لەو شەڕانەدا تەنها دوو پم شەهیدبوون. **5250**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980-1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 189.

**1987-01-27** کاتژمێر: 1.15 سەر لەبەیانی: هێرشی تیپەکانی 85 و 86 و 91ی ینک بۆسەر هاوینەهەواری سەری ڕەش, کە لە ئەنجامدا هاوینەهەوارەکەیان بە کۆشکی سەددام حوسەینەوە

گرت, دەستکەوتی پێشمەرگەکان گەلێك زۆر بوو: لەوانە تەقاندنەوەی کۆشکی سەددام, 1200 پارچە چەك, سووتاندنی 2 تانك, 4 زرێپۆش, شەڕەکە بەسەرکردایەتیی کۆسرەت ڕەسوڵ بوو. **5251**
سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976–1980 – بەشی یەکەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەڕە : 162.

**1987-02-11** هێزەکانی مەڵبەندی 3ی ینك, بەیارمەتیی سوپای ئێرانی و بە یادی ساڵرۆژی شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە, هێرشیانکردە سەر فەوجی ئاکۆیان و پایەگاکانی دەوروبەری, کە زۆربەیان گیران و هێزەکانی ئێران وەکو پێویست یارمەتیی هیچ یان نەدا, بۆ بەیانییەکەی 12-02, ئێزگەی ئێران جاریدا و وتی ڕەزمەندگانی ئیسلام شەوی پێشوو بە هەزاران ئەفرادی سەددامییان کوشت و بریندار کرد. **5252**
سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 191.

**1987-03-04** د.ت, بە 30 فڕۆکەی جەنگییەوە هێرشی کردە سەر نێوچە سنوورییەکان و بە بۆمبای ناپاڵم بۆمبارانی کرد, کە لە ئەنجامدا 170 کەس لە ڕەشە خەڵکی کورد شەهید بوون. **5253**
سەرچاوەی 1: پەڕتوکی هۆڵندی: juli – druk Tweede– Koerdistan Dossier – Brussel van Instituut Koerdisch 1991 – lBrusse. لاپەڕە : 43.

**1987-03-04** هێزەکانی ینك لە چەندین لاوە هێرشیانکردە سەر بارەگای سریەی سوپای گەلی و پایەگاکانی دەوروبەری نێوان قوشتەپە و پردێی نێوان هەولێر و کەرکوك, لە ئەنجامدا چەندین پایەگا گیران و دەیان لاشەی سوپای گەلی لە گۆڕەپانی شەڕەکەدا بەجێما, دەستکەوت 80 پارچە چەك بوو, هەروەها ڕەوەند جێگری فەرماندەی کەرت شەهید بوو. **5254**
سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 192.

**1987-03-22** لە نێوچەی هەولێر 12 کۆپتەر و 4 فڕۆکەی پیلاتۆز هێرشی کردە سەر هێزێکی ینك, لە ئەنجامدا یەك پم یان شەهید کرد و دووانیشیان بریندار کرد, سێ ئۆتومبیلی پم سووتاند. **5255**
سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 193.

**1987-04-00** هێرشەکانی هێزەکانی ینك بۆسەر لووتکەکانی گۆجار و باخ و لەرزۆك و کوێرەنگ و قەیوان و ئەزمەر و ئولاغلو و..., کە بووە هۆی گیرانی 114 پایەگای دوژمن و چەندین بارەگای سەربازی, لەو شەڕانەدا دوژمن گازی ژەهراویی بەرامبەر پێشمەرگە بەکارهێنا. **5256**
سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976–1980 – بەشی یەکەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەڕە : 165.

**1987-04-00** د.ق, نێوچەکانی سلێمانی و قەراخ و ماوەتی بە گازی کیمیاوی بۆمباران کرد, کە بووە هۆی برینداربوونی 400 کەس و شەهیدبوونی 30 کەس. **5257**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی هۆڵندی: juli – druk Tweede– Koerdistan Dossier – Brussel van Instituut Koerdisch Brussel – 1991. لاپەڕە : 92.

**1987-04-09** پەڕلەمانی ئەوروپی, بڕیاری ناڕەزایی خۆی لە بارەی گرتن و ئازاردان و شەهیدکردنی 300 منداڵ و لاوی سلێمانی دەرکرد و لە هەمان بڕیاردا سەرنجی د.ق بۆ ئەوە ڕاکێشا کە بەردەوامبوونی ئەو جۆرە کارانە دەگەنە ئەنجامی خراپ لە پەیوەندیی ئێڕاق و وڵاتانی ئەوروپادا. **5258**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 15.

**1987-04-14** هێزێکی گەورەی ینك هێرشی کردە سەر چیاکانی خەجەلەرزۆك, کوێرەنگ, قەیوان, دووبرا, باڵخ, حەسەن بەگ, ئوڵاغلو, گۆجار, جادەی ئەزمەر, گۆیژە, بەشێك لە دۆڵی سەفرە و زەروونی نێوچەی سلێمانی, لە ئەنجامدا 114 پایەگای دوژمنیان گرت و بە دەیان جاشیان کوشت, دەستکەوتیش سەدان پارچە چەك بوو. وابڕیار بوو کە هێزەکانی ئێرانیش هاوکات لەگەڵ هێرشی پم دا, هێرش بکاتە سەر نێوچەکانی گردە ڕەش, ماوەت, گمۆ و چوارتا بەڵام ئێران بەڵێنەکەی خۆی بەجێ نەهێنا و هێزەکانی ینکی کرد بە تووشی شەڕێکی بەرەیی گەورەی نابەرامبەرەوە و لە ئەنجامدا دەیان پێشمەرگە شەهید بوون و زۆربەی ئەو نێوچانەی کە ینك ڕزگاری کردبوون د.ق داگیری کردنەوە. **5259**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 197.

**1987-04-14** دژە هێرشی د.ق بۆسەر جادەی گشتی ئەزمەر – سلێمانی و قۆپی دووبرا, دوژمن توانی کۆنترۆڵی جادە گشتییەکە بکاتەوە. **5260**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 198.

**1987-04-15** هێرشی کیمیاویی د.ق, بۆسەر گوندی شێخ وەسان, کە بووە هۆی شەهیدبوونی دەیان کەس لە خەڵکی ئەو نێوچەیە کە 26 یان ئافرەت و 55 یان منداڵ بوون. **5261**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی هۆڵندی: de over Koerden en Irakezen ,Iraniers ؟voorbij oorloog de ,Irak Iran .1988 – Holland ,Rotterdam ,Irak – Iran Projektgroep .oorlog de van gevolgen en achtergronden لاپەڕە : 42.

**1987-04-19** تا 20–04, هێرشی گەورەی د.ق بۆسەر ئەو نێوچانەی کە لە 14–04دا, لەلایەن هپك وە ڕزگار کرابوون, دوژمن بە دەیان کۆپتەر و فرۆکەی پیلاتۆز هێرشی کردە سەر زنجیرە چیای گۆجار و داگیری کردەوە, لەو شەڕانەدا زێتر لە 100 پم شەهید بوون و وا بڕیار بوو کە ئێران بەشداریی و یارمەتیی ینك بدات, بەڵام تەنها یەك گوللە تۆپیشی نەتەقاند. **5262**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 198.

**1987-04-20** بۆمبارانی کیمیاویی گوندی قزلەری نێوچەی سلێمانی, کە بووە هۆی شەهید بوونی 7 ئافرەتی کورد. **5263**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی هۆڵندی: de over Koerden en Irakezen ,Iraniers ؟voorbij oorloog de ,Irak Iran .1988 – Holland ,Rotterdam ,Irak – Iran Projektgroep .oorlog de van evolgeng en achtergronden لاپەرە : 42.

**1987-05-00** د.ق نێوچەی خۆشناوەتیی کیمیا باران کرد. **5264**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 2 – خولی شەشەم – سالی دەیەم – 25-06-1996 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەرە : 68.

**1987-05-13** راپەرینی جەماوەری نێوچەی شارەزووری باشوور, بەلام هێزی پێشمەرگە نەیتوانی وەکو پێویست پشتگیرییان بکات. **5265**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: موحەمەدی حاجی مەحموود – شۆرش و پێشمەرگایەتی, تاقیکردنەوەی حەوت سالی شۆرش (1976 – 1983) – چاپی دووەم – بێ بەروار – لە بلاوکراوەکانی راگەیاندنی حزبی سۆسیالیستی کوردستان – ئێراق لکی سلێمانی. لاپەرە : 82.

**1987-05-22** دانیشتووانی شاری شەقلاوا, خۆپیشاندانێکیان سازدا, لەو راپەرینەدا خوێندکارێکی کورر شەهید کرا. **5266**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 2 – خولی شەشەم – سالی دەیەم – 25-06-1996 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەرە : 68.

**1987-05-29** هێك هێرشیانکردە سەر شارۆچکەی تەق تەق و کۆنترۆلی شارەکەیانکرد, لە ئەنجامدا 30 کەس لە سوپای میللی کوژران و هەندێکیشیان لێ بەدیل گیرا و دەیان جاشیش کوژران, دەستکەوت 2 زرێپۆش و 1 دۆشکا و نزیکەی 100 پارچە چەك بوو, پاش نیوەشەو کۆپتەرەکانی دوژمن هاتنە سەر شارەکە و راکێت بارانیان کرد, لە ئەنجامدا زیانێکی زۆر بە خەلکی نێوچەکە گەیشت, لەو شەرەدا 11 پم شەهید بوون لەوانە: شەهید عەبدولرەحیم و شەهید ئازاد داربەسەری. **5267**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: رێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەرە : 200.

**1987-06-04** هێك هێرشیانکردە سەر بنچینەی ئەبو جەعفەری مەنسوری سوپای میللی د.ق لە نێوچەی هەولێر, لە ئەنجامدا دەستیان بەسەردا گرت و 36 کەس لە سوپای میللی کوژران و ژمارەیەکیشیان لێ بەدیل گیرا, دەستکەوت 200 پارچە چەکی هەمە جۆر بوو, لەو شەرەدا پم فوئاد گۆمەشینی شەهید بوو, بۆ بەیانییەکەی دوژمن بە فرۆکە دۆلی شەرغەی بۆردومانکرد و زیانێکی زۆری لە کێلگە و مالی جووتیارانی کوردا. **5268**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: رێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەرە : 204.

**1987-06-18** کۆچی دوایی هونەرمەندی قسەخۆش فەریقە کوێر لە شاری سلێمانی. **9302**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی کوردستان نێت http://www.kurdistannet.org

**1987-06-28** د.ق شاری سەردەشتی خۆرهەڵاتی بە فڕۆکە بۆمباران کرد, کە بووە هۆی شەهیدبوونی 132 کەس و بریندار بوونی 2 یان 5 هەزار کەس؟. د.ق لەم بۆردومانەدا گازی ژەهراویی بەکارهێنا. **5269**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 15.

سەرچاوەی 2: پەڕتوکی هۆڵندی: Iran Irak, de oorloog voorbij؟ Iraniers, Irakezen en Koerden over de achtergronden en gevolgen van de oorlog. Projekt groep Iran – Irak, Rotterdam, Holland – 1988. لاپەڕە : 62.

**1987-06-30** شەهیدبوونی پێشمەرگەی ئازای ینك, سەردار سەعید سۆفی لە نەبەردێکدا لە قۆپی کێشکێ. **5270**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980-1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 158.

**1987-07-11** هاووڵاتی سەڵاحەدین حوسەین ئیسمایل کە تەمەنی 31 ساڵ بوو و خەڵکی گوندی هەروتەکەونی دەڤەری خەلیفان بوو, بەردبارانی وێنەی سەددامی کرد, لە ئەنجامدا جاشەکان گرتیان و دایان بە دەست پیاوانی ئاسایشەوە و پاشان لە سێدارەیاندا. **5271**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ79 – لەندەن – مارتی 1997. لاپەڕە : 5.

**1987-07-17** بەستنی یەکەمین کۆبوونەوەی پارتە کوردستانییەکانی باشوور لە بارەگای بیرۆی ڕامیاریی پارتی, بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی. **5272**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: فرەنسۆ هەریری – بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی نەنووسرێ – پرسیار و وەڵام – لە بڵاوکراوەکانی پدك – هاوینەهەواری پیرمام – هەولێر – 1995. لاپەڕە : 28.

**1987-08-00** گەڕانەوەی نەوشیروان مستەفا لە دەرەوەی وڵاتەوە بۆ کوردستان. **5273**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980-1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 212.

**1987-09-00** شەهیدبوونی حەمە سەعید حاجی غەریب سێتەڵانی لە قەراخ. **7894**

سەرچاوەی 1: ڕووبەڕووی کوردی: ئاخاوتنێکی تەلەفونی لەگەڵ کاك شوان ئەحمەد ساڵحدا لە ڕۆژی 02-04-2004.

**1987-09-00** هێرشی هێزەکانی ینك بۆسەر بورجەکەی قەراخ, کە بورجەکەیان بۆ نەگیرا و نزیکەی 21 شەهیدیاندا, کە زۆربەیان سەرتیپ و جێگری تیپ و فەرماندەی کەرت بوون. **5275**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1987-09-00** دروستبوونی پشێوییەك لەنێو پاسۆکدا, لە بارەگای سەرکردایەتی لە گوندی مالوومە, کە بووە هۆی شەهیدبوونی هاوبیر کامەران – کۆڤان و چەك دانانی 11 هاوبیری تری پاسۆك. **5274**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: هاوڕێ باخەوان – پرۆژەی پارتی نەتەوەیی کورد – چاپی دووەم – هۆڵندا – 1995. لاپەڕە : 50.

**1987-09-00** چوونی وەفدێکی پارتی کە پێکهاتبوو لە فەلەکەدین کاکەیی، زەیم عەلی، عیزەدین بەرواری، ئازاد بەرواری و فرەنسۆ هەریری بۆ بیرۆی ڕامیاریی یەکێتی لە گوێزێ، بۆ کۆبوونەوەی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی، کە پارتە کوردستانییەکانی تری باشووریش ئامادە بوون بە حیزبی شیوعیشەوە. **5276**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: فرەنسۆ هەریری – بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی نەنووسرێ – پرسیار و وەڵام – لە بڵاوکراوەکانی پدك – هاوینەهەواری پیرمام – هەولێر – 1995. لاپەڕە : 28.

**1987-09-01** هێزێکی گەورەی ینك هێرشی کردە سەر دێگەڵەی نێوان کۆیە و هەولێر، لە ئەنجامدا نێوچەکەیان گرت و دەیان جاش و سەربازیش کوژران و دەستکەوتیش گەلێك زۆر بوو. **5277**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 211.

**1987-09-06** هێرشی د.ق بۆسەر سنووری مەڵبەندی 3ی ینك، هێرشەکە 11 ڕۆژی خایاند و تەواوی پێشمەرگەکانی لایەنەکانی دیکە بەرگرییان لە نێوچەکە کرد. **5278**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 212.

**1987-09-08** ڕوودانی شەڕی سماقوڵی لە نێوان دوژمن و هێزەکانی ینك دا، شەڕەکە بە هەمووی 264 کاژێری خایاند، دوژمن زیانێکی زۆری لێکەوت و پاشەکشەی بە هێزەکانی کرد، لەو شەڕەدا 12 شەهید درا کە ئەمانە نێوی هەندێکیانە: نەوزاد یونس، کاوان کاوانی، ڕەئوف نێرەگین، جەرگۆ پیرداود، شوان، ئازاد، یاسین، .... **5279**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1976–1980 – بەشی یەکەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – 1993. لاپەڕە : 167.

**1987-09-12** تیپی 87ی ینك و مەفرەزەیەکی شیوعی و سۆشیالیست، لەناو ئۆردوگای دارەتوو چەند خۆفرۆشێکیان بەدیلگرت. **6753**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: رۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1987-09-13** هێزی هاوبەشی مەڵبەندی بادینان هێرشیانکردە سەر بنکەی فەوجێك و دەستیان بەسەرداگرت، زیانی دوژمن بریتی بوو 143 دیل 8 ئاڕ بی جی و 15 چەکی جۆراوجۆری تر. **6778**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: رۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1987-09-13** ڕزگارکردنی شارۆچکەی کانی ماسی لەلایەن هێزەکانی پارتییەوە، لەم هێرشەدا 4 فەوجی دوژمن تێکشکا و 70 پایەگاش گیرا. **7363**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدك TV Kurdistan

**1987-09-14** تۆپخانەی ینك تۆپبارانی سەربازگەی سوسێی کرد و 2 تانك و تۆپێك و شۆڤڵێك تێکشکان. **6768**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1987-09-14** تیپەکانی 21, 23, 25 و 93ی ینك هێرشیانکردە سەر شارۆچکەی تەقتەق و دەستیان بەسەرداگرت. **6767**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1987-09-14** تیپی 87ی ینك چوونە ناو شاری موسڵ و پسپۆڕێکی ئیتالییان دەسگیرکرد. **6769**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1987-09-14** د.ق کیمیابارانی دۆڵی مێرگەپانی کرد. **6770**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1987-09-15** شکانی هێرشەکانی د.ق بۆسەر ناوچەی هیران. **6782**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1987-09-17** تیپی 21ی کەرکوکی ینك لەسەر جادەی شیوەسوور 10 جاشیان بەدیل گرت. **6761**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1987-09-17** تیپی 21ی کەرکوکی ینك لەسەر جادەی تەقتەق ڕێداردا دەستیانگرت بەسەر پایەگای گەڵەبیاندا. **6762**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1987-09-17** تا 18-09, هێرشی هێزەکانی لکی 1ی پدك بە هاوکاریی مەڵبەندی 4ی ینك بۆسەر شارۆچکەی کانی ماسی, لە ئەنجامدا دەستیانگرت بەسەر شارۆچکەکەدا و دەیان سەرباز و پیاوانی ڕژێم کوژران. **5280**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەرە : 212.

**1987-09-29** هەڵبژاردنی پەڕلەمان لە تورکیادا، کە پارتی دایکی نیشتمان، زۆرینەی بە دەست هێنا و تۆرگۆت ئۆزال بووە سەرۆك وەزیران. **5281**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی هۆڵندی: juli – druk Tweede– Koerdistan Dossier – Brussel van Instituut Koerdisch Brussel – 1991. لاپەڕە : 44.

**1987-10-16** د.ق 23 هاوڵاتیی شاری شەقڵاوای زیندەبەچاڵ کرد. **5282**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 2 – خولی شەشەم – ساڵی دەیەم – 25-06-1996 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 69.

**1987-10-20** کۆچی دوایی مامۆستای گۆرانیبێژ تایەر تۆفیق لە هەولێر. **57**

**1987-11-00** هێرشی هێزەکانی ینك بۆسەر نێوچەی مشراق کە کانی گۆگردی لێیە، لەو هێرشەدا زیانێکی زۆر بە دوژمن کەوت و بۆ یەکەمجار بوو کە پێشمەرگەی کورد بگاتە نێو قوڵایی ڕژێمەوە لە نێوچەی موسڵ، لەو هێرشەدا 11 پێشمەرگە شەهید بوون. **5284**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980-1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 213.

**1987-11-05** هێرشی هێزەکانی ینك بۆسەر پایەگاکانی نزیك گوندی کانی خانی نێوچەی سورداش، لەو هێرشەدا چەندین پێشمەرگە و سەرباز لە هەردوولا شەهید و کوژرا. **5285**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980-1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 216.

**1987-11-16** د.ق نێوچەکانی هەولێری بە بۆمبای ناپاڵم بۆمباران کرد، کە بووە هۆی شەهیدبوونی دەیان کەس کە 30 کەسیان ئافرەت بوون. **5286**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی هۆڵندی: de over Koerden en Irakezen ,Iraniers ؟voorbij oorloog de ,Irak Iran .1988 – Holland ,Rotterdam ,Irak – Iran Projektgroep .oorlog de van gevolgen en achtergronden لاپەڕە : 42.

**1987-11-18** ڕۆیشتنی جەلال تاڵەبانی بۆ ئەورووپا و وڵاتانی تر. **5287**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980-1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 212.

**1987-11-20** تا 22-11، هێرشی ئێران بۆسەر چیای گردەڕەشی نێوچەی ماوەتی نزیك سلێمانی. **5288**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980-1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 215.

**1988** دامەزراندنی کۆنگرەی نیشتمانیی کورد لە ئامریکا کەی. ئێن. سی. **5291**

**1988** دەرهێنانی نەوت لە خۆرئاوای.ك لەم ساڵەوە بە ڕێژەیەکی زۆر ئەنجام دەدرێت و د.س لە کڕیاری نەوتەوەی کردووەتە فرۆشیار. **5292**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 18.

**1988** بازاری ئەورووپای هاوبەش ڕەفزی ئەندامییەتیی د.ت, ی کرد. **5293**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 1 – خولی پێنجەم – 25-03-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 5.

**1988** دەرچوونی پەڕتووکێك لەسەر بزاڤی کوردی ئێران لە ساڵانی 918 – 1947دا, لەلایەن ئۆلگا ئیڤانۆڤنا ژیگالینا بە زمانی ڕووسی لە مۆسکۆ. **5294**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 1 – خولی پێنجەم – 25-03-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 30.

**1988** مۆرکردنی ڕێکەوتننامەیەکی هاوبەش لە نێوان ینك و پکك. **5295**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 2 – خولی شەشەم – ساڵی دەیەم – 25-06-1996 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 72.

**1988** دامەزراندنی یەکێتیی ڕۆشنبیرانی کورد, لە شاری تەبلیس. **5296**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: هەڤوت – گۆڤارا تەڤگەرا ڕەوشەنبیریيا کورد – ژ3 – سویسرا – ئاپریلی 1994. لاپەڕە : 5.

**1988** جیابوونەوەی دەستەیەك لە حیزبوڵڵای کورد و دامەزراندنی حیزبوڵڵای شۆڕشگێری کورد, بەسەرۆکایەتیی شێخ ئەدهەم بارزانی. **5297**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 12.

**1988** بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماجستەر لەسەر کۆمەڵی کوردەواری لە کوردستانی ئێران لەلایەن مامۆستا سەلاح هەورامییەوە. **5298**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەریدەکات – ژ8 و 9 – ژونی 1996 – بەریتانیا. لاپەڕە : 20.

**1988** بە هۆی ئەنفالەکانەوە و پاشەکشەی هێك لە نێوچەکانی باشووردا, قۆناغی ناومێدی لە باشووردا دەستی پێکرد کە تا ساڵی 91ی خایاند. **5290**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: هاوڕێ باخەوان – لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ڕاپەڕینەکەی بەهاری 1991ی باشووری کوردستان – چاپی یەکەم – هۆڵندا – 1994. لاپەڕە : 26.

**1988** دەسپێکردنی ئەنفالەکانی ڕژێمی ئێراق لە باشووری کوردستاندا, کە بووە هۆی شەهید و ونبوونی زێتر لە 200 هەزار مرۆڤی کورد و ڕووخانی 5000 گوند و 4 قەزا و 30 ناحیە, هەروەها 2500 مزگەوت و 100 کڵێساش ڕووخان. **5289**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1988-01-03** هاتنەوەی تەرمی 40 لاوی شاری سلێمانی کە لەلایەن د.ق لەسێدارەدرابوون. **6918**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1988-01-03** تیپەکانی 51 و 59ی ینك هەردوو بارەگای فەوجی 106 و 60ی ئۆردووگای قەڵخانلووی سەر جادەی قادرکەرەم و دووز یان گرت، کە لە ئەنجامدا پێشمەرگەیەك شەهید بوو. **6919**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1988-01-07** یەکێتی ئەورووپا، ئەمڕۆ لە برۆکسل گفتوگۆی لەسەر ڕەوی بەکۆمەڵی پەناهاندە کوردەکان کرد بۆ دەرەوەی تورکیا. ئەوەشی ڕاگەیاند کە هەر 15 وڵاتەکەی خۆرئاوای ئەورووپا پێویستە یەك دەنگ بن لەم کێشەیەدا. **6730**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1988-01-13** کۆچی دوایی نووسەر و هۆزانەوان میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی. نێوبراو خاوەنی دەیان پەرتووك و لێکۆڵینەوەیە. **7474**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی ینك Sat Kurd

**1988-02-09** زیندانییەکانی دیاربەکر, مانیان لە نانخواردن گرت. **5299**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی هۆڵندی: Koerdisch Instituut van Brussel – Koerdistan Dossier –Tweede druk – juli 1991 – Brussel. لاپەڕە : 49.

**1988-02-11** ڕاپۆرتی ساڵانەی ئامریکا, بۆ مافی مرۆڤ, دانی بەوەدانا, کە تورکیا مافی مرۆڤ پێشێل دەکات و بەتایبەتی هی کوردەکان. **5300**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی هۆڵندی: Koerdisch Instituut van Brussel – Koerdistan Dossier –Tweede druk – juli 1991 – Brussel. لاپەڕە : 49.

**1988-02-23** هێرشی د.ق لە چەندین لاوە بۆسەر دۆڵی جافەتی و بارەگای سەرکردایەتیی ینك, پاش شەڕێکی گەورەی درێژخایەنی چەند هەفتەیی هێك پاشەکشەی لە نێوچەکە کرد و ڕژێم گوندەکانی ئەو نێوچانەی هەموو تەخت کرد, ژمارەی شەهید و کوژراو لە هەردوولا گەلێك زۆر بوو. لەو هێرشەدا د.ق زێتر لە 100 فەوجی جاش و 36 لیوای سوپای بەکارهێنا. ئەم هێرشە نێونرا ئەنفالی یەك. **5301**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 221.

**1988-03-00** جەلال تاڵەبانی, لە ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسیدا ڕایگەیاند, کە سەددام تاوانباری جەنگە و ئێمە هەرگیز گفتوگۆی لەگەڵدا ناکەین. **5302**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: کوردنامە – عدد 23 – لندن – مایس 1993. لاپەڕە : 3.

**1988-03-12** سەردانی سەددام حوسەین بۆ شاری سلێمانی و لەوێوە سەرپەرشتیی هێرشەکەی دۆڵی جافەتیی کرد. **5303**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 225.

**1988-03-12** ئەمڕۆ و سبەینێ 13-03، هێزەکانی ینک، پدك و حسك، هێرشیانکردە سەر شاری هەڵەبجە و ڕزگاریانکرد. **5304**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 225.

**1988-03-14** د.ق لە هێرشەکەیدا بۆسەر دۆڵی جافەتی پێشڕەویی زۆری کرد و چەندین لووتکەی گرنگی داگیر کرد و گەیشتە نزیك بەرگەڵو. **5305**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 225.

**1988-03-16** بۆردوومانکردنی شارۆچکەی هەڵەبجە لەلایەن ڕژێمی ئێراقەوە بە گازی ژەهراوی کە نزیکەی 15.000 کوردی شەهید و بریندار و پەڕاگەندەی ئەودیو سنوور کرد. **5306**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1988-03-17** گواستنەوەی بارەگای سەرکردایەتیی ینك بۆ ئەودیو سنوور، بە هۆی هێرشی د.ق بۆسەر نێوچەکانی دۆڵی جافەتی، ئەو نێوچانەی کە سەرکردایەتیی ینك، لە ساڵی 1976 ەوە لێبوو ئەمانەن: بناری قەندیل، خواکورك، نۆکان، باڵەیان، دۆڵەنێ، دەراوی گورگان، دەراوی گوێزێ، خری ناوزەنگ، باوەزێ، خەتێ، سورداش، مەرگە، جافەتی، دیسان قاسمە ڕەش و زەڵێ. **5308**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 218.

**1988-03-17** کشانەوەی هێزەکانی ینك لە دۆڵی جافەتی و دوژمن بە تەواوی دەستی گرت بەسەر نێوچەکەدا. **5307**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 227.

**1988-03-18** پاش 25 ڕۆژ شەڕ، دوژمن دۆڵی جافەتیی گرت و ئەمڕۆ بەیانی گرتنەوەی بڵاوکردەوە و ئەو هێرشەشی نێونا ئەنفال. **5309**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 227.

**1988-03-20** هێرشی د.ق بۆسەر نێوچەی قەراخی نزیك سلێمانی, کە هێرشەکە 12 ڕۆژی خایاند و ڕژێم چەکی کیمیاویی لە دژی خەڵکی نێوچەکە و هێك بەکارهێنا, ناچار خەڵك و هێك نێوچەکەیان چۆڵکرد و جارێکی تر داگیرکرایەوە. ئەم هێرشە نێونرا ئەنفالی دوو. **5310**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەرە : 232.

**1988-03-27** هێزێکی ینك هێرشی کردە سەر گوندی بە عارەبکراوی مەچلوبەی نێوچەی هەولێر, لە ئەنجامدا دەیان ژن و منداڵ و پیاوی گوندەکەیان کوشت. **5311**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەرە : 229.

**1988-04-00** د.ق لە چەندین لاوە هێرشی کردە سەر نێوچەی گەرمیان و ئەنفالی کردن. لەو هێرشەدا سەدان گوندی سووتان و زێتر لە 100 هەزاری خەڵکی نێوچەکەی سەرەونگوون کرد, ئەمە جگە لە تاڵانکردنی تەواوی موڵك و ماڵەکانی جووتیارانی کورد و هەرزان فرۆشکردنی بە نێوچە عارەب نشینەکان. ئەم هێرشە نێونرا ئەنفالی سێ. **5312**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەرە : 233.

**1988-04-02** د.ق ڕایگەیاند: کە نێوچەی قەراخی نزیك سلێمانیی لە هێك سەندووەتەوە. **5313**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەرە : 232.

**1988-04-17** هێرشی ئێراق بۆسەر نێوچەی فاوی ڕۆژهەڵاتی بەسرە, کە ئێران لەوەوبەر داگیری کردبوو, لەو هێرشەدا سوپای ئێراقی فاوی لە دەست ئێرانییەکان سەندەوە. هێرشەکە چەند ڕۆژێکی خایاند. **5314**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەرە : 233.

**1988-05-07** دامەزراندنی بەرەی کوردستانی لە باشووری.ك, کە پێك هاتبوو لەم پارتانە: پارتی دیموکراتی کوردستان, یەکێتی نیشتمانی کوردستان, حیزبی شیوعی ئێراقی – هەرێمی کوردستان, پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان و پارتی سۆسیالیستی کورد – پاسۆك و پاش ماوەیەکیش حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستانیش بووە ئەندام تێیدا. **5315**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەرە : 206.

**1988-05-13** د.ق هەموو گوندەکانی نێوچەی کەرکوك, قەڵا سێوکە, شوان, شێخ بزێنی و ساڵەیی تەخت کرد, هێك هەندێ شەڕی تێدا کرد, بەڵام دوژمن بە خەستی چەکی کیمیایی لە گوندی گۆپتەپە بەکارهێنا و بووە هۆی کوشتنی زێتر لە 100 هاووڵاتی و چەند پێشمەرگە. بە ناچاری

پێشمەرگەکانیش نێوچەکەیان چۆڵکرد. هەر لە هەمان کات دوژمن هێرشی کردە سەر نێوچەی دەشتی کۆیە و دەشتی هەولێر, زێتر لە 100 گوندی بە چەند ڕۆژ تەخت کرد و چەند جارێك چەکی کیمیایی بەکارهێنا. بەم جۆرە هەموو نێوچەکانی گەرمیان, قەراخ, دۆڵی جافەتی, مەرگە, شارباژێر, سەفرە و زەروون, سورداش, چەمی ڕێزان, قەڵا سێوکە, ساڵەیی شوان, شێخ بزێنی, دەشتی کۆیە و دەشتی هەولێر کەوتەوە دەست د.ق و هیك یش پاشەکشەی کرد. هەموو ئەو هێرشانەی دوژمن نێونرا ئەنفالی چوار. **5316**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 233.

**1988-05-15** تا 26–08: ڕوودانی ئەنفالەکانی 5, 6 و 7 لەلایەن د.ق. **6752**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1988-05-20** هێرشی ڕژێمی ئێراقی بۆسەر مەڵبەندی سێی ینك و نێوچە ڕزگارکراوەکانی پێشمەرگە لە باشوور. **5317**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 234.

سەرچاوەی 2: ڕادیۆی کوردی: دەنگی گەلی کوردستان ، ڕادیۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

**1988-05-23** نەتەوە یەکگرتووەکان, دانیشتێنکی لەسەر مەسەلەی ونبوونی 8 هەزار بارزانیی لە ساڵی 83دا بەست, نوێنەری بارزانییەکان جەواد مەلا بوو. ئەو دانیشتنەی نەتەوە یەکگرتووەکان بووە هۆی ئەوەی کە ئێراق بخاتە نێو لیستی ئەو دەوڵەتانەی کە مافی مرۆڤ پێشێل دەکەن, جەواد مەلا داوای لە پارتی کرد, تاوەکو زانیاریی تەواوی دەربارەی ئەو بارزانییانە وەربگرێت, بەڵام پارتی زۆر گوێی بە مەسەلەکە نەدا. **5318**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: جمال نبز – تصریحات هامە للمفکر الکردی جمال نبز – المقدمە بقلم جواد ملا – من منشورات کوردنامە – لندن – 1996. لاپەڕە : 10.

**1988-06-10** نزیکەی 8 پارت و ڕێکخراوی باکووری.ك, بەرەیەکیان بە نێوی تەڤگەڕەوە پێکهێنا. **5319**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی هۆڵەندی: juli – druk Tweede– Koerdistan Dossier – Brussel van Instituut Koerdisch Brussel – 1991. لاپەڕە : 5.

**1988-06-24** جەلال تاڵەبانی لە گۆڤاری ئەلوەتەن ئەلعەرەبیدا ڕایگەیاند, کە ئێراقی نییە, بەڵکو کوردە و وڵاتەکەشی کوردستانە. **5320**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: کوردنامە – عدد 23 – لندن – مایس 1993. لاپەڕە : 4.

**1988-07-19** ئێران بە ڕەسمی دانینا بە بڕیاری 598ی ئەنجوومەنی ئاسایشدا و بەو شێوەیە بۆ ڕۆژی دوایی جەنگی ئێراق – ئێران وەستا, خومەینی بەو بۆنەیەوە وتارێکی بۆ ئێرانییەکان خوێندەوە و گووتی وادەزانم کە یەك پیاڵە ژەهر دەخۆمەوە. **5321**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1988-07-25 بەستنی کۆبوونەوەیەکی فراوانی هەموو سەرتیپ و ڕابەر سیاسی و لێپرسراوی ڕێکخستن و کادیرە پێشکەوتووەکانی ینك لە مەڵبەندی 3, لەو کۆبوونەوەیەدا گفتوگۆ لەسەر نامەیەکی ئاڕاستەکراوی نەوشیروان مستەفا بۆ کۆبوونەوەکە کرا, نامەکە دەربارەی ئەوەبوو کە شەڕی بەرەیی زیانی زۆری بۆ هپك تێدایە و پێویستە لەمەودوا شەڕی پارتیزانی بکرێت. **5322**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 236.

1988-08-00 بەهۆی هێرشەکانی د.ق, بۆسەر باشووری.ك, بە تایبەتی نێوچەی بادینان, هەزاران پەناهاندەی کورد کۆچیان بۆ باکووری.ك کرد, کە ژمارەیان خۆیی لە 80 هەزار دەدا. **5323**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی هۆڵندی: juli – druk Tweede– Koerdistan Dossier – Brussel van Instituut Koerdisch Brussel – 1991. لاپەڕە : 52.

1988-08-08 وەستانی جەنگی هەشت ساڵەی ئێراق و ئێران. **5324**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1988-08-20 ئەمڕۆ بە ڕەسمی ئاگر بەستی نێوان ئێراق و ئێران جێبەجێ کرا. **5325**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 237.

1988-08-25 بەکارهێنانی گازی کیمیاوی لە دژی دێهاتییەکانی بادینان. **5327**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: سەربەخۆیی – ئۆرگانی نێوەندی پارتی سۆشیالیستی کورد, پاسۆك – ژ21 و 22 – فیبریوەری و مارتی 1990. لاپەڕە : 22.

1988-08-25 کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی ئێران و ئێراق عەلی ئەکبەر ویلایەتی و تاریق عەزیز لە نیویۆرك, بە سەرپەرشتیی سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان, خافێر پێرێز دیکویلار. **5326**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 237.

1988-08-26 بۆردومانکردنی نێوچەی هیران بەگازی کیمیاوی, کە بووە هۆی بریندار کردنی شەهید هاشم شەمامکی. **5328**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 240.

1988-08-28 هێرشی سەرانسەریی د.ق بۆسەر باشوور, لە ئەنجامی ڕژاندنی گازی کیمیاوی بەسەر نێوچەکانی بادینان و بالیساندا, خەڵکێکی زۆر شەهید و ئاوارەبوون. **5329**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 241.

**1988-09-14** د.ق لە ناوچەی زرارەتی چەند گوند و باخێکیان وێرانکرد. **6771**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1988-09-15** د.ق ئاگاداری گوندەکانی قەرەگۆل, زەرایەن و بێستانسووری کرد بۆ ڕاگواستن. ئەم گوندانە سەربە شارۆچکەی عەربەت بوون. **6783**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1988-10-00** سووتاندنی قەیسەریی نەقیب, لە شاری سلێمانی لەلایەن د.ق, هەروەها ڕیزە دوکانێکیشیان بەدەمییەوە تەخت کرد, ئەو بازارە لە کۆتایی سەدەی ڕابردووەوە لەلایەن وەستا هەسەنی فاتمە غەزاییەوە بۆ شێخ موستەفای نەقیبی مامی شێخ مەحموود دروستکراوە. **5330**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بلاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 14.

**1988-10-31** هێرشی د.ق بۆسەر پاشماوەی هپك لە نێوچەی هەولێر. **5331**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 249.

**1988-11-01** کۆچی دوایی ئەفسەر و تێکۆشەری کورد میر حاجی ئەحمەد لە بەغداد, پاشان تەرمەکەیان بردەوە بۆ شاری ئاکرێ لە باشووری کوردستان. **5332**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: الدکتور عبدالستار گاهر شریف – الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیه فی نصف قرن 1908 – 1958 – الگبعه الاولی – شرکه المعرفه للنشر و التوزیع – بغداد 1989. لاپەڕە : 100.

**1988-12-02** هێرشی د.ق بۆسەر نێوچەی بەڕانەتی و سووتاندنی گوندەکانی زێبارۆك, ڕزگە و سەرکەند. **5333**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 251.

**1988-12-02** هێرشی د.ق بۆسەر ناوچەی بەڕانەتی و ڕووخاندنی 3 گوند و ئاوارەبوونی خەڵکەکانی. **7429**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدك TV Kurdistan

**1989** دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری ژنا کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان. **7947**

سەرچاوەی 1: بەیان و بلاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952–2002 – نوسینی ڕێناس نەورۆزی – برۆکسل.

**1989** دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری رزگارکرنا ژن لە شاری کۆڵنی ئەڵمانیا. **7946**

سەرچاوەی 1: بەیان و بلاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952–2002 – نوسینی ڕێناس نەورۆزی – برۆکسل.

**1989** دەرچوونی پەرتووکێك لەسەر مێژووی چلەکانی کورد لەلایەن گۆنای ئاسلانەوە, کە باسی کارەساتێکی سالّی چلەکان دەکات کە 33 کوردی تێدا کوژراوە, د.ت, نووسەری پەرتووکەکە زیندانی دەکات. **5334**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مامۆستای کورد – ژمارە 22 – سوید – هاوینی 1994. لاپەرە : 6.

**1989** بەکارهێنانی گازی کیمیاوی لە دژی پێشمەرگەکانی باکوور, لەلایەن د.ت. **5335**

سەرچاوەی 1: رۆژنامەی عەرەبی: الاستقلال – الحزب الاسلامی الكردستانی – العدد 13 – ئەب 1996. لاپەرە : 5.

**1989** پێکهاتنی لیژنەیەکی جیهانی بۆ بەرگریکردن لە گەلی کوردستان لە ئەوروپا. **5336**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: م. گوران – هێزە بزوێنەرەکانی پرۆسە شۆرشگێرییەکەی ئێستای جیهان و مەسەلەی گەلی کوردستان – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆلم – 1990. لاپەرە : 48.

**1989** کۆچی هۆزانەوان عەلی هەسەنیانی – هاوار, بۆ هەندەران و لە ولاتی دانیمارك گیرسایەوە. **5337**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەلّبەند – بلاوکراوەیەکی مانگانەی رۆشنبیریی گشتییە – ژ79 – لەندەن – مارتی 1997. لاپەرە : 15.

**1989-01-25** کۆچی دوایی هۆزانەوانی کورد موزەفەر سلێمان شەریف, بە نەخۆشیی شێرپەنجەی گەروو, لە هەولێر. **5338**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: بینایی – گۆڤارێکی کولتووری کۆمەلایەتییە, بنکەی رۆشنبیری و کۆمەلایەتی کورد لە ئەلمیرە دەریدەکات – ژ2 – هۆلندا – زستانی 1996. لاپەرە : 12.

**1989-01-26** گیرانی تاوانبار فرانس فان ئانراتی لە شاری میلانۆی ئیتالیا, نێوبراو یەکێك بووە لەو هۆلندییانەی کە لە سالانی هەشتاکاندا هەزاران تۆن گازی کیمیاویی بە سەددام فرۆشتووە. بەلام پاش ماوەیەك ئازاد کرا و روویکردە ئێراق. **8643**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەنالەکانی راگەیاندن

**1989-03-02** هێرشی د.ق بۆسەر پاشماوەی هپك لە نێوچەی هەولێر. **5339**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: رێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەرە : 252.

**1989-03-05** کوژرانی خۆفرۆش سەلاح شینە بە هۆی شەرێکی نێوخۆ لە نێو جاشەکاندا, نێوبراو کاتی خۆی فەرماندەی تیپی 12 سۆرانی سەربە ینك بوو, پاشان چووەوە نێو داگیرکەر و لەو ماوەیەدا دەیان پێشمەرگەی شەهید کرد. **5340**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: رێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەرە : 253.

**1989-03-19** کۆچی دوایی ئازاد مستەفای سکرتێری پاسۆك, بە نەخۆشیی شێرپەنجە لە سوید. **5341**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەنالەکانی راگەیاندن

**1989-05-01** ڕێکخراوی پەناهاندەی جیهانی، بڕیارێکی لە دژی ئاوارە کوردەکانی پاکستان دەرکرد، کە بەپێی ئەو بڕیارە، هیچ ئاوارەیەکی کورد نادات بەو وڵاتانەی کە پەنابەر وەردەگرن. **5342**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: خەرمانە – گۆڤارێکی وەرزیی ئەدەبیی ڕۆشنبیرییە – ژ8 – سوید – 1993. لاپەڕە : 8.

**1989-06-04** مردنی ئایەتوڵڵا خومەینیی ڕابەری شیعەکانی ئێران. **5343**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1989-06-25** ڕاگوازتنی شارۆچکەی قەڵادزێ و نێوچەی پشدەری باشوور لەلایەن ڕژێمی ئێڕاقەوە بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان. **5344**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1989-07-00** گفتوگۆی حدکا، لەگەڵ د.ا. **5345**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1989-07-13** شەهیدکردنی دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوی سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری ڤیەننای پایەختی نەمسا، بەدەستی مەلاکانی ئێران. **5346**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1989-08-19** 08-20، بەستنی یەکەمین کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، لە لەندەن. **5347**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: کوردنامە – عدد 23 – لندن – مایس 1993. لاپەڕە : 3.

**1989-08-21** بەستنی کۆنفرانسی یەکگرتنی 6 ڕێکخراوی خوێندکاریی کوردستانی لە ئەورووپا، لە شاری بەرلین. **5348**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: یەکگرتن – گۆڤارێکی ڕۆشنبیری تیۆرییە – بنکەی ڕۆشنبیریی یەکگرتن بڵاویدەکاتەوە – ژ12 – هاوینی 1990. لاپەڕە : 41.

**1989-09-14** کشانەوەی دوا پێشمەرگەی ینك لە باشووری کوردستان. **5349**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 265.

**1989-09-16** دامەزراندنی لیژنەی هاریکاری کوردە ئاوارەکان لە هۆڵەندا، بۆ یارمەتیدانی کوردە ئاوارەکانی باشوور لە باکووری کوردستان. **5350**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: میدیا – یانەی کوردی لە ئەمستەردام (میدیا) – ژ6 – ژوڵایی 1992 – هۆڵندا. لاپەڕە : 8.

**1989-09-17** هێرشی گەورەی د.ق بۆسەر چیاکانی چەکوچ و سارد. **6763**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1989-10-14** بەستنی کۆنگرەیەکی جیهانی لە پاریس, بۆ بەرگریکردن لە کورد کە نزیکەی 200 نوێنەر بەشدارییان تێدا کرد. **5351**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: م. گۆران – هێزە بزوێنەرەکانی پرۆسە شۆڕشگێڕییەکەی ئێستای جیهان و مەسەلەی گەلی کوردستان – چاپخانەی سارا – ستۆکهۆلم – 1990. لاپەڕە : 49.

**1989-11-28** نەتەوە یەکگرتووەکان, بڕیاریدا, کە چیدی ئاوارەی کورد لە تورکیادا وەرنەگرێت بە پەناهاندە. **5352**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: سەربەخۆیی – ئۆرگانی نێوەندی پارتی سۆشیالیستی کورد, پاسۆک – ژ21 و 22 – فیبریوەری و مارتی 1990. لاپەڕە : 13.

**1989-12-02** بەستنی کۆنگرەی دەیەمی پدك, لە مەرگەوەڕی خۆرهەڵاتی.ك. **5353**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: فرەنسۆ هەریری – بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی نەنووسرێ – پرسیار و وەڵام – لە بڵاوکراوەکانی پدك – هاوینەهەواری پیرمام – هەولێر – 1995. لاپەڕە : 147.

**1989-12-30** یاریکردنی شانۆیی بەرئاگردان لەسەر شانۆی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی دەرهێنانی فاروق مەحمود و نواندنی پەرژین عەبدولڕەحمان, جەعفەر سابیر, هیوا عەونی, تەلار محەمەد و بەکر مەجید. **8861**

سەرچاوەی 1: تۆماری جەماوەر: کاك دلێر محەمەد تاهیر لە سوید

**1989-12-31** کۆچی دوایی د. خەسرەو مستەفا خاڵ لە شاری دیمەشق بەنەخۆشی. نێوبراو ئەندامێکی بەرزی ینك بوو. **8789**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ – 31-12-2004. لاپەڕە : 5.

**1990** کۆتایی ئەم ساڵ: ڕێکخراوی تێکۆشین و حزك, ویستیان یەکبگرن, بەڵام سەرکەوتوو نەبوون. **5358**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منقمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الٱنسان فی کردستان العراق منژ 1991 – الگبعە الآولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 12.

**1990** دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری تەواو لە شاری سەقز. **7948**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952-2002 – نوسینی ڕێناس نەورۆزی – برۆکسل.

**1990** هونەرمەند حسێن عەلی بەهۆی نەخۆشییەوە هەردوو چاوی لەدەستدا و ڕۆژ بە ڕۆژ باری تەندروستیی خراپتر دەبوو. **8144**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی ینك Sat Kurd

**1990** دەرچوونی گۆڤاری نووسەر لە سوید, کە ئۆرگانی یەکێتی نووسەرانی کوردە لە سوید. **5356**

**1990** دروستکردنی فلیمێکی مێژوویی دەربارەی کورد لە سەرەتای مێژووەوە تاکو ساڵی 988, لەلایەن هونەرکار حوسەین سێودینەوە و بە یارمەتیی یانەی میدیا لە ئەمستەردام, فلیمەکە نێوی فرۆشرا و خیانەتی لێکرایە. **5357**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: میدیا – یانەی کوردی لە ئەمستەردام (میدیا) – ژ6 – ژولایی 1992 – هۆڵندا. لاپەڕە : 11.

**1990** مارف عومەر گوڵ, ماجستێری لە زانکۆی کییڤ, لەسەر ئامرازە یاساییەکانی نێودەوڵەتان لەبەربەندکردنی تاوانی جینۆسایدا وەرگرت, کە تایبەتە بە جینۆسایدی گەلی کوردەوە. **5359**

سەرچاوەی 1: رۆژنامەی عەرەبی: الحیاه – 28-1-1997. لاپەڕە : 8.

**1990** پارتی دیموکراتی کورد لە لوبنان قەدەغەی چالاکییەکانی کرا. **5354**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1990** بەستنی کۆنگرەی باڵای عارەبی لە بەغداد, سەددام لەو کۆنگرەیەدا هەڕەشەی لە کوەیت کرد. **5355**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: هاوڕێ باخەوان – لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ڕاپەڕینەکەی بەهاری 1991ی باشووری کوردستان – چاپی یەکەم – هۆڵندا – 1994. لاپەڕە : 23.

**1990-01-00** سەردانی دوو ئەندامی سەرکردایەتیی پکك, بۆ قوبروس. **5360**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: سەربەخۆیی – ئۆرگانی نێوەندی پارتی سۆشیالیستی کورد, پاسۆك – ژ21 و 22 – فیبریوەری و مارتی 1990. لاپەڕە : 12.

**1990-01-10** گیرانی ڕۆژنامەنووسی ئەڵمانی خاتوو هێلا شلومبیرگەر, لە یەکێك لە هۆتێلەکانی شاری سیرت, بە تاوانی ئەوەی کە گووتوویەتی, چۆن دەوڵەتی تورکی هەیە, با کوردستانیش هەمان ماف ببێت. **5361**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: سەربەخۆیی – ئۆرگانی نێوەندی پارتی سۆشیالیستی کورد, پاسۆك – ژ21 و 22 – فیبریوەری و مارتی 1990. لاپەڕە : 3.

**1990-01-11** پاش داوەریکردنی ڕۆژنامەنووسی ئەڵمانی خاتوو هێلا شلومبیرگەر, د.ت, گواستیەوە بۆ زیندانی دیاربەکر. **5362**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: سەربەخۆیی – ئۆرگانی نێوەندی پارتی سۆشیالیستی کورد, پاسۆك – ژ21 و 22 – فیبریوەری و مارتی 1990. لاپەڕە : 3.

**1990-01-12** وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا گیشنەر, بە توندی داوای بەردانی هێلا شلومبیرگەری لە د.ت, کرد. **5363**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: سەربەخۆیی – ئۆرگانی نێوەندی پارتی سۆشیالیستی کورد, پاسۆك – ژ21 و 22 – فیبریوەری و مارتی 1990. لاپەڕە : 3.

**1990-01-13** د.ت, بۆ ماوەی مانگێك ئاوی فوراتی لە سووریا و ئێراق گرتەوە, تاوەکو بەستی ئەتاتورکی پێ پڕبکاتەوە, ئەمەش بووە هۆی ناخۆشییەکی گەورەی دیپلۆماسی لە نێوان د.ت و د.س. **5364**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: هه فوت – مجله کردیه مستقله تصدر دوریا – العدد 11 – سویسرا – سبتمبر 1996. لاپەڕە : 5.

سەرچاوەی 2: گۆڤاری کوردی: سەربەخۆیی – ئۆرگانی نێوەندی پارتی سۆشیالیستی کورد, پاسۆك – ژ21 و 22 – فیبریوەری و مارتی 1990. لاپەڕە : 2.

**1990-02-03** بەرەی کوردستانی و ئۆپۆزیسیۆنی ئێراقی, بانگەوازێکیان بۆ ڕای گشتیی عارەب و جیهانی دەرکرد, تاوەکو تاوانی لە نێوبردنی گەلی کورد ڕابگیرێت. **5365**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: سەربەخۆیی – ئۆرگانی نێوەندی پارتی سۆشیالیستی کورد, پاسۆك – ژ21 و 22 – فیبریوەری و مارتی 1990. لاپەڕە : 11.

**1990-02-07** بەرەی کوردستانی, بەیانێکی بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەرکرد, تاوەکو یارمەتیی ئەو پەناهاندانەی ئۆردوگای دیاربەکر بدەن, کە د.ق, بە گازی کیمیاوی کەنەفت و بریندراری کردوون. **5366**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: سەربەخۆیی – ئۆرگانی نێوەندی پارتی سۆشیالیستی کورد, پاسۆك – ژ21 و 22 – فیبریوەری و مارتی 1990. لاپەڕە : 22.

**1990-03-00** تا مانگی 6, د.ق بڕیاری لێخۆشبوونی دەرکرد. **5367**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1990-03-00** دەرچوونی ژ.18ی ڕۆژنامەی بەرەی کوردستانی, کە تێیدا عەلی بچکۆل – باوکی کارا وتارێکی دەربارەی ڕەفتاری خراپی لێپرسراو و پێشمەرگە لەگەڵ جەماوەری کوردستاندا بڵاوکردەوە, بەهۆی ئەو وتارەوە عەلی بچکۆل لە یەکێتی دەرکرا و درایە دادگای بەرزی شۆڕش بە تاوانی خیانەتی گەورە. **5368**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: فرەنسۆ هەریری – بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی نەنووسرێ – پرسیار و وەڵام – لە بڵاوکراوەکانی پدك – هاوینەهەواری پیرمام – هەولێر – 1995. لاپەڕە : 91.

**1990-03-08** تا 09-03, کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی ڕامیاریی بەرەی کوردستانی, بە ئامادەبوونی هەموو نوێنەرەکانی, کە لە بارودۆخی کوردستان کۆڵینەوە. **5369**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: سەربەخۆیی – ئۆرگانی نێوەندی پارتی سۆشیالیستی کورد, پاسۆك – ژ21 و 22 – فیبریوەری و مارتی 1990. لاپەڕە : 1.

**1990-05-00** بەستنی کۆنفرانسی نیشتمانیی دووەمی پکك. **5370**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: عبدالله اوجلان – التقریر السیاسی – منشورات: حزب العمال الکردستانی – 15-11-1991. لاپەڕە : 364.

**1990-06-07** دامەزراندنی پارتی ڕەنجدەرانی گەل – هەپ لە باکوور, بەسەرکردایەتیی فەهمی شقیلاز. **5371**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 1 – خولی پێنجەم – 25-03-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 3.

**1990-06-25** تا 26-06، بەستنی کۆنفرانسی گشتیی کورد لە یەکێتی سۆڤیەت، لەلایەن 400 کوردەوە لە شاری مۆسکۆ، لە ژێر دروشمی کوردی سۆڤیەت و مێژوو و سەردەمی نوێ. لەو کۆنفرانسەدا باسی بارودۆخی کوردی سۆڤیەت کرا و نوێنەرانی 14 ڕێکخراوی ڕامیاری و کولتووریی کوردی لە کوردستان و ئەوروپاوە ئامادە بوون. کۆنفرانسەکە نامەیەکی ئاڕاستەی گۆرباتشۆڤ کرد، کە ڕەخنەی لە بێدەنگیی سۆڤیەت گرت بەرامبەر چەوساندنەوەی مرۆڤی کورد لە کوردستان، هەروەها داوای ئۆتۆنۆمییان بۆ کوردستانی سوور کرد. **5372**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: میدیا – یانەی کوردی لە ئەمستەردام (میدیا) – ژ1 – ژەنیوەریی 1991 – هۆلندا. لاپەڕە : 9.

**1990-07-00** نێوەڕاستی ئەم مانگە: کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەت، کۆنفرانسێکی فراوانیان لە شاری مۆسکۆ ڕێکخست، تاوەکو ماف ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکانی ئەوێ بەدەست بهێننەوە و هەوڵی بوژاندنەوەی کولتووری کورد بدەن. **5373**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: یەکگرتن – گۆڤارێکی ڕۆشنبیری تیۆرییە – بنکەی ڕۆشنبیریی یەکگرتن بلاویدەکاتەوە – ژ12 – هاوینی 1990. لاپەڕە : 247.

**1990-08-02** داگیرکردنی کوەیت لەلایەن ئێراقەوە، کە بەهۆیەوە جەنگی کەنداوی دووەم هەڵگیرسا. **5374**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1990-08-20** دەرکردنی بانگەوازێك لەلایەن د. جەمال نەبەزەوە، بەنێوی بانگەوازێکی دڵپاکانە بۆ هەموو کوردێکی بەتەنگەوەهاتوو، تاوەکو شەڕی ئێراق و هاوپەیمانان بەهۆی کێشەی کوەیتەوە، نەکرێتە شەڕی کورد. **5375**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: یەکگرتن – گۆڤارێکی ڕۆشنبیری تیۆرییە – بنکەی ڕۆشنبیریی یەکگرتن بلاویدەکاتەوە – ژ12 – هاوینی 1990. لاپەڕە : 28.

**1990-08-28** تا 30-08، تیپی شانۆی کۆمەڵەی کورد لە سوید، شانۆگەریی مەلولی پێشکەشکرد. **5376**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: یەکگرتن – گۆڤارێکی ڕۆشنبیری تیۆرییە – بنکەی ڕۆشنبیریی یەکگرتن بلاویدەکاتەوە – ژ12 – هاوینی 1990. لاپەڕە : 254.

**1990-09-00** دامەزراندنی ڕێکخراوی گەلان و نەتەوە بێ نوێنەرەکان لە دەزگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری تارتۆی کۆماری ئیستونیا. **5377**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: میدیا – یانەی کوردی لە ئەمستەردام (میدیا) – ژ4 و 5 – مارتی 1992 – هۆلندا. لاپەڕە : 7.

**1990-09-02** بۆیەکمجار لە مێژووی موزیکی کوردیدا, لە هۆڵی ئالتە ئۆپەری شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیا, سەمفۆنیای هەڵەبجە, لەلایەن هونەرکاری کورد ئیقبال حاجییەوە پێشکەشکرا, شایانی باسە پتر لە 2500 کورد و ئەوروپی بەشداریی تێدا کرد. **5378**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: یەکگرتن – گۆڤارێکی ڕۆشنبیری تیۆرییە – بنکەی ڕۆشنبیریی یەکگرتن بڵاویدەکاتەوە – ژ12 – هاوینی 1990. لاپەڕە : 250.

**1990-10-03** تا 08-10, بۆیەکەمجار لە مێژوودا, کورد بە 300 پەڕتووک, لە پیشانگای جیهانی پەڕتووک لە فرانکفۆرتدا بەشداریی کرد. **5379**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: یەکگرتن – گۆڤارێکی ڕۆشنبیری تیۆرییە – بنکەی ڕۆشنبیریی یەکگرتن بڵاویدەکاتەوە – ژ12 – هاوینی 1990. لاپەڕە : 252.

**1990-12-00** پکك, داوای لە پدك و ینك کرد کە کۆنگرەیەکی نەتەوەیی بە هەر سێ لا بگرن. **5380**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 2 – خولی شەشەم – ساڵی دەیەم – 25-06-1996 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 72.

**1990-12-10** ئاوارە کوردەکانی پاکستان, بە مەبەستی چاکردنی باری ژیانیان و کۆچپێکردنیان, خۆپیشاندانێکی ئاشتییانەیان لە بەردەم بارەگای ڕێکخراوی جیهانیی پەناهاندەکان سازکرد, کارمەندانی ئەو بارەگایە نەك هەر وەڵامیان نەدانەوە, بەڵکو لەگەڵ پۆلیسی پاکستانیدا کەوتنە بڵاوە پێکردنیان, لە ئەنجامدا 88 کەسیان بۆ ماوەی 6 ڕۆژ لێ گرتن. **5381**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: خەرمانە – گۆڤارێکی وەرزیی ئەدەبیی ڕۆشنبیرییە – ژ8 – سوید – 1993. لاپەڕە : 8.

سەرچاوەی 2: گۆڤاری کوردی: میدیا – یانەی کوردی لە ئەمستەردام (میدیا) – ژ3 – ژولایی 1991 – هۆلندا. لاپەڕە : 7.

**1990-12-25** لەمڕۆوە تا 13-21, بەستنی کۆنگرەی نیشتمانیی چوارەمی پکك. **5382**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: عبدالله اوجلان – التقریر السیاسی – منشورات: حزب العمال الكردستانی – 15-11-1991.

**1991** دامەزراندنی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان. **5388**

**1991** تا 993, 575 ئافرەت لە شاری هەولێردا کوژراوە. **5393**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: الفدراسیون – نشره الفدراسیون العام لمجالس و المهاجرین العراقیین – العدد 10 – كانون الپانی – 1996. لاپەڕە : 13.

**1991** پکك بنکەیەکی لە نێوچەی گەلی پس ئاغا لە باشووری.ك دامەزراند. **5401**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الفاتح – صوت الشعب المسلح – لیبیا – العدد 159 – 27-1-1997. لاپەڕە : 2.

**1991** ڕژێمی لوبنانی تەواوی بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کورد لە لوبنانی داخست و هەرچی پەڕتووك و کەرەستەی ئەو بارەگایانە هەبوو, دەستی بەسەرداگرت, ئەمە جگە لەوەی کە چەند ئەندامێکیشی بە تاوانی ناڕامیاری خستە بەندیخانەوە. **5400**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: صوت الأكراد – لسان حال الحزب الدیمقراگی الكردی ڤ لبنان "البارتی" – نصف شهریه – العدد 26 – لندن – 10-2-1997. لاپەڕە : 1.

1991 دامەزرانی ڕێکخراوی هاوپشتی کوردستان, لەلایەن چەند کرێکارێکی کوردەوە لە سوید, ئەم ڕێکخراوە لەم ساڵەدا دوو قوتابخانەی لە گوندی چنگیان و شاری هەڵەبجەدا دروستکرد و جگە لە چەند کارێکی تر هەر لەم ساڵەدا و لە ساڵانی دواتر. **5399**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەریدەکات – ژ8 و 9 – ژونی 1996 – بەریتانیا. لاپەرە : 12.

1991 کۆچی دوایی هۆزانەوان و وەرگێری مەزنی کورد هەژار موکریانی, لە شاری مەهاباد. **5398**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: زمان و ئەدەبی کوردی, بۆ پۆلی سێیەمی نێوەندی – هەرێمی کوردستانی ئێراق, وەزارەتی پەروەردە, چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە – 1993 – 1994. لاپەرە : 5.

1991 بڵاوکردنەوەی پەرتووکی کوردستانی خوارووی ڕۆژهەڵات لەلایەن ئیڤگێنی ئیلینچنا ڤاسیلێیڤا, بە زمانی ڕووسی لە مۆسکۆ, کە کورتەیەکی مێژووی میرنشینەکانی ئەردەڵان و بابانە لە سەدەی 17م تا سەدەی 19م. **5397**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: م. س. لازاریف – کێشەی کورد, 1896 – 1917 – د. کاوس قەفتان, لە ڕووسییەوە کردوویە بە کوردی و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە – بەشی یەکەم – چاپخانەی ئەلجاحیز – بەغداد – 1989. لاپەرە : 156.

1991 تا ساڵی 2001: بەپێی ڕاپۆرتێك کە ڕۆژنامەی هۆڵەندی Mitro بڵاویکردەوە, لە ماوەی ئەم 10 ساڵەدا تەنها لە گوندی قامیشی نزیك ماوەتی ناوچەی شاری سلێمانی 8 کەس بە مین گیانیان لەدەستداوە و 35 یش بریندابوون. **7002**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی هۆڵەندی: Metro 28-06-2001 لاپەرە : 14.

1991 لە سەردەمی مستەفا کەمالەوە, تاوەکو ئەمساڵ, وشەی کورد, لە تورکیادا قەدەغە بوو. **5396**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1991 دامەزراندنی دەزگای زانیاریی سەربە ینك, کە قادری حاجی عەلی سەرۆکێتی, بەڵام وەکو دەڵێن کە نەوشیروان مستەفا سەرۆکی یەکەمینێتی. **5395**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەرە : 80.

1991 دامەزراندنەوەی دەزگای پاراستنی سەربە پدك, بەڵام ئەمجارە نێوی نرا, ڕێکخستنی تایبەتی و کەریم سنجاری کرایە سەرۆکی, بەڵام وەکو دەڵێن نێچیرڤان ئیدریس بارزانی سەرۆکی یەکەمینێتی. **5394**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەرە : 80.

1991 دامەزراندنی یەکێتیی شۆڕشگێرانی گەلی کوردستان. **5383**

1991 دامەزراندنی پارتی ئازادی کوردستان – پاك. **5391**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەرە : 12.

**1991** تا 2002: لەم ماوەیەدا نزیکەی 300 کوردی خۆرهەلات کە ئەندامانی پارتە کوردستانییەکانی خۆرهەلاتن و نیشتەجێی باشووری کوردستانن لەلایەن د.ا تیرۆرکراون یان هەولی تیرۆرکردنیان دراوە. **7314**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 17-08-2002

**1991** دامەزراندنی کۆمەلەی هاوکاری لە ئەورووپا. **5389**

**1991** دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری سێبەر لە شاری هەولێر. **7950**
سەرچاوەی 1: بەیان و بلاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952–2002 – نوسینی ڕێناس نەورۆزی – برۆکسل.

**1991** دامەزراندنی پرۆژەی هونەری پەیکەرسازی لە کوردستان لەلایەن هونەرکار زاهیر سەدیقەوە, شایانی باسە کە ئەم هونەرکارانە لەو پرۆژەیەدا بەشداری دەکەن ئاکام عومەر, تاڤان کەمال, ڕێزان عومەر, ڕێبوار قادر, کاوان قادر, سۆران محێدین و چەند هونەرکارێکی تر. **5387**
سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مامۆستای کورد – ژمارە 22 – سوید – هاوینی 1994. لاپەڕە : 13.

**1991** بەستنی کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی ئێراقی لە شاری بەیروت. **5386**
سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: الوفاق – مجله فصلیه پقافیه سیاسیه – العدد الپانی – السنه الولی – اوائل اڎار 1996 – مگبعه التعلیم العالی – اربیل. لاپەڕە : 32.

**1991** کردنەوەی پێشانگایەکی وێنەکاری لە ئەستەمبوڵ لەلایەن هونەرکار شۆڕش ئەمینەوە. **5385**
سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەلبەند – مەلبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – ژمارە 70 – مایی 1996. لاپەڕە : 5.

**1991** هەلبژاردنی گشتی لە تورکیا, کە پارتی هەپ نزیکەی لەسەدا 50 دەنگی باکووری کوردستانیان هێنا و 18 کەسیان بوونە ئەندامی پەڕلەمانی تورکیا. **5384**
سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 1 – خولی پێنجەم – 25-03-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 3.

**1991** کۆتایی ئەم ساڵ: دامەزرانی کۆلیژی سەربازی لە قەلاچوالان, کە سەربە ینك, بوو. **5392**
سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منڤمه العفو الدولیه – نقچ العهود و اهدار حقوق النسان ف کردستان العراق منڎ 1991 – الگبعه الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 28.

**1991** دروستکردنی ڕیپۆرتاژێك لەسەر ڕاپەڕینەکەی باشووری.ك, لەلایەن حوسەین سێودینەوە, کە لەسەر کەنالەکانی هۆلندا و سوید پیشاندرا. **5390**
سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: میدیا – یانەی کوردی لە ئەمستەردام (میدیا) – ژ6 – ژولایی 1992 – هۆلندا. لاپەڕە : 11.

**1991-01-00** کۆبوونەوەی جەلال تالەبانی و عەبدوللا ئوجەلان لە ئەکادیمیای مەعسوم قورقماز, بۆ کاری هاوبەش لە نێوان پکك و بەرەی کوردستانیدا. **5402**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 2 – خولی شەشەم – ساڵی دەیەم – 25-06-1996 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 72.

**1991-01-00** دەرچوونی گۆڤاری میدیا لە هۆڵندا, لەلایەن یانەی کوردی لە ئەمستەردام. **5403**

**1991-01-15** دوارۆژی مۆڵەتەکەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئێراق, تاوەکو لە کوەیت بچێتە دەرەوە. **5404**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: هاوڕێ باخەوان – لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ڕاپەڕینەکەی بەهاری 1991ی باشووری کوردستان – چاپی یەکەم – هۆڵندا – 1994. لاپەڕە : 24.

**1991-01-16** بە هۆی گوێپێنەدانی ئێراق بە بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە, نزیکەی هێزی 30 دەوڵەتی, هێرشی کردە سەر هێزەکانی ئێراق لە نێو کوەیتدا و پاشان لە ماوەی دوو ڕۆژدا کردیانە دەرەوە و بە هۆیەوە باری نێوخۆیی ئێراق تێکچوو. **5405**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: هاوڕێ باخەوان – لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ڕاپەڕینەکەی بەهاری 1991ی باشووری کوردستان – چاپی یەکەم – هۆڵندا – 1994. لاپەڕە : 24.

**1991-02-00** کۆچی دوایی کاکە زیاد, لە تەمەنی 77 ساڵیدا, لە شاری نەغەدە. **5406**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: خەرمانە – گۆڤارێکی وەرزی ئەدەبی ڕۆشنبیرییە ژ4 – سوید – ژەنیوەریی 1992. لاپەڕە : 14.

**1991-02-00** لەم مانگەوە, لە شارەکانی باشووری.ك, دەنگوباسی چالاکی و نووسین لەسەر دیوارەکان و لافیتە هەڵواسین و شێواندنی وێنە گەورەکانی سەددام ڕۆژ بە ڕۆژ پترتر دەبوو. **5407**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ1 – خولی هەفتەم – ساڵی یازدەیەم – 25-08-1997 – فینلاند. لاپەڕە : 14.

**1991-02-20** تا 22-02, بەستنی کۆنفرانسی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان. **5408**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: خەرمانە – گۆڤارێکی وەرزیی ئەدەبیی ڕۆشنبیرییە – ژ9 و 10 – سوید – 1993. لاپەڕە : 126.

**1991-03-00** دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری ژیان لە شاری کۆڵنی ئەڵمانیا. **7949**

سەرچاوەی 1: بەیان و بلاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952-2002 – نوسینی ڕێناس نەوروزی – برۆکسل.

**1991-03-00** ڕێکخراوی پەناهاندەکانی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان, یارمەتیی ئاوارە کوردەکانی پاکستانی کەمکردەوە, کە پێشتر یەکێك 1.450 ڕوپیەی وەردەگرت, بەڵام کردیان بە هەزار, بۆ ئەوەی ئاوارەکان ناچار بکەن بگەڕێنەوە. **5409**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: میدیا – یانەی کوردی لە ئەمستەردام (میدیا) – ژ3 – ژولایی 1991 – هۆڵندا. لاپەڕە : 8.

**1991-03-00** چوونی مەسعود بارزانی بۆ سەرکردایەتیی یەکێتی لە قاسمە ڕەش, کە چەند کۆبوونەوەیەکی دوولایی سازدرا بۆ پێکهێنانی لیژنەیەك لە پارتی و یەکێتی بۆ دانانی پرۆژەی ئەگەرەکان. **5410**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: فرەنسۆ هەریری – بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی نەنووسرێ – پرسیار و وەڵام – لە بڵاوکراوەکانی پدك – هاوینەهەواری پیرمام – هەولێر – 1995. لاپەڕە : 29.

**1991-03-05** پاش ڕاپەڕینەکەی ئێراق, جەماوەری ئۆردوگای حاجیاوا و شاری ڕانیە هێرشیان کردە سەر دام و دەزگاکانی د.ق و شارەکەیان ڕزگارکرد, بەو شێوەیە ڕانیە بووە خاڵی گەشە و بڵاوبوونەوەی ڕاپەڕینەکەی بەهاری 1991ی باشووری کوردستان, تاوەکو زۆربەی ئۆردوگا زۆرەملێکان و شار و شارۆچکەکانی تری گرتەوە. **5411**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: هاوڕێ باخەوان – لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ڕاپەڕینەکەی بەهاری 1991ی باشووری کوردستان – چاپی یەکەم – هۆڵندا – 1994. لاپەڕە : 30.

**1991-03-07** تا 08-03, کاتژمێر 6.00 سەرلە بەیانی جەماوەری ڕاپەڕیو و هێپك, شاری سلێمانی و تەواوی ئۆردوگا و شارۆچکەکانی دەوروبەریشیان ڕزگار کرد. **5412**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: هاوڕێ باخەوان – لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ڕاپەڕینەکەی بەهاری 1991ی باشووری کوردستان – چاپی یەکەم – هۆڵندا – 1994. لاپەڕە : 30.

**1991-03-09** لە شاری هەولێر, سەرلە ئێوارە, کۆبوونەوەیەکی بەپەلە سازکرا و هەر زووش بڵاوەیلێکرا. **5413**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ1 – خولی هەفتەم – ساڵی یازدەیەم – 25-08-1997 – فینلاند. لاپەڕە : 14.

**1991-03-11** گەڕانەوەی مەسعود بارزانی و نەوشیروان مستەفا و هەندێك لە بەرپرسیارانی تر لە قاسمە ڕەشەوە بۆ ڕانیە. **5415**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: فرەنسۆ هەریری – بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی نەنووسرێ – پرسیار و وەڵام – لە بڵاوکراوەکانی پدك – هاوینەهەواری پیرمام – هەولێر – 1995. لاپەڕە : 30.

**1991-03-11** ڕزگارکردنی شاری هەولێر و نێوچەکانی دەوروبەری. **5414**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: هاوڕێ باخەوان – لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ڕاپەڕینەکەی بەهاری 1991ی باشووری کوردستان – چاپی یەکەم – هۆڵندا – 1994. لاپەڕە : 30.

**1991-03-14** ڕزگارکردنی شارەکانی دهۆك و زاخۆ و زۆربەی نێوچەکانی تری بادینان. **5416**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: هاوڕێ باخەوان – لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ڕاپەڕینەکەی بەهاری 1991ی باشووری کوردستان – چاپی یەکەم – هۆڵندا – 1994. لاپەڕە : 30.

**1991-03-14** ئاشکراکردنی چەند بەعسییەك لە هۆڵی میدیای شاری هەولێردا, لەلایەن منداڵێکەوە. **5417**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ1 – خولی هەفتەم – ساڵی یازدەیەم – 25-08-1997 – فینلاند. لاپەڕە : 17.

**1991-03-16** بەرەی کوردستانی لە شاری ئەمستەردامی پێتەختی هۆڵندا, بەبۆنەی سێیەمین ساڵڕۆژی کارەساتی هەڵەبجەوە, خۆپیشاندانێکی لە گۆرەپانی دام سازکرد, کە 80 کورد بەشدارییان تێداکرد, هەر لە ئێوارەی ئەمرۆدا تەلەڤزیۆنی هۆڵندی باسی خۆپیشاندانەکەی کرد. **5418**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: میدیا – یانەی کوردی لە ئەمستەردام (میدیا) – ژ2 – ئەپریلی 1991 – هۆڵندا. لاپەڕە : 5.

**1991-03-17** مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی لە ئەمستەردام، کۆڕێکی دەربارەی گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی کوردستانی بۆ مستەفا شلماشی، چیا نوری و نەورۆز شاوەیس ڕێکخست. **5419**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: میدیا – یانەی کوردی لە ئەمستەردام (میدیا) – ژ2 – ئەپریلی 1991 – هۆڵندا. لاپەڕە : 5.

**1991-03-19** هێرشی هپك بۆسەر شاری کەرکوك، کە سەرەتا دوو گەڕەکی کەنار شاریان ڕزگارکرد. **5420**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: هاوڕێ باخەوان – لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ڕاپەڕینەکەی بەهاری 1991ی باشووری کوردستان – چاپی یەکەم – هۆڵندا – 1994. لاپەڕە : 31.

**1991-03-20** ڕزگارکردنی تەواوی شاری کەرکوك. **5421**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: هاوڕێ باخەوان – لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ڕاپەڕینەکەی بەهاری 1991ی باشووری کوردستان – چاپی یەکەم – هۆڵندا – 1994. لاپەڕە : 31.

**1991-03-21** بۆ یەکەمجار لە مێژوودا بەشێکی گەورەی خەڵکی کورد لە باشووری کوردستاندا، دوور لە داگیرکەر، بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە ئاهەنگیان گێرا. **5422**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1991-03-21** ژمارەیەکی زۆر لە نووسەران لە شاری هەولێردا، لە کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان و بەپەلەدا یەکێتی نووسەرانی سەردەمی ڕژێمی بەعسیان هەڵوەشاندەوە. **5423**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ1 – خولی هەفتەم – ساڵی یازدەیەم – 25-08-1997 – فینلاند. لاپەڕە : 16.

**1991-03-22** و ڕۆژانی دوایی، هێرشی هپك بۆسەر سەربازگەی خالیدی کەنار شاری کەرکوك، بەڵام نەتوانرا بگیرێت و سەدان شەهیدیشی تێدا درا. **5424**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1991-03-23** یانەی کوردی لە ئەمستەردام میدیا، کۆڕێکی دەربارەی کێشەی کورد و جەنگی کەنداو ڕێکخست. **5425**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: میدیا – یانەی کوردی لە ئەمستەردام (میدیا) – ژ2 – ئەپریلی 1991 – هۆڵندا. لاپەڕە : 6.

**1991-03-27** شەهیدبوونی عەبدولڕەزاق لێپرسراوی ڕێکخراوی 2ی کۆمەڵە1، لە بەرگریکردنی شاری کەرکوکدا. **5427**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980-1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 167.

**1991-03-27** داگیرکردنەوەی شاری کەرکوك لەلایەن ئێراقەوە کە بەهەمووی هەفتەیەك بوو لەلایەن جەماوەری ڕاپەڕیوی کوردستانەوە ڕزگار کرابوو، ئەو هێرشەی ڕژێم بۆسەر کەرکوك بووە هۆی شەهیدبوونی سەدان کورد و زۆربەی خەڵکی نێوچەکە بەرەو چیاو سنوورەکان هەڵهاتن و بەوشێوەیە

ڕەوی ئاوارەکانی کوردستان دەستی پێکرد، کە ڕووداوێکی زۆر بەنێوبانگە لە مێژوودا و نزیکەی 3 ملیۆن کورد بەشدار بوون تێیدا. **5426**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: هاوڕێ باخەوان – لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ڕاپەڕینەکەی بەهاری 1991ی باشووری کوردستان – چاپی یەکەم – هۆڵندا – 1994. لاپەڕە : 39.

**1991-03-28** بڵاوبوونەوەی ئەو پڕوپاگەندەیە لە شاری هەولێردا، کە بەعس هێرش دێنێتە سەر کوردستان و هەموو جۆرە چەکێکی قورس و کیمیاوی بەکاردێنێت. **5428**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: صوت الأكراد – لسان حال الحزب الديمقراگي الكردي في لبنان "البارتي" – نصف شهريه – العدد 30 – لندن – 7-4-1997. لاپەڕە : 5.

**1991-03-30** ڕێکخراوانی ڕامیاری و کلتووریی کوردی و جیهانی لە هۆڵندا، کۆبوونەوەیەکیان ڕێکخست، بۆ هاریکاری و پیلاندانانی کاری داهاتوویان، ئەو ڕێکخراوانەش ئەمانە بوون: یەکێتی کرێکارانی کوردستان، یانەی کوردی لە ئەمستەردام – میدیا، کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان، مەڵبەندی ڕۆشنبیری کوردی لە هۆڵندا، فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان لە هۆڵندا، کۆمەڵەی ماف مرۆڤی کورد، بەرەی کوردستانی، کۆمەڵەی کوردستان – هۆڵەندا، کۆمەڵەی کرێکارانی کورد لە ئەمستەردام ئاڤاك، کوردستان کۆمیتەی، ئەنجوومەنی کلتووری کوردی لە ئەڵمێرە، پارتی سۆشیالیستی کوردستانی تورکیا، ئەمنستی ئنتەرناسیۆنال – کۆمیتەی ڕۆژهەڵاتی نێوین، دەزگای هۆڵەندا – کوردستان، کۆمەڵەی کلتووری کوردی لە ئەیندهۆڤن و بێلایەنەکانی کورد لە هۆڵندا. **5429**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: میدیا – یانەی کوردی لە ئەمستەردام (میدیا) – ژ2 – ئەپریلی 1991 – هۆڵندا. لاپەڕە : 7.

**1991-03-31** دامەزراندنی کۆمەڵەی هونەرمەندانی کوردستان. **5432**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەریدەکات – ژ8 و 9 – ژونی 1996 – بەریتانیا. لاپەڕە : 14.

**1991-03-31** داگیرکردنەوەی شاری هەولێر و نێوچەکانی دەوروبەری، بەهۆی ئەم هێرشەی ڕژێمەوە خەڵکێکی زۆر لە نێوچەکانی شێخ هۆمەر و پیرمام و سەری ڕەش بە کۆپتەری دوژمن شەهید بوون، شایانی باسە د.ق، قەڵای دێرینی هەولێریشی تۆپباران کرد. **5431**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: هاوڕێ باخەوان – لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ڕاپەڕینەکەی بەهاری 1991ی باشووری کوردستان – چاپی یەکەم – هۆڵندا – 1994. لاپەڕە : 39.

**1991-03-31** پەیدابوونی چەند دەستەیەکی سەربە د.ق لە شاری هەولێردا، کە تەقەیان لە خەڵك دەکرد و ئاسایشی شاریان تێکدا. **5430**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانیار – ژ1 – خولی هەفتەم – ساڵی یازدەیەم – 25-08-1997 – فینلاند. لاپەڕە : 16.

**1991-04-00** نێوەڕاستی ئەم مانگە: بەرەی کوردستانی بڕیاری دروستکردنی چەند دادگایەکی تایبەتی دەرکرد، کە هەموویان خرانە ژێر چاودێریی دادگای بەرەوە، کە لە 7 داوەر پێك هاتبوو. **5436**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمه العفو الدوليه – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان في كردستان العراق منذ 1991 – الگبعه الاولى – لندن – ايلول 1995. لاپەڕە : 36.

**1991-04-00** گفتوگۆی بەرەی کوردستانی لەگەڵ داگیرکەری ئێراقی دەستی پێکرد... و وەفدی کورد بەسەر کەلاوە ڕووخاوەکانی کەرکوکدا چوون بۆ بەغداد و چەند ملیۆنێك کوردیش بەو چیا و سنوورانەوە بوون لە ترسی بەعسییان. **5434**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1991-04-00** نێوەڕاستی ئەم مانگە: هێزە هاوپەیمانەکان, بە تایبەتی ئامریکا, بەریتانیا و فەڕەنسا, دەستیان کرد بە جێبەجێکردنی پرۆسەی ناردنی ئاسوودەیی, بۆ ئاوارە کوردەکان. **5435**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمه العفو الدولیه – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعه الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 7.

**1991-04-00** د. خورشید شەوکەت ڕەواندزی, بە نێوی کوردەوە لە تورکیا چاوی بە جیمس بێکەری وەزیری دەرەوەی ئامریکا و هێر هانس دیتریش گینشەری وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا کەوت, لە کاتێکدا کە سەردانی ئاوارە کوردەکانیان دەکرد. **5437**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: صوت الاکراد – لسان حال الحزب الدیمقراگی الکردی فی لبنان "البارتی" – نصف شهریه – العدد 25 – لندن – 11-1-1997. لاپەڕە : 5.

**1991-04-02** ورەبەردانی خەڵکی سلێمانی و بەجێ هێشتنی شارەکە. **5438**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1991-04-03** ئەنجوومەنی ئاسایشی بڕیاری 687ی لە دژی د.ق دەرکرد, تاوەکو چەکە قورس و قەدەغەکراوەکانی تێك بشکێنێت. **5440**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1991-04-03** هپك, پاشەکشەی لە شاری سلێمانی کرد. **5439**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: هاوڕێ باخەوان – لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ڕاپەڕینەکەی بەهاری 1991ی باشووری کوردستان – چاپی یەکەم – هۆڵندا – 1994. لاپەڕە : 39.

**1991-04-03** کاتژمێر 5ی بەیانی نزیکەی 12 کورد باڵوێزخانەی داگیرکەری ئێراقییان بۆ ماوەی 5 کاژێر لە بەلژیك گرت. ئەوانەی بەشدارییان لەم چالاکییەدا کرد لەلایەن دادگای بەلژیکییەوە بڕیاری 3 ساڵ زیندانی دران ئەگەر لەماوەی 5 ساڵی داهاتوودا بچووکترین هەڵە بکەن. شایانی باسە لەم ڕۆژانەدا بەهۆی ڕەوی ئاوارەکانەوە هەندێك باڵوێزخانە و کونسولی تری د.ق لە وڵاتانی تری ئەورووپا کەوتنە بەر شاڵاوی تووڕەیی کورد. **8030**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1991-04-04** داگیرکردنەوەی شاری سلێمانی لەلایەن دوژمنەوە و ئاوارەبوونی خەڵکەکەی بۆ چیاو سنوورەکان و ئاوهەوای ئەم چەند ڕۆژە گەلێك ناخۆش بوو کە خەڵکی لەبەر سەرما و باران نەیدەزانی

سەر بە چ لایەکدا بکات, بەهۆی کەمیی خواردن و ئەو کەشەوە گەلێك منداڵ و خەڵکی کورد لە برسان و بە نەخۆشی مردن. **5441**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1991-04-04** لیژنەی هاریکاری کوردە ئاوارەکان لە هۆڵندا, بانگەوازێکی بۆ خەڵکی دەرکرد, تاوەکو یارمەتیی کوردە ئاوارەکانی باشوور بدەن. **5443**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: میدیا – یانەی کوردی لە ئەمستەردام (میدیا) – ژ2 – ئەپریلی 1991 – هۆڵندا. لاپەڕە : 19.

**1991-04-04** بەرەی کوردستانی و ئۆپۆزیسیۆنی ئێراقی, لە شاری لاهایی هۆڵندا, خۆپیشاندانێکیان لەبەردەم باڵوێزخانەی ئامریکاییدا سازکرد, خۆپیشاندەران داوایان لێکردن کە یارمەتیی خەڵکی ڕاپەریوی کوردستان و ئێراق بدەن. **5442**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: میدیا – یانەی کوردی لە ئەمستەردام (میدیا) – ژ2 – ئەپریلی 1991 – هۆڵندا. لاپەڕە : 9.

**1991-04-05** ئەنجوومەنی ئاسایش, بڕیاری 688ی لە بەرژەوەندیی ئاوارە کوردەکان دەرکرد, تاوەکو خۆراك و دەرمان و شوێنی حەوانەوەیان بۆ ئامادە بکەن, هەروەها هەڕەشەشی لە د.ق کرد تاوەکو لە سەرکوتکردنی خەڵکی ڕاپەڕیو بوەستێت, ئەم بڕیارە نێوی نرا پرۆسەی ناردنی ئاسوودەیی. **5444**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منڤمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منڎ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 7.

**1991-04-06** کۆمەڵەی کرێکارانی کوردستان, لە شاری لاهایی هۆڵندا, خۆپیشاندانێکیان لە دژی د.ق سازکرد, کە زێتر لە هەزار کەس بەشداربوون تێیدا. **5445**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: میدیا – یانەی کوردی لە ئەمستەردام (میدیا) – ژ2 – ئەپریلی 1991 – هۆڵندا. لاپەڕە : 9.

**1991-04-16** سەرۆکی ئامریکی جۆرج بوش بڕیارێکی بۆ سووپای ئامریکی دەرکرد, کە یارمەتیی ئاوارە کوردەکانی باشوور بدەن. **5446**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1991-04-17** هێرشی پێشمەرگەکانی پکك بۆسەر سووپای ئێراقی لە زاخۆ, کە لە ئەنجامدا چەندین سەربازیان کوشت و 8 ئارپیجی و 1601 کلاشینکۆف و 4 تۆپی ئاسمانی و گەلێك جبەخانەیان دەستکەوت و 57 وئوتومبیلیشیان سووتاند. **5447**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: عەبدوڵڵا ئوجەلان – پرسی کەسایەتی لە کوردستاندا, تایبەتمەندییەکانی خەباتگێری شۆڕشگێڕ و ژیانی پارتی – وەرگێڕان و پێشەکی, مەهاباد کوردی – چاپی کوردی – وەشانێن سەرخوابوون – سوید – فێبریوەری 1992. لاپەڕە : 21.

**1991-04-19** هاوپەیمانەکان, ئاسمانی بەشێکی باشووری.ك لە فڕۆکەکانی د.ق, قەدەغە کرد, کە بەو پێیە هێڵی باکووری 36 پانی بووە سنووری نۆ فلای زۆن و هاوپەیمانەکان بە فڕۆکە لە فڕۆکەخانەی ئنچەرلیکەوە دیدەوانییان دەکرد. **5448**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منڤمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منڎ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 7.

**1991-04-25** هونەرکاری کورد شڤان پەروەر ئاهەنگێکی لە گۆڕەپانی فرۆکەخانەی شارۆچکەی دیانای باشوور گێڕا, کە دەیان هەزاران خەڵکی کورد و پێشمەرگەی کوردستان بەشدارییان تێدا کرد. **5449**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1991-04-30** ئەمرۆ ژمارەیەك لە خەڵکی نێوچەی دیانای باشووری کوردستان سەر جادەی گەلی عەلی بەگیان گرت, تاوەکو ڕێگا لە مەسعود بارزانی بگرن و نەچێت بۆ بەغداد بۆ گفتوگۆ. **5450**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1991-05-00** بەرەی کوردستانی, دادگا تایبەتییەکانی نەهێشت و لە شوێنیان دادگای میحوەری دروستکرد, کە ژمارەیان 4 دانە بوو, بۆ هەموو شارەکان. **5451**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الآنسان ف کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الآولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 37.

**1991-05-12** بۆ پشتگیریی کوردەکانی باشوور و لە دژی شەڕی لەنێوبردنی کورد لەلایەن د.ق, هونەرکار و گۆرانیبێژە هەرە ناسراوەکانی جیهان, بەهۆی ڕەوی بە کۆمەڵی نەتەوەی کوردەوە, ئاهەنگێکی گەورەیان لە یاریگەی ویمبلی لە لەندەن سازکرد و پارەی ئاهەنگەکەش بۆ لێقەوماوانی کوردی باشوور تەرخانکرا, کە نزیکەی 600 ملیۆن تاملیاردێك کرۆنی سویدی بوو. شایانی باسە کە جۆن مایجەر سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا و شازادە دیانا و دەیان لە نێوداران و ڕامیارەوانان تێیدا بەشداربوون. ئەمانە نێوی هەندێك لەو هونەرمەندانەن کە بەشدارییان لە ئاهەنگەکەدا کرد: گلۆریا ئیستیفاند, پێتەر گابرێل, ستین, ڕود ستیوارت, پۆل سیمۆن, کریس دوبورگ, م. س. هامەر, شناید کۆنۆر و .... ئەو گۆرانییەی کە کریس دوبورگ پێشکەشی کرد کە نێوی ڕاستییەکی سادە بوو گەلێك دەنگی دایەوە و لەسەر زۆربەی تەلەفزیۆنەکانی جیهان لێدرا. **5452**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: ڕووناکبیری – ژ2 – گۆڤارێکی کولتووریی گشتییە – لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵی هونەری کوردی لە سوید – ستۆکهۆڵم – دیسەمبەری 1992. لاپەڕە : 133.

**1991-05-13** کۆچی دوایی پێشمەرگەی ئازای پاسۆك, مام ئیبراهیم بە کارەساتی ئوتومبیل لە نێوان قەڵاچوالان و ئەزمەردا. **5453**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: لەتیف قەراخی – مام ئیبراهیمی نەتەوەیی و داستانە خوێناوییەکەی ئەزمەر و کۆمەڵە داستانێکی تر – ڕۆمانە شیعر – چاپی یەکەم – چاپخانەی سلێمانی – 1993. لاپەڕە : 7.

**1991-05-17** کۆمەڵەی هاوکاری لە شاری بۆن, سمینارێکی بۆ بارودۆخەکانی باشووری.ك ڕێکخست. هەروەها بڵاوکراوەیەکیشیان بە ئەڵمانی دەربارەی هەمان بارودۆخ بڵاوکردەوە. **5454**

**1991-05-26** لە کۆبوونەوەیەکدا لە شاری ئەستەمبوڵ, کە 130 ڕۆشنبیری کورد بەشداریی تێداکرد, بڕیاری دامەزراندنی کۆمیتەی ماف و ئازادی کوردیاندا. **5455**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ7 و 8 – بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی, لەندەن – ئۆکتۆبەری 1996. لاپەڕە : 13.

**1991-05-31** بەستنی کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی قوتابیانی کورد, لە قەڵاچوالان, ئەم ڕێکخراوە سەربە پاسۆك بوو. **5456**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1991-06-12** گرتنی کۆڕێك لەسەر نەزهەتی هۆزانەوان لەلایەن سەلام نەورۆزەوە لەشاری ڕەواندز. **5457**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1991-06-30** کۆمەڵەی هاوکاری نامەیەکی دەربارەی بارودۆخی کوردەکانی لوبنان پێشکەشی حوکومەتی ئەڵمانی کرد. **5458**

**1991-07-08** کردنەوەی پێشانگایەکی هونەری وێنەکێشان لەلایەن نەوزاد کۆژانەوە لە شارۆچکەی ڕەواندزی باشوور لە نێو بارەگای پاسۆکدا. **5459**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1991-07-18** ڕاپەرینی دووەمی شاری سلێمانی کە هێزی پێشمەرگە کۆنترۆڵی شارەکەیان کرد و 280 کەسیان لە ڕژێم کوشت و 2.500یش دیل و 12 پێشمەرگە و 40 کەسێکیش لە جەماوەر شەهید بوو, مەسعود بارزانی بەهۆی ئەو ڕووداوەوە ڕایگەیاند کە ئەوانەی بەو کارە هەڵستاون پیاوی بێگانە و تێکدەرن. **5460**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1991-07-18** کۆچی دوایی هونەرمەندی گۆرانیبێژ حسێن عەلی. **7294**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدك TV Kurdistan

**1991-07-19** کۆمەڵەی هاوکاری لە ئەڵمانیا کۆڕێکی دەربارەی هێرشی تورك بۆ باکووری.ك ڕێکخست. **5461**

**1991-07-20** کۆمەڵەی هاوکاری بڵاوکراوەیەکی بە ئەڵمانی لەسەر هێرشی تورك بۆ باکووری.ك, بڵاوکردەوە. هەروەها بڵاوکراوەیەکی تری بە کوردی و ئەڵمانی لەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی فیدراڵیی کوردستان, بڵاوکردەوە. **5462**

**1991-07-21** کۆمەڵەی هاوکاری نامەیەکی بە تورکی لەسەر کوشتنی ویدات ئایدین بڵاوکردەوە. **5463**

**1991-08-00** دوا سووڕی گفتوگۆی نێوان د.ق و بەرەی کوردستانی. **5465**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منقمە العفو الدولیە – نقج العهود و اهدار حقوق الآنسان ق کردستان العراق منڑ 1991 – الگبعە الآولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 13.

**1991-08-00** دامەزراندنی کۆمیتەی هۆزەکانی کورد, بەسەرۆکایەتیی حوسەین سوورچی. **5464**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منڤمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الآنسان ڤ کردستان العراق منڗ 1991 – الگبعە الآولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 12.

**1991-08-04** بەستنی کۆنگرەی ڕێکخراوی گەلان و نەتەوە بێ نوێنەرەکان, لە شاری سوستەربێرخ, لە هۆڵندا, لەم کۆنگرەیەدا نوێنەری کوردیش بەشدار بوو. **5466**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: میدیا – یانەی کوردی لە ئەمستەردام (میدیا) – ژ4 و 5 – مارتی 1992 – هۆڵندا. لاپەڕە : 8.

**1991-08-30** تا 31-08, بەستنی دووەمین کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان, لە لەندەن. **5467**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: کوردنامە – عدد 23 – لندن – مایس 1993. لاپەڕە : 3.

**1991-09-00** تەقینەوەی لۆرییەکی مینکراو لای قولەی ڕانیەی باشوورەوە کە بووە هۆی کوشتنی 6 کەس و 17 کەسیشی بریندار کرد. **5468**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1991-09-01** ئاوارە کوردەکانی پاکستان, بە مەبەستی چاکردنی بارودۆخیان, خۆپیشاندانێکیان لە بەردەم بنکەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا سازکرد, لە ئەنجامدا پۆلیسی پاکستانی هێرشی بۆکردن و 99 پەنابەریان بۆ ماوەی 48 کاژێر بەند کرد و ژن و منداڵی ئەو 99 پەنابەرە گیراوەش, لە ماوەی ئەو 48 کاژێرەدا درێژەیان بە مانگرتنی خۆیاندا. **5469**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: خەرمانە – گۆڤارێکی وەرزیی ئەدەبیی ڕۆشنبیرییە – ژ8 – سوید – 1993. لاپەڕە : 8.

**1991-09-07** تا 10-09, بەستنی یەکەمین کۆنگرەی پارتی سۆسیالیستی کورد پاسۆک لە قەڵاچوالانی باشوور, کە تێیدا نێوی پارت بووە پارتی دیموکراتی سەربەخۆیی کوردستان پاسۆک, کۆنگرەکە هیچ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی لە پاسۆکدا نەکرد, هەر ئەوە نەبێت کە پیلانێك بوو بۆ تواندنەوەی, ئەمانە بوونە ئەندامانی سەرکردایەتیی نوێ: کەریم سەلام, شوان, عەبدوڵڵا ئاگرین, هادی, مژدە تاهیر, سمکۆ – فەرهاد, ئومێد عەباس, حەسەن جاف, غاندی ئەنوەر تۆڤی, شێخ محەمەدی باڵەك. **5470**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1991-09-11** چوونی جەلال تاڵەبانی بۆ شاری سلێمانی کە لە یاریگای سلێمانی وتارێکی بۆ خەڵکی خوێندەوە. **5471**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1991-09-11** دەستپێکردنی یەکەمین پەخشی تەلەڤزیۆنی پوك – تی ڤی لە سلێمانی, کە بە وتارێکی جەلال تاڵەبانی دەستپێکرد لە یاریگای سلێمانی. **6774**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1991-09-14** لە شاری سلێمانی پەڕتوکێك بە ناوی (کەڕەواڵەکان) بڵاو کرایەوە, کە پڕ توانج و ڕەخنە بو بۆ خاوەن دەستەڵاتی نوێی کورد, شایەنی باسە نوسەر ناوی (کامەرانی مەلا فەرخ)ی لە خۆی نابوو. **7055**

سەرچاوەی 1: تۆماری جەماوەر: کاك سەرکان کوردی لە ئامریکا

**1991-09-15** هێنانەوەی تەرمی 23 شەهیدی ساڵی 987 بۆ شارۆچکەی شەقڵاوای باشوور کە لە گۆڕێکی بەکۆمەڵدا دۆزرابوونەوە. **5472**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1991-09-15** دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە هەولێر کە 25 تەرمی تێدابوو. **6784**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1991-09-16** ڕێڕۆیشتنی تەرمی 23 شەهیدەکەی شەقڵاواو ناشتنیان. **5473**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1991-09-18** دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ لەسەر ڕێگای هەولێر – مەخمور کە تەرمی 25 هاووڵاتیی کیمیابارانەکەی بالیسانی تێدابوو. **6790**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1991-09-18** دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە عەین کاوە کە تەرمی 5 هاووڵاتی فەلەی تێدابوو, ئەمانە لە 08-09-1988دا گیرابوون. **6788**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1991-09-18** وەفدی پەرلەمانی ئەوروپا سەردانی مەکتەبی سیاسیی ینکی کرد. **6789**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1991-10-00** لەیلا زانا, بە ئەندامی پەرلەمانی تورکیا و نوێنەری شاری دیاربەکر هەڵبژێردرا. **5475**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – ژ51 – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – سێپتیمبەری 1994. لاپەرە : 3.

**1991-10-00** بەکشانەوەی د.ق لە باشووری.ك, بەرەی کوردستانی دادگای میحوەرەکانی نەهێشت و لە شوێنیدا دادگای باڵای کوردستانی دروستکرد. **5474**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان ق کردستان العراق منذ 1991 – الطبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 37.

**1991-10-05** تۆپبارانی د.ق, بۆسەر شارەکانی سلێمانی, کفری, کەلار و عەربەت, کە لە ئەنجامدا دەیان هاووڵاتی شەهید و بریندار بوون. **5476**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان ق کردستان العراق منذ 1991 – الطبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 94.

**1991-10-07** بەهۆی تۆپبارانی پایەگاکانی د.ق, لەسەر جادەی شەستیی سلێمانی, خەڵکی شارەکە و هێک, هێرشی بۆکردن و تەواوی پایەگاکانیان گرت, لە ئەنجامدا نزیکەی دەیان سەربازیان و کوشت و 60 سەربازیش پاش خۆبەدەستەوەدانیان, گوللەباران کران, شایانی باسە کوشتنی ئەو دیلانە لە هەموو دەزگا ڕاگەیاندنە جیهانییەکاندا باسکرا. **5477**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان ق کردستان العراق منذ 1991 – الطبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 94.

**1991-10-08** هەڵگیرسانی ڕاپەرینی سێیەم لە باشووردا, کە هێزی پێشمەرگە هێرشیان کردە سەر شاری کفری و ڕزگاریان کرد. **5478**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: مێژووی گەلی کورد, بۆ پۆلی شەشەمی وێژەیی – هەرێمی کوردستانی ئێراق – وەزارەتی پەروەردە – چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە – چاپی دووەم – هەولێر – 1995. لاپەڕە : 36.

**1991-10-15** کۆمەڵەی هاوکاری نامەیەکی بۆ حوکومەتی پاکستان نارد, لەسەر بارودۆخی خراپی پەناهاندە کوردەکانی ئەوێ. **5480**

**1991-10-15** تا 17-10, بەستنی کۆنگرەی ڕاپەرین لە شاری شەقڵاوا, کە 289 نووسەری کورد و ڕێکخراو و پارتە کوردستانییەکان بەشدارییان تێدا کرد. دابەشبوونی ئەندامانی کۆنگرە بەسەر شارەکانی باشووری.ک,دا بەم شێوەیە بوو, هەولێر 91 ئەندام, سلێمانی 90, کەرکوک 28 و دهۆک 26 ئەندام. کۆنگرەکە بیرخەرەوەیەکی پێشکەشی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد, دەربارەی بێسەروشوێنیی هەندێك لە نووسەرانی کورد و بروسکەیەکیشیان دایە د.ت, لە دژی ئەو هێرشەی کە لە مانگی ئۆکتۆبەردا کردییە سەر باشووری وڵات. کۆنگرەکە دوو ئەندامی شانازیی وەرگرت, کە بریتی بوون لە دانیال میتیران و ئیسماعیل بێشکچی. پاشان 35 کەس خۆیی کاندیدات کرد بۆ دەستەی بەڕێوەبەرایەتی, کە 9 یان هەڵبژێردران و 2یان بوونە جێگر, کارەکانیش بەم جۆرە دابەشکران: د. عێزەدین موستەفا ڕەسوڵ – سەرۆك, فەلەکەدین کاکەیی – جێگری سەرۆك, محەمەد موکری – سکرتێری ڕۆشنبیری, محەمەد حەمە باقی – سکرتێری بەڕێوەبردن, قوبادی جەلی زادە – سکرتێری دارایی, ئیدریس چەلکی – ئەندام, جەلال بەرزنجی, عەبدولڕەحمان مزووری, زاهیر ڕۆژبەیانی و عەبدوڵڵا سەراج – ئەندامانی جێگر. **5479**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: کەریمی حیسامی – لە بیرەوەرییەکانم, 1983 – 1985 – بەرگی هەشتەم – ستۆکهۆلم – 1994. لاپەڕە : 5.

**1991-10-16** بەستنی کۆڕێك لەلایەن د. مەحموود عوسمان, لەسەر باری ئێستای کوردستان, لە هۆڵی ڕۆشنبیری جەماوەر لە سلێمانی. **5481**

**1991-10-23** د.ق, دەزگا و فەرمانگە دەوڵەتییەکانی لە شارەکانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی و شارۆچکەکانی دەوروبەریانی گواستەوە بۆ کەرکوك و موسڵ و بەغداد, تەنها دەزگاکانی ئاو و کارەبا و تەندروستی نەبێت. **5482**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 2.

سەرچاوەی 2: گۆڤاری کوردی: میدیا – یانەی کوردی لە ئەمستەردام (میدیا) – ژ4 و 5 – مارتی 1992 – هۆڵندا. لاپەڕە : 2.

**1991-10-23** دامەزراندنی لیژنە نێوخۆییەکان, بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری باشووری.ك, کە هەموویان سەربە کۆمیتەی کارگێری بەرەی کوردستانی بوون لە خەلیفان. **5483**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 14.

**1991-11-00** سلێمان دێمرێل, ئەوەی ڕاگەیاند, کە دەبێت لە ئێستاوە دان بە ڕاستیی هەبوونی کوردا بنێین. **5485**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – ژ51 – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – سێپتیمبەری 1994. لاپەڕە : 3.

**1991-11-00** بەرەی کوردستانی دادگای باڵای تایبەتیی شۆڕشی دروستکرد. **5484**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 38.

**1991-11-12** کردنەوەی پیشانگای هاوبەشی منداڵانی سویدی و نەرویژی و کورد, لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی. **5486**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: خەرمانە – گۆڤارێکی وەرزی ئەدەبی ڕۆشنبیرییە ژ4 – سوید – ژەنیوەریی 1992. لاپەڕە : 42.

**1991-11-23** کۆمەڵەی هاوکاری بڵاوکراوەیەکی لەسەر بارودۆخی کوردستان بە کوردی و ئەڵمانی بڵاوکردەوە. **5487**

**1991-11-25** کۆچی دوایی فەرەیدوون عەلی ئەمین, نێوبراو یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی کاژیك و خاوەنی کۆمەڵێك هەڵبەست و چیرۆکی منداڵانیشە و لە شۆڕشی ئەیلوولیشدا بۆ دەنگی پێشمەرگەی نووسیوە. **7790**

**1991-12-00** دامەزراندنی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا, کە بنکەی لە شارەکانی هەولێر, سلێمانی, دهۆك و نێوچەی کەرکوکدا کردەوە. **5488**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منڤمه العفو الدولیه – نقچ العهود و اهدار حقوق الآنسان ڤ کردستان العراق منڎ 1991 – الگبعه الآولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 23.

**1991-12-05** تا 14-12، مانگرتنی 25 کەس لە شاری سلێمانی، لە بەردەم بارەگی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، لە پێناوای داخوازییە ڕەواکانی جەماوەری کورد. **5489**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: خەرمانە – گۆڤارێکی وەرزی ئەدەبی ڕۆشنبیرییە ژ4 – سوید – ژەنیوەریی 1992. لاپەڕە : 28.

**1991-12-10** کۆمەڵەی جوگرافیایی سیاسیی جیهانیی بەریتانیا لە زانکۆی کامبرج، ئالای کوردستانی بەفەرمی ناسی. **7832**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پاسۆك org.pasok.www:http

**1991-12-12** گیرانی 25 ئەندامی پاك و پکك، لەلایەن پدك، کە یەکێك لەوانە نێوی عەبدولعەزیز وەیسی بوو، پاش 8 ڕۆژ، 23 کەسیان کە خەڵکی باکووری.ك بوون، بەردران. **5490**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منڤمه العفو الدولیه – نقچ العهود و اهدار حقوق الآنسان ڤ کردستان العراق منڎ 1991 – الگبعه الآولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 85.

**1992** دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری سەنگەر، لە شاری سلێمانی. **5507**

**1992** دامەزراندنی لیوای تایبەتیی سەربە ینك و پدك. **5501**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منڤمه العفو الدولیه – نقچ العهود و اهدار حقوق الآنسان ڤ کردستان العراق منڎ 1991 – الگبعه الآولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 79.

**1992** بڵاوبوونەوەی پەڕتووکی کلمات اللهی مستەفا عەلی بەرزنجی، کە لەو پەڕتووکەدا وای دەرخستووە کە ئەو مەهدیی چاوەڕوانکراوە، پاشان لەلایەن ب. ئیسلامییەوە کوژرا. **5502**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منڤمه العفو الدولیه – نقچ العهود و اهدار حقوق الآنسان ڤ کردستان العراق منڎ 1991 – الگبعه الآولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 105.

**1992** گیرانی ڕەئوف کامیل ئاکرێیی، لەلایەن پدك، کە 5 مانگ زیندانی کراو پاشان ئازادیان کرد. **5503**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منڤمه العفو الدولیه – نقچ العهود و اهدار حقوق الآنسان ڤ کردستان العراق منڎ 1991 – الگبعه الآولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 105.

**1992** ڕێناس، بووە ئەندامی سەرکردایەتیی حزك. **5504**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منڤمه العفو الدولیه – نقچ العهود و اهدار حقوق الآنسان ڤ کردستان العراق منڎ 1991 – الگبعه الآولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 107.

**1992** زستانی ئەم ساڵ، دوو منداڵی کورد کە نێویان چنار ناسح عەلی و هێمن ناسح عەلییە، لە ڕێگەی قوتابخانە لە شارۆچکەی سەید سادق، لە سەرمانا ڕەق بوونەوە، ئەمانە لە ئاوارەکانی کەرکوکن و خەڵکی گەڕەکی شۆریجە بوون و باوکیشیان ئەنفال کراوە. **5506**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: خەرمانە – گۆڤارێکی وەرزیی ئەدەبیی ڕۆشنبیرییە – ژ8 – سوید – 1993. لاپەڕە : 29.

1992 دەرچوونی پەرتووکی باپیرە کوردۆ, کە هەفت چیرۆکە بۆ منداڵان, لەلایەن محەمەد فەریق حەسەنەوە. **5508**

1992 دامەزراندنی یەکێتی دیموکراتی سەربەخۆیی کوردستان, لەلایەن عەزیز ئاکرێییەوە. **5500**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمه العفو الدولیه – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعه الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 12.

1992 دامەزراندنی کۆمیتەی بە دووانەکردنی ئیڤرە و قەلادزێ, لە ئیتالیا, ئەم کۆمیتەیە مانگانە 15 دۆلار دەداتە 80 منداڵی کورد, جگە لەوەی کە نەخۆشخانە و چەندین دامەزراوی تری لەو شارەدا کردووەتەوە. **5511**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی – لەندەن – ژ75 و 76 – لەندەن – ئۆکتۆبەری 1996. لاپەڕە : 4.

1992 سەرەتای ئەم ساڵ: بەپێی بڕیاری ژمارە 122ی پارێزگای حەسەکە, لەسەر فەرمانی وەزارەتی نێوخۆی د.س, تۆمارکردنی نێوی کوردی بۆ منداڵانی کورد قەدەغەکرا. **5493**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 20.

1992 هەندێك لە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان, لە باشووری.ك, چەند لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەگرانەیان دەربارەی یاساکانی سزا و بارودۆخی تایبەتی, پێشکەشی پەرلەمان کرد. **5510**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشیوعیه العمالیه – العدد 8 – نیسان 1996. لاپەڕە : 2.

1992 تا ساڵی 993, ئامریکا 78 ملیۆن دۆلاری داوە بە یەکێتی و پارتی. **5509**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: الوسگ – العدد 102 – 10-1-994. لاپەڕە : 27.

1992 بەستنی میهرەجانی ڕۆشنبیری ئێراقی لە دەرەوە, لە ئەڵمانیا, کە هەندێك نووسەر و ڕۆشنبیری کوردیش بەشدار بوون تێیدا. **5505**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: القدس العربی – مؤسسه القدس العربی للنشر و الاعلان – لندن – 14-9-1996.

1992 کۆتایی ئەم ساڵ: دەستەی ئاڵای شۆڕش, بە سەرکردایەتیی مەلا بەختیار, چوونەوە نێو ینك. **5499**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمه العفو الدولیه – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعه الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 11.

1992 دەرچوونی یەکەمین پەرتووکی هۆڵەندی دەربارەی گەلی کورد, لەلایەن کەمال ئەمین و نیکۆ کیلسترا. **5498**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: میدیا – یانەی کوردی لە ئەمستەردام (میدیا) – ژ6 – ژوالیی 1992 – هۆڵندا. لاپەڕە : 14.

1992 پەرلەمانی باشووری.ك, بڕیاری شەرکردنی لە دژی پکك دەرکرد. **5497**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1992** هونەرکاری وێنەکێش هەڤاڵ ئەحمەد، یەکەمین پێشانگای هونەریی خۆی بە نێوی خۆڕاگرتن لە هۆڵی سوورکێو، لە شاری سلێمانیدا کردەوە. **5496**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مامۆستای کورد – ژمارە 22 – سوید – هاوینی 1994. لاپەڕە : 40.

**1992** کوژرانی چەند کادرێکی حدکا و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە شاری سلێمانی. **5494**

**1992** دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری یەکبوون لە شاری ئەمستەردام. **7952**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952–2002 – نوسینی ڕێناس نەورۆزی – برۆکسل.

**1992** گێڕانی میهرەجانی 70 ساڵەی حکوومەتی شێخ مەحموودی بەرزنجی لە سلێمانی. **5492**

**1992** پێکدادانەکانی هەردوو ینك و پدك لە دژی پکك. **5491**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1992** د.ت، نزیکەی 206 هەزار دۆلاری دایە پارتی، بۆ بژاردنەوەی ئەو زیانانەی کە لە ئەنجامی هێرشی تورك بۆسەر پکك لێیان کەوتبوو. **5513**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: هه فوت – مجله کردیه مستقله تصدر دوریا – العدد 13 – سویسرا – نیسان 1997. لاپەڕە : 10.

**1992** یاریکردنی شانۆیی پێکەنینی تورەیی لە هەولێر، کە لە نووسینی هونەرکار تەڵعەت سامان بوو. **5514**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: وان – ژ7 – لە بلاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە سوید – 1994. لاپەڕە : 28.

**1992** دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری مەهاباد لە شاری دهۆك. **7953**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952–2002 – نوسینی ڕێناس نەورۆزی – برۆکسل.

**1992** دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری پەیامی خۆشکان. **7955**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952–2002 – نوسینی ڕێناس نەورۆزی – برۆکسل.

**1992** دەرچوونی ڕۆژنامەیەکی بەرهەڵستکار و کورددۆست لە تورکیا بە نێوی ئۆزگور گویندەم، ئەو ڕۆژنامەیە لە ماوەیەکی کێمدا نۆ ڕۆژنامەنووس و 11 دابەشکار و فرۆشیاری کوژران. **5495**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مامۆستای کورد – ژمارە 22 – سوید – هاوینی 1994. لاپەڕە : 5.

**1992** کۆچکردنی گۆرانیبێژ عەدنان کەریم لە کوردستانەوە بۆ سوید. **5512**

**1992-01-00** پچڕانی گفتوگۆی نێوان د.ق و بەرەی کوردستانی. **5515**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمه العفو الدولیه – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعه الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 13.

**1992-01-12** فڕاندنی تۆفیقی نوری بەگ لە شاری سلێمانی, نێوبراو ئەندامێکی پێشووی پاسۆک بوو, بەهیچ شێوەیەك شوێنەواری دیار نییە. **5516**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منقمه العفو الدولیه – نقچ العهود و اهدار حقوق الآنسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعه الآولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 88.

**1992-01-28** بەرەی کوردستانی, دادگای باڵای کوردستانی لابرد. **5517**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منقمه العفو الدولیه – نقچ العهود و اهدار حقوق الآنسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعه الآولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 40.

**1992-02-23** کۆبوونەوەی 185 ڕۆشنبیری کورد لە شاری ئەستەمبوڵ, کە بڕیاری دامەزراندنی ڕێکخراوی ماف و ئازادییەکانی کوردیاندا. **5518**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ7 و 8 – بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی, لەندەن – ئۆکتۆبەری 1996. لاپەڕە : 13.

**1992-03-00** دەرچوونی ژمارە سفری گۆڤاری ژین لە شاری دهۆك. **7954**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952–2002 – نوسینی ڕێناس نەورۆزی – برۆکسل.

**1992-03-00** بەهۆی جەژنی نەورۆزەوە, د.ت, 105 کوردی لە باکووری.ك, شەهید کرد. **5519**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی هۆڵندی: Dr. Karl Ploetz. Prisma Kalendarium, Wereldgeschiedenis in jaartallen, Uitgeverij Het Spectum BV – Zevende druk – 1988. لاپەڕە : 11.

**1992-03-18** کۆمەڵەی هاوکاری لە شاری بۆن, سمینارێکی بۆ یادی هەڵەبجە ڕێکخست. **5520**

**1992-03-19** سەرکردایەتیی ڕامیاری بەرەی کوردستانی, بڕیاری دروستکردنی دادگای تایبەتی شۆڕشی دەرکرد و فاروق جەمیل, کرایە سەرۆکی. **5521**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منقمه العفو الدولیه – نقچ العهود و اهدار حقوق الآنسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعه الآولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 40.

**1992-03-21** کۆمەڵەی هاوکاری بڵاوکراوەیەکی بە زمانی ئەڵمانی لەسەر جەژنی نەورۆز بڵاوکردەوە. **5522**

**1992-03-28** کۆمەڵەی هاوکاری بڵاوکراوەیەکی بە ئەڵمانی لەسەر تیرۆری تورك بەرامبەر گەلی کورد بڵاوکردەوە. **5523**

**1992-04-00** یەکگرتنی دەستەیەکی ئاڵای شۆڕش, لەگەڵ پارتی زەحمەتکێشانی کوردستاندا. **5524**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منقمه العفو الدولیه – نقچ العهود و اهدار حقوق الآنسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعه الآولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 11.

**1992-04-00** بەرەی کوردستانی, یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان و یاسای هەڵبژاردنی ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی دەرکرد. 5525

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەرە : 165.

**1992-04-05** ڕاگەیاندنی پرۆژەی یەکگرتنی هەردوو پارتی حسك و پاسۆك. 5526

**1992-04-17** بەستنی سەمینارێك لەلایەن د. کوردستان موکریانی, دەربارەی دۆزی ژنی کورد لە ڕۆژنامەگەریدا لە شاری ئەمستەردام. 5527

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: د. کوردستان موکریانی – ڕەنگدانەوەی دۆزی ژن بە نێوی ژنەوە لە نێو ڕۆژنامەگەری کوردیدا – هیرەن فەین – هۆلندا – 1995.

**1992-04-25** دامەزراندنی ڕادیۆی کوردی دەنگی ئامریکا, کە سەرەتا چارەکە کاژێرێك بوو و پاشان بەرنامەکانیان بووە یەك کاژێر. 5528

**1992-05-00** کۆچی دوایی هۆزانەوان عەلی حەسەنیانی – هاوار لە وڵاتی دانیمارك. 5532

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بلاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ79 – لەندەن – مارتی 1997. لاپەرە : 15.

**1992-05-00** لە باشووری.ك, لە مانگی مایی 91وە, بەرەی کوردستانی کاروباری کارگێری و ئاسایش و دادپەروەریی بەڕێوەدەبرد. 5531

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەرە : 13.

**1992-05-00** جیابوونەوەی دەستەیەك لە کۆمیتەی هۆزەکانی کورد و پارتی پارێزگارانی کوردستانیان دامەزراند, بەسەرۆکایەتی عومەر خدر سوورچی. 5530

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەرە : 12.

**1992-05-00** ئەمنستی ئنتەرناسیۆنال, تا کۆتایی ژولایی 94, پێنج لیژنەی ناردە باشووری.ك, تاوەکو دەربارەی ڕەفتاری پارتە کوردستانییەکان لێکۆڵینەوە بکەن. 5529

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەرە : 1.

**1992-05-01** یەکگرتنی ئاڵای شۆڕش و پارتی زەحمەتکێشانی کوردستان. 5533

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەرە : 149.

**1992-05-01** وەڵامدانەوەی جۆن مایجەری سەرۆك وەزیرانی بەریتانی, بۆ نامەیەکی جەواد مەلا, کە دەڵێت ئێمە پشتگیریی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد دەکەین, نەك سەربەخۆیی, چونکە ئەمە ئەوەیە کە سەرانی کورد داوای دەکەن. **5534**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: کوردنامە – عدد 23 – لندن – مایس 1993. لاپەڕە : 2.

**1992-05-09** کردنەوەی پۆلێکی زمانی کوردی بۆ منداڵانی کورد لە هۆڵندا, لەلایەن مەڵبەندی ڕۆشنبیری کوردی لە هۆڵندا, کە مامۆستا نەسرین وانەکان دەڵێتەوە. **5535**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: میدیا – یانەی کوردی لە ئەمستەردام (میدیا) – ژ6 – ژولایی 1992 – هۆڵندا. لاپەڕە : 9.

**1992-05-19** هەڵبژاردنی پەرڵەمان و ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە باشووری.ك, کە 105 نوێنەر بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان هەڵبژێردرا, ئەو هەڵبژاردنە لەسەر بنچینەی سیستمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی بوو, کە لەسەدا 7 کەمتر نەبێت, لە ئەنجامدا پدك لەسەدا 50,8 و ینك لەسەدا 49,2ی دەنگەکانیان هێنا و پاشان ئەو دەنگانەیان لە پەرڵەماندا نیوەبەنیوە دابەشکرد, شایانی باسە کە کەس بۆ ڕابەرایەتی هەڵنەبژێردرا. **5536**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 14.

**1992-05-23** کۆچی دوایی هۆزانەوان نەسرەوی لە کەرکوك, نێوی محەمەد کەریم قادرە. **5537**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەریدەکات – ژ5 – دیسەمبەری – بەریتانیا. لاپەڕە : 10.

**1992-05-25** هەژار کامەلا, نامەیەکی کراوەی ئاڕاستەی هاوبیرانی نەتەویی کرد, بۆ دامەزراندنی پارتێکی نەتەوەیی. **5538**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1992-06-00** دامەزرانی کۆنگرەی نیشتمانی ئێراقی, لە شاری ڤیێننا, کە چەند پارتێکی کوردیش بەشدار بوو تێیدا. **5539**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 170.

**1992-06-02** هۆڵندا 45 پەناهاندەی کوردی لە نێوان سنووری تورکیا و ئێڕاقدا, هێنایە هۆڵندا و مافی پەناهاندەیی پێدان. **5540**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: میدیا – یانەی کوردی لە ئەمستەردام (میدیا) – ژ6 – ژولایی 1992 – هۆڵندا. لاپەڕە : 5.

**1992-06-04** یەکەمین دانیشتنی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان لە باشوور و دامەزراندنی کابینەی وەزیران لە باشووری.ك, کە 15 وەزارەتن و 6 یان سەربە ینك کە بریتین لە وەزارەتەکانی کەلەپوور و دەنگوباس, یارمەتی مرۆڤایەتی و پشتگیریکردن, ئابووری و دارایی, کشتوکاڵ و گەشت و گوزار. 6 ی تریش سەربە پدك, کە بریتین لە نێوخۆ, پیشەسازی و کارەبا, ئاوەدانکردنەوە, ئایین, پەروەردە و

هاتووچۆ و پەیوەندی, وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتیش لەلایەن حشع و وەزارەتی بەڕێوەبردنی گشتی لەلایەن بزووتنەوەی دیموکراسی ئاشووری و وەزارەتی دادپەروەریش لەلایەن بزووتنەوەی ئیسلامییەوە دەبرێت بەڕێوە. لەو 15 وەزیرە یەکێکیان ئافرەتە بە نێوی کاڤ سەلمانەوە کە وەزیری گەشتووگوزارە, سەرۆك وەزیران فوئاد مەعسومە, کە سەربە ینك. هەروەها جێگرەکەی ڕۆژ نوری شاوەیسە کە سەربە پدك. پارتەکانی تری کوردستان هیچ کورسییەکیان لە وەزارەتدا نییە, شایانی باسە وەزارەتی کاروباری دەرەوە, دانەنرا. **5541**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەرە : 15.

سەرچاوەی 2: گۆڤاری کوردی: میدیا – یانەی کوردی لە ئەمستەردام (میدیا) – ژ6 – ژولایی 1992 – هۆڵندا. لاپەرە : 6.

**1992-06-17** کۆمەڵەی هاوکاری نامەیەکی پیرۆزبایی بۆ پەرڵەمانی باشووری.ك نارد. **5542**

**1992-07-00** ئەمنستی ئنتەرناسیۆنال, ڕاپۆرتێکی لەسەر د.ق, دەرکرد, کە چۆن مافی مرۆڤی پێشێل کردووە. **5543**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەرە : 165.

**1992-07-04** دامەزراندنی حوکومەتی هەرێمی کوردستان لە باشوور. **5544**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1992-07-11** کۆبوونەوەی چەند نەتەوەییەکی کورد, لەگەڵ سەرکردایەتیی پدك. **5545**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1992-07-15** ئازادکردنی عەبدولعەزیز وەیسی لەلایەن پدك, نێوبراو بە تاوانی ئەندامییەتی پاك یان پکك گیرابوو. **5547**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەرە : 85.

**1992-07-15** دەرچوونی بڕیاری ژمارە 1, لەلایەن پەرڵەمانی باشوورەوە, کە بەو پێیە تەواوی کۆنترۆڵەکان و هێزەکانی ئاسایشی نێوخۆ, دەچنە ژێر ڕکێفی وەزارەتی نێوخۆوە. **5546**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەرە : 29.

**1992-07-16** تا 14-08, کردنەوەی پێشانگای وێنەی فۆتۆگرافی لە شاری دێفنتەر – هۆڵندا, بە نێوی کوردستان وڵاتێکە لە دامەزراندایە, وێنەکان لەلایەن یەت دەبوینەوە گیراون. **5548**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: میدیا – یانەی کوردی لە ئەمستەردام (میدیا) – ژ6 – ژولایی 1992 – هۆڵندا. لاپەرە : 6.

**1992-07-29** دەرکردنی بڕیاری ژمارە 3, لەلایەن پەرلەمانی باشووری.ك, کە بەو پێیە ئەوانەی کە لەلایەن د.ق, لەسەر کاروباری سەربازی و پۆلیسی دەرکراون, دەگەڕێنەوە سەر پیشەکانی خۆیان. **5549**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 28.

**1992-08-00** مەعروف ڕەئوف خدر, کرایە وەزیری دادی باشووری.ك. **5551**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 168.

**1992-08-00** یەکگرتنی هەرسێ پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان, پارتی سەربەخۆیی دیموکراتی کوردستان و حیزبی سۆشیالیستی کوردستان – ئێراق–حسك, لە یەك پارتدا, کە نێوینرا پارتی یەکگرتنی کوردستان. **5550**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 9.

**1992-08-07** داخستنی پارتی هەپ لەلایەن د.ت ەوە, ئەو پارتە دوو ساڵ و دوو مانگ کاری کرد. **5552**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 1 – خولی پێنجەم – 25-03-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 3.

**1992-08-24** کوژرانی حاکم جەمال حەمەدەمین، نێوبراو خاوەنی کتێبی مافناسییە و چەند ساڵێك ئەندامی ی.ن.ك و حاکمی شۆڕش بووە. **6898**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 29-08-2000

**1992-08-26** نزیکەی 200 ئافرەت و پیاو لە شاری هەولێر, کە سەربە ڕێکخراوەکانی تێکۆشین و ڕەوتی کۆمۆنیست و پاك بوون, خۆپیشاندانێکیان لە دژی بۆمبارانی تورکیا لە نێوچەی شرناقدا سازدا, خۆپیشاندانەکە لە نێوچەی شێخەڵلاوە دەستی پێکرد, لە ئەنجامدا پیاوانی ئاسایش خۆپیشاندەرەکان دایان بەیەکدا و دوو پێشمەرگە کوژران و هەندێکیش لە خۆپیشاندەران کوژران و بریندار بوون, کە یەکێك لە کوژراوەکان کچێکی خۆرئاوای وڵاتە بە نێوی نەجیبە, کە 25 ساڵ بوو, 134یان لێ بەدیل گرتن, کە 4یان ئافرەت و ئەوانی تریان پیاو بوون, کە ئەمانە نێوەکانیانە, تیبات عەبدوڵلا سلێمان, پەیمان سلێمان حەمید, دەلال هیزل ئەدینا, عەبدولڕەحمان سالح, لەیلا عەلی موسا, ڕەئوف کامیل ئاکرێیی, عەبدولحەکیم ئەحمەد بابان, سامی عەلی عەزیز, سەید عەزیز مەحموود, عامر عارەب شێخۆ, سەیفەدین عەلی, محەمەد ئەمین عوسمان و کەمال خدر جەمیل. **5553**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 60.

**1992-08-31** پەرلەمانی باشووری.ك, بڕیاری ژمارە 11ی دەرکرد, کە بەهۆیەوە ئەو یاسا و بڕیارانەی ئێراقی پووچەڵ کردەوە کە لەگەڵ بەرژەوەندیی گەلی کوردستاندا ناگونجێت. **5554**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 46.

**1992-09-13** دۆزینەوەی لاشەی مستەفا عەلی بەرزنجی لە نزیك نەخۆشخانەی منداڵبوون لە هەولێر, کە لاشەکەیان هەنجن هەنجن کردبوو, نێوبراو ئەوە بوو کە پەڕتووکی کلمات اللهی بڵاوکردەوە و وەکو دەڵێن ب. ئیسلامی کوشتوویەتی. **5555**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 105.

**1992-09-15** دەرچوونی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی پەڕلەمان, کە ئۆرگانی پەڕلەمانی باشووری.ك. **5556**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 168.

**1992-09-17** تیرۆرکردنی هاوڕێیان, دوکتۆر سادق شەرەفکەندیی سکرتێری حدکا و فەتاح عەبدالی ئەندامی کۆمیتەی نێوەندی و نوێنەری حدکا لە ئەوروپا و هەمایۆن ئەردەڵان, نوێنەری ئەڵمانیا و حوسەین دەهکردیی دۆستی کورد لە کاتژمێر 11ی ئێوارە لە چێشتخانەی میکۆنۆسی یۆنانی لە بەرلین, بەدەستی مەلاکانی ئێران, کە چەند کاژێرێك لەوەوبەر بەشداریی کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیستیان کردبوو. نێوبراوان ناسراون بە شەهیدانی میکۆنۆس. **5558**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: میدیا – یانەی کوردی لە ئەمستەردام (میدیا) – ژ7 – زستانی 1992 – هۆڵندا. لاپەڕە : 3.

**1992-09-17** فەللاحیان, بەهۆی وتووێژێکی تەلەفۆنی لەگەڵ دارابیدا, بڕیاری بەڕێوەبردنی تاوانی میکۆنۆسی دەرکرد, کە ئەمەش دەستەواژەی نهێنیی بڕیاردانی تاوانەکەیە: فەرشادی بوزورگ عەلەوی. **5557**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 11.

**1992-09-18** تا 18-10, کردنەوەی پیشانگایەك لە شاری موینشن لە ئەڵمانیا, بۆ 30 هونەرکاری شێوەکاری باشووری.ك. **5559**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: یەکگرتن – گۆڤارێکی ڕۆشنبیری تیۆرییە – بنکەی ڕۆشنبیریی یەکگرتن بڵاویدەکاتەوە – ژ16 – دانیمارك – 1993. لاپەڕە : 248.

**1992-09-20** کۆمەڵەی هاوکاری بڵاوکراوەیەکی بە زمانانی کوردی و ئەڵمانی لەسەر تیرۆرکردنی شەهیدانی میکۆنۆس بڵاوکردەوە. **5561**

**1992-09-20** شەهیدکردنی ڕۆژنامەنووسی کورد موسا عەنتەر لە دیاربەکر لەلایەن تورکەکانەوە, نێوبراو دەیویست بچێتە گەڕەکی سەیران تەپەی ئەو شارە تاوەکو بەشداریی ڤیستیڤاڵێکی کلتووریدا بکات. **5560**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: وان – ژ7 – لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە سوید – 1994. لاپەڕە : 5.

**1992-09-26** کۆمەڵەی هاوکاری لە شاری بۆن، خۆپیشاندانێکیان لەبەردەم باڵوێزی ئێراندا سازکرد، وەکو ناڕەزاییەك بۆ تیرۆرکردنی شەهیدانی میکۆنۆس. **5562**

**1992-09-28** کۆمەڵەی هاوکاری کۆڕێکی لەسەر شەهیدکردنی ڕۆژنامەنووسی کورد موسا عەنتەر بەست. **5563**

**1992-09-29** پیشاندانی فیلمی ڕووپۆشی شووشەیی لە سینەمای رییاڵتو لە ئەمستەردام، ئەم فیلمە لە دەرهێنانی هونەرکار حوسەین سێودینە. **5564**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: میدیا – یانەی کوردی لە ئەمستەردام (میدیا) – ژ7 – زستانی 1992 – هۆڵندا. لاپەڕە : 3.

**1992-10-00** گیرانی 1.400 ئەندامی پکك و خێزانەکانیان، لەلایەن هێزەکانی بەرەی کوردستانییەوە. **5567**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منڤمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الآنسان ڤ کردستان العراق منڗ 1991 – الگبعە الآولى – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 85.

**1992-10-00** دامەزراندنی هێزەکانی ئاسایش لە باشووری.ك، کە کەریم سنجاری بووە سەرۆکی. **5566**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منڤمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الآنسان ڤ کردستان العراق منڗ 1991 – الگبعە الآولى – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 31.

**1992-10-00** گیرانی عەبدولعەزیز وەیسی، لەلایەن پدك، بە تاوانی ئەوەی کە ئەندامی پککیە. **5568**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منڤمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الآنسان ڤ کردستان العراق منڗ 1991 – الگبعە الآولى – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 85.

**1992-10-00** بەستنی کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی ئێراقی لە سەلاحەدین، کە تێیدا دانیان بە ماڤی فیدراڵی نا بۆ باشووری.ك. **5565**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: میدیا – یانەی کوردی لە ئەمستەردام (میدیا) – ژ7 – زستانی 1992 – هۆڵندا. لاپەڕە : 4.

**1992-10-01** دەرکردنی یاسای وەزارەتی کاروباری هێزەکانی پێشمەرگە، ژمارە 5ی ساڵی 1992، لەلایەن پەرلەمانی باشووری.ك. **5569**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منڤمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الآنسان ڤ کردستان العراق منڗ 1991 – الگبعە الآولى – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 28.

**1992-10-01** دەرکردنی یاسای پاراستنی بێگانە و کارمەندانی ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە مرۆڤایەتییەکان لە هەرێمی کوردستانی ئێراق، ژمارە 6ی ساڵی 1992، لەلایەن پەرلەمانی باشووری.ك. **5570**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منڤمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الآنسان ڤ کردستان العراق منڗ 1991 – الگبعە الآولى – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 71.

**1992-10-04** پەرلەمانی باشووری.ك، جاری کوردستانی فیدراڵ و هێرش بۆسەر هێزەکانی پککیدا. **5571**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمه العفو الدولیه – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعه الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 166.

سەرچاوەی 2: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 3 و 4 – خولی پێنجەم – 25-12-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 30.

سەرچاوەی 3: گۆڤاری عەرەبی: هه فوت – مجله الحرکه الثقافیه الکردیه – العدد 4 – سویسرا – ایلول 1994. لاپەڕە : 8.

**1992-10-16** تا 18-10، بەستنی کۆنفرانسی یەکێتیی ڕووناکبیرە نیشتمانییەکانی کوردستان لە ئەوروپادا. **5572**

**1992-10-21** دەرکردنی بانگەوازێك بۆ بەرەی کوردستانی، لەلایەن چەند نووسەرێکی کوردەوە، لە دژی کوشتنی ئەدیبی بە هەڵوێست، بانگەوازەکە ئەمانە ئیمزایان کردبوو، هەسیب قەراخی، هیدایەت عەبدوڵڵا حەیران، حوسەین بەفرین، ڕەئوف حەسەن، بەکر حەسەن، محەمەد عومەر عوسمان، سەلاح محەمەد، فوئاد مەجید میسری، محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق، زایەر ئەحمەد سەوز، شێرزاد حەسەن، فوئاد قەرەداخی، جیهان عومەر، عەبدوڵڵا تایەر بەرزنجی، بەیاد عەبدولقادر حەسەن، عەبدولقادر سەعید، عەبدولکەریم حەسەن حوسەین، بارزان هەستیار و فازیل عوسمان. **5573**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: خەرمانە – گۆڤارێکی وەرزیی ئەدەبیی ڕۆشنبیرییە – ژ8 – سوید – 1993. لاپەڕە : 53.

**1992-10-24** کۆمەڵەی هاوکاری نامەیەکی بۆ پارتێکی ئەڵمانی نارد، بەبۆنەی تیرۆرکردنی شەهیدانی میکۆنۆسەوە. **5574**

**1992-10-27** کۆچی دوایی چیرۆکنووس، عەبدولمەجید لوتفی. **5575**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: هه فوت – مجله الحرکه الثقافیه الکردیه – العدد 3 – سویسرا – نیسان 1994. لاپەڕە : 7.

**1992-10-29** کۆمەڵەی هاوکاری کۆڕێکی بە کوردی و بە ئەڵمانی لەسەر شەڕی براکوژی لە باشووری.ك بەست. **5576**

**1992-11-00** مانگرتنی 18 نوێنەری کورد لە پارتی کاری میللەت، لە دژی کردەوەی تورك لە باکووری.ك. **5577**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: میدیا – یانەی کوردی لە ئەمستەردام (میدیا) – ژ7 – زستانی 1992 – هۆڵندا. لاپەڕە : 5.

**1992-11-03** بەستنی میهرەجانی یادی هەفتا ساڵەی حوکومەتی باشووری کوردستان، بە سەرۆکایەتیی شێخ مەحموودی بەرزنجی، جەلال تاڵەبانی لەو میهرەجانەدا وتی، هەرکەسێك یا گروپ و لایەنێك، سەرپێچی لە یاساکانی حوکومەتی هەرێمی کوردستان بکات، ئەوە بەبێ هیچ سێودوویەك سەربە دوژمنە و خیانەت بە کورد و کوردستان و خوێنی شەهید دەکات. **5578**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: خەرمانە – گۆڤارێکی وەرزیی ئەدەبیی ڕۆشنبیرییە – ژ8 – سوید – 1993. لاپەڕە : 51.

**1992-11-14** تا 15-11, بەستنی کۆنگرەی نێونەتەوەیی پزیشکانی کورد لە دەرەوەی وڵات, لە شاری هانۆڤەر. **5580**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: یەکگرتن – گۆڤارێکی ڕۆشنبیری تیۆرییە – بنکەی ڕۆشنبیریی یەکگرتن بڵاویدەکاتەوە – ژ16 – دانیمارک – 1993. لاپەڕە : 164.

**1992-11-14** پەرلەمانی باشووری.ك, بڕیاری ژمارە 35ی دەرکرد, کە بەو پێیە دادگای تایبەتیی شۆڕشی لابرد. **5579**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقج العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 41.

**1992-11-15** وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا ڕۆلاند دۆماس ڕایگەیاند, کە دەبێت گەمارۆدانی ئابووری لەسەر ئێراق لابرێت. **5581**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: میدیا – یانەی کوردی لە ئەمستەردام (میدیا) – ژ7 – زستانی 1992 – هۆڵندا. لاپەڕە : 4.

**1992-11-15** نزیکەی 400 پەنابەری کورد لە پاکستاندا, لە شاری ئیسلام ئاباد, لە بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکاندا مانیان گرت و کامپێکی نایلۆنییان بۆخۆیان دروستکرد. **5582**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: خەرمانە – گۆڤارێکی وەرزیی ئەدەبیی ڕۆشنبیرییە – ژ8 – سوید – 1993. لاپەڕە : 9.

**1992-11-21** دەرکردنی یاسای وەزارەتی دادپەروەری, ژمارە 12ی ساڵی 1992, لەلایەن پەرلەمانی باشووری.ك. **5583**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقج العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 46.

**1992-11-24** کۆمەڵەی کوردستانی سووریا, کۆڕێکیان لە هۆڵندا ئامادەکرد, کە لەسەر بارودۆخی ئێستای خۆرئاوای کوردستان دانوستاندنیان کرد. **5584**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: میدیا – یانەی کوردی لە ئەمستەردام (میدیا) – ژ7 – زستانی 1992 – هۆڵندا. لاپەڕە : 6.

**1992-11-26** دەرچوونی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی هەرێم لەلایەن پەرلەمانی باشووری کوردستانەوە. **7422**

**1992-11-29** ئەو 13 کەسەی کە لە مانگی ئۆگەستدا, لە خۆپیشاندانەکەی شێخەڵڵای شاری هەولێردا گیرابوون, ئەمڕۆ مانیان لە خواردن گرت, تاوەکو بە زووترین کات داوەری بکرێن. **5585**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقج العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 63.

**1992-12-00** دەستەی ڕەسوڵ مامەندی سەربە حسك, چوونە نێو ینك, کە نێوبراو کرایە ئەندامی بیرۆی ڕامیاری. **5586**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقج العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 9.

**1992-12-00** دامەزراندنی دادگای تەمیزی هەرێمی کوردستان. **5587**
سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 42.

**1992-12-00** کردنەوەی لکی کەرکوکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان، لە شاری دەربەندیخان. **5588**
سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 167.

**1992-12-04** تەواوبوونی مانگرتنی ئەو 13 کەسەی کە مانگی پێشوو لە هەولێر مانیان لە خواردن گرتبوو، ئەوانە ئەوە بوون کە لە خۆپیشاندانەکەی مانگی ئۆگەستدا لە هەولێر گیرا بوون. **5590**
سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: خەرمانە – گۆڤارێکی وەرزیی ئەدەبیی ڕۆشنبیرییە – ژ8 – سوید – 1993. لاپەڕە : 10.
سەرچاوەی 2: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 64.

**1992-12-04** مانگرتنی پەناهاندە کوردەکانی پاکستان، کە لە ئەنجامدا پۆلیسی پاکستانی هێرشی بۆ هێنان و پەنابەرەکانیان خستە زیندانی ئایدیالاوە، ئەوانیش لە زینداندا 5 ڕۆژ مانیان لە خواردن گرت و پاشان بەرەڵلایان کردن. **5589**
سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: میدیا – یانەی کوردی لە ئەمستەردام (میدیا) – ژ8 – بەهاری 1993 – هۆڵندا. لاپەڕە : 5.

**1992-12-09** گێڕانەوەی پەنابەرە کوردەکانی پاکستان لە شاری ئیسلام ئابادەوە بۆ کوێتە. **5591**
سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: خەرمانە – گۆڤارێکی وەرزیی ئەدەبیی ڕۆشنبیرییە – ژ8 – سوید – 1993. لاپەڕە : 10.

**1992-12-18** بەستنی هەفتەی ڕۆشنبیری لە هەولێر، کە یەکێك لە چالاکییەکانی بەستنی کۆڕێکی بیری بوو، دەربارەی کێشەی ئافرەت، کۆڕەکە تایبەت بوو بۆ پەری – ئەندامی پەرلەمان، د. شوکریە ڕەسوڵ، پەخشان – دایکی بەهار و کەژاڵ ئەحمەد. **5592**
سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: خەرمانە – گۆڤارێکی وەرزیی ئەدەبیی ڕۆشنبیرییە – ژ9 و 10 – سوید – 1993. لاپەڕە : 61.

**1992-12-20** خۆپیشاندانی کوردە پەنابەرەکانی پاکستان، لە ئەنجامدا پۆلیس هێرشی بۆ کردن و 220 کەس لە پەنابەران زیندانی کران. **5593**
سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: خەرمانە – گۆڤارێکی وەرزیی ئەدەبیی ڕۆشنبیرییە – ژ8 – سوید – 1993. لاپەڕە : 10.
سەرچاوەی 2: گۆڤاری کوردی: میدیا – یانەی کوردی لە ئەمستەردام (میدیا) – ژ8 – بەهاری 1993 – هۆڵندا. لاپەڕە : 5.

**1992-12-27** پیشاندانی شانۆگەریی پێکەنینی تورەیی، لە هۆڵی میدیا لە ئەمستەردام، کە لە نووسین و دەرهێنانی هونەرکار تەڵعەت سامانە. **5594**
سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: میدیا – یانەی کوردی لە ئەمستەردام (میدیا) – ژ7 – زستانی 1992 – هۆڵندا. لاپەڕە : 6.

1993 دیسانەوە نووسەر گۆنای ئاسلان لەسەر ئەو پەڕتووکەی کە لە ساڵانی 89 و 91دا, لەسەر کورد دەریکردبوو, لەلایەن د.ت, گیرا. **5606**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مامۆستای کورد – ژمارە 22 – سوید – هاوینی 1994. لاپەڕە : 6.

1993 د.ت, نزیکەی 13 ماڵی لە گوندی سەگگوزی باکوور سووتاند. **5607**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ79 – لەندەن – مارتی 1997. لاپەڕە : 3.

1993 جیابوونەوەی حەمەی حاجی مەحموود لە پدك و دروستکردنەوەی حسك بەناوی حیزبی سۆسیال دیموکراتی کوردستان. **5608**

1993 جیابوونەوەی چەند کادرێکی پارتی یەکگرتنی کوردستان و دروستکردنی پارتی ڕزگاری کوردستان. **5609**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 11.

1993 دامەزراندنی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان, کە بریتین لە دەستەیەکی جیابووەوەی حشع. **5610**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 12.

1993 گیرانی کیژێکی 14 ساڵەی کورد لە باکوور و لەلایەن ژەندرمەکانی تورکەوە دەستدرێژیی لێکرا. **5611**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ79 – لەندەن – مارتی 1997. لاپەڕە : 3.

1993 دەرچوونی پەڕتووکێك بە زمانی ئەڵمانی, کە بریتییە لە کۆمەڵە هەڵبەستێکی عەبدوڵڵا پەشێو و حەمە سەعید حەسەن, کە لەلایەن یاسین و سیروانەوە وەرگێڕدراون. **5612**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: خەرمانە – گۆڤارێکی وەرزیی ئەدەبیی ڕۆشنبیرییە – ژ8 – سوید – 1993. لاپەڕە : 29.

1993 لەم ساڵەدا, 962 ڕووداو و 20 تاوان, تۆمار کراوە, کە لەلایەن سەربازانی تورکەوە دژی دانیشتوانی کورد کراوە. **5613**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: هە فوت – مجلە کردیە مستقلە تصدر دوریا – العدد 11 – سویسرا – سبتمبر 1996. لاپەڕە : 13.

1993 لە ئەنجامی جەنگی نوێی تورکیا لە دژی کورد تاوەکو ئەم ساڵ, 874 گوند وێرانکراوە و 1.700.000 کەس هەڵهاتووە و 9 هەزار کوژراو و 600 فێرگە داخراوە و 50 هەزار کەس گیراوە کە زۆربەیان ئەشکەنجە دراون و 10 هەزار کەسیش زیندانییە. **5614**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: خوێندکاری کورد – گۆڤاری ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کوردە لە ئەورووپا (سۆکسە) – ژ91 – ئەڵمانیا – نەورۆزی 1994. لاپەڕە : 5.

1993 چوونی مەسعود بارزانی بۆ ئامریکا. **5615**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ9 و 10 – بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی, لەندەن – دیسەمبەری 1996. لاپەڕە : 1.

1993 کۆچی دوایی سدیقی سیاسەری, نێوبراو یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی سازمانی جەوانانی کورد لە مەهاباد. 5617

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: غەنی بلوریان – ئاڵەکۆك, بەسەرهاتی سیاسی ژیانم – ستۆکهۆلم – 1997. لاپەرە : 94.

1993 دەوڵەتی هۆڵندا سەرژمێرییەکی ئەو توریستانەی کرد کە دەیانویست بۆ گەشت و گوزار بچنە تورکیا, لەوانە 50 هەزار کەس بە هۆی چالاکییەکانی پکك پەشیمان بوونەوە بچنە تورکیا. 5603

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: هاوڕێ باخەوان – پرۆژەی پارتی نەتەوەیی کورد – چاپی دووەم – هۆڵندا – 1995. لاپەرە : 39.

1993 لەم ساڵەدا رۆژنامەی رۆژنامەی گەلی هۆڵندی 173 وتاری لەسەر کورد بلاوکردووەتەوە, یان لەو وتارانەدا باسی کورد کراون. 5616

سەرچاوەی 1: رۆژنامەی هۆڵندی: 1993 Rom–CD Volkskrant De.

1993 لە ماوەی ئەم ساڵەدا 56 کەس بەتاوانی لایەنگیریی حدکا لەلایەن مەلاکانی ئێرانەوە گیراون و ئەشکەنجە دراون. 5596

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: کوردستان – ژ – 208 – ئەپریلی 1994, حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. لاپەرە : 10.

1993 بەرزبوونەوەی ئاماری دانیشتوانی شاری دیاربەکر, بەهۆی رەوی خەڵکی گوندەکانی دەوروبەرەوە بۆ ئەو شارە, چونکە زۆربەیان گوندەکانیان سووتێنراوە, لەم ساڵەدا ژمارەی دانیشتوانی ئەو شارە لە ملیۆنێك زێترە, کەچی پێش چوار ساڵ ئاماری دانیشتوانی لە 300 هەزار تێپەری نەدەکرد. 5605

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 4 – خولی چوارەم – 25-12-1994 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەرە : 1.

1993 رژێمی تورکیا لەم ساڵدا 50 ملیارد فرەنکی فەرەنسیی لە شەڕی کوردستاندا خەرج کرد. 5595

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

1993 دروستکردنی فیلمێکی کوردی بە نێونیشانی کاروانەکێ بێدەنگ, ئەم فیلمە لە دەرهێنانی هونەرکار ئیبراهیم سەلمانە و سیناریۆکەی لە هۆڵندا نووسراوە و لە یۆنانیش وێنەی گیراوە. 5604

1993 لە ماوەی ئەم ساڵەدا نزیکەی 100 گوند کە زۆربەیان لە نێوچەکانی سەردەشت, بانە, شنۆ, بۆکان و مەهابادی خۆرهەڵاتی کوردستاندان, تەخت کراون و دانیشتوانیشیان دەرکراون.؟ 5597

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: کوردستان – ژ – 208 – ئەپریلی 1994, حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. لاپەرە : 10.

1993 دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری دەنگێ ژنێن کوردستان لە ئەڵمانیا. 7960

سەرچاوەی 1: بەیان و بلاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای رۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952–2002 – نوسینی رێناس نەورۆزی – برۆکسل.

1993 دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری ژ بۆ رزگاریا ژنان. 7959

سەرچاوەی 1: بەیان و بلاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای رۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952–2002 – نوسینی رێناس نەورۆزی – برۆکسل.

1993 دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری ژنێ ڕابە لە شاری بەرلین. 7958

سەرچاوەی 1: بەیان و بلاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952–2002 – نوسینی ڕێناس نەورۆزی – برۆکسل.

1993 لە ماوەی ئەم ساڵەدا 130 کردەوەی تیرۆرستی لەلایەن مەلاکانی ئێرانەوە لە باشووری کوردستاندا بەڕێوەچووە، کە بووەتە هۆی تەختکردنی 200 گوندی سەر سنووری نێوان هەردوو هەرێمی خۆرهەڵات و باشووری وڵات.؟ 5598

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: کوردستان – ژ – 208 – ئەپریلی 1994، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. لاپەڕە : 10.

1993 ڕێکخراوی ماف مرۆڤ ڕاپۆرتێکی دەربارەی تورکیا دەرکرد، کە لە ماوەی ئەم ساڵەدا بەلایەنی کەمەوە 24 کورد لە ئەنجامی ئەشکەنجەدا مردوون و 26ی تریش بزر بوون. 5599

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1993 کۆچی دوایی ئایشێ خانی دایکی عەبدوڵڵا ئوجەلان. 5600

1993 دەستنەکەوتنی سووتەمەنی لە باشووری کوردستاندا. نرخی یەك بوتڵ گازی سووتاندن 200 دینارە و بەرمیلێك نەوتیش بە 2000 دینار. 5601

1993 زێتر خراپبوونی بارودۆخی گوزەرانی خەڵکی باشووری کوردستان و خەڵکی کەوتوونەتە فرۆشتنی کەلوپەلی نێوماڵەکەی خۆیان، بۆ کڕینی شمەکی خۆراك و سووتەمەنی. 5602

1993 دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری دەنگی ئافرەتان. 7956

سەرچاوەی 1: بەیان و بلاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952–2002 – نوسینی ڕێناس نەورۆزی – برۆکسل.

1993-01-07 کوژرانی ستیوارت کامیرون لە باشووری.ك، نێوبراو نوێنەری ڕێکخراوی کیر ئۆسترالیا بوو. 5618

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 170.

1993-01-11 ئازادکردنی ئەو 13 کەسەی کە لە مانگی ئۆگەستی پاردا، لە خۆپیشاندانەکەی شێخەڵڵای هەولێردا گیران. 5619

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 64.

1993-01-15 کۆمەڵەی هاوکاری لە شاری بۆن، سمینارێکی بۆ سەلاح بەدرەدین لەسەر بارودۆخی خۆرئاوای.ك بەست. 5620

1993-01-18 دادگای تەمیزی کوردستان، لەمڕۆوە دەستی بەکارکرد. 5621

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمه العفو الدولیه – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعه الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 48.

**1993-01-18** مردنی بورهان ئەحمەد، کە پەنابەرێکی کورد بوو لە پاکستان، نێوبراو نەخۆش بوو و کاربەدەستانی پاکستانی و نەتەوە یەکگرتووەکان گوێیان نەدایە نەخۆشییەکەی. **5622**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: خەرمانە – گۆڤارێکی وەرزیی ئەدەبیی ڕۆشنبیرییە – ژ8 – سوید – 1993. لاپەڕە : 11.

**1993-02-00** چوونی جەلال تاڵەبانی بۆ سووریا، کە چاوی بە عەبدولحەلیم خەددام کەوت و ئەوەی ڕاگەیاند، کە کوردەکانی تورکیا و ئێران بێبەشن لە مافەکانیان، بەڵام کوردی سووریا، بەهۆی بزووتنەوەی چاکسازیی سەرۆك ئەسەدەوە، ماف خۆیان هەیە و هاووڵاتییەکی تەواون. **5623**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: کوردنامە – عدد 23 – لندن – مایس 1993. لاپەڕە : 4.

**1993-02-05** دامەزراندنی پارتی سەربەخۆیی کوردستان. **5624**

**1993-02-06** جەلال تاڵەبانی، لە ڕۆژنامەی ئەلحەیاتدا، داوای لە هەموو جولەکەکانی جیهان و ئیسرایل کرد، کە یارمەتیی کورد بدەن، کە بەرەورووی توانەوە دەبێتەوە. **5625**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: کوردنامە – عدد 23 – لندن – مایس 1993. لاپەڕە : 4.

**1993-02-08** تەلەفزیۆنی تورکی تی. ئاڕ. تی ڕایگەیاند کە ئیتر وڵاتەکانی هۆڵندا و ئەڵمانیا و فەڕەنسا کوردی باکووری کوردستان وەك پەناهاندە وەرناگرن، چونکە تورکیا وڵاتێکی دیموکراتییە و کورد هیچ کێشەیەکی لە تورکیادا نییە. **5626**

**1993-02-10** شەهید کردنی فەرهاد لەتیف – ناسراو بە کاوە، نێوبراو سەربە پارتی کۆمۆنیستی کوردستان بوو. **5627**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ڕێگای کوردستان – ئۆرگانی حیزبی کۆمۆنستی کوردستان – ژ – 123 –ساڵی 50، 06-09-1994. لاپەڕە : 8.

**1993-02-17** کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەیەکی تورکی لە ئاسمانی ئەستەمبوڵدا کە پێنج ژێنەڕاڵی تێدا مرد. **5628**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1993-02-22** نیوەشەو، خۆکوشتنی سەعید گەوهەر – مام بەختیار، نێوبراو هاوبیرێکی کاژیك و یەکێك لە دامەزرێنەرانی پاسۆکیش بوو. **5629**

**1993-02-27** بەستنی کۆڕێکی ئەدەبی، لەلایەن حەمە سەید حەسەن، لە لەندەن. **5630**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: خەرمانە – گۆڤارێکی وەرزیی ئەدەبیی ڕۆشنبیرییە – ژ8 – سوید – 1993. لاپەڕە : 2.

1993-03-00 ڕژێمی ئێراق نزیکەی 100 هەزار سەربازی دژی باشووری کوردستان مۆڵداوە و نیازی هێرشێکی هەیە, بەڵام ئامریکا ڕایگەیاند کە ئەوان ئاگاداری ئەم کارەن و ئێراق بۆی نییە هێرش بکاتە سەر کورد و دەبێت پاشەکشە بە هێزەکانی بکات. **5631**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1993-03-00 ڕوودانی چەند تەقینەوەیەك لە هەردوو شاری هەولێر و سلێمانی. **5633**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1993-03-00 جیابوونەوەی ڕەسول مامەند و چەند کەسێك لە پارتی یەکگرتنی کوردستان و پەیوەندی کردنیان بە ینك ەوە . هەروەها جیابوونەوەی حەمەی حاجی مەحموود لە پارتی یەکگرتن. **5634**

1993-03-00 کوشتنی 34 سەربازی تورك لەلایەن پکك, دوای شکاندنی ئاگر بەستەکە. **5635**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1993-03-00 سەردانی وەفدێکی ینك بە سەرۆکایەتیی جەلال تاڵەبانی بۆ کوەیت. **5636**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1993-03-00 د.ت, عومەر ئاگینی نووسەر و ئەحمەد ئۆکجو ئۆغلۆی پەخشکاری بە یەکی 20 مانگ زیندانی سزادا, لەسەر ئەوەی کە وتارێکیان دەربارەی دۆزی کورد بڵاوکربووەوە. **5637**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مامۆستای کورد – ژمارە 22 – سوید – هاوینی 1994. لاپەڕە : 6.

1993-03-00 ڕووسیا ڕایگەیاند کە ئەگەر لەمەودوا هێزە هاوپەیمانەکان لە ئێراق بدەن, ئەوا مافی ڤیتۆ لە بەرژەوەندیی ئێراق بەکاردەهێنێت. **5632**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1993-03-07 بە بۆنەی یادی دووەمینساڵڕۆژی ڕاپەڕینەکەی باشووری کوردستانەوە, یانەی میدیا لە ئەمستەردام کۆڕێکی دەربارەی ڕاپەڕینەکە بۆ هاوڕێ باخەوان سازکرد. **5638**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: میدیا – یانەی کوردی لە ئەمستەردام (میدیا) – ژ8 – بەهاری 1993 – هۆڵندا. لاپەڕە : 3.

سەرچاوەی 2: پەرتوکی کوردی: هاوڕێ باخەوان – لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ڕاپەڕینەکەی بەهاری 1991ی باشووری کوردستان – چاپی یەکەم – هۆڵندا – 1994. لاپەڕە : 8.

1993-03-13 پدك لە شاری ئارنهێمی هۆڵندا یادی کۆچی دوایی بارزانیی کردەوە. **5639**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: میدیا – یانەی کوردی لە ئەمستەردام (میدیا) – ژ8 – بەهاری 1993 – هۆڵندا. لاپەڕە : 15.

1993-03-13 دەرکردنی یاسای ژمارە 8, لەلایەن پەرلەمانی باشووری.ك, کە بەو پێیە ئەو ئەفسەرە کۆنانەی سووپای د.ق, لە هێزەکانی پێشمەرگەدا خزمەت بکەن, بەمەرجێك لە دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد کاریان نەکردبێت. **5640**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 28.

**1993-03-17** د. فوئاد مەعسوم, وازی لە سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان هێنا. **5642**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1993-03-17** کۆمەڵەی هاوکاری بەیانێکی لەسەر تیرۆری د.ا دەرکرد. هەروەها بەیانێکی تریشی لەسەر بۆردومانکردنی د.ا بۆ باشووری.ك دەرکرد. **5643**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1993-03-17** ڕێکەوتنی ینك و پکك لە بیقاعی لوبنان, کە هەردوولا بڕیاریان دا کە ئیتر لە یەکتری نەدەن. **5641**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995.

**1993-03-18** لە گۆڕەپانی دامی ئەمستەردامدا 56 کورد بەچەند مەشخەڵێکەوە یادی کیمیا بارانەکەی هەڵەبجەیان کردەوە, بەڵام هیچ دەزگایەکی ڕاگەیاندنی ڕەسمی گوێی پێنەدا. **5644**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: میدیا – یانەی کوردی لە ئەمستەردام (میدیا) – ژ8 – بەهاری 1993 – هۆڵندا. لاپەڕە : 3.

**1993-03-20** تا 15-04, ڕاگرتنی شەڕ تەنها لەلایەن پککەوە, دژی تورك. **5645**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1993-03-20** گیرانی ئەحمەد محەمەد ئیبراهیم لە هەولێر, لەلایەن ب.ئیسلامییەوە, نێوبراو چەند مانگێك لە زینداندا مایەوە و ئەشکەنجەیەکی زۆر درا. **5646**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 90.

**1993-03-21** ڕاپەرینی جەماوەری لە باکووری وڵاتدا. **5647**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1993-03-22** کوژرانی ڤینسنت بولیت لە باشووری.ك, نێوبراو خەڵکی بەلژیك و بەڕێوەبەری کۆمیتەی نێودەوڵەتی بۆ کەنەفتەکان بوو. **5648**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 170.

**1993-03-24** د.س, بەندیخانەی حەسەکەی بە پیلانێك سووتاند, کە بووە هۆی شەهید بوونی 27 کورد, کە لەسەر تاوانی ڕامیاری زیندانی بوون. **5649**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: کوردنامە – عدد 23 – لندن – مایس 1993. لاپەڕە : 10.

**1993-03-27** دەرکردنی یاسای وەزارەتی نێوخۆیی, ژمارە 9ی ساڵی 1993, لەلایەن پەڕلەمانی باشووری.ك. **5650**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 29.

**1993-03-28** دامەزراندنی کۆمیتەی بەرگری مافی مرۆڤ لە کوردستان, لە باکووری نەمسا. **5651**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: کوردنامە – عدد 23 – لندن – مایس 1993. لاپەڕە : 10.

**1993-04-00** گۆڕانی کابینەی وەزیرانی باشووری.ك, کە هەموویان وەکو خۆیان مانەوە, جگە لە وەزارەتی دادپەروەری نەبێت, کە درایە پارتی یەکگرتنی کوردستان, کە ئەویش قادر عەزیز محەمەد جەباری بوو. **5652**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 15.

**1993-04-02** سازکردنی ئاهەنگێکی ماتەمینی گەورە لە هۆڵی ڕۆشنبیری جەماوەر لە سلێمانی, بە بۆنەی چلەی ماتەمینی سەعید گەوهەرەوە, کە خەڵکێکی زۆر و پارتە کوردستانییەکان ئامادە بوون. **5653**

**1993-04-06** مامۆستا سەعید ناکام بیرخەرەوەیەکی دایە سەرانی کورد لە باشوور, تاوەکو لەلایەن ئەوانەوە بەسەر بکرێتەوە. **5654**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 3 و 4 – خولی پێنجەم – 25-12-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 4.

**1993-04-07** دامەزراندنی پارتی دەپ لە باکوور بەسەرۆکایەتیی یەشار کایا. **5655**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 1 – خولی پێنجەم – 25-03-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 4.

**1993-04-07** کوژرانی عەزیز موحەمەد خۆشناو لە شاری سلێمانی, نێوبراو سەرۆکی کارگەی جگەرەی سلێمانی بوو و 30 گولله بە لاشەکەیەوە بوو. **5656**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 105.

**1993-04-08** تا 13-04, بەستنی کۆنفرانسی بۆتان لە باکووری کوردستان, کە یەکەمین کۆنفرانسە کە لەم دواییەدا لە باکووری وڵات ببەسترێت. **5657**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: صوت کردستان – ناطقە بأسم جبهە التحریر الوطنی الکردستانی – العدد – 20. لاپەڕە : 14.

**1993-04-08** بەستنی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی لەلایەن کۆمیتەی بەرگری مافی مرۆڤ لە کوردستان لە یانەی ڕۆژنامەوانی لە شاری لینز لە نەمسا, لە کۆنگرەکەدا باسی بارودۆخی کوردستان بە گشتی و باری زیندانییەکانی کورد بە تایبەتی کرا. **5658**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: کوردنامە – عدد 23 – لندن – مایس 1993. لاپەڕە : 10.

**1993-04-16** عەبدوڵڵا ئوجەلان، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیی لە لوبنان گرت و زۆر ستایشی تۆرگۆت ئۆزالی کرد و گووتی کە هەر ئەوە دەتوانێت چارەسەری کێشەی کورد بکات. هەروەها پکک شەڕی لەگەڵ تورکیادا وەستاند. **5659**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعە الاولی – لندن – ایلول 1995.

**1993-04-17** مردنی تۆرگۆت ئۆزالی سەرۆکی تورکیا بە جەڵتەی دڵ، پاش ئەوەی کە لە سەردەمی فەرمانڕەواییدا کێشەی کورد گەیشتە لووتکە. پکک گومانی لە مردنەکەی هەیە و وای بۆ دەچێت کە بە پیلانێك کوژرابێت. **5660**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1993-04-25** دەرکردنی یاسای چاپەمەنی، ژمارە 10ی ساڵی 1993 لەلایەن پەرلەمانی باشووری.ك. **5661**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 17.

**1993-05-01** کۆمەڵەی هاوکاری خۆپیشاندانێکیان لەبەردەم باڵوێزخانەی ئێراندا لە ئەڵمانیا سازکرد. **5662**

**1993-05-02** یاریکردنی شانۆیی شەوی بکوژان لەسەر شانۆی هونەرمەندان دەرهێنانی محەمەد سدیق و نواندنی پەرژین عەبدولڕەحمان، کارزان ئەبوبەکر، بێگەرد ئەحمەد ڕەشید و زۆزك جەلال. **8860**

سەرچاوەی 1: تۆماری جەماوەر: کاك دلێر محەمەد تاهیر لە سوید

**1993-05-02** ئێزگەیەکی تەلەفزیۆنیی ئامریکی، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیی بۆ مەسعود بارزانی ڕێکخست، کە تێیدا وتی، حوکومەت و پەرلەمانی کوردستان، بنچینەیەکە بۆ ڕزگارکردنی ئێراق، پاشان پاسپۆرتی ئێراقیی لە گیرفانیدا دەرهانی، تاوەکو ئێراقایەتیی خۆی دڵنیا بکات. **5663**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: کوردنامە – عدد 23 – لندن – مایس 1993. لاپەڕە : 10.

**1993-05-04** یاریکردنی شانۆیی ئۆدیبۆس لەسەر شانۆی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی دەرهێنانی هیوا فایەق و نواندنی پەرژین عەبدولڕەحمان، تەها محەمەد، زۆزك جەلال و شاخەوان عومەر. **8863**

سەرچاوەی 1: تۆماری جەماوەر: کاك دلێر محەمەد تاهیر لە سوید

**1993-05-08** تا 17-06، کۆنگرەی نیشتمانیی یەکەمینی ئافرەتانی باکووری کوردستان بەسترا، کە 195 هەڵبژێردراو بەشدارییان تێدا کرد، کۆنگرەکە باسوخواسی ئافرەتی کوردی خستە بەر لێکۆڵینەوە و چەندین ئەنجوومەنی ڕێکخست بۆ ڕێکخستن و بەرەوپێشچوونی ئافرەتانی کورد. **5664**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: صوت کردستان – ناگقه بأسم جبهه التحریر الوگنی الکردستانی – العدد – 20. لاپەڕە : 54.

**1993-05-09** مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی لە هۆڵندا, کۆبوونەوەیەکی فراوانی بۆ ڕێکخراوە ڕامیارییەکان و کوردە بێلایەنەکان ڕێکخست, تاوەکو یارمەتیی حوکومەتی هەرێمی کوردستان بدرێت. **5665**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: کەشکۆڵی مەڵبەند – بلاوکراوەیەکی ڕۆشنبیریی مەڵبەندی ڕۆشنبیری کوردییە لە هۆڵندا – ژ3 – سێپتیمبەری 1993. لاپەڕە : 6.

**1993-05-12** ڕژێمی ئێران نزیکەی سەد هەزار سەرباز و 500 تانکی لەسەر سنووری باشووری کوردستان مۆڵدا و نێوچەکانی پێنجوێن و قەڵادزێ و ڕانیەی گرت. **5666**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1993-05-13** ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەمڕۆ 236 چاودێری نێودەوڵەتییان لە کوردستان کێشایەوە, بەبیانوی ئەوەی کە ئیتر نێوچەکە پێویستیی بەو ژمارە زۆرە چاودێرە نییە و گوایا پارەی زۆری تێدەچێت. **5667**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1993-05-17** پکک ئاگربەستەکەی لەگەڵ ڕژێمی تورکدا شکاند. **5668**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1993-05-22** ئەمڕۆ و سبەینێ 23-05, شەڕێك لە نێوان جووتیاران و ئاغاکانی نێوچەی قەڵادزێ دا ڕوویدا, کە 17 کەس کوژرا و 21 کەسیش بریندار بوو. **5669**

**1993-05-24** وۆرین کریستۆفەری وەزیری دەرەوەی ئامریکا, هەڕەشەی لە ئێراق کرد, تاوەکو جارێکی تر هێرش نەباتەوە سەر باشووری کوردستان, چونکە ڕژێمی ئێراق هێزەکانی خۆیی لەسەر سنووری باشوور مۆڵداوە بە نیازی هێرش بردن. **5670**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1993-05-25** دوازدە فڕۆکەی جەنگیی ئێرانی بۆمبارانی بنکەکانی موجاهدین خەلقی کرد, لە شارۆچکەی جەلەولای باشووری کوردستان و کۆمەڵێك خەڵکی مەدەنیی کوردی پێوەبوو. بەهۆیەوە ئێراق هەڕەشەی لە ئێران کرد, چونکە دەست درێژیی کردووەتە سەر شکۆی ئێراقی. **5671**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1993-05-26** کوژرانی ڕەئوف کامیل ئاکرێیی لە دهۆك, نێوبراو ئەندامێکی بەرزی ڕێکخراوی خەباتی کارگەرانی کوردستان بوو و سەرنووسەری ڕۆژنامەی ڕێگای ڕەنجدەرانیش بوو, پێش کوژرانی وتارێکی لە دژی فەرمانڕەوایی نیوەبەنیوەیی پارتی و یەکێتی بلاوکردەوە, دەنگوباسەکان وادەڵێن کە پارتی کوشتوویەتی. **5672**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الآنسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الآولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 105.

**1993-05-26** حدکا، ڕایگەیاند کە ئەمڕۆ ئێران نزیکەی 10 گوندی سەرسنووری باشووری کوردستانی بۆمباران کردووە و 12 کەس بریندار بووە، بەبیانوی ئەوەی کە ئەو گوندانە بنکەکانی حدکای تێدایە. **5675**

**1993-05-26** کەناڵی تەلەفزیۆنی 2ی هۆڵندا، ڕیپۆرتاژێکی حوسەین سێودینی لەسەر باشووری کوردستان پیشاندا کە تێیدا مەسعود بارزانی گووتی: ئەگەر چاودێرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کوردستان بچنە دەرەوە ئەوا ڕەوێکی بەکۆمەڵی تر ڕوودەداتەوە. **5673**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی هۆڵندی: 2.NL – کەناڵی دووی هۆڵندا، یاخود تەلەتێکستەکەی.

**1993-05-26** وەزیری دەرەوەی هۆڵندا کۆی مان گووتی کە پێویستە هۆڵندا مووچەی ئەو چاودێرانەی نەتەوە یەکگرتووەکان بدات تاوەکو لە کوردستان نەکێشرێنەوە. **5674**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی هۆڵندی: 2.NL – کەناڵی دووی هۆڵندا، یاخود تەلەتێکستەکەی.

**1993-05-27** کۆبوونەوەی جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی لەگەڵ کاربەدەستانی عارەبستانی سعودی، کە چەند ئۆپۆزسیۆنێکی ئێراقیش تێیدا بەشدار بوون. **5676**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1993-05-29** خۆپیشاندانە مەزنەکەی شاری بۆنی ئەڵمانیا کە لەلایەن پکك ڕێکخرا و زۆرتر لە دەیان هەزاران کورد بەشدار بوون تێیدا. **5677**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1993-05-30** خۆپیشاندانێکی جەماوەری لە هەولێر، لە دژی تیرۆری ڕامیاری. **5679**

سەرچاوەی 1: نامەی کوردی: نامەیەك لەلایەن کاك (هەژار کامەلا)وە لە هەولێر، بۆ دانەر – 07-07-1993.

**1993-05-30** سووتاندنی دەغڵ و دانەکانی نێوچەی زاخۆ لەلایەن ڕژێمی ئێراقەوە. **5678**

**1993-05-31** کوژرانی فرانسیس یوسف شابۆ، لە شاری دهۆك، نێوبراو نوێنەری ئاشوورییەکان بوو لە پەڕلەمانی باشووری.ك. **5680**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الآنسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الآولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 107.

**1993-06-00** ئێراق زۆربەی هێزەکانی خۆیی لەسەر سنووری ئێران مۆڵدا بۆ بەرپەرچی هەر هێرشێکی لەناکاوی ئێران. **5682**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1993-06-00** پکك دەستی کردووە بە چەند تەقینەوەیەك لە نێو شارەکانی تورکیادا, تاوەکو چیدی توریست نەچن بۆ تورکیا و بەمەش زیانێکی ئابووریی گەورە لە تورکیا دەکەوێت و هەر لە هۆڵندا 50.000 کەس نیازیان هەبوو ئەم هاوینە بچن بۆ تورکیا بەڵام پەشیمان بوونەوە. **5683**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1993-06-00** ڕژێمی ئێراق داوای گفتوگۆی لە بەرەی کوردستانی کرد. **5684**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1993-06-00** ئەنجومەنی ئاسایش بڕیارێکی تری دژی ئێراق دەرکرد, تاوەکو ڕێگا بە چاودێرەکانی بدات دوو کامێرا لە دوو دامەزراوی سەربازیی ئێراقیدا دابنێت. **5681**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1993-06-03** محەمەد باهریی وەزیری دادی پێشووی ئێران لە ڕۆژنامەی کەیهاندا وتی: نابێت پاسدارێك بەوە تاوانبار بکرێت کە لوولەی تفەنگەکەی دەکاتە سنگی جووداخوازێکی کورد, چونکە جووداخوازی کورد تاوانبارە و دەبێت وەکو تاوانبار مامەلەی لەگەڵدا بکرێت. **5685**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: جمال نبز – تصریحات هامه للمفکر الکردی جمال نبز – المقدمه بقلم جواد ملا – من منشورات کوردنامه – لندن – 1996. لاپەڕە : 43.

**1993-06-14** کوژرانی لازار میخۆ حەننا, لە نزیك ماڵەکەی خۆیەوە لە دهۆك, نێوبراو ئەندامی لیژنەی نێوەندیی حشع–هەرێمی کوردستان بوو. **5686**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمه العفو الدولیه – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان ڤ کردستان العراق منذ 1991 – الگبعه الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 107.

**1993-06-16** مەسعود بارزانی ڕایگەیاند کە تورکیا بە هەموو شێوەیەك پارێزگاریی باکووری ئێراق, دەکات لە هەموو دەست درێژییەکانی ڕژێمی ئێراق. **5687**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی عەرەبی: تلفزیون الشرق الاوسگ ڤ لندن MBC.

**1993-06-18** تا 30-06, بەستنی کۆنگرەی دامەزراندنی, حزبی کۆمۆنیستی کوردستان – ئێراق, لە شاری هەولێر و سلێمانی, ئەندامانی ئەم پارتە هەر هەمان ئەندامانی حشع بوون. **5688**

سەرچاوەی 1: نامەی کوردی: نامەیەك لەلایەن کاك (هەژار کامەلا)وە لە هەولێر, بۆ دانەر – 07-07-1993.

**1993-06-24** ئەمڕۆ کوردەکانی باکوور هێرشێکی توندیان کردە سەر باڵوێزخانە و دامەزراوە تورکییەکانی ئەورووپا و بەتایبەتی لە ئەڵمانیا, کە 10 تورك لە کونسوڵخانەی تورکی لە میونشن بە دەست کوردەکانەوە بارمتەن و تاوەکو ڕۆژی 26-06 یان داوە بە هیلمەت کۆلی وەزیری ئەڵمانیا بۆ ئەوەی ڕژێمی تورك تاوانبار بکات بۆ ئەو هێرشە بەربڵاوەی دژی باکووری کوردستان, ئەگینا هەموویان دەکوژن. **5689**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1993-06-24** لە شاری بێرنی سویسرا, کوردێك لە بەردەم باڵوێزخانەی تورکیدا شەهید کرا, کە یەکێك بوو لە هێرش بەرەکان. **5690**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1993-06-25** ئەم بەیانییە ئەو کوردانەی کە دەستیان گرتبوو بەسەر کونسوڵجێی تورکدا, تورکەکانیان بەرەڵڵا کرد, پاش ئەوەی کە وەزیرێکی ئەڵمانی چاوی پێیان کەوت و هەڕەشەی ئەوەی لێکردن کە کۆماندۆی ئەڵمانی هێرش دەباتە سەریان. **5691**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1993-06-26** ئامریکا ئەمشەو 23 ڕاکێتی نا بە بارەگای مخابەراتی گشتیی ئێراقەوە لە بەغداد, کە بووە هۆی وێرانبوونی و کووشتنی 6 کەس. **5694**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1993-06-26** لە دەنهاخی لاهای پایتەختی هۆڵندا نزیکەی هەزار کوردێك خۆپیشاندانێکی ئاشتییانەیان لەبەردەم باڵوێزخانەی تورکدا سازدا. **5693**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1993-06-26** سلێمان دێمرێل ڕایگەیاند کە هێرشی کورد بۆسەر دامەزراوە تورکییەکان لە ئەورووپا لە سبەینێوە دەست پێدەکات و داوای لە دەوڵەتانی ئەورووپا کرد کە شوێنەکانیان بپارێزن. **5692**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1993-07-00** یەکگرتنی چوار ڕێکخراوی مارکسی – لینینی, کە ڕەوتی کۆمۆنیست, یەکێك بوو لەوان و پارتی کۆمۆنیستی کرێکارانی ئێراقیان دامەزراند. **5696**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 11.

**1993-07-00** بۆردومانکردنی نێوچەی ماوەتی باشووری کوردستان لەلایەن ڕژێمی ئێرانەوە. **5695**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1993-07-00** عەدنان نەخشبەندی و چەند ئەندامێکی تری لیستی زەرد, کەنارگیریی خۆیانیان لە پەرلەمان ڕاگەیاند. **5697**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەریدەکات – ژ3 و 4 – ئۆکتۆبەری – بەریتانیا. لاپەڕە : 7.

**1993-07-00** دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری یەکسانی. **7957**

سەرچاوەی 1: بەیان و بلاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952–2002 – نوسینی ڕێناس نەورۆزی – برۆکسل.

**1993-07-01** سوپەر چەناڵ, ڕایگەیاند کە ڕژێمی ئێراق 120.000 سەربازی لەسەر سنووری کوردستان مۆڵداوە بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر کوردستان, بەڵام هەر ئەمڕۆ ئامریکا هەڕەشەی لە ئێراق کرد لەو کارەیدا. هەروەها وتی کە ئێراق لەسەدا60 ئەو چەکانەی کە لە جەنگی کەنداودا لەدەستی دابوو لە چین و بەرازیلەوە بە دەستی هێناوەتەوە. **5698**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1993-07-17** کوژرانی تەحسین عەلی نایف, لە ماڵەکەی خۆیدا لە بەرچاوی ژن و منداڵەکانییەوە لە زاخۆ, نێوبراو داوەری لێکۆڵینەوە بوو لە زاخۆ, کە لە دژی چەند تاوانبارێکی مادەی سەرخۆشکەر لێکۆڵینەوەی دەکرد, وەکو دەڵێن ینك کوشتوویەتی. **5699**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 107.

**1993-07-22** کوژرانی سۆران عوسمان حەمە ساڵح, کە ئەندامی حشع–هەرێمی.ك بوو, پێش ئەوەی بکوژرێت ئەشکەنجە درابوو. **5700**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 107.

**1993-07-24** باڵێکی نێو پارتی زەحمەتکێشانی کوردستان بە نێوی پەیڕەوی یەکگرتنەوە, کە بریتی بوون لەلایەنگرانی مەلا بەختیار, چوونەوە نێو ینك. **5701**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: ڕێباز – قەندیل بەغدای هەژاند – یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980–1988 – بەشی دووەم – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان – 1993. لاپەڕە : 149.

**1993-07-26** ڕاگەیاندنی دامەزراندنی پارتی یەکگرتنی کوردستان, کە لەم سێ پارتە پێکهات: پارتی گەل, پاسۆك و حسك. **5702**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1993-07-29** کوژرانی قەیس محەمەد ئەحمەد, ناسراو بە ڕێناس, لە بارەگای حزك لە دهۆك بەبەرچاوی ژنەکەیەوە, نێوبراو ئەندامی سەرکردایەتیی حزك بوو, وەکو دەڵێن پارتی کوشتوویەتی. **5703**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 107.

**1993-08-00** گەڕانەوەی مەلا بەختیار و چەند ئەندامێکی تری ئاڵای شۆڕش بۆ نێو ینك. **5704**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1993-08-00** یەکێتی دیموکراتی کوردستان, لەگەڵ پدك یەکی گرت, دامەزرێنەرەکەی کە نێوی عەلی سنجارییە, بووە ئەندامی سەرکردایەتیی پدك. **5705**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 10.

**1993-08-00** بزووتنەوەی کوردە فەیلییە موسڵمانەکان، لەگەڵ پدك یەکی گرت، دامەزرێنەرەکەی کە نێوی جەلیل فەیلییە، بووە ئەندامی سەرکردایەتیی پدك. **5706**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەرە : 10.

**1993-08-01** گرتنی کۆڕێك لەسەر هەڵبەستی نوێی کوردی لە ئەمستەردام لەلایەن ئەحمەدی مەلاوە. **5707**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1993-08-05** کوژرانی مەلا عەبدولڕەحمان قادر یونس لە شاری هەولێر، نێوبراو سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینیی کوردستان بوو. **5708**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەرە : 108.

**1993-08-15** دامەزراندنی حزبی ڕزگاری کوردستان. **5709**

**1993-08-16** بەستنی کۆنگرەی 11هەمینی پدك، لە شاری هەولێر. **5710**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: فرەنسۆ هەریری – بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی نەنووسرێ – پرسیار و وەڵام – لە بلاوکراوەکانی پدك – هاوینەهەواری پیرمام – هەولێر – 1995. لاپەرە : 147.

**1993-08-23** کۆمیتەی ڕێکخستنەوەی نەتەوەییەکان، بەیانێکیان دەرکرد، تاوەکو نەتەوەییەکان یەکبگرنەوە، لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکدا. **5711**

**1993-08-24** دوو باڵوێزی ئێراقی لە تونس و کەنەدا داوای پەناهاندەییان لە ئنگلستان کرد. **5712**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1993-08-28** گیرانی نەزیر عومەر عەلی ناسراو بە ئارام، لەلایەن پدك، نێوبراو ئەندامی ڕەوتی کۆمۆنیست بوو. **5713**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەرە : 108.

**1993-08-29** کوژرانی عەلی بۆسکانی – عەلی عەبە گۆڕێ، لە شاری سلێمانی، نێوبراو دەوڵەمەندێکی سلێمانی و گەلێك یارمەتیی چاپکردنی پەرتووکی کوردیی دابوو، ماوەیەکی زۆر ئەندامی حشع بوو، بەڵام پێش کوژرانی وازی لێهێنابوون، وەکو دەڵێن ینك، کوشتوویەتی. **5714**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەرە : 108.

**1993-08-30** فەللاحیانی, کە یەکێکە لە تاوانبارەکانی ڕژێمی د.ا. لە وتارێکیدا گووتی: پێویستە داروودەستەی تاوانباری حدکا لە نێو بەرین. ئێمە لە ڕابردوودا دەستمان لێ وەشاندوون و دیسانیش دەستیان لێ دەوەشێنین. **5715**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 11.

**1993-08-31** دۆزینەوەی تەرمی نەزیر عومەر عەلی – ئارام, نێوبراو ئەندامی ر.ك بوو. **5716**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 108.

**1993-09-04** ڤیستیڤاڵی دووەمی کوردستان لە فرانکفۆرتی ئەڵمانیا, کە گەلێك کەسی بەنێوبانگ و ڕێکخراوی جیهانی بەشدار بوون. **5717**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1993-09-04** هەندێك لە ئەندامانی پەڕلەمانی تورکیا, کە کورد بوون و سەر بە پارتی دیموکرات – دەپ بوون, کە پێکهاتبوون لە لەیلا زانا و خەتیب دیجلە و محەمەد سنجار و نیزامەدین تونج, دووچاری هێرشێکی چەکدارانە بوونەوە لەلایەن چەکدارەکانی کۆنترا گەریللاوە, کە تورکیای فاشی ڕێکی خستبوو, لە کاتێکدا ئەو ئەندامانە پیاسەیان بە شەقامەکانی شاری باتمانی باکووری کوردستاندا دەکرد, بووە هۆی شەهیدبوونی ئەندامی پەڕلەمان محەمەد سنجاری کە کەسێکی نیشتمانی بوو و هەروەها مەتین ئۆزدەمیر کە ئەندامی لیژنەی کارگێری پارتی دەپ بوو. هەروەها ئەندامی پەڕلەمان نیزامەدین تونجیش بریندار کرا. **5718**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: صوت کردستان – ناطقە بأسم جبهە التحریر الوطنی الکردستانی – العدد – 20. لاپەڕە : 64.

**1993-09-05** کۆچی دوایی مامۆستا جەلال تەقی, نێوبراو بێجگە لەو نووسین و وەرگێڕانە بەپێزانەی لە ڕووپەری ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوی کردوونەتەوە, 1.850 لاپەڕەی چاپکراوی ئەنجام داوە لەگەڵ 2.906 لاپەڕەی نووسیندا. **5719**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ڕێگای کوردستان – ئۆرگانی حیزبی کۆمۆنستی کوردستان – ژ – 123 – ساڵی 50, 06-09-1994. لاپەڕە : 5.

سەرچاوەی 2: گۆڤاری کوردی: مامۆستای کورد – ژمارە 23 – سوید – پاییزی 1994. لاپەڕە : 14.

**1993-09-08** گیرانی 70 کورد لەلایەن مەلاکانی ئێرانەوە, بەتاوانی جل و بەرگی کوردی لەبەرکردن و 10 کەس لەوانە بێ سەروشوێنن. **5720**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: کوردستان – ژ – 208 – ئەپریلی 1994, حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. لاپەڕە : 10.

**1993-09-14** ئەمشەو: تۆپخانەی د.ا بۆ ماوەی 1 کاژێر گوندەکانی ناوچەی پێنجوێنی تۆپباران کرد. **6772**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1993-09-15** نیوەشەو: د.ق تۆپبارانی گوندەکانی تۆمار و گورگانی سەربە شارۆچکەی شوانی کرد. **6786**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1993-09-15** پەرلەمانی باشووری کوردستان بڕیارێکی بۆ یەکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەرکرد. **6785**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1993-09-18** ئەمڕۆ و سبەینێ: د.ا تۆپبارانی گوندەکانی ناوچەکانی قەلادزێ و پێنجوێنی کرد. **6791**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1993-10-00** لیژنەی جیهانی مافی مرۆڤ, ڕاپۆرتێکی لەسەر باشووری.ك دەرکرد, کە دەلێت, لە کوردستاندا پێشێلکردنی مافی مرۆڤ دیاردەیەکی بەرچاوە و خەلکی لەسەر جیاوازیی بیروڕا و هەلوێستی ڕامیارییان, زیندانی و ئەشکەنجە دەدرێن, یاخود بێ سەروشوێن دەکرێن. **5726**

سەرچاوەی 1: بەیان و بلاوکراوەی کوردی: بەیان: یەکخستنی ڕیزەکانی چەپ, وەلامی دەرەوەی پێویستی باری ئەمڕۆی کوردستانە – حزك – 22-12-1993.

**1993-10-00** ئەمنستی ئنتەرناسیۆنال, لەگەلّ مەسعود بارزانی و جەلال تالەبانیدا کۆبووەوە, تاوەکو دەربارەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا دانوستاندن بکەن. **5725**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەرە : 112.

**1993-10-00** هەرێمی باشووری.ك, 95 لێکۆلەرەوەی داوەریی لە بنکەکانی پۆلیس و ئاسایش دامەزراند. **5724**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەرە : 69.

**1993-10-00** بەستنی کۆنگرەی پێنجەمی حشع, کە لە ئەنجامدا هەندێك لە کۆمۆنیستە کوردەکان پارتی کۆمۆنیستی کوردستانیان پێکهانی. **5723**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەرە : 10.

**1993-10-00** جیابوونەوەی دەستەی حەمەی حاجی مەحموود لە پدك, کە جارێکی تر حسك دروست بووەوە. **5722**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەرە : 10.

**1993-10-00** پێکدادانی ینک و ب.ئیسلامی و کوژرانی 70 کەس. **5721**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1993-10-05** دەرکردنی یاسای چەك, ژمارە 16ی ساڵی 1993, لەلایەن پەڕلەمانی کوردستانەوە, تاوەکو سنوورێك بۆ چەکداری دابنێت. **5727**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 16.

**1993-10-06** هێنانەوەی تەرمەکانی نەمر مستەفا بارزانی و ئیدریسی کوڕی بۆ باشووری کوردستان, کە یەکەم ڕۆژ تەرمەکان لە پێنجوێنەوە هێنرانە سلێمانی و شەو لە ئارامگای حاجی کاك ئەحمەدی شێخ بوون و جەلال تاڵەبانی ڕایگەیاند کە تاوەکو بەیانی وەکو پاسەوانی شەرەف, ئاگاداری تەرمەکان دەبێت. ئەوی شایانی باسە دەریایەك لە خەڵکی چووبوون بەپیری تەرمەکانەوە. **5728**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1993-10-07** بردنی تەرمەکانی بارزانیی نەمر و ئیدریسی کوڕی بۆ شاری هەولێر. **5729**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1993-10-08** ناشتنی تەرمەکانی بارزانیی نەمر و ئیدریسی کوری لە گوندی بارزان. **5730**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1993-10-11** کۆچی دوایی عوسمان سەبری بەنێوبانگ بە ئاپۆ ئۆسمان, کە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردا گەلێك بەدەست بووە و ئەندامێکی چالاکی خۆییبوون بووە. گەلێك پەڕتووکی ئەدەبی و هۆنراوەیی و ڕێزمانیی هەیە, لەسەر وەسیەتی خۆی لە گۆڕستانی شەهیدانی گوندی بەرکفرییەی شارۆچکەی دەرباسییەی خۆرهەڵاتی کوردستاندا نێژرا, نێوبراو تا کۆچی دوایی کرد, 18 کەڕەت لەلایەن دەستەڵاتدارانی سووری و تورکی و فەڕەنسییەوە گیراوە. **5731**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 3 و 4 – خولی پێنجەم – 25-12-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 24.

سەرچاوەی 2: گۆڤاری عەرەبی: صوت کردستان – ناگقە بأسم جبهە التحریر الوگنی الکردستانی – العدد – 20. لاپەڕە : 57.

**1993-10-16** بەستنی کۆنگرەی ئازادی, هەشتەمین کۆنگرەی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان. **5732**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ئاڵای ئازادی – ئۆرگانی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان – ژ94 – هەولێر – 24-10-1993. لاپەڕە : 7.

**1993-10-17** کۆمەڵەی هاوکاری لە ئەڵمانیا, کۆڕێکیان بۆ یادی شەهیدانی میکۆنۆس لە شاری داوس بورگی ئەڵمانیا سازکرد, هەروەها بڵاوکراوەیەکیشیان لەسەر بارودۆخی باکووری.ك بڵاوکردەوە. **5733**

**1993-10-18** دەرکردنی یاسای پارتەکان, ژمارە 17ی ساڵی 1993, لەلایەن پەرلەمانی باشووری.ک. بەو پێیە دامەزراندنی هەر پارتێکی نوێ دەبێت بە پێی ڕەزامەندیی وەزارەتی نێوخۆوە بێت. **5734**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعة الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 17.

**1993-10-18** کۆمەڵەی هاوکاری لە ئەڵمانیا, بڵاوکراوەیەکی لەسەر ڕابەری کورد ئۆسمان سەبری – ئاپۆ ئۆسمان بڵاوکردەوە. **5735**

**1993-10-22** د.ت, شاری لیجەی بەگازی کیمیاوی بۆمباران کرد و بووە هۆی خاپوور کردنی 240 خانوو و هەروەها 240 دامودەزگای ئابووریشی وێران کرد. **5736**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 4 – خولی چوارەم – 25-12-1994 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 1.

**1993-10-22** کۆمۆنیستە کوردستانییەکان, لە شاری هەولێر, لە هۆڵی میدیا, یەکەمین کۆنگرەی خۆیانیان بەست. **5737**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ئاڵای ئازادی – ئۆرگانی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان – ژ94 – هەولێر – 24-10-1993. لاپەڕە : 1.

**1993-10-28** کۆچی دوایی هۆزانەوان و گۆرانیبێژی کورد محەمەد ساڵح دیلان, لە شاری سلێمانی. **5738**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: کەشکۆڵی مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیریی مەڵبەندی ڕۆشنبیری کوردییە لە هۆڵندا – ژ3 – سێپتێمبەری 1993. لاپەڕە : 10.

**1993-10-31** دەرکردنی یاسای کۆمەڵەکان, ژمارە 18ی ساڵی 1993, لەلایەن پەرلەمانی باشووری.ک. **5739**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعة الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 17.

**1993-11-00** ڕوودانی شەڕی براکوژی لە نێوان پدك و حسك. **5740**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1993-11-00** د.ت, لە نێوچەی موش گوندی سیامرکیی سووتاند و خەڵکەکەی ئاوارە بوون. **5741**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 4 – خولی چوارەم – 25-12-1994 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 1.

**1993-11-04** کۆمەڵێك هێرشی پێك بۆسەر دامەزراوە تورکییەکانی ئەورووپا, کە تورکێك کوژرا و هی تریش بریندار بوون. **5742**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1993-11-11** فەرمانبەرانی پەروەردە, یاداشتێکیان ئاراستەی پەرلەمانی باشووری.ك کرد, تاوەکو باری گوزەرانیان چێتر بکرێت. **5743**

سەرچاوەی 1: رۆژنامەی کوردی: رێگای کوردستان – ئۆرگانی حیزبی کۆمۆنستی کوردستان – ژ – 123 – سالی 50, 06-09-1994. لاپەرە : 2.

**1993-11-17** پێکهاتنی لیژنەی بالای هاریکاری چەپە کوردستانییەکان, کە لەم پارتانە پێك هاتووە, حزك, رێکخراوی تێکۆشانی رەنجدەرانی کوردستان و پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان. **5744**

سەرچاوەی 1: بەیان و بلاوکراوەی کوردی: بەیانی پێکهێنانی لیژنەی بالای هاریکاری چەپە کوردستانییەکان. 17-11-1993.

**1993-11-19** ئازادکردنی 10 دیلی ینك, لەلایەن ب.ئیسلامییەوە. **5745**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەرە : 117.

**1993-11-26** ئەلمانیا بەشێوەیەکی رەسمی هەرچی چالاکیی پکك هەیە قەدەغەی کرد و نزیکەی سەد پرۆسەی پشکنینی لەنێو بارەگاکانی ئەو پارتەدا کرد و هەروەها 35 رێکخراوی تری سەربە پککشی قەدەغە کرد. **5746**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەنالەکانی راگەیاندن

**1993-12-00** پێکدادانی پدك و حسك لە سلێمانی و هەولێر, کە چەند کەسێکیان لەیەکتری کوشت. **5747**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەنالەکانی راگەیاندن

**1993-12-00** پێکدادانەکانی ینك و ب. ئیسلامی, کە سەدان کەسی تێدا کوژرا. **5748**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەرە : 115.

سەرچاوەی 2: تەلەفزیۆنی عەرەبی: تلفزیون الشرق الاوسگ فی لندن MBC.

**1993-12-00** ب.ئیسلامی گوێ و لووتی چەندین تەرمی یەکێتییەکانی بری بوو, لە کاتی شەری نێوان هەردوولادا, کە بووە هۆی نارەزایی خەلکی و رێکخراوە نێودەولەتییەکان. **5749**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەنالەکانی راگەیاندن

**1993-12-00** کۆتایی ئەم مانگە: پارتی دیلەکانی حسکی ئازاد کرد. **5750**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەرە : 99.

**1993-12-10** رۆژنامەی ئوزگور گوندەم لە تورکیا, بە بۆنەی سالرۆژی ماف مرۆڤەوە لە لاپەرەی یەکەمیدا, بەشێکی بەیاننامەی ماف مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانی بلاوکردەوە, هەر لەو رۆژەدا 200 پۆلیسی تورك پەلاماری بنکەی رۆژنامەکەیاندا و 110 کەسی رۆژنامەکەیانگرت, کە زۆربەیان بۆ ماوەی رۆژێك لە زینداندا مانەوە و هەندێکیان زیندانی کران. **5751**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مامۆستای کورد – ژمارە 22 – سوید – هاوینی 1994. لاپەڕە : 5.

**1993-12-10** هێرشی حسک بۆسەر بارەگای سەرەکی لیوای 24ی هێزی یەکگرتووی پێشمەرگە, کە لە ئەنجامدا دەستیان بەسەردا گرت و تەواوی چەك و زەخیرەکانیشیان بە تالآنی برد. **5752**
سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 97.

**1993-12-11** بەستنی کۆڕێك لە ئەمستەردام لەلایەن مەلا بەختیاری ئەندامی سەرکردایەتیی ینك, کۆڕەکە لێدوانێك بوو لەسەر پەرەسەندنی ژیانی دیموکراسی لە کوردستاندا. **5753**
سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1993-12-11** هێرشی پدك, بۆسەر دوو بارەگای حسك, لە شاری هەولێر, کە چەند کەسێك لە هەردوو لا کوژران و بارەگاکانیش کەوتنە دەست پارتی, هەروەها 11 پێشمەرگەی حسکیشیان بەدیل گرت. **5754**
سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 97.

**1993-12-11** هۆزانەوان شێرکۆ بێکەس وازی لە وەزیرێتیی وەزارەتی ڕۆشنبیری هێنا. **5755**

**1993-12-13** هێرشی پدك, بۆسەر بارەگاکانی حسك لە شاری سلێمانی, کە لە ئەنجامدا چەند کەسێك لە هەردوولا و لە ڕەشە خەڵکەکە کوژران, هەروەها 15 پێشمەرگەی حسکیش بەدیل گیران. **5756**
سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 97.

**1993-12-13** چەند سەد کەسێك لە خەڵکی سلێمانی, لە دژی شەڕی براکوژیی نێوان حسك و پارتی خۆپیشاندانێکیان ساز کرد, کە هەندێك دەڵێن ئەم خۆپیشاندانە ینك ڕێکی خستووە. **5757**
سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 97.

**1993-12-16** سەر لە ئێوارە لە هۆڵی ئەخناتوونی ئەمستەردام, گرووپێکی هۆڵەندی کە سەردانی کوردستانیان کردبوو, فلیمێکیان لەسەر سێ ساڵی بارودۆخی باشووری کوردستان پیشاندا و دەیان کورد و هۆڵەندی ئامادە بوون. **5758**
سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1993-12-16** تا 19-12, چەند لیژنەیەك لە نێوان ینك و ب.ئیسلامیدا پێك هات, بۆ هێمن کردنەوەی بارودۆخی نێوانیان و گۆڕینەوەی دیلەکانیان. **5759**
سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 117.

**1993-12-17** ینک, لە نێوچەی کفریدا بۆسەیەکی بۆ ب.ئیسلامی دانا, لە ئەنجامدا چواریان کوژران. **5760**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمه العفو الدولیه – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعه الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 117.

**1993-12-18** پێکدادانی ینک و ب.ئیسلامی, لە شاری کفری, کە بووە هۆی کوژرانی چوار کەس لە ئیسلامییەکان و بریندار بوونی هەندێکی تر. **5761**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمه العفو الدولیه – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعه الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 117.

**1993-12-18** گیرانی دوو ئەندامی ینک, لە شاری کفری, لەلایەن ب.ئیسلامییەوە. **5762**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی عەرەبی: بیان من الاتحاد الوطنی الکردستانی حول الاحداث الاخیره فی کردستان العراق – 0-12-1993.

**1993-12-19** ناشتنی تەرمی هیوا ڕانیەیی, کە ئەندامی ب.ئیسلامی بوو و لەلایەن ینک کوژرابوو, سەدان کەس لە کفری بەشداریی ناشتنەکەیی کرد, لە ئەنجامدا ینک ڕێڕۆیشتنەکەیی بەر دەسترێژدا و یەکێك لە ئەندامانی ب.ئیسلامی کوژرا و یەکێکی تریش بریندار بوو, هێزەکانی ب.ئیسلامیش پەلاماری بنکەی ینک دا لە کفری و بووە هۆی کوشتنی چوار کەسیان و گرتنی بارەگاکە و دیلکردنی دەیان ئەندامی یەکێتی. **5763**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمه العفو الدولیه – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعه الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 118.

**1993-12-19** کوژرانی کامەران ئەحمەد لەلایەن ب.ئیسلامییەوە لە کۆیە, نێوبراو ئەندامێکی ینک بوو. **5764**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمه العفو الدولیه – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعه الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 118.

**1993-12-19** گیرانی 5 ئەندامی بەرزی ینک, لەلایەن ب. ئیسلامییەوە لە شاری ڕانیە, پاشان گوللە باران کران. کە ئەمانە نێوەکانیانە, محەمەد سوڵتان, عەلی مام قادر, سەلمان فەخری, بەختیار محەمەد مەجید و مستەفا حەسەن, شایانی باسە کە تەرمەکانیان بە دوای ئۆتومبیلدا بە شەقامەکانی شاری ڕانیەدا ڕاکێشان. **5765**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمه العفو الدولیه – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعه الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 127.

**1993-12-19** پێکدادانەکانی ینک و ب.ئیسلامی لە ڕانیە, کە بووە هۆی کوشتنی 6 کەس لە ینک. **5766**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی عەرەبی: بیان من الاتحاد الوطنی الکردستانی حول الاحداث الاخیره فی کردستان العراق – 0-12-1993.

**1993-12-19** پێکدادانەکانی ینک و ب.ئیسلامی, تەواوی کوردستانی گرتەوە, کە بووە هۆی کوژرانی دەیان کەس لە هەردوولا. **5767**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی عەرەبی: بیان من الاتحاد الوطنی الکردستانی حول الاحداث الاخیره فی کردستان العراق – 0-12-1993.

**1993-12-20** هێرشی ب. ئیسلامی, بۆسەر بنکەی کۆمیتەی ڕانیەی ینک, لە ئەنجامدا ژمارەیەکیان لێ کوشتن و بنکەکەش گیرا. **5768**

سەرچاوەی 1: بەیان و بلاوکراوەی کوردی: بلاوکراوە: بۆ ئەوەی هەموو لایەك ملکەچی یاسا بن – ینك, مەڵبەندی ڕێکخستنی دەرەوە – 29-12-1993.

**1993-12-21** دۆزینەوەی تەرمی ئازاد کەریم سەمین لە یەکێك لە شەقامەکانی شاری کفریدا, نێوبراو ئەندامێکی ینك بوو و لە لای ب.ئیسلامی لەگەڵ 10 کەسی تردا دیل بوو. **5769**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 117.

**1993-12-21** هێرشی ینك بۆسەر بارەگاکانی ب.ئیسلامی لە نێوچەکانی ڕەواندز, شەقڵاوا, هەریر و دیانا, ب.ئیسلامیش هێرشی کردە سەر بارەگاکانی ینك لە نێوچەکانی قەڵادزێ, حاجیاوا و چوارقورنە, کە بەهۆیەوە ماوەیەك ڕێگای نێوان سلێمانی و هەولێر داخرا. **5770**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 118.

**1993-12-22** پەڕلەمانی باشووری.ك, یاسای دەستەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانی ئێڕاقی دەرکرد. **5771**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 166.

**1993-12-23** ئەمنستی ئنتەرناسیۆنال, نامەیەکی بۆ جەلال تاڵەبانی و شێخ عوسمان نارد, تاوەکو لە پێکدادانەکانی ینك و ب.ئیسلامیدا چیتر مافی مرۆڤ پێشێل نەکەن. **5772**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 116.

**1993-12-24** گیرانی ئەحمەد ئەسعەد ئیسمایل, لە هەولێر لە ماڵەکەی خۆیدا لەلایەن ینك, نێوبراو ئەندامێکی ب.ئیسلامی بوو. **5773**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 126.

**1993-12-25** ینك و ب.ئیسلامی ڕێکەوتننامەی ئاشتییان مۆرکرد, بەسەرپەرشتیی مەسعود بارزانی, کە لە 10 بەند پێکهاتبوو, بەڵام هیچیان خۆیانیان پێوە نەبەستەوە و شەڕ هەر بەردەوام بوو. **5774**

سەرچاوەی 1: بەیان و بلاوکراوەی کوردی: بلاوکراوە: بۆ ئەوەی هەموو لایەك ملکەچی یاسا بن – ینك, مەڵبەندی ڕێکخستنی دەرەوە – 29-12-1993. لاپەڕە : 4.

سەرچاوەی 2: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 118.

**1993-12-25** ئەمڕۆ یان 26-12، ب.ئیسلامی 6 دیلی ینك، لە خورماڵ گوللە باران کرد، کە ئەمانە نێوەکانیانە، ئەبوبەکر مەجید کەریم – بەرپرسی کۆمیتەی ینك لە خورماڵ، بەختیار ئەحمەد، کەمال ئەحمەد حەمەد ئەمین، شیروان محێدین ئەحمەد، ساحب جەعفەر محەمەد و جەلال بابە مەعروف. **5775**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان ف کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الأولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 128.

**1993-12-27** هێرشی ینك، بۆسەر بنکەی سەرەکیی ب.ئیسلامی لە بێتواتە، کە بووە هۆی کوژرانی دەیان کەس و دیلکردنی چەندین ئەندامی بەرزی ب.ئیسلامی کە لە نێویاندا شێخ عوسمان عەبدولعەزیزی تێدا بوو، نێوبراو ڕابەری ئیسلامییەکانە، هەروەها 8 کەسی تر پاش دیلکردنیان گوللە باران کران کە ئەمە نێوی هەفتیانە، مەلا شەریف حوسەین موستەفا، مەلا وریا کەرکوکی، نەبی مینا حەسەن، ئەحمەد بابەکر ئەحمەد، دانا محەمەد، عەلی حوسەین و بارزان کۆیی، کە ئەمەی دواییان تەرمەکەی نەدۆزرایەوە، هەندێکیش لەوانە پێش گوللە باران کردنیان ئەشکەنجە درابوون. **5776**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان ف کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الأولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 124.

**1993-12-27** گیرانی 6 ئەندامی ب.ئیسلامی لە کۆیە لەلایەن ینك، پاشان گوللە باران کران، کە ئەمە نێوی یەکێکیانە، بێستون عەبدولڕەحمان عەبدوڵڵا. **5777**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان ف کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الأولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 126.

**1993-12-28** ینك، لە نێوچەی کفری 18 کەسی ب.ئیسلامی پاش دیلکردنیان گەللە بارانیان کردن، کە ئەمانە نێوەکانیانە، نازم محەمەد تۆفیق، جەلال عەلی قادر، شێرزاد عەلی قادر، هاشم محەمەد کاکە مەند، ئیبراهیم محەمەد کاکە مەند، نەوزاد محەمەد خان، لوقمان محەمەد ئەمین، سەباح جاسم حەسەن، عومەر فازیل، حەسەن ڕەفعەت حوسەین، محەمەد ڕەحیم، سامان مەجید، گۆران حەیدەر ڕۆستەم، عەباس مەحموود، ئەدنان حەکیم تایەر، عادل عوسمان ڕەسوڵ، ئەیوب چەمچەماڵی و کامەران زەڕایەنی. **5778**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان ف کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الأولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 122.

**1993-12-28** ئازادکردنی ئەحمەد محەمەد ئیبراهیم، لەلایەن ب. ئیسلامییەوە. **5779**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان ف کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الأولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 90.

**1993-12-28** هێرشی ب.ئیسلامی بۆسەر بارەگای ینك، لە گوندی سۆسەکانی نێوچەی هەورامان، کە لە ئەنجامدا بارەگاکەیان گرت و 5 کەسیشیان پاش دیلکردنیان گوللە باران کردن، کە ئەمە نێوەکانیانە،

شەریف عەلی بابەکر – 16 ساڵە, لاوران ڕەحمان وڵۆخان – 17 ساڵە, مستەفا ئەحمەد, عەبدولڕەحمان عەبدول قادر محەمەد و حوسەین عەلی حەمە. **5780**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمه العفو الدولیه – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعه الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 128.

**1994** دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری زینانوو لە گرتووخانەی شاری ئامەد بە نهێنی. **7961**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952–2002 – نوسینی ڕێناس نەورۆزی – برۆکسل.

**1994** لەم ساڵەدا لە باکووری.ك, نزیکەی 1.194 ڕووداو و 15 تاوان, لەلایەن وەزیری دەرەوەی تورکەوە تۆمار کراوە, کە سەربازانی تورك لە دژی دانیشتوانی کورد کردوویانە. **5793**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: هه فوت – مجله کردیه مستقله تصدر دوریا – العدد 11 – سویسرا – سبتمبر 1996. لاپەڕە : 13.

**1994** کردنەوەی پیشانگەی کەڤاڵی چیا لەلایەن هونەرکاری وێنەکێش جەزا بەکرەوە, لە شاری سلێمانی. **5794**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ9 و 10 – بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی, لەندەن – دیسەمبەری 1996. لاپەڕە : 15.

**1994** یاریکردنی شانۆیی مەم و زین بە زمانی فەڕەنسی لە فەڕەنسا لەلایەن شوان جافەر و چوار هونەرکاری فەڕەنسییەوە. **5795**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەریدەکات – ژ8 و 9 – ژونی 1996 – بەریتانیا. لاپەڕە : 21.

**1994** لەم ساڵەدا, ڕۆژنامەی فینانشڵ تایمس 7 وتاری دەربارەی کورد نووسیوە. **5797**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی ئینگلیزی: The Financial Times – CD–Rom – 1994.

**1994** لەم ساڵەدا, ڕۆژنامەی دی ڤۆلکسکرانتی هۆڵەندی 136 وتاری دەربارەی کورد نووسیوە, یان لەو وتارانەدا باسی کورد کراون. **5798**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی هۆڵەندی: De Volkskrant CD–Rom 1994.

**1994** د.ت, بەهۆی جێبەجێکردنی پرۆژەی گاپەوە, تووشی کەڵەکەبوونێکی ئابووریی مەزن بوو, کە لە لەسەدا 100 زێتر بوو. **5792**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: هه فوت – مجله کردیه مستقله تصدر دوریا – العدد 11 – سویسرا – سبتمبر 1996. لاپەڕە : 5.

**1994** دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری ژن لە سوید. **7962**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952–2002 – نوسینی ڕێناس نەورۆزی – برۆکسل.

**1994** دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری وێران لە شاری هەولێر. **5787**

**1994** شوێنەوارناسی کورد عەبدول ڕەقیب یوسف, لێکۆڵینەوەیەکی ئارکیۆلۆژیی دەربارەی شوێنەوارەکانی نەوێ لە چیای سوورێن کرد. **5800**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: عەبدولڕەقیب یوسف – شوێنەوارەکانی نەوی لە شاخی سوورین – بە یارمەتی ڕێکخراوی میدیکۆی ئەڵمانی چاپکراوە – باشووری کوردستان – 1994.

1994 ژمارەی ئەو وێنە کەلەپووری و شوێنەوارانەی کە شوێنەوارناسی کورد مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف تاوەکو ئێستا لە کوردستاندا گرتوویەتی, گەیشتۆتە 11.500 وێنە. **5799**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: عەبدولڕەقیب یوسف – شوێنەوارەکانی نەوی لە شاخی سوورین – بە یارمەتی ڕێکخراوی میدیکۆی ئەڵمانی چاپکراوە – باشووری کوردستان – 1994. لاپەڕە : 8.

1994 وەزیری نێوخۆی تورك ڕایگەیاند, کە ئەم ساڵ, 1.037 پێشمەرگەی پکك کوژراوە و 1976 کەسیش بەدیل گیراون و 88یش خۆیان داوە بەدەستەوە. **5791**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەنگاو – ژ14 – لەندەن – مایی 1994. لاپەڕە : 7.

1994 بەهاری ئەم ساڵ, دەرچوونی یەکەمین ژمارەی بڵاوکراوەی ڕوانگە, کە بڵاوکراوەیەکی وەرزییە, لەلایەن ینك, کۆمیتەی بەنەلۆکس, ئامادە دەکرێت. **5790**

1994 لەم سەردەمەدا ژمارەی ژەندرمەی تورك لە باکووری.ك دا, 400 هەزار ژەندرمەیە, کە لە دژی پێشمەرگەکانی پکك شەڕ دەکەن. **5788**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلاپار – ژ – 4 – خولی چوارەم – 25-12-1994 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 1.

1994 بەیان ڕەحمان کە ڕۆژنامەنووسێکی ئافرەتی کوردە, لە بریتانیا خەڵاتی بازۆفتی ڕۆژنامەی ئۆبسێرڤەری وەرگرت, بەهای خەڵاتەکە هەزار پاوەندی بەریتانییە و لەسەر ئەو ڕاپۆرتە وەرگیراوە کە خاتوو بەیان دەربارەی بارودۆخی کوردستان نووسیویەتی. **5801**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – ژ45 – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – مارتی 1994. لاپەڕە : 2.

1994 تا ساڵی 996: لە شاری دیاربەکردا, 18.407 مەسەلە دراونەتە دادگا, لەوانە 16.415یان بڕیاری سزادانیان بۆ دەرچووە, لە نێو ئەو سزایانەشدا 2.261یان بڕیاری سێدارە هەیە. **5786**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 3.

1994 دامەزرانی کۆمەڵەی هاوار لە هۆڵندا, کە بۆ یارمەتیی خوێندکارە دەست کورتەکانی کوردستان هاتۆتەکایەوە. **5785**

1994 لەیلا زانا, خەڵاتی بنکەی پرۆفیسۆر تۆرلۆف – ڕامنتۆری بۆ مافی مرۆڤ وەرگرت. **5784**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1994 بەستنی کۆنفرانسی مێژووی کورد لە لۆزان. **5783**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ11 و 12 – بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی, لەندەن – مارتی 1997. لاپەڕە : 1.

1994 ڕێکخراوی ماف مرۆڤ لە تورکیا ڕاپۆرتێکی دەرکرد, کە تێیدا دەڵێت, لە ماوەی 3 مانگی هاوینی ئەم ساڵدا, 3.955 کەس بە تاوانی ڕامیاری گیراون, 73 گوندی کوردستان خاپوور کراوە, 97 کەس لەلایەن پۆلیسەوە کوژراوە, 2.850 خەڵکی گوندی کوردستان ئاوارە کراوە, 2.810 کرێکار و کارمەندی کورد بە تاوانی ڕامیاری لە کارەکانیان دەرکراون و 64 گۆڤار و ڕۆژنامەش قەدەغە کراوە. **5782**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – ژ51 – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – سێپتیمبەری 1994. لاپەڕە : 1.

1994 ڕاپۆرتی ساڵانەی ماف مرۆڤی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا, تورکیای بەوە تاوانبار کرد: کە ڕەفتاری لەگەڵ کوردە جیاخوازەکان, گەلێك نامرۆڤانەیە ... هەروەها پێك شی بەوە تاوانبار کرد, کە کوێخا و مامۆستای گوندەکانیان هەراسان کردووە... **5781**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1994 کۆچی دوایی هۆزانەوان هاشم نانەوازادەگان. **7925**

1994 لە ماوەی ئەم ساڵدا پتر لە 20 هەزار ئاوارەی کورد بەهۆی هێرشەکانی د.ت, ڕوویان کردە باشووری.ك. **5789**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 4 – خولی چوارەم – 25-12-1994 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 1.

1994-01-00 لەم مانگەدا ئەندامێکی پەرلەمانی تورکیا چووەتە باشووری کوردستان و لە هەولێر خۆی و وەرگێڕەکەیان کوشتووە. **5803**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1994-01-00 د.ت, شاری لیجەی تۆپباران کرد, کە بووە هۆی شەهید بوونی دەیان هاووڵاتی و کاولکردنی سەدان خانوو. **5804**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 4 – خولی چوارەم – 25-12-1994 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 1.

1994-01-00 هێرشی د.ت, بۆسەر شاری جزیرەی نێوچەی جودی لە باکوور, کە بووە هۆی کاولکردنی ماڵی دەیان هاووڵاتیی کورد. **5805**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 4 – خولی چوارەم – 25-12-1994 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 1.

1994-01-00 جەلال تاڵەبانی, لە گۆڤاری ئەلوەسەتدا ڕایگەیاند, کە ئێران سەرچاوەی نائاسایشی کوردستانە. **5806**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: الوسگ – العدد 102 – 10-1-994. لاپەڕە : 27.

**1994-01-00** بڵاوبوونەوەی ئەو پڕوپاگەندەیەی کە دەڵێت: ینك و پدك دەیانەوێت ببنە یەك پارت. **5802**

**1994-01-02** ئەمڕۆ لە بەلچیکا، کۆمەڵێك تورك هێرشیان کردە سەر هەندێك کورد و لێیان دابوون، پۆلیسی بەلچیکی نێوبژیی کردبوون و یەك پۆلیس بریندار ببوو... ئەمە یەکەمجارە لە ئەورووپا تورك هێرش بکاتە سەر کورد. **5807**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-01-02** دۆزینەوەی تەرمی ئەحمەد ئەسعەد ئیسمایل لە یەکێك لە شەقامەکانی شاری هەولێردا کە دەستی چەپی لە لاشەکەی کرابووەوە، نێوبراو ئەندامێکی ب.ئیسلامی بوو و لەلایەن ینك گیرابوو. **5808**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 126.

**1994-01-03** کۆبوونەوەی دەستەی سەرۆکایەتیی هەرێمی باشووری.ك و وەفدی زانا موسڵمانە ئێراقییەکان، بۆ هێمنکردنەوەی بارودۆخی کوردستان و کۆتایی ناکۆکییەکانی نێوان ینك و ب.ئیسلامی. **5809**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی عەرەبی: بیان: ایچاح من رئاسە مجلس الوزراو – حکومە اقلیم کردستان العراق – 3-1-1994 – اربیل.

**1994-01-05** ئێران ڕایگەیاند، کە ئامریکا و خۆرهەڵات ئیسرائیلێکی دووەمیان لە باکووری ئێڕاقدا – باشووری.ك – دروست کردووە. **5810**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-01-07** بۆردومانکردنی سنووری نێوان تورکیاو سووریا، لەلایەن فڕۆکەکانی تورکەوە، لە نزیك ڕووباری هیزل کە بنکەی پککی لێیە. **5811**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-01-21** لە شاری ژنێف، کۆبوونەوەیەك بۆ هەڵسەنگاندنی کاروبارەکانی ڕێکخراوە مرۆڤایەتییەکانی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان، کە یارمەتییان پێشکەشی گەلی ئێڕاق و باشووری.ك کردووە، بەسترا، لەو کۆبوونەوەیەدا 119 نوێنەری سەربە 26 دەوڵەت بەشداریی تێداکرد، شایانی باسە کە نوێنەرێکی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی لە لەندەن بەشداریی لەو کۆبوونەوەیەدا کرد و کۆبوونەوەکە پیلانی کاری داهاتووی خۆیی لە نێوچەکەدا داڕشت و بڕیاری ئەوەش درا کە ئەڵمانیا بۆ ئاسانکردنی ڕێکخستنی کارەکان، بنکەیەك لە شاری هەولێر بکاتەوە.؟ **5812**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – ژ45 – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – مارتی 1994. لاپەڕە : 2.

**1994-01-22** تا 23-01-1994، کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتیی ینك، بۆ داڕشتنی بەرنامەی کاری ساڵی 1994. **5813**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: بەیان: بەلاغی کۆتایی کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتیی ینك – مەڵبەندی ڕێکخستنی دەرەوە – بێ بەروار.

**1994-01-28** هێرشی فڕۆکەکانی تورك، بۆسەر ئۆردوگای زەڵێ، کە بنکەی پێشمەرگەکانی پککی لێیە، لە ئەنجامدا 22 کەسی گوندەکانی نۆکان و شێنێ شەهید بوون و 7 پێشمەرگەی پککش شەهید بوو، جگە لە بریندارکردنی 10 کەس، یەکێك لە فڕۆکەکان کەوتنە خوارەوە و دووانی تریش پێکران. **5814**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: بەیان: بۆردومانکردنی بنکەکانی پکك لە زەڵێ مەحکوم دەکەین – لیژنەی هاریکاری چەپە کوردستانییەکان – 29-01-1994.

سەرچاوەی 2: گۆڤاری کوردی: هەڤوت – گۆڤارا تەڤگەرا ڕەوشەنبیرییا کورد – ژ3 – سویسرا – ئاپریلی 1994. لاپەڕە : 14.

**1994-02-00** لە باشووری کوردستان، ئیسلامییەکان ئەندامانی ینك دەکوژن و تا ئێستا 9 کەسیان لە هەولێر کوشتووە و لووت و گوێی تەرمەکانیان بڕیوە. بەتایبەتی ئەوانەی کە دەستیان هەبووە لە شەڕی نێوان ینك و بزووتنەوەی ئیسلامیدا... لە سلێمانیش بەهەمان شێوە، چەند کەسێکی یەکێتی لە ناخافڵ کوژراون. **5816**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-02-00** کۆبوونەوەی ئەمنستی ئنتەرناسیۆنال، لەگەڵ شێخ عوسمان عەبدولعەزیزی ڕابەری ب.ئیسلامی، تاوەکو دەربارەی کردەوەکانی ب.ئیسلامی دەربارەی پێشێلکردنی ماڧ مرۆڤ لە کوردستاندا گفتوگۆ بکەن. **5819**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمه العفو الدولیه – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعه الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 115.

**1994-02-00** بەستنی کۆنفرانسی زانستی کوردناسی لە مۆسکۆ. **5818**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 1 – خولی پێنجەم – 25-03-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 32.

**1994-02-00** لەم مانگەدا ئێران و سووریا و تورکیا خەریکی ڕێکەوتننامەیەك بوون دژی باشووری کوردستان، تاوەکو هەموو ئەو هەوڵانە لەبار ببەن کە ئەو هەرێمە لە ئێراق جودا ببێتەوە ... دیارە ئەمەش بەهاندان و بەخێرهاتنی ئێراقە، چونکە بەرژەوەندیی هیچ لایەکیان لەوی تریان ئەگەر زۆر تر نەبێت کەمتر نییە. **5815**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-02-00** ینك ویستی لە پەرلەمانی کوردستان خۆی بکێشێتەوە تاوەکو پدك بەتەنێ باشووری کوردستان ببات بەڕێوە. بارودۆخی باشوور گەلێك ناخۆشە و هێندەی نەماوە کە ینك و پدك لە یەکتری بدەن. **5817**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-02-07** کۆمەڵەی هاوکاری لە ئەڵمانیا، بڵاوکراوەیەکی لەسەر شەڕی براکوژی لە باشووری.ک بڵاوکردەوە. **5821**

**1994-02-10** د. خەلیل ڕەشیدیان، مامۆستای ژوگرافیای زانکۆی دۆرهام، وانەیەکی دەربارەی خۆرهەڵاتی کوردستان لە ساۆس پێشکەشکرد. **5822**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – ژ45 – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – مارتی 1994. لاپەڕە : 2.

**1994-02-12** ڕفاندنی ئادەم زرار عوسمان، لە نێوبازاری شاری هەولێر، نێوبراو ئەندامی ب.ئیسلامی بوو. **5823**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمه العفو الدولیه – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان ف کردستان العراق منذ 1991 – الگبعه الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 108.

**1994-02-17** دۆزینەوەی تەرمی ئادەم زرار عوسمان، لە یەکێك لە جادەکانی شاری هەولێردا، وەکو دەڵێن ینك کوشتوویەتی. **5824**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمه العفو الدولیه – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان ف کردستان العراق منذ 1991 – الگبعه الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 108.

**1994-02-24** سوبحی حربی پارێزگاری حەسەکە، بە لێپرسراوانی دامودەزگا سەرەکییەکان و ئەنجومەنی شارەوانیی حەسەکەی ڕاگەیاند، کە تۆمارکردنی نێوی کوردی بۆ دوکان و فابریکەکان پێچەوانەی بڕیارەکانی وەزارەتی نێوخۆی سوریایە. **5825**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 20.

**1994-02-24** د.س، بە ڕەسمی نێوی گوند و شار و جادەکانی خۆرئاوای.ک کردە عارەبی. **5826**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 20.

**1994-02-24** ڕۆژنامەنووس، کامەران قەراخی، وانەیەکی بەنێونیشانی نەشونماکان لە کوردستانی ئێراق و پەیوەندییەکان لەگەڵ تورکیا لە ساۆس پێشکەشکرد. **5827**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – ژ45 – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – مارتی 1994. لاپەڕە : 2.

**1994-03-00** ئێراق، هێزێکی زۆری لە نێوچەی موسڵ مۆڵدا و دەیەوێت هێرش بکاتە سەر زاخۆ و سەددامیش لەسەر تەلەفزیۆن وتویەتی کە بەمزووانە شمال الحبیب دێنینەوە ژێر دەستەڵاتی خۆمان.... **5831**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-03-00** پەرلەمانتارانی پەرلەمانی ڕاوێژکاری ئەوروپا، بە 26 وڵاتی ئەندامییەوە لە دژی ئانکەرە بۆ گرتنی 8 پەرلەمانتاری کورد ناڕەزایی بەتوندی دەربڕی. **5838**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلاںپار – ژ – 1 – خولی پێنجەم – 25-03-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 4.

**1994-03-00** گیرانی 8 پەڕلەمانتاری کورد لەلایەن تورکەوە. **5837**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلاںپار – ژ – 3 – خولی چوارەم – 25-09-1994 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 2.

سەرچاوەی 2: گۆڤاری کوردی: مامۆستای کورد – ژمارە 26 – سوید – هاوینی 1995. لاپەڕە : 4.

**1994-03-00** پێکدادانێکی نێوان پدک و ینک لە شاری هەولێر کە نزیکەی 5 تا 6 کەسیان لە یەکتری کوشتووە. **5836**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-03-00** لە ساڵی 1987 تاوەکو ئەم ساڵ: د.ت, بایی 22 ملیۆن دۆلار چەك و کەرەستەی جەنگی کە بەشی زۆری تانك بوو لە هۆڵندا کڕی. **5839**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلاںپار – ژ – 2 – خولی شەشەم – ساڵی دەیەم – 25-06-1996 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 5.

**1994-03-00** ڕژێمی ئێران بەپێی ئەو ڕێکەوتننامەیەی کە لە نێوان ئێران و تورکیا و سوریا دژی کورد بەسترا, 15 پێشمەرگەی پککی دابەدەست تورکیاوە. **5835**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-03-00** کوژرانی خاڵە حاجی – هەڤاڵ جووجەلە کە لە کاتی شۆڕشی ئەیلوول ئەندامێکی بەرزی پدك بوو و پاشان بووە ئەندامی سەرکردایەتیی حسك و نێوبراو وەك دەڵێن پیاوی ئیتلاعاتی ئێران بوو. **5832**

**1994-03-00** مەسعود بارزانی لێدوانی لەسەر تەلەفزیۆنی پارتی لە سلێمانی داو گووتی: کە ئەم پەنجا بە پەنجایەی پەڕلەمان تاقیکردنەوەیەکی سەرنەکەوتووە و ئێمە جارێکی تر داوای هەڵبژاردن دەکەینەوە, بەڵام ئەمە لە بەرژەوەندیی ینك نییە, هەر بۆیە قسەکەرێکی ینك لە ئەوروپا بەرپەرچی وتەکانی مەسعودی دایەوە. **5830**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-03-00** بڵاوبوونەوەی ئەو پڕوپاگەندەیەی کە ینك دەیەوێت هێرش بکاتە سەر شاری کەرکوك و ڕزگاری بکات. **5829**

**1994-03-00** لەم مانگەدا پێنج کوردی ئەندامی حدکا لەلایەن مەلاکانی ئێرانەوە لە سێدارەدران. **5828**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: کوردستان – ژ – 208 – ئەپریلی 1994, حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. لاپەڕە : 10.

**1994-03-00** بۆردومانکردنی چوار گوندی نێوچەی ڕانیەی باشوور لەلایەن ئێرانەوە. **5833**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-03-00** نەتەوە یەکگرتووەکان, چوار ساڵ گەمارۆدانی ئابووریی لەسەر ئێراق نوێکردەوە. **5834**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-03-06** کۆمەڵەی هاوکاری لە ئەڵمانیا, بڵاوکراوەیەکی بە کوردی عارەبی لەسەر بارودۆخی خۆرئاوای.ك بڵاوکردەوە. **5840**

**1994-03-09** کوژرانی دوو فەرمانبەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری سلێمانی. **5841**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-03-10** ڕۆژنامەنووسی بەریتانی, خاتوو تریزا ئۆرنهێل, وانەیەکی لەسەر ژنانی کوردستان لە سۆئاس پێشکەشکرد. **5842**
سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – ژ45 – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – مارتی 1994. لاپەڕە : 2.

**1994-03-11** کوژرانی خاڵە حاجی – هەڤاڵ جووجەلە, لە شاری سلێمانی, کە بە برینداری لە ڕێگای نەخۆشخانە مرد, نێوبراو ئەندامێکی بەرزی شۆڕشی ئەیلوول و پاشان بووە ئەندامی سەرکردایەتیی حسك, وەکو دەڵێن ئیتلاعاتی ئێرانیش بووە. **5843**
سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 109.

**1994-03-13** پکك, پێشنیازی ڕاوەستاندنی شەڕی لەگەڵ تورکدا کرد, کە لەژێر چاودێرییەکی نێودەوڵەتیدا بێت. **5844**
سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: هە فوت – مجلە الحرکە الثقافیە الکردیە – العدد 4 – سویسرا – ایلول 1994. لاپەڕە : 2.

**1994-03-16** بەبۆنەی یادی کارەساتی هەڵەبجەوە, مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی لە پەڕلەمانی بەریتانیا کۆڕێکی سازکرد, کۆڕەکە لەلایەن لۆرد ئەیڤبرییەوە بەڕێوەبرا و چەندین پەڕلەمانتار و ڕۆژنامەنووس وتاریان تێدا خوێندەوە. **5845**
سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – ژ45 – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – مارتی 1994. لاپەڕە : 1.

**1994-03-19** جەژنی نەورۆز لە تورکیادا کرایە جەژنێکی ڕەسمیی هەموو تورکیا. **5846**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-03-20** لە ئەڵمانیا نزیکەی شەش هەزار پکك خۆپیشانداکێکیان سازدا و بۆ ماوەی 9 کاژێر ڕێگەی ئۆتۆبانی نێوان شتوتگارتیان گرت و نزیکەی 80 پۆلیس بریندار بوو. **5847**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-03-20** زیندانی کردنی عەبدوڵڵا کۆچ لەلایەن د.ت, نێوبراو بەرپرسی لیژنەی مافی مرۆڤی شاری دیاربەکرە. **5848**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 4 – خولی چوارەم – 25-12-1994 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەرە : 2.

**1994-03-21** ئەمڕۆ پکك بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە چوار تەقینەوەی گەورەی لە ئەستەمبوڵدا ئەنجامدا. **5849**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-03-24** دەستەڵاتدارانی ئەڵمانیا, بڕیارێکیان دژی ئەو کوردانە دەرکردووە کە هەرچی لەو چالاکییانەی ئەم دواییەی ئەڵمانیادا بەشداریی کردبێت, لە ئەڵمانیا بیان کاتە دەرەوە. **5850**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-03-27** هەڵبژاردنی پەرلەمان لە تورکیا. **5851**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری هۆلەندی: nummer – Nederland Centrum Informatie het van Maandblad – Kurdistan 3 – jaargang 2 – Maart 1994. لاپەرە : 5.

**1994-04-00** لەم ڕۆژانەدا تورکیا 5 کیلۆمەتر چووە نێو خاکی باشووری کوردستانەوە بۆ لێدانی پکك. کە بووە هۆی کوژرانی دەیان پێشمەرگە. **5852**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-04-00** فڕۆکەیەکی ئەمریکی بەهەڵە دوو کۆپتەری ئەمریکیی لەسەر شارۆچکەی ئاکرێ خستە خوارەوەو وای زانیوە کە کۆپتەری ئێراقین کە, بووە هۆی کوژرانی دوازدە ئەمریکی و هەشتی تر کە خەڵکی ئەورووپا و شوێنە جیاوازەکانی ترن. **5853**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-04-00** گرانی لە باشووری کوردستاندا بەتەواوەتی پەرەی سەندووە و یەك دۆلاری ئەمریکی نرخی 80 دینارە و نرخی فەردەیەك ئارد گەیشتۆتە 1200 دینار... **5854**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-04-00** زانای کورد پرۆفیسۆر ئازاد خانەقا دنیای زانستی بە داهێنانێکی نوێ هەژاند, کە ئەویش بەرهەم هێنانی دومەڵانە بەشێوەی چاندنی دەستکرد, ئەم کارە بەهۆی گرنگییەوە 875 ڕۆژنامەی جیهانی و چەندین کەناڵی تەلەفزیۆنی باسی کرد. **5855**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – ژمارە 70 – مایی 1996. لاپەرە : 2.

**1994-04-00** غازی زێباری, لە جیاتی کەریم سنجاری, کرایە سەرۆکی گشتیی ئاسایشی کوردستان. **5856**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منڤمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الآنسان ڤی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الآولی – لندن – ایلول 1995. لاپەرە : 167.

**1994-04-00** لە ئەڵمانیا، 13 کورد درانە دادگا، بە تاوانی گرتنی کۆنسوڵخانەی تورکی لە شاری میونیخ. **5857**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەنگاو – ژ14 – لەندەن – مایی 1994. لاپەڕە : 2.

**1994-04-00** د.ق ناردنی سووتەمەنیی بۆ باشووری.ک، وەستاند، کە بە هۆیەوە نرخی لیترێك بەنزین لە نزیکەی 2 دینارەوە، گەیشتە 15 دینار. **5858**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەنگاو – ژ14 – لەندەن – مایی 1994. لاپەڕە : 2.

**1994-04-03** د.ت، ڕایگەیاند، کە لەمڕۆوە، ڕۆژانە 20 میگا وات، تەزووی کارەبا دەداتە باشووری کوردستان، وەکو یارمەتییەکی مرۆڤانە. **5860**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەنگاو – ژ14 – لەندەن – مایی 1994. لاپەڕە : 2.

**1994-04-03** کوژرانی خاتوو لیسی شمیت، لەگەڵ پاسەوانەکەیدا، لە نزیك شارۆچکەی عەربەت، کە ئەڵمانی بوو و نوێنەری ئاژانسی دەنگوباسی فەڕەنسا بوو. تاوانبارانی ئەم کارە، ئەمانە بوون، زەکیّ سەعید عەباس و ئیسماعیل حەمە. **5859**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەنگاو – ژ14 – لەندەن – مایی 1994. لاپەڕە : 1.

سەرچاوەی 2: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الٳنسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 170.

**1994-04-07** کڵێسای سلێمانی، قوداسێکی ماتەمینیی بە بۆنەی کوژرانی خاتوو لیسی شمیتەوە ئامادە کرد. **5861**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەنگاو – ژ14 – لەندەن – مایی 1994. لاپەڕە : 1.

**1994-04-12** کۆچی دوایی ڕەسوڵ مامەندی سکرتێری پێشووی حسك و پێش مردنی بووە ئەندامی بیرۆی ڕامیاریی ینك، نێو براو 30 ساڵ زێتر خەریکی پارتایەتی بوو. **5862**

**1994-04-12** کۆمیتەی کورد و نەمسا، تیمێکی پزیشکیی ناردە باشووری کوردستان و دەستیان بە کارکرد، کە لە 8 پزیشکی هەمە لایەن و پسپۆڕ پێك هاتوون. **5863**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەنگاو – ژ14 – لەندەن – مایی 1994. لاپەڕە : 2.

**1994-04-13** تا 14-04، فڕۆکەکانی د.ا، گوندەکانی دەورووبەری شاری سلێمانییان بۆمبارانکرد، چونکە گوایا ئەو نێوچانە بنکەکانی حدکای لێیە، لە ئەنجامدا بووە هۆی شەهیدبوونی یەکێك و بریندار بوونی 4ی تر. **5864**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەنگاو – ژ14 – لەندەن – مایی 1994. لاپەڕە : 2.

**1994-04-14** دوو کۆپتەری ئامریکی, لەلایەن دوو فڕۆکەی جەنگیی ئامریکییەوە, لە نزیک شاری ئاکرێ, بە هەڵە خرانە خوارەوە. **5865**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەنگاو – ژ14 – لەندەن – مایی 1994. لاپەڕە : 2.

**1994-04-15** نرخی شتومەک لە باشووری.ك, بەم جۆرەیە, یەك کیلۆ برنج: 25 دینار, ڕۆن: 60, شەکر: 33, تایت: 60, گۆشت: 110. **5866**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەنگاو – ژ14 – لەندەن – مایی 1994. لاپەڕە : 2.

**1994-05-00** فەڕەنسا, کوردی ئاگادار کردەوە, کە ئاسایشی نێوچەکە بپارێزن. **5878**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: الوگن العربی – العدد 896 – الجمعه 6-5-1994. لاپەڕە : 15.

**1994-05-00** بەپێی ڕاپۆرتی ئەمنستی, لەم مانگەدا ترسناکترین پێشێلی ماف مرۆڤ لە باشووری.ك, کراوە. **5877**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منڤمه العفو الدولیه – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان ف کردستان العراق منڒ 1991 – الگبعه الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 5.

**1994-05-00** بڵاوبوونەوەی ئەو پڕوپاگەندەیەی کە گوایا ینك وەفدێکی بەسەرۆکایەتیی لەتیف بەرزنجەیی نادۆتە بەغداد بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمدا. **5876**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-05-00** هاوڕکانی باشووری.ك, دەیان کەسیان پاش دیلکردن لە یەکتری گوللە باران کرد. **5868**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منڤمه العفو الدولیه – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان ف کردستان العراق منڒ 1991 – الگبعه الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 131.

**1994-05-00** قەدەغەکردنی هەڵواسینی وێنەی بارزانی و مەسعود بارزانی لە سلێمانی لەلایەن ینك, کە کۆنترۆڵی شارەکەیان کردووە. **5875**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-05-00** ڕوودانی شەڕی نێوان ینك و بزووتنەوەی ئیسلامی لە نێوچەی هەڵەبجەداو کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لە ینك و لاشەکانیان لەشوێنی شەڕەکەدا بەجێهێشتووە و ئیسلامییەکان بانگەوازیان کردووە کە بێن لاشەکانیان کۆبکەنەوە. **5872**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-05-00** کوژرانی جەلالی حاجی حسەین کەلۆش, لە شاری سلێمانی کە ویستبووی نێوبژیی نێوان شەڕی براکوژی بکات. نێوبراو ئەندامێکی کۆنی کاژێك بوو و لە هەفتاکاندا یەکێك بوو لە دامەزرێنەر و ئەندامە بەرزەکانی پاسۆك و لە دوای هەشتاکانەوە دایدەشکاند بەلای ینك دا. **5870**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-05-00** بەهۆی شەڕی براکوژییەوە فەرمانبەرەکانی ن.ی کوردستانیان بەجێ هێشتووە و چوون بۆ تورکیا. **5871**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-05-00** بەستنی کۆڕێك لەسەر شەڕی براکوژی لەلایەن کاوە غەریب لە ئەمستەردام – هۆڵندا، کە خەڵکی بەئاشکرا لە کۆڕەکەدا جنێویان بەهەردوو بەرەی شەڕخواز دەدا. **5873**

**1994-05-00** کوشتنی ڕێباز و حەسەن کوێستانی و جەلال محەمەد محێدین لەلایەن هێزەکانی پدك. نێوبراوان چەند ئەندامێکی بەرزی ینك بوون. **5869**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-05-00** لە کاتی شەڕەکەی نێوان ینك و پدك لە هەولێردا نرخی فەردەیەك ئارد گەیشتە 8.000 دینار... **5874**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-05-00** ڕوودانی شەڕی براکوژی لە نێوان ینك و پدك و ب.ئیسلامی، بە درێژایی ئەم مانگە، دەنگوباسەکان واڕادەگەیەنن کە 600 تا 2.000 کەسیان لە یەکتری کوشتووە. **5867**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 131.

**1994-05-01** دەستپێکردنی شەڕی براکوژی لە نێوان هێزەکانی ینك و پدك لە شاری قەڵادزێ، کە تاوەکو مانگی ئاب – ئۆگەستی هەمان ساڵ بەردەوام بوو. **5879**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-05-02** ڕوودانی شەڕی قەڵادزێ، لە نێوان ینك و پدك. **5880**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-05-02** هێرشی یەکێتی بۆسەر بارەگاکانی پارتی لە شاری ڕانیە، کە لە ئەنجامدا دەستیان گرت بەسەر بارەگاکانیاندا و دوانیان پاش دیلکردن، گوولە باران کردن، کە ئەمە نێوەکانیانە، ئەحمەد ساڵح بەگ – لێپرسراوی لکی ڕانیە، ئازاد محەمەد قادر. **5883**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 144.

**1994-05-02** چوونی فەرەیدوون عەبدولقادر و ئازاد بەرواری بۆ دهۆك، تاوەکو نێوچەکە هێور بکەنەوە. **5884**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: فرەنسۆ هەریری – بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی نەنووسرێ – پرسیار و وەڵام – لە بڵاوکراوەکانی پدك – هاوینەهەواری پیرمام – هەولێر – 1995. لاپەڕە : 55.

**1994-05-02** هێزەکانی یەکێتی لە قەلادزێ، 19 کەسی پارتییان بە دیل گرت و پاشان گوللە بارانیان کردن، کە یەکێك لەوانە عەلیی حەسۆی میرخان بوو، نێوبراو پاش کوژرانی بە دوای ئوتومبیلدا لە شەقامەکانی قەلادزێدا ڕایان دەکێشا، ئەمەش نێوی هەندێکی تریانە، حەمەد عەبدوڵڵا ساڵح، ئەمیر عەبدوڵڵا ساڵح، خورشید ئەحمەد، محێدین لەشکریانی، خانۆ مەجید وەلی، فەخری حەمەد ئیبراهیم خان،.... **5882**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان ڤ کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 143.

**1994-05-02** تا ئەمڕۆ، داهاتی باشووری کوردستان بەم شێوەیە دابەش دەکرا، لەسەدا 35 بۆ ینك، لەسەدا 35 بۆ پدك، لەسەدا 15 بۆ حکوومەتی هەرێم و لەسەدا 15 بۆ پارتەکانی تری کوردستان. **5881**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ6 – بلاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی، لەندەن – سێپتیمبەری 1996. لاپەڕە : 10.

**1994-05-03** تا 02-07، لەم ماوەیەدا پەرلەمانی باشووری.ك، هیچ کۆبوونەوەیەکی نەکرد، بەهۆی شەڕی براکوژییەوە. **5885**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان ڤ کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 137.

**1994-05-04** چوونی کۆسرەت ڕەسوڵ بۆ لای مەسعود بارزانی بۆ سەری ڕەش بە 350 چەکدارەوە، بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان ینك و پدك. **5886**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-05-04** یان 05-05، گیرانی 11 ئەندامی پارتی و ب.ئیسلامی لە هەڵەبجەد، لەلایەن یەکێتییەوە، کە پاشان گوللە بارانی کردن، خێزانەکانی ئەم شەهیدانە دەڵێن کە پێش ئەوەی بیانکوژن خوێنەکانی لەشیانیان دەرهێناون، کە ئەمانە نێوەکانیانە، فەریق تۆفیق عەلی – 12 ساڵ، کەیکەواس محەمەد ڕەمەزان، کەمال عەبدوڵڵا نادر، فەیسەڵ غەفور محەمەد، نەوزاد غەفور محەمەد، فوئاد جەمیل، باقی قادر ڕەشید، ناتق غیزەت عەبدولکەریم، سدیق تەقی عەبدولڕەحمان و سەیفەدین ئەحمەد محەمەد. **5887**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان ڤ کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 149.

**1994-05-04** هێرشی پارتی و ب.ئیسلامی بۆسەر بنکەی یەکێتی لە خورماڵ، کە بووە هۆی کوژرانی چەند کەسێك و دیلکردنی ژمارەیەکیان، هەڵبەت دیلەکان گوللە باران کران. **5888**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان ڤ کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 151.

**1994-05-05** پێکدادانی پدك و ینك لە سەلاحەدین، کە لە ئەنجامدا بارەگای ینك داگیرکرا و ژمارەیەکی زۆریشیان لێکوژرا و هەندێکیشیان لێ بەدیل گیران، کە پاشان گوللە باران کران، کە ئەمە نێوی هەندێکیانە، ڕزگار وەسمان خدر، خدر ڕەحمان، موخلیس غەفور حوسەین، ئەحمەد قادر مەولود، هیوا سلێمان عەبدوڵڵا، موحسین محەمەد مەولود و فەرحان مستەفا حەمەد، هەروەها خوێندکارێکی ئامادەییش کە نێوی بەهزاد محەمەد محەمەد بوو لەو شەڕەدا کوژرا، کە تەمەنی 15 ساڵ بوو. **5889**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمه العفو الدولیه – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعه الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 154.

**1994-05-05** تا 05-06، هێرشی پدك، بۆسەر بنکەکانی ینك لە ئاکرێ و بەردە ڕەش، کە بووە هۆی کوشتنی چەند کەسێك، کە ئەمانە نێوەکانیانە، ڕەفعەت عەبدوڵڵا – ناسراوە بە ڕێباز، نێوبراو ئەندامێکی بەرزی یەکێتی و لە پێشمەرگە سەرەتاییەکانە پاش بریندار بوونی گوللە باران کرا، سالم ساڵح و فەرهاد حەمە ئەمین. **5890**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمه العفو الدولیه – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعه الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 134.

**1994-05-06** جەلال تاڵەبانی، لە گۆڤاری ئەلوەتەن ئەلعەرەبیدا ڕایگەیاند، کە دەوڵەتی کوردیمان ناوێت، بەڵکو فیدڕالیمان دەوێت. **5891**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: الوگن العربی – العدد 896 – الجمعه 6-5-1994. لاپەڕە : 14.

**1994-05-07** ڕوودانی خۆپیشاندانێك لە دژی شەڕی براکوژی لە شاری هەولێر، کە لە ئەنجامدا 2 کەس شەهید بوون، کە ئەمە نێوەکانیانە، خالید خەلیل حەمە ئەمین و حەمید حەسەن، هەروەها چەند کەسێکیش بریندار بوون، هاوڕکەکان یەکتری تاوانبار دەکەن لەم کارەدا. **5892**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمه العفو الدولیه – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعه الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 137.

**1994-05-08** ئای. ئێن. سی، نێوبژیی نێوان پارتی و یەکێتیی کرد، کە لیژنەیەکیان بۆ گۆڕینەوەی دیلەکان دانا و تەواوی کۆنترۆڵەکانیان گرتە دەست. **5893**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمه العفو الدولیه – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعه الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 136.

**1994-05-09** پێکدادانی ینك و پدك لە هەردوو شارۆچکەی کۆیە و شەقڵاوا. **5894**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-05-17** ئەمڕۆ و سبەینێ 05-18، نۆزدە فڕۆکەی تورکی نێوچەی قەڵادزێ یان بۆردومان کرد کە بنکەکانی پککی لێیە و 58 کەسی کوشت. **5895**

سەرچاوەی 1: ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

**1994-05-17** ڕوودانی شەڕی براکوژی لە نێوچەی حاجی هۆمەران, کە بووە هۆی کوشتنی چەند کەسێك لە هەردوولا, هەروەها چەند کەسێکیش لە یەکێتی بەدیل گیران و پاشان گوللە باران کران, کە ئەمانە نێوی هەندێکیانە, حەسەن کوێستانی – ئەندامێکی بەرزی یەکێتی بوو, مەحموود ئەحمەد عەبدوڵڵا, یوسف ئیبراهیم خدر و مینا ئەحمەد ئیسمایل. **5896**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمه العفو الدولیه – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعه الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 156.

**1994-05-18** هێرشی یەکێتی بۆسەر بنکەکانی پارتی لە کۆیە, کە لە ئەنجامدا بنکەکانیان گرتن و هەندێك کوژراو و دیلیشیان کەوتە دەست یەکێتی. **5897**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمه العفو الدولیه – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعه الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 145.

**1994-05-19** ینك, 5 دیلی پدك لە کۆیە گوللە باران کرد, کە ئەمە نێوەکانیانە, شیروان عەبدولڕەحمان کەریم, حەوێز حەسەن ڕیشە, هەڵگورد عوسمان – مام یەحیا, کاروخ عوسمان و ئاسۆس عوسمان. **5898**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمه العفو الدولیه – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعه الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 146.

**1994-05-22** ناردنی وەفدێك لەلایەن ینك بۆ بەغداد, ئەو وەفدە بە سەرۆکایەتیی شێخ لەتیف بەرزنجی بوو. **5899**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: بەیان: پەردە هەڵدانەوە لەسەر ئۆینێك, کۆمەڵەی هیوای خوێندکارانی کورد, زانکۆی سلێمانی – 26-05-1994.

**1994-05-24** لەمڕۆوە یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان و یەکێتیی مامۆستایان لە سلێمانییەوە, وەکو وەفدێکی ئاشتی چوون بۆ هەولێر بەپێ, تاوەکو تکا لە ینك و پدك بکەن کە شەڕی براکوژی کۆتایی پێ بێت. ئەمانە ڕۆژی 29-05؟, گەیشتنە هەولێر و لەو 5 ڕۆژەدا هەر لەسەر جادە و گوندەکانی سەر ڕێگا نووستوون, بەڵام گوێیان لێ نەگیرا. **5900**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمه العفو الدولیه – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعه الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 137.

**1994-05-29** پارتی و یەکێتی شەڕەکەیان بردە نێو شاری هەولێرەوە و یەکێتی باڵەخانەی پەرلەمانی داگیرکرد. **5901**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمه العفو الدولیه – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعه الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 135.

**1994-05-31** ڕێکەوتنی ینك و پدك. **5902**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-06-00** ئەمنستی ئنتەرناسیۆنال, بەیانێکی لەسەر کوشتنی ڕامیاری لە نێوچەی دهۆك لە دژی پدك دەرکرد. **5908**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان ڤ کردستان العراق منز 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 113.

**1994-06-00** ینك, کەوتە گرتنی ئەو کەسانەی کە بەشداریی ڕێپێوانی ناشتنی تەرمی عوسمانی قالە منەوەریان لە سلێمانیدا کردبوو. **5907**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان ڤ کردستان العراق منز 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 103.

**1994-06-00** نێوەڕاستی ئەم مانگە: کۆمەڵەی ماف مرۆڤ لە کوردستان بۆ لێکۆڵینەوە لە گرفتی کۆچبەرانی کوردی باکوور کە لە چوار ئۆردووگای نزیك باژێرەکانی زاخۆ و دهۆکدا دەژین, ڕاپۆرتێکیان دەربارەی ژیانی سەختی ئەو 15 هەزار کوردە ئاڕاستەی ن.ی کرد. **5906**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 1 – خولی پێنجەم – 25-03-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 3.

**1994-06-00** پێکدادانێکی ینك و حسك, کە 3 کەس لە ینك کوژراوە. **5905**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-06-00** نزیکەی 7.000 کورد لە باکووری وڵاتەوە هاتوون بۆ باشوور, بەهۆی هێرشەکانی تورك بۆسەر کوردستان و پکك. **5904**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-06-00** بەهۆی شەڕی نێوان ینك و پدك ەوە, خەڵکێکی زۆری شاری سلێمانی لەترسی ینك ڕوویان کردووەتە ئەو نێوچانەی کە پدك لێیە و بارودۆخیان گەلێك خراپە و خەڵکی ئەو نێوچانە چادریان بۆ هەڵداون. **5903**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-06-01** ئەمنستی, لە بەیانێکیدا, پارتە کوردستانییەکانی باشووری ئاگادارکردەوە, تاوەکو چیدی ماف مرۆڤ پێشێل نەکەن. **5909**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان ڤ کردستان العراق منز 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 4.

**1994-06-07** لە نێوچەی قەڵادزێ شەڕێکی گەورە لە نێوان ینك و ب.ئیسلامیدا ڕوویدا کە ینك 76 تەرمی لە گۆڕەپانی شەڕەکەدا جێهێشت. **5910**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-06-13** هەزاران کەس بۆ ناشتنی تەرمی عوسمانی قالە منەوەر لە شاری سلێمانی بەشدارییانکرد, لە ئەنجامدا هێزەکانی ینک, ڕێپێوانەکەیان دایە بەر دەسترێژ, لە کاتێکدا کە بەبەردەمی لکی 4ی پدک دا دەڕۆیشتن, لە ئەنجامدا 22 کەس شەهید بوون و 46ی تریش بریندار بوون, دەنگوباسەکان واڕادەگەیەنێت کە ئەو کەسانەی کە لە نەخۆشخانە کارمەند بوون و سەربە یەکێتی بوون, چارەسەری پێویستیان پێشکەشی برینداەکان نەکردووە, هەربۆیە هەندێك لە بریندارەکان لە نەخۆشخانە مردن. **5912**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەرە : 100.

سەرچاوەی 2: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 3 و 4 – خولی پێنجەم – 25-12-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەرە : 33.

**1994-06-13** کۆبوونەوەی مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی لە شارۆچکەی سلۆپیی باکوور لەژێر ئاڵای تورکدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان. **5911**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-06-16** کردنەوەی پێشانگەی پۆستەری ئاشتی دژی شەڕی نێوخۆ لە کوردستان, لە بەردەرکی سەرای شاری سلێمانی, هەمان ئەو پێشانگەیە لە شاری هانۆڤەری ئەڵمانیاش لە 07-01؟ی هەمان ساڵدا کرایەوە, کە 52 هونەرکاری کورد بەشدارییان تێدا کرد, کە ئەمانەن: ئاکۆ غەریب, ئاراس حەسەن, ئەحمەد نامۆ, ئاکام عومەر, ئاشنا ئەحمەد, بورهان ئیسماعیل, بەختیار مستەفا, بەختیار قەراخی, بێگەرد حەسەن, حەسیب لەتیف, حیکمەت هندی, حەسیبە قەراخی, حامد محەمەد, حوسەین دارتاش, خالید ڕەسوڵ, خۆشی سنوی, خالقی, خەسرەو حوسەین, دڵشاد عەلی, دڵشاد بەرزنجی, دیاری محەمەد, هیوا کەریم, زاهیر سدیق, تریفە ئەنوەر, سیروان بەکر, سەروەر عومەر, سەلام عومەر, سەمیرە خواڕەحم, سەیران عوسمان, سەرچڵ شەوقی, سوبحی بوترس, حوسەین عەبدوڵڵا, عوسمان لەتیف, فەتحوڵڵا کەریم, کاروان کابان, کوێستان جەمال, کامەران کارگەچی, کوردۆ حەمە عەلی, گۆران بابا عەلی, محەمەد فەتاح, محەمەد سەلیم, مەریوان عەبدوڵڵا, لەیلا بانەیی, نوخشە ڕەحیم, نیاز فەتحوڵڵا, ڕەئوف حەسەن, ڕزگار ئەمین, ڕێبوار محەمەد, ڕازاوە موعتەسەم, شێرکۆ ڕەئوف, تەها عەلی و تەها ئەحمەد. **5914**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-06-16** داخستنی پارتی دەپ لەلایەن تورکەوە. **5913**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 1 – خولی پێنجەم – 25-03-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەرە : 4.

**1994-06-17** کۆمەڵەی هاوکاری, سمینارێکی لەسەر شەڕی براکوژی لە شاری بۆن ڕێکخست. هەروەها نامەیەکیان ئاڕاستەی هێزە نەیارەکانی باشوور کرد, تاوەکو شەڕی براکوژی ڕاوەستێنن. **5915**

**1994-06-17** کۆمەڵەی هاوکاری نامەیەکی بە ئەڵمانی بڵاوکردەوە, کە لەسەر هێرشی تورکان بوو بۆسەر کامپی پەنابەرانی کوردی باکوور لە باشووری.ک. **5916**

**1994-06-20** بریندارکردنی د.فازیل قەفتان لە شاری هەولێر. **5917**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-06-26** دامەزراندنی پارتی دیموکراسی گەل هەدەپ, بەبەشداربوونی 15.000 کەس و چەندان باڵوێزی وڵاتانی هەندەران لە یەکەمین کۆنگرەی خۆیدا, کە موراد پوزلاك بووە سەرۆکی. **5918**
سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانیار – ژ – 1 – خولی پێنجەم – 25-03-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 4.

**1994-07-00** فەرماندەی تیپی 48ی بەنێو فتحی یاسوج, لە نێوچەی ئالانی سەردەشتی خۆرهەڵات, کۆبوونەوەیەکی زۆرە ملێی بە خەڵکی ئاوایی بێتووش سازکرد و زۆر ڕوو هەڵماڵڕاوانە و بە جۆرێك کە ئەو پەری بێحورمەتیی سەبارەت بە خەڵك تێدا بوو, بە خەڵکی ئەو گوندەی گوت کە پێویستە نیازە جینسییەکانی پاسدارانی ئیسلام دابین بکەن و ئەو ژنانەی مێردەکانیان نەماون پێویستە لە ئەندامانی ڕژێم سیغە بکرێن. **5921**
سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: کوردستان – ژ – 208 – ئەپریلی 1994, حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. لاپەڕە : 12.

**1994-07-00** دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری تروسکە لە شاری هەولێر. **7963**
سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952-2002 – نوسینی ڕێناس نەورۆزی – برۆکسل.

**1994-07-00** سێ پاسدار لە نێوچەی ئالانی سەردەشتی خۆرهەڵات, چوونە سەر سەربانی ماڵێك و دەمی پیاوەکەیان بەست و بەبەرچاوییەوە دەست درێژییان کردە سەر خێزانەکەی. **5920**
سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: کوردستان – ژ – 208 – ئەپریلی 1994, حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. لاپەڕە : 12.

**1994-07-00** ڕێکەوتنی پاریس, لە نێوان پدك و ینك, کە ئەنجامەکەی بە هیچ نەگەیشت. **5922**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-07-00** جەلال تاڵەبانی بۆ ڕێکخراوی ئەمنستی ڕایگەیاند, کە هێزەکانی هەندێك جار مافی مرۆڤیان پێشێل کردووە, بەڵام دەیەوێت ئەو تاوانبارانە بداتە دەست دادپەروەری. **5923**
سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 22.

**1994-07-00** ئازادکردنی عەبدول عەزیز وەیسی, لەلایەن پدك. **5924**
سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 86.

**1994-07-00** هەفت پاسداری ئێرانی دەست درێژییان کردە سەر ئابرووی کچێکی کورد لە گوندی قەلەڕەشێ کە لە کێڵگەکەی خۆیاندا کاری دەکرد. **5919**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: کوردستان – ژ – 208 – ئەپریلی 1994, حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. لاپەڕە : 12.

**1994-07-16** لەمڕۆوە تا 22ی ئەم مانگە, هەردوو وەفدی پارتی و یەکێتی لە فەڕەنسا لە پێناوی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانیان و پاشەڕۆژی باشووری کوردستان کۆبوونەوە. **5925**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-07-19** هەوڵی کوشتنی فرەنسۆ هەریری درا, بەڵام نەکوژراو بریندار بوو, نێوبراو هەروەکو خۆی دەڵێت ئەمە کردەوەی یەکێتییە. **5926**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: فرەنسۆ هەریری – بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی نەنووسرێ – پرسیار و وەڵام – لە بڵاوکراوەکانی پدك – هاوینەهەواری پیرمام – هەولێر – 1995. لاپەڕە : 107.

**1994-07-24** داگیرکەری تورك هێرشی کردە سەر گوندی بەگاڵتەی ناوچەی هەکاری و 13 کەسی ئەو گوندەی بێسەروشوێنکرد. **9294**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**1994-07-26** بەستنی کۆنگرەی دووەمی پارتی زەحمەتکێشانی کوردستان لە هەولێر. **5927**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-07-30** یەشار کایا ڕایگەیاند, کە هەردوو پارتی هەپ و دەپ لە ماوەی کورتی خەباتیاندا پتر لە 80 شەهیدیان داوە لەوانە: موسا عەنتەر, ڕۆژنامەوان: ژیان, سیاسەتمەدار: موحسین مەلیك ئەندامی کۆمیتەی نێوەندی دەپ, پەرلەمانتاری کورد: محەمەد شەنگار و...هتد. **5928**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 1 – خولی پێنجەم – 25-03-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 4.

**1994-08-00** پێکدادانی ینك و پدك لە نێوچەکانی قەڵادزێ و شەقڵاوا. **5930**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-08-00** پێکدادانی ینك و ب.ئیسلامی لە نێوچەی سلێمانی. **5929**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-08-00** پاسداری ڕژێمی ئێران و ب.ئیسلامی, شاری قەڵادزێیان گرت و ینك یش شارەکەی تۆپ باران کرد. **5931**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-08-00** داگیرکردنی هەرچی ماڵ و سامانی لێپرسراوانی پدك هەیە, لە سلێمانی لەلایەن ینك. **5934**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-08-00** هەوڵدانی کوشتنی مەلا بەختیار, بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. نێو براو ئەندامێکی ینك و کاتی خۆی ئاڵای شۆڕش بوو. **5933**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-08-00** کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی داگیرکەرانی تورك و ئێران و سووریا لە ئەنکەرە, بۆ لێتۆژینەوە لەسەر بارودۆخی کوردستان بە گشتی و باشوور بە تایبەتی. **5936**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەریدەکات – ژ3 و 4 – ئۆکتۆبەری – بەریتانیا. لاپەڕە : 2.

**1994-08-00** تاڵانکردنی ماڵی کۆسرەت ڕەسوڵ لە هەولێر لەلایەن پدك. **5935**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-08-00** پکك نزیکەی دوو هەزار پێشمەرگەی نارده باکووری کوردستانەوە بۆ جەنگی ڕزگاری. **5932**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-08-01** خۆپیشاندانی کەڕ و لاڵەکانی شاری هەولێر, کە بیرخەرەوەیەکیان دایە دەست ئەندامانی پەرڵەمان, تاوەکو چارەیەك بۆ خراپیی باری ئابووریيان بدۆزرێتەوە. **5937**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ڕێگای کوردستان – ئۆرگانی حیزبی کۆمۆنستی کوردستان – ژ – 123 – ساڵی 50, 06-09-1994. لاپەڕە : 2.

**1994-08-03** داوەریکردنی 6 پەرڵەمانتاری کورد لە ئەنکەرە. **5938**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 1 – خولی پێنجەم – 25-03-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 4.

**1994-08-06** ڕوودانی شەڕی براکوژی لە نێوان ینك و پدك, لە شاری قەڵادزێ, ئەم شەڕە لەسەر ناکۆکیی نێوان جوتیار و ئاغاکان بوو. **5939**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-08-13** دەستفرۆشانی بەر مزگەوتی گەورەی سلێمانی, یاداشتێکیان ئاڕاستەی حوکومەتی هەرێمی باشووری.ك کرد, تاوەکو باری گوزەرانیان چێتر بکرێت و هێندەش دژایەتییان نەکەن. **5940**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ڕێگای کوردستان – ئۆرگانی حیزبی کۆمۆنستی کوردستان – ژ – 123 – ساڵی 50, 06-09-1994. لاپەڕە : 2.

**1994-08-15** جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی, ڕێکەوتنێکیان لە پەرڵەمانی باشووردا مۆرکرد, تاوەکو کێشەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن. **5941**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: هه فوت – مجله الحرکه الپقافیه الکردیه – العدد 4 – سویسرا – ایلول 1994. لاپەڕە : 5.

**1994-08-21** کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی داگیرکەرانی تورکی ئێرانی سووری لە دیمەشق, هەموویان دەنگیان بۆ ئەوەدا کە ئێراق دابەشنەکرێت و یەکێتیی زەوییەکەی بپارێزرێت. **5942**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: جمال نبز – تصریحات هامه للمفکر الکردی جمال نبز – المقدمه بقلم جواد ملا – من منشورات کوردنامه – لندن – 1996. لاپەڕە : 7.

**1994-08-23** تا 26-08, شەڕی براکوژیی نێوان پارتی و یەکێتی, چووە هەنگامێکی ترسناکەوە, بەوەی کە هەردوولا تۆپی قورسیان بەکار دەهێنا, ئای. ئێن. سی ڕایگەیاند کە لە ئەنجامی ئەو تۆپبارانانەوە, نزیکەی 600 کەس لە ڕەشە خەڵك و خۆیان کوژراون. **5943**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمه العفو الدولیه – نقچ العهود و اهدار حقوق الآنسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعه الآولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 137.

**1994-08-23** مانگرتنی کرێکارانی کارگەی ڕستن و چنینی هەولێر. **5944**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ڕێگای کوردستان – ئۆرگانی حیزبی کۆمۆنستی کوردستان – ژ – 123 – ساڵی 50, 06-09-1994. لاپەڕە : 2.

**1994-08-24** تا 25-08: هەڵبژاردنی پەڕلەمان لە سووریادا. کە کورد نەیتوانی هیچ نوێنەرێکی خۆی هەڵبژێرێت. **5945**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – ژ52 – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – ئۆکتۆبەری 1994. لاپەڕە : 4.

**1994-08-25** کۆبوونەوەی پەڕلەمانی باشووری.ك, بە ئامادەبوونی جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی, کە بڕیاری ئەوەیاندا کە بارودۆخی کوردستان هێمن بکەنەوە و بڕیاری دروستکردنی لیژنەیەکی ئاسایی کردنەوەشیاندا. **5948**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ڕێگای کوردستان – ئۆرگانی حیزبی کۆمۆنستی کوردستان – ژ – 123 – ساڵی 50, 06-09-1994. لاپەڕە : 1.

**1994-08-25** دەرچوونی بڕیارێك لەلایەن پەڕلەمانی باشوورەوە کە تێیدا داوا دەکات هەموو داهاتی حوکومەت لەوانە داهاتی گومرگەکان بدرێنە دەست وەزارەتی دارایی, بەڵام گوێی پێ نەدرا. **5946**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-08-25** خۆپیشاندانی خەڵکی هەولێر, لە دژی شەڕی براکوژی. **5947**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ڕێگای کوردستان – ئۆرگانی حیزبی کۆمۆنستی کوردستان – ژ – 123 – ساڵی 50, 06-09-1994. لاپەڕە : 1.

**1994-08-26** تا 28-08, ڕوودانی شەڕی براکوژی لە نێوچەکانی عەربەت, سەید سادق و هەڵەبجە, لە نێوان یەکێتی و پارتی و ب.ئیسلامیدا, کە بووە هۆی کوژرانی دەیان کەس لە هەردوولا. **5949**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمه العفو الدولیه – نقچ العهود و اهدار حقوق الآنسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعه الآولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 137.

**1994-08-29** کۆبوونەوەی کارمەندە مانگرتووەکانی کارگەی چنینی هەولێر, لەگەڵ وەزارەتی پیشەسازیدا. **5951**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ڕێگای کوردستان – ئۆرگانی حیزبی کۆمۆنستی کوردستان – ژ – 123 – ساڵی 50, 06-09-1994. لاپەڕە : 1.

**1994-08-29** ئامادە بوونی جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی, لە دانیشتنێکی پەرلەمانی باشووری.ك, هەردوولایان بەڵێنی ڕێکەوتنیاندا, بەڵام پاش 48 کاژێر شەڕ دەستیپێکردەوە. **5950**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منڤمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الأنسان ڤ کردستان العراق منژ 1991 – الگبعە الأولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 138.

**1994-08-30** پێکهاتنی لیژنەی ئاسایی کردنەوەی کورستان, کە لەمانە پێك هاتبوو, جەوهەر نامیق, عومەر فەتاح, فازیل میرانی, کامیل حاجی عەلی, حەیدەر فەیلی, عەبدول خالق زەنگەنە, غانم جەواد – ئای. ئێن. سی و یونادم یوسف کنا. **5952**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ڕێگای کوردستان – ئۆرگانی حیزبی کۆمۆنستی کوردستان – ژ – 123 – ساڵی 50, 06-09-1994. لاپەڕە : 1.

**1994-08-30** کۆتایی هاتنی مانگرتنی کارمەندانی کارگەی ڕستن و چنین لە هەولێر, کە 17 ڕۆژی خایاند و بەهۆیەوە هەندێك لە داخوازییەکانیان هاتە دی. **5953**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ڕێگای کوردستان – ئۆرگانی حیزبی کۆمۆنستی کوردستان – ژ – 123 – ساڵی 50, 06-09-1994. لاپەڕە : 1.

**1994-08-30** دامەزراندنی ڕێکخراوی ئاوارە و ئەنفالەکانی کوردستان, لە شاری هەولێر. **5954**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ڕێگای کوردستان – ئۆرگانی حیزبی کۆمۆنستی کوردستان – ژ – 123 – ساڵی 50, 06-09-1994. لاپەڕە : 8.

**1994-08-31** کۆبوونەوەی کارگێری بەرەی کوردستانی لە شاری هەولێر, کە وەفدێکی لیژنەی ئاشتی لە شاری هەولێر, بەشداریی کۆبوونەوەکەی کرد, بۆ پتەوکردنی ئاشتی لە کوردستاندا. **5955**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ڕێگای کوردستان – ئۆرگانی حیزبی کۆمۆنستی کوردستان – ژ – 123 – ساڵی 50, 06-09-1994. لاپەڕە : 1.

**1994-08-31** لە قوتابخانەی خەرەندی شارۆچکەی سۆران, لە کاتی تاقیکردنەوەکانی پۆلی شەشەمی ئامادەییدا, لە کاتێکدا کە خوێندکارێك بە نێوی ئەحمەد عەبدولفەتاح محەمەد, دەیویست قۆپی بکات, مامۆستایەك ڕێگای لێگرت, لە ئەنجامدا خوێندکارەکە کەوتە لێدانی مامۆستاکە و پاشان تفەنگێك دێنێت و تەقە لە مامۆستاکە دەکات, مامۆستاکە ناچار هەڵدێت. **5956**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ڕێگای کوردستان – ئۆرگانی حیزبی کۆمۆنستی کوردستان – ژ – 123 – ساڵی 50, 06-09-1994. لاپەڕە : 2.

**1994-09-00** بە پێی ڕاپۆرتێك کە باڵوێزخانەی ئەورووپی لە دیمەشقدا ئامادەیان کردووە, بە نێوی کوردەکانی جزیرە, ژمارەی کورد لەسەدا 10ی ژمارەی گشتیی سووریایە. **5959**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 17.

**1994-09-00** کۆتایی ئەم مانگە: 6 سەناتۆر و 20 پەرلەمانتاری ئامریکی، نامەیەکی ناڕەزایی هاوبەشیان بۆ تانسۆ چیللەر نارد، کە تێیدا ڕەخنە لە حکوومەتی تورک دەگرن بۆ داوەریکردن و زیندانی کردنی ئەو 6 پەرلەمانتارەی کورد کە گیراون. **5960**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – ژ52 – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – ئۆکتۆبەری 1994. لاپەڕە : 4.

**1994-09-00** هێزەکانی ینك، گولله بارانی خەڵکی گەڕەکی حامیەی سلێمانییان کرد. **5957**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 3 و 4 – خولی پێنجەم – 25-12-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 33.

**1994-09-00** لەم مانگەدا، نرخی دۆلار بەرامبەر دیناری ئێراقی لە لە 70 دینارەوە، هاتە سەر 30 دینار. **5958**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ڕێگای کوردستان – ئۆرگانی حیزبی کۆمۆنستی کوردستان – ژ – 123 – ساڵی 50، 06-09-1994. لاپەڕە : 1.

**1994-09-01** چەند سەد کەسێك لە شاری سلێمانی لە دژی بڕیارێکی پارێزگاری سلێمانی سالار عەزیز خۆپیشاندانێکیان سازدا، بڕیارەکە ئەوە بوو کە ئەو کەسانەی کە بەشێوەیەکی نایاسایی خانوویان دروستکردووە دەبێت تێك بدرێت، کە زۆرتر ئەو کەسانەی دەگرتەوە کە پێیان دەگووترا ئاوارەکانی کەرکوك و گەرمیان، هێزەکانی ینك کەوتنە تەقە لە خۆپیشاندانەکە و بووە هۆی بریندارکردنی بەکر عەلی، پاشان بەبرینداری چوونە سەری و کوشتیان، نێوبراو هۆزانەوان بوو و هەروەها ئەندامی یەکێتی بێکارانی کوردستانیش بوو. **5961**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەربدەکات – ژ3 و 4 – ئۆکتۆبەری – بەریتانیا. لاپەڕە : 10.

سەرچاوەی 2: پەرتووکی عەرەبی: منقمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 104.

**1994-09-02** بەبۆنەی شەهیدکردنی هۆزانەوان بەکر عەلییەوە لە شاری سلێمانی، 54 نووسەر و هونەرمەندی کورد نامەیەکی ناڕەزاییيان بۆ جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆك وەزیران و ئەنجوومەنی وەزیرانی باشوور نارد، تاوەکو دادگایی ئەو تاوانبارانە بکەن کە دەستیان لە کوشتنی نێوبراودا هەبووە، نامەکە باسی ئەوەشی تێدایە کە نێوبراو بە دەستی هێزەکانی پارێزگاری سلێمانی سالار عەزیز شەهید بووە. **5962**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: وان – ژ9 و 10 – گۆڤارێکی وەرزیی ئەدەبی، ڕۆشنبیرییە – سوید – 1994. لاپەڕە : 5.

**1994-09-03** لە ڤێستیڤاڵی خۆرهەڵاتی هێلسنکیدا لە فینلاند، ئەمڕۆ تەرخانکرا بۆ ڕۆژی کلتووری کورد کە پێشانگایەکی هاوبەشی سێ هونەرکاری کورد ئاراس عەبدولقادر، ئاکۆ ئەحمەد و ڕەهبەر جەلالی تێدا کرایەوە و هەروەها فلیمی تونێلی دەرهێنەر مەهدی ئومێد پێشکەشکرا و چەند چالاکییەکی تریش پیشاندرا. **5963**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 3 – خولی چوارەم – 25-09-1994 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 52.

**1994-09-03** لیژنەی باڵای بزووتنەوەی جوتیاران لە باشووری.ک, نامەیەکی کراوەی دایە پەرلەمانی کوردستان, دەربارەی پشتگیریی لایەنێکی کوردستانی بۆ ئاغاکانی میراودەلی. **5964**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ڕێگای کوردستان – ئۆرگانی حیزبی کۆمۆنستی کوردستان – ژ – 123 – ساڵی 50, 06-09-1994. لاپەڕە : 1.

**1994-09-03** کردنەوەی خولی هاوڕێ فەهد, بۆ کادیرانی پارتی کۆمۆنیستی کوردستان, لە شەقڵاوا. **5965**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ڕێگای کوردستان – ئۆرگانی حیزبی کۆمۆنستی کوردستان – ژ – 123 – ساڵی 50, 06-09-1994. لاپەڕە : 1.

**1994-09-04** نوێنەری کورد لە پەرلەمانی تورکیادا محەمەد سنجار دەستکوژکرا, هەروەها نیزامەدین تۆکۆچی نوێنەری نێوچەی باتمانیش بریندار بوو, لە هێرشێکی د.ت, کە لە شاری دیاربەکردا ئەنجام درا. **5966**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 4 – خولی چوارەم – 25-12-1994 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 2.

**1994-09-06** ڕۆژنامەی تایمزی لەندەنی, نامەیەکی پەرلەمانتاری زیندانیی کورد لەیلا زانای بڵاوکردەوە, ئەو نامەیە پێشتر لەلایەن نێوبراوەوە بە دزییەوە لە زینداندا نووسراوە و ڕەوانەی ئەورووپای کردووە, نامەکە باسی هۆ و شێوەی گیرانی خۆی و هەڤاڵانی دەکاتن. **5967**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – ژ52 – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – ئۆکتۆبەری 1994. لاپەڕە : 3.

**1994-09-11** هونەرکاری وێنەکێش عەبدوڵڵا ڕەسوڵ, لە هۆڵی کوردستان لە لەندەن, پێشانگایەکی تایبەتیی خۆیی کردەوە کە هەفتەیەکی خایاند. **5968**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – ژ51 – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – سێپتیمبەری 1994. لاپەڕە : 2.

**1994-09-17** کۆچی دوایی خاتوو لێنێت مێجەر سۆن, نێوبراو پێش مردنی نیوەی پارەی خانووەکەیی بۆ خەڵکی هەڵەبجە و سلێمانی تەرخانکرد. **5969**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ7 و 8 – بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی, لەندەن – ئۆکتۆبەری 1996. لاپەڕە : 18.

**1994-09-18** ناردنی نامەیەك لە جەبار فەرمانەوە بۆ جەلال تاڵەبانی, کە تێیدا دان بەوەدا دەنێت کە تالیب حەمە شینی کادیری بزووتنەوەی ئیسلامیی کوشتووە. **5970**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ1 – خولی هەفتەم – ساڵی یازدەیەم – 25-08-1997 – فینلاند. لاپەڕە : 56.

**1994-09-19** دەرچوونی بڕیارێك لەلایەن پەرلەمانی باشوورەوە كە تێیدا داوا دەكات هەموو داهاتی حوكومەت بدرێنە دەست وەزارەتی دارایی, بەڵام ئەم بڕیارەش وەكو ئەوەی ڕۆژی 25-08-1994 , گوێی پێ نەدرا. **5971**

سەرچاوەی 1: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

**1994-09-20** دۆزینەوەی پەرستگایەكی زەردەشتی لە گوندی بێتاسێ, لەلایەن مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسفەوە. **5972**

سەرچاوەی 1: پەڕتوكی كوردی: عەبدولڕەقیب یوسف – شوێنەوارەكانی نەوی لە شاخی سوورین – بە یارمەتی ڕێكخراوی میدیكۆی ئەڵمانی چاپكراوە – باشووری كوردستان – 1994. لاپەڕە : 22.

**1994-09-24** دۆزینەوەی گۆڕستانێكی كۆن لە بانیخێڵان, لەلایەن مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف. **5973**

سەرچاوەی 1: پەڕتوكی كوردی: عەبدولڕەقیب یوسف – شوێنەوارەكانی نەوی لە شاخی سوورین – بە یارمەتی ڕێكخراوی میدیكۆی ئەڵمانی چاپكراوە – باشووری كوردستان – 1994. لاپەڕە : 47.

**1994-09-26** كەناڵی تی. ڤی5ی فەرەنسی, ڕیپۆرتاژێكی لەسەر باشووری كوردستان پیشاندا لە كاتژمێر 13.30 بۆ 14.30, كە هەرچی دیاردەی دواكەوتووی وەكو زكێر و حاڵی دەروێشەكان و زرك لە خۆدان و ئەو كەسانەی كە چەك دەفرۆشن و زیندانییەكانی دوژمن... و هتد پیشاندا. **5974**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تر، تەلەڤزیۆن: 5.TV كەناڵی پێنجی تەلەڤزیۆنی فەرەنسا

**1994-10-02** بەستنی سەمینارێك لەلایەن د. كوردستان موكریانی لە شاری ڕۆتەردامی هۆڵندا, دەربارەی بەراوردێك لە نێوان ژنی كورد و ژنی ئەورووپی. **5975**

سەرچاوەی 1: پەڕتوكی كوردی: د. كوردستان موكریانی – ڕەنگدانەوەی دۆزی ژن بە نێوی ژنەوە لە نێو ڕۆژنامەگەری كوردیدا – هیرەن فەین – هۆڵندا – 1995. لاپەڕە : 99.

**1994-10-03** تا 10-22: كردنەوەی پێشانگای تایبەتیی هونەركار ڕێبوار سەعید لە شاری لەندەن. **5977**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری كوردی: مەڵبەند – ژ52 – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی كورد لە لەندەن – ئۆكتۆبەری 1994. لاپەڕە : 11.

**1994-10-03** تا 10-04, لە كاتی هێرشی دڕندانەی د.ت بۆسەر نێوچەی دەرسیم, 17 گوند سووتێنرا و خەڵكەكەشی ئاوارەبوون. **5976**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری كوردی: دلانپار – ژ – 4 – خولی چوارەم – 25-12-1994 – دەنگی كۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی كوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 1.

**1994-10-06** كوژرانی فوئاد عەبدولڕەحمان چەلەبی لە هەولێر, نێوبراو ئەندامێكی بەرزی ئیخوان ئەلموسلمین بوو. **5978**

سەرچاوەی 1: پەڕتووكی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی كردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 110.

**1994-11-00** بەستنی دووەمین کۆنگرەی حسك, کە تێیدا نێوی حیزب بووە حیزبی سۆسیال دیموکراتی کوردستان, کە سەرۆکەکەی حەمەی حاجی مەحموودە. **5979**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 10.

**1994-11-08** ئەو هەشت پەرلەمانتارەی کورد کە لەلایەن د.ت وە گیرابوون, دووانیان ئازاد کران و پێنجیان بە 15 ساڵ زیندانی و یەکێکیان بە سێ و نیو تا هەفت و نیو ساڵ زیندانی بڕیاردران. **5980**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 4 – خولی چوارەم – 25-12-1994 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 2.

**1994-11-08** کۆمەڵەی هاوکاری لە ئەڵمانیا, نامەیەکی ئاڕاستەی زۆربەی پارتە ئەڵمانییەکان کرد, تاوەکو لە هێرشی تورکییان بۆسەر ناوچەی دەرسیم ئاگادار بکەن. **5981**

**1994-11-13** نەوشیروان مستەفا, کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی درێژی لە شاری سلێمانیدا گرت. **5982**

سەرچاوەی 1: بەیان و بلاوکراوەی کوردی: دەقی کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی لەلایەن نەوشیروان مستەفا, لە سەرەتای مانگی یازدەی ساڵی 1994 لە سلێمانی بەستراوە – شوێن و کاتی چاپکردنی لەسەر نییە.

**1994-11-19** کۆمەڵەی هاوکاری لە ئەڵمانیا, خۆپیشاندانێکی لە شاری بۆن لە دژی ڕژێمی تورکیا سازدا. **5983**

**1994-11-21** جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی, بڕوانامەی هاوپەیمانێتییان ئیمزا کرد, کە بەو پێیە ناکۆکییەکانیان چارەسەر بکەن, بەڵام ئەمەش سوودی نەبوو و ناکۆکییەکان هەر مانەوە. **5984**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 19.

**1994-11-23** یاریکردنی شانۆیی کارەسات لەسەر شانۆی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی دەرهێنانی دلێر محەمەد تاهیر و نواندنی ئاریان حەمە ڕەزا, ڤیان حەمە ئەمین و پشتیوان نوری. **8862**

سەرچاوەی 1: تۆماری جەماوەر: کاك دلێر محەمەد تاهیر لە سوید

**1994-11-24** تا 25-11, بەستنی کۆنفرانسی کوردناسی لە مۆسکۆ. **5985**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 1 – خولی پێنجەم – 25-03-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 32.

**1994-11-26** کوژرانی مەلا عەبدولڕەحمان عەبدولقادر بە تەور لە هەوێر, نێوبراو یاریدەدەری سەرۆکی یەکێتی پیاوانی ئایینی کوردستان و خەتیبی مزگەوتی عومەری کوڕی خەتاب بوو لە هەولێر. **5986**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 110.

**1994-11-27** کوژرانی نوری ئیسماعیل نانە کەلی، لەگەڵ یەکێك لە پارێزگارەکانیدا لە هەولێر، نێوبراو ئەندامێکی بەرزی ینك و دوای ڕاپەرین سەرۆکی دادگای باڵای کوردستان بوو. **5987**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 110.

**1994-12-00** پێکدادانی پدك و ینك لە نێوچەی زاخۆ و شەقڵاوا. **5988**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-12-00** بەهۆی شەڕی نێوان یەکێتی و پارتییەوە، بەندیخانەی محەتە، لە هەولێر شکێنرا و تاوانبارەکان هەڵهاتن. **5989**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعە الاولی – لندن – ایلول 1995. لاپەڕە : 170.

**1994-12-00** سەرەتای ئەم مانگە: نەبەز کرایە سەرۆکی ئاسایشی سلێمانی. **5990**

سەرچاوەی 1: پەڕتوکی کوردی: فرەنسۆ هەریری – بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی نەنووسرێ – پرسیار و وەڵام – لە بڵاوکراوەکانی پدك – هاوینەهەواری پیرمام – هەولێر – 1995. لاپەڕە : 35.

**1994-12-04** کۆمەڵەی هاوکاری لە ئەڵمانیا، نامەیەکیان بە عارەبی بۆ سکرتێری ن.ی پەترۆس پەترۆس گالی نارد، کە تێیدا ناڕەزایی خۆیانیان لەسەر گیرانی پەرلەمانتارەکانی کورد لە تورکیادا دەربڕی بوو. **5991**

**1994-12-15** کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیی ینك لە قەڵاچوالان، کە وەك پدك دەڵێت کۆبوونەوەکە بۆ ئەوەبووە کە هێرش بکەنە سەر پدك و کودەتا سەربازییەکەیان پیادە بکەن. **5992**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 1 – خولی پێنجەم – 25-03-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 9.

**1994-12-15** دەسپێکردنەوەی شەڕی براکوژی لە نێوان هێزەکانی ینك و پدك . **5993**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-12-16** تەقینەوەی هەردوو بنکەی ینك. لە شارۆچکەی خورماڵی باشووری کوردستان لەلایەن پدك. **5994**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-12-18** گرتنی شەقڵاوا و ماڵی جەلال تاڵەبانی لەلایەن پدك. **5995**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1994-12-19** کۆبوونەوەی جەوهەر نامیق و فازیل مەتنی لەگەڵ جەلال تاڵەبانیدا بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخی کوردستان، بەڵام بێ سوود بوو. **5996**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: فرەنسۆ هەریری – بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی نەنووسرێ – پرسیار و وەلام – لە بلاوکراوەکانی پدك – هاوینەهەواری پیرمام – هەولێر – 1995. لاپەرە : 54.

**1994-12-23** مانگرتنی 57 ئەندامی پەرلەمانی هەرێمی باشووری کوردستان لە نێو بارەگای پەرلەماندا لە هەولێر, لە دژی شەری نێوان پارتی و یەکێتی. **5997**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

**1994-12-27** کۆمەڵەی کوردستانی لە ئێسکیلستوونا – سوید, کۆرێکی بۆ د. گولمورادی مورادی لەسەر مێژووی کورد سازکرد. **5998**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: نەوشیروان موستەفا ئەمین – لە کەناری دانوبەوە بۆ خری ناوزەنگ, دیوی ناوەوەی رووداوەکانی کوردستانی ئێراق 1975 – 1978 – ئەلمانیا – 1997. لاپەرە : 27.

**1994-12-31** لەسەر بانگهێشتنی رێکخراوی مافی مرۆڤ لە بریتانیا, بۆ چارەسەرکردنی شەری نێوان ینك و پدك, زێتر لە سەد کەسی دلسۆز و رۆشنبیری کورد لە بریتانیا و لە بێ لایەن و لایەنگرانی هەموو پارتە کوردستانییەکان کۆبوونەوەیەك سازکرا و چەند خالێك ئامادەکرا بۆ ئارامی و چارەسەرکردنی ئەو بارودۆخە ئالۆزەی باشووری کوردستان. **5999**

سەرچاوەی 1: رۆژنامەی کوردی: هەنگاو – ژ13 – لەندەن – ژەنیوەریی 1994. لاپەرە : 13.

**1995** کوژرانی هونەرمەندی شانۆیی ماجدی حەمە جوان لە شاری سلێمانی. تاوانباری ئەم تاوانە نادیارە. **40**

**1995** دەرچوونی پەرتووکی سمکۆ ئیسماعیل ئاغای شوکاك و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لەلایەن محەمەد رەسول هاوارەوە. **6007**

**1995** کردنەوەی رادیۆی دەنگی لاوان, بە زمانی کوردی لە شاری ئێسکیلستوونا لە سوید. ئەم رادیۆیە هەموو رۆژێکی یەکشەممە بۆ ماوەی کاژێرێك بەرنامەی کوردی بلاودەکاتەوە. **6010**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: ئاراپات – ژ8 – لە بلاوکراوەکانی کۆمەلەی کوردستانی لە ئیسکیلستوونا – ژەنیوەری و فیبریوەریی 1996 . لاپەرە : 21.

**1995** مارف عومەر گوڵ, بروانامەی دوکتۆرای لەسەر کێشەی کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی گەلی کورد لە یاسای نوێی نێودەولەتیدا لە زانکۆی کییڤ وەرگرت. **6008**

سەرچاوەی 1: رۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەریدەکات – ژ8 و 9 – ژونی 1996 – بەریتانیا. لاپەرە : 8.

**1995** دەرچوونی کاسێتی تەنیایی, کە بریتییە لە 10 گۆرانیی هونەرکار بورهان مەجید. **6006**

**1995** بلاوکردنەوەی راپۆرتێکی رێکخراوی مافی مرۆڤ لە تورکیا, کە لەو سالەدا بەهۆی شەری د.ت لەگەل کوردا نزیکەی 3.893 کەس کوژراون و 14.473 کەسیش گیراون و 2.101یش زیندانی و 231 کەسیش بێ سەروشوێنن. **6005**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – ژمارە 70 – مایی 1996. لاپەڕە : 15.

**1995** لەم ساڵەدا, د.ت, 99 کەسی بەهۆی چالاکیی ڕامیارییانەوە تیرۆرکردووە, 136 کەسیش بریندار کراون, 122 کەس لە ژێر ئەشکەنجەدا شەهید بوون, 3.894 کەس لە ئەنجامی شەڕی تورك و پكك لە هەردوولا کوژراون, 230 کەس لە ڕەشە خەڵکی کورد لە ئەنجامی هێرشەکانی تورکدا بۆسەر کوردستان کوژراون, 321 کەس بە هەمان هۆوە بریندار بوون, 251 کەس لە ژێر ئەشکەنجەی زیندانەکانی تورکدا دەژین, 14.473 کەس گیراون و چاوەڕێی لێکۆڵینەوە و سزان, 2.101 کەس سزای درێژخایەنیان بەسەردا دراوە, 243 گوندی کورد پووخێنراون و لە دانیشتوان چۆڵکراوە, 100 ڕێکخراوی پیشەیی و سەندیکایی قەدەغە کراوە, .... **6003**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەریدەکات – ژ8 و 9 – ژونی 1996 – بەریتانیا. لاپەڕە : 2.

**1995** لەم ساڵەوە, ڕۆژانە 250 هەزار بەرمیل نەوتی خۆرئاوای.ك لەلایەن د.س دەنێردرێتە دەرەوە بۆفرۆشتن. **6002**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 18.

**1995** بەپێی بڕیاری ژمارە 1.865ی د.س, لە نێو گوندەکانی شاری حەسەکەدا, بە ڕەسمی گۆرانی و گۆڤەندی کوردی قەدەغەکران. **6001**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 20.

**1995** بە درێژایی ئەم ساڵ گەورەترین ڕۆژنامەی هۆڵندی د فۆلکس کرانت – ڕۆژنامەی گەل, 163 وتاری لەسەر کورد نووسیوە یان نێوی کوردی تێدا هاتووە, ئەو ڕۆژنامەیە ڕۆژانی یەکشەممە دەرناچێت, واتە بە تێکڕایی لە دوو ڕۆژان کەمتردا باسێك لەسەر کورد نووسراوە یان لە باسێکدا نێوی کورد براوە. **6000**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی هۆڵندی: De Volkskrant CD-ROM 1995, is een uitgave van combinatie pers (Multi Media Greop).

**1995** کردنەوەی پێشانگای مورا لە سوید, کە هونەرکاری کورد شۆڕش ئەمینیش بە چەند تابلۆیەك بەشداریی تێدا کرد. **6004**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – ژمارە 70 – مایی 1996. لاپەڕە : 5.

**1995** وەرگێڕانی قورئان و بڵاوکردنەوەی بە زمانی کوردی لە تورکیا, لەلایەن شێخ عەبدوڵڵا وارلییەوە. **6009**

**1995-01-00** لەم مانگەدا کۆمەڵێك کورد لە پاکستان لەدژی باری ناخۆشی ژیانیان مانیان لە خواردن گرت و لە ئەنجامدا یەکێکیان کە تەمەنی 35 ساڵ بوو مرد. **6011**

**1995-01-00** لەم مانگەدا نووسەر و هونەرکارانی کورد لەبەردەم پارێزگای هەولێردا هەرچی بەرهەمەکانی خۆیان هەیە سووتاندوویانە, هەروەکو مانگرتنێك لە دژی شەڕی براکوژی. **6014**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-01-00** لەم مانگەدا جەلال تاڵەبانی لە ڕۆژنامەی ئەلحەیاتدا ڕایگەیاند کە: ینك. ئامادەیە لەگەڵ ڕژێمی ئێڕاقدا بچێتە گفتوگۆوە. **6013**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-01-00** بەرزبوونەوەی دووبەرەکیی نێوان ڕووسیا و تورکیا, بەهۆی پشتگیریی تورکیا لە چەچانەکان, هەربۆیە ڕووسەکانیش کەوتنە پشتگیریی پکك و لەم مانگەدا کۆبوونەوەیەکی گەورەیان لە مۆسکۆ کرد و بنکەیەکیشیان هەر لەوێ بۆ خۆیان کردەوە. **6012**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-01-01** کوشتنی قادر کۆکۆیی و ئازادی کوڕی لەلایەن پدك, لە کاتێکدا کە هێرشیان کردە سەر شارۆچکەی سەید سادق بۆسەر پدك . نێوبراوان سەربە ینك بوون. **6016**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-01-01** کوژرانی قادر کۆکۆیی و ئازادی کوڕی لە شەڕی براکوژیدا، ئەمانە سەربە ینك بوون. **6905**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1995-01-01** بارەگای لقی دوو و ئوتێلی شیراتۆن کە ڕاگەیاندنی پدکی تێدا بوو, لەلایەن ینك ەوە داگیر کرا. زۆربەی سەرانی ئەو هێزانەی کە لەو دوو بنکەیەدا بوون خۆیان دایە دەست حشع و مەجلیسی ئەعلای ئیسلامی و هەردوو بارەگاکەش درایە دەست کۆنگرەی نیشتمانیی ئێڕاقی. **6015**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-01-01** تا 06-05-995, لە ماوەی ئەم 5 مانگەدا, لە شاری هەولێر, بە پێی ڕاپۆرتی پزیشکی داوەر, 39 ئافرەت لە هەولێردا کوژراون. **6017**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ئاڵای ئازادی – حزك – ژ183 – هەولێر – 20-08-1995. لاپەڕە : 3.

**1995-01-01** بەپێی ڕێکەوتنێکی نێوان جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی، ئوتێلی شیراتۆن درایە دەست ئۆپۆزیسیۆنی ئێڕاقی. **6907**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1995-01-02** ڕوودانی شەڕەکانی ناوچەکانی چۆمان، گەزنە، پێرش و سۆران لەنێوان پارتی و ینك. **6915**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1995-01-04** ڕۆژنامەی ئەلحەیات ڕایگەیاند کە ئێستێ لە نێوچەی کۆیە نەوت دەردەهێنرێت و واچاوەڕوان دەکرێت کە بەرهەمی ڕۆژانەی 15 – 20 هەزار بەرمیل بێت. **6018**

**1995-01-04** ئاژانسی دەنگوباسی ئێراق ڕایگەیاند کە, ینك 141 دیلی پدکی گوللە باران کردووە, بەڵام چ یەنەك و چ پارتی ئەو پروپاگەندەیەیان بەدرۆ خستەوە. **6019**

سەرچاوەی 1: بەیان و بلاوکراوەی عەرەبی: بیان: ایچاح من رئاسە مجلس الوزراو – حکومە اقلیم کردستان العراق – 3–1–1994 – اربیل.

**1995-01-09** هەردوو بەرەی پارتی و یەکێتی, یەکتری تاوانبار دەکەن بەوەی کە گفتوگۆ لەگەڵ بەغدادا دەکەن.... **6021**

سەرچاوەی 1: بەیان و بلاوکراوەی عەرەبی: البیان الصحاق رقم 46, مسلحی KDP یهاجمون التجمع الجماهیری فی مدینە دهوك – تنقیم الخارج للحزب الشیوعی العمالی العراقی – 7–5–1996.

**1995-01-09** تەقینەوەی بورجێکی ئەلەکتریکیی نێوان شارۆچکەی دوکان و هەولێر. **6020**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-01-09** سامانی ساڵانەی هەرێمی باشووری کوردستان, ئێستێ 360 ملیۆن دۆلاری ئەمریکییە. **6022**

سەرچاوەی 1: بەیان و بلاوکراوەی عەرەبی: البیان الصحاق رقم 46, مسلحی KDP یهاجمون التجمع الجماهیری فی مدینە دهوك – تنقیم الخارج للحزب الشیوعی العمالی العراقی – 7–5–1996.

**1995-01-10** شەڕی نێوان پارتی و یەکێتی لەگەرمەی دایە و تاوەکو ئێستا نزیکەی 400 تا 600 کەسیان لەیەکتری کوشتووە و باری ئاسایشی کوردستان بەتایبەتی هەولێر, لەمەترسییەکی گەورەدایە. **6023**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-01-14** دەرکردنی بەیانێك لەلایەن جەلال تاڵەبانییەوە بۆ بەرگریکردن لە شاری هەولێر و خۆچەکدارکردنی ڕەگەزەکانی ینك, کە ئەمە ئاگری شەڕی براکوژیی زێتر خۆش کرد... **6024**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-01-15** گرتنی شاری هەولێر لەلایەن ینك. **6025**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-01-15** ئەمڕۆ و سبەینێ و دووسبەی پیاوانی ڕژێمی ئێراق, چەند کۆبوونەوەیەکیان لە شاری کەرکوك ڕێکخست, بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی هەررێمی باشوور و شەڕی براکوژی, کە بڕیاری پێکهێنانی چەند دەستەیەکیاندا بۆ خۆشکردنی ئەو شەڕە و هەر چەکدارێکی ئەو دەستانە مانگی 17.000 دیناری دەدرێتێ. **6026**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ڕێگای کوردستان – ئۆرگانی حیزبی کۆمۆنستی کوردستان – ژ – 144 – ساڵی 50, 07–02–1995.

**1995-01-15** نزیکەی 100 ئافرەتی کورد نامەیەکی کراوەی ئیمزاکراویان نارد بۆ جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی، وەك ناڕەزاییەکی ئافرەتانی کورد لە دژی شەڕی براکوژی. **6027**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-01-17** مامۆستا جەمال نەبەز نامەیەکی ئاڕاستەی هەردوو مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی کرد، تاوەکو شەڕی براکوژی ڕابگرن. **6028**
سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 1 – خولی پێنجەم – 25-03-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 6.

**1995-01-18** لەسەر بانگهێشتنی 17 پارتە کوردستانییەکەی باشوور، نزیکەی 400 پیاوماقوول و کەسایەتیی ناسراوی شاری هەولێر لە هۆڵی میدیا کۆبوونەوە و پاش گوێ ڕاگرتن لە سەرجەمی هەوڵدانی 17 پارتەکە و پیاوماقوولانی هەولێر بۆ ڕاگرتنی شەڕ، لە هەڵبژاردنێکدا 17 کەسیان لە نێوان خۆیاندا دەست نیشان کرد کە لەمەودوا وەکو نوێنەرانی پیاوماقوولانی هەولێر لەگەڵ نوێنەرانی 17 پارتەکەدا هەوڵی ڕاگرتنی شەڕی براکوژی بدەن. **6031**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ڕێگای کوردستان – ئۆرگانی حیزبی کۆمۆنستی کوردستان – ژ – 143 – ساڵی 50, 13-01-1995.

**1995-01-18** هەر 17 پارتە کوردستانییەکەی باشوور لە پەرلەمان کۆبوونەوە و بروسکەی ڕاگرتنی شەڕی براکوژییان ئامادەکرد. **6030**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-01-18** تەقینەوەی 3 بورجی ئەلەکتریکی لە نێوان شارۆچکەی دەربەندیخان و سلێمانی. **6029**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-01-20** ئەمڕۆ پردی نێوان هەردوو گوندی سەکتان و هیزۆپی نێوچەی ڕەواندز، تەقێنرایەوە. **6033**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-01-20** حوسەین سنجاری کە ئەندامێکی باڵای ینك بوو، خۆیی لە یەکێتی کەنارگیر کرد، وەکو بەرپەرچدانەوەی شەڕی براکوژی. **6032**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الحیاە – 20-1-1995.

**1995-01-21** نزیکەی 20 کەس لە کەسانی سیاسی و ڕۆشنبیری ناسراوی کورد لە لەندەن کۆبوونەوە، تاوەکو لە داهاتوودا کۆنگرەی گەلی کوردستان ببەستن. **6034**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-01-22** جەلال تاڵەبانی وەڵامی نامەکەی جەمال نەبەزی دایەوە. **6035**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 1 – خولی پێنجەم – 25-03-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 8.

**1995-01-23** نزیکەی 58 خێزانی هەژاری شاری سلێمانی چوونە بەر پارێزگای سلێمانی بۆ داواکردنی ئازووخەی هەژارانە, بەڵام گوێیان لێ نەگیرا و سوکایەتییان پێکرا. **6036**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ڕێگای کوردستان – ئۆرگانی حیزبی کۆمۆنستی کوردستان – ژ – 144 – سالی 50, 07-02-1995.

**1995-01-24** نزیکەی 49 ئەدیب و هونەرکاری کورد لە باشووری.ك, بڕیاری خۆسوتاندنیاندا لە گۆڕەپانی پارێزگای هەولێردا, وەك هەڵوێستێك دژی شەڕی براکوژی و بەهۆیەوە دەیان هەزار لە خەڵکی ئاشتیخواز و بێلایەنی شار بەدروشمی بژی ئاشتی و نەفرەت لە شەڕ ماوەیان نەدان خۆیان بسوتێنن. **6037**

سەرچاوەی 1: ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

**1995-01-25** ڕاپۆرتێکی 140 لاپەڕەیی لەلایەن ئەمنستی ئنتەرناسیۆنال, لەسەر باشووری وڵات دەرچوو, کە پارتە کوردییەکان بەوە تاوانبار دەکات کە : دیلی یەکتری دەکوژن و دەستەی پیاوکوژانیان هەیە و خەڵکی لە بەندیخانەدا ئەشکەنجە دەدەن و چەندین کاری ناڕەوای تر. **6038**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-01-25** دامەزراندنی کۆمەڵەی چاند و هونەری کوردی لە فریزلاند, لە هۆڵندا. **6039**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1995-01-27** ئەمرۆ ویسترا پردی کەولۆسی نێوچەی پێنجوێن بتەقێنرێتەوە, بەڵام خۆشبەختانە سەری نەگرت. **6040**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-01-31** ئەمرۆ ڕۆژنامەی حوررییەتی تورکیا, ئەوەی نووسی کە جەلال تاڵەبانی بەتورکیای گووتووە کە نێوبژیی ڕەسمیی نێوان شەڕی پارتی و یەکێتی بکات... سامی عەبدولڕەحمانیش بەهەمان ڕۆژنامەی گوتووە کە جەلال تاڵەبانی, دیکتاتۆرێکە وەك سەددام حوسەین. **6041**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-01-31** مەسعود بارزانی وەڵامی نامەکەی جەمال نەبەزی دایەوە. **6042**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 1 – خولی پێنجەم – 25-03-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 9.

**1995-02-00** دەرچوونی ڕاپۆرتێکی ئەمنستی بە زمانی ئینگلیزی لەسەر باشووری.ك, کە تێیدا تاوانە نامرۆڤایەتییەکانی پارتە کوردستانییەکانی خستووەتە بەر لێکۆڵینەوە. **6043**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الٳنسان ٯ کردستان العراق منڎ 1991 – الگبعە الٲولی – لندن – ایلول 1995.

**1995-02-01** قسەکەرێکی ڕەسمی بەنێوی ئامریکا و تورکیاوە ڕایگەیاند, کە ئەگەر شەڕی نێوان پارتی و یەکێتی بەردەوام بێت, ئەوا پاراستنی ئاسمانی لەسەر باشووری.ك لادەچێت. **6044**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-02-02** ڕێبین ئەحمەد هەردی, لە هۆڵی ڕۆشنبیری لە شاری سلێمانی, وتارێکی بە نێوی شەڕ – حیزب, سڕینەوەی کۆمەڵگای شارستانییەوە پێشکەشکرد. **6046**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: ڕەهەند – گۆڤارێکی تیۆری, کلتووری و ڕاڤەکردنە – دانیمارك – ژ1 – 1996. لاپەڕە : 6.

**1995-02-02** خانمی میتێران کە سەرۆکی ڕێکخراوی سەربەستییە و کلاوس کینگلی وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا و 22 ئەندامی پەڕلەمانی بەریتانی, داوایان لە ینك و پدك کرد کە شەڕی براکوژی بوەستێنن, بەڵام بێسوود بوو. **6045**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الحیاە – العدد 11671.

**1995-02-04** کۆمەڵێك زیندانیی کورد لە تورکیا, ماوەی مانگێکە لە زیندانەکانیاندا بۆ باشتربوونی ژیانی ڕۆژانەیان لە زینداندا و چیدی ئەشکەنجە نەدرێن و بەئازادی زیندانییەکانی تر ببینن و سانسۆر نەخرێتە سەر ئەو نووسراوانەی کە دێنە زیندانەوە.... مانیانگرت. **6047**

سەرچاوەی 1: ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

**1995-02-05** تورکیا داوای 175 ملیۆن پاوەنی لە ئەنجوومەنی ئەورووپا کردووە, گوایا بۆ چاککردنەوەی گوندە کوردەکان, کە خۆی ڕووخاندوونی... **6048**

سەرچاوەی 1: ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

**1995-02-05** کۆمەڵەی هاوکاری لە ئەڵمانیا, سمینارێکی لەسەر بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان کنك لە شاری ڤەسەلین ڕێکخست. **6049**

**1995-02-05** کۆمەڵەی هاوکاری لە ئەڵمانیا, نامەیەکی بۆ سەرۆکی پەڕلەمانی باشووری.ك لەسەر شەڕی براکوژی نارد. **6050**

**1995-02-11** چەند چەکدارێك کە وەکو دەڵێن سەربە یەکێتین, د. سەعدی بەرزنجیی هەواداری پارتییان ڕفان و پاش ئەشکەنجەدانی لە ژێر فشاری نێوخۆ و جیهانیدا ئازادیان کرد, نێوبراو سەرۆکی کۆلیژی یاسای زانکۆی هەولێر بوو. **6051**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەریدەکات – ژ3 و 4 – ئۆکتۆبەری – بەریتانیا. لاپەڕە : 11.

**1995-02-12** د. جەمال نەبەز وەڵامی نامەکەی مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانیی دایەوە. **6052**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانیار – ژ – 1 – خولی پێنجەم – 25-03-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 10.

**1995-02-13** کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، بەسەرۆکایەتیی د. نەجمەدین کەریم، ئەمڕۆ کۆبوونەوەیەکی لە ویلایەتی ڤرجینیای ئامریکا سازکرد لە دژی شەڕی براکوژیی نێوان پارتی و یەکێتی و تۆژینەوەی بارودۆخی کوردستان. **6053**

سەرچاوەی 1: رادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

**1995-02-14** ئەمڕۆ جەلال تاڵەبانی لە ڕۆژنامەی ئەلحەیاتدا گوتی کە پێویستە کوردستان لە پارتی پاک بکرێتەوە و یەکێتی هێرشێکی گەورە دەکاتە سەر پارتی، چونکە تاوەکو پارتی لە کوردستاندا بێت ئاشتی پێک نایەت. **6054**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الحیاه – 14-2-1995.

**1995-02-14** پارتی ئەمڕۆ ئاشکرای کرد کە ئەگەر یەکێتی ئەم شەڕە بەزوویی ڕانەگرێت، ئەوا ئێمەش شەڕی سەرتاسەری دەست پێ دەکەین... **6055**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منقمه العفو الدولیه – نقچ العهود و اهدار حقوق الآنسان ف کردستان العراق منژ 1991 – الگبعه الآولی – لندن – ایلول 1995.

**1995-02-15** بنکەی زانستی لێکۆڵینەوەی کوردی لە مۆسکۆ، نامەیەکی ئاڕاستەی سەرۆک کۆماری فینلاند، مارتی ئاهاتیساری کرد، تاوەکو فینلاند ڕێگە بە کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان بدات، لەوێ ببەسترێت. **6056**

سەرچاوەی 1: بەیان و بلاوکراوەی کوردی: بلاوکراوەی کۆنگرە – کۆمیتەی ئامادەکردنی سێیەمین کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان – ژ3 – فینلاند – 04-04-.

**1995-02-20** بەپێی لێدوانێکی کۆسرەت ڕەسوڵ بۆ تەلەڤزیۆنی ئێم. بی. سی، کاتژمێر 6ی ئێوارە بەکاتی هەولێر، لە نێوچەکانی ڕەواندز و دەوروبەریدا، شەڕێکی گەرمە لە نێوان پارتی و یەکێتیدا. **6057**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منقمه العفو الدولیه – نقچ العهود و اهدار حقوق الآنسان ف کردستان العراق منژ 1991 – الگبعه الآولی – لندن – ایلول 1995.

**1995-02-23** ڕوودانی شەڕێک لە نێوان پارتی و یەکێتی لە نێو شاری هەولێردا و کوژرانی نزیکەی 100 کەس. **6058**

سەرچاوەی 1: رادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

**1995-02-23** د. ئەحمەد عەبدولقادری سەرۆکی کۆمەڵەی بەرگری مافی مرۆڤ لە کوردستان، مەڵبەندی نەمسا، نامەیەکی ئاڕاستەی سەرۆک کۆماری فینلاند مارتی ئاهاتیساری کرد، تاوەکو فینلاند ڕێ بە کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان بدات، لەوێ ببەسترێت. **6060**

سەرچاوەی 1: بەیان و بلاوکراوەی کوردی: کۆنگرە – کۆمیتەی ئامادەکردنی سێیەمین کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان – ژ4 – فینلاند – 20-04-1995.

**1995-02-23** تورکیا داوای لە پارتی و یەکێتی کرد کە شەڕەکە ڕاگرن، تاوەکو چیدی خەڵك نەکوژرێت و شاری هەولێریش وێران نەبێت. **6059**

سەرچاوەی 1: ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

**1995-02-25** ڕۆژنامەی ئیداگی سویدی باسی عومەری سەی عەلی و سالار عەزیزی وەکو تاوانباری جەنگ کرد، ئەو دووانە هەردووکیان ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتین و ڕەگەزنامەی سویدیشیان هەیە. **6061**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ1 – خولی هەفتەم – ساڵی یازدەیەم – 25-08-1997 – فینلاند. لاپەڕە : 62.

**1995-02-26** ئەمڕۆ 6 بنکەی گەشت و گوزاریی تورك لە هەردوو شاری بەرلین و بۆنی ئەڵمانیا، لەلایەن پکك وە هێرشی کرایە سەر، بەڵام کەس بریندار نەبوو. **6062**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی هۆڵندی: RTL.4

**1995-02-27** تەقینەوەی ئوتومبیلێکی مین کراو بە 200 کیلۆ ت.ن.ت لە شاری زاخۆ، کە نزیکەی 75 کەسی کوشت و خەڵکێکی زۆری بریندار کرد. ئوتومبیلەکە ژمارەکەی هەولێر بوو، بۆیە پارتی دەڵێت یەکێتی بووە و یەکێتیش دەڵێت ڕژێمی ئێراقە .... و پککش دەڵێت د.ت ە. **6063**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-03-00** پێکدادانی هێزەکانی یەکێتی و ڕژێمی ئێراق لە نێوچەی هەولێر... سەرچاوەکانی ن.ی دەڵێن بارودۆخ ئاساییە>. **6064**

سەرچاوەی 1: ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

**1995-03-00** سلێمان دێمرێل ڕایگەیاند، کە ویلایەتی موسڵ دەگەڕێتەوە بۆ تورکیا. **6065**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: هه فوت – مجله کردیه مستقله تصدر دوریا – العدد 11 – سویسرا – سبتمبر 1996. لاپەڕە : 6.

**1995-03-03** هێرشی ڕژێمی ئێراق بۆسەر نێوچەی چەمچەماڵ. **6066**

سەرچاوەی 1: ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

**1995-03-05** کۆمیسیۆنی ئەورووپای یەکگرتوو، بڕیاریدا کە کاندیداتۆری د.ت لە یەکێتی ئەورووپادا پەسەند بکات. **6067**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 2 – خولی پێنجەم – 25-06-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 3.

**1995-03-05** کۆمەڵەی هاوکاری لە ئەڵمانیا، بانگەوازێکی لەسەر تیرۆرکردنی ئەندامانی حدکا لە باشووری.ك بڵاوکردەوە. **6068**

**1995-03-07** کوژرانی ئادور خۆشابا ئیشۆ لەلایەن چەند چەکدارێکەوە، نێوبراو ئاشوورییەکی نێوچەی بادینان بوو، کوشتنی بووە هۆی ناڕەزایی ئاشوورییەکان لە کورد، شایانی باسە تاوانبارانی ئەم کارە، بەردران. **6069**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: هه فوت – مجله کردیه مستقله – العدد 10 – سویسرا – اژار 1996. لاپەڕە : 19.

**1995-03-08** عومەر. ف. قەرەنی، بەرپرسیاری ئەوروپای پارتی ئیسلامی کوردستان، نامەیەکی ئاڕاستەی سەرۆك کۆماری فینلاند کرد، تاوەکو ڕێگا بدەن کە کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان لەوێ ببەسترێت. **6070**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: کۆنگرە – کۆمیتەی ئامادەکردنی سێیەمین کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان – ژ4 – فینلاند – 20-04-1995.

**1995-03-09** هونەرکاری وێنەکێش عەزیز سەلیم ئەحمەد، بووە پەنابەر لە فینلاند. **6071**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی وەرزییە – ژ3 و 4 – خولی شەشەم – ساڵی دەیەم – 20-12-1996 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 115.

**1995-03-13** تیرۆرکردنی مامۆستای زانکۆ سەلاح هەورامی لە هەولێر. **6072**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەریدەکات – ژ8 و 9 – ژونی 1996 – بەریتانیا. لاپەڕە : 20.

**1995-03-13** سیروان سۆرانی، بەرپرسی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان لە فەڕەنسا، نامەیەکی ئاڕاستەی جاك سانتیخی سەرۆکی کۆمیسیۆنی ئەوروپای یەکگرتوو کرد، کە تێیدا ڕەخنەی لە بڕیاری وەرگرتنی تورکیا بۆ نێو یەکێتی ئەوروپا گرت. **6073**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 2 – خولی پێنجەم – 25-06-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 3.

**1995-03-15** کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان، لکی فەڕەنسا و کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان، لکی فەڕەنسا، نامەیەکی ئاڕاستەی سکرتێری ن.ی پەترۆس پەترۆس گالی، کرد، تاوەکو نوێنەرێکی ن.ی بنێرێتە کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان. **6076**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: بڵاوکراوەی کۆنگرە – کۆمیتەی ئامادەکردنی سێیەمین کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان – ژ3 – فینلاند – 04-04-.

**1995-03-15** کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان، لە فەڕەنسا، نامەیەکی ئاڕاستەی ئەندامانی کۆڕی ئاسایشی جیهان کرد، تاوەکو پشتگیریی خۆیان لە کۆنگرە بکەن و واله سکرتێری ن.ی بکەن، بێت بەدەم داواکەی کۆنگرەوە، بۆ ناردنی نوێنەرێکی خۆیی و ئاڵای شینی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کۆنگرە. **6077**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: کۆنگرە – کۆمیتەی ئامادەکردنی سێیەمین کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان – ژ5 – فینلاند – 30-05-1995.

**1995-03-17** ئەمڕۆ و دوێنێ 16-30، کوردەکانی ئەڵمانیا بەمۆلۆتۆڤ هێرشیان کردووەتە سەر مزگەوت و بنکە ڕۆشنبیری و بازرگانییەکانی تورک، پەرلەمانی ئەڵمانیاش بڕیارێکی خراپی دژی ئەو کوردانە دەرکردووە: بەوەی کە کوردەکان ڕەوانەی تورکیا بکاتەوە. **6074**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-03-18** ینك ئێزگەی دەنگی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بەفیتی ڕژێمی ئیسلامی ئێران لە شاری کۆیە داخست. **6078**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: عەبدوڵڵا حەسەن زادە – نیو سەدە تێکۆشان، ئاوڕێك لە ڕابردووی خەبات و تیکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – لە بلاوکراوەکانی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – ئۆگەستی 1995. لاپەڕە : 250.

**1995-03-18** لە هۆڵی بارەگای وێسگەی ئاشتی لە هێلسنکی، بەبۆنەی هەفتەمین ساڵڕۆژی کارەساتی هەڵەبجەوە کۆڕێکی ماتەمینی لەلایەن کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستانەوە سازکرا، لەو کۆڕەدا کۆمەڵێك لە کورد و دۆستانی فینلاندی ئامادە بوون. **6079**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانیار – ژ – 1 – خولی پێنجەم – 25-03-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 48.

**1995-03-18** بەبۆنەی یادی هەڵەبجەوە، باوکی تارا لە سوید کۆڕێکی لەسەر چەکی کیمیایی ڕێکخست. **6080**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: ئاراڕات – ژ8 – لە بلاوکراوەکانی کۆمەڵەی کوردستانی لە ئیسکیلستونا – ژەنیوەری و فیبریوەریی 1996 . لاپەڕە : 23.

**1995-03-20** ئەمڕۆ 35 هەزار سەربازی تورک بەپشتیوانیی تانك و فڕۆکە بەدرێژایی 120 کیلۆمەتر و قوڵایی 40 کم، هێرشیان کردە سەر باشووری کوردستان بۆ لێدانی بنکەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان پکك، کە سێ هەزار پێشمەرگەیان لەو نێوچانەدا هەیەو پارتە کوردستانییەکانی باشوور نارەزایی خۆیان بەوە دەربڕی کە ئەمەدژی شکۆی خاکی ئێراقە.... **6081**

سەرچاوەی 1: ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

**1995-03-21** کلینتۆن بەتەلەفون بە تانسۆ چیلەری گووت : کە ئەم هێرشە کارێکی باشە و دژی تێرۆریزمە، بەڵام تکایە ژیانی مەدەنی و ئاوارە کوردەکانی ئێراق بپارێزن. **6083**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-03-21** کەی. ئێن. سی ئەم هێرشەی تورکی تاوانبار کردو پارتیش دەڵێت: تورک ئێمەی ئاگادار نەکردووە و ئێمە ناڕازین. یەکێتیش نارەزاییی خۆی دەربارەی ئەم هێرشە دەربڕی... **6084**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-03-21** هەفتەیەکە هەر هێرشی بۆمبای ئاگرین بۆسەر دامەزراوەکانی تورك لەهەر چواردە ویلایەتەکەی ئەڵمانیا، بەردەوامە و پکك ش بەرپرسیارێتیی خۆیی بەرامبەر ئەو کارانە ڕانەگەیاندووە ... **6085**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-03-21** بۆیەکەمجار لە مێژوودا, کوردەکان توانییان لە شاری جنێڤی سویسرا, لە هۆڵی کۆشکی نەتەوەیەکگرتووەکان, ئاهەنگی نەورۆز بگێرن, لەو ئاهەنگەدا گەلێك نوێنەرانی دەوڵەتانی دۆستی کورد و کاربەدەستانی ماف مرۆڤ و نوێنەرانی گەلانی یەکگرتووش ئامادە بوون, داگیرکەرانی کوردستان, گەلێکیان هەوڵدا کە ئەو ئاهەنگە لەوێ نەکرێت, بەڵام هەوڵەکانیان بێسوود بوو. **6086**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: هه فوت – مجله کردیه مستقله – العدد 7 – سویسرا – اواخر نیسان 1995. لاپەڕە : 16.

**1995-03-21** لەم ڕۆژی نەورۆزەدا, تورك هەر لەسەر هێرشەکەی بەردەرامە و 200 کەسیان کوشتووە و نەتەوە یەکگرتووەکان , بە تورکیای گوتووە کە دەبێت لەم هێرشەدا جیاوازیی چەکداری پکك و خەڵکی سادە بکرێت ... فڕۆکەی تورك گوندی پڵنگانی لای شارۆچکەی ڕانیەی بۆمباران کردو کچێکی 5 ساڵەی کوشت... و ئەو کوردانەشی کەلە باکوورەوە بۆ باشوور ڕایان کردبوو, لەشکری تورك بەزیندانی دەیاننێرێتەوە بۆ تورکیا... **6082**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-03-22** هێرشەکەی تورك ئەمڕۆش هەر بەردەوامە و سێ ڕۆژە فڕۆکەی تورك کوردستان دەکوتێت... لەم سێ ڕۆژەدا فڕۆکەکانی هاوپەیمان دیدەوانیی خۆیان بۆسەر هەرێمی هێڵی 36 ڕاگرتووە. **6087**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-03-22** ئامریکا ڕایگەیاند کە هێرشی تورك بۆسەر کورد شکاندنی یاسای نێونەتەوەیی نییە .... **6088**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-03-22** نەتەوە یەکگرتووەکان وتی, ئەم هێرشەی تورك یارمەتییەکانی بۆسەر هەرێمی 36 پەکخستووە. **6089**

سەرچاوەی 1: ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

**1995-03-22** تەلەفزیۆنی هۆڵندی کاتژمێر 23.30ی ئێوارە کەباسی هێرشەکەی تورکی دەکرد, چەکداری جامانە سووری پارتیی پیشاندا, کە لەگەڵ ژەندرمەی تورکدا لە شاری زاخۆ دەسووڕانەوە.... **6090**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی هۆڵندی: 4.RTL

**1995-03-23** بە دەستپێشکاریی کۆمیتەی ئاشتی و پشگیری نیشتمانی کوردستان و هاوکاریی ئۆرگانی فینلاندی پشتگیری کورد و کۆمەڵێك هاووڵاتیانی کوردستان, خۆپیشاندانێکیان لە دژی چوونەناوەوەی د.ت بۆ باشووری کوردستان لە شاری هێلسنکی لەبەردەم باڵوێزی تورکدا ڕێکخست. **6091**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 1 – خولی پێنجەم – 25-03-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 26.

**1995-03-24** کۆنگرەی نیشتمانیی کورد لە ئامریکا کۆنفرانسێکی بەست، بۆ لێکۆلینەوە لە شەڕی براکوژی. **6092**

سەرچاوەی 1: ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

**1995-03-25** ئەمڕۆ شەشەمین ڕۆژی هێرشەکەی تورکە و دەڵێن 25 بنکەی پکك و 168 پێشمەرگەیان کوشتووە. **6093**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-03-26** کۆمەڵەی هاوکاری لە ئەڵمانیا، نامەیەکی ناڕەزایی بۆ بیرۆی ڕامیاریی یەکێتی نارد، دەربارەی داخستنی ڕادیۆی حدکا. **6094**

**1995-03-27** گرتنی باڵەخانەی پەڕلەمانی باشووری کوردستان لە شاری هەولێردا لەلایەن هێزەکانی ینك. **6095**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-03-28** ئیقبال حاجی، سەرۆکی ڕێکخراوی هونەرکارانی بەهرەمەندی کوردستان، نامەیەکی ئاڕاستەی سکرتێری ن.ی کرد، تاوەکو نوێنەرێکی خۆی بنێرێتە سێیەمین کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان. **6096**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: کۆنگرە – کۆمیتەی ئامادەکردنی سێیەمین کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان – ژ4 – فینلاند – 20-04-1995.

**1995-03-31** دەزگەی کلتوور و ڕۆشنبیریی کورد لە دانیمارك، نامەیەکی ئاڕاستەی سەرۆك کۆماری فینلاند کرد، تاوەکو ڕێگا بدەن کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لەوێ ببەسترێت، هەروەها نامەیەکیشیان ئاڕاستەی سکرتێری ن.ی کرد، تاوەکو نوێنەرێکی خۆی بنێرێتە کۆنگرەکە. **6097**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: کۆنگرە – کۆمیتەی ئامادەکردنی سێیەمین کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان – ژ4 – فینلاند – 20-04-1995.

**1995-04-00** دامەزراندنی کۆنگرەی گەلی کوردستان لە لەندەن. **6098**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ9 و 10 – بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی، لەندەن – دیسەمبەری 1996. لاپەڕە : 17.

**1995-04-02** سەربڕینی 7 جووتکاری هەژاری باشووری کوردستان لەلایەن جەندرمەی تورکەوە، کە خەڵکی گوندی چیی نێوچەی دۆسکی بوون و لە گوندی مەیدانێکی ڕێویی نزیك سەرسەنگ کاریان دەکرد. **6099**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-04-03** ئەڵمانیا ناڕەزایی خۆیی بەرامبەر بەهێرشەکەی تورک بۆسەر کورد دەربڕی. **6100**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-04-03** کۆمەڵەی هاوکاری لە ئەڵمانیا، نامەیەکی ناڕەزایی بە کوردی و تورکی لەسەر هێرشی تورك بۆسەر کورد بڵاوکردەوە. **6101**

**1995-04-07** سووتاندنی مزگەوت و مەڵبەندی ڕۆشنبیریی تورك لە شاری هێنگلۆی هۆڵندا. **6102**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-04-07** کۆمەڵەی هاوکاری لە ئەڵمانیا، نامەیەکی بۆ هێلمەت کۆل و کلاوس کینگل، دەربارەی هێرشی تورك بۆسەر باکووری.ك نارد. **6103**

**1995-04-08** ئەمڕۆ یەکەمین دەستەی ئەو 35 هەزار سەربازە تورکەی باشووری کوردستان بۆ تورکیا کشایەوە. **6104**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-04-10** مەسعود بارزانی بەوە ڕازی بوو، کە تورکیا دەسەڵاتی خۆی بەسەر نێوچە سنوورییەکاندا بسەپێنێت. **6105**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: هه فوت – مجله كرديه مستقله – العدد 7 – سويسرا – اواخر نيسان 1995. لاپەڕە : 3.

**1995-04-11** وەزیری دەرەوەی هۆڵندا فان میرلۆ ئەوەی ڕاگەیاند، کەلە نێو دەستوری هۆڵندا، ئەوە هاتووە کە کۆبوونەوە و دەربڕینی بیروباوەر ئازادە و ئێمە ناتوانین ڕێگا لە کورد بگرین بۆ ڕاگەیاندنی پەڕلەمانەکەیان لەسەر خاکی هۆڵندا. **6107**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-04-11** دەنگوباسی ڕاگەیاندنی پەڕلەمانی باکووری کوردستان بڵاوبووەتەوە و دەبوایە کە سبەینێ 12-04 لە بڕۆکسلی پایتەختی بەلژیکدا ڕابگەیەنرایە، بەڵام لەبەر ناڕەزایی بەلژیك گوێزرایەوە بۆ شاری لاهای – دەنهاخی پایتەختی هۆڵندا. **6106**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-04-12** ئەمڕۆ لە هۆڵی کۆنگرێسی هۆڵندا لە شاری لاهای، ئاڵای ئێرنەك بەرزکرایەوە و کاتژمێر 10.05ی سەرلەبەیانی عیسمەت شەریف ڤانلی، پەڕلەمانی باکووری کوردستانی لە دەرەوەی وڵات کردەوە و پاشان هەر 65 ئەندامی پەڕلەمان سوێندیان خوارد و ئنجا ئەندامانی پەڕلەمانی ئەڵمانیا و یۆنان و قوبرس و ئیتالیا و نەرویژ و ... هی تر پیرۆزباییان لە کورد کرد و قسەی زۆر جوانیان کرد... ئەندامانی پەڕلەمان چواریان خەڵکی باشوورن و هی خۆرهەڵاتی تێدا نییە. **6108**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-04-12** تورکیا باڵۆیزی خۆیی لە دەنهاخ بانگ کردەوە و وەکو ناڕەزاییەك لە دژی پەڕلەمانی باکووری کوردستان. **6109**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-04-13** واشەنتۆن بەهۆی ڕاگەیاندنی پەڕلەمانی کوردەوە، ناڕەزایی خۆیی بەرامبەر هۆڵندا دەربڕی، کەلە سنووری خاکی ئەودا شتێکی وا ڕاگەیەنراوە. **6110**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-04-14** ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری ئەوەی دەرکرد کە ئێراق لە ماوەی شەش مانگی داهاتوودا بایی یەك ملیار دۆلار نەوت بنێرێتە دەرەوە، تاکو دەرمان و خواردنی بۆ ئێراق پێ بکرێت..... **6111**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-04-15** بەهۆی ڕاگەیاندنی پەڕلەمانی کوردستانەوە، پەڕلەمانی تورك پەیوەندیی خۆیی بە پەڕلەمانی هۆڵنداوە پچڕاند.... **6112**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-04-15** کۆمەڵێك کوردی دانیشتووی هۆڵندا و 41 ڕێکخراوی هۆڵندی، خۆپیشاندانێکیان لە شاری گرۆنینگن لە دژی چوونەناوەوەی تورکیا بۆ باشووری کوردستان سازدا، کەبە نێو نێوەندی شاردا ڕۆیشتن و زۆر سەرکەوتوو بوو و ژمارەیان 300 کەسێك دەبوو. سەرەتا پۆلیس ڕازی نەبوو کە خۆپیشاندانەکە بکرێت، بەڵام لە دواییدا ڕازی بوون. کە ئەویش بەهۆی هەڕەشەی تورکەکانی ئەم شارەوە بوو.... **6113**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1995-04-16** پاپا یۆهان پۆلسی دووەم، بەبۆنەی جەژنێکی فەلەکانەوە لە ڤاتیکان دوانێکی داو تێیدا باسی چەوساندنەوەی کوردی کرد. **6114**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-04-21** وەزیری نێوخۆ و دەرەوەی هۆڵندا لەگەڵ چەند ڕێکخراوێکی تورکیدا کۆبوونەوەیان کرد و پێیان گووتن کە تورك هەر بە ئاشتی و ئاسایش لە هۆڵندادا دەمێننەوە. ئەو ڕێکخراوانە هەر لەدوای ڕاگەیاندنی پەڕلەمانی کوردستانەوە کەوتوونەتە جم و جۆڵ لەگەڵ حوکومەتی هۆڵندیدا لە دژی کورد. **6115**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-04-22** کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لە سویسرا و لیژنەی کۆمیتەی ئاشتی و پشگیری نیشتمانی کوردستان لە سویسرا، نامەیەکیان ئاڕاستەی سکرتێری ن.ی کرد، تاوەکو نوێنەرێکی خۆیی و ئاڵای نەتەوە یەکگرتووەکان، بنێرێتە نێو کۆنگرەوە. **6116**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: کۆنگرە – کۆمیتەی ئامادەکردنی سێیەمین کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان – ژ5 – فینلاند – 1995-05-30.

**1995-04-23** لە شاری لاهایی پایتەختی هۆڵندا, 20 هەزار تورکی هۆڵندا و ئەڵمانیا و بەلژیك, خۆپیشاندانێکی گەورەیان دژی پەرلەمانی کوردستان و پکك و حوکومەتی هۆڵندا سازدا و هەموو جنێویان بە پکك دەدا.... پاشان باڵوێزخانەی یۆنانیان هێلکە باران کرد..... **6117**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-04-25** یەکێتیی ئەوروپا لە زمانی ئالان ژوپێی وەزیری فەرەنساوە, لە دژی تورکیا پشت بەستنی خۆیی بۆ هۆڵندا پیشاندا, بەبۆنەی دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستانەوە. **6118**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-05-02** شێرکۆ جەلال و سیروان سۆرانی چاویان بە پیر بێرسیی سەرۆکی ڕێکخراوی پاراستنی مافی مرۆڤ لە فەرەنسا کەوت و باسی باری ئاڵۆزی کوردستانیان بۆکرد. **6119**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 2 – خولی پێنجەم – 25-06-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 17.

**1995-05-06** دانوستاندنی سکرتاریەتی کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان و نوێنەرانی پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵاتدا دەستی پێکرد. نوێنەرانی پەرلەمان بریتی بوون لە, مەحموود قلیچ, نیزامەدین و نەجدەت, لە ئاکامدا کۆمیتەی کۆنگرە ئەوەی دایە دواوە کە بچنە ژێر ڕکێفی پەرلەمانێك, کە بۆ نیوچەیەکی کوردستان کاربکات. **6120**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: کۆنگرە – کۆمیتەی ئامادەکردنی سێیەمین کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان – ژ5 – فینلاند – 1995-05-30.

**1995-05-06** بەستنی کۆڕێك لەلایەن نەوشیروان موستەفاوە لە لەندەن, دەربارەی بارودۆخی کوردستان, لەو کۆڕەدا کەسێك بەناوی شێخ مەنسووری حەفید پرسیارێکی لە نەوشیروان کرد, نێوبراو لە وەڵامدا وتی: کوردستانی گەورە تەنێ لە ئەندێشەی هۆزانەواندایە. **6121**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: جمال نبز – تصریحات هامە للمفکر الکردی جمال نبز – المقدمە بقلم جواد ملا – من منشورات کوردنامە – لندن – 1996. لاپەڕە : 14.

**1995-05-24** بەرپرسیاری کۆمیتەی ئامادەکردنی سێیەمین کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان, مەڵبەندی هێلسنکی, لەگەڵ سەرۆکی کۆمیتەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی فینلاند و سکرتێری کۆمیتەدا کۆبووەوە, کە لە ئاکامدا بڕیاردرا, کە کۆمیتەی مافی مرۆڤ نامەیەك ئاڕاستەی وەزارەتی دەرەوەی فینلاند بکات و داوا بکات بەشداری نیوە بە نیوەی بودجەی خەرجی کۆنگرە لەگەڵ ن.ی دا لە ئەستۆ بگرن. **6122**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: کۆنگرە – کۆمیتەی ئامادەکردنی سێیەمین کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان – ژ6 – فینلاند – 1995-07-18.

**1995-05-28** کۆچی دوایی هونەرکاری گۆرانی بێژ تەحسین تەها لە هۆڵندا. **6123**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1995-05-29** بەستنی کۆڕێك لەسەر جیابوونەوەی بیرۆی ڕامیاری لە پارتی و شەڕی براکوژی لەلایەن ئاری هەرسینەوە لە شاری گرۆنینگن. **6124**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1995-05-31** فڕۆکەوانێکی ئێرانی, بە خۆی و فڕۆکەکەیەوە, لە شاری سلێمانی نیشتەوە و داوای مافی پەنابەریی لە بارەگای ن.ی کرد. **6125**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ئاڵای ئازادی – حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان – ژ173 – هەولێر – 11-06-1995. لاپەڕە : 1.

**1995-06-00** کوشتنی 300 ئەفسەر و سەرباز و پیاوی نێوداری هۆزی دلێمی, لەلایەن د.ق, ئەو هۆزە و ئەفسەرەکانی ویستیان کودەتایەك لە ڕژێم بکەن. **6126**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ – ینك – ساڵی چوارەم – ژ1023 – 30-06-1995. لاپەڕە : 1.

**1995-06-00** ئامریکا, یارمەتییەکانی خۆی بۆ د.ت, لە 46 ملیۆن دۆلارەوە بۆ 21 ملیۆن کێم کردەوە. **6127**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ – ینك – ساڵی چوارەم – ژ1023 – 30-06-1995. لاپەڕە : 1.

**1995-06-00** پارتی تۆپبارانی ئۆردوگای بنەسلاوای کرد. **6128**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ – ینك – ساڵی چوارەم – ژ1023 – 30-06-1995. لاپەڕە : 2.

**1995-06-00** بەپێی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێی سەربە ینك, لە ژێر چاودێریی ڕاستەوخۆی نێچیرڤان بارزانیدا 2.500 تۆن گەنم دراوە بە د.ق. **6129**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ – ینك – ساڵی چوارەم – ژ1023 – 30-06-1995. لاپەڕە : 5.

**1995-06-00** دەرکردنی چەند خێزانێکی کورد لە شاری کەرکوك, لەلایەن د.ق, بە تاوانی ئەوەی کە کەس و کاریان لە کوردستانی ئازاددا دەژین. **6130**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ئاڵای ئازادی – حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان – ژ173 – هەولێر – 11-06-1995. لاپەڕە : 1.

**1995-06-00** پەرلەمانتاری کورد, لەیلا زانا, پاڵەپەستۆی خوێنی لە زینداندا بەرز بووەوە و برایە نەخۆشخانە. **6131**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ئاڵای ئازادی – حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان – ژ173 – هەولێر – 11-06-1995. لاپەڕە : 1.

**1995-06-01** کۆمەڵەی مافخوازانی مرۆڤ لە کوردستان, ڕاپۆرتێکی لەسەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەلایەن پارتی و یەکێتییەوە بڵاوکردەوە. **6132**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ئاڵای ئازادی – حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان – ژ173 – هەولێر – 11-06-1995. لاپەڕە : 3.

**1995-06-01** پێشکەشکردنی سیمینارێك لەلایەن فاروق ڕەفیقەوە, لە زانکۆی ئۆتاوا لە کەنەدا, بە نێوی بنەڕەتایەتی – فەندەمەنتالیزم – وەك هێزێکی چالاك. **6133**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: ڕەهەند – گۆڤارێکی تیۆری, کلتووری و ڕاڤەکردنە – دانیمارك – ژ1 – 1996. لاپەڕە : 200.

**1995-06-03** وەزیری دەرەوەی ئامریکا, ڕایگەیاند, کە د.ت, ماف مرۆڤی کورد لە تورکیادا پێشێل دەکات. **6134**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ئاڵای ئازادی – حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان – ژ173 – هەولێر – 11-06-1995. لاپەڕە : 1.

**1995-06-08** د.ت, فەرمانی بە دەستەی باڵای فەتواکاندا, تاوەکو فەتوایەك لە دژی بڵاوکردنەوەی قورئان بە کوردی و لێکۆڵینەوە لەسەری بدەن. **6135**

**1995-06-10** تیپی موزیکیی ژیر لە سوید, بەشداریی لە ڤیستیڤاڵی ساڵانەی ئەورووپی کرد و چەند گۆرانی و هەڵپەرکێیەکیان پێشکەشکرد. **6136**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: ئاڕاڕات – ژ8 – لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی کوردستانی لە ئیسکیلستوونا – ژەنیوەری و فیبریوەریی 1996 . لاپەڕە : 23.

**1995-06-11** بەستنی کۆڕێك لەسەر دۆزی کورد و پکك لە ساڵی 1995دا, لەلایەن دوو هەڤاڵی پکك تەحسین و گوندی لە شاری گرۆنینگن, نێوبراوان وایان پیشاندا کە دۆزی کورد و بزووتنەوەکەی لە دامەزراندنی پککەوە دەستی پێکردووە. **6137**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1995-06-14** ژێنەراڵ دلێمی لە نێوچەی ابو غریب – ئەبوغرێبی نزیك بەغداد, هەڵستا بە ڕاپەڕینێك دژی سەددام کە تێیدا لە هەردوولا کوپتەر و تانك و چەکی قورس بەکارهێنرا... بەڵام سەرکووت کرا. **6138**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-06-18** بەشدارکردنی هونەرکار سیروان ڕەئوف بە 6 بەرهەمی سیرامیك, لە ڤیستیڤاڵی مۆندیال دۆنن لە شاری بریدای هۆڵندا. **6139**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەریدەکات – ژ3 و 4 – ئۆکتۆبەری – بەریتانیا. لاپەڕە : 4.

**1995-06-20** تا 23-06, گیرانی میهرەجانی 300 ساڵەی مەم و زینی ئەحمەدی خانی لە شاری دهۆك, کە ژمارەیەکی زۆر لە نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد بەشدارییان تێدا کرد. **6140**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مامۆستای کورد – ژمارە 26 – سوید – هاوینی 1995. لاپەڕە : 9.

**1995-06-25** ئۆردوگای بنەسڵاوا, ئەنجوومەنێکی باڵای 7 کەسییان هەڵبژارد, کە ئەمە نێوەکانیانە, ساڵح کوچەکی, ئەحمەد عەبدوڵڵا, حەکیم سلێمان, تالب ڕەشید ئەحمەد, عەبدوڵڵا محەمەد داود, نزار محەمەد بەکر و شوکر محەمەد تۆفیق. **6141**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ – ینك – ساڵی چوارەم – ژ1023 – 30-06-1995. لاپەڕە : 4.

**1995-06-29** چوونی سکرتێری یەکەمی باڵوێزی بەریتانی لە ئەنکەرە فرانك بیکەر, بۆ لای جەلال تاڵەبانی لە قەڵاچوالان. **6142**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ – ینك – ساڵی چوارەم – ژ1023 – 30-06-1995. لاپەڕە : 1.

**1995-07-00** هێرشی 4.000 چەکداری ینك بۆسەر شارۆچکەی کەسنەزان, کە چەکداری پدکی تێدایە. بەڵام ینك تێکشکا. **6144**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-07-00** بەستنی کۆنفرانسێك لە شاری لۆزانی سویسرا, دەربارەی مێژووی کوردستان, لەو کۆنفرانسەدا چەندین زانای کورد بەشدارییان تێدا کرد و بڕیاری پێکهێنانی ئەنسیکلۆپیدیایەکی کوردییاندا. ئەم کۆنفرانسە پکك ئامادەیکرد. **6150**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: هە فوت – مجله كرديه مستقله تصدر دوريا – العدد 13 – سويسرا – نيسان 1997. لاپەڕە : 7.

**1995-07-00** ڕێکخراوەکانی مافی ئافرەتان, لە باشووری.ك, چەندین کۆڕیان لەسەر هەردوو یاسای کاروباری شەخسی و مەدەنی ڕێکخست. **6149**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشيوعيه العماليه – العدد 8 – نيسان 1996. لاپەڕە : 2.

**1995-07-00** بەستنی سێیەمین پلینیۆمی ڕێکخراوی کوردستانی پارتی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێڕاقی. **6148**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-07-00** وەفدێکی فەڕەنسی و بەریتانی لەگەڵ مەحموود سۆرانی و بەختیار .... دا, چوونە لای مەسعود بارزانی بۆ ڕاگرتنی شەڕی براکوژی. بەڵام مەسعود وەفدەکەی نەبینی, چونکە گوایا دوانیان بێ لایەن نەبوون. **6147**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-07-00** زیندانیکردنی چەند ئافرەتێکی شاری هەولێر, لەلایەن ینك, چونکە ئەو ئافرەتانە ئامادەنین بەخۆڕایی بچنەوە سەر کارەکانی پێشوویان. **6145**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-07-00** ئاڵۆزبوونی بارودۆخی شاری هەولێر بەهۆی شەڕی براکوژییەوە. **6143**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-07-00** تۆپبارانی شاری هەولێر لەلایەن پارتییەوە و بووە هۆی کوشتنی چەند کەسێك لە گەڕەکی حەی عولەماا. **6146**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-07-03** قەدەغەکردنی بەخێوکردنی مەڕومالآت, لە نێو شاری هەولێردا, لەلایەن جێگری پارێزگاری هەولێر, شێخ ڕەشید مستەفا کاکە, هەروەها فرۆشتنی داوودەرمانیشی لەلایەن ئەو کەسانەوە قەدەغەکرد کە مۆڵەتی یاساییان نییە. **6151**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ – ینك – سالّی چوارەم – ژ1023 – 30-06-1995. لاپەڕە : 4.

**1995-07-05** ئولە ئەنتیلەی سەرۆکی گروپی ماف مرۆڤ لە پەڕلەمانی فینلاند, نامەیەکی ئاڕاستەی سەرکردەکانی کوردی باشوور کرد و تێیدا ناڕەزایی دەربڕی بەرامبەر پێشێلکردنی ماف مرۆڤ لە باشووری ولآتدا. **6152**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 2 – خولی پێنجەم – 25-06-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلآند. لاپەڕە : 29.

**1995-07-09** لە برۆکسی پێتەختی بەلژیك, پەیمانی یەکێتی و هاوخەباتی نێوان نوێنەری پکك لە ئەوروپا عەلی سەپان و ئەندامی بیرۆی رامیاری پارتی کۆمۆنیستی فیلیپینی ڕۆیا ئەمیلۆ و بەرپرسیاری پێوەندییە ئنتەرناسیۆنالەکانی بەرەی ڕزگاریخوازی گەلی فیلیپین لاوس ژالاندیۆن مۆرکرا. **6153**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 2 – خولی شەشەم – سالّی دەیەم – 25-06-1996 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلآند. لاپەڕە : 70.

**1995-07-19** ئەمڕۆ تەلەتێکستی کەنالّی دووی هۆلّندا ئەمەی نووسی: لەم دە ڕۆژەی دواییدا شەڕی براکوژیی نێوان پارتی و یەکێتی کە دەیان سالّە لەئارادایە, بووەتە هۆی کوشتنی 400 کەس کە 40 کەسیان خەلّکی مەدەنین .... **6154**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی هۆلّندی: 2.NL – کەنالّی دووی هۆلّندا, یاخود تەلەتێکستەکەی.

**1995-07-19** بەستنی کۆڕێك لەلایەن ناسك ئەحمەد, دەربارەی یاسای کاروبارەکانی شەخسی لە کوردستان. **6155**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشیوعیە العمالیە – العدد 8 – نیسان 1996. لاپەڕە : 2.

**1995-07-20** نزیکەی 80 کورد لە شاری لاهایی پایتەختی هۆلّندا تا دوو هەفتەی تر مانیان لە خواردن گرت, لە دژی تورکیا کە هەزاران کوردی لە زینداندا بەند کردووە و ئازاریان دەدات. ئەم مانگرتنە لە هەندێك لە شارەکانی تری ئەوروپادا پیادەکرا. **6156**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەنالّەکانی ڕاگەیاندن

**1995-07-20** دامەزراندنی لیژنەی ئۆلّەمپیی کوردستان. **7037**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەوالّەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**1995-07-27** ئافرەتێکی 41 سالّەی کورد کە یەکێك بوو لەو کوردانەی دژی بارودۆخی ناخۆشی کوردستان لە شاری فرانکفۆرت مانیان گرتبوو, بە جەلتەی دلّ کۆچی دوایی کرد و شەشی تریشیان

هیلاکن و ئەمڕۆ هەشتەمین ڕۆژی مانگرتنەکەیان بوو و بەهۆی ئەو ئافرەتەوە پێکدادانێك لە نێوان کورد و پۆلیسی ئەڵمانیدا ڕوویدا و لە ئەنجامدا 80 کوردیان گرت. **6157**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-08-00** کۆبوونەوەی چەند نەتەوەییەکی کورد, لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و شەقڵاوا, بە مەبەستی دەرکردنی گۆڤارێکی نەتەوەیی. **6160**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: بەیان: لە پێناوی بەرزکردنەوەی دەنگی نەتەوەییەکانی کورد, هاوڕێ باخەوان, لە جیاتیی چەند دەستەیەك لە هاوبیرانی کوردستان – 23-09-1995.

**1995-08-00** کوژرانی 6 ئافرەت, لە هەولێردا. **6159**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ئاڵای ئازادی – حزك – ژ183 – هەولێر – 20-08-1995. لاپەڕە : 3.

**1995-08-00** دەستپێکردنی شەڕی نێوان پارتی و پکك. لەو شەڕەدا پکك هێرشیشی کردە سەر ئەو گوندانەی کە تازە دروستکرابوونەوە. **6158**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری عەرەبی: هە فوت – مجلە كردیە مستقلە تصدر دوریا – العدد 11 – سویسرا – سبتمبر 1996. لاپەڕە : 7.

**1995-08-01** نزیکەی 30 هەزار کورد لە بەرلین خۆپیشاندانێکیان سازدا, لە دژی ڕەفتاری خراپی پۆلیسی ئەڵمانی بەرامبەر مانگرتووەکانی کورد کە ئافرەتێکیان لێ مرد. هەروەها لە شاری لاهاییش مانگرتنێك سازکرا. **6161**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-08-02** کوژرانی مولازم کەریم سەلام ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان, لە بەرەی شەڕی براکوژیی سەفیندا لە گوندی زیارەت, بەدەستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. نێوبراو پێشتر ئەندامی سەرکردایەتیی پاسۆك بوو. **6162**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-08-08** بەستنی کۆڕێك لەلایەن ڕێبوار سیوەیلییەوە لە سلێمانی, بە نێوی کلتووری تەور, لە مەرگی یۆتۆپیاوە بۆساڵی دووهەزار. **6163**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: ڕەهەند – گۆڤارێکی تیۆری, کلتووری و ڕاڤەکردنە – دانیمارك – ژ1 – 1996. لاپەڕە : 108.

**1995-08-09** دانیشتنی نوێنەرانی پارتی و یەکێتی لە دبلنی پایتەختی ئیرلەندا بۆ چارەسەرکردنی شەڕی براکوژی, نوێنەرانی یەکێتی: نەوشیروان مستەفا, فوئاد مەعسوم و محەمەد سەعدی پیرە بوون . نوێنەرانی پارتی: د. سامی عەبدولڕەحمان, فازیل مەتنی و فەلەکەدین کاکەیی بوون . ئەم دانیشتنە چارەسەری کیشەکانی نەکرد. **6164**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-08-10** پێدانی مافی پەناهاندەی ڕامیاری لەلایەن ئوردونەوە بۆ سەددام کامیل و حوسەین کامیل و هەردوو ژنەکەیان, کە کچی سەددام حوسەینن و نێویان ڕەنا و ڕەندەیە. **6165**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-08-21** تا 22-08, بە بەشداریی پتر لە هەزار کەسێك لە نووسەران و ڕۆشنبیران, کۆڕێکی ئەدەبی بۆ ڕێزگرتن لە هۆزانەوان عەباسی حەقیقی لە شاری بۆکان سازکرا, نێوبراو پیرترین هۆزانەوانی کورد بوو لەو کاتەدا. **6166**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەریدەکات – ژ3 و 4 – ئۆکتۆبەری – بەریتانیا. لاپەڕە : 4.

**1995-08-31** تیرۆرکردنی مامۆستا ئەمین مەحموود حەمە ڕەشی سەرۆکی بزووتنەوەی جووتیارانی کوردستان لەلایەن هێزەکانی ینك. پاشانماڵەکەشی تاڵانکرا. لەم ڕووداوەدا شەش کەسی تری سەربە بزووتنەوەش گیران, کە ئەمانە نێوەکانیانە: وەتمان وسوو وەتمان, مەولان محەمەد شێخە, عومەر حەمە عوسمان, عومەر ئەحمەد خدر, سوارە بابەکر مەحموود و محەمەد ئەمین مەلا. بەبۆنەی ئەو کارەوە دەستەیەك لە ڕۆشنبیران و هونەرکارانی کورد, لە نامەیەکی کراوەدا بەتوندی ئەو کارەیان ڕاسوا کرد و داوای ڕزگارکردنی دیلەکانیان کرد, ئەو ڕۆشنبیرانە ئەمانە بوون: شوان مەحموود محەمەد, ئازا حەسیب قەراخی, ڕزگار شوانی, ڕەئوف حەسەن, ئارام ئیسماعیل, عەباس شوان, عەلی خانەقینی, ئاری بابان, محەمەد سدیق سەعید, عەلی ئەحمەد جۆلا, محەمەد فەتاح, کرمانج فەرەج عەبدوڵڵا, مەریوان جەلال, شێرزاد حەسەن, محەمەد عومەر عوسمان, سەلام مستەفا, هاوڕێ محەمەد کەریم و حەمە فەریق حەسەن. **6167**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 3 و 4 – خولی پێنجەم – 25-12-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 18.

**1995-09-00** کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی داگیرکەرانی تورکی و ئێرانی سووری لە تاران, بۆ لێتۆژینەوە لەسەر بارودۆخی باشووری کوردستان. **6171**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەریدەکات – ژ3 و 4 – ئۆکتۆبەری – بەریتانیا. لاپەڕە : 2.

**1995-09-00** کوژرانی مامۆستا محەمەد قەراخی کە مامۆستای زانکۆی هەولێر بوو, هیچ لایەنێك بەرپرسیارێتیی خۆیی ڕانەگەیاند. **6170**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-09-00** قەدەغەکردنی هەر کوردێك کە سەردانی هەڵەبجەی شەهید بکات, ئەگەر هەڵەبجەیی نەبێت لەلایەن ینك ەوە, بەهۆی چەند کاروبارێکی ئاسایشەوە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان, چونکە هەڵەبجە هێزەکانی پارتی و ئیسلامیی تێدایە. **6168**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-09-00** لەم مانگەدا هەوڵی کوشتنی کۆسرەت ڕەسوڵی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی باشووری کوردستان درا, بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. **6169**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-09-01** دامەزراندنی کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کوردستان لە شاری هەولێر. **6172**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مامۆستای کورد – ژمارە 27 – سوید – پاییزی 1995. لاپەڕە : 84.

**1995-09-01** مەریوان وریا قانع, کۆڕێکی بە نێوی شەری نێوخۆ, خێڵ – حیزب – سیاسەت, لە مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی لە ئەمستەردام پێشکەش کرد. **6173**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: ڕەهەند – گۆڤارێکی تیۆری, کلتووری و ڕاڤەکردنە – دانیمارك – ژ1 – 1996. لاپەڕە : 17.

**1995-09-02** هێرشێکی پکك بۆسەر شاری زاخۆ لە دژی پارتی و چەند چەکدارێك لە هەردوولا بریندار بوون. **6175**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1995-09-02** ئەو شەڕانەی نێوان پارتی و پکك بەجارێك ئاسایشی نێوچەی بادینانی تێکدا. **6176**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-09-03** دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری ژنان لە شاری سلێمانی. **7966**

سەرچاوەی 1: بەیان و بلاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952–2002 – نوسینی ڕێناس نەورۆزی – بڕۆکسل.

**1995-09-04** تا 15–09: بەستنی چوارەمین کۆنگرەی جیهانیی ئافرەتان لە پەکین, کە چەند ئافرەتێکی کوردیش بەشداربوون تێیدا. **6179**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ13 و 14 – بلاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی, لەندەن – ژونی 1997. لاپەڕە : 10.

**1995-09-08** فڕۆکەکانی تورکیا هەردوو دۆڵی کوتودریی و کاندیسی بۆردومانکرد, بە بیانوی لە نێوبردنی بنکەکانی پکك وە. **6180**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەریدەکات – ژ3 و 4 – ئۆکتۆبەری – بەریتانیا. لاپەڕە : 2.

**1995-09-08** ئەنجوومەنی ئاسایش, سزا داسەپاوەکانی لەسەر د.ق هێشتەوە و بەوەش تاوانباری کرد کە پڕۆگرامێکی چەکی بایۆلۆژیی گەورەی شاردۆتەوە. **6181**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەریدەکات – ژ3 و 4 – ئۆکتۆبەری – بەریتانیا. لاپەڕە : 2.

**1995-09-12** کوردە ئاوارەکانی باکووری نێو کامپی ئەتروش لە باشوور, کە نزیکەی 14 هەزار کەسێك دەبن و لە ئەنجامی بارودۆخی خراپیان دەستیان بەسەر 7 پاسەوانی ن.ی دا گرت. **6182**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەریدەکات – ژ3 و 4 – ئۆکتۆبەری – بەریتانیا. لاپەڕە : 2.

**1995-09-12** تا 15-09: گفتوگۆی ئاشتیی نێوانی ینك و پارتی لە درۆگیدا. **6754**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-09-12** پکك هێرشی کردە سەر 3 گوندی نێوان زاخۆ و دهۆك. **6185**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەریدەکات – ژ3 و 4 – ئۆکتۆبەری – بەریتانیا. لاپەڕە : 2.

**1995-09-12** کوژرانی 8 کەسی سەر سنوور لە هێزەکانی پدك لەلایەن پکك وە. **6184**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەریدەکات – ژ3 و 4 – ئۆکتۆبەری – بەریتانیا. لاپەڕە : 2.

**1995-09-12** هێرشی پدك بۆسەر بنکەکانی پککی نزیك کامپی ئەتروش. **6183**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەریدەکات – ژ3 و 4 – ئۆکتۆبەری – بەریتانیا. لاپەڕە : 2.

**1995-09-13** خولی دووەمی وتووێژەکانی دبلن، پارتی و ینك لەم خولەدا سەرنەکەوتن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، لەسەر گومرگی ئیبراهیم خەلیل. **6779**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-09-15** ئازادکردنی ئەو 7 پاسەوانەی ن.ی کە پەنابەرانی کەمپی ئەتروش پێش سێ ڕۆژ دەستیان بەسەردا گرتبوون. **6186**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەریدەکات – ژ3 و 4 – ئۆکتۆبەری – بەریتانیا. لاپەڕە : 2.

**1995-09-17** سەرۆکی پەرلەمانی ئێرانی عەلی ئەکبەر ناتقی نوری ئامریکا و ئیسرائیلی بەوە تاوانبار کرد کە دەیانەوێت لەسەر حسابی وڵاتانی نێوچەکە خاکی ئێراق دابەشبکەن. **6187**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەریدەکات – ژ3 و 4 – ئۆکتۆبەری – بەریتانیا. لاپەڕە : 1.

**1995-09-20** دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری سپێدە لە شاری سلێمانی. **7964**

سەرچاوەی 1: بەیان و بلاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952–2002 – نوسینی ڕێناس نەورۆزی – برۆکسل.

**1995-09-21** عەبدوڵڵا ئوجەلانی سەرۆکی پکك، ئاگر بەستیی یەك لایەنەی بانگەشە کرد. **6188**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەریدەکات – ژ3 و 4 – ئۆکتۆبەری – بەریتانیا. لاپەڕە : 2.

**1995-09-23** بەستنی کۆڕێك لەلایەن موئەییەد ئەحمەد، ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێراق، لە شاری کۆپنهاگنی پێتەختی دانیمارك. **6189**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشیوعیه العمالیه – الجریده المرکزیه للحزب الشیوعی العمالی العراقی – العدد 7 – کانون الاول 1995. لاپەڕە : 9.

**1995-09-23** بەستنی کۆڕێك لەلایەن خەسرەو سایە، ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێراق، لە ستۆکهۆڵم. **6190**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشیوعیه العمالیه – الجریده المرکزیه للحزب الشیوعی العمالی العراقی – العدد 7 – کانون الاول 1995. لاپەڕە : 9.

**1995-09-27** بڵاوکردنەوەی وتارێك لە ڕۆژنامەی بۆ پێشەوەی پارتی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێراقی, لەلایەن ڕێبوار ئەحمەدەوە, کە ڕەخنەی لە ڕۆڵی دواکەوتووانەی ئیسلام بەرامبەر بە ئافرەت گرتبوو. **6191**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشیوعیە العمالیە – الجریدە المرکزیە للحزب الشیوعی العمالی العراقی – العدد 7 – کانون الاول 1995. لاپەڕە : 1.

**1995-09-30** دەرکردنی بەیانێك لەلایەن پارتی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێراق, لە دژی تیرۆری ڕامیاری لەلایەن ئیسلامییەکانەوە, بۆ کوشتنی ڕێبوار ئەحمەد. **6192**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشیوعیە العمالیە – الجریدە المرکزیە للحزب الشیوعی العمالی العراقی – العدد 7 – کانون الاول 1995. لاپەڕە : 7.

**1995-10-00** دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری سنوور لە شاری سلێمانی. **7965**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952–2002 – نوسینی ڕێناس نەوروزی – برۆکسل.

**1995-10-01** پێشکەشکردنی سیمینارێك لە زانکۆی ئۆتاوای کەنەدا, لەلایەن فاروق ڕەفیقەوە, بە نێوی پۆست مۆدێرنیزم – پۆست ناسیۆنالیزم – لەودیو کوردایەتییەوە. **6193**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: ڕەهەند – گۆڤارێکی تیۆری, کلتووری و ڕاڤەکردنە – دانیمارک – ژ1 – 1996. لاپەڕە : 200.

**1995-10-06** د.ت, بە قوڵایی 4 کم چووە نێو خاکی باشووری کوردستانەوە, بە بیانووی هێرش بۆسەر بنکەکانی پکك. **6195**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەریدەکات – ژ3 و 4 – ئۆکتۆبەری – بەریتانیا. لاپەڕە : 2.

**1995-10-06** ا.د.ت, ڕایگەیاند, کە لە ماوەی نۆ مانگی ڕابردوودا, بەهۆی بزووتنەوەی کوردی باکوورەوە 2.511 پێشمەرگە و کورد و 626 کەسی سەربە ڕژێم کوژراون, کە لەوانە 475 یان سەربازن و 119یان سیخورن و 32یان پۆلیسن, هەروەها 1.483 کەسیش بریندار بوون. **6194**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەریدەکات – ژ3 و 4 – ئۆکتۆبەری – بەریتانیا. لاپەڕە : 1.

**1995-10-07** دامەزراندنی مەڵبەندی شەهید سەلاح هەورامی, لە چەند ڕووناکبیرێکی شاری هەولێر و سلێمانی. **6196**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەریدەکات – ژ8 و 9 – ژونی 1996 – بەریتانیا. لاپەڕە : 20.

**1995-10-10** لە هەڵبژاردنێکی کارتۆنیدا, سەددام حسەین نزیکەی لەسەدا 100ی دەنگەکانی بەدەست هێنا. **6198**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەریدەکات – ژ3 و 4 – ئۆکتۆبەری – بەریتانیا. لاپەڕە : 2.

**1995-10-10** کشانەوەی هێزەکانی د.ت, لە باشوور, کە پێش 4 ڕۆژ چووبوونە ناوەوە. **6197**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەریدەکات – ژ3 و 4 – ئۆکتۆبەری – بەریتانیا. لاپەڕە : 2.

**1995-10-11** ا.د.ا, ڕایگەیاند, کە هەردوو پارتی نەیاری باشوور ڕێککەوتن. **6200**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەریدەکات – ژ3 و 4 – ئۆکتۆبەری – بەریتانیا. لاپەڕە : 1.

**1995-10-11** ئەدهەم بارزانی, فەتوایەکی ئایینیی بۆ کوشتنی ڕێبوار ئەحمەدی ئەندامی بیرۆی ڕامیاریی پارتی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێراق دەرکرد, نێوبراو لە ڕۆژنامەی بۆ پێشەوەدا, وتارێکی دژی ئیسلامییەکان نووسیبوو. **6199**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-10-12** پاش سێ ساڵ دانوستاندن, دادگای ئەستەمبوڵ بڕیاری دامەزراندنی دەزگەیەکی کوردیی بۆ لێکۆڵینەوە و کاروباری ڕۆشنبیریی کوردی دەرکرد و شەرەفەدین ئیلتشی کرایە سەرۆکی ئەو دەزگایە. **6201**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەریدەکات – ژ3 و 4 – ئۆکتۆبەری – بەریتانیا. لاپەڕە : 2.

**1995-10-14** تا 15-10, لە برۆکسلی پێتەختی بەلژیك, کۆبوونەوەیەك بە ئامادەبوونی نوێنەرانی 13 پارت و ڕێکخراو و 21 کەسایەتیی نیشتمانی و ڕۆشنبیر پێکهات. ئەم کۆبوونەوەیە لەسەر داوای کۆمیتەی پەیوەندی سازدرا, کە پێك هاتبوون لە: شێخ عێزەدین حوسەینی, ئیبراهیم ئەحمەد, پرۆفیسۆر عیسمەت شەریف وانلی, زوبەیر ئایدار, عەلی سەپان, د. جەبار قادر, شەرەفەدین کایا و د. حەسەن حیسامی. کۆبوونەوەکە بەستنی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستانیان بە ئەرکێکی گرنگ زانی و شەڕی براکوژییان تاوانبار کرد و هەروەها دڵشادیی خۆیانیان بەرامبەر هەوڵەکانی یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی حدکا دەربڕی. پاشان کۆمیتەکەیان فراوانتر کرد, کە ئەمانەش بوونە ئەندامی: کازم بابە, نەبی قادری – حدکا, ئەمیری قازی – پارتی سەربەخۆیی کوردستان, بەڵێن عەبدوڵڵا – حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان, خەلیل جوندی – پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان, مەلا محەمەد جوانرۆیی – پارتی کۆمۆنیستی کوردستانی ئێراق, جەواد مەلا – کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان, د. شەفیق قەزاز – کۆنگرەی گەلی کوردستان, ڕەهبەر مامەش – کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان. **6202**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 3 و 4 – خولی پێنجەم – 25-12-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 9.

**1995-10-14** گیرانی محەمەد شوکر, لەلایەن ئاسایشەوە, بە تاوانی ئەوەی ئەندامی ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێراقە, نێوبراو پاش 4 ڕۆژ ئەشکەنجەدان, نامەیەکی پێ پڕدەکەنەوە, کە چیدی بڵاوکراوەی پارتەکەی لەماڵیدا نەبێت, ئەگینا دەیکوژن, پاشان بەڕەڵڵای دەکەن. **6203**

سەرچاوەی 1: نامەی کوردی: نامەی ناڕەزایی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێراق – ڕێکخراوی کوردستان, بۆ پدك, لە 17-11-1995.

**1995-10-14** سەرۆکی پکك عەبدوڵڵا ئوجەلان نامەیەکی ئاڕاستەی سەرۆکی ئامریکی جۆرج بوش کرد, کە تێیدا دەڵێت, ئێمە دەوڵەتی کوردیمان لە تورکیادا ناوێت. **6204**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەریدەکات – ژ3 و 4 – ئۆکتۆبەری – بەریتانیا. لاپەڕە : 1.

**1995-10-15** ئەمڕۆ لە ڕیفراندۆمێکدا, هەفت ملیۆن و نیو عارەبی ئێڕاقی دەنگیان بۆ سەددام حوسەیندا... **6205**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-10-16** هونەرکاری وێنەکێش ڕێبوار سەید, پێشانگایەکی لە شاری لەندەن کردەوە. **6206**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەریدەکات – ژ3 و 4 – ئۆکتۆبەری – بەریتانیا. لاپەڕە : 14.

**1995-10-18** کۆبوونەوەی پارتی ئیسلامیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە باکوور, بۆ ڕاڤەکردنی بارودۆخی ئێستای کوردستان و پەیوەندییەکانی نێوانیان. **6207**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الٳستقلال – نشره دوریه للحزب الٳسلامی الکردستانی – العدد 7 – شباگ 1996. لاپەڕە : 4.

**1995-10-21** جەلال تاڵەبانی لە گفتووگۆیەکدا لە لەندەن, ئەوەی ڕاگەیاند کە پکك مافی ئەوەی نییە کە ببێتە پارتی سێیەم لە باشووری کوردستاندا. **6208**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەریدەکات – ژ5 – دیسەمبەری – بەریتانیا. لاپەڕە : 8.

**1995-10-25** گیرانی مەهدی عەبدال, لە ئاکرێ, بە تاوانی ئەوەی کە ئەندامی پکك یە, لە ڕاستیدا خۆی ئەندامی ڕێکخراوی کوردستانی پارتی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێڕاقە. **6209**

سەرچاوەی 1: نامەی کوردی: نامەی ناڕەزایی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێڕاق – ڕێکخراوی کوردستان, بۆ پدك, لە 17-11-1995.

**1995-10-28** پێکهاتنی لیژنەی هاریکاری نیشتمانی لەلایەن 7 پارتەوە, بۆ ڕزگارکردنی ئەزموونی کوردستان و بەهێزکردنی گیانی فرەلایەنی و چارەسەرکردنی ئاشتیانەی ناکۆکییەکان, ئەو 7 پارتە بریتین لە: حزك, ب. ئیسلامی, بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری, یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان, پارتی کۆمۆنیستی کوردستانی ئێڕاق, پارتی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان و پارتی پارێزگارانی کوردستان. **6210**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: دلانپار – ژ – 3 و 4 – خولی پێنجەم – 25-12-1995 – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – فینلاند. لاپەڕە : 18.

**1995-10-28** بەستنی کۆڕێك لەلایەن ئاوات سەعید, ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێڕاق, لە کۆپنهاگن. **6211**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشیوعیه العمالیه – الجریده المرکزیه للحزب الشیوعی العمالی العراقی – العدد 7 – کانون الٲول 1995. لاپەڕە : 9.

**1995-10-31** د.س ڕایگەیاند, کە ژمارەی بێگانەکان واتە کوردە بێ ناسنامەکان لە سووریادا, 67.465 کەسە. **6212**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 19.

**1995-11-00** ئەنجوومەنی ئێرانییەکان لە سوید و فینلاند, بەیانێکیان لە دژی فەتواکەی ئەدهەم بارزانی دەرکرد. **6215**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشيوعيه العماليه – الجريده المركزيه للحزب الشيوعى العمالى العراقى – العدد 7 – كانون الٲول 1995. لاپەڕە : 8.

**1995-11-00** کۆبوونەوەی چەند پارتێکی کوردستانی و ئەڵمانی و کاربەدەستانی ئەڵمانی, بۆ ڕاڤەکردنی بارودۆخی کوردستان و دۆزەکەی. **6214**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الٳستقلال – نشره دوريه للحزب الٳسلامى الكردستانى – العدد 7 – شباگ 1996. لاپەڕە : 4.

**1995-11-00** بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی کولێرا لە نێوچەکانی سلێمانی و هەڵەبجەدا, کە نزیکەی 500 کەس توشی بوو و 7 کەسیشی کوشت. **6213**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-11-02** بەستنی کۆڕێك لەلایەن ئەحمەد موعین, ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێراق, لە بەرلین. **6216**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشيوعيه العماليه – الجريده المركزيه للحزب الشيوعى العمالى العراقى – العدد 7 – كانون الٲول 1995. لاپەڕە : 9.

**1995-11-08** یان 02-11, کوژرانی محەمەد حەلاق و 11 هاوڕێی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان, دەنگوباسەکان وارادەگەیەنن, کە ئەوانە یەکێتی کوشتوونی. **6217**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەریدەکات – ژ5 – دیسەمبەری – بەریتانیا. لاپەڕە : 1.

سەرچاوەی 2: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – ژمارە 70 – مایی 1996. لاپەڕە : 18.

**1995-11-09** گیرانی بەختیار عەبدوڵڵا, بژار داود, قادر حەمە ئەمین و دیار خەلیل, لەلایەن ئاسایشی هەولێرەوە, ئەمانە خەریکی بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکانی پارتی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێراق بوون. **6218**

سەرچاوەی 1: نامەی کوردی: نامەی ناڕەزایی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێراق – ڕێکخراوی کوردستان, بۆ ینك, لە 21-11-1995.

**1995-11-18** هۆزانەوان شێرکۆ بێکەس, کۆڕێکی لەسەر هۆزان و هونەری کوردی بەست, لە شاری ئێسکیلستونای سوید. **6219**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: ئاراڕات – ژ8 – لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی کوردستانی لە ئیسکیلستونا – ژەنیوەری و فیبریوەریی 1996 . لاپەڕە : 22.

**1995-11-19** بەستنی دوو کۆڕی ماتەمینی بۆ محەمەد حەلاق و هاوڕێیانی لە شاری لەندەن و ستۆکهۆڵم. **6220**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشيوعيه العماليه – الجريده المركزيه للحزب الشيوعى العمالى العراقى – العدد 7 – كانون الٲول 1995. لاپەڕە : 8.

**1995-11-20** کۆچی دوایی سلێمان شێخ محەمەد سلێمان ناسراو بە باوکی سیروان لە شاری دیمەشق، نێوبراو ئەندامی کۆمیتەی نێوەندیی پارتی کۆمۆنیستی کوردستان – ئێراق، بوو. **6221**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-11-20** عەبدوڵڵا ئوجەلانی سەرۆکی پکک، بۆ ڕۆژنامەی ئەل حەیاتی عارەبی ڕایگەیاند، کە لە شەڕی نێوان پارتی و پککدا 2 هەزار پارتی و 100 پکک کوژراوە. **6222**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەریدەکات – ژ5 – دیسەمبەری – بەریتانیا. لاپەڕە : 1.

**1995-11-21** عەبدوڵڵا ئوجەلان، داوای لە تورکیا کرد، کە گشتپرسێك لە باکووری کوردستاندا بکات لەسەر مەسەلەی سەربەخۆیی، هەروەها داواشی لە تورکیا کرد کە ئەگەر ئەوان ڕازی بن بگەڕێتەوە بۆ ئەنکەرە، پاشان داوای لە ئامریکا کرد کە بکەوێتە نێوان تورکیا و پکك وە بۆ ئاگربەستی هەمیشەیی. **6223**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەریدەکات – ژ5 – دیسەمبەری – بەریتانیا. لاپەڕە : 2.

**1995-11-24** پارتی چەپی سویدی، بەیانێکی دژی حوکومەتی هەرێمی کوردستان دەرکرد، چونکە پشتگیریی کۆنەپەرستیی ئیسلامی دەکەن، بەهۆی فەتواکەی ئەدهەم بارزانییەوە، لە دژی ڕێبوار ئەحمەد. **6224**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشیوعیه العمالیه – الجریده المرکزیه للحزب الشیوعی العمالی العراقی – العدد 7 – کانون الاول 1995. لاپەڕە : 8.

**1995-11-28** یاریکردنی شانۆیی کارەکەرەکان لە هۆڵی ڕۆشنبیریی جەماوەر لە سلێمانی. دەرهێنانی دلێر محەمەد تاهیر و نواندنی پەرژین ئەوڕەحمان و ڤیان نەوشیروان. **8834**

سەرچاوەی 1: تۆماری جەماوەر: کاك دلێر محەمەد تاهیر لە سوید

**1995-11-29** کردنەوەی لکی سلێمانیی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی سەلاح هەورامی. **6226**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەریدەکات – ژ8 و 9 – ژونی 1996 – بەریتانیا. لاپەڕە : 20.

**1995-11-29** ڕێکخراوی چەنجی بەریتانی بۆ بەرگریکردن لە مافی ئافرەت، هاوکاریی خۆیی بۆ ڕێبوار ئەحمەد، ڕاگەیاند، نێوبراو لەلایەن حیزبوڵڵای شۆڕشگێڕی کوردەوە، هەڕەشەی کوشتنی لێکرا. **6225**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشیوعیه العمالیه – الجریده المرکزیه للحزب الشیوعی العمالی العراقی – العدد 7 – کانون الاول 1995. لاپەڕە : 8.

**1995-12-00** د.ق ڕێگاکانی نێوان باشووری کوردستان و ئێراقی لەبەردەم کورددا داخست و تەنها ڕێ بە شتومەك دەدات بچێتە ئێراقەوە. ئەم بڕیارە یەك لایەنەیە و پارتە کوردستانییەکان ڕێ لە شتومەك ناگرن کە بچێتە نێو خاکی ئێراقەوە. **6227**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1995-12-09** بەستنی کۆڕێك لەلایەن ئاوات سەعید, ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێراق, لە شاری بۆڤاسکۆلا لە فینلاند. **6228**

سەرچاوەی 1: رۆژنامەی عەرەبی: الشیوعیه العمالیه – الجریده المرکزیه للحزب الشیوعی العمالی العراقی – العدد 7 – کانون الأول 1995. لاپەڕە : 9.

**1995-12-22** دەسپێکردنی نووسینی ئەم هاوڕێنامەیە, لەلایەن دانەرەوە. **6229**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1995-12-26** یاریکردنی شانۆیی کارەکەرەکان لە هەولێر. دەرهێنانی دلێر محەمەد تاهیر و نواندنی پەرژین ئەوڕەحمان و ڤیان نەوشیروان. **8835**

سەرچاوەی 1: تۆماری جەماوەر: کاك دلێر محەمەد تاهیر لە سوید

**1996** کردنەوەی پێشانگای چیای ئاشتی لە ئۆسلۆی نەرویژ, کە هونەرکاری کورد شۆڕش ئەمینیش بە چەند تابلۆیەك بەشداریی تێدا کرد. **6231**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – مەڵبەندی رۆشنبیریی کورد لە لەندەن – ژمارە 70 – مایی 1996. لاپەڕە : 5.

**1996** دامەزرانی رێکخراوی ئیندایت لە چەند نوێنەرێکی پارتەکانی بەریتانیا و چەند کەسایەتییەکی نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێراقی, بۆ ئەوەی سەددام و داروودەستەکەی ڕاپێچی دادگایەکی جیهانی بکەن. **6239**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی رۆشنبیریی گشتییە – ژ78 – لەندەن – فیبریوەریی 1997. لاپەڕە : 4.

**1996** لەم ساڵەدا, رۆژنامەی دی ڤۆلکسکرانتی هۆڵندی 49 وتاری دەربارەی کورد نووسیوە, یان لەو وتارانەدا باسی کورد کراون. **6238**

سەرچاوەی 1: رۆژنامەی هۆڵندی: De Volkskrant CD-Rom 1996.

**1996** دامەزرانی تیپی موزیکی ئاوات لە خۆرهەڵات, لەلایەن سەعیدی فەرەج پووری و چەند هونەرکارێکی ترەوە. **6237**

**1996** دەرچوونی ژمارە یەکی گۆڤاری ڕەهەند لە دانیمارك, کە گۆڤارێکی تیۆری, کلتووری و ڕاڤەکردنە. **6236**

**1996** کۆتایی ئەم ساڵ, کۆچی دوایی هۆزانەوانی کورد خاتوو ژیلا حوسەینی, بە کارەساتی ئۆتومبیل لە سنە. **6235**

سەرچاوەی 1: رۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ9 و 10 – بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی, لەندەن – دیسەمبەری 1996. لاپەڕە : 18.

**1996** کۆتایی ئەم ساڵ, کشانەوەی دەزگای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کامپی پەنابەرانی ئەتروش, کە 14 هەزار پەناهاندەی کوردی باکووری تێدایە, ئەم کشانەوەیە بەهۆی هێرشی پارتی و بەعسەوە بوو بۆ باشووری.ک. **6234**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ9 و 10 – بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی, لەندەن – دیسەمبەری 1996. لاپەڕە : 2.

**1996** دەرچوونی گۆڤاری الوفاق لە هەولێر, کە سەرۆکی ئیمتیازی عەدنان محەمەد نوری و سەرنووسەریشی حەسەن جافە. **6232**

**1996** لە ساڵی 979 تاوەکو ئەمساڵ, نزیکەی 20.000 کورد لە خۆرهەڵاتی وڵاتدا لەلایەن د.ا شەهید بوون. **6230**

سەرچاوەی 1: ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

**1996** دەرچوونی گۆڤاری بینین لە ئامریکا, کە گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی وەرزییە. **6233**

**1996-01-00** دەرکردنی بەیانێکی هاوبەش لە دژی گرتن و چەوساندنەوەی مرۆڤی کورد لە خۆرئاوای وڵات, لەلایەن د.س, ئەم پارتانە بەشدار بوون لە بەیانەکەدا, پارتی ئیسلامی کوردستان, پارتی دیموکراتی کوردستان – باکوور, پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد لە سووریا و پارتی یەکێتی گەلی کوردستان – یەکبوون. **6240**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الاستقلال – نشرە دوریە للحزب الاسلامی الکردستانی – العدد 7 – شباگ 1996. لاپەڕە : 4.

**1996-01-00** د. شەفیق قەزاز, بووە نوێنەری کۆنگرەی گەلی کوردستان لە کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە بەلچیکا. **6241**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ9 و 10 – بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی, لەندەن – دیسەمبەری 1996. لاپەڕە : 17.

**1996-01-01** هێرشی د.ق بۆسەر گوندەکانی ساڵەیی و شێخ بزێنی و چەند خانوویەکی سووتاند. **6906**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1996-01-02** چوونی وەفدێکی د.ا بۆ باشووری ک لە شاری هەولێر. **6916**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1996-01-03** هێرشی پارتی بۆسەر ینك لە شارەزوورەوە بۆ سەید سادق بە هاوەن و دۆشکا، کە بۆردوومانی گۆڕستانی سەید سادقیشی گرتەوە. **6920**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1996-01-07** بەستنی کۆبوونەوەیەکی کوردەکان لە برۆکسلی بەلژیك بۆ ئامادەکردنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد. **6242**

سەرچاوەی 1: ڕووبەڕووی کوردی: ئاخاوتنێك بە تەلەفون لەگەڵ کاك جەواد مەلا دا لە لەندە ن، لە ڕۆژی 02-01-1996.

**1996-01-08** مردنی فرانسوا میترانی سەرۆکی پێشووی فەڕەنسا لە تەمەنی 79 ساڵیدا، نێوبراو دۆستێکی کورد بوو. **6243**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-01-21** ڕۆژنامەی کرێکارانی دانیمارکی، فەتواکەی ئەدهەم بارزانیی لە دژی ڕێبوار ئەحمەد بڵاوکردەوە. **6244**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشیوعیە العمالیە – العدد 8 – نیسان 1996. لاپەڕە : 17.

**1996-01-25** فراکسیۆنی سەوز لە پەرلەمانی ئەڵمانیادا، بەیانێکی لە دژی فەتواکەی ئەدهەم بارزانی، بۆ کوشتنی ڕێبوار ئەحمەد دەرکرد. **6245**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشیوعیە العمالیە – العدد 8 – نیسان 1996. لاپەڕە : 17.

**1996-02-00** سەرەتای ئەم مانگە: ڕێکخراوی ماف مرۆڤ لە دیاربەکر، لیستی 206 نێوی ونکراوی کوردی بڵاوکردەوە، کە بە گشتی خەڵکی نێوچەکانی دیاربەکر، ماردین، دەرسیم، جزیرە، ئورفە، هەکاری، باتمان، باشقەڵا و بینگۆلن، کە لەم دوو سێ ساڵەدا لەلایەن دەزگای میتی تورکەوە گیراون و بێ سەروشوێنن. **6246**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – ژمارە 70 – مایی 1996. لاپەڕە : 15.

**1996-02-00** دامەزراندنی کۆمەڵی کلتووری کورد لە کەنەدا لەلایەن هونەرمەند حەمە ڕەشید هەرەس، ئەحمەد بابەکر میراودەلی، فەرهاد بابان و کاکە ڕەش دزەیی. **8225**

سەرچاوەی 1: ڕووبەڕووی کوردی: ڕووبەڕوویەك لەگەڵ هونەرمەند حەمە ڕەشید هەرەس لە 14-08-2004 لە ئەمستەردام.

**1996-02-26** دانیشتنی دادگای بەرلین، بۆ لێکۆڵینەوە لە تیرۆرکردنی شەهیدانی میکۆنۆس، لە دادگاکەدا کلاوس گرۆنۆلدی بەرپرسیاری دەزگای ئاسایشی ئەڵمانیا بەشداربوو و ڕۆڵی ئێرانی لەم تاوانەدا خستە بەرچاو. **6247**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 10.

**1996-02-27** سەرۆکی سی. ئای. ئەی ڕۆبەرت کینس، ڕایگەیاند، کە ئێمە ئەڵتەرناتیڤێك، بۆ سەددام نابینینەوە. **6248**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-03-00** بەبۆنەی یادی هەشت ساڵەی هەڵەبجەوە, ژمارەیەك کورد لە هۆڵندا چوونە بەر دادگای دادپەروەریی نێودەوڵەتی لە شاری لاهای و خۆپیشاندانێکیان سازکرد, پاشان بیرخەرەوەیەکیان دایە دەست لێپرسراوانی ئەو دادگایە تاوەکو سەددام حوسەین لە تاوانی هەڵەبجەدا دادوەری بکەن. **6250**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-03-00** دەرچوونی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی هەتاو لە لەندەن, لەلایەن د. کەمال میراودەلییەوە. **6251**

**1996-03-00** سەردانی وەزیری نەوتی ئێراق بۆ تورکیا, کە بە نێو باشووری کوردستاندا گوزەری کردبوو و بەبێ ئەوەی پدك ڕێگریی لێ بکات. دەنگ و باسەکانیش وابڵاوە کە ئەم وەزیرە لەگەڵ مەسعود بارزانیدا کۆبووەتەوە. **6249**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-03-00** دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری Dەنگێك لە شاری هەولێر. **7967**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952–2002 – نوسینی ڕێناس نەوڕۆزی – برۆکسل.

**1996-03-07** ئەمرۆ دادگایەکی تورکی بڕیاری 20 مانگ زیندانیی بەسەر ڕۆماننووسی بەنێوبانگی کورد یەشار کەمالدا دا, بەڵام بڕیارەکە بەبێ جێبەجێکردن بوو, بەتاوانی ئەوەی کە نێوبراو وتارێکی بەنێونیشانی هەوری ڕەش بڵاوکردووەتەوە لە دژی د.ت. **6252**

سەرچاوەی 1: ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

**1996-03-16** بەبۆنەی یادی هەشتەمین ساڵڕۆژی کارەساتی هەڵەبجەوە, چەند میهرەجان و کۆڕێکی زۆر لە وڵات و دەرەوەیدا بەسترا, لە یەکێك لەو میهرەجانانەدا, کە لە هۆڵی میدیای شاری هەولێردا بەسترا, جەلال تاڵەبانی ڕایگەیاند, کە با بەم بۆنەیەوە پەڕەیەکی نوێ هەڵدەینەوە و ئاشتبوونەوەیەکی نیشتمانی بهێنێینە کایەوە. **6255**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-03-16** ڕێکخراوی هاوکاری کوردی – هۆڵندی لە شاری گرۆنیگن لە بارەگای پارتی خرون لینکس – چەپی سەوز یادی هەشت ساڵەی بۆردومانکردنی هەڵەبجەی کردەوە, کە نزیکەی 40 کەسی کورد و هۆڵندی بەشداربوون تێیدا و کۆڕەکە لەلایەن ئاری هەرسینەوە ڕێکخرا و باسێکی دەربارەی هەڵەبجە پێشکەشکرد. **6254**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1996-03-16** نزیکەی هەزار کورد, کە دەیانویست لە هۆڵنداوە بچن بۆ ئەڵمانیا بۆ بەشداریکردنی خۆپیشاندانێك لە شاری دۆرتموت, لەلایەن پۆلیسی ئەڵمانیاوە ڕێگیری کران, بە بیانووی ئەوەی کە ئەو خۆپیشاندانەی شاری دۆرتموت ڕێگای پێ نەدراوە. بۆیە لەسەر سنووری نێوان هۆڵندا و ئەڵمانیا

پێکدادانێك لە نێوان کورد و پۆلیسی ئەڵمانیدا ڕوویدا, کە بووە هۆی بریندارکردنی دوو پۆلیس و ڕفاندنی دوو دەمانچە, هەروەها کوردەکان بۆ ماوەی چەند سەعاتێك ڕێگای ئۆتۆبانی ئەی 12یان گرت... لە شاری دۆرتموتی ئەڵمانیش نزیکەی 900 کوردیان گرت تاوەکو خۆپیشاندانەکە ئەنجام نەدرێت. **6253**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی هۆڵندی: 2.NL – کەناڵی دووی هۆڵندا, یاخود تەلەتێکستەکەی.

**1996-03-20** ئەمڕۆ کوردەکانی ئەڵمانیا یادی چوارشەممە سوورە و نەورۆزیان کردەوە, لە ئەنجامدا چەند پێکدادانێك لەگەڵ پۆلیسی ئەڵمانیدا ڕوویدا, لە شاری هامبورگ بەو بۆنەیەوە 70 کورد گیران. ژمارەی گیراوە کوردەکان لە هەموو ئەڵمانیادا گەیشتە 300 کەس و 12 پۆلیسیش بریندار کرا. **6256**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-03-21** ڕاپەڕینی شاری نوسەیبین لە دژی تورك بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە. **2932**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-03-21** سەرۆك وەزیرانی تورکیا مەسعود یەڵماز لە باکووری کوردستان لە ئاهەنگی نەورۆزدا بەشداریی کرد و ئەوەی ڕاگەیاند کە جەژنی نەورۆز هی تورکە. **6257**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-03-22** عەبدوڵڵا ئوجەلانی سەرۆکی پکك ڕایگەیاند, کە ئیتر لەمەودوا شەڕی پارتی زانی لە کوردستانەوە دەبرێتە نێوچەکانی تورك و دەست دەکەین بە عەمەلیاتی ئینتیحاری لە شارە تورکەکاندا. **6259**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-03-22** سەرۆك وەزیرانی تورکیا مەسعود یەڵماز ڕایگەیاند, کە کێشەی کورد بە زۆر و زۆرداری چارەسەر ناکرێت, بەڵکو دەبێت ڕەفتارێکی مرۆڤانەی لە گەڵدا بکرێت, هەربۆیە یەڵماز دەیەوێت دەزگاکانی فێرکردن لە کوردستاندا بکاتە کوردی و تەلەفزیۆنی کوردیش دابمەزرێت, هەروەها نەخشەی ئەوەشی هەیە کە ئابووری لە باکووری کوردستاندا گەشە پێبدات. **6258**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی هۆڵندی: 2.NL – کەناڵی دووی هۆڵندا, یاخود تەلەتێکستەکەی.

**1996-03-26** هێزەکانی ئاسایشی سەربە ینك, لە سلێمانی, هەڕەشەیان لە پارتی کۆمۆنیستی کرێکارانی ئێراق کرد, بەوەی کە ڕادیۆکەیان دابخەن. **6260**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشیوعیه العمالیه – العدد 8 – نیسان 1996. لاپەڕە : 19.

**1996-03-29** عەبدوڵڵا ئوجەلانی سەرۆکی پکك ڕایگەیاند, کە ئەگەر ئەڵمانیا ڕەفتاری خۆی بەرامبەر بە کورد نەگۆڕێت ئەوا هێرشیان بۆ دەکەین و چەندین بۆمب لە ئەڵمانیا دەتەقێنینەوە, هەروەها هەڕەشەی کوشتنی کلاوس کینگلی وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیشیان کردووە. **6262**

سەرچاوەی 1: ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

**1996-03-29** زانکۆی جۆرج تاون لە واشەنتۆن خەڵاتێکی دایە سلێمان دێمیرێلی سەرۆکی تورک, بە هۆی ئەوەوە 200 کەسێك لە بەردەم زانکۆکەدا خۆپیشاندانێکیان لە دژی ئەو خەڵاتە سازدا. **6263**

سەرچاوەی 1: ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

**1996-03-29** ئەمڕۆ لە واشنتۆن خۆپیشاندانێك لە دژی سەردانی سلێمان دێمیرێل بۆ ئامریکا سازدرا, خۆپیشاندانەکە کۆمیتەی یۆنانییەکان و ئەرمەنییەکان و ژمارەیەکی زۆر کورد بەشدار بوون تێیدا. **6261**

سەرچاوەی 1: ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

**1996-03-30** گرتنی کۆڕێك لەلایەن هۆمەر دزەییەوە لە شاری لەندەن, کە تێیدا کورتە باسێکی لەسەر دامەزراندنی بەشی کوردی لە ئێزگەی دەنگی ئامریکا و چۆنیەتی کار لە ئێزگەکەدا پێشکەش کرد. هەروەها باسێکی تریشی کە لێکۆڵینەوەیەك بوو لەسەر فەرهەنگ و ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی پێشکەش کرد. **6264**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – ژمارە 70 – مایی 1996. لاپەڕە : 6.

**1996-03-31** ئەمڕۆ بەشی کوردیی دەنگی ئامریکا ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە, کە تێیدا دەڵێت, ئامریکا لەم چەند ساڵەی دواییدا نزیکەی 15 ملیۆن دۆلاری داوەتە پارتی ئەلویفاق ئەلوەتەنی بەسەرۆکایەتیی ئەیاد ئەلعلیۆی, تاوەکو چەند چالاکییەکی سەربازی لە دژی ئێراق ئەنجام بدەن. **6265**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەریدەکات – ژ8 و 9 – ژونی 1996 – بەریتانیا. لاپەڕە : 2.

**1996-04-00** بەهۆی هێرشەکەی د.ت ەوە بۆسەر پێشمەرگەکانی پکك, هەندێك لە گوندەکانی نێوچەی بەرواریی باشوور تۆپ باران کران و زیانی گیانی و ماڵی بە جووتیارانی کورد کەوت. **6267**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-04-00** بەرزبوونەوەی ناکۆکیی نێوان ینك و پارتی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێراقی. **6273**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسیی پارتی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێراق – 17-04-1996.

**1996-04-00** کۆبوونەوەی نوێنەرانی حوکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کاربەدەستانی ن.ی دا لە نیویۆرك, کە د. بەرهەم ساڵح نوێنەری ینك بوو و هوشیار زێباریش نوێنەری پدك بوو. **6268**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-04-00** شەش ئەندامی حدکا, کە لە تورکیا لە لای ن.ی نێویان بۆ ماف پەناهاندەیی نووسراوە, د.ت دەیەوێت بیانداتەوە دەست د.ا. **6269**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-04-00** دەرچوونی ڕاپۆرتێکی کۆمەڵەی ماف مرۆڤی سەربە ن.ی, کە ئێران بە بەرپەوەبەری تیرۆریزم لە جیهاندا دادەنێت. **6270**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-04-00** ا.د.ت, ڕایگەیاند کە لە هێرشەکانیاندا بۆسەر پکک, 350 پم یان شەهید کردووە و 50 سەربازی تورکیش کوژراون. **6271**

سەرچاوەی 1: ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

**1996-04-00** بەستنی پێنجەمین کۆنگرەی یەکێتی چەپەکانی کورد. **6272**

**1996-04-00** بەرزبوونەوەی ناکۆکیی نێوان تورکیا و ئێران و دەرکردنی چوار دیپلۆماسی تورک لە ئێراندا, بەتاوانی ئەوەی کاری سیخوڕییان لە نێو ئازەرییەکانی ئێراندا کردووە, تورکیاش بەهەمان شێوە دەیەوێت چوار دیپلۆماسی ئێرانی دەربکات. **6266**

سەرچاوەی 1: ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

**1996-04-02** کۆبوونەوەی بیرۆی ڕامیاریی پارتی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێراقی و وەزیری نێوخۆی باشوور, تاوەکو چارەسەری کێشەکانیان بکەن لەگەڵ ینك. **6274**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسیی پارتی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێراق – 17-04-1996.

**1996-04-03** د.ت هێرشێکی بۆسەر هێزەکانی پکک لە باکووردا کرد, بە پێی ادت, 9 پێشمەرگە شەهید بوون. **6275**

سەرچاوەی 1: ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

**1996-04-04** گروپەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێراقی و باشووری کوردستان ئەمڕۆ لە دیمەشق کۆبوونەوە, حشع بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیەی نەکرد, چونکە دووگروپی شیعە ڕازی نەبوون بە بەشداربوونیان, نیشانەی جووداوازی و ناڕێکی لە نێوانیاندا دیاری دەکرا..., ئەم کۆبوونەوەیە سەرەتایەکە بۆ کۆبوونەوەیەکی مەزنتر لە هەفتەی داهاتوودا, نوێنەرانی هەردوو ینك و پدك یش بەشدارن. **6276**

سەرچاوەی 1: ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

**1996-04-05** ئەمڕۆ, تورکیا هێرشێکی گەورەی بە 5.000 سەرباز و چەکی قورس و پشتیوانیی فڕۆکەوە کرد بۆسەر هێزەکانی پکک لە نێوچەکانی دیاربەکری باکوور. **6277**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-04-06** تا 07-04, پێشکەشکردنی شانۆیی کاردۆ لە نووسینی کەمال هەنجیرە و یاریکردنی هونەرکار شوان جافەر و چەند هونەرکارێکی فەرەنسی لە فەرەنسا. **6280**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەریدەکات – ژ8 و 9 – ژونی 1996 – بەریتانیا. لاپەڕە : 21.

**1996-04-06** ئەمڕۆ لە شاری دیاربەکر سندیکای دوکتۆران و ئەندازیاران و شارەوانیی شارەکە خۆپیشاندانێکیان لە دژی کۆمپانیای شێڵی هۆلندی و ئینگلیزی سازدا, لەبەرئەوەی کە ئەو کۆمپانیایە

لە ساڵی 1973ەوە، تاوەکو ئێستا 488 ملیۆن بەرمیل ئاوی پیسی فڕێداوەتە ژێر خاکی دیاربەکرەوە بەهۆی دەرهێنانی نەوتی نێوچەکەوە، ئەوی شایانی باسە کە د.ت لە ساڵی 986ەوە ئاگاداری ئەم کردەوەیەی شێڵە، بەڵام گوێی خۆیی لێ کەڕ کردووە. ڕێکخراوی گرین پیس بە پێی چاوپێکەوتنێکی دەنگی ئامریکا بەشی کوردی لەگەڵ د. جەمال زەنگەنەی مامۆستای زانکۆی دێلفت لە هۆڵندا، ڕاپۆرتێکی گەورەی وەکو بیرخەرەوەیەك دەربارەی ئەم کێشەیە داوەتە کۆمپانیاکە. **6278**

سەرچاوەی 1: ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

**1996-04-06** مەنوچەر ڕەزاوەندی کە کوردێکی شیعە باوەڕی خەڵکی سنەی خۆرهەڵاتە و ساڵێکە دانیشتووی ئینگلستانە و بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکە لەوێ، دەیەوێت ببێتە کاندیداتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری ئێران لە ساڵی داهاتوودا، نێوبراو سەربە هیچ پارتێکی ڕامیاری نییە. **6279**

سەرچاوەی 1: ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

**1996-04-08** ادت ڕایگەیاند کە تورکیا لە هێرشەکەیدا بۆسەر باکووری کوردستان 64 پێشمەرگەی پکك ی شەهید کردووە لە نێوچەکانی دیاربەکردا، هەروەها 3 سەربازی تورکیش کوژراوە. **6281**

سەرچاوەی 1: ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

**1996-04-08** دامەزراندنی وەقفی چاند و لێکۆڵینەوەی کوردی لە تورکیا، کە یەکەمین ڕێکخراوە، لە سەردەمی دوای کەمالییەکانەوە لە تورکیادا بە شێوەیەکی یاسایی هاتبێتە دامەزراندن و نێوی کوردی تێدابێت. **6282**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ7 و 8 – بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی، لەندەن – ئۆکتۆبەری 1996. لاپەڕە : 13.

**1996-04-09** ئەمڕۆ ینك و پدك بەبەشداربوونی 7 پارتی تری کوردستانی، ڕێکەوتننامەیەکیان مۆرکرد و کۆتاییان هێنا بە کێشەکانیان. **6283**

سەرچاوەی 1: ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

**1996-04-10** هێرشەکەی د.ت بۆسەر باکوور هەر بەردەوامە و ڕۆژنامەی ئەڵخەمەین داخبلادی هۆڵەندی نووسیوویەتی کە تورك لە هێرشەکەیدا بۆسەر باکوور 102 پێشمەرگەی کوشتووە و 27 سەربازی تورکیش کوژراون، هەروەها بۆ ئاسانکردنی هێرشەکان 10 کم یش چووەتە خاکی باشووری کوردستانەوە. **6284**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەنگاو – ژ14 – لەندەن – مایی 1994.

**1996-04-10** تا 15-04، کۆنگرەی شەشەمی لێکۆڵەرەوانی خۆرهەڵاتی نێوین لە عەمانی پێتەختی ئوردون بەسترا، کە د. مەحموود عوسمان – سۆرانی وەکو کوردێك بەشداریی تێدا کرد و ڕاپۆرتێکی دەربارەی کێشەی کورد و پاشەڕۆژەکەی خوێندەوە، کۆنگرەکە سەدان کەسی ئەکادیمی و کەسایەتیی ئەوروپی و ئامریکایی و عارەب و تورك و هی تر بەشدار بوون تێیدا. **6286**

سەرچاوەی 1: ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

**1996-04-10** مەسعود یەڵماز سەرۆك وەزیرانی تورك ڕایگەیاند کە هێرشی سوپای تورك بۆسەر هپك چارەسەری کێشەی کورد ناکات. **6285**

سەرچاوەی 1: ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

**1996-04-11** کردنەوەی پێشانگەی خۆشەویستیی خاك لە شاری ئۆتاوای کەنەدا، لەلایەن هونەرکار دارا ئارامەوە. **6289**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەریدەکات – ژ8 و 9 – ژونی 1996 – بەریتانیا. لاپەڕە : 21.

**1996-04-11** کۆمەڵەی مافی مرۆڤ داوای لە د.س کرد کە زیندانییە ڕامیارییەکان ئازاد بکات، کە ژمارەیەکی زۆریان کوردن، ئەو زیندانییانە زۆربەیان لە زیندانی تەدمور دان. **6288**

سەرچاوەی 1: ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

**1996-04-11** هێرشی تورك بۆسەر کوردستان هەر بەردەوامە و ئەمە یەکێکە لە سەختترین هێرشەکان بۆسەر پێشمەرگەکانی پکك و تورکەکان ڕایانگەیاندووە کە هەتا سەرهەڵداوێك بمێنێت هێرشەکە هەر بەردەوام دەبێت. **6287**

سەرچاوەی 1: ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

**1996-04-12** ئوردون ڕێیدا بە ئۆپۆزسیۆنی ئێراقی و پارتە کوردستانییەکانی باشوور کە لە وڵاتەکەیدا بنکە دابنێن. هەروەها ئاسمانی خۆی بۆ فڕۆکەکانی ئامریکا ئاوەلا کرد تاوەکو لەوێوە دیدەوانیی نێوچە شیعە نشینەکانی باشووری ئێراق بکات و ڕژێم هێرش نەکاتە سەریان. **6290**

سەرچاوەی 1: ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

**1996-04-13** کۆبوونەوەی هەردوو بیرۆی ڕامیاریی ینك د. فواد مەعسوم و عومەر عەبدوڵڵا و پارتی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێراق تایەر حەسەن و خەسرەو سایە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان. **6291**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسیی پارتی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێراق – 17-04-1996.

**1996-04-14** ڕووناك ڕەئوف سەعید لە ڤرجینیای ئامریکا، کۆڕێکی دەربارەی کێشەی ژنی کورد گرت، نێوبراو ئەندامی یەکێتی ژنانی کوردستانە. **6292**

سەرچاوەی 1: ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

**1996-04-16** کۆبوونەوەی هەردوو بیرۆی ڕامیاریی ینك و پارتی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێراق، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان. **6293**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسیی پارتی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێراق – 17-04-1996.

**1996-04-22** چوونی وەفدێکی ئامریکی بە سەرۆکایەتیی ڕۆبەرت دویچ بۆ باشووری.ک, تاوەکو نێوبژیی ناکۆکییەکانی نێوان پارتی و یەکێتی بکەن. **6294**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەریدەکات – ژ8 و 9 – ژونی 1996 – بەریتانیا. لاپەرە : 1.

**1996-04-23** تاوەکو ئەمڕۆ هێرشەکەی تورک بۆسەر باکوور هەر بەردەوامە و بە پێی ا.د.ت 174 پێشمەرگەی پکک کوژراوە و لەوانیش دەیان سەرباز. **6295**

سەرچاوەی 1: ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

**1996-04-25** گەڕانەوەی وەفدە ئامریکاییەکە لە کوردستانەوە بۆ ئامریکا, پاش ئەوەی نێوبژیی هەردوو پدک و ینک یان کرد... **6297**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-05-00** بەستنی کۆنفرانسی لکی ئەوروپای حیزبی سۆسیال دیموکراتی کوردستان –حسک– لە دانیمارک. **6300**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-05-00** بەستنی ڕێکەوتننامەیەکی سەربازی لە نێوان د.ت و ئیسرائیلدا. **6298**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-05-00** د.ق, بەڕەسمی ئاگاداکردنەوەیەکی دایە د.ت, لەسەر هاتنەنێوەوەی هێزەکانی تورک بۆ باشووری کوردستان. **6299**

**1996-05-00** ڕوودانی شەڕی براکوژی لە نێوان هێزەکانی ینک و هێزەکانی ب. ئیسلامی و حسک دا لە نێوچەی سلێمانی. **6301**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-05-01** هێرشی پدک, لە شاری دهۆک, بۆسەر کۆبوونەوەیەکی پارتی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێڕاقی, کە لە ئەنجامدا 3 کەسیان لێگیرا, کە ئەمە نێوەکانیانە, محەمەد یونس, ئازاد محەمەد ئەمین و خالید محەمەد. **6302**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی عەرەبی: البیان الصحاف رقم 46, مسلحی KDP یهاجمون التجمع الجماهیری فی مدینه دهوک – تنظیم الخارج للحزب الشیوعی العمالی العراقی – 7-5-1996.

**1996-05-03** لە نیوەشەودا هەوڵی سووتاندنی 2 بانکی تورکی لە شاری ڕۆتەردامی هۆڵەندادا درا, بەڵام پۆلیس هەرزوو کۆنترۆڵی ئاگرەکەی کرد. **6303**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی هۆڵەندی: 2.NL – کەناڵی دووی هۆڵەندا, یاخود تەلەتێکستەکەی.

**1996-05-05** بەستنی کۆنگرەی یەکێتی کوردەکانی سۆڤیەتی ئەوسا لە گوندێکی نزیك شاری مۆسکۆ, لەسەر داخوازیی ماڵی کورد لە مۆسکۆ, کۆنگرەکە چەند ڕۆژێکی خایاند. **6304**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-05-06** کردنەوەی پیشانگای هونەریی دلڤین شنگالی لە پەڕتووکخانەی گشتیی شاری خرۆنینگنی هۆڵندا, کە تێیدا نزیکەی 20 تابلۆی هونەرکاری تێدا پیشاندرا و هەروەها چەند کەرەستەیەکی دەستیی کوردەواریش پیشاندرا. **6305**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1996-05-06** مەسعود یەڵمازی سەرۆك وەزیرانی تورکیا هەڕەشەی لە سووریا کرد کە یارمەتیی پکك نەدات و چیدی پکك بۆ بە دەستخستنی زێتری ئاوی فورات بەکارنەهێنێت. **6306**

سەرچاوەی 1: ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

**1996-05-08** ادت, ڕایگەیاند کە 12 پم پکك یان لە باشووری کوردستان شەهید کردووە. **6307**

سەرچاوەی 1: ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

**1996-05-09** کشانەوەی هێزەکانی د.ت لە باشووری کوردستان کە بۆ هێرش کردنە سەر هێزەکانی پکك, چووبوونە ناوەوە. **6308**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-05-11** سەر لە ئێوارە کەناڵی 2ی تەلەفزیۆنی هۆڵندا, ڕیپۆرتاژێکی لەسەر باکووری.ك پیشاندا, کە چەند ژەندرمەیەکی پیشاندا کە پاش ئەوەی پێشمەرگەیەکی ئافرەتیان بەدیل گرتبوو, خراپیان کردبوو و بەڕووتیش وێنەیان گرتبوو. هەروەها چەند کەللە سەرێکی پێشمەرگەشیان بەدەستەوە بوو, کە پاش بەدیل گرتنیان سەریان بڕیبوون. **6309**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی هۆڵندی: 2.NL – کەناڵی دووی هۆڵندا, یاخود تەلەتێکستەکەی.

**1996-05-14** ادت ڕایگەیاند, کە 3 پێشمەرگەی پکك کوژراون, پاش ئەوەی کە دەیانویست لە باشوورەوە بەرەو باکووری وڵات بپەڕنەوە. **6310**

سەرچاوەی 1: ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

**1996-05-16** تا 05-17, بەستنی کۆنگرەیەك بۆ ڕێزگرتن لە هۆزانەوان بێسارانی لە شاری مەریوان. **6312**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بلاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ78 – لەندەن – فیبریوەریی 1997. لاپەڕە : 17.

**1996-05-16** کۆچی دوایی د. فازیل قەفتان لە ئەڵمانیا. **6311**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-05-17** کۆبوونەوەی فراکسیۆنی زەرد، لە پیرمام، کە بڕیاری درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمانی هەرێمی باشووری کوردستانیاندا. **6314**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-05-17** تا 19-05، ڕێکخراوی پلاتفۆڕمی خەباتی دیموکراتی لە تورکیا و دەزگای کارگەرانی پەنابەر لە ئەڵمانیا بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە تورکیا و پارتی دیموکراتی گەلی هەدەپ، لە ئەستەمبوڵ کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی فراوانیان سازکرد، بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر مەسەلەی سەرنگووم کراوانی زیندانەکانی تورکیا و هەوڵی دۆزینەوەی خەڵکانی ونکراو کە نوێنەرانی چەندین ڕێکخراوی ڕۆشنبیری و مرۆڤ پەروەری وڵاتانی جیهان و کۆمەڵێ نووسەر و هونەرکاری نێوداری دنیا لەو کۆنفرانسەدا بەشدارییان کرد. **6313**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – ژمارە 70 – مایی 1996. لاپەڕە : 1.

**1996-05-18** کوژرانی ڕزگار محەمەد عەبدوڵڵا ناسراوبە ڕزگاری سجن لە سلێمانی، لەلایەن بزووتنەوەی ئیسلامییەوە، نێوبراو ئەندامی کارگێری مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانیی یەکێتی بوو. **6315**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەریدەکات – ژ8 و 9 – ژونی 1996 – بەریتانیا. لاپەڕە : 1.

**1996-05-19** ادت، ڕایگەیاند کە 28 پێشمەرگەی پککی لە باکوور شەهید کردووە. **6316**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-05-20** ڕێکەوتنی یەکجاریی ن.ی و د.ق، تاوەکو بایی 2 ملیار دۆلار نەوت بفرۆشێت و بە پارەکەی دەرمان و خواردن و کەلوپەلی پێویست بکڕدرێت، کە بەشێکیشی بۆ باشووری کوردستانە، ئەم ڕێکەوتنە نێونرا نەوت بەرامبەر خۆراک. **6317**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی ئینگلیزی: CNN

**1996-05-21** بەهۆی ڕازیبوونی ئێراق بە بڕیاری 986، لە شاری سلێمانیدا کرایە تەقە و لە نێو فەرمانگە ڕەسمییەکاندا ئاهەنگ بەو بۆنەیەوە گێڕدران. **6319**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەریدەکات – ژ8 و 9 – ژونی 1996 – بەریتانیا. لاپەڕە : 1.

**1996-05-21** کۆچی دوایی هونەرکاری شانۆیی عوسمان چێوار لە سلێمانی. **6318**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەریدەکات – ژ8 و 9 – ژونی 1996 – بەریتانیا. لاپەڕە : 21.

**1996-05-27** چوونی وەفدێکی یەکێتی بۆ سەلاحەدین بۆ دانوستاندن لەگەڵ پارتیدا. **6320**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژینی نوێ – میدیای جیهانی کورد دەریدەکات – ژ8 و 9 – ژونی 1996 – بەریتانیا. لاپەڕە : 1.

**1996-05-28** ینك و پدك، لە پیرمام لەسەر ئەوە ڕێکەوتن کە کاتی هەڵبژاردنەکان، درێژ بکرێتەوە بۆ ماوەیەکی تر. **6321**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-05-28** دەرکردنی بانگەوازێك بۆ ئەم هاوڕێنامەیە لەلایەن دانەرەوە , کە تێیدا داوای هاوکاری لە خەڵکی کورد و ڕێکخراوەکان دەکات تاوەکو یارمەتیی پێشخستنی ئەم بەرهەمە بدەن و بە سەرچاوە و دەنگوباسی جۆراوجۆر دەوڵەمەندتری بکەن. **6322**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1996-05-31** ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە ئامریکا, خەڵاتێکی پێشکەشی نووسەری بەناوبانگی کورد یەشار کەمال کرد, بەبۆنەی بڵاوکردنەوەی پەڕتووکی سەربەستیی بیروڕا, لەلایەن نووسەرەوە. **6323**

سەرچاوەی 1: ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

**1996-06-00** ڕوودانی شەڕی براکوژی لە نێوان هێزەکانی پدك و هۆزی سوورچیدا, کە بووە هۆی کوژران و بریندار بوونی چەند کەسێك لە هەردوولا کە لە نێو کوژراوەکاندا حوسەین ئاغای سەرچیای سەرۆکی هۆزی سوورچی و دوو کوڕی تێدا بوو, ئەمانە سەربە پارتی پارێزگارانی کوردستان بوون, هەروەها گوندێکی هۆزی سوورچیش سووتا, پدك لەو هێرشەدا چەند ملیۆن دۆلاری سوورچییەکانی بەتاڵانی گرت و لەو شەڕەدا 11 لیوای پدك بەشداریی کرد. **6325**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-06-00** بەریتانیا و ئامریکا, بەبۆنەی هێرشی سوورچییەکانەوە, ناڕەزایی خۆیانیان بەرامبەر پارتی دەربڕی. **6326**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-06-00** بەرزبوونەوەی ناکۆکیی نێوان سووریا و تورکیا, لەسەر ئاوی فورات و پکك, کە بووە هۆی ئەوەی کە هەردوولا لەشکر لەسەر سنوور بۆ یەکتری مۆڵ بدەن. **6324**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-06-01** بەستنی کۆنگرەی یەکەمی ڕێکخراوی وەقفی چاند و لێکۆڵینەوەی کورد, لە ئەستەمبوڵ, کە دەستەیەکی بەڕێوەرایەتی نوێ هەڵبژێردرا, کە ئەمانە نێوەکانیانە: عەلی بەیکولو, یەڵماز چاملی بل, بەهادین ئایاز, محەمەد جەلال بایگارا, خەتیب مەرجان, نورەدین باسوت, محەمەد ئەمین کاردەش, لەتیف ئاپ ئوز دێر, زەینەب باران, محەمەد پارلان و جەمال ئوزچلیك. **6327**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ7 و 8 – بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی, لەندەن – ئۆکتۆبەری 1996. لاپەڕە : 13.

**1996-06-03** کۆبوونەوەیەکی نائاسایی پەڕلەمانی باشووری.ك, لە نێوچەی بێلایەنی نێوان ئۆردوگای شاوەیس و مەلا هۆمەر لە نێوچەی هەولێر, کە 57 ئەندامی پەڕلەمان بەشداریی تێداکرد و بڕیاری درێژکردنەوەی ماوەی پەڕلەمانیاندا. **6328**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-06-06** مەسعود یەڵمازی سەرۆك کۆماری تورك, دەستی لە کارکردن کێشایەوە. **6329**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-06-15** ادت, ڕایگەیاند کە سووپای تورك دەیان پێشمەرگەی پکك ی لە نێوان سنووری هەردوو هەرێمی باشوور و باکووری.ك. دا شەهید کردووە. **6330**
سەرچاوەی 1: ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

**1996-06-18** پەڕلەمانی تورکی ماوەی پاراستنی ئاسمانیی بە نێوی هاوپەیمانەکانەوە بۆ باشووری.ك بۆ ماوەیەکی کاتی درێژکردەوە. **6331**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-06-19** ادت ڕایگەیاند, کە لەسەر سنووری دەستکردی ئێران و تورکیادا 28 پێشمەرگەی پکك و 5 سەربازی تورك لە شەڕێکدا کوژراون. **6332**
سەرچاوەی 1: ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

**1996-06-22** تەقینەوەی بۆمبێك لە شاری دیاربەکر, کە بووە هۆی کوشتنی 7 کەس و برینداربوونی 12 کەس. **6333**
سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی هۆڵندی: 4.RTL

**1996-06-23** تەقینەوەی بۆمبێك لە شاری ئەستەمبوڵ, کە بووە هۆی کوشتنی کەسێك. **6334**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-06-23** ئەمڕۆ کەناڵی 3ی هۆڵندا, کە نێوی فارایە, فیلمێکی کوردیی بە نێونیشانی کاروانەکێ بێدەنگەوە پیشاندا, ئەم فیلمە لە دەرهێنانی ئیبراهیم سەلمان بوو. **6335**
سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی هۆڵندی: 3NL

**1996-06-24** پارتی هەدەپ, کۆبوونەوەیەکی ئاسایی پارتییانەی خۆی لە تورکیا سازکرد, لەو کۆبوونەوەیەدا پۆلیسی تورکی دای بەسەریاندا و 30 ئەندامی ئەو پارتەیان گرت, کە لە نێویاندا سەرۆکی پارتەکە بوو. **6336**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-06-30** ئەمڕۆ کچێکی کورد بە نێوی زەینەب کەناڵی لە شاری دەرسیمی باکوور, لە شێوەی ئافرەتێکی سکپڕدا, کە مادەی تەقینەوەی لەسەر سکی بەستبوو, خۆیی لە ڕێڕۆیشتنێکی سەربازیی تورکدا تەقاندەوە, کە لە ئەنجامدا بووە هۆی شەهیدبوونی خۆیی و کوشتنی 9 سەربازی تورك و بریندارکردنی 30 سەربازی تر, ادت, ڕایگەیاند کە ئەمە دەستی پکك ی تێدایە. **6337**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-07-00** فڕۆکەکانی داگیرکەری تورك نێوچەکانی بادینانی باشووری بۆمباران کرد, کە بووە هۆی شەهید بوونی 22 پێشمەرگەی پارتی. **6339**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-07-00** مانگرتنی چەند زیندانییەکی ڕامیاری لە زیندانەکانی تورکدا. **6340**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-07-00** د.ق, داوای لە سەدان خێزانی کوردی نێوچەکانی زەمار و تەلەعفەر کرد, کە یان بچنە ئۆردوگا زۆرە ملێکانەوە, یان بچنە نێو کوردستانی ئازادەوە. **6341**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ئاڵای ئازادی – حزك – ژ220 – هەولێر – 15-07-1996. لاپەڕە : 1.

**1996-07-00** بەپێی ڕاپۆرتێکی د.س, ژمارەی بێگانەکان واتە ئەو کوردانەی کە ناسنامەی سووریيان نییە, 75 هەزار کەسە. **6342**
سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 19.

**1996-07-00** سەرۆکی پدك, مەسعود بارزانی بیرخەرەوەیەکی توندی دایە د.ت و ئامریکا و فەڕەنسا و ئەڵمانیا و بریتانیا, تاوەکو چیدی تورکیا دەست نەخاتە نێو کاروباری باشووری.ك وە و بۆمبارانی نێوچەکە بە بیانووی پکك وە بوەستێنێت. **6338**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی ئینگلیزی: Turkish daily news – Friday, july 5, 1996.

**1996-07-01** تا 03-07, نزیکەی 18 زانیار و ئەکادیمیی کورد بۆ دامەزراندنی دەستەی ئەنسیکلۆپیدیای کوردستان, یەکەم کۆبوونەوەیان لە برۆکسل بەست. بەپێی کۆبوونەوەکە وا چاوەڕوان دەکرێت کە ئەنسیکلۆپیدیایەکی کوردی بەزمانانی کوردی بەهەردوو شێوەزمانەکەیەوە و ئینگلیزی و ڕووسی دەربکەن و بەم شێوەیەش کارەکانیان دابەشکرد: 1- پرۆفیسۆر عیسمەت شەریف وانلی, کرایە سەرپەرشتیی گشتی و لێپرسراوی دەستەی دارایی کە پێك هاتووە لە بەڕێزان د. میهرداد ئێزدی, د. نوری تاڵەبانی, د. کەمال میراودەلی, موسا کاوال و د. سەلیم فوڕات. 2- پرۆفیسۆر لازاریف, لێپرسراوی پرۆژەکە لە ڕووسیا و سەرپەرشتیی بڵاوکراوەی زمانی ڕووسی. 3- میهرداد ئێزدی, لێپرسراوی کاروبار لە ئامریکا و بڵاوکراوەی ئینگلیزی. 4- د. جەبار قادر, سەرپەرشتی بڵاوکراوەکە بە کرمانجی خوارووو. 5- هیچ کەسێك دانەنرا بە لێپرسراوی بەشی کرمانجیی سەروو. **6343**
سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – ژ73 – ئۆگەستی 1996. لاپەڕە : 5.

**1996-07-02** تەواوبوونی کۆنتراکتی تەلەفزیۆنی مەد, لە بەلژیك و بەهۆی فشاری تورکەوە نەتوانرا نوێ بکرێتەوە, ئەم تەلەفزیۆنە بەهۆی مانگی دەستکردنی پۆڵۆنیاوە بۆ ماوەی دووساڵ لە کارکردندا بوو. **6344**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی ئینگلیزی: Turkishdaily news – Friday, july 5, 1996.

**1996-07-02** تا 16-07, ئێران سنووری خۆیی لەگەڵ ینك داخست, کە بەهۆیەوە, یەکێتی 50 ملیۆن دیناری زیان لێکەوت, چونکە گومرگی شمەکی وەرنەدەگرت. **6345**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ6 – بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی, لەندەن – سێپتیمبەری 1996. لاپەڕە : 10.

**1996-07-03** دوا ڕۆژی بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی مەد–تی. ڤی. **6346**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی ئینگلیزی: Turkish daily news – Friday, 5 july, 1996.

**1996-07-04** کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی ڕامیاریی لیژنەی هاریکاری نیشتمانی کوردستان, لە هەولێر, کە تێیدا باسی ئاشتی لە کوردستان و کاری پەرلەمانی کرا. **6347**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ئاڵای ئازادی – حزك – ژ220 – هەولێر – 15-07-1996. لاپەڕە : 1.

**1996-07-06** بەستنی کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی لە ژێر نێوی ئاشتی بۆ کوردستان, لە شاری بۆن, کە ڕێکخراوەکانی میدیکۆ ئنتەرناسیۆنال, پزیشکانی دژبە شەڕی ناوکی, ئەنستیتوتی کورد لە پاریس و بانگی هانۆڤەر, بەشدارییان تێداکرد, هەروەها هەندێك ئەندامی پەرلەمانی باکووری کوردستانیش بەشداربوون. **6348**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ئاڵای ئازادی – حزك – ژ220 – هەولێر – 15-07-1996. لاپەڕە : 1.

**1996-07-09** کۆبوونەوەی بیرۆی ڕامیاری هەردوو ینك و حزك. **6349**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ئاڵای ئازادی – حزك – ژ220 – هەولێر – 15-07-1996. لاپەڕە : 1.

**1996-07-10** د.ت, نێوچەکانی دۆڵە ڕەقە و بۆتیی بە فڕۆکە بۆمباران کرد, شایانی باسە بووە هۆی وێرانبوونی چەند خانوویەك و برینداربوونی چەند هاووڵاتییەکیش, ئەو گوندانە سەربە نێوچەی ڕانیەن و بنکەکانی پکك ی لێیە. **6350**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ئاڵای ئازادی – حزك – ژ220 – هەولێر – 15-07-1996. لاپەڕە : 1.

**1996-07-12** ڕوودانی کودەتایەکی سەرنەکەوتوو لە دژی سەددام. **6351**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ئاڵای ئازادی – حزك – ژ220 – هەولێر – 15-07-1996. لاپەڕە : 1.

**1996-07-15** بەستنی دانیشتنێکی پەرلەمانی باکووری.ك لە شاری ڕۆمای پێتەختی ئیتالیا. **6352**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: جمال نبز – تصریحات هامە للمفکر الکردی جمال نبز – المقدمە بقلم جواد ملا – من منشورات کوردنامە – لندن – 1996. لاپەڕە : 12.

**1996-07-26** ئەمرۆ ژمارەی مردووەکانی ئەو کەسانەی کە لە زیندانەکانی تورکدا مانیان لە خواردن گرت, گەیشتە 7 کەس, شایانی باسە هەزاران زیندانیی کوردیش مانیان لە خواردن گرت بۆ پشتگیریی ئەو زیندانییە مانگرتووانە. **6353**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-07-27** داگیرکەری ئێرانی بە 2 هەزار سەرباز و 200 ماشێنەوە هێرشی کردە سەر بنکەکانی حدکا لە نێوچەی کۆیەی باشوور, هەروەها بە فرۆکەش بۆمبارانی بنکەکانی حدکا و ماڵە ئاوارە کوردەکانی خۆرهەڵاتی کرد, شایانی باسە ئەم هێزانە لە نێوچەی سنووریی پێنجوێنەوە بەنێو سنووری هێزەکانی ینك دا ئەو هێرشەیان کرد و شەوی پێشتر لە معسکر السلامی نزیك شاری سلێمانی بارگەیان خستبوو. **6354**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: بەیان: لە پێناوی بەرزکردنەوەی دەنگی نەتەوەییەکانی کورد, هاوڕێ باخەوان, لە جیاتیی چەند دەستەیەك لە هاوبیرانی کوردستان – 23-09-1995.

سەرچاوەی 2: ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

**1996-07-30** کشانەوەی هێزەکانی د.ا لە باشووری کوردستان. **6355**

سەرچاوەی 1: ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

**1996-08-00** بەستنی ڕێکەوتنێکی ئابووری لە نێوان ئێران و تورکیادا, کە بەو پێیە تورکیا گازی سروشتی لە ئێران دەکرێت. **6356**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-08-00** کوژرانی لێپرسراوی پدك لە پاریس, نێوبراو نێوی جەعفەر گولی بوو و پۆلیسی فەڕەنسیش تاوەکو ئێستا ڕاینەگەیاندووە کە تاوانباران کێن. **6357**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: بەیان: پەردە هەڵدانەوە لەسەر ئۆینێك, کۆمەڵەی هیوای خوێندکارانی کورد, زانکۆی سلێمانی – 26-05-1994.

**1996-08-06** کۆچی دوایی هۆزانەوانی کوردی عارەب زمان, بلند حەیدەری لە نەخۆشخانەیەکی شاری لەندەن. **6358**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – ژ73 – ئۆگەستی 1996. لاپەڕە : 1.

**1996-08-14** یۆنانییەکانی قوبرس لە دژی تورکەکان خۆپیشاندانێکیان سازدا, لاوێکی 26 ساڵەیی یۆنانی ویستی ئاڵای توکیا لەسەر سنوور دابگرێت, لە ئەنجامدا پۆلیسی تورکی گوللە بارانیان کرد و کوشتیان, پاشان خۆپیشاندانەکە لە دەست دەرچوو و 11 کەسی تر بریندار بوو کە دووانیان سەربازی ن.ی بوون. **6359**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-08-17** گرتنی نێوچەی چۆمان و سیدەکان لەلایەن هێزەکانی ینك و ئێرانەوە. **6360**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ6 – بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی, لەندەن – سێپتێمبەری 1996. لاپەڕە : 2.

**1996-08-21** تەلەفزیۆنی میدیا, دەستی کردەوە بە بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی, ئەمجارە لەگەڵ ئنتەر ساتدا کۆنتراکتی بەست, کە کۆمپانیایەکی مانگی دەستکردی نێونەتەوەییە. **6361**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ6 – بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی, لەندەن – سێپتیمبەری 1996. لاپەڕە : 10.

**1996-08-22** ناردنی نامەیەکی مەسعود بارزانی بۆ سەددام حوسەین, تاوەکو یارمەتیی پارتی بدات لە دژی یەکێتی. **6362**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ6 – بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی, لەندەن – سێپتیمبەری 1996. لاپەڕە : 2.

**1996-08-31** هێزەکانی پدک, شانبەشانی هێزەکانی ئەنفالی ڕژێمی بەعسییان, هێرشیان کردە سەر شاری هەولێر و لە دەستی هێزەکانی ینک یانیان سەندەوە, لەم هێرشەدا داگیرکەر چەندین ماڵ و بنکەی ئۆپۆزسیۆنی ئێراقیی ڕووخاند و نزیکەی 100 کەسیشی لێ کوشتن, لە ئەنجامدا شارەکەیان گرت و هێزەکانی ینک یان لێدەکرد. سەرچاوەکان وا ڕادەگەیەنن کە 45 هەزار سەرباز و 300 تانك و 200 تۆپی قورس لەو هێرشەدا بەشداریی کردووە. **6363**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – ژ74 – سێپتیمبەری 1996. لاپەڕە : 1.

**1996-08-31** تاڵانکردنی سەرجەم مەڵبەندە کوردییەکانی شاری هەولێر لەلایەن د.ق, هەروەها دزینی هەرچی کۆمپیوتەرەکانی ئەو شارە هەیە. **6364**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 14.

**1996-08-31** بەبۆنەی چوونەناوەوەی هێزەکانی ئێراق بۆ نێو هێڵی 36ی پانی, قەیرانێکی ڕامیاریی گەورە لە نێوان ئێراق و ن.ی و ئامریکادا دەستی پێکرد. **6365**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-08-31** گیرانی فوئاد مەعسوم ی ئەندامی سەرکردایەتیی ینک و چەند لێپرسراوێکی بەرزی تریان لەلایەن هێزەکانی پدک. **6366**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-09-00** لەم مانگەدا, لە کاتی هێرشی پدک, بۆسەر نێوچەکانی سلێمانی, د. سیروان و پێنج ئەندامی تری کۆمەڵەی نەتەوەیی کورد, کە وەکو وادەڵێن سەربە ینکن, لە نێوچەی قەراخدا بە دەستی هێزەکانی پدک کوژران. **6368**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-09-00** تەقینەوەی بۆمبایەك لە گەڕەکی مەززەی دیمەشق, کە بۆ عەبدوڵڵا ئوجەلان دانرا بوو, بەڵام بەرنەکەوت. **6369**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-09-00** فەڕەنسوا هەریری بووە پارێزگاری هەولێر, کە ئەندامێکی بەرزی پارتییە. **6367**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-09-01** بڵاوبوونەوەی ئەو دەنگوباسەی کە دەڵێت پارتی و بەعس هێرشیان کردووەتە سەر شاری سلێمانی. **6371**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-09-01** قەدەغەکردنی فرۆشتنی نەوتی ئێراق لەلایەن ن.ی ەوە, چونکە ئێراق هێزەکانی خۆیی هێرش پێ کردووەتە سەر هەرێمی هێڵی 36ی پانی. **6372**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-09-01** ڕۆژی ئاشتی لە کوردستان. **6373**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-09-01** سووتاندنی پەرتووکخانەکەی د. نوری تاڵەبانی لە شاری هەولێر. **6374**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی – لەندەن – ژ75 و 76 – لەندەن – ئۆکتۆبەری 1996. لاپەڕە : 7.

**1996-09-01** دەسپێکردنی کشانەوەی هێزەکانی ئێراقی لە شاری هەولێر. **6370**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-09-02** بەبۆنەی داگیرکردنی شاری هەولێرەوە, ینك لە شاری سلێمانی خۆپیشاندانێکیان ڕێکخست, کە تێیدا دەیانگووت: جاشی پارتی و بارزانی, بەعسی بۆ هەولێر هانی, ...... **6375**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-09-03** کۆمەڵگای کورد لە بەریتانیا, نامەیەکیان بۆ وەزیری دەرەوەی بەریتانیا نارد کە ئەمانە ئیمزایان کردبوو: د. مەحموود عوسمان, نازەنین ڕەشید, د. نوری تاڵەبانی و کەریم یولدز. لە نامەکەدا ناڕەزایی خۆیانیان دەربارەی چوونە ناوەوەی سوپای ئێراقی بۆ باشووری کوردستان دەربڕی و هەروەها داوای درێژکردنەوەی هێڵی 36ی پانییان کرد. **6381**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن – ژ74 – سێپتیمبەری 1996. لاپەڕە : 2.

**1996-09-03** کۆمەڵێك چەکدار, کە پێدەچێت سەربە پارتی بن, لە شاری هەولێردا مقدم جەمیل خدر سورچییان لەماڵەکەی فڕاند و پاش دوو کاژێر تەرمەکەی لە سەر ڕێگەی پیرمام – هەولێر, دۆزرایەوە. **6382**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-09-03** دڵشاد میرانی نوێنەری پدك لە دەرەوە, ڕایگەیاند کە ئەو وێنانەی لە تەلەفزیۆندا پیشاندەدرێن و گوایا پارتی و ئێراق پێکەوە هێرشیان کردبێتە سەر شاری هەولێر, درۆیە و وێنەکان هی ساڵی 991ن. **6380**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-09-03** درێژکردنەوەی هێڵی 32ی باشووری ئێراق بۆ هێڵی 33 لەلایەن ئامریکاوە. **6379**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-09-03** ڕژێمی بەعس هێڵی 36 و 32ی پووچەڵ کردەوە. **6378**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-09-03** هێرشی ئامریکا بۆسەر ئێراق بە ڕاکێت، کە 37 ڕاکێتی لە کەنداوی فارسەوە نابە دامەزراوە سەربازییەکانی ئێراقەوە لە باشووی ئێراقدا، لە ئەنجامدا 5 کەس کوژران. **6376**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-09-03** ڕووسیا، چین، فەڕەنسا، ئیسپانیا و میسر و هەندێك وڵاتی عارەبیی تر، ناڕەزایی خۆیانیان دژی هێرشی ئامریکا بۆسەر ئێراق دەربری. **6377**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-09-04** د.ت، ڕایگەیاند، کە نێوچەی خەتەر لە نێو سنووری باشووری کوردستاندا دادەمەزرێنێت، تاوەکو لەلایەن سووپای تورکییەوە پاسەوانیی بکرێت و نێوچەکە 5 تا 20 کیلۆمەتر بە تەریبیی سنووری تورکیا درێژدەبێتەوە. **6383**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ6 – بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی، لەندەن – سێپتیمبەری 1996. لاپەڕە : 1.

**1996-09-04** هێرشێکی تری ئامریکا بۆسەر باشووری ئێراق بە 17 ڕاکێت. **6384**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-09-06** کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە سوید، هێرشی پارتی و بەعسی تاوانبار کرد. **6385**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-09-08** داگیرکردنی نێوچەکانی دێگەڵە و کۆیە لەلایەن هێزەکانی د.ق و پدك، شایانی باسە کە هێزەکانی ینك لە بەرەی دێگەڵەدا زۆر خراپ شکان. **6386**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-09-08** د. جەمال نەبەز، نامەیەکی بۆ جەلال تاڵەبانی نارد، تاوەکو شەڕی براکوژی بوەستێنن. **6387**

سەرچاوەی 1: دەستنووسی کوردی: نامەیەکی د. جەمال نەبەز، بۆ جەلال تاڵەبانی.

**1996-09-09** پاشەکشەی ینك لە شاری دوکان و سلێمانی، کە لە ئەنجامدا زۆربەی بنکەکانی خۆیانیان تەقاندەوە، بە تایبەتی بارەگای مەکتەبی سیاسی و سکرتاریەت لە شارۆچکەی قەڵاچوالان، تەواوی

هێزەکانیشیان لە سەر پشتێنەی سنووریی نێوان ئێران و ئێراق خربوونەوە و هەندێکیان خۆیان و چەکەکانیان دابە دەست ئێرانەوە. 6388

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-09-09** داگیرکردنی شاری سلێمانی بە بێ تەقە لەلایەن هێزەکانی پدک. کە لە ئەنجامدا ینک شارەکەیان چۆڵکرد و هەزاران کەسیش لە ترسی بەعس و پارتی شارەکەیان جێهێشت. 6389

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-09-09** کۆنگرەی نیشتمانیی ئێراق، هێرشی پارتی و بەعسی بۆسەر هەولێر و سلێمانی تاوانبار کرد. 6390

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-09-10** کۆمەڵەی هاوکاری لە ئەڵمانیا، بڵاوکراوەیەکی بە کوردی و تورکی لەسەر هێرشی تورك بۆ کوردستان بڵاوکردەوە. 6398

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-09-10** فایەقە ڕەش، بووە پارێزگاری سلێمانی، کە ئەندامێکی پدک ە. 6396

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-09-10** دەرکردنی لێبووردنی گشتی لەلایەن سەددامەوە بۆ کورد. 6394

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-09-10** لابردنی گەمارۆی ئابووری لەسەر کوردستان لەلایەن ئێراقەوە. 6393

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-09-10** داگیرکردنی پێنجوێن لەلایەن هێزەکانی پدک. 6392

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-09-10** سەرچاوەکانی ن.ی ڕایگەیاند کە نزیکەی 70 هەزار لە هەوادارانی ینك خۆیان داوە بەدەست ئێرانەوە و ئێرانیش چەکەکانیان لێ وەردەگرێت، بەڵام ا.د.ا ڕایگەیاند کە نزیکەی 200 هەزار کەسن. 6391

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-09-10** ڕووخاندنی پەیکەری شەهید ئارام لە شاری سلێمانی لەلایەن پدك. 6397

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-09-10** دەرکردنی لێبووردنی گشتی بۆ هەوادارانی ینك لەلایەن مەسعود بارزانییەوە. 6395

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-09-11** ئێراق، دوو ڕاکێتی گرتە فڕۆکەکانی ئامریکا کە لەسەر باشووری ئێراق دیدەوانیی نێوچەکەیان دەکرد. **6399**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-09-12** هێرشێکی تری ئێراق بۆسەر فڕۆکەکانی ئامریکا. **6401**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-09-12** لە سەرەتای ئەو قەیرانە نوێیەی باشووری کوردستاندا تاوەکو ئێستێ 39 هەزار پەناهاندە چوونەتە نێو ئێرانەوە. **6400**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-09-14** د. جەمال نەبەز، نامەیەکی بۆ مەسعود بارزانی نارد، تاوەکو شەڕی براکوژی بوەستێنن. **6402**

سەرچاوەی 1: دەستنووسی کوردی: نامەیەکی د. جەمال نەبەز، بۆ مەسعود بارزانی.

**1996-09-15** ئەو کوردانەی کە بۆ ڕێکخراوەکانی سەربە ئامریکا کاریاندەکرد، لەلایەن لێبووردنەکەی ئێراقەوە نایانگرێتەوە، ئامریکا مافی پەناهاندەیی پێدان و هەموویانی خستە کامپێکی کاتییەوە لە شارۆچکەی سلۆپیی باکوور. **6406**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-09-15** ادت، ڕایگەیاند کە لە شەڕێکدا 36 پێشمەرگەی پکک لە باکوور شەهید بوون. **6403**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-09-15** واشەنتۆن پۆست ڕایگەیاند، کە سی. ئای. ئەی لە ساڵی 991ەوە تاوەکو ئێستێ، 170 ملیۆن دۆلاری بۆ ڕووخانی سەددام خەرج کردووە. **6404**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-09-15** دوکتۆرانی بێسنوور، یارمەتیی پزیشکییان نارد بۆ ئاوارەکانی سەربە ینك لەسەر سنوور. **6405**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-09-16** د.ت، بەوە ڕازی نابێت کە فڕۆکەخانەی ئینچەرلیك بەکاربهێنرێت تاوەکو لەوێوە هێرشی ئاسمانی بکرێتە سەر ئێراق. **6407**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-09-16** پەناهاندەکانی سلۆپی لە ئنچەرلیکەوە بە فڕۆکە برانە دوورگەی گوامی ئاسیای دوور، کە بنکەی سەربازیی ئامریکایی لێیە و ژمارەیان لە 2 هەزار کەس زێترە. **6409**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-09-16** مەسعود بارزانی ڕایگەیاند، کە ئەو هێرشەمان بۆسەر ینك ناچاری بوو و ناهێڵین دەستەڵاتی ئێراقی لە نێوچەکەدا بگەڕێتەوە و هێزەکانیشیان دووردەخەینەوە. **6410**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: صوت الأكراد – لسان حال الحزب الديمقراگی الكردی ف لبنان "البارتی" – نصف شهريه – العدد 26 – لندن – 10-2-1997.

**1996-09-16** ڕۆژنامەی باکووری هۆڵندا، ڕیپۆرتاژێکی درێژی بە وێنەوە، لەسەر بارودۆخی باشووری.ك بڵاوکردەوە. **6411**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی هۆڵندی: Noorden Het Van Nieuwsblad – 16-9-1996.

**1996-09-16** ئەنجوومەنی وڵاتانی ئەورووپا تورکیایان بەوە تاوانبار کرد کە ماف کورد پێشێل دەکات و گوندەکانیان دەسووتێنێت، ئەم بڕیارەی ئەورووپا، لەوەوە سەری هەڵدا کە تورکەکان گوندی کەلەکچی یان زۆر بە دڕندانە سووتاند. **6408**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-09-17** یەشار کایا لەسەر تەلەڤزیۆنی مەد ڕایگەیاند، کە سبەینێ لە پاریس کۆمەڵێك فێڵبازی کورد بە نێوی سێیەمین کۆنگرەی نیشتمانی کوردستانەوە کۆدەبنەوە. **6412**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی مەد TV Med

**1996-09-17** ڕۆژنامەنووس جەزا چنگیانی، نامەیەکی بۆ وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا کلاوس کینگل نارد، بۆ ئەوەی ئەڵمانیا داوا لە دەوڵەتان بکات بکەونە نێوبژیی هەردوو هێزی دژبەیەکی باشووری.ك. **6413**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ7 و 8 – بلاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی، لەندەن – ئۆکتۆبەری 1996. لاپەڕە : 12.

**1996-09-18** لەم بارودۆخە ناسازەی کوردستاندا، ئەمڕۆ لە پاریس سێیەمین کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان لەلایەن جەواد مەلاوە کرایەوە، پاشان سەرۆکی کۆمەڵەی ماف مرۆڤ پێر بێرسی وتارێکی خوێندەوە و کۆنگرەکە نزیکەی 30 کەس بەشداریی تێدا کرد و کۆمیتەیەکی پێك هێنا بۆ یەکگرتنی هەر چوار کۆنگرەکەی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، کە ئەوانیش ئەمانەن: کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان، کۆنگرەی گەلی کوردستان، کۆنگرەی نەتەوەیی کورد و کۆنگرەی نیشتمانیی کورد لە ئامریکا، کۆنگرەکە دەبوایە لە هۆڵی پەرلەمانی فەرەنسا بگیرایە، بەڵام گروپێکی کوردی، کە لە فەرەنسا باڵادەستە، هانای بۆ فەرەنسییەکان بردبوو کە نەیەڵن ئەو کۆنگرەیە لەوێ بگیرێت. چونکە ئەوانە داوای دەوڵەتی کوردی دەکەن، ناچار کۆنگرەکە لە هۆڵێکی ئاسایی شاری پاریسدا گیرا و دوو ڕۆژی خایاند. **6414**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1996-09-18** کردنەوەی پیشانگای تایبەتیی ڕێبوار سەعید لە پاریس. **6415**

**1996-09-19** تا 22-09، نێوەندی نەتەوەیی فەڕەنسی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی، زانکۆی ئوترێخت لە هۆڵندا، ئینستیتووتی نەتەوەیی زمان و شارستانییە ڕۆژهەڵاتییەکان و ئینستیتووتی کورد لە پاریس، کۆنفرانسێکی جیهانیی دەربارەی کورد و شار، کورد لە شاردا و شارەکانی کوردستان، ڕێکخست. 30 کەس لە هەموو لایەکی جیهانەوە بانگکرا و باسی ئەکادیمی و زانستی پێشکەش کرا و باسەکانیش چوار بەش بوون: 1- شارەکان لە کوردستانی پێش چەرخی نوێدا. 2- شاری کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا. 3- شێوە شارییەکانی کلتووری کوردی. 4- بەشاری بوون. **6417**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1996-09-19** فەلەکەدین کاکەیی سەرنووسەری ڕۆژنامەی خەباتی پدك، بۆ ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێراقی ڕاگەیاند، کە پارتی سەلماندی کە چاکترین بەرگری کەری یەك پارچەیی خاکی ئێراقە. **6418**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو - ژ7 و 8 - بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی، لەندەن - ئۆکتۆبەری 1996. لاپەڕە : 8.

**1996-09-19** گیرانی کۆڕێك لە لەندەن لەلایەن نەوشیروان مستەفاوە، دەربارەی بارودۆخی کوردستان. **6419**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: جمال نبز - تصریحات هامە للمفکر الکردی جمال نبز - المقدمە بقلم جواد ملا - من منشورات کوردنامە - لندن - 1996. لاپەڕە : 14.

**1996-09-19** دووەمین ڕۆژی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان لە پاریس، کە ئەندامان بڕیاریان لەسەر پرۆژەی نیشتمانیی کوردستان و دەستووری ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستاندا تاوەکو هەر بە پرۆژەیی بمێنێتەوە و لە یەکگرتنی هەر چوار کۆنگرەکەدا دەنگی تەواوی لەسەر بدرێت. **6416**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1996-09-21** بەغداد داوای لە تورکیا کرد، کە هاریکاریی یەکتری بکەن، تاوەکو بارودۆخ لە باشووری.ك هێمن بکاتەوە و گەمارۆی پکك بدەن. **6420**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو - ژ7 و 8 - بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی، لەندەن - ئۆکتۆبەری 1996. لاپەڕە : 2.

**1996-09-22** هێمن بوونەوەی بارودۆخی باشووری.ك. **6422**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-09-22** ئامریکا دەستی کرد بە کشانەوەی ئەو هێزانەی کە لەم دوادواییەدا لە کەنداو لە دژی ئێراق مۆڵی دابوون. **6421**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-09-24** 20 هەزار ژەندرمەی تورك بە تانك و فڕۆکەوە لە نێوچەی دەرسیم هێرشیان کردە سەر هێزەکانی پکك، کە بووە هۆی کوشتنی شەش پێشمەرگە. **6423**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-09-24** لە ساڵی 984وە تاوەکو ئێستێ, بەهۆی شۆڕشی باکورەوە لە تورکیا, 21 هەزار کورد و تورک شەهید و کوژراون. **6424**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-09-26** مەسعود بارزانی, بۆ ڕۆژنامەی عارەبیی خۆرهەڵاتی نێوین ڕایگەیاند, کە بۆیە داوای یارمەتیی لە بەغداد کردووە, چونکە پیلانێك لە دژی شکۆی ئێراق و مانەوەی پارتیدا لە گۆڕێدا بووە. **6426**

**1996-09-26** ڕۆبەرت پێلەترۆ, لە بەردەمی لیژنەی پەیوەندییە جیهانییەکانی کۆنگرێسی ئامریکیدا ڕایگەیاند, کە ئامریکا هیچ ئیلتیزامێکی نییە بەوەی کوردەکانی سەرووی ئێراق بپارێزێت و نەهێڵێت سەددام حوسەین نێوچەی ئارام داگیربکاتەوە, چونکە کوردەکان خۆیان بانگهێشتنی سەددام دەکەن. **6425**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ7 و 8 – بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی, لەندەن – ئۆکتۆبەری 1996. لاپەڕە : 2.

**1996-10-00** چوونی سەرۆك وەزیرانی تورك ئەربەکان, بۆ لیبیا. سەرۆکی لیبی قەزاف پێی گووت کە کوردەکان مافی دامەزراندنی دەوڵەتیان هەیە, ئەمە یەکەمجارە کە لەسەر ئاستێکی واگەورە قسەیەکی وا بە لێپرسراوێکی گەورەی تورك بگووترێت, هەربۆیە تورك باڵوێزی خۆیی لە لیبیا کێشایەوە. **6427**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-10-00** دەرچوونی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی هەتاوی زارۆکان, لە لەندەن, ئەم ڕۆژنامەیە تایبەتە بە مندالانەوە. **6432**

**1996-10-00** دەنگوباس وابڵاوە, کە ینك نوێنەرێکی خۆیی بە نێوی فەرەیدوون عەبدولقادرەوە ناردۆتە بەغداد بۆ گفتوگۆ. **6431**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-10-00** سەرچاوەکانی ن.ی ڕایگەیاند, کە چەند منداڵی کورد لە نێوان سنووری ئێراق و ئێران, بەهۆی سەرما و برسێتییەوە مردوون, ئەو منداڵانە بەهۆی شەڕی براکوژییەوە لەگەڵ خێزانەکانیان هەڵهاتبوون. **6430**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-10-00** ب.ئیسلامی 7 ئەندامی حدکای دایە دەست د.ا. **6428**

**1996-10-00** بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان 6 پێشمەرگەی حدکای دایە دەست داگیرکەری ئێران و سەرونگووم کران. ئەمانە ناوی ئەو پێشمەرگانەیە: ئەرشەد ڕەزایی, محەمەد عەزیز قادری, یونس محەمەد پوور, عەدنان ئیسماعیلی, موزەفەر کازمی و مەعروف سوهرابی. **7926**

**1996-10-00** دەرچوونی ڕاپۆرتێکی ئەمنستی لەسەر سووریا, کە تێیدا باسی پێشێلکردنی ماف مرۆڤی کورد لە خۆرئاوای وڵاتدا دەکات. **6429**

سەرچاوەی 1: ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

**1996-10-01** ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی, بە توندی لە دژی تورکیا وەستایەوە, چونکە ماف مرۆڤ پێشێل دەکات و هاووڵاتییان دەکوژرێن و هەندێکیان دیارنامێنن, ئەمنستی دەڵێت, پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە دژی تورکیا هەڵبداتێت. **6433**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-10-02** تا 07-10, مەڵبەندی ڕۆشنبیری کوردستان لە ئەڵمانیا, بەشداریی پیشانگای جیهانیی پەڕتووکی لە فرانکفۆرتدا کرد, لە کاتی پیشانگاکەدا سێ کۆڕ بۆ ئەمانە گێرا, د. کەمال میراودەلی, کێشەی کورد و پرۆسەی دامەزراندنی ئاشتی و ئاسایش لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بە زمانی ئینگلیزی. د. کوردۆ, ڕووناکی خستنە سەر زمانی کوردی و گیروگرفتەکانی, بە زمانی ئەڵمانی, لەگەڵ خوێندنەوەی چەند پارچە هۆنراوەیەکی عەبدولقادر سەعید بە کوردی و وەرگێرانی ئەڵمانی. سەلیم فەرهاد, پرۆسەی دیموکراتی لە تورکیادا و چاری مەسەلەی کورد بە ئەڵمانی. **6434**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ6 – بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی, لەندەن – سێپتیمبەری 1996. لاپەڕە : 12.

**1996-10-05** مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن, لە یادی چل ساڵەی کۆچی دوایی مەلیکی کوردستان, شێخ مەحمودی بەرزنجی, کۆڕێکی سازکرد. لەو کۆڕەدا جگە لە پیشاندانی فلیمی ڤیدیۆیی دەربارەی شێخ مەحموود و سەردەمەکەی, کۆمەڵێك سیاسەتمەدار و نووسەر و هۆزانەوان و نوێنەری خانەوادەی شێخ مەحموود, لە وتار خوێندنەوەدا بەشدارییان کرد. **6435**

**1996-10-06** سەرۆکی لیبی موعەممەر قەززاف لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەنووسیدا لە شاری تەرابلوس, بەرامبەر سەرۆك وەزیرانی تورك نەجمەدین ئەربەکان وتی, کە کورد پێویستە ببێتە خاوەنی دەوڵەتی خۆی, شایانی باسە ئەمە یەکەمجارە کە لەسەر ئاستێکی وا گەورە وتەیەکی وا بەرامبەر لێپرسراوێکی تورك بکرێت, هەر بۆیە تورك باڵوێزی خۆیی لە لیبیا کێشایەوە. **6436**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-10-07** باڵوێزی تورك لە هۆڵندا ئیلکین, داوای لە هۆڵندا کرد کە تەلەفزیۆنی میدیا, دابخات, چونکە ئێستا بەرنامەکانی بەهۆی مانگی دەستکردەوە لە شاری ئوتریختی هۆڵندی بڵاودەکرێتەوە, ئەم تەلەفزیۆنە, پێشتر لە فەڕەنسا, پرتوگال, پۆڵاند و بەلژیك بڵاودەکرایەوە. **6437**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-10-08** هێرشی فڕۆکەکانی تورک بۆسەر بنکەکانی پکك لە باشووری کوردستان، کە بووە هۆی شەهیدکردنی 64 کورد. **6438**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-10-08** پێکدادانەکانی تورك و پکك، لەم چەند ڕۆژەدا بەدڵنیاییەوە 200 کەسی لە کورد و تورك شەهید و کوشتووە... ادت ڕایگەیاند، کە لە هێرشەکانیاندا بۆسەر بنکەکانی پکك لە باشووری کوردستان، 11 کەسیان لێ کوژراوە و 118 کوردیان شەهید کردووە... **6439**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-10-09** هێرشی هێزەکانی ینك بۆسەر پدك لە نێوچەی قەڵادزێ، کە زیانێکی زۆریان لە پدك دا. **6440**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان ڤ کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995.

**1996-10-10** کۆمەڵێك کوردی دانیشتووی بەریتانیا، نامەیەکی دەستخۆشانەیان بۆ سەرۆکی لیبی موعەممەر قەززافی نارد، وەکو سوپاسنامەیەك بۆ ئەو هەڵوێستەی کە بەر لە 4 ڕۆژ لەگەڵ سەرۆکی تورکیدا نواندی. **6441**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی – لەندەن – ژ75 و 76 – لەندەن – ئۆکتۆبەری 1996. لاپەڕە : 3.

**1996-10-10** کوژرانی 30 لاوی کورد لە نێوچەی هەکاری لەلایەن ژەندرمەی تورکەوە، کە دەیانویست لە سنووری تورکیا ئاودیو ببن، ئەوانە زۆربەیان خەڵکی شاری سلێمانین و پاشتر تەرمەکانیان دۆزرایەوە. **6442**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی – لەندەن – ژ75 و 76 – لەندەن – ئۆکتۆبەری 1996. لاپەڕە : 6.

**1996-10-10** ئەمڕۆ و ڕۆژانی 11، 15، 16، 17، 22 و 23ی ئەم مانگە: دادگای بەرلین بۆ لێکۆڵینەوە لە شەهیدانی میکۆنۆس دانیشتنی خۆیی کرد، دادگا گەلێك پرسیاری لەو کەسانە کرد کە پەیوەندییان بەم تاوانەوە هەیە، هەروەها ابو قاسم مباحی کە یەکێك بوو لە گەواهەکان، ڕۆڵی تیرۆریستانەی د.ا ئێرانیی بە تەواوەتی دەرخست. **6443**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 10.

**1996-10-11** سەعد بەزاز بۆ ڕۆژنامەی حەیات ڕایگەیاند، کە کوردستان مەسەلەیەکی نێودەوڵەتی نییە، بەڵکو گۆڕەپانێکی نێودەوڵەتییە، کە تێیدا دەوڵەتان جەنگی بەرژەوەندیی خۆیانی تێدا دەکەن. **6444**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ7 و 8 – بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی، لەندەن – ئۆکتۆبەری 1996. لاپەڕە : 1.

**1996-10-13** بەهۆی گیرانی سلێمانی و دەوروبەرییەوە, هەزاران ئەندامانی پارتی و هەوادارانیان, چوونە نێو سنووری ئێرانەوە. هەندێکیان لە ڕێی کەرکوکەوە و بەنێو هێزەکانی ئێڕاقدا چوونەوە بۆ هەولێر. **6448**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-10-13** داگیرکەری ئێڕاقی داوای لە پارتی و یەکێتی کرد, کە کێشەکانیان بەشێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکەن. **6447**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-10-13** جەلال تاڵەبانی, بۆ تەلەفزیۆنی سی.ئێن.ئێن ڕایگەیاند, کە خەڵکی شاری سلێمانی خۆیان لە دژی پدک ڕاپەڕیون. **6446**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی ئینگلیزی: CNN

**1996-10-13** گیرانی شاری سلێمانی و نێوچەکانی دەوروبەری لەلایەن ینک. **6445**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-10-13** دامەزراندنی لیژنەی باڵای دەرکراوەکان لە هەولێر, بۆ یارمەتیدانی ئەو کوردانەی کە لەلایەن داگیرکەرەوە لە کەرکوک و ناوچەکانی تر دەرکراون. **7473**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدک VT Kurdistan

**1996-10-14** گیرانی کۆیە و دێگەڵە, لەلایەن ینک. **6449**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-10-14** ئامریکا هەڕەشەی لە ئێڕاق و ئێران کرد, تاوەکو دەست نەخەنە نێو کاروباری باشووری کوردستانەوە. **6450**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-10-15** هێرشی بەرامبەری پدک بە هەزاران چەکدارەوە, بۆسەندنەوەی دێگەڵە و کۆیە لە هێزەکانی ینک. **6451**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-10-15** جەلال تاڵەبانی لەسەر تەلەفزیۆنی ئێم.بی.سی ڕایگەیاند, کە پدک لە سلێمانیدا 350 کوژراوی داوە. **6452**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995.

**1996-10-15** تەلەفزیۆنی بی.بی.سی 1, بەرنامەیەکی لەسەر کارزان کرێکار و براکانی پیشاندا, کە لەو فلیمەدا چۆنێتیی هاتنی کورد بۆ دەرەوەی وڵات پیشاندەدات و زۆربەی دیاردە خراپەکانی کوردستانی تێدا بوو. **6453**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی ئینگلیزی: 1BBC

سەرچاوەی 2: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ7 و 8 – بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی, لەندەن – ئۆکتۆبەری 1996. لاپەڕە : 16.

**1996-10-17** مەسعود بارزانی بەوە هەڕەشە لە ینك دەکات, کە داوای یارمەتیی سەربازی لە ئێڕاق دەکات لە دژی ینك. **6454**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی هۆڵندی: 3NL

**1996-10-17** فەڕەنسا داوای لە هەردوو پارتی نەیاری باشووری.ك کرد, کە کێشەکانیان لەگەڵ داگیرکەری ئێڕاقیدا چارەسەر بکەن. **6455**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الحیاە – 17-10-1996.

**1996-10-18** سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ, شاری کۆیە لەلایەن پدك گیرایەوە. **6456**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-10-19** گیرانی بەشی باکووری ڕانیە لەلایەن پدك. **6457**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-10-20** گیرانی ڕانیە و دۆڵی خەلەکان لەلایەن پدك. هەواڵەکان واڕادەگەیەنن, کە لە نێوچەی خەلەکاندا, هەردوولا 100 کەسیان لەیەکتری کوشتووە. **6458**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-10-20** هێرش بۆسەر شارۆچکەی دوکان, لەلایەن پدك. **6459**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-10-20** ئامریکا, نزیکەی 600 تا 650 کوردی سەربە ڕێکخراوە ئامریکاییەکان لە باشووری.ك, برد بۆ سلۆپی, تاوەکو لە داهاتوودا بیانباتە ئامریکا. **6460**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-10-20** 7 ئەندامی حدکا لە نێوچەی هەڵەبجەدا لەلایەن سەرکردەیەکی سەربازیی ب. ئیسلامییەوە گیران و درانەوە دەست د.ا, و پاشان خستیاننە نێو زیندانی پاوەوە و مەترسیی مردنیان لێدەکرێت. **6461**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ9 و 10 – بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی, لەندەن – دیسەمبەری 1996. لاپەڕە : 2.

1996-10-21 چوونی مەسعود بارزانی بۆ سلۆپی, تاوەکو لەگەڵ نوێنەری ئامریکا و تورکیادا, دەربارەی بارودۆخی شەڕی نێوان پارتی و یەکێتی دانوستاندن بکات. 6462

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تر، تەلەڤزیۆن: TRT کەناڵی تەلەڤزیۆنی تورکیا کە ئاڕاستەی ئەورووپا کراوە

1996-10-21 پدک, هێرشەکەی خۆیی بۆسەر بەستی دوکان ڕاگرت و بۆ چیای هەیبەت سوڵتان کشانەوە, دەنگوباسەکان وا ڕادەگەیەنن کە کوژراوێکی زۆریان لە دوکاندا داوە. 6463

سەرچاوەی 1: ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

سەرچاوەی 2: تەلەڤزیۆنی عەرەبی: تلفزیون الشرق الاوسگ فی لندن MBC.

1996-10-22 چوونی جەلال تاڵەبانی, لە تارانەوە بۆ ئەنکەرە, بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ نوێنەری ئامریکادا ڕۆبەرت پێلەترۆ, تاوەکو چارەسەری کێشەکەیان لەگەڵ پدک بکەن. هەواڵەکان وادەڵێن کە دانیشتنەکان پۆزەتیڤ بووە. 6464

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تر، تەلەڤزیۆن: TRT کەناڵی تەلەڤزیۆنی تورکیا کە ئاڕاستەی ئەورووپا کراوە

1996-10-23 دۆزینەوەی تەرمی ئەو 30 لاوەی کە لە نێوچەی هەکاری بە دەستی ژەندرمەی تورک شەهید کران, کە تاوەکو ئێستا ناوی 23 کەسیان زانراوە و خەڵکی شاری سلێمانین. 6467

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی – لەندەن – ژ75 و 76 – لەندەن – ئۆکتۆبەری 1996. لاپەڕە : 6.

1996-10-23 شەڕی نێوان هاوڕکەکانی باشووری.ك, تاوەکو ئەمڕۆ لە نزیك کۆیە بەردەوام بوو, بەڵام سەرانی هاوڕك, لە ئەنکەرە وەستانی شەڕیان ڕاگەیاند. هەروەها ئەوەشیان ڕاگەیاند کە چیدی تاران و بەغداد دەست نەخەنە کاروباریانەوە. 6465

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1996-10-23 د.ق, ناڕەزایی خۆیی بەرامبەر بە نێوبژیی ئامریکا لە نێوان یەکێتی و پارتی ڕاگەیاند. 6466

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1996-10-24 ینك, پاش 5 کاژێر ئاگربەست, دێگەڵەی دایە بەر کاتووشە. 6468

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1996-10-24 ڕاوەستانی شەڕی نێوان یەکێتی و پارتی, کە لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئامریکاوە ڕاگەیەندرا. 6469

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی ئینگلیزی: CNN

1996-10-24 ڤاتیکان ناڕەزایی خۆیی بەرامبەر گەمارۆی ئابووری بۆسەر ئێراق و کوبا دەربڕی, چونکە بەهۆیەوە برسێتی لەو وڵاتانەدا بڵاوبووەتەوە, کە باشووری.ك دەگرێتەوە. 6470

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی ئینگلیزی: CNN

**1996-10-24** دەنگوباسەکان واڕادەگەیەنن, کە لەم شەڕانەی دواییدا, لە نێوان یەکێتی و پارتی, 3 تا 4 هەزار کەس لە چەکدار و بێ چەك کوژراون. **6471**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-10-25** کچێکی هەڤدە ساڵ, کە نێوی لەیلا کاپلان بوو, لە پۆلیسخانەی ئەدەنە خۆیی لە شێوەی ئافرەتێکی سکپڕدا تەقاندەوە و 5 کەسی کوشت و 104ی بریندار کرد, کوژراوەکان 3یان پۆلیس بوون. پکك, ڕایگەیاند کە شەهید لەیلا ئەندامی ئێمەیە. **6472**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-10-31** گومرگی ئیبراهیم خەلیل, کێشەی بۆ ڕێکەوتنی ینك و پدك, دروستکردووە, چونکە پارتی دەیەوێت لە ژێر سایەی ن.ی دا لەسەر داهاتی ئەو گومرگە ڕێکبکەون, بەڵام یەکێتی دەیەوێت, هەر بەڕێکەوتنێکی نێوخۆیی خۆیان چارەسەر بکرێت. **6474**
سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منقمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منڑ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995.

**1996-10-31** تانسۆ چیلەری وەزیری دەرەوەی د.ت, وتی کە ژمارەی تورکمانەکان لە باشووری کوردستاندا سێ ملیۆن و نیوە. **6475**
سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ78 – لەندەن – فیبریوەریی 1997. لاپەڕە : 15.

**1996-10-31** دیپلۆماتێکی تورکی ڕایگەیاند, کە گفتوگۆی نێوان ینك و پدك, لە تورکیا پێشکەوتنێکی باشی بەدەست هێناوە. **6473**
سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی ئینگلیزی: CNN

**1996-11-00** کۆچی دوایی کەمال ئەحمەدی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کورد لە سووریا – پارتی, بە ڕووداوی ئۆتومبیل, لە شاری قامیشلی, نێوبراو تەمەنی لە پەنجاکاندا بوو. **6476**

**1996-11-00** کردنەوەی ئەنیستیتوی کورد, لە واشنتۆن دی سی لە ئامریکا. **6477**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-11-00** تیرۆرکردنی خێزانێکی ئاوارەی کەرکوکی لە ئۆردوگای بنەسڵاوا, لەلایەن نەجات عەلی فاتمەوە. **6478**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ13 و 14 – بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی, لەندەن – ژونی 1997. لاپەڕە : 5.

**1996-11-01** ئامریکا, 7,3؟ ملیۆن دۆلاری یارمەتیی مرۆڤانەی بۆ کوردەکانی باشوور تەرخانکرد. **6479**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ7 و 8 – بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی، لەندەن – ئۆکتۆبەری 1996. لاپەڕە : 2.

**1996-11-01** نێوبژیکارانی ئامریکی و بەریتانی لە ئەنکەرە ڕایانگەیاند، کە پارتی و یەکێتی ڕێکەوتننامەی ئاشتییان مۆرکرد. **6480**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-11-02** دیسانەوە ڕێکەوتنی پارتی و یەکێتی تووشی کێشە بووەوە، چونکە پارتی بەو 21 خاڵە ناسازێت کە پێشتر لەسەری ڕێك کەوتبوون، بەڵکو تەنها 5 خاڵیان پیادە دەکات، کە یەکێکیان شەڕ وەستانە. **6481**

سەرچاوەی 1: ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

**1996-11-12** خستنە خوارەوەی فڕۆکەیەکی پەروانەداری تورك، لەلایەن یۆنانییەکانەوە. **6482**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی ئینگلیزی: CNN

**1996-11-12** دادگای بەرلین بۆ لێکۆڵینەوە لە شەهیدانی میکۆنۆس، دانیشتنێکی کرد و داواکاری گشتی برۆنۆ ویست گووتی: کە ئەم تاوانە لەگەڵ تاوانێکی ئاساییدا جیاوازیی هەیە. **6483**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 10.

**1996-11-15** تا 17-11، پێشکەشکردنی ڤیستیڤالی فیلمی کوردی لە ئەمستەردام. **6484**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-11-15** نێوەندی هاوکاریی کورد و هۆڵندی لە شاری گرۆنینگن، کۆڕێکی بۆ دوو هۆزانەوانی کورد سازکرد، کە بریتی بوون لە حەنیف یوسف و کاوە خوسرەوی. **6485**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1996-11-16** ن.ی، 11 ملیۆن دۆلاری یارمەتیی مرۆڤایەتی پێشکەشی باشووری کوردستان کرد. **6486**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منڤمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الآنسان فی کردستان العراق منڎ 1991 – الگبعە الآولی – لندن – ایلول 1995.

**1996-11-16** ادت، ڕایگەیاند کە لە شەڕێکدا، 8 پێشمەرگە و 3 ژەندرمە شەهید و کوژراون. **6487**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منڤمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الآنسان فی کردستان العراق منڎ 1991 – الگبعە الآولی – لندن – ایلول 1995.

**1996-11-20** کۆبوونەوەی پەڕلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات لە شاری ئۆسلۆی پێتەختی نەرویژ، لەو کۆبوونەوەیەدا عەبدوڵڵا ئۆجەلان نامەیەکی بۆ پەڕلەمان نارد و پێی گووتن کە ئێوە لەمڕۆوە نێوتان دەبێت بە پەڕلەمانی کوردستانی فیدڕاڵی. **6488**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الوگن – صحیفە سیاسیە پقافیە – العدد الرابع – السنە الاولت – 15-31-اڎار-1997.

**1996-11-22** نێوەندی شانۆی کۆچەر لە کۆلن، یادی 75 لە دایکبوونی گۆرانیبێژی نەمر حەسەن زیرەکی کردەوە، کە گەلێك لە هونەرکاران و ڕۆشنبیران بەشداربوون تێیدا. **6489**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ7 و 8 – بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی، لەندەن – ئۆکتۆبەری 1996. لاپەڕە : 20.

**1996-11-25** ئامریکا بڕیاریدا کە نزیکەی 5 هەزار کوردی باشوور و خێزانەکانیان بەرێتە دورگەی گوام و پاشانیش بۆ ئامریکا. **6490**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-12-00** دامەزراندنی بەرەی دیموکراتی کوردستانی لە شاری سلێمانی، کە لەم پارتانە پێك هاتوون، ینك، حزك، بزووتنەوەی دیموکراتەکان، حسك و پارتی پارێزەران. **6491**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ9 و 10 – بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی، لەندەن – دیسەمبەری 1996. لاپەڕە : 2.

**1996-12-00** دەرچوونی ژمارەیەکی تاقیکردنەوە لە ڕۆژنامەی نیشتمان بە زمانی عەرەبی لە شاری ئیسلام ئابادی پاکستان، کە ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری – ڕۆشنبیرییە. **6494**

**1996-12-00** کۆبوونەوەی هەردوو دەستەی گۆڤاری یەکگرتن و ئازادی لە شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیا و بڕیاریاندا کە گۆڤارێکی نوێ بە نێوی ڕەهەندەوە دەربکەن. **6492**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: ڕەهەند – گۆڤارێکی تیۆری، کلتووری و ڕاڤەکردنە – دانیمارك – ژ1 – 1996. لاپەڕە : 4.

**1996-12-00** ڕێکخراوی پەناهاندەی سەربە ن.ی خۆیی لە کامپی ئاتروشی باشوور کێشایەوە، ئەم کامپە هەزاران کوردی باکووری تێدا دەژین. **6493**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ78 – لەندەن – فیبریوەریی 1997. لاپەڕە : 7.

**1996-12-02** ئێراق بڕیارێکی دەرکرد، بۆ دابڕینی شارۆچکەی مەخمور لە شاری هەولێر و بە شاری موسڵەوە بەستنییەوە، ئەمەش لەبەرئەوەیە کە مەخمور لە نەوتدا زۆر دەوڵەمەندە و شارەزایان باوەڕیان وایە کە 38 بیری نەوتی تێدایە و یەك لەوانە وزەی بەرهەمهێنانی دەگاتە 200 هەزار بەرمیل. **6498**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ9 و 10 – بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی، لەندەن – دیسەمبەری 1996. لاپەڕە : 2.

**1996-12-02** ڕۆژنامەی حەیات ڕایگەیاند، کە تورکیا خەریکی نوێکردنەوەی ڕێکەوتنی ئاسایشە لەگەڵ ئێراقدا، تاوەکو سەرپۆشێکی ڕەوا بۆ دەستەڵاتگرتنەوەی ئێراق بەسەر باشووری.ك و سنووری نێوان تورکیا و ئێراقدا دروست بکات. **6497**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-12-02** کۆچی دوایی مەلا ڕەبیعی لە شاری کرماشان, کە دەنگوباسەکان واڕادەگەیەنن کە د.ا دەستکوژی کردبێت, نێوبراو پیاوێکی ئایینیی سوننەیی بوو. **6495**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الحیاه – 6-12-1996.

**1996-12-02** دوای ئاخاوتنێکی ستراتیژیی دوو ڕۆژە, تورکیا و ئیسرائیل ڕێکەوتنێکی سەربازیی نوێیان بۆ هاوکاری و ڕاهێنانی سەربازیی ساڵی داهاتوو مۆرکرد. **6496**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ9 و 10 – بلاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی, لەندەن – دیسەمبەری 1996. لاپەڕە : 2.

**1996-12-05** ڕوودانی خۆپیشاندانێك لە دژی ڕژێمی ئێرانی لە شاری کرماشان, بەبۆنەی کۆچی دوایی مەلا ڕەبیعییەوە, کە بووە هۆی کوژرانی چەند کەسێك لە هاووڵاتییان و پۆلیسی ڕژێم. **6499**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الحیاه – 6-12-1996.

**1996-12-07** وەزیری دەرەوەی ئێراقی محەمەد سەعید سەحاف لە ڕۆژنامەی العربدا ڕایگەیاند, کە هێرشەکەی هەولێر, پرۆژەی دابەشکردنی ئێراقی لەباربرد. **6500**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ9 و 10 – بلاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی, لەندەن – دیسەمبەری 1996. لاپەڕە : 2.

**1996-12-10** ڕۆیشتنی نەوتی ئێراق لە ڕێی تورکیاوە, لە ژێر چاودێریی ن.ی دا, کە بەشێکی ئەو نەوتە بۆ کوردی باشوورە. **6501**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-12-18** تەقینەوەی ئۆتومبیلێکی مینکراو لەبەردەم ماڵی یەکێك لە لێپرسراوانی تیمی مین دەرهێنانەوەی کوردستان سۆلیداریتی, کە لە ئەنجامدا بووە هۆی شەهیدکردنی ئازاد, کە شۆفێری ئەو دەزگەیە و مینهەڵگرەوەش بووە, هەروەها فەرهاد, کە یاریدەدەری پزیشکی و مینهەڵگرەوە بوو, 3 کەسی تریش بەم نێوانە بریندار بوون, بورهان, حەسەن و عومەر. **6502**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ9 و 10 – بلاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی, لەندەن – دیسەمبەری 1996. لاپەڕە : 2.

**1996-12-19** چوونی سەرۆك ڕەفسنجانی بۆ تورکیا, کە لەگەڵ لێپرسراوانی ئەوێدا کۆبووەوە, شایانی باسە کە کێشەی کورد و باری باشووری.ك, یەکێك بوو لەو بابەتە گرنگانەی کە بۆی کۆدەبوونەوە. **6503**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-12-21** بنکەی ڕاگەیاندنی کوردی لە لەندەن, میهرەجانێکی بۆ ڕێزگرتن لە کەسایەتیی مامۆستا ئەحمەد هەردی گێڕا و تێیدا ڕێزیان لە کار و هۆنراوەکانی مامۆستا گرت و چەند ڕۆشنبیرێکیش وتاریان خوێندەوە. **6505**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ78 – لەندەن – فیبریوەریی 1997. لاپەڕە : 11.

**1996-12-21** ئەنجوومەنی ئاسایشی تورکیا ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە و داوای کۆنترۆڵکردنی منداڵبوونی کورد دەکات, چونکە بەپێی ئەو ڕاپۆرتە لە ساڵی 2.025دا ڕێژەی کورد لە تورکیادا لە تورک زێتر دەبێت. **6504**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ9 و 10 – بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی, لەندەن – دیسەمبەری 1996. لاپەڕە : 2.

**1996-12-25** د.ق بڕیارێکی دەرکرد, کە تێیدا هەرچی سزای یاسایی لە دژی سەربازە کوردە ڕاکردووەکان هەیە, هەموویی پووچەڵکردەوە. **6506**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1996-12-30** د.ت, هێرشێکی بەرفراوانی بۆسەر بنکەکانی پکك لە باشووری.ك دەستپێکرد, کە هەزاران ژەندرمە و تۆپ و فڕۆکە بەشداربوون تێیدا. **6507**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997** سەرەتای ئەم ساڵ: لەسەر شانۆی یۆنگ ڤایس لە لەندەن بۆ ماوەی 20 شەو گۆرانیی شەمامە و خاڵ خاڵی حەسەن زیرەك لە شانۆگەریی ئن ئێکسترەیمسی ئینگلیزیدا بەشداریی کرد, هەروەها لەو شانۆگەرییەدا 2 ئەکتەری کوردیش بە نێوی ڕزگار کەریم و کارزان کرێکارەوە بەشدار بوون. **6511**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 6.

**1997** دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری زیلان لە ئەڵمانیا. **7968**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952–2002 – نوسینی ڕێناس نەورۆزی – برۆکسل.

**1997** دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری ژیانی ئازاد لە شاری سلێمانی. **7969**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952–2002 – نوسینی ڕێناس نەورۆزی – برۆکسل.

**1997** سەرەتای ئەم ساڵ: لە شاری تاران, شانۆگەریی دەورانی بێگوناهی بە فارسی لەلایەن سێ ئافرەتی کوردەوە پێشکەشکرا, شانۆکە باسێکی مێژوویی نەهامەتییەکانی کوردی بە فارسی دەگێڕایەوە و ئەم سێ ئافرەتە بەشداربوون تێیدا: شەهێن عەلی زادە, ناهید موسلیمی و ئیلهام پاوەنزاد, نووسەر و چاودێری هونەرییەکەی د. قوتبەدین سادقی بوو. **6510**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 7.

**1997** دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری ژووژین لە شاری ئەستەمبوڵ. **7972**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952–2002 – نوسینی ڕێناس نەورۆزی – برۆکسل.

**1997** د.ت, خەڵکی کورد ناچار دەکات تاوەکو بەسەر میلەکاندا بڕۆن, بۆ تەقینەوەیان. **6509**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ79 – لەندەن – مارتی 1997. لاپەڕە : 3.

**1997** د.ت, پێشگیری لە خەڵکی کورد لە باکووردا دەکات, تاوەکو سەیری تەلەفزیۆنی میدیا نەکەن و بۆ ئەم مەبەستەش سەتەلایتی ماڵان دێنێتە خوارەوە. **6508**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ79 – لەندەن – مارتی 1997. لاپەڕە : 3.

**1997** دامەزراندنی ناوەندی ڕۆشنبیریی سۆران لەلایەن نورەدین سەعید وەیسی و کۆمەڵێك ڕۆشنبیری تری ناوچەی دیاناوە. **7622**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی کوردستان نێت org.kurdistannet.www//:http

**1997** دەرچوونی ژمارە 1ی گوڤاری کلتوور لە کەنەدا لەلایەن هونەرمەند حەمە ڕەشید هەرەسەوە. ئەم گوڤارە تا ساڵی 2002 بەردەوام بوو و 10 ژمارەی لێدەرچوو. **8224**

سەرچاوەی 1: ڕووبەڕووی کوردی: ڕووبەڕوویەك لەگەڵ هونەرمەند حەمە ڕەشید هەرەس لە 14-08-2004 لە ئەمستەردام.

**1997** سەرەتای ئەم ساڵ: د. گۆران جەمال تاڵەبانی, خەڵاتی پزیشکیی بەریتانیای پێشکەشکرا. **6512**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 9.

**1997-01-00** سەرەتای ئەم مانگە, یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. **6513**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-01-00** دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری زەند بە کوردیی لاتینی لە ئەستەمبوڵ. **6516**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: صوت الاكراد – لسان حال الحزب الديمقراگی الكردی فی لبنان "البارتی" – نصف شهريه – العدد 26 – لندن – 10-2-1997. لاپەڕە : 7.

**1997-01-00** دەرچوونی ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا بۆ مافی مرۆڤ, کە تێیدا د.س تاوانبار دەکات لە پێشێلکردنی مافەکانی کورد لە خۆرئاوای وڵات و لوبناندا. **6517**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: صوت الاكراد – لسان حال الحزب الديمقراگی الكردی فی لبنان "البارتی" – نصف شهريه – العدد 26 – لندن – 10-2-1997. لاپەڕە : 8.

**1997-01-00** کۆتایی ئەم مانگە, لە شاری سلێمانیدا ینك و چەند پارتێکی تری هەواداری ئەو, بەسەرۆکایەتیی کۆسرەت ڕەسوڵ کابینەیەکی وەزارەتیان دامەزراند, بەو شێوەیە ئێستا لە باشووری.ك دوو کابینەی وەزارەت هەیە. یەکێکیان سەربە پارتی و ئەوی تریان سەربە یەکێتی. **6514**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الحياه – 28-1-1997.

**1997-01-02** ادت, ڕایگەیاند, کە لەم هێرشەی دواییدا بۆسەر بنکەکانی پکك لە باشووری.ك, نزیکەی 72 پێشمەرگەی شەهید کردووە. **6518**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمه العفو الدوليه – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی كردستان العراق منذ 1991 – الگبعه الاولی – لندن – ايلول 1995.

**1997-01-04** سەرلەنوێ دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێی ینک، کە بەهۆی ڕووداوەکانی 31ی ئابەوە چەند مانگێك وەستابوو. **6922**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1997-01-06** عەبدولکەریم محۆی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کورد لە لوبنان, بروسکەیەکی پیرۆزبایی بۆ سەددام حوسەین نارد, بەبۆنەی ساڵڕۆژی دامەزراندنی سوپای داگیرکەری ئێراقییەوە, لە بروسکەکەدا ئەوەی نووسیوە کە باوەڕی بە سوپای ئێراقی لە دژی زایۆنیزم و ئیمپریالیزم هەیە لە ژێر سەرۆکایەتیی سەددام حوسەیندا. **6519**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: صوت الأكراد – لسان حال الحزب الديمقراگی الكردی فی لبنان "البارتی" – نصف شهريه – العدد 25 – لندن – 11-1-1997. لاپەڕە : 8.

**1997-01-07** پێکهاتنی بەرەی ئیسلامیی کوردستانی, لەلایەن هەردوو ڕێکخراوی ب.ئیسلامی و پارتی ئیسلامیی کوردستانەوە. **6521**

**1997-01-07** تەقینەوەی بۆمبێك لە نزیك بنکەی پارێزگای هەولێرەوە, کە هیچ زیانێکی نەدا, ئاسایشی پارتی چەند کەسێکی گرت لەوانە ئەبوبەکر عیسا و عەبدوڵلا عیسا, کە دانیان بەوەدانا کە لەلایەن کۆسرەت ڕەسوڵەوە فەرمانیان وەرگرتووە. **6520**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: صوت الأكراد – لسان حال الحزب الديمقراگی الكردی فی لبنان "البارتی" – نصف شهريه – العدد 26 – لندن – 10-2-1997. لاپەڕە : 6.

**1997-01-11** پارتی و یەکێتی, لە واشەنتۆن کۆبوونەوە, تاوەکو چارەیەك بۆ کێشەکانیان بدۆزنەوە. **6522**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-01-12** یەکگرتنی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لە بەرتیانیا و کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە سوید. **6523**

**1997-01-13** مۆرکردنی ڕێکەوتننامەیەك لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردی سووریا و پارتی ئیسلامیی کوردستان. **6524**

**1997-01-14** کوژرانی (ئەحمەد ساڵح عەلی)ی بەڕێوەبەری فەرمانگەی باجی شاری سلێمانی. **6515**

سەرچاوەی 1: ڕووبەڕووی کوردی: ئاخاوتنێکی تەلەفونی لەگەڵ کاك شوان ئەحمەد ساڵحدا لە ڕۆژی 02-04-2004.

**1997-01-15** پارتی و یەکێتی, لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە هێزەکانیان لە بەرەکانی جەنگ بکێشنەوە. **6525**

سەرچاوەی 1: ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

سەرچاوەی 2: تەلەڤزیۆنی عەرەبی: تلفزيون الشرق الأوسگ فی لندن MBC.

**1997-01-18** کۆچی دوایی هۆزانەوان عەباسی حەقیقی لە شاری بۆکان, نێوبراو دوا هۆزانەوانی هێڵی شیعریی مامۆستایان هێمن و هەژار بوو و پیرترین هۆزانەوانی کوردیش بوو. **6526**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بلاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ78 – لەندەن – فیبریوەریی 1997. لاپەڕە : 3.

**1997-01-19** جەلال تاڵەبانی, هەڕەشەی لە پێشمەرگەکانی پەک کرد, کە چەکیان بکات, بەهۆی هەڵوێستی نوێی پەک لەگەڵ پارتیدا و هەروەها هەڵوێستی نوێی یەکێتی لەگەڵ تورکەکاندا. هەوادارانی یەکێتی دەڵێن ئەمە تاکتیکە. **6527**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-01-19** تا 20-01, گێرانی کۆڕێکی ماتەمینی بۆ کۆچکردنی هۆزانەوان عەباسی حەقیقی, کە هەزاران کەس بەشداریی تێدا کرد. **6528**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بلاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ79 – لەندەن – مارتی 1997. لاپەڕە : 9.

**1997-01-20** تا 29-01, چوونی وەفدێکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی جەواد مەلا بۆ لیبیا لەسەر بانگهێشتێنکی ڕەسمیی ئەو وڵاتە, لەوێ چاویان بە سەرۆکی لیبی موعەممەر قەززافی کەوت و وەفدەکە ئاڵایەکی کورستانیان پێشکەشی سەرۆک کرد و ئەویش وەکو ڕێزێك بۆ ئاڵاکە هەڵستایە سەرپێ و ماچی کرد و خستییە سەرسەری. **6529**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الوگن – صحیفە سیاسیە پقافیە – العدد الرابع – السنە الاولت – 15-31-اڎار-1997.

**1997-01-21** ئەنجوومەنی ئەدەبی مەهاباد و سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامی و فەرمانگەی فەرهەنگ و ئیرشادی مەهاباد و بنەماڵەی حەقیقی, کۆڕێکی پرسانەیان لە مزگەوتی سووری مەهاباد بۆ کۆچی هۆزانەوان عەباسی حەقیقی گرت و خەڵکێکی زۆر بەشداریی تێدا کرد. **6530**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بلاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ79 – لەندەن – مارتی 1997. لاپەڕە : 9.

**1997-01-27** کۆبوونەوەی وەفدێکی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان, بە سەرۆکایەتیی جەواد مەلا لەگەڵ موعەممەر قەززافیی سەرۆکی لیبیا لە تەرابلوس, وەفدەکە سوپاسی سەرۆکی لیبیی کرد, بۆ هەڵوێستە ئازایانەکانی لە مەڕ کێشەی کوردەوە. **6531**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الفاتح – صوت الشعب المسلح – لیبیا – العدد 159 – 27-1-1997.

**1997-01-29** کۆچی دوایی شێخ مەولانا سیراجەدینی برا بچووکی شێخ عوسمانی بیارە, لە سنە. **6532**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بلاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ78 – لەندەن – فیبریوەریی 1997. لاپەڕە : 3.

**1997-01-30** کۆچی دوایی شێخ عوسمانی نەخشبەندی – بیارە لە شاری ئەستەمبوڵ. **6533**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بلاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ78 – لەندەن – فیبریوەریی 1997. لاپەڕە : 3.

**1997-02-00** ڕوودانی شەڕی براکوژی لە نێوان یەکێتی و ب. ئیسلامیدا, کە هەواڵی لابەلا دەڵێت 5 یان 6 کەسیان لە یەکتری کووشتووە. **6534**

**1997-02-00** کۆتایی ئەم مانگە: سەزگین تانریۆغلۆی سکرتێری گشتیی دەستەی یاسایی دیاربەکر, ڕاپۆرتێکی دەربارەی دادگا و ئەو بڕیارانەی کە لەلایەن دادگای ئاسایشی دەوڵەتەوە لە دیاربەکر دراون, نووسی. **6536**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 3.

**1997-02-00** کۆچی دوایی هۆزانەوان حەسیب قەراخی. **6537**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ78 – لەندەن – فیبریوەریی 1997. لاپەڕە : 3.

**1997-02-00** ڕوودانی کودەتایەکی سەرنەکەوتوو لە بەغداد لەلایەن چەند سەربازییەکەوە. **6535**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الٳنسان فی کردستان العراق منژ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995.

**1997-02-03** جەلال تاڵەبانی لە ڕادیۆی کوردی ئامریکا ڕایگەیاند, کە ئەم ئامادەیە لەگەڵ مەسعود بارزانیدا دابنیشێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان, بەڵام مەسعود نایەوێت. **6538**

سەرچاوەی 1: ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

**1997-02-06** یەکگرتنی کۆنگرەی گەلی کوردستان لە بەریتانیا و کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە سوید و کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان لە بەریتانیا و سوید. کە بەهەرسێکیان کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستانیان پێکهێنا. **6539**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-02-11** د.ق 11 سەربازی ڕاکردووی لە شاری کەرکوکدا گوولله باران کرد. **6540**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ79 – لەندەن – مارتی 1997. لاپەڕە : 3.

**1997-02-12** ڕێکخراوی کورد بۆ مافی مرۆڤ لە بەریتانیا, نامەیەکی بۆ باڵوێزخانەی د.ا لە لەندەن, سەبارەت بە گیرانی نووسەری کورد کەلیموڵڵای تەوحیدییەوە نارد. **6541**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 3.

**1997-02-13** لە پەرلەمانی بریتانیا, کۆبوونەوەیەك بە پێشنیار و هەڵسووڕاندنی سی.ئەی.دی.ئار.ئای لە ژێر دروشمی گەلەکۆمەکێ دژی سەرکوتکردن, بۆ پالپشتی مافی دیموکراتی لە ئێراق بەسترا و باسی گەلێك لە تاوانەکانی د.ق لە کوردستاندا کرا, کە چەندین خەڵکی کورد و ئینگلیز بەشدارییان لە کۆبوونەوەکەدا کرد. **6542**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ11 و 12 – بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی، لەندەن – مارتی 1997. لاپەڕە : 2.

**1997-02-16** دامەزرانی ڕێکخراوی هاوبیرانی ڕێبازی نەتەوەیی کورد لە ئەوروپا. **6543**

**1997-02-23** تەقینەوەی ئوتومبیلێکی مینکراو لە بەرامبەر فەرمانگەی دارایی کەرکوك. **6544**
سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ79 – لەندەن – مارتی 1997. لاپەڕە : 3.

**1997-02-24** سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ، بۆمبێك لە بارەگای بەعس لە گەڕەکی ساری کەهیەی کەرکوکدا تەقیەوە. **6546**
سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ79 – لەندەن – مارتی 1997. لاپەڕە : 3.

**1997-02-24** د.ا و د.س، لە دیمەشق ڕێکەوتننامەیەکی ئابووری و بازرگانییان مۆرکرد. **6545**
سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995.

**1997-02-25** کۆمەڵێك چەکدار، هێرشیان کردەسەر ئاسایشی پارێزگای کەرکوك. **6547**
سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ79 – لەندەن – مارتی 1997. لاپەڕە : 3.

**1997-03-00** کۆتایی ئەم مانگە:ماڵێکی کورد لە ئەڵمانیا سووتان. لە کاتی ناردنەوەی تەرمەکانیاندا بۆ تورکیا، کورد و تورك دایان بەیەکدا، چونکە تورکەکان دەیانویست کە ئاڵای تورکی بدەن بەسەر تەرمەکاندا، بەڵام کوردەکان دەیانویست ئاڵای کوردستانیان بەسەردا بدەن. **6553**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: صوت الاکراد – لسان حال الحزب الدیمقراگی الکردی فی لبنان "البارتی" – نصف شهریە – العدد 30 – لندن – 7-4-1997. لاپەڕە : 5.

**1997-03-00** بەرزبوونەوەی جەنگی دیپلۆماسی لە نێوان د.ت و د.ا و کێشانەوەی باڵوێز و کونسوڵەکانیان. **6548**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-03-00** تەواوی چاودێرە ڕامیارییەکانی جیهان پێشبینیی ئەوە دەکەن کە سەربازییەکانی نێو تورکیا بە کودێتایەك لە دژی ڕژێمی نەجمەدین ئەربەکان هەڵبستن. **6549**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-03-00** نێوەڕاستی ئەم مانگە: دەزگای ئاسایشی کۆماری بۆسنە و هەرسك، نزیکەی 300 کوردی دایەوە دەست د.ت، ئەو کوردانە بەهۆی زۆر و زۆرداریی تورکەوە لەوێ پەناهاندە بوون. **6550**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: صوت الاکراد – لسان حال الحزب الدیمقراگی الکردی فی لبنان "البارتی" – نصف شهریە – العدد 30 – لندن – 7-4-1997. لاپەڕە : 4.

**1997-03-00** کۆچی دوایی گۆرانیبێژ ئەحەی خولە سنەیی ناسراوبە ئەحمەد شەماڵ لە سلێمانی. **6551**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-03-00** د.ق, کەوتە قەدەغەکردنی ساتەلایت لە نێوچەکانی موسڵ و کەرکوك و گەرمیان. **6554**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 3.

**1997-03-00** کۆتایی ئەم مانگە: یەکێتی هەڵستا بە گرتنی ئەو مامۆستایانەی کە هەواداری پارتین لە هەردوو شاری ڕانیە و قەڵادزێدا. **6552**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995.

**1997-03-02** کردنەوەی لکی یەکێتی نووسەرانی کورد لە لەندەن. **6555**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ11 و 12 – بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی, لەندەن – مارتی 1997. لاپەڕە : 16.

**1997-03-03** تا 18-03, کردنەوەی پێشانگای هەڵەبجە لە لەندەن لەلایەن هونەرکار ڕێبوار سەعیدەوە. **6556**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ78 – لەندەن – فیبریوەریی 1997. لاپەڕە : 25.

**1997-03-04** کۆچی دوایی مێژوونووس و نووسەری شێخ مەحموود, ئەحمەد خواجە لە شاری سلێمانی لە تەمەنی 102 ساڵیدا و لە گردی سەیوان نێژرا, نێوبراو خاوەنی پەرتووکی چیم دییە, کە تەواوی ڕووداوەکانی سەردەمی شێخ مەحموودی تێدا تۆمار کردووە و خۆی چاودیدەی ڕووداوەکان بووە. **6557**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 29.

**1997-03-06** تا 22-03, یاریکردنی شانۆییەکی ئینگلیزی لە لەندەن, لەلایەن تیپی شانۆیی تۆلگیلۆپەوە, کە چەند کوردیکیش بەشدارییان لە نواندنیدا کرد. **6558**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ79 – لەندەن – مارتی 1997. لاپەڕە : 7.

**1997-03-08** کردنەوەی پێشانگای وێنەکێشیی منداڵانی کورد لە لەندەن. **6559**

**1997-03-15** بەستنی کۆڕێکی هەڵبەست و کردنەوەی پێشانگایەك لە هۆڵی کوردستانی مەڵبەندی لەندەن, کە ئەم هۆزانەوانە بەشدارییان تێدا کرد: د. ڕەفیق سابیر, محەمەد ڕەسوڵ هاوار, د. کەمال میراودەلی, د. یوسف زەنگەنە, خاتوو بێریڤان دۆسکی, خاتوو چۆمان هەردی, مینە, محەمەد خاکی و سەربەست کەرکوکی. **6560**

**1997-03-16** بەستنی کۆنسێرتێك لەلایەن هونەرکار عەدنان کەریم و پێشکەشکردنی هەندێك وتار، بە بۆنەی یادی هەڵەبجەوە لەلایەن مەڵبەندی کوردی لە لەندەن. **6561**

**1997-03-21** سکرتێری پارتی سۆسیالیستی فەڕەنسی لیۆنیل ژۆسیا، پیرۆزبایی جەژنی نەورۆزی لە گەلی کورد کرد. **6562**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ11 و 12 – بلاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی، لەندەن – مارتی 1997. لاپەڕە : 2.

**1997-03-25** کردنەوەی پێشانگایەکی تایبەت بە وێنەی فۆتۆگرافیی کوردستانەوە لە لەندەن. **6566**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-03-25** بەستنی کۆڕێك دەربارەی هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی لەلایەن عومەر دزەییەوە، لە لەندەن. **6565**

**1997-03-25** سووتانی ماڵێکی کورد لە جادەی فرانس هاڵس لە گەڕەکی سخیلدەری شاری لاهایی پێتەختی هۆڵندا، لەلایەن چەند نەناسراوێکەوە، لە خێزانەکەدا دایکێك و 5 منداڵی تێدا مردن، یەکێك لەو منداڵانە تەمەنی مانگ و نیوێك بوو و یەکێکی تریان کەڕولاڵ بوو، خێزانەکە نازنێویان کوشیداکە، وەزارەتی دادی هۆڵندی نزیکەی 55 هەزار دۆلاری بە خەڵات بۆ ئەو کەسە دانا کە نێوی تاوانبارانیان پێ بڵێت. **6563**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-03-25** بەستنی کۆڕێك لەسەر شانۆی کوردی لەلایەن هونەرمەند فازیل جافەوە، لە لەندەن. **6564**

**1997-03-27** ڕۆژنامە تورکییەکانی تورکیا، ئەوەیان بڵاوکردەوە، کە ئەو ماڵە کوردەی کە لە هۆڵندا سووتاون، کردەوەی پکك یە. **6567**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-03-28** ئەمڕۆ لە شاری لاهای ڕێپێوشتنێکی ماتەمینی لە 7 هەزار کەس پێکهات، بۆ بیرەوەریی ئەو خێزانە کوردەی کە لە خانووەکەی خۆیاندا سووتێنران. **6569**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-03-28** کاتژمێر، 23.15ی ئێوارە، تەرمی شەش کوردە سووتاوەکەی هۆڵندایان بردەوە بۆ تورکیا و لەوێوە بۆ باکووری کوردستان. **6568**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-03-29** کردنەوەی پێشانگایەك بۆ هونەرکار دارا ئارام لە هۆڵی کوردستانی مەڵبەندی لەندەن. **6572**

**1997-03-29** گیرانی کۆڕێکی هەڵبەست خوێندنەوە لەلایەن هۆزانەوان شێرکۆ بێکەس، لە هۆڵی کوردستانی مەڵبەندی لەندەن. **6571**

**1997-03-29** ناشتنی تەرمی ئەو شەش کوردەی کە چەند ڕۆژێك لەمەوبەر لە هۆڵندا سووتێنران، لە شاری ئالازگەرد. **6570**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-04-00** سەرەتای ئەم مانگە: ڕوودانی شەڕی براکوژی لە نێوان یەکێتی و ئیسلامیدا. **6573**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-04-00** سەرەتای ئەم مانگە: چوونی وەفدێکی ئامریکی بۆ لای پارتی، تاوەکو نێوبژیی کێشەکەیان بکات لەگەڵ یەکێتیدا، لە ئەنجامدا پارتی دیلەکانی یەکێتیی ئازاد کرد. **6574**

سەرچاوەی 1: ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

**1997-04-00** دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری نیوەی لەیادکراو لە شاری هەولێر. **7970**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952–2002 – نوسینی ڕێناس نەورۆزی – برۆکسل.

**1997-04-00** د.ا، نزیکەی 60 کوردی خۆرهەڵاتی لە ئۆردوگای بازیاندا دەرمانخوارد کرد، هەندێکیان مەترسیی زۆریان لێ دەکرا و ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی بەغداد کران. **6575**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ11 و 12 – بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی، لەندەن – مارتی 1997. لاپەڕە : 16.

**1997-04-02** ئەمڕۆ لە تورکیا، یاریی تۆپی پێ لە نێوان تورکیا و هۆڵندا کرا، بۆ خۆئامادەکردنەکانی جامی جیهانی لە ساڵی داهاتوودا، لە ئەنجامدا تورکیا بردییەوە و تورکە ڕەگەزپەرستەکانی نێو هۆڵندا کە سەربە گورگە بۆرن، لە گەڕەکی سخیلدەری لاهای کردیانە خۆپیشاندان و جنێودان بە هۆڵندی و پکك، لە ئەنجامدا کورد و تورك لەو گەڕەکەدا دایان بەیەکدا و پۆلیسیش 9 کەسی گرت. **6576**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی هۆڵندی: West.TV، تەلەڤزیۆنی خۆرئاوای هۆڵندا.

**1997-04-04** ئازادکردنی دیلەکانی یەکێتی لەلایەن پارتییەوە. **6577**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-04-07** ڕێکخراوی کورد بۆ مافی مرۆڤ لە بەریتانیا، نامەیەکی ئاڕاستەی هەموو ڕێکخراوانی مرۆڤ دۆستی جیهانی کرد، کە ئەویش دەربارەی ئەو نەخۆشییە بوو کە لە سەرەتای ئەم مانگەدا لە نێو پەنابەرانی کوردی خۆرهەڵات لە ئۆردوگای بازیاندا بڵاوبووەتەوە، هۆی بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشییەش ئەوە بوو کە د.ا ژەهری سالیۆمی بۆ کردوونەتە خواردنەکەیانەوە. **6578**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: مەڵبەند – بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە – ژ80 و81 – لەندەن – مایی 1997. لاپەڕە : 3.

**1997-04-08** ڕوودانی شەڕی براکوژی لە نێوان یەکێتی و ب.ئیسلامیدا. **6579**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-04-10** بەهۆی بڕیاری دادگای ئەڵمانی لە دژی ئێرانەوە, جەنگێکی دیپلۆماسی لە نێوان ئێران و ئەڵمانیادا پەرەی سەند و ڕۆژانە خەڵکێکی زۆر لە تاران لە بەردەم باڵوێزی ئەڵمانیدا بە فیتی مەلاکانی ئێران خۆپیشاندان و ناڕەزایی سازدەکەن. **6581**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-04-10** دادگای ئەڵمانی لە بەرلین, ئێرانی بە کوشتنی شەهیدانی میکۆنۆس تاوانبار کرد, کە یەکێك لەوانە د. سادقی شەرەفکەندیی سەرۆکی حدکا بوو. **6580**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-04-14** هەڵوەشاندنەوەی بەرەی ئیسلامیی کوردستانی, کە لە مانگی ژەنیوەریی ئەم ساڵدا لە نێوان ب.ئیسلامی و پارتی ئیسلامیی کوردستانەوە هاتە کایەوە. **6583**

**1997-04-14** کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان, فایلێکی بە نێوی کوردستانەوە, پێشکەشی ئەمینداریێتیی کۆنگرەی گشتیی گەل و ڕێکخەرانی میهرەجانی بەهار بۆ هاوڕێیەتی و ئاشتی لە تەرابلوس پێشکەشکرد. **6582**

سەرچاوەی 1: بەیان و بلاوکراوەی عەرەبی: ملف کردستان – من المؤتمر الوگنی الکردستانی الی امانه مؤتمر الشعب العام و منڤموا مهرجان الربیع للصداقه و السلام ڤ گرابلس.

**1997-04-26** نزیکەی 40 هەزار کورد لە شاری دوسلدۆرفی ئەڵمانی, خۆپیشاندانێکیان لە پێناوی ئاشتیدا پیشاندا. زۆربەی خۆپیشاندەران خەڵکی باکووری.ك بوون. **6584**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-05-00** شەڕی نێوان یەکێتی و ئیسلامی لەم مانگەشدا هەر بەردەوام بوو, شەڕەکە بەرەییە و هەردوولا بە تۆپ و کاتووشە یەکتری بۆردوومان دەکەن. هەندێك سەرچاوە وا ڕادەگەیەنن کە سەدان کەس لە هەردوولا کوژراون و دەیان تەرمی هێزەکانی یەکێتیش کەوتوونەتە نێو ئاوی سیروانەوە. **6585**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-05-00** سەرەتای ئەم مانگە: چوونی جەلال تاڵەبانی بۆ میسر, لەوێ ئەوەی ڕاگەیاند کە نایەوێت لە ئێراق جوودا بێتەوە و یەکێتیی خاکی ئێراق دەپارێزێت. **6586**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منڤمه العفو الدولیه – نقچ العهود و اهدار حقوق الآنسان ڤ کردستان العراق منذ 1991 – الگبعه الآولی – لندن – ایلول 1995.

**1997-05-00** سەرەتای ئەم مانگە: نقوومبوونی بەلەمێك لە نێوان تورکیا و یۆناندا, کە 21 کەسی تێدا خنکان, ئەوانە هەموویان یان زۆربەیان کورد بوون, کە لە باشوورەوە ڕایانکردبوو و دەیانویست بە پەناهاندەیی بچنە ئەوروپا. **6587**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعە الاولی – لندن – ایلول 1995.

**1997-05-03** کنك, فایلێکی بە نێوی کوردستانەوە, پێشکەشی سەرۆك وەزیرانیی نوێی بەریتانیا تۆنی بلایەر کرد. **6589**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی ئینگلیزی: His To Congres National Kurdistan From File Kurdistans .Kingdom United the of Minister Prime the Blair Tony .Hon .Rt Excellency

**1997-05-03** کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان کنك, فایلێکی بە نێوی کوردستانەوە, پێشکەشی یەکێتی ئەوروپا کرد. فایلەکە بریتییە لە نامەیەکی پشتگیری بۆ کێشەی کورد, بەیانی کۆتایی سێیەمین کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لە پاریس, ئەو بەندانەی پەیمانی سیڤەر کە پەیوەندییان بە کوردەوە هەیە و نەخشەیەکی کوردستان, بڕوانامەی نیشتمانیی کوردستان. **6588**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی ئینگلیزی: His To Congres National Kurdistan From File Kurdistans .Union European the of Members and Chairman The Excellency

**1997-05-13** سەردانی وەزیری دادی ئێراقی بۆ تورکیا و چاوی بە سەرۆك وەزیرانی تورك کەوت. **6590**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-05-14** ا.د.ت ڕایگەیاند, کە هێزەکانی پارتی بە پاڵپشتی هێزی ئاسمانیی تورك هێرشیان کردە سەر بنکەکانی پکك لە نێوچەکانی حاجی هۆمەران و خواکورك و چیای گارا و مەتین. **6593**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ13 و 14 – بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی, لەندەن – ژونی 1997. لاپەڕە : 2.

**1997-05-14** هەندێك سەرچاوە ئەوەیان ڕاگەیاند کە د.ت, بۆ لێدانی بنکەکانی پکك, نەخشەی سەربازیی ئیسرائیلی بەکاردێنێت. **6592**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-05-14** ئەمڕۆ سەرلەبەیانی زوو کاتژمێر 4, داگیرکەری تورکی بە دەیان هەزار سەرباز و 2 هەزار جاشی باکوور و 250 تانك و پشتیوانیی ئاسمانییەوە هێرشی کردە سەر باشووری کوردستان بۆسەر بنکەکانی پکك, ئەم هێرشە بە ڕێکخستن لەگەڵ پارتیدا بوو و تەواوی ڕۆژنامەنووسانی جیهانییان لە نێوچەی هێرشەکان دوورخستەوە. ئێراق یاداشتێکی توندی دایە تورکیا, تاوەکو بکشێتەوە, چونکە ئەم هێرشەی تورك دەستدرێژییە بۆسەر شکۆی ئێراقی. ادت, ڕایگەیاند: کە ئەم هێرشە لەسەر خواستی پارتییە و هەروەها وتی کە تاوەکو ئێستێ 30 پێشمەرگەی پکك کوژراون. ئەم هێرشەی تورك 15یەمین هێرشە کە لەم 10 ساڵەی دواییدا کردبێتییە سەر باشووری.ك. **6591**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-05-15** ڕێکخراوی کورد بۆ مافی مرۆڤ لە بەریتانیا بەیانێکی ناڕەزایی لەسەر هێرشی تورک بۆسەر باشووری.ک بڵاوکردەوە. **6595**

**1997-05-15** هێرشەکەی تورک بۆسەر بنکەکانی پکک هەر بەردەوامە و ئەمڕۆ بە فڕۆکە بنکەکانیان بۆردومان کراوە, سەرچاوەکانی ڕاگەیاندن دەڵێن کە پارتیش لە دژی پکک شەڕدەکات, هەروەها میدیای جیهانی ئەمڕۆ بایەخێکی ئەوتۆی بەو هێرشە نەدا و هێندێکیان هەر باسیشیان نەکرد. **6594**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-05-16** ادت ڕایگەیاند: کە 1 پێشمەرگەی پکک شەهید بووە و 4یشیان لێ بریندار بووە, هەروەها هەواڵەکان وا ڕادەگەیەنن کە هێزەکانی پکک بەرەو ئێران و ئێراق هەڵهاتوون. **6596**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-05-16** سکرتێری گشتیی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان جەواد مەلا, نامەیەکی سەبارەت بە هێرشی ئەم دواییەی تورک بۆسەر باشووری.ک, ئاڕاستەی سکرتێری ن.ی کوفی ئانان کرد, هەروەها داوای ئەوەی لێکرد کە بڕیارێکی وابدەن کە کێشەی کورد بخرێتە سەر کێشەکانی دانوستاندنی کێشەکانی خۆرهەڵاتی نێوینەوە. **6597**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: کۆنگرە – بڵاوکراوەی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان – ژ8 – 25-05-1997.

**1997-05-16** جامیعەی عارەبی یاداشتێکی ناڕەزایی دایە تورکیا, تاوەکو باکووری ئێراق جێبهێڵێت. **6598**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعە الاولی – لندن – ایلول 1995.

**1997-05-16** تا 18-05: د.ت, چیاکانی گارا و مەتین خستە بەر گڕی تۆپخانەکانی خۆی. **6599**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ13 و 14 – بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی, لەندەن – ژونی 1997. لاپەڕە : 2.

**1997-05-17** ئەمڕۆ ڕۆژی 4ەمی هێرشەکەی تورکە بۆسەر باشووری.ک و ادت ڕایگەیاند: کە تاوەکو ئەمڕۆ 450 پێشمەرگەی پکک شەهید بوون و 12 ژەندرمەی تورکیش کوژراون و 23یشیان لێ بریندار بووە. هەروەها ئەوەشیان ڕاگەیاند کە ئەم هێرشە تا کۆتایی هاوین بەردەوام دەبێت. **6600**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-05-17** کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان, لە سوید و بەریتانیا, بەیانێکی ناڕەزایی لە دژی تورکیا و پارتی بۆ لێدانی پکک دەرکرد. **6603**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ13 و 14 – بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی, لەندەن – ژونی 1997. لاپەڕە : 1.

**1997-05-17** پەرلەمانی ئێراقی ناڕەزایی خۆیی بەرامبەر هێرشەکەی تورك دەربڕی و داوای لە هەموو پەرلەمانانی جیهانیش کرد کە هەمان هەڵوێستیان ببێت. هەروەها کوفی ئەنانی سکرتێری ن.ی و یەکێتیی ئەوروپاش داوایان لە تورکیا کرد کە لە خاکی باکووری ئێراق بکشێتەوە. **6601**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منقمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان ڤ کردستان العراق منژ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995.

**1997-05-17** گیرانی 5 کوردی باکوور لە هۆڵندا کە دوانیان ئەندامی پککن, بە تاوانی سووتاندنی ماڵی کوشیداك لە شاری شاری لاهای لە مانگی مارتی ڕابردوودا, کە بووە هۆی کوشتنی 6 کەس. **6602**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-05-18** ادت ڕایگەیاند: کە لەم هێرشەی دواییدا هێزەکانیان 902 پێشمەرگەی پککیان شەهید کردووە, بەڵام پکك ئەوەی ڕاگەیاند کە ئەمە درۆیەکی گەورەیە. هەروەها ادت ئەوەشی ڕاگەیاند کە کاروانێکی تانکیان بەرەو ئامێدی ناردووە, تاوەکو لەوێوە هێرش بەرنە سەر بنکەکانی تری پکك. **6604**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-05-18** ڕوودانی شەڕێکی گەورە لە نێوان پارتی و پککدا لە نێوچەکانی سۆران و خواکوڕك و سیدەکاندا, لە نێوچەی سۆران – سدیق, پارتی فەرماندەی بنکەی پککی کوشت و هەندێکیشیان لێ بەدیل گیران. **6606**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ13 و 14 – بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی, لەندەن – ژوئنی 1997. لاپەڕە : 2.

**1997-05-18** ئەمشەو: پێشمەرگەکانی پکك لە نێوچەی دێرك, جادەی نێوان باکوور و باشووری کوردستانیان گرت و لە ئەنجامدا چەند کەسێك کوژران و چەند وتومبیلێکیشیان سووتاند. **6605**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منقمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان ڤ کردستان العراق منژ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995.

**1997-05-18** پکك لە بۆسەیەکدا 9 ئەندامی پارتیی لە سیدەکان کوشت, هەروەها لە چیای مەتینیشدا 4 ئەندامی تری پارتی کوژران. **6608**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ13 و 14 – بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی, لەندەن – ژوئنی 1997. لاپەڕە : 2.

**1997-05-18** چوونی مەسعود بارزانی بۆ هەولێر, تاوەکو پرسەی خۆی بۆ ئەو خێزانانە ڕابگەیەنێت کە خەڵکیان لە شەڕی براکوژیی پککدا کوژراوە. **6607**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ13 و 14 – بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی, لەندەن – ژوئنی 1997. لاپەڕە : 2.

**1997-05-19** د.س, ڕایگەیاند کە ئەم هێرشەی تورک بۆسەر باکووری ئێراق, هێرش نییە بۆسەر پکك بە تەنێ, بەڵکو هێرشە بۆسەر دەوڵەتە عارەبییەکان. **6612**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان ڤ کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995.

**1997-05-19** هێرشی تورک هەر بەردەوامە و ادت ڕایگەیاند کە ژمارەی شەهیدەکانی پکك گەیشتۆتە سەرو هەزار و هەروەها هێزەکانیان لە نێوچەی ئاکرێوە پێشڕەوییان کردووە بۆ سنووری ئێران, تاوەکو ڕێگا لە پێشمەرگەکانی پکك بگرن نەچنە نێو ئێرانەوە, هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاند کە کۆپتەرێکیان کەوتووەتە خوارەوە بەهۆی هۆکاری تەکنیکییەوە, سەرچاوەکان واڕادەگەیەنن کە تورک 200 کم چووەتە نێو قوڵایی خاکی باشوورەوە. پککش ڕایگەیاند کە تاوەکو ئێستێ 3 کۆپتەری خستووەتە خوارەوە و ئەوەشی دڵنیاکرد کە ئەو ژمارەی شەهیدانەی کە تورک باسی دەکات هیچی ڕاست نین و درۆن. **6611**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی ئینگلیزی: CNN

سەرچاوەی 2: تەلەڤزیۆنی عەرەبی: تلفزیون الشرق الاوسگ ڤ لندن MBC.

**1997-05-19** ا.د.ت ڕایگەیاند, کە شەڕی نێوان پارتی و پکك لە شاری هەولێردا بووە هۆی کوژرانی 53 کەس لە پارتی و 58ی پکك و پارتی گەمارۆی 6 بنکەی پککی لە شاری هەولێردادا و 28 کەسیان بە دیل گرت و پاشان گوللە بارانیان کردن, ئەوانە 24 ئەندامی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان بوون کە هاوپەیمانی پککن. زۆربەی ئەوانە بەپێتی ا.د.ق لەلایەن جەمال مۆرتکە کە سەرۆکێکی پارتییە گوللە باران کراون. **6610**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ13 و 14 – بلاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی, لەندەن – ژونی 1997. لاپەڕە : 2.

**1997-05-19** ڕوودانی شەڕی براکوژی لە شاری هەولێر, لە نێوان پارتی و پککدا, سەرچاوەیەکی کەی.ئێن.سی ڕایگەیاند کە نزیکەی 100 کەسێکیان لە یەکتری کوشتووە, هەروەها چەند کەسێك لە ئەندامانی پاکیش کوژراوە, سەرچاوە کوردییەکان ئەم ژمارەیە بە 200 کەس زێتر دادەنێن و دەنگوباسەکان واڕادەگەیەنن, کە پارتی هەندێك هەواداری پککی لە نەخۆشخانەی هەولێر دەرهێناوە و گوللە بارانیان کردوون. **6609**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-05-20** وەزیری دەرەوەی ئێراق سەحاف, بیرخەرەوەیەکی دایە سکرتێری ن.ی, تاوەکو هێرشی سەربازیی تورک بۆسەر باکووری ئێراق بوەستێنێت. هەروەها هەندێك سەرچاوە ئەوەیان ڕاگەیاند کە ئەم هێرشەی تورک بۆسەر باشووری.ك, بە هۆی کارتی سەوزی د.ق بووە, چونکە ڕۆژێك پێش هێرشەکە, وەزیری دادی ئێراقی لە ئەنکەرە چاوی بە سەرۆك وەزیرانی تورک کەوتووە. **6613**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان ڤ کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995.

**1997-05-20** ادت ڕایگەیاند, کە ژمارەی کوژراوانی پکک گەیشتۆتە 1.500 کەس, لە لایەکی ترەوە پکک ئەوەی ڕاگەیاند کە دەیان کەسیان لە هێزەکانی تورک لە باشووری.ک کوشتووە. **6614**

سەرچاوەی 1: تەلەفزیۆنی ئینگلیزی: CNN

**1997-05-20** ئەمرۆ ڕامیاریوانێکی کوردی خۆرئاوا, کە سەرۆکی پارتێکە و نێوی سەلاح بەدرەدینە, لە ڕادیۆی ئامریکا بەشی کوردی ئەوەی ڕاگەیاند, کە هێرشەکەی تورک بۆسەر پکک, پارتیی تێدا نییە و پارتی هیچ پەیوەندییەکی پێیەوە نییە. **6616**

سەرچاوەی 1: ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

**1997-05-20** پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان لە بەیانێکی ئەوروپایاندا ڕایانگەیاند, کە پارتی هێرشی کردووەتە سەر بارەگای پارتیان و ڕۆژنامەی ڕزگاری و ڕادیۆی نیشتمان و کادرە پێشکەوتووەکان و پێشمەرگەکانی پارتی کاریان دەستگیر کردوون و بردوویانن. **6617**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ13 و 14 – بلاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی, لەندەن – ژونی 1997. لاپەرە : 2.

**1997-05-20** ڕادیۆی پارتی بلاویکردەوە کە لە هەولێردا نزیکەی 300 پککیان کوشتووە. **6618**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ13 و 14 – بلاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی, لەندەن – ژونی 1997. لاپەرە : 2.

**1997-05-20** ئەرتەشی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان – ئەرگک, ڕایگەیاند: کە لە سەرەتای شەڕەوە تاوەکو ئێستێ 35 سەربازی تورک و 170 لە هێزەکانی پارتی کوژراون و 32 گەریللا کوژراون و 94 بریندار بوون و 4 کۆپتەری تورکیش خراونەتە خوارەوە. **6619**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ13 و 14 – بلاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی, لەندەن – ژونی 1997. لاپەرە : 2.

**1997-05-20** عەبدوللا ئوجەلانی سەرۆکی پکک, بۆ تەلەفزیۆنی میدیای ڕاگەیاند, کە ئامادەیە لەگەڵ د.ت بچێتە گفتوگۆوە, ئەم هەواڵە زۆربەی دەزگا میدیاییەکانی جیهان بلاویکردەوە. **6615**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-05-21** ادت ڕایگەیاند, کە هەرسێ دەوڵەتی ئێراق و ئێران و سووریا بە تایبەتی یارمەتیی پکک دەدەن, چونکە پەنای ئەو پێشمەرگە هەڵهاتووانە دەدەن کە لە ئەنجامی هێرشەکەی تورک و پارتییەوە بۆ سنووری ئەو وڵاتانە بە ناچاری چوون. **6621**

سەرچاوەی 1: تەلەفزیۆنی ئینگلیزی: CNN

**1997-05-21** بەرزبوونەوەی ناکۆکیی نێوان ئیسلامییەکان و عیلمانییەکانی نێو تورکیا, کە عیلمانییەکان دەیانەوێت بەهۆی دەستوورەوە پارتی ڕەفای ئیسلامی قەدەغە بکەن, هەندێك چاودێر وای بۆ دەچن کە ناکۆکیی نێوان ئەو دوو بەرەیە لە تورکیادا ببێتە هۆی جەنگێکی میللی لە تورکیادا.

هەروەها ئەمڕۆ لە نێو پەرلەمانی تورکیادا ئەو دوو لایەنە کەوتنە دەمەبۆڵێوە و هەندێکیشیان کەوتنە داپلۆسینی یەکتری. 6620
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-05-21** ئامریکا, هەرسێ داگیرکەری ئێراق و ئێران و سووریای دڵنیاکرد, کە هێزەکانی تورك نایانەوێت باشووری.ك داگیربکەن, بەڵکو ئەمە پڕۆسەیەکی کاتییە و دەکشێنەوە. 6622
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-05-21** پارتی بەیانێکی بڵاوکردەوە, کە تێیدا دەڵێت, کە پکك خۆی هەموو جارێك دەبێتە هۆی هاتنی تورك بۆ باشووری کوردستان. 6624
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ13 و 14 – بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی, لەندەن – ژونی 1997. لاپەڕە : 2.

**1997-05-21** هێزەکانی تورك پەنابەرانی کامپی ئەتروشیان ڕاونا و کەمپەکەیان کردە سەربازگەیەکی سووپای تورکی و بارەگای سەرۆکایەتیی سەربازیی هێرشەکەشیان لە سلۆپییەوە گواستەوە بۆ زاخۆ. 6623
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ13 و 14 – بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی, لەندەن – ژونی 1997. لاپەڕە : 2.

**1997-05-22** ئەمڕۆ لە شاری ئەستەمبوڵ, سەدان خوێندکاری تورك لە زانکۆدا دایان بەیەکدا و نزیکەی 7 کەس بریندار بوون, پێکدادانەکە چەقۆ و بەرد و شتی تری تێدا بەکارهات, خوێندکاران دوولایەن بوون, ئیسلامی و عیلمانی, لە ئەنجامدا پۆلیس 27 کەسی گرت, لەوانەیە ئەم پێکدادانە ببێتە تۆوی جەنگی میللی لە تورکیادا. 6626
سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی ئینگلیزی: CNN

**1997-05-22** نزیکەی 200 کوردێك, بۆ چەند کاژێرێك, بنکەی ن.ی یان لە شاری جنێڤ گرت, داواکانی ئەو کوردانە, ئەوە بوو کە ن.ی لە دژی هێزەکانی تورك لە باشووری.ك هەڵوێست وەربگرێت, شایانی باسە ئەو کوردانە لە نێو بارەگاکەدا ئاڵای ئێرنەکیان بەرزکردەوە. 6625
سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی ئینگلیزی: CNN

**1997-05-23** لە بەیانێکی پۆلیسی هۆڵەندیی شاری لاهایدا, ئەوە ڕاگەیەندرا کە سووتانی ئەو ماڵە کوردەی کە لە مانگی مارتدا ڕوویدا, بەهۆی تۆڵەی خوێنەوە بووە, کە یەکێك لە تاوانباران کاتی خۆی ئامۆزایەکی لەلایەن بنەماڵەی کوشیداکەوە کوژراوە, هەروەها پۆلیس ئەوەشی ڕاگەیاند کە ڕێکخراوی پکك, پێش پۆلیسی هۆڵەندی و تەنانەت پێش ئەوەشی کە کارەساتەکە ڕووبدات, ئەم زانیارییەی زانیوە و تاوانبارانیشی ناسیوە. 6628
سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی هۆڵەندی: 1NL

**1997-05-23** هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار لە ئێراندا پیادەکرا, کە محەمەد خاتەمی بووە سەرۆک کۆماری داگیرکەری ئێرانی. **6627**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-05-24** زۆربەی پێشمەرگەکانی پکک, نێوچەکانی دهۆک و هەولێریان جێهێشت و بەرەو نێوچەکانی سلێمانی کشانەوە. **6630**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-05-24** د.ت, بۆیەکەمجار لە یەکەم ڕۆژی هێرشەکەیەوە بۆ باشووری.ک, چەند ڕۆژنامەنووسێکی بە فڕۆکە بردە نێوچەی شەڕەکان و هەندێک چەک و جبەخانە و تەرمی چەند شەهیدێکی پککیان پیشاندا, بێژەرێکی سەربازیی تورک وتی کە ئەوانەی کە لەو چەکانە بەکەڵک دێن, دەیدەینە دەست پارتی. لە ڕاستیدا تەرمی ئەو شەهیدانە لە 10 دانە تێپەری نەدەکرد, ئەمە لە کاتێکدا کە ادت, دەڵێت ژمارەی شەهیدانی پکک لە هەزار کەس تێپەریوە. **6629**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الآنسان ڧ كردستان العراق منڎ 1991 – الگبعە الآولی – لندن – ایلول 1995.

**1997-05-25** نزیکەی 50 هەزار کەس لە شاری ئەستەمبوڵ خۆپیشاندانێکیان لە دژی ئەربەکان سازدا, لەو خۆپیشاندانەدا ژمارەیەکی زۆری کورد بەشداربوون. **6633**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-05-25** پارتی بەیانێکی بە عارەبی بڵاوکردەوە, کە تێیدا دەڵێت دەستیان گرتووە بەسەر چەندین کێڵگەی حەشیشە و تلیاکدا کە پکک لە نێوچەکانی گەلی پس ئاغا و شوێنی تردا ڕوواندوویانە و دەشڵێن کە بەمزووانە وێنەی ئەو کێڵگانە دەگیرێن و بڵاودەکرێنەوە. **6634**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ13 و 14 – بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی, لەندەن – ژونی 1997. لاپەڕە : 2.

**1997-05-25** د.ت, ژمارەی سەربازەکانی لە باشووری.ک, کردە سێ هێندە. **6631**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-05-25** پکک ڕایگەیاند, کە ئەگەر د.ت لە باشووری.ک نەکشێتەوە, ئەوا لە نێو تورکیادا دەست دەکەنە دەیان تەقینەوەی خۆکوژی الانفجارات الانتحاریە. **6632**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-05-26** ئەنجوومەنی سووپای د.ت, دەیان ئەفسەری لە ڕیزی سوپادا دەرکرد, چونکە پرۆ – ئیسلام بوون. **6635**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-05-27** بێژەرێکی سەربازیی تورک ڕایگەیاند کە تا پێشمەرگەیەکی پکک لە باشووری.ک بمێنێت, هێرشەکەیان هەر بەردەوام دەبێت و ناکشێنەوە. **6636**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-05-28** عەبدوڵڵا ئوجەلان لە تەلەفزیۆنی میدیاوە ڕایگەیاند, کە شەڕەکە چووەتە قۆناغی دووەمەوە و ئێستا گەریلاکان هێرش دەبەنە سەر تورک و هەروەها هەڕەشەشی لە پارتی کرد. **6637**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی مەد TV Med

**1997-05-29** فڕۆکەکانی تورک نێوچەکانی ژێردەستی یەکێتییان لە باشووری.ک بۆردومان کرد و لە ئەنجامدا 9 کەس شەهید بوون, کە 7یان سەربە هێزەکانی یەکێتین. **6638**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-05-30** یەکێتی یاداشتێکی ناڕەزاییی دایە د.ت, بەبۆنەی بۆردومانکردنی نێوچەکانی ژێردەستییەوە لەلایەن فڕۆکەکانی تورکەوە. **6639**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995.

**1997-05-31** تا 10-6: کۆبوونەوەی فراوانی نوێنەرانی پارت و ڕێکخراوە کوردستانییەکان و کەسێتییە ڕامیاری و ڕووناکبیرییە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان لە برۆکسل, کە تێیدا بارودۆخی کوردستان خرایە بەر گفتوگۆ و بەشداران لە دژی هێرشی تورک و یارمەتیدانی پارتی بۆی هەڵوێستی ناڕەزاییان وەرگرت و ئەمانە لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداربوون: یەشار کایا – سەرۆکی پەرلەمانی کور لە دەرەوەی وڵات, زوبێر ئەیدەر – سەرۆکی کۆمیتەی بەڕێوەبەری پەرلەمان, پرۆفیسۆر عیسمەت شەریف وانلی – سەرۆکی ئینستیتوی کورد لە بەرلین, کەریم یەڵدز – سەرۆکی پرۆژەی ماف مرۆڤی کورد لە لەندەن, د. نوری تاڵەبانی – سەرۆکی ڕێکخراوی کورد بۆ ماف مرۆڤ, د. کەمال میراودەلی – سکرتێری یەکێتیی نووسەرانی کوردستان, فەیسەڵ ئەکای – سەرۆکی یەکێتیی پارێزەرانی کورد, شێخ سەلاح گڵەزەردە – سەرۆکی کۆمەڵەی ئاوارە لە سوید, مستەفا خۆخی – نوێنەری کۆنگرەی گەلی کوردستان لە سوید, ئۆکەس کولوساری – نوێنەری پارتی کۆمۆنیستی کورستان لە تورکیا, عەلی یاڵچین – نوێنەری یەکێتی وڵاتپارێزانی کوردستان, ئەحمەد ئەکتاش – نوێنەری ئەرتەشی ڕزگاری نەتەوەیی کوردستان ئەرنەك, جەمال عەزیز – نوێنەری پارتی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان, مەلا محەمەد باوکی تارا – نوێنەری پارتی کۆمۆنیستی کوردستان لە ئێڕاق, نەبیل حەسەن – نوێنەری پارتی سۆسیالیستی کورد لە سووریا, مەسعود ڕەشۆ – نوێنەری پارتی سۆسیالیستی کورد لە سووریا, بەڵێن – نوێنەری پارتی زەحمەتکێشانی کوردستان, ڕەحیمی ئەمیری – ڕامیار, پیر عەلی حەیدەر – نوێنەری یەکێتیی عەلەوییەکانی کوردستان, عەلی ساجیك – نوێنەری یەکێتیی کوردە ئێزیدییەکان, یوسف جاسم – نوێنەری یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی کورد, ئیبراهیم ئەحمەد – نووسەر, محەمەد ڕەسوڵ هاوار – هۆزانەوان و مێژوونووس, ناسری ڕەزازی – هونەرکار,

شێرکۆ بێکەس – هۆزانەوان, تاهیر کەمالیزادە – ڕامیار, گیاشیتین سایان – ئەندامی پەڕلەمانی ئەڵمانی, د. موسا قەوال – یاساوان, د. جایك ساڤاس, حوسەین محەمەد عەزیز – نووسەر, د. حوسەین خەلیقی – نووسەر, جوان حاجۆ – هونەرکار, حوسەین نارلی – نووسەر, مەحموود قلینچ – پەڕلەمانتار, حاجی ئەحمەدی – ڕامیار, د. حەسەن شەتاوی – نووسەر, ماشەڵڵا ئوزرولك – پەڕلەمانتار, شێخمووس چەخرۆ – ڕامیار, د. جەبار قادر – نووسەر, جەلال جاف – دیپلۆمات, د. فەرەیدوون ڕەفیق حیلمی – نووسەر, زولکوف گۆنای – ڕۆژنامەنووس, عەلی قازی – دیپلۆمات, نیزامەدین تۆگیوچ – پەڕلەمانتار, مەسعود ئوزال – پەڕلەمانتار و د. سیراج بیلگین – نووسەر. **6640**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ13 و 14 – بلاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی, لەندەن – ژونی 1997. لاپەڕە : 3.

**1997-05-31** تا 10–6: کۆبوونەوەی فراوانی نوێنەری ڕێکخراوە کوردستانییەکان و کەسێتی و نووسەر و هونەرمەندانی کورد لە برۆکسل, کە تێیدا بانگەوازێکیان بۆ ئەندامانی بەشەرەف پارتی و جەماوەری خەڵکی کوردستان لە هەموو شوێنێکدا دەرکرد تاوەکو لە دژی هێرشەکەی تورك هەڵوێست وەربگرن, ئەوانەی کە ئەو بانگەوازەیان بڵاوکردەوە ئەمانە بوون: د. فەرەیدوون ڕەفیق حیلمی, د. جەبار قادر, د. کەمال میراودەلی, ناسری ڕەزازی, جوان حاجۆ, محەمەد ڕەسوڵ هاوار, شێرکۆ بێکەس, زوهەیر عەبدولمەلیك, د. هوشیار, فەیسەڵ ئەکای, شێخ ساڵح گلەزەردە, مستەفا خۆخی, جەمال عەزیز, بەڵێن, پیر عەلی حەیدەر, ئیبراهیم ئەحمەد, تاهیر کەمالیزادە, د. موسا قەوال, حوسەین محەمەد عەزیز, د. سیراج بیلگین, سیروان ڕەحیم, جەلال جاف, د. موسا کەڤال, حاجی ئەحمەدی, نیزامەدین تۆگوچ, زولکوف گۆنای و پرۆفیسۆر شێخمووس چاخرۆ. **6641**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ13 و 14 – بلاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی, لەندەن – ژونی 1997. لاپەڕە : 2.

**1997-05-31** ئەنجوومەنی هاوکاریی دەوڵەتانی عارەبیی کەنداو, لەسەر زمانی نوێنەری وڵاتی قەتەرەوە, ناڕەزایی خۆیانیان بەرامبەر هێرشی تورك بۆسەر باکووری ئێراق – باشووری.ك دەربڕی. **6642**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمه العفو الدولیه – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعه الاولی – لندن – ایلول 1995.

**1997-06-00** نزیکبوونەوەی داگیرکەرانی سووری و ئێراقی لە یەکترەوە و کردنەوەی سێ پونتی سنووری لە نێوانیاندا, دابڕانی پەیوەندیی ئەو دوو داگیرکەرە لە ساڵی 79وە تاوەکو ئێستێ بەردەوام بوو. **6643**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-06-00** دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری ژیانەوە لە شاری سلێمانی. **7973**

سەرچاوەی 1: بەیان و بلاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952–2002 – نوسینی ڕێناس نەورۆزی – برۆکسل.

**1997-06-01** ئەمڕۆ لە شاری بۆنی ئەڵمانیا لە هۆتێل پریسیدنت, کۆبوونەوەیەکی هاوکاری بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی لە کاتژمێر 13.30دا گیرا, لە کۆبوونەوەکەدا نزیکەی 80 کەسێك بەشدارییان تێداکرد, کە هەندێکیان نوێنەرانی پارتە کوردستانییەکان بوون کە زێتر لە 10 پارت و ڕێکخراو بوون, لەوانە یەکێتی, پارتی, پکك, حدکا, حسك, پاك, پارتی ڕزگاریی کوردستان, ..., هەروەها دەیان کەسایەتیی کورد و نووسەران و ڕۆشنبیران کە بانگهێشتن کرابوون بۆ کۆبوونەوەکە بەشدارییان تێدا کرد, لەوانە مامۆستا جەمال نەبەز و زۆری تر ..., کۆبوونەوەکە لە کاتژمێر 16دا بەشەڕ و ئاژاوەیەکی زۆر کۆتایی پێهات و پاشتر پۆلیسی ئەڵمانیش بەکارەکەی زانی, هۆی ئەو شەڕ و ئاژاوەیەش ئەوە بوو کە پکك دەیویست کە بەزۆر دەیان ئەندامی خۆیان بهێننە نێو هۆڵەکەوە, هەرچەندە کە بە ڕەسمیش دوو نوێنەریان لە نێو هۆڵەکەدا هەبوو, بەڵام ئەوان بە زۆر نزیکەی 30 تا 40 ئەندامیان هاتنە نێو هۆڵەکەوە و دەستیان کرد بە وتاف کێشان بە گیانی ئاپۆ و پککدا, پاشان نوێنەرێکیان بە زۆر چووە سەر سەکۆی بەرزگۆکە و بە تورکی دەستی کرد بە وتاردان بە گیانی ئاپۆ و لە دژی پارتیدا, کە بووە هۆی خرۆشاندنی گیانی ئەو دەیان ئەندامی پککیەی کە لە هۆڵەکەدا بوون و ئەوانیش دەستیان کرد بە لێدانی نوێنەری پارتی و حدکا و پارتی ئیسلامیی کوردستان و خەڵکی تر, هەروەها شکاندنی شووشە و کەلوپەلی هۆڵەکە, ناچار ئەندامانی کۆبوونەوەکە هەریەکە بەلایەکدا بڵاوەیان لێی کرد و بریندارەکانیش بەهۆی ئەمبوولانسەوە برانە نەخۆشخانە و پاشان پۆلیس دەستی بەسەر هۆڵەکەدا گرت و کۆبوونەوەکە بەسەرنەکەوتوویی کۆتایی پێهات, تەواوی ئەو کەسانەی کە لەوێ بوون و چاویان بەو ڕەفتارەی پکك کەوت, گەلێك تووڕەبوون و ناڕەزایییان بەرامبەر شێوازی مامەلەی پکك دەربڕی. **6645**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1997-06-01** کۆبوونەوەی فراوانی نوێنەرانی پارت و ڕێکخراوە کوردستانییەکان و کەسێتییە ڕامیاری و ڕووناکبیرییە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان لە برۆکسل, پەیامێك و بانگەوازێکی لە دژی هاتنە ناوەوەی سووپای تورك بۆ باشووری.ك دەرکرد. **6644**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هەتاو – ژ13 و 14 – بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ڕاگەیاندن و پەروەردەی کوردی, لەندەن – ژونی 1997. لاپەڕە : 3.

**1997-06-01** کۆبوونەوەی چەند ئەندامێکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لە شاری بۆن, کە بڕیاریان لەسەر ئەوەدا کە بڵاوکراوە و گۆڤارەکانی کۆنگرە, کوردنامە, دڵانپار لەمەودوا بەنێوی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانەوە دەربچێت, لە کۆبوونەوەکەدا ئەمانە بەشداربوون: د. جەمال نەبەز, جەواد مەلا, د. ئاشتی کەریم, ڕەهبەر جەلال, ڕێکار عەزیز, مانو بەرزنجی و هاوڕێ باخەوان. **6646**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1997-06-06** د.ت بۆ یەکەمجار ڕایگەیاند, کە لەم هێرشەی دواییدا بۆسەر پێشمەرگەکانی پکك لە باشووری.ك, دوو کۆپتەری کەوتۆتە خوارەوە, کە یەکێکیان 11 سەربازی تێدا بووە و ئەوی تریان هی بارهەڵگرتن بووە, هەندێك سەرچاوەی ناڕەسمی ئەوە ڕادەگەیەنن کە لەو کۆپتەرانەدا 4 پسپۆری

سەربازیی ئیسرائیلیی تێدا بووە, بەڵام هیچ لایەکی نە تورك و نە ئیسرائیلی ئەمەی پشتڕاست نەکردووە. هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاند کە ئەو دوو کۆپتەرە بە ڕاکێتی زەوی – ئاسمانی دژئاسمانی لە جۆری سام–7 خراونەتە خوارەوە. حوکومەتی تورك, وڵاتەکانی ئێران, سووریا, ئەرمینیا, یۆنان, سربیا و قوبروسی بەوە تاوانبار کرد کە ئەو جۆرە چەکەیان داوەتە پکك. **6647**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعە الاولی – لندن – ایلول 1995.

**1997-06-06** سەرۆکی ئەرکانی سوپای تورك ڕایگەیاند, کە تاوەکو بنکەکانی پکك لە باشووری.ك لە ڕەگ و ریشەوە دەرنەهێنین, هێرشەکە ناوەستێنین. **6648**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-06-08** سەرۆك وەزیرانی تورك ئەربەکان, ڕایگەیاند: کە تورکیا ئەمڕۆ کۆتایی بە هێرشەکەی لە باشووری کوردستاندا هێنا, بەڵام هیچ سەرچاوەیەکی سەربازیی تورك ئەمەی نەسەلماندووە و هێزەکانی تورکی تاوەکو ئێستێ نەکشاونەتەوە, هەروەها تورکیا ئەوەشی ڕاگەیاند کە لەم هێرشەیدا نزیکەی 2.250 پێشمەرگەی پککی شەهید کردووە و 45 کەسیش لە سوپای تورکی کوژراوە. پککش لە لای خۆیەوە ئەوەی ڕاگەیاند کە تاوەکو ئێستێ 800 کەسی لە سوپای تورك و هێزەکانی پارتی کوشتووە. **6649**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعە الاولی – لندن – ایلول 1995.

**1997-06-08** ئێران, نەیی لەوە کرد کە یارمەتیی پککی دابێت. **6650**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-06-08** سەرچاوەیەکی پۆلیسی هۆڵندی ئەوەی ڕاگەیاند, کە لاوێکی 25 ساڵەی کوردی باکوور بەنێوی نەجمەدین کوشیداش, دانی بەوەدانا, کە لە مانگی مارتدا ماڵی کوشیداشی سووتاندووە, نێوبراو ئامۆزای ئەو ماڵەیە کە سووتاندی. ئەم ڕووداوە هێزکارێکی خراپی کردەسەر ڕای گشتیی هۆڵندی بەرامبەر بە کورد. **6651**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-06-10** د.ا, بەتوندی داوای لە د.ت کرد کە پاشەکشە لە باشووری.ك بکات. **6652**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الاهرام الدولی – جریدە مصریە – 11-6-1997.

**1997-06-11** ادت, ڕایگەیاند کە نێوچەیەکی ئاسایش لە باشووری.ك دروست دەکات و تاوەکو ببێتە بەربەستێك بۆ پکك, هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاند کە تاوەکو ئەو نێوچەیە دروست نەکات هێزەکانی ناکشێنێتەوە. **6653**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الاهرام الدولی – جریدە مصریە – 11-6-1997.

**1997-06-13** د.ت, پاش ئەوەی لە باشووری.ك نەخشەی دروستکردنی پشتێنەیەکی ئاسایشی لە دژی پکك کێشا, ئەمڕۆ کەوتە کشانەوەی بەشێك لە هێزەکانی لە باشووری کوردستاندا. هەندێك گەواهی چاودیدە دەڵێن کە نزیکەی 100 تانکی تورکی لە زاخۆوە بۆ سلۆپی کشاونەتەوە. بەڵام تورکەکان خۆیان هیچی ڕەسمییان نەداوە بەدەستەوە. **6654**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-06-18** سەرۆك وەزیرانی د.ت نەجمەدین ئەربەکان, لە ژێر فشاری عەسکەرتارەکانی تورکدا خۆیی کەنارگیرکرد و واچاوەڕوان دەکرێت کە تانسو چیلەر ببێتە سەرۆك وەزیرانی تورك. **6655**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-06-20** ئەمڕۆ د.ت, بەڕەسمی دانی بەوەدانا کە دەستی کردووە بە کشانەوەی زۆربەی هێزەکانی لە باشووری.ك, ئەوانەشی کە ماونەتەوە بۆ یارمەتیی هێزەکانی پارتی هێشتوویەتنەوە و هەروەها ئەو نێوچانەشی کە بنکەکانی پککی تێدا دەرپەڕاندووە, دواویەتە دەست پارتی و لە دوا بەیانی سەربازیشدا ئەوەیان ڕاگەیاند کە لە هەموو هێرشەکەدا 99 سەربازیان لێ کوژراوە و 2600یش لە پکك و بە گوتەی بەیانەکەش تەواوی هێزەکانی پککیان لە باشووری.ك دەرکردووە. **6656**

**1997-06-20** سلێمان دێمرێل, داوای لە مەسعود یەلماز کرد کە کابینەیەکی نوێی وەزیران دابمەزرێنێت. **6657**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-06-20** نیوەشەو: تەقینەوەی بۆمبێك لەبەردەم باڵوێزخانەی تورك لە برۆکسێل لەلایەن ڕێکخراوێکی ئەرمەنییەوە, بۆمبەکە زیانێکی ماڵیی زۆری بە باڵوێزخانەکە و باڵەخانەکانی دەوروبەری گەیاند, بەڵام کەسی نەکوشت. **6658**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-06-20** دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری ئایندە لە شاری هەولێر. **7971**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952–2002 – نوسینی ڕێناس نەوروزی – برۆکسل.

**1997-06-22** ن.ی بڕیارێکی لە دژی د.ق دەرکرد, بڕیارەکە هەڕەشەیەکە بۆ ئێراق تاوەکو چیی دی بەربەست نەهێنێتە ڕێی تیپە پشکنەرە نێونەتەوەییەکان بۆ تێکشکانی چەکی قورسی ئێراقی. سەددام حوسەین بڕیارەکەی دایە دوواوە. **6659**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الآنسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995.

**1997-06-23** ادت لە دیاربەکر ڕایگەیاند, کە هێزەکانی تورك لە باکووری.ك نزیکەی 54 پێشمەرگەی پکك یان شەهید کردووە. **6660**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995.

**1997-06-23** وەزیری دەرەوەی تورك ڕایگەیاند کە ئەگەرچی زۆربەی هێزەکانمان لە باشووری.ك کشاندووەتەوە, بەڵام پرۆسەی لەنێوبردنی پکك هەر بەردەوامە و کۆتاییمان بە هێرشەکە نەهێناوە. **6661**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995.

**1997-06-26** پەڕلەمانی تورکی ماوەی 6 مانگی بۆ یارمەتیدانی هێزە هاوپەیمانەکان بۆ پاراستنی باشووری.ك نوێکردەوە. **6662**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-06-26** ادت لە دیاربەکر, دوا ئاماری هێرشەکەی تورکی بۆسەر باشووری.ك بڵاوکردەوە, کە شەهیدکردنی 3 هەزار پێشمەرگە و کوژرانی 114 سەربازی تورکە. **6663**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995.

**1997-07-09** شەو درەنگ: زیندانییەکانی بەندیخانەی ئەستەمبوڵ مانیانگرت و ئاگریان لە بەندیخانەکە بەردا و 8 کەس مردن و 214 بریندار بوون. **6664**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995.

**1997-07-27** کۆچی دوایی هۆزانەوانی عارەب, محەمەد مەهدی ئەلجەواهری لە شام, نێوبراو هۆزانەوانێکی خاوەن هەڵوێست بوو بەرامبەر بە کورد و هۆزانیشی بەسەر کوردا هەیە, تاوەکو ئەمرۆ کڵاوێکی کوردیی لەسەردا بوو و بە کوردی و تیپی لاتینی لێی نووسرا بوو کوردستان یان نەمان. **6665**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-07-29** بۆمبارانکردنی نێوچەکانی لۆلان لە باشووری کوردستان لەلایەن فڕۆکەکانی دت, کە بووە هۆی ڕوودانی زیانی گیانی و ماڵی بە دانیشتوانی نێوچەکە. **6666**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی مەد TV Med

**1997-08-00** بڵاوکردنەوەی وتارێك لەسەر ئەم هاوڕێنامەیە لەلایەن دانەرەوە بەنێوی ڕوونکردنەوەیەك لەسەر ئەنسیکلۆپیدیای مێژووی کوردستان و کورد لە ژمارە 14 گۆڤاری هەڤوت لە سویسرا. **6667**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1997-08-01** گرتنی شارۆچکەی بامەڕنی لەلایەن هێزەکانی پکك وە, کە بەپێی تەلەفزیۆنی میدیا 50 کەس لە پارتی کوژراوە و پکك ش 2 کوژراو و 5 برینداری هەیە. **6668**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی مەد TV Med

**1997-08-01** تەقینەوەی بۆمبێك لە شاییەکدا لە شاری جزیرە, کە بووە هۆی کوژرانی 7 کەس و بریندارکردنی 50 کەس. **6669**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منقمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995.

**1997-08-14** پکك, بەبۆنەی 15 تەبەخەوە, هێرشێکی کردە سەر مۆڵگاکانی تورك و 3ی لێ کوشتن, لە لایەکی ترەوە هێرشیان کردە سەر هێزەکانی پارتی و 21 کەسیان لێکوشتن و 5یشیان بریندار کرد. **6670**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی مەد TV Med

**1997-09-00** ئەم مانگە: هەندێك لە کوردەکانی ئەڵمانیا لە هەردوو شاری نۆرمبێرگ و فرانکفۆرتدا, دایان بەیەکدا, ئەوانە لایەکیان سەربە پارتی و لایەکەی تریان سەربە یەکێتی بوون, لە شەڕەکەی نۆرمبێرگدا کە لە نێوجەرگەی شاردا ڕوویدا چەقۆشی تێدا بەکار هێنرا, پۆلیسی ئەڵمانی ژمارەیەکی لەو کوردانە گرت و وەك چاوەڕوان دەکرێت لەوە دەچێت هەندێکیان دەربکەن و هەندێکیشیان بە چەند ساڵێك زیندانی بکەن. **6671**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-09-00** کۆتایی ئەم مانگە: گیرانی 2 هاوبیری نەتەوەیی, لەلایەن پارتیەوە, لە کاتێکدا کە دەیانویست لە شاری نەغەدەوە بۆ باشووری.ك بگەڕێنەوە. **6672**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1997-09-03** پۆلیسی تورك 18 کەسی لە وەفدی ئاشتیی لە ئەنکەرە گرت, ئەوانە کە لە هۆتێلێکدا بوون, بە شێوەیەکی زۆر ناشرین و بە لێدان خستیاننە نێو ئوتومبیلێکی پۆلیسەوە, زۆربەیان ڕۆژنامەنووس بوون و لە نێویشیاندا یاریدەدەری کونسوڵی بەریتانیی تێدایە. **6673**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منقمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995.

**1997-09-06** پکك, ڤیستیڤاڵێکی مەزنی لە شاری کۆلنی ئەڵمانیا ڕێکخست و دەیان هەزار کوردی ئەڵمانیا و وڵاتانی ئەوروپی تێیدا بەشداربوون. لە ڤیستیڤاڵەکەدا چەندین کاری هونەری و وەرزشی پێشکەشکرا. **6674**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-09-24** دەستپێکردنی هێرشێکی نوێی د.ت, بۆسەر بنکەکانی پکك لە باشووری کوردستاندا. **6675**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-09-28** هێزەکانی تورک بۆ نێوچەی سەرسەنگ پێشەنگییانکرد و ادت، ئەوەشی ڕاگەیاند کە ژمارەیەکی لە پێشمەرگەکانی پکك شەهید کردووە. **6676**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعە الاولی – لندن – ایلول 1995.

**1997-09-29** هێرشی تورك بۆسەر بنکەکانی پکك لە باشووردا هەر بەردەوامە و ئەمڕۆ فڕۆکە تورکییەکان نێوچەی خواکوڕکیان بۆردومانکرد. **6677**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-09-29** نزیکەی 7 فڕۆکەی ئێرانی بنکەکانی موجاهیدینی خەلقیان لە نێوچەکانی بەعقوبە و واسیت بۆمبارانکرد. **6678**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعە الاولی – لندن – ایلول 1995.

**1997-09-30** ادت لە ئەنەدۆڵ ڕایگەیاند، کە سوپای تورك لە باشووری کوردستاندا دەستی گرتووە بەسەر بنکەی سەرەکیی پکك دا و لەم هێرشەیدا تاوەکو ئەمڕۆ 350 پێشمەرگەی شەهید کردووە، بەڵام باسی زیانەکانی خۆیی نەکرد. **6679**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعە الاولی – لندن – ایلول 1995.

**1997-10-00** سەرەتای ئەم مانگە: وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا، لیستەیەکی بڵاوکردەوە کە تێیدا نێوی ئەو دەوڵەت و ڕێکخراوانەی تێدابوو کە پێی بۆچوونی ئامریکا تیرۆریستن، یەکێك لەو ڕێکخراوە تیرۆریستانە پکك بوو. **6680**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-10-07** تا 08-10: بەبۆنەی 400 ساڵ بەسەر تێپەربوونی نووسینی شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسیدا، یەکێتیی نووسەرانی کوردستان، لە شاری سلێمانیدا ڤیستیڤاڵێکیان لە هۆڵی ڕۆشنبیری و جەماوەر سازکرد، ڤیستیڤاڵەکە بە لێکۆڵینەوەیەك د. عێزەدین مستەفا ڕەسوڵ دەستی پێکرد و پاشان چەند سیمینارێکی تریش لەلایەن هەندێك نووسەر و مێژوونووسەوە لەسەر مێژووی کورد و نووسینی مێژووەوە پێشکەشکرا، خەڵکێکی زۆر بەشدارییان لە ڤیستیڤاڵەکەدا کرد. **6681**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی مەد TV Med

**1997-10-08** لە نێوچەی مەتیندا شەڕێکی گران لە نێوان تورك و پککدا ڕوویدا و پارتیش یارمەتیی لەشکری تورکی دەدا، فڕۆکەکانی تورکیش نێوچەی زێی بادینانیان بە خەستی بۆمبارانکرد. **6682**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعە الاولی – لندن – ایلول 1995.

**1997-10-12** ادت لە ئەنەدۆڵ بڵاویکردەوە, کە هێرشەکەی تورک لەم دواییەدا بووەتە هۆی کوژرانی 700 پێشمەرگەی پکك, بەڵام پکك هەموو ڕۆژێك ئەم ژمارانە بەدرۆدا دەخاتەوە و شایانی باسیشە کە بەهۆی ئەم هێرشەی دوایی تورکەوە نزیکەی 10 هەزار کوردی باشوور لە شوێنی خۆیان ئاوارە بوون. لە لایەکی ترەوە ڕێکخراوە خێرخواکانی باشووری کوردستان ناڕەزاییان لە هێرشەکەی تورک دەربڕی چونکە یارمەتییەکانی ن.ی بۆ باشووری کوردستان دوا دەخات. **6683**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمه العفو الدولیه – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعه الاولی – لندن – ایلول 1995.

**1997-10-13** نیوەشەو لە کاژێری 2دا: هێزەکانی هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان کە پێك هاتبوون لە یەکێتی و پارێزەران و حسك و زەحمەتکێشان, بە یارمەتیی پکك هێرشیان کردە سەر هێزەکانی پارتی, لە ئەنجامدا چیای سەفین و سەری سپیلکیان گرت و لە هێندێك نێوچەی تردا پێشڕەوییان کرد, یەکێتی و پکك ڕایانگەیاند کە ئەم هێرشە بۆ لە نێوبردنی پارتی نییە, بەڵکو بۆ ئەوەیە کە پارتی مل بۆ ئاشتی بدات. لە لایەکی ترەوە فڕۆکەکانی تورك لە دۆڵی بالیساندا هێزەکانی یەکێتییان بۆمبارانکرد. **6684**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی مەد TV Med

**1997-10-13** ادت لە ئەنەدۆڵ بڵاویکردەوە, کە ئەمڕۆ ئەو 15 هەزار سەربازی تورکەی کە لە دژی پکك چووبوونە باشوورەوە, دەستیانکرد بە پاشەکشە بۆ نێو خاکی تورکیا, هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاند کە سەرجەمی کوژراوی پکك گەیشتە 800 پێشمەرگە. **6685**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمه العفو الدولیه – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعه الاولی – لندن – ایلول 1995.

**1997-10-14** ئەمڕۆ فڕۆکەکانی تورك 3 جار هێزەکانی هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستانی لە باشووردا بۆمباران کرد. **6686**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی مەد TV Med

**1997-10-14** یەکێتی ڕایگەیاند کە لە ئەنجامی هێرشەکەی دوێنێدا نزیکەی 57 کەسیان لە هێزەکانی پارتی کوشتووە. **6687**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمه العفو الدولیه – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعه الاولی – لندن – ایلول 1995.

**1997-10-15** یەکێتی ڕایگەیاند, کە تورکیا لە بەرژەوەندیی پارتی هێزەکانی یەکێتی بە فڕۆکە بۆردومان دەکات. **6689**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمه العفو الدولیه – نقض العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الطبعه الاولی – لندن – ایلول 1995.

**1997-10-15** ن.ی ڕایگەیاند, کە شەڕی نێوان پارتی و یەکێتی بووەتە هۆی دواخستنی یارمەتییە مرۆڤایەتییەکان بۆ باشووری کوردستان. **6688**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقج العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995.

**1997-10-16** پارتی ڕایگەیاند, کە لەم شەڕانەی دواییدا, 20 کەسی لە یەکێتی کوشتووە. **6690**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقج العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995.

**1997-10-16** تاریق عەزیز, داوای لە پارتی و یەکێتی کرد, کە کێشەکانی خۆیان لە بەغداد چارەسەربکەن. **6691**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقج العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995.

**1997-10-17** بەهۆی نێوبژیی تورک و بریتانیا و ئامریکاوە, پارتی و یەکێتی شەڕەکەیان ڕاگرت. **6692**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-10-18** پارتی یەکێتیی بەوە تاوانبار کرد, کە ئاگر بەستەکەی شکاندووە. **6693**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقج العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995.

**1997-10-20** فڕۆکەکانی تورک بەردەوامن لە بۆردومانکردنی دۆڵی بالیسان و ناوچەکانی تری باشووری کوردستان. **42**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی مەد TV Med

**1997-10-21** یەکێتی یاداشتێکی ناڕەزایی دایە تورکیا و نەتەوە یەکگرتووەکان لە دژی بۆردومانی تورک لە باشووری کوردستاندا. **43**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی مەد TV Med

**1997-10-22** د.ت, ڕایگەیاند کە پشتوێنێکی ئاسایشی ئەلەکترۆنیی بە یارمەتی ئامریکا لە نێوان باکوور و باشووری کوردستاندا دروستکردووە. **44**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقج العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995.

**1997-10-23** جامیعەی عارەبی, ناڕەزایی خۆیی بەرامبەر تورکیا دەربڕی, بە بۆنەی دروستکردنی پشتێنەی ئەلەکترۆنییەوە لەسەر سنووری باکوور و باشووری.ک. **6698**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقج العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995.

**1997-10-23** تورکیا, بۆ ماوەی 45 خولەك, گوندەکانی باشووری.ك بۆمباران کرد. **6697**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی عەرەبی: تلفزیون الشرق الوسگ ڤ لندن MBC.

سەرچاوەی 2: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی مەد TV Med

**1997-10-24** فڕۆکەکانی تورك هەر بەردەوامن لە بۆردومانکردنی یەکێتیدا. **6701**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-10-24** کۆچی دوایی کاکە حەمەی مامە ڕەزا لە گوندی کلکەسماق, نێوبراو یەکێك بوو لە ڕابەرەکانی بزووتنەوەی هەقە. **7715**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی ینك Sat Kurd

**1997-10-24** ادت, ڕایگەیاند کە ئەمساڵ 5 هەزار کوردی کوشتووە. **6700**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-10-24** پارتی ڕایگەیاند, کە هێرشێکی یەکێتیی تێکشکاندووە. **6702**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-10-24** هوشیار زێباری, کاتژمێر 19.15 لەسەر تەلەڤزیۆنی ئێم.بی.سی, پشتێنەی ئەلەکترۆنیی بەدرۆدا خستەوە. **6699**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منڤمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان ڤ کردستان العراق منڗ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995.

**1997-10-25** یەکێتی, تورکیای بەوە تاوانبار کرد کە بۆمبای ناپاڵمی لە دژی هێزەکانی بەکارهێناوە. **50**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منڤمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان ڤ کردستان العراق منڗ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995.

**1997-10-25** یەکێتی, هێزی ئەلەکتریکی شاری هەولێری بڕی. **6704**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منڤمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان ڤ کردستان العراق منڗ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995.

**1997-10-27** بە بۆنەی یادی 400 ساڵەی نووسینی شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسییەوە, ئەمڕۆ لەلایەن دانەری ئەم بەرهەمەوە, 20 دانە لەم بەرهەمە بە تیپی عارەبی و لەسەر 3 دیسکی کۆمپیوتەر بە نێو مەڵبەندە کوردییەکانی دەرەوەی وڵاتدا بڵاوکرایەوە. **6705**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1997-11-00** تیمێکی ئارکیۆلۆژیی هۆڵەندی لە خۆرئاوای کوردستاندا شوێنێکی نیشتەنییان دۆزییەوە کە مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی هەزارەی چوارەمی پێش زایین. **55**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی هۆڵەندی: 4.RTL

**1997-11-00** وتەبێژێکی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند کەبەهۆی شەڕی ئەم دوادواییەی پارتی و یەکێتییەوە دەهەزار کەس لە شوێنی خۆیاندا دەربەدەربوون. **53**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی مەد TV Med

**1997-11-00** تیمێکی ئارکیۆلۆژیی هۆڵندی لە خۆرئاوای.ك, شوێنێکی نیشتەنییان دۆزییەوە کە مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ 3300 ساڵ پ.ز. **6707**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-11-00** لەم مانگەدا: گوتەبێژێکی ن.ی ڕایگەیاند کە بەهۆی شەڕی ئەم دوادوایەی نێوان پارتی و یەکێتییەوە, نزیکەی 10 هەزار کەس لە شوێنی خۆیاندا دەربەدەربوون. **6706**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی مەد TV Med

**1997-11-09** دوێنێ و ئەمڕۆ: شەڕێکی قورس لە نێوان پارتی و یەکێتیدا لە نێوچەی شەقڵاوادا ڕوویدا, کە بووە هۆی کوژرانی زێتر لە 100 کەس لە هەردوولا. **6708**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمه العفو الدولیه – نقچ العهود و اهدار حقوق الآنسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعه الآولی – لندن – ایلول 1995.

**1997-11-10** یەکێتی, پاشکشەی لەو شوێنانە کرد کە لەم دوادوایەدا گرتبوونی. **6709**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-11-12** ڕوودانی پێکدادانێك لە نێوان لایەنگرانی پارتی و یەکێتی لە کەمپی پەنابەرانی ڤاسەنار لە هۆڵندا و پۆلیسی هۆڵندی کەوتە نێوانیان و هەندێکیان خرانە ژێر لێپرسینەوەوە. **58**

**1997-11-24** پارتی پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ لەلایەن خۆیەوە شەڕی وەستاند. **59**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمه العفو الدولیه – نقچ العهود و اهدار حقوق الآنسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعه الآولی – لندن – ایلول 1995.

**1997-11-30** ئەمڕۆ, سەرژمێرییەك لە تورکیا پیادەکرا, لەم سەرژمێرییەدا نێوی نەتەوە و ڕەگەز و ئایین تۆمار نەکرا, تاوەکو ژمارەی کورد لە باکووردا دەرنەکەوێت چەندە. **6712**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-12-00** کۆتایی ئەم مانگە: کۆبوونەوەی چەند هاوبیرێکی نەتەوەیی لە وڵاتی سوید بۆ دامەزراندنی پارتێکی نەتەوەیی, کۆبوونەوەکە چواردە کەس بەشداریی تێدا کرد, بەڵام هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبوو. ئەمانە ناوی بەشداربووان: ڕەوانشاد: ڕەهبەر جەلال مامەش, پێ ڕەش بارزانی, بورهانی مام تۆفیق, .... **63**

**1997-12-00** میرزا محەمەد چیمەن لە باکووری.ک, لە داخی زوڵم و زۆری تورکەکان و مامەڵەی ناشرینیان دەگەڵ زیندانییەکاندا, خۆیی سووتاند. **6716**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی مەد TV Med

**1997-12-00** کۆتایی ئەم مانگە: چەکدارەکانی پارتی هێرشیانکردە سەر کامپی نەینەوا, ئەو کامپە ئاوارەکانی باکووری.ک تێدا نیشتەجێیە و بووە هۆی کووژران و بریندارکردنی چەند کەسێك. **6717**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی مەد VT Med

**1997-12-00** ئیتالیا, ئەوەی ڕاگەیاند کە داوا لە یەکێتی ئەورووپا و ن.ی دەکات کە چارەیەك بۆ کورد بدۆزرێتەوە. **6719**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی مەد TV Med

**1997-12-00** بەستنی کۆنگرەی 11می حدکا, کە تێیدا عەبدوڵلا حەسەن زادە کرایەوە سکرتێر. **6718**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1997-12-09** چەند بەکرێگیراوێکی داگیرکەری ئێرانی بۆسەیەکیان لەلای شارۆچکەی دوکان بۆ ئوتومبیلێکی حدکا دانا و لە ئەنجامدا 6 پم شەهیدبوون. **6713**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی مەد TV Med

**1997-12-10** ئەمڕۆ لە کۆنگرەی لوتکەی ئیسلامی لە تاران, بەزۆرینەی تەواوی دەنگەکان بڕیاری یەکێتی ئێراق و سلامەتیی زەویەکانی درا. **6714**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995.

سەرچاوەی 2: تەلەڤزیۆنی عەرەبی: تلفزیون الشرق الاوسگ فی لندن MBC.

**1997-12-11** عەبدوڵلا ئوجەلان, نامەیەکی ئاڕاستەی کۆنگرەی ئیسلامی لە تاران کرد و نامەکە خوێندرایەوە, کە تێیدا تورکیای بەوە تاوانبار کردبوو کە جەنگێکی نابەرامبەری لە دژی کورد پیادە کردووە. **6715**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی مەد TV Med

**1998** دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری ژن و ژیار لە باکوور. **7978**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952–2002 – نوسینی ڕێناس نەورۆزی – برۆکسل.

**1998** دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری رۆزا لە شاری ئەستەمبوڵ. **7974**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952–2002 – نوسینی ڕێناس نەورۆزی – برۆکسل.

**1998** دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری ژنا سەربڵند. **7951**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952–2002 – نوسینی ڕێناس نەورۆزی – برۆکسل.

**1998** دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری ژین لە شاری ئەستەمبوڵ. **7979**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952–2002 – نوسینی ڕێناس نەورۆزی – برۆکسل.

**1998** دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری ژن و ژیان لە شاری ئامەد. **7975**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952–2002 – نوسینی ڕێناس نەورۆزی – برۆکسل.

**1998** گیرانی د. بەدرخان سندی بەڕێوەبەری گشتیی ڕۆشنبیریی کوردی لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی ئێراقی لەلایەن د.ق. لەئەنجامدا لەلایەن دادگایەکی نهێنییەوە 8 ساڵ زیندانی کرا. **6964**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 12-05-2001

**1998-01-00** هۆڵندا، 250 چاودێری زێتری بۆ کەنارەکانی خۆی دانا، تاوەکو بەربە هاتنەنێوەوەی کوردەکان بگرێت و 400 پۆلیسیشی لەسەر پونتە سنووریەکان زێترکرد. **6724**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1998-01-00** دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری ل ژیاندا ژنا ئازاد لە شاری ئەستەمبوڵ. **7976**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952–2002 – نوسینی ڕێناس نەورۆزی – برۆکسل.

**1998-01-00** بەرزبوونەوەی کێشەی نێوان د.ق و ئەمریکا لەسەر پشکنینی کۆشکە کۆمارییەکانی ئێراق لەلایەن لیژنەکەنی ن.ی ەوە. **6725**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1998-01-00** ئیتالیا بووە جێی ڕەخنەی دەوڵەتە ئەوروپیەکانی خۆرئاوا، چونکە مافی پەناهاندەی دایە کوردەکان. **6723**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1998-01-00** ئیتالیا ڕایگەیاند، کە لە کۆتایی ساڵی ڕابردوو و سەرەتی ئەم ساڵدا، 2 پاپۆر بە شێوەیەکی نایاسایی کە سەدان پەناهاندەی کوردی تێدابووە هاتوونەتە خاکەکەیەوە، ئەڵمانیاش ترسی خۆیی دەربارەی پەڕینەوەی ئەو پەناهاندە کوردانە بۆ خاکی خۆی ڕاگەیاند. **6722**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1998-01-00** دەستپێکردنی گفتوگۆی نێوان ینك و د.ق، کە هەردوولا وەفدیان لە نێوان بەغداد و سلێمانیدا گۆڕییەوە. **6721**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1998-01-00** سەرەتای ئەم مانگە یان کۆتایی ساڵی ڕابردوو: جەلال تاڵەبانی، نامەیەکی بۆ مەسعود بارزانی نارد، کە تێیدا داوا لە پارتی دەکات چارەی کێشەکانی نێوانیان بە ڕێی ئاشی بکەن. **6720**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1998-01-01** ئەمڕۆ پاپۆڕێکی تر کە سەدان پەناهاندەی کوردی تێدابوو, گەیشتە ئیتالیا. **6726**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1998-01-02** ئیتالیا, مافی پەناهاندەیی دایە ئەو کوردانەی کە لەم ڕۆژانەدا چوونەتە خاکەکەیەوە, بەڵام ئەڵمانیا ترسی خۆیی دەرەبارەی ئەم پەناهاندانە ڕاگەیاند. **6727**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1998-01-04** پۆلیسی باڤاریا لە بۆن ڕایگەیاند کە دەهەزار کورد لە کەنارەکانی تورکیاوە دەیانەوێت بە بیست کەشتی بپەڕنەوە بۆ ئیتالیا و لەوێشەوە بچن بۆ ئەڵمانیا. **65**

**1998-01-04** تا 8ی ئەم مانگە: زنجیرە کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتیی ینك. **6923**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1998-01-06** تورکیا, داوای لە وڵاتانی ئەوروپا کرد کە پێکەوە لیژنەیەك بۆ کێشەی ئەو پەناهاندە کوردانە پێکبهێنن, کە بە کۆمەڵ لە تورکیاوە دەردەچن. هەروەها پۆلیسی تورکی ئەوەی ڕاگەیاند کە لەم ڕۆژانەدا زێتر لە 200 کوردی دەستگیر کردووە. **6728**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الأنسان فی کردستان العراق منژ 1991 – الگبعە الأولی – لندن – ایلول 1995.

**1998-01-06** ئەمڕۆ 2 پارتی سەرەکی لە پەڕلەمانی هۆڵەندادا, پێشنیازی ئەوەیانکرد کە هۆڵەنداش کۆنترۆڵی سنوورەکانی خۆی بکات تاوەکو ئەو پەناهاندە کوردانەی کە گەیشتوونەتە ئیتالیا, نەیەنە هۆڵەنداوە. **6729**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1998-01-08** لە ڕۆمای پێتەختی ئیتالیا, پۆلیسی 7 دەوڵەتی ئەوروپی و تورکیا, لەسەر کێشەی ڕەوی پەناهاندە کوردەکان کۆبوونەوە. **6731**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1998-01-09** تورکیا, 300 کوردی باشووری سنوورداش کردەوە بۆ باشووری.ك. **6732**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1998-01-10** تورکیا, ڕایگەیاند کە 3 هەزار کوردی لەم ڕۆژانەدا گرتووە. **6734**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1998-01-10** یۆنان ڕایگەیاند, کە تورکیا بە هەموو شێوەیەك دەیەوێت کورد لەنێو بەرێت. **6735**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منظمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الأنسان فی کردستان العراق منژ 1991 – الگبعە الأولی – لندن – ایلول 1995.

**1998-01-10** ئەمڕۆ 23 کوردی تر گەیشتنە ئیتالیا. **6733**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1998-01-16** دادگایەکی هۆڵندی لە شاری لاهای، بڕیاری 20 ساڵ زیندانیی بەسەر تاوانبار نەجمەدین کوشیداکدا دا. نێوبراو لە مارتی ساڵی پاردا ماڵی ئامۆزایەکی خۆیی سووتاند لە هەمان شاردا و بووە هۆی کوژرانی 5 کەس کە هەموویان خەڵکی باکورن. **6736**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1998-01-16** قەدەغەکردنی پارتی ڕەفای ئیسلامی لە تورکیادا، کە نەجمەدین ئەربەکان سەرۆکی بوو. **6737**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1998-03-00** دەرچوونی ژمارە یەکی بڵاوکراوەی هاوبیر لە ئەڵمانیا، لە لایەن پارتی سۆسیالیستی کورد پاسۆکەوە. **9**

**1998-04-01** دەرچوونی ژمارە سفری گۆڤاری ماڤ ئافرەت لە شاری هەولێر. **7977**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952–2002 – نوسینی ڕێناس نەورۆزی – برۆکسل.

**1998-09-14** جەلال تاڵەبانی و وەفدە یاوەرەکەی لەلایەن مارلین ئۆڵبرایتی وەزیری دەرەوەی ئامریکاوە لە نووسینگەی وەزارەتی دەرەوە پێشوازیکران. **6773**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1998-09-17** ئیمزاکردنی ڕێککەوتنامەی ئاشتی لەنێوان پارتی و یەکێتی بەسەرپەرشتیی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا. **7204**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی ئینگلیزی: CNN

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاک هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**1998-10-00** دەرچوونی ژمارە سفری گۆڤاری زوروان لەلایەن مەڵبەندی کلتووریی کورد لە لاهای – هۆڵندا. **8**

**1998-12-08** دامەزراندنی وێبی باخەوان لەسەر ئنتەرنێت لەلایەن هاوڕێ باخەوانەوە، لەم سایتەوە دەتوانرێت بەرنامەی هاوڕێنامە داونلۆدن بکرێت. **3012**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1999** کۆچی دوایی هونەرمەندی مەزن محەمەدی ماملێ لە شاری مەهاباد. **305**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1999 لەم ساڵەدا: د.ع 400 خێزانی کوردی لە کەرکوك و ناوچەکانی دەوروبەرییەوە بۆ هەرێمی باشووری کوردستان دەرکردووە. 865

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدك TV Kurdistan

1999 دەرچوونی پەرتووکی ڕۆژانی ئاوارەییم لە سویسرا, کە بریتییە لە بیرەوەرییەکانی مامۆستا جەمال نەبەز. ئەم پەرتووکە سەدوسی لاپەڕەیە و لە سلێمانی لە لایەن بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژەوە دەرچووە. 12

1999 ئەندامی سەرکردایەتیی پکك موراد کارایلان لە هۆڵندا داوای ماف پەنابەریی کرد، بەڵام هۆڵندا ئەو مافەی پێنەدا. 7224

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی هۆڵندی: Spits 07-01-2002 لاپەڕە : 2.

1999 دامەزراندنی تەلەڤزیۆنی کەناڵی کورد لەلایەن داگیرکەری ئێرانییەوە لە سنە, ئەم تەلەڤزیۆنە ڕۆژانە 5 کاژێر بەرنامەی کوردی و فارسی بڵاودەکاتەوە. 8609

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

1999 د. کەمال خۆشناو بووە سەرۆکی زانکۆی سلێمانی. 8667

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی ینك Sat Kurd

1999-02-12 ڕوودانی خۆپیشاندانێك لە شاری سلێمانی بۆ پشتگیریکردنی ئوجەلان. 302

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1999-02-16 گیرانی ئاپۆ عەبدوڵڵا ئوجەلان لە کینیا, ئەم گیرانە پیلانێکی تورکی, ئامریکی و ئیسرائیلی بوو. 4

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1999-02-26 گوێزانەوەی ئاپۆ بۆ دوورگەی ئیمرالی لەلایەن داگیرکەی تورکەوە, لەو دورگەیەدا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو زیندانی کرا, تاوەکو کاتی دادگایی کردنی. 19

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1999-03-00 دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری دەنگێ ژیان لە لوبنان. 7980

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952-2002 – نوسینی ڕێناس نەورۆزی – برۆکسل.

1999-03-18 کۆچی دوایی موزیکوان و گۆرانیبێژ قادر دیلان لە نەخۆشخانەیەکی شاری پراگ, نێوبراو لە ناوەڕاستی چلەکانەوە خەریکی خزمەتی هونەری کوردییە و چەندین و گۆرانی و ئاواز و سەمفۆنیای هەیە. 434

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پکك TV Medya

**1999-03-25** تیپی کامکاران لە شاری سلێمانی بۆماوەی سێ ڕۆژ کۆنسێرتێکیان سازدا لە هۆڵی ڕۆشنبیریی جەماوەر, کۆنسێرتەکە زۆر سەرکەوتوو بوو و سوودەکەشی لەلایەن تیپی کامکارانەوە پێشکەشی خێزانی شەهیدان کرا. 147

**1999-04-00** ڕوودانی شەڕی براکوژی لە نێوان پارتی و پ.ک.ک لە ناوچەی بادینان, کە بووە هۆی کوژرانی چەند کەسێك لە هەردوولا. 5

**1999-04-00** دەرچوونی ژمارە شەشی گۆڤاری سیمرغ لە بەلژیك. 7

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1999-04-19** دەرچوونی ئەنجامەکانی پەرلەمانی تورك. 6

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1999-05-00** لە سەرەتای ئەم مانگەدا ئەوە دەرکەوت کە ڕژێمی کینی بۆ پێنج ملێۆن دۆلار ئاپۆی بە داگیرکەری تورکیا فرۆشتووە. 10

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منقمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الآنسان فی کردستان العراق منذ 1991 – الگبعە الآولی – لندن – ایلول 1995.

**1999-05-00** سەرەتای ئەم مانگە: ڕوودانی پێکدادانێك لە نێوان هێزەکانی یەکێتیدا لە شاری سلێمانی. 11

**1999-05-17** دادگای شاری لاهای لە هۆڵندا, بڕیاری زیندانیکردنی دوازدە ڕۆژی بەسەر ئەو کوردانەدا دا کە لە مانگی فێبریوەریدا هێرشییانکردبووە سەر باڵوێزخانەی یۆنان, ڕەفتاری ئەو کوردانە لەوەوە سەرچاوەی گرت کە یۆنان دەستی لە ڕفاندنی سەرۆك ئاپۆدا هەبوو. 13

سەرچاوەی 1: تەلەفزیۆنی هۆڵندی: 4.RTL

**1999-05-17** سەرلەنوێ هەزاران سەربازی داگیرکەری تورکی هێرشیان بۆ سەر بنکەکانی پ.ک.ک لە باشووری کوردستاندا کرد, د.ع و جامیعەی عەرەبی داوای لە هێزەکانی تورك کرد کە خاکی ئێراق بەجێبهێڵن. 14

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1999-05-24** بەستنی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان لە شاری ئەمستەردامی پێتەختی هۆڵندا, کە چوار ڕۆژی خایاند. کۆنگرەکە لە هۆڵی دی ڕودە هوددا بەسترا و چەند سەد کەسێك لە کەسایەتی و زۆربەی نوێنەرانی پارتە کوردستانییەکان بەشدارییان تێدا کرد. بەڵام نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان پارتی بەشداریی تێدا نەکرد, لە کۆنگرەکەدا ئاپۆ بە زۆرینەی دەنگ بە سەرۆکی نەتەوەیی کورد هەڵبژێررا. 16

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1999-05-27** تەواوبوونی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان لە ئەمستەردام. 17

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1999-05-28** کۆتایی ئەم مانگە: چاپکردنی پەڕتووکی هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد لە سلێمانی لە لایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم, بە تیراژی پێنج سەد دانە. ئەم پەڕتووکە بۆ ماوەی هەفتەیەك لە کتێبخانەکاندا نەما. 15

**1999-05-30** ئەمڕۆ تورکەکانی هۆڵندا ڕۆژێکی کلتووریی تورکییان بۆ تورك و هۆڵندی ڕێکخست, بەڵام لە نزیکەی پازدە ملیۆن هۆڵندی, تەنها یەك هۆڵندیش بەشداریی نەکرد. 18

سەرچاوەی 1: تەلەفزیۆنی هۆڵندی: RTL.4

**1999-05-31** هێرشێکی پێشمەرگەکانی باکوور لە ناوچەی وان بۆسەر مۆڵگاکانی تورك, کە لە ئەنجامدا سەربازێك کوژرا و سیانیشیان لێ برینداربوو. 24

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1999-05-31** ئەمڕۆ لە شاری لەندەن و هەندێك لە شارەکانی ئەڵمانیا چەند خۆپیشاندانێك بۆ پشتگیریی ئاپۆ لەلایەن کوردەکانی ئەو وڵاتانەوە سازدرا. 22

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1999-05-31** دەستپێکردنی دادگایی کردنی ئاپۆ لە دورگەی ئیمرالی, بۆ ئەم دادگایە نزیکەی هەزار لایەنی ڕاگەیاندنی تورکی و جیهانی ئامادەبوون. هەروەها بیست کەس لە بنەماڵەی ئاپۆ خۆی ئامادەی دادگاکە بوون. سەرەتا داواکاری گشتی داوای لەسێدارەدانی ئاپۆی کرد, ئاپۆ سەرلەبەیانی نەیتوانی بەرگری لە خۆی بکات, بەڵام لە پاش نیوەڕۆدا وتی کە ئێمە خاوەن کێشەیەکی ڕەواین و تەواوی هەڵەکانی دایە پاڵ داگیرکەری تورك, پاشان گوتی کە ئەگەر تورکیا ڕێگا بە من بدات, گەلێك خزمەتی تورکیا دەکەم. 20

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1999-06-00** بەهۆی کەمیی بارانی زستان و بەهاری ڕابردووەوە باشووری کوردستان تووشی وشکاییەکی زۆر بووە بەتایبەتی لەم مانگەدا کە بێ ئاوی و بێ وزەی کارەبا بەتەواوەتی بەکوردستانەوە دیارە. 27

**1999-06-00** دامەزراندنی بنکەی ڕووناکبیریی پێنجوێن لە شاری پێنجوێن, لەلایەن چەند ڕووناکبیر و مامۆستای شارەکەوە. 3353

سەرچاوەی 1: تەلەفزیۆنی کوردی: تەلەفزیۆنی ینك Sat Kurd

**1999-06-01** ڕۆژی دووەمی دادگایی ئاپۆ لە ئیمرالی لەلایەن تورکەکانەوە, ئاپۆ لە دادگاکەدا کە زۆر توڕە بوو بوو ئەوەی ڕاگەیاند کە یۆنان ئەمی لە کینیا داوەتە دەست تورکەکان و هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاند کە ولاتانی وەك یۆنان و سووریا و ئێران و ئێراق یارمەتییان داوە. 21

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1999-06-01** لە شاری سلێمانی ژمارەیەکی زۆر خۆپیشاندانیان بۆ پشتگیریی ئاپۆ سازدا, ئاسایشی شار تەقەی لە خۆپیشاندەران کرد و چەند کەسێکی پێوەبوو. هەروەها لاوێك خۆیی سووتاند کە ناوی سیروان بوو و لە نەخۆشخانە کۆچی دوایی کرد. 23

**1999-06-05** ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانی هەندەران, دانیشتووی ولاتانی ئەڵمانیا, بەلژیك و هۆڵندا کە سی و پێنج هەزار زۆرتر دەبوون, لە شاری لاهایی هۆڵندا ڕێپێوانێکیان بۆ پشتگیریی سەرۆك ئاپۆ ڕێکخست. ڕێپێوانەکە سەرلەبەیانی لەبەردەم کۆشکی سەربەستییەوە بەرەو باخی باشوور زاودەر پارك بەردەوام بوو. ئەم خۆپیشاندانە بەشێوەیەکی ئاشتییانە کۆتایی هات. 25

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1999-06-12** هێرشێکی موشەکیی ئێران بۆ سەر بارەگاکانی موجاهیدینی خەلقی ئێرانی لە خاکی ئێراقدا, کەبووە هۆی تێکچوونەوەی بارودۆخ و پەیوەندیی نێوان هەردوولا. 26

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1999-06-23** ئەمرۆ عەبدوڵلا ئوجەلان – ئاپۆ, دوا بەرگریی خۆیی لەبەردەم دادگای تورکدا کرد و ئەنکەرەشی بەوە تاوانبارکرد کە هۆی سەرهەڵدانی کوردەکانە. هەروەها ئەوەی ڕاگەیاند کە بەهیچ جۆرێك هەوڵی ئەوەی نەداوە کە کورد بەوە هان بدات کە لە تورکیا جوودا ببنەوە و بەڵکو دەیانەوێت لەگەڵ تورکیادا بژین. 28

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1999-06-28** تارق عەزیزی سەرۆك وەزیرانی داگیرکەی ئێراق لەسەر کەناڵی ئەل جزیرە ڕایگەیاند کە بەربەستی دوکان لە باشووری کوردستان ئەمان بەڕێوەی دەبەن, چونکە کورد ناتوانێت بەڕێوەی بەرێت. 31

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی عەرەبی: الجزیرە

**1999-06-29** دادگای تورك لە دورگەی ئیمرالی بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ ئاپۆ دەرکرد. 30

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1999-07-04** تەقینەوەی بۆمبایەك لە شاری ئەستەمبوڵ, کەبووە هۆی کوژرانی تورکێك و برینداربوونی بیست کەس, تورکیا ڕایگەیاند کە ئەمە کردەوەی پ.ك.ك یە. 29

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1999-08-16** ڕووداني بوومەلەرزەيەك لە شاري ئەستەمبوڵی تورکيا, کەبووە هۆی کوژران و بريندارببووني دەيان هەزاران کەس, کە لەنێو ئەوانەدا ژمارەيەك کورديشي تێدابوو. زياني ئەم بوومەلەرزەيە دە مليار دۆلای ئەمريکي بوو, جگە لەوەی کە سەدان هەزار کەس کەوتنە سەر جادە و بێشوێن مانەوە. 32

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1999-08-16** مەسعود بارزاني لە يادی پەنجاوسێيەمين ساڵڕۆژی دامەزراندنی پارتيدا وتارێکی لە هاوينەهەواری پيرمام خوێندەوە, کە تێيدا ڕايگەياند کە پارتي ئامادەيە بۆ ئاشتي و بۆ گەڕانەوە بۆ سەرەنجامەکاني هەڵبژاردنی ساڵی نەوەدودوو, هەروەها وتی کە ئامادەی هەڵبژاردنی نوێشین لەگەڵ يەکێتيدا. لە باسي پ.ك.ك دا ئەوەی ڕاگەياند کە هەتا ئەوان هێرش بکەنە سەر گوندەکاني باشووری کوردستان شەڕ لەگەڵياندا هەر بەردەوام دەبێت. 33

سەرچاوەی 1: تەلەڤزيۆنی کوردی: تەلەڤزيۆنی پدك TV Kurdistan

**1999-08-25** ئەمڕۆ هێزەکاني پ.ك.ك دەستيانکرد بە پاشەکشە لە ناوچەکاني باکووری وڵات, هەندێك سەرچاوەی تر واڕادەگەيەنن کە دوو هەفتە پێش ئەمڕۆ دەستيان بە پاشەکشە کردووە. ئەم پاشەکشەيە لەسەر داوای ئاپۆ و سەرکردايەتييان بووە. چاودێرەکان وای بۆ دەچن کە ئەم پاشەکشەيە لە ئەنجامی ڕێکەوتنی نێوان داگيرکەراني ئێران و تورکيايە. تورکيا ئەمڕۆ ڕايگەياند کە پێکدادانێك لەنێوان ژەندرمە و هێزەکاني پ.ك.ك دا ڕوويداوە و دە پێشمەرگەی پ.ك.ك يان کوشتووە. 38

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1999-08-27** دادگای شاري لاهای لە هۆڵندا بڕياری زيندانيي بۆ ئەو شەش کوردە دەرکرد کە لە مانگی فێبريوەريی ئەم ساڵدا ماڵی باڵوێزی يۆنانييان گرت. دادگاکە بڕياری دوو ساڵ زيندانيي بۆ يەکێك لەوانە و پێنجەکەی تريان بۆ ماوەی شەش مانگ زينداني دەکرێن. ئەم بڕيارە زۆر کەمتر بوو لەوەی کە وەزارەتی دادی هۆڵندی بۆ ئەو کوردانەی دەخواست. 39

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1999-08-29** پەرلەماني تورك بڕياری لێخۆشبووني بۆ دەيان هەزار زينداني دەرکرد, کە بەزۆری تاوانباراني دزی و کوشتن و مادەی سەرخۆشکەری گرتەوە. بەپێی وتەی وەزيری دادی تورك ئەم بڕيارە ئەو زيندانييانە ناگرێتەوە کە بەهۆی کاری تيرۆرەوە گيراون و ژمارەيان يازدە هەزار کەسە. شاياني باسە زۆربەی ئەمانە کوردن و ئەندامي پ.ك.ك ن. 41

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1999-09-00** لە سەرەتای ئەم مانگەوە هيچ کەمپێکی پەنابەران لە هۆڵندادا خەڵکی کورد وەرناگرێت. 69

**1999-09-00** لە سلێمانی لەلایەن چەند نەناسراوێکەوە هەوڵی کوشتنی مەلا بەختیار درا، بەڵام هەوڵەکە سەرکەوتوو نەبوو. **751**

**1999-09-00** پەرلەمانی سەربە پارتی لە هەولێر بڕیاری ئەوەی دەرکرد کە شارۆچکەکانی هەڵبجە، ئاکرێ، دیانا و بیتوێن لە ڕووی کارگێڕییەوە ببنە شار. **167**
سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدک TV Kurdistan

**1999-09-00** بۆ جارێکی تر فیلمی یۆڵ – ڕێگا لە یەکێك لە سینەما گەورەکانی شاری لاهایی هۆڵندا پیشاندرا. ئەم فیلمە لە دەرهێنانی سینەماوانی بەناوبانگ یەڵماز گۆنابیە. **304**
سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1999-09-00** دەرچوونی شەست جۆر پولی پۆستە لە هەولێر لەلایەن کابینەی سەربە پارتی، ئەمە یەکەم جارە لە نیوەی دووەمی ئەم سەدەیەی مێژووی کوردا کە پولی پۆستە لەلایەن لایەنێکی کوردییەوە چاپبکرێت. پوولی پۆستەی کوردی بۆ یەکەمجار لەلایەن حکومەتی باشووری کوردستان بە سەرۆکایەتیی شێخ مەحمودی بەرزنجی دەرچوو. **149**
سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدک TV Kurdistan

**1999-09-00** ئازادکردنی کوردناسی تورك ئیسماعیل بێشکچی لەلایەن تورکەکانەوە، نێوبراو چەندین ساڵ بوو لە زیندانی تورکدا بوو. **265**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1999-09-11** مەڵبەندی کلتووریی کورد لە دەنهاخ – لاهایی هۆڵندا، کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەی بۆ هۆزانەوان شێرکۆ بێکەس ڕێکخست. کۆڕەکە نزیکەی سێ کاژێرێکی خایاند و ژمارەیەکی زۆری خەڵك بەشداربوون. **91**
سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1999-09-11** دادگای ئێرانی بڕیاری مردنی بۆ چوار خوێندکاری زانکۆی تاران دەرکرد، ئەمانە ئەوانە بوون کە لە خۆپیشاندانەکانی مانگی هەفتی ئەمساڵدا لە زانکۆی تاران بەشداربوون. **90**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1999-09-12** دانیشتنی پارتی و یەکێتی لە شاری کۆیە بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێکەوتننامەی واشەنتۆن. **95**
سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدک TV Kurdistan

**1999-09-12** لە هۆڵی پەلکە زێڕینەی منداڵە ئاوارەکانی کەرکوك لە سلێمانی جەلال تاڵەبانی پێشانگایەکی گەورەی کتێبی کردەوە کە بەهاوکاریی دار المدی و بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ سازکرابوو. **6755**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1999-09-13** ڕوودانی بوومەلەرزەیەکی تر لە تورکیا لە ناوچەی ئەستەمبوڵ, کە بووە هۆی مردنی زۆرتر لە دە کەس و بریندار بوونی سەدانی تر. **94**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1999-09-13** بەستنی کۆنفرانسی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگەی ینک. **6780**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**1999-09-29** چوونەناوەوەی پێنج هەزار ژەندەرمەی تورک بۆ باشووری کوردستان, تاوەکو هێرش بکەنە سەر بنکەکانی پکک. **301**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1999-10-00** لەم مانگەدا: کۆمەڵێك ئەندامی پکك کە دانیشتووی وڵاتەکانی ئەوروپا بوون, خۆیاندایەوە دەست تورك و گەڕانەوە بۆ تورکیا. **641**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1999-10-00** لەم مانگەدا: لە ناوچەی فریسلاندی هۆڵندا, کچێکی چواردەساڵ خراپکرا و کوژرا, سەرەتا پۆلیس وایبۆچوو کە پەناهاندەیەکی کورد ئەم تاوانەی کردبێت, بەڵام دوایی دەرکەوت کەوا نەبووە. **372**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1999-10-01** 8 ئەندامی پکك لەسەر خواستی ئوجەلان لە سنووری باشووری کوردستانەوە خۆیان دایە دەست ڕژێمی تورك و یەکسەر گیران و برانە بەندیخانەی موش. سەرۆکی ئەم 8 کەسە عەلی حسابان بوو. **6955**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 05-05-2001

**1999-10-02** ئێوارەی ئەمڕۆ: تەلەڤزیۆنی کوردستان – کەی تی ڤیی سەربە پارتی باسی پەرتووکی هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد لە نووسینی هاوڕێ باخەوانی کرد و گووتی گوایا یەکێتی لە شاری سلێمانی هاوڕێنامەی کۆکردووەتەوە و سووتاندوویەتی. هەروەها باسی دوو ڕۆژنامەشی کرد کە لە مانگی ڕابردوودا لە هەولێر لەسەر هاوڕێنامەیان نووسیوە, لەوانە گۆڤاری میدیا. **336**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدك TV Kurdistan

**1999-10-04** دادگایەکی ئیتالی مافی پەناهاندەیی ڕامیاریی دایە ئوجەلان, بولەند ئەجەوید ڕایگەیاند کە ئەمە هیچ ناگەیەنێت, چونکە ئوجەلان ژێردەستەی ئەمانە و لە تورکیایە. **351**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1999-10-06** تەقینەوەی بۆمبێك لە فەرمانگەیەکی ئابووریدا لە شاری ئەستەمبوڵ، کەبووە هۆی بریندارکردنی هەشت کەس. **352**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الحیاه – 16-9-1996. لاپەڕە : 3.

**1999-10-06** بەستنی کۆنگرەی دوازدەیەمی پارتی لە شاری هەولێر. کە تێیدا مەسعود بارزانی بوەوە سەرۆکی پارتی. هەروەها ئەو کەسانەی کە لە ساڵی چلوهەفتدا لەگەڵ بارزانیدا چووبوونە سۆڤیەت، مەدالیای بارزانییان وەرگرت. **353**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدك TV Kurdistan

**1999-10-07** دادگای تورك ئەمڕۆ پێداچوونەوەی دادگاکەی ئاپۆ ئوجەلانی بۆ دوو هەفتە دواخست. **355**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی هۆڵندی: Metro – 08-10-1999.

**1999-10-16** یەکێتیی ئەوروپا بڕیاری ئەوەیدا کەلە ماوەی ساڵێکدا کێشەی پەنابەران لە ئەوروپا چارەسەر بکات و چیدی نەهێڵێت پەنابەر ڕووبکاتە ئەوروپا، ئەم بڕیارە پەیوەندییەکی زۆری بە پەنابەرانی کوردەوە هەیە. بەتایبەتی پەنابەرانی باشووری کوردستان لە ئەوروپا. **354**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1999-10-19** د.ت، نزیکەی سەدوپەنجا کوردی باشووری سنوورداشکردەوە بۆ باشووری کوردستان. ئەم کوردانە دەیانویست لە تورکیاوە بڕۆن بۆ ئەوروپا. **370**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدك TV Kurdistan

**1999-10-20** دوارۆژی کۆنگرەی دوازدەیەمی پارتی لە هەولێر. **371**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدك TV Kurdistan

**1999-10-26** چوونی جەلال تاڵەبانی بۆ ئامریکا بۆ بەشداریکردنی لە کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراقی لە کۆتایی ئەم مانگەدا. **500**

**1999-10-29** کۆبوونەوەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراقی لە ئامریکا، کە یەکێتی و پارتیش بەشدارییان تێداکرد. **501**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1999-10-29** بەبۆنەی یادی 76هەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە، 8 ئەندامی پکك لەسەر خواستی ئوجەلان لە سنووری قاپی قولا خۆیان دایە دەست ڕژێمی تورك و یەکسەر گیران. لە نێو ئەم 8 کەسەدا ئافرەتێکی تێدا بوو بەناوی ئیکۆل بیدا وە. **6954**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 05-05-2001

**1999-10-31** کۆمەڵێك کوردی باشوور کە دەیانویست لە تورکیاوە بەرەو یۆنان بچن, کەوتنە ناو کێڵگەیەکی مینەوە و پێنجیان مردن و نزیکەی شەست کەسیان لێ بریندار‌بوو. **550**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی هۆڵندی: Metro – 01-11-1999.

**1999-11-00** دەرکردنی بیست خێزانی کورد لە کەرکوکەوە بۆ سلێمانی کە نزیکەی سەدوهەڤدە کەس دەبوون. **867**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدك TV Kurdistan

**1999-11-00** سەردانی تیپی مەولانای عەندەلیبییەکان لە خۆرهەڵاتەوە بۆ شارەکانی هەولێر و دهۆك, کە لەوێ چەندین پێشانگای شێوەکاری و ئاهەنگی موزیکییان پێشکەشکرد. **866**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدك TV Kurdistan

**1999-11-02** سووتانی پاپۆڕێك لە نێوان یۆنان و ئیتالیادا, کە ژمارەیەکی زۆری پەنابەری کوردی باشووری تێدا بوو, لەوانە سیازدەیان مردن و ژمارەیەکیشیان برینداربوون. **604**

سەرچاوەی 1: پەرتووکی عەرەبی: منڤمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الآنسان ڤی کردستان العراق منڎ 1991 – الگبعە الآولی – لندن – ایلول 1995.

**1999-11-02** ئەحمەدی مەلا لە زانکۆی فڕانس کۆنتە لە فەڕەنسا, بڕوانامەی دکتۆرای لەسەر مەحوی وەرگرت. **7088**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ – چاپی دەرەوە 23-12-1999

**1999-11-13** مەڵبەندی کلتووریی کورد لە لاهای – هۆڵندا, کۆڕێکی هەڵبەست خوێندنەوەی بۆ هۆزانەوان عەبدوڵڵا پەشێو ڕێکخست, لە کۆڕەکەدا پەشێو باسی ژیانی ئەدەبیی خۆیی کرد و چەند هەڵبەستێکیشی خوێندەوە, لە کۆڕەکەدا خەڵکانێکی زۆر بەشداربوون. **753**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**1999-11-15** کۆچی دوایی محەمەد ئەمین مەعروف, نێوبراو یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی پارتی. **7089**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ – چاپی دەرەوە 23-12-1999

**1999-11-16** سەردانی سەرۆك کلینتن بۆ تورکیا و لەگەڵ دێمرێلدا کۆبووەوە, کلینتن ڕایگەیاند کە بەهەموو جۆرێك پشتی تورکیا دەگرێت تاوەکو ببێتە ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا. **759**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**1999-12-02** ڕۆژنامەنووس کوردۆ باسکی لە سوید خەڵاتی ڕۆژنامەنووسیی وەرگرت. **8608**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی ینك Sat Kurd

**1999-12-07** وەفدێکی ینك بەسەرۆکایەتیی د. بەرهەم ساڵح بەشداریی کرد لە کۆنگرەی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیادا. **7086**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ – چاپی دەرەوە 23-12-1999

**1999-12-13** کۆچی دوایی لیوا بەکر حەوێزیی ئەفسەری نەبەزی کۆماری مەهاباد ناسراو بە ڕەئیس بەکر لە سلێمانی, تەرمەکەی برایەوە بۆ کۆیە و لە گۆڕستانی غەریبییان نێژرا. **7087**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ – چاپی دەرەوە 23-12-1999

**1999-12-21** د. بەرهەم سالح, نوێنەری ینك لە ئامریکا چاویکەوت بە جێرمی گرینستۆکی سەرۆکی ئێستای خولی ئەنجوومەنی ئاساییش. لەم چاوپێکەوتنەدا باسی بارودۆخی کوردستان کرا. **7085**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ – چاپی دەرەوە 23-12-1999

**1999-12-26** کردنەوەی دەرگای خۆپالاوتن بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانییەکانی سنووری حکوومەتی کوردستان – ینك. **8756**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی ینك Sat Kurd

**2000** تا ئەم ساڵ: ژمارەی پەڕتووکەکانی کتێبخانەی گشتیی هەولێر گەییشتە 42 هەزار پەڕتووك. **2326**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدك TV Kurdistan

**2000** دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری پێگە لە شاری سلێمانی. **7984**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952-2002 – نوسینی ڕێناس نەورۆزی – برۆکسل.

**2000** دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری دەنگی خانمان لە شاری سلێمانی. **7983**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952-2002 – نوسینی ڕێناس نەورۆزی – برۆکسل.

**2000** دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری نوێکار لە شاری سلێمانی. **7982**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952-2002 – نوسینی ڕێناس نەورۆزی – برۆکسل.

**2000** دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری ڕاسان لە شاری سلێمانی. **7981**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952-2002 – نوسینی ڕێناس نەورۆزی – برۆکسل.

**2000** دەرچوونی پەڕتووکی (کەسایەتی نەتەوەیی کوردی), نووسینی سەلاح هەورامی, کە توێژینەوەیەکە لە بەها و سیاسەت. هەژار کامەلا وەریگێڕاوە و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە. **6958**

سەرچاوەی 1: پەرتوکی کوردی: سەلاح هەورامی – کەسایەتی نەتەوەیی کوردی – توێژینەوە لە بەها و سیاسەت – هەژار کامەلا وەریگێڕاوە و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە – لەبڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی میدیا ژمارە 15 – چاپخانەی ئۆفسێتی کریستاڵ – کوردستان – هەولێر – 2000

**2000** هاوینی ئەمساڵ: دەرچوونی گۆڤاری نوێ, ئەم گۆڤارە تەنها یەك ژمارەی لێدەرچوو و بەبیانووی ئەوەی سووکایەتی بە ئیسلام و دابونەریتی کۆمەڵگە دەکات داخرا. **7623**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی کوردستان نێت http://www.kurdistannet.org

**2000** دەرهێنەر بەهمەنی قوبادی خەڵاتی کامێرای زێرینی کانی 2000ی وەرگرت لەسەر فلیمە ناودارەکەی زەمانە بۆ مەستی ەسپەکان. **6794**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: برایەتی 27-09-2000

**2000** هاوینی ئەمساڵ: شەپۆلێکی گەرما کوردستانی گرتەوە کە تێکڕای پلەی گەرمی لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا گەیشتە 45 و بەرەوژوور, بەهۆی ئەم گەرمایەوە ژمارەی ئەو کەسانەی کەهاتووچۆی نەخۆشخانەیان دەکرد گەیشتە لەسەدا پەنجای ڕێژەی ئاسایی زۆرتر. **6743**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2000-01-00** دامەزرانی کەناڵی ساتەلایتی کوردسات کە سەربە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە. **847**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی ینك Sat Kurd

**2000-01-00** بەهۆی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانیی سلێمانییەوە لە مانگی داهاتوودا, تەواوی پارتەکان کەوتوونەتە پڕوپاگەندە بۆ کاندیداتەکانیان. شایانی باسە لە مانگی داهاتووەوە شاری سلێمانی پارێزەری نامێنێت و ئەنجوومەنی شارەوانی شار بەڕێوەدەبات. **765**

**2000-01-04** بەبۆنەی جەژنەکانی ڕەمەزان و سەری ساڵەوە، جەلال تاڵەبانی لێبووردنی گشتیی بۆ گیراوەکانی ژێر سنووری ینك دەرکرد. **6924**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری – کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – 1975 – 2000 – کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

**2000-01-12** ئەنجومەنی وەزیرانی تورك, بڕیاری لەسێدارەدانی عەبدوڵڵا ئۆجەلانی وەستاند, ئەم بڕیارە لە ئەنجامی فشاری وڵاتانی ئەوروپاوە بوو. شایانی تەواوی کەناڵەکانی میدیای جیهانی گرنگییان بەم باسەدا و بڵاویانکردەوە. **761**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2000-01-13** بەبۆنەی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی تورك بۆ وەستانی بڕیاری لەسێدارەدانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان, چەند خۆپیشاندانێك لە تورکیا سازکرا, ئەمانە ئەو تورکە ڕەگەزپەرستانە بوون کە کەسوکاریان لە جەنگی کوردستاندا کوژراون. **762**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2000-01-19** دۆزینەوەی تەرمی دە دەوڵەمەند لە شاری ئەستەمبوڵ, بەپێی ا.د.ت ئەمانە لەلایەن ئیسلامییەکانەوە کوژراون. **763**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2000-02-00** سەرەتای ئەم مانگە: بۆ یەکەمجار بەرنامەی هاوڕێنامە لەسەر ئنتەرنێتدا لە وێبی باخەوان بەزمانی ئەی. ئێس. پی لەلایەن هاوڕێ باخەوانەوە بەرنامەکرا. کە بەهۆیەوە هەموو کەس دەتوانێت لە هەموو جیهاندا تۆمارەکانی هاوڕێنامە ببینێت. **770**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2000-02-03** هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانی لە شاری سلێمانی کە حاکم قادری سەربە پۆستی ی.ن.ك بووە سەرۆکی شارەوانیی سلێمانی, شایانی باسە ئەم هەواڵی هەڵبژاردنە زۆربەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن باسیان لێوەیکرد. **769**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2000-02-08** بەستنی کۆنگرەی پ.ك.ك کە بڕیاری تەواوەتیی جەنگ وەستاندنیاندا لەگەڵ تورکیادا, ئەم بڕیارە لە ئەنجامی هەڵوێستی عەبدوڵلا ئوجەلانەوە بوو لە بەندیخانەدا. **767**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2000-02-09** بردنەوەی تەرمی ئازاد قەرەداخی لە سویدەوە بۆ کوردستان, نێوبراو ئەندامێکی بەرزی پارتی و هەروەها ئەندامی پەرلەمانیش بوو لە هەولێر, ئازاد قەرەداخی بەنەخۆشی لە سەرەتای ئەم مانگەدا کۆچی دوایی کرد. **768**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدك TV Kurdistan

**2000-03-00** دەرچوونیناميلكەی نەورۆز و ئاگر خوێندنەوەیەکی تر لەلایەن ئازاد قەزازەوە لە هۆڵندا. **2140**

**2000-03-26** نقوومبوومی بەلەمێك کە لە نێوان تورکیا و یۆناندا کە 30 پەنابەری کوردی تێدابوو و دەیانویست بێنە ئەوروپا. لە ئەنجامدا هەر سییان خنکان و تەرمی دە کەسیان دۆزرایەوە کە زۆربەیان منداڵ و ئافرەت بوون. **1497**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدك TV Kurdistan

**2000-03-31** کۆچی دوایی شەماڵ عەزیز عەبدولڕەحمان لە نەخۆشخانەی پرێنتسلاوەبێرگی شاری بەرلین لە ئەڵمانیا, نێوبراو ئەندامی کۆنی کاژیك و لەم دوادواییانەشدا پاسۆك بوو. پاش چەند ڕۆژێك تەرمەکەی برایەوە سلێمانی. **6908**

سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: خوێندکاری کورد – ژمارە 28 – ژمارەی تایبەتی – گۆڤاری ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەوروپا – سۆکسە – بەرلین – 2001

**2000-04-06** دەستپێکردنی هەڵمەتی پاکژکردنەوەی شاری هەڵەبجەی شەهید لە پاشەڕۆك لەلایەن وەزارەتی شارەوانیی سەربە ی.ن.ك. کە 15 ڕۆژ دەخایەنێت. **2327**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی ینك Sat Kurd

**2000-04-06** لە ئەنجامی یارییەکی تۆپی پێ لە تورکیا لە نێوان دوو تیپی تورکی و ئینگلیزی، جەماوەری تورك و ئینگلیز لێیان بوو بەشەڕ و دوو ئینگلیز کوژران و ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون. **2224**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2000-04-08** کۆچی دوایی ئیبراهیم ئەحمەد لە شاری لەندەن لە تەمەنی 86 ساڵیدا. **2378**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2000-04-08** ناشتنی تەرمی شەماڵ عەزیز عەبدولڕەحمان لە گردی سەیوانی شاری سلێمانی. **4686**

**2000-04-13** بەبۆنەی یادی دوازدەیەمین ساڵڕۆژی ئەنفالە شوومەکانەوە ڕێوڕەسمێکی ماتەمینی لە شاری سلێمانی سازکرا و خۆپیشاندەران یاداشتێکیان دایە نوێنەرانی نەتەوەیەکگرتووەکان لە سلێمانی بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ ونبووانی ئەنفال و باشتربوونی بارودۆخی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و گەڕانەوەیان بۆ شوێنەکانی خۆیان. **2437**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی یەنك Sat Kurd

**2000-04-21** ناشتنی تەرمی ئیبراهیم ئەحمەد بە ڕێوڕەسمێکی ڕەسمی لە شاری سلێمانی. **2634**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی یەنك Sat Kurd

**2000-04-22** دووبەرەکیی نێوان چاکسازانی سەربە خاتەمی و پارێزگارانی ئایینی لە ئێراندا لە بەرزبوونەوەدایە و ئەمڕۆ ڕۆژنامەنووسێك گیرا بە پڕۆ خاتەمییە و کەسێکی نزیکێتی. **2635**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2000-04-25** ڕوودانی خۆپیشاندانێك لە زانکۆی تاران بۆ پشتگیریی چاکسازییەکانی خاتەمی. **3288**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2000-04-27** هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی بەناو نیشتمانی لە ئێراق. کە عودەیی کوڕە گەورەی سەددام حسێنیش خۆیی هەڵبژارد و بووە سەرۆکی ئەنجوومەن، بەپێی ا.د.ع نێوبراو لەسەداسەدی دەنگەکانی هێنا. هەروەها د.ع نزیکەی سی نوێنەریشی بۆ باشووری کوردستان پاڵاوت کە هەموویان بریتین لە خۆفرۆش و چەند کۆنە سەرۆك جاشێك. **1385**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2000-04-30** هێرشێکی موجاهدینی خەلق بە تۆپی سووك بۆسەر بارەگای پۆلیس لە تاران. ئێران ئێراقی تاوانبار کرد کە ئەم هێرشە بە یارمەتیی ئەوان بووە. **3624**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2000-04-30** کۆبوونەوە هەرسێ سەرۆکی زانکۆکانی باشووری کوردستان بۆ هاوکاریی یەکتر و پێشخستنی زانست لە کوردستاندا. **5820**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی یەك Sat Kurd

**2000-05-00** لەم مانگەدا: نێوانی پارتی و یەکێتی بەرەو ساردی ڕۆیشت و کەوتنەوە دژایەتیی یەکتری, مەسعود بارزانی ڕایگەیاند کە پارتی بەهیچ جۆرێك نابێت بەرپەرچی ڕاگەیاندنی یەکێتی بداتەوە. **4631**
سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پەك TV Kurdistan

**2000-05-01** هێرشێك بە تۆپی سووك بۆسەر گەڕەکێکی شاری بەغداد لەلایەن شیعەکانەوە, ئێراق ئێرانی تاوانبار کرد کە ئەم هێرشە لەلایەن ئەوەوە ئەنجام دراوە. **3625**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2000-05-04** بەستنی کۆنگرەی یەکەمی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان لە هەولێر. **8022**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2000-05-08** بەستنی چلەی ماتەمینیی شەماڵ عەزیز عەبدولڕەحمان لە هۆڵی ڕۆشنبیری لە شاری سلێمانی کە جەماوەرێکی زۆر و نوێنەری لایەنە سیاسییەکان بەشداربوون. **6909**
سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: خوێندکاری کورد – ژمارە 28 – ژمارەی تایبەتی – گۆڤاری ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەورووپا – سۆکسە – بەرلین – 2001

**2000-05-12** بەستنی چلەی ماتەمینیی شەماڵ عەزیز عەبدولڕەحمان لە شاری بەرلین کە جەماوەرێکی زۆر و نوێنەری لایەنە سیاسییەکان بەشداربوون. **6910**
سەرچاوەی 1: گۆڤاری کوردی: خوێندکاری کورد – ژمارە 28 – ژمارەی تایبەتی – گۆڤاری ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەورووپا – سۆکسە – بەرلین – 2001

**2000-05-31** تیرۆرکردنی (سەربەست مەحموود)ی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان لە شاری هەولێر. **6980**
سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**2000-06-00** نێوانخراپیی نێوان پارتی و یەکێتی هەر بەردەوامە. **4632**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2000-06-10** مردنی دیکتاتۆر حافز ئەسەدی سەرۆکی داگیرکەری سووری بە جەڵتەی مێشك, چاودێرەکان وا دەڵێن کە بەشاری کوڕی دەبێتە سەرۆك کۆماری سووریا. هەر ئەمڕۆ پەرڵەمانی کارتۆنی سووری کۆبووەوە تاوەکو ئەو مادەیەی دەستووری د.س بگۆڕن کە دەڵێت: سەرەك کۆمار دەبێت تەمەنی لە 40 ساڵ کەمتر نەبێت, چونکە بەشار ئەسەد تەمەنی لە سییەکاندایە. **4682**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2000-06-13** ناشتنی دیکتاتۆر حافز ئەسەد لە گوندی قەرداحەی شاری لازقییە, لە مەراسیمی پرسەکەیدا هەندێك کوردیش بەشدارییانکرد لەوانە: جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی. **4863**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2000-06-13** کۆچی دوایی د. عەلی باباخان لە پاریس کە لە گۆڕستانی پییر لاشیز لە پاریس نێژرا. **6993**

**2000-06-17** تەقینەوەی ئۆتومبیلێکی مینکراو لە شاری سلێمانی لەبەردەم مزگەوتی حسەینیدا, کەبووە هۆی بریندارکردنی 21 کەس. **5004**

سەرچاوەی 1: ڕادیۆی کوردی: دەنگی ئامریکا بەشی کوردی د.ا.

**2000-06-18** بەستنی کۆنگرەی هەرێمانەی بەعسییان لە سووریا, کە بەشار ئەسەدیان لە شوێنی باوکی دانا. **5005**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2000-06-20** تەواوبوونی کۆنگرەی هەرێمانەی سووریای پارتی بەعس, سەرلەئێوارەی ئەمڕۆ بە تێکڕای دەنگ بەشار ئەسەدیان هەڵبژارد تاوەکو لە شوێنی باوکی ببێتە سکرتێری بەعس. کۆنگرەکە بەڵێنی چارەسەرکردنی خراپەکارییەکانی نێو ڕژێمی بەعسیدا. **5090**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2000-06-27** پەڕلەمانی سووری بەڕەسمی بەشار ئەسەد هەڵبژارد بە سەرۆك کۆماری سووریا. **5433**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2000-06-30** سەرۆکی کۆمەڵەی ماف مرۆڤ لە تورکیا حوسنی ئۆندۆل بۆ ڕۆژنامەی کوردی ڕەیا تازەی ڕاگەیاند کە کورد لە تورکیا کەمینە نییە، بەڵکو زۆرینەیە. **6874**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 25-07-2000

**2000-07-00** ناوەڕاستی ئەم مانگە: بەپێی دەنگوباسی تەلەڤزیۆنی میدیا, پارتی هێرشی کردووەتەسەر پکك و 70 کەس لە هەردوولا کوژراوە. **6177**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پکك TV Medya

**2000-07-00** ئەم مانگە: ڕوودانی پێکدادانێك لەنێوان پۆلیس و بەرەی تورکمانیدا لە شاری هەولێر. **7072**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 27-07-2000

**2000-07-00** ناوەڕاستی ئەم مانگە: بەرزبوونەوەی کێشەی نێوان ینك و ڕەوتی کۆمۆنیست کە چەند کەسێك لە ڕەوتی کۆمۆنیست کوژراوە و ینك دەیەوێت کە ڕەوت بارەگاکانی بەرێتە دەرەوەی شاری سلێمانی. **6174**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2000-07-00** دەرچوونی ژمارە 102ی گۆڤاری مەتین, ئەم گۆڤارە سەربە پارتییە. **7079**

**2000-07-00** کۆتایی ئەم مانگە: کەوتنەوەی ئاگرێکی گەورە لە دارستانەکانی ناوچەی مەریوان کە بووە هۆی زیانێکی زۆری گوندەکانی ئەو ناوچانە. **7076**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 10-08-2000

**2000-07-00** ناوەڕاستی ئەم مانگە: بەپێی دەنگوباسی تەلەڤزیۆنی میدیا، پکك نزیکەی هەفت چەکداری یەکێتیی گرتووە لەگەڵ چەند ئوتومبیلێکدا، نێوانی ینك و پکك لەم مانگەدا زۆر تێکچووە. **6178**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پکك TV Medya

**2000-07-07** کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ناوەندیی ئێراقی لە لەندەن، لەم کۆبوونەوەیەدا پارتی و یەکێتی بەشدارییان تێداکرد. **5796**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2000-07-10** لە ڕیفراندۆمێکی کارتۆنیدا لەسەدا 97ی دەنگ بەشار ئەسەد درا و بۆ ماوەی هەفت ساڵ بووە سەرۆك کۆماری سووریا. **6075**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2000-07-14** کوژرانی 5 کۆمۆنیست لەلایەن ینك. **6885**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی هۆڵندی: Metro, 20-07-2000

**2000-07-19** تەقینەوەی بۆمبێك لە ئوتێلی ئەبو سەنای سلێمانی کە بووە هۆی کوشتنی یەك کەس و زیانی ماڵی بە ئوتێلەکە. **6296**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی ینك Sat Kurd

**2000-07-19** چەند کۆمۆنیستێکی کورد لە شاری لاهایی هۆڵندا ناڕەزاییان بەرامبەر ینك دەربڕی، چونکە ینك 5 ئەندامی ئەمانی لە ڕۆژی هەینیی ڕابردوودا کوشتووە. **6884**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی هۆڵندی: Metro, 20-07-2000

**2000-07-24** بە پێی ڕۆژنامەیەکی بەریتانی، ئێراق 6 تیپی پیادە و هێزێکی تانکی ئامادە کردووە بۆ داگیرکردنەوەی کوردستان. **6873**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 24-07-2000

**2000-07-26** ڕێکخراوی ئاندایت ڕاپۆرتێکی پەشکەشی ئامریکا کرد، دەربارەی تاوانەکانی سەددام حسێن. **6876**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الحیاە 26-07-2000

**2000-07-26** تورکیا هێزەکانی خۆی مۆڵدا تاوەکو هێرش بکاتە سەر باشووری کوردستان. **6875**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الحیاه 26-07-2000

**2000-07-26** ادت ڕایگەیاند کە جەلال تاڵەبانی و ینك هەڵوێستیان باشە لە کێشەی نێوان و تورکیا و پکك. **7073**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 27-07-2000

**2000-07-27** نێچیرڤان بارزانی ڕایگەیاند کە بەرەی تورکمانی کێشە دروستدەکەن لە هەولێردا و پێوستە هەڵبوەشێنرێنەوە. **7071**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 27-07-2000

**2000-07-27** خۆکووشتنی ئازاد عەبدوڵلا لە ئەڵمانیا, لەبەرئەوەی ئەڵمانیا مافی پەنابەریی پێنەدا. **7078**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 23-08-2000

**2000-07-27** کاتژمێر 5ی بەیانی: پۆلیسی ئەڵمانی بەشێوەیەکی زۆر ناشرین هەڵیکوتایە سەر ماڵی عەلی قازی و بۆماوەی چەند کاژێرێك گرتیان. **7083**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 04-09-2000

**2000-07-27** تەلەڤزیۆنی ئێم.بی.سی ڕایگەیاند کە سەددام تووشی نەخۆشییەکی ترسناك بووە کە پێدەچێت شێرپەنجە بێت، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ سەرچاوەیەکی ئێراقی باسی ئەم مەسەلەیەیان نەکردووە. **6899**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی عەرەبی: تلفزیون الشرق الآوسگ ڤ لندن MBC.

**2000-07-28** ئەمڕۆ تەواوی ڕۆژنامەکان، بەتایبەتی عەرەبییەکان باسی خۆئامادەکردنی هێرشی ئێراقیان کرد بۆ سەر کوردستان. **6900**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2000-07-29** ژمارەی قوتابخانە تورکمانەکان لە ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی پارتیدا گەیشتە 13 دانە. **6739**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدك TV Kurdistan

**2000-07-30** ژمارەیەك لە ئەندامانی هەدەپ لە شاری ئەنکەڕە خۆپیشاندانێکیان سازدا بۆ باشتربوونی بارودۆخی زیندانییەکان و لابردنی زیندانی تاکەکەسی, لە ئەنجامدا پۆلیسی تورکی بەشێوەیەکی زۆر درندانە بڵاوەی پێکردن و هەندێکیشیان گیران کە زۆربەیان ئافرەت بوون و پۆلیس بە قژ بەسەر جادەکاندا ڕایاندەکێشان. **6741**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پکك TV Medya

**2000-07-30** ژنانی کوردی سەربە پارتی هەدەپ ئەمڕۆ لە هەندێك لە شارەکانی وەك وان و دەرسیم خۆپیشاندانێکیان سازدا وەك ناڕەزاییەك بۆ بارودۆخی زیندانییە کوردەکان و لابردنی زیندانی تاکەکەسی. **6740**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پکك TV Medya

**2000-07-31** لابردنی ڕەوشی نائاسایی لە شاری وان - ڤان لەلایەن تورکەوە کە 20 ساڵی خایاند. **7074**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پکك TV Medya

**2000-08-00** بەشداریکرنی هەرسێك سەرۆکی زانکۆکانی کوردستان لە کۆنگرەی 11هەمی زانکۆکانی جیهان لە باشووری ئافریکا, شایانی باسە کە ئەمە یەکەمین کۆنگرەیەتی کە کورد بەشداریی تێدا بکات. **6750**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدك TV Kurdistan

**2000-08-00** کۆتایی ئەم مانگە: نقوومبوونی بەلەمێك لە نێوان یۆنان و ئیتالیادا کەبووە هۆی خنکانی 38 کورد کە دەیانویست وەك پەناهاندە خۆیان بگەیەننە خۆرئاوای ئەوروپا. **6746**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پکك TV Medya

**2000-08-00** کۆتایی ئەم مانگە: ڕوودانی شەڕی براکوژی لە نێوان پارتی و ئیسلامی لە حاجی هۆمەران, کەبووە هۆی کوژرانی زۆرتر لە سی کەس کە زۆربەیان ئیسلامی بوون. **6748**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2000-08-06** تەقینەوەی بۆمبێك لە شاری بەغداد کە بووە هۆی کوشتنی 2 کەس, ئێراق ئێرانی تاوانبار کرد. **7075**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 06-08-2000

**2000-08-13** دامەزراندنی ماڵپەڕی کوردستان نێت لەلایەن عومەر فارس عەزیزەوە. **7648**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی کوردستان نێت org.kurdistannet.www//:http

**2000-08-15** پارتی یانەی (احد)ی بە تورکمانەکانی هەولێر داخست. **7077**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الحیاە 22-08-2000

**2000-08-15** فڕۆکە جەنگییەکانی تورك دوو گوندی ناوچەی هەولێریان بۆردوومان کرد, کە بووە هۆی شەهیدبوونی 38 یان 41 کەس و برینداربوونی 57 کەس. **6744**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2000-08-18** د.ت ڕایگەیاند کە تاوەکو ئێستا نزیکەی 500 پێشمەرگەی پکك لە باکووری کوردستاندا ماون. بەڵام چاودێرەکان دەڵێن ئەمە ڕاست نییە و تورکیا بۆیە وادەڵێت تاوەکو سووپاکەی لەسەر ناوچە سنوورییەکان بە زۆری بهێڵێتەوە. **6745**

سەرچاوەی 1: پەڕتووکی عەرەبی: منڤمە العفو الدولیە – نقچ العهود و اهدار حقوق الانسان ڤ کردستان العراق منڎ 1991 – الگبعە الاولی – لندن – ایلول 1995.

**2000-08-19** کۆچی دوایی کوێخا ڕەسوڵی دەرگەڵە. **6895**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 28-08-2000

**2000-08-22** بەستنی کۆبوونەوەی ساڵانەی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە برۆکسل. **7210**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان http://www.zahmatkishan.dk

**2000-08-26** چوونەناوەوەی هێزێکی ئێرانی بۆ ناو خاکی ئێراق بۆ لێدانی موجاهیدینی خەڵق, کە بووە هۆی کوژرانی 3 سەربازی ئێرانی و چەند موجاهیدینێك. **7080**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 28-08-2000

**2000-08-27** بەستنی میهرەجانی پێنجەمی ها-شی-با لە شاری لاهایی هۆڵندا, کوردیش لەم میهرەجانەدا بەشێوەیەکی بەرچاو بەشدارییان تێداکردو کۆمەڵێك گۆرانی و چالاکیی کلتووری پێشکەشکران. هونەرمەندە بەشدارەکانی ئەم میهرەجانە بریتیبوون لە: مەرزییە ڕەزازی, دیاری, .... **6749**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**2000-08-28** بەستنی 10یەمین کۆنگرەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان. **6896**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 29-08-2000

**2000-08-30** ادت ڕایگەیاند کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا 16 پم ی پکك کوژراون. **7081**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 31-08-2000

**2000-08-31** ئەمڕۆ لەلایەن خوێندکار بەناز سابیر ڕەشید نامەیەکی بەکالۆریۆس لەسەر پەڕتووك و بەرنامەی هاوڕێنامە پێشکەشی پەیمانگای تەکنەلۆژیی باڵا – هێس لە شاری ڕۆتەردامی هۆڵندا کرا, نامەکە پلەی ئیمتیازی وەرگرت. **6747**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**2000-09-00** د.ق سوپای خۆی لەسەر سنووری ینك مۆڵدا تاوەکو هێرش بێنێتە سەر ینك ئەم مۆڵدانە پنتاگۆنیش پشتڕاستی کرد. **6795**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2000-09-02** بەستنی ڤیستیڤاڵی دووهەزار بۆ ئاشتی و دیموکراسی و ئازادی لە شاری کۆڵنی ئەڵمانیا کە هەزاران کورد بەشداریی تێداکرد. پکك ڕێکخەری ئەم ڤیستیڤاڵە بوو. **6751**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پکك TV Medya

**2000-09-03** سەددام لیژنەیەکی خێزانیی بەسەرۆکایەتیی قوسەیی کوڕی دروستکرد بۆ بەڕێوەبردنی ئێراق لەدوای مردنی خۆی, سەرچاوەکان وارادەگەیەنن کە سەددام شێرپەنجەی لیمفاویی هەیە و لیژنەیەکی دکتۆرانی فەرەنسی و ئەڵمانی و سویسری چارەیدەکەن. **7082**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 03-09-2000

**2000-09-04** لە کۆبوونەوەیەکی جەلال تاڵەبانی و بەرپرس و ئەفسەرانی ئاسایشی سلێمانیدا, جەلال تاڵەبانی بڕیاریدا کە لەهەموو بنکەیەکی ئاسایشدا چاودێرێکی ماف مرۆڤ دابنرێت. **7084**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 05-09-2000

**2000-09-17** ئۆپۆزیسیۆنی ئێراق ئەم بەیانییە بەغدادی دایە بەر موشەك. **6797**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2000-09-29** ڕۆژنامەکانی هۆڵندا ئەمڕۆ ئەوەیان نووسی کە ساڵانێکی زۆر بریندارەکانی پکك بەشێوەیەکی قاچاخ دەهێنرێنە هۆڵندا و لە نەخۆشخانەکان تیمار دەکرێن. **6890**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی هۆڵندی: De Telegraaf 29-09-2000

**2000-10-19** دۆزینەوەی 6 تەرمی پەناهاندە لە نزیك شاری فۆگییای ئیتالیاوە، کە لەناو لۆریدا خنکابوون، پۆلیسی ئیتالی وایبۆدەچێت کە ئەمانە کوردبن. **6882**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی هۆڵندی: Metro, 19-10-2000

**2000-11-00** تەقینەوەی بۆمبێك لە هاولێر کە بووە هۆی کوشتن و بریندارکردنی دەیان کەس. **6793**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2001** دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری شاووشکا لە شاری هەولێر. **7986**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952-2002 – نوسینی ڕێناس نەورۆزی – برۆکسل.

**2001** دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری ڕێوان لە شاری سلێمانی. **7985**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952-2002 – نوسینی ڕێناس نەورۆزی – برۆکسل.

**2001** هاوینی ئەمساڵ: بەبۆنەی وەستانی شەڕی پکك و تورکەوە ڕادەی گەشتوگوزار لە تورکیادا بەرزبووەتەوە، تەنها لە هۆڵندا ڕێژەی ئەو کەسانەی کە هاوینی ئەمساڵ دەیانەوێت بچن بۆ تورکیا لە 116٪ی زۆرترە لەگەڵ ساڵی 1999دا. **7011**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی هۆڵندی: Spits 03-07-2001

**2001** دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری دەنگێ ژنان لە ڕووسیا. **7987**

سەرچاوەی 1: بەیان و بلاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952–2002 – نوسینی ڕێناس نەورۆزی – برۆکسل.

**2001-01-00** کۆتایی ئەم مانگە: بارینی بەفرێکی زۆر لە باشووری کوردستان. **6796**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2001-01-00** کۆتایی ئەم مانگە: پۆلیسی هۆڵەندی چاخانەی کوردەکانی لە شاری لاهای داخست، ئەم چاخانەیە پێشتر بارەگای پکك بوو. **6799**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**2001-01-06** یەکەم وەشانی ڕادیۆی زایەڵە لە سوید، ئەم ڕادیۆیە لەلایەن ناسر سینا بەڕێوەدەبرێت و بەرنامەکانی پێشکەشدەکرێت. **7581**

**2001-01-10** تا 20-01: بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ پێنجەمین ڤیستیڤاڵی ئەدەبیی خۆی لە هۆڵی دیالۆگ کردەوە. **7191**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ئاڵای ڕووناکبیری 28-01-2001

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2001-01-22** حەمە ڕەشید هەرەس و د. ئەحمەد بابەکر میراودەلی بە بەیانێك وازهێنانی خۆیان لە کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان ڕاگەیاند. **7118**

سەرچاوەی 1: بەیان و بلاوکراوەی کوردی: ڕوونکردنەوەیەکی زۆر ناچارانە – حەمە ڕەشید هەرەس و د. ئەحمەد بابەکر میراودەلی – باکووری ئامریکا – 22-01-2001

**2001-01-30** لە تورکیا دادگایی ئەو 8 پۆلیسە کرا کە دەستدرێژیی ئابڕوویان کردبووە سەر زیندانییەکی ئافرەی کورد کە لە ساڵی 1997دا بەتاوانی ئەندامێتیی پکك گیرابوو. **6883**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی هۆڵندی: troMe, 31-01-2001

**2001-02-16** هێزە ئەمریکییەکان بۆجارێکی تر لە عێراقیان دایەوە. **6798**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2001-02-17** گەیشتنی نزیکەی 900 کورد لە پاپۆڕێکدا بۆ کەناراکانی فەرەنسا، تاوەکو داوای پەناهاندەیی بکەن. **6812**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2001-02-18** کوژرانی فرانسوا هەریریی ئەندامی بەرزی پارتی و ئەندامی پەرڵەمانی لیستی زەرد لەسەر جادەی شەستیی هەولێر لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە. **6815**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدك TV Kurdistan

**2001-02-18** ئاژانسی دەنگوباسی فەڕەنسی ئەوەی ڕاگەیاند کە ئەو کوردانەی کە دوێنێ هاتوونەتە فەڕەنساوە، تاوەکو نزیکەی 20 ڕۆژ لە شوێنێکی بێلایەندا دەمێننەوە. **6816**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی هۆڵەندی: Metro, 19-02-2001

**2001-02-20** ئەمڕۆ تەرمی فرانسوا هەریری لە هەریر نێژرا، مەسعود بارزانی هەڕەشەی لە بکوژانی نێوبراو کرد. **6856**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدك TV Kurdistan

**2001-02-28** ئەمجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورك ڕایگەیاند کە کورد دەتوانێت بە تاکەکەسی خۆی فێری زمانی کوردی بکات. **6877**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 28-02-2001

**2001-03-00** یاریکردنی شانۆیی بێفەڕ لە چەند شارێکی کەنەدا, لە نووسین و دەرهێنان و نواندنی هونەرمەند حەمە ڕەشید هەرەس. شایانی باسە ئەم شانۆییە لە ساڵی 2002دا لە بەرلین و ستۆکهۆڵم پێشکەشکرا و پاشان لە هەولێریش بۆ تەلەڤزیۆن تۆمارکرا. **8226**

سەرچاوەی 1: ڕووبەڕووی کوردی: ڕووبەڕوویەك لەگەڵ هونەرمەند حەمە ڕەشید هەرەس لە 14-08-2004 لە ئەمستەردام.

**2001-03-00** داخستنی گۆڤاری نڤار و گرتنی کازیوە ساڵحی سەرنووسەری لە سلێمانی لەلایەن یەکێتییەوە, بەتاوانی ئەوەی بابەتی لەدژی ئایینی ئیسلام بڵاوکردووەتەوە. **7783**

**2001-03-01** پەڕلەمانی بەریتانی زۆرتر لە 20 پارت و ڕێکخراوی جیهانیی قەدەغە کرد, کە دووان لەوانە پکك و موجاهیدینی خەڵقی ئێرانی بوون. **6878**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2001-03-05** سەنتەری زانیاریی کوردستان - هۆڵندا ڕایگەیاند کە ماوەی مانگێکە 5 کوردی باشوور مانیان لە خواردن گرتوە، چونکە هۆڵندا دەیەوێت دەریانبکات. **6879**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی هۆڵندی: Metro, 06-03-2001

**2001-03-06** گیرانی 4 کورد لە بەندەری هوك فان هۆڵاند لە هۆڵندا، ئەمانە سەرەڕای ئەوەی کە لە هۆڵندا داوای پەنابەرییان کردبوو، دەیانەویست بچن بۆ بەریتانیا. شایانی باسە پۆلیسی هۆڵندی ڕەوانەی کەمپەکەی خۆیانی کردنەوە. **6880**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی هۆڵندی: Algemeen Dagblad 07-03-2001

**2001-03-10** تەقینەوی بۆمبێك لە گەڕەکێکی میللیی شاری هەولێردا، کە بووە هۆی بریندارکردنی 11 کەس. **6889**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 11-03-2001

**2001-03-11** چوونی بەرهەم ساڵح بۆ پیرمام بۆ لای مەسعود بارزانی. **6888**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 13-03-2001

**2001-03-12** گیرانی 5 کورد لەلایەن پۆلیسی هۆڵنداوە لە هوک ڤان هۆڵاند لەناو لۆرییەکدا کە دەیانەویست بە قاچاخ بچن بۆ بەریتانیا. **6886**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی هۆڵندی: Spits 13-03-2001

**2001-03-13** 155 ئەندامی ئەنجومەنی شورای ئێرانی بەیانێکی ناڕەزاییان لەسەر کارەساتی هەڵەبجە دەرکرد. **6891**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2001-03-16** لە شاری بێرن، پایتەختی سویسرا بەبۆنەی کارەساتی هەڵەبجەوە نزیکەی 200 خۆپیشاندانێکیان لەبەردەم پەرلەمانی سویسریدا ڕێکخست. شایانی باسە ئەمە گەورەترین خۆپیشاندانە کە لە سویسرا کە تاوەکو ئێستا بەم بۆنەیەوە ڕێکخرابێت. لە خۆپیشاندانەکەدا ئەندامێکی پەرلەمانی سویسری ناڕەزایی بەرامبەر ئەو کۆمپانیا ئەڵمانییە دەربڕی کە گازی ژەهراویی داوەتە د.ق. **6894**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**2001-03-16** نزیکەی 200 کورد لە شاری لاهایی هۆڵندا خۆپیشاندانێکیان بەبۆنەی کارەساتی هەڵەبجەوە ڕێکخست. **6892**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**2001-03-16** تەقینەوەی ئوتومبیلێکی مینکراو لە شاری بەغداد، کە بووە هۆی کوژران و برینداركردنی دەیان کەس. **6893**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2001-03-24** ئامادەکردنی ئاهەنگی نەورۆز لە شاری لاهایی هۆڵندا لەلایەن چەند کۆمەڵەیەکی کوردییەوە، شایانی باسە کە ئاهەنگەکە لەلایەن پارێزەری لاهای دەیتمانەوە کرایەوە. **6911**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**2001-03-25** سەردانی وەفدێکی هاوبەشی پارتی و یەکێتی بۆ ئەمریکا کە پێکهاتبیی لە بەرهەم ساڵح و هوشیار زێباری. ئەمریکییەکان ئەوەیان ڕاگەیاند کە دژی هەر هێرشێکی د.ق دەوەستنەوە بۆسەر کوردستان. **6912**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2001-03-25** چوونی 4 خێزانی کورد لە لوبنانەوە بۆ ئیسرائیل و لەوێ داوای پەناهاندەییان کرد، ئەمانە ڕەفزی ئەوەیانکرد کە جارێکی تر بگەڕێنەوە بۆ لوبنان. **6917**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الحیاە – 27-03-2001.

**2001-03-27** تیرۆرکردنی مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی لە ماڵەکەی خۆیدا لە بەغدا بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە. **6931**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: میدیا 01-04-2001

**2001-03-27** کردنەوەی یەکەمین پێشانگای تایبەتیی خاتوو شوعلە سلێمان لە هۆڵی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد لە سلێمانی. **7138**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژیانەوە – ساڵی چوارەم – ژمارە 84 – 05-04-2001

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2001-03-28** دادگایی کردنی ئەو 3 ئەفسەرە تورکەی کە لە ساڵی 1993دا لە زینداندا دەستدرێژیی ئابڕوویان کردە سەر فاتمە شاکیر، تاوانلێکراو ئەو کاتە تەمەنی 17 ساڵ بوو و تاوەکو ئێستا ئاشکرا نییە ئایا تاوانباران سزا دەدرێن یان نا. **6925**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: القدس 29-03-2001

**2001-03-29** لە کامپی (ئاڵفن ئان دەن ڕاین)ی هۆڵندا یەکەم کورد بەناوی (ئازاد عومەر ڕەشید) دەرکرا و خرایە سەر جادە, چونکە بەپێی بۆچوونی هۆڵندا باشووری کوردستان ناوچەیەکی ئاساییشە. لە هەمان کەمپدا بە خێزانێکی تری کورد ڕاگەیەنراوە کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا کەمپەکە جێبهێڵن ئەگینا پۆلیس دەریاندەکات. **6930**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی هۆڵندی: Alphen RenG 30-03-2001

**2001-03-29** ئەنجوومەنی شارەوانیی شاری لاهای بڕیاری ئەوەیدا کە جارێکی تر خۆپیشاندانی کورد لە شاری لاهایدا ڕێگای پێنەدرێت, چونکە کوردەکان لە ماوەی دووساڵدا دوو جار خۆپیشاندانەکانیان بە ناخۆشی شکاوەتەوە. **6927**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی هۆڵندی: West.TV, تەلەڤزیۆنی خۆرئاوای هۆڵندا.

**2001-03-29** ژمارەیەکی زۆر کورد لە شاری لاهای خۆپیشاندانێکیان لە دژی بڕیاری کردنەدەرەوەی 9 هەزار پەناهاندەی کورد ئەنجامدا. لەئەنجامدا خۆپیشاندانەکە بەخراپی شکایەوە، چونکە پۆلیسی هۆڵندی و پەرلەمان گوێی لە خۆپیشاندەران نەگرت. 10 پۆلیس و ژمارەیەکی زۆری کورد برینداربوون و 7 کوردیش گیران. بەهۆی ئەو خۆپیشاندانەوە نێو شاری لاهای بەتەواوەتی تێکچوو. **6926**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2001-03-30** یەکێك لەو پێنج کوردەی کە ماوەی زۆرتر لە 50 ڕۆژە لە هۆڵندا مانیان لە خواردن گرتووە, گوێزرایەوە بۆ نەخۆشخانە چونکە تەندروستیی زۆر خراپە و لێدانی دڵی خاوبووەتەوە. **6928**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی هۆڵندی: West.TV, تەلەڤزیۆنی خۆرئاوای هۆڵندا.

**2001-03-30** بەستنی چلەی ماتەمینیی فرانسۆ هەریری لە هەولێر, کەتێیدا مەسعود بارزانی ئەوەی بەدڵنیاییەوە ڕاگەیاند کە زۆربەی بکوژانی فرانسۆ گیراون و سەربە بزووتنەوەی ئیسلامین و سوپاسی ینك و جەلال تاڵەبانیشی کرد بۆ ئەو یارمەتییانەی کە پێشکەشی پارتییان کردووە بۆ گرتنی بکوژان, هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاند کە هێشتا چەند بکوژێکی تر لە نێو بزووتنەوەدان و دەست پارتی نەکەوتوون. **6929**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدك TV Kurdistan

**2001-03-31** کۆبونەوەی پارتی و یەکێتی لە پیرمام بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان و جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەی واشەنتۆن. **6933**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 02-04-2001

**2001-04-00** سیمین چاپچیی نوێنەری ژنانی ئێران سەردانی شاری سلێمانیی کرد. **7135**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ژیانەوە – ساڵی چوارەم – ژمارە 84 – 05-04-2001

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆرش قادر لە هۆڵندا

**2001-04-00** ئەم مانگە: لە زۆربەی وڵاتە ئەورووپییەکاندا فلیمی ساتێك بۆ مەستی ئەسپەکان لە دەرهێنانی بەهمەنی قوبادی نمایشکرا. **6959**

**2001-04-00** کۆتایی ئەم مانگە: سندوقی نەختی دەوڵەتان لەسەر داخوازیی ئامریکا, 10 ملیار دۆلاری دایە تورکیا بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییەکانی. **6951**

**2001-04-01** گیرانی پاپۆڕێك لە کەنارەکانی یۆنان کە سەدان کوردی تێدابوو و ڕەوانەی کامپێکی یۆنانییان کردن، 3 قاچاخچیی تورکیش گیران. **6934**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی هۆڵندی: Metro 03-04-2001

**2001-04-03** تەقینەوەی مینێك لەناوچەی بەرواری کە بووە هۆی کوژرانی 7 کەسی مەدەنی، پارتی دەڵێت کە ئەمە کاری پکك یە. **6935**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 06-04-2001

**2001-04-05** شاندێکی سویدی کەپێکهاتبوو لە 3 تۆژەر سەردانی عەبدوڵڵا ئوجەلانی لە دورگەی ئیمرالی کرد، تاوەکو لە کوشتنی ئۆلۆف پاڵمە بکۆڵنەوە. **6938**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الحیاه 06-04-2001

**2001-04-05** بەبۆنەی خراپتربوونی باری ئابووریی تورکیاوە، لەم ڕۆژانەی دووایدا باری ناوخۆی تورکیا زۆر خراپ بووە و کۆمەڵێك خۆپیشاندانی زۆر پیادە کراوە و خەڵکی داوای وازهێنانی حوکمەت دەکەن. **6939**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الحیاه 06-04-2001

**2001-04-05** دامەزرانی بەرەی دیموکراتی کورد لە سوریا، کەپێهاتووە لەم پارتانە: پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا، پارتی دیموکراتی پێشکەوتوو لە سوریا و پارتی چەپی کورد لە سوریا. **6936**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 06-04-2001

**2001-04-05** کوردە فەیلییەکان لە شاری هەولێر یادی 21ەمین ساڵڕۆژی ڕاگواستنیان کردەوە. کە د.ق 21 ساڵ لەمەوبەر بۆ ئێران ڕایگواستن. **6937**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 06-04-2001

**2001-04-07** ڕوودانی چەند خۆپیشاندانێکی گەورە لە شارە گەورەکانی تورکیا، بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخەوە. **6940**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی هۆڵندی: Metro 09-04-2001

**2001-04-09** نزیکەی 15 کورد و تورك لە شاری ڕۆتەردامی هۆڵندا بانکی گرنتیی تورکیایان بۆ ماوەی چەند کاژێرێك کۆنترۆڵکرد و داواکەیان چاکردنی بارودۆخی زیندانەکانی تورکیا بوو. **6941**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی هۆڵندی: Spits 10-04-2001

**2001-04-09** کۆمەڵەی کوردە فەیلییەکان لە بەریتانیا، خۆپیشاندانێکیان لەبەردەم باڵوێزخانەی ئێراقی لە لەندەن ڕێکخست وەك نارەزاییەك بۆ ڕاگواستنی کوردە فەیلییەکانی 21 ساڵ لەمەوبەر. **6942**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 11-04-2001

**2001-04-11** ڕوودانی خۆپیشاندانێك لە شارە گەورەکانی تورکیا کە زۆرتر لە 50 هەزار بازرگان و کاسب بەشدارییان تێدا کرد، خۆپیشاندەران داوای چاکردنی نرخیان دەکرد و لەئەنجامدا 150 خۆپیشاندەرە و 50 پۆلیس و 3 ڕۆژنامەوان برینداربوون. **6943**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الحیاە 12-04-2001

**2001-04-12** کوردەکانی سووریا خۆپیشاندانێکیان لەبەردەم باڵوێزخانەی د.س لە شاری لەندەن ڕێکخست بۆ پرۆتستۆکردنی ڕەفتاری د.س لەگەڵ کوردەکانی خۆرئاوا و بەربوونی زیندانە سیاسییەکان. **6944**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 13-04-2001

**2001-04-12** لە شاری سلێمانی هەردوو ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی, سامی عەبدولڕەحمان و عومەری سەی عەلی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسییان پێکهێنا و تێیدا ئەوەیان دڵنیا کرد کە کێشەی نێوانیان چارەسەر بووە و هەوڵدەدەن بۆ پێکهێنانی پەرلەمانێکی یەکگرتوو لە نێوانیاندا. **6945**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 13-04-2001

**2001-04-17** نزیکەی 20 کورد لەبەردەم پەڕلەمانی هۆڵەندیدا خۆپیشاندانێکیان سازدا، وەك پرۆتستۆکردنی باروداۆخی زیندانەکانی تورکیا. **6946**
سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی هۆڵندی: 4.RTL

**2001-04-17** ئەمڕۆ 4 کەس لەو 5 کوردەی هۆڵندا کە مانیان لە خواردن گرتووە تاوەکو نەیانگەڕێننەوە بۆ باشووری کوردستان، لە ئاو خواردنەوە وەستان. ئەمە مەترسییەکی زۆر بۆسەر تەندروستییان دروستدەکات، چونکە ماوەی 70 ڕۆژێکە هیچیان نەخواردووە. **6947**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی هۆڵندی: Metro 19-04-2001

**2001-04-22** بەستنی کۆنگرەی دامەزراندنی یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە شاری سلێمانی لە هۆڵی ڕۆشنبیری بەبەشداریکردنی زۆرتر لە 260 ڕۆژنامەنووس. **6948**

**2001-04-22** گەیشتنی پاپۆڕێك بە قاچاخ بۆ ئیتالیا کە نزیکەی 562 کەسی تێدابوو و زۆربەی هەرە زۆریان کوردن. **6949**

**2001-04-23** تەقینەوەی بۆمبێك لەبەردەم بارەگای ڕێکخراوی دەرهێنانەوەی میل لە شاری سلێمانی، کە بووە هۆی زیانێکی ماڵیی کەم. **6950**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 25-04-2001

**2001-04-27** بەستنی کۆڕێکی ئیسلامی لە نێوان کورد و عەرەبدا لە شاری ئاخنی ئەڵمانیا, کە تێیدا داوای ماف چارەی خۆنووسینیان بۆ کورد کرد. **6952**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 01-05-2001

**2001-05-00** کۆتایی ئەم مانگە: جیابوونەوەی دەستەیەك لە بزووتنەوەی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بەسەرۆکایەتیی شێخ عەلی عەبدولعەزیز کە ژمارەیان 200 چەکدارێك دەبێت و ناوچەکانی خورماڵ و ئەحمەدئاوایان کۆنترۆڵ کرد. **6981**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الحیاه 02-06-2001

**2001-05-00** سەرەتای ئەم مانگە: بەدرخان سندی لە بەغداوە ڕایکرد بۆ باشووری کوردستان. نێوبراو لە 1991 تا 1998 بەڕێوەبەری گشتیی ڕۆشنبیری کوردی بوو لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی ئێراقیدا. **6963**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 12-05-2001

**2001-05-00** سەرەتای ئەم مانگە: جیابوونەوەی نزیکەی 500 کوردی خۆرئاوا لە پکك و گەڕانەوەیان بۆ سووریا. **6965**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الحیاه 12-05-2001

**2001-05-01** کاتژمێر 10ی سەرلەبەیانی: هێرشێکی د.ق بۆسەر ناوچەکانی شێخ حامد و مام یوسفی سەربە شارۆچکەی کفری کەپێکهاتبوو لە هەزار سەرباز و 4 تانك و 2 کۆپتەر. لە ئەنجامدا هێزەکانی ینك و حشع پێشگیرییان لێکردن و 30 سەرباز کوژران و دوژمن کشایەوە. **6956**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 06-05-2001

**2001-05-04** دادگای ئاسایشی سێیەمی تورك بڕیاری زیندانیکردنی 5 ئەندامی پکك ی بە 68 ساڵ و 9 مانگ دەرکرد, ئەمانە کۆمەڵەی ئاشتی بوون و لەسەر بانگەشەی ئوجەلان لە 29-10-1999دا خۆیان دابەدەست تورکیاوە. **6953**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 05-05-2001

**2001-05-05** وەزارەتی ناوخۆی مەکدۆنیا ڕایگەیاند: کە چەند بەکرێگیراوێکی موسوڵمانی کوردی باشوور و باکوور لە نێو سوپای ئەلبانیدا (سوپای ڕزگارکردنی نیشتمانی) لە دژی مەکدۆنیا شەڕدەکەن. **6957**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الحیاە 06-05-2001

**2001-05-06** لەسەر داوای تورکیا, مەسعود بارزانی سەردانی ئەنکەرەی کرد. **6960**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 07-05-2001

**2001-05-08** مەسعود بارزانی لە ئەنکەرە ڕایگەیاند کە پارتی بەردەوام دەبێت لەسەر دژایەتیکردنی پکك. **6962**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: السفیر 09-05-2001

**2001-05-08** هاتنی یانەی سوپای ئێراقی بۆ سلێمانی بۆ یاریی تۆپی پێ لەگەڵ یانەی سلێمانیدا, شایەنی باسە لەئەنجامدا یەکسان بوون. **6961**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 09-05-2001

**2001-05-11** ئەو 5 کوردەی کە بۆ ماوەی 95 ڕۆژە مانیان لەخواردن گرتبوو, ئەمڕۆ مانگرتنەکەیان شکاند, پاش ئەوەی کە هۆڵندا مافی پەنابەریی پێ بەخشین. **6966**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الحیاە 12-05-2001

**2001-05-12** لە شاری دۆرتمۆندی ئەڵمانیا کوردەکانی باکوور خۆپیشاندانێکیان سازدا, کە پێکهاتبوون لە زۆرتر لە 30 هەزار کەس. خۆپیشاندانەکە لە پێناوی ئاشتی لە کوردستاندا بوو و ئازادکردنی عەبدوڵڵا ئوجەلان. **6967**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الحیاە 13-05-2001

**2001-05-15** ڕێکخەری نەتەوە یەکگرتووەکان (تۆن میات) بۆ کاروباری مرۆڤایەتی لە سلێمانی لەگەڵ هەردوو وەزیری تەندروستیی پارتی و یەکێتیدا کۆبووەوە بۆ باشکردنی بارودۆخی تەندروستی لە باشووری کوردستاندا. **6968**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 16-05-2001

**2001-05-16** کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەیەکی سەربازیی تورك لە ناوچەی مەلاتیێ کەبووە هۆی کوژرانی 37 کۆماندۆی تورك. هۆی کەوتنە خوارەوەکە نەزانراوە. **6969**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 17-05-2001

**2001-05-17** کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەیەکی مەدەنیی ئێرانی لە ناوچەی خۆراسان لە بارودۆخێکی تەمومژاویدا. کە بووە هۆی کوژرانی وەزیری گواستنەوەی ئێران (ڕەحمانی دەدمان) و 7 ئەندامی شورای ئێرانی. **6970**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 18-05-2001

**2001-05-17** دکتاتۆر سەددام حسێن کرایەوە سەرۆکی پارتی بەعسی فاشی و هەروەها قوسەیی کوڕیشی بووە ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش. **6971**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: السفیر 18-05-2001

**2001-05-18** کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەیەکی تورکی کەبووە هۆی کوژرانی 4 کەس, شایانی باسە کە ئەمە دووەم فڕۆکەیە لە ماوەی 3 ڕۆژدا لە تورکیا بکەوێتە خوارەوە. **6972**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: السفیر 19-05-2001

**2001-05-20** کردنەوەی ناوەندێکی تەلەفوونی نوێ لە هەولێر. **6976**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 21-05-2001

**2001-05-21** سەردانی سەرۆك وەزیرانی سووری بۆ بەغداد, شایانی باسە ئەمە یەکەمجارە لە ماوەی 20 ساڵدا کە بەرپرسیارێکی گەورەی د.س سەردانی ئێراق بکات. هەردوو داگیرکەر ماوەیە پەیوەندییە ڕامیاری و ئابوورییەکانیان بوژاندووەتەوە و سنووریان بۆ یەکتری کردووەتەوە. **6975**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 21-05-2001

**2001-05-21** کۆچی دوایی شازاد سائیب, ئەندامی بەرزی ینك و وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری لە کابینەی ینك بەڕووداوی ئۆتۆمۆبیل لە نێوان ڕانیە و سلێمانیدا. **6973**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2001-05-22** سەرۆکی کۆمەڵەی مافی مرۆڤ لە هۆڵندا (فرانك ڕامار) داوای لە ئەنجوومەنی وەزیرانی هۆڵندی کرد کە دان بە حکوومەتی فیدراڵیی باشووری کوردستاندا بنێت. **6974**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 22-05-2001

**2001-05-24** ناشتنی تەرمی شازاد سائیب لە گردی مامە یارە لە شاری سلێمانی, نێوبراو ئەندامێکی بەرزی یەنك و وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری بوو. **6977**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**2001-05-26** ئەنجامدانی هەڵبژاردنی لیژنەی شارەوانییەکانی ناوچەکانی سنووری پارتی کە زۆرتر لە 10 پارتی ڕامیاری بەشدارییان تێداکرد و نزیکەی 900 هەزار کەس دەنگی تێدادا و نوێنەرانی پارتی زۆرینەی دەنگەکانیان بەدەستهێنا. **6979**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**2001-05-27** کردنەوەی ناوەندێکی نوێی دروستکردنی وزەی کارەبا لە سلێمانی کە هێزی تەوژمەکەی 29 میگاواتە. ئەم پڕۆژەیە لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە ئەنجامدرا و 25 ملیۆن دۆلاری تێچووە. **6978**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**2001-05-28** سووتانی بەشێکی پارکی ئازادی لە شاری سلێمانی. **6983**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**2001-05-30** سووتانی عەمباری ڕێکخراوی فاو لە گوندی کەندەکەوەی شاری سلێمانی. **6982**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**2001-06-00** سەردانی شاندەیەکی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد KNC لە ئامریکاوە بۆ باشووری کوردستان کە بریتی بوون لە: د. فوئاد دەروێش, د. حیکمەت تۆفیق و د. سامان شاڵی. ئامانجی ئەم سەردانەیان بەسەرکردنەوەی دامودەزگا حکومی و ڕۆشنبیرییەکانە. **6992**

**2001-06-00** بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنی بەڕێژەی 50٪ لە باشووری کوردستاندا, پاش ئەوەی کە د.ق ناردنەدەرەوەی سووتەمەنیی بۆ دەرەوە و کوردستان وەستاند. **6999**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 23-06-2001

**2001-06-00** کۆتایی ئەم مانگە: شاندەیەکی شۆسیالیزمی نێونەتەوەیی بەسەرۆکایەتی ئیڤرت کۆنی فریدریکسۆنی سەرۆکی شۆسیالیزمی نێونەتەوەیی سەردنی باشووری کوردستانیان کرد. **6998**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2001-06-00** ناوەڕاستی ئەم مانگە: زۆرینەی هێزەکانی تورك پاشەکشەیان لە ناوچە سنوورییەکانی باکوور و باشووری کوردستان کرد. ئەم هێزانە لە ساڵانی ڕابردوودا هەرلە بەهێزکردندا بوون بۆ لێدانی پکك. **6997**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 21-06-2001

**2001-06-00** سەرەتای ئەم مانگە: د.ق ناردنە دەرەوەی نەوتی بۆ وڵاتانی دراوسێ ڕاگرت. بۆیە لە سنووری ئیبراهیم خەلیلەوە هیچ لۆرییەکی نەوتی ناچێتە تورکیاوە. پارتیش فرۆشتنی نەوتی بە تورکیا ڕاگرت, چونکە د.ق نەوتیش ناداتە باشووری کوردستان. **6985**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 08-06-2001

**2001-06-02** دەرچوونی یەکەم ژمارەی هەفتەنامەی کۆمەڵ لەلایەن کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستانەوە. **8560**

**2001-06-03** ڕوودانی شەڕێك لەنێوان ب.ئیسلامی و دەستەی جیابووەوەی عەلی باپیر لەنزیك ڕووباری سیروان. **6984**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الحیاە 05-06-2001

**2001-06-05** جەلال تاڵەبانی بانگەوازێکی ئاڕاستەی هەموو کوردی کوردستان و هەندەران کرد بۆ یارمەتیدانی منداڵانی شەهیدان. **6994**

**2001-06-07** دۆزینەوەی جۆرە مینێکی سەیر لە ناوچەی بیتوێنی ڕانیە کە د.ق لەکاتی جەنگی ئێران – ئێڕاقدا چاندوویەتی, ئەم جۆرە مینە تاوەکو ئێستا لەلایەن ڕێکخراوی دەرهێنانەوەی مینی کوردستانەوە جۆرەکەی نەزانراوە. **6986**

**2001-06-08** هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار لە ئێران, چاودێرەکان واڕادەگەیەنن کە خاتەمی دیسانەوە هەڵبژێردرێتەوە. **6987**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2001-06-09** خاتەمی بەڕەسمی بۆ دووەمجار کرایەوە سەرۆك کۆماری ئێران و لە ٪77ی دەنگەکانی بەدەستهێنا. **6988**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2001-06-11** کوژرانی بەڕێوەبەری عەمباری گەنم لە شاری کەرکوك. **6989**

**2001-06-14** ئەنیستوتوی کورد لە پاریس, کۆڕێکی ڕۆژنامەنووسیی بۆ تۆژەرەوەی فەرەنسی جیرارد شالیار ڕێکخست, نێوبراو ڕای گەلێك باش بوو بەرامبەر ئەو گۆڕانکارییانەی ئەم دواییەی باشووری کوردستان. **6991**

**2001-06-14** نقوومبوونی بەلەمێك لە نێوان تورکیا و یۆناندا کە 53 پەناهاندەی کوردی باشووری تێدابوو و بووە هۆی خنکانی 6 کەس و ئەوانی تر ڕەوانەی کامپ و نەخۆشخانەکانی یۆنان کران. **6990**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الحیاە 16-06-2001

**2001-06-17** مەڵبەندی کلتووریی کورد لە لاهای، کۆڕێکی بۆ د. عەلی کەریم و ئیسماعیل زایر گرت بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر گۆڕانکارییە ڕامیاری و ئابوورییەکانی باشووری کوردستان. **6995**
سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**2001-06-19** دامەزرانی کۆمەڵەی ئیسلامیی کوردستان بەسەرۆکایەتیی مەلا عەلی باپیر. **6996**
سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**2001-06-22** دادگای دەستووریی تورکیا پارتی فەزیلەی قەدەغەکرد. **7000**
سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی عەرەبی: تلفزیون الشرق الأوسگ ڤ لندن MBC.

**2001-06-23** گیرانی پاپۆڕێك لە دەریای مەڕمەڕە لەلایەن تورکەوە کە 300 پەناهاندەی لەسەر بوو و هەندێکیان کورد بوون. **7007**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 23-06-2001

**2001-06-24** د.ت و یۆنان بڕیاریاندا کە کێڵگەکانی مینی هەردوولای ڕووباری ئەڤرۆس پاکبکەنەوە. لەم کێڵگانەدا چەندین پەناهاندەی کورد گیانیان لەدەستداوە. **7001**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی هۆڵندی: Spits 25-06-2001

**2001-06-24** پارتی و یەکێتی نزیکەی 40 ماڵی ئاوارەیان لەگەڵ یەکتریدا گۆڕییەوە وەکو هەنگاوێکی پۆزەتیڤانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان. ئەمانە بەهۆی شەڕی ناوخۆوە لە شوێنەکانی خۆیان هەڵهاتبوون و ڕایانکردبوو بۆ سلێمانی یان بۆ هەولێر. **7006**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 24-06-2001

**2001-06-27** د.ق سەرلەنوێ هێزەکانی خۆیی لەسەر سنووری باشووری کوردستان مۆڵدا. **7004**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 02-07-2001

**2001-06-27** نزیکەی 100 پارت و لایەنی کوردی و 130 کەسایەتیی کورد یاداشتێکیان پێشکەشی سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان کوفی ئەنان، پەرلەمانی ئەورووپی، باڵوێزی وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان، باڵوێزی ئامریکا و ڕێکخراوەکانی ماف مرۆڤ کرد، کە تایبەت بوو بە کێشەی ئەنفالکراوەکانی ساڵی 1988ەوە و داوای دیاریکردنی چارەنووسیان و داوەریکردنی بکەرانیان کرد. **7003**
سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**2001-06-29** ئەمڕۆ 26ەمین مانگر لە زیندانەکانی تورکدا کۆچی دوایی کرد. **7005**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی هۆڵندی: Spits 02-07-2001

**2001-06-29** پەرلەمانی تورک ماوەی بارودۆخی نائاسایی بۆ ماوەی 4 مانگ لە 14 شاری باکووری کوردستاندا نوێکردەوە. **7008**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 30-06-2001

**2001-06-30** دوو کۆپتەری د.ق بۆ ماوەی 20 خولەك هاتنەسەر ئاسمانی شاری کفری کە لەژێر دەستەلاتی یەکێتیدایە. **7009**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**2001-07-00** نێوەڕاستی ئەم مانگە: هێرشێکی ئیسلامییەکان بۆسەر هێزەکانی پارتی لە گوندی قەسرێ. **7036**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 20-07-2001

**2001-07-00** ئەم مانگە: د.ق ئاگاداری 700 ماڵی کوردی لە کەرکوك کرد تاوەکو شاری کەرکوك بەجێبهێڵن. **7022**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی پارتی info.kdp.www//:http

**2001-07-00** بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی سکچوون لە سلێمانی. **7023**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**2001-07-00** د.ق, بڕیاریدا کە 3 ملیۆن پەرتووکی قوتابخانە بۆ باشووری کوردستان بنێرێت. **7027**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 14-07-2001

**2001-07-00** نێوەڕاستی ئەم مانگە: گیرانی کەشتییەك لە کەنارەکانی ئیتالیا کە 275 پەناهاندەی کوردی لەسەربوو. **7028**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدك TV Kurdistan

**2001-07-00** ئەم مانگە: نزیکەی 10 هەزار کوردی باکوور لە ئەڵمانیا وەك هەواداری پکك لای دەستەلاتی ئەڵمانی خۆیان ناونووسکرد. **7031**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 17-07-2001

**2001-07-00** نێوەڕاستی ئەم مانگە: دادگای ماف مرۆڤی ئەورووپی 222 هەزار دۆلار سزای تورکیایدا, چونکە پارتی دیموکراتی کرێکاریی کوردی قەدەغەکردووە, چونکە بڕیاری قەدەغەکردنەکە دادپەروەرانە نەبووە. **7034**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 19-07-2001

**2001-07-00** سەرەتای ئەم مانگە: د.ق هێزەکانی موجاهیدینی خەلقی لە ناوچەکانی مەخموور مۆڵدا, لەلای هێزەکانی پکك. **7016**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 06-07-2001

**2001-07-00** چوونی 200 چەکداری سەربە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە بۆ ناوچەکانی تەوێڵە و بیارە, ئەمانە سەربە ئوسامە بین لادنن. **7092**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 23-09-2001

**2001-07-00** کۆتایی ئەم مانگە: چوونی وەفدێکی ژووری بازرگانیی ئێراقی بۆ سلێمانی بۆ بەهێزکردنی بازرگانی لە نێوان شارەکانی ئێراق و سلێمانیدا. **7044**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: السفیر 25-07-2001

**2001-07-00** ئەم مانگە: د.ق گەمارۆی ئابووریی لەسەر باشووری کوردستان خەستترکردەوە و هەر ئوتومبیلێك لەنێوان ئێراق و باشووری.ك خۆراك بگوێزێتەوە, لێخوڕەکەی زیندانی دەکرێت و ئوتومبیلەکەشی دەستی بەسەرادەگیرێت. **7049**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 27-07-2001

**2001-07-00** ڕاگواستنی دوو گوندی کورد لەلایەن د.ت, چونکە لە نزیك ئەو دوو گوندەوە بەهۆی تەقینەوەی مینێکەوە ژەندرمەیەکی تورك کوژرابوو. **7052**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: السفیر 03-08-2001

**2001-07-02** نەتەوە یەکگرتووەکان گەمارۆی ئابووریی لەسەر د.ق نوێکردەوە. **7010**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی هۆڵندی: Spits 03-07-2001 لاپەڕە : 7.

**2001-07-02** شیری گراهامی لێپرسراوی فایلی ئێراقی لە وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا چاوی بە جەلال تاڵەبانی کەوت لە شارۆچکەی دوکان و ئەوەی ڕاگەیاند کە ئامریکا هەردەم ناوچە کوردییەکانی باشووری کوردستان دەپارێزێت. **7013**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 04-07-2001

**2001-07-03** داخستنی قەسابخانەی سلێمانی لەلایەن وەزیری تەندروستیی ینك، چونکە قەسابخانەکە مەرجە تەندروستییەکانی تێدا نەبوو. **7014**
سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی ینك Sat Kurd

**2001-07-03** دوو دیپلۆماسیی ئێراقی کە لە ئامریکا کاریان دەکرد داوای مافی پەناهاندەییان لە ئامریکا کرد. **7012**
سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی عەرەبی: تلفزیون الشرق الاوسگ فی لندن MBC.

**2001-07-04** سەردانی د. بەرهەم ساڵح بۆ گەڕەکە هەژارەکانی شاری سلێمانی، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان. **7015**
سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی ینك Sat Kurd

**2001-07-09** تیپی شانۆی سالار له ڕۆژانی 09 تا 10-07-2001 لەهۆڵی ڕۆشنبیری له شاری سلێمانی شانۆیی (کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار جاف)یان نمایشکرد. شانۆییەکه له نووسینی ئەحمەد سالار و دەرهێنانی ئەرسەلان دەروێش بوو. **7167**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی ینك Sat Kurd

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆڕش قادر له هۆڵندا

**2001-07-10** ڕاکێتێکی عێراقی لەسەر گوندی زیناوای شارۆچکەی شێخان کەوتەخوارەوە، که ڕێکەوتی قوتابخانەیەکی کرد و زیانی ماڵیی پێگەیاند. **7017**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 12-07-2001

**2001-07-10** یەکێتیی ئەدیبانی سوید خەڵاتی نووسەر مەحموودی مەلا عێزەتی کرد، خەڵاتەکه بریتی بوو له 30000 کرۆنی سویدی. **7018**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2001-07-12** کشانەوەی هێزەکانی د.ق له ناوچەکانی شێخان. **7019**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 13-07-2001

**2001-07-12** شەو: تەقینەوەی بۆمبێك لەبەردەم بارەگای KRO له عەینکاوەی هەولێر که زیانی ماڵیی به ڕێکخراوەکه و ماڵەکانی دەوروبەری گەیاند. **7024**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 14-07-2001

**2001-07-12** بەستنی کۆنگرەیەکی ئەدەبی له شاری مەریوان بۆ ڕێزلێنان له هۆزانەوان قانع. که تێیدا کۆمەڵێکی زۆر له ئەدیبان لێکۆڵینەوەیان لەسەر هۆزانەوان پێشکەشکرد. کۆنگرەکه دوو ڕۆژی خایاند. **7025**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 14-07-2001

**2001-07-14** سەددام حسێن داوای گفتوگۆی لەگەڵ پارته کوردستانییەکانی باشووردا کرد. پارتی و یەکێتی ڕایانگەیاند که هەر گفتوگۆیەك لەژێر چاودێریی نەتەوه یەکگرتووەکاندا نەبێت, ڕەفزی دەکەن. **7030**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 17-07-2001

**2001-07-15** تا 16-07: تیپی شانۆی زانکۆی سلێمانی به هاوکاری ناوەندی ڕاگەیاندن شانۆیی (گۆرانی چایکا)ی لەسەر شانۆی ڕاپەڕین نمایشکرد. شانۆییەکه له دەرهێنانی نەهرۆ محەمەد و نواندنی یوسف حەمه کاکه و نووسینی ئەنتوان چیخۆف بوو. **7168**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: پاشکۆی کوردستانی نوێ 19-07-2001

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆڕش قادر له هۆڵندا

**2001-07-16** گیرانی کەشتییەك لە کەنارەکانی ئیتالیا کە 320 پەنابەری لەسەربوون و زۆربەیان کوردی باشوورن. **7029**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی هۆڵەندی: Metro 17-07-2001

**2001-07-18** بارینی بارانێکی هاوینە لە شاری سلێمانی و دەوروبەریدا کە ئەمە بەدەگمەن لە هاویندا ڕوودەدات, شایانی باسە کە پلەی گەرمای ئەمساڵ لە باشووری کوردستان گەلێك نزم بوو ئەگەر بەراوورد بکرێت بە 50 ساڵی پێشوو. **7032**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2001-07-18** سەرچاوەیەکی بەرزی ینك ڕایگەیاند کە بزووتنەوەی ئیسلامی لە ڕۆژانی پێشوودا ئەندامێکی بەرزی یەکێتییان دیلکردووە. **7033**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 19-07-2001

**2001-07-18** دادگای دەستووریی تورك بڕیاریدا کە لێبووردنی گشتی چەکدارەکانی پکك نەگرێتەوە. **7035**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 19-07-2001

**2001-07-19** ئیما نیکلسۆن لەسەر تەلەڤزیۆنی BBC ڕایگەیاند کە جێڤری ئارشەر لە ساڵی 1991دا کۆمەڵێك پارەی زۆری خواردووە کە بۆ کوردی باشووری کوردستان کۆکرابووەوە لە کاتی ڕەوەکەدا. **7038**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 21-07-2001

**2001-07-21** لەیادی سێ ساڵەی دامەزراندنی سەنتەری چالاکی گەنجانی سەربە ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستانی سەربە ینك ڤیستیڤاڵێکی تایبەتی بۆ سەرجەم بەشەکانی خۆی سازکرد. **7165**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: پاشکۆی کوردستانی نوێ 26-07-2001

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2001-07-21** گیرانی تونسییەك لە هەولێر بە ئوتوموبیلێکی مینکراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە. ئەم تونسییە فەرمانبەری نەتەوە یەکگرتووەکانە و لە ناوچەکانی ژێردەستی د.ق هاتووەتە ناو باشووری کوردستانەوە. **7039**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الحیاە 22-07-2001

**2001-07-21** ئەمڕۆ و سبەینێ: ناوەندی کەربەلا بۆ لێکۆڵینەوە لە لەندەن کۆڕێکی لەسەر شاری کەرکوك ڕێکخست بەناونیشانی کەرکوك شاری نەتەوە براکان. کۆڕەکە لەلایەن کوردەوە بەشداریی تێداکرا, بەڵام تورکمانەکان بەشدارییان تێدا نەکرد و بەشداریکردنی عەرەبیش بەشێوەیەکی ئەوتۆ نەبوو. **7043**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 24-07-2001

**2001-07-22** کۆمەڵێك کوردی باکوور لە بەیروت خۆپیشاندانێکیان لە دژی تورك سازدا, ئەمانە ئەندامانی پکك بوون و داوای ڕەگەزنامەی لوبنانییان لە دەستەڵاتدارێتیی لوبنان کرد. **7040**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 23-07-2001

**2001-07-22** کۆبوونەوەی هەردوو مەکتەبی سیاسیی ینك و پارتی لە شاری کۆیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان. **7041**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 23-07-2001

**2001-07-24** کۆچی دوایی ئەفسەر عەبدوڵڵا سەعید لە بەغداد, نێوبراو یەکێك بوو لە ئەفسەرە کوردە بەرزەکانی سووپای ئێراقی. **7047**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 26-07-2001

**2001-07-24** تەقینەوەی بۆمبێك لە گەڕەکی سەربازیی عەینکاوەی هەولێر لەنزیك بارەگای UN کە بووە هۆی پچڕانی هێزی کارەبای گەڕەکەکە و هەندێك زیانی ماڵیی تر. **7050**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2001-07-27** کەوتنەخوارەوەی دوو ڕاکێتی د.ق لە شارۆچکەی شێخان. ئەم ڕاکێتانە لە دژی فڕۆکەکانی ئامریکا بەکاردەهێنرێن. شایانی باسە لەم ڕۆژانەدا چەند ڕاکێتێك لە ناوچەکانی شەقڵاوا و ئاکرێ و شێخان کەوتۆتەخوارەوە کە بووەتە هۆی ترسانی دانیشتوانی ناوچەکە. **7051**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2001-08-00** کۆبوونەوەی 3 ئەندامی سەرکردایەتیی 3 پارتی جیاوازی کوردی لە سووریا لەگەڵ دوو ئەندامی پارتی بەعسی سووریادا بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەی کورد لە سووریا. 3 ئەندامە کوردەکە یاداشتێکیان دەربارەی بارودۆخی کورد لە سووریادا پێشکەشی پارتی بەعس کرد. **7058**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الحیاە 22-08-2001

**2001-08-00** ناوەڕاستی ئەم مانگە: بارزانی و تاڵەبانی نامەیەکیان لە وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا وەرگرت، نامەکە بەڵێنێکی ئامریکا بوو بۆ پاراستنی کورد لە هێرشەکانی د.ق. **7057**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 21-08-2001

**2001-08-00** بەپێی ڕاپۆرتێکی BBC ONLINE تەکنەلۆژیای نوێ زۆر بەباشی لە باشووری کوردستاندا بڵاوبووەتەوە, خەڵکی دەتوانن بەرامبەر دۆلار و نیوێك بۆ ماوەی یەك کاژێر ئنتەنێت بکەن و هەروەها دەتوانن ئابوونەی مانگانە بە 50 دۆلار بەدەستبهێنن تاوەکو هەریەك لە ماڵی خۆیدا لە ڕێی ژمارەی تەلەفونییەوە ئنتەرنێت بکات. **7061**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 23-08-2001

**2001-08-02** تا 05-08: وەزارەتی ڕۆشنبیریی ینك لە گۆڕەپانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی شانۆیی تووڕەبوونی تابلۆیەکی نمایشکرد. ئەم شانۆییە لە نووسین و دەرهێنانی گەزیزە عومەر بوو. **7157**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی ینك Sat Kurd

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2001-08-05** تا 08-08: ڕێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستانی سەربە ینك لە شاری هەولێر چەندین چالاکیان ئەنجام دا کە لە ناویاندا پێشانگایەکی شێوەکاری بوو کە کۆمەڵێك شێوەکاری لاو بەشدارییان تیا کرد. **7164**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: پاشکۆی کوردستانی نوێ 16-08-2001

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2001-08-06** کۆچی دوایی ساڵح حەیدەری لە هەولێر. **7053**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 08-08-2001

**2001-08-10** هێرشی 50 فڕۆکەی ئامریکی و بەریتانی بۆ سەر باشووری ئێڕاق, وەك بەرپەرچدانەوەیەکی هێرشی ڕاکێتیی ئێڕاق بۆسەر فڕۆکەکانی ئامریکا و بەریتانیا. **7054**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2001-08-21** گیرانی بەکرێگیراوێکی داگیرکەری ئێڕاقی لە شاری دهۆك بە 2 کیلۆ TNTیەوە, کە دەیویست لە شاری دهۆکدا بیتەقێنێتەوە. **7060**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 23-08-2001

**2001-08-22** سەرچاوەیەکی ڕەسمیی تورك ڕایگەیاند کە لەم ڕۆژانەدا پێکدادانێك لەنێوان پکك و سەربازەکانی تورکدا لە ناوچەی شرناخدا ڕوویداوە کە بووەتە هۆی کوژرانی یەك سەرباز و بریندارکردنی یەکێکی تر و هەروەها کوژرانی پێشمەرگەیەکی پکك. **7059**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 23-08-2001

**2001-08-26** سەردانی وەفدێکی زانکۆی ئەزهەری میسر بۆ باشووری کوردستان، بەسەرۆکایەتیی شێخ مەحمود عاشور. **7062**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 28-08-2001

**2001-08-29** مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی ینك ئێوارە کۆڕێکی بۆ هونەرمەند جەلال جوانرۆیی سازکرد، ئەم کۆڕە تایبەت بوو بە سیناریۆی فیلم. **7156**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 30-08-2001

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2001-09-00** کۆتایی ئەم مانگە: بەرەی دیموکراتیی کورد لە سوریا لە بەیانێکدا داوای ئازادکردنی زیندانە سیاسییەکانی کرد, بەتایبەتی ئەوانەی کە لەم دواداوییەدا لەلایەن د.س گیراون. **7090**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 22-09-2001

**2001-09-00** جیابوونەوەی دەستەیەك لە بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان، کە ناوی سەربازانی ئیسلامیان لەخۆیان ناوە و دەیانەوێت شەریعەی ئیسلامی بەتەواوەتی لە کوردستاندا بسەپێنن و هەڵبستن بە جیهاد لە دژی سەرانی پارتە کوردستانییەکان بە ئیسلامییەکانیشەوە. **7064**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 13-09-2001

**2001-09-07** لە هۆڵی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی شانۆیی (قوتابخانەی ژن و مێردەکان) نمایشکرا, لە نووسینی مۆلەر و دەرهێنانی ئاشتی کەمال. **7158**

سەرچاوەی 1: تەلەفزیۆنی کوردی: تەلەفزیۆنی ینك Sat Kurd

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2001-09-09** دۆزینەوەی گۆڕی لاوێکی گوللەبارانکراو لە گەڕەکی سەرداوی سلێمانی کە 20 ساڵ لەمەوبەر لەلایەن د.ق گوللەبارانکراوە. **7068**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2001-09-09** هوشیار زێباری سەردانی جەلال تاڵەبانیی کرد, تاوەکو هەردوو پارتی و یەکێتی هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر ئیسلامییەکان یەکبخەن, کە هەڕەشە لەهەردوولایان دەکات. **7069**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2001-09-10** ئەندامێکی پارتی C-DHKP لە ناوەندی شاری ئەستەمبول خۆیی تەقاندەوە، کە بووە هۆی کوژرانی 2 پۆلیس و برینداربوونی 20 کەس. **7063**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی هۆڵندی: Metro 12-09-2001 لاپەڕە : 7.

**2001-09-12** پێکدادانێك لەنێوان سوپای تورك و هێزەکانی پکك لەسەر سنووری باکوور و باشوور, ا.د.ت ڕایگەیاند کە 2 پێشمەرگەی کوردی کوشتووە و یەکێکیش بریندارە. **7065**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 14-09-2001

**2001-09-13** ینك لە بەیانێکدا ناڕەزایی خۆیی دەربڕی بەرامبەر ئەو هێرشەی کە لە 11-09دا کرایە سەر هەردوو شاری نیۆرك و واشەنتۆن. **7066**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2001-09-15** سەربازانی ئیسلام کە ڕێکخراوێکن تازە دامەزراون, بەیانێکیان لە بیارە بڵاوکردەوە لە 7 خاڵدا کە گرنگەکانیان ئەمانەن: ئافرەت دەبێت جلی ئیسلامی لەبەربکات, گوێگرتن لە موزك

قەدەغەیە, هەڵواسینی وێنەی ئافرەت لە دوکان و شوێناندا قەدەغەیە, ساتەلیت قەدەغەیە, لە کاتی نوێژی هەینیدا پێویستە هەموو کەس دوکان و بازاڕی دابخات و بچێت بۆ نوێژ... **7070**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2001-09-19** بەستنی یەکەمین کۆنفرانسی پزیشکی لە هەولێر. **7131**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی پارتی http://www.kdp.info

**2001-09-22** ڕێکخراوی سەربازانی ئیسلام دکتۆر ڕێبوار سەید عومەریان لە شاری هەڵەبجە فڕاند بۆ بیارە. **7094**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2001-09-22** بەرهەم ساڵح ڕایگەیاند کە لەو باوەڕەدا نییە ئوسامە بین لادن پەنابەرێتە بەر تەوێڵە و بیارە, چونکە لەو ناوچانەدا چەند ئەندامێکی ڕێکخراوەکەیی تێدایە. **7093**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 23-09-2001

**2001-09-22** لەلێدوانێکی جەلال تاڵەبانیدا بۆ گوندی تاوەگۆزی, کۆمەڵەی سەربازانی ئیسلامی ناونا سەربازانی دژی ئیسلام, هەروەها جەلال تاڵەبانی ئەوەشی ڕاگەیاند کە کۆمەڵەی سەربازانی ئیسلام کۆمەڵی بێگانەن بە ناوچەکانی تەوێڵە و بیارە و هەندێکیان عەرەبی ئەفغانن و بەڵێنی پاکردنەوەی ئەو ناوچانەی دا لە سەربازانی ئیسلام و گێڕانەوەی یاسا بۆ ناوچەکانی هەورامان. **7091**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2001-09-23** هێزێکی سەربازانی ئیسلام لە ناوچەی هەڵەبجە هێرشی کردە سەر هێزەکانی ینك لە گوندی خێڵی حەمە, کەبووە هۆی کوژرانی چەند کەسێك لە هەردوولا. **7096**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2001-09-24** بەپێی هەواڵێك کە ڕۆژنامەی حەیاتی عەرەبی بڵاویکردەوە, هێزێکی ینك لە ناوچەی خورماڵ کەوتوونەتە بۆسەی سەربازانی ئیسلامەوە و 43 کەسیان لێکوژراوە, لە سەربازانی ئیسلامیش 1 کەسیان کوژراوە.شایانی باسە لەم مانگەدا ناکۆکیی نێوان ینك و ئیسلامییەکان گەیشتە لوتکە. **7095**
سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الحیاە 25-09-2001

**2001-09-25** قادر حەمەجان عەزیزی سەرۆکی شارەوانیی سلێمانی نامەیەکی سەرخۆشیی بەناوی خەڵکی سلێمانییەوە بۆ ڕۆدۆڵف جولیانی نارد بەبۆنەی کارەساتەکەی 11ی ئەیلوولی تاوەری نیۆرکەوە. **7097**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2001-09-25** د.ق 3 خێزانی تری کوردی لە شاری کەرکوك دەرکرد بۆ شارە ڕزگارکراوەکانی باشووری کوردستان. **7109**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2001-09-26** یەکێتی زانا ئایینییەکانی کوردستان بەیانێکی ناڕەزایی لەدژی سەربازانی ئیسلام بڵاوکردەوە و پشتگیریی خۆیی بۆ ینك دەربڕی. **7100**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2001-09-26** پارتی بەڕەسمی ڕایگەیاند کە بەهەموو شێوەیەك یارمەتیی ینك دەدات بۆ دژایەتی و لەناوبردنی سەربازانی ئیسلام, هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاند کە هەر سەربازانی ئیسلام بوون کە فرانسۆ هەریرییان تیرۆرکرد. **7099**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2001-09-27** شەڕی نێوان ینك و ئیسلامییەکان بەردەوامە, ینك چەند ڕۆژێك لەمەوبەر شاری هەڵەبجەی گرت, ئێستا شەڕەکە کەوتووەتە ناوچەی هەورامانەوە, ینك چەند گوندێکی تریشی لە سەربازانی ئیسلام سەندەوە. تەواوی پارتە کوردستانییەکان بە پارتیشەوە پشتگیریی خۆیان بۆ هێزەکانی ینك دەربڕی لە دژی سەربازانی ئیسلام. **7098**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2001-09-28** حازم یوسفیی نوێنەری ینك لە قاهیرە ڕایگەیاند کە ژمارەیەکی زۆری عەرەبی ئەفغان و فەلەستین و سووریا و ئوردون لەنێو ڕێکخراوی سەربازانی ئیسلامدا هەیە, هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاند کە ڕابەری سەربازانی ئیسلام عەبدوڵڵا شافعی ناوی وریا هەولێرییە و لەساڵی 1994ەوە چووەتە ئەفغانستان بۆ ڕاهێنان و پەیوەندیی کردووە بە قاعیدەی بن لادنەوە و پەیوەندیشی بە ئەیمەن زەواهیرییەوە هەیە و یارمەتیی مادی لە قاعیدەوە وەردەگرن. **7101**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الحیاە 29-09-2001

**2001-09-29** شێخ محەمەد شێخ عەبدولکەریمی کەسنەزانیی ڕابەری تەریقەتی قادریی کەسنەزانی ناڕەزایی خۆیی لە نامەیەکدا بۆ جەلال تاڵەبانی دەربڕی بەرامبەر کارە تیرۆریستەکانی جند الاسلام. **7105**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2001-09-29** چوونی بەرهەم ساڵح بۆ واشەنتۆن بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ ئەمریکییەکاندا دەربارەی گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی کوردستان. **7104**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2001-09-29** نزیکەی 70 ڕۆژنامەنووس و ئەدیب و هونەرکاری کورد لە بەیانێکدا ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر کارە تیرۆریستەکانی جند الاسلام دەربڕی. **7103**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك org.puk.www//:http

**2001-09-29** سەرچاوەیەکی لێپرسراوی هێزەکانی ینك ڕایگەیاند: کە یەکێك لە سەرکردەکانی جند الاسلام – سەربازانی ئیسلام بەناوی هیوا کوێرەوە لەگەڵ چەند چەکدارێکی تردا کوژراون. **7102**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك org.puk.www//:http

**2001-09-29** تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستانی سەربە ینك ڕاپۆرتێکی دەربارەی پێکهاتن و گەشەکردنی جند الاسلام بڵاوکردەوە, هەروەها ناوی ئەوانەشی بڵاوکردەوە کە لە ئەفغانستان ڕاهێنانیان وەرگرتووە و ئێستا لە کوردستان ئەندامی جند الاسلامن کە ئەمانە هەندێکیانن کە بەخۆیان دەڵێن کوردی ئەفغانی: مەلا عومەر بازیانی, ماکوان ڕەمەزان قازی مۆریاسی, نەریمان ڕەمەزان قازی, عەبدولڕەحمان بازیانی, موحسین خەمزەیی, عەبدولسەلام گۆران, ئەرسەلان ئەحمەد مارف, هەمزە سەید سادقی, یاسین باڵانپێیی, ئازاد کەلاری, عەبدولستار چەمچەماڵی, عومەر سیرك تەکیەیی, سامان سامی دلێر, بەختیار عەلی محەمەد, موسعەب عەبدولڕەحمان, ئیبراهیم باسم عومەر, زوبێر دلێر, بەهادین خەسرەو سلێمان, دڵشاد ئەیوب ئەفغانی, ئەبو جیهاد هەولێری, هێمن حاجی سەلیم بانیشاری, عەبدولسەلام هەولێری, عەبدولشەهید هەولێری, بەختیار هەولێری, ئەبو عاسم ڕەسوڵ ئیبراهیم, ئەبو خەبیت ئەحمەد هەولێری, گەنجۆ یوسف ئەمین, سۆران بایز عەبدولڕەحمان, محەمەد ساڵح عومەر, شوان کەریم, واحید محەمەد, عوسمان ئەحمەد بازیانی, .. **7106**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان – ینك

**2001-09-30** 6 ئەندامی کوردی شورای ئێرانی خۆیان کەنارگیر کرد، بەهۆی ئەوەی کە ماف کورد لە ئێراندا پێشێلکراوە. **7107**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 01-10-2001

**2001-10-00** ئەم مانگە: بەپێی هەندێك هەواڵی دەماودەم و لەسەر ئنتەرنێت, پارتی یاداشتێکی ناردووە بۆ وەزیری دادی دانیمارکی کە تێیدا داکۆکی لە نزار ئەلخەزرەجی دەکات. **7128**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**2001-10-00** ئەم مانگە: د.ق خوێندنی کوردیی لە شاری مەخموور قەدەغە کرد, هەروەها نزیکەی 75 مامۆستای کوردی لە مەخموورەوە گواستەوە بۆ ناوچەکانی شرگات و گەیارە. **7114**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك org.puk.www//:http

**2001-10-00** ئەم مانگە: جند الاسلام هەڕەشەی کوشتنی لە دوو ڕۆژنامەنووسی کورد کرد کە یەکێکیان ناوی ئازا حەسیب قەراخییە. **7113**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك org.puk.www//:http

**2001-10-01** بەبەشداریی هەزاران کەس, خۆپیشاندانێك لە سلێمانی لەدژی جند الاسلام سازدرا, خۆپیشاندەران نامەیەکیان دایە دەست نوێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سلێمانی وەك ناڕەزاییەك لە کردەوەکانی جند الاسلام. **7108**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2001-10-04** تا ئەمڕۆ شەڕی نێوان ینك و جند الاسلام بەردەوامە, ینك زنجیرە چیاکانی شنروێ و چەند گوندێکی ڕزگارکرد. 2 مەفرەزەی جند الاسلام کە ژمارەیان 21 کەسە لەلایەن ینك دیل کران. **7110**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الحیاە 04-10-2001

**2001-10-04** پۆلیسی دانیمارکی ڕایگەیاند کە جەنەڕاڵێکی ئێراقی خراوەتە ژێر چاودێرییەوە، چونکە دەستی هەبووە لە جەنگی جینۆسایدی کوردا. **7111**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 05-10-2001

**2001-10-06** ئازادکردنی دکتۆر ڕێبوار عومەر نوری لەلایەن جند الاسلامەوە کە پێش 14 ڕۆژ لە هەڵەبجە فڕاندیان. نێوبراو ڕایگەیاند کە جند الاسلام بەمەبەستی چارەکردنی بریندارەکانی ئەمیان فڕاندووە و لە ماوەی ئەم 14 ڕۆژەدا ئەشکەنجەیانداوە. جند الاسلام بەهۆی فشاری خەڵکی هەڵەبجە و هەورامان نێوبراویان ئازادکرد. **7115**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2001-10-06** کۆچی دوایی کەریمی حیسامی سیاسەتمەدار و نووسەر, لە نەخۆشخانەیەکی شاری ستۆکهۆڵم لە سوید. **7112**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**2001-10-10** تا 20-10: لە شاری کرماشان 11هەمین ڤیستیڤاڵی لاوان سازکرا, لەو ڤیستیڤاڵەدا هەر شارە بە شانۆگەرییەك بەشداریی کرد. **7159**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: پاشکۆی کوردستانی نوێ 25-10-2001

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2001-10-12** پۆلیسی دانیمارکی لێکۆڵینەوەیەکی لەگەڵ ژێنەڕاڵی ئێراقی نزار ئەلخەزرەجی کرد. نێوبراو یەکێکە لە تاوانبارانی هەڵەبجە و ئەنفال کە ماوەی دوو ساڵێکە داوای پەنابەریی لە وڵاتی دانیمارك کردووە. **7116**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الحیاە 13-10-2001

**2001-10-13** فڕاندن و کوژرانی دوو خوشك بەناوی جوان و ناسك عەبدوڵڵا حەسەن لەلایەن چەند نەناسراوێکەوە. **7141**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ڕێوان 01-11-2001

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2001-10-13** کۆمەڵێك کەسایەتیی عەرەبی ئێراقی کە ئەندامی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراقین, نامەیەکیان ئاراستەی وەزیری دادی دانیمارکی کرد, تێیدا بەرگرییان لە ژێنەڕاڵی تاوانبار نزار ئەلخەزرەجی کرد بەوەی کە بێتاوانە لە جەنگی جینۆسایدی کوردا و ئەو کوردانەشی کە لای پۆلیسی دانمارکی شکاتیان لە نزار کردووە نەزانن. **7117**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 14-10-2001

**2001-10-13** دۆزینەوەی تەرمی فاتمە دەرویش ئەمین لە بیری حەوشەی ماڵی خۆیاندا لە کەلار. نێوبراو خنکێنرابوو. **7143**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ڕێوان 01-11-2001

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2001-10-15** کردنەوەی سێیەمین پێشانگای شێوەکاریی 5 کچی هونەرمەند لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی. ئەمانە ناوی ئەو هونەرمەندانەن: شیلان جەبار, دالیا موراد, شوعلە سلێمان, ساکار فاروق و تارا خالید. **7144**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی ینك Sat Kurd

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2001-10-16** کردنەوەی پیشانگای یەکەمی کتێبی کوردی لە شاری سلێمانی لە هۆڵی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی کە چەند دامەزراوێکی چاپ و پەخشی کوردستانی بەشدارییان تێداکرد. **7119**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك org.puk.www//:http

**2001-10-17** ادت ڕایگەیاند: کە لە پێکدادانێکی نێوان پکك و سوپای تورکدا 3 ئەندامی پکك کە یەکێکیان ئافرەتە کوژراوە و دوو سەربازی تورکیش برینداربوون. **7120**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 18-10-2001

**2001-10-17** کردنەوەی پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە شاری کفری. **7121**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك org.puk.www//:http

**2001-10-17** بەستنی کۆنفرانسی ڕێکخراوە خوێندکارییەکانی کورد لە سلێمانی کە 18 ڕێکخراو بەشداریی کرد, ئامانجی ئەم کۆنفرانسە ئەوەبوو کە هێز و توانای ئەو ڕێکخراوانە لە کوردستاندا یەکبخرێت و لە پاشەڕۆژدا یەك ڕێکخراو پێکبهێنرێت. **7122**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك org.puk.www//:http

**2001-10-18** نمایشی موزیکی کلاسیکی لە هۆڵی سلێمانی بۆ هونەرمەندان سامان تەها و شیلان عوسمان. **7145**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی ینك Sat Kurd

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2001-10-18** هێرشێك بە تۆپی هاوەن بۆسەر یەكێك لە بنكەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان لە شاری زاخۆ, ئەم هێرشە بووە هۆی بریندارکردنی دوو پاسەوان. **7123**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 19-10-2001

**2001-10-18** جەلال تاڵەبانی لەگەڵ نوێنەرانی شاری هەڵەبجە و هەورامان كۆبووەوە, لە كۆبوونەوەكەدا باسی ڕووداوەكانی ئەم دواییەی باشووری كوردستانی كرد. هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاند كە ئەگەر ینك قەڵاچوالان جێبهێڵێت ئەوا هەڵەبجە جێناهێڵێت. **7124**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی كوردی: كوردستانی نوێ 20-10-2001

**2001-10-20** بەڕێوەبەرێتیی ڕۆشنبیریی سلێمانی لە هۆڵی مۆزەخانە پێشانگایەكی تایبەتیی بۆ هونەرمەند ئەكرەم حەیدەر كردەوە. **7190**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی كوردی: ئاڵای ئازادی 22-10-2001

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: كاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2001-10-20** بەبۆنەی یادی كۆچی دوایی هونەرمەند تایەر تۆفیق, یەكێتیی هونەرمەندانی كوردستانی سەربە ینك ڤیستیڤاڵێكی لە شاری كۆیە سازكرد. **7161**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی كوردی: پاشكۆی كوردستانی نوێ 01-11-2001

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: كاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2001-10-20** تا 22-10: كردنەوەی پێشانگایەكی هاوبەشی پەیكەرسازی لە شاری هەڵەبجەی شەهیددا. ئەم هونەرمەندە پەیكەرسازانە بەشدارییان تێداكرد: (كاوە سلێمان, شوعلە سلێمان و جەمال پێنجوێنی) لە هۆڵی ئەحمەد موختار جاف. **7160**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی كوردی: پاشكۆی كوردستانی نوێ 25-10-2001

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: كاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2001-10-21** ڕۆژانی دوایی: كردنەوەی 7ەمین پێشانگای كاریكاتێریی هونەركار گرفتار كاكەیی لە هۆڵی مۆزەخانەی شاری سلێمانی. **7134**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی كوردی: تەلەتێكستی تەلەڤزیۆنی خاك KHAK سەربە ینك

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: كاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2001-10-22** ڕێكخراوی یونیسێفی سەربە نەتەوە یەكگرتووەكان كۆنگرەیەكی لە شاری سلێمانی بەست بۆ پلاندانان بۆ بەرنامەی كاری 3 ساڵی داهاتوو لە باشووری كوردستاندا. **7127**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری كوردی: هەواڵەكانی كوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2001-10-22** سەردانی ناوەندی هاوبەشی ڕێكخراوی ژنانی هەولێر بۆ سلێمانی. **7142**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی كوردی: ڕێوان 01-11-2001

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: كاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2001-10-23** ادت ڕایگەیاند: لە پێکدادانێکی نێوان پکك و تورکدا 4 پم پکك کوژراون و 2یشیان لێ دیلکراوە. **7125**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 24-10-2001

**2001-10-24** کۆمەڵەی مافناسانی ئێراقی لە دژی ئەو کوردانە وەستانەوە کە شکاتیان لە نزار ئەلخەزرەجی کردووە و نزاریان بە خاوەن هەڵوێستێکی ئازا و شەریف دانا. **7126**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 24-10-2001

**2001-10-24** تا 27-10: لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی پیشانگای تایبەتیی هونەرمەند ڕەهێڵ عەبدولجەبار کرایەوە. هونەرمەند لە ساڵی 1978 لە دایکبووە. **7162**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: پاشکۆی کوردستانی نوێ 01-11-2001

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2001-10-24** ڕاکێتێك گیرایە شاری هەڵەبجە و لە تەنیشت هۆڵی ئەحمەد موختار جاف کەوتەوە, بەڵام خۆشبەختانە نەتەقییەوە **7189**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ئاڵای ئازادی 29-10-2001

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2001-10-27** مەکتەبی بیر و هوشیاریی ینك لە زنجیرەی فێربوونی خولەکانی زماندا, خولێکی فێربوونی زمانی تورکیی بۆ ماوەی چوار مانگ کردەوە. **7147**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 06-11-2001

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2001-10-28** کردنەوەی پیشانگایەکی تایبەت لە شاری لاهای لەلایەن هۆشیار سەعیدەوە. گەلەرییەکی ئامریکی سەردانی پیشانگاکەیان کرد و 10 تابلۆیان لە پیشانگاکە نیشانکرد تاوەکو لە شاری واشەنتۆن نمایيشی بکەن. هەروەها ئەمنیستی ئنتەرناسیۆنال یەکێك لە تابلۆکانی هونەرمەندی کردە پۆست کارد. جگەلەوەی کە یەکێك لە تابلۆکانی هونەرمەندیش نیشانکراوە تاوەکو بکرێتە بەرگی دیوانێکی ئەو هۆزانەوانانەی کە هەڵبەستیان بۆ سەربەخۆیی نووسیوە. **7163**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: پاشکۆی کوردستانی نوێ 01-11-2001

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2001-10-30** لە شارۆچکەی تەکیە, دەستە ڕووناکبیرێکی تەکیە کۆڕێکیان بەناونیشانی ئەمڕۆی ژنی کورد بۆ (سۆزان مامە) سازکرد. **7188**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ئاڵای ئازادی 05-11-2001

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2001-11-00** سەرەتای ئەم مانگە: پۆلیسی ئەڵمانی ڕایگەیاند کە شاهێنی ئەندامی سەرکردایەتیی پکك ی گرتوە. **7129**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی هۆڵندی: Spits 02-11-2001 لاپەڕە : 6.

**2001-11-00** کۆتایی ئەم مانگە: بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی عەرەبیی الزمان, لە دەوروبەری هەڵەبجەدا پێکدادانێکی دژوار لە نێوان ینك و جند الاسلامدا ڕوویداوە و بووەتە هۆی کوژرانی 50 کەس لەهەردوولا. **7194**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 28-11-2001

**2001-11-00** ناوەڕاستی ئەم مانگە: بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی الزمانی عەرەبی لەپێکدادانێکی ینك و جند الاسلامدا 4 کەس لەهەردوولا کوژراون. هەروەها سەرچاوەی ناوبراو ئەوەشی باسکرد کە ینك خەریکی خۆئامادەکردنی هێرشێکی گەورەیە بۆ سەر جند الاسلام. **7179**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 17-11-2001

**2001-11-00** ئەم مانگە: ڕێکخراوی یونویس ڕایگەیاند کە تاوەکو ئێستا لە باشووری کوردستان 8 هەزار مینیان دەرهێناوە و نزیکەی 24 هەزاری تریشتیان پووچکردووەتەوە. شایانی باسە ئەم ڕێکخراوە لەم مانگەدا هەزاران دۆنم زەویی بەپاکژی گێڕایەوە بۆ جووتیارەکانی دۆڵی ئاکۆیان تاوەکو کشتوکاڵی بەبێ ترس تێدا بکەن. ئەم زەوییانە لە سەرەتای هەشتاکاندا لەلایەن د.ق مینرێژ کرابوون. **7178**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 17-11-2001

**2001-11-01** لە هۆڵی ڕووناکبیریی زانکۆی سلێمانی بەڕەزامەندیی لیژنەیەکی پسپۆڕ, بڕوانامەی ماستەر بە هەڤاڵ ئەبوبەکر خۆشناو بەخشرا. **7153**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 03-11-2001

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2001-11-02** لە هۆڵی مەدەنییەتی ناوەندی ڕێکخراوەکانی گەرمیانی سەربە ینك کۆڕێکی شیعرخوێندنەوە بۆ هۆزانەوان کەژاڵ ئەحمەد گیرا. **7152**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی ینك Sat Kurd

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2001-11-02** د.ق موکەڕەم تاڵەبانیی نارد بۆ باشووری کوردستان تاوەکو لەگەڵ پارتی و یەکێتیدا کۆببێتەوە. **7174**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الحیاە 16-11-2001

**2001-11-03** کۆمیتەی ڕێکخستنی ینك لە سوید کۆڕی چلەی ماتەمینیی بۆ شەهیدانی ئاوایی خێڵی حەمە لە ستۆکهۆڵم ڕێکخست. **7150**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 05-11-2001

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2001-11-03** ئەو کوردە خۆرهەڵاتییانەی کە ماوەی 5 مانگ بوو لە هەردوو شاری هەولێر و سلێمانی مانیانگرتبوو، ئەمڕۆ مانگرتنەکەیان وەستاند. قسەکەرێك بەناوی ئەو پەناهاندانەوە ڕایگەیاند کە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم پەناهاندانە دەباتە وڵاتێکی تر تاوەکو مافی پەناهاندەیی وەربگرن. **7137**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2001-11-04** دەستپێکردنی میهرەجانی ئەدەبی و هونەریی یەکەمی یەکێتیی ژنان لە شاری سلێمانی. **7133**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2001-11-04** چاوپێکەوتنی وەزیری پیشەسازی و وزەی ینك جەلال جەوهەر لەگەڵ وەفدێکی تورکیدا بۆ هاوکاریی هەردوولا. **7151**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 05-11-2001

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2001-11-04** کردنەوەی پێشانگای کاریکاتێری لەلایەن گەلاوێژ ساڵح فەتاح لە شاری سلێمانی. ئەم پێشانگایە بەبۆنەی ڤیستیڤاڵی ژنانی کوردەوە بوو لە سلێمانی. **7149**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 06-11-2001

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2001-11-04** بەشی هونەریی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستانی سەربە ینك لەژێر ناوی (دیاریی سەقز)دا پێشانگایەکی خۆشنووسیی بۆ هونەرمەند مستەفا حەیدەر کردەوە، نێوبراو لە ساڵی 1976 دا لەدایکبووە. **7148**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 06-11-2001

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2001-11-04** بەپێی هەواڵێکی تەلەڤزیۆنی سەحەری ئێران: ینك هێرشی کردەسەر بارەگاکانی جند الاسلام لە هەورامان، 2 ئەندامی باڵای جند الاسلام کوژراون بەناوی سەلمان هەولێری و سەربەست، هەروەها چەند چەکدارێکیش بریندار بوون. لەلای ینك سەرکردەیەکی سەربازی بەناوی عەبە ڕەقەوە کوژراوە. **7136**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی سەحەر – ئێران

**2001-11-04** دەستپێکردنی پرۆسەی کوتان لە باشووری کوردستاندا لە دژی نەخۆشیی ئیفلیجبوونی منداڵان لەلایەن ڕێکخراوی یونیسێفەوە. بەهۆی کوتانی یونیسێفەوە ماوەی 3 ساڵە نەخۆشیی ئیفلیجبوون لە باشووری کوردستاندا ڕوووینەداوە. **7132**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی ینك Sat Kurd

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2001-11-05** نمایشکردنی فیلمی (زام) لە وڵاتی سوید. ئەم فیلمە لە دەرهێنای ئازاد کەرکوکی و نواندنی ئازاد جەلال و ژیان ئیبراهیم بوو. **7193**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ئاڵای ڕووناکبیری 12-11-2001

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2001-11-05** تا 09-11-2001: سەنتەری چالاکی گەنجانی ینك پێشانگایەکی تایبەتی بۆ هونەرمەند (حەمە کاکە) لە سەنتەری چالاکی گەنجان کردەوە. هونەرمەند لەدایکبووی ساڵی 1937 ی شاری سلێمانییە, هونەرمەند لەم پێشانگایەدا (26) تابلۆی قەبارەی جیاوازی نمایشکرد. **7155**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 08-11-2001

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2001-11-06** د. بەرهەم ساڵح لەگەڵ وەفدێکی ئێرانی کۆبووەوە, باس لە چوونی حاجییە کوردەکانی باشوور لە ڕێگای ئێرانەوە بۆ عەرەبستانی سعودی کرا. **7146**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 07-11-2001

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2001-11-07** کۆچی دوایی کچێك لە گەڕەکی ئازادیی شاری ڕانیە, نێوبراو لە گەرماوێکدا سووتابوو. **7186**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ئاڵای ئازادی 19-11-2001

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2001-11-07** کردنەوەی کتێبخانەی گشتیی شارۆچکەی سەنگاو لەلایەن فەتاح زاخۆیی وەزیری ڕۆشنبیریی ینك. **7139**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 08-11-2001

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2001-11-07** نێچیرڤان بارزانی و وەفدێکی پارتی لە لەندەن لە باڵەخانەی وەزارەتی دەرەوە چاویان بە بین برادشۆ کەوت, بۆ گفتوگۆکردنی دوا گۆڕانکارییەکانی کوردستان. **7140**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: برایەتی 08-11-2001

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2001-11-07** تا 09-11: تیپی مۆسیقای سلێمانی بەهاوکاریی وەزارەتی ڕۆشنبیریی ینك کۆنسێرتی شنەی هەورامانی بۆ گۆرانیبێژ حەمە جەزا ڕێکخست, لە هۆڵی ڕۆشنبیری لە سلێمانی. **7154**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی ینك Sat Kurd

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2001-11-09** پارتە کوردستانییەکانی باشوور کۆڕێکیان لەسەر بارودۆخی ئێستای کوردستان لە شاری لەندەن ڕێکخست. لە کۆڕەکەدا عەبدولڕەزاق فەیلی و دڵشاد میران وتاریاندا. **7171**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 15-11-2001

**2001-11-10** تا 11-11: کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد لکی دەربەندیخان لەسەر شانۆی ڕۆشنبیریی دەربەندیخان شانۆیی (چۆڵەوانی)یان نمایشکرد. شانۆییەکە لە دەرهێنانی کەمال حەمە ڕەشید و 5 ئەکتەریش بەشدارییان تێداکرد. **7175**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 15-11-2001

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاک هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2001-11-11** تا 12-11: کۆمەڵەی کەلەپووری فۆلکلۆری کورد لە یادی 10 ساڵەی دامەزرانیدا ئاهەنگێکی لە هۆڵی ڕۆشنبیریی شاری سلێمانیدا گێڕا. **7170**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 14-11-2001

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاک هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2001-11-12** چاوپێکەوتنی عادل موراد ئەندامی باڵای ینک لەگەڵ عەبدولحەلیم خەددامی جێگری سەرکۆماری د.س. لەکۆبونەوەکەدا باسی بارودۆخی ئەم دووایییەی کوردستان کرا. **7166**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینک org.puk.www//:http

**2001-11-12** تا 13-11: گروپی موزیکیی سەهەند کۆنسێرتی (گەلا وەریوەکان)ی لە هۆڵی سەنتەری گەنجان لە شاری سلێمانی پێشکەشکرد. **7177**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 15-11-2001

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاک هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2001-11-12** کردنەوەی پیشانگەی تایبەتیی هونەرمەند ئیسماعیل خەیات لە هۆڵی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد. **7192**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ئاڵای ڕووناکبیری 12-11-2001

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاک هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2001-11-13** تەقینەوەی ئوتومبیلێك لە جۆری تۆیۆتا لاندکرۆزەر لەبەردەم مزگەوتی قازی محەمەد لە شاری سلێمانی, ئەم تەقینەوەیە بووە هۆی بریندارکردنی منداڵێکی قوتابخانەی سەرەتایی و زیانی مادی بە ماڵەکانی دەروروبەر گەیاند. ئوتومبیلەکە هی یەکێتی ژنانی کوردستانی سەربە ینك بوو و بۆمبێکی موگناتیسیی پێوە لکێنرابوو کە بریتی بوو لە نیوکیلو TNT. بکەرانی ئەم تاوانە نەناسراون. **7169**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك org.puk.www//:http

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاک هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

سەرچاوەی 3: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 14-11-2001

**2001-11-13** تا 15-11: بەسەرپەرشتیی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی, خانەی نیگارکێشانی منداڵان چوارەمین پیشانگای (منداڵ و هونەر)ی لە گەلەری کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد کردەوە. لەم

پیشانگایەدا بەرهەمی 73 مندالی بەهرەمەند پێشکەشکرا کە (بلێسە مستەفا و شەمام ئەبوبەکر) سەرپەرشتییان کرد. **7176**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 15-11-2001

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاک هەرژین شۆڕش قادر لە هۆلندا

**2001-11-14** بەبۆنەی یادی 39ەمین ساڵڕۆژی کۆچی دوایی هۆزانەوان گۆرانەوە، سەنتەری گەلاوێژ کۆڕێکی ڕێکخست. لە کۆڕەکەدا ژمارەیەکی زۆر ڕوناکبیر بەشداربوون. **7172**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2001-11-14** لە گەڕەکی ماجیدئاوای شاری هەولێر مندالێکی تەمەن 4 ساڵان کەوتە زێرابی ئەم گەڕەکەوە و گیانی لەدەستدا, شایانی باسە ئەمە دووەمین منداڵە لەم گەڕەکەدا و بەهەمان کارەسات گیانی لەدەست بدات. **7185**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هاوولاتی 19-11-2001

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاک هەرژین شۆڕش قادر لە هۆلندا

**2001-11-15** وەزارەتی ڕۆشنبیریی ینك پیشانگەیەکی هاوبەشی بۆ هەردوو هونەرمەندی شاری هەولێر (عەبدولموتەلیب کەردی و سۆران ئیسماعیل) لە هۆلی مۆزەخانەی سلێمانی کردەوە. **7187**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ئالای ئازادی 19-11-2001

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاک هەرژین شۆڕش قادر لە هۆلندا

**2001-11-15** هەلمەتی بەرفراوانی پاکژکردنەوە و جوانکردنی شاری سلێمانی. **7181**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 18-11-2001

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاک هەرژین شۆڕش قادر لە هۆلندا

**2001-11-15** بەبۆنەی چلەی ماتەمینی شەهیدانی ئاوایی (خێلی حەمە)وە, پیشانگەی وەرزشی خوێندنگەکانی پیرەمەگرون لە هۆلی خوێندنگەی ماردینی سەرەتایی کرایەوە شایانی باسە کە ئەمە دووەمین جارە لەم جۆرە پیشانگەیە لە هەرێمی کوردستاندا بکرێتەوە. **7182**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 21-11-2001

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاک هەرژین شۆڕش قادر لە هۆلندا

**2001-11-16** تا ڕۆژانی دوایی: ڤیستیڤالی کورتە فیلمی کوردی و بیانی لە شاری لەندەن. **7180**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 20-11-2001

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاک هەرژین شۆڕش قادر لە هۆلندا

**2001-11-20** لە هۆلی ڕاپەڕینی شاری سلێمانی کۆنسێرتی (ڕێگەبدەن ژێکان بدوێن) بۆ هونەرمەندی گیتارژەن (دانا ئیسماعیل) سازکرا. **7196**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی ینك Sat Kurd

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاک هەرژین شۆڕش قادر لە هۆلندا

**2001-11-21** پۆلیسی ئەڵمانی لە شاری فرانکفۆرت بارەگای ڕێکخراوێکی کوردیی پشکنی، بەتاوانی ئەوەی کە یارمەتیی پکک ی داوە. **7184**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 22-11-2001

**2001-11-25** سەلاح ڕەشید وەزیری ماف مرۆڤ و ئاوارەو ئەنفال (ینك) لە دیوانی وەزارەت پێشوازی لە وەفدێکی ڕێکخراوی NPAی نەرویجی کرد. **7197**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 26-11-2001

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2001-11-26** جەلال تاڵەبانی چاوی بە وەفدێکی تورکمانی ئێراقی کەوت. **7198**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 27-11-2001

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2001-11-29** دیکتاتۆر سەددام حسێن پێشوازیی لە فوئاد عارف کرد و ئامادەیی خۆیی بۆ گفتوگۆ لەگەڵ کوردا دەربڕی. **7195**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 30-11-2001

**2001-12-00** سەرەتای ئەم مانگە: د.ق نزیکەی 500 خێزانی عەرەبی هێنایە ناوچەی شەمامکی دەشتی هەولێرەوە بۆ بەعەرەبکردنی ناوچەکە. **7211**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2001-12-00** گەیشتنی دوو ئامێری زۆر پێشکەوتووی هەڵکەندنی بیری ئیرتیوازی بۆ شاری سلێمانی. ئەم ئامێرانە دەتوانن تا قوڵایی 600 مەتر بیر هەڵبکەنن. ئامێرەکان لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی بڕیاری 986دا بۆ چاکتربوونی ئاودێری لە ناوچەی سلێمانیدا گەیشتنە سلێمانی. **7216**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2001-12-00** کۆتایی ئەم مانگە: تەقینەوەی باروتخانەی شاری کەرکوك. **7229**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2001-12-00** کۆتایی ئەم مانگە: دادگای هەولێر پارتی کاری سەربەخۆیی کودستانی داخست. **7228**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی پارتی http://www.kdp.info

**2001-12-00** د.ق هەڵدەستێت بە هەڵکەندنی 1500 بیری ئیرتیوازی بۆ ئەو عەرەبانەی کە لەم دوادواییەدا بەمەبەستی بەعەرەبکردنی کەرکوك هێناونییەتە ناوچەکە. **7214**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2001-12-00** سەرەتای ئەم مانگە: ڕۆژنامەکانی داگیرکەری ئێراقی بەردەوام ئەو وێنانە بڵاودەکاتەوە کە کاتی خۆی سەددام لە کوردستان گرتوویەتی. **7213**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2001-12-00** ئەم مانگە: گیرانی چەند کوردێك لە بەغداد بەتاوانی ئەوەی کە لێپرسراو و سەربازیی بەرزی د.ق دەبەنە باشووری کوردستان تاوەکو لەوێوە ڕابکەن بۆ دەرەوەی ئێراق, بۆ خۆڕزگارکردن لە ڕژێم. **7218**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 19-12-2001

**2001-12-00** سەرەتای ئەم مانگە: پارتی پەیمانێکی لەگەڵ ئێراندا بەست تاوەکو 70 میگاوات وزەی کارەبا بۆ ناوچەکانی دیانا بکڕێت. **7201**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 06-12-2001

**2001-12-00** د.ق بڕیاری دابەشکردنی 10 هەزار پارچە زەویی بەسەر ئەو عەرەبانەدادا کە بۆ مەبەستی بەعەرەبکردنی کەرکوك دەهێنرێنە کەرکوك. **7199**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2001-12-00** پارتی گۆڕانکارییەکی لە پەرلەمانی هەولێردا کرد, بەوەی 8 ئەندامی پەرلەمانی لەکارخست و 8 نوێی لە جیّ دانان. **7202**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 07-12-2001

**2001-12-03** وەزیری دەرەوەی سوید ڕایگەیاند: کە ئەگەر گەمارۆی ئابووری لەسەر عێراق لابچێت، پێویستە نەتەوە یەکگرتووەکان کوردی باشووری کوردستان بپارێزێت. **7200**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2001-12-12** گەیشتنی وەفدێکی ئامریکی بۆ سلێمانی، وەفدەکە بەسەرۆکایەتیی ڕایان کرۆکەری یاریدەدەری وەزیری خۆرهەڵاتی نزیکی ئامریکا بوو. ئەم وەفدە لەگەڵ ڕابەرانی پارتی و یەکێتیدا دەربارەی بارودۆخی باشووری کوردستان گفتوگۆ دەکات. **7212**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 13-12-2001

**2001-12-15** کردنەوەی شاری یاری بۆ منداڵان لە سلێمانی. **7215**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2001-12-16** هونەرمەند شۆڕش قادر بە شانۆیی (گۆرانیی خۆشەویستی) بەشداریی ڤیستیڤاڵی شانۆیی هۆڵندی لە شاری لاهایی هۆڵندا دەکات. **7205**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری هۆڵندی: THEATER MUSEUM BEURT VOLKS

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاك هەرژێن شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2001-12-19** ڕۆژنامەی الزمانی عەرەبی ئەوەی بڵاوکردەوە کە لە مۆگادیشۆی پێتەختی سۆماڵ 10 کوردی خەڵکی باشوور بەتاوانی ئەندامێتیی ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدە گیراون. **7217**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 19-12-2001

**2001-12-23** پەخشی کەناڵی کوردسات گەیشتە ئامریکا و کەنەدا. **7219**

سەرچاوەی 1: تۆماری جەماوەر: کاک هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

سەرچاوەی 2: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی ینک Sat Kurd

**2001-12-25** وەزیری پەروەردەی ینک نەرمین عوسمان لە ئامادەیی کچان لە شاری سلێمانی پێشانگای پۆستەریی مامۆستایانی هونەریی خوێندنگەکانی پارێزگای سلێمانیی کردەوە, کە لە لایەن چالاکیی هونەریی پەروەردەی سلێمانییەوە ئامادەکرابوو. **7237**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 26-12-2001

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاک هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2001-12-26** تا 31-12: کردنەوەی پێشانگای پەرتووکی کوردی لە شاری هەولێر لەلایەن دەزگای ئاراسەوە. لەم پێشانگایەدا پەرتووکی هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد بەشداریی کرد و دانەی بە 80 دیناری ئێراقی دەفرۆشرا. **7252**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**2001-12-26** تا 31-12: کردنەوەی پێشانگای پەرتووکی کوردی لە شاری هەولێر لەلایەن دەزگای ئاراسەوە. **7251**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**2001-12-27** ئاوارەکانی کامپی بەردەقارەمان بۆ باشتربوونی گوزەرانیان ڕێپێوانێکی هێمنانەیان بۆ بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە سلێمانی ڕێکخست. **7221**

سەرچاوەی 1: تۆماری جەماوەر: کاک هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

سەرچاوەی 2: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی ینک Sat Kurd

**2001-12-29** جەلال تاڵەبانی پێشوازیی لە د. نەجمەدین کەریم کرد. **7238**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 30-12-2001

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاک هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2001-12-29** ڕوودانی تەقینەوەیەک لە سەنتەری شاری موسڵدا، بووە هۆی زیانێکی گیانی و ماڵیی زۆر. **7231**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینک http://www.puk.org

**2001-12-30** کردنەوەی هۆتێلی پێنج ئەستێرەیی میراڵ لە دوکان لەلایەن جەلال تاڵەبانییەوە. **7239**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 31-12-2001

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاک هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2001-12-31** چەند نەناسراوێك دوو نارنجۆکی دەستیان فڕێدایە نێو ئاپۆڕای خەڵکی شاری سلێمانییەوە لەسەر شەقامی سالم لە لای سەهۆڵەکە, کە بەبۆنەی جەژنی سەری ساڵەوە ڕژابوونە سەر شەقامەکانی شاری سلێمانی. لە ئەنجامدا 17 کەس بریندابوون کە 3یان منداڵ بوون. **7220**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی ینك Sat Kurd

**2001-12-31** کۆبوونەوەی جەلال تاڵەبانی و شێخ محەمەد بەرزنجیی سەرۆکی وەفدی کۆمەڵەی ئیسلامی. **7240**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 01-01-2002

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2002** بەهار: دەرچوونی پەرتووکی شانۆ, باوەڕ و ڕەسەنایەتی. هەڤپەیڤینێکی هەڵۆ بەرزنجییە لەگەڵ هونەرمەند حەمە ڕەشید هەرەس. لەبڵاوکراوەکانی سۆکسەیە لە ئەڵمانیا. **8223**

سەرچاوەی 1: ڕووبەڕووی کوردی: ڕووبەڕوویەك لەگەڵ هونەرمەند حەمە ڕەشید هەرەس لە 14-08-2004 لە ئەمستەردام.

**2002** دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری پەروان لە خۆرهەڵاتی کوردستان. **7989**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952-2002 – نوسینی ڕێناس نەورۆزی – برۆکسل.

**2002-01-00** نورییە کەسپیری ئەندامی سەرکردایەتیی پکک داوای پەنابەریی لە هۆڵندا کرد. **7222**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی هۆڵندی: Spits 07-01-2002 لاپەڕە : 2.

**2002-01-00** دەولەت باغچەلیی یاریدەدەری سەرۆك وەزیرانی تورك لە گەشتێکیدا بۆ ئەوروپا، داوای لەسێدارەدانی 57 کەسی کرد کە یەکێك لەوانە عەبدوڵڵا ئوجەلانە. **7226**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 08-01-2002

**2002-01-00** کۆتایی ئەم مانگە: د.ق هێزەکانی خۆیی لە ناوچەی چەمچەماڵ پاشەکشێ پێکرد. **7248**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 25-01-2002 لاپەڕە : 2.

**2002-01-00** کوژرانی 7 پەناهاندەی کورد و بریندابوونی 4ی تر بە مین لەنێوان تورکیا و بولگاریادا، ئەمانە دەیانویست بچن بۆ خۆرهەڵاتی ئەوروپا تاوەکو داوای پەناهاندەیی بکەن. **7232**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2002-01-00** ئەم مانگە: گیرانی 75 خوێندکاری کورد لە زانکۆکانی ئەستەمبوڵ و ئەنکەرە، چونکە داوای خوێندنی کوردییان کردبوو. **7244**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 20-01-2002

**2002-01-00** لەنێوان تورکیا و یۆناندا 9 کۆچبەری کورد بە سەرما ڕەقبوونەوە. **7233**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2002-01-00** تیپی موزیکی سلێمانی لە شارەکانی تاران، سنە، سەقز، مەهاباد و مەریوان چەند کۆنسێرتێك پێشکەش دەکات. هونەرمەندان کەریم کابان، حەمە جەزا و عەبدولقادر حەسەن بەشداریی تێدا دەکەن. **7234**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2002-01-00** کۆتایی ئەم مانگە: بارینی بەفرێکی زۆر لە باشووری کوردستان، بەجۆرێك کە لە هەندێك ناوچەدا گەیشتە 1 مەتر. شایانی باسە کە لە 10 ساڵی دواییدا بەفری لەم جۆرە لە باشوور نەباریوە. **7249**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 25-01-2002 لاپەڕە : 2.

**2002-01-03** لە نەخۆشخانەی منداڵبوونی شاری سلێمانی، ژنێك 7 منداڵی بەیەکجار بوو و پاشان هەر 7یان مردن. **7225**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 06-01-2002

**2002-01-05** ینك و بەرەی تورکمانی پرۆتۆکۆڵێکی هاوکارییان مۆرکرد. **7227**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2002-01-05** نزیکەی 100 کورد و تورك لە شاری دەنبۆشی هۆڵندا لە دژی ڕێکخراوی ڕەگەزپەرستی تورك گورگە بۆر خۆپیشاندانێکیان سازکرد. **7223**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی هۆڵندی: Spits 07-01-2002 لاپەڕە : 2.

**2002-01-05** گروپی موزیکیی نالی کۆنسێرتێکیان بەناوی (گوڵەکانی پرچی حەبیبە) لە شاری سلێمانی پێشکەشکرد. **7243**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 10-01-2002

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2002-01-09** چاوپێکەوتنی جەلال تاڵەبانی و وەفدێکی پەرلەمان و ڕۆژنامەنووسانی بەلژیکی لە شارۆچکەی دوکان. **7241**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 10-01-2002

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2002-01-12** تا 16-01: بەچاودێریی جەلال تاڵەبانی, یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان لە یادی 19 هەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنیدا 9هەمین پیشانگای هونەرمەندانی سلێمانیی لە هۆڵی سورکێو کردەوە, شایانی باسە ئەم پێشانگایە 90 شێوەکار لە ناوەوە و دەرەوەی سلێمانی بەشداریی تێداکرد. **7242**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 10-01-2002

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2002-01-15** تا 18-01: تیپی موزیکی سلێمانی لەسەر بانگهێشتنی ئەنجومەنی موزیکیی شاری سنە، بەشداریی 2هەمین ڤیستیڤاڵی هونەری موزیکیی کوردیی کرد. **7246**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 21-01-2002

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2002-01-16** لە بەیانێکی هاوبەشدا هەردوو نووسینگەی پارتی و یەکێتی لە ئەنکەرە ئەوەیان ڕاگەیاند کە جەخت لەسەر یەکێتیی خاکی عێراق و دەوڵەتێکی فیدراڵی دەکەن. **7235**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 17-01-2002 لاپەڕە : 1.

**2002-01-17** ڕوودانی تەقینەوەیەك لە پاڵێوگەی نەوتیی بێجی لە شاری تکریت, ئەم تەقینەوەیە بووە هۆی وەستانی بەرهەمهێنان لە هەندێك لە بەشەکانیدا. **7250**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الحیاە 26-01-2002

**2002-01-19** کردنەوەی پێشانگای تایبەتیی هونەرمەند کاوە بابان لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی. **7253**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: پاشکۆی کوردستانی نوێ 24-01-2002

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2002-01-21** باوکێکی کورد لە سوید کچەکەی خۆی کوشت، بەتاوانی ئەوەی کە کچەکە حەزی لە کوڕێکی سویدی کردوە. کچەکە ناوی فاتمە بوو. **7247**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**2002-01-21** بۆیەکەمجار لە مێژووی کوردستاندا یەکەم ئافرەت بەناوی گەلاوێژ سەعید ئەحمەد بووە داوەر، نێوبراو لەبەردەم جەلال تاڵەبەنیدا سوێندی خوارد. **7245**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 24-01-2002

**2002-02-00** سەرەتای ئەم مانگە: د.ت داوای لە دەوڵەتی هۆڵندا کرد کە نورییە کەسبیری ئەندامی سەرکردایەتیی پکك بداتەوە بە ڕژێمی تورك. نێوبراو ماوەیەکە داوای ماف پەنابەریی لە هۆڵندا کردووە, بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ وەڵامێکی وەرنەگرتووەتەوە. **7256**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی هۆڵندی: Spits 08-02-2002 لاپەڕە : 4.

**2002-02-00** سندوقی دراوی دەوڵەتان بڕیاریدا کەلە ماوەی 3 ساڵی داهاتوودا 16 ملیار دۆلار بداتە تورکیا بۆ چاکردنی باری ئابووریی. **7255**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی هۆڵندی: Metro 08-02-2002 لاپەڕە : 8.

**2002-02-00** ناوەڕاستی ئەم مانگە: د.ت ڕێکخراوێکی عەلەوییەکانی قەدەغەکرد. **7257**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی هۆڵندی: Spits 19-02-2002 لاپەڕە : 7.

**2002-02-07** ڕۆژنامەی Spitsی هۆڵندی ئەوەی نووسی کە پکک لە کۆنگرەی داهاتوویدا دەیەوێت ناوی خۆی بگۆڕێت. ناوێك کە لەگەڵ خەباتی ئاشتیخوازانەی سیاسەتی نوێی پکک بگونجێت. **7254**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی هۆڵندی: Spits 07-02-2002 لاپەڕە : 7.

**2002-02-09** تا 10-02: بەشی موزیکی سەنتەری گەنجانی ینك کۆنسێرتی گوڵەکانی میهرەبانیی پێشکەشکرد. **7376**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 14-02-2002

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2002-02-15** تا 16-02: لە هۆڵی ڕۆشنبیریی سلێمانی فیلمی سازی کامێرا نمایشکرا. **7377**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هاووڵاتی 11-02-2002

سەرچاوەی 2: تۆماری جەماوەر: کاك هەرژین شۆڕش قادر لە هۆڵندا

**2002-02-18** گیرانی 80 کوردی باشوور لە شاری ئەنکۆنای ئیتالیا کە بە قاچاخ بە لۆری لە یۆنانەوە بۆ باشووری ئیتالیا هاتبوون, ئەمانە لەبەر سەرما و کەمی ئۆکسجین لەناو لۆرییەکەدا بارودۆخیان زۆر خراپ بوو و 3یان گوازرانەوە بۆ نەخۆشخانە. شایانی باسە هەریەك لەمانە هەزار دۆلاری ئامریکیی دابوو بۆ پەڕینەوە. **7258**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی هۆڵندی: Spits 19-02-2002 لاپەڕە : 11.

**2002-03-08** یاریکردنی شانۆیی کەپر لەسەر شانۆی باڵەگان لە شاری یۆتۆبۆریی سوید لە دەرهێنانی دلێر محەمەد تاهیر و نواندنی پەرژین عەبدولڕەحمان, میران کامەلا, زانا عەسکەری و نیشتمان ئیراندۆست. **8864**

سەرچاوەی 1: تۆماری جەماوەر: کاك دلێر محەمەد تاهیر لە سوید

**2002-04-01** کۆچی دوایی نووسەر و بیریار مەسعود محەمەد. **7259**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2002-04-02** ناشتنی نووسەر و بیریار مەسعود محەمەد لە شاری کۆیە. **7260**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2002-04-02** ئیسلامییەکان لە شاری سلێمانی تەقەیان لە د. بەرهەم ساڵحی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی ینك کرد, لە ئەنجامدا 5 کەس لە ینك کوژرا, بەڵام بەرهەم ساڵح سەلامەت دەرچوو. ئەوانەی کە تەقەکەیان کرد 2یان کوژران و یەکیان بە برینداری گیرا. **7261**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2002-04-15** دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری ڕۆشنایی لە باشوور. **7990**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952-2002 – نوسینی ڕێناس نەورۆزی – برۆکسل.

**2002-05-00** کۆتایی ئەم مانگە: سەردانی هونەرمەند مەزهەری خالقی بۆ باشووری کوردستان. **7264**

**2002-05-24** د. بەرهەم سالحی سەرۆك وەزیرانی یەکێتی لە ڕۆژنامەی Telegraph Daily Theدا ئەوەی ڕاگەیاند کە ناتوانین بڵێین کەرکوك شارێکی کوردییە, بەڵکو چەند سەدەیەکە عەرەب, ئاشووری و تورکمانی تێدا دەژی. ئەم لێدوانەی بەرهەم سالح هەرایەکی زۆری لەناو خەڵکیدا نایەوە و پاشان یەکێتی ئەم هەواڵەی بەدرۆداخستەوە. **7262**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی ئینگلیزی: Telegraph Daily The 2002-05-24

**2002-05-27** دامەزراندنی ڕێکخراوێکی کوردستانی بۆ دەرهێنانەوەی مین لە شاری سلێمانی, ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە لەلایەن ڕێکخراوی UNOPSی جیهانییەوە ڕاهێنراون. **7263**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك org.puk.www//:http

**2002-06-00** ناوەڕاستی ئەم مانگە: گیرانی شێخ حەسەن لەلایەن د.س. نێوبراو یەکێکە لە ڕابەرانی یەکێتیی دیوکراتیی کورد لە سووریا. د.س شێخ حەسەنی بەتاوانی لەیەکدابڕانی خاکی سووریا گرتووە. **7267**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الحیاه 16-06-2002

**2002-06-00** ئەم مانگە: بەرزبوونەوەی ناکۆکیی نێوان پارتی و یەکێتی لەسەر نرخی تەزووی کارەبای دوکان و دەربەندیخان. **7273**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-06-00** ئەم مانگە: کوژرانی 2 کورد و خنکانی 2ی تر لە کەنارەکانی ئیتالیا, ئەمانە دەیانویست بگەنە خۆرهەڵاتی ئەوروپا. کوژراوەکان ناویان نەوزاد ئەحمەد ڕەسوڵ تەمەن 19 ساڵ و محەمەد قادر ڕەسوڵ 21 ساڵ و خەڵکی گوندی بێگەڵووی ناوچەی قەڵادزێن. **7272**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-06-00** ئەم مانگە: زانکۆی NSW ئوسترالیا ئامادەیی خۆیی بۆ وەگرتنی خوێندکارانی باشووری کوردستان دەربڕی بۆ خوێندنی ماجستێر و دکتۆرا. **7276**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك org.puk.www//:http

**2002-06-00** ڕێکخراوی فاو لە باشووری کوردستان 2 پڕۆژەی وەستاند کە دەبووایە لە ناوچەی خورماڵ ئەنجام بدرایە. هۆی ئەم وەستانە لە ترسی ئیسلامییەکان بوو. **7278**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-06-00** پارتی ڕەشنووسی کۆماری فیدراڵیی ئێراقیی ئاشکرا کرد. بەپێی ئەم ڕەشنووسە ئێراق دەبێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی و ناوچە کورد نشینەکان دووەمین بەشی ئێراق پێکدێنن. **7284**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 28-06-2002

**2002-06-01** تا 02-06: بەستنی یەکەمین کۆنگرەی فەیلییەکان لە شاری دوسلدۆرف ئەڵمانیا. کۆنگرەکە پرۆتستۆی ڕاگوێزانی فەیلییەکانی لە ساڵی 1980دا کرد و ڕەوشی فەیلییەکانی ئەمڕۆی خستە بەر لێکۆڵینەوە. **7268**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2002-06-02** لەکاتی ئاهەنگگێڕانی یادی 27 ساڵەی دامەزرانی ینك لە فینلاند, کۆمەڵێك فینلەندیی ڕاسیست هێرشیانکردە سەر ئاهەنگەکە و بووە هۆی بریندارکردنی چەند کەسێك. **7280**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-06-04** ڕووخانی بەنداوی زەیزوون لە سووریا, ئەم ڕووداوە بووە هۆی خنکانی 22 کەس و نقوومبوونی 21 هەزار هێکتار زەوی و خنکانی 12 هەزار ماڵات و زیانی ماڵیی تری زۆر بۆ د.س. **7266**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2002-06-04** گیرانی عومەر قادر ئەندامی پەچەدەکە لە سلێمانی, نێوبراو داوای مۆڵەتی کارکردنی حیزبەکەیی لە سلێمانی کرد. **7480**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**2002-06-19** کردنەوەی چاپخانەی تەوار لە سلێمانی, ئەمە یەکەمین چاپخانەی ژنانە لە مێژووی کوردا. **7271**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-06-21** وتەبێژێکی شوێنەوارزان ڕایگەیاند: لە ناوچەی هەولێر شوێنەواری 6 هەزار ساڵ پێش زایین دۆزراوەتەوە. **7269**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2002-06-22** گیرانی کامەران محێدین ڕەشید، خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەی ڕای گشتی لەلایەن پارتییەوە. **7277**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-06-22** ڕوودانی پێکدادانێك لەنێوان تورك و کوردا لەشاری لاهای بەبۆنەی بردنەوەی تیپی تۆپی پێی تورکیا لەگەڵ سەنگالدا و گەیشتنی تورك بە نیوەی کۆتایی جامی جیهان, لە ئەنجامدا 3 کەس بریندارببوون و 9 کەسیش لەلایەن پۆلیسی هۆڵەندییەوە گیران. **7270**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری هۆڵەندی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی هۆڵەندا

**2002-06-24** تەقینەوەی بۆمبێك لە بازاڕی دەوەنی شاری هەڵەبجە کە بووە هۆی زیانی ماڵی بۆ چەند دوکانێك. **7275**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-06-26** بەبۆنەی یاریی جامی جیهانیی نێوان تورکیا و بەرازیل، ئەمڕۆ مانگرتنێکی کوردەکان لە شاری لاهای دواخرا. **7274**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری هۆڵندی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی هۆڵندا

**2002-06-26** تەقینەوەی بۆمبێك لە باخچەیەکی شاری هەولێردا, بووە هۆی بریندارکردنی 20 کەس و زۆربەیان منداڵ و ئافرەتن. هیچ لایەنێك بەرپرسیارێتیی ئەم کارە تیرۆریستانەیەی وەئەستۆنەگرت. شایانی باسە ئەمە چوارەمین جارە لەم مانگەدا کاری تیرۆریستی لە ناوچەی هەولێردا ئەنجام بدرێت. **7279**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 28-06-2002

**2002-06-26** بەبۆنەی بردنەوەی تیمی بەڕازیل لە تورك، لە شاری سلێمانیدا هەزاران کەس بەخۆشیی ئەو سەرئەنجامەوە خۆپیشاندانێکی خۆشییان ئەنجامدا، شایانی باسە ئەمە یەکەمجارە لە شارێکی کوردستاندا خۆپیشاندانێکی لەم بابەتە ڕوودات. **7286**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2002-06-27** کۆبوونەوەی جەلال تاڵەبانی لەگەڵ وەفدێکی بەرەی تورکومانی, جەلال تاڵەبانی پێشنیازی کۆبوونەوەیەکی سێ قۆڵیی پارتی و یەکێتی و بەرەی تورکمانی کرد. **7282**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2002-06-29** پارتی تەواوی ئەو کارە تیرۆریستانەی کەلەم مانگەدا لە شاری هەولێر ڕوویدا, بەکردەوەی ئیسلامییە توندڕەوەکانی تەوێڵە وبیارەی دەزانێت و ئەو ناوچانەی بە تۆرابۆرای کوردی ناوبرد. **7281**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الحیاە 29-06-2002

**2002-06-30** د. نوری تاڵەبانی کۆڕێکی دەربارەی کەرکوك و ڕامیاریی تەعریب لە شاری بەرلین گرت. **7285**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2002-07-00** کۆتایی ئەم مانگە: مەسعود بارزانی بڕیاریدا چیدی وێنەی ئەو لە ڕۆژنامەکانی خەبات و برایەتیی پارتیدا بڵاونەکرێتەوە. **7309**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-07-00** ئەم مانگە: چەکدارەکانی پشتیوانانی ئیسلام لە گوندی دەرگای شێخان هەردوو گۆڕی شێخ ئەحمەد حاجی و شێخ مەحموودی برایان دەرهێنا و بۆ ناوچەیەکی نەزانراویان بردن. **7304**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2002-07-00** کۆتایی ئەم مانگە: ڕووداني پێکدادانێك لەنێوان چەکدارەکانی ینك و پکك لە چیای ئاسۆس. **7302**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-07-00** باوکێکی کورد کوڕ و کچێکی خۆیی لە سوید بە چەقۆ کوشت. **7297**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك org.puk.www//:http

**2002-07-00** ئەم مانگە: هێزەکانی پکك یان کادێك لە ناوچەی قەندیلدا خۆیان پتەوکرد و چاودێرەکان واڕادەگەیەنن لە ماوەی داهاتوودا پێکدادانێك لەگەڵ یەکێتیدا ڕوودات. **7298**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك org.puk.www//:http

**2002-07-00** زۆرینەی چاودێرە ڕامیارییەکان و کەناڵە ڕاگەیاندنەکانی جیهان باس لە نزیکبوونەوەی لێدانی ئێراق دەکەن لەلایەن ئامریکاوە. **7291**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2002-07-01** یاریدەدەری سەرۆکی پەرلەمانی تورك موڕاد سوکمەن ئۆغلۆ ڕایگەیاند: ئەگەر تورکیا ڕازیببێت بە کردنەوەی کەناڵی تەلەڤزیۆنیی کوردی و خوێندنی کوردی, ئەوا پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی تورك کە پارتێکی تۆرانیی دژبە کوردە دەست لە پەرلەمان دەکێشێتەوە. **7283**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 02-07-2002

**2002-07-04** هێرشێکی ئەنساری ئیسلام بۆسەر هێزەکانی ینك لە ناوچەکانی سنووری هەورامان و سیرواندا. بەپێی وتەبێژێکی سەربازیی ینك دەیان کەس لە ئەنساری ئیسلام کوژراو و برینداربووە و هێرشەکە تێکشکێنراوە. هەروەها 8 چەکداری ینك یش کوژراوە و 6ی تریش برینداربووە. **7287**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 06-07-2002

**2002-07-04** کۆچی دوایی ژوبین ڕازانی ناسراو بە مەنسووری حیکمەت لە ئامریکا, نێوبراو سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران بوو. **7289**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-07-04** کۆچی دوایی تێکۆشەری دێرینی کورد حاجی عەبابەکر دەربەندی لە شاری سلێمانی. نێوبراو باوکی شەهیدا خۆشەوی و محەمەد قودسی بوو و لە ساڵی 1920 لە گوندی ڕایات لەدایکبووە و لە ساڵی 1942 پەیوەندیی کردووە بە کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردەوە. ساڵی 1980 لەلایەن د.ق زیندانی دەکرێت. **7288**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 06-07-2002

**2002-07-11** ڕووداني پێکدادانێك لەنێوان چەکدارەکانی پشتیوانانی ئیسلام و حسك لە ناوچەی سوورێن. **7290**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-07-14** یاریدەدەری وەزیری بەرگریی ئامریکی پۆل ولفۆیتز لەبەردەم کۆبوونەوەی ناوەندی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی تورك لە ئەستەمبولْ ڕایگەیاند کە ئامریکا دژی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییە لە باشووری کوردستاندا. **7293**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 16-07-2002

**2002-07-14** کۆنگرەی ئەفسەرە ئێراقییەکان لە لەندەن, لەم کۆنگرەیەدا پەیمانی شەرەفیان مۆرکرد و لیژنەیەکی 15 کەسییان هەڵبژارد بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیان. کۆنگرە بڕیاری لەسەر ئەوەدا کە چارەسەری فیدراڵی و ڕووخانی ڕژێم باشترین چارەسەرە بۆ ئێراق. بەڵام ئەفسەرە تورکمانەکان چارەسەری فیدراڵییان پێ باش نەبوو. **7292**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الحیاە 15-07-2002

**2002-07-15** چەند چەکدارێکی پشتیوانانی ئیسلام لە هەورامان چوونە سەر مەرقەدی شێخ حیسامەددینی نەقشبەندی لە گوندی باخەکۆن و لاشەی شێخ حیسامەددین و شێخ ڕاغبی کوڕی شێخ سادقی برای و شێخ مەحمودی کوڕەزای و شێخ حەمیدەخانی کچی و شێخ مەلیك و عەزیز بەگی وەکێڵیان دەرهێنا و بەرەو شوێنێکی نادیاریان برد. پێشتریش ئەوەیان لە خەڵکی قەدەغە کردبوو کە بچنە سەر ئەم گۆڕانە بۆ زیارەتکردن. بەم کردارەی پشتیوانانی ئیسلام خەڵکێکی زۆر ناڕەزایی خۆیانیان دەربڕی. **7295**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-07-16** چەکدارەکانی پشتیوانانی ئیسلام لە ناوچەی هەڵەبجە دەشتی بەکراوایان هاوەنبارانکرد, لە ئەنجامدا دەغڵودانی چەند جووتیارێك سووتان, بەڵام زیانی گیانیی نەبوو. **7299**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 18-07-2002

**2002-07-19** تا 20-07: چەکدارەکانی پشتیوانانی ئیسلام لە ناوچەی بیارە گۆڕی شێخ زیائەددین و شێخ نەجمەددین و شێخ عەلائەددینیان دەرهێنا و بۆ شوێنێکی نەزانراویان بردن. **7305**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2002-07-22** کۆبوونەوەی نێوان ینك و پارتی لە سلێمانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان. لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیاری پێکهێنانی پەرلەمانێکی هاوبەش درا بۆ ماوەی 3 مانگ. بەپێی ئەم کۆبوونەوەیە پارتی 51٪ و ینك 49٪ و ئاشوورییەکانیش 5 کورسیی پەرلەمانیان بەردەکەوێت. هەروەها بڕیاری گەڕانەوەی بارەگاکانی هەردوولا درا. **7303**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2002-07-25** خۆپیشاندانێکی بەرفراوان لە شاری سلێمانی لەدژی دەرهێنانی گۆڕی شێخەکانی نەقشبەندی لە هەورامان. **7300**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-07-27** سیخوڕانی د.ا لە شاری هەولێر هەوڵی تیرۆرکردنی کەریم ئەحمەد پووری ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانیاندا. لە ئەنجامدا نێوبراو بەخەستی برینداربوو. **7313**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 17-08-2002

**2002-07-28** دەرچوونی ژمارە 17ی ڕۆژنامەی ڕای گشتی لە سلێمانی. ئەم ڕۆژنامەیە بەهۆی کێشەی مادییەوە وەستا. **7306**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: ڕای گشتی 28-07-2002

**2002-07-30** تەقینەوەی بۆمبێك لە مزگەوتی گەورەی شارۆچکەی سەید سادق و بووە هۆی بریندارکردنی 2 کەس, یەکێتی ئەم تاوانە دەداتە پاڵ پشتیوانانی ئیسلام. **7301**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 30-07-2002

**2002-08-00** ئاسایشی پارتی لە هەولێر لێکۆڵینەوەی لەگەڵ نووسەران نورەدین سەعید وەیسی, ڕێبوار کەریم وەلی و گۆران محەمەددا کرد لەسەر ئەو نووسینانەی کە لە ڕۆژنامەی میدیادا بڵاویدەکەنەوە. **7340**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هاوڵاتی 26-08-2002 لاپەڕە : 1.

**2002-08-00** کۆتایی ئەم مانگە: دەسەڵاتی نەرویژی مەلا کرێکاری بەفەرمی لە نەرویژ دەرکرد و پاسپۆرتەکەشی بەتاڵ کردەوە بەهۆی ئەوەی ناوبراو پەیوەندیی لەگەڵ ڕێکخراوی قاعیدەدا هەیە. **7347**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-08-00** سەرەتای ئەم مانگە: د.ق لە شاری کەرکوك خاوەن دوکانە کورد و توکمانەکانی شەقامی سەڵاحەدینی ئاگادارکرد چۆڵی بکەن, تاوەکو لەجێیاندا بازرگانی عەرەب دابنێت. **7310**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-08-00** دۆزینەوەی بیرێکی گەورەی نەوت لە ناوچەی قەرەتەپەی نێوان کفری و جەلەولای گەرمیان, بەهۆی ئەم دۆزینەوەیەوە د.ق دانیشتوانی ناوچەکەی دەرکرد و کردییە ناوچەیەکی سەربازی. **7349**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2002-08-00** خنکانی 5 پەناهاندەی کوردی باشوور و لەهۆشچوونی 4ی تر لە ناو لۆرییەکدا لە ئیتالیا. ئەمانە لە بولگاریاوە بەم لۆرییە دەیانویست بگەنە خۆرهەڵاتی ئەوروپا. **7351**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2002-08-00** ڕوودانی تەقینەوەیەك لە باڵەخانەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی ئێراقی لە بەغداد لە کاتی کۆبوونەوەی ئەنجوومەندا. **7316**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2002-08-00** ڕووناك عەبدوڵڵا بڕوانامەی ماجستێری لە ئاماردا وەرگرت، شایانی باسە ئەمە یەکەم ئافرەتی کوردە بڕوانامەی وا لە ئاماردا وەربگرێت. **7317**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك org.puk.www//:http

**2002-08-00** ناوەڕاستی ئەم مانگە: 16 ئەندامی کۆنگرێسی ئامریکی نامەیەکی دەستنووسیان بۆ مەسعود بارزانی نارد بەبۆنەی یادی دامەزراندنی پارتییەوە، هەروەها جەختیان لەسەر ئێراقێکی فیدراڵ کردەوە. **7318**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 20-08-2002

**2002-08-00** ڕوودانی پشێوییەك لە شاری شنگار لەنێوان موسوڵمانەکان و یەزیدییەکاندا، شایانی باسە موسوڵمانەکان هیچ مامەڵەیەك لەگەڵ یەزیدییەکاندا ناکەن. **7322**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك org.puk.www//:http

**2002-08-00** کۆتایی ئەم مانگە: بەرزبوونەوەی ناکۆکیی ڕاگەیاندنی نێوان پارتی و تورکیا بەهۆی ئەوەی مەسعود بارزانی ناڕەزاییی خۆی دەربارەی وتەکانی وەزیری بەرگریی تورك دەربڕی و وتی باشووری کوردستان دەکرێتە گۆڕستانی تورکەکان ئەگەر تورکیا بیەوێت داگیری بکات. **7328**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-08-00** ئەم مانگە: ئێران هێزەکانی خۆیی لەسەر سنووری خۆرهەڵات و باشووری کوردستان مۆڵدا. **7329**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-08-00** لابردنی یاسای (غسل العار) لە باشووری کوردستان. بەهۆیەوە هەر کەسێك خوشکی, دایکی, کچی یان هاوسەرەکەی بەم تاوانە بکوژێت وەك تاوانبارێکی ئاسایی داوەری دەکرێت. **7330**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-08-00** بەهۆی هەڕەشەی لێدانی ئامریکا بۆ د.ق، باری ناوخۆیی ئێراق بەتەواوەتی تێکچووە. **7335**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2002-08-00** ئەم مانگە: گەیشتنی وەفدێکی ئەمریکی و تورکی بۆ پیرمام بۆ هێورکردنەوەی پەیوەندیی نێوان پارتی و تورکیا. **7334**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 28-08-2002

**2002-08-00** ئەم مانگە: پۆلیسی نەرویژی کەوتە لێکۆڵینەوە لەسەر پەیوەندیی مەلا کرێکار و هەندێك لە هەوادارانی کە دانیشتووی نەرویژن بە ڕێکخراوی قاعیدەوە. **7332**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2002-08-00** ئەم مانگە: پارتی وەفدێکی بەسەرۆکایەتیی هوشیار زێباری نارد بۆ تورکیا بۆ هێمنکردنەوەی پەیوەندیی نێوانیان. **7333**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2002-08-00** گەیشتنی 594 کورد لە کەرکوکەوە بۆ چەمچەماڵ, ئەمانە لەلایەن د.ق و بەهۆی بەعەرەبکردنی کەرکوکەوە دەرکران. **7352**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-08-01** تەقینەوەی بۆمبێك لە نزیك دەروازەی شارۆچکەی خورماڵ, 4 کەس بریندار بوون. **7308**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2002-08-03** پەرلەمانی تورك بەزۆرینەی دەنگی 267 بەرامبەر 114 دەنگ بڕیاری مافە کلتوورییەکانی کوردیدا, ئەم مافانە بەپێی ئەو بڕیارە بریتین لە پەخشی کوردی و خوێندن بەزمانی کوردی. شایانی باسە دەرکردنی ئەم بڕیارە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە تورکیا لە یەکێتیی ئەورووپادا وەربگیرێت. **7307**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

سەرچاوەی 2: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-08-10** کۆبوونەوەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی لە واشەنتۆن لەژێر چاودێریی ئامریکا، لەم کۆبوونەوەیەدا جەلال تاڵەبانی و هوشیار زێباری بەشدارییان کرد. **7311**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2002-08-10** کۆچی دوایی هونەرمەند ئازاد شەوقی لە شاری سلێمانی لە تەمەنی 73 ساڵیدا. **7312**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-08-13** بەستنی پرۆتۆکۆڵێك لە نێوان ژووری بازرگانیی کرماشان و سلێمانی بۆ پێکهێنانی ژوورێکی هاوبەش و ئاسانکردن و گەشەکردنی کاروباری بازرگانی لەنێوان هەردوولادا. **7353**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2002-08-14** لە شاری سلێمانی لەلایەن چەند نەناسراوێکەوە هەوڵی کوشتنی عەدنان موفتیی جێگری سەرۆك وەزیرانی ینك درا, بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. **7339**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هاوڵاتی 26-08-2002 لاپەڕە : 1.

**2002-08-17** بەسەرپەرشتیی ئێران, ینك و بزووتنەوەی ئیسلامی و کۆمەڵەی ئیسلامی ڕێککەوتننامەیەکی ئاشتییان مۆرکرد. **7315**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2002-08-18** چوونی بەشار ئەسەدی سەرۆکی سووریا بۆ هەردوو شاری حەسەکە و قامیشلی, لە لێدوانێکدا نێوبراو ڕایگەیاند کە کورد عەرەب ڕۆڵەی مێژوو و شارستانییەکن و پێویستە هەموان یەکسان بن و هەوڵیشدەدەین کێشەی ڕەگەزنامەی کوردەکان چارەسەر بکەین. **7401**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2002-08-18** تا 20-08: بەستنی کۆنگرەی زانستیی یەکەمی لاوان لەژێر درووشمی (چەرەسەرکردنی کێشەی لاوان بەشێوەیەکی زانستی، پاشەڕۆژێکی ڕۆشن دێنێتەکایەوە), لە شاری هەولێر. **7327**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-08-18** چاپی دووەمی پەرتووکی هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد بە فایلی پی. دی. ئێف خرایە سەر ئنتەرنێت, ئەم چاپە بریتییە لە 824 لاپەڕەی 4A کە 7226 ڕووداوی لەخۆی گرتووە و سوودی لە 476 سەرچاوەی هەمەجۆر وەرگرتووە. **7338**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**2002-08-19** پەرلەمانی ئێراقی بەزۆرینەی دەنگ دیکتاتۆر سەددام حسەینی هەڵبژاردەوە. **7319**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2002-08-20** گروپێکی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراقی بۆماوی 4 کاژێر باڵوێزخانەی ئێراقییان لە بەرلین کۆنترۆڵکرد. **7320**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2002-08-20** بەستنی یەکەمین کۆنگرەی پەیمانگاکانی مامۆستایان لە شاری سلێمانی. **7321**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2002-08-21** گیرانی نووسەر ڕێبوار کەریم وەلی لە هەولێر لەلایەن ئاسایشی پارتییەوە. **7324**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**2002-08-21** وەزیری بەرگریی تورك ڕایگەیاند، باکووری ئێراق بەشێکە لە زەوییەکانی تورك بەپێی بڕوانامەی نیشتمانیی تورك کە لە ساڵی 1920دا لەلایەن پەرلەمانی تورکەوە ئیمزا کراوە، بەڵام زلهێزەکان لە تورکیایان سەندووەتەوە. **7323**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الحیاە 22-08-2002

**2002-08-22** بەستنی کۆنگرەی دووەمی سەندیکای پزیشکانی کوردستان لە سلێمانی. **7326**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-08-24** بەستنی کۆنفرانسێکی کتوپڕ لە لەندەن لەلایەن کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانەوە, دەربارەی ڕەوشی هەنووکەی باشووری کوردستان. 7325

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**2002-08-27** بەربوونی نووسەر ڕێبوار کەریم وەلی، ناوبراو چەند ڕۆژێك لەمەوبەر لەلایەن ئاسایشی پارتییەوە گیرابوو. 7336

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**2002-08-27** چەند نەناسراوێت بۆمبایەکیان نا بەماڵی جەمال قارەمانیی بریکاری وەزارەتی ناوخۆی ینك لە سلێمانی، لەئەنجامدا زیانێکی کەم بە ئۆتومبیلی ناوبراو کەوت. 7337

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك org.puk.www//:http

**2002-08-31** ئەندامێکی پشتیوانانی ئیسلام لە شاری هەڵەبجە ویستی خۆی لە ناو ئاپۆڕایەکی کاکەییەکاندا بتەقێنێتەوە, بەڵام پێش ئەوەی بگاتە شوێنی مەبەست بۆمباکە بەخۆیدا تەقییەوە. 7348

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك org.kpu.www//:http

**2002-09-00** پیشاندانی فیلمی ڕاوە جنۆکە لە هەولێر لە دەرهێنانی هونەرمەند مەهدی ئومێد. وابڕیارە ئەم فیلمە لە شارەکانی تری کوردستانیش پیشان بدرێت. 7367

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-09-00** بەرزبوونەوەی ناکۆکیی نێوان ئێران و ینك, بەهۆی ئەوەی ئێران لەو باوەڕەدایە کە ینك دەیەوێت سوپای ئامریکی بهێنێتە باشووری کوردستانەوە بۆ لێدانی پشتیوانانی ئیسلام. بەپێی ڕای ئێرانی پشتیوانانی ئیسلام لە هەورامان هیچ پەیوەندییەکی بە ڕێکخراوی قاعیدەوە نییە. 7355

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2002-09-00** ڕێکەوتنی ئەم مانگەی نێوان پارتی و یەکێتی بەتەواوەتی لە ڕاگەیاندنی جیهانیدا دەنگی دایەوە, چاودێرەکان وای بۆدەچن کە ئەمجارە ئەم دوو لایەنە زۆربەی کێشەکانی خۆیانیان چارەسەر کردبێت. 7364

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2002-09-00** د.ق کۆچکردنی عەرەبەکانی حەویجەی بۆ کەرکوك ڕاگرت، چونکە بەهۆیەوە ژمارەی عەرەب لە حەویجە کەم دەبێتەوە. 7359

سەرچاوەی 1: ڕادیۆی کوردی: دەنگی کوردستانی ئێراق – ڕادیۆی پارتی

**2002-09-00** دەرهێنانی گۆڕی شێخ کاکە یەحیای مشاری لە ناوچەی مەخموور, بەپێی ڕای هەندێك سەرچاوەی کوردی ئەمە کردەوەی پشتیوانانی ئیسلامە. 7366

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-09-00** سەرۆکی ئامریکی جۆرج بوش لە لێدوانێکیدا لەسەر سەکۆی نەتەوە یەکگرتووەکان باسی چەوساندنەوەی کوردی کرد. شایانی باسە ئەمە یەکەمجارە کە سەرۆکێکی ئامریکی بەو شێوەیە باسی کورد بکات. **7372**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2002-09-00** کۆتایی ئەم مانگە: گیرانی 100 گرام ماددەی یۆرانیۆم لە شاری ئورفەی باکوور لەلایەن پۆلیسی تورکییەوە. **7379**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 30-09-2002

**2002-09-00** بەهۆی گیرانی مەلا کرێکارەوە، پشێوییەك لەنێو ڕیزەکانی پشتیوانانی ئیسلامدا دروستبووە. سەرچاوەکانیش واڕادەگەیەنن کە ئێران بەتەواوەتی پشتی تێکردوون. **7374**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-09-00** کۆتایی ئەم مانگە: FBI تۆژینەوەی لەگەڵ مەلا کرێکاردا کرد و نێوبراو ڕایگەیاند کە بەهیچ جۆرێك هاوکاریی لەگەڵ ڕژێمی ئێراقدا نەکردووە، چونکە سەددام حسەین دژی کوردە. **7378**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 30-09-2002

**2002-09-00** کۆتایی ئەم مانگە: پارتی و یەکێتی لەسەر پرۆژەی دەستووری فیدراڵی بۆ ئێراق ڕێکەوتن، ئەم دەستوورە چەند مانگێك لەمەوبەر لەلایەن پارتییەوە پێشنیار کرا. **7375**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 26-09-2002

**2002-09-03** بەئامادەبوونی هەندێك لە لێپرسراوانی ینك، بنکەیەك بۆ یەکێتیی تورکمانانی سەربەخۆ لە شاری چەمچەماڵ کرایەوە. **7354**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-09-04** تا 06-09: زانکۆی بێرگن لە نەرویج کۆنگرەی یەکەمی کلتووری کوردی دەبەستێت، لەم کۆنگرەیەدا چەندین فیلمی کوردی پێشکەشکرا لەوانە فیلمی یۆڵی یەڵماز گۆنای. **7331**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-09-07** گەڕانەوەی جەلال تاڵەبانی بۆ کوردستان لە ڕێگای زاخۆوە و لە شارۆچکەی پیرمام لەگەڵ مەسعود بارزانی کۆبووەوە. لەم کۆبوونەوەیەدا بەپێی قسەی هەردوولایان تەواوی کێشەکانی نێوانیان چارەسەرکردووە و لە مانگی داهاتوودا پەرلەمانی هەردوولاش کۆدەبێتەوە. **7356**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2002-09-07** لە شاری هەولێر لە بارەگای یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان, 16 پارت و ڕێکخراوی کوردستانی ئێڕاقی کۆبوونەوە و دەنگی خۆیان لەسەر ڕێکخستنی ڕیزەکانیان یەکخست و ناڕەزاییان بەرامبەر دەستێوەردانی تورکیا و ڕامیاریی بەعەرەبکردن دەربڕی و بڕیاری خۆئامادەکردنیان بۆ بەشداریکردن لە گۆڕانکارییەکانی داهاتوودادا. ئەوانەی بەشداربوون ئەمانە بوون: (پارتی یەکێتی تورکمانی عێراق, کۆمەڵەی ڕۆشنبیری تورکمان لە کوردستانی ئێڕاق, حیزبی دیموکراتی بەیتنەهرەین, پارتی کاری دیموکراتی کوردستان, بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان, بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان / ئێڕاق, بزووتنەوەی جوتیاران وچەوساوانی کوردستان, ڕێکخراوی تێکۆشانی ڕەنجدەرانی کوردستان, بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان, پارتی برایەتی تورکمانی ئێڕاق, پارتی دیموکراتی تورکمانی کوردستان, کۆمەڵەی نەتەوەی کورد, حیزبی ڕزگاری کوردستان, بزووتنەوەی میللی کوردستان, حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان. **7358**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی عەرەبی: بیان مشترك – 07-09-2002 – اربیل – صادر عن 16 حزب و منظمه کوردستانیه و عراقیه.

**2002-09-08** بەهاوبەشیی ئێران, پێشانگای پەرتووکی جیهانی لە شاری سلێمانی کرایەوە, لەم پێشانگایەدا نزیکەی 90 دەزگای چاپ و پەخش بەشدارییانکرد. **7357**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-09-10** بەبۆنەی کوژرانی 3 بازرگانی خواردنەوەی کهولییەوە لە مەهاباد خۆپیشاندانێك لەبەردەم دادگای مەهابادا ڕوویدا, لە ئەنجامدا بووە هۆی پێکدادانی نێوان خۆپیشاندەران و ئاسایشی ئێرانی. بەهۆی ئەم پێکدادانەوە چەند کەسێکی تر کوژران. هەندێك لە سەرچاوەکان واڕادەگەیەنن کە پاش ئەم ڕووداوە هێزێکی زۆری چەکداری ڕژێم بەشاردا بڵاوکراوەتەوە. **7360**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 12-09-2002

**2002-09-12** گیرانی مەلا کرێکاری سەرۆکی پشتیوانانی ئیسلام لەلایەن پۆلیسی هۆڵەندییەوە لە فڕۆکەخانەی سخیپهوڵ, شایانی باسە کە وڵاتی نەرویژ و ئامریکا داوای ناوبراو دەکەن چونکە پەیوەندیی بە ڕێکخراوی قاعیدەوە هەیە. **7361**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2002-09-12** بەپێی هەواڵی ڕۆژنامە عەرەبییەکان, ئێران مەلا کرێکاری دابەدەست پۆلیسی ئەنترۆپۆڵەوە. نێوبراو بەتاوانی تیرۆر و پەیوەندیی لەگەڵ ڕێکخراوی قاعیدەدا لەلایەن دادگای نەرویژەوە داواکرابوو. **7362**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الحیاه 13-09-2002

**2002-09-13** دکتۆر کازم حەبیب, نووسەرێکی عەرەبی ئێڕاقییە لەسەر تۆڕی ئنتەرنێت لە ژووی پێشکەوتنخوازان وەك عەرەبێك داوای لێبووردنی لە کورد کرد بۆ ئەو تاوانانەی کە لەلایەن داگیرکەری

ئێراقییەوە لەدژی کراوە, لەوانە ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە. شایانی باسە ئەمە یەکێکە لەو کەمینە زۆر کەمە عەرەبانەی کە تاوەکو ئێستا داوای لێبووردنیان لە کورد کردبێت. دکتۆر عیسام خەفاجیش پێشتر داوای لێبووردنی لە کورد کردووە. **7382**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2002-09-13** تا 15-09: بەستنی کۆنگرەی دامەزراندنی ئەنجوومەنی گشتیی کوردە فەیلییەکان لە ئەڵمانیا, لەم کۆنگرەیەدا زۆربەی ڕێکخراو و کەسایەتیی کوردە فەیلییەکانی جیهان بەشدارییان کرد. **7370**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-09-14** ئوردون بەشێوەیەکی فەرمی داوای بەدەستەوەدانی مەلا کرێکاری لە هۆڵندا کرد, بەپێی دەستەڵاتی ئوردونی مەلا کرێکار وەك بازرگانێکی مادەی سەرخۆشکەر تاوانبارە. **7365**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری هۆڵندی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی هۆڵندا

**2002-09-22** پێشکەشکردنی سیمینارێك لەلایەن د. جەمال نەبەز لەسەر پاشەڕۆژی ئێراق و دۆزی کورد لە شاری هانۆڤەری ئەڵمانیا. **7350**

سەرچاوەی 1: هاورێنامە

**2002-09-24** تۆنی بلێری سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا لە لێدوانێکیدا لەبەردەم پەرلەمانی بەریتانیا دەربارەی مافی مرۆڤ, باسی کورد و ئەو نەهامەتییانەی کرد کە لەلایەن د.ق بەسەری هاتووە. هەروەها باسی ئەوەشی کرد کە کورد کە نزیکەی 100000 کەسی بە گازی کیمیاوی و چەکی فرەکوژیی ئێراقییەوە لێکوژراوە. **7371**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2002-09-26** کۆچی دوایی هونەرمەند جابر پیرداود بە ڕووداوی ئوتومبیل، نێوبراو یەکێك بوو لە ڕابەرانی هونەری شێوەکاری لە شاری هەولێر. **7386**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 02-10-2002 لاپەڕە : 12.

**2002-09-29** لە هۆڵی باخچەی ساوایانی پەری لە سلێمانی کۆڕێکی ڕێزلێنان بۆ هونەرمەند مامۆستا ولیەم یوحەننا سازکرا، لە کۆڕەکەدا کۆمەڵێك هونەرمەندان ئامادەبوون و باسی کردەوەکانی مامۆستا کرا لە بواری پێشخستنی هونەری کوردیدا. **7387**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 02-10-2002 لاپەڕە : 12.

**2002-09-29** نمایشکردنی فیلمی گێژاو لە هۆڵی ڕۆشنبیری لە سلێمانی, ئەم فیلمە لە دەرهێنانی هاورێ مستەفایە. فیلمەکە باسی ڕەوی کورد دەکات بۆ دەرەوەی وڵات و پەڕینەوەی پەنابەران بەدەریادا بۆ خۆرئاوای ئەوروپا. شایەنی باسە بۆ یەکەمجارە لە سینەمای کوردیدا چەند دیمەنێك لەژێر ئاودا بگیرێت. **7384**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-10-00** حکومەتی تورك بەتەواوەتی ترسی ئەوەی لێنشتووە کە دەوڵەتێکی کوردی لە باشووری کوردستاندا دروستبکرێت, هەربۆیە سیاسەتمەدارەکانیان کەوتوونەتە هەڕەشە لە کورد و ناڕەزایی لە ئامریکا. 7400

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2002-10-00** بەهۆی ترسی هێرشی ئامریکا بۆسەر ئێراق و ترسی گرتنی شاری کەرکوك لەلایەن کوردەوە، هەندێك لە عەرەبەکانی کەرکوك شارەکەیان جێهێشتوە و ڕژێم هەڕەشەی لێکردوون کە چیدی شاری کەرکوك جێنەهێڵن، ئەگەر نا ئەوا سزا دەدرێن. 7407

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2002-10-00** بەهۆی ڕێکەوتنی پارتی یەکێتی ڕێکخستنەوەی پەرلەمانی باشووری کوردستانەوە, ئومێدێکی زۆر لە نێو خەڵکی کوردا دروستبووە و ئاساییشی کوردستانیش جێگیر بووە. 7398

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2002-10-00** دروستکردنی سیستمێکی ئەلەکترۆنیی هاوچەرخ بۆ پەرلەمانی باشووری کوردستان لە هەولێر. بەهۆی ئەم سیستمەوە ئەندامان دەتوانن بەشێوەیەکی ئەلەکترۆنی دەنگ بدەن و باڵەخانەی پەرلەمانیش ببەستێتەوە بە ئنتەرنێتەوە, ئەم سیستمە لەلایەن کۆمپانیایەکی بەریتانییەوە دروستکراوە کە خاوەنەکەی کوردێکە و ناوی شێرکۆ عابدە. 7405

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 14-10-2002

**2002-10-00** کردنەوەی پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە کۆیە, ئەم پەیمانگایە دوو بەشی موزیك و شێوەکاریی لەخۆ گرتووە. 7408

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-10-00** سەرەتای ئەم مانگە: دادگای هۆڵندی بەوە ڕازی بوو کە مەلا کرێکار بداتە دەست ئوردون. 7396

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2002-10-00** لەسەر داخوازیی سەرۆك وەزیرانی ئیتالیا و داواکاریی لە سووریا, بڕیاردرا تەرمی ئەو 5 کوردە پەنابەرە بە سووریادا ڕەوانەی کوردستان بکرێنەوە کە چەند هەفتەیەك لەمەوبەر لە ئیتالیا لەناو لۆرییەکدا خنکان. 7385

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-10-02** د.ت بڕیاریی زیندانیی هەتاهەتایی بۆ سەرۆکی پکك عەبدوڵڵا ئوجەلان دەرکرد. 7391

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2002-10-02** سەردانی وەفدێکی پارتی بەسەرۆکایەتیی مەسعود بارزانی بۆ لای یەکێتی, وەفدەکە لە شارۆچکەی دوکان چاوی بە جەلال تاڵەبانی و سەرکردایەتیی ینك کەوت. ئەم سەردانە بۆ چەسپاندنی ڕێکەوتنەکانی نێوان هەردوولا و پرۆسەی ئاشتییە لە کوردستان. **7383**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-10-04** کۆڵن پاوڵی وەزیری دەرەوەی ئامریکا نامەیەکی پیرۆزبایی بۆ پەرلەمانی باشووری کوردستان نارد بەبۆنەی کۆبوونەوەی تەواوی ئەندامەکانییەوە. **7389**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2002-10-04** کۆمەڵەی پەرلەمانتارانی بەریتانیا نامەیەکی پیرۆزبایی بۆ پەرلەمانی باشووری کوردستان نارد بەبۆنەی کۆبوونەوەی تەواوی ئەندامەکانییەوە. **7390**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2002-10-04** 13 ئەندامی فراکسیۆنی سەوز بەزۆرینەی دەنگ لەلایەن پەرلەمانی باشووری کوردستانەوە هەڵبژێردران, لەوانە (عومەری سەید عەلی, مستەفا چاوڕەش و شێخ جەعفەر). **7392**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-10-04** پەرلەمانی باشووری کوردستان بەزۆرینەی دەنگ بڕیاری بەفەرمیکردن و جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەی واشەنتۆنی نێوان پارتی و یەکێتییدا. **7393**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-10-04** کۆبوونەوەی ئەندامانی پەرلەمانی یەکێتی و پارتی و پارتەکانی تر لە هەولێر. لە کۆبوونەوەکەدا مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی ئامادەبوون و هەردووکیان وتاریان خوێندەوە و داوای لێبووردنیان لە کورد کرد بۆ ڕوودانی شەڕی براکوژی و ئەو هەڵانەی کە لە ساڵانی ڕابردوودا کردوویانە. شایانی باسە ئەمە یەکەمجارە کە ئەم دوولایەنە داوای لێبووردن لە هەڵەکانیان بکەن و ئەمە هەنگاوێکی نوێیە لە سیاسەتی کوردیدا. لە کۆبوونەوەکەدا کۆمەڵێك میوان ئامادەبوون لەوانە خاتوو دانیال میتیرانی دۆستی کورد کە ئامادەبووان بەناوی دایکی کوردەوە ناویان برد و وتارێکیشی خوێندەوە. ئەم کۆبوونەوەیەی پەرلەمان لەلایەن تەواوی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهانەوە باسکرا. ئەم کۆبوونەوەیەکی پەرلەمان یەکەمین کۆبوونەوەی تەواوی ئەندامەکانییەتی لە دوای ساڵی 1996 ەوە. **7388**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2002-10-08** کوژرانی هەمزە قادر لەلایەن د.ا, نێوبراو زیندانییەکی تەمەن 19 ساڵ بوو و خەڵکی شاری سەردەشت بوو. لە ساڵی 1997ەوە لە ورمێ زیندانی بوو. **7411**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-10-08** بەستنی دووەمین کۆبوونەوەی پەرلەمانی باشووری کوردستان بە تەواوی ئەندامانییەوە لەشاری سلێمانی, کۆبوونەوەکە بەسەرۆکایەتیی د. کەمال فوئاد بوو و جەلال تالەبانی و مەسعود بارزانیش بەشدارییان تێداکرد. **7395**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2002-10-10** پکک هەڕەشەی شەڕی لە تورکیا کردەوە, ئەگەر تورکیا لە هەڵبژاردنی داهاتوودا دادپەروەر نەبێت. **7397**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2002-10-11** تەقینەوەی دوو بۆمب لە نزیك ماڵی د. عوسمانی ئەندامی سەرکردایەتیی هێزی باڵەکی یەکێتی لە شاری ڕانیە و بووە هۆی بریندارکردنی چەند کەسێك. بەپێی ڕاپۆرتێکی ئاسایشی یەکێتی ئەم بۆمبانە لەلایەن چەند کەسانێکی شارەزاوە دانراون. **7399**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-10-12** چەند نەناسراوێك لە لەندەن هێرشیان کردە سەر ماڵی عەبدوڵڵا محەمەد یونس ناسراوبە خولە کۆمەڵە, لە ئەمجامدا کچێکی 16 ساڵی بە چەقۆ دەکوژن و خۆشی بەبریندارى لە باڵەخانەکەیەوە فڕێدەدەنە خوارەوە. **7403**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2002-10-13** کوژرانی پاسەوانێکی تورك و بریندارکردنی یەکێکی دی لە ناوچەی شرناخ, ا.د.ت ڕایگەیاند کە ئەمە ڕەفتاری پکك یە. **7406**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: القدس 14-10-2002

**2002-10-13** بۆ یەکەمجار لە مێژووی سووریادا لە شاری دیمەشق کۆڕێکی ڕامیاری لەسەر کورد گیرا, ئەم کۆڕە لەلایەن پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی کوردەوە گیرا و کۆمەڵێك ڕووناکبیر بەشدارییان تێدا کرد. لە کۆڕەکەدا ئاماژە بەوەکرا کە کورد ٪11ی سووریا پێکدێنێت. **7402**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2002-10-13** ڕێکخراوی ئەلقاعیدە ڕایگەیاند کە یەکێك لە سەرکردە گەورەکانی لە ناوچەی کشمیردا کوژراوە, ئەویش ئەبو بیلال ئەلکوردییە. نێوبراو ناوی محەمەد غەریبە و خەڵکی کوردستانە. **7404**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 14-10-2002

**2002-10-20** د.ق لێبووردنی گشتیی بۆ زیندانییەکان دەرکرد, لەناویاندا ژمارەیەکی زیندانیی کوردیش ئازادکران. **7410**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2002-10-20** کۆبوونەوەی هەردوو بیرۆی ڕامیاریی ینك و پارتی لە کۆیە بۆ پرۆسەی ئاشتی, لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاری ئەوەدرا کە پارتی و ینك لەگەڵ تەواوی پارتە کوردستانییەکاندا کۆبوونەوەیەکی گشتی بکەن. **7409**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-11-00** سەرەتای ئەم مانگە: کوژرانی عەبدولڕەحمان فائق نادر, کارمەندی ڕێکخراوی UNOPSی مین دەرهێنانەوە لە کوردستان لەکاتی دەرهێنانەوەی مینێکدا لە یەکێك لە گوندەکانی باشووردا. **7415**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2002-11-00** دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری ژنان لە خۆرهەڵاتی کوردستان. **7988**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کورد – 1952–2002 – نوسینی ڕێناس نەورۆزی – برۆکسل.

**2002-11-00** لە پێشبڕکێیەکی نووسینی عەرەبیدا لە قەتەر, خۆشنووسی کورد سەباح مەغدید لەناو 50 خۆشنووسی جیهانیدا پلەی یەکەمی بەدەستهێنا و خەڵاتی جیهانیی وەرگرت. لەهەمان پێشبڕکێدا خۆشنووسێکی تری کورد بەناوی بەزاز کەریم بەشداریی کرد. **7420**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

**2002-11-02** تەقینەوەی بۆمبێك لە گەڕەکی کوردستانی شاری هەولێر کە بووە هۆی چەند زیانێکی ماڵیی کەم بە ماڵی چەند هاووڵاتییەك. **7412**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدك Kurdistan TV

**2002-11-03** بەستنی ڤیستیڤاڵی هەژار موکریانی لە شاری هەولێر. **7413**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-11-03** د.ا داوای ئەو پەڕلەمانتارە کوردانەی نێو پەڕلەمانی ئێرانیی بە نەرێ وەڵام دایەوە کە دەیانویست سەردانی پەڕلەمانی باشووری کوردستان بکەن. **7414**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: القدس 04-11-2002

**2002-11-09** بۆ یەکەمجار لە ماوەی 7 ساڵدا 3 وەزیری سەربە حکومەتی ینك لەبەردەم پەڕلەمانی هەولێردا سوێندی یاساییان خوارد. ئەوانیش بریتی بوون لە بایز سەعید تاڵەبانی, شاڵاو عەلی عەسکەری و د. محەمەد خۆشناو. **7416**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-11-19** گیرانی نزار خەزرەجیی سوپاسالاری ئەوسای ئێراق لەلایەن پۆلیسی دانیمارکییەوە بەتاوانی پیادەکردنی جەنگی کۆکوژی لەدژی کورد لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا. **7419**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2002-11-22** کوردێکی باشوور بەناوی ئەکرەم تۆفیق ویستی خۆی بتەقێنێتەوە لە کابول بۆ کوشتنی سەرۆکی ئەفغانی و وەزیری بەرگرییەکەی بەڵام هەوڵەکە سەرنەکەوت و دەستگیرکرا, سەرچاوەکان دەڵێن نێوبراو ئەندامی ئەلقاعیدەیە و 10 کیلۆ مادەی تەقینەوەی لەخۆی بەستووە. **7421**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الحیاە 23-11-2002

**2002-11-26** مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی لە پاریس لەگەڵ سەرۆکی سیناتی فەڕەنسی کۆبوونەوە. **7423**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2002-11-27** یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی جیهانی لە برۆکسل بەشێوەیەکی فەرمی دانینا بە یەکێتی ڕۆژنامەنووونانی کوردستان و وەك ئەندامێکی هەمیشەییش لەو یەکێتییە جیهانییەدا وەرگیرا. **7428**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-11-27** کۆبوونەوەی جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی لەگەڵ وەزیری دەوڵەتی فەڕەنسی بۆ کاروباری دەرەوە لە پاریس. **7424**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2002-11-29** کۆبوونەوەی جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی لەگەڵ خافێر سۆلانای بەڕێوەبەری کاروباری دەرەوەی یەکێتیی ئەوروپا. **7427**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2002-11-29** بەستنی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی لە پاریس دەربارەی پاشەڕۆژی کورد, لە کۆنگرەکەدا هەردوو مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی بەشداربوون. **7426**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2002-11-30** د.ت کۆتایی بەباروددۆخی نائاسایی هەردوو پارێزگای دیاربەکر و شرناخ هێنا. شایانی باسە ئەم بارودۆخە نائاساییە 15 ساڵی خایاند. **7425**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسگ 30-11-2002

**2002-12-00** سەرەتای ئەم مانگە: د.ق کەوتە ڕووخاندنی هەندێك لەو بازاڕ و دوکانانەی کە خاوەنەکانی کوردن, تاوەکو بیانکاتە خانوو بۆ عەرەبەکان. **7438**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-12-00** سەرەتای ئەم مانگە: تەقینەوەی ئوتومبیلێکی مینکراو لەناو کەمپی پکك لە شاری مەخموور, لە ئەنجامدا 2کەس کوژران و ژمارەیەکیش بریندداربوون. **7437**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-12-00** سەرەتای ئەم مانگە: وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا راپۆرتێکی 21 لاپەڕەیی دەربارەی تاوانەکانی ڕژێمی ئێراق دەرکرد, لەم راپۆرتەدا باسی کۆکوژیی کوردیش کراوە. **7433**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2002-12-00** بەرزبوونەوەی ناڕەزایی لە نێو جەماوەری کورددا بەهۆی ئاڵۆزیی پاشەڕۆژی کورد لە سەرئەنجامەکانی کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراقی لە لەندەن. **7450**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-12-04** هێرشی پشتیوانانی ئیسلام بۆسەر هێزەکانی ینك لە ناوچەی هەڵەبجە, دەنگوباسەکان وارادەگەیەنن کە 30 کوژراو لە ینك و 20یش لە ئیسلامییەکان هەبێت. یەکێك لە کوژراوەکانی ینك محەمەد فەتاحی فەرماندەی هێزی شارەزوورە. **7432**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2002-12-06** سەردانی وەفدێکی باڵای ئەنجوومەنی پیرانی ئامریکا بۆ باشووری کوردستان. وەفدەکە خۆشحاڵیی خۆیی بۆ پێشکەوتن و سەقامگیربوونی ئاشتی لە کوردستاندا دەربڕی. **7434**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2002-12-07** بەشداریکردنی وەفدێکی باڵای ئەنجوومەنی پیرانی ئامریکا لە دانیشتنێکی پەرڵەمانی باشووری کوردستاندا بەتەواوی ئەندامانی هەر سێ لیستەکەوە. **7435**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2002-12-09** سەردانی وەفدێکی باڵوێزخانەی ڕووسیا لە بەغداد بۆ هەولێر. **7439**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2002-12-10** ژمارەیەك لە کوردی بندەستی سووریا لەبەردەم پەرڵەمانی سووریدا لە دیمەشق خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا, خۆپیشاندەران داوای ماف ڕەگەزنامەی سووری و مافەکانی تریان دەکرد. **7436**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2002-12-14** بەستنی کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراقی لە لەندەن بەبەشدارییەکی بەرچاوی کورد. لە کۆنگرەکەدا مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی بەشدارییان کرد و بەعەرەبی وتاریان خوێندەوە. هەروەها نوێنەری بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانیش بەشداربوو. کۆنگرەکە 3 ڕۆژ دەخایەنێت. **7440**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2002-12-15** گیرانی مەروان عوسمان و حەسەن ساڵحی ئەندامانی بیرۆی ڕامیاریی پارتی یەکێتیی کورد لە سووریا لەلایەن د.س. **7669**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 22-05-2003

**2002-12-16** ڕۆژنامەی هاوولاتی ئەوەی بڵاوکردەوە کە ئەبو عەبدوڵڵای شافعیی ئەمیری پشتیوانانی ئیسلام کوژراوە. **7443**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هاوولاتی 16-12-2002

**2002-12-16** تەقینەوەی بۆمبێك لە شاری هەولێر و بووە هۆی کوژرانی ئافرەتێك. **7442**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-12-19** مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی لە لەندەن لەگەڵ تۆنی بلێری سەرەك وەزیرانی بەریتانیا کۆبوونەوە. **7444**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2002-12-24** جەلال تاڵەبانی لە کۆبوونەوەیەکدا لە ئەنکەرە لەگەڵ سەرۆکی وەزیرانی تورك عەبدووڵڵا گوڵ وتی: سوپای تورك بەڕێگاپێدانێکی نێودەوڵەتی دەتوانن بێنە باشووری کوردستانەوە. **7467**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2002-12-27** کۆچی دوایی سیاسەتمەدار حەمە ڕەش ڕەشۆ لە ئەڵمانیا, نێوبراو سەرۆکی پارتی دیموکراتی کورد بوو لە باکوور. **7468**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-12-28** ڕێکخستنی میهرەجانی گەرمەسێری ڕۆشنبیری لە سلێمانی. **7449**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2002-12-29** ڕوودانی خۆپیشاندانێك لە زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر بەهۆی دواکەوتنی دەرماڵەی خوێندکاران و ڕەفتاری خراپی بەڕێوەبەرایەتیی زانکۆوە. سەرچاوەکان وادەڵێن 2 خوێندکار بۆ ماوەی چەند کاژێرێك گیرابێتن. **7470**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**2002-12-31** بردنەوەی تەرمی سیاسەتمەدار حەمە ڕەش ڕەشۆ لە ئەڵمانیاوە بۆ تورکیا و پاشان بۆ باکووری کوردستان و ناشتنی لە شاری ئەدیامان. **7469**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003** لەم ساڵەدا 2616 سکاڵا لەلای دادگای مافی مرۆڤ لە ئەوروپا لە دژی داگیرکەری تورك تۆمارکراوە. **8471**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-01-00** هاتنەخوارەوەی نرخی دۆلار بەشێوەیەکی بەرچاو لە باشووری کوردستاندا, ئەمە بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی دیناری ئێراقی. شایانی باسە هۆی ئەم بەرزبوونەوەیە چوونەدەرەوە و

بردنەدەرەوەی دیناری ئێراقییە بۆ ئێران و تورکیا. ئەمەش کاری کردووەتە سەر ناجێگیریی بازاڕەکانی باشووری کوردستان و گرانبوونی شمەك. 7478

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-01-00** بەبۆنەی ئەگەری جەنگی ئامریکا لە دژی ئێراق, تاقیکردنەوەکانی نیوەی ساڵی قوتابخانەکان لە هەرێمی باشووری کوردستاندا بۆ دوو هەفتە پێشخرا. 7476

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-01-06** کۆچی دوایی هونەرمەندی شێوەکاری کورد و جیهانی عەزیز سەلیم, نێوبراو خاوەنی سەدان تابلۆ و نزیکەی 40 پیشانگای تایبەتی و دەیانی هاوبەش بوو. 7472

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-01-08** کەوتنە خوارەوەی فرۆکەیەکی مەدەنی لە فرۆکەخانەی دیاربەکر بەهۆی خراپیی کەشەوە, لەم فرۆکەیەدا دەیان کەس مردن و تەنها 6 کەس بە برینداری دەرچوون. 7471

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-01-14** پۆلیسی هۆڵندی مەلا کرێکاری ئازاد کرد, بەهۆی نەبوونی بەڵگەی تەواوی پەیوەندیی بە ڕێکخراوی ئەلقاعیدەوە. 7475

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-01-15** بەستنی کۆبوونەوەی 12هەمی پەرلەمانی باشووری کوردستان. لەم کۆبوونەوەیەدا سەرۆکایەتیی پەرلەمان گواسترایەوە بۆ د. کەمال فوئاد بەپێی ڕێکەوتنەکەی پیرمام. پێش ئەمڕۆ د. ڕۆژ نوری شاوەیس بۆ ماوەی 2 مانگ سەرۆکی پەرلەمان بوو. 7477

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-02-00** ئەمساڵ تەنها لە هەرێمی باشووری کوردستاندا 2700 کەس چوون بۆ عەرەبستانی سعودی بۆ حەج. 7484

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-02-00** ئەم مانگە: بەهۆی ترسی جەنگەوە کۆمەڵێك خێزانی عەرەب هاتنە کوردستانەوە. 7499

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-02-00** ناوەڕاستی ئەم مانگە: بەپێی هەندێك سەرچاوە هەزاران چەکداری سوپای بەدر هاتوونەتە باشووری کوردستانەوە بۆ ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی ینك. 7491

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-02-00** سەرەتای ئەم مانگە: خنکانی 30 پەنابەری کورد لە دەریای سپیی ناوەڕاستدا. 7490

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-02-00** هەرێمی زیوریخ لە سویسرا ناوەندێکی ڕۆشنبیریی بۆ کوردەکانی ئەوێ کردەوە. **7489**
سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**2003-02-00** سەرباری تێکچوونی باری ناوخۆیی عێراق بەهۆی ئەگەری جەنگەوە، ڕژێم هەر بەردەوامە لە سیاسەتی بەعەرەبکردنی کەرکوك و ناوچەکانی دەوروبەری. **7488**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-02-00** کوردەکانی هەندەران چەندین خۆپیشاندانیان لە دژی تورك لە زۆربەی شارەکانی ئەورووپا ڕێکخست. **7503**
سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**2003-02-00** لەم مانگەدا: نزیکەی 300 ڕۆژنامەوانی بێگانە لە باشووری کوردستاندا بووە, بۆ گواستنەوەی دەنگوباسەکان. **7548**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-02-03** کۆبوونەوەی دەستە 6 لایەنییە سەرەکییەکەی کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراقی لە بارەگای لقی 6ی پارتی لە دیانا بەئامادەیی جەلال تاڵەبانی, مەسعود بارزانی, چەلەبی و حەسەن نەقیب. ئەم کۆبوونەوەیە لە میدیای هیچ لایەکیاندا باسنەکرا. **7479**
سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**2003-02-05** کۆبوونەوەی وەفدی ینك بەسەرۆکایەتیی جەلال تاڵەبانی و وەفدی پارتی بەسەرۆکایەتیی نێچیرڤان بارزانی لە ئەنکەرە لەگەڵ نوێنەرانی تورك و ئامریکی بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر گۆرانکارییەکانی پاشەرۆژ. **7482**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-02-08** کوژرانی شەوکەتی حاجی موشیر بە پلان لەلایەن ئیسلامییەکانەوە لە گوندی گامێش تەپەی شارەزوور لەگەڵ دوو پم تردا بە ناوی حیکمەتی حاجی عوسمان و سەردار غەفوور. نێوبراو بەشداریی شۆرشی ئەیلوولی کردووە و یەکێك بوو لە پێشمەرگە سەرەتاییەکان و ئەندامی سەرکردایەتیی ینك بوو. **7481**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-02-12** کردنەوەی بارەگای ینك لە هەولێر. **7483**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-02-12** گیرانی چەند کەسێکی تورکمانی سەربە بەرەی تورکمانی لە هەولێر بەتاوانی تیرۆر، ئەمانە چەندین کەرەستەی تەقینەوەیان پێگیرا. لێپرسراوی ئەمانە کە ناوی عەبدولئەمیر عیززەتە لەناو گیراوەکاندایە. 7485

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-02-15** دەستپێکردنەوەی شەڕی نێوان پکك و تورك. 7487

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-02-16** کردنەوەی بارەگای پارتی لە سلێمانی. 7486

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-02-19** ئەمڕۆ دەبووایە لە هەولێر کۆبوونەوەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراقی ببەسترایە, بەڵام دواخرا. 7492

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-02-22** کوردەکانی سوید و پارتە کوردستانییەکان خۆپیشاندانێکیان لە دژی دیکتاتۆر سەددام لە ستۆکهۆڵم ئەنجامدا، لە خۆپیشاندانەکەدا د. شەفیق قەزاز و نوێنەری هەندێك پارتی سویدی وتاریان پێشکەش کرد. 7495

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-02-23** سوپای داگیرکەری تورك بە 150 تانکەوە بەرەو باشووری کوردستان بەڕێکەوت. ئەم خۆئامادەکردنەی تورك بووە هۆی ناڕەزایی هەموو کورد. 7493

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-02-23** لە بارەگای یەندەك YNDK لە هەولێر 23 پارتی کوردستانی و عێراقی کۆبوونەوە و بەیاننامەیەکی ناڕەزاییان لە دژی هاتنە ناوەوەی سوپای تورك بۆ باشووری کوردستان دەربڕی. 7494

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-02-25** پەرلەمانی باشووری کوردستان داوای لە ئامریکا و وڵاتانی تر کرد تاوەکو نەهێڵن سوپای تورك بێتە کوردستانەوە. 7497

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-02-25** تەقینەوەی بیرە نەوتێك لە ناوچەی شۆڕیجەی شاری کەرکوك. 7500

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-02-26** تیرۆریستێکی ئیسلامی لە کۆنترۆڵی زەمەقی خۆیی تەقاندەوە و بووە هۆی کوژران و بریندداربوونی 3 کەس کە یەکێکیان ئاسایشی ینك بوو. 7502

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-02-26** بەستنی کۆبوونەوەکانی لیژنەی هەماهەنگی و بەدواداچوونی ئۆپۆزیسۆنی ئێراقی لە پیرمام. **7496**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-02-26** بەستنی کۆنگرەی سێیەمی مافناسانی کوردستان لە سلێمانی. **7501**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-02-28** دوا ڕۆژی کۆبوونەوەکانی ئۆپۆزیسۆنی ئێراقی لە پیرمام، ئەمڕۆ دەبووایە بەیانی کۆتایی کۆبوونەوەکان دەربچووایە بەڵام دواخرا بۆ سبەینێ. **7504**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-00** د.ق شێخ نەسرەدین بەرپرسی لقی کەرکوکی حیزبی کارتۆنیی پارتی دیموکراتی کوردستانی لەگەڵ ژمارەیەك چەکداردا گواستەوە شاری موسڵ. **7586**
سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: هەواڵنامەی میدیا - 27-03-2003

**2003-03-00** د.ق لە کەرکوك ژمارەیەکی زۆری لاوە کوردەکانی گرت، بەهۆی ئەو بارودۆخەوە هەندێك لە خێزانە کوردەکان کەرکوکیان بەجێهێشت و ڕوویانکردە ناوچە ئازادکراوەکانی هەرێم. **7522**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-00** ڕوودانی دوو تەقینەوە لە شاری کەرکوك. **7521**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-00** دروستبوونی ناڕەزاییەکی زۆر لەلایەن خەڵکی کوردەوە بەرامبەر بە میدیای عەرەبی، چونکە دەنگوباسەکان دەشێوێنن و پاڵپشتی داگیرکەری ئێراقی دەکەن. **7559**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-00** هونەرمەند ناسر فەیزوڵڵابەگی لە یادی کارەساتەکەی هەڵەبجەدا پێشانگایەکی لە سەقز کردەوە و پاشان وەك ناڕەزاییەك بۆ کارەساتەکەی هەڵەبجە تابلۆکانی خۆیی سوتاند کە ژمارەیان 80 دانە بوو. **7515**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-03-00** بەپێی دەنگوباسەکان د.ق تەواوی بیرە نەوتەکانی کەرکوکی مینڕێژ کردووە، تاوەکو لە کاتی هەر هێرشێکی ئامریکادا بیانتەقێنێتەوە. **7514**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-00** پارتی و یەکێتی ئەو کەسانەیان گرت کە لە خۆپیشاندانەکانی دژی تورکیادا ئاڵای تورکیان سووتاندبوو. **7512**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-00** بەپێی هەندێك هەواڵ داگیرکەری ئێران ڕێژەیەکی زۆری مادەی کیمیاویی کردوەتە بەستی سنەوە و ژینگەی ئەو ناوەی پیسکردووە. 7534

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**2003-03-00** د.ق دیکومێنتە گرنگەکانی لە هەردوو شاری کەرکوك و موسڵ گواستەوە بۆ بەغداد. 7591

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-00** ئەم مانگە: پەیوەندیکردنی جەوهەر ئاغای هەرکی بە هێزەکانی پارتییەوە. 7532

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-03-00** دیارنەمانی نزار خەزرەجی لە دانیمارك و کەس نازانێت چیی بەسەرهاتووە, هەندێك سەرچاوە دەڵێن لەگەڵ هێزەکانی ئامریکادایە. 7553

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-00** ژمارەیەکی زۆری گوندە بەعەرەبکراوەکانی ناوچەی مەخموور لەلایەن عەرەبەکانەوە لەترسا چۆڵکران. ئەمانە هەندێك ناوی ئەو گوندانەیە: کاریتان, سۆفی سمایل, دێمەکار, بیرەبات, سەربەشاخ, خدرجیجە, دارەخورما, جیخلۆك و حەسەن بلباس. 7590

سەرچاوەی 1: بەیان و بلاوکراوەی کوردی: هەواڵنامەی میدیا – 27-03-2003

**2003-03-00** د.ق جاشە کوردەکانی ناو شاری موسڵی چەککرد. 7589

سەرچاوەی 1: بەیان و بلاوکراوەی کوردی: هەواڵنامەی میدیا – 27-03-2003

**2003-03-00** نزیکەی 40 ئەندامی پەڕلەمانی سوید و ئەورووپی یاداشتێکیان دایە تورك تاوەکو هێزەکانی نەنێرێتە باشووری کوردستانەوە. 7524

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-00** پارتی هێزەکانی خۆی لەدژی تورك مۆڵدا. 7513

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-01** ڕووداني خۆپیشاندانێك لە شاری سلێمانی لەدژی هاتنەناوەوەی سوپای تورك بۆ باشووری کوردستان, لەم خۆپیشاندانەدا ئاڵای تورك سووتێندرا. 7516

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-03-02** پاش زنجیرەیەك کۆبوونەوەی نێوان ینك و پارتی، سەرکردایەتییەکی هاوبەش بۆ باشووری کوردستان پێکهێنرا کە پێکهاتووە لە جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی و هەنێك لە ئەندامانی سەرکردایەتیی هەردوولا. 7509

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-03** نزیکەی یەك ملیۆن لە شاری هەولێر خۆپیشاندانێکیان دژی هاتنە ناوەوەی تورك سازدا، شایانی باسە ئەمە گەورەترین خۆپیشاندانە لە مێژووی کوردستاندا تاوەکو ئێستا. **7505**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-04** نیوەشەو: تەقاندنەوەی بارەگای پارتی لە ئەنکەرە لەلایەن تورکەوە. **7518**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-04** هێزەکانی ینك بەهەڵە تەقە لە ئوتومبیلێکی کۆمەڵەی ئیسلامی دەکەن و 5یان دەکوژن، لەنێو کوژراوەکاندا ئەندامێکی بەرزی ئیسلامییەکانی تێدایە. ینك بەفەرمی داوای لێبووردنی لە ئیسلامییەکان کرد. **7511**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك org.puk.www//:http

**2003-03-04** دەیان هەزاران کەس لە هەردوو شاری دیانا و ئاکرێ خۆپیشاندانێکیان دژی هاتنەناوەوەی سوپای تورك سازکرد. **7506**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-03-05** کۆبوونەوەی 21 ڕێکخراوی خوێندکاران لە سلێمانی بۆ پێکهێنانی فیدراسیۆنی خوێندکارانی کوردستان. **7510**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدك TV Kurdistan

**2003-03-05** زۆرتر لە سەد هونەرمەندی کورد لە بەیانێکدا نارەزاییی خۆیان بەرامبەر دەستتێوەردانەکانی تورکیا لە باشووری کوردستاندا دەربری. **7507**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدك TV Kurdistan

**2003-03-05** زۆرتر لە 20 خوێندکاری زانکۆ بە ڕابەرایەتیی مامۆستا فەرهاد پیربال لە دەروازەی ئیبراهیم خەلیل خۆیان ڕووتکردەوە وەك ناڕەزاییەك بەرامبەر دەستتێوەردانەکانی تورکیا لە باشووری کوردستاندا. **7508**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدك TV Kurdistan

**2003-03-13** ڕوودانی تەقینەوەیەك لە گەڕەکی زەرگەتەی سلێمانی کە بووە هۆی زیانی ماڵی بەچەند ماڵێك. **7529**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-13** دادگای تورك پارتی هەدەپی قەدەغەکرد و تەواوی موڵکەکانیشی دەستبەسەرداگرت. **7517**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-14** پیاوانی ئایینیی کوردستان لە ئیبراهیم خەلیل خۆپیشاندانێکیان لە دژی هاتنەناوەوەی تورک ڕێکخست. 7520

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-15** بەبۆنەی یادی کارەساتەکەی هەڵەبجەوە هونەرمەند ئیسماعیل خەیات پێشانگایەکی تایبەتیی لە هوتێلی سلێمانی پاڵاس کردەوە. 7525

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینک http://www.puk.org

**2003-03-15** بەهۆی یادی کارەساتی هەڵەبجەوە لە ژمارەیەکی زۆری شارەکانی ئەوروپا, خۆپیشاندان و یادەوەری ڕێکخرا. 7526

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-15** جۆرج بوشی سەرۆکی ئامریکا لەگەڵ 3 کوردا کۆبووەوە کە کەسوکاریان لە شاری هەڵەبجەدا بە گازی کیمیاوی کوژرابوون. 7527

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-15** گێڕانی ئاهەنگی نەورۆز لە بەرلین لەلایەن شڤان پەروەرەوە, ئەم ئاهەنگە لەلایەن 30 تا 40 کەسی سەربە پکک تێکدرا و شڤان پەروەریش ڕایگەیاند کە ئەو فاشییە ئاپۆچییانە هێرشیان کردووەتە سەر من. 7528

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-03-16** سەرۆکی ئامریکا جۆرج بووش تورکیای ئاگادارکردەوە کە بەهیچ جۆرێك و یەك لایەنانە هێزەکانی نەنێرێتە باشووری کوردستان. 7530

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-16** ڕوودانی بومەلەرزەیەك لە کوردستان کە هێزەکەی 4.8 بوو بەپێی پێوەری ڕێختەر. ئەم بومەلەرزەیە لە شەمزینانەوە تا پیرمام هەستی پێکرا. 7535

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-03-17** بەهۆی ئەگەری نزیکبوونەوەی شەڕەوە خەڵکی کورد لە باشووری کوردستان کۆچ و ڕەویان بۆ دەرەوەی شارە گەورەکان دەسپێکرد و باری ناوخۆ بەتەواوەتی نائارام بووە. 7531

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-18** کۆمەڵێك خۆپیشاندەرانی تورك لە ئەنکەرە هێرشیانکردە سەر جەلال تاڵەبانی. 7533

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-19** بەهۆی نزیکبوونەوەی ئەگەری شەڕەوە حکوومەتی باشووری کوردستان بڕیاری باری نائاسایی دەرکرد. 7536

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-20** وەزیری دەرەوەی سوید خاتوو ئەنا لیند لە کۆبوونەوەی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ڕایگەیاند: کە کاتی ئەوە هاتوو گفتوگۆ لەسەر ئاسایشی باکووری ئێراق بکرێت و داوای کرد کە پاراستن و یارمەتیی کورد لە هەموو بارودۆخێکدا لەبەرچاو بگیرێت و ون نەکرێت. 7576

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-20** دەسپێکردنی شەڕی ئامریکا و داگیرکەری عێراق، جەنگی کەنداوی سێیەم. 7537

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-20** گیرانی مەلا کرێکار لەلایەن پۆلیسی نەرویژییەوە, نێوبراو ماوەیەك لەمەوبەر لەسەر ئنتەرنێت جیهادی لەدژی سوپای ئامریکی ڕاگەیاند. 7545

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-20** پارتی و یەکێتی هێزەکانی خۆیانیان خستە ژێر دەستەڵاتی ئامریکاوە بۆ لێدانی ئێراق. 7552

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-20** لوتکەی ئەوروپی لە برۆکسل بەهۆی گۆڕانکارییەکانی ئێراقەوە کۆبووەوە و ڕایگەیاند کە دژی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییە لە باشووری کوردستاندا. 7546

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-21** نەورۆزی بێدەنگی. بەهۆی جەنگی سێیەمی کەنداوەوە لە باشووری کوردستاندا هیچ ئاهەنگێکی ئەوتۆ بەهۆی نەورۆزەوە نەگێڕدرا. 7547

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-21** بەهۆی ڕێپێنەدانی تورکیا بۆ بەکارهێنانی زەوی و ئاسمانی تورکیا بۆ هێرشکردنە سەر ئێراق, ساردییەکی دیپلۆماسیی زۆر کەوتە نێوان داگیرکەری تورك و ئامریکاوە. 7549

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-22** سەرچاوە عەرەبییەکان ڕایانگەیاند کە چەند هێزێکی تورك هاتووەتە باشووری کوردستانەوە, بەڵام هوشیار زێباری لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند کە هیچ هێزێکی تورکی سنووری نەبەزاندووە. 7554

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-22** کاتژمێر 0.15 و 7.00ی بەیانی هێزەکانی ئامریکا لە دەریای سوورەوە بنکەکانی ئەنسارولئیسلام و کۆمەڵەی ئیسلامییان لە هەورامان ڕۆکێت بارانکرد. بەپێی هەواڵەکانی ینك ڕۆکێتەکان لە جۆری تۆما هوك بوون و ژمارەیان لە 100 دانە زۆرتر بووە و دەیان کوژراو و بریندایش لە ئیسلامییەکان هەن. **7550**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-22** ئەنسارولئیسلام ئوتومبیلێکی مینکراویان لە بازگەی گردی گۆ تەقاندەوە و بووە هۆی کوژرانی ڕۆژنامەنووسێکی ئۆسترالی بەناوی پۆل موران و دوو پم و بریندارکردنی چەند کەسێکی تر. ئەم ڕووداوە لەلایەن گەنجێکی سعودییەوە بەناوی عەبدولعەزیز سعود ئەلغەرییەوە ئەنجامدرا و خۆشی کە تەمەنی 22 ساڵ بوو لە هێرشەکەدا کوژرا. **7551**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-22** ئەڵمانیا ڕایگەیاند: ئەگەر هێزەکانی تورك بچنە باشووری کوردستانەوە ئەوا هەموو هێزەکانی خۆی لە تورکیا دەکێشێتەوە. ئەو هێزانە بەشێکن لە هێزە هاوبەشەکانی ناتۆ لە تورکیا. **7555**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-22** هێرشی ینك بە پاڵپشتی ئامریکا بۆسەر ئەنسارولئیسلام لە هەورامان, لە ئەنجامدا هەورامان ڕزگارکرا و ئەنسارولئیسلام ژمارەیەکی زۆر کورژراو و دیل و بریندایدا و 25 کەسیش لە ینك کوژرا. **7556**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-23** فوئاد مەعسوم لەسەر کەناڵی جەزیرە دانی بەوەدانا کە هێزێکی ئامریکی و چەند کۆپتەرێك گەیشتوونەتە ناوچەی بەکرەجۆ لە سلێمانی. **7557**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-23** گەیشتنی 6 کۆپتەری ئامریکی بۆ فڕۆکەخانەی هەریر بۆ خۆئامادەکردنی کردنەوەی بەرەی موسڵ و کەرکوك. **7570**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-23** گیرانی چەندین کورد و تورکمان لە شاری کەرکوك بەمەبەستی چاوترسێنکردنی خەڵکی, هەندێك سەرچاوە دەڵێن هەندێك لەو گیراوانە لەسێدارەدراون. **7571**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-24** بۆمبارانکردنی چیای قەرەچووغ لەلایەن د.ق. **7575**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-24** دامەزراندنی لیژنەی ڕێکخستن و پەیوەندی لە نێوان هێزەکانی ئامریکا و پدك و ینك لە باشووری کوردستان. 7558

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-24** بۆردوومانکردنی قەڵای عەوێنە لەلایەن هاوپەیمانانەوە, ئەم قەڵایە پێگەیەکی د.ق بوو و لەوێوە هێرش دەکرایە سەر جووتیارانی کورد, بەڵام پێگەکە تێکشکێنرا. 7572

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-24** تۆنی بلێری سەرەك وەزیرانی بەریتانیا لەبەردەم پەرلەماندا ڕایگەیاند کە دژی چوونە ناوەوەی سوپای تورکە بۆ کوردستان و ئەوەشی دڵنیاکرد کە دەستکەوتەکانی کورد دوای ڕووخانی ڕژێمی سەددام دەپارێزن. 7574

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-24** زۆربەی عەرەبەکانی ناوچەی مەخموور گوندە کوردییەکانیان چۆڵکرد و گەڕانەوە بۆ باشووری ئێراق. 7573

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-26** د.ق 8 مەرداری کوردی لە گوندی ئاودەلۆکی ناوچەی دیبەگە سەرەونگونکرد. 7585

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: هەواڵنامەی میدیا – 27-03-2003

**2003-03-26** ئەمنی مەخموور 4 بەرپرسی حیزبی کارتۆنیی پارتی دیموکراتی کوردستانی دەستگیرکرد. 7587

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: هەواڵنامەی میدیا – 27-03-2003

**2003-03-26** د.ق چیای قەرەچووغ و ناوچەکانی مەخمووری تۆپبارانکرد. 7588

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: هەواڵنامەی میدیا – 27-03-2003

**2003-03-28** فڕاندنی فڕۆکەیەکی تورك بۆ یۆنان کە چەند لێپرسراوێکی تورکی تێدابوو. 7540

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-00** گیرانی کۆمەڵێك کۆماندۆزی تورك لە ناو شاری کەرکوکدا لەلایەن هێزەکانی ئامریکاوە, ئەمانە لە تورکیاوە دزەیانکردبووە ناو شاری کەرکوکەوە و لەلایەن ئامریکییەکانەوە کرانەوە ئەو دیوی ئیبراهیم خەلیل. 7629

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-00** دۆزینەوەی گۆڕی هونەرمەند قادر کابان و تێکۆشەر جەباری حاجی ڕەشید و هەندێك کەسایەتیی تری کورد لە زیندانەکانی د.ق. 7661

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-00** بەهۆی ڕاکردنی هەندێك لە سەرانی بەعسەوە بۆ سووریا, ئامریکا هەڕەشەی لە داگیرکەری سووری کرد, تاوەکو ئەوانەی بۆ سووریا ڕایانکردووە بیانداتە دەست ئامریکا تاوەکو سزا بدرێن. **7601**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-00** ناوەڕاستی ئەم مانگە: تاوانبار شێخ جەعفەر بەرزنجی خۆیی دایە دەست هێزەکانی پارتییەوە, نێوبراو بە شێخ چۆپی بەناوبانگە و لە ساڵانی هەشتاکاندا پارێزەری شاری سلێمانی بوو و هەر لەو ساڵانەشدا لە کاتێکدا کە ڕۆڵەی کورد بەبەرچاوی ئاپۆڕای خەڵکییەوە گوللە باران دەکران ئەو چەپڵەی لێدەدا و بە عەرەبی دەیگووت بژی دادپەروەری. **7610**

**2003-04-00** ئەم مانگە: بەهۆی ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە هەندێك دز و جەردە مۆزەخانەکانی بەغداد و موسڵیان تاڵانکرد, لەو مۆزەخانانەدا کۆمەڵێك کەرەستەی زۆر کۆنی کوردستانی تێدابوون کە ئەوانیش بەر ئەو تاڵانییە کەوتن و نازانرێن لەکوێن. **7613**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-00** لەم مانگەدا: بۆ یەکەمجار یەکێتی و پارتی ڕۆژنامەی الاتحاد و برایەتییان بەتیراژێکی زۆر و بەخۆڕایی لە بەغداد بڵاوکردەوە. **7615**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-00** لەم مانگەدا: پارت و ڕێکخراوە تورکمانییەکان لە شاری کەرکوکدا بنکەیان دامەزراند و دروشمی "کەرکوك شارێکی تورکمانییە و بۆ هەتا هەتا هەر بە تورکمانی دەمێنێتەوە"یان بەئاشکرا هەڵواسی. **7616**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-00** گیرانی کۆمەڵێك چەك و تەقەمەنیی لەناو ئەو ئوتومبیلانەی کە مانگی سووری تورك بۆ تورکمانەکانی کەرکوکی ناردبوو. **7630**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-00** کۆتایی ئەم مانگە: دۆزینەوەی 7 گۆڕی بەکۆمەڵ لە نزیك سەربازگەی تۆبزاوای کەرکوك کە نزیکەی دوو هەزار گۆڕی ئەنفالکراوی تێدایە. **7631**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-01** چوونی کۆڵن پاوڵ بۆ تورکیا, تاوەکو تورکیا بەوە ڕازی بکات هێزەکانی نەنێرێتە باشووری کوردستانەوە. **7543**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-02** کوژرانی کامێراوانێکی تەلەڤزیۆنی BBC بە مین لە دەوروبەری کفری. **7562**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-02** پاشەکشەکردنی هێزەکانی داگیرکەری ئێراقی لە ناوچەی گوێڕ و هێزی پێشمەرگە شوێنەکانی گرتنەوە. **7539**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-02** لە ئەنجامی سەردانەکەی کۆڵن پاوڵی وەزیری دەرەوەی ئامریکا بۆ تورکیا, تورکیا ڕایگەیاند کە بەهیچ جۆرێك هێزەکانی نانێرێتە باشووری کوردستانەوە و تەنها یارمەتیی هێزەکانی ئامریکا دەدات لە گواستنەوە و هەندێك شتی تردا. **7544**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-02** دیکتاتۆر سەددام حسێن داوای لە کورد کرد یارمەتیی سوپای ئامریکی نەدەن. **7538**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-03** د.ق شارەدێی کەڵەك و ناوچەکانی دەوروبەریی بە تۆپی قورس تۆپبارانکرد. **7560**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-03** سەرۆکی ئامریکی جۆرج بوش لە وتارێکیدا لەبەردەم هەزاران سەربازی ئامریکی ڕایگەیاند: کە هێزەکانیان لە باکووری ئێراقەوە بەیارمەتی هێزە کوردییەکان ئامادەی هێرشن بۆسەر بەغداد. **7561**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-05** تۆپبارانکردنی دەوروبەری دهۆك لەلایەن داگیرکەری ئێراقییەوە و بووە هۆی کوژرانی 1 کەس و برینداربوونی 5 کەسی تر. **7569**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-05** داگیرکەری تورك 3 دیپلۆماتی داگیرکەری عێراقیی دەرکرد. **7564**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-05** کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی داگیرکەری تورك و داگیرکەری ئێرانی لە تورکیا بەهۆی گۆڕانکارییەکانی باشووری کوردستانەوە. **7565**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-05** ڕوودانی چەند پێکدادانێکی سووك لە نێوان داگیرکەری ئێراق و هێزی پم و ئامریکییەکان لە ناوچەی گوێر. **7566**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-06** بەپێی سەرچاوە خۆرئاواییەکان تەرمی عەلی کیمیاوی و پاسەوانەکانی لەلایەن هاوپەیمانانەوە دۆزراوەتەوە, نێوبراو ئامۆزای دیکتاتۆر سەددام و یەکێکە لە تاوانبارانی جەنگی جینۆساید بەرامبەر بە کورد. **7567**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-06** دوو فڕۆکەی ئامریکی بەهەڵە هێزەکانی پێشمەرگە و کۆماندۆی ئامریکیی لە بەرەی موسڵ بۆردومانکرد. ئەم هەڵەیە بووە هۆی کوژرانی 18 پم و بریندارکردنی 45ی تر, هەروەها سەرچاوەکان دەڵێن کە 4 سەربازی ئامریکیش کوژراون و هەندێکیشیان بریندار. لە ناو بریندارە کوردەکاندا یەکێکیان وەجیه بارزانیی برای مەسعود بارزانییە و بە فڕۆکەی ئامریکی گەیەندرایە ئەڵمانیا. **7563**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-06** ڕزگارکردنی دومیز و عەین سوفنی لەلایەن هێزی پم و ئامریکییەکانەوە. **7568**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-07** هێزەکانی هاوپەیمانان چونە ناو شاری بەغداوە و چەند کۆشکێکی دیکتاتۆر سەددام حسێنیان کۆنترۆڵکرد. **7578**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-07** ڕزگارکردنی شارەدێی دیبەگە. **7577**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-07** د.ت دیسانەوە ناڕەزایی خۆیی بەرامبەر ئامریکا دەربڕی دەربارەی بەرەوپێشچوونی هێزەکانی کورد بەرەو موسڵ و کەرکوک. **7580**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-08** ڕزگارکردنی چیای مەقلوب, ئەم چیایە چیایەکی ستراتیژییە و بەدەروازەی شاری موسڵ دادەنرێت. **7582**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-09** دامەزراندنی کۆمەڵەی زیندانییە ئازادەکان لە بەغداد بۆ پاراستنی ئەو دێکومێنتانەی کە لە زیندانەکانی ئێراقدا دەدۆزرێنەوە. **7659**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-09** بەبۆنەی کەوتنی بەغدادەوە لە شارەکانی باشووری کوردستاندا دەستکرا بە خۆپیشاندان و ئاهەنگگێڕان. **7584**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-09** کەوتنی بەغداد و ڕژێمی داگیرکەری بەعس. 7583

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-10** ڕزگارکردنی شار و شارۆچکە و شارەدێیەکانی کەرکوك, خانەقین, مەخموور, بەعشیقە, قەراج, کەندیناوە, پردێ, جەلەولا, توزخورماتوو, دووبز و گوێر. 7592

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-10** بەبۆنەی ڕزگارکردنی شاری کەرکوکەوە تورکیا ناڕەزایی خۆیی دەربڕی و ڕایگەیاند کە نابێت هێزی پێشمەرگەی کورد لە کەرکوکدا بمێنێتەوە. 7593

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-10** جۆرج بوشی سەرۆکی ئامریکا و تۆنی بلێری سەرەك وەزیرانی بەریتانیا پەیامێکیان ئاڕاستەی گەلانی ئێراق کرد بەبۆنەی ڕووخانی سەددامەوە, لەو پەیامەدا بەڵێنی ژیانێکی ئازادیان بە کوردی بندەستی ئێراقدا. 7595

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-10** وتەبێژێکی فەرمیی ینك ڕایگەیاند کە ئەو 10 هەزار پێشمەرگەیەی کە ئەمڕۆ چوونە ناو شاری کەرکوکەوە, سبەینێ ڕۆژی 11-04 پاشەکشێ دەکەن. 7596

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-10** بەهۆی ڕزگاربوونی شاری کەرکوکەوە, هەندێك لەو کوردانەی کە لە کەرکوك دەرکرابوون و نیشتەجێی هەولێر و سلێمانی بوون گەڕانەوە بۆ زێدی بابوباپیرانیان. هەربۆیە عەبدوڵڵا گیولی وەزیری دەرەوەی تورکیا ڕایگەیاند کە تورك ڕازینابێت بە گۆڕینی باری دیمۆگرافیی کەرکوك. 7597

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-11** تورکیا بڕیاریدا 15 چاودێر بنێرێتە باشووری کوردستانەوە, بەتایبەتی ئەو ناوچانەی کە پاش ڕووخانی بەغداد ڕزگارکران. 7598

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-11** ڕزگارکردنی شاری موسڵ. 7594

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-12** وتەبێژێکی ینك ڕایگەیاند کە هێزەکانی پێشمەرگە دەستیانکردووە بە پاشەکشێ لە شاری کەرکوك. 7599

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-12** ڕووداني پشێوییەك لە شاری موسڵ لە نێوان کورد و عەرەبدا کە بووە هۆی کوژران و برینداربوونی خەڵکێکی زۆر لە هەردوولا. 7602

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-12** پێکهێنانی لیژنەیەکی مەدەنی بۆ بەڕێوەبردنی شاری کەرکوك, ئەم لیژنەیە لە چەند کەسێکی کورد, عەرەب و تورکمان پێکهاتبوو. 7600

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-13** تورکمانەکانی کەرکوك خۆپیشاندانێکیان ڕێکخست, لەو خۆپیشاندانەدا داوای هاتنی سوپای تورکیان کرد و دەستیان وەك هێمای گوگەربۆر بەرزکردەوە, کە هێمای پارتێکی تورکیی شۆڤێنییە بەناوی مێ هێ پێ. 7617

**2003-04-13** گیرانی وەتبان ئیبراهیم حەسەنی برای دیکتاتۆر سەددام لە ناوچەی موسڵ لەلایەن هێزەکانی پارتی و ئامریکاوە. 7603

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-13** جۆرج بوشی سەرۆکی ئامریکا هەڕەشەی لە داگیرکەری سووریا کرد بەوەی چەکی فرەکوژ و کیمیاویی هەیە. 7604

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-13** هەندێك لە هێزەکانی پێشمەرگە چوونە ناوچەکانی دەوروبەری شاری تکریتەوە. 7605

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-15** کۆبوونەوەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراقی لە شاری ناسرییە کە پارتی و یەکێتیش بەشداربوون. کۆبوونەوەکە بۆ 10 ڕۆژی تر دواخرا. 7606

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-16** دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە ناوچەی کەرکوك کە نزیکەی 2 هەزار کوردی تێدا نێژراوە, چاودێران دەڵێن ئەوانە ئەو کوردانەن کە لە کۆتایی هەشتاکاندا لەلایەن داگیرکەری ئێراقییەوە ئەنفالکراون. 7608

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-17** گیرانی تاوانبار بەرزان تکریتیی برای دیکتاتۆر سەددام حسێن لە بەغداد لەلایەن ئامریکاوە, تاوانبار یەکێکە لەوانەی کە تاوانبارە بەرامبەر کۆمەڵکوژیی کورد. 7607

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-17** وەزیری دەرەوەی داگیرکەری سووریا فاروق ئەلشەرع ڕایگەیاند کە سووریا بەهیچ جۆرێك ئامادە نییە بپشکنرێت بۆ چەکی کیمیاویی و فرەکوژ. **7609**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-18** مەسعود بارزانی یاداشتنامەیەکی ئاڕاستەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و پارتە ئێراقییەکان کرد بۆ یارمەتی و گرنگیدان بۆ دۆزینەوە یان نهێنی هەڵماڵینی ئەو هەزاران کوردەی کە لە ئەنفالی بەدناودا بزربوون. **7619**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-18** دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵی تر لەنێوان کەرکوك و سلێمانی کە سەدان کوژراوی تێدایە. **7611**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-20** پەڕلەمانی باشووری کوردستان کۆتایی بەباری نائاسایی باشووری کوردستان هێنا. **7612**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-20** پارتی نزیکەی 750 دیلی سوپای داگیرکەری ئێراقی ئازاد کرد, ئەو دیلانە کامپێکیان لە ناوچەی ئەشکەوتانی دیانا بۆ تەرخانکرابوو. **7614**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-22** دۆزینەوەی گۆڕستانێکی بەکۆمەڵ لە شاری بەغداد کە گۆڕی 1000 کەسی تێدایە, ئەمانە گۆڕی ئەو کەسانەیە کە لەلایەن د.ق بەبێ دادگایی لەسێدارە دراون و چاودێرەکان واڕادەگەیەنن کە نیوەی زۆرتری ئەو گۆڕانە کوردن. گۆڕەکان ناویان لەسەر نییە و تەنها ژمارە لەلای کێلەکانیانەوە دانراوە. **7620**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-22** سەردانی جێ. گارنەری سەرۆکی دەستەڵاتی مەدەنی لە ئێراق بۆ باشووری کوردستان, نێوبراو لە هاوینەهەواری دوکان چاوی بە جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی کەوت و هەروەها سەردانی زانکۆی سلێمانیی کرد و وتارێکی بۆ خوێندکاران و مامۆستایانی ئەو زانکۆیەدا و ڕای گەلێك باشی بۆ ئەزموونی کورد دەربڕی. **7618**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-23** سەردانی جێ. گارنەر بۆ هەولێر و لە پەڕلەمانی باشووری کوردستاندا وتارێکی بۆ پەڕلەمانتاران خوێندەوە و پاشان چوو بۆ شاری موسڵ. **7624**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-27** ڕووداني پێکدادانێك لە نێوان هێزەكاني پكك و د.ت و بووە هۆی کوژراني دوو تورك و بريندار‌بووني دوواني تر. **7625**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-28** بەستني كۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراقی لە بەغداد بەسەرپەرشتیی ئامریکا، پارتی و یەکێتیش تێیدا بەشدارن. **7626**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-28** شاندێکی كۆنگرەی نیشتمانی کورد لە ئامریکا KNC بەسەرۆکایەتیی پرۆفیسۆر ئەسعەد خەیلانی چاوی بە جۆرج بوشی سەرۆکی ئامریکا کەوت. **7636**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-29** چوونی جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی بۆ بەغداد بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکانی لایەنە ئێراقییەکان بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی کاتیی ئێراقی. **7628**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-30** تەواوی هێزەکانی پارتی لە موسڵ پاشەکشەیانکرد. **7635**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-30** دادگای تاوانی سلێمانی فەرمانی گرتنی تاوانبار شێخ جەعفەری دەرکرد. **7642**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك org.puk.www//:http

**2003-04-30** دەرچوونی ژمارە 1ی هەفتەنامەی باسەڕە لە کەرکوك. **7632**

**2003-05-00** نەمانی خاڵە گومرگییەکانی نێوان سنوورەکانی پارتی و یەکێتی. **7644**

**2003-05-00** سەرەتای ئەم مانگە: ڕووداني پشێوییەك لە شارۆچکەی خالس لە نزیك بەغدا لە نێوان کورد و عەرەبدا و بووە هۆی کوژراني چەند کەسێك لە هەردوولا. **7645**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-00** سەرەتای ئەم مانگە: سەرچاوەکان واڕادەگەیەنن کە سەددام نامەیەکی بۆ جەلال تاڵەبانی ناردبێت و داوای پاراستنی خێزانەکەیی لێکردبێت. **7646**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-00** بەهۆی تێکچوونی باری ناوخۆیی ئێراقەوە پەناهاندەکانی خۆرهەڵات لە کەمپی ئاڵتاش بارودۆخی بژێوی و ئاساییشیان زۆر خراپ بووە و ژمارەیەکیشیان بەدەستی عەرەبەکانی ڕومادی کوژران. **7681**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-00** ئەم مانگە: بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی سکچوونی منداڵان بەشێوەیەکی بەرفراوان لە باشووری کوردستاندا. **7665**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-00** ئامریکییەکان لە کەرکوک زۆربەی پاڵێوراوە عەرەبەکانیان گرت، بەتاوانی ئەوەی کۆنە بەعسین و دەستیان هەبووە لە هێرشکردن بۆسەر هێزەکانی ئامریکا و کورد لە ڕۆژانی ڕابردوودا. **7672**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-01** ڕووداني بومەلەرزەیەك لە شاری بینگۆل و بووە هۆی کوژران و بریندابوونی سەدان کەس. بومەلەرزەکە خانەیەکی ناوخۆیی خوێندکارانی ڕووخاند کە نزیکەی 198 خوێندکاری تێدابوو. **7634**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-02** بەهۆی فریاگوزاریی خراپی داگیرکەری تورکەوە بۆ لێقەوماوانی بوومەلەرزەکەی شاری بینگۆل ڕاپەڕینێکی جەماوەریی لەم شارەدا ڕوویدا و پۆلیسی تورك کەوتە تەقەکردن لە ئاپۆرای خەڵکی و دەیان کەس گیران. **7639**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-02** ئامریکا ڕایگەیاند کە تەها محێدین مەعروف گرتووە, نێوبراو ژمارە 46ی لیستە 55 کەسییەکەی ئامریکایە و بەڕەگەز کوردە و ساڵانێکیشە یاریدەدەری دیکتاتۆر سەددام حسەینە. **7637**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-02** ڕزگارکردنی 5 خوێندکار لەو قوتابخانەیەی کە دوێنێ بە بوومەلەرزە لە شاری بینگۆلدا ڕووخا. **7638**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-03** دکتۆر بەرهەم ساڵح لە قاهیرە ڕایگەیاند کە کۆمەڵەی عەرەبی هەڵوێستی ئەرێنیی هەبووە بەرامبەر ڕژێمی سەددام و پێویستە ئەم کۆمەڵەیە داوای لێبوودن لە کورد و ئێراقییەکان بکات. **7640**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-04** سەردانی گارنەر بۆلای مەسعود بارزانی لە بەغداد, نێوبراو ڕایگەیاند کە ئێراقێکی دیموکراتی هەربە یارمەتی و بەشداریی کەسێکی وەك مەسعود بارزانی دەبێت. **7641**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-05** ڕوودانی هەڵبژاردنێك لە شاری موسڵ بۆ بەڕێوەبردنی ئەو شارە, شایانی باسە هەرچەندە موسڵ شارێکی کوردستانییە کەچی ژمارەی کورد لە دەستەی بەڕێوەبەرێتیی نوێدا گەلێك کەمن و عەرەبەکان زۆرینەن. **7643**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-06** لەسەر بانگهێشتنی زانکۆی بیلەفێلدی ئەڵمانی مامۆستا جەمال نەبەز سەمینارێك لەسەر ئێراقی پاش سەددام و دەوروبەری پێشکەش دەکات. **7627**

**2003-05-08** دانانی دادگایەکی تایبەت لە بەغداد بۆ تاوانەکانی ڕژێمی سەددامی لێکەوتوو. **7647**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-09** پێنجەمین دانیشتنی کۆڕی زانستیی زمانی کوردی لەلایەن ئەنیستیتوی کوردستان لە تاران بەسترا. لە کۆبوونەوەکەدا چەندین زانای زمانەوانی بەشداربوون و پەیڕەوی کاری داهاتوویان داڕشت. **7649**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی کوردستان نێت http://www.kurdistannet.org

**2003-05-11** ژێنەڕاڵ مایەرز ڕایگەیاند کە گاردی کۆماریی ئێراقی و پاسەوانی تایبەتیی سوپای ئێراق هەڵدەوەشێنرێتەوە. **7653**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-11** دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵی کورد لە ناوچەی شنافیەی نێوان نەجەف و سەماوە لە باشووری ئێراق. ئەم گۆڕە نزیکەی هەزاران تەرمی ئەنفالکراوەکانی تێدایە و زۆربەیان ژن و منداڵن. **7652**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-11** کۆبوونەوەی مەسعود بارزانی و سەرۆکی سی ئای ئەی لە بەغداد. **7650**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-11** وتەبێژێکی پارتی ڕایگەیاند کە کورد ئامریکییەکان گەیشتوونەتە ڕێکەوتنێکی باش بۆ گەڕانەوەی کوردەکانی کەرکوك و ناوچەکانی تر. **7651**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-12** ڕوودانی پشێوییەك لە شارۆچکەی جەلەولا لە نێوان عەرەب و کوردا و بووە هۆی کوژرانی 3 عەرەب و دیلکردنی ژمارەیەکی زۆریان لەلایەن یەکێتییەوە. **7658**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-12** پکك ئامریکای ئاگادارکردەوە کە هێرش نەکاتە سەر هێزەکانی لە باشووری کوردستاندا، سەرچاوەکان ڕادەگەیەنن کە پکك نزیکەی 5 هەزار چەکداری لە باشووری کوردستان هەیە. **7657**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-12** پەرلەمانی باشووری کوردستان بڕیاریدا ڕۆژی 9ی ئەپریل، ڕۆژی گیرانی بەغداد بکرێتە پشووی فەرمی. **7656**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-12** پارتی بنکەی ئیتلائاتی ئێرانی لە شاری دهۆك داخست. **7655**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-12** پەرلەمانی باشووری کوردستان بڕیاریدا کە هێزەکانی تورك کە ناسراون بە PMF لە کوردستان بچنە دەرەوە. **7654**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-14** حیزبوڵڵای کورد خۆیی هەڵوەشاندەوە. **7662**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-17** ڕوودانی پشێوییەك لە شاری کەرکوك لە نێوان کورد و عەرەبدا و بووە هۆی کوژرانی 10 کەس و برینداربوونی دەیانی تر. **7663**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-18** وەزیری دەرەوەی د.ت عەبدوڵڵا گیول ڕایگەیاند کە تورکیا کونسوڵخانەی خۆی لە هەردوو شاری سلێمانی و هەولێر دەکاتەوە. **7664**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-19** مەسعود بارزانی نامەیەکی ئاڕاستەی دانیشتووانی کەرکوك کرد تاوەکو چیدی پشێوی لە شارەکەدا دروستنەکەن. **7667**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-20** دامەزراندنی سەنتەری چاوەدێریی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان. **7673**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**2003-05-20** جۆن ساورەزی نوێنەری بەریتانیا لە عێراق ڕایگەیاند کە پێویستە سنووری دەسەڵاتی کوردی فراوانتر بکرێت بەرەو کەرکوك و موسڵ، چونکە ئەو سنوورە، سنوورێکی زۆردارانەیە و سەددام دایناوە. **7666**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-21** جەلال تاڵەبانی ڕایگەیاند: دەزانین شوێنی ساجیدەی ژنی سەددام و هەردوو کچەکەی لە کوێیە و بەهۆی کەسێکەوە پێمانڕاگەیاندوون بێنە کوردستان و ئێمە هەموو ژیانێکی ئاسایشیان بۆ دابین دەکەین. چونکە ئەوانە هیچ پەیوەندییەکیان بە تاوانەکانی سەددامەوە نییە. **7668**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-21** دادگاییکردنی مەروان عوسمان و حەسەن ساڵحی ئەندامانی بیرۆی ڕامیاریی پارتی یەکێتیی کورد لە سووریا لەلایەن د.س بەتاوانی جیاخوازی. **7670**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی عەرەبی: الزمان 22-05-2003

**2003-05-22** ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، گەمارۆی ئابووریی لەسەر ئێراق لابرد. **7671**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-23** هەڵوەشاندنەوەی سووپای داگیرکەری ئێراق و دەزگای ئاسایش و هەواڵدەریی سەربازیی سووپای ئێراق لەلایەن ئامریکییەکانەوە. **7674**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-25** هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی شاری کەرکوك, 11 کورد لە 30 کەس بۆ ئەم ئەنجوومەنە هەڵبژێردران و کورد بووە زۆرینە لە ئەنجوومەنەکەدا, هەڵبژاردنەکە بە چاودێریی ئامریکییەکان بوو. **7675**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-28** سەردانی پۆل بریمەری سەرۆکی دەستەڵاتی مەدەنیی هاوپەیمانان بۆ هەولێر. **7677**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-28** پارێزەر عەبدولڕەحمان مستەفا بەزۆرینەی 20 دەنگ بووە پارێزگاری شاری کەرکوك. **7678**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-30** دۆزینەوەی گۆڕێکی تری بەکۆمەڵ لە ناوچەی دوبزی کەرکوك، لەم گۆڕەدا نزیکەی 200 منداڵ و 100 ژنی کوردی تێدا نێژراوە و مێژووی گۆڕەکە دەگەڕێتەوە بۆ کاتی ئەنفالەکان. **7676**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-06-00** ئەم مانگە: دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە نزیك شاری ناسریەی باشووری ئێراق کە نزیکەی 1000 ئەنفالکراوی تێدایە. **7689**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-06-00** دەوڵەتی سوید بڕیاریدا 100 هەزار کتێبی منداڵان بە کوردی لە باکوری کوردستاندا بەخۆڕایی دابەشبکات. **7679**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-06-00** ئەم مانگە: دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە نزیك شاری کەرکوك کە نزیکەی 3000 ئەنفالکراوی تێدایە. **7690**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-06-00** ڕێکخراوی چاودێریی وزەی ئەتۆمیی جیهان داوای لە ئێران کرد کە بنکە ئەتۆمییەکانی بپشکنێت, بەڵام ئێران ڕەفزی کرد. **7693**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-06-00** تەواوبوونی وێنەگرتنی فیلمی نامۆیی لە نووسین و دەرهێنانی هونەرمەند شۆڕش قادر, ئەم فیلمە باس لە کێشەکانی کورد لە هەندەران دەکات و ئەمەش ناوی هەندێك لەو هونەرمەندانەیە کە بەشداربوون: شەماڵی عەبە ڕەش, شادان فوئاد, سەلاح مەجید, ... **7685**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**2003-06-00** ئەم مانگە: سوپای ئامریکی لە زاوێتە ڕاهێنان بە چەند دەستەیەکی پێشمەرگە و سەربازی ئێراقی دەکات تاوەکو ببنە پێشەنگی دامەزرانەوەی سوپای ئێراق. **7694**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-06-00** ئەم مانگە: ڕوودانی کۆمەڵێك خۆپیشاندانی زۆر لە تاران و شارە گەورەکانی تری ئێران لە دژی ڕژێمی مەلاکان. **7692**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-06-00** ئامریکا داوای لە حسك و بزووتنەوەی ئیسلامی و کۆمەڵەی ئیسلامی کرد کە چەکەکانیان دابنێن, چونکە تەنها یەکێتی و پارتی بۆیان هەیە چەکداربن. **7688**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-06-00** ڕوودانی دوو تەقینەوە لە بۆرییەکانی ناردنەوەی نەوتی ئێراقی لە نێوان ئێراق و تورکیا لە دوو ڕۆژی جیاوازدا, ئەم تەقینەوانە بووەهۆی دواکەوتنی ناردنەدەرەوەی نەوت. **7691**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-06-00** 340 ڕێکخراوی نا حوکومی داوای لە د.ت کرد تاوەکو لێبووردنێك بۆ کورد دەربکات. **7695**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-06-01** خالید عەزیزیی نوێنەری حدکا لە ئامریکا لەگەل دەستەلاتدارانی ئامریکا کۆبووەوە و لە ئەنجامدا حدکا هاتە سەر ئەو باوەڕەی داوای فیدراڵی بکات بۆ کوردستانی بندەستی ئێران. **7680**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-06-05** کۆبوونەوەی مەسعود بارزانی و شیعەکانی ئێڕاق لە نەجەف. **7682**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-06-08** دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە لە پارێزگای ئەردەهانی تورکیا، ئەم گۆڕە 300 کورد و ئەرمەنیی تێدایە و مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم. تورك ڕاگەیاند کە ئەم گۆڕە هی ئەو تورکانەیە کە بەدەستی ئەرمەن کوژراون. **7698**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-06-08** کۆنگرەی پارتی دەهەپ DEHEP لە ئەنکەرە بە ئامادەبوونی 100 هەزار کەس, لە کۆنگرەکەدا تونجای باکرهان کرایە سەرۆکی نوێی دەهەپ. **7684**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-06-09** بەبۆنەی 11هەمین ساڵڕۆژی پەرلەمانی کوردستانەوە, پەرلەمان کۆبووەوە و نوێنەرانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێڕاقی و ئامریکییەکان بانگهێشتن کرابوون. لە کۆبوونەوەکەدا جەخت لەسەر فیدراڵی بۆ کوردستان کرایەوە. **7683**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-06-10** ئامریکییەکان لە گەڕەکی مەنسووری شاری بەغداد بارەگای پارتییان گرت و هەرچی چەکداری تێدابوو چەکیانکرد, ئەم ڕەفتارەی ئامریکییەکان پارتیی زۆر تووڕەکرد. **7686**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-06-12** کۆبوونەوەی مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی و هەردوو مەکتەبی سیاسیی ینك و پارتی لە دوکان و بڕیاری یەکخستنی هەردوو کارگێڕی هەولێر و سلێمانییاندا. **7687**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-06-14** گیرانی خاتوو گوڵبەهار گوندوزی بەرپرسی ژنانی دەهەپ لەلایەن پۆلیسی تورکەوە، نێوبراو پاشئەوەی دەستدرێژییان کردەسەر و ئەشکەنجەیاندا، ئازادیانکرد. **7696**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-06-17** گیرانی مریەم ڕەجەوی و 150 ئەندامی تری ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق لەلایەن پۆلیسی فەڕەنساوە لە پاریس. **7697**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-06-20** بەستنی کۆنفڕانسی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە ئەمستەردام, ئەم کۆنفڕانسە 2 ڕۆژ دەخایەنێت. **7699**

**2003-06-25** خۆپیشاندانی کوردەکانی شام بەبەشداربوونی 200 منداڵی کورد لەبەردەم بارەگای یونیسێف لە شام, لە ئەنجامدا پێکدادانێك لەنێوان پۆلیسی سووری و خۆپیشاندەران ڕوویدا و بووە هۆی برینداربوونی 4 کەس و گیرانی چەند کەسێك. **7701**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-06-27** عەبدولقادر چاکسۆی وەزیری ناوخۆی تورکیا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەییدا, پرۆژەی یاسایەکی ئاشکراکرد سەبارەت بەلێبووردنی هەندێك لە چەکدارەکانی پکك و کەمکردنەوەی سزاکانی سەر هەندێکی تریان, بەرامبەر بە دانەوەی چەکەکانیان. **7702**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-06-28** سەردانی پاوڵ بریمەر بۆ کەرکوك و لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ پارێزگاری کەرکوك بەڵێنی گەڕانەوەی ئاوارە کوردەکانی کەرکوکیدا. **7700**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-07-00** دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە ناوچەی عەممارە, ئەم گۆڕە 100 تەرمی کوردی تێدایە و لە ساڵی 1988دا ئەنفال کراون. **7709**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-07-00** کۆچی دوایی قسەخۆشی شاری سلێمانی حەسەنی شیرین. **7712**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-07-00** دۆزینەوەی دێکۆمێنتێکی موخابەراتی ئێراقی کە بە مێژووی 10-12-1989 لە لکی موخابەراتی کەرکوکەوە نێردراوە بۆ موخابەراتی گشتی لە بەغداد, لەم دێکۆمێنتەدا ناوی چەندین ئافرەتی کوردی ئەنفالکراو هاتووە کە تەمەنیان لە نێوان 14 تا 29 ساڵدایە و نێردراون بۆ مەلها و نایتکلاپەکانی وڵاتی میسر. **7710**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-07-00** دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە ناوچەی حەزەر, ئەم گۆڕە 30 تەرمی خەڵکی ناوچەی سووداشی تێدایە و لە ساڵی 1988دا ئەنفال کراون و زۆربەیان ژن و منداڵن و بەجلی کوردییەوە نێژراون یان زیندەبەچاڵ کراون. **7708**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-07-01** لە ڕێوڕەسمێکی کوردی و ئامریکیدا, لە شاری هەولێر بناغەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر دانرا. شایانی باسە ئاهەنگی کردنەوەی ئەم بناغەیە بە سروودی ئەی ڕەقیب و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان دەستی پێکرد. **7703**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-07-03** دەستەڵاتی مەدەنی لە ئێراق بڕی 25 ملیۆن دۆلاری وەك خەڵات بۆ ئەو کەسە دانا کە دەبێتە هۆی گیران یان کوشتنی سەددام حسێن و هەروەها 15 ملیۆن دۆلاریش بۆ گیران یان کوشتنی عودەی و قوسەی. **7705**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-07-03** لە تەقینەوەیەکدا لە شاری موسڵ پەیامنێری کوردستانی تی ڤی کوژرا. **7704**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-07-04** تیرۆرکردنی 5 کورد لە گەڕەکی وسەڵڵای شاری کەرکوك. **7707**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-07-04** چەککردنی بارەگای بەرەی تورکمانی لەشاری سلێمانی, لەم بارەگایەدا 3 ئەفسەر و 8 دەرەجەداری تورکیای تێدابوو و لەلایەن ئامریکییەکانەوە گیران. هەواڵەکان وا ڕادەگەیەنن کە ئەمانە ویستوویانە پارێزگاری کەرکوك عەبدولڕەحمان مستەفا تیرۆر بکەن. ئەم کارەی ئامریکا بووە هۆی دروستبوونی کێشەیەکی دیپلۆماسیی گەورە لە نێوان تورکیا و ئامریکادا. **7706**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-07-10** گیرانی عەلی باپیری ئەمیری کۆمەڵەی ئیسلامی و 13 ئەندامی تری کۆمەڵە لەلایەن ئامریکییەکانەوە. **7713**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-07-13** دامەزراندنی ئەنجومەنی حوکمڕانیی ئێراق، ئەم ئەنجومەنە لە 25 کەس پێکهات و 5یان کوردن. **7711**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-07-14** لە شاری سلێمانی کۆمەڵێك ڕووناکبیر و ڕۆژنامەنووس و مامۆستای زانکۆ و پارێزەر و هونەرمەند لە دانیشتنێکی کراوەدا لە هۆڵی سلێمانیی سەنتەری گەنجان پڕۆژەیەکیان بەناوی بەرەو ڕیفراندۆم بۆ دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد خستەڕوو. بەپێی ئەم پڕۆژەیە ئەو ڕیفراندۆمە دەبێتە هۆی بڕیاردانی چارەنووسی خەڵکی کورد و هەڵبژاردنی جۆری حوکم. **7717**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی کوردستان نیوز

**2003-07-15** دۆزینەوەی 3 گۆڕی بەکۆمەڵ لە ناوچەی ریازی باشووری موسڵ, ئەم گۆڕانە تەرمی 60 کوردی تێدایە و لە ساڵی 1991دا بەفەرمانی عەلی کیمیاوی گوللەباران کراون. **7718**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی کوردستان نیوز

**2003-07-16** ڕوودانی خۆپیشاندانێك لە شارۆچکەی دەربەندیخان، خۆپیشاندانەکە لەلایەن ئاسایشی دەربەندیخانەوە بڵاوەپێکرا و چەند کەسێکیش گیران. **7720**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-07-16** دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە گوندی حەساری خوارووی کەرکوك, کە تەرمی 200 کوردی تێدایە. ئەمانە ئەوانەن کە لە ڕاپەڕینەکەی ساڵی 1991دا لەلایەن د.ق دەستگیرکران و لەو گۆڕەدا بە فەرمانی تاوانبار عیززەت ئەلدووری گوللەباران کران. شایانی باسە زۆربەی تەرمەکان بەجلی کوردییەوەن. **7716**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی کوردستان نیوز

**2003-07-17** عەبدوڵڵا ئوجەلان ڕایگەیاند کە ئامادەیە لە تورکیا دووربخرێتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە تورك دیاریی دەکات بەو مەرجەی کێشەی کورد لە تورکیا چارەسەر بکرێت. **7719**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-07-22** کوژرانی عودەی و قوسەی هەردوو کوڕەکەی سەددام لە شاری موسڵ لەلایەن ئامریکییەکانەوە. **7721**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-08-00** کۆتایی ئەم مانگە: ڕوودانی چەند پێکدادانێك لەنێوان هێزەکانی پکك و د.ت و بووە هۆی کوژران و بریندارکردنی چەند کەسێك لە هەردوولا. **7730**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-08-00** ئەم مانگە: ویستی ڕیفراندۆم لەناو ڕووناکبیرانی کوردا بەتەواوەتی بڵاوبووەوە و چەند لیژنەیەك لە سلێمانی و شوێنەکانی تردا بۆ بەرەو ڕیفراندۆم دروستبوو. **7732**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-08-13** کۆچی دوایی زمانەوان د. پاکیزە ڕەفیق حیلمی لە بەغداد و پاشان تەرمەکەیان بردەوە بۆ سلێمانی و لەوێ نێژرا. **7746**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-08-19** گیرانی تاوانبار تەها یاسین ڕەمەزان جەزراوی لە شاری موسڵ لەلایەن ینك, پاشان درایە دەست ئامریکییەکان, نێوبراو نایبی سەرۆك کۆماری عێراق بوو و بەڕەگەز کوردە. **7723**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-08-21** گیرانی تاوانبار عەلی حەسەن مەجید لەلایەن ئامریکییەکانەوە. 7722

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-08-22** بەهۆی ئاژاوەیەکەوە کە تورکمانەکان لە شارۆچکەی دوز نایانەوە، 5 تورکمان کوژران و بارودۆخی نێوان کورد و تورکمان تێکچوو. 7725

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-08-22** لەسەر لوتکەی هەڵگورد کورد و ئامریکییەکان ئاڵای کوردستان و ئامریکایان هەڵکرد. 7727

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-08-23** ڕوودانی پشێویەك لە شاری کەرکوك و بووە هۆی کوژرانی 3 کورد و 3 تورکمان. 7726

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-08-27** لە پێکدادانێکی نێوان ئەنسارولئیسلام و ئاسایشی سلێمانیدا، یاریدەدەری سەرۆکی ئاسایشی سلێمانی حەمە حسەین و منداڵێکی 5 ساڵە بەناوی محەمەد جەماڵەوە کوژرا و لە ئەنسارولئیسلامیش 3 کەس کوژران. 7724

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-08-29** بەهۆی کوژرانی ئایەتوڵڵا محەمەد باقر حەکیمەوە لە نەجەف 3 ڕۆژ پرسەی فەرمی لە هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی دانرا. 7731

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-09-00** ئامریکییەکان ئاڵای کوردستانیان لە کەرکوك داگرت, ئەم کارەی ئامریکییەکان بووە هۆی نارەزایی زۆرینەی کورد و دڵشادیی تورکمانەکان, پاشان ڕایانگەیاند کە بارەگای لایەنەکان و ماڵە کوردەکان دەتوانن ئاڵای کوردستان بەرزبکەنەوە. 7743

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-09-00** ئەم مانگە: ئازادکردنی ناولێنانی کوردی لە منداڵانی کورد لە تورکیا, ناولێنانی کوردی تا پێش ئەم مێژووە لە تورکیادا سزای تایبەتیی هەبوو. 7747

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-09-01** دابەشکردنی وەزارەتەکانی ئێراق لە ئەنجوومەنی دەستەڵاتدا, چەند پۆستێك درایە کورد, لەوانە وەزارەتی دەرەوە کە درایە هوشیار زێباری. 7733

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-09-09** هوشیار زێباری وەك وەزیری دەرەوەی ئێراق بەشداریی لە کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی عەرەب لە قاهیرە کرد. 7734

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-09-09** لە ڕووداوێکی تیرۆریستیی خۆکوژیدا، کاتژمێر 21.45 بەکاتی باشووری کوردستان، ئۆتومبیلێکی مینکراو لەنزیك بارەگای هاوپەیمانان لە گەڕەکی شۆڕشی شاری هەولێر تەقییەوە و بووە هۆی کوژرانی منداڵێکی 4 ساڵی و بریندارکردنی 45 کەس و بریندارکردنی 4 لە هاوپەیمانان و زیانی ماڵیش بە نزیکەی 10 خانوو و 10 ئۆتومبیل کەوت. 7735

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-09-11** کۆچی دوایی وەزیری دەرەوەی سوید ئەننا لیند بەهۆی هێرشێکی تیرۆریستانەوە، نێوبراو دۆستێکی نزیکی گەلی کورد بوو. 7736

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-09-11** سەردانی پاوڵ بریمەری بەڕێوەری ئامریکا لە ئێراق بۆ هەولێر و سلێمانی. 7738

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-09-12** ئەحمەد چەلەبیی سەرۆکی کاتیی ئەنجوومەنی دەستەڵاتی ئێراق لە سەردانێکیدا بۆ تورکیا ڕایگەیاند کە دژی هەر هێرشێکی تورکە بۆسەر پکك لە باشووری کوردستاندا. 7737

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-09-15** سەردانی کۆڵن پاوڵی وەزیری دەرەوەی ئامریکا بۆ شاری هەڵەبجە. ناوبراو لە وتارێکیدا ئەوەی ڕاگەیاند کە ڕووداوەکانی ساڵی 1988 چیدی دووبارە نابێتەوە. 7739

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-09-17** هەوڵی کوژرانی میر تەحسین بەگی میری یەزیدییەکان درا، بەڵام بەسووکی بریندار بوو. 7740

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-09-18** کۆچی دوایی ئەدیب و نووسەر مامۆستا شوکور مستەفا، نێوبراو خاوەن ئەزموونێکی گەورەی ئەدەبی و 40 پەرتووك بوو. 7741

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-09-23** لە کۆبوونەوەی بەرفراوانی نەتەوەیەکگرتووەکاندا، کوفی ئەنان هەڵەبجەی بەڕووداوێکی ژینۆسایدی گەورە ناوبرد. 7744

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-09-28** سەردانی وەفدێکی کۆنگرێسی ئامریکی بۆ شاری کەرکوك. 7745

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-10-00** بەبۆنەی بڕیاردانی هاتنەناوەوەی سوپای تورک بۆ باشووری کوردستان و ئێراق، لە زۆربەی شارەکانی باکووری کوردستان خۆپیشاندان سازکرا. 7751

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-10-00** ئەم مانگە: بەهۆی ڕێکەوتنی ئامریکا و تورک بۆ ناردنی هەزاران سەربازی تورک بۆ ئێراق، ناڕەزاییەکی زۆر لە نێو خەڵکی کوردا دروستبوو، هەروەها ئەنجوومەنی دەستەڵاتی ئێراقیش بەوە ڕازی نییە کە سەربازی تورک بێتە ئێراقەوە. 7748

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-10-10** کۆبوونەوەی بیرۆی ڕامیاریی هەردوو حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و حیزبی سۆسیالٚ دیموکراتی کوردستان – حسک لە شاری سلێمانی بەمەبەستی یەکگرتنی هەردوو حیزبەکە. 7758

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-10-11** پەڕلەمانی باشووری کوردستان بەزۆرینەی دەنگ دژی هاتنەناوەوەی سوپای تورک وەستایەوە. 7750

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-10-14** ڕوودانی تەقینەوەیەك لە باڵوێزخانەی تورک لە بەغداد و بووە هۆی کوژران و برینداربوونی چەند تورکێك. 7749

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-10-26** خوێندکارانی شاری کەرکوك خۆپیشاندانێکیان سازدا بۆئەوەی خوێندن لە کەرکوکدا بکرێتە کوردی. 7753

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-10-28** تیرۆرکردنی ڕۆژنامەوانی کورد ئەحمەد شەوکەت لە شاری موسڵ، نێوبراو سەرنووسەری ڕۆژنامەی عەرەبیی (بلا اتجاه) بوو. 7756

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-10-29** ڕوودانی خۆپیشاندانێك لە خانەقین، بۆئەوەی ئەم شارە بە فەرمی بکرێتە شار و بخرێتەوە سەر ناوچە کوردییەکان. 7754

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-11-00** هونەرمەند ڕێبوار سەعید خەڵاتی باشترین پرۆژەی هونەریی ساڵی 2003ی بەریتانیای وەرگرت. 7759

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-11-00** هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد خەڵاتی یەکەمی کۆنفڕانسی منداڵانی جیهانی وەرگرت. **7761**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-11-01** جەلال تاڵەبانی بووە سەرۆکی ئەنجوومەنی دەستەڵات لە ئێراق. **7755**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-11-07** د.ت بەفەرمی دانی بەوەدانا کە سوپای تورک نانێرێت بۆ ئێراق, بەمەش تورک بەرەوڕووی دۆڕانێکی سیاسیی گەورە بووەوە لەگەڵ کوردا. **7757**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-11-15** جەلال تاڵەبانی لەگەڵ پۆڵ بریمەردا ئیمزای فیدراڵیی پارێزگاکانی لە ئێراقدا کرد. **7779**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-11-20** تەقینەوەی ئوتومبیلێك لەبەردەم بارەگای یەکێتی لە کەرکوك, ئەم هێرشە خۆکوژی بوو و بووە هۆی کوژرانی 4 کەس و بریندارکردنی 33ی تر. **7763**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-11-21** دامەزراندنی کۆمیتەی بەدادگایی گەیاندنی فڕانس فان ئانڕات لە ئامستەردام. **9117**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-11-27** چوونی سەرۆکی ئامریکا جۆرج بوش بۆ بەغدا و لەوێ جەلال تاڵەبانی چاوی پێی کەوت. **7766**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-12-06** بەستنی 4هەمین کۆنگرەی حیزبی سۆسیال دیموکراتی کوردستان – حسك لە سلێمانی. **7765**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-12-06** سەردانی وەزیری بەرگریی ئامریکی رامسفیڵد بۆ کەرکوك و لەگەڵ پارێزگاری کەرکوکدا کۆبووەوە. **7764**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-12-07** نیشتنەوەی یەکەمین فڕۆکەی سیڤیل لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر. **7767**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-12-13** هێزەکانی ئامریکا بە یارمەتیی هێزە ئێراقییەکان سەددام حسەینیان لە گوندێکی نزیکی شاری تکریت دەستگیرکرد. ئەم هەواڵە تا ڕۆژی سبەینێ بڵاونەکرایەوە. ئەو پرۆسە سەربازییەی کە سەددامی پێگیرا ناوی بەیانی سوور بوو. **7769**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-12-14** باڵوێزی ئامریکا لە ئێراق پۆل بریمەر ڕایگەیاند: دوێنێ 13-12-2003 هێزەکانی ئامریکا بە یارمەتیی هێزە ئێراقییەکان سەددام حسەینیان لە گوندێکی نزیکی شاری تکریت دەستگیرکرد. ئەم هەواڵە بووە هۆی دڵخۆشیی خەڵکی کورد لە کوردستان و جەماوەر بەم بۆنەیەوە ڕژایە سەر جادەکان و ئاهەنگیان گێڕا. **7768**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-12-14** سەرچاوەکان واڕادەگەیەنن کە گرتنی سەددام بەیارمەتیی هێزەکانی یەکێتی بووە. **7770**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-12-18** مەسعود بارزانی لە ڕۆژنامەی خەباتدا وتارێکی بڵاوکردەوە و تێیدا ناڕەحەتتی خۆیی بەرامبەر پاشەڕۆژی کورد و فیدراڵی لە عێڕاقدا دەربڕی. **7775**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-12-21** کۆچی دوایی نیزامەدین گلی بە ڕووداوی ئۆتومبیل, نێوبراو نوێنەری پارتی بوو لە ئەنجوومەنی شارەوانیی کەرکوك. **7789**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-12-22** ڕوودانی خۆپیشاندانێکی گەورە لە شاری کەرکوك بۆ گێڕانەوەی ئەم شارە بۆ نێو سنووری کوردستان، خۆپیشاندانەکە دەیان هەزاران کورد بەشداریی تێداکرد. **7771**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-12-22** تیرۆریستان هێرشێکیان کردە سەر ئۆردوگای ئەلتاشی ڕوومادی و ئەم هێرشە بووە هۆی کوژرانی 4 کوردی خۆرهەڵات و برینداربوونی زۆرتر لە 10ی تر. **7774**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-12-22** بەهۆی هەڵبژاردنی ڕێکخراوەکانی خوێندکارانەوە، دووبەرەکییەکی ڕاگەیاندن لەنێوان پارتی و یەکێتیدا بەرپابوو. **7772**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-12-24** تەقینەوەی ئۆتومبیلێکی مینکراو لە شاری هەولێر کە بووە هۆی کوژران و بریندارکردنی دەیان کەس. **7777**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-12-25** کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای ریفراندۆم لە هەولێر بە ئامادەبوونی لیژنەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان و حاکمی رامیاریی ئامریکا لە باشووری کوردستان. **7786**

**2003-12-31** تورکمان و عەرەب لەژێر دروشمی "لا ئیلاهە ئیللەڵڵا کوردستان عەدووڵڵا" خۆپیشاندانێکی بێ مۆڵەتیان سازکرد و تەقەیان لە بارەگای یەکێتی کرد, لە ئەنجامدا چەکدارەکانی یەکێتی لێیان هاتنەدەست و چەند کەسێك لە هەردوولا کوژران و برینداربوون. بەم کارەی تورکمان و عەرەب ئاساییشی شاری کەرکوك بەتەواوەتی تێکچوو و کەرکوك لە بارێکی نائاساییشدا پێشوازیی سەری ساڵی نوێی کرد. **7778**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004** دۆزینەوەی نزیکەی 60 شوێنەوار لە ناوچەکانی مەهاباد, مێژووی هەندێك لەم شوێنەوارانە دەگەڕێتەوە بۆ 9 هەزار ساڵ لەمەوپێش. **9303**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004** رەحیمی خورشیدوەند فەرماندەی هێزە ئینتزامییەکانی پارێزگای کوردستان (خۆرهەڵات) رایگەیاند کە رێژەی ئاشکرا کردنی مادە بێهۆشکەرەکان تا 160٪ زیادی کردووە. بە پێی هەواڵی ئاژانسی ئیسنای ئێرانی خورشیدوەند گوتی: لەماوەی ئەمساڵدا رێژەی ئاشکراکردنی هێرۆیین گەیشتۆتە 86٪ و بۆ تریاکیش 13٪ بووە، هەروەها لەماوەی ساڵی 2004دا 850 قاچاخچی و 3141 هۆگر و کۆکەرەوەی مادەی بێهۆشکەر لەکوردستان دەستگیر کراون. **8874**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004** تا کۆتایی ئەم ساڵ: ژمارەی سەربازانی سوپای داگیرکەری ئێرانی دەگاتە 11 ملیۆن سەرباز. **8576**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004** زۆربوونی ڕێژەی کرێکاری عەرەب لە شارەکانی باشووری کوردستاندا, بەتایبەتی لە شاری سلێمانیدا. **8625**

**2004** لە موسڵ فرۆشتنی رۆژنامەکانی خەبات و تەئەخی و ئیتیحاد قەدەغەیە و تیرۆریستە عەرەبەکان لێناگەرێن هیچ کتێبخانەیەك ئەم رۆژنامانە بفرۆشێت. **8765**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**2004** لە ماوەی ئەمساڵدا تەنها لە شاری سلێمانی 364 کەس بە ڕووداوی ئوتومبیل گیانیان لە دەستداوە کە 161 کەسیان لاو بوون و 3357 کەسیش برینداربوون. شایانی باسە لەم ساڵەدا ژمارەی ئوتومبیل لە باشووری کوردستاندا بەشێوەیەکی ترسناك بەرزبووەتەوە و شەقامەکانی شارەکانیش بەهۆی خراپی و تەسکییانەوە ناتوانێت ئەو هەموو ئوتومبیلە جێبکاتەوە, هەربۆیە دیاردەی ئاپۆرای شەقامەکان بووەتە کارێکی ئاسایی لە شارەکاندا. **8848**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004** بەرزبوونەوەی ڕێژەی مامۆستا عەرەبەکان لە زانکۆ و پەیمانگاکانی باشووری کوردستاندا. **8875**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004** لەئامارێکی فەرمیدا لەلایەن گومرگی پارێزگای کوردستانەوە، تاکۆتایی ساڵی 2004، هەناردەی کەلوپەلی بازرگانی لەرێگەی سنووری پارێزگای کوردستانەوە بڕی 138ملیۆن و 809 هەزار دۆلار بووە. ئەو ئامارە بەرێژەی ٪4 لە ساڵی پێشوو زیاتر بووە، لەو ماوەیەدا 381 هەزار و 704 تەن کەلوپەل لەرێگەی بازارەکانی سنووریی پارێزگاوە ناردراوە بۆ وڵاتانی دیکە، هەروەها لەو ماوەیەدا، هاوردەی کەلوپەلی بازرگانی، 82 هەزار تەن، بەنرخی 17 ملیۆن و 565 هەزار دۆلار بووە کە بەگوێرەی ساڵی پێشوو، ٪50 کەمتربووە، هەروەها هەر لەو ماوەیەدا 3223 دۆسییەی قاچاخ بەبڕی 5 ملیۆن و 256 هەزار دۆلار لە یەکەکانی دادگایی پارێزگای کوردستاندا کراونەتەوە کە بەگوێرەی 9 مانگی سەرەتایی ساڵی 2004، بەرێژەی ٪22 زیادی کردووە. **8871**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004** ئەمساڵ داگیرکەری تورک بایی 1.5 ملیار دۆلار شتومەکی بۆ ئێراق ناردووە. **8513**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004** بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ماوەی 6 مانگی ئەمساڵدا لە شاری سلێمانی 867 ڕووداوی جیابوونەوەی ژن و مێرد تۆمارکراوە. **9075**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004** بەهۆی تیرۆری عەرەبەکان بەرامبەر کورد, ڕێژەی دانیشتووانی کورد لە ناوچە عەرەبییەکانی ئێراقدا بەرەو کەمی ڕۆیشت و خەڵکێکی زۆری ئەو کوردانە گەڕاونەتەوە ناوچە کوردنشینەکان. **8429**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004** تا ئەم ساڵ: نزیکەی 7850 سکاڵا لەلای دادگای ماف مرۆڤ لە ئەورووپا لە دژی داگیرکەری تورک تۆمارکراوە. **8472**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-01-00** ئەم مانگە: قەیرانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئێران بەوەی کە ئەندامە چاکخوازەکان وەك هەڵوێستێك لە دژی مەلاکان خۆیان هەڵنابژێرن و زۆرینەی چاودێرەکانیش وا ڕادەگەیەنن کە کورد بەشداریی ئەم هەڵبژاردنە نەکات. **7791**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-01-00** دەرچوونی ژمارە سفری گۆڤاری کۆڕی تێکۆشان. **8443**

**2004-01-00** دەستەڵاتدارانی کووەیت و سعوودیە ئاڵای کوردستانیان لە حاجییە کوردەکان سەند و نەیانهێشت حاجیی کورد بە ئاڵای کوردستانەوە حەج بکەن. **7805**

**2004-01-00** نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند کە لەگەڵ تورکیادا لەسەر ئەوە ڕێککەوتووە کە 13 هەزار پەناهاندەی کوردی باکوور لە ئێراقەوە بگەڕێنێتەوە تورکیا. **7802**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-01-00** لەم هەفتەیەدا هەر 5 نوێنەرەکەی کورد لە ئەنجوومەنی حوکمی ئێراق, ئامادەی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن نەبوون وەك پرۆتستۆیەك بۆ ئەو ئەندامانەی دژی فیدراڵین بۆ کوردستان و ئێراق. **7781**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-01-00** تورکیا, سووریا, ئێران, سعوودیە و قەتەر ناڕەزایی خۆیانیان بۆ سیستمی فیدراڵیی نەتەوەیی بۆ باشووری کوردستان و ئێراق دەربڕی و پێیان وایە ئەم ئێراقی پێ بەشبەش دەبێت. **7788**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-01-01** چەند چەکدارێکی عەرەب و بەرەی تورکمانی لە گەڕەکی ئەلواستیی کەرکوك لە ڕێگەی بەغدا کۆنترۆڵێکیان دانابوو بۆ گرتن و تاڵانکردنی خەڵکی کورد, لە ئەنجامدا ئامریکییەکان هێرشیان کردنەسەر و چەند کەسێکیان لێگرتن. **7776**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-01-02** هەردوو ئیمامی شیعەکانی باشووری ئێراق, موقتەدا سەدر و شێخ سەدرەددین قەپانچی لە وتاری ڕۆژی هەینیی ئەمرۆدا ڕایانگەیاند کە دژی کوردستانی فیدراڵن. **7780**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-01-06** چوونی سەرۆکی د.س بەشار ئەسەد بۆ تورکیا، شایانی باسە ئەمە یەکەم جارە لە مێژوودا سەرۆکێکی سووری بچێت بۆ تورکیا. مەبەستی ئەم سەردانە وەستانەوەی هەردوولایانە لە دژی دامەزرانی دەوڵەتی کوردی لە باشووری کوردستاندا. **7784**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-01-06** کۆبوونەوەی پارتی و یەکێتی لە شارۆچکەی دوکان, کۆبوونەوەکە لەسەر لەمەودوا یەکهەڵوێستیی ئەو دوو لایەنە بوو لە کێشە گرنگ و چارەنووسسازەکاندا. بەتایبەتی مەسەلەی فیدراڵی و کەرکوك. **7782**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-01-08** کۆبونەوەی سەرکردایەتیی پارتی و یەکێتی لە پیرمام لەگەڵ پارت و هێزە ئێراقییەکاندا و بریاری سیستەمی فیدراڵیی نەتەوەیی و جوگرافی بۆ کوردستان درا. **7785**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-01-10** ئامریکا ڕایگەیاند کە سەددام حسێن دیلی جەنگە. **7787**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-01-14** عەبدولعەزیز حەکیم لە سەردانێکیدا بۆ تورکیا ڕایگەیاند کە کورد یاری بە ئاگر دەکات بەوەی داوای فیدڕاڵی دەکات. **7792**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-01-15** شیعەکانی بەسرە خۆپیشاندانێکیان سازکرد, یەکێك لە دروشمەکانیان دژایەتیکردنی فیدڕاڵی بوو بۆ کوردستان. **7793**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-01-15** بەرهەم ئەحمەد ساڵح لە ئەنقەرە ڕایگەیاند کە کەرکوك شارێکی کوردستانییە. **7795**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-01-15** موعەممەر قەززافی نوێنەرێکی خۆیی ناردە کوردستان، ئەم نوێنەرە سەردانی شاری هەڵەبجەی کرد و ڕایگەیاند کە لیبیا یەکێك لە شەقامەکانی شاری تەڕابلوس ناودەنێت هەڵەبجە. **7794**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-01-16** ئلکەر باشبوگ کە کەسی دووەمی لەشکری تورکە ڕایگەیاند کە دروستبوونی کوردستانی فیدڕاڵ لەسەر بنچینەی نەتەوەیی, دەبێتە هۆی دروستکردنی گۆمی خوێن لە ناوچەکەدا. **7796**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-01-20** خۆپیشاندانی شیعەکانی بەغدا، بەسرە، نەجەف و کەربلا و هەندێك شوێنی تر. ئەم خۆپیشاندانە زۆرتر لە دژی کورد و خواستی کورد بوو بۆ فیدڕاڵی. **7799**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-01-21** نزیکەی 5 هەزار ئافرەتی کورد لە سلێمانی لە دژی بڕیاری 137ی ئەنجوومەنی دەسەڵاتی عێراق خۆپیشاندانیان سازدا. بەپێی ئەم بڕیارە یاسای کاروباری کۆمەڵایەتی لەسەر شەریعەتی ئیسلام دادەڕێژرێت. **7797**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-01-22** مەسعود بارزانی ڕایگەیاند کە ئەو مافانەی ئامریکییەکان دەیانەوێت پێمان بدەن لەوە کەمترە کە ساڵی 1974 لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا لەسەری ڕێککەوتبووین. **7801**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-01-22 سەردانی شاندێکی باڵای فدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی جیهان بەسەرۆکایەتیی سکرتێری فیدراسیۆن بۆ هەولێر. 7800
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-01-24 هەفتەی ڕیفراندۆم لە باشووری کوردستان. 7804

2004-01-27 نێچیرڤان بارانی ڕایگەیاند ئەگەر تورك نەچێتە دەرەوە لە باشووری کوردستان ئەوا بەهێز دەیانکەینە دەرەوە و نووسینگەکانیشیان دادەخەین. 7803
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-02-00 سەرەتای ئەم مانگە: بەبۆنەی هەردوو کارە تیرۆریستییەکەی شاری هەولێرەوە, پرسەیەکی زۆر لە زۆربەی شارەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان و زۆرینەی شارە گەورەکانی هەندەران دانرا. 7811
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-02-00 کۆتایی ئەم مانگە: لە کۆنفرانسێکی ژناندا لە شاری کەرکوك بەهۆی ئەوەی عەرەبەکان نەیانهێشت ئافرەتی کورد بە کوردی بدوێت و دروشمی خۆی هەڵبواسێت, ئافرەتە کوردەکان ڕاپەڕین و لە کۆنفرانسەکە هاتنە دەرەوە. 7831

2004-02-00 هاتنی کەشێکی سەرما و بەفربارین لە باشووری کوردستان, کەبەهۆیەوە ڕێژەیەکی زۆری بەفر باری و ڕێگاکان گیران, کەشناسان دەڵێن کە لە 20 ساڵی دواییدا تاوەکو ئێستا ئەوەندە بەفر نەبارییوە. 7822

2004-02-00 ئەم مانگە: داخستنی بارەگاکانی کۆمەڵی ئیسلامی و بزووتنەوەی ئیسلامی لە هەولێر. 7818

2004-02-00 ئەم مانگە: کوژرانی 3 ئەندامی پارتی لە شاری موسڵ لەلایەن چەند نەناسراوێکەوە و فرێدانی لاشەکانیان لە چەند شوێنێکی جیاوازدا. 7824
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-02-00 کۆتایی ئەم مانگە: ڕوودانی لێکدابڕانێك لەناو ڕیزەکانی کۆنگرەی گەل "پکك"دا, عوسمان ئۆجەلان و 13 ئەندامی سەرکردایەتیی تر خۆیاندایە دەست ئامریکاییەکانەوە. 7825
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-02-00 ئەم مانگە: بەیارمەتیی ئامریکییەکان تۆڕی ئنتەرنێت چووە ناوچەکانی شارەزوور و هەڵەبجە و هەورامان. 7814

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی ینك Sat Kurd

**2004-02-00** کۆتایی ئەم مانگە: بەهۆی جەختی ئەندامە کوردەکانی ئەنجوومەنی حوکم بۆ فیدڕاڵی، پشێوییەکی زۆر کەوتە نێو کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی دەستەڵاتی ئێڕاقییەوە. **7829**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-02-00** ئازادکردنی حەسەن ساڵح و مەروان عوسمان لەلایەن د.س. **7830**

**2004-02-01** زۆرتر لە 100 پەرلەمانتاری چاکسازی ئێرانی، خۆیان لە پەرلەمان کەنارگیرکرد. **7808**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-02-01** کاتژمێر نزیکەی 11ی سەرلەبەیانی: دوو هێرشی تیرۆریستیی خۆکوژی بۆ سەر لکی دووی پارتی و مەڵبەندی سێی یەکێتی لە هەولێر، ئەم هێرشانە بووە هۆی کوژرانی سامی عەبدولرەحمان و دوو کوڕی، شەوکەت شێخ یەزدین، ئەکرەم مەنتك، مەهدی خۆشناو و کوڕەکانی، سەعد عەبدوڵلا، مەحموود هالۆ و هیجران بارزانی لەلای پارتی و شاخەوان عەباس، خەسرەو شێرە، محەمەد بەحرکە، بەهرۆز قەشقە و دیدەوان لەلای یەکێتی و زۆری دیکە. سەرجەمی کوژراوەکان نزیکەی 100 کەس زۆرترە و بریندارەکانیش نزیکەی 200 کەسن. ئەم ڕووداوە ڕێکەوتی یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربانی کرد و خەڵکانێکی زۆر لەو بارەگایانە بۆ جەژنە پیرۆزە لە بارەگای حیزبەکان کۆببوونەوە. ڕووداوەکە بووە هۆی تێکدانی بارودۆخی کوردستان و ترسی خستە دڵی جەماوەری کوردەوە. **7806**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-02-01** بەهۆی دوو کارە تیرۆریستییەکەی هەولێرەوە، پەرلەمانی کوردستان پرسەیەکی سێ ڕۆژەی ڕاگەیاند لە کوردستاندا. **7807**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-02-03** تورکمانەکان و شیعەکانی سەربە سەدر لە شاری کەرکوکدا خۆپیشاندانێکیان کرد و دروشمی بڕوخێ کورد و بڕوخێ فیدڕاڵییان بەرزکردەوە. **7827**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-02-04** ڕێکخراوی ئەنسار ئەلسوننە لێپرسراویی خۆیی بەرامبەر هەردوو کارە تیرۆریستییەکەی ڕۆژی 01-02-2004ی شاری هەولێر ڕاگەیاند. **7809**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-02-05** پەرلەمانی کوردستان بەزۆرینەی دەنگ بڕیاری 137ی گۆڕینی یاسای بارە کەسییەکانی لەلایەن ئەنجوومەنی دەستەڵاتی ئێڕاقییەوە ڕەتکردەوە. **7810**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-02-09** لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی دەسەڵاتی ئێراقی, جەلال تاڵەبانی ڕایگەیاند کە کەرکورك کوردستانە و سنووری کوردستان لە زنجیرە چیای حەمرینەوە دەستپێدەکات. شایانی باسە نێوبراو قسەکانی خۆیی بەچەندین بەڵگەنامە پشتڕاستکرد. **7812**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-02-11** وەزیری ناوخۆی ئێراق نوری ئەلبەدران ڕایگەیاند کە بەدڵنیاییەوە بۆمان دەرکەوتووە کە یەکێك لەو دوو تیرۆریستەی لە 01-02دا لە هەولێر خۆیان تەقاندەوە خەڵکی یەمەنە. **7815**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-02-11** حوسنی موبارەکی سەرۆکی میسر سەردانی تورکیای کرد و لەگەڵ تورکەکاندا بەهاوبەشی ڕایانگەیاند کە دژی فیدراڵین بۆ کورد لە باشووری کوردستاندا. **7816**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-02-12** بەهۆی بڕیارێکی ئیداریی فەڕەنساوە, پەخشی تەلەفزیۆنی مەد ڕاوەستا. **7813**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-02-14** خۆپیشاندانی زۆرتر لە 10 هەزار کەس لە شاری سلێمانی بۆ سەربەخۆیی کوردستان. **7817**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-02-21** بەسەرپەرشتیی کۆمیتەی باڵای ڕیفراندۆم لە چەندین پایتەختی وڵاتانی ئەورووپا خۆپیشاندان سازکرا. **7819**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-02-22** لیژنەی باڵای ڕیفراندۆم نزیکەی ملیۆن و نیوێك ئیمزای ئەوانەی برد بۆ ئەنجوومەنی دەسەڵات لە بەغدا کە داوای ڕیفراندۆم دەکەن بۆ مافی چارەنووسی باشووری کوردستان. **7823**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-02-23** لەناو پەرلەمانی ئێراندا هەردوو بەرەی چاکسازان و پارێزگاران بووبە شەڕە دەستیان, لەسەر هەڵوێستی دوواکەوتووانەی پارێزگاران. **7820**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-02-23** لەشاری کەرکوك ئوتومبیلێك لەلایەن تیرۆریستێکی خۆکوژەوە تەقێنرایەوە و بووە هۆی کوژرانی 7 پۆلیس و بریندارکردنی دەیانی تر. **7821**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-02-28 لە ناوچەی حەیدەرییەی نزیك نەجەف, گۆڕێکی بەکۆمەڵ دۆزرایەوە کە هەموویان جلی کوردییان لەبەردایە. 7836
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-02-28 سەردار دۆسکی لە شاری ئەمسفۆرتی هۆڵندا لە کۆنفرانسی پارتی سۆسیالیستی هۆڵندا وەك ئەندام هەڵبژێردرا بۆ ناو لیستی پەرلەمانی ئەوروپا. 7837
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-02-29 ئەنجوومەنی حوکم دانی بە ڕژێمی فیدراڵیدانا بۆ ئێراق. 7828
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-02-29 بەهۆی ئەو پشێوییانەی ئەم ڕۆژانەی ناو شاری کەرکوکەوە, هاتووچۆی شەوانە قەدەغەکرا. 7835
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-02-29 کۆچی دوایی خەلیل دۆسکی, نێوبراو ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی و وەزیری گواستنەوە و گەیاندن بوو لە ئیدارەی سلێمانیدا. 7834
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-02-29 گیرانی بارەگای بەرەی تورکمانی لە شاری کەرکوك لەلایەن کوردەوە, شایانی باسە هەرچی ئاڵای ئێراق و بەرەی تورکمانی هەبوو سووتێنرا. 7833
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-03-00 دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە ڕاشدییەی بەغدا کە تەرمی زۆرتر لە 400 کوردی تێدایە. 7882
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-03-00 سووتاندنی کۆگای کوردستان لە شاری کەرکوك لەلایەن چەند نەناسراوێکەوە، تەنها لەبەرئەوەی ناوی کوردستان بوو. 7845

2004-03-00 کۆتایی ئەم مانگە: کۆمپانیای ئێریکسۆنی جیهانی بۆ کاروباری گەیاندن و مۆبایڵ کۆنتراکتێکی هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیای کۆڕەك بەست بۆ پێشکەوتنی مۆبایڵ لە کوردستاندا بە نرخی 90 ملیۆن دۆلار. شایانی باسە ئەمە یەکەم جارە کۆمپانیایەکی گەورەی جیهانی کۆنتراکتی هاوبەش لەگەڵ کۆمپانیایەکی کوردستانیدا ببەستێت. 7887
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-03-00** ژمارەیەك لە ئەندامە عەرەب و تورکمانەکانی ئەنجومەنی شارەوانیی کەرکوك دەستیان لە کار کێشایەوە. **7877**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-03-00** باشتربوونی پەیوەندییەکانی نێوان ینك و کۆمەڵەی ئیسلامی و حکومەتی سلێمانی 75 ملیۆن دیناری وەك مووچەی مانگانە دایە کۆمەڵی ئیسلامی. **7906**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هاوولاتی – 07-04-2004. لاپەڕە : 1.

**2004-03-00** دروستبوونی گرژییەکی دیپلۆماسی لەنێوان ئەڵمانیا و داگیرکەری ئێرانیدا بەهۆی دروستکردنی تابلۆیەك بۆ شەهیدانی میکۆنۆس بەرامبەر ڕێستورانتی میکۆنۆس لە بەرلین. ئەم تابلۆیە وا بڕیار بوو لە ڕۆژی نەورۆزدا پەردە لەسەر ئەو تابلۆیە لابرێت, بەڵام بۆ ڕۆژی 20-04 دواخرا. **7898**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-03-00** کۆچی دوایی هونەرمەندی شانۆیی سمکۆ عەزیز لە شاری سلێمانی. **7889**

**2004-03-00** دانانی بەردی بناغەی 2 پاڵێوگای نەوت لە هەردوو ناوچەی سلێمانی و هەولێر. **7872**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-03-01** یەکەم ڕۆژی پەخشی تەلەفزیۆنی ڕۆژ, ئەم تەلەفزیۆنە هەمان تەلەفزیۆنی میدیایە بە ناو و ڕەنگێکی ترەوە. **7826**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-03-05** ئەمڕۆ دەبووایە ئیمزا لەسەر دەستووری ئێراق بکرایە لەلایەن ئەنجوومەنی دەستەڵاتەوە, بەڵام لەبەر ناکۆکیی نێوان کورد و شیعە ئیمزاکردنەکە دواخرا. **7838**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-03-08** لەبارۆخێکی نادیاردا سەدان کوردی یەزیدی لە ئۆردوگای خانەك لە نزیك دهۆك ژاراوییبوون و هەندێکیان مردن و ژمارەیەکی زۆریشیان ژیانیان لەمەترسیدایە. هەواڵەکان واڕادەگەیەنن کە ئەم ژاراوییبوونە بەهۆی ئاوی خواردنەوەوە بووە. **7843**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی پارتی http://www.kdp.info

**2004-03-08** بەبۆنەی ئیمزاکردنی دەستووری کاتیی ئێراقەوە, زۆرینەی شارەکانی کوردستانی بندەستی داگیرکەری ئێران کەوتنە ئاهەنگگێڕان. **7842**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-03-08** د.ت ناڕەزایی خۆیی بەرامبەر دەستووری کاتیی ئێراق دەربڕی. **7841**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-03-08** ئەنجومەنی دەستەڵات لە ئێراق، ئیمزای دەستوری کاتیی ئێراقی کرد. **7839**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-03-08** لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی شاری کەرکوکدا عەرەبەکانی ناو ئەنجومەن ڕازینەبوون بە پێدانی کۆبۆنی خۆراك بۆ ئاوارە کوردەکانی کەرکوك. **7862**

**2004-03-08** بەبۆنەی ئیمزاکردنی دەستووری کاتیی ئێراقەوە، لە شاری کەرکوك کوردەکان خۆپیشاندانێکیان سازکرد و لە ئەنجامدا بووە هۆی کوژرانی ژنێکی عەرەب و دوو تورکمان و برینداربوونی زۆرتر لە 20 کەس. **7840**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-03-09** بەبۆنەی ئیمزاکردنی دەستووری کاتیی ئێراقەوە، لە زۆربەی شارەکانی خۆرهەڵات خۆپیشاندان ڕوویدا و پێکدادان لەنێوان جەماوەر و پاسداراندا ڕوویدا و دەیان کەسیش گیران. **7844**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-03-10** داخستنی تەلەفزیۆنی یەکگرووی ئیسلامی لە دهۆك. **7868**

**2004-03-12** بەهۆی یارییەکی تۆپی پێوە لە شاری قامیشلی, عەرەبەکانی دێرلزور کە هاندەری یانەی فتووەی عەرەبی بوون, هاتنە شاری قامیشلی و پێش ئەوەی یاریی نێوان فتووە و قامیشلی دەست پێبکات, عەرەبەکانی سەربە یانەی فتووە وێنەی سەددام حسێنیان بەرزکردەوە و جنێو و قسەی ناشرینیان بە کورد و سەرکردەکانی باشووری کوردستاندا. لە ئەنجامدا بووە هۆی پێکدادانی کورد و عەرەب لە شاری قامیشلی و 4 منداڵی کورد کوژران و دەیانیش برینداربوون و بەهۆیەوە پشێوی تەواوی ناوچەکانی کوردستانی بندەستی سووریای گرتەوە و بووە هۆی ئەوەی کە بۆ ڕۆژی سبەینێ ڕاپەڕینی گشتیی جەماوەری لە کوردستانی بندەستی داگیرکەی سووریا دروست ببێت. **7846**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-03-13** ئەنجوومەنی حوکم لە ئێراقدا بەیانێکی لەسەر کارەساتی هەڵەبجە دەرکرد, شایانی باسە ئەمە یەکەمجارە لە ئێراق و بەشێوەیەکی فەرمی بەیانێکی لەو جۆرە لەسەر کارەساتی هەڵەبجە دەربکرێت. **7849**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-03-13** بەهۆی ناشتنی تەرمی ئەو منداڵانەی کە دوێنێ لەلایەن عەرەبەوە لە قامیشلی کوژژان, جەماوەری شاری قامیشلی هاتە سەر شەقامەکان بۆ بەشداریکردن لە ناشتنی تەرمەکاندا, لە ئەنجامدا پیاوانی د.س تەقەیان لە خەڵکەکە کرد و بووە هۆی ئەوەی کە جەماوەری شاری قامیشلی بتەقنەوە بەڕووی هێزەکانی داگیرکەردا, لە ئەنجامدا زۆربەی شاریان کۆنترۆڵکرد و وێنە و پەیکەرەکانی

دیکتاتۆر ئەسەدیان شکاند و ئاڵای کوردستانیان بەرزکردەوە, شانبەشانی قامیشلی زۆربەی شارەکانی دێرك, درباسیە, تورباسپی, سەری کەهنیێ, ئەفرین و حەڵەب خۆپیشاندان ڕاپەڕینیان لە دژی داگیرکەر سازکرد و زۆربەی فەرمانگە دەوڵەتییەکانیان سووتاند و دوژمن بەهێزێکی زۆرەوە هێرشی کردە سەر جەماوەری بێچەکی کورد و دەیان کەس کوژران و سەدانیش بریندار. 7847

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-03-13** سەرلە ئێوارە: دەیان کورد باڵوێزخانەی داگیرکەی سووریای لە برۆکسلی پایتەختی بەلژیك گرت و ئاڵای سووریایان سووتاند و ئاڵای کوردستانیان لەسەر باڵوێزخانە بەرزکردەوە, شایانی باسە تەواوی میدیا جیهانییەکانی باسی ئەم ڕووداوەیان کرد و بووە هۆی پاڵپشتێکی گرنگ بۆ ڕاپەڕینەکەی خۆرئاوای کوردستان. پاشان کوردەکان باڵوێزخانەکەیان دایەوە دەست پۆلیسی بەلژیکی و 30 کەس گیران. 7848

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-03-13** د.س لە شاری دیمەشق گەڕەکە کوردەکانی ئابلۆوقدا، تاوەکو بەر بە هەر ڕاپەڕینێك بگرێت. 7852

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-03-13** بەرزۆری د.س، هەندێك لە پارتە کوردییەکانی خۆرئاوا بەیانیان بۆ هێمنکردنەوەی جەماوەر دەرکرد. 7853

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-03-14** د.س بۆ کپکردنەوەی ڕاپەرینی کورد دەستی کردووە بە ڕەشبگیریی کورد لە تەمەنی 15 ساڵ بەرەوژوورەوە. 7854

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-03-14** ژمارەیەك لە پارتەکانی کوردستانی بندەستی سووریا نامەیەکیان ئاڕاستەی کوفی ئەنانی سکرتێری نەتەوەیەکگرتووەکان کرد وەك ناڕەزاییەك لە دژی ڕەفتارە درندانەکانی داگیرکەری سووری. 7858

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-03-14** پارتی بەیانێکی لە دژی بەکارهێنانی هێز بۆ کپکردنەوەی ڕاپەڕینی خۆرئاوای کوردستان دەرکرد. 7850

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-03-14** د.س بەهۆی بەکارهێنانی هێزی سەربازیی زۆرەوە توانی ڕاپەرینی کورد سەرکوت بکات و حوکمی عورفیی لە ناوچە کوردەکاندا بلاوکردەوە. 7851

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-03-14** تیرۆرکردنی موعتەسەم عەبدولقادر لە موسڵ لەلایەن ئەنسارولسوننەوە، نێوبراو کارمەندی دەزگای تەندروستی بوو لە کوردستان. 7873
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-03-14** لە زۆربەی شارە گەورەکانی ئەوروپا خۆپیشاندان لە دژی د.س و پشتگیریی ڕاپەڕینی خۆرئاوا سازدرا. 7857
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-03-15** خوێندکارانی هەردوو زانکۆی سلێمانی و هەولێر خۆپیشاندانی گەورەیان لەدژی د.س سووری لە هەردوو شاری سلێمانی و هەولێر سازدا. 7856
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-03-15** تاڵانکردنی ماڵ و دوکانی کورد لەلایەن عەرەبە سوورییەکانەوە بەردەوامە. 7855
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-03-15** کوژرانی عەرەبێکی ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانیی کەرکوک. 7861
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-03-15** بۆ پاڵپشتی ڕاپەڕینی کوردستانی بندەستی سووریا, کۆمەڵێک کورد لە ژنێف کۆنسوڵخانەی د.س یان بۆ ماوەی دوو کاژێر گرت. 7859
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-03-15** حکومەتی باشووری کوردستان بەبۆنەی نەورۆزەوە بڕیاریدا هەمووساڵێک ڕۆژانی 21، 22، ی23ی مارت ببێتە پشوو و جەژنی نەتەوەییی کورد. 7860
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-03-16** ڕاپەڕینی خۆرهەڵاتی کوردستان شارەکانی ئەفرین و حەڵەبیشی گرتەوە و د.س بەتوندی بەرەنگاری کۆبوونەوەی جەماوەری کورد بووەتەوە و دەیان کوژراو و بریندار هەن. 7864
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-03-16** کۆچی دوایی د. فەرەیدوون هادی. 7934

**2004-03-16** بەبۆنەی ساڵڕۆژی هەڵەبجەوە پۆڵ بریمەری حاکمی مەدەنیی ئامریکا لە ئێراق سەردانی هەڵەبجەی کرد و بەشداریی ئەو ساڵڕۆژەی کرد. 7867
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-03-16** ئامریکا یاداشتێکی دایە د.س سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئەم ڕۆژانەی ڕاپەڕینی کوردستانی بندەستی سووریا. **7866**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-03-16** د.س نرخی خواردەمەنیی لە کوردستانی بندەستی سووریادا بەرزکردەوە. **7865**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-03-16** بەپێی هەواڵەکان، لە ڕۆژانی ڕابردووەوە تاوەکو ئەمڕۆ د.س زۆرتر لە 5 هەزار کوردی گرتووە. **7863**

**2004-03-16** ئاسایشی زاخۆ ڕێگای لە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان گرت کە بارەگا لە زاخۆ بکاتەوە و هەندێك لە ئەندامانیشی دەستگیرکردن. **7888**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هاوڵاتی 31-03-2004.

**2004-03-18** وەزیری ناوخۆی د.س ڕایگەیاند کە شتێك نییە لە سووریا پێی بگوترێت کوردستانی سووریا. **7869**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-03-18** تا 20-03: بەستنی دیالۆگی عەرەبی – کوردی لە هەولێر. **7870**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-03-19** کۆچی دوایی هونەرمەند فوئاد حەمەومین ئاغا بە نەخۆشییەکی سەخت لە شاری دۆردرێختی هۆڵندا. **7874**

**2004-03-20** ئازادکردنی سەدان زیندانیی کورد لەلایەن د.س، ئەوانە لە ڕۆژانی ڕابردوودا لە ڕاپەڕینەکەدا گیرابوون. **7871**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-03-21** بەهۆی ڕاپەڕینەکەی خۆرئاوای کوردستانەوە، ئاهەنگی نەورۆز لە خۆرئاوای وڵات نەگێڕدرا. **7875**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-03-21** بەهۆی کۆبوونەوەی زۆری خەڵکی و ئاهەنگەکانی نەورۆزەوە هەردوو حکومەتی سلێمانی و هەولێر خۆئامادەکارییەکی زۆریان ئەنجامدا بۆ بەرپێگیریی هەر کارێکی تیرۆریستی. **7876**

**2004-03-26** ئامریکا ڕایگەیاند: بڕیاری گەمارۆی ئابووری لەسەر د.س دوادەخەین. **7879**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-03-26** بەستنی کۆنگرەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانیی ئێراقی لە هەولێر, ئەم کۆنگرەیە 2 ڕۆژ دەخایەنێت. **7878**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-03-27** بەستنی کۆنگرەی نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێر لە شاری هەولێر. **7880**

**2004-03-28** خێزانێکی کورد لە کەرکوک کە پێکهاتبوون لە 8 کەس چەند ڕۆژێك لەمەوبەر تیرۆرکران و ئەمڕۆ تەرمەکانیان لە نزیك پردی سێیەمی شاری کەرکوکدا دۆزرایەوە. **7891**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-03-28** کۆچی دوایی هونەرمەند سەروەت ئەنوەر سەوز لە شاری سلێمانی بە ڕووداوی ئوتومبیل. **7884**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی ینك Sat Kurd

**2004-03-28** لە شاری موسڵ هەوڵی تیرۆرکردنی نەسرین بەرواریی وەزیری ئیشغالی گشتیی ئێڕاق درا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو و ئەم هەوڵە بووە هۆی کوژران و بریندارکردنی چەند کەسێك لە یاوەرانی خاتوو نەسرین. نێوبراو یەکەم وەزیری ئافرەتە لە حکومەتی گواستنەوەدا. **7883**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-03-29** کشانەوەی ئەندامە تورکمانەکانی ئەنجومەنی شاری کەرکوك. **7886**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-03-30** تەقینەوەی بۆمبێك لەماڵی پەناهاندەیەکی کورد لە کەمپی ئاڵتاشی ڕوومادی و بووە هۆی کوژرانی 3 کەس (شۆڕش حەیدەری, هێرش حەیدەی و بورهان حەیدەری) و بریندابوونی یەکێك بەناوی عومەر بابایی و ڕووخانی 3 ماڵ. **7892**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-04-00** وەزارەتی ئیشغالی ئێڕاقی دەستیکرد بە پلانی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان لەسەر بودجەی ئێڕاق. **7921**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-04-00** 12 پارتی ئێڕاقی لە بەیانێکی هاوبەشدا داوای قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی ئەنفالیان بۆ گەلی کورد کرد. **7931**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-04-00** هێرشی گرتن و ئازاردانی کورد لەلایەن د.س هەر بەردەوامە. **7903**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-04-00** بەبۆنەی هێمنیی باری ناوخۆی باشووری کوردستانەوە و بەشدارینەکردنی کورد لە کارە پشێوییەکانی دژ بە ئامریکا, زۆربەی سەرچاوە عەرەبییەکان باس لەوە دەکەن کە کورد هاوپەیمانی ئامریکایە و هەندێك سەرچاوەی شیعی کورد و ڕابەرانی بە ترسنۆك ناودەبەن. 7904

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-04-00** بەهۆی ڕووداوەکانی شارەدێی فەلوجەوە دەیانماڵباتی کورد لەترسی تیرۆری عەرەب فەلوجەیان بەجێهێشت. 8017

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-04-00** هەندێك لە سەرچاوەکانی میدیای عەرەبی باس لەوە دەکەن کە پێشمەرگەی کورد بەشدارە لە کپکردنەوەی ئەو پشێوییانەی لە فەلوجە و ناوچەکانی تری ئێراقدا ڕوودەدەن. 7917

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-04-00** سەرەتای ئەم مانگە: تێکچوونی باری ناوخۆیی ئێراق بەهۆی یاخیبوونی شیعەکانی هەواداری موقتەدا سەدرەوە. 7900

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-04-00** پەرلەمانی ئەورووپا ڕێکخراوی کۆنگرەی گەل (پکك)ی خستە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستەکانەوە. 7922

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-04-01** دەرچوونی ژمارەی تاقیکردنەوەی ڕۆژنامەی ئاسۆ لە سلێمانی. 7910

**2004-04-01** مەسعود بارزانی بووە سەرۆکی کاتیی ئێراق لەم مانگەدا، شایانی باسە ئەمە دووەم جارە کورد ببێتە سەرۆکی ئێراق. 7890

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-04-01** پەرلەمانی ئەورووپا لە بڕیارێکیدا داوای لە تورکیا کرد دەستوورێکی نوێ دابنێت و تێیدا ڕێز لە مافەکانی تاك و کەمەنەتەوەکان بگرێت. 7893

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-04-01** گیرانی مەحمود عەلی محەمەد, ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتیی دیموکراتی کورد لە سووریا لەلایەن د.س لە شاری قامیشلی. 7914

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-04-02** وەزارەتی بەرگریی کۆریای باشوور بڕیاریدا 3 هەزار سەرباز بنێرێت بۆ ناوچەکانی هەولێر و سلێمانی بەمەبەستی یاریمەتیدانی ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانە. 7895

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-04-03** کاتژمێر 22:10 هێرشێکی تیرۆریستی بۆسەر گەڕەکە کوردەکانی شاری کەرکوک. لەم هێرشەدا نزیکەی 11 موشەکی کاتووشا نرا بە گەڕەکە کوردەکانەوە و بووە هۆی گەیاندنی زیانی ماڵی بە چەند خانووبەرەیەک. **7896**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-04-04** هێرشێکی تیرۆریستیی خۆکوژی لە کەرکوک و بووە هۆی برینداربوونی 2 سەربازی ئامریکی و چەند هاوولاتییەک. **7897**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-04-05** پێکدادانی هەردوو یانەی دهۆک و زاخۆ و بووە هۆی کوژرانی 2 کەس و برینداربوونی دەیانی تر. **7905**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هاوڵاتی – 07-04-2004. لاپەڕە : 1.

**2004-04-06** ئەمنستی ئنتەرناسیۆناڵ ناڕەزایی خۆیی بەرامبەر باری خراپی زیندانە کوردییەکان دەربڕی لە زیندانەکانی داگیرکەری سووریدا. **7902**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-04-06** کۆبوونەوەی هێزەکانی ئامریکا لەگەڵ ینک و پارتی لە موسڵ بۆ پاراستنی ئاساییشی شاری موسڵ. **7901**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-04-07** خوێندکارنی زانکۆی کوردستان لە سنە بۆ ماوەی 6 کاژێر کوردکوژییەکەی کوردستانی بندەستی داگیرکەری سووریایان پرۆتسۆکرد. **7907**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی کوردستان نێت http://www.kurdistannet.org

**2004-04-07** تیرۆرکردنی بەڕێوەبەری لکی هەولێری مانگی سووری ئێراقی عومەر مەنتك و سازان ئیسماعیلی هاوسەری لە کاتی گەڕانەوەیاندا لە موسڵەوە بۆ هەولێر. **7918**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-04-08** کۆچی دوایی نووسەر و چالاك لە مافەکانی مرۆڤ مستەفا قەراخی لە ئامریکا. **7912**

**2004-04-08** تا 10-04: کۆنگرەی چوارەمی پارتی کۆمۆنیستی کوردستان لە سلێمانی بەسترا. لەم کۆنگرەیەدا 27 ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردران کە زۆربەیان گەنجن و 2 ئەندامیان ئافرەتن و کەمال شاکیریش بە سکرتێری پارت هەڵبژێردرا. **7920**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-04-10** لیژنەی عەرەبیی ماف مرۆڤ لە پاریس ناڕەزاییی خۆیی بەرامبەر کردەوەی داگیرکەری سووری بەرامبەر کورد دەربڕی و ئەوەشی ڕاگەیاند کە 2 کورد لەژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لەدەستداوە و بارودۆخی گیراوەکانی ئەم دوواییە گەلێك خراپە. **7908**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-04-10** دەرچوونی ژمارە 1ی بڵاوکراوەی ساڵانەی ئازادیی قەرەچووغ لەلایەن YNDKەوە. **7909**

**2004-04-10** حکوومەتی سلێمانی بودجەی ساڵی 2004 ڕاگەیاند کە بریتییە لە 259.163.594 دۆلار. ئەم برە دراوە بەزۆری بۆ کاروباری خزمەتگوزاریی شاری سلێمانی و ناوچەکانی دەوروبەری بەکاردەهێنرێت. **7913**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-04-11** کوژرانی 4 تیرۆریست لە شاری کەرکوك. **7916**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-04-13** کچێکی 17 ساڵی کورد بەناوی سیهام قەیرانی کە خەڵکی شێخانە لە شاری دێڵفتی هۆڵندا بەتاوانی شەرەف تیرۆر کرا. **7927**

**2004-04-14** و ڕۆژانی دوایی: گیرانی 17 تیرۆریستی ئەنسارولئیسلام لە سلێمانی لەلایەن ئاسایشی یەکێتییەوە. **7930**

**2004-04-16** هێزەکانی ئامریکا هەڵیانکووتایە سەر بارەگای یەکێتی لە شاری کوت, بەتاوانی ئەوەی باڵەخانەیەکی حکوومەتیان داگیرکردووە. **7923**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-04-17** تا 18-04: بەستنی کۆنگرەی 4ەمی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە هۆتێل ئاشووری هاوینەهەواری دوکان. ئەم کۆنگرەیە لەژێر دروشمی گێڕانەوەی کەرکوك و ناوچە ئازادکراوەکانی تر بوو بۆ سنووری هەرێمی کوردستان. **8102**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-04-18** بەهۆی خۆپیشاندان و مانگرتنی کوردەوە, هەفتەی ڕۆشنبیریی داگیرکەری سووری لە شاری درسدنی ئەڵمانیا نەبەسترا. **7932**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-04-21** پەڕلەمانی کەنەدا بەزۆرینەی دەنگ دژی قەتلوعامی ئەرمەنەکان لە ساڵی 1915 بەدواوە لەلایەن تورکەوە بڕیارێکی ناڕەزایی دەرکرد، ئەم بڕیارە بووە هۆی قەیرانێکی دیپلۆماسی لەنێوان کەنەدا و تورکدا. 7929

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-04-22** ڤیستیڤاڵی بەدرخان لە شاری سلێمانی. 7928

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-04-23** دەرچوونی بەیانی کۆتاییی کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب لە دیمەشق, لەم بەیانەدا عەرەبەکان دژایەتییی وەرگرتنی یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیان کرد بۆ ناو یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی جیهانی. 7998

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-04-25** بەستنی کۆنفرانسێك بۆ ئەنفال لە شاری لاهایی هۆڵندا لەلایەن کۆمەڵێك ڕێکخراوی کوردییەوە. 7933

**2004-04-25** لە شاری هیرنەی ئەڵمانیا کۆنفرانسێکی کوردی بندەستی داگیرکەری سووریا بەسترا و لەم کۆنفرانسەدا حکومەتی خۆرهەڵاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات دامەزرا. 7999

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-04-26** ڕێکخراوی هابیتاتی سەربە UN لە هۆڵی کۆنگرەکانی بارەگای UN لە نیۆرك، نەسرین بەرواریی وەزیری ئەشغالی ئێراقیی خەڵات کرد. 7935

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-04-26** هەڵبژاردنی ئاڵایەکی نوێ بۆ ئێراق، ئەم ئاڵایە هێڵێکی زەردی تێدایە کە هێمایە بۆ کورد. 7991

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-04-27** لە موسڵ هەوڵی تیرۆرکردنی هونەرمەند ناسر حەسەن درا، بەڵام تەنها بریندار بوو و لێخوڕی ئۆتومبیلەکەی و کەسێکی دی بریندار بوون. نێوبراو بەڕێوەبەری ئێزگەی تەلەڤزیۆنی کەرکوکە. 7993

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-04-27** ڕوودانی زنجیرەیەك تەقینەوە لە گەڕەکی مەززەی شاری دیمەشق, شایانی باسە ئەم گەڕەکە چەندین باڵوێزخانەی تێدایە. 7992

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-04-28 مەسعود بارزانی کە لەم مانگەدا سەرۆکی کاتیی ئێڕاقە, لەگەڵ چەند ئەندامێکی تری ئەنجوومەنی دەستەڵات لە بەغدا کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیی ئەنجامدا, لە کۆنگرەکەدا مەسعود بارزانی جلی کوردیی لەبەردابوو و وەڵامی چەند پرسیارێکیشی بەکوردی دایەوە. 7996
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-04-30 سەردانی مەسعود بارزانی بۆ چێشتخانەی کوردستان لە نزیك پردێ. 8003
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-05-00 هەردوو ینك و پارتی جەختییان لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێت لە ئێڕاقی ئایندەدا یەکێك لە دەستەی سەرۆکایەتی کورد بێت. 8019
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-05-00 د.س بەردەوامە لە گرتنی ڕۆڵەکانی کورد لە کوردستان و لە سەرەتای ئەم مانگەدا 17 خوێندکاری کوردی لە زانکۆی حەمات گرت. 8005
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-05-00 پیسبوونی ئاوی دەریاچەی دوکان گۆڕینی ڕەنگی ئاوەکە و مردنی هەزاران ماسی و سەرئاوکەوتنیان, پسپۆڕانی ژینگە دەڵێن ئەم دیاردەیە هیچ مەترسییەکی نییە و ئاوەکەش تا ئێستا شیاوە بۆ خواردنەوە. 8002
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-05-00 لەترسی گرتن و ئازاردانی د.س, ژمارەیەك کوردی بندەستی د.س خۆیان گەیاندە شاری موسڵ. 8010

2004-05-01 بەشار ئەسەدی سەرۆکی د.س ڕایگەیاند کە هەر سیستەمێکی فیدڕاڵی لەسەر بنچینەی نەژادی لە ئێڕاقدا ترسناکە. 7997
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-05-03 گیرانی فەرهاد هیرانیی سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئەمڕۆ لەلایەن ئاسایشی ینك لە سلێمانی بەتاوانی ئەو بابەتانەی لە ڕۆژنامەی نێوبراودا لەسەر شەیما بڵاوکراونەتەوە. نێوبراو هەر لەکاتی گیرانییەوە مانی لە خواردن گرت. 8000
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی کوردستان نێت http://www.kurdistannet.org

2004-05-06 بەستنی کۆنگرەی یەکەمی پارتی پارێزگارانی کوردستان لە هەولێر. 8008
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-05-06 سەردانی جەلال تاڵەبانی بۆ کۆنگرێسی ئامریکا و کۆبوونەوەی لەگەڵ چەند سیناتۆرێکدا. 8004

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-05-06** تیرۆرکردنی هیوا نەجیب بەڕێوەبەری گشتیی کشتوکاڵ لە کەرکوك, لەم ڕووداوەدا شوفێری نێوبراویش کوژرا و خێزانەکەشی بەخەستی بریندارببوو. **8006**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-05-06** قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین بەمەبەستی سەرکۆنەکردن و مەحکوم کردنی تاوانی تەسلیم کردنی شەش لە پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی–ئێران لە لایەن بزووتنەوەی ئیسلامییەوە بە د.ا و لەسێدارەدانیان لە لایەن ئەم ڕژێمەوە یاداشتنامەیکیان بۆ ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و سەرجەم لایەنی پەیوەندیدار نووسی و ئاڕاستەیان کردن و داوایان کرد تاوانبارانی ئەم کارە بەدڕەفتارییە مەحکوم و ڕیسوا بکرێت. **8001**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-05-10** ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی شاری کەرکوك 2 ئەندامی عەرەب و 2ی تورکمان و یەکێکی کوردی بۆ ئەنجوومەن هەڵبژارد, شایانی باسە 2 ئەندامە عەرەبەکە هاووردەن و کوردەکانیش دەنگیان بۆدابوون. **8013**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-05-11** تەقینەوەی بۆمبێك لە گەڕەکێکی کوردنشینی شاری کەرکوك و بووە هۆی کوژرانی 3 کەس و بریندارببوونی 23ی تر. **8007**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-05-11** ئامریکا گەمارۆی ئابووریی خستە سەر داگیرکەری سووریا. **8009**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-05-13** د.س ڕایگەیاند کە بەنیازە ڕەگەزنامەی سووری بداتە نزیکە 30 تا 40 هەزار کورد. **8012**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-05-13** د.س نزیکەی 200 زیندانیی کوردی ئازاد کرد. ئەو زیندانییانە لە ڕاپەڕینەکەی مانگی مارتی ئەمساڵدا گیرابوون. **8011**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-05-15** هێزەکانی هاوپەیمانان لەشاری کەرکوك کەژاوەی مستەفا کەمال یاڵچی سکرتێری حیزبی تورکمان ئیلی بەهۆی نەوەستانی لە خاڵی پشکنینی ئامریکییەکان، دایە بەر گوللە. مستەفا کەمال و دوو پاسەوانی هەر لەوێدا دەکوژرێن و نەجمەدین قەساب ئوغلوی ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی ناوبراو، بەسەختی بریندار دەبێت. شایەنی باسە یاڵچی و ئوغلو دوو تورکمانی شۆڤێنیست بوون و هەموو هەوڵ و کۆششیان بۆ تێکدانی بارودۆخی شاری کەرکوك بوو. **8014**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-05-15** بەستنی کۆنگرەی گێڕانەوەی شکۆ و دیموکراتی لە هەولێر. لەم کۆنگرەیەدا نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکانیش بەشداربوو. **8015**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-05-15** تا 16-05: فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید کۆنگرەی 21ەمینی لە ستۆکهۆڵم بەست. **8025**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-05-15** دامەزراندنی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان لکی – سوید لە دەرەوەی وڵات. **8024**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-05-17** تیرۆرکردنی عیزەدین سەلیم سەرۆکی کاتیی ئەنجومەنی دەستەڵاتی ئێراقی. **8016**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-05-22** تیرۆریستەکانی کەرکوک موشەکێکی کاتووشەیان گرتە گەڕەکی تەپەی کوردنشین لە شاری کەرکوك, بەڵام تەنها زیانی ماڵیی لێکەوتەوە. **8020**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-05-22** لە شاری دەنهاخی هۆڵەندە بە بەشداری زیاتر لە 5000 هاوڵاتی کوردی چوار پارچەی کوردستان خۆپیشاندان و کۆبوونەوەیەکی جەماوەری گەورە بەڕێوە چوو ,تیایدا دروشمی ئازادی بۆ نوریە کەسبیر  لەلایەن هەزاران کەسەوە دەوترایەوە. ژمارەیەکی بەرچاو لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەشدارییان تێیدا کرد ,هەروەها گروپی مانگرتووان لە پێشەوەی خۆپیشاندانەکەوە بەشداربوون, سەرباری بەشداری سەدان دایکی کورد کە هەموو وێنەی نورییە بەسەر سنگیانەوە بوو.لە کۆتاییدا خۆپیشاندانەکە بە وتار خوێندنەوە کۆتایی پێهات .ئەوەی شایانی باسە تا ئێستا لە ڕێگەی ئیمەیڵێشەوە ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتییان نارەزایی خۆیانیان بۆ وەزارەتی دادی هۆڵەندی ناردووە و پشتگیرییان لەو نامەیە کردووە کە ناوەندی هەڵەبجە بۆ بەرپرسانی هۆڵندای ناردووە. **8018**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی کوردستان نێت org.kurdistannet.www//:http

**2004-05-23** دەرچوونی ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆبوونەوەکانی لووتکەی عەرەبی لە تونس, لەم کۆبوونەوانەدا جەخت لەسەر ئەوە کرا کە یەکێتی و یەکپارچەیی خاکی ئێراق بپارێزرێت. **8023**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-05-23** بەستنی کۆنگرەی دووەمی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان لە هەولێر. **8021**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-05-24** کوژرانی ئەحمەد نەجمەدینی ئەندامی سەرکردایەتیی بەرەی تورکمانی لە کەرکوک. 8026

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-05-27** ڕوودانی پشێوییەك لەنێوان یەکێتیی نیشتمانیی تورکمانی و پارتی نیشتمانیی تورکمانیدا لە کەرکوک و بووە هۆی کوژرانی تورکمانێك و گیرانی 2ی تر لەلایەن پۆلیسەوە. 8027

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-05-28** کۆچی دوایی تێکۆشەر جەلالی ئەمین بەگ. 8031

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-05-28** ئەیاد عەلاوی کە کۆنە بەعسییەکە بووە سەرۆك وەزیرانی ئێراقی. 8028

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-05-29** تیرۆرکردنی سابیر محەمەد سابیری سەرۆکی بەرگریی میللی و تیپەکانی ئاگرکوژێنەوەی شاری کەرکوك لەلایەن چەند نەناسراوێکەوە, لەم ڕووداوەدا خێزان و برا و کوڕی ناوبراویش تیرۆرکران. 8029

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-05-31** کۆچی دوایی دارۆی شێخ نوری شێخ ساڵح بە نەخۆشیی شێرپەنجە لە سوید, ناوبراو ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی بوو. 8033

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-05-31** بۆردوومانکردنی بارەگای مەڵبەندی یەکێتی لە شاری هەولێر بە چەند گوولله هاوەنێك لەلایەن چەند نەناسراوێکەوە, ئەم هێرشە هیچ زیانێکی گیانیی لێنەکەوتەوە. 8032

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-06-00** بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵەی کە ئیسرائیل ڕاهێنان بە پێشمەرگەی کوردی دەکەن لەلایەن تورك و هەندێك لە کەناڵە عەرەبییەکانەوە، بەڵام کورد ئەو هەواڵەی بەدرۆخستەوە. 8063

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-06-00** دەستگیرکردنی تۆڕێکی تیرۆریستی لە هەولێر. 8052

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-06-00** کۆتایی ئەم مانگە: د.ق یەکەم بڕیاری دژی کورد دەرکرد بەوەی کە ڕاپگەیاند پکك تیرۆریستە. 8076

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-06-00** لە ناوچەی گوڵپیی هەورامان دەست بەسەر هەزاران پارچە کەرەستەی شوێنەواریی کۆندا گیرا کە هەندێك قاچاخچی دەیانویست ئاودیوی بکەن و بیفرۆشن بە ئێران. **8070**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-06-00** لیان ساندەرزی بەڕێوەبەری دەستەڵاتی هاوپەیمانان لە هەولێر ڕایگەیاند کە ئامریکا پارەی نییە بنکەیەك لە کوردستان بکاتەوە. **8057**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-06-00** شارۆچکەی شێخان خرایەوە سەر موسڵ و بەرپرسە کوردەکانی تێدا دەرکران. **8058**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-06-00** بەهۆی هەڵوێستی دژ بە کوردی CPI لە کەرکوك، گروپی کوردی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك دەستی بۆ ماوەیەك لەکار کێشایەوە . **8067**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-06-00** بۆ بەرگریکردن لە ڕووداوی تیرۆریستی لە شاری هەولێر, لە چەند شوێنێکی کەناری شاری هەولێردا هەندێك چاڵ دروستکرا تاوەکو تیرۆریستەکان نەتوانن بەئاسانی هاتووچۆ بکەن. **8078**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-06-01** تەقینەوەی ئوتومبیلێکی مینکراو لەبەردەم بارەگای یەکێتی لە بەغدا و بووە هۆی کوژرانی 1 کەس و برینداربوونی چەندانی تر. **8035**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-06-01** ڕاگەیاندنی پۆستی سەرۆکایەتی و حوکومەتی ئێراقی، کورد لە پۆستی سەرۆکایەتی و حکوکومەتدا بووە یاریدەدەر و لە وەزارەتەکانیشدا چەند دانەیەکی بەرکەوت. ئەم ڕاگەیاندنە بووە هۆی تووڕەیی خەڵکی کورد چونکە ئەوەی لەم پۆستانەدا بە کورد دراوە هیچی ئەوتۆی لەوەی سەردەمی داگیرکەری بەعس زۆرتر نییە. لەم پۆستانەدا ڕۆژ نووری شاوەیس بووە یاریدەدەری سەرۆك کۆمار, بەرهەم ئەحمەد ساڵح یاریدەدەری سەرۆك وەزیران, هوشیار زێباری وەزیری دەرەوە, بەختیار ئەمین وەزیری ماف مرۆڤ, نەسرین بەرواری وەزیری ئەشغال, نەرمین عوسمان وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ئافرەتان و سەوسەن شەریفیش بووە وەزیری کشتوکاڵ. **8036**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-06-01** مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی نامەیەکیان نارد بۆ جۆرج بوش بۆ گلەییکردن لە پۆڵ بریمەر، چونکە ئەمەی کۆتاییان بەوە ڕازی نەبوو بوو سەرۆك یان سەرۆك وەزیرانی ئێراق کورد بێت. **8059**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-06-02** د.س داوای لە پارتە کوردییەکانی خۆرئاوا کرد چالاکییەکانیان ڕابگران تاوەکو لە پاشەڕۆژدا یاساغ بکرێن بەبیانووی ئەوەی ئەم پارتانە مۆڵەتی یاساییان نییە. **8037**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-06-06** بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی برایەتی تاوەکو ئێستا لە باشووری کوردستان 2000 سەربازی تورك و 60 تانکی تورکی تێدایە. **8039**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: برایەتی – 06-06-2004

**2004-06-06** خۆپیشاندانی خوێندکاران لە هەولێر لەبەردەم بارەگای CPAدا لە دژی هەڵوێستی نادیاری ئامریکا بەرامبەر بە کورد و کوردستانیی کەرکوك. **8038**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-06-08** دەرچوونی بڕیاری 1546ی نەتەوە یەکگرتووەکان لەمەڕ ئێراق و پاشەڕۆژی، شایانی باسە لەم بڕیارەدا هیچ باسی کوردستان نەکرابوو. **8046**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-06-09** ئازادبوونی لەیلا زانا و چەند هاوڕێیەکی لە زیندانی تورکدا. **8055**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-06-09** تەلەڤزیۆنی تورکی تەرەتە دەستی بە وەشانی کوردی کرد. **8054**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-06-13** هەڵبژاردنی پەڕلەمانی ئەوروپا، لەم هەڵبژاردنەدا خاتوو فەلەکناس ئۆجە بۆ دووەمجار بووەوە ئەندام پەڕلەمانی ئەوروپا. **8044**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-06-14** تیرۆرکردنی 5 کورد لە شاری سامەڕا، ئەمانە خەڵکی کەرکوك بوون و لە سامەڕا ئوتۆمبیلەکەیان پەکیدەکەوێت و لەلایەن عەرەبەکانەوە تیرۆردەکرێن و پاشان لاشەکانیان دەسووتێنن و فڕێیاندەدەنە چاڵێکەوە. **8043**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-06-15** خوێندکارانی زانکۆی کەرکوك تابلۆ عەرەبییەکەی بەردەمی زانکۆیان تێکشکاند، شایانی باسە ئەم تابلۆیە بە کوردی نووسرابوو و پاشان کرایە عەرەبی. **8045**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-06-17** سەردانی یاریدەدەری وەزیری بەرگریی ئامریکا ولفۆیتز بۆ لای مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی و داوای یەکگرتوویی ئێراقی لێکردن. **8042**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-06-18** کۆبوونەوەی لیژنەی ئامادەکاریی بەرگریکردن لە کەرکوك لە شاری سۆکهۆڵمی پێتەختی سوید. 8095

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-06-19** کۆمەڵێك هونەرمەند لە سلێمانی نامەیەکی ناڕەزاییان لەدژی کارەکانی وەزارەتی رۆشنبیریی یەکێتی بڵاوکردەوە، چونکە وەك لە نامەکەیاندا دەریانبڕیوە گەندەڵی هەموو شوێنێکی ئەم وەزارەتەی گرتووەتەوە. 8064

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-06-20** کۆبوونەوەی چەند وەفدێکی باڵای شیعە لەگەڵ مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانیدا. 8041

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-06-21** نەوشیروان مستەفا لە وانەیەکدا بۆ پەیمانگای کادیرانی یەکێتی لە قەڵاچوالان ڕایگەیاند کە کەرکوك دەبێت لەلایەن کەرکوکییەکان خۆیانەوە ڕزگار بکرێت و ئێمە لە سلێمانی شتێکمان بۆ خۆمان پێکەوە ناوە و بۆ کەس تێکی نادەین. 8085

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-06-22** هاوکات لەگەڵ سەردانی جەلال تاڵەبانی بۆ ئەنکەرە، د.ت ڕایگەیاندەوە کە دژی هەر ئۆتۆنۆمییەکە بۆ کورد و هەڕەشەشی لە کورد کردت تاوەکو دەست نەگرن بەسەر کەرکوکدا. 8040

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-06-25** خۆپیشاندانی خەڵکی مەهاباد دژی ڕژێمی داگیرکەری ئێران. 8049

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-06-25** جەلال تاڵەبانی لە تورکیا ڕایگەیاند: کە ئەوەی دژی تورك بێت دژی کوردیشە. 8065

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-06-26** بەستنی کۆنگرەی یەکەمی هەرسێ وەزارەتەکانی ماف مرۆڤی ئێراق و هەولێر و سلێمانی لە هاوینەهەواری دوکان. 8048

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-06-26** تەقینەوەی ئۆتومبیلێکی مینکراو لە شاری هەولێر و بووە هۆی کوژرانی یەك هاوڵاتی بەناوی سەید عەلی و بریندارکردنی 18 هاوڵاتیی تر کە یەکێکیان مەحمود محەمەدی وەزیری رۆشنبیریی حکومەتی هەولێرە. 8047

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-06-27** تورکەکان ناڕەزاییی خۆیانیان بەرامبەر فیدراڵیی کوردستان لەلایەن جۆرج بوش دەربڕی. **8051**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-06-27** دادگای د.س بڕیاری 1 تا 2 ساڵ زیندانیی بەسەر 7 کورددا، ئەمانە هاوینی ساڵی ڕابردوو لەبەردەم بارەگای یونیسێف لە دیمەشق خۆپیشاندانێکیان سازکرد. **8053**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-06-28** مەسعود بارزانی ڕایگەیاند کە کورد نابێتە بەشێکی ئێراقێکی نافیدراڵی. **8060**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-06-28** ئامریکییەکان دەستەڵاتی سیاسییان بە فەرمی دایەوە دەست ئێراق. **8056**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-06-29** لە کوردستان دەستکرا بە کۆکردنەوەی ئیمزا بۆ لەسێدارەدانی تاوانبار سەددام حسێن. **8061**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-06-29** حازم یوسفیی ئەندامی یەکێتی بووە نوێنەری ئێراق لە جامیعەی عەرەبی، شایانی باسە ئەمە یەکەم جارە کورد نوێنەرایەتیی ئێراق بکات لەو ڕێکخراوەدا. **8062**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-06-29** هەوڵی تیرۆرکردنی سەرۆکی پۆلیسی ئازادی لە کەرکوک درا بەڵام سەرکەوتوو نەبوو و لە ئەنجامدا پۆلیسێك تیرۆرکرا و هەنێکیش بریندار بوون. **8066**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-06-29** گیرانی تیمێکی کوردسات لە بەغدا لەلایەن پۆلیسی بەغداوە بەتاوانی ئەوەی وێنەی ناوچەی قەدەغەکراویان گرتووە، ئەو تیمە بۆ ماوەی 24 کاژێر لە زینداندا مانەوە. **8071**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-06-29** بەرەگایەکی پارتی لەسەر جادەی شەستیی هەولێر هاوەنباران کرا و بووە هۆی بریندابوونی چەند ئەندامێکی پارتی. **8072**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-06-29** دادگای ئەورووپا ئەو داوایەی تاوانبار سەددام حسێنی دایە دواوە تاوەکو ئەم تاوانبارە نەدرێتەوە دەست دەستەڵاتی ئێراقی. **8075**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-06-30** ڕێکخراوی مافی مرۆڤ داوای لە د.س کرد کە ئەو 7 کوردەی لەم مانگەدا لەلایەن دادگای د.س بڕیاری زیندانیکردنیان درا ئازاد بکرێن. **8074**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-06-30** کۆبوونەوەی جەلال تاڵەبانی لەگەڵ سەرۆک پەرلەمانی ئیتالیادا و ئەمەی دواییان پشتگیریی خۆیی بۆ ئێراقی فیدراڵیی یەکگرتوو دەربڕی. **8073**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-06-30** بەبۆنەی گواستنەوەی دەستەڵات بۆ ئێراق، ئەمڕۆ لە کوردستاندا کرایە پشووی فەرمی. **8069**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-06-30** ئامریکا تاوانبار سەددام حسەین و 11 تاوانباری تری دایەوە دەست دادگای ئێراقی. **8050**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-07-00** لە ماوەی ئەم مانگەدا لە ناوچەکانی هەولێر و گەرمیان نزیکەی 20 کچ و ژنی کورد خۆیان سووتاندووە. **8231**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-07-00** دەستپێکردنی شەڕی نێوان داگیرکەری ئێران و پکك. **8094**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-07-00** یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بەشداریی هەڵبژاردنەکانی کۆنگرەی نیشتمانیی ئێراقیی نەکرد. **8141**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-07-00** عەبدوڵڵا ئوجەلان ڕایگەیاند کە مستەفا کەمال - ئەتاتورك شۆڕشگێڕێکی مەزن بووە. **8158**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-07-00** بەپێی بڕیارێکی ئێراقی شارۆچکەی پردێ گەڕایەوە سەر سنووری کارگێڕیی کەرکوك. **8157**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-07-00** وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی ئێراق لە دیمانەیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی ئەلشەرق ئەلئەوسەتی عەرەبی ڕایگەیاند کە کەس بۆی نییە عارەبەکان لە کەرکوك دەربکات و هەموو ئێراقییەك بۆی هەیە لە هەموو شوێنێکی ئێراقدا بژی. **8154**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-00 ئاریێل شارۆنی سەرەك وەزیرانی ئیسرایل ڕایگەیاند کە ئیسرایل هیچ یارمەتییەکی سەربازیی کوردەکانی باشووری نەداوە. 8083
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-00 گیرانی فەرسەت مستەفای بەڕێوەبەری ڕادیۆی یەکگرتن لە دهۆك لەلایەن ئاسایشی پارتییەوە. نێوبراو بەبێ ڕەزامەندیی بەڕێوەبەری ئەوقافی دهۆك لە گوندێکی سەربە شارۆچکەی سمێل وتارێکی ئایینیی لە ڕۆژی هەینیدا خوێندووەتەوە. 8153
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-07-00 بەهۆی ئەو کارە تیرۆریستییانەی لە ئێراقدا ڕوودەدەن, پەیوەندیی نێوان داگیرکەرانی ئێران و ئێراق بەرەو خراپی چوو, چونکە ئێراق داگیرکەری ئێران بەوە تاوانبار دەکات کە پاڵپشتی ئەو تیرۆریستانەیە. 8150
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-00 پەرەسەندنی پرۆسەی ڕفاندنی منداڵان لە ناوچەکانی دەوروبەری کەرکوك. 8132
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-07-00 گەڕانەوەی 800 خێزانی ئاوارەی کورد بۆ کەرکوك. 8129
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-07-00 ژمارەیەك سەرۆك جاشی ناوچەی موسڵ داوایان لە وەزارەتی ناوخۆی ئێراقی کرد کە وەك جاران فەوجی جاشایەتییان بۆ بکرێتەوە. 8155
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-07-00 بەپێی هەندێك سەرچاوە نزیکەی 25 هەزار پێشمەرگە ڕەوانەی بەغدا کراوە تاوەکو بەرگری لەو شارە بکەن و کاری تیرۆر کەمبکەنەوە. 8101
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-00 هێزەکانی د.ا لە شاری سنە هێرشیانکردە سەر هەفتەی کلتووریی شاری سلێمانی. 8127
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-07-00 سووتاندنی گوندەکانی خۆنان, کۆچکا و قەدرە لە ناوچەی ورمێ لەلایەن پاسدارانی د.ا. 8089
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-07-00 هەندێك سەرچاوە وایڕاگەیاند کە هەندێك لە دانیشتنەکانی دادگاییکردنی تاوانبار سەددام حسێن لە کوردستان دەبێت و دادگاییکردنی تاوانبار عەلی حەسەن مەجیدیش لە هەڵەبجە بەڕێوەدەچێت. 8097

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-07-00** نەرویج بڕیاری گێڕانەوەی مەلا کرێکار بۆ ئێڕاق ڕادەگرێت و مافی نیشتەجێبوونی یاساییشی پێدەداتەوە. **8096**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-07-00** شاندێکی باڵوێزخانەکانی هەندێك لە وڵاتانی خۆرئاوای ئەوروپا سەردانی شاری قامیشلۆی کرد, شاندەکە چاویان بە کۆمەڵێك لە کەسایەتی و نیشتمانپەروارانی کورد کەوت و چەوساندنەوەی کوردیان لەلایەن د.س بینی. **8090**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-07-01** جەلال تاڵەبانی لە ئیتالیاوە ڕایگەیاند کە دژی لەسێدارەدانی سەددام حسێنە. **8080**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-07-01** تاوانبار سەددام حسێن ڕاپێچی دادگای لێکۆڵینەوەی ئێڕاقی کرا, لە لێکۆڵینەوەکەدا بە هەفت تاوانی گەورەی دژبە مرۆڤایەتی تاوانبارکرا کە دووانیان کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفال و سەرونگومکردنی هەزاران بارزانی بوو. سەددام لە لێکۆڵینەوەکەدا ڕازی نەبوو بەوەی ئیمزای ئەوە بکات کە ئەم تاوانانەی ئاڕاستە کراوە, شایانی باسە هەندێك لە لێکۆڵینەوەکە بە تەلەڤزیۆن بڵاوکرایەوە. هەروەها هەر ئەمڕۆ یاریدەدەرێکی سەددام و تاوانبار عەلی کیمیاوییش خرایە بەردەمی هەمانی دادگای لێکۆڵینەوە. **8077**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-07-02** جەلال تاڵەبانی لە ڕۆما ڕایگەیاند: یان مافی کورد یان نا بۆ یەکێتیی ئێڕاق. **8081**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-07-02** هەوڵی کوژرانی والیی وان درا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو و بووە هۆی کوژران و برینداربوونی چەند پارێزەرێکی. **8079**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-07-02** د.ت بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی PMFی لە باشووری کوردستاندا. **8082**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-07-03** تا 07-07: بەستنی کۆنگرەی 13هەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. لەم کۆنگرەیەدا دورشمی خودموختاری گۆڕدرا بۆ فیدراڵی بۆ کوردستانی بندەستی ئێران لە چوارچێوەی داگیرکەری ئێراندا و هەروەها مستەفای هیجری لە شوێنی عەبدوڵڵا حەسەن زادە بووە سکرتێری حدکا. **8106**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-07-04** هەوادارانی پکک لە ئەستەمبولّ خۆپیشاندانێکیان سازدا و پۆلیسی د.ت چەند کەسێکی لێگرتن. **8091**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-07-04** کردنەوەی کۆنسوڵخانەی ئامریکا لە گەڕەکی ئەرەفەی شاری کەرکوك. **8086**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-07-04** دەستگیرکردنی تۆڕێکی ئەنسارولئیسلام لە کەرکوك. **8084**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-07-04** دەرچوونی 1ەمین ژمارەی ڕۆژنامەی نێوەند. **8108**

**2004-07-05** ئاسایشی سلێمانی هەوڵی تەقاندنەوەی هۆتێلی سلێمانی پالاسی پووچەڵکردەوە. **8088**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-07-05** جەماوەری شاری هەڵەبجە لە ڕێپێوانێکی بەرفراواندا داوای لەسێدارەدانی تاوانبار سەددام حسێنیان کرد. **8087**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-07-06** سەرچاوەیەکی کوردی ڕایگەیاند کە پارتی و یەکێتی لەسەر یەکگرتنەوەی هەردوو حکومەتەکە ڕێککەوتوون و نێچیرڤان بارزانیش بووەتە سەرۆك وەزیران. **8093**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-07-07** لە شاری بۆخومی ئەڵمانیا هەوڵی تیرۆرکردنی سەعید حەسۆ (مامەند باشوور)ی بەرپرسی پارتی چارەسەری لە ئەورووپا درا, بەڵام هەوڵەکە سەرکەوتوو نەبوو و نێوبراو بەخەستی بریندارببوو. هەندێك سەرچاوە وارادەگەیەنن کە ئەمە کردەوەی پکك یە. **8121**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-07-08** بەستنی 4ەمین کۆنفرانسی یەکێتیی نووسەرانی کورد – لکی دهۆك. **8103**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-07-09** پۆلیسی تورکی هەندێك تاوانی نوێی تری دایە پاڵ لەیلا زانا و هاوڕێکانی. **8098**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-07-10** لە دوو هەوڵی تیرۆریستیدا بۆرییەکی گازی سروشتی لە شاری کەرکوك تەقێندرایەوە و سینەمای سەلاحەدینیش سووتێنرا. **8104**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-07-10** لەسەر بانگهێشتنی جەلال تاڵەبانی شاندێکی د.ت گەییشتە کەرکوک. **8099**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-07-11** یەکەمین سەردانی ئەیاد عەلاویی سەرۆک وەزیرانی ئێراق بۆ کوردستان. **8100**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-07-11** تیرۆرکردنی حەیا سەعید ئەحمەد لە شاری کەرکوک, نێوبراو وەرگێڕی تایبەتیی جەلال تاڵەبانی بوو. **8105**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-07-12** کۆبوونەوەی هەردوو لیژنەی ئاساییشی داگیرکەرانی تورك و ئێرانی لە ئەنکەرە بۆ تاووتوێکردن و لێدانی گەریلاکانی پکك لەناو سنووری د.ا. **8107**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-07-12** بەستنی کۆنگرەی برایەتی و دیالۆگی دیموکراتی لە کەرکوک. ئەم کۆنگرەیە بە دەستپێشخەریی پارتە کوردستانییەکان بوو, بەتایبەتی پارتی. **8111**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-07-12** بەستنی کۆنگرەی داخوازینامەی ژنی کورد لە هۆڵی پەرلەمانی کوردستان لە هەولێر. **8110**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-07-12** لەنێوان بەغدا و کەرکوک هەوڵی تیرۆرکردنی وەزیری تەندروستیی هەولێر درا, بەڵام سەرکەوتوو نەبوو و لە ئەنجامدا پۆلیسێکی کورد تیرۆرکرا. **8109**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-07-12** لافاوێکی گەورە شاری سایین قەڵای خۆرهەڵاتی کوردستانی گرتەوە و بووە هۆی بێسەروشوێنیی کەسێك و زیانی ماڵیی بە خەڵکی ناوچەکە. **8118**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-07-13** شاندێکی سەرکردایەتیی پارتی لە نزیك تەلەعفەر لە هەوڵێکی تیرۆریستی ڕزگاریانبوو. **8116**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-07-13** دەستپێکردنی هەفتەی فەرهەنگیی باشووری کوردستان لە شاری سنە. **8112**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-07-13** گیرانی 13 تیرۆریستی ئەنسارولئیسلام و بەرپرسێکی گەورەیان لە کەرکوک. **8113**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-07-13** بەڕێوەبەری ڕێگاوبانی دەرەوەی هەولێر ڕایگەیاند کە لە ماوەی 7 مانگی ڕابردوودا 397 کەس بە ڕووداوی ئۆتومبیل مردوون و 1890 هاوڵاتیش برینداربوون. **8114**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-07-14** تیرۆرکردنی پارێزگاری موسڵ ئوسامە کەشمولە. **8117**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-07-14** لە هێرشێکی ڕۆکێتیدا بۆسەر گەڕەکێکی شاری کەرکوک 4 کەس لە خێزانێکی کورد تیرۆر کران و ئەوانی تریش بریندازبوون, شایانی باسە 3 لە تیرۆرکراوان منداڵن و لە کاتێکدا کە لەسەر سەربانی ماڵەکەیان نووستبوون ڕۆکێتباران کران. **8122**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-07-14** ڕێپێوانێکی 5 هەزار کەسی لە ئەنکەرە بۆ خوێندنی زمانی کوردی. **8115**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-07-15** ئەنجوومەنی گشتیی بەریتانیا کۆبوونەوەیەکی لەسەر ڕەوشی کوردانی بندەستی داگیرکەری ئێران ڕێکخست. **8119**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-07-15** لە ناوچەی عوزێمی نێوان کەرکوک و بەغدا هەوڵی تیرۆرکردنی هوشیار زێباری درا, بەڵام سەرکەوتوو نەبوو و لە ئەنجامدا یەکێك لە دەستەی پارێزەرانی کوژرا و سیانیشیان بریندار بوون. **8120**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-07-18** ئاسایشی سلێمانی باندێکی تیرۆریستیی بە تۆن و نیوێك مادەی تەقینەوەوە دەستگیرکرد. **8124**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-07-19** پۆلیسی تورك پەلاماری خۆپیشاندانێکی هێمنانەی ژنانی دەهەپی لە دیاربەکردا و 45 ژنی کوردی دەستگیرکرد. **8123**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-07-19** کۆچی دوایی پێشمەرگەی دێرین خالید ئاژگەیی لە پیرمام, نێوبراو لە ساڵی 1959وە پێشمەرگە بووە. **8125**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-07-20** سەردانی یەکەمی غازی عەجیل ئەلیاوەری سەرۆکی ئێراق بۆ هەولێر. **8126**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-07-21** کۆنگرەی پارێزگای هەولێر بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی بۆ کۆنگرەی نیشتمانیی ئێراق. **8130**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-07-21** سەردانی غازی عەجیل ئەلیاوەری سەرۆکی ئێراق بۆ شاری هەڵەبجە. **8128**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-07-22** تەقینەوەی بۆمبێك لە کەرکوك کە بووە هۆی کوژرانی یەك پۆلیس و برینداربوونی چەند پۆلیسێکی دی. **8131**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-07-24** هەڵبژاردنی 34 نوێنەر لە شاری سلێمانی و دەوروبەری بۆ کۆنگرەی نیشتمانیی ئێراقی. **8138**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-07-24** پۆلیسی د.ت کوژرانی جەنگاوەرێکی کوردی لە ناوچەی هەکاری ڕاگەیاند. **8133**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-07-24** لە کابینەی حکومەتی هەولێر 5 وەزیری نوێ دیاریکران. **8134**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-07-24** خۆپیشاندانێکی گەورە لە سلێمانی بۆ جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان لە ئێراق و دروستکردنی دەوڵەتی کوردی و کەرکوکیش بخرێتە سەر ئەو دەوڵەتە. **8136**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-07-24** لێپرسراوێکی ئێراقی ڕایگەیاند کە باری تەندروستیی تاوانبار سەددام حسێن زۆر خراپە و لەم ڕۆژانەدا جەڵتەی مێشك لێیداوە. **8135**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-07-25** گیرانی چەند چەکدارێکی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان لە کەرکوك لەلایەن ئامریکییەکانەوە. **8137**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-07-26** دەستپێکردنی هەنگاوی یەکەمی جێبەجێکردنی پاڵاوگەی نەوتی کۆیە. **8146**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی کوردستان نیوز

**2004-07-26** تەقینەوەی ئوتومبیلێکی مینڕێژکراو لە دەروازەی شاری دیانا و بووە هۆی کوژرانی ئەو دوو تیرۆریستەی کە نیازیانبوو ئوتومبیلەکە لەناوشار بتەقێننەوە. **8148**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی کوردستان نیوز

**2004-07-26** هەندێك ناوەندی عەرەبی ئەوەی بڵاوکردەوە کە جەلال تاڵەبانی بەنهێنی لەم مانگەدا چووە بۆ ئیسرائیل, بەڵام ینك ئەمەی بەدرۆخستەوە. **8139**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-07-27** کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای بزووتنەوەی ڕیفراندۆم لە هەولێر, ئامانجی ئەم کۆبوونەوەیە داڕشتنی بەرنامەیەکە تاوەکو ئەم بزووتنەوەیە لەسەر ئاستی سیاسیی کوردستان کاربکات. **8145**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی کوردستان نیوز

**2004-07-27** لە هێرشێکی پکك بۆسەر تورك لە نزیك بنگۆل جەندرمەیەك و جاشێك کوژران و 6ی تریش بریندارببوون. **8147**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی کوردستان نیوز

**2004-07-28** بەڕێوەبەرانی کۆمیتەی بەرەو ڕیفراندۆم لە ئوسترالیا کۆمیتەکەیانیان هەڵوەشاندەوە, لەبەیاننامەیەکدا هۆی ئەم هەڵوەشاندنەوەیەیان گەڕاندووەتەوە بۆ دەستتێوەردانی پارتی و یەکێتی لە بزووتنەوەی ڕیفراندۆمدا بۆ مەبەستی تایبەتیی خۆیان. **8167**

**2004-07-28** هێرشێکی پکك بۆسەر بنکەیەکی پۆلیس لەناو شاری ئامەد, ئەمە یەکەم هێرشە لەناو شاری ئامەددا لە کاتی ئاگربەستەوە, لەم هێرشەدا پۆلیسێك کوژرا و یەکێکیش بریندارببوو. **8152**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-07-28** بەهۆی گوللە هاوەنێکەوە لە شارۆچکەی دوزخورماتوو, سەربازێکی ئامریکی دەکوژرێت و 8 کەسیش بریندارەبن. **8149**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر com.peyamner.www//:http

**2004-07-28** خۆپیشاندانێکی کلدانییەکان لە شاری هەولێر بۆ داواکردنی مافەکانیان لە چوارچێوەی ئێراقدا, لە خۆپیشاندانەکە چەند سەد کەسێك بەشداریی تێداکرد. **8151**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر com.eyamnerp.www//:http

**2004-07-31** دەرچوونی ژمارە 1ی ڕۆژنامەی زەنگی زانکۆ. **8159**

**2004-08-00** بەهۆی ڕوودانی کاری تیرۆریستییەوە کوردە یەزیدییەکان بەئاگاییەکی زۆرەوە جەژنی هاوینیان گێڕا. **8241**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-08-00** ئاسایشی سلێمانی دەستی بەسەر 22 کلیۆ تلیاکدا گرت و بەچاودێریی فەرمانگەی تەندروستیی سلێمانی لەناوبران. **8246**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-08-00** نزیکەی 200 پارچە زەوی بەسەر خانەوادەی شەهیدانی ئاوارەکانی کەرکوکدا دابەشکرا, ئەو پارچە زەوییانە دەبنە گەڕەکێکی نوێ لە باشووری خۆرهەڵاتی کەرکوک و گەڕەکەکەش ناونرا گەڕەکی سەروەران. **8303**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-08-00** گیرانی کاربەدەستێکی میریی د.ا لە ناوچەی ئامردەی شاری بانە, بەتاوانی ئەوەی بە گڵۆپی سەوز و سوور و زەرد ئاڵای کوردستانی دروستکردبوو بەبۆنەی پێشوازیکردنی خاتەمییەوە. **8239**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر com.peyamner.www//:http

**2004-08-00** کۆمەڵێك ئەفسەری کورد بەهۆی دژایەتیی شۆڤێنییانەی ئەفسەرە عەرەبەکانەوە سوپای عێراقیان بەجێهێشت. **8313**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-08-00** حەسیب ڕۆژبەیانیی یاریدەدەری پارێزگاری کەرکوك ڕایگەیاند کە لەم مانگەدا نزیکەی 5 هەزار خێزانی کورد گەڕاونەتەوە کەرکوك و واچاوەڕوان دەکرێت ئەو ژمارەیە ڕوو لە زۆربوون بکات. **8295**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر com.peyamner.www//:http

**2004-08-00** کۆتایی ئەم مانگە: تیرۆرکردنی دکتۆر سەعدوڵڵا حسێن حەسەن گەرگەری و دوو هاوڵاتیی کوردی تر بەناوی شەهاب ئەحمەد و محەمەد ڕەسوڵ لە زوممار. **8301**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر com.peyamner.www//:http

**2004-08-00** کۆتایی ئەم مانگە: چەند قاچاخچییەکی کورد و هەندێك پاسداری داگیرکەری ئێران لەنزیك خانەوە دایان بەیەکدا و لە ئەنجامدا سەروانێکی سوپای ئێران کوژرا و کوردێکیش بریندارببوو. **8302**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر com.peyamner.www//:http

**2004-08-00** پارێزگاری موسڵ ناڕەزایی بەرامبەر دەستێوەردانی کورد بۆ کاروباری شاری موسڵ دەربڕی. **8280**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-08-00** کۆتایی ئەم مانگە: بەهۆی ململانێی ئەندامانی ناو لکی 2ی هەولێری پارتییەوە, ئەم لکە کرایە دوو بەش و لکی 16 پارتی دامەزرا کە گرنگی دەدات بە ڕێکخستنەکانی دەرەوەی هەولێر و لکی 2ش تایبەتە بەکاروباری ناو هەولێرەوە, ئەمین نەجاریش کرایە بەرپرسی لکی 16. **8304**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-08-00** ئەنجوومەی شیعەی تورکمان ڕایگەیاند: ئەگەر کەرکوك نەبێتە پایتەختی تورکمانستان, ئەوا نابێت کوردستانیش ببێت. **8234**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-08-00** کۆتایی ئەم مانگە: سامی شەبەکی سەرۆکی کۆمەڵەی لیبراڵیی تورکمانی ڕایگەیاند: کە ئاوارە بگەڕێنەوە و نەگەڕێنەوە ئەوا کەرکوك هەر کوردستانە. **8305**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-08-00** تورکیا بڕیاریدا 100 ئەندامی بەرەی تورکمانی بەرێتە تورکیا بۆ ڕاهێنانیان. **8312**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-08-00** چەند دەوڵەمەندێکی تورکمان چەند خانوویەك لە قەڵای هەولێر دەکڕن. **8249**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-08-00** دزرانی قورئانەکەی نگڵ لەلایەن چەند نەناسراوێکەوە, ئەم قورئانە بۆ سێیەم جارە کە دەدزرێت و دەستنووسە و تەمەنی دەگەڕێتەوە بۆ 1000 ساڵ پێش ئێستا و لە گوندی نگڵی نێوان سنە و مەریواندا پارێزرابوو. **8346**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-08-00** 3 کەناڵی تەلەڤزیۆنی تورکی داوای پێشکەشکردنی بەرنامەکانیان بە زمانی کوردی کرد. **8262**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-08-00** 11 ئەفسەری پۆلیسی کورد لەگەڵ 29ی تری عەرەبدا بۆ ڕاهێنان چوونە میسر. **8282**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-08-00** هیومان ڕایتس وۆچ ڕاپۆرتێکی 78 لاپەڕەیی لەسەر بەعەرەبکردنی ناوچەکانی باشووری کوردستان بڵاوکردەوە, ئەم ڕاپۆرتە گرنگییەکی تایبەتیی هەیە, چونکە لەلایەن ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییەوە نووسراوە. **8259**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-08-00** چین نارەزایی خۆیی بەرامبەر چوونی نێچیرڤان بارزانی دەربڕی بۆ تایوان. **8257**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-08-00** بەپێی بڕیارێکی ئەنجوومەنی وەزیرانی سلێمانی، سەرۆك و گشت کارمەندانی دەزگای شەهیدان لەسەر گەندەڵی سزادران. **8255**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-08-00** کۆچی دوایی کەمال شێخ غەریب لە بەریتانیا، نێوبراو لە شۆڕشی ئەیلوولدا ئەندامێکی بەرز بوو. **8291**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-08-00** کۆتایی ئەم مانگە: دەرچوونی ژمارە سفری ڕۆژنامەی دوستلوق – دۆستایەتی لەلایەن کۆمەڵەی دۆستایەتی کورد – تورکمان لە کەرکوك. **8306**

**2004-08-00** بەپێی ڕاپۆرتێك کە لە ڕۆژنامەی واشینگتۆن پۆستدا بڵاوکراوەتەوە، نەتەوە یەکگرتووەکان حکومەتی کوردستانی بە تاڵانکەر ناوبردووە و دەستی گرتووە بەسەر کۆمەڵێك کەلوپەلی نەتەوە یەکگرتووەکاندا. **8176**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر com.peyamner.www//:http

**2004-08-00** جیابوونەوەی چەند کادر و ئەندامێك لە بزووتنەوەی ئیسلامی. **8161**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر com.peyamner.www//:http

**2004-08-00** بولَند ئەجەویدی سەرۆك وەزیرانی پێشووی تورك لە ڕووبەڕوویەکدا ڕایگەیاند کە بەڕەگەز کوردە و نازناوی بنەماڵەکەیان کاتی خۆی کوردزادە بووە، شایانی باسە نێوبراو یەکێك بوو لە دوژمنە سەرسەختەکانی کوردستان کورد لە کاتی فەرمانڕەواییدا. **8162**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر com.peyamner.www//:http

**2004-08-00** بۆ نەهێشتنی دیاردەی سواڵکەری، حکومەتی سلێمانی موچەی مانگانەی بۆ سواڵکەرەکان بڕییەوە. **8169**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر com.peyamner.www//:http

**2004-08-00** هەفتەنامەی ئەلمەناری فەلەستینی ڕایگەیاند کە ئیسرائیل خەریکی دروستکردنی فڕۆکەخانەیەکی گەورەیە لە هەولێر. **8172**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر com.peyamner.www//:http

**2004-08-00** دۆناڵد ڕامسفیلدی وەزیری دەرەوەی ئامریکا لە وتەیەکی فەرمیدا ناوی کوردستانی هێنا. بەهۆی ئەم وتەیەوە تورك ناڕەزایی خۆیان دەربڕی بەبیانووی ئەوەی ڕامسفیلد لەجیاتی باکووری ئێراق وشەی کوردستانی بەکارهێناوە. **8175**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر com.peyamner.www//:http

**2004-08-00** لە ماوەی 2 هەفتەدا نزیکەی 40 هەزار فەلە لە ترسی تیرۆر ئێراقیان جێهێشت. **8233**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-08-00** حکومەتی سلێمانی و کۆمپانیایەکی چینی ڕێکەوتننامەی ڕێگای دوو سایدی دوکان – سلێمانی و دروستکردنی تونێلی هەیبەت سوڵتانیان مۆرکرد. **8283**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-08-00** ئەم مانگە و مانگەکانی پێشوو: هەزاران پەناهاندەی کوردی بندەستی ئێران لە ئۆردوگای ئاڵتاشی داگیرکەری ئێراقیدا لە ترسی تیرۆریستانی عەرەب بەرەو کوردستان هەڵهاتن. شایانی باسە ژمارەی پەناهاندەکانی کەمپەکە لەم چەند مانگەی دواییدا لە 13 هەزارەوە هاتووەتە سەر 3 هەزار. **8187**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-08-00** کردنەوەی پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە شاری کەرکوك. **8183**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-08-00** ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەتی عەرەبی ڕاپۆرتێکی لەسەر جموجۆڵی بازرگای لە ئیبراهیم خەلیل بڵاوکردەوە, بەپێی ئەو ڕاپۆرتە جموجۆڵی بازرگانی لە ئیبراهیم خەلیدا کزبووە. **8294**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-08-00** دامەزراندنی پارتی وڵاتپارێزی دیموکراتی لەلایەن عوسمان ئۆجەلانەوە. **8191**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-08-00** بەهۆی بارودۆخی خراپی شارۆچکەی جەلەولا و دژایەتیی عەرەبە هاوردەکان بۆ کورد, ژمارەیەکی زۆری کورد لەم مانگەدا جەلەولایان جێهێشت. **8276**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-08-00** سەرچاوەیەکی کوردی بە ڕۆژنامەی هاوڵاتیی ڕاگەیاند کە عەرەب دژی ئەوەن پۆستی سەرۆکی پەرلەمان بدرێت بە کەسێکی کورد. **8279**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-08-00** لە ژاپۆن 3000 ئیمزا کۆکرایەوە بۆ پاڵپشتی بە پەناهاندە وەرگرتنی ئەو دوو خێزانە کوردەی باکوور کە لەم مانگەدا گەیشتبوونە تۆکیۆ و داوای پەنابەرێتییان کردبوو. **8230**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-08-00** عەبدوڵڵا ئوجەلان بەتوندی سەرکۆنەی سەرۆکی شارەوانیی دیاربەکری کرد کە چووەتە پرسەی جەنگاوەرێکی پکك. **8192**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-08-00** بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی گاردیان کۆمپانیای مایکرۆسۆفت لەگەڵ داگیرکەری تورکدا تووشی کێشە بووە لەسەر ئەوەی مایکرۆسۆفت لە بەرنامەکانی ۆردی 95 و 97دا نەخشەیەکی کوردستانی بڵاوکردووەتەوە و کوردستانی وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ پیشانداوە و تورکیا ئەم دوو بەرنامەیەی لەسەر ئەو نەخشەیە قەدەغە کردووە. **8277**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-08-00** ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی داگیرکەری سووریای بەوە تاوانبار کرد کە ڕەفتاری دژبە مرۆییانەی بەرامبەر زیندانییە کوردەکان نوواندووە. **8189**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-08-00** 300 ماڵە کوردی شارۆچکەی ڕەبیعە هەڕەشەی ئاوارەبوونیان لەلایەن عەرەبە هاوردەکانەوە لەسەرە. **8232**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-08-00** ئامریکییەکان ئاڵای کوردستانیان لەناو شاری کەرکوکدا داگرت و لە شوێنیاندا ئاڵای کۆنی داگیرکەری ئێراقییان بەرزکردەوە و بەم کردارەیان تورکمانەکان زۆر خۆشحاڵ بوون. **8188**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-08-00** بەرزبوونەوەی دژایەتیی نێوان هەردوو کۆمپانیای مۆبایلی ئاسیاسێل و کۆرەك تێلکۆم, چاودێرەکان ئەم دژایەتییە بە جەنگی ساردی نێوان پارتی و یەکێتی دادەنێن. **8290**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-08-01** ڕێکخستنی ڤیستیڤاڵێکی کلتووری لە شاری دەرسیم, سەرئەنجامی ئەم ڤیستیڤاڵە بە خۆپیشاندانی کەسوکاری زیندانە ڕامیارییەکان شکایەوە و بووە هۆی برینداربوونی 30 پۆلیس و 24 کوردیش دەستگیرکران. **8156**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-08-02** ژنێکی کورد لە سوید خۆی و دوو منداڵی 6 و 7 ساڵەیی کوشت. **8164**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-08-03** گیرانی ئوتومبیلێکی مینکراو بە 30 کیلۆ مادەی فسفۆڕ لە یەکێك لە زاڵگەکانی دهۆك. **8165**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-08-03** پارتی یەکێتیی کورد لە سووریا ڕایگەیاند کە کوردێك لە زینداندا و لەژێر ئەشکەنجەدا گیانی لەدەستداوە, ئەم کوردە لە ناوەڕاستی مانگی پێشوودا گیراوە. **8163**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-08-04** ڕوودانی شەڕ و پێکدادانێکی زۆر لە شاری موسڵ لە نێوان هێزی پۆلیس و تیرۆریستاندا, لە ئەنجامدا دەیان کەس لە هەردوولا کوژران و برینداربوون. یەکێك لە تیرۆریستە کوژراوەکان برایەکی مەلا کرێکار بوو بەناوی خالید مەجید فەرەج کە بە سەید ناسراوە. **8160**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-08-04** کوژرانی پۆلیسێکی تورك لە ئاگری و بریندابوونی یەکێکی تر. **8168**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-08-04** د.س چەند زیندانێکی سیاسیی تری ئازاد کرد, یەکێك لەو زیندانییانە 34 ساڵە زیندانییە و بە کۆنترین زیندانیی جیهان دەژمێردرێت. **8166**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-08-06** لە حەویجە کوردێك بەناوی نەجدەت عەبدوڵڵا عیزەت لەلایەن عەرەبەکانەوە چوارپەلی دەشکێنرێت و هەردوو چاویشی بە چەقۆ هەڵدەکۆڵن. **8250**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هاوڵاتی - 11-08-2004.

**2004-08-07** باڵوێزی ئامریکا لە ئێراق جۆن نیگرۆپۆنتی سەردانی پەرلەمانی کوردستانی کرد لە هەولێر. **8170**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-08-07** پرۆفیسۆرێکی کورد د. حسێن خانەقا بووە سەرۆکی زانکۆی کەرکوك. **8261**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-08-08** لە هێرشێکی گەریلاکانی کۆنگرەی گەل بۆسەر بنکەیەکی پۆلیسی شاری ماردین, 4 پۆلیس بریندابوون. **8174**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-08-08** تەقینەوەی بۆمبێك لە شاری بینگۆل و بووە هۆی کوژرانی 3 سەربازی تورك و بریندابوونی 2ی دیکە. **8173**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-08-08** وەزیری بەرگریی د.ق ڕایگەیاند کە د.ا سەرچاوەی زۆربەی کارە تیرۆرییەکانی نێو ئێراقە و ئێران یەکەم دوژمنی ئێراقە. **8181**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-08-08** تیرۆریستێکی سعودی ویستی لەبەردەم بارەگای پارتی لە موسڵ ئوتومبیلێك بتەقێنێتەوە, بەڵام پێش ئەوەی کارەکەی ئەنجام بدات دەستگیرکرا. **8178**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-08-08** بەهۆی نانەوەی مینێك لە شاری وان چەکدارێکی پکك کوژرا و یەکی دیش بریندارببوو. **8179**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-08-08** دوو تیرۆریستی عەرەبی سووری ویستیان بارەگای یەکێتی لە شاری موسڵ بتەقێننەوە, بەڵام پێش ئەنجامدانی کارەکەیان دەستگیرکران. **8180**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-08-08** کەناڵی گەرمیانی تەلەفزیۆنی کوردستان و دەنگی کوردستان لە شاری خانەقینەوە دەستی بە پەخش کرد. **8171**

**2004-08-09** هەوڵی کوژرانی عیرفان کەرکوکیی سەرۆکی پارتی گەلی تورکمانی ئێراق درا لە کەرکوك, بەڵام هەوڵەکە سەرکەوتوو نەبوو. شایانی باسە ئەوانەی ویستیان نێوبراو بکوژن تورکمانن و یەکێکیان بەبرینداری دەستگیرکراوە. **8185**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-08-09** وەزیری بەرگریی د.ا ڕایگەیاند کە وەزیری بەرگریی د.ق کەم ئەزموونە و ئێران بەهیچ جۆرێك پەیوەندیی بەڕووداوەکانی ئێراقەوە نییە. **8182**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-08-09** پۆلیسی تورك لە ئەستەمبوڵ 7 کەسی سەربە پکك گرت. **8177**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-08-10** ڕووودانی چەند تەقینەوەیەك لە شاری ئەستەمبوڵ لە چەند هۆتێلێکدا و بووە هۆی کوژرانی گەشتیارێك و بریندارکردنی چەند کەسێکی دیکە. **8184**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-08-10** تیرۆرکردنی 2 پم یەکێتی لە جەلەولا. **8186**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-08-13** لە بازگەی کەرکوك بەغدا دوو مین کە لە دوورەوە کۆنترۆڵکرابوون لە کاتی تێپەڕبوونی 18 ئوتومبیلی کادر و لێپرسراوانی کورد تەقییەوە, بەڵام تەنها زیانی ماڵیی بە ئوتومبیلەکان گەیاند. **8253**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-08-13** لەپێکدادانێکی نێوان پکك و داگیرکەری تورك لەسەر سنووری نێوان داگیرکەرانی ئێراق و تورکیا ئەفسەرێکی تورك کوژرا. **8193**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-08-13** ئامریکا هۆشداریی دایە هاوڵاتییانی خۆی لەترسی پەلاماردانی پکك. **8190**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-08-14** هێرشێکی پکك بۆسەر ماڵی عوسمان ئوجەلان لە شاری موسڵ لە گەڕەکی نەبی یونس، بەڵام پۆلیسی ئێراقی هێرشی کردە سەر پەلامارەدەران و یەکێکی بە برینداری لێ دەستگیرکردن. **8252**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-08-15** بەپێی هەندێك سەرچاوەی کوردی ژمارەی ئەو تورکمانانەی کەرکوك کە نوێنەرایەتیی تورکمانی کەرکوکیان کردووە لە ژمارەی نوێنەرە کوردەکانی کەرکوك زۆرتر بوون. **8236**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-08-15** بەستنی کۆنگرەی نیشتمانیی ئێراق لە بەغداد، کورد بە ڕێژەی 20٪ بەشداریی کرد. **8229**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-08-15** ڕۆژنامەی زەمانی تورکی لە ڕاپۆرتنامەیەکدا نووسیوویەتی کە بۆشاییەکی کارگێڕی لە باکووری ئێراقدا هەیە و لە ساڵی 2003دا ژمارەیەك چەك و تەقەمەنیی زۆر لەوێوە ئاودیوی تورکیا کراوە. **8235**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-08-16** گرووپی کوردی لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك کشایەوە، چونکە ئەنجوومەن ڕازی نەبوو پاسپۆرت بدرێتە کوردە ئاوارەکانی کەرکوك. شایانی باسە ئەم کێشەیە بەهۆی گرووپی تورکمانەکانەوە بوو چونکە بەڕێوەبەری پاسپۆرتی کەرکوك تورکمانە و سەربە بەرەی تورکمانییە. **8245**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-08-16** باڵوێزی ئامریکا لە ئەنکەرە ڕایگەیاند کە هیچ پەیوەندییەك لە نێوان ئامریکا و پکك نییە. **8247**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-08-16** پارێزگاری کەرکوك و سەرۆکی لیژنەی سەرژمێریی شاری کەرکوك ڕایانگەیاند کە سەرژمێری لە کەرکوکدا سەرناگرێت تاوەکو ئاوارەکان نەگەڕێنەوە. **8240**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-08-16** کۆچی دوایی بناساز و لێکۆڵەر د. نەریمان عەزیز پشتیوان لە بەغدا. **8242**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-08-16** غازی ئەلیاوەری سەرۆکی کاتیی د.ق سەردانی تورکیای کرد, لەم سەردانەیدا پەیمانی دژایەتیکردنی پکک بە تورکاندا. **8237**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-08-16** لە ناوچەی وان پێکدادانێك لە نێوان پکک و جاشەکانی تورکدا ڕوویدا و بووە هۆی کوژرانی گەریللایەك و جاشێك. شایانی باسە تەرمی گەریللاکە بەچەکەوە کەوتە دەست د.ت. **8238**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-08-16** کەشتییەك بە 150 کۆچبەری نایاساییەوە گەییشتە کەنارەکانی ئیتالیا و لەنێویاندا ژمارەیەك کوردی باکووری تێدایە. **8248**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-08-17** بەئامادەبوونی خاتەمی کارگەی تواندنەوەی ئاسن و کارگەی دروستکردنی تراکتۆر و کارگەی پەترۆکیمیاویی لە شاری سنە کرانەوە, خاتەمی لەم بۆنەیەدا وتی کە کورد داهێنەر و بەتوانان. **8251**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-08-18** لەنێوان دوبز و کەرکوك چەند عەرەبێك کوردێکیان بەناوی ئازاد هاوارەوە تیرۆر کرد. **8260**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-08-18** کۆچی دوایی هونەرمەندی گۆرانیبێژ فوئاد ئەحمەد بەنەخۆشی لەیەکێك لە نەخۆشخانەکانی هۆڵندا, نێوبراو ئەم ساڵانەی دوایی تەمەنی لە هۆڵندا بەسەر برد. **8256**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-08-19** ئاشکراکردنی ناوەکانی پەرلەمانی نوێی ئێراق, لەوانە 26 کەسیان کوردن. **8258**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-08-19** ناوەندی فەرهەنگی و زانستیی ڕۆنان یەکەم ڤیستیڤاڵی خۆی لە شاری مەریوان ئەنجام دەدات. **8254**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-08-20** جیابوونەوەی کۆمەڵێك کادر و ئەندامان لە حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان. **8263**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-08-21** د.ت ئۆپەراسیۆنێکی بەرفراوانی بۆسەر پکك لە باکووری کوردستاندا دەستپێکرد. **8264**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-08-21** حەسیب ڕۆژبەیانیی ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک ڕایگەیاند کە لە ماوەی نێوان کەوتنی بەغداد و ئێستادا نزیکەی 3400 خێزانی عەرەبی هاوردە کەرکوکیان بۆ باشووری ئێڕاق جێهێشتووە و نزیکەی 14 هەزار خێزانی کوردیش گەڕاونەتەوە ئەو شارە. **8265**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-08-22** گەڕانەوەی تەرمی هونەرمەند فوئاد ئەحمەد لە هۆڵەنداوە بۆ کوردستان. **8269**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-08-22** گیرانی 2 ئوتومبیلی مینکراو لە بازگەی قەسرۆکی نێوان موسڵ و هەولێر و کوژرانی 2 تیرۆریست و گیرانی سێیەمیان. **8267**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-08-22** دۆزرانەوەی تەرمی شێرزاد حەسەن محەمەد لە گەڕەکی قادسیەی شاری کەرکوک, نێوبراو ئەندامی ینك بوو لەلایەن چەند تیرۆریستێکەوە تیرۆرکراوە. **8273**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-08-22** تورکمانەکانی شاری کەرکوک خۆپیشاندانێکیان لەدژی گەڕانەوەی کورد بۆ شاری کەرکوک سازکرد. **8266**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-08-23** لە ڕووداوێکی دڵتەزێنی ئوتومبیلدا لە نزیك ئۆردوگای پیرەمەگروونی نێوان دوکان و سلێمانی هونەرمەند کامەران ڕەفیق و ڕۆژنامەنووس ئازاد مەحموود کۆچی دواییان کرد, هەروەها لەهەمان ڕووداودا هەردوو هونەرمەند شۆڕش قادر و عەلی کەریم بەخەستی برینداربوون. **8271**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-08-23** دۆزرانەوەی تەرمی نەواف محەمەد شێخۆ بەسەربڕاوی, نێوبراو ئەندامی ینك بوو لە موسڵ و پێش 4 ڕۆژ لەلایەن چەند تیرۆریستێکەوە لەماڵەکەی خۆی ڕفێنرابوو. **8272**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-08-23** بەرپرسێکی هێزەکانی هاوپەیمانان لە کەرکوک ڕایگەیاند کە لە ماوەی ڕابردوودا 21252 کورد و 7 عەرەب و 304 تورکمان گەڕاونەتەوە کەرکوک و 25962 کەسیش کەرکوکیان جێهێشتووە. **8274**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-08-23** بنکەی تەلەڤزیۆنی ئاسمانیی کوردستان لە کەرکوك لەلایەن تیرۆریستانەوە درایە بەر موشەك, بەڵام ئەم هێرشە تەنها زیانی ماڵیی لێکەوتەوە. **8268**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-08-24** وەزارەتی ژینگەی ئێراق بڕیاریدا هەزاران نەمامی جۆراوجۆر لە شاری هەڵەبجەدا بڕوێنێت. **8275**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-08-25** ڕەوەندی کورد و حکومەتی خۆرئاوای کوردستان لە دەرەوەی وڵات لەبەردەم بارەگای حکومەتی بەریتانی لە لەندەن خۆپیشاندانێکیان سازدا. شایانی باسە سکرتێری تۆنی بلێر پێشوازی لە نوێنەرانی ئەم خۆپیشاندانە کرد و خواستی خۆپیشاندانەکە ئەوەبوو کە کوردستانی بندەستی داگیرکەری سووریا بخرێتە ژێر چاودێریی نێودەوڵەتییەوە. **8296**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**2004-08-25** شۆفێرەکانی خەڵکی سلێمانی و دهۆك ویستیان لەبەردەم وەزارەتی ناوخۆی هەولێردا خۆپیشاندانێك سازبکەن, بەڵام پاسەوانانی وەزارەت خۆپیشاندانەکەیان بڵاوە پێکرد. ئامانجی خۆپیشاندانەکە وەرگرتنی کارتی کار بوو بۆ ئەو شوفێرانە. **8287**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-08-25** نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی ئێرانیدا فراکسیۆنێکی نوێی کوردییان پێکهێنا. **8288**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-08-26** ئوتومبیلێکی مینکراو بۆ سەعدی ئەحمەد پیرەی ئەندامی سەرکردایەتیی ینك لە موسڵ دانرا, بەڵام نێوبراو سەلامەت بوو و یەکێك لە پاسەوانەکانی بریندداربوو. **8278**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-08-26** چەند پارتێکی کوردی لە خۆرئاوای کوردستان لە بەیانێکیاندا داگیرکەری سوورییان بەوە تاوانبارکرد کە هێشتا هەر بەردەوامە لەسەر هەڵمەتی گرتنی کورد, سەرچاوەیەکی تریش ڕاگەیاند کە لەم مانگەدا 23 کورد گیراون. **8281**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-08-27** پکك – کۆنگرەی گەل ڕاگەیاند کە ئەگەر تورکیا ڕازی بێت ئەوا ئێمە ئاگربەست ڕادەگەیەنین. **8286**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-08-27** هەندێك سەرچاوە وایان ڕاگەیاند کە موقتەدا سەدر لە نەجەف ڕایکردووە و چووەتە سلێمانی. بەڵام ینك ئەمەی بەدرۆ خستەوە. **8285**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-08-27** ڕفاندنی بەهادین کەوسەری ئەندامی سەرکردایەتیی بەرەی تورکمانی لەنێوان کەرکوك و توزخورماتوو. شایانی باسە بەرەی تورکمانی کورد بەئەنجامدانی ئەم کارە تاوانبار دەکەن. **8284**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-08-28** د.س چەند لاوێکی خەڵکی هەڵەبجە و شارەزووری زیندانی کرد, ئەمانە بۆ ئەوەی خۆیان بگەیەننە ئەوروپا چووبوونە سووریا. **8310**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-08-29** هێرشێکی تیرۆریستی بۆسەر بارەگای ینك لە شاری موسڵ و بووە هۆی تیرۆرکردنی ئەندامێکی ینك و برینداربوونی 2 هاوڵاتی و نزیکەی 10 ئەندامی تری ینك. **8289**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-08-29** ژن و مێردێکی کورد بەناوی (سۆزان ئیبراهیم و هونەر ئیبراهیم) لە بەریتانیاوە بە مەبەستی سەردانی کوردستان هاتنە ئەستەمبوڵ, بەڵام کاتێك سەیری پاسپۆرتەکانیان کراوە, بەرپرسانی فڕۆکەخانەکە دیتوویانە لەو شوێنەی کە دەنووسرێ خەڵکی کوێن نوسراوە(کوردستان). هەر بۆیە بێ ئەوەی ڕێگەیان پێ بدرێ بێنە نێو تورکیاوە, لە فڕۆکەخانەوە بەرەو بەریتانیا بەڕێیان دەکەنەوە. **8449**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر com.peyamner.www//:http

**2004-08-30** بەهۆی بریندارکردنی لاوێکی خەڵکی مەهاباد لەلایەن پاسدارانەوە بەهۆی گوایا دژایەتیکردنی قاچاخچێتی خواردنەوەی کهولییەوە, خەڵکی شارەکە نازەڕەزاییان دەربڕی و ماوەیەکی زۆر لەبەردەم نەخۆشخانەی "ئیمام" خومەینی مانەوە. **8311**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر com.peyamner.www//:http

**2004-08-31** گروپی ڕێباز کۆسرەت لە لەندەن بەیانێکیان دەربارەی دەستماچکردنەکەی جەلال تاڵەبانی بۆ سەنعان قەساب دەرکرد, لەو بەیانەدا ئەم گروپە بەرگری لە جەلال تاڵەبانی دەکەن کە کاری واهی لەو ناوەشێتەوە و بەڵکو تەزبیحەکەی کەوتووەتە خوارەوە بۆیە نووشتاوەتەوە بۆ هەڵگرتنەوەی و لەکاتی وێنەگرتندا وادێتە پێش چاو کە دەستی سەنعان قەسابی تورکمان ماچدەکات. **8293**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-08-31** کوژرانی ئیسماعیل ئیبراهیمی سەرۆکی پەروەردەی شاری کەرکوك, نێوبراو تورکمان بوو و زۆر دژایەتیی خوێندنی کوردیی دەکرد لە کەرکوکدا. **8292**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-09-00** ئازاد جوندیانیی ئەندامی سەرکردایەتیی ینك ڕایگەیاند کە ئەو سیدییەی دەستماچکردنەکەی جەلال تاڵەبانی بۆ سەنعان قەساب دروستکراوە و هەرکەسێك لە پشتی ئەو کارەوە بێت ئەوا بەتاکی کورد دەڵێت تۆ کەریت و شتی وابەسەر تۆدا تێدەپەڕێنم. **8342**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-09-00** کۆتایی ئەم مانگە: بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامە کوردییەکان, د.ت ڕەزامەندیی خۆیی بۆ نیشتنەوەی فڕۆکە کوردییەکان ڕاگەیاندووە بۆ ئەوەی لەوێوە هاتووچۆی کوردستان بکەن بەو مەرجەی ئاڵای کوردستان بەسەر فڕۆکەکانەوە نەبێت. **8338**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-09-00** کەناڵی 1ی تەلەڤزیۆنی سویدی دەستی بەپێشکەشکردنی بەرنامەیەکی منداڵان بەزمانی کوردی کرد. **8347**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-09-00** دامەزراندنی گروپی تۆڵە, ئەم گروپە لەبەیانێکدا بڕیاری تۆڵەسەندنەوەی تیرۆرکراوەکانی زاخۆی لە تیرۆریستە عەرەبەکاندا و بەپێی بەیانەکەیان هەر عەرەبێکی 17 ساڵی لە کوردستاندا تۆڵەی لێدەکرێتەوە. **8348**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-09-00** کۆتایی ئەم مانگە: بڵاوکردنەوەی مارشی نەتەوەییی کورد لەسەر ماڵپەڕی کوردستان نێت بەتێکدراوی, شایانی باسە گەلێك سووکایەتی بەمارشەکەوە کرابوو و ئەم کردەوەیە بووە هۆی ناڕەزایی خەڵکانێکی زۆر و گەلێك نووسراویشی لەکەناڵە کوردییەکاندا لەسەر بڵاوکرایەوە. **8349**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-09-00** تیرۆرکردنی 10 کەسی فەلەی خەڵکی شاری زاخۆ لەلایەن تیرۆریستانی عەرەبەوە. **8345**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-09-00** تیرۆریستە عەرەبەکان 3 لاوی کوردی خەڵکی زاخۆیان سەربڕی. **8318**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-09-00** بابەکر زێباری بووە سوپاسالاری سوپای ئێراق. **8307**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-09-00** پارتە کوردییەکانی باکوور ناڕەزایی بەرفراوانیان دژی د.ت دەبڕی لەدژی پەلاماردانی سوپای تورك بۆ باکووری کوردستان. **8309**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-09-00** هەندێك سەرچاوەی کوردی باس لەوە دەکەن کە ئامریکییەکان دەیانەوێت هەموو ئەو فەرمانبەرە کوردانەی ناوچەی خانەقین و مەندەلی لەکار لابدەن کە لە لایەن پارتی و یەکێتییەوە دامەزراون. هەروەها سنووریشیان بۆ هێزەکانی ئاسایشی ینك لە ناوچەکەدا داناوە. **8314**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-09-00** یەکێتی هاتنی سەددام و خێزانەکەیی بۆ شارۆچکەی دوکان بەدرۆخستەوە. **8319**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-09-00** بەپێی هەندێك سەرچاوەی کوردی نەوتێکی زۆر لە ناوچەی ئاکرێ دۆزراوەتەوە و ڕێژەی نەوتەکەش بەهێندەی نەوتی کەرکوك مەزندە دەکرێت. **8324**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-09-00** 13 پۆلیسی کورد لە شاری بەعقوبە تیرۆرکران. شایانی باسە هەندێك سەرچاوە باسی ئەوە دەکەن کە پارێزگاری بەعقوبە دەستی لەم کارە تیرۆریستییەدا هەبێت. **8320**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-09-00** هەفتەی ڕووناکبیریی سنە لە شاری سلێمانی, لەم هەفتەیەدا دەستەیەك لە ڕووناکبیران و هونەرمەندانی شاری سنە لە سلێمانی نمایشی کارەکانی خۆیانیان کرد. شایانی باسە هونەرمەند هەباسی کەماندیش بەشداربوو. **8321**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-09-00** بەپێی هەندێك سەرچاوەی کوردی لەم مانگەدا لە ناوچەی هەڵەبجە ژمارەیەکی زۆری چەکداری پارتی چوونەتە ناو یەکێتی و هەروەها ژمارەیەکی زۆری ناوچەی بالیسانیش چوونەتە ناو پارتی. **8339**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-09-00** بەپێی ڕاپۆرتێکی کۆمەڵەی مافی مرۆڤ لە تورکیا لە ماوەی 15 ساڵی ڕابردوودا 3700 گوندی کورد ڕووخێنراون خەڵکەکەشی ڕاگوێزراون. **8327**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-09-00** بەپێی ڕاپۆرتێکی تەلەڤزیۆنی NTVی تورکی تاوەکو ئێستا 100 هەزار کورد گەڕاونەتەوە بۆ کەرکوك و 60 هەزار عەرەبیش کەرکوکیان جێهێشتووە. **8329**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-09-00** بەپێی لێدوانێکی سەرۆکی ژووری بازرگانیی سلێمانی تاوەکو ئێستا 50 کۆمپانیای تورکی ئۆفیسیان لە شاری سلێمانیدا کردووەتەوە. **8330**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-09-00** بەپێی ڕاپۆرتێکی ئەسۆشییەتیدپرێس کەرکوک لەسەر لێواری تەقینەوەیە. **8331**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-09-00** بەپێی هەندێك سەرچاوە دیکتاتۆر سەددام حسێن لەلایەن ئامریکییەکانەوە هێنراوەتە هاوینەهەواری دوکان و ماڵومنداڵەکەشی لە تورکیاوە هاتوون بۆلای بۆ بینینی. **8316**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-09-01** فوئاد مەعسوم ڕایگەیاند: هەموو ئەو کوردانەی لەلایەن د.ق بۆ ئێران دەرکراون دەگەڕێندرێنەوە و زیانەکانیان بۆ دەبژێردرێت. **8308**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-09-01** ئەنجوومەنی نیشتمانیی کاتیی ئێراق لەیەکەم کۆبوونەوەیدا د. فوئاد مەعسومی بەسەرۆکی ئەنجوومەن هەڵبژارد. **8299**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-09-01** بەپێی هەواڵی میدیاکانی تورك لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا 11 چەکداری پکك و 2 ژەندرمە لەناوچەی هەکاری کوژراون, بەڵام پکك ئەم هەواڵەی بەدرۆ خستەوە و دەڵێن ئێمە کەسمان لێ نەکوژراوە و بەڵکو 2 ژەندرمەی تورکمان لەو چالاکییانەدا کوشتووە. **8298**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-09-14** خوێندکار دیار مزووری بڕوانامەی ماستەری لەسەر کورد لە سوید بەپلەی زۆرباش وەرگرت. **8332**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-09-18** کوژرانی کازم ئەلهانی لەنێوان کەرکوك و دووبز. نێوبراو سەرۆك هۆزێکی عەرەبی هاوردە بوو و زەوی و زارێکی زۆری کوردی داگیرکردبوو. **8326**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-09-20** هێنانەوەی تەرمی ئەو 3 لاوە زاخۆییەی کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە سەربڕدرابوون. **8317**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-09-20** ژێنەڕاڵ هوانگی فەرماندەی هێزەکانی کۆریای باشوور گەیشتە هەولێر و ئەوەشی ڕاگەیاند کەسەرجەمی ئەو هێزانەی بۆ باشووری کوردستان تەرخان کرابوون و ژمارەیان 3600 سەربازی کۆرین هەموویان گەیشتوون. **8315**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-09-21** تیرۆرکردنی یوسف شەبەك لە سوسلّ, نێوبراو پارێزەرێکی کورد بوو. 8325
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-09-22** لەپێکدادانێکی خەڵکی مياندواو و د.ا, 2 سەربازی ئێرانی کوژران و چەند کەسێکیش لەهەردوولا برینداربوون. 8323
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-09-23** ئەیاد عەلاویی سەرۆك وەزیرانی ئێراق لەبەردەم کۆنگرێسی ئامریکادا وتارێکیدا و تێیدا باسی فرەکوژیی کوردی لەلایەن ڕژێمی سەددامەوە کرد. 8322
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-09-24** بەپێی هەواڵێکی ڕادیۆی فەردا چەند چەکدارێکی نەناسراو لەسنووری فەرمیی ئێراقەوە تەقەیان لە پاسدارانی ئێران کردووە. 8337
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-09-25** دۆزینەوەی تەرمی لاوێکی کوردی زاخۆیی بەناوی ئەحمەد محەمەد لەسەر ڕێی بەغدا. نێوبراو لەلایەن عەرەبەکانەوە تیرۆرکرابوو و تەمەنی 25 ساڵە. 8334
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-09-25** هونەرمەندی سینەمایی بەهمەنی قوبادی لە ڤیستیڤاڵی سان سیباستیانی ئیسپانی خەلاتی یەکەمی زێڕینی لەسەر دوا فیلمی وەرگرت. شایانی باسە ئەم ڕووداوە لەلایەن زۆربەی کەناڵەکانی جیهانەوە باسکرا و فیلمەکەش ناوی "کیسەڵەکان دەتوانن بفڕن" بوو. 8333
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-09-25** هێزەکانی پی ئێم ئێف لە باشووری کوردستان دەستیان کردە پاشەکشە. 8328
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-09-26** کردنەوەی یەکەمین ناوەندی فێربوونی زمانی کوردی لە شاری ئەستەمبولّ. 8336
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-09-27** کردنەوەی هۆتێلّ هەولێر پالاس لەشاری هەولێر, شایانی باسە ئەمە هۆتێلێکی 5 ئەستێرەیە و لە ئاستی هۆتێڵە گەورەکانی جیهاندایە. ئەم هۆتێڵە پێشتر ناوی شیراتۆن بوو و لە جەنگی ناوخۆدا وێرانکرا و لەم دواییەدا نۆژەنکرایەوە. 8335
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-09-29** بەستنی کۆنفرانسێکی جیهانی لە شاری مۆسکۆ لەسەر کێشەی کورد لەهەر 4 بەشەکەی کوردستان, شایانی باسە لەم کۆنفرانسەدا چەندین سیاسەتمەداری ڕووس و وڵاتانی خۆرهەڵاتی ئەوروپا بەشدارییان تێیداکرد. **8344**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-09-29** فیلمی کوردی کیسەڵەکان دەتوانن بفڕن لە دەرهێنانی هونەرمەند بەهمەنی قوبادی لەنێو 100 فیلمی تردا بۆ ئۆسکاری ساڵی 2005 هەڵبژێردرا. **8343**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-09-30** دەستێکردنی ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەشی فراوانی د.ا و د.ت لەناوچەوی خوی دژی جەنگاوەرانی پژاك. **8340**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-09-30** تیرۆرکردنی بەرپرسی پاسەوانەکانی پارێزگاری کەرکوك لە کەرکوك. **8350**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-09-30** تیرۆرکردنی مەلایەکی عەرەب لەبەردەمی مزگەوتی عومەر زەیاب لە موسڵ, مەلای ناوبراو بەوە ڕازینەبووبوو کە فەتوایەك بۆ کوشتنی کورد و بیانە دەربکات. **8341**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-10-00** سەرۆکی ئەرشیفی دەوڵەتی تورکیا لەوەڵامێکدا بۆ لێدوانەکانی مەسعود بارزانی لەبارەی شاری کەرکووك رای گەیاند: بەپێی بەڵگەنامە عوسمانیەکان 90٪ی دانیشتوانی شاری کەرکووك تورکمان بوون. هەر لەو بارەیەوە سەرۆکی بەشی تاپۆ لە ئەرشیفی دەوڵەتی تورکیا رای گەیاند: بەپێی هەندێ بەڵگەنامە کە بۆ سەدەی 16 دەگەڕێنەوە 7320 کەس لە دانیشتوانی کەرکووك تورکمان بوون کە ڕێژەکەیان گەیشتۆتە 90٪ی دانیشتوانی شارەکە. **8438**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-10-00** دۆزینەوەی دوو گۆڕی بەکۆمەڵ لە ناوچەی هەڵەبجە و عەنەب, ئەم دوو گۆڕە نزیکەی 300 کوردی تێدایە کە لە هێرشەکانی ئەنفالدا تیرۆرکراون. **8405**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-10-00** نزیکەی دە مەلای چایینیی شاری هەولێر لە لایەن ڕۆوئی تیرۆریستی چەنساری سوننەوە هەڕەشەیان لێ کرا. چەو مەلایانە لە خوتبەی ڕۆژانی هەینیدا تیرۆرو تیرۆریستانیان مەحکووم کردووە، لەسزنڵەی چەوەوە پەکدارانی چەنساری سوننە بە نووسین هەڕەشەی کوشتنیان لێ کردوون. **8409**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-00** گروپێکی نەناسراو عێراقییەك دەکوژن کە دان بەوەدا دەنێت لەلایەن ئانکەرەوە بۆ کوشتنی تاڵەبانی راسپێردراوە. **8376**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-10-00** مالك دوهان ئەلحەسەنی وەزیری دادی عێراق بەرۆژنامەی (الدستور)ی ئوردنی راگەیاند: مەحاڵە حکومەتێکی فیدراڵی لەعێراق بێتەکایەوە، چونکە رەوشی عێراق لەگەڵ وڵاتانی دیکە جیایە و پێکهاتنی فیدراڵی ئەگەرچی بۆ کوردەکان باش بێت, بەڵام خەڵکی عێراق قبوڵی ناکەن چونکە عێراق پارچە پارچە دەکات. **8420**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-10-00** بە پێی هەواڵی ئاژانسی دەنگوباسی ئیسنای ئێرانی بڕیار وایە لەم مانگەدا لە ئەمریکا فیلمی (کیسەڵەکانیش دەتوانن بفڕن)ی هونەرمەند بەهمەنی قوبادی بۆ سەرۆکەکانی پێشووی ئەو وڵاتە و سیاسەت مەداران و بەرپرسانی ئێستای ئەمریکا نمایش بکرێت. تائێستاش چەندین کۆمپانیای ئەمریکی لەسەر کڕینی فیلمەکەی قوبادی لە پێش بڕکێدان و لەم هەفتەیەدا بڕیار دەدرێت کە فیلمەکە بەکام لەو کۆمپانیایانە بفرۆشرێت. **8421**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-10-00** بەپێی هەواڵی رۆژنامەی (هەواڵ) سەرچاوەیەکی بەرپرس لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەرۆژنامەکەی راگەیاندووە کە هەشت لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و 14 ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی یاداشتێکیان بۆ سکرتێری گشتی حزبەکەیان ناردووە، تیایدا داوای بەستنی پلینیۆمێك دەکەن بۆ پێداچوونەوە بەسیاسەتەکانی یەکێتی و خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنەکانی کوردستان و عێراق. **8423**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-00** کۆبوونەوەیەکی لوتکەی سەرانی دەوڵەتی تورك لەبارەی هەرێمی کوردستانەوە. **8428**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-00** پەخشی تەلەڤزیۆنی و ڕادیۆیی لە کەناڵە ناوچەییەکانی تورکیا لەلایەن د.ت ڕێگەی پێدرا. **8432**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-10-00** دوا بە دوای لابرانی سەید بورهان ئیبراهیمی بەڕێوەبەری کولتور و ئەدەبی کوردی لە سەر کارەکەی و وەدواکەوتنی بلاو کردەوەی ژمارە 217 و 218ی گۆڤاری سروە کارمەندانی بەشی شکاکی ئەم گۆڤارە دەستیان لە کار کێشایەوە و ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر بە لابردنی سەید بورهان ئیبراهیمی دەربڕی ، ئەم کارمەندانە ڕایانگەیاند کە تا ئەو کاتەی بەڕێز ئیبراهیمی نەگەڕێتەوە سەر کار و پیشەی خۆی ، لەم گۆڤارەدا کار ناکەن ، شایای باسە سەرجەم برگە و بابەتەکانی گۆڤاری سروە دەبێت بکرێت بە فارسی و بەرپرسانی وەزارەتی ئیتیلاعات بە سەریاندا بچەوە و لە دواییدا بە

زاراوە جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردی بڵاو بکرێتەوە کە ئەوەش کاتێکی زۆر دەخایەنێت و ئاستەنگی دەخاتە بڵاو بوونەوەی گۆڤارەکە لە کاتی دیاریکراودا. **8433**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر com.peyamner.www//:http

**2004-10-00** نزیکەی هەزار دەنگدەری کورد لە ناشڤیلی ئامریکا ئامادەن دەنگی خۆیان بدەنە جۆرج بوش, شایانی باسە لە ناشڤیل نزیکەی 5 تا 8 هەزار کوردی لێیە. **8401**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر com.peyamner.www//:http

**2004-10-00** ڕۆژنامەی هائارێتزی ئیسرائیلی رایگەیاند کەوا محەمەد ڕەشید کە گەورە راوێژکاری ئابووریی یاسر عەرەفات و بەرپرسی هەموو کاروبارە داراییەکانی یاسر عەرەفات بووە دەستی لەکارکێشایەوە. بەمەش گرۆتینی داوە بەو هەواڵانەی کە دەڵێن عەرەفات باوی نەماوە. شیاوی باسە محەمەد ڕەشید بەناوی خوازراوی خالد سەلام ناسراوە و خۆی کوردی باشووری کوردستانە و لەساڵانی سەرەتای هەفتاکان کاتێك لە لوبنان دەیخوێند پەیوەندیی بەبزووتنەوەی فەلەستینی کردووە. **8437**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر com.peyamner.www//:http

**2004-10-00** بەپێی ڕاپۆرتێکی هەفتەنامەی میدیا حیزبی بەعسی هەڵوەشاوەی ئێراقی لە شاری حەسەکە کۆنگرەیەکی بەستووە و 3 ڕۆژی خایاندووە. هەروەها تاوانبار محەمەد یونس ئەحمەد کراوەتە ئەمینداری بەعس لە ئێراقدا. **8793**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: میدیا - ژمارە 177 - 30-12-2004.

**2004-10-00** سەردانی پارێزگاری کەرکوك ئەوڕەحمان مستەفا بۆ ئامریکا. **8475**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-10-00** کۆتایی ئەم مانگە: داگیرکەری ئێرانی ناوەندی کولتوور و ئەدەبی کوردیی لە ورمێوە گوێزایەوە بۆ تاران. **8463**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-00** دۆزینەوەی شوێنەوارێکی چاخی بەردینی نوێ لە نزیك گوندی گرێزەی سەربە سلێمانی. **8478**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-00** لە ئەنجامی کێشەی نێوان جەلال تاڵەبانی و مەکتەبی سیاسیی یەکێتی, بڕیاردرا جێگرێك بۆ جەلال تاڵەبانی دابنرێت. ئەم کێشەیەش لەوەوە هاتووە کە سکرتێری یەکێتی سەربەخۆ هەندێك کار دەکات کە مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لێی ڕازی نییە. **8444**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-00** به پێی ئەو راپۆرتەی کە لەلایەن دەستەی راوێژکاریی مافەکانی مرۆڤی سەرۆك وەزیرانی تورکیا ئامادە کراوە, باری نالەباری ماف مرۆڤ سەرەڕای هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەتورکیا ئەنجام دراون درێژەی هەیە و تەنانەت لە هەندێ بواردا روو لە خەراپتریشن. لەو راپۆرتەیدا کە بەشێکی لە رۆژنامەی زەمانی تورکیدا بلاوبۆتەوە, دەستەی راوێژکاریی ماف مرۆڤ دەڵێ کەوا تەنها لە ماوەی مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 692 کەس بە شێوازی فەلاقە, لەکارەبادان و لێدانی جەستەیی لە زیندانەکانی تورکیا ئەشکەنجەدراون. **8448**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-10-00** یەکەمین ئەنجوومەنی کلتووریی و ئەدەبیی خوێندکارانی هەورامی بە ناوی ئەنجوومەنی کلتووریی ئەدەبیی ئاهورا ، چالاکییەکانی خۆی لە زانستگاکانی خۆرهەڵاتی کوردستان، دەست پێکرد. **8473**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-00** تا کۆتایی ئەمساڵ: لە هەولێر و ناوچەکانی دەوروبەری نزیکەی 41 ڕووداوی سووتاندن و خۆسووتاندن ڕوویانداوە کە لەمانە 34 ئافرەتن و لە کۆی هەمووی 35یان بەهۆی سەختی سووتانەکانیانەوە مردوون. **8902**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-00** پارێزەرێکی کورد بەناوی یوسف تاج بووە سەرۆکی ڕێکخراوی ماف مرۆڤ لە تورکیا. **8479**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-10-00** کۆتایی ئەم مانگە: د.ت ڕۆژانە 16 کاژێر کارەبای شاری دهۆك دەبڕێت. **8496**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-00** بەپێی ڕاپۆرتێکی هەردوو وەزارەتی ماف مرۆڤی هەولێر و سلێمانی یەك ملیۆن و 300 هەزار بێسەر و شوێن لە ئێڕاقدا هەیە کە نیوەی ڕێکیان کوردن و دەکاتە نزیکەی 650 هەزار کورد. **8465**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-00** بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایشی د.ت ڕایگەیاند: وڵاتێك نییە بەناوی کوردستانەوە. **8457**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-00** کۆتایی ئەم مانگە: ئەندام پەڕلەمانێکی سوید داوا لە وڵاتەکەی دەکات باڵوێزخانەی سوید لە باشووری کوردستان بکرێتەوە. **8460**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-10-00** لەشاری عەفرینی کوردستانی بندەستی داگیرکەری سوریا، سەربازێکی کورد کە ناوی (محمد شێخ محمد)ە و خەڵکی گوندی سەنارێی سەر بە قەزای عەفرینی کوردنشینە، هەفتەی رابردوو کوژراوە, سەرچاوە کوردییەکان رایگەیاند کە ناوبراو لەکاتی ئەنجامدانی خزمەتی سەربازیدا لە ناوچەی قەتیفییە کوژراوە و ئەوانەی دیویانە، دەڵێن لە پشتەوە پێکراوە. شایانی باسە تا ئێستا پێنج سەربازی کورد لەناوچە جیاجیا کوردییەکانی رۆژئاوای کوردستان کوژراون بەئەنقەست کوژراون و پارت و رێکخراوە سیاسییە کوردییەکان حکومەتی سوریا بەوە تاوانبار دەکەن کە لەپشت ئەو کارانەوەیە. **8476**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-00** بەپێی هەندێك سەرچاوەی کوردی, بەتایبەتی ئەوانەی سەربە پارتین, نەخۆشی سارس لە سلێمانی بڵاوبووەتەوە و چەند کەسێکیشی کوشتووە و نەخۆشخانەکانیش چۆڵکراون, بەڵام وەزارەتی تەندروستیی یەکێتی ئەمەی بەدرۆدا خستەوە و ڕایگەیاند کە ئەو نەخۆشییە تەنها ئەنفلۆنزایە و هیچی تر. **8394**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-00** دەرچوونی ژمارە 1ی ڕۆژنامەی چاودێر لە سلێمانی, خاوەنی ئیمتیازی ئەم ڕۆژنامەیە مەلا بەختیاری ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتییە. **8389**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ – 06-10-2004. لاپەڕە : 12.

**2004-10-00** د.ا, هونەرمەند ئیسماعیل سەردەشتیی بە 6 مانگ زیندانی و 73 قامچی و 3 ساڵ بێبەشبوون لە کاری هونەری بەتاوانی هاندانی لاوان لەدژی ڕژێم حوکمدا. **8477**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-00** وەزارەتی نێوخۆی ئوردن رەزامەندیی لەسەر وەرگرتنی 375 پەنابەری رۆژهەڵاتی کوردستان دا تا بچنە خێوەتگای رویشد لەسەر سنووری نێوان عێراق و ئوردن، ئەوەش بە مەبەستی ئامادەکردن و راهێنانیان لەسەر شێوازی ژیان لە سوید کە لەماوەیەکی کەمی داهاتوودا بۆی دەگوازرێنەوە. **8378**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-10-00** باڵوێزی بەریتانیا لە بەغدا ڕایگەیاند: کە ئێمە لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی کوردیدا نین. **8372**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-00** سەرۆکی بەرەی تورکمانی فاروق عەبدولڕەحمان ڕایگەیاند کە تاساڵی 1998 تەنها 11 هەزار کورد لە کەرکوك دەرکراوە. هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاند کە ئاماری تورکمان لە شاری هەولێر لەساڵی 1957دا لە ٪86.5 بووە و ئێستا بووەتە ٪20. **8371**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-00** وەزارەتی پەروەردەی ئێراقی تورکمانێکی دەستنیشانکرد بۆئەوەی ببێتە بەڕێوەبەری پەروەردەی کەرکوك، بەڵام بەهۆی ناڕەزایی زۆربەی ئەندامانی ئەنجوومەنی کەرکوکەوە، ئەم بەڕێوەبەرە نوێیە نەیتوانی پەیوەندی بکات بەکارەکەیەوە. **8370**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-00** نزیکەی 15.187 خوێدکار لە زانکۆ و پەیمانگاکانی باشووری کوردستاندا دەستیانکردە خوێندن. **8357**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-00** ئەمساڵ نزیکەی 64 قوتابخانەی کوردی لە شاری کەرکوك کراوەتەوە، ئەم قوتابخانانە بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندنی کوردییە لەو شارەدا. **8369**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-00** سەرەتای ئەم مانگە: دۆزینەوەی تەرمێکی سەربڕدراو لە شارۆچکەی بەعشیقە کە لەلایەن تیرۆریستەکانەوە سەربڕدرابوو، نێوبراو ناوی ڕۆژ سۆرانییە. **8368**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-00** سەرەتای ئەم مانگە: تیرۆریستەکان لە شاری موسڵ خێزانێکی کوردیان قەتڵوعام کرد کە 5یان لێمردن و 4یشیان بریندداربوون. **8367**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-00** ڤێستیڤاڵی ئاشتی و لێبووردن و ماف مرۆڤ لە شاری سلێمانی. **8384**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-00** 11 حزبی کوردیی لە سوریا داوایان لە دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە کرد کە جەور و ستەمی سەر ئەو هاووڵاتییە کوردانەی لە ڕەگەزنامەی سوریی بێبەش کراون هەڵگرێت و ڕەگەزنامەکانیان پێبداتەوە و بەچاوی هاووڵاتیی یەکسان لەگەڵ هاووڵاتییانی دیکەی ئەو وڵاتەدا سەیریان بکات. **8381**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-00** بەپێی هەندێك سەرچاوەی کوردی ژمارەی ئەو خێزانە کوردانەی لە تیرسی تیرۆری عەرەب لە فەلوجەوە بۆ ناوچەکانی کوردستان لە کاتی ڕووخانی بەغداوە تاوەکو ئێستا هەڵهاتوون گەیشتووەتە 112 خێزان. **8363**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-01** ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ساز کرد. پرسی گرێدانی ئەو کونگرەیەی کە ڕۆژی 28-09 لە تکریت لەلایەن پاشماوەکانی ڕژێمی پێشووی بەعس و بەرەی

تورکمانی و ژمارەیەك لە عەشایەرە عەرەبەکانەوە بەڕێوەچوو، تەوەری سەرەکی گفتوگۆکانی ئەو کۆبوونەوەیە بوو. لە کۆبوونەوەکەدا گروپی کوردی و بەشێك لە تورکمان و کلدانی و ئاشووریەکانیش کۆنگرەکەی تکریتیان بەکارێکی نایاسایی و دەستێوەدان لە کاروباری ناوخۆی کەرکوك وەسف کرد. **8366**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-01** ئیمام و وتاربێژی عومەری کوڕی خەتاب لە عەین سوفنی لە وتاری هەینیی ئەمڕۆدا هەڕەشەی لە یەزیدییەکان کرد بەوەی یان دەبێت شەهادەت بێنن یان دەبێت باجێکی گران بدەن. **8361**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-02** تیرۆرکردنی 6 هاوڵاتیی کورد لە سوسڵ. **8354**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-10-02** لە کۆمەڵێك شارەکانی کوردستان و هەروەها هاوکات لە کۆمەڵێك لە شارەکانی ئەورووپا ڕێپێوانێك بۆ ڕیفراندۆم سازکرا. **8351**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-10-02** کوردەکانی کەرکوك خۆپیشاندانێکیان بۆ چوونەدەرەوەی عەرەبی هاوردە ڕێکخست. **8352**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-10-02** لە خۆپیشاندانی ڕاپرسی لە شاری سلێمانی, هەندێك گەنجی ناوخۆپیشاندانەکە هاواریان کردبوو: لە کۆیەوە تا خانەقین هەمووی موڵکی یەکێتین, لە دێگەڵە تا زاخۆ پارتی هەرهەمووی بۆ تۆ. **8353**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-10-02** کوردەکانی خۆرئاوا بەیارمەتیی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە ستۆکهۆڵم خۆپیشاندانێکیان لەبەردەم باڵوێزخانەی داگیرکەری سووریدا ڕێکخست. خۆپیشاندەران نارەزاییان بەرامبەر بێبەشکردنی کورد لە ڕەگەزنامەی سووری و خراپ مامەڵەکردنی زیندانییە کوردەکان دەربڕی. **8373**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-02** دۆزینەوەی تەرمی عەزیز لۆمانەیی لە موسڵ, نێوبراو پێش چەند ڕۆژێك فڕێندرابوو و لەلایەن تیرۆریستەکانەوە گوللەیەك نرابوو بەسەرییەوە. **8360**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-03** نارەزایی کۆمەڵە کوردستانییەکانی سوید لە دژی ئەتککردنی سروودی ئەی ڕەقیب لەلایەن ماڵپەڕی کوردستانپۆستەوە, ئەم کۆمەڵەیە بەنیازە ماڵپەڕی ناوبراو بەشێوەیەکی یاسایی تاوانبار بکات بۆ لێپێچینەوە. **8356**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی کوردستان نێت http://www.kurdistannet.org

**2004-10-03** گیرانی 2 تیرۆریستی عەرەب لە شاری کەرکوك بە 70 کیلۆ مادەی تەقینەوەوە. **8355**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-10-03** یەکەمین کۆنفرانسی دامەزراندنی نووسەرانی کوردستان – خۆرهەڵات لە نەرویژ. **8364**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-03** ناوەندی هەڵسەنگاندنەکانی یەکێتی ئەوروپا لە برۆکسلّ, ڕایگەیاندووە کە ئەگەر تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا وەربگیردرێت, ئەوا ئەو یەکێتییە ناچارە لەبەر نزمبوونی ئاستی ژیانی هاووڵاتیانی تورك و دواکەوتوویی ئەو وڵاتە لەچاو وڵاتانی دیکەی ئەوروپا, ساڵانە 28 ملیار و 900 ملیۆن یۆرۆ بودجە خەرج بکات. **8362**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-10-04** پی ئێم ئێف بەتەواوەتی لە کوردستان چووە دەرەوە و کلیلی بارەگاکەش درایە دەست پارێزگاری هەولێر. **8358**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-04** کۆمیسیۆنی یەکێتیی ئەوروپا ڕایگەیاند: ئەگەر تورکیا ڕێز لە مافی مرۆڤ و کورد نەگرێت, ئەوا دانوستاندنەکان بۆ ئەندامبوونی لە یەکێتیی ئەوروپادا دەپچڕێنین. **8359**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-05** جاك سترۆی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا و ئێدوارد چاپلن باڵیۆزی بەریتانیا لە بەغدا و کونسوڵی گشتیی بەریتانیا لە کەرکوك و بەڕێوەبەری سیاسیی لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا بەسەردانێکی فەرمیی گەیشتنە دوکان و هەولێر. وەفدەکە چاوی بە جەلال تاڵەبانی و نێچیرڤان بارزانی کەوت. **8365**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-05** چوار هاووڵاتی کورد کە سێیان پێشمەرگەی یەکێتی بوون لەناوچەی شارەبان کەوتنە کەمینی گروپێکی چەکدارەوە و تیرۆرکران. **8379**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-10-05** غازی ئەلیاوەری سەرۆکی ئێراق لە دیمانەیەکدا بۆ کەناڵی ئەلجەزیرە ئەوەی ڕاگەیاند کە بەهەموو هێزێکیانەوە لەوانە دەدەن کە دەیانەوێت لە ئێراق جوودابینەوە لە ئێراقی یەکپارچەدا. هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاند کە داواکاریی کورد بۆ ڕیفراندۆم خیانەتە و بەهەموو هێزێکمانەوە بەرەنگاری دەبینەوە. **8374**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-06** بەپێی نوسراوی ژمارە (11139)ی ڕۆژی 06-10 کە ئاراستەی پەیمانگەی تەکنیکی کەرکوك کراوە, دەستەی باڵای ریشەکێش کردنی بەعسییەکان لە بەغدا بڕیاریدا بە گەڕاندنەوەی 9 مامۆستای پەیمانگەی ناوبراو کە پێشتر سەر بە ڕژێمی بەعس بوون و پار بە بڕیارێکی دەسەڵاتی هاوپەیمانان لەسەر کار لابردرابوون. لەو بارەیەوە عیرفان کەرکوکی یاریدەدەری پارێزگاری کەرکوك بۆ ریشەکێش کردنی پاشماوەی بەعس رایگەیاند کە لەم ماوەیەدا بە شێوەیەکی بەرچاو وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لە بەغداوە ژمارەیەکی زۆر کۆنە بەعسییان گەڕاندووەتەوە سەر کارو ئێمەش هیچ دەسەڵاتێکمان نییە بۆ رێگەگرتن لە گەڕانەوەیان. **8469**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-10-06** ئەمڕۆ کۆمیسیۆنی ئەوروپا راپۆرتی خۆی سەبارەت بە ئەندامیەتیی تورکیا لەو یەکێتیەدا خستەڕوو و پێشنیازی ئەوەی کرد کە دانوستانی پەیوەست بە ئەندامیەتیی تورکیا لەو یەکێتییەدا دەستی پێ بکرێت. بەڵام لە هەمان کاتدا هەندێ شەرت و مەرجی زۆر توندی بۆ پێشگرتن لە پاشەکشێی تورکیا لە ریفۆرمی دیموکراسی و ماف مرۆڤ لە وڵاتەکەیدا خستۆتە ڕوو. بە پێی هەواڵی میدیاکانی تورکیا لەو بارەیەوە کۆمیسیۆنێرەکانی یەکێتی ئەوروپا بە بێ دەنگدان و بە ئیجماع رەزامەندییان لەسەر دەستپێبوونی دانوستان لەگەڵ تورکیادا خستەڕوو. **8375**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-10-06** سەرۆك عەشیرەتێکی کورد لەنێو بازاڕی موسڵدا درایە بەر دەسترێژی گوللە و لەئەنجامدا کوژرا. خالید عەبدولغەفور دووبەردانی کە سەرۆکی عەشیرەتی (گێش) بوو، لەنێو ئوتومبیلەکەیدا لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە پەلاماردرا و هەر لەو هێرشەدا دوو لە پاسەوانەکانیشی بەسەختی برینداربوون. **8377**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-10-06** وەزیری دەرەوەی سوید خاتو (لەیلا فرێی ڤالدس) ئەمڕۆ گەیشتە شاری ئامەد (دیاربەکر) تا لە نزیکەوە ئەو ریفۆرمانە ببینێت کە تورکیا ئیدعا دەکات لە بارو گوزەرانی خەڵکی ناوچەکە و سیستەمی سیاسی و بەڕێوەبردن لە ناوچە کوردییەکان ئەنجامی داون. **8380**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-10-06** لە شاری فرانکفۆرتی ئاڵمانیا بە یارمەتی وەزارەتی رۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان, پێشانگایەکی کتێب لە لایەن کۆمەڵەی کوردەکانی ئاڵمانیاوە کراوەتەوە. لە هۆڵی پێشانگاکە بەسەدان کتێب لە بوارەکانی سیاسەت, کەلتور, مێژوو ...هتد و چەندین نمونەی گۆڤار و رۆژنامەی کوردی نمایش کراوە. دەرێ و ناوەوەی پێشانگاکەش بە چەندن ئاڵای کوردستان رازێندراوەتەوە. شاندێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم پێشانگایەدا بەشدارە و بڕیار وایە ئەم پێشانگایە تا 10 مانگ واتا درێژەی هەبێت. **8393**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-07** بەپێی ئامارێك کە لە سایتی پەیامنێر بڵاوکرایەوە 55٪ هاووڵاتیان ڕازی نین یەکێتی و پارتی بەیەك لیست بەشداری هەڵبژاردنەکانی کوردستان بکەن. **8390**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-10-07** سەردانی وەزیری دەرەوەی بەریتانی جاك سترۆ بۆ تورکیا, شایانی باسە ئەم سەردانەی سترۆ بۆ گتفوگۆکردنی پاشەڕۆژی شاری کەرکوکە لەگەڵ تورکەکاندا. **8382**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-10-07** بەختیار ئەمین وەزیری ماف مرۆڤی عێراق و وەفدە هاوڕێکەی سەردانی شاری هەڵەبجەی شەهیدیان کرد کرد. لە نێو ئەو شاندەدا (حاکم رائید ئەلجوحی) تێدابوو کە ئەرکی دادگایی سەدام و سەرانی رژێمی رووخاوی بەعسی پێ سپێردراوە. شایەنی باسە ئەو سەردانە لەچوار چێوەی (ڤێستیڤاڵی ئاشتی و لێبووردن و ماف مرۆڤ)دایە, کە چەند رۆژێکە لە شاری سلێمانی دەستی بە کارەکانی کردووە. **8383**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-10-09** تیرۆرکردنی 8 کورد لە شاری موسڵ لەلایەن عەرەبە تیرۆریستەکانەوە. **8392**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-09** بەرهەم و ساڵح و نێچرڤان بارزانی لە هەولێر لە وەڵامی غاری ئەلیاوەری سەرۆکی ئێڕاقدا وتیان کەس بۆی نییە بە بڕیاردانی ماف چارەنووس بلێت خیانەتە. **8391**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-10** کۆمەڵە چەکدارێك هەڵیانکوتایە سەر ئارایشگایەکی ئافرەتان لە دەوروبەری حەمامی موسڵ. خاوەنی ئارایشگاکە کە خاتوو چیمەن محەمەدە و خەڵکی شاری سلێمانییە لەلایەن ئەو چەکدارانەوە رفێندرا. **8398**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-10** سازدانی یەکەمین ڤیستڤاڵی هونەری و ئەدەبی لەلایەن ناوەندی ڕۆشنبیریی سۆرانەوە. **8395**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-10** دۆناڵد ڕامسفیلدی وەزیری بەرگریی ئامریکا سەردانی شاری کەرکوکی کرد. **8400**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-10-10** مەسعود بارزانی لە تورکیاوە ڕایگەیاند: هێشتا لەو باوەڕەدام کە کەرکوك دڵی کوردستانە. **8397**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-10** کوردێك بەناوی مەسعود حامید لەلایەن د.س بەتاوانی بڵاوکردنەوەی وێنەکانی ڕاپەڕینی قامیشلی لەسەر ئنتەرنێت بە 3 ساڵ زیندانی حوکم درا. 8402

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-10-10** ئیبراهیم عەرەفاتی جێگری پارێزگاری موسڵ کە تورکمانێکی ئەو شارەیە و لە تورکیاوە ڕایگەیاند ئەوەی بەسەر کەرکوك هات، ئێستا ڕووبەڕووی موسڵیش بۆتەوە، ئێستا نەخشەیەك هەیە بۆ ئەوەی ڕێ لە تورکمان بگیرێ کە ببێ بەهێزێکی کاریگەر و کورد بە پشتیوانی ئەمریکییەکان بەرەو کەرکوك دەچن، بەشێکی ئەم هەڵمەتە موسڵیشی گرتووەتەوە کورد لە سوریاوە دەهێنن، هەوڵ دەدرێت موسڵیش وەك کەرکووك بەکوردی بکرێت. 8396

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-11** ئاژانسی دەنگوباسی ڕۆیتەرز بڵاویکردەوە کە ئامریکا تورکیای هاوپەیمانی لەوە ئاگادارکردۆتەوە کە چارەسەری کێشەی چەکدارە یاخیبووەکانی سەر بە پارتی کرێکاران لە (باکوور)ی عێراقدا دەکات. 8905

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-11** تیرۆریستە عەرەبەکان کوردێکیان بەناوی لوقمان حسێنەوە سەربڕی بەتاوانی ئەوەی ئەندامی پارتی و وەرگێڕی ئامریکییەکان بووە. 8404

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-10-11** کۆبوونەوەی دوێنێی پەرلەمانی کاتی عێراق کە تایبەت بوو بە بەشداربوونی لایەنە کوردییەکان لە هەڵبژاردنەکانی کەرکوك و چارەسەرکردنی کێشەی ئاوارەکان. پەرلەمان بڕیاریدا یەکلایی کردنەوەی کێشەکانی تایبەت بەکەرکوك بۆ پەرلەمانی ئایندەی عێراق بەجێ بهێڵدرێت. 8906

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-11** کۆبوونەوەی سێلایەنانەی ئامریکا و داگرکەرانی تورك و ئێراق. ئەم کۆبوونەوەیە تایبەت بوو بە کوردەوە و تورکیا داوای لە ئامریکا کرد کە پارتی چارەسەری بەشداریی هەڵبژاردنەکانی ئێراق نەکات. 8907

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-11** بەرپرسی کونسوڵخانەی داگیرکەری ئێران لە هەولێر ڕایگەیاند کە ئێران ئامادەیە بە چاودێریی بارزانی و تاڵەبانی گفتوگۆ لەگەڵ حدکادا بکات. 8427

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-11** موقەدەم عەبدولستار فەقێ کە موقەدەمێکی سەربازیی سەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو لە نزیك کڵێسەی نور لە گەڕەکی تەئمیمی شاری موسڵ لەلایەن گروپێکی تیرۆرستەوە تەقەی لێکرا و کوژرا. موقەدەمی نێوبراو خەڵکی گوندی دارەتووی سەر بە دەڤەری بەردەڕەش بوو. هاوکات هەر ئەمڕۆ و لەگەڕەکی تەحریر لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە هێرش کرایە سەر موقەدەمی پۆلیس قادۆ زێباری و لە ئەنجامدا بە سەختیی بریندار بوو. 8399

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-11** بەهۆی دادگایی کردنی رۆژنامەنووسێك لەلایەن دادگای تورکیاوە، دادگای ماف مرۆڤی یەکێتی ئەوروپا رەخنەی توندی ئاراستەی تورکیا کرد و بەوە تۆمەتباری کرد کە رێککەوتننامەی یەکێتی ئەوروپا بۆ ماف مرۆڤ پێشێل دەکات. دادگای ناوبراو روونی کردۆتەوە کە دادگایی کردنی (ئاتیلا هالیس)ی رۆژنامەنووس بەهۆی بڵاوکردنەوەی راپۆرتی رۆژنامەوانی لەسەر کوردەکانی تورکیا، پێشێل کردنی ماف ئازادی رادەربڕینە. 8903

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-12** تیرۆرکردنی عەبدولمەجید ئەلعەنتەر لە موسڵ، نێوبراو ئەندامێکی کوردی ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵ بوو. 8403

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-10-12** بەپێی بڕیارێکی دادگای هەولێر هەردوو ڕۆژنامەنووس خەلیل حەسەن زێوەیی سەرنووسەری ڕۆژنامەی دێدی نوێ و بڵند مستەفا بەڕێوەبەری نووسینی هەمان ڕۆژنامە دەستگیرکران, ئەوەش لە ئەنجامی بڵاوکردنەوەی هەواڵێك هاتووە کە پەیوەندیی بە یەکگرتووی ئیسلامییەوە هەبووە, بۆیە یەکگرتووی ئیسلامی سکاڵای لەسەر ڕۆژنامەی تۆمار کردووە. 8406

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-13** تەرمی فازڵ سەیداڤایی کە لە بازاڕی باب ئەلتۆب لە شاری موسڵ دوکانی مریشکفرۆشیی هەبووە، بەسەربڕدراوی لەنزیك ماڵەکەی خۆی فڕێدرا. 8411

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-13** کۆمەڵی کوردیی کورد لە سکۆتلاند نامەیەکی ناڕەزاییی بۆ ڕۆژنامەی ئەلشەرق ئەلئەوسەتی عەرەبی نارد, ڕۆژنامەی ناوبراو پێش چەند ڕۆژێك وتارێکی خالید ئەلقەشتینیی بڵاوکردبووەوە کە هەمووی سووکایەتی بوو بۆ کورد و دۆزە ڕەواکەی. 8419

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-13** لە کۆبوونەوەیەکی پەرلەمانی ئەوروپا کە لەیلا زاناش بەشداربوو تێیدا, جۆزیف بۆرلیی سەرۆکی پەرلەمانی ئەوروپا بە زمانی کوردی بەخێرهاتنی لەیلا زانای کرد. 8426

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-13** خەسرەو گۆرانی یاریدەدەری پارێزگاری موسڵ لە هەوڵێکی تیرۆریستی ڕزگاری بوو. **8407**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-13** لەژێر دروشمی (دادگایی سەرانی رژێمی پێشووی عێراق – وانەیەك بۆ دووبارەنەکردنەوەی تاوانەکانی جینۆساید لە کوردستانی عێراقدا) پەرلەمانی کوردستان کۆنگرەی تاوتوێکردنی تاوانەکانی جینۆساید کە لەلایەن رژێمی پێشووی عێراقەوە دەرهەق بە هاوولاَتیانی کورد ئەنجام درا دەست پێکرد. **8408**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-13** د.ت رایگەیاند کە لەسەر دەوڵەتانی دراوسێی عێراق پێویستە لە مەسەلەی کەرکوکدا قسەی خۆیان هەبێت، چونکە ئەو مەسەلەیە پەیوەندیی بەئاسایشی سەرجەم ناوچەکەوە هەیە. **8413**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-14** پاش ئەوەی رۆژی 12-10 و لە کاتژمێر شەشی بەیانیدا عیماد سەلیم هەرکی کە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە و دوکانی ئاسنفرۆشیی هەبوو لە موسڵ، لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە رفێندرا، ئەمرۆ تەرمی نێوبراو بە سەربڕدراوی فڕێدرابووە بەر دەرگای ماڵەکەی. **8410**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-14** بە پێی هەواڵی ئاژانسی دەنگوباسی میزۆپۆتامیا لە بەغداوە, ئەمرۆ کچە رۆژنامەنووسی کورد بەناوی (دینە محەمەدحەسەن) لە گەڕەکی ئەعزەمییەی بەغدا بەهۆی پەلامارێکی تیرۆریستییەوە گیانی لەدەستدا. **8412**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-14** بەرپرسێکی یەکێتی لە بەغدا جارێکی دیکە ئەو هەڵوێستەی دووپات کردەوە کە کورد ئامادەیە بچێتە ململانێیەکی چەکدارییەوە ئەگەر لایەنی عەرەبی سوور بێت لەسەر رەتکردنەوەی ناسنامەی کوردیی شاری کەرکوك. **8414**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-14** پارێزەر ئەنوەر ئەلبوننی کە هەڵسوڕاوێکی چالاکی بواری مافەکانی مرۆڤە لە سوریا، بە ئاژانسی فرانس پرێسی راگەیاند کە دەسەلاَتدارانی سوریا سێ هاوولاَتی کوردیان لە ناوچەی ئاموودای سەر بە پارێزگای حەسەکە دەستگیر کردووە. ئەلبوننی روونی کردەوە کە ئەو هاوولاَتیانە لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی دەوڵەتەوە دەستگیرکراون. هەروەها دووپاتیشی کردەوە کە دەستگیرکردنی ئەو سێ کەسە پەیوەندیی بە رووداوەکانی مانگی مارتی رابردووی قامشلۆوە هەیە. **8418**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-10-14** تا 15-10: بەستنی کۆنگرەی دووەمی حیزبی ڕزگاریی کوردستان. **8446**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی کوردستان نێت http://www.kurdistannet.org

**2004-10-14** لەیلا زانا لە سەردانێکیدا بۆ بەلژیك ڕایگەیاند کە پێویستە مافەکانی کورد بەپێی دەستوور دابین بکرێت. **8417**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-10-15** ڕێکخراوە کوردییەکانی بەریتانیا لە لەندەن کۆڕێك بۆ هونەرمەندان جەلیل زەنگەنە, مستەفا ئەحمەد و ناسر حەسەن سازدەکات. **8416**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-16** دادگای سەربازی دەریاوانی یۆنان بڕیاریدا کە 5 گاردی کەنار زیندانی بکرێن, دوای ئەوەی ئاشکرا بوو کە گاردەکان ئەشکەنجە و ئازاری ئەو کوردانەی کە ماوەیەکە لە بنکەیەکی پۆلیس لە دوورگەی خانیا بەندکرا بوون, دابوو. **8422**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-16** ئاسایشی سلێمانی بەچەکەوە دەچنە سەر مزگەوتی حاجی عوسمانی عەللاف لە گەڕەکی زەرگەتە و مەلاعوزێر دەستگیر دەکەن. هاوکات دەنگی ناڕەزایی سەدان کەسیش لە مزگەوتەکەدا بەرز دەبێتەوە و چەند کەسێکیش لەوان دەستگیردەرکرێت. **8424**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-16** گەڕانەوەی لەیلا زانا بۆ تورکیا و لە فڕۆکەخانەی ئەستەمبوڵ بۆ ماوەیەك زیندانی کرا و پاشان ئازاد کرا. **8425**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-16** عەبدولغەفور ڕەحیم ئەبوبەکری بەڕێوەبەری ئیداری لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرکوك، لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە تەقەی لێکرا و تیرۆرکرا. **8430**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-17** کوژرانی بەڕێوەبەری کارگێڕی پەروەردەی کەرکوك, نێوبراو ناوی غەفور بوو و ئەندامی بەرەی تورکمانی بوو. **8431**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-10-19** تیرۆرکردنی 2 کورد و بریندارکردنی یەکێکی تر لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە لە موسڵ. **8434**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-10-19** لە مەراسیمێکی تایبەتدا ئەلسکۆ سەرۆك کۆماری ڕۆمانیا پێشوازیی لە عادل موراد وەك باڵیۆزی عێراق لەو وڵاتە کرد. شایانی باسە مەراسیمەکە کە ژمارەیەك لە گەورەبەرپرسانی حکومی و دیپلۆماتیی ڕۆمانیا ئامادەی بوون، بەبۆنەی دەستبەکاربوونی عادل مورادەوە لەو پۆستەدا ڕێکخرابوو. **8442**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-19** عەبدوڵڵا گوول ڕیگەیاند: بەهیچ شێوەیەك ئەو قسانەمان قبوڵ نییە کە دەڵێن کێشەی کەرکوك کێشەیەکی ناوخۆییە. **8436**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-10-19** جەمیل چیچك وەزیری دادی تورکیا لە مەراسیمی کردنەوەی زانکۆی ئەدکان لە ئەستەمبوڵ ڕایگەیاند: با کەس چاوەڕێی دەرچوونی لێبوردنی گشتی نەبێت، چونکە هەرگیز ئەوە روونادات. ئەو لێدوانەی چیچك وەڵامی لێدوانەکەی لەیلا زانا بوو کە داوای کردبوو لێبوردنێکی گشتی رابگەیەنرێت تا کۆتایی بەشەڕی چەکداریی بێت. **8439**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-10-19** ئەندامێکی دیکەی کورد بۆ گروپی کوردیی نێو ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵ زۆرکرا. ئەندامی نێوبراو میرزا سلێمان یەزدینە و بەمەش ژمارەی گروپی کوردی لە ئەنجوومەنی موسڵدا بووە 11 کورد. **8435**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-10-20** تا 10-21, بەستنی زنجیرەیەك کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکییانەی کە کەوتووەتە نێوان هەندێك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و جەلال تاڵەبانی. هەندێك سەرچاوەی کوردی باس لەوە دەکەن کە نەوشیروان مستەفا بووەتە جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتی. هەروەها ئاراسی شێخ جەنگیش کە برازای جەلال تاڵەبانییە لە سەرۆکایەتیی کاروباری دارایی لابراوە. **8455**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-20** مەسعود بارزانی لە ڕۆژنامەی ئەلحەیاتی عەرەبیدا ڕایگەیاند: ئەگەر خەڵکی کوردستان سووربن لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی و واز نەهێنن, ناچارین بەقسەیان بکەین. **8440**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-20** فیلمی (کیسەڵەکانیش دەتوانن بفڕن) لە دەرهێنانی هونەرمەندی کورد بەهمەنی قوبادی خەڵاتی فستیڤاڵی فێلمی شیکاگۆی وەدەست هێنا. بەپێی بۆچوونی ئەندامانی لیژنەی سەرپەرشتیاری فستیڤاڵەکە فیلمەکەی بەهمەن زۆر جوان توانیویەتی ژیانی منداڵان لەکاتی شەڕدا بەر جەستە بکات و ئەو کارەش شایانی ستایش کردنە. **8441**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-20** بنەماڵەی دڵداری هۆزانەوان لەسەر زاری ئامانج دڵزارەوە ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر ماڵپەڕی کوردستان پۆست دەربڕی کە سروودی ئەی ڕەقیبی ئەتککردووە. **8445**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی کوردستان نێت org.kurdistannet.www//:http

**2004-10-20** ئۆسمان بایدەمیری سەرۆکی شارەوانیی دیاربەکر کە لە کۆبوونەوەی فراوانی کەسکەکانی ئەورووپا بەشدارە لە دووەم ڕۆژی ئەو کۆبوونەوە فراوانەدا رایگەیاند کە پێویستە دەستوری تورکیا بە شێوەیەك گۆڕانی بەسەردا بێت کە هاووڵاتیانی کورد بتوانن تەعبیر لە بوونی خۆیان بکەن و بە ئازادانە بە زمانی خۆیان قسە بکەن. **8447**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر mco.peyamner.www//:http

**2004-10-20** د.ت بڕیاریدا قەرەبووی هەموو ئەو کوردانە بکاتەوە کە لە جەنگی نێوان خۆی و پکك دا زیانیان لێکەوتووە. **8450**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-10-22** لەیلا زانا لە ئەنکەرە پێکهێنانی بزاڤێکی سیاسیی نوێی ڕاگەیاند. **8451**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-10-22** تا 04-11 سێیەم ڤیستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن. **8415**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-22** کۆمەڵێك ژنی کوردستانی بندەستی داگیرکەری ئێران سەردانی لەیلا زانایان کرد. **8459**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-23** عەقید تەها ئەحمەدی بەڕێوەبەری پۆلیسی پاسەوانیی هەولێر تیرۆرکرا. نێوبراو بەیانی زوو کە دەیویست بچێت بۆ مزگەوت بۆ نوێژ لەلایەن چەند نەناسراوێکەوە تیرۆرکرا. **8458**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-23** گوللە هاوەنێك نرا بە بارەگای لکی 14ی پارتییەوە لە موسڵ بەڵام هیچ زیانێکی گیانیی لێنەکەوتەوە. **8456**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-10-25** ڕێپێوانێك لە کەرکوك کە هەزاران کەس بەشداریی تێداکرد, ئەم ڕێپێوانە لەلایەن پارتییەوە ڕێکخرا و دروشمیشی کوردستانیبوونی کەرکوك بوو. **8461**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-10-25** فڕاندنی دوو خوێندکاری کچی کورد بەناوی دنیا ئیسماعیل و نادیە عوسمان لە بەردەم ئامادەیی کەرکوکی کچاندا. **8464**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-10-25** لە شاری ئامەدی باکوری کوردستان و لەکاتی ناشتنی تەرمی شەهیدێکی باکوور, پۆلیس بە بیانووی ئەوەی کە ئەو شاڵەی بەسەر تابوتی تەرمەکەدا دراوە تەعبیر لە ئاڵای پکك رەنگی سوور , زەرد و سەوز دەکات, پەلاماری مەراسیمەکەی دا و شاڵەکەی سەر تابوتەکەی پارچە پارچە کرد و ژمارەیەکیش لە ماتەمگێڕان دەستگیرکران. شەهیدەکە ناوی(جیهان دوندار) بوو کە لە پێکدادانی ئەم دواییەی نێوان سوپای تورکیا لە گەڵ جەنگاوەرانی پ.ك.ك دا لە ناوچەی هەککاری گیانی لەدەست دابوو. شایەنی باسە سەرەڕای ئەوەی کە پۆلیس ئاڵاکەی سەر تابوتەکەی پارچە پارچە کرد, بەڵام ماتەمگێڕان ئاڵاکەیان کردە کفن و بەسەر تەرمی شەهیدەکەیاندادا. **8466**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-10-25** کوژرانی پۆلیسێکی کورد لە شاری موسڵ لەلایەن عەرەبە تیرۆریستەکانەوە. **8467**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-10-26** کوژرانی 2 شۆفێری کوردی باکوور لە ناوچەی فایدەی موسڵ لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە. **8462**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-10-26** بەپێی ڕاپۆرتێکی پەیامنێرانی بێسنوور داگیرکەرانی ئێران و سووریا یەکێکن لە خراپترین وڵاتەکانی جیهان لە بواری ئازادیی ڕۆژنامەنووسیدا. **8468**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-10-26** دادگای ماف ئەوروپا سەرلەنوێ داگیرکەری تورکیی بە پێشێلکردنی ماف مرۆڤ تاوانبارکرد. **8470**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-10-28** کۆچی دوایی فازیل ڕەشید کەریم ناسراو بە فازیل شەفیق بەنەخۆشیی شێرپەنجەی سی لە نەخۆشخانەی سلۆتەرفارت لە ئامستەردام, نێوبراو یەکێك بوو لە پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوول و لە شۆڕشی لە باشووری کوردستانیشدا یەکێك بووە لە پێشمەرگە سەرەتاییەکان و لەسەرەتای هەشتاکانەوە لە وڵاتی هۆڵاند نیشتەجێ بوو تا ئەو ڕۆژەی کۆچی دوایی کرد. **8484**

**2004-10-30** نیلسۆن ماندێلا خەڵاتێکی د.ا. ی ڕەفزکرد. **8529**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-10-30** دامەزراندنی لیژنەیەك بۆ عەرەبە ئاوارەکانی کەرکوك, ئەم عەرەبانە ئەوانەن کە د.ق لە کەرکوکدا نیشتەجێی کردوون و پاش جەنگی ڕزگاریی ئێراق هەندێکیان چوونەتە ناوچەکانی دەوروبەری کەرکوك. **8480**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-10-30** کوژرانی ئەفسەرێکی پۆلیسی کورد لە شاری موسڵ لەلایەن عەرەبە تیرۆریستەکانەوە. **8474**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-10-31** مانگرتنی کرێکارانی کارگەی ڕستن و چنینی شاری سنە لە خواردن, دواکاریی مانگرتووان دابینکردنی ماف کرێکارانی ئەم کارگەیەیە لەلایەن داگیرکەری ئێرانییەوە. **8487**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-10-31** پارتی وڵاتپارێزی کوردستان بەسەرۆکایەتیی عوسمان ئۆجەلان لە شارۆچکەی سەنگەسەر کۆبوونەوەیەکی فراوانی بەست. **8492**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-10-31** ڕێپێوانێکی گەورەی کوردەکانی هۆڵندا بۆ ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر ناردنەوەی نورییە کەسبیری ئەندامی باڵای پکك لەلایەن هۆڵنداوە. **8508**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-00** کۆتایی ئەم مانگە: کوژرانی 2 ئەندامی پکك لە ناوچەی ماردین. **8556**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-00** یەکێتیی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکەمین کۆنفڕانسی خۆیی بەست. **8534**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-00** تیرۆرکردنی جەودەت تەیفور عەباس لە کەرکوك, ناوبراو عەمیدێکی خانەنشین بوو. **8603**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-00** گیرانی بەختیار عەبدوڵڵا حەداد لەلایەن هێزەکانی ئامریکاوە لە فەلوجە, ناوبراو وەرگێڕێکی کوردە و هەر لەم مانگەدا ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور داوای لە ئامریکاییەکان کرد ئازادی بکەن. **8589**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-00** بودجەی فرۆشتنی نەوتی ئێراق بۆ ساڵی 2005 دەگاتە 19.4 ملیار دۆلار و لەو بودجەیە تەنها 1.5 ملیار دۆلاری دەدرێتە ناوچە کوردییەکان کە ٪8ی بودجەکەیە, شایانی باسە زۆربەی ئەو نەوتە لە ناوچەکانی کەرکوك دەردەهێنرێت. **8590**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-00** گروپێکی تیرۆریستی عەرەبی لە شاری موسڵ کوردێکی بەناوی کامەران عەبدولستار لەسێدارەدا بەتاوانی ئەوەی دەستی لە کوشتنی شێخ محەمەد فەیزیدا هەبووە. **8591**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-00** بەگوێرەی سەرچاوەیەکی ڕێکخراوی قەندیل تاوەکو ئێستا نزیکەی 700 خێزانی ئاوارەی خۆرهەڵاتی کوردستان لە ناوچەی ڕومادییەوە هاتوونەتە باشووری کوردستانەوە. ئەو خێزانانە هەر لە دوای جەنگی ڕزگاریی ئێراقەوە کەوتوونەتە بەر شاڵاوی تیرۆریستەکانی عەرەب لەو ناوچانانەدا و هەندێکیشیان لێ کوژراوە. **8593**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-00** تورکمان و عەرەب لە کەرکوك بەرەیەك مۆردەکەن تاوەکو لە دژی کورد بەیەك لیست بۆ هەڵبژاردن داببەزن. **8582**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-00** دەستەی زانایانی سوننە هۆشدارییەکیان دایە مەسعود بارزانی کە چیی تر پێشمەرگەی پارتی نەنێرێتە شاری موسڵەوە و ئەمە دەبێتە هۆی بریندارکردنی هەستی عەرەب لە شارەکەدا. **8598**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-11-00** ئیسماعیل تەتەری کە کوردێکی کرماشانە و نوێنەری کرماشانە لە پەرلەمانی ئێرانیدا ڕایگەیاند کە دەیەوێت خۆی بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری ئێران کاندید بکات. **8580**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-00** گیرانی 25 ئەندامی پارتی بەعسی هەڵوەشاوەی ئێراق لە شاری سنە لەلایەن ئیتلاعاتی ئێرانییەوە. **8563**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر com.peyamner.www//:http

**2004-11-00** سەربڕینی لاوێکی 16 ساڵە لە موسڵ لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە, نێوبراو ناوی بەندەر جەمال بوو. **8577**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-00** کۆتایی ئەم مانگە: تیرۆرکردنی 13 کورد لە گەراجی تەلەعفەری موسڵ لەلایەن عەرەبە تیرۆریستەکانەوە, شایانی باسە زۆربەی ئەو کوردانە یەزیدی بوون. **8588**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-00** کۆتایی ئەم مانگە: لە هەردوو شارۆچکەی سۆران و ڕانیە چەند ئەندامێکی پارتی و یەکێتی لەلایەن یەکترییەوە بە تاوانی جیاواز گیران. **8570**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-00** عەبدولعەزیز حەکیمی سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە ئێراق ڕایگەیاند کە ئێراق دەوڵەتێکی عەرەبییە و بەشێکی جیانەبووەوەی نیشتمانی عەرەبە. **8569**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-11-00** کۆتایی ئەم مانگە: سوید مافی پەنابەریی دایە 200 کوردی خۆرهەڵات کە لەم دواییەدا چووبوونە ئوردون و هەموویانی بە فڕۆکە گواستەوە بۆ سوید. **8568**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-11-00** بەپێی ڕاپۆرتێکی هەفتەنامەی چاودێر، لە بارەگای جەبهەی عەشایری لە جەلەولا تورکمانەکان و عەرەبە هاوردەکان بەرەیەکیان بۆ دژایەتیی کورد و پشێوی خستنە ناوچەکانی خانەقین و مەندەلی و جەلەولا پێکهێنا. **8638**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-00** کۆمپانیای بی پلان بۆ 4ەم جار خەڵاتی باشترین 1 لە سەدی کۆمپانیا جیهانییەکانی بۆ کاروباری ئای تی وەدەستهێنا، ئەم کۆمپانیایە هی کوردە و بنکەکەی لە بەریتانیایە. **8566**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-11-00** هێزەکانی ئاسایشی داگیرکەری ئێرانی لاوێکیان بەناوی برایم شیرازی لە شارۆچکەی زەرین تیرۆرکرد. **8645**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-00** چەند سەرمایەدارێکی کورد بەیارمەتیی حکومەتی هەولێر لە هەوڵی کڕینی 24 فڕۆکەدان بۆ فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی. **8532**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-00** بەهۆی نائارامیی شاری ڕومادی و ناوچەکانی دەوروبەرییەوە، نزیکەی هەزار پەنابەری کوردی خۆرهەڵات لە کەمپی ڕومادی ڕایانکرد. **8564**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-00** وەزارەتی تەندروستیی داگیرکەری ئێران ڕایگەیاند کە نزیکەی 263 حاڵەتی نەخۆشیی ئایدز لە ئوستانی کوردستان تۆمارکراوە. **8599**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-11-00** یەکیەتیی ئەورووپا لەدوا ڕاپۆرتی خۆیدا کۆنگرەی گەل – پکک بە ڕێکخراوێکی تیرۆریست نازانێت و ناوی نەبردووە. **8495**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-11-00** حکومەتی نوێی ئێراق بڕیاریدا ٪5ی داهاتی نەوت تەرخان بکات بۆ ئەوانەی لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە زیانیان لێکەوتووە. **8506**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-00** د.ت پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەداتە دادگا بەتاوانی ئەوەی خۆیان لە کاروباری سیاسییەوە هەڵدەقورتێنن و لە کاروباری پارێزەرایەتی لایانداوە. **8512**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-11-00** سەرەتای ئەم مانگە: موراد قەرەیلان ڕایگەیاند: ئەگەر تورکیا هێرش بکاتە سەر باشووری کوردستان, ئەوا شەڕ دەگوازینەوە بۆ شارە گەورەکانی تورکیا. **8504**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر com.peyamner.www//:http

**2004-11-00** بەهۆی ناڕەزاییی دەوڵەتی چینەوە, سەردانێکی نێچیرڤان بارزانی بۆ تایوان دواخرا. **8516**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-00** حکومەتی سلێمانی بڕیاریدا چاخانەی شەعب نۆژەن بکاتەوە و بڕی 30 ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکرد و بڕیاروایە لە 06-11 دەست بکرێت بەم نۆژەنکردنەوەیە. **8502**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-00** پارتی داوای لە یەکێتی کرد کە ببێتە خاوەنی ٪55ی کورسییەکانی پەرلەمان و یەکێتیش ئەو ٪45ەکەی تری ببێت, بەڵام مەلا بەختیار لە هەفتەنامەی چاودێردا ئەمەی ڕەفز کرد و وتی ئێمە بەهیچ جۆرێك بەمە ڕازی نابین. **8500**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-00** د.ا سانسۆری خستەسەر ماڵپەڕی کوردستان نێت و لە کوردستانی بندەستی داگیرکەری ئێراندا ئەم ماڵپەڕە ناکرێتەوە. **8499**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی کوردستان نێت org.kurdistannet.www//:http

**2004-11-00** گروپێکی تیرۆریستی عەرەبی بەناوی کۆمیتەی موجاهیدینی موسڵ ڕایگەیاند: لەبری هەر کوژراوێکی عەرەب خوێنی 50 کورد حەڵاڵە و دەبێت 50 کورد لەجیاتیی بکوژرێت. **8498**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-00** عەرەبەکان بەهیچ شێوەیەك ڕێگانادەن قیری شل بگاتە هەولێر و هەر شۆفێرێك بەو کارە هەڵبستێت سزای مردنە. **8530**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-00** لە ناوچەی قولپی سەربە ئامەد گۆڕێکی بەکۆمەڵ دۆزرایە و 11 کەسی تێدابوو، ئەمانە لەلایەن سووپای تورکەوە پێش 10 لەمەوبەر کوژرابوون. **8523**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-00** د.ت بڕیاریدا مینەکانی سەر سنووری نێوان تورکیا و سووریا لابەرێت و ئەو زەوییە کشتوکاڵییە کوردییانە لە مین پاکبکاتەوە کە دەیان ساڵە لە دژی شۆڕشی کورد مینڕێژکراون. **8486**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر com.peyamner.www//:http

**2004-11-00** د.ا داوای لە پارتی و یەکێتی کرد تاوەکو لەگەڵ شیعەکانی ئێراقدا بەیەك بەرە بەشداریی هەڵبژاردن بکەن. **8528**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-00** بەپێی هەندێك سەرچاوەی کوردی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە جموجۆڵیان لە هەندێك ناوچەی خۆرهەڵاتی کوردستاندا پەیداکردووە و هانی خەڵکی دەدەن بۆ ئیسلامەتی و یارمەتیش لە د.ا وەردەگرن. **8527**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-00** دادگای ماف مرۆڤ لە ئەورووپا د.ت بە 28 هەزار یۆرۆ بەتاوانی بەکارهێنانی ئەشکەنجەی زیندانییان سزادا. **8485**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-11-00** تیرۆریستە عەرەبەکان لە شارۆچکەی دووبز 3 ئەندامی ئاسایشی سلێمانییان تیرۆرکرد. **8493**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر com.peyamner.www//:http

**2004-11-00** داخستنی بەشی کوردی و سریانی و تورکمانیی تەلەڤزیۆنی موسڵ و دەرکردنی هەموو کارمەندەکانی ئەم بەشانە. **8488**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر com.peyamner.www//:http

**2004-11-00** مارك کورتیسی مێژوونووسی بەریتانی تاوانەکانی بەریتانیای دەربارەی کورد لە ڕۆژنامەی ئیندیپێندەنت خستەڕوو. **8491**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-11-01** تیرۆریستان بارەگای پارتە کوردییەکانیان لە شاری موسڵ هاوەنباران کرد و بووە هۆی بریندارکردنی چەند کەسێکی کەم و کەوتنەوەی چەند زیانێکی ماڵیی کەم. **8489**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-11-01** ڕۆژنامەی جمهوری ئیسلامیی داگیرکەری ئێران لە ژمارەی ئەمڕۆیدا نووسیوویەتی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لاوانی کوردی ئێرانی تووشی فەساد و فەحشا دەکات. **8482**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-11-01** دادگاییکردنی نورییە کەسبیر لە شاری لاهای, لەم دادگاییەدا هیچ بڕیارێکی ناردنەوەی نەدرا بۆ تورکیا و دادگاییەکە دواخرا. **8509**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-01** کاتژمێر هەشتی سەرلەئێوارە, لەلایەن کەسێکی نەناسراوەوە بۆمبێك دەخرێتە ماڵی هاووڵاتی حەمە کەریم فەرەج و دوو کوڕی دەکوژرێن کە یەکێکیان خێزاندارە و ناوی کاوەیە و ئەوی تریشیان ناوی کارزانە و هەروەها خوشکێکیشیان کە ناوی ئافتاوە و خێزانی شوان هەورامیی ئەندامی پلەبەرزی کۆمەڵی ئیسلامیە, بریندار دەبێت. **8494**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-11-01** ڕفاندنی مونا محەمەد جاف کارگێڕی لکی یەکێتیی ئافرەتانی کورد لە موسڵ لەلایەن چەند نەناسراوێکەوە. **8481**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-11-02** وەزارەتی دەرەوەی د.ت ڕایگەیاند: تورکیا چیدی ڕازی نابێت سەرانی کورد بڵێن کەرکوك کوردستانە. **8490**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-11-02** شاندێکی وەزارەتی پەروەردەی بەغدا سەردانی شاری کەرکوکی کرد و لەوێ چاوی بەلێپرسراوانی پەروەردەی شارەکە کەوت، شاندی نێوبراو سەردانی یەکێك لەقوتابخانە کوردییەکانی کرد کە تەنیا وانەکانی پۆلی یەکەمی سەرەتایی بۆتە کوردی. لیژنەکە کە دەڕوانێ پۆلی یەك هەموو وانەکانیان کوردییە و عەرەبیی تێدا نییە، بە یوسف سەعیدی بەڕێوەبەری خوێندنی کوردی لەپەروەردەی کەرکوك ڕادەگەیەنن کە دەبێت منداڵانی کورد لەو شارە لەپۆلی یەکەمەوە بە زمانی عەرەبییش بخوێنن، یوسف سەعیدیش داواکەی قبووڵ کردووە. **8514**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر tpht://www.peyamner.com

**2004-11-03** دەستەڵاتدارانی شاری موسڵ بنکەیەکی پۆلیسی کوردییان لە شارۆچکەی زومار داخست. **8497**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-03** نوێنەری یەکێتی لە ئەنکەرە ڕایگەیاند: کەرکوك بەشێکە لە کوردستان. **8501**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-04** چەند تیرۆریستێك لە موسڵ هێرشیانکردە سەر کۆمەڵە ئەندامێکی یەکێتی و 4یان لێ بریندارەبوو. **8503**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-04** ئەردۆغانی سەرەك وەزیرانی د.ت ڕایگەیاند کە جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی لە مەسەلەی کەرکوکدا دووڕوون و هەرجارەی وتارێك دەدەن. **8507**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-05** هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕی 100 ملیۆن دۆلاریان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئاوارەکانی کەرکوك تەرخانکرد. **8505**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-07** هەردوو مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی بۆ خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنی ئێراق کۆبوونەوە. **8511**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-11-07** کۆمیتەی بەریتانیای بەرەو ڕیفراندۆم پەیوەندیی خۆیی بە لیژنەی باڵای کوردستانەوە بڕی. **8521**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-07** ئەیاد عەلاویی سەرۆك وەزیرانی ئێراق باری نائاسایی لە ئێراقدا بۆ 60 ڕۆژ ڕاگەیاند, ئەم بارە ئاساییە بەپێی عەلاوی کوردستان ناگرێتەوە و مەبەستیشی تەنها هەر 3 شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆکە. **8510**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-11-08** دادگای هۆڵەندی بڕیاریدا نورییە کەسبیر نەدرێتەوە بە داگیرکەری تورکیا. **8515**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-11-08** کۆبوونەوەی وەفدی مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی و یەکگرتووی ئیسلامی سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی ئێراق. **8518**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-08** کردنەوەی لکێکی بانکی کۆریا لە هەولێر. **8519**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-08** ڕوودانی پێکدادانێك لە نێوان پکك و د.ا و بووە هۆی برینداربوونی 1 پاسدار. **8522**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-09** تەقینەوەی ئۆتومبیلێکی مینکراو لە سەربازگەی کەیوانی نزیك کەرکوك و بووە هۆی کوژران و بریندارکردنی چەند کەسێك و زیانی ماڵیشی لێکەوتەوە. **8517**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-09** تەقینەوەی بۆمبێك لە سینەما ڕەشیدی شاری سلێمانی و بووە هۆی برینداربوونی دوو بینەر و زیانی ماڵیش بە سینەماکە کەوت. **8520**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-09** تیرۆرکردنی 2 کورد و فڕاندنی یەکێکی تر لە موسڵ. **8524**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-09** بەمەبەستی پەڕینەوە بۆ ناوخاکی تورکیا 18 لاوی کورد لە فیشخاپوور لە بارانێکی زۆردا لەو ڕووبارە پەڕینەوە و 4یان خنکان و ژمارەیەکیشیان بێسەروشوێنە. **8575**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-11** پارێزگاری کەرکوك عەبدولڕەحمان مستەفا لە هەوڵێکی تیرۆریستی ڕزگاری بوو و 4 لە پاسەوانەکانی برینداربوون. **8525**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-11-11** لە شاری سنە منداڵێکی تەمەن 14 ساڵەی خەڵکی شاری سنە، کە تۆمەتی ڕۆژوو نەگرتنی درابووە پاڵ، لەلایەن قازی دادگای گشتی شارەوە بە لێدانی 85 شێلاق مەحکووم کرا و چەند جەلادێکی دەوڵەت، کە دەستووری جێبەجێکردنی سزاکەیان پێ سپێردرابوو، منداڵەکە دەبەنە شوێنی سزادان و لە ژێر شێلاقدا دەیکوژن. **8535**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-11-11** نائارامی و پشێوی شاری موسڵی گرتەوە و هەموو پردەکانی شارەکە داخران. **8526**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-11-12** حکومەتی هۆڵەندی ڕایگەیاند: نزیکەی 29 ئەندامی پکك ی لە کەمپێکدا لە هۆڵندا دەستگیرکردووە. هەروەها لەلایەکی ترەوە لە شاری لاهای 3 ئەندامی تر دەستگیرکران. **8531**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-11-13** سەربڕینی 3 کورد لە شاری موسڵ لەلایەن عەرەبە تیرۆریستەکانەوە، ناوی یەکێکیان عەزیز مستەفا گۆرانە. **8533**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-16** 13 پارتی ئێراقی لەگەڵ پارتی و یەکێتیدا ئیمزای دواخستنی هەڵبژاردنی ئێراقیان کرد. **8578**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-17** تیرۆرکردنی مەحموود ئیسماعیل حەسەن لە موسڵ لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە, نێوبراو یەکێك بوو لە پاسەوانەکانی خەسرەو گۆران. **8537**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-17** کۆبوونەوەی هەردوو مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی لە پیرمام, لەم کۆبوونەوەیەدا هەردوولا ڕایانگەیاند کە چیدی لە ئاست غەدری عەرەب لە دژی کوردی موسڵ و کەرکوك بێدەنگ نابن. هەروەها ئەوەشیان ڕاگەیاند کە لەم بارودۆخەدا هەڵبژاردن لە شاری کەرکوکدا بەباش نازانن تاوەکو تەواوی ئاوارە کوردەکان نەگەڕێنەوە بۆ کەرکوك. **8536**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-18** د.ت ڕایگەیاند کە دژی دواخستنی پرۆسەی هەڵبژاردنە لە کەرکوك. **8540**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-18** تیرۆرکردنی حەمزە حەسەن ئیبراهیم لە موسڵ لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە, نێوبراو تەمەنی 15 ساڵ بوو. **8539**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-18** بەهۆی ڕووداوێکی تیرۆریستییەوە 2 کرێکاری کورد لەلایەن عەرەبە تیرۆریستەکانەوە لە کەرکوك کوژران. **8538**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-19** هەردوو سەرکردە جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی ڕایانگەیاند: تاوەکو مادەی 58ی دەستووری کاتی لە کەرکوکدا ئەنجام نەدرێت, هەڵبژاردن لە کەرکوکدا سەرناگرێت. **8541**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-11-19** مەلای مزگەوتی گەورەی بێجی لە وتاری ڕۆژی هەینیدا خوێنی کورد و ئامریکی و تورکی حەڵاڵ کرد. **8602**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-19** بەستنی کۆنفرانسی یەکێتیی نووسەرانی کورد لکی کەرکوك. لەم کۆنفرانسەدا 19 کەس بۆ دەستەی بەڕێوەبەری لکی کەرکووك خۆیان کاندیدا کرد, لە کۆی 138 ئەندام 125 ئەندام بەشداری کۆنفراس و دەنگدانەکەیان کرد, دوای جیا کردنەوەی دەنگەکان ئەنجامەکەی بەم جۆرە

بوو: حەمەکەریم عارف 105 دەنگ، محەمەد سەعید زەنگەننە 89 دەنگ، یوسف لەتیف 80 دەنگ، عەلی بەرزنجی 65 دەنگ، ئەحمەد تاقانە 59 دەنگ، هەروەها جەلیل کاکە وەیس و فەیسەل هەمەوەندی بە ئەندامی ئیحتیات هەڵبژێردران. **8545**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-19** لە پێکدادانێکی نێوان د.ت و پکک 2 ئەندامی پکک کوژران. **8544**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-20** تا 28-11: ڤیستیڤاڵی فیلمیدیاله لە شاری ڕۆما، فیلمی کیسەڵەکانیش دەتوانن بفڕن لە دەرهێنانی بەهمەنی قوبادی خەڵاتی ئەم ڤیستڤاڵەی وەرگرت. شایانی باسە ئەم فیلمە تاوەکو ئێستا 14 خەڵاتی نێودەوڵەتیی وەرگرتووە. **8606**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-11-20** گروپێکی عێراقی هەواڵی تیرۆرکردنی دوو ئەندامی پارتیی ڕاگەیاند. **8543**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-20** سووتاندنی بیرە نەوتێکی کەرکوك لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە. **8546**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-11-20** لەهەردوو زانکۆی سنە و سلێمانی یادێك بۆ هۆزانەوان گۆران ڕێکخرا. **8552**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-20** بەرەی تورکمانی لە بەیانێکدا دژی ڕاگەیاندنەکەی مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی وەستایەوە و دژی دواخستنی پرۆسەی هەڵبژاردنن لە کەرکوکدا. **8542**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-21** تا 22-11: سازدانی ڤیستیڤاڵی دلدار لە هەولێر. **8558**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-21** تیرۆرکردنی پۆلیسێکی کورد بەناوی ئەیاد تارق لە موسڵ. **8547**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-11-21** پەرلەمانی باشووری کوردستان بڕیاریدا ژمارەی ئەندامانی لە 100 ئەندامەوە بکاتە 111 و ڕێژەی ٪7یش بۆ هەڵبژاردن و مەرجی ئەندامەتی لاببات. هەروەها بڕیاری ئەوەشیدا ڕێژەی ئافرەت لە پەرلەماندا ٪25 بێت. **8583**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-21** پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند: لەسەر ئاستی ئێراق و باشووری کوردستاندا بەشداریی هەڵبژاردن دەکات. **8549**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-21** کۆمەڵەی زیندانە سیاسییەکانی کورد لە ڕۆتەردام کۆبوونەوەیەکیان کرد و ڕەخنەیان لە پارتە کوردستانییەکان گرت کە هیچ هاوکارییەکی نەکردوون. **8554**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی کوردستان نێت http://www.kurdistannet.org

**2004-11-22** پارێزگاری کەرکوك عەبدولڕەحمان مستەفا ڕایگەیاند: نابێت بەبێ جێبەجێکردنی مادەی 58 دەستووری کاتیی ئێراق هەڵبژاردن لە کەرکوکدا سازبدرێت. **8548**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-22** بەپێی هەندێك سەرچاوەی کوردی بەڕێوەبەری پۆلیسی موسڵ بۆ ئاکرێ هەڵهاتووە و پارتیش گرتوویەتی و ڕەوانەی بەغدای کردووە, ئەم بەڕێوەبەرە پەیوەندیی زۆری لەگەڵ تیرۆریستە عەرەبەکاندا هەبووە. **8550**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-22** بەپێی ئامارێك کە لە سایتی پەیامنێردا بڵاوکراوەتەوە, ٪40ی کوردی بندەستی داگیرکەری ئێران بێکارن و ئەمانە زۆربەیان خەریکی کاری قاچاچچێن لەسەر سنووری ئێران و ئێراق, بەڵام بەپێی ئاماری د.ا ٪20 کورد بێکارن. **8551**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-11-22** بەستنی کۆنگرەی شەرەم ئەلشێخ لە میسر بۆ داڕشتنەوەی ئێراق, لەم کۆنگرەیەدا کۆڵن پاوڵ بەشداریی کرد و هەروەها هەموو وەزیرانی دەرەوەی وڵاتە دراوسێکانی ئێراقیش بەشدارییان کرد. وەفدی ئێراق بەسەرۆکایەتیی هوشیار زێباری بوو. **8553**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-11-22** جالیەی کوردی لە کازاخستان لەیادی تێپەڕبوونی 60 ساڵ بەسەر کۆڕەوی کوردەکان لە قەفقازەوە کە ساڵی 1944 ڕوویدا، لە سەنتەری کەلتووریی نیشتمانیی شاری ئالمائاتا کۆبوونەوە و ئاهەنگێکیان گێڕا. لە ئاهەنگەکەدا جگە لە ژمارەیەکی زۆری کورد، نزیکەی 600 میوانی بێگانەش ئامادەبوون لە نێویشیاندا ئەلێکساندەر سێرگیۆڤیچ تیرشنکۆ سەرۆکی ئێسنبلی کازاخستان و ڤیکتۆر ڤۆیسلاف خیربانۆف پارێزگاری شاری ئالمائاتا و باڵیۆزەکانی ئەرمینیا، لاتڤیا، پۆلۆنیا، ڕۆمانیا و ئیسرائیل و، هەریەك لەوانە لە ئاهەنگەکەدا وتەیەکیان پێشکەش کرد و جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە پێویستە دانیشتوانی کورد لە ئازادیدا بژین و بەمافە ڕەواکانی خۆیان شاد بن. **8557**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-11-22** پەڕلەمانی ئەوروپی لەسەر کێشەی کورد لە تورکیا کۆبوونەوەیەکی سازکرد و لەو کۆبوونەوەیەدا چەند کوردێکیش بەشداربوون. **8559**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-11-23** حکومەتی کۆری بڕیاریدا کە ماوەی مانەوەی هێزەکانی خۆی لە باشووری کوردستاندا بۆ کۆتایی ساڵی 2005 درێژبکاتەوە. **8562**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-11-23** نێچیرڤان بارزانی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا ڕایگەیاند: ئەگەر هەڵبژاردن لە کەرکوکدا دوانەخرێت ئەوا بەشداری لە هەڵبژاردندا ناکەین. **8555**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-24** دەستەی زانایانی سوننە لە ئێراق ئامریکا و کوردی بەوە تاوانبارکرد کە تیرۆر دەکەن لە ئێراقدا. **8567**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-11-24** جێگری پارێزگاری موسڵ, خەسرەو گۆران لە هەوڵێکی تیرۆریستی ڕزگاری بوو. **8561**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-11-24** کۆچی دوایی هۆزانەوان و نووسەر گۆران قەراخی لە سلێمانی. **8571**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-24** بەبەشداربوونی 56 مامۆستای کورد, لە کۆنفرانسی سێیەمی زمانی دایك کە لە سوید بەسترا و چەند مامۆستایەکی کورد لەو کۆنفرانسەدا باسیان پێشکەشکرد. **8565**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-24** مەدالیای سەربازیی لیگن ئۆف مێریت درایە وەجیهە بارزانی, نێوبراو لە کاتی جەنگی ڕزگاریی ئێراق بەخەستی و بەهەڵە لەلایەن فڕۆکەکانی ئامریکاوە بریندارکرا. **8581**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-26** دانانی پەیکەری هۆزانەوان ئەسیری لە گۆڕەپانی ئازادی لە کەرکوك. **8604**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-27** کردنەوەی نەخۆشخانەی زەیتوون لەلایەن سوپای کۆرییەوە لە هەولێر. **8574**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-27** کۆنفرانسی 4ەمی یەکێتیی مافپەروەرانی کوردستان, شایانی باسە یەکێتی لەم کۆنفرانسەدا بەشداریی نەکرد. **8579**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-28** لە شاری دیمەشق لەسەر داوای پارتە کوردییەکان ڕێوڕەسمێکی دژ بە دادگاییکردنی 15 لاوی کورد لەبەردەم دادگای باڵای ئاساییشی داگیرکەری سووریا بەڕێوەچوو. 8573

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-28** کۆبوونەوەی دوو وەفدی پارتی و یەکێتی لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامی لە بارەگای یەکگرتوو بۆ دانوستاندن و ئەگەری بەشداریکردنی هەرسێ لایان بەیەك لیست بۆ هەڵبژاردن. 8587

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-28** تیرۆریستان نامەیەکی هەڕەشە دەکەنە سەر ڕۆژنامەنووس سۆران داودی لە کەرکوك و داوای لێدەکەن واز لە کارەکەی بهێنێت, ئەگەرنا ئەوا دەیکوژن. نامەکە لەلایەن کەتیبەی موجاهیدینەوە نێردراوە. 8586

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-28** لەماوەی 2 ڕۆژی ڕابردوودا ژمارەیەك لە کوردی شەبەك و یەزیدی و موسڵمان لە شاری موسڵ لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە تیرۆرکران. بەو شێوەیە تیرۆری عەرەب بەرامبەر بە کورد لەو شارەدا بووەتە دیاردەیەکی بەرچاو و ئەگەری دروستبوونی پشێویی گەورە لە نێوان کورد و عەرەبدا چاوەڕوان دەکرێت. 8572

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-28** هوشیار زێباری لە بەغدا لە هەوڵێکی تیرۆریستی ڕزگاری بوو. 8585

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-29** داگیرکەری ئێرانی چەند ئەندامێکی پکك ی دایەوە دەست تورکیا و ئەمە ناوەکانیانە: نورەدین ئیبراهیم ئونەر، موراد ئونەر، نورسەن پۆلات، سلێمان ئورپار، محەمەد ئایدنار، عەبدولجەبار گونگەر، زەردەشت ئایاز، ئیبراهیم جەیلان و نورسەڤدین ئونەر. 8601

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-11-29** فڕاندنی خوێندکار کامەران قاسم ڕەفیق لەلایەن چەند عەرەبێکی تیرۆریستەوە لە کەرکوك و پاش ئەشکەنجەدانێکی زۆر تیرۆری دەکەن و سووکایەتی بە تەرمەکەشییەوە دەکەن. نێوبراو خوێندکاری پەیمانگای مامۆستایانی کەرکوك بوو و تەمەنیشی 20 ساڵ بوو. 8629

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-29** لەدرێژەی ئەو هەڵمەتی تیرۆر و ڕەشەکوژییەدا کە ماوەیەکە دژ بە هاووڵاتیانی کورد لەشاری موسڵ دەستی پێکردووە، سەرلەبەیانی ئەمڕۆ سێ هاووڵاتی کورد لەهەردوو گەڕەکی (تەنەك ) و (پیشەسازی) کوژران. لەگەڕەکی تەنەك دوو کەس بەناوەکانی خالید کۆچەر تەمەن 40 ساڵ و،

عەزیز هاشم 51 ساڵ لەلایەن کەسانێکی نەناسراوەوە تیرۆرکران. لەگەڕەکی (پیشەسازی)ش هاووڵاتییەکی دیکەی کورد بەناوی عەلوان ئیبراهیم گەرگەری تیرۆرکرا. **8584**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-11-30** نقوومبوونی کەڵەکێك لە ڕووباری فیشخاپووردا کە خەڵکی ناوچەکانی زومار و شەنگاری دەگواستەوە بۆ بەری زاخۆ, شایانی باسە کە کەڵەکەکە 44 کەسی تێدابوو و ژمارەیەکی زۆریان لێخنکان. ماوەیەکە خەڵکی ئەو ناوچەیە لەبەر تیرۆریستانی عەرەب بە موسڵدا هاتووچۆی دهۆك و زاخۆ ناکەن و کەڵەکی ئاو بەکاردێنن بۆ پەڕینەوەی ئەم ڕووبارە. **8592**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-30** تەقینەوەی مینێك لەبەردەم ماڵی میهرەبان کازم لە گەڕەکی ئیسکانی کەرکوك بەتاوانی ئەوەی وەرگێڕە لەگەڵ ئامریکییەکاندا و بووە هۆی برینداربوونی دایکی نێوبراو. **8594**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-11-30** دۆزینەوەی تەرمی هاوڵاتییەکی کورد بەناوی کامەران قاسم ڕەفیق لە نزیك پردی سێیەمی کەرکوك. نێوبراو بە گوللە تیرۆرکرابوو. **8595**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-00** عەرەبە تیرۆریستەکانی کەرکوك لە نامەیەکدا کە بە ماڵە عەرەبەکانی کەرکوکدا بڵاویان کردەوە, هەڕەشەیان لەو عەرەبانە کرد کە دەیانەوێت بەشداریی هەڵبژاردن بکەن. شایانی باسە لەو نامەیەیاندا ئەوەیان نووسیوە کە کورد کافرن و هاوپەیمانی ئامریکان. **8649**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-12-00** بەگوێرەی هەواڵێکی ئاژانسی دەنگوباسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو شاعیر، نووسەر و لێکۆڵەرانەی کە بەمەبەستی بەشداریی لە هەشتەمین فێستیڤاڵی ئەدەبی گەلاوێژ لە 04 تا 10ی ئەم مانگەدا، هاتبوون بۆ شاری سلێمانی، دوای گەڕانەوەیان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی کۆماری داگیرکەری ئیسلامییەوە دەستگیرکران. دەستگیرکراوەکان بۆ ماوەی شەوێك لەژێر چاودێریدا بوون و دوای دەستبەسەرداگرتنی کتێب و گۆڤار و بڵاوکراوەکانیان، تا ئەو کاتەی کە دادگایی دەکرێن، بە کەفالەت ئازاد کراون. ناوی هەندێك لە دەستگیرکراوەکان ئەمانەیە: لەمەریوانەوە شەریف مرادی، دارا ئازاد مەنیش، کەیوان حەیدەری، ژیلا حەسەنپور، هادی ڕەحمانزادە لەگەڵ سێ کەسی دیکە، لە بۆکانەوە شوانە و ئەمجەد غولامی، کە سەرجەم ژمارەیان 10 کەسە. **8671**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-00** لکی موسڵی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان دەیەوێت بە کۆبوونەوەیەك دەستبەکاربوونی خۆی ئاشکرا بکات. بەڵام تیرۆریستە عەرەبەکان لێناگەڕێن کە هیچ هۆڵێکیان بەکرێ بدرێتێت بۆ کۆبوونەوەکەیان. **8766**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**2004-12-00** بەگوێرەی ڕاپۆرتێك لە ماڵپەڕی پەیامنێرەوە لە پارێزگاکانی ڕۆژئاوا و باکوری ڕۆژئاوای ئێرانەوە، لەماوەی دوو مانگی ڕابردوودا شەپۆلێکی نوێ لەسەرکوتکردن و بانگکردنی هاووڵاتیانی ئەو پارێزگایانە و چالاکانی سیاسی لەلایەن هێزەکانی ئاسایش و وەزارەتی ئیتیلاعاتەوە دەستی پێکردووە. لەڕوونکردنەوەیەکی گشتیدا کە یەکێتی جوانانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (YJK) بڵاویکردۆتەوە، هاتووە: پارێزگای کوردستان، 71 حاڵەتی بانگکردن و گوشاری بەخۆیەوە بینیوە کە شاری سنە 38 حاڵەت، شاری مەریوان 18 حاڵەت و شاری بانە 15 حاڵەت بووە. پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، 97 حاڵەتی بانگکردن و گوشار، کە شاری ورمێ و ناوچەکانی سەر بەو شارە 41 حاڵەتی بەخۆیەوە بینیوە. شاری مەهاباد 32 حاڵەت، شاری بۆکان 11 حاڵەت، شاری نەغەدە 7 حاڵەت و شاری خۆی 6 حاڵەت بووە. ئەو ڕاپۆرتە دەستنیشان دەکات کە تەواوی ئەو کەسانەی لێکۆڵینەوەکان دەکەن، لەسەر بنەمای ترساندن و تۆقاندنی بانگکراوەکان دەڕۆن و هەروەها هانیان دەدەن بۆئەوەی هاوکاری بەسیج و ئیتیلاعات بکەن. هەروەها لەدرێژەی ئەو ڕاپۆرتەدا هاتووە گوشارەکان لەناوچە سنوورییەکانی سەڵماس و ماکۆ و ورمێ بەشێوەیەك بووە، کە دانیشتوانی ئەو گوندانەیان ناچار کردووە تا لەدژی هێزەکانی پەژاك (پارتی ژیانی ئازادی کوردستان) چەك هەڵبگرن و ئەگەر بێتوو خەڵکی هەر گوندێك سەرپێچی بکەن، ئەوا بە شێوازگەلێکی جیاواز سەرکوتیان دەکەن. هەروەها لە درێژەدا هاتووە زۆرێك لەو کەسانەی بانگ کراون، بەتۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ ڕادیۆی کوردی مەزۆپۆتامیا و کەناڵی تەلەفزیۆنی (ROJ) و داوا کردنی گۆرانی دڵخوازیان، لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کراوە. **8753**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-12-00** بۆ یەکەمجار لە مێژوودا چەند هونەرمەندێکی شێوەکاریی ئامریکی و فەڕەنسی و بەریتانی پێشانگایەکیان لە گەرماوی قەڵای هەولێر کردەوە و دەیان کاری تابلۆ و سیرامیکیان تێدا پیشاندا. **8755**

سەرچاوەی 1: تەلەفزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی ینك Sat Kurd

**2004-12-00** وەزیری ناوخۆی داگیرکەری ئێراقی بە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوکی ڕاگەیاند کە ئەو پۆلیسانەی لە سلێمانی و هەولێر خولی پۆلیسییان دیتووە بە فەرمی ناناسرێن و پێویستە خولی فەرمیی ئێراقییان دیتبێت. **8740**

سەرچاوەی 1: تەلەفزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی ینك Sat dKur

**2004-12-00** بەپێی ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی ماف مرۆڤ - ینك, ئەمساڵ 130 کورد لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە سەربڕدراوە. **8780**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-00** سەرچاوە کوردییەکان باسیان لەوەکرد کە لە پەرلەمانی ئێراقدا جگە لە حەمەی حاجی مەحموود کەس بە زمانی کورد قسە ناکات. **8656**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-00** وەزیری نەوتی داگیرکەری ئێراقی بڕیاری ئەوەیدا کە ئەو کارمەندانەی کۆمپانیای نەوتی کەرکوك کە پیربوون خانەنشین بکرێن و لەجێیان کەسوکاریان لە کۆمپانیاکە کاربکەن. زۆربەی ئەو کارمەندانەش عەرەبی تەعریبن و کورد ناگرێتەوە. **8739**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی یەنك Sat Kurd

**2004-12-00** بەپێی هەندێك سەرچاوە، لە موسڵ کۆنە بەعسییەکان خەریکی خۆڕێکخستنەوەن و ڕۆژنامەی ئەلسەورە دەردەکەن و لەناو خۆیاندا دەستاودەستی پێدەکەن بۆ خوێندنەوە. **8651**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-00** لە 3 مانگی ڕابردوودا نزیکەی 28 وەفدی ئەوروپایی سەردانی دیاربەکریان کردووە. **8662**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر com.peyamner.www//:http

**2004-12-00** نزیکەی 30 فەرمانبەری پەروەردەی کەرکوك بۆ چاودێریی سندوقەکانی هەڵبژاردن دانران کە زۆرینەیان تورکمانن. **8735**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-00** وەزارەتی دارایی ئێراقی بودجەیەکی نوێی بۆ کوردستان پێشکەشکرد، بەپێی ئەم بودجەیە درایی کوردستان لە ٪8وە دەبێتە ٪17. **8664**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-00** بەهۆی تیرۆرکردنی 4 لاوی کورد لە شارۆچکەی حەویجە دەیان ماڵی کورد لە ترسی تیرۆری عەرەب بەرەو کەرکوك شارۆچکەکەیان بەجێهێشت. **8731**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-00** قەیرانی بەنزین و سووتەمەنی ڕوویکردە شارەکانی باشووری کوردستان و نرخی 20 لیتر بەنزین لە سلێمانی گەیشتە 18 هەزار دینار و لە هەولێر گەیشتە 26 هەزار دینار. **8748**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-00** بەپێی هەندێك سەرچاوەی کوردی فەرەیدوون عەبدولقادری ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەنك بەفەرمی دەستی لە کارکێشاوەتەوە. **8725**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-00 پارتی و یەکێتی بە لیستی جیاواز بەشداریی هەڵبژاردنی چەنجوومەنی پارێزگاکان دەکەن. شایانی باسە یەکێتی دەیویست لەم هەڵبژاردنەشدا لەگەڵ پارتی لیستی هاوبەشیان ببێت بەڵام پارتی ڕازی نەبوو. **8691**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-00 حیزبی تورکمان ئیللی لە پرۆژەی کاری نوێیدا داوای دانانی 3 پارێزگای تورکمانی دەکات لەسەر زەویی کورد ئەوانیش تەلەعفەر, توزخورماتوو و خانەقینن. **8797**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: میدیا – ژمارە 177 – 30-12-2004.

2004-12-00 یەکێتیی ئیسلامیی کوردە فەیلییەکان لیستێکی 20 کەسی بۆ هەڵبژاردن ڕادەگەیەنێت. **8798**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: میدیا – ژمارە 177 – 30-12-2004.

2004-12-00 تیمێکی تەلەڤزیۆنی میدیا کە بۆ بەشداریی ڤیستیڤاڵی کورتە فیلم چووبووە هەڵەبجە دەستگیرکران و نەیانهێشت بەشداریی ڤیستیڤاڵەکە بکەن. **8832**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-00 کۆچی دوایی حەمید بڵباس, نێوبراو سەرۆکی یەکێتیی مافپەروەرانی کوردستان بوو. **8804**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-00 نووسەر سیروان کاروانی لەلایەن سندووقی دارایی نووسەرانی سویدەوە خەڵاتکرا. **8826**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی کوردستان نێت org.kurdistannet.www//:http

2004-12-00 بەپێی ڕاپۆرتێك کە لە باڵتیمۆر سەندا بڵاوکراوەتەوە، خاکی هەڵەبجە هێشتا ژاراوییە و بۆ ژیان دەست نادات. **8701**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-00 لەم مانگەدا و لە سنووری پارێزگای کوردستانی بندەستی د.ا 5 کەس بە ڕووداوی مین گیانیان لەدەستداوە کە 4یان منداڵن. شایانی باسە ئەو مینانە هی سەردەمی جەنگی ئێراق – ئێرانن. **8825**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-00 ڤیستیڤاڵی فیلمی جیهانی لە تاران, لەم ڤیستیڤاڵەدا 120 فیلم بەشدارییان کرد کە 20 یان کوردین. **8821**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-12-00** هەردوو لیستی هەڵبژێردراوی کوردستان بۆ پەرلەمانی ئێراق و کوردستان, کۆمەڵێك کەسانی جاش و تاوانباری تێدایە لەوانە جەوهەر محێدین جیهانگیر و زۆری تر کە پێشتر یان سەرۆك جاش بوون یان دەستیان لە ئەنفال و ژینۆسایدی کوردا هەیە. **8819**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-00** بەهۆی مانگرتنی گشتیی کرێکارانی کارگەی ڕستنی سنە لە مانگی ڕابردوودا داگیرکەری ئێرانی شێس ئەمانیی نوێنەری کرێکارانی بۆ لێکۆڵینەوە بانگکرد. **8817**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-00** ئامریکا بڕیاریدا ئەندامێکی پکك بەناوی ئیبراهیم پارلاك لە خاکەکەی بکاتە دەرەوە, نێوبراو لە ساڵی 1992ەوە ماف پەنابەرێتیی لە ئامریکا هەیە و بەوە تاوانبار کراوە کە 2 سەربازی تورکی کوشتبێت, ئەمەش بەپێی یاسای ئامریکا تیرۆرە. **8784**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-00** د.ت بڕیاریدا کە لە سەرەتای ساڵی 2005دا لەشکری پێنجەمی سوپای تورك دابمەزرێنێت و بارەگاکەی لە شاری وان بێت و کاری پاسەوانیی سنوورەکانی نێوان تورکیا و ئێران بێت. **8623**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-00** مالك دۆهای حەسەنی وەزیری دادی ئێڕاقی ڕایگەیاند کە سەددام دوای هەموو تاوانباران دەدرێتە دادگا و یەکەم کەسیش عەلی حەسەن مەجید کیمیاویی دەبێت. **8639**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-00** لابردنی هێمای تەرقین و تەجمید لەسەر تۆمارکردنی کوردە فەیلییەکان لە ئێڕاقدا. شایانی باسە ئەمە دوو هێمای داگیرکەری ئێڕاقی بوو بۆ سەندنەوەی ڕەگەزنامەی ئێڕاقی لە کوردە فەیلییەکان لە سەردەمی بەعسدا. **8716**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-00** کۆمیسۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە ئێڕاق نیشانی هەڵبژاردنی حیزبی زەحمەتکێشان و لیستەی سەربەخۆکانی ڕەدکردووەتەوە چونکە ئاڵای کوردستانی تێدابووە. **8781**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-00** حازم شەعلانی وەزیری بەرگریی داگیرکەری ئێڕاق سەردانی ینك و پارتیی کرد و داوای یارمەتیی لێکردن بۆ پاراستنی بیر و بۆرییە نەوتەکانی کەرکوك و موسڵ. **8690**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-00** کۆتایی ئەم مانگە: تیرۆریستە عەرەبەکان لە موسڵ شەهزاد محەمەد عەلییان فڕاند و پاش چەند ڕۆژێك تەرمەکەی دۆزرایەوە. **8812**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-00** بەپێی لێکوڵینەوەیەك کە لە سەر ژیانی نووسەر و لێکۆڵەرانی کوردی ڕۆژهەلاتی کوردستان ئەنجام دراوە دەرکەوتووە کە 60٪ی نووسەران ژیانی پیشەییان پارێزراو نییە، هەروەها 78٪ی لێکۆڵەرە کوردەکانیش بەهەمان شێوە ژیانی پیشەییان لەمەترسیدایە. بە پێی هەواڵی ئاژانسی دەنگوباسی ئێرنای ئێرانی ئەو لێکۆڵینەوەیە لەلایەن لێکۆڵەرێکی کورد بەناوی ڕەزا شافعی ئەنجام دراوە و بوارەکانی ئابووری، ڕۆشنبیریی، کۆمەڵایەتی و پیشەیی گرتۆتەوە و لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی بووە و دەریش کەوتووە کە زۆربەی نووسەر و لێکۆڵەرانی کورد کێشەی ئابووریی بۆتە گرفتێکی سەرەکیی ژیانیان. **8688**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-12-00** دەستگیرکردنی 12 ئەندامی پژاك لە ناوچەی شنۆ لەلایەن داگیرکەری ئێرانییەوە. **8687**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-00** گیرانی ڕۆژنامەنووس شەمزین جیهانی لە مەهاباد لەلایەن داگیرکەری ئێرانییەوە, نێوبراو بە یارمەتیدانی پژاك و پکك تاوانبار کراوە. **8718**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-00** نزیکەی 4 ڕێکخراوی کوردی بەشداری لە لیستی شیعەدا دەکەن. لیستەکە ناوی ئیئتیلافی ئێراقیی یەکگرتووە و ڕێکخراوە کوردییەکانیش ئەمانەن: ڕێکخراوی ئیسلامیی کوردی شیعە, گردبوونەوەی فەیلی لە ئێراق, گردبوونەوەی نیشتمانیی کوردی شیعە و یەکگرتووی زانایان و وتاربێژانی کوردی شیعە. شایانی باسە ئەم لیستەیە یەزیدی و شەبەك وەك دوو ڕەگەزی جیاواز لە کورد سەیردەکەن. **8684**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-00** ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە سووریا ڕایگەیاند: ئەو 33 کوردەی کە بڕیار بوو لە زیندانەکانی داگیرکەری سوورییەوە ئازاد بکرێن بەڵام سزاکەیان درێژکرایەوە. **8719**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-12-00** گیرانی کوردێك لە ئەڵمانیا بەناوی عەتا, نێوبراو خەڵکی باشووری کوردستانە و ئەندامی ئەنسارولئیسلام بوو و یەکێك بوو لەوانەی دەستی هەبوو لە هەوڵی کوشتنی ئەیاد عەللاویدا. **8720**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-12-00** نزیکەی 200 کەسایەتیی کورد نامەیەك ئاڕاستەی یەکێتیی ئەورووپا دەکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا, لەیلا زانا یەکێك بوو لەو کەسایەتییانەی کە ئیمزای نامەکەی کردبوو. **8658**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-00** سازدانی ڤیستیڤاڵێکی ڕێزلێنان بۆ هونەرمەندی گۆرانیبێژ سێوە لە هۆڵی میدیای شاری هەولێر. **8722**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدك TV Kurdistan

**2004-12-00** د. نوری تاڵەبانی ڕایگەیاند کە ٪85ی فۆڕمەکانی هەڵبژاردن لە کوردستاندا هەڵەیان تێدایە. **8728**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-00** بەپێی هەندێك سەرچاوەی کوردی کێشەیەکی زۆر لەناو ڕیزەکانی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستاندا هەیە و هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئازادنەکردنی عەلی باپیر و نەبوونی کەسێك کە جێی بگرێتەوە. **8680**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-00** هونەرمەند شڤان پەروەر خەڵاتی موزیکیی چاڕلز کرۆزی لە فەڕەنسا لەسەر ئەلبوومی (من بیریا تە کری) وەرگرت. **8641**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-00** بەپێی ڕاپۆرتێکی ماڵپەڕی پەیامنێر خوێندکارە کوردەکانی زانکۆی حەڵەب لەژێر چاودێرییەکی توندی داگیرکەری سووریدان و هەر کۆبوونەوە و کۆڕێکی کوردی لەو زانکۆیەدا قەدەغە کراوە. **8624**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر com.peyamner.www//:http

**2004-12-01** مۆرکردنی ڕێکەوتننامەیەك لە نێوان پارتی و یەکێتی لە پیرمام, لەم ڕێکەوتننامەیەدا هەردوولا بڕیارياندا لەگەڵ حیزبە کوردستانییەکانی تردا بە لیستێکی هاوبەش بەشداریی هەڵبژاردنی ئێراق و کوردستان بکەن و ئەو لیستەیەش پارتە ئیسلامییە کوردستانییەکانی تێدا نەبێت. هەروەها بڕیاری ئەوەشیاندا کە هەردوولا بەڕێژەی ٪50 بەشداریی پەڕلەمانی کوردستان بکەن بەو مەرجەی پارتی بۆ هەبێت کورسییەکی بێلایەن لە پەڕلەماندا دەستنیشان بکات. هەردوولاش لەم ڕێکەوتننامەیەدا ئەوەیان دڵنیا کردەوە کە کەرکوك شارێکی کوردستانییە و ناکرێت هەڵبژاردنی تێدا پیادە بکرێت تاوەکو عەرەبە هاوردەکان نەنێردرێنەوە و کوردە ئاوارەکانیش لە کەرکوکدا نیشتەجێ نەبنەوە. **8597**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-12-01** ئاژانسی ڕۆیتەرز لە زاری بەرپرسێکی سەربازیی تورکیا رایگەیاند کە ئەوان لە شاری موسڵ پێنج لە بەرپرسانی کۆنگرا گەل – پکك یان کوشتووە. بەرپرسەکە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات بە ئاژانسی ڕۆیتەرزی راگەیاند کە رۆژی 29-11 ژمارەیەك چەکداری نەناسراو تەقەیان لە ئۆتۆمبیلێك کرد کە ژمارەیەك کادیر و سەرکردەی ئەو حزبەی لەناودا بوو و لە ئاکامدا مەیسا باکی ئەندامی سەرکردایەتیی حزب و دوو ئافرەتی دیکە (کە هەرسێکیان کوردی باشوورن) و چەند کەسێکی دیکەش کوژراون، کە دووانیان کوردی خۆرهەڵات و یەکێکیان کوردی باکوورە. **8600**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-12-01** ڕێبوار ئەحمەدی سکرتێری حککع بۆ ڕۆژنامەی میدیای ئەمڕۆی ڕاگەیاند کە ئەو بەهیچ جۆرێك ئاڵای کوردستانی لا پیرۆز نییە و بە هێمایەکی کۆنەپەرستییانەی دەزانم. **8605**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: میدیا – ژمارە 175 – 01-12-2004. لاپەڕە : 7.

**2004-12-01** بەپێی کورتە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی میدیا لەدوای ڕووخانی بەعسەوە وانەی زمانی کوردی لە بەغدا و ناوچە عەرەبنشینەکانی ئێڕاقدا ناخوێندرێن. شایانی باسە لە کاتی بەعسدا لە هەفتەیەکدا 2 وانەی کوردی هەبوو و هەرچەندە گرنگییەکی ئەوتۆی نەبوو و تەنها بۆ ناو بوو و بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدەدرا. **8607**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: میدیا – ژمارە 175 – 01-12-2004. لاپەڕە : 1.

**2004-12-01** لیژنەی باڵای ئاوارەکان بە ئامادەبوونی ئیسماعیل حەدیدی سەرۆکی لیژنە و جێگری پارێزگاری کەرکوك و د. کەمال کەرکوکی و نوێنەرانی هەردوو گروپی کورد و کلدوئاشووری، کۆبووەوە. سەرەتا سەرۆکی لیژنەی باڵای ئاوارەکان رەخنەی لە هەردوو نوێنەرانی تورکمان و عەرەب گرت کە بەبێ هیچ هۆکارێك بەشداری لە کۆبوونەوەی ئەم لیژنەیە ناکەن کە باس لە پرسی هەنووکەی کەرکوك ئەویش کێشەی ئاوارەکانە دەکەن. دواتر لە کۆبوونەوەکەدا ئەوە خرایە روو کە شوێنێکی دیکە (شوێنی سێیەمی پێ دەڵێن) بۆ گەڕاوەکان تەرخان بکرێت. **8596**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-12-02** کۆمیسۆنی باڵای هەڵبژاردنی ئێڕاق بە پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان ڕاگەیاند کە ناوەکەیان جووداخواز – ئینفیساڵییە و دەبێت ناوی خۆیان بگۆڕن. **8802**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-02** دروستکردنی لیژنەیەکی چاودێریی هەڵبژاردنی ئێڕاق لە دانیمارك بۆ چاودێریکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن لەو وڵاتەدا. لیژنەکە 17 کەسن، 9 عەرەب و 8 کورد. **8616**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-12-02** عەلی باپیری میری کۆمەڵەی ئیسلامی چاوی بەخێزان و کەسوکاری کەوت لە زیندانی ئامریکییەکاندا. **8686**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-03** جۆزیف بۆریلی سەرۆکی پەڕلەمانی ئەوروپا لەگەڵ تەیب ئەردۆغانی سەرۆك وەزیرانی داگیرکەری تورکدا کۆبووەوە و لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆی پەڕلەمانی ئەوروپا وشەی کوردستانی بەکارهێنا و بووە هۆی تووڕەبوونی ئەردۆغان. جۆزیف پاشان ڕایگەیاند کە دەیەوێت سەردانی دیاربەکر بکات و چاویشی بە خاتوو لەیلا زانا بکەوێت. **8612**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-12-03** ئامریکییەکان نزیکەی 200 تیرۆریستیان لەناو بارەگاکانی بەرەی تورکمانی لە تەلەعفەردا گرت. **8618**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-12-03** کۆمەڵەی خوێندکارانی سەربە یەکێتی ڕایگەیاند کە ئەمساڵ بەشداری ناکات لە هەڵبژاردنی خوێندکاراندا لە هەولێر, ئەگەر ئەو سەرپێچییانەی ساڵی پار دووبارە ببێتەوە و یەکێتیی قوتابیانی پارتیش دەبێت داوای لێبووردن لەمان بکات. **8630**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-03** تیرۆریستە عەرەبەکان ئوتومبیلێکی مینڕێژکراویان لە نزیك کامپی ئەلکەرامەی پەنابەرانی کوردی خۆرهەڵات تەقاندەوە و بووە هۆی دروستکردنی پشێوییەکی زۆر لەو کامپەدا, بەڵام هیچ زیانێکی گیانی و ماڵیی لێنەکەوتەوە. **8615**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-12-03** ئیبراهیم جەعفەریی جێگری سەرۆك کۆماری کاتیی ئێراق لە تورکیا ڕایگەیاند, کە ئێراق تا ساڵی 2006 ئامادە نییە هیچ هەنگاوێك لەدژی پکك بنێت, هەروەها ئەوەشی دڵنیاکردەوە کە ئامادەنین خاکی ئێراق ببێتە جێگای هێرشکردنە سەر دراوسێکانمان. **8613**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-12-03** لە بەرلین هەوڵی کوشتنی ئەیاد عەللاویی سەرۆك وەزیرانی ئێراقی درا, بەڵام هەوڵەکە سەرکەوتوو نەبوو. پاشتر هەندێك سەرچاوە باس لەوە دەکەن کە مەلا کرێکار دەستی لەم کارەدا ببێت. **8637**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-12-03** تیرۆریستە عەرەبەکانی موسڵ هاوڵاتییەکی کوردیان بەناوی عەبدولسەلام ئەحمەدەوە ڕفاند, نێوبراو تەمەنی 35 ساڵە. **8611**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-03** پەنابەنارانی کورد لە نەرویژ خۆپیشاندانێکیان سازدا و ئامانجی ئەم خۆپیشاندانە ناڕەزایی بوو بەرامبەر دەستەڵاتی نەرویژی بۆ نەدانی مافی پەنابەری بە ژمارەیەکی زۆری کورد لەو وڵاتەدا. **8610**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-04** لەکاتی کۆبوونەوەیەکی ڕۆژنامەنووسیی سەرۆکی پەرلەمانی ئەورووپا جۆزیف بۆریلی لە تورکیا و ڕاگەیاندنی ئەوەی کە دەوێت بچێتە دیاربەکر و شارە کوردییەکانی تر، ڕەمەزان بەقاڵی سەرۆکی دەستەی باڵای ڕێکخراوە مەدەنییەکانی تورکیا چەندین قسەی ناشرینی بە سەرۆکی پەرلەمانی ئەورووپا گووت و بەوەش وازی نەهێنا کەوتە لێدانی کارمەندانی ئەو هۆتێلەی کە کۆبوونەوەکەی تێدا دەکرا. **8620**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-04** بەستنی فیستیڤاڵی 8مەی گەلاوێژ لە سلێمانی، لەم فیستیڤاڵەدا نزیکەی 160 ئەدیبی کورد بەشداریی کرد کە هەندێکیان لە خۆرهەڵاتی کوردستانەوە هاتبوون. **8626**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-04** هێرشێکی تیرۆریستی بۆسەر کاروانێکی پێشمەرگەی یەنک لە شاری موسڵ و بووە هۆی کوژرانی 18 پێشمەرگە و برینداربوونی 12ی تر. ئەم هێرشە پاشتر گروپی زەرقاویی تیرۆریست بەرپرسیارێتیی خۆیی بەرامبەر ڕاگەیاند. **8617**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-12-04** کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک لەسەر کێشەی بڵاوکردنەوەی کتێبی تورکی بە تیپی لاتینی بەسەر قوتابخانەکانی کەرکوکدا لەلایەن بەرەی تورکمانییەوە، کۆبوونەوەکە بڕیاریدا ئەم کێشەیە بخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. **8619**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-04** لە دهۆك بەتەقاندنەوەی بڕێك تی ئێن تی هەوڵی تیرۆرکردنی نێچیرڤان ئەحمەدی پارێزگاری دهۆك درا، بەڵام هەوڵە سەرکەوتوو نەبوو و هیچ زیانێکی گیانیی لێنەکەوتەوە. **8614**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-12-04** کۆمەڵی ئیسلامی ڕایگەیاند: پارتی و یەکێتی ئێمەیان لە لیستی هاوبەشی پارتە کوردستانییەکان کردە دەرەوە. **8622**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-05** مەحموود ئیبراهیم کە کوردێکی شەبەکی تەمەن 50 ساڵەیە لەلایەن عەرەبە تیرۆریستەکانەوە لە شارۆچکەی بەرتەلە فڕێندرا. **8634**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-05** بەبۆنەی تیرۆرکردنی 18 پێشمەرگەی یەکێتی لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە لە موسڵ, مەسعود بارزانی بروسکەیەکی ماتەمینیی بۆ جەلال تاڵەبانی نارد. **8636**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-05** حیزبی زەحمەتکێشان ڕایگەیاند: لەگەڵ کۆمەڵێك خەڵکی سەربەخۆدا بەلیستێکی جیا بەشداریی هەڵبژاردن دەکەن. **8621**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-05** بەپێی ئامارێکی لیژنەی لاوانی شەنگار لەماوەی مانگی ڕابردووەوە تا ئەمڕۆ 30 کوردی ناوچەی شەنگار لەلایەن عەرەبە تیرۆریستەکان کوژراوە و خەڵکی ئەو ناوچانە ناچاربوون زۆر بەکەمی هاتووچۆی موسڵ بکەن. **8633**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-05** تا 10-12: بەستنی 18هەمین کۆنگرەی یەکێتی سەندیکاکانی کرێکارانی جیهان لە ژاپۆن, جووتیار نووری بەناوی سەندیکای کرێکارانی کوردستانەوە وەك چاودێر بەشداریی لەم کۆنگرەیەدا کرد. شایانی باسە ئەمە یەکەمجارە کورد لەم کۆنگرەیەدا بەشداری بکات. **8850**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 06-01-2005 لاپەڕە : 6.

**2004-12-06** ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك بە زۆرینەی 22 دەنگ لە 32 دەنگ بڕیاری دواخستنی پرۆسەی هەڵبژاردنی لە کەرکوکدادا تاوەکو مادەی 58 دەستووری ئێڕاق دەچەسپێت و ئاوارە کوردەکان دەگەڕێنەوە و عەرەبەکانیش دەکرێنە دەرەوە. شایانی باسە لەم کۆبوونەوەیەدا تورکمانەکان و نوێنەری عەرەبە تەعریبەکان چوونە دەرەوە و بەشدارییان لەم دەنگدانەدا نەکرد. **8631**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-06** کوردی فەیلی و شەبەك لە لیستی عەرەبە شیعەکاندا بەشداریی هەڵبژاردن دەکەن. **8632**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-06** ئەمڕۆ و دوێنێ: چەند هێرشێکی تیرۆریستی کرایە سەر بارەگاکانی یەکێتی و پارتی لە موسڵ, بەڵام هیچ زیانێکی ماڵیی لێنەکەوتەوە. **8628**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-06** نیوەشەو: بارەگای سەرۆکایەتیی بەرەی تورکمانی لە کەرکوك هێرشی کرایەسەر و لەچەندین لاوە ئاگربارانکرا, بەڵام ئەم هێرشە هیچ زیانێکی گیانیی لێنەکەوتەوە. **8937**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-06** لە هۆڵی میدیای هەولێر کۆڕێکی ڕێزلێنان بۆ هونەرمەند باکووری سازکرا. هونەرمەند لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەولێرەوە خەڵات کرا. 8627

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-06** خاتەمی وتارێکی بۆ خوێندکارانی زانکۆی تاران دا و خوێندکارانیش دەنگی ناڕەزاییان بەرزکردەوە و بووە خۆپیشاندان. شایانی باسە خوێندکاران هەر سووربوون لەسەر داواکاریی خۆیان و خاتەمیش بەبێ ئەوەی هیچ خۆی تێك بدات وتارەکەی خۆیی خوێندەوە. 8640

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-06** پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان بە کۆمیسۆنی باڵای هەڵبژاردنی ئێراقی ڕاگەیاند کە ناوەکەیان ناگۆڕن و پارتەکەشیان لە ساڵی 1993وە بەپێی یاسای پارتەکان لەلایەن حکوومەتی کوردستانەوە مۆڵەتی یاسایی پێدراوە. 8803

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-06** هێزەکانی ئاساییشی داگیرکەری ئێرانی لاوێکیان بەناوی خالید سۆفی عەبدولی لە ناوچەی دار پیرخانمی شاری بانەدا تیرۆرکرد. 8644

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-06** سەرۆکی پەرلەمانی ئەورووپا سەردانی دیاربەکری کرد و لەگەڵ والیی دیاربەکردا کۆبووەوە و ڕایگەیاند کە زۆر خۆشحاڵ بووە توانیویەتی شوورەی دیاربەکر ببینێت و هیوای ئەوەی خواستووە کە ئەم شوورەیە ببێتە شوێنێکی گەشتوگوزاریی گرنگ بۆ ئەورووپییەکان. پاشان سەرۆکی پەرلەمان بەزمانی کوردی سوپاسی والیی دیاربەکری کرد. 8635

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-07** پۆلیسی هۆڵندی ڕایگەیاند کە دوێنێ تاوانبار فرانس فان ئانراتی لە شاری ئامستەردام دەستگیر کردووە, نێوبراو یەکێك بووە لەو هۆڵندییانەی کە لە ساڵانی هەشتاکاندا هەزاران تۆن گازی کیمیاویی بە سەددام فرۆشتووە. 8642

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-12-07** تیرۆریستە عەرەبەکان لە شاری موسڵ 2 کڵێسەی دیانەکانیان تەقاندەوە و چەند کەسێکیش بریندار بوون. شایانی باسە لەم ساڵەدا دەیان کڵێسە لە شاری موسڵدا کەوتە بەر هێرشی تیرۆریستان. 8648

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-07** سیامەند بەنا لە هۆڵندا وەك باڵوێزی ئێراق دەستبەکاربوو. 8655

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-08** هێزێکی پکک لەسەر سنووری سەردەشت پەلاماری هێزەکانی ئێرانیاندا و لە ئەنجامدا 3 سەرباز بریندار بوون. **8683**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-08** پارت و ڕێکخراوەکانی کورد لە سنووری پارێزگای دیالە لەسەر پێکهێنانی لیستێکی هاوبەش بۆ هەڵبژاردن ڕێکنەکەوتن. **8654**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هاوڵاتی – 08-12-2004.

**2004-12-08** د.ا کوردێکی لە ناوچەی مەهاباد بەناوی کەمال پەروێزنیاوە تیرۆرکرد. نێوبراو یەکێك لە کاسبکارەکانی ناوچەکە و لەلایەن پاسدارانەوە تەقەی لێکرا و پاشان لە نەخۆشخانەی بۆکان کۆچی دوایی کرد. **8669**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-08** بەپێی ئامارێك کە ڕۆژنامەی هاوڵاتی بڵاویکردەوە, ژمارەی دەنگدەرانی عەرەب لە کەرکوکدا 440 هەزارە و ژمارەی دەنگدەرانی کورد 370 هەزار کەسە و تورکمانەکانیش 104 هەزار دەنگدەریان هەیە و ئاشوریش 10 هەزار. **8653**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: هاوڵاتی – 08-12-2004.

**2004-12-08** عەرەبە تیرۆریستەکان لە موسڵ تەقەیان لە بارەگای ینك کرد و لە ئەنجامدا ئەندامێکی ینك بەسەختی برینداربوو. **8652**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-08** سەردانی سەرۆکی کۆریا روا مۆ هیۆن بۆ هەولێر و تێیدا هێزەکانی وڵاتەکەیی بەسەر کردەوە و سەردانی نەخۆشخانەی زەیتونی کرد و پاشان گەڕایەوە بۆ سیئۆل, شایانی باسە نێوبراو هیچ بەرپرسێکی کوردی نەبینی. ئەمە یەکەم سەردانی سەرۆکێکی بێگانەیە بۆ باشووری کوردستان. **8647**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-08** نزیکەی 185 پەنابەری کوردی خۆرهەڵات کە ماوەیەك بوو لە سنووری ئێراق و ئوردون بوون و ساڵانێکیش بوو لە کەمپی ئاڵتاشی شاری ڕوومادی بوون لەلایەن سویدەوە مافی پەنابەرییان پێدرا و برانە سوید. **8646**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-09** دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپی جارێکی تر داگیرکەری تورکی بەوە تاوانبار کردەوە کە پێشێلی ئازادیی ڕادەربڕینی کردووە. **8650**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-12-10** دۆزینەوەی تەرمی غازی سەلیم مزووری بە سەربڕدراوی لە موسڵ, نێوبراو پێش چەند ڕۆژێك لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە لەگەڵ کوڕەکەیدا ڕفێندرا بوو. **8660**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-10** تیرۆریستە عەرەبەکان هاوەنێکیان گرتە گەڕەکی قودسی کوردنشین لە موسڵ و بووە هۆی کوژرانی منداڵێك بەناوی عومەر بیلال و بریندارکردنی چەند کەسێکی تر. **8661**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-10** هێرشێکی پکك بۆسەر هێزەکانی د.ا. بەڵام د.ا هیچ زیانێکی خۆیی لەم هێرشەدا ئاشکرا نەکرد. **8668**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-10** دامەزراندنی کانونی نووسەرانی خۆرهەڵاتی کوردستان لە نەرویژ. **8657**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-11** لە دوانزەهەمین پاڵەوانێتی نێودەولەتی کاراتی کاسی (ئۆدن ڤالد) لەسەر ئاستی ئەوروپا کەلە هۆڵی (ڤیشنتستال هالە)ی شاری (مۆیرلن باخ) لە ئەڵمانیا کە ساڵانە ساز دەدرێت، کیژۆڵەی کوردی تەمەن 10 ساڵ کەناوی (ساڤین تاریق فەقێ عەبدوڵا)یە توانی لە هونەری شەأکردن (کیهۆن ئیپۆن کومیتی) مەدالیای برۆنزی (پلەی سێیەم)ی پاڵەوانێتیەکە بەدەست بهێنێت، کەئەمەش بۆ یەکەم جارە لە پاڵەوانێتیەکی ئاوا نێودەوڵەتیدا و لەسەر ئاستی ئەوروپا کە تێکأای یانە ناسراوە پلە یەکەکانی جۆدۆ و کاراتی بەشداری تێدا دەکەن، منداڵێکی کورد بتوانێت یەکێك لە مەدالیاکانی ئەم پاڵەوانێتیە بەدەست بهێنێت. **8670**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-11** دۆزینەوەی گۆڕێکی بە کۆمەڵ لە نزیك پردی دەباشانی شاری سلێمانی. **8659**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-12** هەردوو بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری ئۆجاغی تورکمانی لە لیستی کوردستان بۆ هەڵبژاردن کشانەوە. **8689**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-12** لە هەولێر هەوڵی تیرۆرکردنی ئەمین نەجاری بەرپرسی لکی 16ی پارتی درا بە تەقاندنەوەی ئوتومبیلێکی مینکراو لەسەر ڕێگای گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە, ئەم تەقینەوەیە بووە هۆی بریندارببوونی 2 هاولاتی و زیانی ماڵیی کەم. شایانی باسە ئوتومبیلەکە ژمارەی موسڵی پێوەبوو. **8663**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-12-12** کۆچی دوایی د. کەمال خۆشناو لە ئامریکا بە نەخۆشییەکی کوشندە. نێوبراو ئەندامی سەرکردایەتیی ینك بوو و یەکێك بوو لە پێشمەرگە سەرەتاییەکان. هەروەها یەکێکیش بوو لە دامەزرێنەرانی زانکۆی سلێمانی لە ساڵی 1968 و دووبارە دروستکردنەوەشی لە ساڵی 1992دا. **8665**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-13** بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان بڕیاریدا بەلیستێکی سەربەخۆ بەشداریی هەڵبژاردن بکات. **8681**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-13** کوژرانی هاوسەر و کچی عەبدولسەلام عارف سەرۆك کۆماری پێشووی داگیرکەری ئێراق لە بەغداد. **8703**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-12-13** ڕێکخراوی UNHCRی سەربە نەتەوەیەکگرتووەکان داوای لە وڵاتان کرد کە مافی پەناهاندەیی بدەنە ئەو سەدان کوردەی خۆرهەڵات کە ماوەیەکە لەسەر سنووری ئێراق و ئوردونن و هەمیشەش لەبەردەم هێرشی تیرۆریستانەی عەرەبەکاندان. **8674**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-12-13** کۆبوونەوەی هەردوو سەرکردایەتیی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان – یەندەك و پارتی وڵاتپارێزانی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر. لە کۆبوونەوەکەدا فەرهاد ئوجەلان ڕایگەیاند کە هەوڵی تیرۆرکردنی غەفور مەخمووریی سکرتێری یەندەك لەلایەن پکك هەڵەیەکی گەورە بوو. **8693**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: میدیا – ژمارە 176 – 15-12-2004. لاپەڕە : 1.

**2004-12-13** تیرۆرکردنی ئەندازیار محەمەد کەریم لە موسڵ لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە, نێوبراو بەڵێندەرێکی کوردی زاخۆ بوو و لە موسڵ کاریدەکرد. هەر لەم ڕووداوەشدا خێزانەکەی بریندار‌بوو. **8676**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-13** ئەنسارولئیسلام بەرپرسیارێتیی تەقینەوەی ئەو ئوتومبیلەی گرتە ئەستۆ کە ڕۆژی 12-12 لەسەر شەقامی 100 مەتریی هەولێر تەقییەوە و بووە هۆی برینداربوونی 2 کەس. **8677**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-13** پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان لیستی سەربەخۆی خۆیی بۆ هەڵبژاردن ڕاگەیاند. بەڵام بەشداری لە هەڵبژاردنی کەرکوکدا ناکات تاوەکو مادەی 58ی دەستووری کاتیی ئێراق پیادەنەکرێت. **8673**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-13** تیرۆرکردنی گۆران حسێن لە کەرکوك لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە, نێوبراو وەرگێڕێکی کورد بوو و لەگەڵ هێزەکانی ئامریکادا کاریدەکرد. **8672**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-14** شاندێکی کوردسات لە هەولێر ویستی وێنەی ڤیستیڤاڵی گۆرانی و موزیکی کوردی بگرێت، بەڵام لەلایەن پارتییەوە ڕێیان پێنەدرا بچنە هۆڵی ڤیستیڤاڵەکەوە، چونکە وێنەگرتن تەنها بۆ کەناڵی کوردستان تی ڤی بوو. **8702**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-14** بزووتنەوەی میللیی کوردستان بڕیاریدا بچێتە ناو پارتییەوە و پارتیش بەمە ڕازی بوو. شایانی باسە ئەم بزووتنەوەیە لە 03-12ی ئەم مانگەدا کۆنگرەیەکیان بەست بۆ ئەوەی بچنە ناو پارتییەوە. **8678**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-14** لە شاری هەولێر ڤیستیڤاڵێکی گەورەی گۆرانی و موزیکی کوردی دەستپێکرد. ئەم ڤیستیڤاڵە چەند ڕۆژێك دەخایەنێت و چەندین تیپی هەموو بەشەکانی کوردستان بەشداریی تێدادەکەن, لەوانە تیپیەکانی کامگاران و عەندەلیبی. **8675**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-14** ئەیاد عەللاویی سەرۆك وەزیرانی ئێراق ڕایگەیاند کە 50 ملیۆن دۆلار بۆ بووژاندنەوەی شاری کەرکوك تەرخان کراوە و ئەوەشی ڕاگەیاند کە لەگەڵ مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانیدا کۆدەبێتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم شارە. **8679**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-15** فیلمی کیسەڵەکانیش دەفڕن بۆ یەکەمجار لە شاری هەولێر پیشاندرا و هونەرمەند بەهمەنی قوبادی لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەولێرەوە خەڵاتکرا. **8682**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدك TV Kurdistan

**2004-12-15** جۆرج بوشی سەرۆکی ئامریکا هەڕەشەی لە هەردوو داگیرکەری ئێران و سووریا کرد کە دەستنەخەنە کاروباری ئێراقەوە. **8685**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-12-15** سەردانی وەفدێکی ڕووسی بۆ سلێمانی و بینی جەلال تاڵەبانی. سەرچاوەکانی ینك ئەوەیان ڕاگەیاند کە ڕووسیا دەیەوێت کونسوڵخانەیەك لە سلێمانی بکاتەوە. **8692**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-16** خۆپیشاندانی فراوانی خەڵکی کەرکوک بۆ جێبەجێکردنی مادەی 58ی دەستووری کاتیی ئێراق و گەڕانەوەی ئەو کوردانەی کە داگیرکەری بەعس لە کەرکوک دەریکردوون. **8697**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-16** ئەیاد عەللاویی سەرۆك وەزیرانی ئێراقی ڕایگەیاند کە ئێراق دەوڵەتێکی عەرەبیی ئیسلامییە و هەر بەو شێوەیەش دەمێنێتەوە. **8696**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-12-17** کوژرانی 4 پاسەوانی باڵوێزخانەی تورك لە بەغدا, ئەمانە لە کاتی گەڕانەوەیان لە بەغداوە بۆ تورکیا لە موسڵ کەوتنە بەر هێرشی چەند چەکدارێکی تیرۆریستی عەرەب و پاش کوژرانیان سەریان لە لەشیان جیاکردنەوە. **8694**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-12-17** تیرۆریستە عەرەبەکان موشەکێکی کاتووشایان نا بەماڵێکی کوردەوە و کە تازە گەڕابوونەوە کەرکوك و بووە هۆی کوژرانی 3 هاوڵاتی و بریندار بوونی منداڵێکی تەمەن 10 ساڵە. **8698**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-17** کەناڵی 3ی تەلەڤزیۆنی هۆڵندی لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاند کە تاوانبار فرانس فان ئانرات ماوەیەك لەلایەن دەزگای هەواڵدەریی هۆڵندییەوە لە شوێنێکی ئەمیندا پارێزراوە, بەڵام وەزارەتی ناوخۆی هۆڵندا هیچ لێدوانێکی فەرمیی لەم بارەیەوە نەداوە. نێوبراو بەوە تاوانبارە کە لە هەشتاکاندا هەزاران تۆن گازی ژەهراویی بۆ داگیرکەری ئێراقی وەدەستهێناوە. **8747**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی هۆڵندی: 3NL

**2004-12-17** بەبەشداریی زانکۆی باشووری دانیمارك و سەنتەری ئۆلۆف پاڵمە لە سوید و بەشداریی حکومەتی هەولێر, کۆنفرانسێکی فراوان بۆ ژینۆساید لە سوید بەسترا. **8695**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-12-18** ڤیستیڤاڵی گۆرانیی فۆلکلۆری کوردی لە شاری سنە بەڕێوەچوو. لەم ڤیستیڤاڵەدا 11 تیپی موزیك بەشداریی تێداکرد. **8709**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-18** دەستپێکردنی دادگاییکردنی تاوانباران عەلی حەسەن مەجید و سوڵتان هاشم ئەحمەدی وەزیری پێشووی بەرگریی داگیرکەری ئێراق. **8699**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-12-18** ئەحمەد عەسکەریی ئەندامی ئەنجوومەنی کەرکوک ڕایگەیاند کە ئۆفیسی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی کەرکوک بێلایەن نییە و نزیکەی 70 هەزار کوردی لە دەنگدان بێبەش کردووە. **8700**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-18** دۆزینەوەی تەرمی سەید تەها برادۆستی لە موسڵ, نێوبراو پێش چەند ڕۆژێك لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە فڕێندرابوو. **8704**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-18** تیرۆرکردنی محەمەد عەدنان عەزیز ئاغای تەمەن 22 ساڵە لە موسڵ لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە. نێوبراو خەڵکی شێخان بوو. **8705**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-18** مەهدی زانا لەسەردانێکیدا بۆ باشووری کوردستان ڕایگەیاند کە بەمەبەستی پیرۆزبایی یەکلیستیی پارتی و یەنك هاتووتە باشوور و ئەوەشی ڕاگەیاند کە نابێت عەبدوڵڵا ئوجەلان دەستبخاتە ناو کاروباری پارتە نوێیەکەی لەیلا زاناوە. **8792**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: میدیا – ژمارە 177 – 30-12-2004.

**2004-12-19** تیرۆرکردنی 4 کورد لە شاری حەویجە لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە. **8710**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-19** تیرۆرکردنی عەبدوللەتیف حسێن لە موسڵ لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە. نێوبراو شەبەك بوو و ئەندامی یەنك بوو. **8708**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-19** تەرمی د. کەمال خۆشناو لە ئامریکاوە گەیشتە سلێمانی. **8707**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-19** د. ڕۆژ نوری شاوەیسی جێگری سەرۆك کۆماری ئێراق لە کەرکوك ڕایگەیاند: ئەگەر کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن, هەڵبژاردن لە کەرکوك دوانەخات, ئەوا هێزە سیاسییەکان ماڤی خۆیانە هەر هەڵوێستێك وەربگرن. **8706**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-19** لە ڕێوڕەسمێکدا لە پاریس نازناوی هاوشاریی فەخری درایە لەیلا زانا و شەقامێکی ئەو شارەش بەناوی ئەوەوە ناونرا. شایانی باسە ئەو شەقامە لە ساڵی 1995ەوە بڕیار درابوو کە بکرێت بەناوی لەیلا زاناوە, بەڵام ئەنجوومەنی شارەوانیی پاریس چاوەڕوانی ئازادبوونی خاتوو لەیلا بوون تاوەکو خۆی بەشداری لەو ئاهەنگەدا بکات. ئەو شەقامە لە ساڵانی نەوەدەکاندا هەردوو ڕۆنیا و ڕۆندکی نەوەی لەیلا زانای تێدا دەژیان. **8711**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-12-20** نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارێکی دەربارەی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئێراندا دەرکرد. شایانی باسە ئەم بڕیارە بە دەستپێشخەریی وڵاتی کەنەدا بوو و لە دەنگداندا سەرکەوتنی بەدەستهێنا. **8729**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-12-20** لە مەراسیمی ناشتنی ئەو 5 میتە تورکەی کە هەفتەی ڕابردوو لە موسڵ کوژران، ژێنەڕاڵ تۆلۆن ڕایگەیاند کە ئەمانە کورد کوشتوونی و هەڕەشەی تۆڵەکردنەوەی کرد. **8712**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-12-20** گروپی کورد لە ئەنجوومەنی کەرکوک ڕایگەیاند کە بەرپرسانی حەویجە لە تیرۆرکردنی هاووڵاتیانی کورد بەرپرسیارن. **8713**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-20** لە ناوچەی تۆبزاوای نزیك کەرکوك گۆڕێکی بەکۆمەڵ دۆزرایەوە، ئەم گۆڕە نزیکەی 50 کوردی تێدایە و لەساڵی 1991دا داگیرکەری ئێراقی لێرەدا ئەنفالی کردوون. شایانی باسە نزیکەی 20 تەرمی ئەم گۆڕە بەکۆمەڵە ناسراوە و کەسوکاریان بردوویاننەتەوە و لە شوێنی خۆیان ناشتوویانن. **8714**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-20** دۆزینەوەی تەرمی موهەنندد ئەکرەم شاکری کارمەندی تەلەڤزیۆنی کوردسات لە بەغداد، نێوبراو لە 15-12دا لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە فڕێندرا. **8736**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-21** ڕفاندنی 2 هاوڵاتیی کورد لە موسڵ لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە. **8727**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-21** یونادم یوسف کەنای سەرۆکی بزووتنەوەی دیموکراتیی ئاشووری ڕایگەیاند: بێ گەڕانەوەی ئاوارەکان و لابردنی سیاسەتە چەوتەکانی بەعس لە کەرکوکدا هەڵبژاردن کارێکی ئەستەمە. **8715**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-21** دانیشتنێکی تری دادگاییکردنی نورییە کەسبیر لە هۆڵەندا، بەڵام بڕیاری دادگا بۆ مانگی داهاتوو دواخرا. **8717**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-12-21** تەقینەوەی بۆمبێك لە بنکەیەکی سەربازیی ئامریکی لە شاری موسڵ و بووە هۆی کوژرانی 15 سەرباز و 5 بەڵێندەری ئەمریکی و 2 کەسی سەر بە هێزەکانی ئاسایشی عێراق بوون. هەر لەو هێرشەدا 66 کەس بریندار بوون کە 42 کەسیان سەربازی ئەمریکی بوون و 10ی دیکەیان بەڵێندەری ئەمریکی بوون و یەکێکیان سەر بە هێزەکانی ئاسایشی عێراق بووە و 13ی دیکەشیان خەڵکی سیڤیلی ئێراقی بوون. شایانی باسە گروپی تیرۆریستی ئەنسارولسوننە بەرپرسیارێتیی خۆیی بەرامبەر بەم کارە ڕاگەیاند. **8724**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-12-22** دەستبەکاربوونی پرۆژەی ئینیستیتوتی کەلەپووریی کورد لە سلێمانی. **8737**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-22** خۆپیشاندانێك لە کەرکوك بۆ نارەزایی لە دژی تیرۆرکردنی ئەو 4 لاوەی کە هەفتەی ڕابردوو لە شارۆچکەی حەویجە. **8730**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-22** نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیۆرك چاوی کەوت بە شاندی بەرەو ڕیفراندۆم و نزیکەی 2 ملیۆن ئیمزایان پێشکەشی ئەو ڕێکخراوە کرد, شاندەکە بریتی بوو لە هەڵکەوت عەبدوڵا، فەوزی ئەتروشی، لوقمان محەمەد، د.نەجمەدین کەریم، کەمال میراودەلی، ئەردەشیر ڕەشیدی و د. سامان شاڵی. **8749**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-22** تا 23-12: کۆنفرانسی 3یەمی پرۆژەی ژنی کورد لە سلێمانی. **8828**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-22** فیلمی کیسەڵەکانیش دەفڕن لە سینەمای سیروانی شاری سلێمانی لە نمایشێکی تایبەتیدا پیشاندرا و هونەرمەند بەهمەنی قوبادی و چەند ئەکتەرێکی فیلمەکە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیریی سلێمانییەوە خەڵاتکران. **8732**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-22** سەردانی ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرەك وەزیرانی تورك بۆ سووریا, شایانی باسە تەوەری کۆبوونەوەی ئەم دوو داگیرکەرە لەسەر هەرێمی فیدراڵیی باشووری کوردستان و چالاکییەکانی پکك یە. **8723**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-12-22** هەڵکەوت عەبدوڵلا و فەوزی ئەتروشی و 5 ئەندامی تری بزووتنەوەی ڕیفراندۆم لە نیۆرك 2 ملیۆن ئیمزای کوردیان پێشکەشی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد. **8733**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-23** ئامریکییەکان لە گەڕەکی ڕەحیماوای کەرکوک ئاڵایەکی گەورەی کوردستانیان ڕەشکردەوە, ئەم ئاڵایە لەلایەن یەکێتیی قوتابیانی پارتییەوە دروستکرابوو. ئەم کردەوەیەکی ئامریکا بووە هۆی تووڕەیی خەڵکی کورد. **8738**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-23** هێزەکانی کۆریا لە باشووری کوردستاندا کەوتنە ئامادەباشییەوە, ئەم هێزانە ترسی بەرەنگاربوونەوەی کاری تیرۆریستییان هەیە و لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە ئاگاداری ئەگەری هێرشی تیرۆریستی کراونەتەوە. **8744**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-23** وەلید شەریکەی سەرۆکی پارتی ئەخائی تورکمانیی ئێراقی لە نامەیەکی کراوەدا داوای جێبەجێکردنی مادەی 58ی دەستووری کاتیی ئێراقی کرد. **8790**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: میدیا – ژمارە 177 – 30-12-2004.

**2004-12-23** یەحیا عاسی حەدیدیی سەرۆکی لیژنەی باڵای هەڵبژاردنی کەرکوک لە ژێر فشاری کوردا دەستی لەکارکێشایەوە, نێوبراو هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدابوو کە کورد پشکی کەمی لە هەڵبژاردنەکاندا بەربکەوێت و خەڵکانێکی زۆریش بێبەشبن لێی. **8734**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-23** گیرانی 3 تیرۆریست, یەکیان لە هەولێر و 2یان لە دهۆك لەلایەن ئاسایشی پارتییەوە, ئەمانە دەیانویست هێرشێکی تیرۆریستی بکەنە سەر هێزەکانی کۆریا لە باشووری کوردستان. **8783**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-24** دەستگیرکردنی 2 تیرۆریستی عەرەب بەناوی عەبد ئەحمەد حەسەن و عەلی خەڵەف سالح لە شاری کەرکوك, ئەمانە بەپێی لێدوانێکی پۆلیس دەستیان هەبووە لە تیرۆرکردنی ئەو 4 کوردەی کە پێش چەند ڕۆژێك لە حەویجە تیرۆرکران. **8751**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-24** سەرۆك وەزیرانی داگیرکەری تورك ڕەجەب ئەردۆغان نیگەرانیی خۆی بۆ ئەوە دەربڕی کە شاندە ئەورووپییەکان بەردەوام سەردانی شاری دیاربەکر دەکەن و ناچنە ناوچە تورکییەکان, هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاند کە سەردانیان بۆ ناوچەی دیاربەکر تەنها هەڵوێستێکی سیاسییە دژی تورك. **8752**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-12-24** لە گوندی باخەکۆن تەرمی شێخەکانی نەقشبەندی جارێکی تر نێژرایەوە, شایانی باسە ئەم تەرمانە کاتی خۆی لەلایەن تیرۆریستانەوە لە باخەکۆنەوە بۆ شوێنێکی نەزانراو گوێزرانەوە و

مەرقەدی شێخ حیسامەدینی نەقشبەندیشیان تێکدا. بەڵام لەم دواییەدا ئاسایشی یەك لە خورماڵ لە ماڵی تیرۆریستێکدا ئەو تەرمانەی دۆزییەوە. **8746**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-24** شوفێرێکی کورد بەناوی (ڕێدار حوسێن) کە لەهێڵی هەولێر- بەغدا کار دەکات, بەخۆی و ڕێبوارێکی خەڵکی هەولێر بەناوی (نیاز) لەخوار چیای حەمرین لەناوچەی عوزێم تەنیا لەبەر کورد بوون لەلایەن گروپێکی چەکداری تیرۆریستی عەرەبەوە دەستگیرکران و بەرامبەر ئازادکردنیان داوای پارەیەکی یەکجار زۆریان دەکرد. لەئەنجامدا ڕازیبوون ڕێدار حوسێن و ئۆتۆمبیلەکەی بەرامبەر 13.200 دۆلار و نیازیش بەرامبەر 10.000 دۆلار ئازاد بکەن و ڕۆژی 27-12-2004 گەیشتنەوە هەولێر. **8799**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: میدیا – ژمارە 177 – 30-12-2004.

**2004-12-24** تیرۆریستە عەرەبەکان لە سەلمان پاك 3 ئەندامی یەکێتییان فڕاند و یەکێکیشیان بریندارکرد, ئەو 3 ئەندامەی یەك ئەندازیاری ئەشغال بوون و ئەمانە ناوەکانیانە: ئازاد ڕەزا, فەرهاد کامەران و سەردار مەحموود. **8743**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-25** دەستپێکردنی خوێندن لە زانکۆی ئایندەی تایبەتدا لە شاری سلێمانی, شایانی باسە ئەم زانکۆیە 3 کۆلێژی تێدایە, ئەندازیاری, یاسا و پزیشکی. **8726**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-25** تیرۆرکردنی شوکری ئیبراهیم لە موسڵ لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە, نێوبراو تەمەنی 51 ساڵ بوو و ئەندامی پارتی بوو. **8762**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-12-25** ژمارەیەك لە تورکمانەکانی کەرکوك لە ڕێپێوانێکدا پرۆتستۆی کورد کوشتنیان کرد لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە و داوای جێبەجێکردنی مادەی 58ی دەستووری کاتیی ئێراقییان کرد پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە شاری کەرکوکدا. **8750**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-26** کاروان عەبدوڵڵا, ئەندامی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم ڕایگەیاند کە بزووتنەوەکە لە ڕۆژی هەڵبژاردنی ئێراقدا لە 30-01-2005 ڕیفراندۆم لە ناوچە کوردییەکاندا سازدەدات. **8758**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-26** لەیلا زانا لە شاری ئامەد پارتە نوێیەکەی خۆیی ڕاگەیاند, پارتەکە ناوی بزووتنەوەی کۆمەڵگەی دیموکراتییە و ئەمانەش ئەندامانی سەرکردایەتیین: لەیلا زانا، خەتیب دیجلە، ئۆرهان

دۆغان، سەلیم ساداک، موراد بوزلاق، ئەحەد تورک، محەمەد عەباس ئۆغلو، سەنانیک ئۆنەر، فەرەیدون یازار، تونجەر باکرهان، ئەحمەد توران دەمیر، جەبار لایگارا و ئایسەل تۆغلوک و دۆغان ئەرباشی پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان. 8757

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-12-26** ئاشکراکردنی لیستەی هاوپەیمانیی کوردستان بۆ پەرلەمانی ئێراقی و ئەمانە ناوەکانیانە:

1. جەلال حیسامەددین محەمەد تاڵەبانی (سلێمانی) 2. رۆژ نوری سدیق شاوێس (سلێمانی) 3. نەسرین مستەفا سدیق (دهۆک) 4. مەحمود عەلی عوسمان (سلێمانی) 5. فوئاد مەعسوم خدر (هەولێر) 6. کەمیلا ئیبراهیم ئەحمەد (دهوک) 7. بەرهەم ئەحمەد ساڵح (سلێمانی) 8. هوشیار مەحمود محەمەد (دهۆک) 9. نێرگز محەمەد ئەمین (هەولێر) 10. عارف تەیفور عارف (سلێمانی) 11. فەرەیدون عەبدولقادر فەرەج (سلێمانی) 12. ویداد حەمەغەریب فەرەج (کەرکوک) 13. حوسێن محەمەد تەها (هەولێر) 14. فەرهاد عوسمان عەونی (هەولێر) 15. ئاڵا نووری رەشید (کەرکوک) 16. سەعدون یەدوڵلا شنێ (خانەقین) 17. سالار عیسمەت سەعید (دهۆک) 18. کوردە ئەحمەد تەقی (سلێمانی) 19. سەعدی ئیسماعیل عەبدولکەریم (هەولێر) 20. خسرەو محەمەد سەعید (سلێمانی) 21. شلێر رەشید محەمەد ئەمین (کەرکوک) 22. نەهرۆ سەعید سۆفی (هەولێر) 23. رەئوف عوسمان ( سلێمانی) 24. زەهرە حاجی تەها (دهۆک) 25. دانا مستەفا محەمەد (هەولێر) 26. دارا نورەددین بەهادین (دهۆک) 27. هەیفا ئەلماس (بەغدا) 28. نەوزاد ساڵح رەفعەت 29. ئیسماعیل رەجەب ئەحمەد 30. رۆژیدە عەبدولقادر شەریف (هەولێر) 31. دیندار نەجمان شەفیق (دهۆک) 32. ئەحمەد وەهاب مەجید (هەولێر) 33. پاکیزە مستەفا ئەحمەد 34. وەلید ساڵح محەمەد 35. سامی ئەحمەد عەلی (هەولێر) 36. ئینتیسار بەکر ساڵح (هەولێر) 37. یەشار محەمەد شاکر 38. دڵشاد بەکر مەولود 39. منیرە عەبدول 40. سەردار ئەنوەر سلێمان (هەولێر) 41. کورئیل ئیشۆ خامس (دهۆک) 42. ئەزهار رەمەزان عەبدولڕەحیم (بەغدا) 43. سەلیم بترس ئەلیاس 44. ئەبلحەد ئەفرام ساوا (دهۆک) 45. جاکلین قوسن زومایا 46. فازڵ حەیدەر کاکە ئەحمەد (سلێمانی) 47. ئیبراهیم جەلال مەجید (دهۆک) 48. ئەسمەر حوسێن ئەحمەد (سلێمانی) 49. کامەران خەیری سەعید (دهۆک) 50. عادل ناسر حاجی (دهۆک) 51. نازلین حوسێن فەیزوڵلا (بەغدا) 52. فارس ناسر (موسڵ) 53. فەرەج میرزا لەتیف (بەغدا) 54. سوهەیلە جەعفەر (بەغدا) 55. حەیدەر قاسم شەشۆ (موسڵ) 56. ئەحمەد ئیبراهیم فارس 57. قسمەت هادی بەهرام 58. عەبدولخالق محەمەد رەشید (هەولێر) 59. سەرتیپ محەمەمد حوسێن (کەرکوک) 60. نەرمین سدیق مەعروف (هەولێر) 61. عومران یاوەر قادر (دیالە) 62. تەڵعەت محەمەد عەلی 63. د.پیرۆز کاکەزیاد حەمەئاغا (هەولێر) 64. فایەق ئەحمەد شەعبان (دهۆک) 65. مونزیر عەبدولحوسێن خەلیل ئەلفەزڵ (هەولێر) 66. فائیزە جەبار محەمەد باخان (بەغدا) 67. فریاد محەمەد فەقێ (هەولێر) 68. عومەر عەلی حوسێن 69. نەوال حوسێن دەروێش (دهۆک) 70. عادل تۆفیق رەشید (دهۆک) 71. موحسن سەعدون نوح (موسڵ) 72. د.ژیان ئەحمەد عەبدوڵلا (سلێمانی) 73. ئیسماعیل رەجەب ئەحمەد حەدیدی (کەرکوک) 74. فارس یونس

گردە برۆ (دهۆك) 75. ئەنهار محمەد سەعید (موسڵ) 76. عەبدولرەحمان عەلی محەمەد کوردە (هەولێر) 77. نەسروڵلا نەجمەددین سەیفەددین (بەغدا) 78. ویداد خاڵس رەشید قازی (هەولێر) 79 . عەبدولمەجید عەبدولحەمید عەبدولعەزیز (کەرکوك) 80. بەهرام محەمەد ئەمین 81. سۆلاڤ عەبدوڵلا محەمەمد (کەرکوك) 82. مەحمود ئەسعەد فەتاح (هەولێر) 83. جەوهەر محێدین جیهانگیر (موسڵ) 84. مهاباد محەمەد ئەمین (سلێمانی) 85. فەیسەڵ کەریم خان مەحمود (هەولێر) 86. عەبدولباری محەمەد فارس (موسڵ) 87. ناسکە عەبدوڵلا رەسول (سلێمانی) 88. نامیق رەقیب محەمەد سورچی (موسڵ) 89. جوکو محەمەد کلحی (موسڵ) 90. شەرمین محەمەدبەگ خۆشناو 91. محێدین رەشید رەمەزان 92. عادل نووری محەمەد 93. بەیان ئەحمەد حەسەن 94. عەلی محەمەد کەریم 95. جەلال ئیبراهیم حەسەن 96. شلێر عەبدولمەجید رەشید (سلێمانی) 97. سەیفەددین نووری مەحمود (هەولێر) 98. موەفەق جەوهەر (کەرکوك) 99. پەیام ئەحمەد (دیالە) 100. سەید تاڵب سەید وەهاب (موسڵ) 101. شێرزاد عەزیز ئاغالی (هەولێر) 102. د.ژیان ئەنوەر رەشید (هەولێر) 103. عەبدولجەلیل رەزا فەیلی 104. عەدنان عەبدولکەریم فەیلی 105. ئیلهام سەعید حەمەئاغا (سلێمانی) 106. دەخیل سەیدۆ حەمۆ (موسڵ) 107. عەتۆ سلێمان خدر (موسڵ) 108. ڤیان سدیق مستەفا 109. زادوق ئادەم باوید (هەولێر) 110. پۆلس مەلەك خۆشابا 111. لەیلا سلێمان حەمەسوور (سلێمانی) 112. عەبدوڵلا کەریم سەعید (هەولێر) 113. محەمەد سدیق عەبدولعەزیز (سلێمانی) 114. بەدریە تۆفیق عەبدولڕەحیم (سلێمانی) 115. بایزید عەبدوڵلا 116. جەواد وادی سەعید 117. هودا ئەحمەد سەبری (دهۆك) 118. سەردار ئەنوەر رەشید (سلێمانی) 119. عومەر خدر حەمەد (هەولێر) 120. لانە محەمەمەد عەلی حافز (سلێمانی) 121. عەلی رەئوف غەفور رەئوف (سلێمانی) 122. شەریف عەزیز سۆڤ شەریف (سلێمانی) 123. خەدیجە خەدیدی بەخش 124. عەبدول لەتیف عەبدولمەجید گوڵی (کەرکوك) 125. فەوزی عەزیز میرزا (دهۆك) 126. نەرمین قادر مەحمود 127. فاروق سابیر محەمەد 128. حەبیب محەمەد دەروێش 129. نەورۆز عیززەددین قەرەمحەمەد (کەرکوك) 130. عیماد جەمیل قاسم (دهۆك) 131. د.فوئاد حەمە خورشید (بەغدا) 132. زێڕین ئەحمەد تەحسین 133. عەلی ئەمین مزوری 134. مستەفا عەرەب حەمەد حەسۆ 135. حەیات ئەحمەد عەبدولرەحیم (موسڵ) 136. د.عەلی حوسێن بلۆ (دهۆك) 137. د.جەعفەر حوسێن خدر (هەولێر) 138. سروە یونس محەمەمد (هەولێر) 139. یوسف ئەحمەد مستەفا (هەولێر) 140. ساڵح عەبدوڵلا مەحمود (کەرکوك) 141. گولیزار شەفیق عەبدوڵلا (هەولێر) 142. عەبد جوبرەئیل رزوقی (موسڵ) 143. نەوزاد نافیز جەلال (هەولێر) 144. لەیلا محەمەد غەریب (کەرکوك) 145. خدر ئەکبەر حەسەن (کەرکوك) 146. کامیل عەبدوڵلا کاکەحەمە (کەرکوك) 147. لەیلا بایز مەحمود (کەرکوك) 148. لەتیف عەبدولقادر نەجمەددین (کەرکوك) 149 . محەمەد عەبدولرەحمان نەجمەددین (کەرکوك) 150. منیرە ئەبوبەکر مستەفا 151. بەشار ئیسماعیل ئەحمەد 152. عیسمەت ئەمین ناسر (دهۆك) 153. غەزالە محەمەد (سلێمانی) 154. یەحیا بابەرەسوڵ عەبدولعەزیز 155. مەلا رەشید کوردۆ رەشید (هەولێر) 156. شیلان خسرەو تۆفیق 157. عەبدولڕەحمان ئەمین گۆمەشین (هەولێر) 158. سمکۆ ئەسعەد ئەدهەم (سلێمانی)

159. زانا حەمەد ئەمین (هەولێر) 160. ئیبراهیم میرانی 161. عەبدوللا ڕەزا عەبدوللا ڕەسوڵ 162. سەبریە بابەکر ئەحمەد (سلێمانی) 163. نەزیرە ئیسماعیل کەریم 164. عەرەب محەمەد ئەمین (سلێمانی) 165. عەبدوللا محەمەد سەعید (دهۆك) **8759**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-26** دەزگای ئاراس لە هەولێر لە هۆڵی شیراتۆن و بەئامادەبوونی نێچیرڤان بارزانی خەڵاتی ئەم نووسەرانەی کرد: دکتۆر مارف خەزنەدار, ئەحلام مەنسور, حەمەسەعید حەسەن, فەلەکەدین کاکەیی و د. مونزر ئەلفەزل. **8760**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-26** نێچیرڤان بارزانی ڕایگەیاند کە بەهیچ جۆرێك ڕازی نابین لە 20٪ کەمتری بودجەی ئێراقمان بدرێتێ, ئەگەرنا ئەوا ڕەنگ بێت بڕیاری تر بدەین. **8761**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر com.rpeyamne.www//:http

**2004-12-26** مۆزەخانەی شارستانیی هەولێر لەلایەن چەند نەناسراوێکەوە تاڵانکرا. **8764**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-26** دامەزراندنی بزووتنەوەی نا بۆ هەڵبژاردنەکانی ئێڕاق. **8776**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی کوردستان نێت org.kurdistannet.www//:http

**2004-12-26** کۆبوونەوەی جیمس جێڤریی نوێنەری تایبەتیی جۆرج بوش لەگەڵ جەلال تاڵەبانیدا بۆ دۆزینەوەی چارەیەك بۆ هەڵبژاردنەکانی کەرکوك نێوبراو لە زمانی بوشەوە ڕایگەیاند کە خۆشحاڵە بە هاوپەیمانێتیی پارتی و ینك لە هەڵبژاردندا. **8774**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-26** تا 28-12: لە شاری هەڵەبجە ڤیستیڤاڵی کورتە فیلمی کوردی ئەنجام دەدرێت. لەم ڤیستیڤاڵەدا نزیکەی 20 کورتە فیلم بەشداری دەکات و فیلمەکانیش لە هۆڵی ئەحمەد موختار جافدا پێشکەش دەکرێت. **8745**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-27** هەردوو هاووڵاتی (مزەفەر تۆفیق خالید) لەدایکبووی 1975 و (بارزان یەحیا وسو) لەدایکبووی 1974، کە هەردووکیان (خەڵکی ناحیەی قەراج)ی سەر بەقەزای مەخموورن، لەچوارڕیانی (حاجی عەلی- گەیارە) لەلایەن باندێکی عەرەبە تیرۆریستەکانی ناوچەکە دەگیرێن و دواتر هەردوو گەنجەکە سەردەبڕن و تەرمەکانیان لەنێوان گوندی سەیداوە و کەبەرۆك (کە دوو گوندی عەرەبنشینن) فڕێ دەدەن. **8795**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: میدیا - ژمارە 177 - 30-12-2004.

**2004-12-27** دوو هاوولاتیی کوردی شاری مەخموور بەناوی (حەسەن بەکر عومەر) و (دەخیل حەسەن) لەلایەن گروپێکی تیرۆریستە عەرەبەکان رفێنراون و برداون بۆ گوندی (ستێرات) و بەرەبەیانی 29-12-2004 عەرەبە تیرۆریستەکان (دەخیل حەسەن)یان هێناوەتە نزیك مەخموور و ئازادیان کردووە و گوتوویانە تا کاتژمێر 4ی ئێوارەی ئەمڕۆ (10000) دە هەزار دۆلارمان بۆ نەهێنن سەری (حەسەن بەکر عومەر) دەبڕین. **8796**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: میدیا - ژمارە 177 - 30-12-2004.

**2004-12-27** سەدان شۆفێر لە هەولێر خۆپیشاندانێکیان لە دژی بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین سازکرد. **8769**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-27** تەجەموعی عەرەبی لە کەرکوك کە ڕێکخراوێکی شۆڤێنیی عەرەبە هاوردەکانە هەڕەشەی لە وەلید شەریکەی سەرۆکی پارتی ئەخائی تورکمانیی ئێراقی کرد چونکە نێوبراو پێش چەند ڕۆژێك و لە نامەیەکی کراوەدا داوای جێبەجێکردنی مادەی 58ی دەستووری کاتیی ئێراقی کرد. **8791**

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی کوردی: میدیا - ژمارە 177 - 30-12-2004.

**2004-12-27** سەرۆك وەزیرانی داگیرکەری سووری ڕایگەیاند کە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بۆ ئێمە تێپەڕاندنی هێڵی سوورە. **8763**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-12-28** یەکەمین ڤیستیڤاڵی هونەری و ئەدەبیی سەنتەری لاوانی کوردستان - ینك لە کەرکوك. **8772**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی ینك Sat Kurd

**2004-12-28** هێنری کیسنجەری وەزیری دەرەوەی پێشووی ئامریکا ڕایگەیاند کە ئامریکا نابێت بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی شیعە لە باشووری ئێراقدا ڕازی ببێت, ئەوەشی ڕاگەیاند کە پاش دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە دەبێت ئێراق بەش بکرێت بۆ 3 دەوڵەت ئەوانیش کورد, سوننە و شیعەن. **8767**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-12-28** کچێکی عەبدولسەلام عارف لە ئوردونەوە ڕایگەیاند کە ئامریکا و پێشمەرگەی کورد بوونەتە هۆی تیرۆرکردنی خوشکەکەیی و مێردەکەیی و کوڕەکەیان. **8768**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2004-12-28** شاندێکی ئەمریکی لەگەڵ سەرکردایەتی PKK (کۆنگرەی گەل) پێکەوە دانیشتن و کۆبوونەوە. شاندی ئەمریکییەکان کەبە سێ هەلیکۆپتەر لەبناری قەندیل نیشتنەوە لەناوچەی (ڕەزگە و مارەدوو)ی سەر بەقەڵادزێ لەگەڵ سەرکردایەتی PKK کۆبوونەوە. بەپێی گوتەی سەرچاوەیەکی

ئاگادار ئەوە سێیەمین جارە كۆبوونەوە لەنێوان ئەمریكییەكان و سەركردایەتی PKK دا ئەنجامدەدرێت. 8794

سەرچاوەی 1: ڕۆژنامەی كوردی: میدیا – ژمارە 177 – 30-12-2004.

**2004-12-28** لوید مایلزی سەرۆكی هێزەكانی ئامریكا لە كەركوك ڕاگەیاند كە نابێت لە كەركوك ئاڵای هیچ نەتەوەیەك لە شوێنە گشتی و فەرمانگە فەرمییەكاندا هەڵبدرێت. 8770

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

**2004-12-29** پاش ئەوەی لە ناوەڕاستی ئەم مانگەدا دوو گۆڕی بەكۆمەڵ لەناوچەی دەباشانی نزیك شاری سلێمانی دۆزرانەوە، سەلاح رەشید وەزیری ماف مرۆڤ لە ئیدارەی سلێمانی رایگەیاند كە مێژووی ئەو دوو گۆڕە بۆ كۆڕەوەكەی ساڵی 1991 دەگەڕێتەوە و لەیەكێك لەو گۆڕانەدا ئێسك و پروسكی شەش قوربانیی دۆزراونەتەوە كە بەپێی توێژینەوەكان دووانیان ئافرەت و چواریشیان هی پیاون. لەو لێدوانەیەدا بۆ ژمارەیەك لە دەزگا نێوخۆییەكانی راگەیاندن لەشوێنی گۆڕە بەكۆمەڵەكان، وەزیری ماف مرۆڤ گوتی: دەربارەی ژمارەی قوربانییەكانی ئەو گۆڕە بەكۆمەڵانە زانیاریی جۆراوجۆرمان بەدەست گەیشتووە كە بەپێی هەندێكیان 40 – 50 تەرم لەو گۆڕانەدا هەیە و هەندێكی دیكەش ئاماژە بەوە دەكەن كە ڕەنگە ژمارەكە بگاتە 400 تەرم. 8777

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری كوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2004-12-29** دادگایەكی داگیركەری سووری 15 كوردی بەتاوانی بەشداریكردن لە ڕاپەڕینەكەی ئەمساڵدا دادگایی كرد. دادگاكە بڕیارەكانی خۆیی بۆ مانگی 02-2005 دواخست و پارێزەرانی ئەو زیندانییانەش ئەوەیان ڕاگەیاند كە باری تەندروستیی زیندانییەكان زۆر خراپە. 8775

سەرچاوەی 1: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

**2004-12-29** لە دانیشتنی ژمارە 33ی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق كە تەرخان كرابوو بۆ پەسەندكردنی بودجەی پێشنیاركراوی ساڵی 2005، لە دوا ڕەشنوسی بودجەكەدا 17٪ی بۆ هەرێمی كوردستان تەرخان كرابوو، بەڵام كورد بەو بودجەیە ڕازی نەبوون، بۆیە داوایان كرد بودجەی هەرێمی كوردستان ببێتە 25٪ی بودجەی تەواوی عێراق، لە كۆتایدا نەگەیشتنە ئەنجام و پڕۆژەی بودجەكەش پەسەند نەكرا. 8779

سەرچاوەی 1: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

**2004-12-29** ئاژانسی دەنگوباسی ئێڕاقی ڕاگەیاند: كوردەكان هاووڵاتیانی خۆیان لە حەویجە دەكوژن بۆ ئەوەی بەرەو كەركوك ڕابكەن و لەوێ دەنگی زۆرتر بهێنن لە هەڵبژاردندا. 8773

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

**2004-12-30** ینك ڕاگەیاند كە لە كەركوك بەشداری لە هەڵبژاردندا ناكات تاوەكو مادەی 58 دەستووری كاتی جێبەجێنەكرێت. 8778

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-30** چەند تیرۆریستێك ویستیان بۆمبێك لەبەردەم بۆرییەکی نەوتی کەرکوکدا دابنێن بەڵام بۆمبەکە زوو تەقییەوە دووان لە تیرۆریستان کوژران و یەکێکیشیان بریندارببوو. **8782**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-30** تیرۆریستە عەرەبەکان هێرشێکیان کردە سەر لیژنەی ناوچەی پارتی لە زوممار. بەڵام هیچ زیانێکی گیانیی لێنەکەوتەوە. **8800**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-30** سەرۆکی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن لە موسڵ دەستی لەکار کێشایەوە. **8805**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-30** تیرۆریستە عەرەبەکان لە شاری بەغدا هاووڵاتیی کورد ئەرسەلان کاکەییان فڕاند و پاشان سەریانبڕی. **8827**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-30** کۆتایی ئەم مانگە: پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان بڕیاریدا لە هەڵبژاردنەکانی ئێڕاق بکشێتەوە. چونکە کۆمیسۆنی باڵای هەڵبژاردن بە پارتی ناوبراوی ڕاگەیاندبوو کە ناوەکەیان جووداخواز – ئینفیساڵییە و دەبێت ناوی خۆیان بگۆڕن. **8801**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-31** پەڕلەمانی کۆریای باشوور بەزۆرینەی دەنگ بڕیاری درێژکردنەوەی مانەوەی هێزەکانی خۆیی لە باشووری کوردستان تا ساڵی 2006دا. **8806**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-31** تیرۆریستە عەرەبەکان ڕاکێتێکی کاتیۆشایان نا بە گەڕەکێکی کورد لە باکووری کەرکوکدا و بووە هۆی بریندارببوونی کوردێك. **8807**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2004-12-31** لە کاتێکدا یانەی وەرزشی کەرکوك لە موسڵەوە دیویست بچێت بۆ دهۆك عەرەبە تیرۆریستەکان ڕێیان پێدەگرن و سووکایەتییان پێدەکەن، بەڵام ئەوان نکوڵی لەوە دەکەن کە کوردیان لەگەڵدابێت و بەو جۆرە ڕزگاردەبن. **8815**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005** لە ماوەی خوێندنی ئەمساڵدا 9 مامۆستا و 32 خوێندکاری زانکۆی موسڵ کوژراون. **9320**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-00** بزووتنەوەی نەتەوەیی تورکمان نامەیەکی بۆ کۆفی ئەنانی سکرتێری ڕێکخراوی ن.ی نارد و تیایدا کوردی بەوە تۆمەتبار کردووە کە دەیانەوێت ساختە کاری لە هەڵبژاردنەکان بکەن و ژمارەی دانیشتوانی کورد بۆ 400 هەزار کەس بەرز بووەتەوە کە هەندێکیان خەڵکی ئوردوگای مەخمورن و بەڵگەنامەی ساختەیان دروست کردووە. **8940**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-00** حجت الاسلام حەزرەتی، بەرپرسی لقی عەقیدەتی سیاسی هێزەکانی ئینتیزامی پارێزگای کوردستان لەکاتی چوونی بۆ مەریوان، لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە لە چەند کیلۆمەتری شاری سنە، لەئۆتۆمبێلەکەی دەهێنرێتە خوارەوە و بەتوندی لێی دەدرێت و پاشان ڕەوانەی نەخۆشخانە دەکرێت. **8894**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-00** قەدەغەکردنی تابلۆ کوردییەکانی سەر دوکانەکانی شاری سنە لەلایەن داگیرکەری ئێرانییەوە. بەوپێیە خاوەن دوکانەکان دەبێت تەنها بەزمانی فارسی تابلۆی دوکانەکانیان بنووسن. **9005**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-00** پاش چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لەگەڵ کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان, 170 هەزار هاووڵاتی لە کەرکوک کە پتر لە 145 هەزاریان کوردن ماف دەنگدانیان دەبێت. **8878**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-00** حکوومەتی هەولێر بڕیاریدا کە ئەو 512 ماڵەی کە لە تەقینەوەکەی ڕۆژی 09-09-2003ی گەڕەکی شۆڕشدا لە هەولێر زیانی جۆراوجۆریان بەرکەوتبوو، قەرەبوو دەکرێنەوە. **8881**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-00** بەگوێرەی ڕاپۆرتی هەواڵنێری پەیامنێر لە شاری سنەوە, ئاستی فەسادی ئەخلاقی تا تەمەنی 13 ساڵیش دابەزیوەتە خوار و کچان لەم تەمەنەدا پەنا بۆ کاری لەشفرۆشی دەبەن و ئەمە لە کاتێکدایە کە تەنیا سێ ساڵ لەمەوبەر لە تەمەنی 17 ساڵاندا بوو. **8873**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2005-01-00** فەهمی کاکەیی بۆ جاری دووەم لە سوید لەلایەن یەکێتیی نووسەرانی کتێبی خوێندنگەوە خەڵاتکرا, نێوبراو سەرپەرشتیی دانانی کتێبی خوێندنگە دەکات بۆ پۆلە کوردییەکان لە وڵاتی سوید. **8999**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی کوردستان نێت http://www.kurdistannet.org

**2005-01-00** کۆتایی ئەم مانگە: لەو 280.303 کەسەی کە لەدەرەوەی ئێراق ناوی خۆیانیان بۆ هەڵبژاردن تۆمارکردووە 210 هەزاریان کوردن. **8998**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-00** سەرداری سەیفی قازی کە ڕۆژی دووی ڕێبەندان لە چالاکیی ساڵیادی کۆماری کوردستاندا، لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵکی شاری مەهاباد بەشداریی کردبوو، لەلایەن هێزەکانی داگیرکەری ئیسلامیی ئێرانەوە دەستگیر کرا. **8992**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-00** نزیکەی 105 کەسایەتی ناسراو, هونەرمەند, ڕۆشنبیر, نووسەر, ڕۆژنامەنووس و چەند ڕێکخراوێکی پیشەیی و کەلتوری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە نامەیەکی کراوەیان بۆ خەڵکی کوردستانی باشوور نارد و تێیدا پشتگیریی خۆیان بۆ لیستی هاوپەیمانێتیی کوردستان دەردەبڕن. لە نامەکەیاندا دەڵێن کەوا هەرچەندە ناتوانن لەو دەنگدانە بەشدار بن, بەڵام رایدەگەیەنن کە لەگەڵ سەرکەوتنی ویست و ئیرادەی گەلی کوردستاندان بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی کورد. **8991**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2005-01-00** زۆرینەی شارەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان لە باری نائاساییدان بەهۆی فشاری داگیرکەری ئێرانەوە. **8925**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-00** نزیکەی 4000 حاجیی کورد لە فڕۆکەخانەی هەولێرەوە بە 2 فڕۆکەی ئێراقی و 2ی ئوردونی گەیشتنە جدە, شایانی باسە زۆربەی ئەم حاجییانە ئاڵای کوردستانیان پێبوو و لە فڕۆکەخانەی جدەش ئاڵای کوردستان لە تەنیشت ئاڵای ئێراق بەرزکرایەوە. **8918**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-00** نامیق ڕەقیب سورچی و جەوکۆ محەمەد کەلحی ڕێکانی کە هەردووکیان ماڵیان لەشاری موسڵە و سەر بەدوو بنەماڵەی سەرۆک جاشی پێشووی سەددامن و لە لیستی هاوپەیمانیی کوردستان بۆ پەرلەمانی عێراق وەك پاڵێوراو ناویان بڵاوکرایەوە, لەسەرەتای ئەو مانگەدا کشانەوەی خۆیان لەهەڵبژاردن ڕاگەیاند. **8919**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-00** لە کۆبوونەوەیەکی داخراوی دوو قۆڵیدا لە نێوان تورکیا و عێراق، لایەنی تورکی فایلێکی ڕەنگ سوری پێشکەش بەلایەنی عێراقی کرد کە ناوی 148 ئەندامی سەرکردایەتی پەکەکەی تێدایە. لەو لیستەدا ناوی عوسمان ئوجەلان و موراد قەرەیلان و کانی یەلماز و جەمیل بایك و دۆران کاڵکان هەبووە. هەمان لیستیش پێشکەش بە جۆن ئەبی زێد کراوە و داواکراوە کار بۆ دەستگیر کردنیان بکرێت. **8908**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-00** لە درێژەی بلاو کردنەوەی پرۆگرامی لیستەکانی بەشداربووی هەڵبژاردنەکانی عێراقدا بەرەی تورکمانی لە خاڵی (7)ی بەرنامەکەی خۆیدا داوای ئەوەی کردووە کە کەرکوك بکرێت بەهەرێمێکی فیدراڵی سەربەخۆ و سەرۆکی حکومەتەکەی تورکمان بێ و جێگرەکەی کورد و سەرۆکی پەرلەمانیش عەرەب بێت. لەخاڵی (8)ەهەمیش داوا دەکرێت زمانی تورکی هەروەك زمانی عەرەبی ببێت بەزمانی رەسمی ناوچە تورکمانییەکان. هەروەها داواکراوە تەلەعفەر و دووز خورماتوو ببن بە پارێزگا. **8904**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-00** د. عەلی سەعید بووە سەرۆکی زانکۆی سلێمانی. **8921**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-00** بەڕێوەبەری بەشی خوێندنی کوردی لەکەرکوك بۆ رۆژنامەی میدیای راگەیاند: 3150 مامۆستای کوردی قوتابخانە کوردییەکانی کەرکوك لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی عێراقەوە مووچەیان پێنادرێت. **8922**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-00** بەپێی راپرسییەك کە سایتی پەیامنێر لە سلێمانی ئەنجامیداوە, زۆرینەی ژنانی کورد ئەو ژنانە ناناسن کە پاڵێوراوی پەرلەمانی کوردستان و ئێراقن و زۆربەیان پاڵێوراوی حیزبەکانن و لە بەرژەوەندیی حیزبەکانیان کاردەکەن. **8934**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2005-01-00** جەلال تاڵەبانی و نێچیرڤان بارزانی لە بەغدا گرنتییەکی نووسراویان لە غازی یاوەر و ئەیاد عەلاوی و نوێنەرانی بەریتانیا و ئامریکا وەرگرت بۆ جێبەجێکردنی مادەی 58ی دەستووری کاتیی ئێراق سەبارەت بە کەرکوك بەرامبەر بەشداریکردنی کورد لە هەڵبژاردنی کەرکوکدا. **8924**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-00** ژەنەراڵ جۆن باتیستی فەرماندەی تیپی یەکی مارینز لە سنووری ناوچەکانی کەرکوك و تکریت و بێجی لە بارەی سەرژمێری کردەوە تیرۆرستییەکان، رایگەیاند: لە مانگی فێبریوەریی ساڵی رابردووەوە 2004-02-00 تاکو ئێستا 2005-01-00، 87 ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو لە باکوورو ناوەراستی عێراق لە ناوچەکانی کەرکوك و تکریت و بێجی تەقیونەتەوە، تەنها لەم سێ ناوچەیەدا 45 ئوتومبیل بە هۆی کاری خۆکوژی تەقیوەتەوە ، 42 ئوتومبیلیش بە هۆی کۆنتڕۆڵەوە تەقیوەتەوە. شایانی باسە بەهۆی ئەو کارە تیرۆریستییانەی تیرۆریستە عەرەبەکانەوە ژمارەیەکی زۆری کورد کوژراون. **8939**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-00** د.س ڕایگەیاند کە نابێت زمانی کوردی لە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنی ئێراق لە سووریادا بەکاربهێنرێت بۆ ئەو 250 هەزار ئێراقییەی کە لە سووریادا دەژین. **8927**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-00** لە شاری هەولێر زۆربەی ئەو پۆستەرە پڕوپاگەندەییانەی هەڵبژاردن کە ئاڵای کوردستانی لەسەربوو دڕێنراون بەڵام ئەوانەی نەخشە و ئاڵای ئێراقیان بەسەرەوەیە وەك خۆی ماونەتەوە. **8928**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-00** کۆمەڵەی نێودەوڵەتیی داڕێژەران و بەڕێوەبەرانی سیستەمەکانی ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنیکی، خەڵاتی زانستی خۆیان بەهۆی بەرهەمهێنانی S.M.C.D، لەنێوان دە میلیۆن بەشدار بوو لە 145 وڵاتی جیهاندا دایە سەلاحی شاسواری. ئەو بەرهەمە توانای ئەوەی هەیە پشتیوانی لەتەواوی زمانەکانی جیهان بکات ودەتوانێت لەهەرکاتدا، هەر کەسایەتییەکی هەوالگری، بەشێوەی ژێروی وێب، هاوشێوە سازی بکات. نێوبراو خەڵکی شاری سنەیە. **8893**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر com.peyamner.www//:http

**2005-01-00** ئەم مانگە وا نیاز بوو کە ئیبراهیم تاتلیس لە خۆرهەڵاتی کوردستان کۆنسێرتێکی کوردی پێشکەش بکات, بەڵام د.ا ڕێگەی نەدا. **8987**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-00** تەقینەوەی ئوتومبیلێکی پەیکان بەهۆی بۆمبایەکەوە لە شاری سەردەشت, بەڵام هیچ زیانێکی لێنەکەوتەوە. **8891**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-00** منداڵێکی نەخۆشی کورد لەبەرئەوەی ناوی وڵات بوو لە نەخۆشخانەی ڕها لەلایەن دکتۆرێکی تورانییەوە دەرماننەکرا. **8961**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-00** حکومەتی ئێراقی لیژنەیەکی بۆ جێبەجێکردنی مادەی 58ی دەستووری کاتی پێکهێنا کە تا کۆتایی ئەمساڵ سەرپەرشتیی ئەو جێبەجێکردنە دەکات. **8941**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-00** پارتی و یەکێتی لیژنەیەکی هاوبەشیان بۆ پەرەپێدانی کەرکوك دامەزراند بەناوی لیژنەی پەرەپێدانی کەرکوك و بڕی 100 ملیۆن دۆلاریان بۆ تەرخانکردووە، کە لەبوارە جۆراوجۆرەکان و گێڕانەوەی سیمای ڕاستەقینەی کەرکوکدا خەرج دەکرێت. **8923**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-01-00 هونەرمەند بەهمەنی قوبادی دەبێتە ڕاوێژکاری وەزیری ڕۆشنبیریی ئێراق بۆ زیندووکردنەوەی سینەمانی ئێراقی. 8822

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2005-01-00 پاش سەردانی باشووری کوردستان، ئارمیتاژ سەردانی تورکیای کرد و هەردوولا لەسەر کەرکوک ناڕێك بوون. ئارمیتاژ ڕایگەیاند کەکێشەی ئەو شارە بەپێی دەستووری ئێراق چارەسەر دەکرێت. 8833

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2005-01-00 سەرەتای ئەم مانگە: پێکدادانێك لە نێوان کاسبکارانی ناوچەی سەولاوای سنە و د.ا و بووە هۆی بریندارکردنی 4 کەس. 8836

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-01-00 کوژرانی لاوێك لە سنە بەناوی ئەفشینەوە، لەلایەن د.ا. 8837

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-01-00 بڵاوکردنەوەی لیستی بێلایەنەکان بۆ پەرلەمانی کوردستان، ئەمانە ناوەکانیانە: 1. د.فەرهاد پیربال 2. د.دڵشاد گەنجۆ 3. ساڵح برێخت 4. تەلعەت نادر 5. د.فەرەیدون رەفیق حیلمی 6. د.جەمال عەبدولکەریم فوئاد 7. د.ئیحسان فوئاد 8. د.ئومێد نوری 9. د.ئیبراهیم خورشید 10. کەریم جومعەجوبرائیل 11. جەمال بەکر قەساب 12. سەربەست تۆفیق قەزاز 13. فەوزی رەفیق حیلمی 14. ساڵح موراد عیدۆ 15. لوقمان حەکیم رەحیم 16. حسێن ئیبراهیم حەمو 17. محەمەد باقی سەعید 18. جەبار ئەحمەد سابیر 19. بەهادین نوری 20. کەریم غەفور (کەریمۆك) 21. کەمال رەئوف رەحیم 22. تەحسین سابیر عەلی شەونم 23. عەلی شەونم 24. رزگار کەریم محەمەد 25. پەروین عەبدلمەجید گلی 26. تەرزە فایق ئەحمەد 27. پەروین محەمەد ئەمین عەلی 28. هەلالە سەلاح ئەحمەد 29. نیان عەلی ئەحمەد 30. فەزیلە ئیبراهیم ساڵح31. ئاشتی عەزیز ساڵح 32. رۆشنا ئەحمەد رەسوڵ 33. دڵسۆز مەحمود تاهیر 34. روناك عەبدولمەجید بەرزنجی 35. ساکار محەمەد عەبدولسەلام 36. ئەنوەر غەریب ساڵح 37. کامیل محەمەد مستەفا 38. غەنی رەشید نانەوا 39. جەمال رەئوف. 8838

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-01-00 ئەنجامدەرانی تەقینەوەکەی مانگی پێشوو لە هەولێر دەستگیرکران. 8829

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-01-00 عەبدوڵڵا گوڵ نامەیەکی ناڕەزایی بۆ کوفی ئانان نارد سەبارە بە ڕەوشی کەرکوك و گەڕانەوەی ئاوارە کوردەکان و وەرگرتنی مافی دەنگدان. 8982

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-00** شەپۆلێکی سەرما و بەفر هەردوو بەشی باشوور و خۆرهەڵاتی کوردستانی گرتەوە و بەهۆیەوە ڕێگاوبانەکان گیران و چەند کەسێکیش بوون بەژێر هەرەسی بەفرەوە. **8985**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-00** تەقینەوەی مینێك لە ناوچەی مەریوان و بووە هۆی بریندارکردنی هاووڵاتییەك, ئەو مینە هی سەردەمانی جەنگی ئێراق – ئێرانە. **8824**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-00** د.ا لە ناوچەی بانە 2 کوردی بە تاوانی قاچاخچێتی گوللەبارانکرد و هەردووکیان گیانیان لەدەستدا. **8847**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-00** وەزیری ژینگەی ئێراقی ڕایگەیاند کە ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە حیزبی بەعس بەشداریی هەڵبژاردن بکات. **8830**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-00** کۆمەڵەی بەرگری لە پەنابەرانی ئێراقی ڕایگەیاند کە دەستەڵاتدارانی ئوردونی دەدادە دادگایەکی نێودەوڵەتی, چونکە ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرانی ئەم وڵاتە دەستیان لە کوشتنی کورد و شیعەدا هەیە لەساڵی 1991دا. **8816**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-00** گیرانی 9 تیرۆریستی عەرەب لە حەویجە کە پێدەچێت دەستیان لە کوشتنی ئەو 4 کوردەدا هەبێت کە مانگی پێشوو لە حەویجە تیرۆرکران. **8844**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-00** د.ا ماڵپەڕی پەیامنێری فیلتەر کرد, تاوەکو کوردی خۆرهەڵات نەتوانێت بیکاتەوە, شایانی باسە لە ساڵی ڕابردوودا د.ا گەلێك لە ماڵپەڕە کوردییەکانی فیلتەر کردووە و خەڵکی ناتوانن بیکەنەوە. **8855**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-00** هونەرمەندی شێوەکار عوسمان قادر لە شارەکانی سنە و سەقز پێشانگایەکی کردەوە و خەڵکێکی زۆر سەردانی ئەم پێشانگایەی کرد کە 116 تابلۆی لەخۆگرتبوو. **8976**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2005-01-00** لە ڕاپرسییەکی ڕۆژنامەی خەباتدا لە زانکۆی سەلاحەدین : 17٪ ی قوتابیان کارە تیرۆرستییەکانی عێراق بە بەرگریی نیشتمانی و 4٪یش بە جیهادی دەزانن. **8888**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

**2005-01-00** ناوەڕاستی ئەم مانگە: د.ت ڕایگەیاند كە لە ناوچەی شرناخ لە پێكدادانێكدا 5 پێشمەرگەی پكك ی كوشتووە, بەڵام هیچی لەبارەی زیانەكانی خۆی ڕانەگەیاند. **8955**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

**2005-01-00** ناوەڕاستی ئەم مانگە: حكومەتی هۆڵندی 2 ئەندامی بەرزی پكك ی لە هۆڵندا دەستگیركرد. **8956**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

**2005-01-00** لە كەركوك 5 پارتی كوردستانی و توركمانی لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی كەركوك كشانەوە, ئەوانیش: پارتی برایەتیی توركمان, حیزبی سۆسیالیستی دیوكراتی ك وردستان, حیزبی شیوعیی ئێراق, حیزبی شیوعیی كوردستان و پارتی ئەفسەرانی ئازاد بوون. **8849**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

**2005-01-00** بەهۆی پڕۆسەی هەڵبژاردنەوە نرخی دیناری ئێراقی لە بازاڕەكان بەرزبووەوە. شایانی باسە نرخی ئەم دراوە ساڵانێكی زۆر هەر لە دابەزیندا بووە. **8971**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

**2005-01-00** بزووتنەوەی ئیسلامیی توركمان لە بەیانێكدا ڕایانگەیاند كە كورد دەیانەوێت شارۆچكەی تەلەعفەری توركمان بكەنە كورد و فەرمانگەی ناسنامە و تاپۆی شارەكەیان سووتاندووە. **8854**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

**2005-01-00** لەبەر هەڕەشەی تیرۆریستە عەرەبەكان چەند خێزانێكی كورد شاری موسڵیان جێهێشت و بەرەو دهۆك و هەولێر كەوتنە ڕێ. **8813**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

**2005-01-01** سەردانی ریچارد ئارمیتاژی جێگری وەزیری دەرەوەی ئامریكا بۆ هەولێر و لەگەڵ مەسعود بارزانیدا كۆبووەوە, سەرچاوەكان واڕادەگەیەنن كە تەوەری گفتوگۆی نێوانیان هەڵبژاردنی كەركوك بووە. نێوبراو نامەیەكی جۆرج بوشی دایە مەسعود بارزانی. **8808**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

**2005-01-01** تیرۆریستە عەرەبەكان لە موسڵ ئەحمەد محەمەد یونسیان فڕاند, نێوبراو كوردە و تەمەنی 32 ساڵە و سەربە هیچ لایەنێكی سیاسی نییە. **8811**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

**2005-01-01** بەهۆی تەقینەوەی بڕێك تی. ئێن. تی.یەوە 2 كارمەندی ئاسایشی هەولێر كوژران. **9023**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

**2005-01-01** بەشێك لە حاجییەکانی کورد لە فرۆکەخانەی هەولێرەوە بەئالای کوردستانەوە بەرەو مەککە بەڕێکەوتن. **8810**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-01** تیرۆریستە عەرەبەکان هێرشیان کردە سەر بارەگای ینك لە موسڵ بەڵام هیچ زیانێکی لێنەکەوتەوە. **8809**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-02** تیرۆریستە عەرەبەکان هێرشێکیان کردە لکی 14ی پارتی لە موسڵ و بووە هۆی بریندارکردنی 3 ئەندامی پارتی و زیانی ماڵیشی لێکەوتەوە. **8823**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-02** دۆزینەوەی 2 تەرم لە موسڵ کە یەکێکیان کوردە و ئەوی تریان هێشتا نەناسراوە. ئەمانە لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە سەربڕاوون. **8818**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-02** کۆبوونەوەی هەردوو مەکتەبی سیاسیی ینك و پارتی لەگەڵ لیژنەی باڵای هەڵبژاردنی کەرکوك بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەو زۆرتر لەو 100 هەزار کوردەی کە بێبەشن لە فۆڕمی هەڵبژاردن. **8820**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-02** بەشێك لە ئەندامانی پەرلەمانی ئێراق لە شاری هەولێر لە باڵەخانەی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوە. وابڕیار بوو زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمانی ئێراق لەم کۆبوونەوەیەدا بەشداربن بۆ گفتوگۆکردنی مادەی 58ی دەستووری کاتی ئێراق و بەرزکردنەوەی بودجەی کوردستان, بەڵام ژمارەیەکی کەم نەبێت لە ئەندامانی پەرلەمانی ئێراق بەشدارییان نەکرد. **8814**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-03** دۆزینەوەی 2 تەرمی کورد لە دووریانی قەرەقۆش – گوێر. ئەمانە پێش چەند ڕۆژێك لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە فڕێندرابوون و پاشان گوللەبارانکراون. **8846**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-03** گرووپی کوردیی ئەنجوومەنی شاری کەرکوك بۆ چوارەم جار لە یاداشتێکدا داوای دواخستنی هەڵبژاردنی کەرکوکی کرد. **8843**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-03** یەکێتیی قوتابیانی کوردستان – پارتی، جارێکی تر لە دەروازەی ڕەحیماوای کەرکوک ئالایەکی گەورەی کوردستانیان نەخشاندەوە، ئەم ئالایە مانگی پێشوو لەلایەن ئامریکییەکانەوە کوژێنرایەوە. **8851**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-03** گروپێك کە ناوی خۆیی ناوە بازەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان بۆ ماوەی 10 خولەك بورجی چاودێریی فڕۆکەخانەی سنەی ئاگربارانکرد. **8877**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-03** بەهۆی هەڕەشەی تیرۆریستە عەرەبەکانەوە خێزانێکی کورد شاری ڕووماديی جێهێشت و لە جەلەولا جێگیربوون. **8845**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-04** تیرۆرکردنی پارێزگاری بەغدا. نێوبراو ناوی عەلی ڕازی ئەلحەیدەری بوو. **8831**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-04** ئیتلاعاتی د.ا، ڕۆژنامەنووس شەمزین جیهانی بانگکرد بۆ لێکۆڵینەوە. د.ا نێوبراوی بەوە تاوانبار کردووە کە لە نووسینەکانیدا دەڵێت خورهەڵاتی کوردستان و ڕاپۆرتی بۆ تەلەڤزیۆنەکانی میزوپۆتامیا و ڕۆژ ئامادەکردووە. شایانی باسە کۆتایی ساڵی ڕابردووش نێوبراو بانگکرا بۆ لێکۆڵینەوە. **8839**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-05** کاتژمێر 1ی سەرلەبەیانی 4 کۆپتەری ئامریکی بەبیانووی بوونی تیرۆریستێك لە گەڕەکی سەیداوای شاری هەولێر بەشی نێوخۆیی خەیروڵڵا عەبدولکەریمیان ئاگرباران کرد و لە ئەنجامدا 4 خوێندکاری زانکۆی سەلاحەدین و ئافرەتێك بریندار بوو. شایانی باسە ئەمە یەکەمجارە کارێکی واهی لە ئامریکییەکان بوەشێتەوە و سەربەخۆ و بێ ئەوەی دەستەڵاتی کوردی ئاگاداربکەنەوە هێز لە شاری هەولێردا بەکاربهێنن. ئەم ڕووداوە بووە هۆی ناڕەزایی دەستەڵاتی هەولێر و خەڵکیش زۆر ناڕەزایی دەردەبڕن. **8840**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-05** ئەمڕۆ بڕیار وابوو کە دکتۆر و برینپێچەکانی شاری سلێمانی بۆ زۆرکردنی مانگانەکانیان مانبگرن، بەڵام لەبەر ئەوەی وەزیری تەندروستیی سلێمانی ڕازیبوو بە زۆرکردنی مانگانەکانیان، مانگرتنەکە هەڵوەشایەوە. **8842**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-05** ئۆجەلان لە زیندانەکەیەوە و لەڕێی پارێزەرانییەوە ڕایگەیاند: پێویستە پ.ك.ك، لەگەڵ پارتی و یەکێتی ڕێك بکەون بۆ ئەوەی ناوچەیەکی دیموکراتی نمونەیی لە برادۆست دابمەزرێنن. **8882**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-05** وەفدێکی باڵای ڕیفراندۆم کە پێکهاتبوو لە هەڵکەوت عەبدوڵڵا، فەوزی ئەتروشی، بەرزان حەمەسور و خۆشی شەوقی سەردانی کۆمیسۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤیان لە ژنێڤ کرد. وەفدەکە نامەیەك و تەواوی ئیمزاکانی بزووتنەوەی ڕیفراندۆمیان دایە دەست کۆمیسۆنەکە. **8852**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-05** تیرۆرکردنی وەرگێڕی ئامریکییەکان سەرکار ئەحمەد لە دوزخورماتو لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە. **8853**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-05** دوو لاوی کوردی شاری مهاباد بەناوی هەژاری مامەندی و فاروقی سامانی بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی و پەیوەندی بەستن لەگەڵ لاوانی کوردی شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر یەکەو بە ساڵێك و هەشت مانگ زیندان لەلایەن دادگای د.ا حوکم دران. **8914**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-05** کەریم سنجاریی وەزیری ناوخۆی پارتی ناڕەزایی بەرامبەر بۆردوومانی هێزەکانی ئامریکا لە هەولێر دەربڕی و ئەوەشی ڕاگەیاند کە دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایشی پارتی ئاگایان لەم کارەی ئامریکییەکان نەبووە و ئەوان ویستوویانە یارمەتییان بدەن بەڵام نەیانهێشتووە. **8841**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-06** یاسای باری نائاسایی لە ئێراقدا بۆ ماوەی مانگێك درێژکرایەوە، بەڵام ئەم بارە نائاساییە کوردستانی نەگرتەوە. **8856**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2005-01-06** تەنیا دوێنێ و ئەمڕۆ 5 هاووڵاتی کورد لەنێو شاری موسڵدا و لەلایەن گروپە تیرۆرستەکانەوە تیرۆرکراون. ئەو هاووڵاتیانە کە لێرەدا ناوەکانیان هاتووە، بەجیا جیا و لەماوەی دوێنێ و ئەمڕۆدا لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە تیرۆرکراون و تاکو ئێستاش هیچ دەستە و تاقمێك بەرپرسیارێتی خۆیان لە تیرۆرکردنیان ڕانەگەیاندووە، هەروەك چۆن هۆکاری تیرۆرکردنیشیان نەزانراوە. سیپان محەمەد عەلی، تەمەن 20 ساڵ، لەگەڕەکی ڕەشیدییە لەماڵ دەرهێنراوە و لە (حی النور) تەرمەکەی فرێدراوە. عەبدولجەبار سلێڤانەیی، کادێری پارتی، تەمەن 53 ساڵ، ئەمڕۆ لە (حی البکر) تیرۆرکراوە. عەباس مەجید، ناسراو بە عەباس باوە، کاکەییە و ئێوارەی دوێنێ لەسەر ڕێگای گوێر – موسڵ تیرۆرکراوە. مەروان عەبدولهادی، پزیشکی یاریدەدەر، تەمەن 35 ساڵ و کارمەندی نەخۆشخانەی (السلام) لە گەڕەکی (الوحدە). ئێوارەی دوێنێ لەکاتی گەڕانەوەی لەسەر کار،

تیرۆرکراوە. باسم ئەحمەد کەمونەیی، پۆلیسی هاتوچۆ، خەڵکی سیمێل کە بۆ کارێك هاتبووە موسڵ و لەلایەن کەسانێکی نەناسراوەوە تیرۆرکرا. 8857

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2005-01-06** کارتە هام فەرماندەی هێزەکانی ئامریکا لە موسڵ سەردانی مەسعود بارزانیی کرد و داوای لێبووردنی کرد لەوەی کە فڕۆکەکانی ئامریکا موشەکبارانی هەولێریانکردووە. 8858

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2005-01-06** چەند پارتێکی کوردستانی سیمینارێکیان لە نەرویژ دژی بڕیارەکانی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن بەست. 8859

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-06** هێزێکی پارتی هێرشی کردە سەر چەند گوندێکی مەنتکایەتیی هەولێر. خەڵکی چەند گوندێك لەترسی ئەم هێرشە گوندەکانیان چۆڵکرد. هۆی ئەم هێرشە ئەوە بوو کە خەڵکی ئەو گوندانە بوونەتە ینك. لەم هێرشەدا کابرایەك دارکاری کرا. 8901

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-06** سەردانی جۆن کێری بۆ کەرکوك و لەگەڵ نوێنەرانی کورد و تورکماندا کۆبووەوە. نێوبراو پاڵەوانی دۆڕاوی هەڵبژاردنی ساڵی پاری ئامریکا بوو لەگەڵ جۆرج بوشدا. شایانی باسە نوێنەرانی تورکمانەکان بە جۆن کێریی وت کە جێبەجێکردنی مادەی 58 ساڵانێك دەخایەنێت و ناکرێت لەبەر ئەمە هەڵبژاردنی کەرکوك دوابخرێت. 8890

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-07** کۆنفیدراسیۆنی نێودەوڵەتی سەندیکا ئازادەکانی کریکاری(ICFTU) پشتگیری خۆی بۆ کرێکارانی مانگرتووی سنە نیشاندا. 8876

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-07** ڕوودانی تەقینەوەیەك لە شاری هەولێر لە گەڕەکی موفتی, ئامانجی ئەم هەوڵە تیرۆرکردنی سەید کاکە بووە, تەقینەوەکە بووە هۆی بریندارbوونی سەید کاکە و چەند کەسێك. 8865

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-07** کۆمەڵێك چەکدار تەقەیان لە ماڵی سەید کاکە کرد, نێوبراو ڕۆژی دوێنێ بۆمبایەك لەبەردەمیدا تەقێنرایەوە و بە سووکی بریندار بوو. 8866

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-07** فیلمی کیسەڵەکانی بەهمەنی قوبادی لە سینەماکانی سەرتاسەری بەریتانیا پیشاندرا. 8885

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-07** خوێندکارانی بەشی ناوخۆیی لەبەردەم هۆتێلی سلێمانی پالاس خۆپیشاندانێکیان سازدا بۆ باشترکردنی گوزەرانیان, بەڵام ئاسایشی سلێمانی تەقەی بەسەردا کردن و خۆپیشاندانەکەیان بڵاوە پێکرد. **8870**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-08** خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی یاداشتنامەیەکیان پێشکەشی مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی کرد و ناڕەزایی خۆیان دەربڕی بەرامبەر ئەو بەعسی و کۆنە جاشانەی کە لە لیستی هەڵبژاردنی یەکێتی و پارتیدا هەیە. **8887**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-08** حازم شەعلانی وەزیری بەرگریی ئێراق ڕایگەیاند کە بەڵگەمان لایە سووریا و ئێران یارمەتیی تیرۆریستان دەدەن و ئێمەش ئامادەین شەڕەکە بگوێزینەوە بۆ سووریا و ئێران. **8869**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-08** باڵوێزی ئامریکا لە تورکیا ئێریك ئێلدمان لە ئەنقەرە ڕایگەیاند کە ئامریکا هەمان هەڵوێستی تورکیای هەیە بەرامبەر کەرکوك و نابێت کەس گوێ لە سەرکردە کوردەکان بگرێت. **8868**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-08** جەمال نەبەز و جەواد مەلا لە شاری بەرلین سیمینارێکی 3 کاژێرییان لەسەر هەڵبژاردنی ئێراق سازدا. سیمینارەکە لەژێر ناوی (بەشداریکردنی کورد لە هەڵبژاردنی ئێراقدا, بزمارێکی ترە بۆ تابووتی کورد) بوو. **8898**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی کوردستان نێت org.kurdistannet.www//:http

**2005-01-08** تیرۆریستە عەرەبەکان محەمەد ئەمین خدریان لە شارۆچکەی ڕیازی سەربە کەرکوك فڕاند, نێوبراو 33 ساڵە و چالاکێکی ڕێکخراوێکی مافی مرۆڤە. **8867**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-08** ئەیاد عەللاویی سەرۆك وەزیرانی داگیرکەری ئێراقی نامەیەکی بۆ جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی نارد و بەڵێنی جێبەجێکردنی مادەی 58ی دەستووری کاتیی ئێراقییدا. هەروەها لە نامەکەیدا باسی ئەوەشی کردووە کە دەکرێت 11 مانگ پاش هەڵبژاردن دیسانەوە هەڵبژاردنێکی تری تایبەت بە کەرکوك ئەنجامبدرێتەوە. **8965**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-09** تیرۆریستە عەرەبەکان لە گەڕەکی وەحدەی شاری موسڵ کوردێکیان تیرۆرکرد, ئەو تیرۆرکراوە کەس نازانێت کێیە و جلی کوردیی لەبەردایە. **8884**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-09** لە هەولێر لیژنەیەك بۆ بژاردنی زیانلێکەوتووانی هێرشەی ئامریکا بۆسەر هەولێر لە هەفتەی ڕابردوودا پێکهات, ئەم لیژنەیە پاش کۆبوونەوەی کۆلۆنێل سوومی سەرۆکی هێزەکانی ئامریکا لە هەولێر لەگەڵ پارێزگاری هەولێردا پێکهات. **8872**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-10** لیژنەی ناوچەی زوماری پارتی کەوتە بەر هێرشێکی تیرۆریستیی عەرەبەکان. **8883**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-10** ئامریکا هەر 5 پردەکەی سەر ڕووباری دیجلەی ناو شاری موسڵی داخست و خۆی ئامادەدەکات بۆ هێرشکردنە سەر تیرۆریستە عەرەبەکان. **8889**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-10** نووسینگەی د. بەرهەم ساڵح ڕایگەیاند کە لیژنەیەکی پسپۆڕ بەهاوکاریی وەزارەتی دادی ئێراقی پێکهاتووە بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەی وەقائیعی ئێراق بەزمانی کوردی بۆ بڵاوکردنەوەی یاسا و بڕیار و فەرمانەکانی حکومەتی ئێراقی. **8880**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-10** دادگای داگیرکەری ئێران لە شاری مەهاباد دادگایی ڕۆژنامەنووس خاتوو شەمزینی جیهانیی کرد و بە 3 ساڵ و 91 ڕۆژ بڕیاری زیندانیی دەرکرد, 3 ساڵی زیندانییەکەی بە هەڵپەسێردراوی دەمێنێتەوە و 91 ڕۆژیش زیندانی دەکرێت. **8886**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-10** جەلال تاڵەبانی و نێچیرڤان بارزانی بۆ گفتووگۆی دانانی بودجەی تایبەت بە کوردستان چوون بۆ بەغدا. **8879**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-10** دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە گەڕەکی واسیتی شاری کەرکوك, ئەم گۆڕە نزیکەی تەرمی 12 کوردی تێدایە. **8892**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-10** کارمەندێکی ڕۆژ تی ڤی بەناوی بەهائەدین کاراکوتوك لە شاری گلاسکۆی سکۆتلاند خۆیی کوشت. نێوبراو ڕۆژنامەنووسێکی چالاکی ئۆزگور پۆلیتیکاش بوو. لە ساڵی 1995ەوە لە هەندەران دەژیا. **8895**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-10** پێکدادانی هێزەکانی پکک پژاك و د.ا لە ناوچە سنوورییەکانی سەردەشت و زەڵێ. 7 پاسدار کوژران و 2 ئەندامی پکک ش بریندداربوو. **8899**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-10** عەدنان موفتی ڕایگەیاند: یەکێتی و پارتی ڕێککەوتوون کە دوای هەڵبژاردن یەك حکومەت دروست بکەن بەڵام لەوانەیە لەرووی فەنییەوە هەندێك گفتوگۆی بوێت. **8920**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-11** وەزارەتی دارایی هەولێر ڕایگەیاند کە ڕۆژنامەی هەواڵ دەداتە دادگا, لەبەرئەوەی ئەم ڕۆژنامەیە نووسیویەتی حکومەتی هەولێر ئەو پارەیەی بەریکەوتووە گواستوویەتییەوە بۆ هەندەران. **8897**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-11** بەرەی تورکمانی و ژمارەیەك حیزبی تورکمان و عەرەبی لە کەرکوك بەیاننامەیەکیان دژی تۆمارکردنی ناوی ڕاگوێزراوەکانی کەرکوك لە سنووری پارێزگاکەدا دەرکرد. **8900**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-11** سێ بەتالیۆنی پێشمەرگەی کوردستان ئەرکی پاراستنی بۆرییە نەوتەکانی کەرکوکیان گرتە ئەستۆ. **8896**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-12** د. بەرهەم ساڵح بۆ کەناڵی تەلەڤزیۆی ئەلعراقییەی ڕاگەیاند کە گەلی کورد مافی جیابوونەوەی لە ئێراقدا هەیە. **8936**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-13** لە شاری سنە فیستیڤاڵی ڕێزلێنان لە هونەرمەندانی کوردستان بەڕێوەچوو، ئەو فستیڤاڵە لەلایەن دەزگای رادیۆ و تەلەفزیۆنی ئێرانی و پارێزگاری سنە بەڕێوە چوو و تیایدا 42 هونەرمەند و کەسایەتی کورد خەڵات کران، دکتۆر قوتبەدین سادقی، محەمەد جەلیل عەندەلیبی، فوئاد بابان، بەهمەن قوبادی، عەباس کەمەندی لەو هونەرمەندانەبوون کە خەڵاتیان وەرگرت. **8926**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-13** تیرۆریستە عەرەبەکان 4 لاوی کوردیان لە کەرکوك ڕفاند. **8913**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-13** دۆزینەوەی تەرمی پێشمەرگەیەکی یەکێتی لە شارۆچکەی قەرەقۆش, نێوبراو پێش چەند ڕۆژێك لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە فرێندرابوو. **8911**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-13** عەبدولای حاجی مەحمود ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی سۆسیالست ڕایگەیاند ئەو هاوولاتیەی کە هەر دەنگ نادات و بیر لە چارەنووسی کورد ناکاتەوە، هەق نییە لە کوردستاندا بژی. **8909**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەری پەیامنێر com.peyamner.www//:http

**2005-01-13** وەزارەتی پەروەردەی داگیرکەری تورک جەژنی نەورۆزی کردە ڕۆژێکی نیشتمانیی تورکیا. بەو پێیە خەڵکی دەتوانن بەئازادی لەو جەژنەدا ئاهەنگ بگێڕن. **8931**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-13** کۆچی دوایی هونەرمەندی گۆرانیبێژی بەڕەگەز ئەرمەنی کاراپێتی خاچۆ لە ناوچەی ئیچمەزدینی ئەرمەنستان لە تەمەنی 103 ساڵیدا. نێوبراو نزیکەی 55 ساڵ لە ڕادیۆی کوردیی یەریڤان کاری کردووە و خزمەتێکی زۆری گۆرانی و لاوکی کوردیی کردووە. **8932**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-13** تیرۆریستە عەرەبەکان 3 پێشمەرگەی پارتییان لە موسڵ تیرۆرکرد, ئەمانە ناوەکانیانە: حەسەن عومەر حوسێن، ڕەزوان جەمیل سدیق و سەگڤان یاسین. **8912**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-13** عارف تەیفور ڕایگەیاند هەندێك خوێندەواری تازە پێگەشتوو کە بە بیری سەرلێشێواویەوە هاتوونەتە مەیدانەوە هانی خەڵك دەدەن نەچن بۆ دەنگدان. **8910**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەری پەیامنێر com.peyamner.www//:http

**2005-01-14** وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا لە ڕوونکردنەوەیەکدا جەختی لەسەر جێبەجێکردنی مادەی 58ی دەستووری کاتیی ئێراق کرد و ئەوەشی ڕاگەیاند کە کێشەی کەرکوك کێشەیەکی ناوخۆییە و نابێت ولاتانی دراوسێ دەست لەم کێشەیە وەربدەن. **8915**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-15** جەماوەری شاری مەخموور خۆپیشاندانێکیان بۆ گەڕانەوەی شارۆچکەکەیان بۆ سنووری کارگێڕیی هەولێر ڕێکخست. **8930**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-15** لە ڕوونکردنەوەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا, والیی دەرسیم رایگەیاند کەوا لە پێکدادانی هێزەکانی سوپای تورکیا لەگەڵ جەنگاوەرانی کۆنگرەی گەل, تەرمی 5 جەنگاوەر کەوتنە دەست سەربازانی تورکیا. بە پێی هەواڵی ڕۆژنامەی زەمانی تورکی لەو پێکدادانەدا کە لە گوندی شیشیك-ی سەر بەدەرسیم ڕوویدا, دوو جەندەرمەی تورك کوژران و سێی دیکەش بریندار بوون. لەدرێژەی هەواڵەکەدا ڕۆژنامەکە رایگەیاند کەوا بە پێی لێدوانی والیی دەرسیم, 2 لەو پێنج کەسەی کە لە گەریلاکانی کۆنگرەی گەل کوژراون, ژن بوون. **8929**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-15** پەرلەمانی ئەوروپا لە بڕیارێکدا بەزۆرینەی 104 دەنگ، بەتوندی ڕەخنەی لەئێران گرت کە پەیوەندی سێکسی بەتاوان داناوە و لەسەر ئەو کارە خەڵك سزا دەدات. پەرلەمانی ئەوروپا ڕایگەیاندووە کە ئەنجامدانی کاری سێکسی لەنێوان پێگەیشتووان‌دا بەشێکە لە مافی مرۆڤ و دەبێ ئێران ڕێزی لێ بگرێت و بەتاوانی دانەنێت و ئەنجامدەرانیشی نابێت سزا بدرێن. ئەو بڕیارەش پەرلەمانی ئەوروپاش دوای ئەوە هات کە لەماوەی ڕابردوودا چەندین کەس بەتۆمەتی ئەنجامدانی زینا بەردباران کراون. **8938**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-15** بەپێی هەواڵێك کە لە ڕۆژنامەی هەواڵدا بڵاوکراوەتەوە غازی ئەلیاوەر و نەسرین بەرواری جیابوونەتەوە. **8935**

**2005-01-15** تەرمی هاووڵاتییەکی کورد، بە ناوی خدر ساڵح عەبدولحەمید لە گەرەکی پیشەسازی شاری موسڵ دۆزرایەوە، ناوبراو خەڵکی گوندی چەمەڕەشی سەر بە قەزای شێخانە و تەمەنی 52 ساڵە و مامۆستایەکی خانەنشینە و لە کۆمەڵگای کەڵەکچی دادەنیشێت، خزم و کەسانی بۆ وەرگرتنەوەی تەرمەکەی 10000 دۆلاریان داوە. شایەنی باسە هاووڵاتیی ناوبراو مانگێك بەر لە ئێستا لە شاری موسڵ لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە ڕفێندرابوو. **8917**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-15** لە کۆبوونەوەیەکی فراوانی پارتە کوردستانییەکان لە پەڕلەمانی کوردستان و بەئامادەبوونی مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی بڕیاردرا کە بەشداری بکەن لە هەڵبژاردنەکانی کەرکوکدا. **8916**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-15** تیرۆریستە عەرەبەکان ڕۆکێتێکیان ئاڕاستەی لکی دووی پارتی کرد لە هەولێر, بەڵام بەر ماڵێك کەوت و زیانی گیانیی لێنەکەوتەوە. **8933**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-15** باڵوێزی ئامریکا لە بەغدا نیگرۆپۆنتی نامەیەکی بۆ جەلال تاڵەبانی نووسی سەبارەت بە ڕەوشی کەرکوك و تێیدا بەڵێنی جێبەجێکردنی برگەی 58ی دەستووری کاتیی ئێڕاقییدا. **8964**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-16** لیژنەیەکی نوێی چوارکەسی بۆ هەڵبژاردنەکانی شاری کەرکوك دامەزرا کە پێکهاتووە لە کوردێك, تورکمان, ئاشووری و عەرەبێکی کۆنی دانیشتووی کەرکوك و لیژنە کۆنەکەی کەرکوك هەڵوەشایەوە. **8942**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-17** ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك دواهەمین کۆبوونەوەی خۆیی سازدا. **8947**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-17** زیاد ئەلخەساونە سەرۆکی تیمی داکۆکیکردن لە سەدام حوسێن رایگەیاند کە تیمەکەیان شایەت و بەڵگەی پێیە کە سەدام حسێن و ڕژێمەکەی هەڵەبجەیان کیمیاباران نەکردووە. **8943**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2005-01-17** دەستپێکردنی تۆمارکردنی ناوی دەنگدەران بۆ هەڵبژاردن لە دەرەوەی ئێراق. **8945**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2005-01-17** د.ا لە ناوچەی جوانرۆ کوردێکیان بەناوی عەلی موڕادییەوە کوشت. نێوبراو کۆڵی قاچاخی ئەمدیو و ئەودیو دەکرد و خاوەنی 7 سەر خێزان بوو. **8960**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-17** بە پێی هەواڵی رۆژنامەی شەرقولئەوسەتی لەندەنی لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا لە عەممانی پایتەختی ئوردن بەختیار ئەمین وەزیری ماف مرۆڤی عێراق رایگەیاند کە ناوەندێکی تایبەت بۆ بێ سەر و شوێنانی عێراقی دادەمەزرێت، ئەوناوەندە سێ لکی لە باشوور و ناوەراست و کوردستان دەبێت، ئەم کارەش وەك سەرەتایەکە بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەی حکومەتی عێراق کە 5٪ی داهاتی نەوت بەسەر کەس و کاری ئەو قوربانیانە دابەش دەکات. **8944**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2005-01-17** ئافرەتێکی کوردی تەمەن 64 ساڵ بەناوی نەسیمە بارزانی وەك یەکەم کەس ناوی بۆ هەڵبژاردنەکانی ئێراق لە دەرەوە تۆمارکرا. **8946**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-18** حکومەتی ژاپۆن 2 پەنابەری کوردی بۆ تورکیا گەڕاندەوە. **8953**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-18** د.ا, نووسەر و هۆزانەوان ژ. خ. ئاگرینی بانگکرد بۆ لێکۆڵینەوە. **8948**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2005-01-18** ئەڵمانیا لە شاری هانۆڤەر ئەندامێکی بەرزی پکك ی دەستگیرکرد بەڵام ناوەکەیان بڵاونەکردەوە کە کێیە و چ لێپرسراوێتییەکی هەبووە لە پکك دا. **8949**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2005-01-19** تەقینەوەی بۆمبایەك لە گەڕەکی ئازادیی هەولێر و بووە هۆی کوژرانی هاوولاتییەك و بریندار بوونی یەکێکی دی. **8950**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-19** هەوڵی تیرۆرکردنی پارێزگاری دهۆك نێچیرڤان ئەحمەد درا. شایانی باسە ئەمە 3یەم جارە لەماوەی چەند مانگێکدا هەوڵی تیرۆرکردنی نێوبراو بدرێت. **8951**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-19** جۆن کیری هۆشداریی دایە کۆندۆلیزا ڕایس و ڕایگەیاند: ئەگەری تەقینەوەی بارودۆخی کەرکوك لەدوای هەڵبژاردنەکان هەیە. **8952**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-19** نەتەوەیەکگرتووەکان دیپۆرتکردنەوەی دوو کوردی لەلایەن حکومەتی ژاپۆنەوە بۆ تورکیا مەحکوم کرد. **8954**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2005-01-19** محەمەدی کەریمیان, نوێنەری شاری سەردەشت و خانێ لە پەرلەمانی ئێرانی, لە وتەیەکدا لەبەردەم پەرلەمانتارانی ئێرانی ڕەخنەی توندی لە هەڵسوکەوتی دامودەزگا حکومی و سەبازی و ئەمنییەکانی ئەو ولاتە گرت کە لەگەڵ خەڵکی کورد لەو ولاتە دەیکەن. **8958**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-20** بزووتنەوەی ڕیفراندۆم لەگەڵ بەئامادەبوونی 60 کورد لەگەڵ پەڕلەمانی بەریتانیا کۆبووەوە. کۆبوونەوەکە لەلایەن ڕوودی ڤیسی ئەندامی پەڕلەمانی بەریتانیاوە بەڕێوەبرا. **8959**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-20** نوورییە کەسبیر لەلایەن دادگای هۆڵندییەوە بڕیاری ئازادکردنی دەرچوو. **8957**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-21** دۆزینەوەی تەرمی نەقیب فەهمی مەحمود خالید لە کەرکوك, نێوبراو ئەندامێکی پارتی بوو. **8962**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-21** حازم شەعلانی وەزیری بەرگریی ئێراق لەسەر کەناڵی ئەلجەزیرەی عەرەبییەوە ڕایگەیاند کە ئەحمەد چەلەبی دەستی هەبووە لە شەڕی براکوژیی نێوان پارتی و یەکێتیدا و هەر ئەویش بووە بووەتە هۆی هێنانی سوپای بەعس بۆ شاری هەولێر لەساڵی 31-08-1996دا. **8963**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-22** هەوڵی تیرۆرکردنی عەقید خۆشەوی دزەیی لە هەولێر درا, بەڵام بریندار بوو. نێوبراو بەڕێوەبەری پۆلیسی کارەبای حکومەتی هەولێر بوو. **8966**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-22** تا 23-01: بزووتنەوەی ڕیفراندۆم لە شاری ستۆکهۆڵم لە سوید، بە ئامادەبوونی نوێنەری کۆمیتەکانی (کوردستان، ئەڵمانیا، بەریتانیا، هۆڵەندا، فنلەندا، سوید، ئەمریکای باکور و کەنەدا، نەمسا، ئوسترالیا و سویسرا) یەکەم کۆنفرانسی خۆیان بەست. **8986**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-23** پۆلیسی ئەڵمانی لە شاری نۆرنبێرگ ڕەمزی کارتاڵی جێگری سەرۆکی کۆنگرەی گەل پکک ی دەستگیرکرد. **8967**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2005-01-23** داگیرکەری تورکیا ڕێگەی نەدا تەرمی نێرگز ئازەر و سیبەل سارتك کە لە هێرشێکی سوپای تورکدا لەشەرناخ کوژرابوون، بچێتە ناو شاری سێرتەوە. کاروانی تەرمی کوژراوەکان سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ بەرەو سێرت بەڕێخرا، بەڵام لەنزیك شارەکە لەلایەن 10 زرێپۆشەوە ڕێگەی لێگیرا و نەیانهێشت تەرمەکان ببردرێنە ناو شاری سێرتەوە. دواتر لەکاتی شاردنەوەی تەرمەکاندا هێزەکانی سوپای تورك بەچەك و گازی فرمێسکرێژ هێرشیان کردە سەر خەڵك و بەو هۆیەوە ژمارەیەکی زۆری خەڵك بریندار بوون و ئاڵۆزییەکان تاوەکو درەنگانێکی شەو بەردەوام بوون. **8970**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2005-01-24** تازەترین فیلمی سینەمای تورکیا بە ناو (Hirsiz var) چۆتە سەر پەردەی سینەماکانی تورکیا. ئەم فیلمە باس لە ژیانی خەڵکی گوندێکی کوردستانی باکور و پەیوەندییەکانیان لە گەڵ دنیای دەرەوە دەکات, لە ناو فیلمەکەدا بۆ یەکەمجار لە مێژووی سینەمای تورکیادا گۆرانیەکی کوردی بەناوی (کچاکوردان) لە گوتنی گۆرانیبێژی دەنگخۆشی کوردستان (ئاینور), بەتەواوەتی و بێ ئەوەی بپچڕێندرێت لە سەرەتاوە تاکۆتایی لێ دەدرێت و لەکاتی گوتنی گۆرانیەکەدا ئەوانەی لە فیلمەکەدا گوێ لەگۆرانییەکە دەگرن, دەگرین. ئەمڕۆ لەکاتی نمایشکردنی فیلمەکە لە چەند سینەمایەکی تورکیا, ژمارەیەك لەو ئامادەبوانەی کە لە سینەما سەیری فیلمەکەیان دەکرد, وەك پرۆتێست کردنی ئەم ڕووداوە ساڵۆنی سینەماکەیان جێ هێشت و داوایان دەکرد ئەم پارچە گۆرانییە کوردییە لە فیلمەکە بهێندرێتە دەر. بەرهەمهێنەری فیلمەکە لە لێدوانێکیدا بۆ تەلەڤزیۆنیATV ی تورکی ڕایگەیاند کە ئەم گۆرانییە بە پێی سیناریۆی فیلمەکە هەڵبژێردراوە و هیچ شتێك نابێتە هۆی ئەوەی کە ئەو گۆرانییە لە فلیمەکە بهێندرێتەدەر. **8975**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2005-01-24** وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی سلێمانی بڕیاریدا لە ڕۆژی 27-01 تا کۆتایی ئەم مانگە هاتووچۆ لە سنوورەکانی هەرێم قەدەغە بکرێت, تاوەکو لە کاتی پرۆسەکانی هەڵبژاردندا هیچ کارەساتێك ڕوونەدات. **8968**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-24** ئەحمەد چەلەبی ڕایگەیاند کە پێویستە شارەکانی بەسرە و عەممارە و ناسریە فیدراڵییەکی لەو شێوەیەکی کوردستان پێکبهێنن و ئەوەشی ڕاگەیاند کە ئەو بودجەیەی بۆ ئەم شارانە تەرخانکراوە زۆر لەوەی کوردستان کەمترە و لە کاتێکدا ژمارەی دانیشتووانی ئەم شارانە لە کوردستان زۆرترن. **8969**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-24** نامیق تان گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی داگیرکەری تورکیا نیگەرانیی تورکیای لە بەرامبەر ڕەوشی کەرکوك ڕاگەیاند. هەروەها گووتی کوردەکان هەوڵدەدەن دیموگرافیای کەرکوك بگۆڕن و بۆ ئەوەش لە لیستەکانی دەنگداندا ساختەکاری دەکەن و ناوی زیادەش دەنووسن. **8972**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-24** پارتی وڵاتپارێزی دیموکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتیی عوسمان ئۆجەلان لە بەیاننامەیەکدا پشتگیریی خۆی بۆ ڕێککەوتنی حزبەکانی باشووری کوردستان و لیستی هاوپەیمانێتی کوردستان بۆ هەڵبژاردنەکانی عێراق دەربڕی. لەبەیاننامەکەدا بەناوی پارتی وڵاتپارێز و پارتی سۆسیالیستی کوردستان - باکوور داوا لە پارتەکانی باکووری کوردستانیش کراوە هەمان ڕێگا بگرنەبەر و ڕێککەوتنێکی لەوجۆرە ئەنجام بدەن تا پێکەوە ڕووبەڕووی پیلانی دوژمنان ببنەوە. **8973**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-24** بەرەی عەرەبیی یەکگرتوو کە ژمارەیەك پارت و لایەنی عەرەبی سوننی و شیعیی نێو کەرکوك لەخۆ دەگرێت، وەك ناڕەزایی دەربڕینێك بەرامبەر بەشداریی کوردە ئاوارەکان لە هەڵبژاردنە نێوخۆییەکانی کەرکوکدا، بڕیاری دا پاشەکشە لەو هەڵبژاردنانە بکات. شێخ وەسفی ئەلعاسی ئەمینداری گشتیی بەرەی نێوبراو لەو بارەیەوە بە فرانس پرێسی ڕاگەیاند کە بڕیاری پاشەکشەی ئەوان پاش ڕازیبوونی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دێت بەرێگەدان بەو کوردانەی بەم دواییە گەڕاونەتەوە کەرکوك، تا بەشداریی هەڵبژاردنەکانی ئەو پارێزگایە بکەن. **8974**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-24** خۆپیشاندانێکی گەورە لە شاری سیرت و بووە هۆی برینداربوونی دەیان کەس و گیرانی نزیکەی 100 کەسێك لەلایەن داگیرکەری تورکەوە. **8984**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-25** ڕێکخراوی هیومان ڕایتس وۆچ ڕاپۆرتێکی دەربارەی حکومەتی ئێراقی نوێ بڵاوکردەوە و تێیدا چەندین پێشێلکاریی مافی مرۆڤی بەرامبەر زیندانییەکانی ئێراقی بڵاوکردووەتەوە. **8979**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2005-01-25** کەمال کەرکوکیی ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك ڕایگەیاند کە سەرکەوتنی کورد لە هەڵبژاردنی کەرکوکدا مسۆگەرە. **8983**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-25** نزیکەی 10 ئەندامی عەرەب و تورکمانی لیژنەی هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکوك دەستیان لەکارکێشایەوە. **8980**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2005-01-25** ڕێکخراوی عەرەبیی مافی مرۆڤ ڕایگەیاند کە ڕازی نییە ئێراق دابەشبکرێت. **8978**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2005-01-25** د. بەرهەم ساڵح ڕایگەیاند کە زانکۆی کۆیە لەسەر ئاستی زانکۆکانی ئێراقدا بەشێوەیەکی فەرمی دانپێدانراوە. **8981**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-26** نەوشیروان مستەفا لە لێدوانێکیدا بۆ فرانس پرێس وتی 3 هێڵی سووری کورد هەیە کە عەرەب بۆی نییە بیبەزێنێت ئەوانیش, ڕازینەبوونیانە بە فیدراڵی, دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئایینی و نەگەڕاندنەوەی ناوچە بەعەرەبکراوەکان بۆ سنووری کوردستان. **8988**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-26** ڕوودانی تەقینەوەیەکی گەورە لە بارەگای لیژنەی ناوچەی پارتی لە شنگار و بووە هۆی کوژران و بریندارکردنی زۆرتر لە 45 کەس و زیانێکی ماڵیی زۆریشی لێکەوتەوە. شایانی باسە چاودێران دەڵێن ئەم تەقینەوەیە لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە ئەنجامدراوە. **8994**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-26** تەقینەوەی 2 ئۆتومبیلی مینکراو لەلایەن عەرەبە تیرۆریستەکانەوە لە کەرکوك و بووە هۆی کوژران و برینداربوونی دەیان کەس. **8989**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-26** هوشیار زێباری ڕایگەیاند نە تورکیا و نەهیچ دەوڵەتێکی تر بۆیان نییە باسی کەرکوك بکەن. **8990**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-26** ڕوودانی چەند بوومەلەرزەیەك لە ناوچەی هەکاری و وان و بووە هۆی کوژرانی 2 کەس و زیانی مالّیی لێکەوتەوە و دەیان خانووی ڕووخاند. هێزی بوومەلەرزەکان لەسەروو ژمارە 4ی پێوەری ڕێختەر بوون. **8993**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەنالّەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-26** لە شاری کەرکوك 8 ناوەندی هەلّبژاردن تەقێنرایەوە. **8995**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەنالّەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-26** داگیرکەری تورك بالّوێزی ئامریکای لە ئەنکەرە بۆ وەزارەتی دەرەوە بانگکرد تاوەکو پێی بلّێت کە تورکیا ناڕازییە لە گێڕانەوەی ئاوارە کوردەکان بۆ کەرکوك. **8996**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەنالّەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-27** هێزەکانی ئامریکا لە کەرکوك چوونە سەر بارەگای قوتابیانی بەرەی تورکمانی و 5 کەسیان گرت و بڕێك چەکیشیان دەستبەسەر کرد. **8997**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەنالّەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-27** بەستنی کۆنگرەیەك لەسەر ئەدەبیاتی لەك و لوڕ و فەیلی لە شاری کرماشان. **9022**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەنالّەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-27** دەسپێکردنی پرۆسەی دەنگدانی ئەنجوومەنی ئێڕاقی لە دەرەوەی ئێڕاق. شایانی باسە زۆرینەی ئەوانەی بەشداریی دەنگدانیان کرد کورد بوون. **9012**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەنالّەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-28** تەقینەوەی چەند گوللە هاوەنێك لە شاری هەولێرلەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە و هیچ زیانێکی گیانیی لێنەکەوتەوە. **9001**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەنالّەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-28** تەقینەوەی چەند گوللە هاوەنێك لە شاری دهۆك لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە و بووە هۆی برینداربوونی 4 کەس. **9000**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەنالّەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-29** فڕانس فان ئانڕات لەلایەن دادگای هۆلّەندییەوە ئازادکرا و دادگاییکردنەکەی تا مانگی مارت دواخرا. **9003**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەنالّەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-29** تەقینەوەی ئوتومبیلێك لە خانەقین و بووە هۆی کوژرانی 7 کەس. **9004**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەنالّەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-29** وەزارەتی دەرەوەی د.ت ڕایگەیاند: دان بە هەڵبژاردنەکانی پارێزگای کەرکوکدا نانێین لەبەرئەوەی کوردە ئاوارەکان مافی دەنگدانیان پێدراوە. **9002**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-29** لە کەرکوك بزووتنەوەی نەتەوەیی تورکمان و پارتی نیشتمانیی تورکمان تەقەیان لە چەند منداڵێکی کورد کرد کە ئاڵای کوردستانیان بەدەستەوە بوو. لە ئەنجامدا چەند منداڵێك بریندار بوون و هێزەکانی ئامریکاش چەند کەسێکی لەو دوو بارەگایە گرت. **9015**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-29** جەلال تاڵەبانی هۆشداریی دایە تورکیا کە ئەگەر لە بەرامبەر کەرکوك بێدەنگ نەبێت ئەوا کوردیش داوای دیاریەکر دەکات. **9006**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-30** زۆرینەی کوردە فەیلییەکان لە هەڵبژاردنەکانی ئێراقدا دەنگیان بۆ لیستی شیعەدا. **9020**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-30** مەسعود بارزانی لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا ڕایگەیاند کە نە تورکیا و نە هیچ دەوڵەتێك بۆی نییە دەست بخاتە ناو کاروباری کەرکوکەوە. **9018**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-30** پرۆسەی هەڵبژاردنی کوردستان و ئێراق ئەنجامدرا و بەپێی ڕای چاودێران نزیکەی ٪60ی خەڵکی دەنگی خۆیی داوە. زۆرینەی خەڵکی کورد لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداریی کرد و چەندین تەقینەوە و کاری خۆکوژی و تیرۆریستی لە ناوچە عەرەبنشینەکانی ئێراقدا ڕوویدا کە بووە هۆی کوژران و بریندار بوونی دەیان کەس. **9008**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-30** فیلمی کیسەڵەکانیش دەتوانن بفڕنی دەرهێنەر بەهمەنی قوبادی لە ڤیستڤاڵی ترۆمسۆی نەرویژدا خەڵاتی ئەورووپای پێبەخشرا. **9013**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-30** تیرۆرکردنی پۆلیسێکی کورد بەناوی یوسف نەجەدین لە کەرکوك لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە. **9011**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-30** لە شاری کەرکوك 4 بنکەی دەنگدان تەقێنرایەوە, بەڵام زیانی گیانیی لێنەکەوتەوە. **9010**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-30** لایەنە کوردییەکان بەرەی تورکمانییان بەوە تاوانبار کرد کە چەندین پێشێلکاریی لە هەڵبژاردنەکانی کەرکوک و ناوچەکانی دەوروبەری ئەنجامداوە. **9009**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-30** هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا بزووتنەوەی ڕیفراندۆم ملیۆنان ئیمزای بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە ڕیفراندۆمێکی نافەرمیدا کۆکردەوە. **9007**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-30** بەهۆی نەگەیشتنی سندوقی هەڵبژاردنەکان بۆ هەندێك شوێنی کوردستان ناڕەزایی لەو شوێنانەدا دروست بوو و بەتایبەتی لە شارۆچکەی شێخان ئاڵای ئێراق داگیرا و لە شوێنیدا ئاڵای کوردستان هەڵکرا. **9014**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-31** تەواوی سەرچاوەکان و چاودێرانی هەڵبژاردنەکان ئەوەیان ڕاگەیاند کە لیستی کورد لە کەرکوکدا لەپێش هەموو لیستەکانەوەیە. **9017**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-31** کۆمیسۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی ئێراق ناچاربوو ماوەی دەنگدان بۆ ئەمڕۆش بۆ ناوچە کوردنشینەکانی موسڵ درێژبکاتەوە. ئەو ناوچانە تا ڕۆژی دوێنێ سندوقی دەنگدانیان بۆ نەچووبوو. **9019**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-01-31** هەوڵی تیرۆرکردنی بەدرەدین ئەلهیلالی درا لە موسڵ, بەڵام هەوڵەکە سەرکەوتوو نەبوو. نێوبراو زانایەکی ئایینیی عەرەبە و خەڵکی هاندابوو بۆئەوەی دەنگ بۆ لیستی کوردستان بدەن, تیرۆریستە عەرەبەکانیش وەك تۆڵەیەك ویستیان تیرۆری بکەن. **9016**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-00** گیرانی ژمارەیەکی زۆری تیرۆریست لە کەرکوك, یەکێك لەو تیرۆریستانە دەستی هەبووە لە تەقینەوەکانی 1ی فێبریوەریی ساڵی پار. **9067**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-00** داگیرکەری ئێرانی لە شاری مەریوان زۆربەی ئامێری ساتەلایتەکانی کۆکردەوە و ئەو کەسانەش زیندانی دەکات کە خەریکی فرۆشتنی ساتەلیتن. **9089**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-00** بەپێی ڕای هەندێك چاودێر کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن لە عێراق, لایەنە عارەبیەکان و حکومەتی عێراقی لە هەوڵی ئەوەدان کە لە ڕێژەی دەنگەکانی کورد لە هەڵبژاردنی سەرتاسەریی عێراق و هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك کەم بکەنەوە. **9045**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-00** زمانی کوردی بەفەڕمی لە دادگاکانی باکووری کوردستان هاتە ناساندن. **9058**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-00** کوردەکانی بندەستی د.س تاوانبار سەبعاویی برای سەددامیان دەستگیرکرد و دایانە دەست کوردەکانی باشوور. **9101**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-00** تیرۆریستە عەرەبەکان چەندین دەستدرێژییان کردە سەر ئافرەتە کوردەکانی کەمپی ئاڵتاش لە شاری ڕومادی. **9102**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-00** تیرۆریستە عەرەبەکان هاوڵاتییەکی هەولێرییان بەناوی زوبێر خالید چێوەیی لە ڕێگای کەرکوك تکریت فڕاند و پاش چەند ڕۆژێك بە 25 هەزار دۆلار ئازادیانکرد. **9086**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-00** بڕیار وابوو کە هونەرمەند حەمە جەزا لە شاری سنە کۆنسێرتێکی گۆرانی پێشکەش بکات, بەڵام داگیرکەری ئێرانی ڕێگای بەم کۆنسێرتە نەدا. **9035**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-00** هێرشی تیرۆریستە عەرەبەکان بۆسەر کەمپی ئاڵتاش و لە ئەنجامدا کوردێکیان بەناوی دەروێش عەلی ڕەزاوە سەربڕی و یەکێکی تریشیان بەناوی شاهۆ عەباسییەوە فڕاند. **9053**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-00** زیندانییەکی کورد بە ناوی ئەحمەد حەسەن بەهۆی ئەشکەنجەوە لە زیندانەکانی داگیرکەری سووریدا گیانی لەدەستدا. **9062**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-00** لە ساڵڕۆژی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران، قوتابیانی کورد ناچار کراون بە پارەی خۆیان ژووری پۆلەکانیان بڕازێننەوە. **9036**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-00** فیلمەکانی (پەنجەرەیەك روو بە هەتاو) لە دەرهێنانی بێژەنی زەمان پیر و فیلمی (دوا ئێوارە) لە دەرهێنانی ناهیدی قوبادی لە سنەوە توانیان بگەنە پێشبڕکێی 23یەمی ڤیسیڤاڵی فیلمی فەجر کە ساڵانە لە ئێران ڕێکدەخرێت. **9028**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-00** دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپی رایگەیاند کەوا ئەو کەسانەی کە داکۆکی لە دەوڵەتی کوردی دەکەن نابێ تاوانبار بکرێن و بگرە ئەمە مافێکە کە دەکەوێتە چوارچێوەی ئازادیی دەربڕینی بیروڕا. **9043**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-00** پارتی و یەکێتی لیژنەیەکیان بۆ تێکەڵکردنەوەی هەردوو حکومەتەکەیان پێکهێنا. **9037**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-00** یەکەمین پێشانگای هونەری شێوەکاری لە هۆڵی سینەما بەهمەن لە شاری سنە بەڕێوە چوو. پێشانگاکە چەند بەرهەمیکی خوێندکارانی زانکۆ و قوتابیانی سنەی بەخۆیەوە گرتووە. لەم پێشانگایەدا کە زیاتر لە 100 هونەرمەندی کوردی خەڵکی ناوچەکە بەشداریان تێدا کردووە, 90 بەرهەمی هونەری نمایش کراون کە بریتین لە گرافیك، تابلۆی شێوەکاری و کەلوپەلی دەستکرد. **9034**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-00** بەپێی هەواڵێکی هەفتەنامەی هەواڵ هەردوو حیزبی حسك و یەکگرتووی ئیسلامی دەنگی خۆیان لە هەڵبژاردنەکاندا داوەتە کۆمەڵی ئیسلامی. **9033**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-01** دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە ناوچەی شوانی سەربە پارێزگای کەرکوك, ئەم گۆڕە تەرمی 20 قوربانیی تێدایە. **9105**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-01** جەلال تاڵەبانی ڕایگەیاند: لیستی برایەتیی کەرکوك لە 68٪ی بەدەستهێناوە. **9021**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2005-02-01** دادوەرێکی کورد بەناوی پەروێز محەمەد مەحمود و کوڕەکەی بەناوی ئاریان لە بەغدا لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە کوژران. **9107**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-02** پارتی دەهەپ ڕایگەیاند کە کەرکوك کوردستانە و تورکیا دەیەوێت ئاژاوە لەنێوان کورد و تورکماندا بنێتەوە. **9108**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-02** ڕەمزی کارتاڵ لەلایەن ئاڵمانیاوە ئازاد کرا. **9106**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-03** عەبدوڵڵا گوڵ لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند کە نابێت ئامریکا ڕێگا بدات دەوڵەتێکی کوردی دروست ببێت. **9024**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2005-02-03** وەزیری بەرگریی د.ت ڕایگەیاند کە تاوەکو ئێستا 1357 سەربازی تورك لە باشووری کوردستانە. **9109**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-03** نوێنەرانی شارۆچکەکانی دەوروبەری موسڵ لە شارۆچکەی شێخان بۆ ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر کۆمیسۆنی باڵای هەڵبژاردن کۆبوونەوە. ئەم نوێنەرانە داوای ئەوەیانکرد کە ناوچەکانی دەوروبەری موسڵ ببێتە پارێزگایەك و بخرێنەسەر هەرێمی کوردستان. **9027**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-03** کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی هەردوو پارتی و یەکێتی لە پیرمام. لە ئەنجامی ئەو کۆبوونەوانەدا هەردوولا ئەوەیان ڕاگەیاند کە لە داهاتوودا مەسعود بارزانی دەبێتە سەرۆکی هەرێم و جەلال تاڵەبانیش خۆی کاندید دەکات بۆ سەرەك کۆماری ئێراق یان بۆ سەرۆك وەزیران و نێچیرڤان بارزانیش کابینەی 5می حکومەتی کوردستان پێکدێنێت. **9026**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-03** مەکتەبی سیاسیی پارتی لە بەیانێکدا یەکێتیی بە پێشێلکار تاوانبارکرد و ئەوەشی ڕاگەیاند کە ئەو ئەنجامانەی هەڵبژاردن کە یەکێتی بڵاویکردووەتەوە دوورن لە ڕاستییەوە. **9025**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-04** ڤیستیڤاڵی پێشەوا قازی محەمەد لە هەولێر لەلایەن حکومەتی هەولێرەوە ڕێکخرا, لەم ڤیستیڤاڵەدا نێچیرڤان بارزانی ئەو ئاڵایەی نیشانی ئامادەبووواندا کە ساڵی 1947 پێشەوا داویەتییە مستەفا بارزانی. **9030**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-04** سابیر حەمە ساڵح ناسراو بە سابیر فەقیانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حسك بە نووسراوێك وازی لە حسك هێنا. نێوبراو لە ساڵی 1978ەوە پەیوەندیی کردووە بە حکسکەوە و لە پێشمەرگە سەرەتاییەکانە. **9056**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-04** کۆبوونەوەی شاندێکی وەزارەتی دەرەوەی د.ت لەگەڵ باڵوێزخانەی بەریتانیا لە ئەنکەرە دەربارەی ڕەوشی کەرکوک. شاندەکە ئەوەی ڕاگەیاند کە تورکیا بەهیچ جۆرێك بەوە ناسازێت کە کەرکوك بخرێتەوە سەر کوردستان. **9029**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-05** بزووتنەوەی ڕیفراندۆم ڕایگەیاند کە لە ٪98ی خەڵکی کورد لە ڕیفراندۆمە نافەرمییەکەی ڕۆژی 30-01دا دەنگی بۆ سەربەخۆیی داوە. **9032**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-05** سەردانی وەزیری دەرەوەی ئامریکا کۆندۆلیزا ڕایس بۆ تورکیا, چاودێران سەرئەنجامی ئەم سەردانە بەوە لێکدەدەنەوە کە نێوبراو هیچ بەڵێنێکی دەربارەی کەرکوك و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە نەداوە بەتورك. **9031**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-07** تیرۆریستە عەرەبەکان لەسەر ڕێی موسڵ – هەولێر 2 ئەندامی پارتییان تیرۆرکرد. **9046**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-07** سەرۆکی پەرلەمانی ئێران ڕایگەیاند کە ئێران زۆر دڵنیایە لەوەی کە ئێراق دابەشناکرێت. **9038**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-07** کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی ئێراق ڕایگەیاند کە لیستی کوردستان لە هەردوو پارێزگای دهۆك و سلێمانی زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستهێناوە. **9039**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-08** یەکەم گەشتی ئەزمونیی ئاسمانیی بە شێوەیەکی رەسمی لە نێوان فڕۆکەخانەی هەولێر و جیهانی دەرەوەدا دەستی پێکرد. **9040**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-09** شاندی لیستی برایەتیی کەرکوك لە شەقامی حیفای شاری بەغداد کەوتە بەر هێرشی تیرۆریستە عەرەبەکانەوە و بووە هۆی کوژرانی دوو پاسەوانی شاندەکە و برینداربوونی دکتۆر عەلی کەرکوکیی نوێنەری لیستی ناوبراو. شایانی باسە پاشتر گروپی زەرقاوی لێپرسراوێتیی خۆیی بەرامبەر بەم کارە ڕاگەیاند. **9049**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-09** دەستپێکردنی ڤیستیڤاڵی کورتە فیلم لە هەولێر بەناوی ئاڵای زێڕین, لەم ڤیستیڤاڵەدا 40 فیلمی کورتی کوردی پیشاندەدرێت و لە کۆتاییدا خەڵاتی باشترین فیلم دەکرێت. بەشداران لە هەموو بەشەکانی کوردستانەوە هاتوون. **9048**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-09** کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی ئێراق ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی دواخست. شایانی باسە دەبووایە ڕۆژی 10-02 ئەنجامەکە ڕابگەیەنرایە. **9047**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-09** ژمارەیەك لە ئەندامانی پکك لەلایەن دادگایەکی هۆڵندییەوە دادگاییکران. ئەو ئەندامانە لە کۆتایی ساڵی ڕابردوو لەلایەن هۆڵنداوە لە کامپێکدا دەستگیرکران. **9044**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-09** نێچیرڤان بارزانی لەسەر پیشاندانی ئاڵای کوردستان لە ڤیستیڤاڵی پێشەوادا بە سەرەوخواری لە نامەیەکدا داوای لێبووردنی کرد. **9041**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-09** باڵیۆزی ئەمریکا لە تورکیا ڕایگەیاند کەوا عێراقیەکان تاکە کەسن کە بڕیار لە ئاییندەی وڵاتەکەی خۆیان و بەتایبەتیش ئاییندەی کەرکوك دەدەن. **9042**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-10** وەزارەتی دەرەوەی داگیرکەری تورك ڕایگەیاند کە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئێراق ڕێژەی ڕاستەقینە لە پەڕلەمانی ئێراقدا نوێنەرایەتی ناکەن چونکە ساختەکارییەکی زۆر لە هەڵبژاردنەکاندا کراوە بەتایبەتی لەلایەن کوردەوە و لە شاری کەرکوك. **9051**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-11** عەرەب و تورکمانەکانی کەرکوك خۆپیشاندانێکیان لە کەرکوك لە دژی فیدراڵیبوونی ئێراق سازدا. **9052**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-15** بەبۆنەی ساڵیادی گیرانی ئوجەلان لە شاری دەرسیم خۆپیشاندانێك سازدرا و لە ئەنجامدا تورکەکان لاوێکی کوردیان بەناوی ئومێد گونولتاش کوشت. **9059**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-16** د.ت ڕێی لە پارێزەرەکانی ئوجەلان گرت بۆئەوەی لە ئیمرالی چاویان بە ئوجەلان بکەوێت. **9057**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-16** مەشعان جبوری ڕایگەیاند: قبوڵی ناکەین هیچ عەرەبێك لە کەرکوك دەربکرێت. شایانی باسە نێوبراو ماوەیەکی زۆر لە کوردستان ژیاوە و خۆشی بەدۆستی کورد دەزانێت. **9054**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2005-02-17** سەباح عومران جەمیلی باڵوێزی ئێراق لە تورکیا ڕایگەیاند کە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی خەیاڵە. **9060**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-17** بەپێی دوا ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی کوردستان لیستی پارتی و یەکێتی و یەکگرتووی ئیسلامی و هەندێك پارتی تر 104 کورسیی پەڕلەمانیان بەرکەوتووە و کۆمەڵی ئیسلامیش 6 کورسی و زەحمەتکێشان 1 کورسی. کۆی هەموو کورسییەکانی پەڕلەمانی کوردستان 111 کورسییە. **9061**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-17** ئەمڕۆ دەبووایە 18 زیندانیی کورد لەلایەن داگیرکەری سوورییەوە دادگایی برانایە بەتاوانی بەشداریکردنیان لە خۆپیشاندانەکانی قامیشلیدا, بەڵام دادگاییکردنەکەیان دواخرا. **9063**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-17** خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین خۆپیشاندانێکیان لە هەولێر سازکرد, خوێندکاران لەم خۆپیشاندانەدا داوای باشترکردنی گوزەرانی خوێندکارنیان دەکرد. لە ئەنجامدا نوێنەری خوێندکاران لەگەڵ سەرۆکی زانکۆدا کۆبووەوە و سەرۆك بەڵێنی باشترکردنی بارودۆخی خوێندارانیدا. **9055**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-18** تیرۆرکردنی کەمال شاهین ناسراو بە کەماله سوور لە کۆمەڵگەی باینجانی نێوان کەرکوك و سلێمانی, نێوبراو سەرۆکی پارتی یەکێتیی دیموکراتی کوردەکانی سووریا بوو. **9069**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-18** ئامریکا هەڕەشەی سزای زۆرتری لە سووریا کرد ئەگەر لە دۆزینەوەی بکوژانی حەریری یارمەتیی ئامریکا نەدات. **9064**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-19** سووتانی تۆمارگای بابی مەروان لە زاخۆ. لەم تۆمارگایەدا ئارشیڤی گۆرانییەکانی محەمەد عارف جەزیری سووتا و هەروەها ئەو سازەشی کە هونەرمەند بەکاریدەهێنا و تەمەنی 50 ساڵ بوو سووتا. **9103**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-19** تیرۆرکردنی مەلا محەمەد ڕۆستەم کاکلی سەرۆکی یەکێتیی زانایانی ئایینی کەرکوك. **9068**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-19** پارتی ڕایگەیاند کە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پارێزگای هەولێر ڕاست نین بەڵام قبوڵمانە. **9065**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-20** بەهۆی پێکدادانێکی هێزەکانی ئامریکا و تیرۆریستە عەرەبەکان کۆگای دەرمانی شاری موسڵ سووتا و زیانێکی گەورە گەیەندرایە کەرتی تەندروستیی شارەکە و ناوچەکانی دەوروبەری. **9074**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-20** کۆبوونەوەی هەردوو مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی لە دوکان, لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاردرا کە هەردوو مەکتەب هەر 15 ڕۆژ جارێك کۆبوونەوە بکەن تاوەکو هەردوو کارگێڕییەکە یەکدەگرنەوە. **9072**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-20** لە ئەنجامی تەقینەوەیەکدا 2 کوردی ئاوارە لە کەرکوك کوژران. **9071**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-20** کۆمەڵێك تورکمان و ئاشووری لە شاری نیۆرك لەبەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکاندا خۆپیشاندانێکیان لە دژی کورد سازکرد. بیانووی خۆپیشاندەران ئەوەبوو کە کورد لە هەڵبژاردنەکاندا غەدری لێکردوون. **9070**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-21** ژمارەیەکی زۆری کورد لەبەردەم باڵوێزخانەی ئامریکا لە بەلژیك پێشوازییان لە جۆرج بوش کرد, بەڵام نێوبراو بەهۆی باری ئاسایشەوە نەیویست چاوی بەو کوردانە بکەوێت کە بە سروود و چەپکە گوڵەوە بەپێشوازییەوە چووبوون. **9077**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-21** گێرانی کۆڕێکی 2 ڕۆژی لە هوتێلی تاوەری هەولێر بۆ هەژار موکریانی, لەم کۆڕەدا ژمارەیەکی زۆری نووسەران و ئەدیبان بەشداربوون. **9076**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-21** لە بەیاننامەیەکدا کە 56 شارەوانیی باکووری کوردستان ئیمزایانکردووە دوای باشترکردنی بارودۆخی کوردی باکوور دەکەن, بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیادا. **9073**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-21** تیرۆریستە عەرەبەکانی لەسەر ڕێی کەرکوک تکریت هاولاتییەکی کوردیان بەناوی ئیدریس خەلیل ئیسماعیلەوە فڕاند. **9079**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-22** عەبدولقادر بازرگانی سەرۆکی لکی هەولێری بەرەی تورکمانی ڕایگەیاند کە بەرەی تورکمانی هەموو شتێکی دۆڕاندووە. **9080**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-22** کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان بڕیاریدا کە لە پەرلەمانی ئێراقدا بچێتە پاڵ لیستی هاوپەیمانیی کوردستان, بەمەش ژمارەی کورسییەکانی کورد دەبێتە 77. **9081**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-22** بەرەی تورکمانی ڕایگەیاند کە لە هەڵبژاردنەکاندا یەك ملیۆن دەنگییان دیار نییە و ئەوەشیان ڕاگەیاند کە بارودۆخی کەرکوك بەرەو خراپی دەچێت چونکە لەو شارەدا زۆرینەی تورکمانە کەچی دەستەلات بەدەست کوردەوەیە. **9078**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-22** ئەنجوومەنی وەزیرانی ئێراقی لیژنەیەکی بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکوك پێکهێنا. **9082**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-23** د.ت ڕایگەیاند کە جەلال تاڵەبانی کەسێکی شارەزا و لێهاتووە و ئێمە پشتگیریی لێدەکەین تاوەکو ببێتە سەرەك کۆماری ئێراق. **9087**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-23** لە ئەنجامی تەقینەوەیەکدا لە کەرکوك 2 هاولاتی برینداربوون. **9084**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-23** تیرۆریستە عەرەبەکان تەقەیان لە 2 هاولاتیی کورد کرد لە کەرکوك بەناوی ڕێبوار ئەمین حسەن و عەبدولڕەحمان عادل ئەمین و لە ئەنجامدا هەردووکیان کوژران. **9083**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-23** ئۆدیشۆ مەلکۆی سەرۆکی ئەنجوومەنی ئاشوورییەکانی ئێراق ڕایگەیاند کە کورد غەدری لێکردووین لە هەڵبژاردنەکانی ئێراقدا. **9088**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-24** تیرۆریستە عەرەبەکان هێرشیانکردە سەر بارەگای ینك لە موسڵ و لە ئەنجامدا تیرۆریستێك کوژرا و هیچ زیانێکیش بەر ینك نەکەوت. **9090**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-24** دووەم فیستیڤاڵی موزیکی ڕەسەنی کوردی لە شاری سلێمانی بەبەشداریی 15 تیپی کوردی دەستیپێکرد, ئەم فیستیڤاڵە 4 ڕۆژ دەخایەنێت. **9098**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-26** لە هۆڵی بیستێی پاریس فیستیڤاڵێکی فراوانی گۆرانی و موزیکی کوردی پێشکەشکرا. **9094**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-27** مانگرتنی نزیکەی 2 هەزار خوێندکاری زانکۆی سلێمانی بۆ داواکردنی داخستنی زانکۆی ئاییندە. چونکە ئەم زانکۆیە خوێندکارانی پلە نزم بۆ کۆلیژی پزیشکی وەردەگرێت. **9095**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-27** نێچیرڤان بارزانی ڕایگەیاند کە پارتی بایی نزیکەی 1 ملیار دۆلار کۆنتڕاکتی داوەتە کۆمپانیا تورکەکان. **9093**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-27** باڵوێزی ئیسرائیل لە ئەنکەرە ڕایگەیاند کە دەوڵەتی کوردی هەڕەشەیە بۆ ئاسایشی ئیسرائیل. **9092**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-27** د.ت فیدراڵیزمی ئێراقی ئاییندەی بەفەرمی قبوڵکرد. **9091**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-28** ئەنجوومەنی ئاسایشی تورک بڕیاریدا کە پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ ینك بەرەوپێش ببات. **9099**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-28** ئەندامانی نوێی ئەنجوومەنی شارەوانیی نوێی کەرکوك کە زۆربەیان کوردن سوێندی یاساییان خوارد, ئەم ئەنجوومەنە بۆماوەی 9 مانگ دەستبەکاردەبێت. **9097**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-28** ئیبراهیم جەعفەریی سەرۆکی حیزبی دەعوە ڕایگەیاند کە ڕێگا بەمانەوەی پکك نادەین. **9096**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-02-28** حیزبی تورکمان ئیلی لە نامەیەکدا بۆ ئەیاد عەللاوی ئەوەی ڕاگەیاند کە دان بە بڕگەی 58ی دەستووردا نانێن و ئامادەن بەخوێنی خۆیان کەرکوك بکەنەوە بە شارێکی ئێراقی. **9100**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-00** ئەرمەنییەکان داوای 60 ملیار دۆلار قەرەبوو لە داگیرکەری تورکیا دەکەن. **9188**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-00** یەکێتیی ئەوروپا بۆ جارێکی دیکە هۆشداریی دایە داگیرکەری تورک سەبارەت بەمافی مرۆڤ. **9189**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-00** ئەنیستیتوی واشەنتۆن لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاند کە دەبێت ئامریکا بۆ لەدەستنەدانی تورکیا, کۆنگرەی گەل پکك لەناوبەرێت و هەروەها ناشبێت کەرکوك بگەڕێتەوە سەر کوردستان. **9133**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-00** بەلژیك, ڕەمزی کارتالی وەك پەنابەر وەرگرت. نێوبراو کەسی دووەمی کۆنگرەی گەلە. **9135**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-00** داگیرکەری تورك بە فەرمی ناوی زانستیی ئەو گیاندارە کێوییانەی گۆڕی کە بەناوی کوردی و ئەرمەنییەوەن. **9140**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-00** ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی لە یادی ڕاپەڕینەکەی خۆرئاوای کوردستان, داگیرکەری سووریی لە پێشێلکردنی مافی کورد ئاگادارکردەوە. **9143**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2005-03-00** بەهۆی لافاوێکەوە لە ناوچەی مەریوان پردی گوندی نەنە تێکچوو و بووە هۆی خنکاندنی منداڵێك بەناوی ئیحسان کەیوانپور. **9147**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2005-03-00** دەرچوونی ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا سەبارەت بە مافی مرۆڤ لەساڵی 2004دا. لەم ڕاپۆرتەدا باس لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ دەکرێت لە ئێراندا و ئاماژە بەوە دەکات کە ڕادەی زیندانی و کوشتن و ئەشکەنجە لەم وڵاتەدا بەشێوەیەکی ترسناك بەرزبووەتەوە. **9148**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2005-03-00** عەرەبی سوننە و شیعە لە سنووری پارێزگای دیالەدا لە دژی کورد بەرەیەکیان پێکهێنا و پارێزگار و جێگرەکەیان کردە عەرەب. **9149**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-00** کوردناسی تورك ئیسماعیل بێشکچی, لە چاوپێکەوتنێکدا ڕایگەیاند کە پێویستە کورد سووربێت لەسەر گەڕاندنەوەی کەرکوك بۆ سنووری کوردستان و بەفیدڕاڵیکردنی کوردستان. **9158**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-00** لە شاری سلێمانی دیاردەی سواڵکردن قەدەغەکرا و هەرکەسێك سواڵ بکات دەدرێتە دادگا. **9205**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-00** جۆرج بەغدادی لە ڕاپۆرتێکدا ئەوەی ڕاگەیاند کە کوردی خۆرئاوای کوردستان بەرەبەرە داوای ئەوەدەکەن کە وەك کوردی باشوور وەك نەتەوە دانیان پێدابنرێت و زۆر بەوردیش چاودێریی بارودۆخی باشووری کوردستان دەکەن. هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاندووە کە کوردی خۆرئاوا ژمارەیان 1.7 ملیۆنە. **9131**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2005-03-00** بەهۆی مانگرتنەکانی خوێندکاران لە دژی زانکۆی ئایندە, نزیکەی 170 خوێندکاری ئەو زانکۆیە کە بڕوانامەکانیان نزمە یان هەر نییانە مافی خوێندنیان لەو زانکۆیە لێدەستێندرێتەوە. **9201**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-00** وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ ڕەخنەی لە داگیرکەری تورکیا گرت. **9183**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-00** ئامریکا لەگەڵ ئۆپۆزیسۆنی سووریدا دانوستاندنی کرد. **9199**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-00** 13 ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی هاك – پار لە تورکیا بەرەوڕووی دادگاییکردن بوونەوە, لەبەرئەوەی بەزمانی کوردی قسەیان کردووە. **9195**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-00** داگیرکەری ئێرانی د. رؤیا تلوعیی بانگکردە دادگا, نێوبراو یەکێکە لە چالاکەکانی مافی ئافرەت. **9193**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-00** سەرەتای ئەم مانگە: د. ڕۆژ نووری شاوەیس لە بەغدا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا ئاڵای کوردستانی لەسەر مێزەکەی دانا و بووە هۆی نانەوەی ناڕەزاییەکی زۆر لەناو عەرەبەکاندا. **9130**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-00** ناوەڕاستی ئەم مانگە: لە شارەدێی سەروچاوەی سەربە ڕانیە, نزیکەی 600 کەسێك تووشی نەخۆشییەك بوون کە وەك پەتا وایە و لە کولێرا دەچێت, شایانی باسە نەخۆشخانەکانی ناوچەکە نەیانتوانی بەربەم نەخۆشییە بگرن و لە کاتی خۆیدا چارەسەری بکەن. **9165**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-00** ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ ڕەخنەی لە تورکیا گرت, چونکە تاوەکو ئێستا داگیرکەری تورك هەوڵی گەڕانەوەی ئەو سەدان هەزار کوردەی نەداوە کە کاتی خۆی بەزۆر ڕایگواستوون. **9116**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-00** ڕێکخراوی هیومان ڕایتس وۆچ ڕەخنەی لە د.ت تورکیا گرت لەبەرئەوەی ڕێگا بە ئاوارە کوردەکان نادات بگەڕێنەوە بۆ گوندەکانی خۆیان. **9120**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2005-03-00** محەمەد مەلا قادری ئەندامی بیرۆی ڕامیاریی پارتی ڕایگەیاند کە ٪95ی عەرەب نەك هەر دژی فیدراڵین بۆ کوردستان بەڵکو دژی ئۆتۆنۆمیشن. **9123**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-00** دەرچوونی چەند بڕیارێك لە لایەن وەزارەتەکانی ئێراقەوە, بەپێی ئەو بڕیارانە ئەوانەی لە سەردەمی بەعسدا جاش بوون لە فەوجی خەفیفەدا بوون مانگانەیان دەدرێتێت. **9126**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-00** لە قوتابخانەکانی شاری مەریوان ئاڵای کوردستان بەرزکرایەوە. شایانی باسە د.ا تا ئێستا نەیتوانیوە ئەوانە بدۆزێتەوە کە ئەم کارەیان کردووە. **9128**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-02** لابردنی سەرۆکی شارەوانیی سۆران, ئارام ئەحمەد حەسەن بەهۆی گەندەڵیی کارگێڕییەوە و لە شوێنیدا سنۆبەر شاکیر سدیق دانرا. **9122**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-03** ئەیاد عەللاویی سەرەك وەزیرانی ئێراق باری نائاسایی لە ئێراقدا جگە لە باشووری کوردستان بۆ ماوەیەکی نادیار درێژکردەوە. **9066**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2005-03-04** لە کەرکوك هەوڵی تیرۆرکردنی گرفتار کاکەیی درا بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. نێوبراو لە دەزگای شەفەق کاردەکات و بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری باوەگوڕگوڕی منداڵانە. **9127**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-05** داگیرکەری سووری ڕایگەیاند کە بەدوو هەنگاو هێزەکانی خۆی لە لوبنان دەکێشێتەوە. شایانی باسە لە ڕۆژانی ڕابردوودا چەندین خۆپیشاندان لە لوبنان لەدژی مانەوەی هێزەکانی داگیرکەری سووری ڕێکخرا. 9111

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2005-03-05** نوێنەری داگیرکەری ئێران عەبدوڵڵا ڕەمەزان زادە ڕایگەیاند کە ئەگەر بەشی کورد لە هەڵبژاردنی ئێراندا دیارینەکرێت, ئەوا کورد بەشداریی هەڵبژاردن ناکەن. ئەم ڕاگەیاندنە بووە هۆی وروژاندنی مەلاکانی ئێران و پێیان وایە کە ئەمە دژی سەربەخۆیی ئێرانە. 9110

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2005-03-05** تیرۆریستە عەرەبەکان لە نزیك کەمپی ئاوارەکانی خۆرهەڵات لەسەر سنووری ئوردون چەند گوللە هاوەنێکیان تەقاندەوە, بەڵام هیچ زیانێکی گیانی نەبوو. 9113

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-06** ئاوارە گەڕاوەکانی کەرکوك لە کەرکوکدا خۆپیشاندانێکیان بۆ جێبەجێکردنی مادەی 58 و تێکنەدانی خانووە نایاساییەکانیان سازدا. 9112

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-06** تورکە ڕەگەزپەرستەکانی گورگەبۆر لە ئەستەمبوڵ خۆپیشاندانێکیان لەدژی گەڕانەوەی کەرکوك بۆسەر کوردستان ڕێکخست. 9115

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-07** خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین لەبەردەم مۆزەخانەی هەولێر خۆپیشاندانێکیان سازدا, ئەم خۆپیشاندانە وەك ناڕەزاییەك بوو بۆ نەدۆزرانەوەی ئەو کەرەستە کۆنانەی کە ماوەیەك لەمەوبەر لە مۆزەخانەکە دزرابوو. خوێندکاران لە یاداشتێکدا ڕایانگەیاند کە پێویستە هەوڵی زۆرتر بدرێت بۆ دۆزینەوەی کەرەستەکان و دەستگیرکردنی تاوانبارانی ئەو دزییە. 9114

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-08** دەوڵەتی دانیمارك بڕیاریدا کە مەلا کرێکار بەیەکجاری ڕادەستی ئێراق بکاتەوە. نێوبراو لە ساڵی 2003وە لەلایەن دادگای دانیمارکییەوە لە لێپرسینەوەدایە چونکە پەیوەندیی بە ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی تیرۆریستەوە هەیە. 9118

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-08** نێچیرڤان بارزانی خەڵاتی گوڵە وەنەوشەی لە هوتێلی شیراتۆنی هەولێر بەخشییە 7 ئافرەتی کورد و بێگانە. ئەمانە ناوی ئەو ئافرەتانەیە: ڕووناك فەرەج, هاوژین حەمە سەعید, مەهاباد

قەراخی، نەجیبە مەحموود، سەبیحە ئەحمەد، زەکییە ساڵح و سینیا کارین. ئەمەی دواییان ئەڵمانییە و هەموویان چالاکن لە بوارەکانی ئافرەتان و مافی مرۆڤ و ڕۆژنامەوانیدا. 9125
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-08** یەکێتیی ئەوروپا ڕەخنەی توندی لە د.ت گرت لەبەرئەوەی لە چاکسازییەکانیدا بەرەودواوە گەڕاوەتەوە. 9119
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2005-03-08** دامەزراندنی ڕادیۆی زین لە هەولێر لەلایەن سەنتەری خاتووزینەوە، ئەم ڕادیۆیە تایبەتە بە ئافرەتان و تەنها ئافرەتان کاری تێدادەکەن. 9124
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-08** تەقینەوەی بۆمبێك لەبەردەم بارەگای شارەوانیی ئامەد و بووە هۆی برینداربوونی 3 کەس. 9121
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2005-03-10** تیرۆرکردنی لایەق ئیبراهیم و بریندارکردنی شۆفێرەکەی بەسەختی لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە، نێوبراو بەرپرسی لکی کەرکوکی تەلەڤزیۆنی ساتەلایتی کوردستانی سەربە پارتی بوو. 9134
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-10** خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین بۆ یارمەتیدانی مانگرتنەکەی زانکۆی سلێمانی لە دژی زانکۆی ئایندە بەرەو سلێمانی کەوتنەڕێ. 9132
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-10** بەهۆی بڵاوکردنەوەی هەواڵێك لە هەفتەنامەی جەماوەردا، سەرنووسەرەکەی میقداد شاسواری بۆ ماوەی 3 ڕۆژ لە هەولێر دەگیرێت. 9156
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-10** تیرۆریستێکی خۆکوژ لەناو پرسەیەکی کوردی شەبەك لە موسڵ خۆیی تەقاندەوە و بووە هۆی کوژرانی نزیکەی 50 کەس و بریندارکردنی دەیانی تر. 9137
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2005-03-10** ئەو لیژنە ئامریکییەی کە بۆ پشکنینی سەردانی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر هاتبوونە هەولێر، ئەمڕۆ ڕایانگەیاند کە فڕۆکەخانەکە ئاساییش نییە بۆ فڕین و نیشتنەوەی فڕۆکە. هەربۆیە نابێت بەکاربهێنرێت. شایانی باسە ئەم فڕۆکەخانەیە نزیکەی 120 ملیۆن دۆلاری تێچووە و

بەکارهێنانی بۆ ماوەیەکی نادیار دواخرا. هەروەها هەر لە هەولێر فڕۆکەخانەیەکی تر لە دروستکردندایە کە نزیکەی 150 ملیۆن دۆلاری تێدەچێت. **9136**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-11** دەرچوونی ژمارە 1ی ڕۆژنامەی میدیای کوردی لە سلێمانی. **9142**

**2005-03-12** کوژرانی فارس مستەفای سەرۆکی هۆزی سلیڤانی لە بەغدا, نێوبراو لەسەردەمی بەعسدا سەرۆک جاش بوو. **9145**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-12** بەبۆنەی ساڵیادی ڕاپەڕینەکەی خۆرئاوای کوردستانەوە, پارت و لایەنەکانی خۆرئاوا ئەمڕۆیان کردە ڕۆژی ماتەمینی. **9129**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-12** کوردە شەبەکەکانی موسڵ خۆپیشاندانێکیان لە دژی تیرۆری عەرەب لە موسڵ سازکرد. **9139**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-12** ڕوودانی بوومەلەرزەیەك لە ناوچەی کانی ڕەش لە باکووری کوردستان و بووە هۆی بریندارکردنی 7 کەس. بوومەلەرزەکە بەهێزی 5.7ی پێوەری ڕێختەر بوو. **9138**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2005-03-12** تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر ڕاپەڕینەکەی قامیشلۆ, بەهۆیەوە لە کوردستان و لە هەندەران لە زۆر جێگا یادی ئەو ڕاپەڕینە کرایەوە. **9141**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-13** لیستی برایەتیی کەرکوك جارێکی تر پارێزەر عەبدولڕەحمان مستەفای بۆ پارێزگاری کەرکوك هەڵبژاردەوە. **9144**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-13** بەهۆی ئەوەی چەند پێشمەرگەیەکی زەحمەتکێشان لە مەخموور دەچنە ڕیزەکانی یەکێتییەوە, کێشەیەك لەنێوان هەردوولا دروستدەبێت و یەکێتی بارەگای زەحمەتکێشان داگیردەکات و ئەندام لکێکی زەحمەتکێشانیش بریندار دەکرێت. **9155**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-14** لە ناوچەی زوممار پێکدانێك لە نێوان پێشمەرگە و عەرەبەکاندا ڕوویدا, لە ئەنجامدا پێشمەرگەیەك برینداربوو و تیرۆریستێکیش کوژرا و یەکێکی دیکەشیان بەبریندار بەدیلگیرا. **9150**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-14** تیرۆرکردنی حیسام هیلال سەرسەم لەلایەن عەرەبەکانەوە لە موسڵ, نێوبراو وێنەگری تەلەڤزیۆنی ساتەلایتی کوردستان بوو. **9146**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-14** جەلال تاڵەبانی ڕایگەیاند کە لەگەڵ لیستی شیعەدا لەسەر 2 خاڵ ناکۆکیمان هەیە, ئەویش هێزی پێشمەرگە و کەرکوکە. **9151**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-15** پارتی دەهەپ بۆ ئاهەنگەکانی جەژنی نەورۆز لە دیاربەکر – ئامەد, هەردوو جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانیی بانگهێشتن کرد. شایانی باسە هەر بۆ ئاهەنگی نەورۆز سەرۆك کۆمار, سەرەك وەزیران و سەرۆکی پەرڵەمانی داگیرکەری تورکیش بانگهێشتن کراون. **9154**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-15** کورد و شیعەی ئێراقی لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە سەرۆکی پەرڵەمانی ئێراق ببێتە عەرەبێکی سوننە. **9153**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-15** دۆزینەوەی 3 گۆڕی بەکۆڵ لە نزیك چواریانی کەرکوك – دوبز, لەم گۆڕانەدا نزیکەی تەرمی 81 کوردی تێدابوو کە ساڵی 1991 لەلایەن داگیرکەری ئێراقییەوە گوللەباران کرابوون. **9164**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-15** دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ لەنزیك کۆمپانیای گازی باکوور لە کەرکوك, لەم گۆڕەدا نزیکەی 20 تەرمی تێدایە. **9152**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-15** ڕوودانی تەقینەوەیەك لە کەمپی پەنابەرانی کورد لە نزیك شاری ئەسینا لە یۆنان و بووە هۆی کوژرانی پەنابەرێك و بریندارکردنی 3یانی تر, پۆلیسی یۆنان ڕایگەیاند کە تەقینەوەکە لە ئەنجامی دووبەرەکیی خودی پەنابەران خۆیانەوە بووە. **9166**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-15** داگیرکەری تورك ئاهەنگەکانی جەژنی نەورۆزی لە فایلی تیرۆر دەرهێنا و بەپێی فەرمانێك کە ئاڕاستەی فەرمانگەکان کراوە نابێت بەم بۆنەیەوە ڕێگیریی ئاهەنگ و کۆبوونەوەکان بکرێت. **9159**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-16** جۆرج بوشی سەرۆکی ئامریکا بەبۆنەی هاتنی جەژنی نەورۆزەوە پیرۆزبایی لەو وڵاتانە کرد کە بەهۆی نەورۆزەوە جەژن دەگێڕن, بەڵام بەهیچ جۆرێك ناوی کوردی نەهێنا. **9167**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2005-03-16** دانانی بەردی بناغەی مۆنومێنتی شەهیدان لە شاری هەولێر، ئەم پڕۆژەیە لە ماوەی ساڵێکدا تەواو دەبێت. **9157**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-16** د. ئەختەر نەجمەدینی وەزیری خوێندنی باڵا - سلێمانی، دەربارەی مانگرتنی خوێندکاران ڕایگەیاند کە نەك زانکۆی ئایندە داناخەین بەڵکو زانکۆی ئەهلیی تریش دەکەینەوە. **9160**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

**2005-03-16** بەبۆنەی ساڵڕۆژی کیمیابارانی هەڵەبجەوە لە کوردستان TV فیلمی ژیان لە دەرهێنانی ج. ڕۆژبەیانی پیشاندرا. **9162**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدك TV Kurdistan

**2005-03-16** بەپێی ئامارێك کە لە تەلەڤزیۆنی کوردسات بڵاوکرایەوە، لە ساڵی هەشتاکاندا نزیکەی 280 ناوچەی کوردستان بۆردومانی گازی کیمیاویی کراوە. **9163**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی ینك Sat Kurd

**2005-03-16** یەکەمین دانیشتنی پەرلەمانی ئێراقی بەڕێوەچوو، لەم کۆبوونەوەیەدا باس لە تاوانەکەی هەڵەبجە کرا و جەلال تالەبانی بەناوی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانەوە وتارێکی خوێندەوە، شایانی باسە تەواوی کۆبوونەوەکان بەشێوەیەکی زیندوو وەردەگێڕدرایە سەر زمانی کوردی. هەروەها لە کاتی سوێندخواردندا پەرلەمانتارانی کورد ڕازینەبوون بەتەنها بە عەرەبی سوێند بخۆن، بەڵکو جەختیان لەسەر ئەوە کرد کە بەکوردی سوێند بخۆن، لە ئەنجامدا بە هەردوو زمان سوێندیان خوارد. **9161**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2005-03-17** بۆیەکەمجار لە تەلەڤزیۆنی کوردسات فیلمی گێژاو پیشاندرا، ئەم فیلمە لە دەرهێنانی هاوڕێ مستەفایە و یەکەم فیلمی کوردییە کە کامێرای ژێرئاوی تێدا بەکارهاتبێت. فیلمەکە باسی کارەساتی ڕەوی کورد دەکات بۆ یۆنان. **9169**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی ینك Sat Kurd

**2005-03-18** یەکێتی ڕایگەیاند کە ئامادەیە عوسمان عومەر عوسمان کە خاوەنی ڕەگەزنامەی دانیمارکییە بە مەلا کرێکار بگۆڕێتەوە، عوسمان بکوژی ژنێکی دانیمارکییە و لە سلێمانی زیندانییە و بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرکراوە. **9170**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی ینك Sat Kurd

**2005-03-18** پارێزەری تاوانبار فرانس فان ئانڕات ڕایگەیاند کە نێوبراو نوێنەری حکومەتی هۆڵندی بووە و لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی هۆڵنداوە پارێزگاریی لێدەکرێت. 9173
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-18** دەستپێکردنی دادگاییکردنی تاوانباری هۆڵندی فرانس فان ئانراد لە دادگای ڕۆتەردام, نێوبراو لە هەشتاکاندا هەزاران تۆن گازی کیمیاویی بۆ داگیرکەری ئێراقی پەیداکردووە, لە دادگاییکردنەکەدا چەند کوردێك وەك گەواە ئامادەبوون, لەوانە کاروانی جیهاز کە پێشمەرگەیەکی کۆنی یەکێتی بووە و یەکێکە لە قوربانییەکانی گازی کیمیاوی. 9168
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2005-03-19** بەهۆی تەقینەوەیەکەوە لە کەرکوك 3 پۆلیس کوژران و 7یش برینداربوون. 9171
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-19** ڕێکخراوێکی کوردی مافی مرۆڤ لە سووریا لە نامەیەکیدا بۆ بەشەکانی ئاساییشی داگیرکەری سووری داوای دیاریکردنی چارەنووسی بڵند عاسم محەمەدی کرد. نێوبراو بۆ ماوەی ساڵێك و 4 مانگە زیندانییەکی بێسەروشوێنە. 9174
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-19** کوژرانی نەجات کورانیی بەرپرسی ئاساییشی هەریر لە کێشەیەکی کۆمەڵایەتیدا. 9172
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-20** لە شاری مێسین بەبۆنەی ئاهەنگەکانی نەورۆزەوە کونێك کرایە ئاڵای تورکیا و میتی تورکی بە سووتاندنی ئاڵای تورکیای لەقەڵەمدا. 9178
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-20** هێزێکی ئامریکی لە شاری توزخورماتو چەند ئەندامێکی بەرەی تورکمانییان بەتاوانی تیرۆر دەستگیرکرد. 9176
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-20** شۆڤێنییە عەرەبەکان لە شاری قامیشلۆ ئاهەنگی نەورۆزی کوردەکانیان بەردبارانکرد. 9182
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-20** بەهۆی ڕێڕۆیشتنێکەوە بەبۆنەی نەورۆزەوە لە شاری حەڵەب, داگیرکەری سووری 40 لاوی کوردی گرت کە 7یان کچن. 9196
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-20** بەهۆی ئاهەنگەکانی نەورۆزەوە گفتوگۆکانی کورد و شیعە بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی ئێراقی بۆ چەند ڕۆژێك دواخرا. **9179**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-21** داگیرکەری ئێرانی لە سنە و مەهاباد و هەندێك شوێنی تر ئاهەنگەکانی نەورۆزی تێکدا و ئاگرەکانی کوژاندەوە و ژمارەیەکی زۆریشی لە بەشداربووانی ئاهەنگەکان دەستگیرکرد. **9175**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2005-03-22** عەممار ئەلحەکیمی کوڕی عەبدولعەزیز ئەلحەکیم لە سەردانێکیدا بۆ تورکیا ڕایگەیاند کە ئێمەش وەك تورکیا نیگەرانین سەبارەت بە ڕەوتی کەرکوك و ئێمەش هەمان ڕای تورکیامان هەیە. شایانی باسە نێوبراو داپیرەی تورکە. **9177**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-22** دەستەیەکی تیرۆریستی عەرەب لە شاری موسڵ پەلاماری بنکەیەکی یەکێتییاندا, لە ئەنجامدا هاووڵاتییەك کوژرا, بەڵام هیچ زیانێکی گیانیی بۆ بنکەکە لێنەکەوتەوە. **9180**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-23** نزیکەی 300 کرێکاری هیندی لە فڕۆکەخانەی هەولێرەوە گەیشتنە کوردستان, بۆ بەشداریکردن لە پڕۆژەکانی کوردستاندا. شایانی باسە بەهۆی زۆریی پڕۆژەکانی کوردستانەوە دەستی کرێکار کێشەیەکی بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکان دروستکردووە. **9181**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-25** بەرەی تورکمانی لە کەرکوك لە دژی فیدراڵی و ئازادکردنی زیندانییە تورکمانەکان لە کەرکوك خۆپیشاندانێکیان سازکرد. **9184**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-26** دەستپێکردنی یەکەمین ڤیستیڤاڵی موزیکی کوردی لە سلێمانی. **9187**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-26** نەجات حەسەنی بەرپرسی لکی 3ی پارتی لە کەرکوك لە هەوڵێکی تیرۆریستی ڕزگاری بوو. **9185**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-27** جەلال تاڵەبانی ڕایگەیاند کە گۆڕانکارییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە قازانجی ئێمەیە و ئەم چەرخە چەرخی ڕزگاریی کوردە. **9190**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-27** تیرۆریستە عەرەبەکان لە کەرکوك هێرشیان کردە سەر چێشتخانەیەك و لە ئەنجامدا کوردێك کوژرا و 3یش برینداربوون. **9186**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-28** د. بەرهەم ساڵح ڕایگەیاند: ئەگەر شیعە هێڵی سوورمان بۆ دابنێت، ئەوا ئێمەش لەگەڵ پەرلەمانی خۆماندا چارەیەك لە بارودۆخی خۆمان دەکەین. **9192**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-29** ژمارەیەك زیندانیی تیرۆریست کە زۆربەیان عەرەب بوون لە کاتی گواستنەوەیان لە هەولێرەوە بۆ ئاکرێ ویستیان ڕابکەن، بەڵام هەوڵەکەیان سەرکەوتوو نەبوو و هەموویان سەرلەنوێ گیرانەوە. **9204**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-29** عەممار ئەلحەکیم ڕایگەیاند کە لەگەڵ تورکیا کێشەکانی کەرکوك و پێشمەرگەمان تاوتوێکرد و گرنتیمان دانێ. **9203**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-29** کامەران گەلالیی موختاری گەڕەکی 92 لە شاری هەولێر تیرۆرکرا. **9202**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-29** دانا ئەحمەد مەجید بووە پارێزگاری سلێمانی. **9200**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-29** ئەندامە تورکمان و عەرەبەکانی ئەنجوومەنی شاری کەرکوك لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەن بەناڕەزایی هاتنە دەرەوە. شایانی باسە ئەمە چەندەمین جارە کە ئەم ئەندامانە لە دژی خواستەکانی کورد کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن بایکۆت دەکەن. **9197**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-29** یەکەمین ڤیستیڤاڵی منداڵانی کوردستان لە شاری هەولێر دەستپێکرد. **9194**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-29** ئۆتومبیلێك لە گەڕەکی ڕەحیماوای شاری کەرکوك تەقییەوە و بووە هۆی کوژرانی 1 کەس و برینداربوونی 17 کەس. **9191**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-29** موقتەدا سەدر لە بەیاننامەیەکدا داوای کرد کە کورد دەبێت واز لە کەرکوك بهێنێت. چونکە ئێراق دەکەوێتە بەر مەترسیی پارچە پارچە بوون. **9198**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-03-30** دیکتاتۆر بەشار ئەسەد لێبووردنێکی گشتیی بۆ زیندانە کوردەکان دەرکرد و ژمارەیەکیان دەستبەجێ ئازادکران, شایانی باسە ئەم لێبووردنە هەموو زیندانییە کوردەکانی نەگرتەوە و ژمارەیەکی زۆریان هێشتا لە زینداندان. 9206

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2005-04-00** فڕاندن و تیرۆرکردنی شاهۆ عەباسی کە کوردێکی پەناهاندەی کەمپی ئالتاش بوو, لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە. 9296

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-04-00** کێشەی کوردەکانی خۆرئاوا خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوە لەلایەن پەرلەمانی ئەوروپاوە. 9221

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2005-04-00** گیرهارد بلیس بەهۆی نێوهێنانی وشەی کوردستانەوە لە ئەستەمبوڵ لەسەر کارەکەی لابرا, نێوبراو مامۆستای زانکۆ بوو لە ئەستەمبوڵ. 9228

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-04-00** عەبدوڵڵا سوهرابیی سەرنووسەری گۆڤاری ڕۆژهەڵات لەلایەن دادگای داگیرکەری ئیسلامییەوە لە سنە بۆ لێکۆڵینەوە بانگکرا. 9227

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-04-00** خاوەن ئیمتیازی هەفتەنامەی ئاسۆ لەلایەن د.ا بەتاوانی بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست بانگکرایە دادگا. 9229

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-04-00** دۆزرانەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە ناوچەی سەماوە, ئەم گۆڕە نزیکەی 2 هەزار تەرمی تێدایە و پێدەچێت هەموویان بارزانییە ئەنفالکراوەکان بن. 9232

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-04-00** بەهۆی چەندین پێکدادانی نێوان تورک و پکك, تەنها لەم مانگەدا 75 سەربازی تورک و 18 پێشمەرگە کوژراون. 9237

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-04-00** هەڵبژاردەی کوردستان بۆ یاریی کاراتێ لەسەرانسەری ئێراقدا یەکەمیی بەدەستهێنا. 9249

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-04-00** داگیرکەری ئێراق بڕیاریدا هێڵی شەمەندەفەری نێوان کەرکوک – سلێمانی و کەرکوک – هەولێر دروستبکات. **9245**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-04-00** کێشەی نێوان پارتی و یەکێتی لەسەر دەستەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم گەورە بوو و گرژییەکی زۆری بەخۆوە بینی, سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە نەوشیروان مستەفا بەتوڕەیی لەیەکێك لە کۆبوونەوەکانی هەردوو مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتیدا هاتووەتەدەرەوە. شایانی باسە لە کۆتایی ئەم مانگەدا جەلال تاڵەبانی سەردانی کوردستانی کرد و بێئەوەی مەسعود بارزانی ببینێت گەڕایەوە بەغدا. **9244**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-04-00** کۆتایی ئەم مانگە: نیوزیلاند بڕیاریدا کۆمەڵێك ئاوارەی خۆرهەلات لە کەمپی ئەلکەرامە وەربگرێت. **9253**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-04-00** کوژرانی 2 خاوەن تەکیەی کورد لە موسڵ لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە. **9242**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-04-00** دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە سەماوە, ئەم گۆڕە نزیکەی 1500 تەرمی کوردی تێدایە کە لە ساڵانی هەشتاکاندا لەلایەن داگیرکەری ئێڕاقییەوە زیندەبەچاڵکراون. **9248**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-04-00** د.ت بە تاوانی داگرتنی ئاڵای تورك لەسەر قوتابخانەیەك 7 قوتابیی کوردی دەستگیرکرد. **9220**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2005-04-01** دەستپێکردنی کاتی هاوینە لە هەولێر, بەڵام لە سلێمانی کاتی هاوینە لە سبەینێ 02-04ەوە دەستپێدەکات. **9207**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-04-01** بەستنی 8ەمین کۆنگرەی بزووتنەوەی ئیسلامی لە شاری سلێمانی. **9208**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-04-03** بۆیەکەمجار لە شاری ئامەد بەشێوەیەکی ئاشکرا یادی لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد کرایەوە. **9211**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-04-03** دۆزینەوەی تەرمی خەیرۆ خەلیل یونس لە موسڵ, نێوبراو ئەندامێکی یەکێتی و ئەفسەرێکی سوپای ئێراقی بوو. **9209**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-04-04** نەوزاد هادی بەزۆرینەی دەنگی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر بۆ جاری دووەم کرایەوە پارێزگاری هەولێر. **9212**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-04-04** بەهۆی گوشاری خۆپیشاندانی خوێندکارانەوە, زانکۆی ئایندەی ئەهلی داخرا. **9210**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2005-04-06** دیکتاتۆر سەددام حسێن لە زیندانەکەیدا و بە تەلەڤزیۆن مەراسیمی هەڵبژاردنی جەلال تاڵەبانیی بۆ سەرۆکایەتیی ئێراق بینی. **9218**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2005-04-06** جەلال تاڵەبانی بەزۆرینەی دەنگەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی ئێراقی بووە سەرۆک کۆماری ئێراق. شایانی باسە ئەمە یەکەمجارە لە مێژوودا کوردێك ببێتە سەرۆکی ئێراق. بەم بۆنەیەوە لە زۆربەی شارەکانی کوردستان بووە خۆپیشاندان و ئاهەنگگێڕان. **9213**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2005-04-06** داگیرکەری تورکیا پیرۆزبایی لە جەلال تاڵەبانی کرد بەبۆنەی بوونی بەسەرۆکی ئێراق. **9216**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2005-04-06** جۆرج بوش و کوفی ئەنان و زۆربەی سەرۆکی وڵاتانی دنیا پیرۆزبایییان بۆ جەلال تاڵەبانی نارد بەبۆنەی بوونی بە سەرۆك کۆماری ئێراق. **9217**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2005-04-06** بەهۆی کردەوەیەکی تیرۆریستانە بۆسەر ئیزگەی کارەبای بێجی, شاری هەولێر و دەوروبەری کارەبای زۆر کەم بووەوە. **9219**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2005-04-07** جەلال تاڵەبانی لە پەرلەمانی ئێراقیدا سوێندی یاسایی خوارد. **9214**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2005-04-07** پەرلەمانی کوردستان خۆیی هەڵوەشاندەوە و بڕیارە لە هەفتەی داهاتوودا خولی پەرلەمانی نوێ دەستبەکاربێت. **9215**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

